# سینەما چییە؟

ئاندرێ بازن
و
سیامەند شاسواری



بەرگی ١ و ٢

# سینەما چییە؟

## ئاندرێ بازن

وتاری هەڵبژاردە و وەرگێڕدراوی هیو گرەی


- سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی
- نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٢٢
- ڕێنووس و هەڵەچنی: ئەکبەر حەسەن
- بەرگ: باسم ڕەسام
- چاپخانە: چاپخانەی تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ١٢٠٠٠ دینار

# ئاندرێ بازن

# سینەما چییە؟

وتاری هەڵبژاردە و وەرگێڕدراوی هیو گرەی

بەرگی یەکەم

**سیامەند شاسواری**

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی


«سینەما چییە؟»


نووسینی ئاندرێ بازن، وتاری هەڵبژاردە و وەرگێڕدراوی
هیو گرەی لە لایەن **سیامەند مامیر شاسواری،** لە ڕووی دەقی ئینگلیزی
وەشانی کالیفۆرنیای زانکۆی بێرکلی و لۆس ئانجلێس و،
وەشانی زانکۆی کالیفۆرنیا، لەندن، ساڵی ١٩٦٧
کراوە بە کوردی.

**WHAT IS CINEMA?, by Andre Bazin**,
Essays selected and translated by HUGH GRAY Translated to
Kurdish by: Syamand Mamir Shaswari, from English version of
UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS, Berkeley and Los Angeles, California,
UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS. LTD., London, England, Copyright C 1967,
Editor: Akbar Hassan, Cover: Artist Basam Rasam, Registered Nr.
In KURDISTAN NATIONAL LIBRARY: 1507-2021, Printed
in Tehran printing House, Published by:
**Gazalnus Centre**

## تێبینی:

ئەو وشانەی لە پەراوێزدا ڕاڤە نەکراون، لە فەرهەنگۆکی کۆتایی پەرتووکەکەدا
ئەیدۆزنەوە، هەروەها سەرجەمی وشە و پەراوێزەکان لە **فەرهەنگی
شاسوار**دا هەن کە ئەتوانن لە ماڵپەڕی **کوردیپێدیا** دایبەزێنن.


7ART
ANDRÉ BAZIN
Qu'est-ce que le cinéma ?
cerf


WHAT IS CINEMA?
andré bazin
essays selected and translated by HUGH GRAY
foreword by FRANÇOIS TRUFFAUT
$2.95
OLUME II
WHAT IS CINEMA?
andré bazin
essays selected and translated by HUGH GRAY
foreword by JEAN RENOIR
VOLUME I




Translated by: Siyamend Shaswari

UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS
Berkeley Los Angeles London

2023

# پێڕست:

## بەرگی یەکەم


پێشگوتار / نووسینی: ژان ڕێنوار ........................................ ١١
پێشەکی / نووسینی: هیو گرەی ........................................ ١٥
هەبوونناسی وێنەی فۆتۆگرافی ........................................وتاری یەکەم ٣٣
ئەفسانەی سینەمای دارماڵ ........................................وتاری دووەم ٤٩
گەشەکردنی زمانی سینەما ــ ١ ........................................وتاری سێیەم ٦٣
گەشەکردنی ئێدیت لە کاتی پەیدابوونی دەنگەوە ــ ٢ ........ ٨٥
دەرەتان و سنوورداری مۆنتاژ ........................................وتاری چوارەم ١٠٧
لە داکۆکی سینەمای تێکەڵدا ........................................وتاری پێنجەم ١٣٣
شانۆ و سینەما
بەشی یەک ........................................ ١٨٧
بەشی دوو ........................................ ٢٢١
بیرەوەرییەکانی قەشەیەکی گوندی و
شێوازناسی ڕابێرت برێسۆن ........................................ ٢٧٣
چارلی چاپلین ........................................ ٣٠٧
سینەما و دۆزینەوە ........................................ ٣٢٥
شێوەکاری و سینەما ........................................ ٣٤٣

# پێرست:


## بەرگی دووەم


پێشگوتار / نووسینی: فرانسوا ترۆفۆ ........ ٣٥٩
پێشەکی / نووسینی: هیو گرەی ........ ٣٦٥

نیۆریالیزم: جوانناسی رۆژەڤ
ریالیزمی سینەمایی و بزووتنەوەی رزگاری ئیتالیا ........ ٣٩٥
بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی: دابڕان و ژیانەوە ........ ٤٠٢
رۆژەڤواری و رۆژەڤبێژی ........ ٤٠٥
تێکەڵەی ئەکتەران ........ ٤٠٨
جوانناسی، ریالیزم و رۆژەڤ ........ ٤١٣
لە هاوشاری کەینەوە تا فاربیک ........ ٤١٧
پایزا ........ ٤٢١
هونەری گێڕانەوە ........ ٤٢٢
زەوی ئەلەرزێ ........ ٤٣٩
دزانی پاسکیل ........ ٤٤٩
دی سیکا: دەرهێنەر ........ ٤٧٥
یاداشتێک لەسەر ئۆمبێرتۆ د. ........ ٥٠٥
ئۆمبێرتۆ د.: شاکار ........ ٥١١
کابیریا، گەشتێک بۆ کۆتایی نیۆریالیزم ........ ٥١٩
مێلۆدرامای ساختە ........ ٥٢٣

ڕیالیزمی نموودەکان ........ ٥٢٦
لەوپەڕی شتەکانەوە ........ ٥٢٨
شۆڕشێک لە گێڕانەوەدا ........ ٥٣٠
چاو لە چاو ........ ٥٣٢
**لە داکۆکی ڕۆسیلینیدا ........ ٥٣٥**
**ئەفسانەی جەنابی ڤێردۆ ........ ٥٥٣**
**چراوگ یان مەرگی مۆلییێر ........ ٥٩٣**
**شکۆی چراوگ ........ ٦٠١**
**وێستێرن یان باڵاترین نموونەی فیلمی ئەمریکایی ........ ٦٢٣**
**گەشەی وێستێرن ........ ٦٣٩**
**دەعباناسی کیژی پۆستەر ........ ٦٥٩**
پێناسە و مۆرفۆلۆژی ........ ٦٥٩
دەعەجانینی کیژی پۆستەر ........ ٦٦٣
فەلسەفەی کیژی پۆستەر ........ ٦٦٤
کیژی پۆستەر و سینەما ........ ٦٦٥
**نافەرمان**
«باشترین ژن ئەسپێکی باش ناهێنێ» ........ ٦٦٩
**پەراوێز لەسەر ئێرۆتیزم لە سینەمادا ........ ٦٧٩**
**چارەنووسی ژان گابۆن ........ ٦٩٣**

**فەرهەنگۆک ........ ٧٠٣**




# پێشگوتار

## ژان ڕێنوار[١]

سەردەمایەک کە پادشاکان، پادشا بوون و لاقی هەژارانیان ئەشۆرد و ئەوەندەی بە لای نەخۆشانی دەردەداری دەردەباریکەدا تێئەپەڕین، چاکیان ئەکردنەوە؛ هۆنەریش هەبوون کە بە بڕوای ئەم پادشایانە مەزنی خۆیان ئەسەلماند؛ کەم نەبوون ئەو کاتانەی کە دەنگبێژ لەو کەسەی ئەو گۆرانی بۆ ئەچڕی، سەرتر بوو؛ پێگەی «**بازن**»یش لە بواری سینەمادا ئاوەهایە. بەڵام ئەم بەشەی چیرۆکەکە تەنها لە داهاتوودا دەرئەکەوێ. ئەوەی ئێستە ڕائەبووڕێ دابینکردنی کەرەستەیە. شارستانییەت شتێک نییە جگە لەو بێژنگەی کە نەشیاوان لە کونەکانییەوە دائەکەون و شیانستان ئەمێننەوە. بە بڕوای من، ئەگەر لە سەردەمی ڤیۆندا[٢] هۆنەران لە کەناری چەمی سێندا کۆ ئەبوونەوە، ئێستە

١ ـ ژان ڕێنوار: Jean Renoir (١٨٩٤ـ١٩٧٩) دەرهێنەری براوەی ئۆسکاری فەڕانسەیی، لە ئورووپاوە تا هالیوود و تاکوو هێند.

٢ ـ ڤیۆن: François Villon (١٤٣١ـ١٤٦٣) هۆنەری مەزنی فەڕانسەیی.

ئەو هۆنەرانە لە کوێن؟ ناویان چی بوو؟ کەس نازانێ. بەڵام ڤیۆن هێشتاش هەیە، بە هەمان مەزنی ژیان.

ڕۆڵەکان و نەوەکانمان بۆ گەڕان لە پاشماوەی سەردەمانی کەونارا، سەرچاوەیەکی بەنرخیان ئەبێ. ئەوان «بازن»یان لە تەنیشت خۆیانەوە ئەبێ. چونکە پادشای چاخی ئێمە، واتە سینەمایش هۆنەری خۆی هەیە. ئەم مرۆڤە خاکەڕایە کە ئارام و جەخاراوی بەرەو مەرگێکی ناکات ڕێ ئەکات، کەسێک بوو کە ڕێژەنی پادشاهی بە سینەما بەخشی. ڕێک وەک هۆنەرانی ڕۆژگاری کۆن کە تاجی پادشاهییان ئەنایە سەر پادشاهان، بەڵکوو بە سڕینەوەی ئاڕایشتی درۆ و درەوشاوە کە ڕێگەیان لە بەرەوپێشەوەچوونی گرتبوو، پلەیەکی باڵاتریان پێ بەخشی. ئێستە سینەما، لە سایەی تێکۆشانی ئەودا، پادشاهێکە تەندروست و شادمان و بەدوور لە ناسازی؛ پادشاهێکە شیانست[٣] کە نەوەکانمان لە دیداری دڵخۆش ئەبن، لە هەمان کاتدا هۆنەرەکەیشی ئەناسێتەوە. **ئاندرە بازن** ئەناسێتەوە و وەک خودی من تێئەگەن کە دەنگبێژ جارێکی تریش لە سنووری کەشی گۆرانییەکەی تێپەڕیوە.

بێگومان بازن لە ساڵانی ئایندەدا کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر سینەما ئەبێ. نووسینەکانی ئەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر خودی سینەمایش نەمێنێ. نەوەکانی ئایندە تەنها لە ڕێگەی نووسینەکانی ئەوەوە بۆیان دەرئەکەوێ کە شتێک بە ناوی سینەما هەبووە. لەو ڕۆژانەدا، مرۆڤ تێئەکۆشا پەردەیەک لە ئەندێشەیدا وێنا بکات، بەو ئەسپانەوە کە بە غار تێئەپەڕن، یان وێنای گەورەی ئەستێرەیەکی

---

٣ـ شیانست: Worthy شیاو، شایستە، لەبار، ڕێزدار [N] Verdig [ع] ذو قیمة [د] شایستە [E] excellence, honorable [G] هەنبانە بۆرینە.

شەنگ بە چاوانی قاوەییەوە کە لە دەمی مەرگدا دائەخرێ و هەرکەس ئەم وێنانە بە شێوەی خۆی لێک ئەداتەوە. بەڵام هەموان لە یەک خاڵدا تەبا ئەبن و ئەویش بایەخدانانە بە پەرتووکی «سینەما چیە ♦» تەنانەت ئەگەر لاپەڕەکانی ئەم پەرتووکە ــ لە پەلاماری ئەمەگنەناسانی دەرباز بین وــ لە هونەرێک بدوێن کە ئیتر نەماوە، دیسانەوەش هەموو لەسەری ڕێک ئەبن؛ وەک پاشماوەی ئەو بەرهەمە کەونارایە کە ناوەرۆکی ئەو فەرهەنگە کۆنانە، کە تەنانەت ناتوانین لە ئەندێشەماندا وێنایان بکەین، لەبەر چاومان ئەنوێننەوە.

کە وابوو گومانی تێدا نییە داهاتوو کاریگەری بازنی لەسەر ئەبێ. بەڵام ئەمەوێ بڵێم لەبەر ئەوە ئەوەندە بە قووڵی بازنم خۆش ئەوەی کە ئەو کاری کردووەتە سەر هاوچەرخانیشی. بازن ئەو هەستەی لە ئێمەدا بەدی هێنا کە کارەکەمان شیانست و بەنرخە، بە هەمان شێوە کە پاکیزانی دێرسا، نرخی مرۆڤبوونیان لە کۆیلەکان تێگەیاند.

لە بەختی گەشی ئێمەیە کە هیو گرەی، ئەم وتارانەی کردووە بە ئینگلیز. وەرگێڕانی ئەم وتارانە، ئەرکێکی دژوار بووە کە هیو گرەی بە توانەوە و نوقمبوون لە بازندا بە ئەنجامی گەیاندووە ــ توانەوەی وەها، کەسایەتییەکی بەهێزی ئەوێ، هەم بۆ وەرگێڕ و هەم بۆ نووسەر و هەم بۆ ئێمە مایەی شادمانییە، کە بازن و گرەی هەردووکیان ئەندامانی بنەماڵەیەکی مینەوین. لە پەڕە پەڕەی ئەم پەرتووکەدا بانگهێشتنی ئێمەش ئەکەن ببین بە کرێڤیان(٤) ♦

٤ ـ کرێڤ: خوشکی ئایینی، برای ئایینی، شیرخوشک، شیربرا، زڕکوڕ، زڕکچ [د] پسر تعمیدی، دختر تعمیدی [E] foster child, adopted children.

# پێشەکی


## هیو گرەی[٥]

لە مەرگی ئاندرێ بازن، نزیکەی نۆ ساڵ تێئەپەڕێ. بەڵام ئەو شێوازە ڕەخنەییەی کە تیشک ئەخاتە سەر نووسراوەکانی، بە تێپەڕینی ئەم ساڵانە، نە تەنها تاریکی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکوو بە شێوەی تایبەتی خۆی هەروا ئەدرەوشێتەوە. ئەو پازانەی کە مایەی ئەم درەوشانەوەن، نموونەیەکی باڵای تێکەڵکردنی گیانی ڕەخنەگرانە و گیانی نووسین و لێکدانە، کە هەردووکیان هێزێکی هاوتایان هەیە. ئەندێشەی بازن لەگەڵ ئەوەی لە نەریتێکی فەرهەنگی قووڵ سەرچاوە ئەگرێ، بەرەنجامێک ئەدا بەدەستەوە کە ئەبێ بە زاراوەی وەرگیراو لە زانستی ئەمڕۆ بگوترێن ــ کە ئەم تایبەتمەندییەش بە ئاشکرا کار ئەکاتە سەر شێوازەکەی و، بە هەمان ئەندازەیش دژواری کاری وەرگێڕان پەرە پێ ئەدات. لە نێوان ئاماژەی وەرگیراو لە وێژە و هۆنراوە و فەلسەفە و دین، چواندن و نموونەی کیمیا و کارەبا و زەویناسی و دەروونناسی و فیزیک بڵاو بووەتەوە.

تەنانەت ساتی وەها دێتە ئاراوە کە مرۆڤ، بازن وەک

---

٥ـ هیو گرەی: Hugh Gray (١٩٠٠ـ١٩٨١) نووسەر و وەرگێڕی ئینگلیزی.




هۆنەرێکی پەشیمینەپۆش وێنا ئەکات. جاریش هەیە کە گیانی مامۆستایەکی تێدا بەدی ئەکرێ؛ ئەزانین کە بازن وانەی مامۆستایی خوێند، بەڵام ڕێگەی نەدرا (لە پۆل) وانە بڵێتەوە. بەڵام هەم لە فەڕانسە و هەم لە وڵاتانی تر گەیشتە پلەی مامۆستایی. ئەوانەی کە بەختەوەری بەشداربوون لە پۆلی وانەوتنەوەی ئەویان هەبووە، ئەڵێن ئەوەی ئەینووسێ تەنها پزیسکەیەکە لە گوتە بە جۆشەکانی.

ئاندرێ بازن، لە هەژدەی ئاپریلی ١٩١٨ لە ئەنژە[٦] لەدایک بوو. لە پێنج ساڵی لە سەرەتایی لا ڕۆشێل[٧] نرایە بەر خوێندن. ئەو کە چارەی وا نووسرابوو ببێ بە مامۆستا، سەرەتا چووە پەیمانگەی مامۆستایی لا ڕۆشێل و پاشان لە ڤێرسای[٨] درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ١٩٣٨ چووە پەیمانگەی باڵای مامۆستایی[٩] لە سەنت کلەود.


---

٦ـ ئەنژە: Angers شارێکە لە ڕۆژئاوای فەڕانسە، بۆ کشتوکاڵ بەناوبانگە.

٧ـ لا ڕۆشێل: La Rochelle بەندەرێکە لە سەر سنووری ڕۆژئاوای فەڕانسە، سێرامیک و چینی بەناوبانگە.

٨ـ ڤێرسای: Versailles کۆمەڵە کۆشکێکە لە شاری ڤێرسای لە نزیکی پاریس، وەکوو گەورەترین کۆشکی شاهانەی جیهان ئەناسرێ.

٩ـ پەیمانگەی باڵا: École normale یان École normale supérieure لە کۆڵانی ئۆلم لە فەراگەردی پانتیۆنی پاریس، ساڵی ١٧٩٤ دامەزراوە، تا پێش جەنگی جیهانی دووەم لە بڕواپێکراوترین دامەزراوە فەرهەنگییەکانی فەڕانسە بوو کە تەنانەت وەرگیران و چوونە ژوورەوە خۆی بە شانازییەکی مەزن دائەنرا. زۆر لە بیرمەندان و مەزنانی زانست و وێژەی فەڕانسە لەم زانکۆیە خوێندوویانە. ئەم فێرگەیە هەروەها لە گەڕەکەکانی سیڤەر و سەنت کلەود و فۆنتێنەی پاریس لقی هەبوو.







سەرکەوتوانە خوێندنەکەی تەواو کرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە زمانی پسک[١٠] بوو، ڕێگەی پێنەدرا کاری مامۆستایی بکات.

وا دەرئەکەوێ وازی بازن بۆ سینەما ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای خزمەتی سەربازی کە ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێکرد. گی لێژە[١١]، هاوسەربازی ئەو لە سپا، ئەگێڕێتەوە بازن لە هەمان سەرەتاوە سەرنجی ئەوی بە پرسیاری ڤرۆشە[١٢] و بەکاکڵ لەمەڕ فیلم و سینەما ڕاکێشابوو. «تامەزرۆی تۆژینەوە لەمەڕ بەهای ڕاستەقینەی وینەی سینەمایی و هەروەها لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی سینەما بوو. لەو ڕۆژانەدا کە بەرواڵەت جیهان بەرەو لایەکی تر ئەچوو، ئێمە بۆ خۆبواردن لەو "جەنگە ساختە"یە پەنامان ئەبردە بەر وێنەی سینەمایی.» ئەوەی گی لێژە سەبارەت بە وازی هاوبەشی لەگەڵ مازن ئەیگێڕێتەوە، پێشبینی ئەو شتەیە کە لە ساڵانی دواتردا، هەموو ئەوانەی ئاگایان لە تامەزرۆیی بازن بە سینەما هەبوو، چەندین جار ئاماژەیان پێداوە. «ئەوەی کە تا ئەو ڕۆژە بۆ من هۆکاری خۆخافڵاندن بوو، لە سایەی فێرکاری ئاندرێدا

١٠ ـ پسک: inarticulate, stammerer توور، لاڵەپەتە، لاڵەپەترە، کەسێک کە زمانی ئەیگرێ، کەسێ زمانی «سین» و «زێ» ناهینێ [ع] لكنت [د] الكن.

١١ ـ گی لێژە: Guy Léger هەرچەند زانیاری لەسەری تۆمار نەکراوە، بەڵام ئەبێ ئەکتەر بووبێ، چونکە لە فیلمی شەپۆلی نوێی فەڕانسەیی «My Night at Maud's» ڕۆڵی قەشەی بینیوە.

١٢ ـ ڤرۆشە: speculative بەکاکڵ، بیربزوێن، سەرنجڕاکێش، بیرکەرەوە، کەڵکەڵاوی [ع] تأملي [N] spekulativ [د] تأملی، فکری.





بوو بە بەرهەمی سەردەمی وێنە، ئەو شتەی کە ئەگەر کەسێک بیەوێ چێژی ڕاستەقینەی بچێژێ و گرنگی و واتای ڕاستەقینەی تێبگات، ئەبێ دەربارەی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوی لە زمانی سەرەکی بگات و ڕێسای بابەتی بدۆزێتەوە.»

دۆستێکی تری بازن، پ.ئا. تۆشاری[١٣] ڕەخنەگر، لە هەمان ڕۆژانی سەرەتای ئاشنایی لەگەڵ بازن وتوویەتی، بازن نەک هەر بە هۆی توانایی سەرسامهێنەری لە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەدا و هەروەها بە هۆی هەستیاری ناوازەی هۆنەرانەی، باندۆرێکی مەزنی لەسەری هەبووە. تۆشار ئەڵێ: «هیچکەس نەی ئەتوانی باشتر لەم پیاوەی کە زمانی تۆر بوو، شیانستتر فەرمان بە وشەکان بدات ــ جگە لەوەش، ئەو وازێکی ناوازەی بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی زانستی و فەلسەفی و دەرهەست هەبوو. بەڵام هەرگیز نەی ئەویست زانستی خۆی بدا بەچاودا، بەڵکوو ئەم دەستەواژانەی بە ئەندازە و بە گوێرەی هاوسەنگ بەکار ئەهێنا.»

بازن لە سەردەمی جەنگ بوو بە ئەندامی دامەزراوی «یانەی وێژە» (Maison des Lettre). ئەم ناوەندە بۆ پەروەردەی ئەو خوێندکارانە دامەزرابوو کە جەنگ ڕەوتی خوێندنیانی تێک دابوو. بازن، لەو شوێنە لە ڕێگەی وتاردان و نمایشکردنی ئەو فیلمانەوە کە هێزە داگیرکەرەکانی نازی و دەسەڵاتی ڤیشی[١٤]

١٣ـ پ.ئا. تۆشار: Pierre_Aimé Touchard (١٩٠٣ـ١٩٨٧) بەڕێوەبەری شانۆ، پێشمەرگەی دژی نازی، نووسەر و ڕەخنەگری فەڕانسەیی.
١٤ـ دەسەڵاتی ڤیشی: Vichy government یان فەڕانسەی ڤیشی بە حکوومەتی





ڕێگەیان بە بڵاوکردنەوەی نەئەدا، تاوانکاری ئەوانی ئەسەلماند. واز و ئارەزوومەندی ئەو بە سینەما، هەروەک زۆر جاران پاتەیان کردوەتەوە و بە ئاسانی ئەبینرێ، بەشێک لە تامەزرۆیی ئەو بە کولتور و ڕاستەقینە بوو. لێهاتووییەکی ڕەوشتی ڕێگەی چەشنێک فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکیدا پێ بەخشیبوو، هەمان فەرماڕەوایی کە سەبارەت بە خۆیشی ئەنجامی ئەدا ــ نە تەنها لە ڕێگەی ململانێی مینەوی درێژخایەن لەگەڵ خودی دەروونی، بەڵکوو لە ڕێگەی ململانێی جەربەزە و هەمیشەیی دژ بەو نەخۆشییانەی کە ئەیانویست ئەو لە لوتکەی دەسەڵاتی هزر و ئاوەز دابگرنە خوارە. وتراوە سۆفیرەفتار بوو، هەرچەند مرۆڤ زیاتر پێی خۆشە بە هۆنەری سەردەمی خۆی بزانێ. جگە لەمانە. توانای ئەوەی هەبوو وەک مامۆستایانی مەزن، ئەدگارە چاکەکانی کەسان ئاشکرا بکات. تۆشارد ئەم تایبەتمەندییەی بازنی بە باشترین شێوە پیشان داوە: «ئەو، ئەو توانا سوکراتئاسایە هەبوو ئەگەر لەگەڵ کەسێک ئەدوا، کارێکی ئەکرد ئەو کەسە لە لای خودی خۆی تێگەیشتوو خۆیا بکات.» لە ڕاستیدا ئەتوانین بڵێین خۆی ئەرەستووی سینەما بوو و نووسینەکانی «پۆیەتیکا»[١٥].

---

فەڕانسەی مارشاڵ پتەن ئەوترێ، لە ساڵانی نێوان ١٩٤٠ تا ١٩٤٤ واتە ئەو ساڵانەی کە ئەم وڵاتە لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمانی هیتلێریەوە داگیر کرابوو و، ملکەچ و دەسکەلای ئاڵمانی داگیرکەر بوو.

١٥ـ پۆیەتیکا: Poetics (٣٣٥ پ.ز) نامیلکەی هونەری هۆزانڤانی ئەرەستوو، لە گرنگترین و کۆنترین بەرهەمەکانی هونەری دراماتیکە کە ماوەتەوە و،




ئەوەندەی سەردەمی داگیرکاری ڕابوردە، بازن بوو بە ڕەخنەگری سینەمایی ڕۆژنامەی پاریسی ئازادکراو[١٦]. بەم شێوەیە بە فەرمی وەکوو ڕەخنەگری ڕۆژنامەوانی دەستی پێکرد و لەگەڵیدا چەشنێک لە ڕەخنەی سینەمایی لەدایک بوو، کە تایبەتی ئەو بوو و ئەیتوانی بەبێ هەڵخڕاندنی جەماوەر و خۆشیرینکردن مەبەستەکەی لە هەموان تێبگەیەنێ. لە هەمان بڕگەدا ئەیانوت دە ساڵی تر ئەبێ بە بەرجەستەترین ڕەخنەگری فیلمی فەڕانسە. بەڵام ئەوەندەشی پێنەچوو. هەموومان هاوکارییەکانی لەگەڵ «**کایە دو سینەما**»[١٧] ئەزانین. ئەم گۆڤارە بە ڕێنموونی ئەو، بوو بە یەکێک لە دیارترین بڵاوکراوە سینەماییەکانی جیهان.

هەر لەم بڕگەیەدا، چالاکی تری سینەمایی بازن پەریان سەند. بۆ وێنە بوو بە بەڕێوەبەری ڕاژەی فەرهەنگی پەیمانگەی باڵای تۆژینەوەی سینەمایی (IDHEC)[١٨]. بەمجۆرە، سەرەنجام لە فێرگەیەک


---

چەقی ئاخافتنی فەلسەفی لەسەر گوتەناسی و تیۆری ویژەیە.

١٦ـ پاریسی ئازادکراو: Le Parisien Libéré ڕۆژنامە، ساڵی **١٩٤٤** لە لایەن ئێمیلیان ئەمۆری وەک ئاڵای دژی داگیرکەر دامەزرا و پاشان ناوەکەی گۆڕا بە «Le Parisien» و تا ئێستەش بەردەوامە.

١٧ـ کایە دو سینەما: Les Cahiers du Cinema بە واتای پەڕاوەکانی سینەما، گۆڤاری فەڕانسەیی کاریگەری سینەمایی، ساڵی **١٩٥١** لە لایەن ئاندرێ بازن و هەڤاڵانی دامەزرا.

١٨ـ پەیمانگەی باڵای تۆژینەوەی سینەمایی: (IDHEC) واتە Institut des Hautes: etudes Cinematographiques پەیمانگەی فێرکاری سینەمایی بوو




پلەی وەرگرت. کاتێکە وشەی فیلمۆلۆژی کە ئەمڕۆ بووە بە باو، هێشتا نەبوو، وەک ژان لویی تێلەنەی[١٩] ئەڵێ: «بازن بە تێکۆشانی خۆی چەشنێک کولتوور و ڕوانگەی سینەمایی ئافراند.» کەس ناتوانێ باندۆری ڕاستەقینەی کاری ئەو لەسەر سینەما بەراورد بکات. تێلەنەی درێژە بە گوتەی خۆی ئەدات: «لەم خولەدا، بازن منی تووشی هێدمە کرد. چونکە زانیاری لەسەر بابەتێک هەبوو کە ئێمە تەنانەت وێنای ئەوەشمان نەئەکرد ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێ بە ڕشتەیەکی خوێندن و لە پۆلەکانی سۆربۆن‌دا بخوێنرێ.»

ئاماژەی تێلەنەی بە «پەیمانگەی فیلمۆلۆژی»یە، کە یەکەم جار ژیلبێرت کۆهێن‌ـسیا[٢٠] لە وتاری **لەمەڕ بنەمای فەلسەفەی سینەما** (١٩٥٨) بیرۆکەکەی هێنایە ئاراوە.

هەندێک لایان وایە ئاوەز، بەو شێوەی لە بەرهەمەکانی بازن‌دا وێنا کراوە، تاک، لە کۆمەڵگە و لە جیهان جیا ئەکاتەوە. لە وەڵامی ئەم دەستەیەدا، ئەوەندە بەسە ڕوانگەی ئەلەکساندر ئاستراک[٢١] کە


---

لە هەموو بوارەکانی دەرهێنان و وێنە و دەنگ و... ساڵی ١٩٤٤ لە فەڕانسە دامەزرا.

١٩ـ Jean Louis Tellenay

٢٠ـ Gilbert Cohen_Séat دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری فەڕانسەیی سینەما.

٢١ـ ئەلەکساندر ئاستراک: Alexandre Astruc (١٩٢٣ـ٢٠١٦) دەرهێنەر و ڕەخنەگری سینەمایی فەڕانسەیی. باندۆری لەمەڕ سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێی سینەما هەبوو.





دۆستی نزیکی بازن بوو، بگێڕینەوە: «ئەم تیۆرسیەن و بیرمەند و ئارمانجگەرا و، ئەم مرۆڤە باوەڕمەندە، بەر لەوانەی کە ڕوانگەی ئەو بۆ ژیان ڕەت ئەکەنەوە، لە ڕۆژەڤی ژیان و لە کۆمەڵگەی خۆی نزیک بوو.» فرانسوا ترۆفۆ[٢٢]، کە دۆستی بوو و بازن «ڕەنگە زیاتر لە هەموو کەس» یارمەتی ئەوی دابوو، ئەیوت تەنانەت بیستنی لۆمە و سەرکۆنە لە بازن مایەی شادمانی بوو، «زۆر کەم تووڕە ئەبوو، بەڵام لە هەمان ساتە دەگمەنانەی تووڕەییدا، چ گوڕ و گوژمێکی پیشان ئەدا. کاتێک کە هەڵچوونەکەی ئەنیشتەوە، مرۆڤ هەرگیز نەیئەوت: "چ هەڵەیەکم کرد"، بەڵکوو ئەیوت: "چەندە ڕاست ئەکات!" "چەند شیانستە!"»

ڕابێرت برێسۆن[٢٣] بە تیژبینی هەمیشەیی خۆی ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی بەرجەستەی بازن ئەکات: «شێوازێکی سەمەرەی هەبوو. لەوەوە دەستی پێئەکرد کە ناڕاست بوو و سەرەنجام بە ڕاستەقینە ئەگەیشت.» بە یەک واتا، ڕەنگە وشیارانە لە شێوازی

---

٢٢ـ فرانسوا ترۆفۆ: François Truffaut (١٩٣٢ـ١٩٨٤) فیلمساز، بیرمەند و ڕەخنەگری مەزنی فەڕانسەیی، لە پێشڕەوانی ڕەوتی شەپۆلی نوێی فەڕانسە بوو. یەکەم بەرهەمی سینەمایی ئەو بە ناوی چوارسەد قامچی ئەچێتە ڕیزی سێ فیلمی سەرەتای شەپۆلی نوێ. فیلمنامەی هەموو ئەو فیلمانەی کە دەرهێنەریان بووە، خۆی نووسیوێتی.

٢٣ـ ڕابێرت برێسۆن: Robert Bresson (١٩٠١ـ١٩٩٩) دەرهێنەر و فیلمنامەنووسی فەڕانسەیی. ژان لوک گۆدار Jean-Luc Godard لەمەڕ بێریسۆن وتوویەتی: «بریسۆن سینەمای فەڕانسەیە، هەروەک داستۆیڤسکی وێژەی ڕووس و مۆزارت موزیکی ئاڵمانە.»







کۆنەی ئوستادانی فێرگەی سکۆلاستیک سوودی وەرئەگرت: دارِشتنی گەلاڵەی پرسگر، پازەی رِەتکردنەوە و لە کۆتاییدا رِۆیشتن بەرەو سەلماندنی. رِاستەکەی هەموو وتارێکی پازە و سالماندنێکی زانستییە و؛ ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئێریک رِوومریش[٢٤] لە نووسینێک لەمەرِ بەرگی یەکەمی **سینەما چییە؟** ئاماژەی پێئەدا: «ئەم لاپەرِانە هەرچەند لە بابەتێکی جیاواز ئەدوێن، بەڵام بەشێکن لە گەلاڵەیەکی رِێکخراو، کە وردەوردە خۆی دەرئەخات. هەروەها کەمترین گومان لەوەدا نییە کە هەر وتارێک لە هەمان سەرەتایەوە مەبەستێکی وەهای هەبووە، نە ئەوەی بەرەنجامی کۆمەڵێک ئەندێشەی نارِێکوپێک بووبێتن. بە گوێرەی ئەوەی کە ئەزانین بازن ئەم وتارانەی لەسەر بناغەی بیرسایەکی رِێکوپێک دارِشتووە، نەک لەسەر بنەمای رِێکەوتی نووسینیان، ئەوەی کە بەرگەی یەکەم بە وتارێک لەمەرِ "هەبوونناسی وێنەی فۆتۆگرافی» دەست پێئەکات، واتایەکی ناوازەی هەیە، چونکە ئەمە یەکێکە لە وتارە سەرەتاییەکانیشی. لێرەدا ئەمەوێ لەم لایەنە زانستییەی کارەکەی ئەو بکۆڵمەوە، بەبێ ئەوەی هونەرەکەی بە کەمبایەخ دابنێیم.» رِۆمێر زیادی ئەکات: «هەر وتارێک و لە رِاستیدا هەموو بەرهەمەکە لەسەر بناغەی نموونە و مەلەزەی[٢٥]

---

٢٤ـ ئێریک رِوومر: Eric Rohmer (١٩٢٠ـ٢٠١٠) رِەخنەگر و دەرهێنەری ناوداری فەرِانسەیی، خاوەنی ٢٤ فیلمی سینەمایی.

٢٥ـ مەلەزە: pattern شێواز، ئەنگارە، پاتێرن، هێڵکاری سەرەتایی، پاتەبوونەوەی گەلاڵە؛ نەخش، رِەفتار، یان کارێک کە پاتە ئەبێتەوە و





سەلماندنی بیرکارییە و ئەویش سەلماندنی بابەتی بوونی سینەمایە، بە هەمان شێوە کە هەموو ئەندازە لەسەربناغەی تایبەتمەندی هێڵی ڕاست دامەزراوە. هەوڵی ئەوە نادات بە هەر بەهایەک بووە بنەماکانی بڕوای خۆ لە دەزگایەکی جوانناسی ناسازدا لە قاڵب بدات. بەڵکوو ئەم بنەمانە تەنها لە ئەندێشەی ئەوەوە سەرچاوە ئەگرن. ئەو سیستەمەی ڕەخنەگرانی بەر لە ئەو بەکاریان ئەهێنا، بە زۆری ئەوە بوو کە بە پێناسەی هونەر دەست پێبکەن و پاشان بەراوردی بکەن کە ئایە ئەو فیلمە لەگەڵ پێناسەکە ئەگونجێ یان نا؟ بەڵام بازن هەموو پێناسە باوەکان ئەخاتە لاوە و گۆڕانێکی بناغەیی لە شێوازی نووسیندا پێشنیاز ئەکات.»

ڕەنگە هەندێ چاوەڕوان بن ئەم **تیۆریسیەن** و **ڕووناکبیرە** لە ڕیزی ئەوانەدا بێ کە بە پەژارەوە ڕای ئەگەیەنن لەبەر ئەوەی خولی سینەمای بێدەنگ کۆتایی هاتووە، هونەری سینەماش کۆتایی پێهاتووە. بەڵام وانییە. بە بڕوای بازن، دەنگ بۆ لەناوبردنی سینەما نەهات، تا ڕاسپاردەی سینەمای بێدەنگ ڕاپەڕێنێ. ئەم ڕوانگەیە، ڕاستەوخۆ لە ناوەرۆکی زۆربەی نووسینەکانی ئەو، واتە سەلماندنی بابەتی بوونی سینەماوە سەرچاوە ئەگرێ و وای لێئەکات، لانیکەم، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، ئەو کەسانە بەرپەرچ بداتەوە کە لە میانەی بیستەکاندا بە دوای سینەمای بێخەوش ــ یان بەو جۆرەی ژۆرژ سادۆل[٢٦] ئەڵێ بە دوای «ئەفسانەی سینەمای بێخەوش»ــ دا

---

ئەبێ بە شێواز و ڕێباز ع نمط N mønster د الگو، طرح E archetype.

٢٦ ـ ژۆرژ سادۆل: Georges Sadoul (١٩٠٤ ـ ١٩٦٧) نووسەر و ڕۆژنامەنووسی






ئەگەڕان. خولیای بازن بۆ «ژێوەرگرتن»یش[٢٧] هەر لێرەوە سەرچاوە ئەگرێ. چونکە هەم پەیوەندی بە شانۆوە هەیە و هەمیش بە ڕۆمانەوە و، لە ڕاستیشدا بە پەیوەندی نێوان سینەما و شێوەکارییەوە.

ئەوەندەی من ئاگام لێبێ، هیچکەس جێگەی بازنی لە پلەی ڕەخنەگردا نەخستوەتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام هەندێ لە ڕەخنەگران لەگەڵی نەیار بوون، کە بەرجەستەترینیان ژان میترییە[٢٨]. ئەو لە کەوشەنی مێژووی سینەما و جوانناسی فیلمدا جێگەی ڕێزە و پەرتووکی دوو بەرگی ئەو بە ناوی **جوانناسی و دەروونناسی سینەما**[٢٩] تازەیی چاپ کراوە. میتری لە سەرتاپای ئەم پەرتووکەدا زیاتر پەسنی بازن ئەکات تا ڕەخنەی لێبگرێ، بەڵام لە ڕاستیدا چەمکی سەرەکی پێکهاتەی ڕەخنەگرانەی بازن، بە تایبەت ڕۆژەڤی بابەتی وێنەی سینەمایی و، هەروەها پازەی ئەو لەمەڕ فیلمگرتن بە ڕوونییەکی قووڵ ئەخاتە بەر پرسیار ــ کە دیارە بە بڕوای من گوتەکانی میتری زۆریش نابەجێ نین. خوێنەر لێرەدا ئەبینێ کە ئەم شێوازەی بەکارهێنانی کامێرا

فەڕانسەیی. سەرەتا سورڕیالیست و پاشان بوو بە کۆمۆنیست.

٢٧ ـ ژێوەرگرتن: adaptation ڕەوتی گونجاندنی دەقێکی ڕۆمانی بۆ شانۆ یان سینەما ع الاقتباسات د اقتباس.

٢٨ ـ ژان میتری: Jean Mitry (١٩٠٤ ـ ١٩٨٨) تیۆرسیەن، ڕەخنەگر و فیلمسازی فەڕانسەیی، لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی فیلمی فەڕانسە بوو.

٢٩ ـ جوانناسی و دەروونناسی سینەما: Esthetique et psychologie du cinema نووسینی ژان میتری، لەمەڕ مێژووی سینەما و جوانناسی فیلم.






چەندە و لە چ بوارێکی جیاوازدا، هەر لە فیلمەکانی ژان ڕێنوارەوە بگرە تا لێکۆڵینەوەی ڕۆڵی ڕاستەقینەی مۆنتاژ، ئاماژەی پێدراوە.

بازن لە وتاری «گەشەی زمانی سینەما» ئەڵێ بنەمای هەڵسەنگاندنی وێنە ئەوە نییە کە شتێکی لە ڕۆژەڤ زیاد کردووە، بەڵکوو ئەوەیە کە چ شتێک ئاشکرا ئەکات. میتری ئەم پازەی بازنی بەدڵ نییە و، لای وایە لەبەر ئەوەی کامێرا چەشنێک «ڕۆژەڤی» گریمانەیی تۆمار ئەکات، کەوابوو ئەو وێنەی ڕۆژەڤ کە پێشکەشی ئەکات بابەتی و دارماڵە. میتری ئەڵێ ئەوەی کامێرا ئاشکرای ئەکات خودی ڕۆژەڤ نییە، بەڵکوو نموودێکی تازەیە کە پەیوەستی لەگەڵ جیهانی ئەستوویی و شتەکان هەیە ــ ئەوەی لە ڕاستیدا پێی ئەوترێ «تێگەیشتنی شوێنی» بەدی ئەهێنێ، واتە ڕۆژەڤ بە شێوەیەک بەدی ئەهێنێتەوە کە ناتوانین پێی بڵێین «بابەتی و ڕاستەوخۆ».

بازن، هەروەک لەمەڕ تیۆری بابەتیبوونی سینەمادا بینیمان، پەژێرەی ئەوە ناکات کە گەوهەری شانۆ، وەک هانری گۆتیە[٣٠] ئەڵێ بوونی جەستەیی ئەکتەرە و بەم شێوەیە لە لایەنی زۆر بناغەییەوە لەگەڵ سینەما جیاوازە. ئەنجامی ئەم مشتومڕە بەناوبانگە ئەوەیە کە بازن ئەڵێ وێنەی سینەمایی نەتەنها شتێکە

٣٠ـ هانری گۆهییە: Henri Gouhier (١٨٩٨ـ١٩٩٤) فەیلەسووف، ڕەخنەگری شانۆ، مامۆستای زانکۆی سۆربۆن و نووسەری گەوهەری شانۆ و شانۆ و هەبوون.





باڵاتر لە بەدیهێنانەوەی ڕووت و بێگەرد، بەڵکوو لە ناخی خۆیدا چەشنێک قاڵب یان دەمامکە. لێرە دایە کە خودی منیش پەیڕەوی لە بازن بە دژوار ئەزانم. ڕەنگە ئەمە یەکەم نموونەیە کە ئەو لە کەوشەنی ڕۆژەڤ لا ئەدات و پا ئەنێتە جیهانی جوان و ئافرێنراوی «نفت بەڵام نابابەتی بێن ترۆڤاتۆ ben trovato»ییەوە.[٣١]

بەڵام ڕەنگە هیچ وشەیەک نەدۆزینەوە کە بتوانێ بە ئەندازەی پەسنی ئەو لەو فیلمەی لە گەشتی **کۆن_تیکی**[٣٢] گرتبوویان، شادی و تامەزرۆیی ئەو بە سینەما پیشان بدات. شێوازی ئەم نووسراوە پیشاندەری ڕاستەقینەی بازنە. بەڵام لێرەدا ناکۆکێکی زۆر ئاشکرا بەدی ئەکرێ، چونکە ئەوە یەکەم جارە کە بازن دەستەواژەی زانستی بەکار نەهێناوە. کاتی خوێندنەوەی ئەم وتارەی بازن، ئەتوانین هەست بە بوونی ڕاستەقینەی گەمی بکەین؛ «شتێکی بەسەر ئاوەوە» کە گیانەوەرانی ئۆقیانووس بە ئارامی شانی تێئەساون و جووڵەیان لە فیلمێکدا کە «لە تۆفان دەرباز بووە» تۆمار کراوە ــ ئەم بەڵگە وێنەییە ئەوەندە دەربارەی

---

٣١ـ بێن ترۆڤاتۆ: ben trovato لە ناوی چامەیەکی جۆردانۆ برۆنۆ Giordano Bruno بە ناوی «ئەگەر ڕاست نەبێت، زۆر بە باشی دۆزراوەتەوە» وەرگیراوە.

٣٢ـ کۆن_تیکی: Kon_Tiki فیلمێکی نەرویجی ٢٠١٢یە، بە ناوی خوای خۆر و تۆفانی ئینکا ناونراوە، لە ژانری گەڕخوازی، درام، بەسەرهاتە، دەرهێنانی یواخیم ڕانینگ. ناودێری خەڵاتی ئۆسکار و گرانترین فیلمی نەرویجی بووە.




خودی گەشتەکە نییە، بەڵکوو سەبارەت بەو مەترسییەیە کە هەڕەشەی لە کامێرا کردووە ـ فیلمێک کە کێماسییەکانی خۆی نیشانەی ڕاستی و سۆڵان بوونیەتی.


ئەگەر لە منیان بوێ دارماڵترین ڕەخنەی فیلم ناو ببەم کە بە درێژایی تەمەنم خوێندمەتەوە، بەبێ ڕامان ئەو وتارەی بازن ناو ئەبەم کە سەبارەت بە شێوازی ڕابێرت برێسۆن نووسیوێتی. بە بڕوای من ئەم وتارە، لەبەر ئەوە لەبیر ناچێتەوە کە هەموو خاڵە پێویستەکانی سەبارەت بە ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی تێدایە. بازن لەمەڕ چۆنێتی هەڵسوکەوتی برێسۆن لەگەڵ ڕۆمانی **ژاکی چارەگەرا**[٣٣] کە فیلمی **خاتوونەکانی جەنگەڵی بۆڵۆنی**[٣٤] لێ ساز کراوە، ئەنووسێ: «دەنگی جیڕەی لاستیکی لەسەر پەڕەیەکی نووسراوی دیدێرۆ[٣٥] هەموو ئەو شتەیە کە ئەم فیلمە هەڵی بژاردووە تا بیکات بە

---

**٣٣ـ** ژاکی چارەگەرا: Jacques Ie fataliste et son maître ڕۆمانی دیدێرۆ (**١٧١٣ـ١٧٨٤**) ئیسێکلۆپێدیا نووسی فەڕانسەیی، دوای مردنی خۆی لەساڵی **١٧٩٦**دا بڵاو کرایەوە. ئەم ڕۆمانە لە بن کاریگەری ڕابێلە و سێرڤانتس و لارنس شتێرندا (Rabelais, Cervantes and Laurence Sterne) نووسراوە و بەشێکی زۆر لە ڕۆمانی تریسترام شاندی نووسینی شتێرنی بە وام وەرگرتووە. کراوە بە فیلم.

**٣٤ـ** خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی: Les Dames du Bois de Boulogne فیلمی سینەمایی **١٩٤٥**ی فەڕانسەیی دەرهێنانی ڕابێرت برێسۆن.

**٣٥ـ** دیدێرۆ: Denis Diderot نووسەر و فەیلەسووفی فەڕانسەیی سەردەمی ڕەوشەنگەری، خاوەنی ئێنسایکلۆپێدیا.




گفتوگۆیەکی شێوازی ڕاسین[٣٦].» ئەتوانم ڕستەیەک لەم گوتەیە زیاد بکەم و بڵێم بازن بۆ پیشاندنی شادمانی خۆی سوودی لە کارەکانی چارلی چاپلین[٣٧] وەرگرتووە. بە خوێندنەوەی ئەم وتارە، مرۆڤ خۆی بە «سەرخۆشی... دۆزینەوەی خەملێن» هەست پێئەکات.

ئەوەی کە ئەبینین ئەمڕۆ سینەما، سەرەنجام بووە بە کەوشنێکی هەتەر و گرنگ بۆ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە، تا ڕادەیەک بە هۆی کارەکانی بازنەوەیە. ماوەیەکی درێژخایەن زۆر کەس بە تایبەت لە ئەمریکا، لایان باشتر بوو سینەما بە ڕێگەی خۆدەربازکردن لە گوشاری ژیانی ئەمڕۆ بزانن؛ ئەو شتەی کە هەمیشە بە دوایدا ئەگەڕێین ـــ واتە جیهانێکی تازە بۆ ژیان. بەڵام ئەم بەناو دەربازگانە[٣٨]، هەرچەند گەشت و گوزار تێیاندا خۆشە، بەڵام لە کۆڵانی داخراو زیاتر نین. چەندە زیاتر پەردەی سینەما بە ئاوێنە بزانین نەک دەربازگە، ئەتوانین زیاتر خۆمان بۆ

---

٣٦ـ ڕاسین: Jean Racine (١٦٣٩ـ١٦٩٩) درامانووسی فەڕانسەیی. لەگەڵ مۆلیێر و کۆرنی بە سێ چوکڵەی درامانووسانی سەدەی حەڤدەی فەڕانسە دائەنرێن.

٣٧ـ چارلی چاپلین: Charlie Chaplin (١٨٨٩ـ١٩٧٧) ئەکتەر و دەرهێنەر و ئاوازدانەری ناوازە و هەڵکەوتەی ئینگلیزی، بە هۆی فیلمە بێدەنگەکانییەوە ناوبانگی دەرکرد و پێش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەناوبانگترین ئەستێرەی جیهانی بوو.

٣٨ـ دەربازگە: path of escape, asylum ڕێگەی هەڵاتن و خۆپەڕاندنەوە لە دۆخی دژوار و نالەبار ع طریق الهروب N rømningsvei د گریزگاه.




ئاینده ئامادە بکەین. ئەڵێن بەکارهێنانی ئامێر و ئامێرد لێزکی تەوێڵی مرۆڤ ئەسڕێتەوە و پشتی چەماوی کە تا ئێستە ناچاری کار بووە، ڕاست ئەکاتەوە. ئەوسا وێژنگی کۆتایی مرۆڤ، کە ئەو هەموو ساڵە پارێزی لێکردووە ــ چونکە وتوویانە سەرەتا ئەبێ بژین بۆ ئەوەی پاشتر بتوانین فەلسەفە بکەین ــ ڕوو ئەدات. سینەما ئەگەر بە دروستی سوودی لێ وەربگیرێت، ئەتوانێ لەم ئاڵنگارییەدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ وازی بکات. بەو پێیەی کە بازن ئەتوانێ لە تێگەیشتن و ڕاپەڕاندنی ئەم دۆزەدا یارمەتیمان بدات، ئەتوانین ناوی بنێین وێناگەر و ڕابەری ڕاستەقینە. ئەو لە ڕیزی ئەو کەمە مرۆڤانە دایە کە بە ڕاستی تێکۆشان وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزنەوە کە پێشڕەوانی جوانناسی فیلم و فیلمناسی و بە تایبەت کەسانی وەکوو کانۆدۆ[٣٩] و دیلۆک[٤٠] هێنایانە ئاراوە ــ سینەما چییە؟

ئەو دەستەمان کە ئەمانەوێ بە پەیڕەوی لە بازن، وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە بدۆزینەوە، ئەبێ وەکوو ئەو بە دوای وەڵامدا لە پەردەی سینەما تێپەڕین و بچینە کەوشەنی مێژوو و فەلسەفە و وێژە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و، لەم ڕەوتەدا ڕەهەندێکی تازە بخەینە سەر زانستی مرۆیی، وامداری ئەم مامۆستا و ڕاهێنەرەین.

---

٣٩ـ کانۆدۆ: Ricciotto Canudo (١٨٧٧ـ١٩٢٣) تیۆریسیەنی ئیتالیایی سەرەتای سینەما کە لە فەڕانسە ئەژیا.

٤٠ـ دیلۆک: Louis Delluc (١٨٩٠ـ١٩٢٤) فیلمنامەنووس و ڕەخنەگر و دەرهێنەری ئیمپڕشنیستی فەڕانسەیی.

بەڵام خودی من وامی تریشم لە ئەستۆیە کە ئەبێ بیدەمەوە. سەرەتا خاتوو ژانن بازن[٤١]، کە هەموو جار ئەگەر گفتوگۆیەک لەمەڕ وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە هاتە ئاراوە، زۆر ئادار و شیانست وەڵامی دامەوە. ئەبێ ئەوەش بڵێم کە بەبێ یارمەتی دڵسۆزانەی ژان ڕێنوار، کە بازن بە ئاشکرا پەسنی زیرەکی ئەوی ئەکرد، هەروەها هاوکارانم دکتۆر مادلین کارۆڵ[٤٢] و گابریەل بۆنۆ[٤٣]، نەمئەتوانی هەندێ لە بەشە دژوارەکان بکەم بە ئینگلیزی. لە خوێندکاری ئەرجەنتینیم سنیۆر مارکۆڤیچ[٤٤] سپاسگوزارم کە ئەم وەرگێڕانەی لەگەڵ وەرگێڕانی ئیسپانیایی بەراورد کرد. سەرەنجام سپاسی ژمارەی تایبەتی **کایە دو سینەما** ئەکەم و بە هۆی ئەو ڕاستیانەوە کە دۆستانی بازن لەوێ هێناویانە، لە ناخەوە سپاسیان ئەکەم◆




٤١ ـ ژانن بازن: Janine Bazin

٤٢ ـ دکتۆر مادلین کارۆڵ: Drs. Madeleine Korol

٤٣ ـ گابریل بۆنۆ: Gabriel Bonno

٤٤ ـ سنیۆر مارکۆویتز: Senor Markowitz



## وتاری یەکەم

# هەبوونناسی[٤٥] وێنەی فۆتۆگرافی

ئەگەر هونەری پلاستیکی یان قاڵبکاری[٤٦] بخرایەتە بەر تۆژینەوەی دەروونکارانە، ڕەنگە دەربکەوتایەت کە مۆمیاییکردنی مردوو یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو هونەرە. بەمجۆرە دەرئەکەوێ کە شێوەکاری و پەیکەرسازی لەسەر بڕوای «مۆمیاییکردن» دامەزراون. لە ئایینی کۆنی میسری، کە ئارمانجی خەبات دژی مەرگ بوو، مانەوەی هەمیشەییان بە مانەوەی هەمیشەیی جەستە ئەزانی. بۆیە، ئەو ئایینە بە بەدیهێنانی لەمپەرێک لە بەرامبەر گوزەری کاتدا، یەکێک لە نیازە بناغەییەکانی دەروونناسی

٤٥ـ هەبوونناسی: ontology هەستیناسی، بەشێکی مێتافیزیکە کە سەروکاری لەگەڵ سروشتی هەستی و بووندا هەیە، کە بەم پێیە، هایدەگر لای وایە هەبوونناسی و دیاردەناسی یەک ئەگرنەوە.

٤٦ـ هونەری قاڵبکاری: plastic arts هونەری پلاستیکی، ئەو بیچمە هونەریانەی لە ڕێگەی قاڵبکاری و قاڵبسازییەوە بەدی هاتوون وەکوو پەیکەر و سێرامیک و ئەو هێسنانەی شێوازی سێ ڕەهەندییان هەیە ع فن بلاستيكي N plastikk kunst د هنرهای تجسمی




مرۆڤیان دڵتێر ئەکرد، چونکە مەرگ جگە لە سەرکەوتنی کات نەبوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ڕاگرتنی دەستکردی ڕواڵەتی جەستە، بە واتای پاراستنی لە بەرامبەر ڕەوتی کات و تەندروست و دروست گەیاندنی، بە نهێنی ئەو تەنە بوو بە گوزەرگای ژیان. بۆیە، سروشتی بوو کە جەستە، سەرەڕای ڕاستەقینەی مەرگ، بە پاراستنی گۆشت و ئێسکی تەنەکە بپارێزێ. لەم ڕووەوە، یەکەم پەیکەری میسری جەستەیەکی مۆمیاییکراو بوو کە بە سۆدیۆم تیمانج و وشک کرابوو. بەڵام قۆچەکە سێپاڵوو و ڕەهۆڵە توەندەرتووەکانیان هەرگیز ئەوەی بە مسۆگەری دەستەبەر نەئەکرد، کە ئەو جەستەیە، سەرەنجام لەناو ناچێ.

کەوابوو بیریان لە هەندێ پارێزی تریش کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە نزیک تابووتەکەوە، لە تەنیشت ئەو دانەوێڵەی بۆ خواردنی مردووەکە دایان نابوو، پەیکەری بچووکی سێرامیکیشیان دانابوو، تا ئەگەر تەرمە مۆمیاییکراوەکە لەناو چوو، جێگەی بگرنەوە. لەم ڕووەوە، پێداویستی ئایینی، یەکەم شێوازی بەکارهێنانی پەیکەرسازی دەرئەخات، واتە پاراستنی ژیان بە نمایشکردنی ژیان. دەرکەوتەیەکی تری ئەم شێوازە، پەیکەری سێرامیکی ورچێکی بە ڕمب پێکراوە کە لە ئەشکەوتەکانی پێش مێژوودا دۆزراوەتەوە. ئەم پەیکەرە کە زرپەیکەری گیانەوەری زیندووە، دەستەبەری سەرکەوتن بووە لە ڕاودا. گەشەکردنی هاوکاتی هونەر و شارستانیەت نەم نیگارە جادووییەی هونەری



قاڵبکاری لەوان وەرگرتووە. لویی چواردە فەرمانی نەدا لاشەکەی مۆمیایی بکەن، بەڵکو بە مانەوەی خۆی لە ڕێگەی ئەو وێنەوە کە شارڵ لۆ برۆن[٤٧] کێشابووی دڵخۆش بوو. بەڵام ژیار ناتوانێ بە یەکجارێ دێوەزمەی «کات» تووڕ بدات. بەڵکوو ئەتوانێ تەنها کەڵکەڵەی ئێمە سەبارەت بە کات تا ڕادەی بیرکردنەوەی بیرسایی بگونجێنێ. ئیتر کەس بڕوای بە یەکبوونی هەبووناسی مودێل و وێنا نییە، بەڵام هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی بە یارمەتی وێنە ئەتوانین بابەتمان لەبیر بمێنێ و لە بەرامبەر مەرگێکی دووبارە، کە هەمان مەرگی مینەوییە، یادەوەری بیپارێزین. ئەمڕۆ، شێوەکاری ئیتر ئارمانجێکی مرۆڤگەرا و سوودگەرا نییە. ئەمڕۆ ئیتر پرسی مانەوەی پاش مەرگ لە ئارادا نییە، بەڵکوو چەمکێکی بەرفرەتر هاتووەتە گۆڕێ، ئەویش ئافراندنی جیهانی ئارمانجێکە وەکوو جیهانی ڕاستەقینەی ڕۆژەڤ بە دیاریکردنی کاتی تایبەت بە خۆی. «شێوەکاری چ کارێکی بێهوودەیە»، ئەگەر لە پشت ئەو هەموو پەسنەی لە تابلۆکانی ئەکەین، ئەو نیازە سەرەتاییەی مرۆڤ نەناسینەوە لە ململانێی دژی مەرگدا ئەو گوتەی کۆتایی بێ. ئەگەر مێژووی هونەری قاڵبکاری زیاتر پەیوەندی بە دەروونناسی ئەوانەوە هەیە تا بە جوانناسییانەوە، ئەتوانین بڵێین کە ئەم مێژووە

٤٧ ـ شارڵ لۆ برۆن: Charles Le Brun (١٦١٩ ـ ١٦٩٠) شێوەکار، لویی چواردە بە مەزنترین هونەرمەندی فەڕانسەیی هەموو سەردەمەکان ناوی ئەبا.



لە بنەڕەتدا شێوەگەری[٤٨] یان بە گوتەیەکی تر ڕیالیزمە.

ئەگەر سەیری وێنە و سینەما لەم ڕوانگە کۆمەڵناسانەوە بکەین، ئەتوانین ڕوونکردنەوەیەکی سروشتی بۆ ئەو قەیرانە تەکنیکی و مینەوییە بدەین بەدەستەوە، کە ئەوکی شێوەکاری مۆدێرنی لە میانەی سەدەی ڕابوردوودا گرتبوو. **ئاندرێ مالرۆ**[٤٩] سینەما بە باڵاترین ڕادەی گەشەکردنی بابەتگەرایی قاڵبکاری تا بە ئەمڕۆ ئەزانێ. سەرەتای ئەم بابەتگەراییە، سەرەتا لە سەردەمی کۆرپەیی **ڕێنسانس**دا بوو و ئاڵۆزترین گوتەی خۆیشی لە شێوەکاری بارۆکدا[٥٠] نواندەوە.

ئەوە ڕاستە کە شێوەکاری، لە سەرانسەری جیهاندا، هاوسەنگییەکی بگۆڕی لە نێوان سەمبۆلیزم و ڕیالیزمدا بەدی هێناوە، بەڵام لە سەدەی پانزە شێوەکاری ڕۆژهەڵات وازی لەو

---

٤٨ـ شێوەگەری: resemblance لێکچوون و شێوەی لە هەموو بوارەکاندا وەکوو ڕەگەز و خێزان و لێچوونی کەسایەتی لە دەروونناسی و بوارەکانی تردا.

٤٩ـ ئاندرێ مالرۆ: André Malraux (١٩٠١ـ١٩٧٦) نووسەری توانا، ڕەخنەگر و ڕامیاری فەڕانسەیی، دژی ڕامیاری فەڕانسە لە هێندوچین بوویەوە، دژی فالانژیستەکانی ئیسپانیا خەباتی کرد.

٥٠ـ بارۆک: baroque شێوازێکە لە هونەری نژیارقانی، شێوەکاری، موزیک و پەیکەرسازی، لە کۆتایی سەی ١٦ لە ئیتالیاوە دەستی پێکرد و تا کۆتایی سەدەی ١٨ لە ئوورووپا برەوی هەبوو. پاشان لە ئەمریکای ناوەندی و باشوور بڵاو بوویەوە. ئازادی لە ئەنگارە و زۆری بیچم و تێکەڵاوی ئەو بیچمانە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازەن. ڕیشەی وشەکە لە بارۆکۆ barroco ی پورتۆگالی بە واتای مرواری ڕەختە هاتووە.




کەڵکەڵەیە هێنا کە ڕاستییە مینەوییەکانی لە بیچمی گونجاودا پیشان ئەدا و تێکۆشا ئەم دەربڕینە مینەوییە بە لاساییکردنەوەی چەندە گەشەکردووتری جیهانی دەرەوە تێکەڵ بکات.

بێگومان، ساتی بڕیاردەر ئەو کاتە بوو کە یەکەم سیستەمی زانستی و بە واتای مێکانیکی بەدیهێنانەوە، واتە ڕەهەندبینی[٥١] دۆزرایەوە: **ژووری تاریکی**[٥٢] داڤینچی بوو بە هۆکاری بەدیهاتنی کامێرای نیەپس[٥٣]. ئێستە هونەرمەند ئەیتوانی گومانی کەشێکی سێ ڕەهەندی بەدی بهێنێ کە تێیدا شتەکان بە هەمان شێوە خۆیایان ئەکرد کە چاوی ئێمە لە ڕاستەقینەدا ئەیان بینێ.


لەوە بەدوا، دوو ڕوانگە لە شێوەکاریدا بەدی هات: یەکیان دیدگای جوانناسی، واتە دەربڕینی ڕۆژەڤی مینەوی و گەشەپێدانی مۆدێلەکان بە سوودوەرگرتن لە هێما و سەمبول؛ ئەوی تریش ڕوانگەیەکی بە تەواوەتی دەروونناسانە، واتە بەدیهێنانەوەی جیهانی دەرەوە. تێکۆشان بۆ زاویرکردنی واز و تامەزرۆیی هەڵۆسەی[٥٤] جیهانی ڕاستەقینە، تەنها ئاگری ئەم ویستەی پەرە

٥١ـ ڕەهەندبینی: perspective دیدگا، ڕۆشن بینی، فراوانی دید؛ وێناکردنی دیاردە، بەرجەوەن [ع] منظوري [N] perspektiv [د] چشم انداز.

٥٢ـ ژووری تاریک: camera obscura تاریکخانەی وێنەشۆردنەوە.

٥٣ـ نیەپس: Joseph niépce (١٧٦٥ـ١٨٣٣) داهێنەری فەڕانسەیی، یەکەم کامێرای وێنەگری ئەو دای هێناوە و یەکەم وێنەی فۆتۆگرافی ئەو گرتوویەتی.

٥٤ـ هەڵۆسە: hallucination ساویر، ڕازاوی، ئیلووژن [N] hallusinasjon, illusjon [ع] وهم واهی [د] توهم، ابهام.




پێدا، تا ئەو ڕادەیە کە وردەوردە هونەری قاڵبکاری خوارد و قوتی دا. بەڵام بەو پێیەی کە بەرجەوەن یان پرێسپێکتیڤ تەنها پرسگری بیچم یان فۆرمی چارەسەر کردبوو نە کێشەی جووڵان، ڕیالیزم ناچار بوو، هێشتاش بە دوای ڕێگەیەکدا بگەڕێ کە بە شێوەی دراماتیک ساتەکان پیشان بدات، واتە چەشنێک ڕەهەندی چوارەمی دەروونی کە بتوانێ لە نەجووڵانی بێزاری هونەری بارۆکدا جووڵەی ژیان بەدی بهێنێ.(٥٥)

هەڵبەت هونەرمەندانی مەزن هەمیشە توانیویانە ئەم دوو ڕوانگەیە پێکەوە تێکەڵ بکەن و هەرکامیان لە پلەی گونجاوی خۆیدا دابنێن، ڕاستی لە دەستی خۆیاندا ڕابگرن و بە گوێرەی ویستی خۆیان لە قاڵبی هونەردا پیشانی بدەن. لەگەڵ ئەوەش، ڕاستی ئەوەیە کە ڕووبەڕووی دوو دیاردەی لە بناغەوە جیاواز ئەبینەوە و هەر ڕەخنەگرێک بیەوێ گەشەکردنی هونەری وێنەیی بە باشی تێبگات، ئەبێ ئەوانە بە جیا لەیەک لە بەرچاو بگرێ. نیاز بە بەدیهێنانی هەڵۆسە، لە سەدەی شانزەوە هەتا ئێستە بە بەردەوامی یەخەی شێوەکاری بەرنەداوە و خستویەتە مەترسییەوە.

---

٥٥- سەرنجڕاکێشە لەم ڕوانگەیەوە لە کێبەرکێی گوزارشتە وێنەدارەکان و سوودوەرگرتن لە نیگار، لە گۆڤارە وێنەدارەکانی ساڵانی ١٨٩٠ و ١٩١٠دا بکۆڵینەوە. لەم بوارەدا، نیگار پێداویستی هونەری بارۆکی بە پێشکەشکردنی دراماتیک بەدیهێنا، لە کاتێکدا کە پێداویستی پێشکەشکردنی بەڵگە (وێنە) وردەوردە و لە ماوەیەکی درێژخایەن هەست پێکرا. تێبینی: بازن




ئەم پێداویستییە بە تەواوەتی ئەندێشەیی و لە ناخی خۆیدا ناجوانناسییە و ئەبێ بۆ ڕیشەکانی لە گرەوشتی سروشتی ئەندێشە بە جادوودا بگەڕێین. بەڵام کێشەری ئەم نیازە ئەوەندە بەهێز بووە کە هاوسەنگی هونەری قاڵبکاری بە تەواوەتی تێک داوە.

ململانێ لەسەر ڕیالیزم لە هونەردا، لە چەشنێک خراپ تێگەیشتن و لە تێکەڵبوونی جوانناسی و دەروونناسی و هەروەها ئامێتەبوونی بابەتگەرایی ڕاستەقینە، واتە نیاز بە واتادارکردنی ڕواڵەت و ناوەرۆکی جیهان و، نیمچەبابەتگەرایی فریودەر، کە ئامانجی بەهەڵەبردنی چاو (و هەروەها ئەندێشە) یە، سەرچاوە ئەگرێ: مەبەست لە نیمچەبابەتگەرایی، ناوەرۆکی نیمچەبابەتگەرایانەیە لەگەڵ نموودی هەڵۆسەساز.[٥٦] بۆیەشە هونەری سەدەی ناونجی ئەو قەیرانەی تێنەپەڕاند؛ ئەم هونەرە هەم بە ڕادەی دارماڵ بابەتگەرا بوو و هەمیش زۆر مینەوی، بەڵام هیچی لە دراما نەئەزانی کە بەرەنجامی پێشکەوتنی تەکنیکی بوو. بەرجەوەن گوناهی یەکەمی شێوەکاری ڕۆژهەلات بوو.

---

٥٦ـ ڕەنگە باشتر بێ کۆمۆنیستەکان زیاتر لەو گرنگییەی بۆ بابەتگەرایی ئیمپرشنیستی دای ئەنێن، لە دوان دەربارەی بە شێوەی شیاوی سەدەی هەژدە، واتە ئەو کاتەی کە هێشتا وێنەگری و سینەما لە ئارادا نەبوو، واز بهێنن. ڕەنگە پلە دوو بوونی شێوەکاری ڕووسیە بە ڕاستی گرنگ نەبێ، ئەگەر سینەماکەی بتوانێ ببێ بە پلەی یەکەم. ئایزنشتاین، تینتۆرێتۆی ڕووسیەیە. تێبینی: بازن Tintoretto (١٥١٨ـ١٥٩٧)، شێوەکاری ئیتالیایی فێرگەی ڤێنیزیا هەڵۆسەساز: illusory ع وهمي د توهم آميز.




نیەپس و لۆمیێر[٥٧]، شێوەکارییان لە گوناه شۆردەوە. فۆتۆگرافی بە گەیشتن بە ئارمانجەکانی هونەری بارۆک، هونەری قاڵبکاری لە بەندی هاوشێوەبوونی جیهانی ڕۆژەڤ ئازاد کرد. وەک ئەمڕۆ ئەزانین، شێوەکاری ناچار بوو هەڵۆسە بەدی بهێنێ و ئەم هەڵۆسەیان بۆ بە هونەرزانین بە بەس ئەزانی. لە لایەکی ترەوە، وێنەگری و سینەما ئەو دۆزینەوانەن کە وازی ئێمە بە بابەتگەرایی بە جارێک و بۆ هەمیشە بە شێوەی بناغەیی دڵتێر ئەکەن.

شێوەکار، چەندەش لە کارەکەیدا شارەزا بوو، دیسانەوەش باندۆرەکەی گیرۆدەی چەشنێک ئەندێشەی ناچاری بوو. ئەوەندەی دەستی مرۆڤ لە کاردا بوایەت، ئەبوویە هۆی ئەوەی تا بە گومانەوە بڕوانێتە شێوەکاری. جگە لەوەش، هۆکاری بنەڕەتی لە بواری هونەری بارۆک بە وێنەگری، دارماڵبوونی ڕەوتێکی فیزیکی نییە (وێنەگری ماوەیەک بوو بە نزمتر لە شێوەکاری دائەنرا، چونکە تەنها ڕەش و سپی نەبوو)، بەڵکوو لە ڕۆژەڤێکی دەروونناسانەوە سەرچاوەی ئەگرت، بەو واتایە کە وێنەگری تامەزرۆیی ئێمە بە هەڵۆسە، بە تەواوەتی دائەمرکێنێتەوە، ئەویش بە چەشنێک بەدیهێنانەوەی مێکانیکی کە مرۆڤ ڕۆڵی تێیدا نییە. کەواتە بۆ سۆنگەی ڕەزامەندی ئێمە نە لە خودی ئەنجامەکە، بەڵکوو ئەبێ

---

٥٧ـ لۆمیێر: Auguste Lumière (١٨٦٢ـ١٩٥٤) لەگەڵ لویی برای داهێنەری سینەما و دامەزرێنەری یەکەم هۆڵی سینەمایی بە شێوەی ئەمڕۆن.




لە چۆنێتی گەیشتن بەو سۆنگەیەدا بۆی بگەڕێین.[٥٨]

بەم هۆیەوە، ململانێی نێوان شێواز و لێکچوون، دیاردەیەکی تا ڕادەیەک تازەیە کە بەر لە داهێنانی پەڕەی هەستیاری وێنەگری[٥٩] بوونی نەبوو. دیارە جیهانی بابەتی سەمەرەی شاردن[٦٠] بە هیچ شێوەیەک وەکوو جیهانی بابەتی وێنەگری نییە. سەدەی نۆزدە گۆڤانی سەرەتای قەیرانی بابەتگەرایی بوو. ئەمڕۆ پیکاسۆ[٦١] کەسایەتی چەقی ئەم قەیرانەیە و ئەو هەلومەرجەی کە هەبوونی ڕواڵەتی هونەری قاڵبکاری و ویستی کۆمەڵناسانەی دیاری ئەکات، بەجارێ خراوەتە بەر تاقیکردنەوە. شێوەکاری مۆدێرن کە لە دەست ناسازیی لێکچوون[٦٢] ڕزگاری بووە، دراوەتە دەستی ئەو جەماوەرەی کە لەمەبەدوا ئەو لێکچوونە لە لایەکەوە بە وێنەگری

٥٨ـ لەگەڵ ئەوەش، جێگەی خۆیەتی لەمەڕ دەروونناسی هونەری کەمتر قاڵبکارانە، وەکوو قاڵبگرتنی دەمامکی مەرگ، کە ئەوانیش پێویستیان بە چەشنێک ڕەوتی خودکار هەیە، تۆژینەوەیەک بکرێ. لەم ڕوانگەیەوە، ئەتوانین وێنەگری بە چەشنێک لەقاڵبدان، یان تۆماری دەسبەجێ بە سوودوەرگرتن لە تیشک و ڕووناکی بزانین. تێبینی: بازن

٥٩ـ پەڕەی هەستیار: sensitized plate فیلمی نێگاتیڤی کامێرا.

٦٠ـ شاردن: Jean-Baptiste Chardin (١٦٩٩ـ١٧٧٩) شێوەکاری فەڕانسەیی.

٦١ـ پیکاسۆ: Pablo Picasso (١٨٨١ـ١٩٧٥) شێوەکار، پەتکەرتاش و داهێنەری شێوازی کوبیسم و خاوەنی تابلۆی گێرنیکا، بە یەکێک لە مەزنترین هونەرمەندانی سەدەی بیستەم دائەنرێ.

٦٢ـ ناسازی لێکچوون: resemblance complex




و لە لایەکی ترەوە بە شێوەکاری هەڵئەسەنگێنن.

ڕەسەنی لە وێنەگری، لەگەڵ ڕەسەنی لە شێوەکاری جیاوازە و سەرچاوەکەی لە ناوەرۆکی لە بنەڕەتدا بابەتی وێنەگری دایە [بازن لێرەدا ئەو خاڵە بە گرنگ ئەزانێ کە وشەی فەڕانسەیی objectif هەم بە واتای هاوێنەی کامێرای وێنەگری و هەم بە واتای «بابەتی دەرەکی»یە. تێبینی: هیو گرەی] بۆ یەکەم جار هۆکارێکی نازیندوو کەوتووەتە نێوان بابەت و بەدیهێنانەوەی. بۆ یەکەم جار وێنەی جیهانی ڕاستەقینە بە شێوەی خودکار و بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ ڕوو ئەدات. کەسایەتی وێنەگر تەنها لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەت و ئەو مەبەستەی لە ئەندێشەی دایە، دێتە ناو گەمەکەوە. هەرچەند ڕەنگە بشێ لە بەرهەمی کۆتاییدا نیشانێک لە کەسایەتی وێنەگر ببینین، بەڵام هەمان ڕۆڵی کەسایەتی شێوەکاری نییە. هەموو هونەرەکان لەسەر بناغەی مرۆڤ ڕاوەستاون، تەنها وێنەگرییە کە سوود لە نەبوونی وەرئەگرێ. وێنەگری وەک دیاردەیەک لە سروشتدا، کار ئەکاتە سەرمان، وەکوو گوڵێک یان ترووکە[٦٣] بەفرێک کە سەوزە یان سەرچاوە زەمینییەکەی، بەشە دانەبڕاوەکەی جوانییەتی.

ئەم بەرهەمهێنانەی وێنە بە ئامێری ماشێنی، دەروونناسی وێنایی ئێمەی لە بنەڕەتەوە خستووەتە بن باندۆری خۆی. سروشتی بابەتی وێنەگری، بەهایەکی پێ ئەبەخشێ کە لە شێوەکانی تری وێنەسازیدا نابینرێ. سەرەڕای ئەو نەیاریانەی کە ڕەنگە گیانی

٦٣ـ ترووکە: flake پارچەیەکی تەنکی ناسکی هەر شتێک ⇐ ترووکەی خوێ: saltflakes ⇐ ترووکەی بەفر: snowflake.




ڕەخنەگرانەمان بیورووژێنێ، ناچارین ئەو شتەی بەدیهاتووەتەوە و لە ڕاستیدا «دیسانەوە» پێشکەش کراوە و لە کات و جێگەی بەرچاومان دایە، بە ڕاستەقینە دابنێین. وێنەگری بە هۆی ئەم گواستنەوەی ڕۆژەڤ لە شتەوە بۆ بەدیهێنانەوەی لە تازیارێکی[٦٤] تایبەت بەهرەمەندە.[٦٥]


ئەنگارەیەکی زۆر لێکچووی بنچینە، ڕەنگە خاڵی زیاترمان لەمەڕ مۆدێلەکە بدا بەدەستەوە، بەڵام ئەو ئەنگارەیە سەرەڕای وازی ئەندێشەی بەراوردکاری ئێمە، هەرگیز وزەی نائاوەزی وێنەی نییە، تا بتوانێ ناچارمان بکات بڕوای پێ بکەین.

جگە لەوە، شێوەکاری لە کۆتاییدا شێوەیەکی ئاساییە بۆ لێکچواندن؛ چەشنێک جێگرەوەی دەستکرد و نزمە بۆ ڕەوتەکانی بەدیهێنانەوەی وێنە. چەشنێک جێگرەوەی ئاسایی و ساکارە بۆ ڕەوتی بەدیهێنانەوەی وێنە. تەنها لێنزی کامێرا ئەتوانێ وێنەی شتێک بدا بەدەستەوە کە بتوانێ ئەم پێداویستییە قووڵەی مرۆڤ بەدی بهێنێ، کە ئەیەوێ شتێکی باڵاتر لە شێوەی نزیک و، لە ڕاستیدا چەشنێک

---

٦٤ـ تازیار: privilege باشتری و لەپێشتری [ع] امتیاز [N] privilegium [د] امتیاز .

٦٥ـ لەم بوارەدا ئەتوانین لە دەروونناسی بەرهەم و یادگارە پیرۆزەکان بکۆڵینەوە، چونکە ئەوانیش ئەم تازیاری گواستنەوە و گۆڕانی ڕۆژەڤیان هەیە، کە لە «ناسازیی مۆمیایی بوونەوە» سەرچاوە ئەگرێ. لێرەدا ڕاگوزاری ئەوە ئەڵێین کە «کفنی پیرۆزی تۆرین Holy Shroud of Turin» تایبەتمەندی وەکوو بەرهەمی پیرۆز و وێنە لەگەڵ یەکدا تێکەڵ ئەکات.
تێبینی: بازن ☜ کفنی تۆرین




وێنەی وێنە یان ڕایشت[٦٦] لە جێگەی خودی لانەماکە دابنێ. وێنەی فۆتۆگرافی خۆدی بیچمەکەیە. دەربازبووی کۆت و بەندی کات و شوێن. جا گرنگ نییە ئەگەر وێنەی فۆتۆگرافی کاڵ بووەتەوە، گۆڕاوە، ڕەنگی پەڕیووە یان بایەخی بەڵگەیی نییە، چونکە خودی ڕەوتی بەدیهێنانی وێنە خۆی لە بوونی ئەو بیچمەدا کە وێنەی لێگیراوە، بەشدار ئەکات؛ واتە لە بنەڕەتا خودی بیچمەکەیە.

ئەو شادمانییەی لە سەیرکردنی ئاڵبۆمی بنەماڵە لە لامان دروست ئەبێ، هۆکەی ئەوەیە. ئەو سێبەرە خۆڵەمێشی و سەوز و تەمارئاسا و تا ڕادەیەک کاڵ و پێوارە، وەکوو پۆرترێتە خێزانییەکان نییە، بەڵکوو ئامادەبوونی ورووژێنەری ئەو ژیانانەن کە لە ساتێک لە وەختدا وەستاون و لە دەستی چارەنووس ڕزگاریان بووە؛ بەڵام نەک بە پشتیوانەی هونەر، بەڵکوو بە هێزی ڕەوتێکی میکانیکی بێگیان و بێسۆز: چونکە وێنەگری، بە پێچەوانەی هونەر، مانەوەی هەمیشەیی بەدی ناهێنێ، بەڵکوو کات مۆمیایی ئەکات و تەنها لە تیاچوونی هات و نەهات ئەیپارێزی.

لەم ڕوانگەیەوە، سینەما دیاردەیەکی بابەتییە لە کاتدا. فیلم ئیتر تەنها بە پاراستنی دیاردە و ڕۆژەف ناوەستێتەوە، نایەوێ وەکوو ئەو دەعبانەی لە سەردەمانی کۆنەوە لە ناو بەردە کارەبادا تەندروست و وەک خۆیان ماونەتەوە، لە ساتێکدا لە خۆیاندا

٦٦ـ ڕایشت: copy ڕایش، کۆپی، وەکۆک، لەبەرگیراو، لەبەر نووسراو [د] رونوشت [ع] نسخة طبق الأصل.




بپارێزێ. بەڵکوو ئێستە، بۆ یەکەم جار، وێنەی بەردەوامی ئەوان لە وەختیشدا پیشان ئەدات؛ مۆمیاییەکی بگۆڕە. بۆیە، هەمان ئەو کاتێگۆریانەی «وێکچوون» کە جۆرەکانی «فۆتۆگرافی» دیاری ئەکات، تایبەتمەندی جوانناسی ئەو شتەش ــ کە لە شێوەکاری جیاوازەــ ئاشکرا ئەکات.[٦٧]

بۆ ناسینی تایبەتمەندی جوانناسی فۆتۆگرافی ئەبێ لە توانایی ئەو بۆ ڕووتکردنەوەی ڕۆژەڤدا بگەڕین. ئەرکی من نییە لە تان و پۆی ئاڵۆسکاوی ئەم جیهانە بابەتییەدا، لێرە بۆ تاودانەوەی شۆستەیەکی تەڕ و لەوێ هێما و پاسکانی[٦٨] مناڵێک لێک بکەمەوە. تەنها لێنزی بێسۆزی کامێرایە کە ئەو شتە لە هەموو ڕێگەکانی تێڕوانین و لە هەموو پێشداوەرییەکان و لە تۆزوخۆڵی مینەوی کە چاوەکانی من بەسەر ئەو شتەیاندا کێشاوە، پاک ئەکاتەوە؛ ئەتوانێ ئەو شتە بە هەموو سۆلانی خۆیەوە بە من پیشان بدات و لە ئەنجامدا بیخاتە بەر تیشکی ئەوین و تامەزرۆیی منەوە. بە

٦٧ـ لێرەدا واژەی «کاتێگۆری» (category) بە هەمان واتا بەکار ئەهێنم کە گۆهییە لە پەرتووکەکەی [گەوهەری شانۆ L'essence du théâtre] بۆی داناوە. واتە کاتێگۆری دراماتیک و جوانناسی لێک جیا ئەکاتەوە. بە هەمان شێوە کە بارگرژی دراماتیک dramatic tension بایەخی هونەری نییە، باشترین بەدیهێنانەوەی وێنەییش لەگەڵ جوانناسی یەک نییە، بەڵکوو هێسنێکی سەرەتایی بەدی ئەهێنێ کە ڕۆژەڤی هونەری لەسەری تۆمار ئەبێ. تێبینی: بازن

٦٨ـ پاسکانی: gesture تیتاڵ، لاسکەلاسک، ناباو، ڕەفتاری سەمەرە و قەشمەرانە ع غریبة الاطوار، اداء غریبة د ادا و اطوار.





وزەی فۆتۆگرافی، کە وێنەیەکی سروشتی لە جیهانێک ئەدات بەدەستەوە کە نە ئەیناسین و نە ئەتوانین بیناسین، سەرەنجام سروشت، لاساییکردنەوە لە هونەر ئەخاتە لاوە و پەیڕەوی لە هونەرمەند ئەکات.

فۆتۆگرافی تەنانەت لە ڕوانگەی داهێنانیشەوە ئەتوانێ بکەوێتە پێش هونەرەوە. جیهانی جوانناسی شێوەکار لەگەڵ جیهانی فەراگەردی جیاوازە. سنوورەکانی ئەم جیهانی جوانناسییە، گەردوونەگچکەیەکی[٦٩] لە بنەڕەت و لە هەناوی خۆیدا جیاواز ئەگرێتەوە. وێنە و بابەتی هەناوی، بوونێکی هاوبەشیان هەیە. وەکوو پەنجە و پەنجەمۆر. بۆیەشە، فۆتۆگرافی لەڕاستیدا، لە سیستەمی ئافراندنی سروشتیدا بەشدار ئەبێ، بەڵام نەک جێگرەوەیەکی بۆ بەدی بهێنێ. سوریالیستەکانیش[٧٠] ئەمەیان ئەزانی و بۆیەش چاوەڕوان بوون، کاغەزی فۆتۆگراف وێنەی سەمەرەی دڵخوازیان بۆ بەدی بهێنێ. لەبەر ئەم سونگەیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئامانجی جوانناسی و کاریگەری مێکانیکی وێنە لە سەر ئەندێشەی ئێمە دوو شتی لێک جیا نین. لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاوازی بیرسایی لە نێوان ئەوەدا کە

---

**٦٩ـ** گەردوونەگچکە: microcosm.

**٧٠ـ** سوریالیزم: Surrealism بزوتنەوەیەکی ڕۆشەنبیری و بیری بوو لە ساڵی **١٩٢٠** لە لایەن چەند نووسەر و هونەرمەندێکی فەڕەنسی و ئیسپانی دامەزرا. سوریالیستەکان هەوڵیان دا کە هۆشی بێئاگایی بخەنە ژێر خۆیانەوە بۆ ئەوەی ڕێبازەکەی خۆیانی پێ بەتوانا و بەهێز بکەن، لە ئەنجامیشدا ببن بە پێشڕەوی کاروانی وێژە و هونەری پاشەڕۆژ.




وەرم و وێنایە و ئەوەی کە ڕاستەقینەیە، بەرەو نەمان ئەچێ. ئەبێ هەر وێنەیەک بە بابەتێک بزانین و هەر بابەتێک بە یەک وێنە. لەم ڕووەوە، لە سیستەمی داهێنانی سوریالیستەکاندا وێنەگری شوێنێکی باڵای هەیە. چونکە وێنەیەک بەدی ئەهێنێ کە ڕۆژەڤی سروشتییە، واتە وەژارە[٧١] و تەمارێکە کە لە هەمان کاتدا ڕاستەقینەیە. ئەگەر تابلۆکانی سوریالیستەکان تێکەڵەیەکی ڕێکاری فریودانی وێناگەرانەیە و بەوردی سەرنجی وردەکارییەکان ئەدات، خۆی ئەمە ئەسەلمێنێ.

لەم ڕووەوە، ئاشکرایە کە فۆتۆگرافی گرنگترین ڕووداوی مێژووی هونەری قاڵبکارییە. فۆتۆگرافی کە هەم چەشنێک ڕزگارییە و هەمیش جۆرێک بەئاواتگەیشتن fulfillment. شێوەکاری ڕۆژئاوایی بە جارێک و بۆ هەمیشە لە کۆتی کەڵکەڵەی ڕیالیزم ئازاد کردووە و دەرەتانێکی بەدی هێناوە تا سەربەخۆیی جواناسانەی خۆی دووبارە بەدەست بهێنێتەوە. ڕیالیزمی ئیمپرشنیستی، کە زانستی کردووە بە سۆنگە و بیانوو، ڕێک لە بەرامبەر مەگی[٧٢] و تەڕدەستییە

٧١ـ وەژارە: imagination, phantasies ناو هزر و بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ داهاتوو بە وەرم یان ئەندێشە ع تخیل د خیال اندیشی، خیالپردازی، خیالبافی ← بیر و ئەندێشە و وەژارە: mind, thought and imagination

٧٢ـ مەگی: magic تەڕدەستی، ئەفسوون، جادوو، نەیرەنگ، لۆتەری، ئەنجامدانی کاری سەمەرە لە لایەن مرۆڤی لۆتەر و تەڕدەستەوە ع سحر، شعوذة N magi د جادو. ریشەناسی ← magi و magic لە وشەی مۆگی کوردمادی زەردەشتییەوە هاتووە کە مەزنانی دینی زەردەشتی، یان پەرەمێکی تایبەتی ئەوان توانای تەڕدەستی و کاری بانسروشتییان

چاوهەڵخڕێنەکاندا ئەوەستێتەوە. تەنها کاتێک کە بیچم لە هەموو چەشنە لاساییکردنەوە دوور ئەکەوێتەوە، ئەتوانین شەلاڵی ڕەنگی بکەین. بۆیە، کاتێک بەرهەمی وەکوو سێزان[٧٣]، بیچمی هەموو تابلۆکان وەرئەگرێ، ئیتر دۆزی وەژارەی ئەندازەی پرێسپێکتیڤ گرنگی نامێنێ. شێوەکاری لە بواری بەدیهێنانەوەی مێکانیکی وێنەدا ڕووبەڕووی خەنیمێک ئەبێتەوە کە ئەتوانێ لە ڕادەی لێکچوونی بارۆک تێپەڕێ و بە یەکبوون لەگەڵ مۆدێلەکە بگات. لەم ڕووەوە، ئەوەی کە پاسکاڵ[٧٤] شێوەکاری مەحکووم ئەکات، ئیتر گرنگ نییە. چونکە وێنە لە لایەکەوە وامان لێئەکات تا بەدیهێنانەوەی شتێک پەسن بکەین، کە چاومان بە تەنهایی نەی ئەتوانی خۆشویستنی فێری ئێمە بکات، لە لایەکی ترەوە شێوەکاری وەک شتێک پەسن بکەین کە لە ناخی خۆیدا بەهادارە و، ئیتر پەیوەندی لەگەڵ شتێک لە سروشتدا، سەلمێنەری بوونی ئەو نییە.

لە لایەکی ترەوە، هەڵبەت، سینەما چەشنێک زمانیشە♦


*From Problemes de la Peinture, 1945*

---

هەبووە. تێبینی: لە زمانی نەرویجی هەمان «مەگی» بەکار ئەهێنرێ.

٧٣ـ سێزان: Paul Cézanne (١٨٣٩ـ١٩٠٦) شێوەکاری بەرجەستەی سوریالیستی فەڕانسەیی.

٧٤ـ پاسکاڵ: Blaise Pascal (١٦٢٣ـ١٦٦٢) نووسەر، فەیلەسووف، بیرکار و فیزیکزانی فەڕانسەیی.




## وتاری دووەم

## ئەفسانەی سینەمای دارماڵ

پەرتووکە بەنرخەکەی ژۆرژ سادۆل لەمەڕ **پێگەکانی سینەما**[٧٥] سەرەڕای ڕوانگەی مارکسیستی نووسەر لەمەڕ پەیوەندی نێوان گەشەی ئابووری و تەکنیکی لە لایەکەوە و، وێنای ئەو کەسانەی کە ئەم کرکاش و گەڕانەیان بۆ پێشەوە برد لە لایەکی ترەوە، باندۆڕێکی پێچەوانەی ئەوەی کە ئەبوایە، لەسەر خوێنەر دائەنێ. بە ڕواڵەت وا دەرئەکەوێ ڕووداوەکانی مێژووی سینەما بە پێچەوانەی تەناهی[٧٦] مێژوویی بەرهۆ کە لە ژێرخانی ئابوورییەوە بە سەرخانی ئایدیۆلۆژیک ئەگات، ئەبێ هەڵبسەنگێنرێ. ئێمەش ئەبێ دۆزینەوە تەکنیکییەکانی سەرەتا بە ڕەهاتی پیرۆز بزانین کە لە بەراورد لەگەڵ ئەندێشەکانی ئەم داهێنەرانە لە پێشەوە لە مێشکیاندا هەبوو، ئەکەوێتە پلەی دووەمی گرنگییەوە. سینەما دیاردەیەکی ئارمانجگەرایە کە لە هەناوی ئەو مرۆڤە تێگەیشتوو

٧٥ـ مەبەست پەرتووکی مێژووی سینەمایە Histoire du Cinéma.

٧٦ـ تەناهی: order **ناوی چاوگ** هۆنە، ئاسوودەیی، ئارامشت، ئارامیی، تەکووز [ع] نظم [N] rekkefølge [د] نظم.

و بیرخەملێوانەوە سەری هەڵێناوە، وەک بڵێی لە ئارمانجشاری ئەفلاتوونیدا بن و، ئەوەی لە هەموو شت زیاتر ڕامان ئەشەکێنێ، بەرگری نەبەردانەی هێسن لە بەرامبەر ئەندێشە دایە، نە ئەو یارمەتییەی کە هونەرە جۆراوجۆرەکان بە بیر و ئەندێشەی ئەم لێکۆڵەرانەیان گەیاندووە.

زێدە لەمەش، سینەما لەڕاستیدا هیچ شتێک قەرزاری گیانی زانستی نییە. داهێنەرانی سینەما جگە لە **مارە**[٧٧]، هیچکامیان زانای دیار و بەرچاو نەبوون. بەڵام گرنگە ئەوە بزانین کە مارەش تەنها شیکارکردنی جووڵانی لەلا گرنگ بوو نەک بەدیهێنانەوەی. تەنانەت **ئێدیسۆن**یش هەڵکەوتوویەکی بواری کاری دەستی بوو، کە ئەیویست هەموو شتێک خۆی دروستی بکات؛ **ئێدیسۆن** ناوداری پیشانگەی **پێشبڕکێی لیپین**[٧٨] بوو. نیەپس، **مای بریج**[٧٩]، **لەرۆی**[٨٠]، **ژۆلی**[٨١]، **دیمێن**[٨٢] و تەنانەت خودی **لویی لۆمیێر**، هەموویان کەسانی شەیدا

---

٧٧ـ ئەتین ژول مارە: Étienne_Jules Marey (**١٨٣٠ـ١٩٠٤**) زانا و دەروونناس و کرۆنۆفۆتۆگرافەر.


٧٨ـ پێشبڕکێی لیپین: concours Lepine پیشانگەی ساڵانەی پێشبڕکێی داهێنان بوو کە خەڵاتی پیشەساز و داهێنەرانی فەڕانسەیی ئەکرد بۆ هاندانیان. ئەم پیشانگەیە لە لایەن ئەنجومەنی داهێنەران و بەدیهێنەران ساڵی **١٩٠٣** بە پەیڕەوی لە پیشانگەیەک کە پێشتر لویی لیپین بەپای کردبوو، دامەزرا. تێبینی: هیو گرەی

٧٩ـ مای بریج: Eadweard Muybridge (**١٨٣ـ١٩٠٤**) وێنەگری ئینگلیزی، لە پێشڕەوانی داهێنانی سینەما.

٨٠ـ لەڕۆی: Leroy.

٨١ـ ژۆلی: John Joly (**١٨٥٧ـ١٩٣٣**) زانای فیزیکی ئیرلەندی.

٨٢ـ دیمێن: Georges Demen (**١٨٥٠ـ١٩١٧**) داهێنەر و فیلمسازی





و وردبین، هۆگری ئەنگیزەی کتوپڕ بوون. لایەنگری کاری دەستی و لەوپەڕی خۆیدا پیشەسازانی داهێنەر بوون؛ هەروەها **ئیمیل ڕەینۆی**(٨٣) ناوازە و خاوەنشکۆ، کە ناتوانین نکۆڵی لێبکەین و،وێنە بزۆزەکانی ئەو لەڕاستیدا بەرئەنجامی شێلگیری بەردەوامی یەک «ئەندێشەی نەگۆڕ» بووە. هەر شرۆڤەیەکی لەمەڕ سینەما، کە تەنها لەسەر بناغەی داهێنانە تەکنیکییەکان، کە ئەگەری بوونی سینەمایان لواندووە، بکرێ بە ڕاستی لاواز و کەم بایەخە. بەپێچەوانە، ئەتوانێ پێش هەر چەشنە وێناندی قرساندن و ئاڵۆزی پرۆژەیەک لەسەر دۆزینەوەی پیشەسازی ئەو شتە بکەوێ، کە بە تەنهایی ئەتوانێ ڕێگە بۆ بەکارهێنانی کردەیی ئەو پرۆژەیە بکاتەوە. کە وابوو، هەرچەند ئەمڕۆ بە مسۆگەری ئەزانین سینەما تەنانەت لە سەرەتایی ترین قۆناغی خۆیدا پێویستی بە بناغەیەکی ڕوون و تۆکمە و پتەو و، هەروەها شیلاوەی(٨٤) هەستیار و وشک هەبووە تا بتوانێ وێنەکەی خۆی دەسبەجێ بمەیەنێ ــ چونکە ئەگەر وا نەبوایەت، هەر ئامێرێک بەکار بهێنرایەت، تەنانەت لە کاتژمێرەکانی سەدەی هەژدەیش ساکارتر ئەبوو ــ زۆر ڕوونە

---

فەڕانسەیی.

٨٣ـ ئێمیل ڕەینۆ: Émile Reynaud (١٨٤٤ـ١٩١٨) داهێنەری فەڕانسەیی شانۆی تیشکی Optical theater.

٨٤ـ شیلاوە: emulsion بڵاوبوونی دڵۆپی بچووکی شلەیەک لە شلەیەکی تردا کە تێکەڵی نەبێ، پرزە و دڵۆپی شەبەنگئاسای ڕۆن لە ناو ئاودا. شەبەنگی ڕۆن لە ناو ئاەدا.




هەموو کارە بنەڕەتییەکان بۆ داهێنانی سینەما، تەنانەت بەر لەوەی هەلومەرجەکەی بەدی هاتبێ، ئەنجام درابوو. لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٨٨٠ ئێدوارد مای بریج لە سایەی دەسبڵاوی ئەفسانەیی پیاوێکی شەیدای ئەسپ، دەزگایەکی مەزن و ئاڵۆزی دروستکرد و توانی کۆمەڵێک وێنەی سینەمایی لە غاری ئەسپ بەدی بهێنێ. بەڵام بۆ ئەنجامی ئەمکارە ناچار بوو تەنها بە **کلۆدیۆنی**[٨٥] تەڕ لەسەر پەڕەی شووشە ڕازی ببێ؛ واتە بە یەکێک لەو سێ توخمە پێویستەی کە بریتین لە: خێرایی، شیلاوەی وشک و پایەی لخێز[٨٦]. ئەتین ژول مارە لە پاش دۆزینەوەی ژێلاتین برۆمیدی زیو و پاش ئەوەی یەکەم بازنەکانی سلۆلۆید بێتە بازاڕەوە، کامێرایەکی خودساختەی دروست کردبوو کە بە پەڕەی شووشە کاری ئەکرد. تەنانەت پاش داهاتنی تیلماسکی[٨٧] سلۆلۆید، لۆمێر تێکۆشا سوود لە فیلمی کاغەزی وەربگرێ.

وەرن با جارێکی تر سەیری ڕواڵەتی کۆتایی و دارماڵی سینەما یان فیلمی فۆتۆگرافی بکەین. پێکهاتەی ئەو جووڵانە سادانەی **ژۆزێف پلاتۆ**[٨٨] لە ڕوانگەی زانستییەوە لێکیانی داوەتەوە، پێویستیان بە گەیشتنی پێشکەوتنە پیشەسازی و ئابوورییەکانی


---

٨٥ـ کلۆدیۆن: collodion گیراوەیەکی چەسپێنە لە پیرۆکسیلین لەناو ئیسێر یان ئەلکول بۆ داپۆشانی فیلم بەکارئەهێنرا.

٨٦ـ لخێز: نەرم و باوخۆر ع مرن د قابل انعطاف E resilient, malleable.

٨٧ـ تیلماسک: ribbon ڕووبان، تیلمە، لێزگەی باریک ع شریط ع روبان.

٨٨ـ ژۆزێف پلاتۆ: Joseph Plateau (١٨٠١ـ١٨٨٣) فیزیکدانی بەلجیکی.




سەدەی نۆزدە نەبوو. وەک سادۆل بە دروستی نووسیوێتی هیچ شتێک لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەو کاتە ڕێگەی لە دروستکردنی فێناکیستۆسکۆپ یان زووترۆپ[٨٩] نەگرتبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە لەم بوارەدا تێکۆشانی زانای هەڵکەتوو، **ژۆزێف پلاتۆ**، لەسەر بناغەی زۆر داهێنان بوو کە ئەگەری سوودمەندبوونی گشتی لەو دۆزینەوەی ئەوی بەدی هێنا. هۆی تایبەت هەبوو بۆ ئەو خاڵە سەمەرەی کە دۆزینەوەی سینەما بە فیلمی فۆتۆگرافی بە ماوەیەکی کەم دەستی پێکرد. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەبێ ئەوش ڕوون بکەینەوە بۆچی داهێنانەکەی ئەوەندەی پێچوو، چونکە هەموو پێشەکییە پێویستەکانی بەدی هاتبوو و مانەوەی وێنە لە ناو تۆڕی چاودا[٩٠] دەمێکە بوو ناسرابوو.[٩١] ڕەنگە وتنی ئەم خاڵە بێسوود نەبێ کە دوو نموونەی سەرەوە بە ناچاری لە ڕوانگەی زانستییەوە پەیوەندییان پێکەوە نەبوو، بەڵام تێکۆشانی **ژۆزێف پلاتۆ** تا ڕادەیەک لەگەڵ کارەکانی نیسەفۆر نیەپس هاوکات بوو، ئەتوت توێژەران ئەبوایە چاوەڕوان

٨٩ـ phenakistoscope و zootrope دوو جۆر سینەمای سەرەتایی بوون.

٩٠ـ تۆڕی چاو: retina توێژاڵی پشت گۆی چاو، شانەی هەستیاری تێدایە و تەکانی دەماری بەدی ئەهێنن و لە ڕێگەی دەماری بینابیەوە لکاوە بە مێشکەوە، ئەو شوێنەی کە وێنەی بینایی دروست ئەبێ [ع] شبکیە [N] netthinnen [د] شبکیە.

٩١ـ ئەمڕۆ، تیۆری مانەوەی وێنە لە تۆڕی چاو گوایە لاچووە و تیۆرییەکی تر جێگەی گرتووەتەوە کە گومانی جووڵان بە کاری ئەندێشە ئەزانێ. تێبینی: هیو گرەی





بن تا سەرنجیان بۆ لای لکاندنی جووڵان ڕابکێشرێ، لە کاتێکدا کە زانستی کیمیا بە تەواوەتی سەربەخۆ لە زانستی بینایی کەوتبوویە تۆمارکردنی خودکاری وێنە.[٩٢]

پاتەی ئەکەمەوە، کە ئەم نزیکایەتییە مێژووییە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ لەسەر بناغەی پێشکەوتنی زانستی یان ئابووری

٩٢ـ نیگارە دیواری یان نەخشە بەرجەستەکانی میسری، زیاتر وازی جیاکردنەوەی جووڵە ئەنوێننەوە تا ویستی لکان و لێکدانی وێنە. ئەتوانرێ بوترێ ماشینە ساکارەکانی سەدەی هەژدە لەگەڵ سینەما وەکوو پەیوەندی شێوەکاری و فۆتۆگرافی وان. ڕاستییەکەی هەرچی بێ و تەنانەت ئەگەر مەکینەکانی سەردەمی دێکارت و پاسکال زەمینەیان بۆ مەکینەکانی سەدەی نۆزدە ئامادە کردبێ، ئەم پرسگرە وەک شێوازێکە کە شێوەکاری چاو فریودەر و سێ ڕەهەندنوێن trompe-l'oeil وازێکی دێرینەی مرۆڤ بۆ شێوەسازی ئەسەلمێنێ. بەڵام هونەری شێوەکاری چاوفریودەر یان هەڵۆسەساز هیچ کاریگەرییەکی لە پێشخستنی زانستی بینایی و کیمیای فۆتۆگرافیدا نەبوو، بەڵکوو خۆی لەو کەوشەنەدا قەتیس کرد کە ئەگەر بتوانم ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنم، بە کەوتنەپێشەوەی ئەوانە «گاڵتەیان پێ بکات».

جگە لەوەش، هەروەک لە خودی وشەی «شێوەکاری چاوفریو» دەرئەکەوێ، جوانناسی ئەم هونەرە لە سەدەی هەژدەدا زیاتر لە وەژارەوە سەرچاوەی ئەگرت تا لە ڕیالیزمەوە، واتە زیاتر پشتئەستوور بە درۆ بوو تا ڕاستەقینە. پەیکەرێک کە لەسەر دیوار ئەکێشرا، ئەبوایە وەکوو پەیکەرێک لە شوێنێکی ڕاستەقینە و لەسەر پایەیەکی ڕاستەقینە خۆیا بکات. ئەمە ئەو ئامانجەیە کە سینەمای سەرەتاییش تا ڕادەیەک خولیای بوو، بەڵام ئەم ڕەوتە فریودەرە زۆر زوو جێگەی خۆی دا بە چەشنێک ڕیالیزمی هەبوونگەرایانە. بازن





یان پیشەسازی شرۆڤە بکرێ. سینەمای بە فیلمی فۆتۆگرافی ئەیتوانی لە هەناوی فێناکیستۆسکۆپی کە لە سەدەی شانزەوە پێشبینی کرابوو، سەر هەڵێنێ. دواکەوتنی داهێنانی دووەمی بە هەمان ئەندازە دیاردەیەکی جاڕسکەرە، کە بوونی شێوە سەرەتاییەکانی یەکەمی.

بەڵام ئەگەر وردتر لە کاری ئەم دەستەیە بکۆڵینەوە، ئاقاری تۆژینەوەی ئەوان لە خودی ئامێرەکاندا بە ڕوونی ئەبینین و تەنانەت بە بڕوایەکی مسۆگەرترەوە. لە نووسین و شرۆڤەکانی ئەواندا ئەبینین کە ئەم پێشڕەوانەی لە ڕاستیدا وەکوو پەیامبەران وابوون. زۆربەیان بەپەلە، لەمپەرەکانیان تێئەپەڕاند ــ ئەو لەمپارانەی کە تەنانەت یەکەمینی ئەوانە واتە دۆزینەوەی هێسنی لەبار بۆ دروستکردنی فیلم ئەیتوانی بەر بە پێشکەوتنیان بگرێ ــ ئارمانجی بەرزەفڕانەیان لە سەردا بوو و لە ئەندێشەی خۆیاندا سینەمایان بە شانۆی دارماڵ و بێخەوشی ڕۆژەڤ ئەزانی و؛ لە بیری خۆیاندا ئەیانبینی، لە یەک ساتدا، وەژارەی داراماڵی جیهانی ڕاستەقینە بە شێوەی ڕەنگی و بەرجەستە و بە دەنگەوە بەدی ئەهێنرێتەوە.

مێژوونووسی سینەما پ. پۆتۆنیە[۹۳] لەمەڕ بەدیهێنانەوەی سێ ڕەهەندی و بەرجەستەی ڕۆژەڤ، پەژێرەی کردووە ئەوەی چاوی تۆژێنەرانی کردەوە، نە دۆزینەوەی فۆتۆگرافی، بەڵکوو بەرجەستەنواندن، واتە سترۆسکۆپی بوو، کە ڕێک تۆزێک بەر

۹۳ ـ پ. پۆتۆنیە: P. Potoniée مێژوونووسی سینەما.




لە یەکەم تێکۆشانی لە بواری وێنەی جووڵەدار[٩٤] لە ١٨٥١دا هاتە بازاڕەوە.[٩٥] وێنەگران ئەیانبینی خەڵکانی ناو وێنەکان ئادار[٩٦] و بێجووڵەن و ئەگەر بیانەوێ وێنەکانیان وێنەیەکی ژیان و ڕایشتی دارماڵی سروشت بێ، پێویستیان بە جووڵە هەیە. هەرچی چۆن بێ هیچ داهێنەرێک نەبوو هەوڵی ئەوە نەدات دەنگ و بەرجەستەکاری لەگەڵ جووڵاندنی وێنە وێنا نەکات ـــ لە **ئێدیسۆن** و کینەتۆسکۆپەکەیەوە کە پەیوەند درابوو بە فۆنۆگرافەوە[٩٧]، بگرە تا **دیمێن** و ڕوخساری بێژەری، یان تەنانەت **نادار**[٩٨] کە تۆزێک بەر لەوەی یەکەم وتووێژی وێنەدار


٩٤ـ وێنەی جووڵەدار: animated photography

٩٥ـ هۆرمی ئافراندنی مرۆڤ بە کەرەستەی جگە لە بەرهەمهێنانی سروشتی، لە مێژە بوو ئەندێشەی مرۆڤی بە خۆیەوە خەریک کردبوو: سەرهەڵدانی ئەفسانەی وەکوو پیگمالیۆن Pygmalion و گالاتیا Galatea بەم هۆیەوە بووە. هەندێ لە فەیلەسووفانی ناتۆرالیستی سەدەکانی ناوەندی وەکوو ئاڵبێرتۆس ماگنۆس Albertus Magnus (مامۆستای ئاکیناس Aquinas) لەم بوارەدا کەوتنە تۆژینەوە. ئافراندنی ئامێردی شێوە مرۆڤ، بابەتێکە کە زۆر جاران لە وێژە و فیلمەکاندا وەکوو The Golem پاتە بووەتەوە، بێگومان هەر ئەم وازە بوو کە یەکەم بینەرانی سینەمای والێکرد ڕستەی «ئەمە خودی ژیانە» بڵێن. باندۆری شێوازی باڵای تابلۆی چاوفریویش هەر بەمجۆرە بوو. تێبینی: هیو گرەی

٩٦ـ ئادار: constant نەگۆڕ، بێجمین، بێجووڵە ع ساکن د ثابت.

٩٧ـ فۆنۆگراف: phonograph گرامافۆن، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ.

٩٨ـ نادار: Gaspard-Félix Tournachon ناسراو بە Nadar (١٨٢٠ـ١٩١٠) وێنەگر، کارتۆنیست، ڕۆژنامەوان و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی.





لەگەڵ **شێڤرۆل**[٩٩] ئەنجام بدات، نووسیبووی: «ئارەزووم ئەوەیە ببینم وێنە، جووڵەی لەش و دارەتی ڕوخساری بێژەر تۆمار ئەکات و لە هەمان کاتدا فۆنۆگراف دەنگی تۆمار ئەکات» (فیبرایری ١٨٨٧). ئەگەر تا ئێستە فیلمی ڕەنگی دانەهێنرابوو، هۆکەی ئەوە بوو کە یەکەم ئەزموونەکانی بواری فیلمی سێڕەنگ درەنگ دەستی پێکرد. بەڵام **ئێمیل ڕەینۆ**، ماوەیەک وێنەکانی بەدەست ئەکێشا و یەکەم فیلمەکانی **مەلیس**[١٠٠] بە ستەنسێل ڕەنگی کرابوون. لەم خولەدا، نووسینی زۆر ماوەتەوە کە هەموویان بە گوروتینەوە نووسیویانە و ئاماژەیان بە شتێکی کەمتر لە سینەمای دارماڵ نەداوە؛ سینەمایەک کە وەژارەی دارماڵی ژیان بەدی بهێنێتەوە ــ هەڵبەت تا گەیشتن بەو سینەمایە هێشتا ڕێگەیەکی دوورمان لەبەر بوو. زۆر کەس، ئەو نووسراوەی گۆڤاری **لێڤ فۆتووری** L'Éve Future لەبیرە، کە تێیدا **ڤیلیە دو لیل ئادام**[١٠١] دوو ساڵ بەر لەوەی **ئێدیسۆن** تۆژینەوەی خۆی

٩٩ـ شێڤرۆل: Michel Eugène Chevreul (١٧٨٦ـ١٨٨٩) کیمیاگەری فەڕانسەیی، کاریگەری هەبوو لەسەر چەند بواری زانست و دەرمان و هونەر ئەو کەسەی وتووێژی لەگەڵ کرابوو، کیمیاگەرێکی فەڕانسەیی بوو. تیۆرییەکی لەمەڕ ڕەنگ پێشنیاز کردبوو کە شێوەکارانی ئیمپرشنیست سەرۆیان لێوەرگرت. تێبینی: هیو گرەی

١٠٠ـ مەلیس: Georges Méliès (١٨٦١ـ١٩٣٨) ئیلۆوژنیست، هونەرپیشە و دەرهێنەری فەڕانسەیی.

١٠١ـ ڤیلیە دو لیل ئادام: Auguste de Villiers de L'Isle_Adam (١٨٣٨ـ١٨٨٦) نووسەر و یەکەم وێنەگری بەڵگەیی فەڕانسەیی.




لەمەڕ وێنەی بزۆز دەست پێ بکات، دەسکەوتێکی ئەفسانەیی لە زمانی ئەوەوە بەم شێوەیە پەسن ئەکات: «... ئەم سەماکارە کە پێستە ڕوونەکەی بە شێوەیەکی پەرجووئاسا فیلمی گیرابوو و جلی پووڵەکەکاری لەبەردا بوو، چەشنێک سەمای باوی مێکزیکی پێشکەش ئەکرد. جووڵانی هەمان ڕەوانی و لەنجەی ژیانی هەبوو و ئەمە بە یارمەتی فیلمگرتنی پەیوەستە ئەنجام درابوو، کە ئەتوانێ ماوەی شەش خولەک لەسەر لێزگێکی زۆر باریکی شووشەیی تۆمار بکات. لامپێکی زۆر ڕووناک ئەم وێنانە ئەنوێنێتەوە. لەپڕ دەنگێکی وشک و ناسروشتیمان بیست، دەنگێکی گڕ و گرخن. سەماکار بە ئاوازی سەمای فاندانگۆ[١٠٢]، گۆرانی ئالزای alza فەڕانسەیی و ئۆلەی olé مێکزیکی ئەخوێند.»

کەواتە، ئەو ئەفسانە ڕابەرەی سرووشبەخشی داهێنانی سینەمایە، بەدیهاتنی شتێکە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک گونگ زاڵ بووە بەسەر هەموو هونەرەکانی بەدیهێنانەوەی مێکانیکی ڕۆژەڤ لە سەدەی نۆزدەدا. لە فۆتۆگرافییەوە بگرە تا فۆنۆگرافی، واتە چەشنێک ڕیالیزمی دارماڵ. چەشنێک بەدیهێنانەوەی جیهان وەکوو خودی خۆی، وێنەیەک کە لە بۆچوون و شرۆڤەی هونەرمەند و نەگەڕانەوەی کات ئازاد کراوە. ئەگەر سینەما ئەوسا کە لە لانکدا بوو، هەموو تایبەتمەندییەکانی ئایندەی نەبوو، لە ڕووی ناچارییەوە

١٠٢ـ فاندانگۆ: fandango سەمایەکی گەش و بەگوڕ و جۆشی ئیسپانیایی و مێکزیکی.



بوو، چونکە فریشتەکانی پاسەوانی، چەندەش بیانویستایەت، نەیان ئەتوانی ئەو تایبەتمەندییانە بەدی بهێنن.

ئەگەر پەژێرەی ئەوە بکەین کە ڕیشەکانی هەر هونەرێک بەشێک لە ماهەک و ناوەرۆکی ئەو هونەرە پیشان ئەدا، کەواتە ئەتوانین بڵێین سینەمای بێدەنگ و دەنگدار دوو قۆناغی پێشکەوتنێکی تەکنیکین، کە هەنگاو بە هەنگاو ڕاستەقینەیەکیان لە هەناوی ئەو «ئەفسانە» سەرەتاییە هێنایە دەرەوە. لەم ڕوانگەیەوە، دەرئەکەوێ بێهوودەیە ئەگەر سینەمای بێدەنگ بە دارەتێکی گەشەکردوو بزانین کە ڕیالیزمی دەنگ و ڕەنگ وردە وردە لە مەیدان کردیانە دەرەوە. پێشکەوتنی وێنە، هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی تەکنیکییەوە، بە ڕێکەوتە. کەسەری هەندێ کەس بۆ لەناوچوونی سینەمای بێدەنگ، دارماڵ ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مناڵی هونەری حەوتەم[١٠٣]. بنەمای ڕاستەقینەی دەستپێکی سینەما، کە تەنها لە ئەندێشەی ژمارەیەکی کەم خەڵکی سەدەی نۆزدەدا بوونی هەبوو، هەمان لاساییکردنەوەی دارماڵ لە سروشت بوو. سەیر ئەوەیە هەر داهێنانێکی تازە کە لە سینەما زیاد ئەبێ، ئەبێ لە پێگەی سەرەتایی نزیکتری بکاتەوە. بە **کورتییەکەی سینەما هێشتا دانەهێنراوە!**

کەواتە، ئەگەر داهێنانی زانستی یان تەکنیکی پیشەسازی، کە گەشەکردنی سینەمایان ئاوەها مەزن و گرنگ پیشان داوە، بە

---

**١٠٣ ـ هونەری حەوتەم:** Seventh Art سینەما لە پاش نژیارقانی، پەیکەرتاشی، شێوەکاری، وێژە، موزیک و شانۆ بە هونەری حەوتەم دائەنرێ.



سەرچاوەی داهێنانی ئەم هونەرە دابنێین، ئەوسا سیستەمی ڕاستەقینەی قانوونی هۆیەتیمان بەراوەژوو کردووەتەوە. دوو کەس کە کەمترین متمانەیان بە ئایندەی سینەما هەبوو، دوو پیشەساز بوون: **ئێدیسۆن** و **لۆمیێر**. **ئێدیسۆن** بە هەمان کینەتۆسکۆپ دڵتێر بوو و، **لۆمیێر** ئەگەر لە ڕووی ئێرەییەوە دەزگاکەی خۆی بە مەلیس نەفرۆشت، بێگومان هیوادار بوو خۆی سوودێکی زۆری لێ ببات. بەڵام سینەمای تەنها بە گەمەیەک ئەزانی کە جەماوەر زوو لێی ماندوو ئەبن. زانایانی ڕاستەقینەی وەک **مارە**، تەنها یاوەرانی ناڕاستەوخۆی سینەما بوون. ئەم ژمارەیە ئامانجێکی تایبەتیان لە مێشکدا بوو و، کاتێک بەدییان ئەهێنا سوکناییان ئەهات. بەڵام پێشڕەوانی شەیدا و خولیا و بێمەبەستی وەکوو **بێرنارد پالیسی**[١٠٤]، کە ژیانی خۆیان لە پێناوی چەند چرکە وێنەی بزۆزدا ئاگر تێبەر ئەدا، نە پیشەساز بوون و نە زانا، بەڵکوو تەنها خولیای ئەندێشەی خۆیان بوون. سینەما لە پێککگەیشتنی ئەم گوڕ و جۆشەوە لەدایک بوو، واتە لە ئەفسانەوە ئافرێنرا، لە ئەفسانەی دارماڵەوە. ئەم خاڵە، هەم درەنگکەوتنی **ژۆزێف پلاتۆ** لە بەکارهێنانی بنەمای تیشکناسی سەقامگیری وێنە لە تۆڕی چاودا بە باشی ڕوون ئەکاتەوە، هەم پێشکەوتنی بەردەوامی بەدیهێنانەوەی جووڵە لە بەراورد

١٠٤- بێرنارد پالیسی: Berard Palissy (١٥١٠-١٥٨٩) جوگرافیزان و ئەندازیاری هیدرۆلیکی فەڕانسەیی. بە زەویناسی گرنگی ڕێنسانس دائەنرێ.





لەگەڵ هەلومەرجی هونەری فۆتۆگرافیدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەرکام لەم دوو نموونەیە، لە بن دەسەڵاتی ئەندێشەی وێناگەرانەی ئەو سەدەیەدا بوون. بێگومان، لە مێژووی هونەر و داهێناندا ئەتوانین ئاماژە بە نموونەیەکی تری پێکگەیشتنی تۆژینەوەکان بکەین، بەڵام ئەبێ لە نێوان ئەوانەدا کە بە دیاریکراوی بەرئەنجامی پێشکەوتنی زانستی و پێداویستی پیشەسازی و سەربازییە و ئەوانەی کە بە ئاشکرا لە سەرووی ئەم نموونانەوەن جیاوازی دابنێین. کەواتە، ئەفسانەی **ئیکارۆس**(١٠٥)، ئەبێ بەر لە دابەزین لە بەهەشتی ئەفلاتوونی چاوەڕوانی داهێنانی مەکینەی دەروونسووتی بکردایەت. بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەم کەس بوو کە بیری لە فڕینی باڵندە کردەوە، ئاوا بە قووڵی دزەی کردوەتە هەنای مرۆڤەوە... ئەتوانین کەم تا زۆر ئەمە لەمەڕ ئەفسانەی سینەماش بڵێین.

بەڵام ئەوانەی بەر لە سەدەی نۆزدە، پەیامهێنەری سینەما

١٠٥ ـ ئیکاڕۆس: Icarus لە میسیۆلۆژیای گریکیدا کوڕی دایدالۆس داهێنەری هەزار توێ بووە، ویستی بەو باڵانەی باوکی لە پەڕ و مۆم بۆی ساز کرد لە زیندانی مینووسەوە هەڵبێ بۆ کرێت. باوکی وتبووی زۆر نزم و زۆر بەرز نەفڕێ، بەڵام ئەو گوێی نەدایە و کە لە خۆر نزیک بوویەوە، مۆمەکان توانەوە و بەربوویەوە ناو زەریایەک، کە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە ئیکارنا، هەروەها دوورترین ئەستێرەش کە زانست ناسیوێتی بە ناوی ئیکارۆسەوە ناونراوە. هەندێک خۆر بە سەرچاوەی زانست و، فڕینی ئیکارۆس و کەوتنە خوارەوەی بۆ ناو زەریا بە هێمای تێکۆشان بۆ گەیشتن بە زانستی زیاتر دائەنێن.

بوون، لەگەڵ ئەم ئەفسانەیە، بەو شێوەی کە ئێمە ئەمڕۆ ئەیناسین، تەنها پەیوەندییەکی دووریان هەبوو و؛ هەر ئەم ئەفسانە بووەتە هۆی خێراکردنی هۆنەرە مێکانیکییەکان کە وێنەنگاری جیهانی ئەمڕۆیە

*From Critique, 1946*




# وتاری سێیەم

## گەشەکردنی زمانی سینەما

تا ساڵی ١٩٢٨ سینەمای بێدەنگ لە ڕوانگەی هونەرییەوە، گەیشتبوویە ئەوپەڕی گەشەکردنی خۆی. داخ و کەسەری زۆر لە سینەماگەرانی شیانست، لەوەی ئەیانبینی ئەم شارە ئارمانییە لەناو ئەچێ، هەرچەند ڕەنگە پاساو هەڵنەگرێ، بەڵام مایەی تێگەیشتن بوو. بەو پێیەی کە ئەم سینەماگەرانە ڕێبازێکی تایبەتیان گرتبوویە بەر، بڕوایان وابوو ئەو سینەمایە بووە بە هونەرێک کە بە باشترین شێوە لەگەڵ «کێماسی گەورەی» بێزمانی گونجاوە و، ئەو ڕیالیزمەی «**دەنگ**» لەگەڵ خۆی ئەیهێنێ، ئەبێتە هۆی هۆسە و ئاژاوە.

لە ڕاستیدا، ئێستە کە سەلماوە دەنگ، نە تەنها ڕواڵەتی سەرەتایی سینەمای تێک نەداوە، بەڵکوو خەملاندوویەتی و پێی گەیاندووە، ئەتوانین بە هەق ئەو پرسیارە بکەین:

ئایە ئەم گۆڕانە تەکنیکییەی بەرئەنجامی سەرهەڵدانی دەنگ، خۆی چەشنێک گۆڕانی جوانناسانە نەبوو؟

به گوتەیەکی تر: ئایە لە ساڵانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٠ بە ڕاستی گۆڤانی لەدایکبوونی سینەمایەکی تازە نەبووین؟




بێگومان تا ئەو جێگەی پەیوەندی بە ئێدیتەوە[١٠٦] هەیە، مێژووی سینەما، بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێک، بوونی درزێکی قووڵ لە نێوان سینەمای بێدەنگ و دەنگداردا ناسەلمێنێ. بەڵکوو بەپێچەوانە، پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان دەرهێنەرانی ١٩٢٥ و ١٩٣٥ و بە تایبەت دەرهێنەرانی دەهەی ١٩٤٠ تا ١٩٥٠دا هەیە. بۆ نموونە **ئێریک فۆن شترۆههەیم**[١٠٧] و ژان ڕێنوار یان **ئۆرسن وێلز**[١٠٨]، یان **کارڵ تیۆدۆر درەیەر**[١٠٩] و **ڕۆبێرت برێسۆن** ئەبێ پێکەوە بەراورد بکرێن. ئەم بەندیوارییە[١١٠] تا ڕادەیەک


١٠٦ـ ئێدیت: edit هونەری ڕازاندنەوە بە هۆی برین و لێکدانەوە، بە تایبەتی لە بواری سینەما هەڵچنی: edit ئێدیت لە بواری وەشاندا، کە قەمەیزین و چاککردنە نقیسیار: editor ئێدیتۆر، ئەو کەسەی دواپێداچوونە لەسەر دەقێک ئەکا و، سەبارەت بە گۆڤار و ڕۆژنامە بڕیاری لەسەر ئەدا ع محرر د ویراستار.

١٠٧ـ ئێریک ڤۆن شترۆههەیم: Erich von Stroheim (١٨٨٥ـ١٩٥٧) هونەرپیشەی ئوتریشی ئەمریکایی، لەسەر خەبات بۆ مافی کرێکاران ڕێگەی دەرهێنانی لێگیرا، بەڵام بوو بە یەکێک لە بەڕێزترین هونەرپیشەکانی سینەما.

١٠٨ـ ئۆرسن وێلز: Orson Welles (١٩١٥ـ١٩٨٥) هونەرپیشە و دەرهێنەر و نووسەری ئەمریکایی، یەکێک لە کاریگەرترین فیلمسازانی هەموو سەردەمەکان.

١٠٩ـ کارڵ تیۆدۆر درەیەر: Carl Theodor Dreyer (١٨٨٩ـ١٩٦٨) دەرهێنەری دانمارکی، لە گرنگترین دەرهێنەرانی مێژووی سینەما.

١١٠ـ بەندیوار: dependent وابەستە، بارودۆخی بەستراوەیی بە شتێکەوە خودان و بەندیوار پلەبیەن و پاتریسیەن ع تابع د وابستە.




ڕوونە دەری ئەخات، یەکەم نێوانی دەهەی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دائەپۆشێ و دووەم هەندێ لە بەهاکانی سینەمای ڕاستەقینە لە فیلمی بێدەنگەوە گوازراوەتەوە بۆ فیلمی دەنگدار. لە هەمووش گرنگتر، خاڵی سەرەکی ئەوە نییە کە فیلمی بێدەنگ و دەنگدار لە بەرامبەر یەکدا دابنێین، بەڵکوو ئەبێ لە نێوان شێوازە جۆراوجۆرەکان، واتە چەمکی لە بناغەوە جیاوازی دەربڕینی سینەماتۆگرافی، جیاوازی دابنرێ.

بە زانینی ئەوەی کە کورتبوونی ئەم وتارە ناچارم ئەکات بۆچوونەکانم بە کورتی دەرببڕم ــ کە لە ئەنجامدا ئەبێ بە هەندێ بیردۆز بۆ لێکۆڵینەوەی بزانین تا گوتەی بابەتی و مسۆگەرــ لە سینەمای دەهەی ١٩٢٠ و ١٩٤٠ لە نێوان دوو گرەوشتی بەربڵاو و ناکۆکدا جیاوازی دائەنێم: یەکەم ئەو دەرهێنەرانەی بڕوایان بە وێنە هەبوو و، دووم ئەو دەرهێنەرانی بڕوایان بە ڕۆژەڤ هەبوو. مەبەستم لە وێنە، بە گشتی، هەر شتێکە نمایشی سەر پەردە، لە دیاردەی نمایشکراوی زیاد ئەکات. ئەمە، جۆرێک «میراتگری» ئاڵۆزی وێنەیە لە ڕۆژەڤ، بەڵام ئەتوانین دابەشی بکەین بە دوو پێژەی(١١١) بناغەیی: یەکەم ئەوانەی پەیوەندییان بە پلاستیکی(١١٢) وێنەوە هەیە و، دووەم ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە سەرچاوەکانی مۆنتاژەوە هەیە؛ مۆنتاژیش، لە کۆتاییدا، هەمان ڕیزکردنی وێنەکانە

١١١ ـ پێژە: category سەردە، کاتێگۆری، گۆتە، شەقڵ.
١١٢ ـ وشەی پلاستیک هەندێ جار بەرامبەر بە هونەری قاڵبکاری بەکار هاتووە.




لە بەستێنی کاتدا.


شێوازی دێکۆرەکان، ئاڕایشت و تا ڕادەیەک نواندن، ئەبێ لە ژێر ناونیشانی «پلاستیک» یان پلاستیک وێنەدا دابنێین، کە هەڵبەت تازەگەری و لە کۆتاییدا مۆنتاژی دیمەنەکان، وێنەیەکی ئامادەکراومان ئەداتێ. **مالرۆ** لە **دەروونناسی سینەما**[113] سەبارەت بە مۆنتاژ، کە هەمووان ئەزانین لە شاکارەکانی **گریفیسەوە**[114] سەرچاوە ئەگرێ، نووسیوێتی مۆنتاژ بوو کە فیلمی گەیاندە پلەی هونەر و لە وێنەیەکی جووڵاو و زیندووەوە جیای کردەوە و، کورتییەکەی کردی بە زمانێک.

بەکارهێنانی مۆنتاژ ڕەنگە **پێوار** بێ و خۆیا نەکات، ئەمەش بە گشتی لەمەڕ فیلمە کلاسیکەکانی بەر لە جەنگی جیهانی دووەم لە سینەمای ئەمریکا ڕاستە. لەم فیلمانەدا، دیمەنەکان تەنها بە یەک مەبەست ئێدیت ئەکرێن: بۆ شرۆڤەی هەر بەشێک بە گوێرەی لۆجیکی فیزیکی یان دراماتیکی ئەو دیمەنە. هەر ئەم لۆجیکەشە کە بڕانەکان ئەکات بە پێوار و نەدیو، چونکە ئەندێشەی بینەر بە شێوەیەکی دارماڵ سروشتی ئەم دیمەنانەی ڕوانگەی دەرهێنەر پەژێرە ئەکات، لەبەر ئەوەی لەگەڵ جوگرافیای کردە یان گۆڕانی

---

١١٣ـ گەلاڵەی دەروونناسی سینەما: Esquisse d'une psychologie du cinéma وتارێکی ئاندرێ مالرۆیە، **١٩٣٩** بڵاو کرایەوە.

١١٤ـ گریفیس: David Wark Griffith (**١٨٧٥ـ١٩٤٨**) دەرهێنەری ئەمریکایی فیلمی گێرانەوە، بە یەکێک لە کاریگەرترین دەرهێنەرەکانی مێژووی سینەما دائەنرێ.






چەقی سەرنجی دراماتیک ئەگونجێ.

بەڵام چۆنایەتی بێلایەن یان نەزۆکی ئەم ئێدیتە «پێوارە» بە شێوەیەکە کە ناتوانێ لە هەموو توانای سروشتی مۆنتاژ سوود وەربگرێ. لە لایەکەوە، ئەم توانا خۆڕسکە لە سێ ئاقاردا بەدی ئەکرێ کە بەڕیز پێیان ئەوترێ مۆنتاژی هاوتەریب[١١٥]، مۆنتاژی لەزگر[١١٦] و مۆنتاژی کێشەر[١١٧]. **گریفیس** لە بەدیهێنانی مۆنتاژی هاوتەریبدا، توانی بە بڕینی چەلاوچەلی نێوان دیمەنەکان، لە دوو ڕووداو کە لە دوو شوێنی جیاوازدا ڕوو ئەدەن، چەشنێک هەستی هاوکاتی ئەو دوو ڕووداوە بدات بە دەستەوە. **ئەبێل گەنس**[١١٨] لە **فیلمی تەگەر**[١١٩]، توانی وەژارەی لەزگرتنی لۆکۆمۆتڤێک لە ئەندێشەی بینەردا بەدی بهێنێ، بەبێ ئەوەی بە ڕاستی وێنەی خودی لۆکۆمۆتیڤەکان لە کاتی جووڵاندا پیشان بدات (لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەو تەگەرانە لە شوێنی خۆیان و بەبێ تێپەڕاندنی هیچ ماوەیەک سووڕاونەتەوە).

---

**١١٥ ـ** مۆنتاژی هاوتەریب: parallel montage

**١١٦ ـ** مۆنتاژی لەزگر: accelerated montage

**١١٧ ـ** مۆنتاژی کێشەر: montage by attraction

**١١٨ ـ** ئەبێل گەنس: Abel Gance (**١٨٨٩ ـ ١٩٨١**) دەرهێنەر و نووسەر و هونەرپیشەی فەڕانسەیی، تیۆریسیەن و پراکتیسیەنی پێشەنگی مۆنتاژ لە سینەما.

**١١٩ ـ** تەگەر: La Roue فیلمی سینەمایی بێدەنگ **١٩٢٣**، دەرهێنانی ئەبێل گەنس، کاریگەری شۆڕشگێڕانەی لە مۆنتاژی لەزگر و تەکنیکی ڕووناکیدا هەبوو.




**گەنس** ئەمکارەی بە شێوە مۆنتاژێک ئەنجام دا کە درێژییەکەیان لەپەسا کەم ئەبوویەوە.

ئینجا سەرەنجام ئەگەین بە «مۆنتاژی کێشەر» کە **سێرگەی ئایزنشتەین**[١٢٠] هێنایە ئاراوە و پێناسەی بە ئاسانی دوو جۆرەکەی تر نییە، بەڵام تا ڕادەیەک بەم شێوەیە پێناسە ئەکرێ: **بەهێزکردنی واتای دیمەنێک لە ڕێگەی پەیوەندکردنی بە وێنەیەکی ترەوە کە مەرج نییە بەشێک لە خودی ئەو دیمەنە بێت.** بۆ نموونە، ئەو گڕ و بڵێسەی لە فیلمی ڕێبازی گشتی[١٢١]، لە پاش دیمەنی گامێشەکەوە دێت. تەنانەت خودی داهێنەرەکەیشی کەمتر بەم شێوە توندڕەوانە، مۆنتاژی کێشەری بەکار ئەهێنا. بەڵام ئەتوانین سێ جۆر ئێدیتی کورتبڕی[١٢٢] و بەراوردی comparison و وەرگێراو metaphor ناو ببەین کە بنەما و ڕێسای وەکوو مۆنتاژی کێشەریان هەیە. نموونەکانیشیان لە فیلمی **گەڕەکی زێڕینگەران**[١٢٣]، بەرهەمی **هانری ژۆرژ کلوزۆ**[١٢٤] هەیە:

١٢٠ ـ سێرگەی ئایزنشتەین: Sergei Eisenstein (١٨٩٨ـ١٩٤٨) دەرهێنەری سۆڤیێتی و تیۆریستی فیلم. پێشەنگ لە تیۆری و کردەوەی مۆنتاژ.

١٢١ ـ ڕێبازی گشتی: The General Line

١٢٢ ـ کورتبڕ: ellipsis ئامرازێکە بۆ بڕین و کورتکردنەوەی فیلم لە کاتی مۆنتاژ، یان پێشنیازی ئەوەی پێش و دوای ئەوەی بینراوە چی ڕوو ئەدات
فیلمی دەستکرد: Synthetic movies وێنەی لەدوای یەکی بزۆزن کە لە کاتی بینیندا دروست ئەکرێن. فەرهەنگۆک

١٢٣ ـ گەڕەکی زێڕینگەران: Quai des orfevres فیلمی فەڕانسەیی درامای پۆلیسی ١٩٤٧ دەرهێنانی هانری ژۆرژ کلوزۆ.

١٢٤ ـ هانری ژۆرژ کلوزۆ: Henri_Georges Clouzot (١٩٠٧ـ١٩٧٧)




فڕێدانی گۆرەوی بۆ سەر کورسی تەنیشت سیسەم و هەڵچوونی شیر. هەڵبەت ئەم سێ شێوازە بە شێوەی جۆراوجۆر پێکەوە تێکەڵ ئەکرێن.

ئەم پێکهاتە جۆراوجۆرانە بە هەر شێوەیەک بن، تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە کە هەمان مۆنتاژە، واتە ئافراندنی ئەو چەمک یان واتای لە یەکە یەکەی ئەو وێنانەدا نییە، بەڵکوو تەنها بە لەلای‌یەکەوەدانانی ئەوانە بەدی دێن. تاقیکردنەوەی بەناوبانگی **کۆلەشۆڤ**[١٢٥] بە دیمەنی ڕوخساری **ماژۆخین**[١٢٦]، تایبەتمەندی مۆنتاژی بە شێوەی دارماڵ تێدایە: ئەو پێکەنینەی بە ڕوخساری ماژۆخینەوە ئەبینرێ، ئەبێتە هۆی ئەوەی هەر دیمەنێک بە دوای ئەودا بێت، واتایەکی تر وەربگرێ.

ئەو شێوە مۆنتاژەی **کۆلەشۆڤ** و **ئایزنشتەین** یان **گەنس** بەکاریان ئەهێنا، خودی ڕووداوەکە بە ئێمە پیشان نادات، بەڵکوو ئاماژەی پێ ئەدا. بێگومان، ئەم دەرهێنەرانە لانیکەم توخمی بەدیهێنەری کارەکەیان لە هەمان ڕۆژەڤی ڕۆژانە وەرئەگرت، کە پیشانیان

---

دەرهێنەر و نووسەری فەڕانسەیی. فەڕانسە بەرهەمەکانی بە گەنجی نیشتمانی دانراوە.

**١٢٥ـ** کۆلەشۆڤ: Lev Kuleshov (**١٨٩٩ـ١٩٧٠**) فیلمسازی سۆڤێتی ناسراو بە هونەرمەندی جەماوەر، خاوەنی شێوازی مۆنتاژی سۆڤێتی و لە یەکەم دامەزرێنەرانی فێرگەی سینەما لە جیهاندا: پەیمانگەی فیلمی مۆسکۆ.


**١٢٦ـ** ماژۆخین: Ivan Ilyich Mozzhukhin یان Ivan Mosjoukine (**١٨٨٩ـ١٩٣٩**) هونەرپیشەی سینەمای بێدەنگی سۆڤیەت.



ئەدا، بەڵام واتای کۆتایی فیلمەکانیان زیاتر بە گوێرەی ڕیزبوونی ئەم توخمانە بوو تا ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هەر وێنە و دیمەنێک. بابەتی گێڕانەوە، جیا لەوەی کە بابەتگەرایی هەر دیمەنێک چ ڕادەیە، لە بنەڕەتا لە ناخی ئەم پەیوەندییانەوە لەدایک ئەبێ ــ بۆ نموونە، ڕوخساری ماژۆخین لەگەڵ مناڵی مردوو، بەرامبەرە بە پەژارە و دڵسۆزی ــ واتە بەرئەنجامێکی ئەبسترە بەدی دێ کە هیچکام لە توخمە بابەتییەکانی ناتوانین لە دوو دیمەنی ناوبراودا بدۆزینەوە؛ نموونەیەکی تر: کیژانی گەنج لەگەڵ دیمەنی درەختانی پڕ گوڵی سێو، بەرامبەرە بە هیوا. پێکهاتەی وەک ئەم دیمەنانە، یەکجار زۆرن، بەڵام هەموو ئەم دیمەنە تێکەڵکراوانە تەنها یەک شتی هاوبەشیان هەیە و، ئەوەیش ئەو ئەندێشە کە بە سوودوەرگرتن لە یەکدی وەرگیرتن یان کۆمەڵێک ئەندێشەی وەرگیراو ئەیدەن بەدەستەوە. کەوابوو، لە نێوان بەناو فیلمنامە، کە ئامانجی کۆتایی فیلمەکەیە و، وێنەی سۆلان و ساکاردا، چەشنێک وێستگەی دواخستن، یان چەشنێێک «وزەگۆڕ»ی[١٢٧] جوانناسانە هەیە. واتە واتا لە خودی وێنەکەدا نییە، بەڵکوو لە سێبەری وێنەکەدایە کە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە ئەنێردرێ بۆ خودئاگای بینەر.

با کورتی بکەینەوە. سینەما بە کۆی ناوەرۆکی وێنە و توانا

١٢٧ـ وزەگۆڕ: transformer کارەباگۆڕ، دەزگایەکە بۆ بەرز و نزمکردنەوەی ڤۆڵتاژی تەزووی کارەبا [ع] محول [N] transformator [د] تبدیل کننده.




و سەرچاوەی مۆنتاژ، هیملوویەکی[١٢٨] لە بەردەست دایە کە بە هۆیەوە ئەتوانێ ویست و شرۆڤەی خۆی لە ڕووداوێک بەسەر بینەردا بسەپێنێ. ئەتوانین بڵێین ئەم جبەخانەیە تا کۆتایی سینەمای بێدەنگ بەوپەڕی گەشەی خۆی گەیشتبوو. لە لایەکەوە سینەمای سۆڤیەت تیۆری و پڕاتیکی مۆنتاژی گەیاندبوویە بەرئەنجامی کۆتایی خۆی و، لە لایەکی ترەوە سینەمای ئاڵمان لە ڕێگەی دێکۆر و ڕووناکییەوە هەموو چەشنە پەلامار و زەبروزەنگی بە پلاستیکی وێنە ڕەوا بینی. لە تەنیشت سینەمای سۆڤیەت و ئاڵمانەوە، سینەمای وڵاتانی تریش لە ئارادا بوون، بەڵام وا پێنەئەچوو لە سینەمای فەڕانسە یان سوید یان ئەمریکا زمانی سینەما لە گوتنی ئەوەی کە ئەیویست، بێتوانا بووبێت.

ئەگەر هونەری سینەما بریتی لە هەر شتێکە کە پلاستیکی وێنە و مۆنتاژ ئەتوانن لە ڕۆژەڤێکی زیاد بکەن، کەواتە فیلمی بێدەنگ لە ناخی خۆیدا چەشنێک هونەر بوو. لە کۆتاییدا دەنگ تەنها ئەیتوانی ڕۆڵێکی لاوەکی و دارماڵکەر ببینێ، واتە تەنها خاڵی بەرامبەر بە وێنەی بینراوەیی بوو. بەڵام ئەگەری بەهێزکردنی ئەم وێنە ــ کە هەرچی چۆن بێ ڕۆڵێکی بچووک بوو ــ لە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕۆژەڤە لاوەکی و تەواوکەرەی دەنگ ئەیتوانی بەدی بهێنێ، گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو.

---

١٢٨ ـ هیملوو: ammunaton, arsenal جبەخانە، کۆگای تفاقی جەنگی، هەماری چەک و تەقەمەنی، ئاموێر و کەرەستە.





ئەو تیۆرییەی تا ئێستە وتوومە، ئەمەیە کە **ئێکسپرشنیزمی**[١٢٩] مۆنتاژ و وێنە، گەوهەری سینەما پێک ئەهێنێ و ئینجا ئەم ڕوانگە باوەیە کە دەرهێنەرانی سینەمای بێدەنگ وەکوو **ئێریک فۆن شترۆهەیم** و **ف. دبلیۆ. مۆرناو**[١٣٠] و **ڕابێرت فلاهێرتی**[١٣١] گومانی لێئەکەن. لە فیلمەکانی ئەو دەستەیەدا، مۆنتاژ هیچ ڕۆڵێکی نییە، مەگەر ڕۆڵی نەرێنی؛ واتە لابردنی ناچاری زێدەکانی ڕۆژەڤ. لە فیلمەکانی ئەمانەدا کامێرا ناتوانێ هەموو شت بە جارێک ببینێ، بەڵام تێئەکۆشێ تا هیچ بەشێک لەوەی بۆ بینین هەڵبژێردراوە، لەدەست نەچێ. ئەوەی بۆ فلاهێرتی کاتی

١٢٩ـ ئێکسپرشنیزم: Expressionism بزووتنەوەیەکی وێژەیی و هونەری بوو سەرەتای سەدەی بیستەم لە دژایەتی سەمبۆلیزم و ئیمپرشنیزم بەدی هات. مەبەستی سەرەکی ئەم شێوازە پیشاندانی دەروونی مرۆڤ بە تایبەتی هەستی وەکوو ترس و کینە و ئەوین و دڵەڕوکێ بوو، کە هونەرمەند بۆ دەربڕینی هەژانی خۆی لە ڕەنگی توند و بیچمی لارولەوێر سوودی وەرئەگرێ ⇦ قیژە skrik بەناوبانگترین و گرانترین تابلۆی نەرویجی، بەرهەمی ئێدوارد مۆنک شێوەکاری ئێکسپرشنیستی نەرویجیە، ساڵی **١٩٨٣** کێشاویەتی، کە بە گەنجی نەتەوەیی دائەنرێ.

١٣٠ـ ف. دبلیۆ. مۆرناو: Friedrich Wilhelm Murnau (**١٨٨٨ـ١٩٣١**) دەرهێنەری سینەمای بێدەنگ، نووسەر و دەرهێنەری نۆسفراتۆ، لە ڕابەرانی سینەمای ئێکسپرشیستی ئاڵمانی.

١٣١ـ ڕابێرت فلاهێرتی: Robert J. Flaherty (**١٨٨٤ـ١٩٥١**) دەرهێنەری ئەمریکایی کە یەکەم فیلمی بازرگانی سەرکەتووی لە ساڵی **١٩٢٢**دا بڵاو کردەوە.






فیلمگرتنی **نانۆک**[١٣٢]، لە دیمەنی ڕاوکردنی سەگلاوکدا گرنگە، پەیوەندی نێوان نانۆک و ئاژەڵەکە و ماوەی ڕاستەقینەی چاوەڕوانی نانۆکە. گەیاندنی ئەم کاتە درێژە بە ئێدیت ئەلوا، بەڵام **فلاهێرتی** خۆی بە نمایشی چاوەڕوانی بۆین[١٣٣] ئەکات؛ ماوەی کاتی ڕاو، گەوهەری سەرەکی فیلمەکە و بابەت و ئامانجی ڕاستەقینەیەتی. کەواتە لە فیلمەکەدا ئەم بەشە تەنها دیمەنێکی درێژخایەنە. ئایە ئەتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەو دیمەنە بە مۆنتاژی کێشەر، زۆر هەژێنەرتر و سەرنجڕاکێشتر نەئەبوو؟

مۆرناو زیاتر لایەنگری شوێنی دراماتیکە تا کات. مۆنتاژی فیلمی **نۆسفراتۆ**[١٣٤] لە هیی **خۆرهەڵات**[١٣٥] بڕیاردەرتر نییە. مرۆڤ لای خۆی بیر ئەکاتەوە پلاستیکی وێنەکانی ئیمپرشنیستییە. بەڵام بۆچوونی وەها ساکار و ڕواڵەتییە. پێکهاتەی وێنەکانی ئەو بە

---

١٣٢ ـ نانۆک: Nanook of the North فیلمی بێدەنگی ١٩٢٢ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕابێرت فلاهێرتی ☜ ئایینی ئینویت.

١٣٣ ـ بۆین: Convinced قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیابوون لە شتێک ٤ د قانع، قائل، متقاعد ⇦ Convince پێ سەلماندن، دڵنیاکردن.

١٣٤ ـ نۆسفراتۆ: Nosferatu فیلمی سینەمایی ترسناکی بێدەنگی ١٩٢٢ی ئاڵمانی، دەرهێنانی ف.دبلیۆ. مۆرناو.

١٣٥ ـ خۆرهەڵات: Sunrise فیلمی سینەمایی بێدەنگی ١٩٢٧ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ف.دبلیۆ. مۆرناو




هیچ شێوەیەک وێنەیی نین و هیچ لە ڕۆژەڤ زیاد ناکەن و نایگۆڕن، بەڵکوو وێنەکە وا لێئەکەن تا قووڵایی پێکهاتەی ئاشکرا بکات و پەیوەندییەکی لە پێشەوە هەبوو ئاشکرا بکات کە وەکوو بەشە بنەڕەتییەکانی داراکەیان لێ دێت. بۆ نموونە، لە فیلمی **«تەبوو»**[١٣٦] هاتنی کەشتییەکە لە لای چەپی پەردەکەوە، دەسبەجێ هەستێکی چارەنووسگەرایانە بەدی ئەهێنێ. بەمجۆرە مۆرناو پێویستی بەوە نییە بۆ نواندنی ڕیالیستی نالخێزی فیلمێک کە هەموو دیمەنەکانی سروشتین (واتە لە شوێنی خۆیاندا فیلمیان گیراوە) پەنا بۆ فێڵ و نەیرەنگ ببات.

بەڵام لە هەمووان زیاتر **شترۆهەیم** لە ئێکسپرشنیزم و تەڕدەستی مۆنتاژ خۆپارێز بوو. لە فیلمەکانیدا، ڕۆژەڤ بە ئاشکرایی خۆی پیشان ئەدا. وەک تاوانبارێک کە لە ژێر لێپرسینەوەی بێوچانی پۆلیسدا ددانی بە تاوانەکەیدا ناوە. لە لای ئەو دەرهێنان تەنها یەک ڕێسای سادەی هەیە: سەرنجی وردبینانە بە جیهان و، ئەوەندە درێژە بەم کارە بدە تا سەرەنجام هەموو دزێوی و بێبەزەیی جیهانت لە لا ئاشکرا ببێ. لە ڕاستیدا، ئەتوانین وێنای ئەوە بکەین **شترۆهەیم** فیلمێک دروست بکات کە

---

**١٣٦** ـ تەبوو: Tabu فیلمی سینەمایی بێدەنگی **١٩٣١**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ف.دبلیۆ. مۆرناو ⇦ تەبوو: tabu یان taboo نەریتێکی کۆمەڵایەتی یان ئایینییە کە دوان یان پەیوەندی لەگەڵ کەسێک، شوێنێک یان شتێک بەرگیراو ئەکات.




تەنها یەک دیمەنی گەورە و درێژی هەبێ.

گوتەی ئێمە تەنها بەم سێ دەرهێنەرە ناوەستێتەوە. بێگومان ئەتوانین لە ناو بەرهەمی دەرهێنەرەکانی تریشدا، توخمی سینەمای نائێکسپرشنیستی بدۆزینەوە، کە مۆنتاژ هیچ ڕۆڵێکی تیایاندا نەبووە ــ تەنانەت لە فیلمەکانی **گریفیس**یشدا.

بەڵام هەر ئەم نموونانە بۆ ئاشکراکردنی ئەم خاڵە بەسە. چونکە لە میانەی خولی فیلمی بێدەنگ، چەشنێک هونەری سینەماتۆگرافی هەبوو کە لەگەڵ ئەوەی پێی ئەوترێ «سینەمای شیانست»[١٣٧] بە تەواوەتی دژی یەک بوون. ئەم سینەما زمانێکی هەیە کە «دیمەن»[١٣٨] بە هیچ شێوەیەک یەکەی واتایی و ڕێزمانی ئەو نییە و، **بایەخی هەر دیمەنێک بەو شتەیە کە لە ڕۆژەڤی هەڵئەهێنجێ و ئاشکرای ئەکات،** نەک بەو شتەی کە لێی زیاد ئەکات. لەو سینەمای تردا، بێدەنگی وێنەکان لە سەر پەردە چەشنێک کێماسی بوو، واتە ڕۆژەڤی لە یەکێک لە توخمەکانی بێبەش ئەکرد. فیلمی **چەکووس**[١٣٩] وەک **ژاندارکی**[١٤٠] **درەیەر،** فیلمێکی بە ڕاستی دەنگدارە. ئەگەر مۆنتاژ و پێکهاتەی پلاستیکی وێنە بە


---

**١٣٧** ـ سینەمای شیانست: cinéma par excellence

**١٣٨** ـ دیمەن: shot, vignette

**١٣٩** ـ چەکووس: Greed درامای بێدەنگی دەروونناسی **١٩٢٤**ی پۆلەندی، دەرهێنانی ئێریک ڤۆن شترۆهەیم، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی فرانک نۆریس.

**١٤٠** ـ سۆزی ژاندارک: La Passion de Jeanne d'Arc فیلمی مێژووی بێدەنگی **١٩٢٨**ی فەرانسەیی، دەرهێنانی کارڵ درەیەر.





گەوهەری زمانی فیلم نەزانین، دەنگیش بە کێماسییەکی جوانناسانە دانانرێ، کە دوو لایەنی بە تەواوەتی جیاوازی هونەری حەوتەم لێک جیا بکاتەوە. ئەو سینەمای کە ئەڵێن بە هۆی هاتنی دەنگەوە لەناو چوو، «سینەما» نەبوو. بەڵکوو جیاوازی ڕاستەقینە ئەبێ لە شوێنێکی تردا بدۆزینەوە. ئەم جیاوازییە لە ڕابوردوودا هەبوو و لە ماوەی سی و پێنج ساڵ لە تەمەنی زمانی فیلم هێشتاش درێژەی هەیە.

ئێستە کە گومانمان لە یەکگرتوویی جوانناسی سینەمای بێدەنگدا کرد و کردمان بە دوو گرەوشتی ناکۆک، باشتر وایە سەیرێکی مێژووی بیست ساڵەی ئەم دواییەی سینەمایش بکەین. وا دیارە لە دەهەی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ چەشنێک زمانی سینەمایی هاوبەش لە سەرانسەری جیهاندا بەدی هات کە بە زۆری لە ئەمریکاوە سەرچاوەی ئەگرت. لەم ماوەیەدا هالیوود بە پێنج یان شەش جۆر فیلم بە شێوەیەکی سەمەرە کەوتە پێشەوە:

١ــ کۆمێدی ئەمریکایی (جەنابی سمیس ئەچێ بۆ واشینگتۆن، ١٩٣٦)
٢ــ فیلمی بۆرلسک[١٤١] (فیلمەکانی برایانی مارکس)
٣ــ فیلمی سەما و گۆرانی (فیلمەکانی فرێد ئەستر[١٤٢] و

---

١٤١ـ بۆرلسک: burlesque فیلمی لاسایی قەشمەرانەی ساکار یان قەبەکراو.
١٤٢ـ فرێد ئەستر: Fred Astaire (١٨٩٩ـ١٩٨٧) سەماکار و هونەرپیشە و






جینجر ڕاجێرز[١٤٣] و گەمژەییەکانی زیگفیلد[١٤٤]

٤ـــ فیلمی تاوان و گەنگستر (گووپکەت[١٤٥]، هەیتە[١٤٦]، من هەڵاتوویەکی زیندانیانی کۆتکراوم[١٤٧])

٥ـــ درامای دەروونناسی و کۆمەڵایەتی (شەقامی پشتەوە[١٤٨]، جەزەبل[١٤٩])؛

٦ـــ فیلمی ترسناک و فەنتازیا (جەکیل و هاید[١٥٠]، پیاوی

---

گۆرانیبێژی ئەمریکایی، بە ناودارترین سەماکاری هەموو مێژوو دائەنرێ .

١٤٣ـ جینجر ڕاجێرز: Ginger Rogers (١٩١١ـ١٩٩٥) هونەرپیشە و گۆرانیبێژی ئەمریکایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکاری ١٩٤٠ بۆ باشترین ئەکتەر.

١٤٤ـ گەمژەییەکانی زیگفیلد: Ziegfield Follies کۆمەڵێک بەرهەمی شانۆی برادوەی نیۆیۆرک لە ١٩٠٧ تا ١٩٣١ کە کراون بە فیلمیش .

١٤٥ـ گووپکەت: Scarface فیلمی سینەمایی ١٩٣٢، ئەم فیلمە بە ناوی شەرمی نەتەوەش ناسراوە، دەرهێنانی ععع .

١٤٦ـ هەیتە: The Informer فیلمی درامای تاوان، ١٩٣٥، دەرهێنانی جان فۆرد .

١٤٧ـ من هەڵاتوویەکی زیندانیانی کۆتکراوم: I Am a Fugitive from a Chain Gang فیلمی سینەمایی ساڵی ١٩٣٢ دەرهێنانی مەرڤین لیرۆی .

١٤٨ـ شەقامی پشتەوە: Back Street فیلمی سینەمایی ١٩٣٢ی هالیوود، دەرهێنانی جان م. ستاڵ .

١٤٩ـ جەزەبل: Jezebel درامای سینەمایی ساڵی ١٩٣٨ دەرهێنانی ویلیەم وایلەر و کایەی بێتی دەیڤیس .

١٥٠ـ دکتۆر جەکیل و جەنابی هاید: Dr. Jekyll and Mr. Hyde فیلمی ترسناکی ساڵی ١٩٣١ دەرهێنانی ڕۆبین مامۆلیان هەروەها فیلمی ترسناکی ١٩٤١ لە دەرهێنانی ڤیکتۆر فلێمینگ .






پەنام[١٥١]، فرانکنشتەین)[١٥٢]؛
٧ـ فیلمی وێستێرن (گالیسکەی ئاگر[١٥٣]، ١٩٣٩).

هەر لەم خولەدا، سینەمای فەڕانسە بێگومان پلەی دووەمی هەبوو. ئەم پلەی سینەمای فەڕانسە وردەوردە و لە ڕێگەی گرەوشت بەرەو ڕیالیزمی درژ و تاریک یان ڕیالیزمی هۆنەرانەوە سەقامکیر بوو. چوار ناوی بەرجەستەی ئەم شێوازە بریتین لە: **ژاک فەیدر**[١٥٤]، ژان ڕێنوار، **مارسێل کارنێ**[١٥٥] و **ژۆلین دوڤیڤیە**[١٥٦]. چونکە نامەوێ لێرەدا پێڕستی براوەکانی خەڵات بە دوای یەکدا ڕیز بکەم، زۆر سودمەند نابێ جەخت لەسەر فیلمی سۆڤیەت و بریتانیا، ئاڵمانی یان ئیتالیایی

---

١٥١ـ پیاوی پەنام: The Invisible Man فیلمی زانستی ١٩٣٣ دەرهێنانی جەیمز واڵ.

١٥٢ـ فرانکنشتەین: Frankenstein فیلمی ترسناکی ١٩٣١ دەرهێنانی جەیمز واڵ.

١٥٣ـ گالیسکەی ئاگر: Stagecoach یان گالیسکە، فیلمی ئەمریکایی وێستێرنی ١٩٣٩ دەرهێنانی جان فۆرد.

١٥٤ـ Jacques Feyder (١٨٨٥ـ١٩٤٨) نووسەر و فیلمنامەنووس و دەرهێنەری بەلجیکی لە ئورووپا و ئەمریکا.

١٥٥ـمارسێل کارنێ: Marcel Carne (١٩٠٦ـ١٩٩٦) دەرهێنەر و کلیلی ڕیالیزمی هۆنەرانە لە سینەمای فەڕانسە.

١٥٦ـ ژۆلین دوڤیڤیە: Julien Duvivier (١٨٩٦ـ١٩٦٧) دەرهێنەر و نووسەری فەڕانسەیی. ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٦٠ کەسایەتی هەرە بەرجەستەی سینەمای فەڕانسە بوو.






بکەم، چونکە زۆر سالان سینەمای ئەم ولاتانە گرنگی هاوئاستی سالانی دواتری نەبوو. هەرچی چۆن بێ، فیلمە ئەمریکایی و فەڕانسەییەکان بە جوانی پیشانی ئەدەن، فیلمی دەنگداری پاش جەنگی جیهانی دووەم، گەیشتبوویە پلەیەکی شیاوی گەشە و خەملین.

**سەرەتا لەمەڕ ناوەرۆك:** بابەتی جۆراوجۆری فراوان، بە ناوەرۆک و ڕێسای زۆر دیاریکراوەوە ئەیانتوانی هۆی سەرگەرمی جەماوەری ئاسایی و هەروەها هەڵبژاردەی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو بەدی بهێنێ؛ هەڵبەت بەو مەرجەی بینەران دوژمنی خوێنەخۆری سینەما نەبوایەتن.

**دووەم لەمەڕ بیچم:** شێوازی زۆر دیاریکراو بۆ فیلمگرتن و ئێدیت بەدی هات کە بە تەواوەتی لەگەڵ بابەتی فیلمەکان هەماهەنگی هەبوو؛ واتە هەماهەنگی دارماڵی دەنگ و ڕەنگ. ئەمڕۆ کە دیسانەوە فیلمی وەکوو **جێزەبلی ویلیەم وایلەر**، **گالیسکەی ئاگری جان فۆرد**[١٥٧] یان **ڕۆژ هەڵدێی**[١٥٨] **مارسێل کارنێ** ئەبینین، ئەو هەستە لە لامان بەئاگا دێ کە لەم فیلمانەدا، هونەری سینەما بە هاوسەنگییەکی دارماڵ و بالاترین ئارمانجی

١٥٧- جان فۆرد: John Ford (١٨٩٤-١٩٧٣) دەرهێنەری ناوداری ئەمریکایی، چوار جار براوەی خەلاتی ئۆسکارە.

١٥٨- ڕۆژ هەڵدێ: Le jour se lève فیلمی فەڕانسەیی ١٩٣٩ دەرهێنانی مارسێل کارنێ.

دەربڕینی خۆی گەیشتووە. ناوەرۆکی دراماتیک و ڕەوشتی ئەم فیلمانە وامان لێئەکەن پەسنیان بکەین. ئەو ناوەرۆکانەی کە هەرچەند سینەما داهێنەریان نەبووە، بەڵام شکۆ و کاریگەرییەکی هونەری وەهای پێ بەخشیون کە جگە لەم هونەرەدا، نەیان ئەتوانی پێی بگەن. بە کورتی، لەم فیلمانەدا هەموو تایبەتمەندی خەملێن و گەشەی هونەرێکی کلاسیکی تێدا ئەبینرێ.

باش ئەزانم، ئەتوانین بڵێین ڕەسەنایەتی سینەمای پاش جەنگ، لە بەراورد لەگەڵ سینەمای ١٩٣٨ و، لە گەشەکردنی هەندێ فێرگەی نەتەوەیی و بە تایبەتی باندۆری مەزنی سینەمای ئیتالیا و سینەمای بوومی ئینگلیز مایە وەرئەگرێ، کە کاریگەری هالیوودیان لەسەر نەبوو. لەم خاڵەوە ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دیاردەی بە ڕاستی گرنگی ساڵانی ١٩٤٠ تا ١٩٥٠، تێزانی خوێنی تازە و بابەتی تازە ناسراو بوو. ئەم گوتەیە بە واتای ئەوەیە کە شۆڕشی ڕاستەقینە زیاتر لە ناوەرۆکدا بوو تا لە شێوازدا. ئایە نیۆڕیالیزم بەر لە هەر شتێک چەشنێک مرۆڤگەرایی نەبوو؟ ئایە ئەم چەشنە فیلمسازییە لە ڕوانگەی شێوازەوە ناکەوێتە پلانی دووەمەوە؟ ئایە تەنانەت لەمەڕ شێوازەکەیشی، ناتوانین بڵێین لە بناغەدا چەشنێک کەرەستەی خاکەڕاییە لە بەرامبەر ڕۆژەڤدا؟

بە مسۆگەری نامانەوێ لێرەدا باڵادەستی بیچم بەسەر ناوەرۆکدا ڕابگەیەنین. هونەر بۆ هونەر بە هەمان ئەندازە لە سینەمادا نەشیاوە کە لە هونەرەکانی تردا و، ڕەنگە زیاتریش. لە لایەکی ترەوە، هەر بابەتێکی تازە بیچمێکی تازەی گەرەکە.

یەکێک لە ڕێگە لەبارەکانیش بۆ تێگەیشتن لەوەی فیلمێک ئەیەوێ بیڵێ، ئەمەیە کە بزانین چۆنی ئەڵێ.

کەواتە، تا ساڵی ١٩٣٨ یان ١٩٣٩ فیلمی دەنگدار، بە تایبەتی لە فەڕانسە و ئەمریکا، بە پلەیەکی گەشەکردن گەیشتبوو کە بەرەنجامی دوو شت بوو: **لە لایەکەوە،** خەمڵین و پێگەیشتنی درامای جۆراوجۆر، کە بەشێک لەوانە لە دە ساڵی ڕابوردوودا دەرکەوتبوون و بەشێکیان لە سینەمای بێدەنگەوە بۆمان مابوویەوە؛ **لە لایەکی ترەوە،** سەقامگیربوونی پێشکەوتنی تەکنیکی. دەهەی ١٩٣٠ ساڵانی سەرهەڵدانی دەنگ و فیلمی چەند ڕەنگ[١٥٩] بوو. هەڵبەت ئامێری ستۆدیۆیی بەردەوام لە خەمڵیندا بوون. بەڵام ئەم داهێنانە زیاتر لاوەکی بوون و هیچ دەرەتانێکی جیاوازیان بۆ دەرهێنەران بەدی نەئەهێنا. تەنها گۆڕانکاری بنەڕەتی لەم بوارەدا لە ساڵی ١٩٤٠ـەوە لەمەڕ فیلمگرتندا بووە. ئەویش لە سایەی زیادبوونی هەستیاری فیلمی نەشۆراوە. فیلمی چەند ڕەنگ بەهای بینراوەیی بەتەواوەتی گۆڕا و چاککردن لە پێکهاتەی شیلاوەی زۆر هەستیاردا لوا. ئێستە کە فیلمهەڵگر ئەیتوانی بە هاوێنەی داخراوتر کار بکات، ئەیتوانی کاتی پێویست، ئەو پاشکۆ لێڵەی بەر لەمە بە پێویست ئەزانرا، لابەرێ. هەرچەند بەر لەوەش هەندێ نموونەی **قووڵایی ڕووناک**[١٦٠] هەبوو، بۆ نموونە لە کارەکانی ژان

١٥٩ ـ پانکرۆماتیک: panchromatic هەمەڕەنگ، تەواوڕەنگی، هەستیار بەرامبەر بە هەموو ڕەنگەکان.

١٦٠ ـ قووڵایی ڕووناک: deep focus قووڵایی چەقبەستوو، تەکنیکێکی فیلمگرتنە کە سوود لە قووڵایی بەرینی گۆڕەپان وەرئەگرێ. قووڵایی گۆڕەپان بریتییە لە کەوشنی چەق لە پێشەوە بۆ دواوە لە یەک دیمەندا، یان ئەوەی کە

ڕێنواردا. هەڵبەت بەر لەوەش لە دیمەنی دەرەکیدا و بە کەمێک لێزانی، تەنانەت لە ستۆدیۆش ئەو کارە ئەلوا و هەرکەس کە بە ڕاستی بیویستایەت ئەیتوانی ئەنجامی بدات. واتە لەم بوارەدا کێشەی سەرەکی تەکنیکی نەبوو (هەرچەند کە بەم شێوەیە، کارەکە لە ڕوانگەی تەکنیکیشەوە سادەتر بوویەوە). بەڵکوو تێکۆشان بۆ دۆزینەوەی چەشنێک شێواز بوو ــ واتە هەمان خاڵ کە لە داهاتوودا دیسانەوە ئەگەڕێینەوە سەری. بە کورتی، ئەتوانین بڵێین بە بەکارهێنانی گشتی فیلمی چەند ڕەنگ و تێگەیشتن لە توانای میکرۆفۆن و بەدەستەوەبوونی سلینگ لە ستۆدیۆکاندا، هەموو کەرەستەی تەکنیکی بۆ ە Le jour ونەری سینەما لە ١٩٣٠ـەوە دابین ببوو.

بەو پێیەی کە هۆکاری بڕیاردەری تەکنیکی وەلا ئەنێین، ئەبێ لە شوێنێکی تر بە دوای نیشانە و بنەماکانی گەشەکردنی زمانی فیلمدا بگەڕێین. واتە گەڕان لە «بابەت» و لە ئەنجامدا لەو شێوازانەدا کە بۆ دەربڕینی پێویستە.

سـینەما، تا ساڵی ١٩٣٩ گەیشتبوویە ئاستێک کە جوگرافیزانان پێی ئەڵێن خاڵگەی هاوئاستی[١٦١] ڕووبار؛ واتە کەوانەی بیرکاری



تا چەند زەق و ڕوون خۆیا ئەکات. لە قووڵایی ڕووناک، پێش زەمینە، ناوەند و پاش زەمینە هەموویان لە چەقی کامێرادان.

١٦١ ـ خاڵگەی هاوئاست: equilibrium_profile هاوسەنگ، هاوشان، شانبەشان، هاوتەخت ⇐ خاڵگەی هاوئاستی ڕووبار: equilibrium profile of river دارەت و هەلومەرجێکە کە ڕەوتی ڕۆیشتنی ئاوی بەستێنی ڕووبار







ئایدیاڵ کە بەرئەنجامی شۆرانەوەی[١٦٢] کەنارەکانە. ڕووبارێک کە شیاوی قۆناغی هاوئاست بێ، بەبێ گوشار لە سەرچاوەوە بەرەو مەبەست ئەخوشێ، بەبێ ئەوەی بەستێنەکەی زیاتر بشۆردرێتەوە. بەڵام ئەگەر هەر چەشنە جووڵەیەکی زەویناسانە ڕوو بدات کە ئاستی شۆردنەوە بەرزتر بکاتەوە و ئاستی سەرچاوە بگۆڕێ، ئاو جارێکی تر، دەست ئەکات بە شۆردنەوەی بەستێنی ڕووبار و قووڵتری ئەکات. ئەگەر بەستێنی چەم گەچی یان قسڵی بێ، شێواز و باشقەیەکی[١٦٣] تر لە سەر دشتەکە پەیدا ئەکات کەچی زۆر بەرچاو ناکەوێ، بەڵام ئەگەر ڕەوتی ئاقاری ئاوەکە بگرین، ئەبینین کە پیچاوپێچ و توەندەرتووە◆

---

زۆر خاوە و لە ئاستێکی یەکباودا پلەبەندی کراوە.

**١٦٢ ـ** شۆرانەوە: erosion خوران و پوان وپووکان و داڕزان و داوەشان بە هۆی با و ئاو و توخمی سروشتی ترەوە ع تحات N erosion د ساییدگی.

**١٦٣ ـ** باشقە: model مۆدێل، نموونە، نموونەی سێجای کەس یان شتێک یان گەڵاڵەی تەلارێکی پێشنیازکراو، بە زۆری لە ئەندازەیەکی بچووکتردا N modell ع نموذج د مدل.





## وتاری سێیەم - بەشی دوو

## گەشەکردنی ئێدیت
## لە کاتی پەیدابوونی دەنگەوە

ساڵی ١٩٣٨ مەلەزەیەکی تا ڕادەیەک یەکسان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ئێدیتی فیلم هەبوو. ئەگەر تا ڕادەیەک بە پەیڕەوی لە نەریت، ئەو دەستە لە فیلمە بێدەنگەکان کە لەسەر بناغەی پلاستیکی وێنە و تەکنیکی مۆنتاژ دامەزرابوون بە ئێکسپرشنیستی یان سەمبۆلیک دابنێین، ئەتوانین ئەم شێوازە تازەی گێڕانەوە بە شرۆڤەیی و دراماتیک ناو ببەین. گریمان بە پێداچوونەوەی توخمەکانی شیکردنەوەی **کۆلەشۆڤ** بمانەوێ خوانێکی پڕ لە خواردن و هەژارێکی برسی پیشان بدەین، ئەتوانین وێنای بکەین کە ساڵی ١٩٣٦ مەلەزەکە بەم شیوەیە ئێدیت ئەکرا:

١. دیمەنی دارماڵی هونەرپیشە و مێزەکە.
٢. دووربین ڕووی لە هونەرپیشەیە و وێنەی گەورەی ڕوخساری ئەو پیشان ئەدات کە تێکەڵەیەکی هێدمە و تامەزرۆییە.
٣. چەندین دیمەنی گەورەی خواردنەکان.
٤. پیشاندانەوەی دارماڵی هونەرپیشە کە بە ئەسپایی بەرەو کامێرا ئەچێ.




کامێرا بە ئارامی ئەکشێتەوە و دیمەنی سێ لەسەر چواری هونەرپیشە پیشان ئەدا کە باڵە مریشکێک ئەگرێ بە دەستەوە.

ئەتوانین پێکهاتەی جۆراوجۆر لەم دیمەنە وێنا بکەین، بەڵام هەموویان چەند خاڵی هاونەشیان ئەبێت:

١. ڕاستیپەرەستی یان ڕوخساری ڕاستی(١٦٤) ئەو شوێنەی کە جێگەی هونەرپیشە هەمیشە تێیدا دیارە، تەنانەت کاتی گەورەکردنەوەی دیمەن بە ونکردنی دێکۆر.

٢. ئارمانج و باندۆری ئەم چەشنە بڕینە تەنها دراماتیک و دەروونناسانەیە.

بە گوتەیەکی تر، ئەگەر ئەم دیمەنە لە شانۆدا نمایش بکرایەت و لە سەر کورسییەکەوە بمان بینیایەت، دیسانەوە هەمان واتای ئەبوو و ئەم ڕەهاتە بوونێکی بابەتی خۆی ئەبوو. گۆڕانی شوێنی کامێرا، کە ئەبێتە هۆی گۆڕانی خاڵی دیتن، هیچ لە ڕووداوەکە زیاد ناکات. ئەم گۆڕانانە تۆزێ توندوتیژتر ڕۆژەڤ ئەنوێننەوە؛ **یەکەم** لەبەر ئەوەی کە بەرەگەیەکی باشتری ڕوانین(١٦٥) بەدی

---

١٦٤ ـ ڕوخساری ڕاستی: verisimilitude ⇐ ڕاستیگەری: verisim

١٦٥ ـ بەرەگەی ڕوانین: purview ئاراستەی ڕوانین، ئەو رووگە و رووبەرەی لە کەوشەنی توانای بینین دایە، کەوشەنی باندۆر و گرنگی پێدانی ڕێسایەک [ع] مجال رؤية [N] formål [د] میدان دید .ن بەرەگەی توانا، بەرەگەی ڕێسا، بەرەگەی بیر.




ئەهێنێ. **دووەم** لە ڕێگەی جەختکردن لەسەر ئەو بەشەی کە ئەبوا جەختی لەسەر بکرایەت.

ڕاستە دەرهێنەری شانۆش وەکوو دەرهێنەری فیلم کەوشەنێکی لە بەردەست دایە، کە لەو سنوورەدا ئەتوانێ شرۆڤەی خۆی لە ڕووداو پێشکەش بکات، بەڵام ئەم کەوشەنە بەرەگەیەکی بچووکی هەیە و زەمینە بۆ گۆڕانی لۆجیکی دەروونی ڕووداو بەدی ناهێنێ. ئێستە، بۆ پیشاندانی نموونەیەکی پێچەوانە، مۆنتاژی شێرەبەردینەکان لە فیلمی **کۆتایی سەن پێترزبۆرگ**[١٦٦] لە بەرچاو ئەگرین. لەم بەشەدا، چەند دیمەن لە چەند پەیکەری شێر، ئەوەندە زیرەکانە لێک گرێ دراون کە پێ ئەچێ شێرەکە خەریکە هەڵئەسێ: دیمەنێکە لە ئاخێزی جەماوەر. ئەم ئاماژە زیرەکانەیە، لە فیلمەکانی پاش ١٩٣٢ زۆر تازە و داهێنەرانە بوون. ساڵی ١٩٣٥ **فریتس لانگ**[١٦٧] لە فیلمی **شێتگیری**[١٦٨] پاش دیمەنی چەند سەماکار کە سەمای شوورەیی **کەنکەن**[١٦٩] ئەکەن، ئەچێتە سەر دیمەنی چەند

---

١٦٦ـ کۆتایی سەن پێترزبۆرگ: The End of St. Petersburg فیلمی بێدەنگی سۆڤێتی **١٩٢٧** دەرهێنانی ڤێسڤۆلۆد پودۆڤکین.

١٦٧ـ فریتس لانگ: Fritz Lang (**١٨٩٠ـ١٩٧٦**) دەرهێنەری ئۆتریشی.

١٦٨ـ شێتگیری: Fury فیلمی بێدەنگی ئەمریکایی **١٩٣٦** دەرهێنانی فریتس لانگ.

١٦٩ـ کەنکەن: Can_can یان Cancan سەمایەکی خێرا و دژوارە






مریشک لە کێڵگەیەک کە پێپڕژە ئەکەن و ئەکورکێنن. ئەم مۆنتاژە بیرخەرەوە[١٧٠] تەنانەت لەو سەردەمەشدا خافڵکەرانە بوو، بەڵام ئەمڕۆ وەکوو پینەیەکی نەشیاو وایە بە جەستەی فیلمەکانەوە. بۆ نموونە، چەندەش هونەری مارسێل کارنێ لە هەڵسەنگاندنی ئێمەدا لە بەهای ڕێژەیی فیلمەکانی **بەندەری مژاوی**[١٧١] یان **ڕۆژ هەڵدێ** ڕۆڵێکی بڕیاردەری هەبێ، شێوەی ئێدیتی ئەو لە ئاستی هەمان ڕۆژەڤدا ئەمێنێتەوە کە ئەخرێتە بە شرۆڤەکردن. تەنها یەک ڕێگەی دروست بینینی هەیە. بۆیەشە ئەبینین باندۆری ڕووناکی وەکوو **هەڤبەرنان**[١٧٢] و تەنانەت دیمەنی درشت، بە تایبەتی لە سینەمای ئەمریکا، کەم تا زۆر ئیتر بەکار ناهێنرێت. کاریگەری ئەم نەبوونە ئەوەندە زۆرە کە بینەر هەست بە بڕانەکە ئەکات. بە زۆری لە فیلمی کۆمێدی ئەمریکایی، دەرهێنەر هەر کات بۆی بلوێ دیمەنی لە ئەژنۆ بەرەوژووری ئەکتەرەکان ئەکاتەوە بە باو، چونکە ئەڵێن ئەم باڵانوێنییە ئەتوانێ بە باشی سەرنجی بینەر

---

لە هۆڵی سەما، سەماکاران بە شێوەیەکی هاندەر تەنوورەکەیان هەڵئەدەنەوە و قاچیان هەڵئەهێنن، تا ماوەیەک بە سەمای شوورەیی دائەنرا.

١٧٠ ـ مۆنتاژی بیرخەرەوە: associative montage

١٧١ ـ بەندەری مژاوی: Quai des Brumes فیلمی بێدەنگی فەڕانسەیی ١٩٣٨ دەرهێنانی مارسێل کارنێ.

١٧٢ ـ هەڤبەرنان: superimpositions دانانی فیلم لە سەر فیلم، بە شێوەیەک کە هەردوو وێنەکە هێشتا دیار بێ.




بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ــ واتە خاڵێکی سروشتی بۆ هاوسەنگی ئەندێشەیی بینەرە.

لەڕاستیدا، بەکارهێنانی ئەم چەشنە مۆنتاژە ڕیشەی لە فیلمە بێدەنگەکان دایە. ئەمە هەمان ڕۆڵە کە ئێدیت تا ڕادەیەک لە فیلمەکانی **گریفیس**دا وازی ئەکات (بۆ نموونە لە **شکۆفەی ژاکاو**[١٧٣]، چونکە ئەو پێشتر لە فیلمی **کەمبوردە**[١٧٤] ئەو چەمکە سەنتێزییەی مۆنتاژی بەکار هێنابوو، کە سینەمای سۆڤێتی ئەیویست تا باڵاترین پلەی لواو گەشەی پێ بدات. ئەم جۆرە مۆنتاژە لە کۆتایی سینەمای بێدەنگدا، هەرچەند بە شێوەیەکی لاوەکیتر، دیسانەوە سەرهەڵئەدا. هەڵبەت تێگەیشتن لەوە ئاسانە کە وێنەی بیسراوەیی بۆچی لە وێنەی بینراوەیی لخێزترە و مۆنتاژ بەرەوە ڕیالیزم ئەبات، چونکە هەم بە شێوەیەکی پەرەگر ئێکسپرشنیزمی پلاستیک و هەم پەیوەندی سەمبۆلیکی نێوان وێنەکان کەم ئەکاتەوە و بەرەو نەهێشتن ئەبات.

بەمجۆرە، لە ئالیساڵی ١٩٣٨ هەموو فیلمەکان، بەبێ هەڵاواردن، لەسەر بناغەی یەک مەلەزەی تاقانە ئێدیت ئەکرا.

---

١٧٣ ـ شکۆفەی ژاکاو: Broken Blossoms فیلمی دراماتیکی بێدەنگی فەڕانسەیی ١٩١٩ دەرهێنانی د. دەبلیۆ گریفیس.

١٧٤ ـ کەمبوردە: Intolerance فیلمی بێدەنگی ١٩١٦ دەرهێنانی د. دەبلیۆ. گریفیس. کەمبوردە: Intolerance دەمارگرژ، کەمجیکەڵدان، کەسێک کە ئامادەی پەژێرەکردنی ڕوانگە و بڕوای جیاواز نییە ع متعصب N متعصب د متعصب.




چیرۆک لە دیمەنی بەدوای یەکدا، کە ژمارەیان بە زۆری نزیکەی شەشسەد وێنە بوو، فیلمی ئەگیرا. ئەو شێوازە ناوی «دیمەن–ئاوەژوو–دیمەن»[١٧٥] بوو. واتە لە دیمەنی وتووێژ، وێنەی هەرکام لە کەسایەتییەکان، لە کاتێکدا گوتەی خۆی ئەوت، چەلاوچەل لەسەر پەردە دەرئەکەوت.

ئەم چەشنە ئێدیتە، کە بۆ فیلمەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٣٩ زۆر بە لەباری ئەزانن، بە دیمەنی تا قووڵایی ڕووناک بەدەستی دەرهێنەرانی وەکوو ئۆرسن وێڵز و ویلیەم وایلەر خرانە بەر پرسیارەوە. ئەو هەموو پەسنەی پێشکەشی **هاوڵاتی کەین**[١٧٦] کرا، زیادی نەبوو. هەندێ دیمەنی دارماڵی ئەم فیلمە لە یەک نما[١٧٧] و بە کامێرای ئادار فیلمی گیراوە. ئەو دیمەنە دراماتیکانەی پێشتر بە هۆی مۆنتاژەوە ئەلوا، ئێستە بە نواندنی هونەرپیشەکان لە چوارچێوەی وێنەدا بەدی هاتبوو. هەڵبەت وێڵز داهێنەری باندۆری ڕووناکی[١٧٨] قووڵ نەبوو، بە هەمان شێوەی کە ناتوانین بڵێین **گریفیس** داهێنەری دیمەنی درشت

---

١٧٥ـ دیمەن ـ ئاوەژوو ـ دیمەن: shot – reverse – shot

١٧٦ـ هاوڵاتی کەین: Czen Kane درامای ڕازاوی ئەمریکایی ١٩٤١ دەرهێنانی ئۆرسن وێڵز، لە نۆ ڕشتەدا کاندیدای ئۆسکار بوو، بە بڕیاری دامەزراوی سینەمای ئەمریکا باشترین فیلمی مێژووی سینەمایە.

١٧٧ـ نما: single shot و دیمەن لەبری scene فیلم دانراوە.

١٧٨ـ باندۆری ڕووناکی: optical effects






بووبێ. هەموو پێشەنگانی سینەما، بە هۆیەکی زۆر لۆجیکی، ئەو تەکنیکەیان بەکار هێنابوو. وێنەی چەقبەستوو لەدایکبووی مۆنتاژ بوو، بەڵام تەنها پێداویستییەکی تەکنیکی بەرئەنجامی پەیوەندی وێنەکان نەبوو، بەڵکوو بەرئەنجامی لۆجیکی مۆنتاژ و بەرامبەر بە پلاستیکی ئەو ئەژمێردرا.

ئەگەر لە ساتێکی ڕووداوەکەدا، بۆ وێنە لە هەمان دیمەنی پێشوودا، دەرهێنەر بیەوێ نمایەکی درشت لە دەفری میوە پیشان بدات، دیارە بە چەقبەستنی هاوێنە لە ڕوانگەی شوێنەوە بەتاک و جیاوازی ئەکاتەوە. کەواتە، کاڵکردنەوەی پشت زەمینە کاریگەری و نموودی مۆنتاژ سەقامگیر ئەکات، واتە هەرچەند گەوهەر و مەبەست چیرۆک گێڕانەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەنها بەشێکی پێویست لە شێوازی فیلمگرتنەکەیە. ژان ڕێنوار ئەم خاڵە باش تێگەیشتبوو، چونکە لەساڵی ١٩٣٨ ڕێک لە پاش دروستکردنی فیلمی **ئاژەڵی مرۆڤنما**[١٧٩] و **وەزارەی مەزن**[١٨٠] و ڕێک بەر لە فیلمی **ڕێسای گەمە**[١٨١] ڕایگەیاند: **«چەندە زیاتر لەمەڕ پیشەکەم فێر ئەبم، زیاتر گرەوشت بە دەرهێنان لە**

١٧٩ـ ئاژەڵی مرۆڤنما: La Bete humaine فیلمی فەڕانسەیی **١٩٣٨**، دەرهێنانی ژان ڕێنوار و بەشداری ژان گابۆن، ژێوەرگرتنی ئازاد لە ڕۆمانی **١٩٨٠**ی ئێمیل زۆلا.

١٨٠ـ وەزارەی مەزن: La Grande illusion فیلمی جەنگی فەڕانسەیی **١٩٣٧**، دەرهێنانی ژان ڕێنوار، لەمەڕ جەنگ و بەرپرسایەتی و مرۆڤپەروەری.

١٨١ـ ڕێسای گەمە: La Regle du jeu فیلمی ساتیری **١٩٣٩**ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی ژان ڕێنوار.




**قووڵایی وێنە، بە گوێرەی ڕەهەندەکانی پەردە، پەیدا ئەکەم و چەندە باندۆری ئەم شێوە باشتر بێ، لە دیمەنی دوو هونەرپیشە کە ڕوو بە کامێرا، وەک دوو مرۆڤی باش بۆ گرتنی وێنەی یادگاری ڕاوەستاون، کەمتر سوود وەرئەگرم.»** لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ بزانین پێشەنگی **ئۆرسن وێڵز** کێ بووە، ئەبێ **ژان ڕێنوار** ناو ببەین، نە لویی لۆمیێر یان **فێردیناند زەکا**[١٨٢]. لە فیلمەکانی ژان ڕێنواردا گرەوشتی بە ڕوونی قووڵ بە کردەوە تا ڕادەیەک جێگەی مۆنتاژی گرتووەتەوە و ئەم کارەش بە سووڕانی کامێرا و چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوەی ئەنجام دراوە. بناغەی ئەمکارە، ڕێزدانان بۆ بەردەوامی شانۆی دراماتیک و هەڵبەت، ماوەی کاتی ڕووداوەکەیە.

هەرکەس چاوی دیتنی هەبێ، بە ئاشکرا لەوە ئەگات، ئەو بەزنجیرە پیشاندانەی دیمەنەکان کە وێڵز لە **بنەماڵەی ناوازەی ئەمبێرسۆندا**[١٨٣] بەکاری هێناوە، بە هیچ شێوەیەک تۆماری هەڕەمەکی ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نییە. بەڵکوو بەپێچەوانە، ئەم خۆلادانەی لە ئەبستراکت کردنی ڕووداوەکە و وردکردنی شەبەنگی دراماتیک لە کاتدا، کارێکی دروستە کە

---

١٨٢ـ فێردیناند زەکا: Ferdinand Zecca (١٨٦٤ـ١٩٤٧) نووسەر و هونەرپیشە و دەرهێنەری بەرجەستەی فەڕانسەیی.

١٨٣ـ بنەماڵەی ناوازەی ئەمبێرسۆن: The Magnificent Ambersons درامای ئەمریکایی ١٩٤٢، نووسین و دەرهێنانی ئۆرسن وێڵز.






بەرئەنجامەکەی زۆر بەرفرەتر لەو کارەیە بە «بڕین»ی کلاسیک بەدەست دێ.


تەنها بە بەراوردی دوو دیمەن کە بە شێوازی ڕووناکی قووڵ فیلمیان گیراوێ و، یەکیان هیی ١٩١٠ و ئەوی تر هیی وایلەر یان وێلز بێ، دەرئەکەوێ کە بەس بە سەیرکردنی ئەوانە، تەنانەت جیا لە زەمینەی فیلمەکە، ئەتوانین ئەوە ببینین کە کارەکانیان چەندە جیاوازە. شیرازەگرتنی(١٨٤) فیلم لە ساڵی ١٩١٠ جگە لە هەموو ئەرک و ئامانجی، بۆ ئەوەیە کە جێگەی دیواری چوارەمی پێوار لە سەر سەکۆ(١٨٥) بگرێتەوە، یان لانیکەم لە دیمەنی دەرەوەدا باشترین بەرجەوەن بۆ بینەری ڕووداوەکە دابین بکات، لە کاتێکدا لە دیمەنی فیلمی وایلەر یان وێلزدا دێکۆر و ڕووناکی و گۆشەکانی کامێرا شرۆڤەیەکی بەتەواوەتی جیاواز ئەدەن بەدەستەوە. لەم دیمەنانەدا، دەرهێنەر و فیلمگر پەردەکەیان کردووە بە گۆرکی(١٨٦) شەترەنجێکی دراماتیک کە بچووکترین پارچەکانی دارێژراوە و دیزاین کراوە. ئاشکراترین، گریمان نە سەرەکیترین، نموونەکانی ئەم چەشنە ئەتوانین لە فیلمی

---

١٨٤ ـ شیرازەگرتن: framing لە قاپ گرتن.

١٨٥ ـ سەکۆ: scene ئاو تەختەی شانۆ، پەهنەک، گۆرک، ناوگۆرگ، پانایی، تەختایی چکۆلە ع صحنة، صحن N scene د صحنه ق: سەکۆی شانۆ: صحنه تئاتر .ن گۆرکی دادگا: صحن دادگاه. G هەنبانە بۆرینە G کاوە G شێخانی

١٨٦ ـ گۆرک: ناوگۆرگ، پانایی، گۆڕەپان ع د صحن صحن دادگاه: گۆرکی دادگا.





**ڕێوییە بچووکەکاندا**[١٨٧] ببینین کە ڕازاندنەوەی گۆڕەپان وردبینی نەخشەی تەکنیکی[١٨٨] پەیدا ئەکات. وێنەکانی وێلز بە دژواری شرۆڤە ئەکرێن. چونکە ئەو زۆر خولیای شێوازی بارۆکە. شمەک و کەسایەتی وەها پێکەوە گرێ ئەدرێن، بینەر ناتوانێ گرنگی گۆرکەکە لە بەرچاو نەگرێ. ئەگەر بمانەوێ ئەم بەرەنجامانە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە بەدەست بهێنین، ناچار ئەبێ زنجیرەیەکی پڕ وردەکاری دیمەنی لە دوای یەک بەدی بهێنین.

مەبەست ئەوەیە دەرهێنەری هاوچەرخ ئەگەر دیمەنی «لە قووڵایی»[١٨٩] بەکار ئەهێنێ، سوودوەرگرتن لە مۆنتاژ ناخاتە لاوە ــ جا چۆن ئەتوانێ بەبێ هەڵگەڕانەوە ئەو کارە بکات و زمانی پسک و تۆر نەبێ؟ــ بەڵکوو ئەیکات بە بەشێکی دانەبڕاوی «پلاستیک»کەکەی. چیرۆکگێڕانەوەی وێلز یان وایلەر لە **جان فۆرد** کەمتر گەیەنەر نییە، بەڵام تازیار و باڵایی ئەم دوانە لەوە دایە کە

١٨٧ـ ڕێوییە بچووکەکان: The Little Foxes فیلمی درامای سینەمایی ١٩٤١، دەرهێنانی ویلیەم وایلەر.

١٨٨ـ نەخشەی تەکنیکی: technical drawing لە ڕشتەی تەکنیکی خوێندنا، شێوازێکی تایبەتی کێشان و هێڵکارییە بە ناوی نەخشە، بۆ گواستنەوەی بیرۆکە و خۆی بە جۆرێک زمانی هێڵکاری دائەنرێ. نەخشەی تەکنیکی پێکهاتەی وێنەی یەک نەخشەی سێ ڕەهەندی و کێشراوی چەند وێنەیی دو ڕەهەندین.

١٨٩ـ لە قووڵایی: In Depth بەرەگەی ڕوانینی فۆکۆسی کامێرایە بە هەموو لایەکدا، ئەم کەوشەنە لە پێش و پشتەوەی خاڵی فۆکۆس، چەقبەستنێکی لەباری ئەبێ. قووڵایی ڕووناک




ئەو دەرکەوتەی کە ئەتوانین لە یەکگرتنی وێنە لە کات و شوێندا بەدەستی بهێنن، بەفیڕۆ ناچێ. لە بەرهەمێکدا کە خۆی بە خاوەن شێواز ئەزانێ، ئەو لایەنە کە ئایا ڕووداوەکە بە شێوەی وێنە بە وێنە فیلمی بگیرێت یان لە گشتی فیزیکی خۆیدا نمایشت بکرێ، خاڵێکە کە بە دڵنیایی نابێ بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕین. هەڵبەت بێهوودەیە نکۆڵی لە ڕۆڵی بڕیاردەری ئێدیت لە پێشخستنی زمانی فیلمدا بکەین، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بە نرخی بەهای تر تەواو بووە کە بە هەمان ئەندازە سینەماییین.

بەم هۆیەوە، **قووڵایی ڕووناک** تەنها ئامێرێکی کاری فیلمگرتن وەکوو فیلتەری جۆراوجۆر یان شێوازی ئەم جۆر و ئەو جۆری فیلمگرتن نییە، بەڵکوو گەنجینەیەکی بەبایەخە لە بەردەستی دەرهێنەردا، واتە پێشکەوتنێکی دیالکتیکییە لە مێژووی زمانی فیلمدا.

ئەم پێشکەوتنە وانییە کە تەنها لایەنی فەرمی هەبێ. شێوازی فیلمگرتنی «لە قووڵایی» ئەگەر بە باشی سوودی لێ وەربگیرێت، تەنها ڕێگەیەکی بەرگرتن لە هەڵەخەرجی و سادەکردن و لە هەمان کاتدا ناسکتر بۆ بەدەستهێنانی باشترین بەرئەنجام لە یەک دیمەندا نییە، بەڵکوو کار ئەکاتە سەر پەیوەندی ئەندێشەی بینەر لەگەڵ دیمەنەکە و لە ئەنجامدا واتا و شرۆڤەی ئەو نمایشە ئەگۆڕێ.

شێکردنەوەی بەرئەنجامی دەروونناسانەی ئەم پەیوەندییانە




و هەروەها ئەنجامی جوانناسی ئەوانە لە توانای ئەم وتارە بەدەرە، بەڵام ئاماژە بە چەند خاڵی گشتی بێسوود نییە:

١. قووڵایی ڕووناک، پەیوەندی بینەر و وێنە لەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، لێک نزیکتر ئەکاتەوە. کەواتە، ئەتوانین بڵێین سازە و پێکهاتەکەی، جیا لە ناوەرۆکی وێنەکان، ڕیالیستیترە.

٢. لە ئەنجامدا، قووڵایی ڕووناک هەم ئەندێشەی بینەر زیاتر ئەخاتە گەڕ و هەم بەشداری چالاکی ئەو لە ڕووداوەکانی سەر پەردە پتر ئەکات. لە کاتێکدا کە مۆنتاژی شیکەرەوە داخوازی لە بینەر تەنها ئەوەیە تا ڕستەی دیمەنەکان بگرێ و ڕێگە بدات ئەندێشەی لەگەڵ دەرهێنەر بە شوێن ڕووداوەکاندا بڕوات. چونکە دەرهێنەر ئەو شتە هەڵئەبژێرێ کە بینەر ئەبێ ببینێ، بەڵام لە شێوازی قووڵایی ڕووناک داوا لە بینەر ئەکرێ لانیکەم، تۆزێک بە ویستی خۆی وێنەکان ببینێ. واتای سینەما و وێنەش تا ڕادەیەک هەر لەم سەرنج و ئەڤانەی[١٩٠] بینەرەوە سەرچاوە ئەگرێ.

٣. لەو دوو گریمانەی سەرەوە کە هیی کەوشەنی دەروونناسییە، پرسگرێکی سێیەم بەدی دی کە ڕەنگە بتوانین بە پرسگرێکی بانسروشتی دابنێین. شرۆڤەی

---

١٩٠ ـ ئەڤان: volition, will ویست، بڕیار، لێبڕان [ع] ارادة [N] vilje [د] اراده.




ڕۆژەڤ لە ڕێگەی مۆنتاژەوە لەسەر ئەم گریمانەیە دامەزراوە کە هەر ڕووداوێکی **دراماتیک لە گەوهەری خۆیدا یەکێتی واتایی هەیە.** بێگومان، بە شێوەی تریش ئەتوانین ڕۆژەڤ شرۆڤە بکەین، بەڵام لە هەر نموونەیەکدا، فیلمێکی جیاواز بەدەست دێ. بە کورتی ئەبێ بڵێین سروشتی مۆنتاژ بەو شێوەیە لێڵی و ناڕوونی واتایی ناهێڵێ. ئەزموونی **کۆلەشۆڤ** ئەم «پووچاندنە»[(١٩١)] ئەسەلمێنێ. واتە واتایەکی ورد و دیاریکراو بە هەموو دارەتێکی دەربڕینی ڕوخساری ماژۆخین ئەبەخشێ. لە کاتێکدا کە دارەتی ساویر و ڕازاوی ئەو ڕوخسارە، ئەو سێ واتا نالێکە لەدوای یەکەی گونجاندووە.

لە لایەکی ترەوە، قووڵایی ڕووناک، نە لە پلەی پێداویستی ــ بۆ وێنە فیلمەکانی وایلەر هەرگیز تەمومژاوی نین ــ لانیکەم لە پلەی ئەگەردا، **هەڵۆسەی** هێنایە ناو پێکهاتەی فیلمەوە. لەم ڕووەوە، قەبەکردنەوە نییە، ئەگەر بڵێین: ناتوانین وێنای ئەوە بکەین کە فیلمی **هاوڵاتی کەین،** جگە بە شێوازی قووڵایی ڕووناک،

---

١٩١ ـ پووچاندن: per absurdum پووچبوونی پازەیەک، یان پیشاندنای ئەوەی کە ئەگەر پازەیەک تا کۆتایی بە پێی لۆجیکی خۆی بڕوات، بە پووچی ئەگات ☜ سەلماندنی ناڕاستەوخۆ.




بە شێوەیەکی تر فیلمی بگیرێت. هەرچەند وا دیارە ناتوانین بە ئەرخایەنی کلیلی واتایی یان شرۆڤەی فیلم دیاری بکەین، بەڵام ئەو کلیلە لە خودی پێکهاتەی وێنەیی هەر دیمەنێکدا شاردراوەتەوە.

ئینجا پرسگرەکە ئەوە نییە کە وێلز نکۆڵی لەوە ئەکات شێوازی ئێکسپرشنیستی مۆنتاژ بەکار بهێنێ، بەڵکوو بەکارهێنانی ناوبەناوی مۆنتاژ لە وەرزی بە دیمەنی قووڵایی ڕووناکدا، واتایەکی تازە بەم شێوازانە ئەبەخشێ. پێشتر، مۆنتاژ توخمی سەرەکی سینەما و هۆنەی[۱۹۲] بنەڕەتی فیلمنامەی بەدی ئەهێنا. لە **هاوڵاتی کەین**دا کۆمەڵێک **هەڤبەرنان** لە بەرامبەر گۆرکێکدا دائەنرێ کە لە یەک نماوە گیراوە، بەمجۆرە چەشنێک چێرۆکبێژی جیاواز و تا ڕادەیەک تەڵبێژ دروست ئەبێ. لە مۆنتاژی لەزگر، یاری بە کات و شوێن ئەکرا، بەڵام مۆنتاژی وێلز نایەوێ هەڵمان بخەڵەتێنێ؛ بەڵکوو چەشنێک کاتی تێکچرژاو و ناباومان پێشکەش ئەکات. لەم ڕووەوە، مۆنتاژی وێلز ئەتوانین بە هاوسەنگی کاتی کێماس[۱۹۳] لە زمانی فەڕانسە و کاتی پاتەکراو[۱۹٤] لە زمانی ئینگلیزیدا دابنێین. بۆ ئەم هەڤبەرنانەش، کە سینەمای دەنگدار دە ساڵ بەکاری نەهێنا، وەک مۆنتاژی لەزگر و مۆنتاژی کێشەر شێوازێکی

---

۱۹۲ ـ هۆنە: texture بافت، تەون، تان و پۆ، ژێرخان، بناغە، ئێسکەپەیکەر، ئێسکبەندی ع نسیج د شالوودە.

۱۹۳ ـ کاتی کێماس: imperfect tense.

۱۹٤ ـ کاتی پاتەکراو: frequentative tense.






تازەی بەکارهێنانی دۆزییەوە کە زیاتر پەیوەندی بە ڕیالیزمی کاتی فیلمەکان، بەبێ سوودوەرگرتن لە مۆنتاژ هەبوو.

ئەگەر دوان لەمەڕ وێڵز تۆزێ درێژەی کێشا، لەبەر ئەوەیە کە دەرکەوتنی وێڵز لە ئاسمانی سینەما (١٩٤١) تا ڕادەیەک هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی خولێکی تازە. هەروەها بەو هۆیەوە کە نموونەیەکی زۆر سەرنجڕاکیشە و بە هۆی توندڕەوییەکانییەوە، زۆر گرنگە.

لەگەڵ ئەوەش، **هاوڵاتی کەین** بەشێکی بزووتنێکی گشتی و، بەشێک لە جێگۆڕکێی بەرینی بەستێنی جیولۆجیکی سینەمایە؛ ئەم بزووتنە ئەیسەلمێنێ، لە هەموو شوێنێکی جیهان، بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو شوێنە، شۆڕشێک لە زمانی سینەمادا ڕووی داوە.

ئەتوانم بڵێم هەر ئەم خاڵە، هەرچەند بە شێوەی جۆراوجۆر، لەمەڕ سینەمای ئیتالیاش بە ڕاست ئەگەڕێ. لە فیلمی وەکوو **پایزا**[١٩٥] و **ئاڵمان ساڵی سفری**[١٩٦] **ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی**[١٩٧] و **دزانی پاسکیلی**[١٩٨]


---

**١٩٥ـ** پایزا: Paisan فیلمی درامای جەنگی نیۆڕیالیستی **١٩٤٦**ی خولی زێڕینی سینەمای ئیتالیا، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.

**١٩٦ـ** ئاڵمان ساڵی سفر: A llemania Anno Zero فیلمی سینەمایی **١٩٤٨**ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.

**١٩٧ـ** ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی: Roberto Rossellini (**١٩٠٦ـ١٩٧٧**) نووسەر و دەرهێنەری نیۆڕیالیستی ئیتالیایی، بەدیهێنەری فیلمی وەکوو ڕۆما، شاری بێ شوورە و ئاڵمان ساڵی سفر.

**١٩٨ـ** دزانی پاسکیل: Ladri de Biciclette یان The Bicycle Thief درامای




**ڤیتۆریۆ دێ سیکا**[١٩٩]، نیۆڕیالیزمی ئیتالیا لەگەڵ شێوازەکانی پێشووی ڕیالیزمی فیلم ناکۆکە، بە هۆی خۆ کلاگرتن لە هەر چەشنە ئێکسپرشنیزم و بە تایبەت بە هۆی نەبوونی مسۆگەری باندۆری مۆنتاژ. نیۆڕیالیزم خولیای ئەوەیە چەشنێک نارِوونی ڕۆژەڤ بگەڕێنێتەوە بۆ سینەما ــ گرەوشتێک کە لە فیلمەکانی وێلزیشدا، سەرەڕای جیاوازی شێوازەکەی، بەدی ئەکرێ. خولیای ڕۆسیلینی کاتێک لە فیلمی ئاڵمان، ساڵی سفر ڕوخساری مناڵەکە پیشان ئەدات، ڕێک ناکۆکنمای درشتی ڕوخساری ماژۆخین لە ئەزموونی **کۆلەشۆڤ** دایە. ڕۆسیلینی ئەیەوێ ڕاز و هێمای ڕوخساری مناڵەکە بپارێزێ. ئێمە نابێ بە هەڵەدا بچین بە هۆی ئەو دیاردەوە کە گەشەکردنی نیۆڕیالیزم، بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئەمریکا ڕووی دا، لە هیچ جۆر شۆڕشێکی ئێدیتدا ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەم دوانە ئارمانجی هاوبەشیان هەیە، بەڵام شێوازەکانیان جیاوازە. شێوازی ڕۆسۆلینی و دی سیکا ئەوەندە شکۆدار و ناوازە نییە، بەڵام ئەم دوانەش لێبڕاون مۆنتاژ بخەنە لاوە و بەردەوامی ڕۆژەڤ بهێننە سەر پەردەی سینەما. ئارەزووی **چزارە زاڤاتینی**[٢٠٠] ئەوەیە

---

نیۆڕیالیستی سینەمایی ساڵی ١٩٤٨ی خولی زێڕینی سینەمای ئیتالیا، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.

١٩٩ـ ڤیتۆریۆ دی سیکا: Vittorio de Sica (١٩٠١ـ١٩٧٤) دەرهێنەر و هونەرپیشەی ئیتالیایی لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی نیۆڕیالیزمی سینەما.

٢٠٠ـ چزارە زاڤاتینی: Cesare Zavattini (١٩٠٢ـ١٩٨٩) فیلمنامەنووس





فیلمی نەود خولەکی لە ژیانی کەسێک ساز بکات کە هیچ ڕووداوێک لە ژیانیدا ڕوو نادات. **لۆکینۆ ڤیسکۆنتی**[٢٠١] کە «جوانناس»ترینی نیۆڕیالیستەکانە، لە فیلمی **زەوی ئەلەرزێ**[٢٠٢]، وێنەیەکی ئاشکرا لە گەنگترین نموونەی دەرهێنان پێشکەش ئەکات، واتە هەمان کار کە **وێلز** ئەیکات. ئەم فیلمە کە تا ڕادەیەک بە گشتی لە وەرزی یەک دیمەنی دروست بووە، بە ئاشکرا پیشانی ئەدات ڤیسکۆنتی ئەیەوێ هەموو ڕووداوەکە لە ژمارەیەکی زۆر وێنەی سووڕانی کامێرا بە قووڵایی ڕووناک فیلم بگرێ.

بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانین هەموو ئەو فیلمانەی لە ١٩٤٠ـەوە لەم شۆڕشەدا بەشدار بوون بەسەر بکەینەوە، ئێستە کاتی ئەوەیە تا بەرئەنجامی بیرەکانمان دەرببڕین.


بە بڕوای من، دەهەی ١٩٤٠ تا ١٩٥٠ قۆناغێکی گرنگ لە

---

و لە یەکەم تیۆریستەکانی نیۆڕیالیزمی سینەمای ئیتالیا. زاڤاتینی ساڵی **١٩٤٨** دزانی پاسکیلی بۆ دی سیکا نووسی، کە هەم فیلمەکەی خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت و هەم فیلمنامە ناودێری ئۆسکار بوو.


**٢٠١ـ** لۆکینۆ ڤیسکۆنتی: Luchino Visconti (**١٩٠٦ـ١٩٧٦**) نووسەر و دەرهێنەری شانۆ و ئۆپێرا و سینەما، بە باوکی نیۆڕیالیزمی ئیتالیایی دائەنرێ.

**٢٠٢ـ** زەوی ئەلەرزێ: La Terra Tremaj درامای ئیتالیایی **١٩٤٨** دەرهێنانی لۆکینۆ ڤیسکۆنتی. ژێوەرگرتنە لە ڕۆمانی جیۆڤانی ڤێرگا Giovanni Verga بە ناوی مالارۆگلیا.




خەملاندنی زمانی سینما دایە. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەی سینەما لە ساڵی ۱۹۳۰ بەدواوە، ئاماژەمان بە کۆمەڵێک فیلمی بێدەنگ نەکردووە کە لە کارەکانی **شترۆهەیم، مۆرناو**، ڕابێرت **فلاهێرتی** و **درایەر**دا خۆیان پیشان ئەدەن، نابێ وابزانرێ ئێمە پێمان وایە ئەم سینەمایە بە سەرهەڵدانی فیلمی دەنگدار تووشی وەستان هاتووە. بەڵکوو بەپێچەوانە، لامان وایە کە ئەم سینەمایە داراترین لایەنی بەناو سینەمای بێدەنگی پیشان ئەدا، ڕێک لەبەر ئەوەی کە بەندیواری جوانناسی بە مۆنتاژەوە نەبوو. بەڵام تەنها گرەوشتێک بوو کە ڕیالیزمی دەنگی بە چەشنێک گەشەکردنی سروشتی ئەزانی.

لە لایەکی ترەوە، ئەوە ڕاستە کە سینەمای دەنگداری سالانی ۱۹۳ تا ۱۹٤ بە ڕاستی هیچ بە سینەمای بێدەنگ وامدار نییە، هەڵبەت جگە لە **ژان ڕێنوار** کە بە سەیرکردنی سینەمای بێدەنگ ئەتوانرا سەرهەڵدانی پێشبینی بکرێ. بەڵام تەنها دەرهێنەرێکیش بوو کە لە کرکاشەکانیدا تا بەر لە فیلمی **ڕێسای گەمە** خۆی ناچار کرد، بڕوانێتە ئەوپەڕی ئەو دەرەتانەی کە مۆنتاژ بەدی هێنابوو و پەی بە ڕازی ئەو تەشکە سینەماییە ببات، کە ئەگەری دەربڕینی هەموو شتێک دابین ئەکات، بەبێ ئەوەی جیهان دابەش بکات بە بەشی لێک جیاواز؛ ئەو تەشکە سینەماییەی کە واتا نهێنییەکانی مرۆڤ و شمەکی ئاشکرا ئەکرد، بەبێ ئەوەی یەکێتی سروشتی تایبەتی ئەوان تێک بدات.




لێرەدا مەبەست ئەوە نییە فیلمەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ بە بچووک و کەمبایەخ دابنێین، چونکە چەندین شاهکار لەم خولەدا هەیە کە ئەو کارە ئەکات بە نەگونجاو، بەڵکوو تەنها ئەمانەوێ چەشنێک پێشکەوتنی دیالکتیکی پیشان بدەین کە باڵاترین نموونەی ئەتوانی لە فیلمەکانی دەهەی ١٩٤٠دا بدۆزینەوە. هەڵبەت گومانی تێدا نییە کە فیلمی دەنگدار چەشنێکی تایبەت لە جوانناسی زمانی فیلمی لەناو برد، بەڵام ئەم پرسگرە تەنها لەو نموونانەدا ڕووی دا کە زمانی فیلم لە خزمەتی ڕیالیزمدا نەبوو. هەرچی چۆن بێ، سینەمای دەنگدار بێگومان هەندێ لایەنی بنەڕەتی مۆنتاژ، واتە پەسنی پچڕ و شیکردنەوەی دراماتیکی ڕووداوەکەی پاراست. ئەوەی سینەمای دەنگدار پشتی تێکرد، وەرگیراو و هێما بوو و لە جیاتی ئەو دوانەش، هەڵوەسەی نمایشی بابەتی لە جێگەیان دانا. ئێکسپرشنیزمی مۆنتاژ بە شێوەی دیتباری ون بوو؛ بەڵام ڕیالیزمی ڕێژەیی ئەو چەشنە بڕینە کە لە ئالی ساڵی ١٩٣٧دا پشکووتبوو و، چەشنێک سنووررداری خودی هەبوو، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بابەتەکانی خۆیدا بەتەواوەتی گونجا بوو، سەرنجمـانی بۆ لای خۆی ڕانەئەکێشا. لەم ڕووەوە، کۆمێدی ئەمریکایی لە چوارچێوەی شێوازێکی ئێدیت گەیشتە پۆپەی خۆی، کە تێیدا ڕیالیزم، ئەو سەردەمە، هیچ ڕۆڵێکی نەبوو. کۆمێدی ئەمریکایی کە وەک نمایشی سەما و گۆرانی و گەمە بە وشە لە ڕوانگەی نموودەوە





لۆجیکی تایبەتی خۆی هەبوو، ناوەرۆکی ڕەوشتی و کۆمەڵناسانەی دارماڵ نەریتی بوو، ئەبوایە هەموو شتێک، بەدەم پێشکەوتنەوە، دێر بە دێر، لە باشقەی کێشداری[٢٠٣] ئێدیتی کلاسیک وەربگرێ.

بێگومان، گرەوشتی تا ڕادەیەک وشیارانەی سینەما لەم دە ساڵەی دواییدا بە زۆری ئەوە بوو کە **شترۆهەیم** و **مۆرناو** هەیانبوو، واتە ئەو گرەوشتەی لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ بە گشتی لەناو چوو. بەڵام ئامانجی سینەما لە سنووردارکردنی خۆی بەم گرەوشتە تەنها ئەوە نەبوو کە بە زیندوویی ڕای بگرێ، بەڵکوو **ئەم گرەوشتە، بووە هۆی دۆزینەوەی ڕازی ژیانەوەی ڕیالیزم لە چیرۆکبێژیدا.** بەمجۆرە، ئەوە گونجا کە کاتی ڕاستەقینەی زاڵ بەسەر بوونی شمەکدا لە لایەکەوە و، ماوەی ئەو کاتەی کە ئێدیتی کلاسیک وردەوردە کاتی ئەندێشەیی mental و تەڵبێژی abstract لە جێگەی ئەو دانابوو لە لایەکی ترەوە، بکەونە تەنیشت یەکەوە. ئینجا، لەو کاتەوە کە بەرئەنجامی مۆنتاژ یەک جار و بۆ هەمیشە خرایە لاوە، هەتا ئەمڕۆ، ئەم ڕیالیزمە نۆبەرەیە واتا و قەبارەیەکی تازەی بە کاتی ئەندێشەیی و تەڵبێژ بەخشیوە. تەنها بە پەرەسەندنی ڕیالیزمی

---

٢٠٣ ـ کێشدار: rhythmic ⇐ کێش: rhythm ڕیتم، باشقەی بەردەوامی دەنگی بەهێز و تەناهی و لەدوای یەکە لە موزیکدا. پاتەبوونەوەی جوولانێکی سەقامگیر لە کاتێکی دیاریکراو لە موزیکدا پێی ئەوترێ کێش یان ڕیتم.
ع ایقاع N rytme د ضرباهنگ.




وێنەیە کە ئەتوانین تەڵبێژبوونی مۆنتاژ درێژە پێ بدەین. بۆ نموونە، گەنجینەی تایبەتمەندییەکانی شێوازی دەرهێنەری وەکوو **هیچکاک**[٢٠٤] بەربڵاوییەکی فراوانی هەیە: لە وزەی شاراوەی هەناوی فیلمی بەڵگەیی تا هەڤبەرنانی وێنە و نمای زۆر درشت. بەڵام نمای هیچکاک ڕێک وەکوو نما درشتەکانی **سێسیل ب. دۆمیل**[٢٠٥] لە فیلمی **دەهۆ**[٢٠٦] نییە. نمای درشتی هیچکاک، وەک تەردەستییەکانی تری ئەو، لە تایبەتمەندییدەکانی خودی ئەون. بە گوتەیەکی تر، مۆنتاژ لە خولی سینەمای بێدەنگ هەمان ئەو شتە ئەگەیەنێ کە دەرهێنەر ئەیویست بیڵێ؛ بەڵام ئێدیت لەساڵی ١٩٣٨ـەوە ویستی دەرهێنەری

---

**٢٠٤** ـ هیچکاک: Alfred Hitchcock (**١٨٩٩ـ١٩٨٠**) دەرهێنەری بریتانیایی ئەمریکایی، لە بواری فیلمی ڕازاوی و هەژێنەردا کاری ئەکرد و بە مامۆستای ورووژاندن ناوی دەرکردبوو. لە ماوەی **٦٠** ساڵدا، **٥٠** فیلمی دروست کرد. گۆڤاری فیلمساز MovieMaker بە گرنگترین هونەرمەندی مێژووی سینەمای دائەنێ.


**٢٠٥** ـ سێسیل ب. دۆمیل: Cecil B. DeMille (**١٨٨١ـ١٩٥٩**) هونەرپیشە و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری ئەمریکایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکاری گرنگترین فیلمەکانی سینەمای بێدەنگ. بەرهەمهێنەری فیلمی پڕ لە شکۆی وەکوو دەفەرمان لە **١٩٥٦** و کلیۆپاترا لە **١٩٣٤** و مەزنترین شانۆی سەر گۆی زەوی لە **١٩٥٢** کە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت. دۆمیل بە باوکی سینەمای ئەمریکا دائەنرێ.

**٢٠٦** ـ دەهۆ: The Cheat فیلمی ئەمریکایی بێدەنگی **١٩١٥** دەرهێنانی سێسیل ب. دۆمیل.

وەسپ ئەکرد. ئەمڕۆ ئەتوانین بڵێین **سەرەنجام ڕۆژێک گەیشتووە کە دەرهێنەر بە فیلم ئەنووسێ.** ئەمڕۆ فیلم ـ واتە پێکهاتەی پلاستیک و شێوەی ڕوودانی لە کاتدا، لەبەر ئەوەی لەسەر بناغەی بابەتگەرایییەکی زیاتر بنیات نراوە ـ ئامێری زیاتری بۆ کارکردنە سەر ڕۆژەڤ و گۆڕانی ئەو ڕۆژەڤە لە ناخەوە لە بەردەست دایە. ئێستە ئیتر فیلمساز خەنیمی شێوەکار و شانۆنامەنووس نییە، بەڵکوو سەرەنجام کاتێک گەیشتووە کە بڵێین: **سینەماگەر هاوشانی ڕۆماننووسە**

وەرگیراو لە ٣ وتاری:

1. Written for a Venice Festival anniversary booklet, *Twenty Years of Film* (1952);
2. "Editing and Its Evolution," *Age Nouveau*, No. 92, July, 1955;
3. *Cahiers du Cinema*, 1950, No.7




# وتاری چوارەم

## دەرەتان و سنوورداری مۆنتاژ

داهێنانی سۆلانی ئاڵبێر لامۆریس[٢٠٧] پێشتر لە فیلمی **بیم، جاشە چکۆلەدا**[٢٠٨] دەرکەوتبوو. ئەم فیلمە و ڕەنگە فیلمی **ئەسپی سپی**[٢٠٩] ئەتوانین بە باشترین فیلمی منالان لە هەموو مێژووی سینەمادا ناوببەین. هەڵبەت فیلمی تریش هەیە ــ بەڵام نە بەو ژمارەی چاوەڕوان ئەکرێ ــ کە بۆ ڕستەیەک تەمەنی جۆراوجۆری مێرمندالان لەبارن. یەکێتی سۆڤیەت لەم بوارەدا لە ئاستێکی بەریندا تێکۆشاوە، بەڵام بە بۆچوونی من فیلمی وەکوو **چارۆکەی سپی**[٢١٠] زیاتر ڕووی لە مێرمندالانە. تێکۆشانەکانی **جەی. ئارسر ڕەنک**یش[٢١١] لە بواری

٢٠٧ ـ ئاڵبێر لامۆریس: Albert Lamorisse فیلمسازی فەڕانسەیی فیلمی کورت.

٢٠٨ ـ بیم، جاشە گچکە: Bim, le petit ane فیلمی فەڕانسەیی ١٩٥٠ی منالان، دەرهێنانی ئاڵبێر لامۆریس.

٢٠٩ ـ ئەسپی سپی: Crin Blanc کورتەفیلمی فەڕانسەیی ١٩٥٣ی منالان دەرهێنانی ئاڵبێر لامۆریس، لەسەر ڕۆمانی ڕێنێ گیلۆ René Guillo.

٢١٠ ـ چارۆکەی سپی: Алы паруа فیلمی سینەمایی ١٩٦١ی سۆڤیێتی، دەرهێنانی ئەلەکساندر پتۆشکۆ.

٢١١ ـ جەی. ئارسر ڕەنک: J. Arthur Rank (١٨٨٨ـ١٩٧٢) پیشەسازی

دروستکردنی فیلمی تایبەت بە منداڵان، هەم لە ڕووی بازرگانی و هەم لە ڕووی جوانناسییەوە شکستی هێنا. لە ڕاستیدا، ئەگەر کەسێک بیەوێ فیلمخانە یان بەرنامەی هەمەڕەنگ بۆ منداڵان دابین بکات، بە دژواری ئەتوانێ زیاتر لە چەند فیلمی کورت، بە بەهای هونەری ناهەمسان و، چەند دانەیەکیش فیلمی بازرگانی، تەنانەت کارتۆنیش کە هەم سەرڕێژنە[٢١٢] و ئەندێشەیان و هەم بابەتەکەیان زۆر منداڵانەیە، بدۆزێتەوە؛ هەڵبەت چەند فیلمێکی سەرکەشی[٢١٣] دەست ئەخات. بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوە نییە بڵێین فیلمی تایبەت بە منداڵان ساز بکرێ، بەڵکوو ئەڵێین فیلمی وەها دروست بکرێ کە منداڵانی ژێر چواردەساڵ تێی بگەن. وەک ئەزانین، فیلمە ئەمریکاییەکان لەم ئاستە تێناپەڕن. ئەم گوتەیە لەمەڕ فیلمە نیگارییەکانی **واڵت دیزنیش**[٢١٤] ڕاستە.

ئاشکرایە ئەم فیلمانە بە هیچ شێوەیەک و، بە واتای ڕاستەقینەی وشە، نابێ لەگەڵ وێژەی منداڵان بەراورد بکرێن؛ هەرچەند خودی ئەو وێژەیەش ئەوەندە فراوان و بەربڵاو نییە. **ژان ژاک ڕۆسۆ**[٢١٥]،

---

خاوەنی دامەزراوی پیشەسازی ڕەنک Rank Industry، دامەزرێنەری کۆمپانیای نیشتمانی فیلمی بریتانیا.

٢١٢ـ سەرڕێژنە: سەرڕێژانە، سەلیقە، زەوق، شێواز، چێژ [ع] [د] سلیقه، ذوق، اسلوب [E] style, manner, taste.

٢١٣ـ سەرکەشی: adventure, escapade هەڵاتهەڵات، کار و کردەوەیەک کە سەرەڕۆیی و هەژان و جەربەزەی تێدا بێ [ع] مغامرة [N] eventyr [د] ماجراجووئی.

٢١٤ـ واڵت دیزنی: Walt Disney (١٩٠١ـ١٩٦٦) بەڵێندار، نووسەری ئەمریکایی، داهێنەری ناوازەی ئەنیمەیشن، ئافرێنەری میکی ماوس.

٢١٥ـ ژان ژاک ڕۆسۆ: Jean-Jacques Rousseau (١٧١٢ـ١٧٧٨) فەیلەسووف






تەنانەت بەر لەوەی پەیڕەوانی **فرۆید**[٢١٦] بێنە ناو گۆڕەپانەوە، ئەوەی وتبوو کە ئەم وێژەیە لە لادان و بەدفێرکاری بەدەر نییە. بۆ نموونە، **لافۆنتن**[٢١٧]، ڕەوشتگەرایەکی لاقرتێیە[٢١٨] و **کۆنتێسی سێگۆر**[٢١٩]، دایەگەورەیەکی ئەهریمەنی و سادیستی-مازۆخیستییە. ئێستە هەموو پەژێرەیان کردووە کە ئەفسانەکانی **پێرۆ**[٢٢٠]، نموودی پێواری وەهای لە خۆیدا حەشار داوە و ئەبێ ددان بەوەدا بنێین کە بۆچوونی دەروونناسان لەمبارەیەوە هەڵە نییە. هەرچی چۆن بێ، بە دڵنیاییەوە پێویست

---

و نووسەری جێنۆڤایی بوو، ڕۆسۆ هەرچەند پێچەوانەی ڕەوتی ڕەوشەنگەری بوو، بەڵام فەلسەفەی ڕامیاری ئەو کاری کردە سەر شۆڕشی فەڕانسە و کۆمەڵناسی و ڕامیاری هاوچەرخ.

٢١٦- زیگمۆند فرۆید: Sigmund Freud (١٨٥٦-١٩٣٩) نۆڕۆلۆجیستی ناوداری ئوسترِیایی و دامەزرێنەری زانستی دەروونشیکاری وەکوو شێوازێکی دەرمانی لە دەروونناسیدا.

٢١٧- لافۆنتن: Jean de La Fontaine (١٦٢١-١٦٩٥) بەناوبانگترین چیرۆکنووسی فەڕانسەیە بە هۆی کۆمەڵە چیرۆکەکانییەوە، لەگەڵ ئەوەی کە هۆنراوەشی زۆرە.

٢١٨- لاقرتێ: cynicism فەلسەفەی بەدبینی و گاڵتەکردن بە ئاسوودەیی و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنگری ژیانی ئاسایی و سەگئاسان [ع] کلبیة [N] Kynisme [د] مکتب کلبیون.

٢١٩- کۆنتێسی سێگۆر: Countess of Ségur (١٧٩٩-١٨٧٤) نووسەری فەڕانسەیی لەدایکبووی ڕووسیا، نووسەی بیرەوەرییەکانی کەرێک.

٢٢٠- پێرۆ: Charles Perrault (١٦٢٨-١٧٠٣) نووسەری فەڕانسەیی، ئەندامی کۆڕی زانیاریی، داهێنەری شێوازی چیرۆکی پەریان.

ناکات بۆ دۆزینەوەی هۆکاری چێژبزوێن و سامهێنەر، کە سەرچاوەی جوانی **ئالیس لە وڵاتی سەمەرە** و **ئەفسانەی پەریانی** هانس کریستیان ئاندرسن[٢٢١] بەدی ئەهێنن، پەنا بۆ دەروونناسی ببەین. توانای وێناگەری ئەم نووسەرانە، هەم لە ڕوانگەی جۆر و هەم لە ڕوانگەی توندوتیژییەوە، بۆ منالآن لەبار بوو. لەم ڕووەوە، ئەم جیهانە وێناگەرییە بە هیچ شێوەیەک بیرکورتانە نییە. ئەزانین کە زانستی پەروەردەی منالآن، ڕەنگی بێزیانیان بۆ منالآن داهێنا، بەڵام ئەگەر بە دوای شێوەی بەکارهێنانی ئەم ڕەنگانە لە لایەن منالآنەوە بگەڕێین، لە بینینی ئەو مێرگوزارە پڕ لە دێو و درنجانە چاومان لە کالانە دێتە دەرەوە.

لەم ڕووەوە، نووسەرانی وێژەی ڕاستەقینەی منالآن جارجارە ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی مامۆستا و ڕاهێنەر ئەبینن. ڕەنگە بتوانین **ژول ڤێرن**[٢٢٢] لەم بوارەدا بە تاقانە بزانین. ئەم نووسەرانە، ئەو هۆنەرانەن، ئەو تازیارەیان هەیە کە هۆرم[٢٢٣] و وێناگەرییان لە هەمان ئەندازەی شەپۆلی هۆرمەکانی منالّیدا ماوەتەوە.

بەم هۆیەوە بە ئاسانی ئەتوانین بڵێین نووسینەکانی ئەوانە بە <u>شێوەیەک زیانهێنەرە و لە ڕاستیدا تەنها بۆ مرۆڤی گەورە شیاون.</u>

٢٢١ـ هانس کریستیان ئاندرسن: Hans Christian Andersen (١٨٠٥ـ١٨٧٥) هۆنەر و نووسەری دانمارکی چیرۆکی پەریان.

٢٢٢ـ ژول ڤێرن: Jules Verne ڕۆماننوس، هۆنەر و شانۆنووسی فەڕانسەیی بوو. نووسەری پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانە، کاریگەری لەسەر وێژەی نوێگەرا و سوریالیزمی وێناگەر هەبوو.

٢٢٣ـ هۆرم: Inception, vision خەونی ناو خەون، کەسێک خەوتووە و خەون ئەبینێ و لەناو خەونەکەیدا خەو ئەبینێ، ڕەنگە دارەتێکی وشیاری و تێکەڵەی خەون و بێداری بێت [ع] رؤیا [د] رویا.




هەڵبەت ئەگەر مەبەست لەم گوتانە ئەوە بێ کە ئەم بەرهەمانە نایانەوێ ڕەوشتی خوێنەر باش بکەن، گوتەیەکی ڕاستە؛ بەڵام ئەو ڕوانگەیە پەروەردەییە نەک جوانناسانە. لە لایەکی ترەوە، ئەوەی کە گەورەکان تەنانەت ڕەنگە لە منالانیش زیاتر چێژ لەم نووسراوانە وەرئەگرن، سۆنگەی نرخ و بەهای ئەوانەیە. واتە ئەو هونەرمەندەی خۆڕسک بۆ منالان کار ئەکات، گەوهەر و چۆنایەتی جیهانی پەیدا ئەکات.


ڕەنگە **پزدانی سوور**(٢٢٤) تۆزێک لایەنی ژیرییەکەی زیاتر و بە هەمان ئەندازە لایەنی منالانەی کەمتر بێ. لەم فیلمەدا، نموود بە شێوەیەکی ڕوونتر لە ئەفسانە دەرئەکەوێ، وەک ئامێرێک کە ڕادەی هەڵکشانی ئاو ئەندازە ئەگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لەگەڵ فیلمی **ئەو لاپەری وەکوو ئەوانی تر نییە**(٢٢٥)، ئەتوانین تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازی نێوان هۆنراوە (کە هەم بۆ گەورە و هەم بۆ منال لەبارە) لەگەڵ ئەو دۆزەی منالان (کە تەنها بۆ منال لەبارە) ببینین.

بەڵام لێرەدا نامەوێ لەم ڕوانگەیەوە سەبارەت بەو دوو فیلمە بدوێم. ئەم وتارە، بە واتای دیاریکراوی وشە شرۆڤەیەکی ڕەخنەگرانە نییە و، من بە ڕێکەوت ئاماژە بەو تایبەتمەندییانە ئەدەم کە لام وایە لەم

---

٢٢٤ـ پزدانی سوور: Le Bailon Rouge فانتازی دراما ـ کۆمێدی فەڕانسەیی ١٩٥٦.

٢٢٥ـ ئەو لاپەری وەکوو ئەوانی تر نییە: Une Fee pas comme les autres فیلمی ئەنیمەیشنی فەڕانسەیی ١٩٥٦، بەرهەمهێنەر ژان تۆران.




دوو فیلمەدا هەن. مەبەستم ئەوەیە لەسەر ئەو نموونە زۆر گرنگەی ئەم دوو فیلمە پێشکەشی ئەکەن، شرۆڤەیەکی ساکاری هەندێ ڕێسای مۆنتاژ لە پەیوەندی لەگەڵ دەربڕینی سینەمایی بنووسم؛ دیسانەوەش با ڕوونتر بڵێم، ئەمەوێ لە هەبوونناسی جوانناسانەی مۆنتاژ بکۆڵمەوە. لە لایەکی ترەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەتوانرێ بوترێ لێکچوونەکانی **یزدانی سوور** و **ئەو پەریەی وەکوو ئەوانی تر نییە،** ڕەنگە بەوست بووە و پێشتر داڕێژراوە. ئەم هەر دوو فیلمە نموونەی زۆر ناوازەن کە هەرکامە و بە شێوەی زۆر جیاواز، دەرەتان و سنووریداری مۆنتاژ پیشان ئەدەن.

شرۆڤەکە بە فیلمی **ژان تۆران**(٢٢٦) دەست پێ ئەکەم تا پیشانی بدەم ئەم فیلمە وێنەیەکی ناوازەیە لە تاقیکردنەوەیەکی ناودار کە **کۆلەشۆف** بە نمای ڕوخساری درشتی ماژۆخین ئەنجامی دا. وەک هەمووان ئەزانین، ئارەزووی خاوی ژان تۆرین ئەوەیە بە سوودوەرگرتن لە ئاژەڵی زیندوو فیلمی وەکوو کارتۆنەکانی دیزنی دروست بکات. ئەمڕۆ باش ئەزانین ئەو هەستی مرۆییەی ئەیدەینە

---

**٢٢٦ـ** ژان تۆران: Jean Tourane (**١٩١٩ـ١٩٨٦**) فیلمسازی فەڕانسەیی، بە هۆی بڕگەی ڤیدیۆیی ئاژەڵی بچووکەوە ناسراوە ⇦ ژان تۆران لە فیلمەکانیدا ڕۆڵی مرۆیی ئەدا بە ئاژەڵ و ئەوانی ئەکرد بە ئەکتەر. ئەو دوو فیلمی کورتی هەیە بە ناوی ساتۆرنین هۆنەر، پاڵەوانەکەی قازێکە. هەروەها زرێواری پەریان کە ئەکتەرەکانی کەروێشک و ڕێوی و بزن و ئەوانن. پاشتر فیلمێکی سینەماییشی بەم شێوازە دروست کرد بە ناوی ئەو پەریەی وەکوو ئەوانی تر نییە. **تێبینی:** هیو گرەی




پاڵ ئاژەڵ، لە بنەزەتدا و لە هەموو دارەتێکدا تاودانەوەی وشیاری و ئاگایی خۆمانە. ئێمە تەنها بەو هۆیە دارەتی تایبەت بە زیندەوەران ئەبەخشین، کە هەندێ ڕەفتاری ئەوان یان هەندێ لایەنی ڕواڵەت و ڕوخساریان لە خۆمان ئەچن.

نابێ ئەو گرەوشتە سروشتییەی ئەندێشەی مرۆڤ کە تەنها لە بواری زانستدا زیانبار بووە، لە بەرچاو نەگرین یان بە کەمی دابنێین. لە ڕاستیدا، پێویستە بوترێ زانستی ئەمڕۆ لە ئەنجامی ئەزموونەکانی لێکۆڵەرانی بەرجەستەوە لەوە گەیشتووە کە ئانترۆپۆلۆجی تا ڕادەیەک ڕیشەی لە ڕاستی دایە. نموونەیەکی وەکوو ئەمە، زمانی مێشهەنگوینە و بەو جۆرەی **ڤۆن فریش**[٢٢٧] تاقی و شرۆڤەی کردەوە، لە نەترسترین بەراوردی سەرسەختترین ئانترۆپۆلۆجیستەکانیش بەولاترەوە ئەچێ. هەنووکە، ئەگەری هەڵە بۆ **دێکارت**[٢٢٨] و «ئاژەڵ ــ ئامێرد»ەکەی فرەترە تا

٢٢٧ ـ ڤۆن فریش: Karl von Frisch (١٨٨٦ـ١٩٨٢) زانا و توێژەری ئاڵمانی ـ ئوتریشی، زانی مێشهەنگوین پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و بە یارمەتی خۆر و با و ماوە، شوێنی ئەو خواردنەی دۆزیویانەتەوە بەوانەی ناو کەنووەکە ڕائەگەیەنن. ساڵی ١٩٧٣ خەڵاتی نۆبێلی پزیشکی پێ بەخشرا.

٢٢٨ ـ ڕێنێ دێکارت: René Descartes (١٥٩٦ـ١٦٥٠) فەیلەسووف، بیرکار و شارەزای فیزیک و نووسەری فەڕانسەیی بوو، نازناوی «باوکی فەلسەفەی نوێی» پێدراوە. «ئاژەڵ ـ ئامێرد» چەمکێکی فەلسەفی دیکارتە لە سەدەی ١٧دا، کە پێی وابوو ئەتوانرێت ڕەفتاری ئاژەڵان بەراورد بکرێت بە ڕەفتاری ئامێرەکان. ئاژەڵ کۆمەڵێک پارچەی

بۆ **بۆفۆن**[٢٢٩] و ئاژەڵە نیوەمرۆڤەکانی. بەڵام لە پشتی ئەم لایەنە سەرەتاییەدا، ئاشکرایە تۆژینەوەی دەروونناسی ناتوانێ دەری ببڕێ و وەسپ و پێناسەی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کەمتر بە درۆی ئەخاتەوە. کەوشەنی ئەم زانستە لە ڕەوشتنامەوە (ئەفسانەکانی لافۆنتن) بگرە تا ئاڵۆزترین بیچمی سیمبۆلیزمی ئایینی و ئایینزایی و هەموو کەوشەنەکانی هۆنراوە و جادوو ئەگرێتەوە.

لەم ڕووەوە، ناتوانین ئانترۆپۆلۆجی بە جارێ بخوینە لاوە و ئەو عەردەی لەسەری ڕاوستاوە لە بەرچاو نەگرین. بەڵام بە ناچار ئەبێ پەژێرەی ئەوە بکەین لە نموونەی ژان تۆران، ئانترۆپۆلۆجی لە خوارترین ئاستی خۆی دایە. فیلمی تۆران هەم لە ڕوانگەی زانستییەوە بێبناغەیە و هەم کەمترین بەهای جوانناسی نییە، بەڵام ئەگەر بتوانین بایەخ بۆ کارەکەی دابنێین لەبەر ئەوەیە کە گرنگییە چەندییەکەی ئەو بایەخە بەدی ئەهێنێ تا ڕادەیەک مایەی ڕێژەیی ئانترۆپۆلۆجی و مۆنتاژی تێدا بدۆزینەوە. لەم ڕووەوە، سینەما بە ڕاستی ئەتوانێ شرۆڤەی ستاتیکی فۆتۆگرافی بە هۆی ئەو شرۆڤانەی لە ڕێگەی هەڤبەرنانی وێنەکانەوە بەدی دێ، زۆر زیاتر بکات.

خاڵێک، کە وتنی زۆر گرنگە، ئەوەیە کە ئاژەڵەکانی فیلمی تۆران **ڕام نەبوون**، بەڵکوو تەنها ڕواڵەتێکی ڕام و ئارامیان هەیە و هەرگیز ئەو کارانە ئەنجام نادەن، کە گوایە ئەنجامیان ئەدا. ئەگەر

---

میکانیکن بۆیە هۆشیارییان نییە.

**٢٢٩** ـ بۆفۆن: Georges_Louis Leclerc, Comte de Buffon (١٧٠٧ـ١٧٨٨) نووسەر، بیرکار و ئەستێرەناسی فەڕانسەیی، خاوەنی ئێنسایکۆپێدیای زانستی ٤٠ بەرگی.

ئەبینین کارێک ئەکەن بە هۆی تەڕدەستییەوەیە، واتە یان دەستێک لە دەرەوەی چوارچێوەکە ڕابەرییان ئەکات، یان بە یارمەتی ئامێرێکی دەستکرد ئەو کارە ئەکەن. ڕێک وەکوو وەویلەی[٢٣٠] بووکەشانۆ کە بە چەند تاڵە دەزوو هەڵواسراون. هەموو داهێنان و بلیمەتی تۆران لەوە دایە کە ئەتوانێ ئاژەڵەکان لە کاتی فیلمگرتن لە هەمان شوێندا ڕابگرێ کە ئەیەوێ. ڕواڵەتی کەشەکە و تەڕدەستی فریودەر و گوتار بەسەر یەکەوە بۆ ئەوە بەسە تا ڕواڵەت و ڕەفتاری ئاژەڵەکە دارەتێکی تا ڕادەیەک مرۆیی وەربگرێ؛ ئەم دارەتەش ئەوەندە بە وەژارەی مۆنتاژ ئەسەلمێ و قەبەئەکرێتەوە کە زۆر جاران زیاترین کاریگەری ئەبێ. بەمجۆرە لەگەڵ ئەوەی پاڵەوانانی چیرۆکەکە هیچ کارێکیان نەکردووە و تەنها لە بەردەم کامێرادا بێجووڵە وەستاون، چیرۆکێکی دارماڵ بە ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی، کە پەیوەندی ئاڵۆز و تایبەتمەندی زۆر نالێکیان هەیە بەدی دێ ــ ئەم پەیوەندییە هەندێ جار ئەوەندە ئاڵۆزە کە فیلمنامەکە تووشی کێشە ئەکات. ئەو ڕووداوە ڕواڵەتی و واتاییەی ئەیدەینە پاڵی، سەرەڕای هەموو ویست و خواستە ئەگەرییەکان، بەر لە ڕێکخستنی نمای فیلمەکە بوونیان نییە، تەنانەت لەو دیمەنە جیاوازانەی کە سەرەنجام تێکڕای فیلمەکە بەدی ئەهێنن. لەمەش ئەچمە پێشترەوە و ئەڵێم لە هەندێ شوێندا بەکارهێنانی مۆنتاژ یەکێک لە ڕێگەکانی دروستکردنی ئەم فیلمە نەبووە، **بەڵکوو تەنها ڕێگەی لوان و ئەنجامی ئەو کارە بوو.**

---



**٢٣٠ـ** وەویلە: marionette بووکەڵە، بووکی تەختەی بەژنەباڵای بووکەشانۆ و قەرەقۆز، چەند تەل یان دەزووی پێوە بەستراوە و شانۆگەر بە گوێرەی چیرۆکەکە ئەیجووڵێنێ [د] عروسک خیّمه شب بازی [N] dukker [ع] دمية.




لە ڕاستیدا ئەگەر ئاژەڵەکانی فیلمەکەی تۆران بە ئەندازەی ڕین–تین–تین[٢٣١] هۆشمەند بووایەتن و بیانتوانیایەت بە ڕاهێنان ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە لە ڕێگەی مۆنتاژەوە ئەدرێتە پاڵیان، بەرەگەی چەقبەستن و بابەتی فیلمەکە لە بناغەوە ئەگۆڕا. چونکە لەم دارەتەدا ئیتر ئەوەندە سەرنجمان نەئەدایە چیرۆکەکە، بەڵکوو لێوەشاوەیی ئەو ئاژەڵانە سەرنجمانی ڕائەکێشا. بە گوتەیەکی تر، فیلمەکە ئیتر شتێکی هەڵۆسە نەئەبوو، بەڵکوو ئەبوو بە شتێکی ڕاستەقینە و ئێمەی بینەر لەبری چێژوەرگرتن لە چیرۆک، ئەکەوتینە پەسنی شانۆی **بەزمگە**[٢٣٢] کە بە باشی نمایش ئەکرێ. مۆنتاژ، واتە هەمان ئافرێنەری نادیدە و تەڵبێژی واتا، ئەو دارەتە ناڕاستەقینە ئەپارێزێ کە مەبەستە نمایش بکرێ.

بەڵام سەبارەت بە پزدانی سوور پێچەوانەی ئەم گوتەیە ڕاستە. من وای بۆ ئەچم و ئەشی سەلمێنم ئەم فیلمە نابێ و ناتوانێ وامداری مۆنتاژ بێ. ئەم گوتەیە تا ڕادەیەک ناکۆک خۆیا ئەکات، چونکە زوومۆرفیزمی[٢٣٣] پزدانەکە خەیاڵاوی ترە تا بەمرۆڤزانی

---

٢٣١ ـ ڕین ـ تین ـ تین: Rin_Tin_Tin سەگی زیرەکی ڕنجیرەی مناڵانی ئەمریکایی ١٩٥٩ بە ناوی ڕەهاتەکانی ڕین ـ تین ـ تین، تلەڤیزیۆن ١٦٤ بەشی لێ بڵاو کردەوە.

٢٣٢ ـ بەزمگە: vaudeville ڤەودڤیل، چەشنێک سەرگەرمی ئەمریکایی سەرەتای سەدەی بیست، بریتی بوو لە شانۆی بۆرلسک و سەما و گۆرانی.

٢٣٣ ـ زوومۆرفیزم: zoomorphism هونەرێکە کە مرۆڤ وەکوو ئاژەڵی نامرۆیی







ئاژەڵەکان. پزدانی سوور لە فیلمی لامۆریس بە ڕاستی هەمان بزاوتن لە بەردەم کامێرادا پیشان ئەدا کە ئێمە لەسەر پەردە ئەیبینین. ڕاستە لێرەشدا تەڕدەستییەک لە ئارادایە، بەڵام ئەم تەڕدەستییە هینی سینەما نییە. لێرەشدا، وەک تەڕدەستی و مەگی، هەڵۆسەکە لە دەروونی خودی ڕۆژەڤدا بەدی ئەهێنرێ. واتە شتێکی ڕاستەقینە و بەرهەستە کە لە دەرەتانی ئێدیت هەبوون و ژیانی وەرنەگرتووە.

ڕەنگە بڵێن جا جیاوازی چییە؟ خۆ بەرئەنجامی هەرووکیان یەکە ــ بۆ وێنە، ئایە ناچار نەکراوین پەژێرەی ئەوە بکەین کە لەسە پەردە پزدانێک هەیە کە ئەتوانێ وەکوو سەگێکی بچکۆلانە بە دوای خاوەنەکەیدا هەڵبێ؟ جیاوازییەکەی لەوە دایە کە بە سوودوەرگرتن لە مۆنتاژ ئیتر پزدانی جادوویی لە ئارادا نەبوو، لە کاتێکدا لە فیلمی لامۆریس بە ڕاستی ڕووبەڕووی پزدانێکی ڕاستەقینە ئەبینەوە.

ڕەنگە باشتر بێ تۆزێ وردتر ببینەوە و ئەم خاڵە بکەینەوە کە مۆنتاژ، لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، لە خودی خۆیدا شتێکی ڕەها نییە. مۆنتاژ، ئەو کاتەی بیچمێکی سۆلان و سادەی هەبوو، لە لای مەردم ئامێرێکی دەستکرد یان جۆرێک تەڕدەستی نەبوو؛ سۆنگەی ڕاستبوونی ئەم گوتەیە ئەو کەسانەن لە یەکەم نمایشی فیلمی برایانی لۆمییێر، کاتێک کە ترەن ئەهاتە وێستگەی سیۆتا Ciotat، لە ترسان

ئەزانێ. ئاژەڵ بە جۆری تری زیندەوەری گیاندار ئەزانێ، بۆ وێنە خواکان وەکوو ئاژەڵ پیشان دراون.







هەڵاتن بۆ بنی هۆڵەکە. بەڵام درێژەدان بە سینەماچوون، بینەرانی وریا کردەوە و بەشێکی مەزنی مەردم ئەگەر تۆزێک سەرنجیان تیژ بکەن و ورد ببنەوە، ئەتوانن دیمەنی ڕاستەقینە و دیمەنی مۆنتاژکراو لێک جیا بکەنەوە. ڕاستییەکی تر ئەمەیە کە بە **نمای پێشئامادە**[٢٣٤] ئەتوانن دوو شتی جیاواز، بۆ وێنە پاڵەوان و بەبر لە تەنیشت یەکەوە پیشان بدەن؛ ئێستە ئەگەر ئەم دوانە لە کەشی ڕاستەقینە لە تەنیشت یەکەوە بوایەتن، ڕەنگە کێشەی بەدی ئەهێنا. بەمجۆرە، لێرەدا هەڵۆسە دارماڵترە، بەڵام ئەتوانین بیدۆزینەوە. هەرچی چۆن بێ، ئاریشە ئەوە نییە ئایە ئەم تەڕدەستییە ئەبینرێ، یان گرنگ ئەوەیە کە ئایە تەڕدەستییەک بەکار هێنراوە یان نا، ڕێک بەو شێوەی کە ناتوانین جوانی ڕایشتێک لە بری جوانی تابلۆیەکی ڕەسەنی **ڤەرمیێر**[٢٣٥] دابنێین. ڕەنگە هەندێ نەیاری دەرببڕن و بڵێن لە جووڵانی پزدانی فیلمەکەی لامۆریسیشدا هەندێ تەڕدەستی بەکار هێنراوە. جا دیارە وایە، ئەگینا ڕووبەڕووی فیلمێکی بەڵگەیی ئەبووینەوە کە سەبارەت بە پەرجوو یان نووازەی[٢٣٦] لۆتەرێک ئەبوو، کە خۆی لە بناغەوە فیلمێکی تر ئەبوو. پزدانی سوور

---

٢٣٤ ـ نمای پێشئامادە: process shots بەدیهێنانی بەشێک لە وێنەی فیلمێک لە ستۆدیۆ یان بە سوودوەرگرتن لە تەڕدەستی وێنەگەری [ع] مشهد تحضيري [د] نمای تمهیدی.

٢٣٥ ـ ڤەرمیێر: Johannes Vermeer (١٦٣٢ـ١٦٧٥) شێوەکاری بەناوبانگی هولەندی، کە پرووست زۆر حەزی لە کارەکانی بوو و لە چەند شوێنی ڕۆمانی «گەڕان»دا ئەمازەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێئەکا.

٢٣٦ ـ نووازە: fakir work لۆتەری و کەرامات و کاری سەمەری مورتاز و خەڵوەکێش [ع] كرامة [د] کرامات.




چیرۆکێکە بە فیلم ئەگێڕدرێتەوە و دەراندەر هەڵقولاوی ئەندێشەی مرۆڤە، بەڵام خاڵە گرنگەکەی ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە هەموو شتێکی وامداری سینەمایە، ڕێک بەو هۆیەوە کە لە بناغەوە هیچ شتێکی وامداری سینەما نییە.


ئەوە ئاسانە پزدانی سوور وەکوو چیرۆکێکی وێژەیی سەیر بکەین. بەڵام چیرۆکی نووسراو چەندەش جوان نووسرابێ، ناتوانێ شان بدات لە شانی فیلم، چونکە سەرڕێژنەی فیلم لە بناغەوە لە سەردەیەکی ترە. لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر لامۆریس لە هەڵۆسەی بەرئەنجامی مۆنتاژ، یان لە دارەتی بێتوانایی، سوودی لە نمای پێشئامادە وەربگرتایەت، چما خودی ئەم چیرۆکە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر باش وەرگێڕدرابێ بۆ فیلم، لە پەرتووکدا زیاتر ڕاستەقینە خۆیای ئەکرد تا لەسەر پەردە. ئەم فیلمە لەبری ئەوەی کە ئێستە هەیە، واتە «فیلمی سەربردەیەک» و، ئەگەر ئێوە ئەم دەستەواژەیەتان زیاتر لا پەسەندە بەڵگەییەکی گریمانەکراو، بکرایەت بە چیرۆکێک کە وێنە بە وێنە بگوترایەت ــ بە هەمان شێوە کە لە پەرتووکدا وشەبەوشە ئەگوترێ.

ئەم دەستەواژەیە بە بڕوای من، یەک جار و بۆ هەمیشە بە باشترین شێوە ئەوە وەسپ ئەکات کە لامۆریس ئەنجامی ئەدات، واتە شتێکی هاوشێوە و لە هەمان کاتدا جیاواز لەگەڵ ئەو فیلمەی **ژان کۆکتۆ**[٢٣٧] بە ناوی **خوێنی هۆنەرێک**[٢٣٨] ئافراندوویەتی،

---

٢٣٧ ـ ژان کۆکتۆ: Jean Cocteau (١٨٨٩ ـ ١٩٦٣) هۆنەر و نووسەر و فیلمساز، هونەرمەند و ڕەخنەگری هونەری وێناگەری فەڕانسەیی.

٢٣٨ ـ خوێنی هۆنەرێک: The Blood of a Poet فیلمی سینەمایی ئاڤانگاردی






کە هەمانا بەڵگەییەکە سەبارەت بە هۆرم. بەمجۆرە، لێرەدا ئەندێشەکانمان ئێمەیان لە ناو چەندین بازنەی ناکۆکەکاندا قەتیس کردووە. مۆنتاژ، کە هەمیشە پێمان ئەڵێن گەوهەری سینەمایە، لەم دارەتەدا «دارماڵترین» نموونە لە ڕەوتی وێژەیی و دژی سینەماییە. بەپێچەوانە، سینەمای بنەڕەتی، لە ڕەسەنترین بیچمیدا، ئەبێ لە ڕێزدانانی ڕاستگۆیانەی وێنەگرانە بە یەکگرتوویی کەش و حەوا بزانین.


ئێستە ئەبێ شرۆڤەکەمان تۆزێ فراوانتر بکەین، چونکە بۆی هەیە یەکێک بە بەڵگەوە بڵێ هەرچەند پزدانی سوور لە ناخی خۆیدا وامداری مۆنتاژ نییە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکەوت پابەندی مۆنتاژە. چونکە ئەگەر لامۆریس مەزاخێکی ٥٠٠,٠٠٠ فرانکی بۆ پزدانی سوور بەکار بهێنایەت، لەبەر ئەوە ئەبوو دڵنیا بێ **پزدان** کەم ناهێنێ. بەم شێوەیە، ئەسپی فیلمی **ئەسپی سپی**ش ئەفسانەیەکی پیارەیە[٢٣٩]، چونکە چەندین ئەسپی هاوشێوە بوون و هەموویان تا ڕادەیەک کێوی، لەسەر پەردە لەبری یەک ئەسپ پیشان دران. لەسەر بناغەی ئەم خاڵە ئەتوانین پێناسەیەکی تازە لە یەکێک لە ڕێسا بنەماییەکانی شێوازناسی[٢٤٠] فیلم بدەین بەدەستەوە.

---

فەڕانسەیی **١٩٣٠**، دەرهێنانی ژان کۆکتۆ.

**٢٣٩ ـ** پیارە: Alternative خرش، متە، زڕ، نەبەڕاستی، بەدەڵ، ئاڵترناتیف، مت، نارەسەن، ناسۆلان [N] alternativ [ع] البدیل [د] بدل.

**٢٤٠ ـ** شێوازناسی: Stylistics بریتییە لە شرۆڤەی دەق لەسەر بناغەی شێوازی زمانناسی و ناسانەی دەق ⇐ ناسانە: Tone ئاواز، ئاوازی دەنگ، سەدا،




دوخمانییە ئەگەر فیلمەکانی لامۆریس، بۆ نموونە **چارۆکەی سوور**(٢٤١)، دارماڵ بە گریمانەکراو و چیرۆکی بزانین. ئەگەر فیلمەکانی وەهان کە مرۆڤ بڕوایان پێئەکات، بێگومان لە بەهای بەڵگەیی ئەوانەوە سەرچاوە ئەگرێ. چونکە ئەو ڕووداوانەی پێشکەشیان ئەکات تا ڕادەیەک ڕاستەقینەن. گوندەکانی ناوچەی **کامارگ**(٢٤٢)، ژیانی ئەسپداران و ماسیگران و نەریتی شوانەکان ژێرخانی چیرۆکی **ئەسپی سپی** بەدی ئەهێنن و بناغەیەکی تۆکمە بۆ ئەم ئەفسانەیە دابین ئەکەن. بەڵام ڕێک لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە، دیالکتیکێک بونیاد ئەنرێ کە هیی کەوشەنی خەیاڵە و، بە شێوەیەکی پەرەگر لەگەڵ بەکارهێنانی پیارەکانی «ئەسپی سپی» خۆی پیشان ئەدات. کەواتە، «ئەسپی سپی» لە یەک کاتدا هەم ئەسپی سپی ڕاستەقینەیە، کە لە سەر بژوێنی شۆراوی ناوچەی کامارگ پیاسە ئەکات و هەم ئەسپێکی گریمانەکراوە کە بۆ هەمیشە لە تەنیشتی **فۆلکۆی** بچکۆلانەوە (پاڵەوانی فیلمەکە) هەنگاو ئەنێ. ڕۆژەڤی سینەمایی ئەم ئەسپە بە تەواوەتی بەستراوە بە ڕۆژەڤی بەڵگەییەوە، بەڵام ئەگەر بڕیارە ئەم خەیاڵە، ڕاستی بێ، ئەبێ

---

ئاوا [د] لحن صدا، نواخت [ع] نبرة الصوت.

٢٤١ـ چارۆکەی سوور: The Crimson Curtain فیلمی کورتی فەڕانسەیی ١٩٥٣، دەرهێنانی ععع.

٢٤٢ـ کامارگ: Camargue ناوچەیەکی سروشتی پاوانکراوە لە باشووری ئارلێسی فەڕانسە، لەسەر زەریای سپی ناوەڕاست.

بمرێ و دیسانەوە لە ناخی ڕۆژەڤەوە سەر هەڵبهێنێ.

بێگومان، فیلمگرتنی ئەم فیلمە پێویستی بە شارەزایی جۆراوجۆر هەیە. ئەو کوڕیژگەی لامۆریس هەڵی بژاردووە، تەنانەت لە نزیکەوە ئەسپەکەی نەبینیبوو، بەڵام ئەبوایە فێر ببێ سواری سەر پشتی ڕووتی ئەسپی بێ زین ببێ. کۆمەڵێک لە دیمەنەکانی فیلم بە ڕاستی بەبێ سوودوەرگرتن لە تەڕدەستی تایبەت و بە کەمتەرخەمی ئاشکرا بەو مەترسییانەی ڕەنگە لێی بکەوێتەوە، فیلمی گیرا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە ساتێک بیرکردنەوە بۆمان دەرئەکەوێ ئەوەی کە ئەیبینین، ئەگەر بە ڕاستی ڕووی دابا، واتە سەرکەوتوانە لە بەردەم کامێرادا ئافرێنرابا، ئیتر ئەم فیلمە بوونی نەئەبوو، چونکە ئیتر ئەفسانەیەک بوونی نەئەبوو. هەر ئەم تەڕدەستییە کەمە و هەر ئەم هەڵاتنە لە ڕاستەقینە، کە پێداویستی لۆجیکی چیرۆکەکەیە، خەیاڵ لەگەڵ ئەوەی ڕاستەقینەیە تێکەڵ ئەکات و لە هەمان کاتدا لە جێگەیشیدا دائەنێ. ئەگەر تەنها یەک ئەسپی کێوییان ناچار بکردایەت تا بە هەزار کێشە بە گوێرەی هەلومەرجی تەکنیکی کامێرا هەڵسووکەوت بکات، فیلمەکە ئەبوو بە نمایشی شیرینکاری و فیلمی پەروەردەی پسپۆڕانەی ئەسپ، وەکوو **تام میکس**[٢٤٣] و ئەسپە سپییەکەی.

ئاشکرایە لەم دارەتەدا چیمان لەدەست ئەچوو. ئەگەر بڕیار بێ فیلمەکە بە لوتکەی جوانناسی خۆی بگات، ئێمەی بینەر ئەبێ ڕاستەقینەبوونی ئەوەی لە بەردەم کامێرادا ڕوو ئەدات، بڕوا بکەین، لە کاتێکدا ئەزانین کە تەڕدەستی سینەماییش لە ئارادایە.

٢٤٣ـ تام میکس: Tom Mix (١٨٨٠ـ١٩٤٠) ئەکتەری ئەمریکایی زۆر لە فیلمە وێستێرنە سەرەتاییەکان.




ئەوە ڕوونە، پێویست ناکات بینەران بزانن کە سێ یان چوار ئەسپی سپی بەکار هێنراوە.[٢٤٤] یان کاتی فیلمگرتن کەسێک سەری پەتێک ڕائەکێشێ، تا لە ساتێکی لەباردا سەری ئەسپەکە بسووڕێ بە لایەکدا؛ گرنگ ئەوەیە بینەر بتوانێ هاوکات هەم دروستبوونی کەرەستەی بنەڕەتی ئەو فیلمە پەژێرە بکات و، هەم بە خۆی بڵێ ئەو فیلمە بە ڕاستی سینەمایە. بەم چەشنە، پەردەی سینەما هەمان بەرزی و نەوینی خەیاڵ و ئەندێشەکانی خۆمان تاو ئەداتەوە؛ ئەو خەیاڵەی لەسەر ڕۆژەڤێک ئەژی کە بڕیارە جێگەی بگرێتەوە. واتە چیرۆکی فیلم لە ئەزموونێک لەدایک ئەبێ کە عیسای بەرگیراو ئێمە لە کەوشەنی ئەو تێ ئەپەڕێ.

بەم شێوەیە، ئەوەی لەسەر پەردە جێگەی ڤالایە، ئەبوایە چرووپری شتێکی ڕاستەقینەی هەبوایەت. کەوابوو، لەم نموونەدا ناتوانین لە مۆنتاژ سوود وەربگرین، مەگەر لە سنوورێکی زۆر داخراودا، ئەگینا ئەو مەترسییە هەیە کە خودی هەبوونناسی

٢٤٤ـ هەر بەم شێوە، وا پێئەچێ، «ڕین ـ تین ـ تین»یش هەبوونی سینمایی خۆی وامداری چەند سەگی ڕانی ئاڵمانییە کە زۆر لەو ئەچن و هەمووشیان ڕامکراون تا ئەو تەڕدەستیانە ئەنجام بدەن کە تەنها «ڕین ـ تین ـ تین» ئەتوانێ لەسەر پەردەی سینەما ئەنجامی بدات. هەرکام لە ڕووداوەکان ئەبێ لە ڕۆژەڤ و بەبێ مۆنتاژ ئەنجام بدرێ. مۆنتاژ ئەبێ لە واتایەکی دووەمیدا سوودی لێ وەربگیرێ، واتە یارمەتی وزەی گریمانەکراوی ئەفسانەی چەند سەگی ڕاستەقینە بدەن، کە ڕین ـ تین ـ تین تایبەتمەندی هاوبەشی هەموویانە. تێبینی: هیو گرەی


چیرۆکی سینەمایی بکەوێتە مەترسییە. بۆ نموونە، دەرهێنەر نابێ بە بەکارهێنانی وێنە–وێنە لە دژواری نمایشی دوو لایەنی هاوکات لە یەک ڕووداو خۆی بپارێزێ. لامۆریس لە دیمەنی ڕاوەکەروێشک وەهای کردووە و، دیاریشە خۆی بە باشی ئەوەی زانیوە. لەم ڕووەوە ئەسپ و کورپێژگە و کەروێشک هەرسێکیان لە یەک نمادا ئەبینرێن. سەرەڕای ئەمانەش، لە دیمەنی گرتنی ئەسپەکە، ئەو شوێنەی کورپێژگە ئەسپەکە بە دوای خۆیدا ڕائەکێشێ، لامۆریس ئەوەندەی نەماوە هەڵە بکات. ئەوە گرنگ نییە ئەگەر بزانین ئەو ئەسپەی فۆلکۆ بە دوای خۆیدا ڕای ئەکێشێ، خرشی ئەسپە سپییە، بەڵام لە کۆتایی ئەم بەشەدا، کە ئەسپەکە خاوی ئەکاتەوە و ئەوەستێ، کامێرا ئەو شتەمان پیشان نادات کە گومانمان تێیدا نییە، واتە کورپێژگە و ئەسپەکە بە شێوەیەکی فیزیکی لە تەنیشت یەکەوە. ئەمکارە تەنها بە سووڕان یان کشانەوەی کامێرا ئەلوا. ئەم نما سادە و بەپارێزە، ئەیتوانی ڕاستی هەموو ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ کە لەسەر پەردە ڕووی دابوو. پیشاندانی دوو نمای جیا لە فۆلکۆ و ئەسپەکە، بە واتای خۆبواردن لە کارێکی دژوارە و، هەرچەند ئەم خۆبواردنە، لەم قۆناغە لە ڕووداوەکە، ئەنجامی زیانباری کەمتری ئەبێت، بەڵام هەرچی چۆن بێ پەیوەستبوونی شوێنیی ڕووداوەکە تێک ئەدا، کە دڵخواز وەهستنەوازە.

[ڕەنگە باشتر بێ بۆ ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە نموونەیەک بهێنمەوە. لە فیلمی **ئەو شوێنەی داڵەکان نافڕن** **where no vultures fly**، وەرزێکی لەبیرنەکراو هەیە، هەرچەند ئەم فیلمە لە ڕوانگەی لایەنەکانی تریەوە فیلمێکی ئینگلیزی ناونجی زیاتر نییە. فیلمەکە گێڕانەوەی سەربردەی ژن و شوویەکی جەوانە لە ئەفریقای







باشوور کە لەوێ قۆرخگەیەکی ڕاویان پێک هێناوە. ئەم دوانە هەر لەبەر ئەمە لەگەڵ منداڵە بچووکەکەیان لە قووڵایی لێڕەواردا ئەژین. ئەو بەشەی مەبەستی منە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەست پێ ئەکات. منداڵەکە، بەبێ ئاگاداری باوک و دایکی، لە قۆرخگە دوور ئەکەوێتەوە و پەڵخە شێرێک ئەبینێ دایکی بۆ ماوەیەک بەجێی هێشتووە. منداڵ، بەبێ گوێدانە ئەگەری مەترسی، پەڵخەشێر هەڵئەگرێ و لەگەڵ خۆی ئەیبات. لەم کاتەدا، دەڵەشێرە کە ڕەنگە بە هۆی دەنگەدەنگ یان بۆنەوە هەستی بە بوونی منداڵەکە کردووە، ئەگەڕێتەوە بۆ کەوێڵ و ئەکەوێتە دوای منداڵەکە کە هیچ ئاگای لەو مەترسییە نییە، هەڕەشەی لێ ئەکات. نێوانی شێر و منداڵەکە زۆر کەمە. ئەم دەستە بچووکە ئەگەنە لای قۆرخگە. لێرەدا باوک و دایکی، شپرزە و شەڵەژاو، منداڵ و شێرەکە ئەبینن و چاوەڕوانن هاکا دەڵەشێر پەلاماری منداڵە دزەکەیان بدات. ڕێگە بدەن با لێرەدا چیرۆکەکە بۆ ساتێک ڕابگرین. تا ئێرە هەموو شت لە ڕێگەی مۆنتاژەوە هاوتەریب پیشان دراون و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی دڵەڕاوکێ دراوە، زۆر ئاسایی و دەستکردە. بەڵام لەپڕ ترس بەسەرماندا زاڵ ئەبێ، چونکە دەرهێنەر لە مۆنتاژی دیمەنە جیاکان، کە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەی لێک جیا ڕاگرتووە، ئەگەڕێ و لەبری ئەوە باوک و دایکی منداڵەکە و دڵەشێر لە نمایەکی دارماڵدا پیشان ئەدات. ئەم چوارچێوە، کە هیچ تەڕدەستییەکی تێدا بەکار نەهاتووە، خۆبەخۆ ڕەسەنایەتییەکی ڕاستەوخۆ بە




مۆنتاژە ساکارەکەی پێشوو ئەبەخشێ، کە ڕووداوەکانی ڕابوردووش ئەگرێتەوە. لێرە بە دواوە، هەر لەم نما دارماڵەدا، باوک ئەبینین لە کاتێکدا شێرەکە چەند هەنگاو دوورتر لە مناڵەکەی وەستاوە، بە مناڵەکەی ئەڵێ نەجووڵێت. پاشان بەچکە شێرەکە دابنێ و بە ئارامی بچێ بۆ لای ئەوان. چەند سات دواتر شێرەکە دێت و مناڵەکەی هەڵئەگرێ و ئەچێتەوە بۆ ناو لێڕەوارەکە. لەم کاتەدا، باوک و دایک بە شادمانی فراوانەوە هەڵدێن بۆ لای مناڵەکەیان.


ئاشکرایە ئەگەر هەموو ئەم وەرزە بە مۆنتاژ یان بە هۆی تەردەستی سینەمایی دروست بکرایەت، لە ڕوانگەی گێڕانەوەییەوە دیسان هەمان واتای سادەی ئەبوو. بەڵام لە هیچکام لەم دوو نموونەدا، ڕووداو بە هەموو ڕۆژەڤی شوێنی و فیزیکی خۆیەوە لە بەرامبەر کامێرادا نمایش ناکرێ، کەوابوو سەرەڕای سروشتی ڕاستەقینەی هەر نمایەک، تەنها باندۆری چیرۆکێکی هەبوو نەک ڕووداوێکی ڕاستەقینە. بە گوتەیەکی تر، لە نێوان ئەم دیمەنە لە فیلمەکە و بەشێک لە ڕۆمان کە ئەم بەشە گریمانەکراوەی ئەگێڕایەوە، هیچ جیاوازییەک نەبوو. بەمجۆرە، بەهای دراماتیک و ڕەوشتی ئەم بەشە لە ئاستێکی مامناوەنجیدا ئەبوو. لە لایەکی ترەوە، نمای کۆتایی ئەم دیمەنە کە کەسەکان لە دارەتی ڕاستەقینەدا دەرئەکەون، دەسبەجێ ئەمانگەیەنێتە لوتکەی هەستە سینەماییەکان. لە ڕاستیدا، کارێکی ئاوەها گرنگ لەو ڕووەوە لواوە کە دەڵەشێر، نیوەڕامە و بەر لە فیلمگرتن




لەگەڵ ئەو کەسانە ژیاوە. بەڵام پرسگری سەرەکی ئەمە نییە. پرسیار ئەوە نییە ئایە مناڵەکە بە ڕاستی لە مەترسیدایە وەک ئەبینین، بەڵکوو ئەوەیە کە ئەم دیمەنە بە پاراستنی یەکبوونی شوێن فیلمی لێ گیراوە. لێرەدا، ڕیالیزم لە هاوسانی شوێندا خۆی نواندووە. بەم شێوەیە، ئەبینین لە هەندێ نموونەدا بەر لەوەی گەوهەری سینەما بێ، لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەیەتی. کەوابوو دیمەنێک بە گوێرەی ئەوەی بە مۆنتاژ پیشان بدرێ یان لە نمای دارماڵدا، ئەتوانێ ببێ بە پارچەیەکی وێژەیی لاواز، یان وەرزێکی سینەمایی ناوازە. تێبینی: هیو گرەی]

ئەگەر خۆمان بە ناچار بزانین کە ئالێرەدا پێناسەیەک لەم پرسگرە بدەین بەدەستەوە، بە بۆچوونی من ئەتوانین ڕێسای خوارەوە وەکوو ڕێسایەکی جوانناسی پێشکەش بکەین: «**کاتێک بنەمای دیمەن پشتئەستوور ئەبێ بە پیشاندانی هاوکاتی دوو یان چەند هۆکار، مۆنتاژ ئەخرێتە لاوە.**» بەڵام مۆنتاژ بۆی هەیە لەم دارەتەیشدا وەکوو پێویست خۆیا بکات، ئینجا ئەوە لە دۆخێک دایە کە واتای ڕووداو نەبەستراوە بە نزیکی فیزیکی توخمەکانییەوە. بۆ نموونە، لامۆریس ئەیتوانی سەری ئەسپەکە لە نمای درشتدا پیشان بدات و، کاتێک بە قسەی مناڵەکە ئەکات و ئەسووڕێتەوە بۆ لای (کە ئەو کارەش ئەکات)، ئەبوایە بەر لەوە نمایەک پیشان بدات، کە ئێمە کوڕە و ئەسپەکە لە لای یەکەوە ببینین.

پرسگر ئەوە نییە کە مسۆگەر ئەبێ لە بەشەکانی نمایەک




سوود وەربگیرێ یان ڕێگەی کارساز، کە بۆ دەربڕینی ڕووداوەکان هەیە بخرێتە لاوە، یان ئەو شێوازە لەبارانەی کە بۆ گۆڕانی نماکان هەیە، بەکار نەهێنرێ. پرسگری ئێمە لێرەدا بیچمی فیلم نییە، بەڵکوو ناوەرۆکی چیرۆکی ڕووداوەکانە ــ بە گوتەیەکی وردتر، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە بوونی جۆرێک پەیوەندی دەروونی تایبەت لە نێوان ناوەرۆک و تەشک دایە. بۆ نموونە، ئۆرسن وێڵز لە فیلمی **بنەماڵەی ناوازەی ئەمبێرسۆن**دا هەندێ لە دیمەنەکان لە یەک نمادا ئەگرێ، کەچی لە فیلمی **جەنابی ئارکادن**[٢٤٥] لە مۆنتاژی نمای فراوان سوود وەرئەگرێ. بەڵام ئەمە تەنها گۆڕانی شێوازە و بە هیچ شێوەیەک بابەتی فیلمەکە ناگۆڕێ. تەنانەت ئەتوانم بڵێم فیلمی **تەناف**ی[٢٤٦] هیچکاک بە هەموو گرنگی هونەرییەوە، کە بۆ شێوەی نمایشی ئێستەی دائەنێن، ئەتوانرێ بە مۆنتاژی کلاسیک ئێدیت بکرێ. لە لایەکی ترەوە، ناتوانرێ بوترێ لە دیمەنی بەناوبانگی ڕاوی سەگلاوک لە فیلمی **نانۆک**دا نابێ ڕاوچی و کونی ناو سەهۆڵەکە و خودی سەگلاوکەکە لە یەک نمادا ببینین. لێرەدا، تەنها پاراستنی یەکبوونی شوێنی ڕووداوەکە لە ئارادایە. لە کاتێکدا بڕینی فیلمەکە،

---

**٢٤٥ ـ** جەنابی ئارکادن: Mr. Arkadin فیلمی سینەمایی فەڕانسە ـ ئیسپانیایی ـ سویسی ١٩٥٥، دەرهێنانی ئۆرسن وێڵز. لە بریتانیا بە Confidential Report ناسراوە.

**٢٤٦ ـ** تەناف: Rope فیلمی ئەمریکایی هەژێنەری سایکۆ ـ تاوان، هیی ١٩٢٩، دەرهێنانی هیچکاک، ژێوەرگیراو لە شانۆی پاتریک هامیلتۆن.







ڕووداوی ڕاستەقینەی فیلمەکە ئەکات بە ڕووداوێکی ئەندێشەی. فلاهێرتی ئەم ڕێسایە زانیوە و پێی هەڵساوە. جگە لە چەند دیمەندا کە لە ئەنجامدا تۆکمەیی ئەوانەی کەم کردوەتەوە، وێنەی نانۆک کە لە لێواری کونێک لەسەر سەهۆڵ خەریکی ڕاوی سەگلاوکە، لە دڵنەوازترین نماکانی هەموو مێژووی سینەمایە. بەڵام لە فیلمی **چیرۆکی لویزیانا**[٢٤٧] لە دیمەنێکدا ململانێ لەگەڵ ئالیگاتۆر، کە گیری کردووە بە تەنافی قولاپەکەوە و، بە ئاشکرا دیارە بەرئەنجامی مۆنتاژە و بڕگەکە لاواز و بێپێز خۆیا ئەکات. هەر لەم فیلمەدا، ئەو دیمەنەی کە ئالیگاتۆر ماسیخۆرەکە ڕاو ئەکات، لە نمایەکی سووڕاودا گیراوە و بە ڕاستی شایانی پەسنە.

بەڵام پێچەوانەی ئەم لایەنەش ڕاستە. واتە ئەگەر بمانەوێ سەربردەی چەند ڕووداو وەک ڕاستەقینە پیشان بدەین، ئەوەندە بەسە یەکێک لە نماکان بە دروستی وەها هەڵببژێردرێت، کە ئەو توخمانەی پێشتر بە مۆنتاژ لێک جیاکرابوونەوە، لە لای یەکەوە پیشان بدەین. بەڵام بە ئاسانی ناتوانین بڵێین ئەم ڕێسایە لەمەڕ چ جۆرە بابەت یان لە چ هەلومەرجێکدا بەڕاست ئەگەڕێ. بۆیە پارێزی تێدا ئەکەم و تەنها ئاماژە بە چەند نموونە ئەدەم. بەر لە هەموو شت، ئەم ڕێسایە لەمەڕ هەموو فیلمە بەڵگەییەکان بە ڕاست ئەگەڕێ، چونکە ئارمانجی فیلمی بەڵگەیی ئەوەیە ئەو ڕووداوانە

---

٢٤٧ـ چیرۆکی لویزیانا: Lousiana Story درامای بەڵگەیی ئەمریکایی ١٩٤٨، دەرهێنانی ڕابێرت جەی. فلاهێرتی.




پیشان بدات کە ئەگەر بە ڕاستی لە بەردەم کامێرادا ڕوویان نەدابێ، کێشەریان نامێنێ. مەبەست لەو دەستە فیلمە بەڵگەییانە کە دارەتی گوزارشتیان هەیە. فیلمی نووچەش ئەتوانێ تا ڕادەیەک بکەوێتە ئەم پۆلەوە. ئەو ڕاستییەی کە لە هەمان ڕۆژانی سەرەتای سینەمادا، بەدیهێنانەوەی ڕووداوە ڕاستییەکان کارێکی شیانست بوو، سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕوانگەی مەردم گۆڕاوە.

ئەم ڕێسایە لەمەڕ بەڵگەیی فێرکاری ناسەلمێ، کە ئامانجیان نە گوزارشتکردن، بەڵکوو شرۆڤەی ڕەهاتەکەیە. هەڵبەت لەم فیلمانەشدا، هەندێ بەشی وەکوو پۆلی یەکەم هەیە. بۆ نموونە، بەڵگەییەک لەمەڕ تەڕدەستی لە بەرچاو بگرن! ئەگەر مەبەستی فیلمەکە پیشاندانی شارەزایی ناوازەی ئوستادی تەڕدەستی بێ، هەر تەڕدەستییەک ئەبێ لە نمایەکی جیاوازدا پیشان بدرێ، بەڵام ئەگەر بڕیار بێ یەکێک لە تەڕدەستییەکانی شرۆڤە بکەین، ئەبێ لە چەند نمای ئێدیتکراودا پیشانی بدەین. مەبەست ڕوونە، کەواتە درێژە بە بابەتەکە ئەدەین!

نموونەی سەرنجڕاکیشتر، فیلمی سەربردەییە کە بەرەگەیەکی بەرفراوانی هەیە؛ لە جیهانی ئەفسانەی **ئەسپی سپی**یەوە بگرە تا بەڵگەییەکی وەکوو **نانۆک** کە تۆزێ ڕۆمانتیکئاسایە ئەگرێتەوە. کەواتە، بەو جۆرەی پێشتر وترا، پرسگر ئەگەڕێتەوە بۆ فیلمی بەسەرهات کە هەموویان واتای خۆیان لە ئامێتەی خەیاڵ و ڕۆژەڤ




بەدەست ناهێنن، یان ئەوەی کە لانی زۆر تەنها بەهای خۆیان لە تێکەڵبوونی ئەم دوانە وەرئەگرن. ئەوەی پێداویستی مۆنتاژ ئەکا بە ناچاری، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕاستەقینەیە.

سەرەنجام لە فیلمی چیرۆک ئەدوێین، کە وەکوو ڕۆمان یان شانۆنامەیەک وان، کە لەوانە وەرگیراون. بۆی هەیە هەندێ لە ڕووداو یان کاردانەوەکان بۆ مۆنتاژ نەگونجێن و مۆنتاژ تەنها وەکوو ڕێگرێکی پەرەسەندنی دارماڵی ئەو پەرچەکردارانە بژمێردرێ. پێشکەشکردنی کاتی ڕاستەقینە لەگەڵ کاتی تەڵبێژی مۆنتاژ ناکۆکن. هەروەک **هاوڵاتی کەین** و **بنەماڵەی ناوازەی ئەمبێرسۆن** ئەم لایەنە بەباشی پیشان ئەدەن.

لە هەموو گرنگتر، هەندێ لە دۆخەکان تەنها کاتێک ئەبن بە خاوەنی هەبوونی سینەمایی کە یەکێتی کاتی ئەوانە پارێزرابێ، بە تایبەتی دۆخی کۆمێدی کە لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شمەک سەقامگیرە. بەم هۆیەوە، ئەتوانین لە کۆمێدییە بەزموکوتە[٢٤٨]

**٢٤٨** ـ کۆمێدی بەزموکوت: slapstick comedy شێواز سینەما شێوازێکی گاڵتەجارییە کە چالاکیی جەستەیی زیادەڕەوی تێدایە و سنووری کۆمیدیای جەستەیی ئاسایی تێئەپەڕێنێت. ئەم شێوازە لە «سەردەمی زێڕین»ی فیلمە ڕەش و سپییەکان کە زیاتر چارلی، مابێل نۆرماند، براکانی مارکس، لۆرێل و هاردی، ئابۆت و کۆستێلۆ و سێ ستۆجی تێدابوو، زۆر باو بوو. شێوازی بەزموکوت، هەروەها بوو بە توخمێکی باو لە کارتۆنە ئەنیمەیشنەکاندا کە لە ساڵی **١٩٣٠**ـەوە دەستی پێکرد؛ نموونەکان بریتین لە کورتە فیلمەکانی

سـەرەتاییەکان، بە تایبەتی فیلمەکانی **باسـتەر کیتۆن**[٢٤٩] و **چاپلین،** زۆر شت فێر ببین. ئەگەر کۆمێدی بەزموکوت، تەنانەت لە سەردەمی بەر لە **گریفیس** و مۆنتاژیشدا سەرکەوتوو بوو، لەبەر ئەوە بوو کە زۆربەی گاڵتەکانی لە کۆمێدی دەڤەر، واتە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شمەک و جیهانی فەراگەرد مایەی وەرئەگرت. لە فیلمی **سیرکدا**[٢٥٠]، چاپلین بە ڕاستی لە قەفەسی شێرەکە دایە و هەردووکیان پێکەوە لەسەر پەردەی سینەما ئەبینین


*Cahiers du Cinema*, 1957 ,1953

---

میکی ماوس و دۆناڵد داک لە واڵت دیزنی، وودی وودپێکەر، تۆم و جێری و هتد...

**٢٤٩ـ** باستەر کیتۆن: Buster Keaton هونەرپیشە نووسەر (١٨٩٥ـ١٩٦٦) ئەکتەر، کۆمێدیەن، نووسەر و دەرهێنەری ئەمریکایی براوەی خەڵاتی ئۆسکار.

**٢٥٠ـ** سیرک: The Circus فیلم فیلمی بێدەنگی ١٩٢٨، بە هونەرمەندی و دەرهێنانی چارلی چاپلین.




# وتاری پێنجەم

## لە داکۆکی سینەمای تێکەڵدا


ئەگەر سەرنجێکی ڕاگوزاری فیلمەکانی دە پانزە ساڵی ڕابوردوو بدەین، دەسبەجێ بۆمان دەرئەکەوێ یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم فیلمانە ئەوەیە کە، تا ڕادەیەکی زۆر کەرەستەی خۆیان لە میراتی وێژە و شانۆ وەرگرتووە.

هەڵبەت تەنها ئەمڕۆ نییە کە سینەما، ڕۆمان و شانۆنامە وەکوو کەرەستەی کار بەکار ئەهێنێ. بەڵام تێڕوانینی ئەمڕۆی سینەما لەم بوارەدا جیاوازە. وەرگرتن لە **کۆنتی مۆنت کریستۆ**[٢٥١] و **بێنەوایان**[٢٥٢] و **سێ شاسوار**[٢٥٣] لە هەمان دەستەی وەرگرتن

٢٥١ ـ کۆنتی مۆنت کریستۆ: The Count of Monte Cristo رۆمان فیلم زنجیرە ڕۆمانێکی ناوازەی ١٨٤٤ـە، نووسینی ئەلەکساندر دۆمای باوک، دەیان فیلم و شانۆ و زنجیرەی لەسەر ساز کراوە.

٢٥٢ ـ بێنەوایان: Les MiserabLes رۆمان فیلم ڕۆمانێکی مێژوویی ١٨٦٢ی فەڕانسەییە، نووسینی ڤیکتۆر هۆگۆ. زۆر فیلم و موزیکاڵی لێ ساز کراوە.

٢٥٣ ـ سێ شاسوار: Les Trois Mousquetaires ڕۆمانێکی مێژوویی ١٨٨٤ی پڕ ڕووداوی فەڕانسەییە، نووسینی ئەلکساندر دۆمای باوک، چەندین جار کراوە بە فیلم. لە ژانری شاسوارگەری swashbuckler دایە و سوارچاکانی




**لە سەمفۆنی گوندی[٢٥٤]، ژاکی چارەگەرا، خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی، ئەهریمەن لە جەستەدا[٢٥٥] یان یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندیدا[٢٥٦]** نالوێ و یەک ناگرێتەوە. ئەلکساندر دۆما و ڤیکتۆر هۆگۆ تەنها کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان ئەدەن بە فیلمسازان، کە بە مسۆگەری لە چوارچێوە وێژەییەکەیاندا جیاوازن. پێرسۆنای وەکوو ژاڤێر[٢٥٧] یان دارتاینان[٢٥٨] چوونەتە ڕیزی میسۆلۆژییەکەوە کە لە دەرەوەی خودی ئەم ڕۆمانانە دان. واتە خۆیان بوونێکی سەربەخۆیان پەیدا کردووە کە ڕۆمانەکانی بەدیهێنەری ئەوان ئیتر شتێکی جگە لە ڕێکەوت و دیاردەی ناپێویست نین. لە لایەکی ترەوە، فیلمسازەکان هەروەها ڕۆمانی وەها بۆ ژێوەرگرتن هەڵئەبژێرن

---

شمشێربازن بۆ لویی سیانزە، پادشای فەڕانسە ئەجەنگن.

٢٥٤ـ سەمفۆنی گوندی: Symphonie pastorale **ڕۆمان** **فیلم** ڕۆمانی فەڕانسەیی **١٩١٩**، نووسینی ئاندرێ ژید. **١٩٥٨** کراوە بە فیلم.

٢٥٥ـ ئەهریمەن لە جەستەدا: Le Diable au corps ڕۆمانێکی **١٩٢٣**ی فەڕانسەییە، نووسینی ڕەیمۆند ڕادیگۆ Raymond Radiguet ڕیسواییەکی دڵدارییە ڕێک لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم. **١٩٤٧** کراوە بە فیلم.

٢٥٦ـ یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندی: Le Journal d'un curé de campagne فیلمی سینەمایی **١٩٥١** نووسین و دەرهێنانی ڕابێرت برێسۆن.

٢٥٧ـ ژاڤۆر: Javert کەسایەتی نەرێنی ڕۆمانی بێنەوایانی ڤیکتۆر هۆگۆ. لە زیندان لەدایک بوو و بوو بە پشکنەری پۆلیس و تا کۆتایی کە خۆی ئەکوژێ، بە دوای ژان ڤاڵژانەوە ئەبێ.

٢٥٨ـ دارتاینان: Charles de Batz de Castelmore d'Artagnan (**١٦١١ـ١٦٧٣**) سوارچاک و سەرپەلی پاسەوانانی لویی چواردە.




کە لەڕوانگەی وێژەییەوە لە پلەی یەکەمدان، بەڵام ئەم فیلمسازانە، ئەوانەش تەنها بە لێکدانەوەی زۆر وردی دیمەنەکانی فیلم دائەنێن. هەندێ لە فیلمسازانیش بە هۆی کەسایەتی، و تەنانەت «کەش»ـەوە ئەچن بۆ لای ڕۆماننووسان ــ لەم نێوانەدا کەش و هەوا قۆناخێکی باڵاتر لە دوو ویستەکەی ترە؛ بۆ نموونە کەشی بەرهەمەکانی **ژۆرژ سیمنۆن**(٢٥٩) یان کەشی هۆنەرانەی بەرهەمەکانی **پیەر ڤێری**(٢٦٠). بەڵام لەم نموونانەشدا ئەتوانین ڕۆژەڤی پەرتووک پشتگوێ بخەین و نووسەر بە فیلمنامەنووسێکی درێژدادڕ دابنێین. ڕاستی ئەوەیە کە زۆربەی ڕۆمانە تاوانکارییەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا بە دوو مەبەست نووسراون و هەمیشە چاوێکیان بڕیوەتە **هالیوود**(٢٦١) بەڵکو بە ژێوەرگرتن فیلمێک لەسەر پەرتووکەکەیان ساز بکات. هەروەها، چیرۆکی ئەو تاوانەی کە پزیسکێکی ڕاستەقینەی تێدا بێت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێزێکی زیاتری بۆ

---

**٢٥٩ـ** ژۆرژ سیمنۆن: George Simenon نووسەر (١٩٠٣ـ١٩٨٩) نووسەری فەڕانسەیی، ڕەچەڵەک بەلجیکی.

**٢٦٠ـ** پیەر ڤێری: Pierre Very نووسەر (١٩٠٠ـ١٩٦٠) ڕۆماننووس و فیلمنامەنووسی فەڕانسەیی.

**٢٦١ـ** هالیوود: Hollywood مەڵبەند یان گەڕەکێکە ئەکەوێتە شاری لۆس ئانجلەس لە هەرێمی کالیفۆرنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم مەڵبەندە تایبەتە بە دەرهێنانی فیلم و، بە ناوەندی مێژوویی هونەری حەوتەم واتە سینەمای جیهان ناسراوە. ژیان و نشینگەی زۆربەی هونەرمەندە ناسراوەکانی ناو دراما و فیلمەکان لەوشوێنەیە. هالیوود بە واتای (دارستانی پیرۆز) دێت.




دائەنرێ و؛ چونکە بە ئاسانی ناتوانرێ دەستکاری و گۆڕان لە دەقی نووسەردا بکرێ. بەڵام کاتێک ڕابێرت برێسۆن بەر لە دەرهێنانی فیلمی یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندی ئەڵێ کە ئەیەوێ پەڕە بە پەڕە و تەنانەت دێڕ بە دێڕی پەرتووکەکە بکات بە فیلم، دیارە لێرەدا بەهای دارماڵ تازە و جیاواز لە ئارادایە. دیارە ئەم سینەماگەرە، بە پێچەوانەی **کۆرنی**[٢٦٢]، **لافۆنتن** یان **مۆلییێر**[٢٦٣] بڕوای بە تالانکردنی بەرهەمی ئەوانی تر نییە. شێوازی **برێسۆن** ئەوەیە کە ئەیەوێ ئەو بەرهەمەی شاکاربوونەکەی مسۆگەر بووە، بەڕاستی بەبێ هیچ گۆڕانێک بهێنێتە سەر پەردەی سینەما.

ئینجا چۆن ئەتوانرێ جگە لەوە بکرێ؟ چونکە ڕۆمانێکی ئاوەها کە لە شێوازێکی وێژەیی تایبەت سەرچاوەی هەڵبەستووە و، پێرسۆنا و واتای کرداریان بە شێوەیەکی ئەوەندە قووڵ پەیوەندی بە شێوازی نووسەرەوە هەیە؛ چونکە ئەم توخمانە وەها لێک ئالاون جیهانێکی گچکەیان بۆ خۆیان پێکهێناوە، کە ڕێساکانی خۆبەخۆ دیارن و، لە دەرەوەی ئەو جیهانە هیچ بەهایەکیان نییە. ڕۆمانێکی ئاوەها سادەیی داستانئاسای خۆی ڕەت کردوەتەوە،

---

٢٦٢ ـ کۆرنی: Pierre Corneille نووسەر (١٦٠٦ ـ ١٦٨٤) شانۆنووسی داستانبێژ و کۆمێدی فەڕانسەیی.

٢٦٣ ـ مۆلییێر: Jean_Baptiste Poquelin ناسراو بە Molière (١٦٢٢ ـ ١٦٧٣) لەگەڵ کۆرنی و ڕاسین، یەکێک لە سێ شانۆنووسە گرنگە کۆمێدییەکانی سەدەی حەڤدەیە.






بە شێوەیەک کە ئیتر نە قاڵبێکی ئەفسانەیی، بەڵکوو گۆڕەپان و کەشێکە بۆ کردار و پەرچەکرداری سەرنجڕاکێشی نێوان شێواز و دەروونناسی و ڕەوشت و بانسروشت.

لە شانۆدا، ئاراستەی ئەم گەشەکردنە، تەنانەت لەمەش ئاشکراترە. وێژەی دراماتیک، وەکوو ڕۆمان، هەمیشە ڕێگەی بەوە داوە کە سینەما زیانی پێ بگەیەنێت. بەڵام کێ ئەوێرێ **هاملێتی**[٢٦٤] **لارنس ئۆلیڤیە**[٢٦٥] لەگەڵ ئەو دیمەنە گاڵتەجاڕییانە بەراورد بکات کە «فیلمی هونەری»[٢٦٦] لە گەنجینەی شانۆی «کۆمێدی فەڕانسە»[٢٦٧] بە وام وەری گرتووە؟ فیلمسازەکان

**٢٦٤ ـ** هاملێت: Hamlet تراجێدی نووسینی ویلیەم شکسپیرە، لە دانمارک ڕوو ئەدات کە شازادە هاملێت دژی مامی ئەبێتەوە کە باوکی ئەوی کوشتووە. هیی ساڵی ١٦٠١ـە. چەندەها فیلم و شانۆی لەسەر ساز کراوە.

**٢٦٥ ـ** لارنس ئۆلیڤیە: Laurence Olivier (١٩٠٧ـ١٩٨٩) هونەرپیشە و دەرهێنەری ئینگلیزی یەکێک لە سێ گەنگترین ئەکتەرەکانی سەدەی بیستەم بوو.

**٢٦٦ ـ** فیلمی هونەری: film d'art شێواز شێوازێکی فیلمسازی سینەمای سەربەخۆیە، ئامانجی ڕاکێشانی بینەرێکی دیاریکراوە لە جیاتی بینەری گشتی سینەما. ئەم جۆرە فیلمانە بە دەگمەن پاڵپشتی دارایی لە لایەن دامەزراوە سینەماییەکانەوە وەرئەگرن و زۆرجار بووجەیان کەمە و، بەهۆی ئەم سنووردارکردنانە، دەرهێنەرانی فیلمی هونەری زۆرجار ئەکتەری کەمتر ناسراو و تەنانەت ئاماتۆر بەکار ئەهێنن.

**٢٦٧ ـ** کۆمێدی فەڕانسە: Comédie–Française شانۆ کۆمێدی شانۆیەکە لە ١٦٨٠ لە شەقامی ڕیشیلیۆ لە ناوەڕاستی پاریس سازکراوە و بە ١١٠٠ کورسییەوە کۆنترین شانۆیە لە جیهاندا.





هەمیشە ئەو کەڵکەڵە لە دڵیاندا بووە کە شانۆ بکەن بە فیلم. چونکە شانۆ خۆی چەشنێک ڕوانگەیە. بەڵام هەموومان بەرەنجامی کارەکە ئەزانین. وەلێم ئەوەش بێ هۆ نییە، کە زاراوەی «شانۆی بەفیلمکراو» بووە بە یەکێک لە دزێوترین زاراوە باوەکانی ڕەخنەگران. بەس بۆ ئەوەی ڕۆمان لە نووسینەوە ببێ بە فیلم، لانیکەم پێویستی بە تۆزێک داهێنان هەیە. بەڵام شانۆ، دۆستێکی درۆیینە؛ شانۆ بە هۆی شێوەی لێکچووی ڕواڵەتی لەگەڵ سینەما، سینەمای خستە ئاراستەیەکی بنبەستەوە و خستییە ڕێ و فێڵبازانە خستییە سەر لێژاییەکەوە کە ئەویش ئاسانخوازی و ئاساننماییە. بەڵام ئەگەر پێڕستی نواندنەکانی شانۆکانی **بۆلڤار**[٢٦٨] جارجارە سەرچاوەیەک بووە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی تۆزێ پەسەند، تەنها لەبەر ئەوە بووە کە دەرهێنەرانی فیلمەکان، هەمان ئازادییان سەبارەت بە شانۆ ڕەوا بینیوە کە دەربارەی ڕۆمان بە ڕەوایان زانیبوو. لە ڕاستیدا تەنها کەسایەتییەکان و چنینەکەی[٢٦٩] پاراستووە. بەڵام

---

٢٦٨ ـ بۆلڤار: Boulevard Theatre ئەو شانۆیانەی لە بۆلڤارەکانی پاریسی کۆن هەڵکەوتوون؛ هەروەها هۆڵێکی مێژوویی شانۆ و سینەمایە لە گەڕەکی کوینی نیۆیۆرک. شانۆی بۆلڤار لە شوێنانی تری وەکوو ستۆکهۆلم و مەیامیش هەیە. شانۆی بۆلڤاری بڕادوەی و بۆلڤار، ئاماژەیە بە نیۆیۆرک و پاریس، یان ئەمریکا و ئورووپا.

٢٦٩ ـ چنین: plot گەڵاڵە، چوارچێوە، ڕووداوە سەرەکییەکانی شانۆنامە، ڕۆمان، فیلم، یان بەرهەمێکی هاوشێوە، کە لە لایەن نووسەرەوە وەک زنجیرەیەکی پەیوەندیدار بەیەکەوە داڕێژراون و پێشکەش ئەکرێن د پیرنگ.




دیاردەکە لە بنەڕەتەوە تازەیە و بە ڕواڵەت ڕێز بۆ ناوەرۆکی شانۆی ڕەسەن دائەنێ و بە بنەمایەکی نەگۆڕی ئەزانێ.

ئەو فیلمانەی کە تا ئێستە ئاماژەمان پێکردن و ئەوانەش کە پاشتر ناویان ئەهێنین، هەم ژمارەیان ئەوەندە زۆرە و هەم چۆنایەتییان ئەوەندە باشە کە ناتوانرێ ئەوانە لە سەلماندنی ئەم گوتەدا بە دەگمەن و ناوازە دابنێین. بەڵکوو بە پێچەوانە، ئەم جۆرە بەرهەمانە لانیکەم لە دەساڵی ڕابوردوودا ڕێگەیان بۆ یەکێک لە بەبایەخترین گرەوشتەکانی سینەمای هاوچەرخ خۆش کردووە.


«Ça, c'est du cinema!» «ئەمەیە سینەما!» ئەمە ڕستەیەکە **ژۆرژ ئاڵتمەن**[٢٧٠] ماوەیەکی زۆر بەر لەمە لەسەر بەرگی پەرتووکێک نووسیبووی کە لە پەسنی سینەمای بێدەنگدا بوو، هەر لە فیلمی **دیدەنیارەوە**[٢٧١] بگرە تا **هێڵی گشتی**[٢٧٢]. ئایە بڕوا و ئارەزووەکانی یەکەمین ڕەخنەگرانی سینەما کە بۆ سەربەخۆیی هونەری حەوتەم خەباتیان ئەکرد، ئێستە ئیتر وەکوو کڵاوێکی هەڵتەقیو، فڕێ ئەدرێ؟ ئایە سینەما ناتوانێ بەبێ دوو چێوشەقی بن

---

٢٧٠ـ ژۆرژ ئاڵتمەن: Georges Altmann (١٩٠١ـ١٩٦٠) ڕۆژنامەنووس و پێشمەرگەی بەرگری جەنگی جیهانی دووەم، ئەندامی ڕێکخراوی دوورکوژان Francs_tireurs لە دوای جەنگ، لە دامەزرێنەرانی پارتی باڵی چەپ، نووسەری «ئەمەیە سینەما» و «سینەمای سۆڤیەت».

٢٧١ـ دیدەنیار: The Pilgrim فیلمی **١٩٢٣** دەرهێنانی چارلی **چاپلین**.

٢٧٢ـ هێڵی گشتی: The General Line درامای سینەمایی سۆڤیێتی **١٩٢٩** دەرهێنانی سێرگەی ئایزنشتاین.




باڵی، واتە وێژە و شانۆ، درێژە بە ژیانی خۆی بدات؟ ئایە سینەما کەوتووەتە ئاراستەیەکەوە، ئەیکات بە هونەرێک وا لە هونەرێکی کۆنەوە سەرچاوەی گرتووە و پێیەوە بەستراوە؟

ئەم بابەتە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەوەندەش تازە نییە؛ بەر لە هەموو شت، کارلێکی دوولایەنەی هونەرەکان لەسەر یەکدی و هەروەها کاریگەری ژێوەرگرتنەکان بەگشتی لە ئارا دایە. ئەگەر سینەما دوو یان سێهەزار ساڵ تەمەنی بوایەت، بێگومان بە ئاشکرا ئەوەمان ئەبینی کە ناکەوێتە دەرەوەی ڕێسا گشتییەکانی گەشەکردنی هونەرەکانی ترەوە. بەڵام ئێستاکانێ تەنها شەست ساڵ لە تەمەنی سینەما تێپەڕیوە و، ڕوانگە مێژووییەکەی بە شێوەیەکی سەمەرە ناڕوونە. ئەوەی کە بە زۆری لە خولی تەمەنی نێوان دوو شارستانیەتدا بەدەست دێ، سینەما لە تەمەنی مرۆڤێکدا بەدەستی هێناوە.

بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکی هەڵەکە نییە، چونکە ئەم گەشەکردنە بەلەز و ئەشتاوە، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ گەشەکردنی هونەرەکانی تر هاوچاخ نەبوو. سینەما گەنج و تازەباوە، بەڵام وێژە و شانۆ بە ئەندازەی مێژوو کۆنن. ڕێک بەو شێوازەی کە پەروەردەی مناڵ لەسەر بناغەی لاساییکردنەوە لە گەورەکانی فەراگەری دامەزراوە، گەشەکردنی سینەماش لە مەلەزەی هونەرە پیرۆزکراوەکانی تر باندۆری وەرگرتووە. کەواتە مێژووی سینەما لە سەرەتای ئەم سەدە بەدواوە، بەرەنجامی ئەو هۆکارانەیە کە تایبەت بە گەشەکردنی هونەر بەگشتییە و

هۆکارە کاریگەرەکان هەمان هۆکارە کاریگەرەکانن لەسەر ئەو هونەرانەی بەر لە سینەما سەریان هەڵدابوو و هەروەها، هەندێ هۆکاری کۆمەڵناسانە، مەلەزەی شپرزەی ئەم پێکهاتە ئیستاتیکایە زیاتر ئەشێوێنێ. لە ڕاستیدا، سینەما لەپڕ گەیشتووەتە پلەی تەنها هونەری هەمەپەسەند، لە کاتێکدا شانۆ، کە باڵاترین نموونەی هونەری کۆمەڵایەتییە، تەنها ژمارەیەک بینەری دارا و هێنداری[٢٧٣] بۆ خۆی ڕاگرتووە. ڕەنگە بتوانین کورتەمێژووی بیست ساڵی ڕابوردووی سینەما بەرامبەر بە پێنج سەدەی وێژە دابنێین. ئەم ماوەیە بۆ هونەر مێژوویەکی درێژ نییە، بەڵام لە ڕوانگەی ڕەخنەیی ئێمەوە ماوەیەکی درێژخایەنە. جا کەوایە، وەرن با بەرەگەی ئەم بیرانە بەرتەسکتر بکەینەوە.

یەکەم، ئەمەوێ بڵێم: ئەو ژێوەرگرتنانەی کە ڕەخنەی مۆدێرن بە لەڕێگەدەرچوونی ڕیسوایانەی ئەزانن، تایبەتمەندی نەگۆڕی مێژووی هونەرن. **ئاندرێ مالرۆ** ئاماژەی بەوە کردووە شێوەکاری ڕێنسانس لە بنەڕەتدا تا چ ڕادەیەک وامداری پەیکەرتاشی گۆتیکە. **جۆتۆ**[٢٧٤] بە شێوەی دارماڵ بەرجەستە full relief وێنەی ئەکێشا.[٢٧٥] **مایکڵ ئانجێللۆ** وشیارانە خۆی لە بەکارهێنی فڵچە و ڕەنگ ئەدزییەوە و، شێوەکاری سەر دیوار یان **فرێسکۆی**[٢٧٦] زیاتر بە شێوەیەکی

٢٧٣ـ هیندار: intellectual بیرمەند، مرۆڤی هۆشمەندی ڕووناکبیر [ع] مفکر، مثقف [N] intellektuell [د] متفکر.

٢٧٤ـ جۆتۆ: Giotto di Bondone [شێوەکار] (١٢٦٦ـ١٣٣٧) وێنەگەری بەرجەستەکار و ئارشیتێکتی فلۆرانسی.

٢٧٥ـ دارماڵ بەرجەستە: full relief تەکنیکی نەخشاندنی وێنەی سێ ڕەهەندی.

٢٧٦ـ فرێسکۆ: لە وشەی ئیتالیایی Fresco کۆمەڵە شێوازێکی وێنەی لە سەر

وێنەکێشان لەسەر بناغەی پەیکەرسازی ئەزانی و بێگومان ئەم قۆناغە لە ڕێبازی ئازادی «شێوەکاری سۆلان»دا بە خێرایی تێپەڕی.


بەڵام ئایە لەسەر ئەم بنەمایە ئەتوانین بڵێین کە پلەی جۆتۆ لە ڕەمبراند نزمترە؟ ئایە ئەم پلەبەندییە چ واتایەکی هەیە؟ ئایە ئەتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە شێوەکاری دیواری بەرجەستە، قۆناغێکی پێویست لە ڕەوتی گەشەکردنی هونەری شێوەکاریدا بوو و، بەم پێیە لە ڕوانگەی جوانناسییەوە پاساو وەرئەگرێ؟ هەروەها سەبارەت بە مینیاتۆرە بەردینەکانی بیزەنتین کە بە ئەندازەی پەردەی کلیسان ئەتوانین چی بڵێین؟ ئینجا بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ کەوشەنی ڕۆمان، ئەپرسین ئایە ئەتوانین ڕەخنە لە تراجیدییەکانی بەر لە خولی کلاسیک بگرین، کە بۆچی لە ڕۆمانی گوندی وەرگیراون؟ یان سەرزەنشتی **مادام لا فایت**(٢٧٧) بکەین بۆچی وامداری هونەری شێوەسازی(٢٧٨) ڕاسینە؟ ئەوەی لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە ڕاستە، لە ڕوانگەی ئەو چەمکانەوە کە لە هەموو جۆرەکانی زاراوە پێک دێن، ڕاستترن. پاتەبوونەوەی ئەم چەمکانە لە مێژووی وێژەدا تا سەدەی هەژدە کە چەمکی دژی وێژەیی بۆ

---

گەچ و دیوار و بنمیچ، فرێسکۆ بە واتای تەر و تازە، سەردەمی ڕێنێسانس و پێشتر بە کار هێنراوە.

٢٧٧ـ مادام لا فایت: Madame La Fayette (١٦٣٤ـ١٦٩٣) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی.

٢٧٨ـ شێوەسازی: dramaturgy هونەری درامانووسی، هونەری تۆژینەوە و شرۆڤەی پێرسۆنا و کات و شوێن و ئامادەکردنی شانۆنامە و شانۆ، کە هەموو جۆرە داستان و ڕۆمان و شانۆیەک، چەشنێک شێوەسازی و دروستکردنەوەی ژیان و کۆمەڵگە و سروشتە.






یەکەم جار هاتە ئاراوە، کارێکی باو بووە. لە سەدەکانی ناونجی، ئەتوانین بە شێوەی یەکسان پۆستاڵی مەسیحییەکان بە شێوەی یەکسان لە شانۆ و شێوەکاری و پەنجەرەی ڕەنگی و وەکوو ئەوانەدا ببینین.

بێگومان ئەوەی لەمەڕ سینەما بە لاڕێماندا ئەبات، ئەوەیە کە، بە پێچەوانەی ئەوەی باوە، لە ڕەوتی گەشەکردنی یەک هونەردا، لە قۆناغەکانی سەرەتادا، ژێوەرگرتن و وەرگرتن و لاساییکردنەوە، ڕوو نادات. بەپێچەوانە، سەربەخۆیی کەرەستەی دەربڕین و ڕەسەنایەتی بابەت هەرگیز لە بیست سی ساڵی سەرەتای سینەمادا نەبووە. ئەتوانین هونەرێکی کۆرپە وێنا بکەین کە سەرەتا تێئەکۆشێ لاسایی برا گەورەکانی بکاتەوە و پاشان وردەوردە ڕێسای تایبەت بە خۆی ئەدۆزێتەوە و چەمکی خودخوازراوی خۆی هەڵئەبژێرێ. بەڵام تێگەیشتن لەم خاڵە ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە ئەم هونەرە کارکردن بە هێسنێک تاقی ئەکاتەوە کە لەگەڵ ڕەسەنی بێگانەیە، وەک بڵێی قەبارەی داهێنانی ئەم هونەرە لەگەڵ توانای دەربڕینی خۆی ڕێژەی پێچەوانەی هەیە. لەم خاڵەوە تا ئەو شوێنەی کە ئەم گەشە ناکۆکنمایە بە ڕێبازی پاشەوپاشدا ئەڕوات، هەنگاوێک زیاتر نییە، هەنگاوێک کە، ڕوانگەی ڕەخنەگرانە، بەبێ ئەوەی دڕدۆنگی پیشان بدات، بە سەرهەڵدانی دەنگی ئەزانێ.

بەڵام ئەبێ بوترێ بۆچوونێکی ئاوەها لە خراپ تێگەیشتنی ڕاستییە بنەماییەکانی مێژووی سینەماوە سەرچاوە ئەگرێ. ئەو ڕاستییەی کە سینەما لە پاش ڕۆمان و شانۆ سەری هەڵداوە،





بەو واتا نییە کە ئەبێ پەیڕەوی دارماڵی ئەوان بێت و بە هەمان ئاراستەدا ڕێ بکات. سینەما لە هەلومەرجی کۆمەڵناسانەدا بەدی هات و لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر هونەرە کەوناراکاندا زۆر جیاواز بوو. بەم شێوەیە، هەموو لایەنێک ئەتوانن **کۆڕی سەما**[٢٧٩] بە ئاوازی جازەوە لە کرۆنۆگرافی کلاسیک وەربگرن. فیلمسازانی سەرەتا، ئەوەی بەکەڵکیان هات لە هونەرەکانی تر وەرگرت تا بتوانن زۆرایەتی بینەران بۆ لای خۆیان و بەرهەمەکەیان ڕابکێشن. ئەم هونەرانە، کە سیرک و شانۆی بوومی و هۆڵەکانی موزیک بوون و، بە تایبەت لە ڕووی تەکنیکی و هونەری ئەکتەرییەوە یارمەتی فیلمە بەزموکوتەکانیان دا. هەموان ئەو ڕستەیە ئەزانن کە **فێردیناند زەکا** کاتی دۆزینەوەی **شکسپیر** ناوێک وتی: «تا چ ڕادەیەک وتە جوانەکانی ئەم کەسەیان پشتگوێ خستووە!» زەکا و پەیڕەوانی مەترسی ئەوەیان لەسەر نەبوو بکەونە بن کاریگەری ئەو وێژەیەی کە نە خۆیان خوێندبوویانەوە و نە بینەرانیان! بەڵام لە لایەکی ترەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لە بن باندۆری وێژەی باوی ئەو سەردەمەدا بوون. ئەو وێژەی شاکاری وەکوو فیلمی **فانتۆما**[٢٨٠]، کە یەکێکە لە باشترین فیلمەکانی مێژووی سینەما، وامداری ئەو وێژەیە. ئەم فیلمە لە هەلومەرجی چەشنێک هونەری گەلەری و

---

**٢٧٩** ـ کۆڕی سەما: bal_musette

**٢٨٠** ـ فانتۆما: Fantômas فیلمی**١٩١٣**ی بەرهەمی لویی فۆیاد، چیرۆکی پیەر کێشەر و سووستر و مارسێل ئالێن.






مەردمپەسەندی شیانست و دڵخواز لەدایک بوو، ژیانی دووبارەی پێ بەخشینەوە، بەڵام شێوازە لاواز و نزمەکانی شانۆ و سیرک و ڕۆمانە پۆلیسییە هەرزانباییەکانیشی ڕەت نەکردەوە. ئەوە ڕاستە هێندارانی ئاکادێمی و کۆمێدی فرانسێز هەوڵیان دا ئەم کۆرپەیە، کە بە پیشەی دایک و باوکی گەورەببوو، بکەن بە کوڕی خۆیان، بەڵام شکستی ئەو تێکۆشانانە بێهوودەبوونی ئەم لایەنە ناسروشتییەی ئاشکرا کرد. تراجێدی «ئۆدیپ» و «هاملێت» بە هەمان ئەندازە پەیوەندی بە سینەمای سەرەتاوە هەبوو، کە «باپیرانی ئێمە» هەیان بوو؛ کە دانیشتوانی وڵاتی گۆل[٢٨١]، لەگەڵ فێرخوازانی قولەڕەشی فێرگەی سەرەتایی جەنگەکانی ئەفریقادا هەیان بوو. کێشەر و نەشەی ئەم فیلمانە بۆ ئێمە وەکوو لێکدانەوەی کفراوی و ڕاستگۆیانەی خێڵە دڕندە مرۆڤخۆرەکانە کە نوێنەرانی ئایینی خۆیان خواردبوو. ئەگەر ژێوەرگرتنی ئاشکرای سینەمای فەڕانسە ــ سینەمای هالیوود تەکنیک و هونەرمەندانی هۆڵەکانی موزیکی ئەنگلۆساکسۆنیان بێشەرمانە تاڵان کرد ــ لە پاشماوەی شانۆی هەمەپەسەند و سیرک و شەممەبازاڕ و شانۆکانی بۆلڤار نەبووە هۆی هەڵگیرساندنی مشتومڕی جواننناسانە، بەو هۆیەوە بوو کە ڕەخنەی فیلم هێشتا بە واتای ڕاستەقینەی لە ئارادا نەبوو. هەروەها بەو هۆیەوە بوو ئەو دیمەنانەی کە لە هونەری بەڕواڵەت نزم سازیان ئەکرد، نەئەبوویە مایەی سەرسووڕمانی

٢٨١ ـ گۆل: Gauls



کەس و، کەس لای وا نەبوو ئەبێ داکۆکی لەو هونەرانە بکات، جگە لەوانەی قازانجیان دەست ئەکەوت و زیاتر لە بواری بازرگانی خۆیاندا لێیان ئەزانی تا سەبارەت بە پێشگریمانە[٢٨٢] فیلمۆلۆژییەکان.

کاتێک سینەما بەڕاستی کەوتە پەیڕەویکردنی شانۆ، کە لەگەڵ ئەو بیچمە دراماتیکانە پەیوەندی گرت کە یەک دوو سەدە لە گەشەکردنیان تێئەپەڕی، بەڵام لەبیر کرابوون. ئایە مێژووزانانی شارەزا کە هەموو شت سەبارەت بە کۆمێدی گاڵتەجار[٢٨٣] لە سەدەی شانزەوە ئەزانن، ئایە هەرگیز تێکۆشاون لەوە تێبگەن ئەم شێوە کۆمێدییە لە ساڵانی ١٩١٠ تا ١٩١٤ لە ستۆدیۆکانی **پاتێ**[٢٨٤] و **گەومۆن**[٢٨٥] و لە ژێر سەرپەرشتی **مەک سێنێت**[٢٨٦]،

---


٢٨٢ ـ پێشگریمانە: preconception پێش تیۆری، بیردۆز یان گریمانەیەکی لە پێشەوە دیاریکراو [ع] التصور المسبق [N] forforståelse [د] پیش فرض.

٢٨٣ ـ کۆمێدی گاڵتەجار: comedy farce بریتییە لە دراما کۆمیدی بە بەکارهێنانی گەمژەیی و ئەسپ یاریکردن و کارەکتەری ساویلکە و دۆخی گەمژانەی پێشبینی نەکراو. ععع

٢٨٤ ـ پاتێ: Pathé پاتێ کۆمپانیایەکی گەورەی فەڕانسەیی بەرهەمهێنان و دابەشینی فیلمە لە ١٨٩٨ـەوە، خاوەنی ژمارەیەک زنجیرە سینەمایە.

٢٨٥ ـ گەومۆنت: Ganmont یان کۆمپانیای فیلمی گەومۆنت، ستۆدیۆیەکی گەورەی سینەمایی فەرەنسەییە، بارەگای لە شاری نیویلی سور سێن Neuilly–sur–Seine لە فەرەنسایە.

٢٨٦ ـ مەک سێنێت: Mack Sennett (١٨٨ـ١٩٦٠) هونەرپیشە، دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری کانادایی ئەمریکایی، بە پادشای کۆمێدی ناسرابوو.






بە چ شێوەیەک ژیەنرایەوە؟

بەم شێوەیە، ئەتونین بیسەلمێنین لەمەڕ ڕۆمانیش هەر ئەم ڕەوتە ڕووی داوە. فیلمی درێژەدار کە سوودی لە تەکنیکی ڕۆمانی درێژەداری ڕۆژنامەکان وەرئەگرت، شێوازی دێرسی «کورتەچیرۆک»ی[٢٨٧] زیندوو کردەوە. من خۆم ئەم خاڵەم تاقی کردەوە: کاتی سەیرکردنی فیلمی **خوێنمژان**[٢٨٨] دەرهێنانی **لویی فۆیاد**[٢٨٩] لە یەکێک لە گردبوونەوەکانی سینماتێکی فەڕانسە[٢٩٠] و لەگەڵ هاوڕێم **هانری لانگلوا**[٢٩١]، بەڕێوەبەری سینماتێک، کە لە بەرپاکردنی ئەو چەشنە گردبوونەوانەدا پسپۆڕ بوو. ئەو شەوە تەنها یەک دوو دەزگای فیلم پیشاندان کاری ئەکرد. جگە لەوە فیلمەکە نێواننووسی[٢٩٢] نەبوو.

---

**٢٨٧ ـ** کورتەچیرۆک: conte کورتە چیرۆک وەک جۆرێک لە پێکهاتەی ویژەیی.

**٢٨٨ ـ** خوێنمژان: Vampires یان ڤەمپایرز، فیلمی سینەمایی ١٩١٥ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی لویی فۆیاد.

**٢٨٩ ـ** لویی فۆیاد: Louis Feuillade (١٨٧٣ ـ ١٩٢٥) دەرهێنەری فەڕانسەیی.

**٢٩٠ ـ** سینەماتێکی فەڕانسە: Cinémathèque Française ئەرشیف یان شوێنی پاراستنی فیلم لە فەڕانسە ⇐ سینەماتێک: Cinematheque شوێنی پاراستن و هەڵگرتنی فیلمی سینەمایی بەگشتی.

**٢٩١ ـ** هانری لانگلوا: Henri Langlois (١٩١٤ ـ ١٩٧٧) ئەرشیڤگەری فیلم و سینەمافیلی فەڕانسەیی.

**٢٩٢ ـ** نێواننووس: subtitle لە فیلمە کۆنە بێدەنگەکاندا، پاش هەر بڕگەیەک ڕستەیەک ئەنووسرا بۆ شیکاری بڕگەکە، ئەوە نێواننووس و ئەوەی لە ژێر فیلمە دەنگدارەکاندا ئەنووسرێ ژێرنووسە، بەڵام ئینگلیزییەکە بۆ هەردووکی subtitle ی بەکار هێناوە.

وابزانم ئەگەر خودی فۆیادیش لەوێ بوایەت بە دژواری ئەیتوانی بزانێ کێ بکوژە و کێ نییە. ناسینەوەی ئەوەی کێ باشە و کێ خراپ زۆر دژوار بوو، چونکە بینیمان کەسانی نەگریسی بەشی یەکەم لە بەشی دووەمدا بوون بە قوربانی. جگە لەوە، لەبەر ئەوەی هەر دە خولەک جارێک چراکانی هۆڵەکە هەڵ ئەبوو، ژمارەی بەشەکانی فیلمەکە، بەڕاستی لەوەی کە هەبوو زیاتر خۆیای ئەکرد. بینینی «شاکاری» فۆیاد لەو هەلومەرجەدا، بنەمایەکی جوانناسی ئاشکرا ئەکات کە لە سەرووی کێشەری خودی فیلمەکەوەیە. هەموو جار کە پیشاندانی فیلمەکە ئەبڕدرا، ئاهی نائومێدی بینەران بەرز ئەبوویەوە و ئەوسا کە پیشاندانی بەشی تازە دەستی پێئەکرد، ئاهێکی تر بەرز ئەبوویەوە بەو واتایەی: «خۆزگە چارەسەرێکی بۆ پەیدا ببوایەت.» ئەم سەربردەیە کە واتاکەی بۆ بینەران ببوو بە تشتانۆک، سەرنجیانی ڕاکێشابوو و تا کۆتاییش پاراستی. ئەویش تەنها بە هۆی هاندەرێکەوە کە لە شێوەی گێڕانەوەی فیلمەکەوە سەرچاوەی ئەگرت. لێرەدا کێشەی گرنگ، ئەوە نەبوو کە ماوەی تێ ئەکەوت، بەڵکوو ئەو ڕووداوە بوو کە بە بێهۆ ئەبڕا؛ ئاریشەکە سەرچاوەیەکی بێکۆتایی بوو کە دەستێکی سەمەرە ڕێگەی بە بەردەوامییەکەی ئەگرت. لەم ڕووەوە، ئەم بەربەرەکانێ پڕووکێنەرەی بەرەنجامی چاوەڕوانی بەشی دواتر، ئەوەندە بە هۆی خودی ڕووداوەکانی داهاتووەوە نەبوو، بەڵکوو زیاتر بۆ ئەمە بوو کە ئەمانویست ڕووداوەکە بەردەوام بێت و ئەو داهێنانە پچڕپچڕە دەست پێ بکاتەوە. خودی فۆیادیش کاتی فیلمسازییەکە ڕەوتێکی لەو شێوەی بەسەر هاتبوو. واتە نەی ئەزانی ڕووداوی دواتر چییە و فیلمەکەی هەنگاو بە هەنگاو

و لەسەر سرووشی شەوی پێشوو دروست ئەکرد. لێرەدا فیلمساز و بینەر هەردووکیان دۆخێکی چوونیەکیان هەبوو؛ ڕێک وەکوو دۆخی پادشا و شەهرزاد؛ تاریک و ڕوونبوونەوە بەردەوامەکانی هۆڵی سینەما، وەکوو نێوانە بەردەوامەکانی هەزارویەکشەو وابوو. دەستەواژەی «درێژەی هەیە»ش کە هەم لە کۆتایی ڕۆمانە درێژەدارەکانی ڕۆژنامەکاندا ئەبینرێ و هەم لە کۆتایی فیلمە درێژەدارەکاندا، بێگومان تەنها کەرەستەیەکی دەرەکی لاوەکی بۆ چیرۆکەکە نییە. ئەگەر شەهرزاد، هەموو چیرۆکەکەی بە یەکجار بگێڕایەتەوە، پادشایش کە وەکوو هەموو بینەرانی سینەما بێبەزەیی بوو، سەرلەبەیانی سەری لێ ئەکردەوە. هەم ئەو چیرۆکبێژە و هەم ئەم فیلمە، وزەی جادووییان لە ڕێگەی پچڕانی گێڕانەوەوە تاقی ئەکردەوە تا هەستی کوشندەی چاوەڕوانی بەردەوامی چیرۆکەکە تێبگەن و بناسن، سەربردەیەک کە جێگرەوەیەکی ژیانی ڕۆژانەیە و، ژیانی ڕۆژانەش شتێک نییە جگە لە پچڕانێک لە بەردەوامی هۆرمێکدا. بۆیە ئەبینین ئەو بەناو دەرکەوتە شیانست و نوێیەی پەردەی سەرەتایی سینەما خۆی لە بەر ئەم ئەزموونەدا ڕاناگرێ. فیلمی دەنگدار نابێ بەو ئاستانەی ئەو بەهەشتە ونبووە بزانین کە لەوبەرییەوە ماخوای هونەری حەوتەم سەرەتا لەشی ڕووتیمان پیشان ئەدات و پاشان ئەو لەتوکوتانەی لە لەشیان کردبوویەوە، بدات بە خۆیدا و خۆی داپۆشێ. سینەما لە ڕێسای گەردوونی لای نەداوە، بەڵکوو بە شێوەی خۆی پەیڕەوی لێکردووە و ـــ ئەمەش بە گوێرەی پێکهاتەی هەلومەرجی تەکنیکی و کۆمەڵناسانەی کاریگەر لەسەری، تەنها ڕێگەی لواو بووە.

هەڵبەت ئەزانین ئەوە بەس نییە بیسەلمێنین زۆربەی فیلمە



سەرەتاییەکان تەنها لەو ڕووەوە ژێوەرگیرابوون کە ئەیانویست لە ڕێگەی بیچمی ڕاستەقینەوە پاساو بۆ ئەو ژێوەرگرتنانە بهێننەوە. پاڵەوانی سینەمای سۆلان، کە لە پێگەی هەمیشەیی خۆی بێبەش کرابوو، هێشتاش ئەیتوانی ئەوە بڵێ کە پەیوەندی دوولایەنەی هونەرەکان لە ئاستی سەرەتاییدا ئاسانتر بەدی دێت. بۆیە ئەتوانین بڵێین کۆمێدی گاڵتەجاڕ ژیانی دووبارەی خۆی وامداری سینەمایە. بەڵام کاریگەری سینەما لە بنەڕەتدا بینراوەیی بوو و لە پلەی یەکەمدا لە ڕێگەی کۆمێدی گاڵتەجاڕ و دواتریش لە ڕێگەی هۆڵەکانی موزیکەوە بوو کە نەریتە کۆنەکانی شانۆی پانتۆمیم پارێزراوە. چەندە زیاتر بچینە قووڵایی مێژووی جۆرەکانەوە، ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرا ئەبن، ڕێک وەکوو گەشەکردنی گیانەوەران لە کۆتایی ئەو تیرە جۆراوجۆرانەدا کە سەرچاوەیەکی هاوبەشیان هەیە. هێزی شیانی[٢٩٣] ئەم دارەتە چەندبنەمایە، زۆر گەشەی کردووە، ئەم بوارانە وەها لەگەڵ ناوازەیی و ئاڵۆزییەکانی تەشکدا تێکەڵ بوون، کە پەلاماردانیان بەرامبەرە بە خستنە مەترسی هەموو بەرهەمەکە. **ڕافایل**[٢٩٤] و **داوڤینچی**[٢٩٥] کە

---

٢٩٣ ـ شیان: potential توانای شاراوە، توانای نادیار، ڕەخسان، توانست، هەبوون یان پیشاندانی شیانی گۆڕان یان پێشکەوتن بۆ شتێکی تر N potensiell ع محتمل د بالقوە ⇦ وزەی پێوار: potential energy وزەی شاراوە.

٢٩٤ ـ ڕافایل: Raphael Santi ☜ فەرهەنگۆک

٢٩٥ ـ داڤینچی: Leonardo da Vinci ☜ فەرهەنگۆک



لە بن کاریگەری ڕاستەوخۆی پەیکەرسازی مێهرازیدا بوون، هێرشیان ئەکردە سەر مایکڵ ئانجێللۆ، بۆچی خەریکە شێوەکاری ئەکات بە هونەرێکی سەربەخۆی سەرەکی.

پێم وا نییە ئەم نەیارییە، بتوانێ خۆی لە بەرامبەر مشتومڕێکی هەمەلایەنەدا ڕابگرێ. هەروەها گومانم لەوەدا هەیە کە ئەو شێوازە گەشەکردووانە کار نەکەنە سەر یەکتر، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە مێژووی هونەر، بە ئاراستەی سەربەخۆیی و ناسیندا، بەرەو پێگەیشتن هەنگاو ئەنێ. چەمکی هونەری بێخەوش ــ هۆنراوی بێخەوش، شێوەکاری بێخەوش و وەکوو ئەوانەــ زۆر بێواتا نین. بەڵام ئەم چەمکە ئاماژە بە ڕۆژەڤێکی ئێستاتیکا ئەکات کە پێناسەکردنی بە هەمان ڕادە دژوارە، کە خەبات لە دژی. هەر چۆنێک بێ، تەنانەت ئەگەر جۆرێکی تایبەت لە تێکەڵی هونەرەکان ئەگەری هەبێ، وەک تێکەڵی ژانرەکان، ئەویش بەو واتایە نییە کە هەموو ئەو تێکەڵیانە سەرکەوتوو بن. هەڵبەت تێکەڵەی پڕبەهرەش هەیە کە بەهرە بۆماوەییەکان پەرە پێ ئەدات؛ هەندێکی تر لەم پەیوەندانە سەرنجڕاکێش بەڵام بێبەهرەن؛ هەندێک تێکەڵەی پەنام و شاراوەن و جگە لە خەیاڵێکی بێسوود نین. کەواتە وەرن ئەو هونەرانەی ئەکرا لە سینەما سەرچاوە بگرن، بخەینە لاوە و، بەو شێوازە لە پرسگرەکە بڕوانین، کە ئەمڕۆ لەگەڵی ڕووبەڕووین.

ڕەخنەگران بە زۆری بەداخەوەن کە سینەما وامی لە وێژە وەرگرتووە، بەڵام پێچەوانەی ئەم ڕەوتەیش بە هەمان ئەندازە کە شیاوە ناچارییە و، نکۆڵیشی لێناکرێ. لە ڕاستیدا هەموو

لەگەڵ ئەوەن ڕۆمان و بە تایبەت ڕۆمانی ئەمریکا، کەوتووەتە بن کاریگەری سینەماوە. ڕێگە بدەن ئەو پەرتووکانەی کاریگەری سینەما یا وامگیری ڕاستەوخۆی ئەوانە ئاگاهانە و بەوستە و، لە ئەنجامدا بەکاری ئێمە نایەن، بخەینە لاوە. بۆ نموونە ڕۆمانی **شێری ڕووی**[٢٩٦] نووسینی **ڕەیمۆند کوینۆ**[٢٩٧]. لێرەدا پرسەکەمان لەسەر ئەوەیە کە ئایە هونەری **دۆس پاسۆس**[٢٩٨]، **کاڵدوێڵ**[٢٩٩]، **هێمینگوەی**[٣٠٠] یان **مالرۆ**، لە هونەری سینەما وەرگیراون یان نا؟ ئەگەر بمانەوێ ڕاستییەکەی بڵێین تەنانەت بۆ یەک ساتیش بڕوا بەم گوتەیە ناکەین. بێگومان و، بەناچار، پەردەی سینەما شێوازێکی نوێی بۆ بینین بەدی هێناوە ــ واتە بینینی شتەکان لە نمایەکی گەورە یان بیچمی گێڕانەوەیی وەکوو مۆنتاژ ــ کە


٢٩٦ـ شێری ڕووی: Loin de Rueil ڕۆمانێکی ١٩٤٤ـە، نووسینی ڕەیمۆند کوینۆ، ڕووی مالمەزۆن کۆمۆنێکە لە ڕۆژاوای پاریس.

٢٩٧ـ ڕەیمۆند کوینۆ: Raymond Queneau (١٩٠٣ـ١٩٧٦) هۆنەر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری فەڕانسەیی.

٢٩٨ـ دۆس پاسۆس: John Dos Passos (١٨٩٦ـ١٩٧٠) ڕۆماننووسی ئەمریکایی، نووسەری «سیانەی ئەمریکا U.S.A. trilogy».

٢٩٩ـ کاڵدوێڵ: Erskine Caldwell نووسەر (١٩٠٣ـ١٩٨٧) ڕۆماننووسی ئەمریکایی. ڕێگەی تەماکۆ و دۆنمێکی بچووکی خودا پەسنی ڕەخنەگرانی بەدواوە بوو.

٣٠٠ـ هێمینگوەی: Ernest Hemingway نووسەر (١٨٩٩ـ١٩٦١) ڕۆماننووس و ڕۆژنامەڤانی ئەمریکایی، براوەی خەڵاتی نۆبلی ١٩٥٤. شێوازی ئابووری و کەمتەرخەمی ئەو ـ کە ناوی لێنابوو تیۆری شاخی سەهۆڵبەندان ـ کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر چیرۆکی تەماری fiction سەدەی بیستەم هەبوو. حەوت ڕۆمان و شەش کۆمەڵە کورتە چیرۆک و دوو بەرهەمی ناخەیاڵی چاپ کردووە. زۆر ڕۆمانی کراوە بە فیلم.




ڕۆماننووس بە یارمەتی ئەو ئامێرە تەکنیکییانە ڕواڵەت و شکۆیەکی بە کارەکەی بەخشیوە. بەڵام تەنانەت لەو بوارانەشدا کە پەیوەندی ڕۆمان لەگەڵ تەکنیکی سینەما ئاشکرا و پەژێرە کراوە، ئەتوانین گومان لە بوونی ئەو پەیوەندییە بکەین، چونکە ئەتوانین بڵێین ئەم تەکنیکانە لە خۆیاندا کەرەستەی زیادەن کە نووسەر لەبەردەستی دایە تا جیهانی تایبەتی خۆی بونیاد بنێ. تەنانەت ئەگەر پەژێرەی ئەوەش بکەین کە پێکهاتەی ڕۆمان تا ڕادەیەک لە بن کاریگەری هێزی ڕاکێشەری جوانناسی سینەمادا بووە، ئەم کاریگەرییەی هونەری تازە بە هیچ شێوەیەک لەو باندۆرەی شانۆ لە ڕابوردوودا لەسەر وێژە هەیبووە، زیاتر نەبووە. ڕەنگە بشی ئەوە بڵێین کە کاریگەری هونەرێک بە زۆری، لەسەر هونەرەکانی فەراگەردی، ڕێسایەکی هەمیشەیی و نەگۆڕە. بەرهەمەکانی گراهام گرین، وادیارە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەم گوتەیە. بەڵام بە نیگایەکی وردتر، ئەتوانین لەوە تێبگەین کە هونەری بەناو سینەمایی ئەم نووسەرە ــ نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەرچی بێ بۆ ماوەی چەند ساڵ ڕەخنەگری فیلم بووە ــ هەرگیز لە سینەمادا بەکار ناهێنرێ. ئەم خاڵە ئەوەندە ئاشکرایە کە مرۆڤ کاتێک شێوازی ئەم نووسەرە لە ئەندێشەیدا «وێنا» ئەکات، هەمیشە لە خۆی ئەپرسێ بۆچی فیلمسازان هێشتاش خۆیان لەو هونەرەی کە ڕەنگە بۆیان زۆر سوودمەند بێ، بێبەش ئەکەن؟ فیلمێکی وەکوو **هیوا**[٣٠١]،

٣٠١ـ هیوا: L'espoir فیلم درامای جەنگی ڕەشوسپی سینەمایی ١٩٤٥ی فەڕانسە ئیسپانیایی، دەرهێنانی ئاندرێ مالرۆ و بۆریس پێسکین.

بەرهەمی **مالرۆ** لەو ڕووەوە دەستی یەکەمە کە پیشانی ئەدات، ئەگەر سینەما سرووش لەو ڕۆمانانە وەربگرێ کە «لەبن باندۆری» سینەمادا نووسراون، ئەبێ بە چ بەرهەمێک. چ بەرەنجامێک لەمە وەرئەگرین؟ بەدڵنیاییەوە باشترە بیردۆزە باوەکە هەڵبگەڕێنینەوە و بکەوینە دوان لە باندۆری وێژەی مۆدێرن لەسەر فیلمسازان.

لێرەدا مەبەستی ئێمە لە «سینەما» بە وردی چییە؟ ئەگەر مەبەستمان شێوازێکی دەربڕینە بە کەڵکوەرگرتن لە نواندنەوەی ئەو ڕۆژەڤانە واتە تەنها تۆماری وێنەکان و بینینی دەرەوە لە بەرامبەر بەکارهێنانی سەرچاوەی هەناوبینانە[٣٠٢] بە ئەزموون و شیکردنەوەی بە شێوازی ڕۆمانی کلاسیک، ئەبێ بڵێین کە ڕۆماننووسانی ئینگلیزی پێشتر پێناسەی دەروونناسانەی ئەم هونەرەیان لە شێوازی ڕەفتارگەراییدا[٣٠٣] دۆزیوەتەوە. بەڵام لێرەدا ڕەخنەگری وێژەیی سووچی ئەوەی لەسەرە کە سەبارەت بە ماهەکی ڕاستەقینەی سینەما داوەرییەکی ناژیرانەی ئەنجام داوە، کە پێناسەیەکی زۆر ڕووکەش لە سینەما ئەدا بەدەستەوە. هەر ئەوەندەی کەرەستەی سەرەکی سینەما وێنەیە، ناتوانین بڵێین سروشتی هونەری حەوتەم تەنها ڕواڵەت و دەروونناسی ڕەفتارە.

---

٣٠٢ـ هەناوبینانە: introspection پشکنینی بیرکردنەوە و هەستەکانی مرۆڤ و هەوڵدانە بۆ پەسنکردنی ڕەوت و ئەزموونە دەروونییەکانی مرۆڤ لە لایەن خۆیەوە. بۆ نموونە دوای بەکارهێنانی هاندەرێکی دیاریکراو لە کەسەکە ئەپرسن، لە کاتی هاندانەکەدا چ جۆرە هەستێک ئەزموون ئەکات؟ ئەو وەڵامەی کە مرۆڤ بۆ ئەم پرسیارە ئەیداتەوە، ئەچێتە خانەی هەناوبینییەوە.

٣٠٣ـ ڕەفتارگەرایی: behaviorism

فەرهەنگۆک

ئەوە ڕاستە کە سینەما بۆ هەڵبژاردنی بابەت، بەگشتی پشت ئەستوورە بە جیهانی دەرەکی، بەڵام بۆ یاریکردن بە ڕواڵەتی دەرەکی ئەو بابەتانە سەدان ڕێگەی هەیە تا هەر چەشنە ناڕوونییەک لەوانە بسڕێتەوە و ئەو نیشانە دەرەکییە بکات بە یەک و، تەنها بە یەک ڕاستەقینەی دەروونی. ڕاستی ئەوەیە کە زۆربەی وێنەکانی سەر پەردە، لەگەڵ دەروونناسی شانۆ یان ڕۆمان لە شیکردنەوە کلاسیکەکاندا یەک ئەگرنەوە. ئەم لێکدانەوانە لەو بۆچوونە باوەوە سەرچاوە ئەگرێ کە لە نێوان هەستەکان و تاودانەوەی دەرەکی ئەوانەدا، پەیوەندییەکی هۆکاری[٣٠٤] و پێویست و بێ ناڕوونی[٣٠٥] هەیە و، مسۆگەری ئەکات، کە هەموو شتێک لە خۆیدا ئاگایە و ئەم خودئاگایە ئەتوانرێ بناسرێ.

تۆزێ وردتر بیڵێم. ئەگەر کەسێک سینەما تەنها بە هونەری گێڕانەوەی بەرەنجامی مۆنتاژ و گۆڕینی شوێنی کامێرا بزانێ، ئەم گوتەیە ڕاستە. ڕۆمانێک بە پێنووسی **دۆس پاسۆس** یان **مالـرۆ** بە هەمان ئەندازە لەگەڵ ئەو فیلمانەی لە گەڵیان ڕا هاتووین، جیاوازن کە لەگەڵ ڕۆمانێک بە پێنووسی **فرۆمەنتن**[٣٠٦] یا **پاوڵ بۆرژە**[٣٠٧].


---

٣٠٤ـ هۆکاری: causal هۆیی، هۆدار [ع] علّـی، سببی [N] årsakssammenheng [د] علّـی، سببی.

٣٠٥ـ بێ ناڕوونی: unambiguous ڕوون، بێ دوودڵی، بێ پێچوپەنا [ع] خالیة من الغموض [N] entydig [د] بدون ابهام.

٣٠٦ـ فرۆمەنتن: Eugène Fromentin (١٨٢٠ـ١٨٧٦) شێوەکار و نووسەری فەڕانسەیی.

٣٠٧ـ پاوڵ بۆرژە: Paul Bourget (١٨٥٢ـ١٩٣٥) ڕەخنەگری و ڕۆماننووس و هۆنەری فەڕانسەیی.




لە ڕاستیدا ڕۆمانی ئەمریکایی ئەوەندە هیی سەردەمی سینەما نییە، بەڵکوو زیاتر هیی جیهانبینییەکی تایبەتە کە بێگومان لەبن کاریگەری پەیوەندی مرۆڤ و شارستانییەتی تێکنۆلۆژیکە. بەڵام باندۆری ئەم شارستانییەتە لەسەر سینەما، کە خۆی بەرەنجامی شارستانییەتە، کەمتر لە باندۆری لەسەر ڕۆمان بووە، هەرچەند فیلمساز ئەتوانێ پەلپ و بیانووی فراوان بخاتە بەردەست ڕۆماننووسەوە.

بەم شێوەیە، سینەما بەڕواڵەت و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی، تەنها چاوی لەو بەرهەمانە نەبووە کە هەندێک باندۆریان لەوانەدا بینیوە، بەڵکوو لە هالیوود وێژەی ڤیکتۆریایی و لە فەڕانسە بەرهەمەکانی **هانری بۆردۆ**[٣٠٨] و **پیەر بنوای**[٣٠٩] لە بەرچاو بووە. باش... یان خراپ... کاتێک کە دەرفەتێکی دەگمەن بۆ دەرهێنەرێکی ئەمریکایی ئەلوێ، تا لەسەر بناغەی ڕۆمانێکی هێمینگوەی، بۆ وێنە: **زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدەن؟**[٣١٠] فیلمێک دروست بکات، لەسەر ئەو شێوازە باوە دای ئەڕێژێ کە لەگەڵ هەموو چیرۆکە پڕڕووداوەکان ئەگونجێ.

---

**٣٠٨ـ** هانری بۆردۆ: Henri Bordeaux نووسەر (**١٨٧٠ـ١٩٦٣**) نووسەر و پارێزەری فەڕانسەیی.

**٣٠٩ ـ** پیەر بنوای: Pierre Benoit نووسەر (**١٨٨٦ـ١٩٦٢**) ڕۆماننووس و فیلمنامەنووس و ئەندامی کۆڕی زانیاری فەڕانسە.

**٣١٠ ـ** زەنگەکان بۆ کێ لێ ئەدەن: For Whom the Bell Tolls فیلمی جەنگی ڕۆمانتیکی **١٩٤٣**، دەرهێنانی سام وود ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی هێمینگوەی.






بەم پێیە، ڕەوتی ڕووداوەکان وای دەرئەخەن سینەما وا پێ ئەچێ پەنجا ساڵ لە ڕۆمان دواترە. ئەگەر لامان وابێ کە سینەما کار ئەکاتە سەر ڕۆمان، ئەبێ وای دابنێین ئەگەری چەشنێک وێناکردنی خۆبەخۆ لە ئارا دایە کە تەنها لە پشت چاویلکەی ڕەخنەگر دایە و تەنها لە پێگەی ئەوەوە ئەبینرێ. لەم دارەتەدا، سەبارەت بە کاریگەری سینەمایەکی نەبوو ئەدوێین؛ سینەمایەکی ئارمانجی، سینەمایەک کە ڕۆماننووس، ئەگەر خۆیشی فیلمساز بوایەت، بەدی ئەهێنا؛ بە گوتەیەکی تر، سەبارەت بە هونەرێکی گریمانەیی ئەدوێین کە هێشتاش چاوەڕێی سەرهەڵدانین.

ڕاستەکەی ئەوەیە ئەم گریمانە ئەوەندەش گەوجانە نییە، کە خۆیا ئەکات. با بڕوامان پێی هەبێ، لانیکەم وەکوو بڕی گریمانەیی کە هاوکێشەیەکیان پێ شیکار ئەکەین، بەڵام بە گوێرەی هەمان هاوکێشە، بە ناکۆکی یەک دەرئەچن.

ئەگەر باندۆری ڕواڵەتی سینەما لەسەر ڕۆمان، ئەندێشەی هەندی لە ڕەخنەگرانی بلیمەتی بۆ لاڕێ بردووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ڕۆماننووس ئێستە ئەو تەکنیکی گێڕانەوەییە بەکار ئەهێنێ و ئەو پێوەرانە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە هەڵئەبژێرێ، کە وابەستەیی ئەوانە بە شێوازی سینەمایی مسۆگەرە و گومانی تێدا نییە، جا ئەم شێوازانە ڕاستەوخۆ وەرگیرابێتن یان ئەو جۆرەی کە ئێمە پێمان خۆشە وای دابنێین، کە بەرەنجام جۆرێک پێککگەیشتنی جوانیناسی بێت کە هاوکات چەند شێوەی دەربڕینی هاوچەرخی لە خۆیدا تێپەڕاندووە. بەڵام لەم ڕەوتی کارتێکردن




یان وێکچوونانەدا، ڕۆمان ڕێگەکانی شێوازی لۆجیکیانەتر پێواوە. ئەوە ڕۆمانە کە بۆ نموونە، لە مۆنتاژ و بەراوەژووبوونی ڕەوتی مێژووی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زۆر ناسک سوودی وەرگرتووە. لە هەمووش گرنگتر، ئەوە ڕۆمانە کە ڕێگەیەکی پێواوە تا ڕۆژەڤێکی تا ڕادەیەک ئاوێنەئاسا بە ڕادەی واتاداری سەلماوی بانسروشتی بەرز بکاتەوە. ئایە هیچ کامێرایەک لەگەڵ بابەتەکەی خۆی پەیوەندییەکی دەرەکی وەهای هەبووە، کە لەگەڵ پەیوەندی نێوان خودئاگایی پاڵەوانی ڕۆمانی **بێگانەی**[٣١١] **کامۆ**[٣١٢] و بابەتەکەی خودئاگایی بۆ بەراورد بشێ؟ ڕاستی ئەوەیە کە نازانین ئەگەر سینەما نەبوایەت، ئایە ڕۆمانی **گواستنەوەی مەنهەتەن**[٣١٣] و هەروەها فیلمی **دۆخی مرۆیی**[٣١٤] لەگەڵ

---

**٣١١ـ** بێگانە: L' Etranger ڕۆمانی **١٩٤٢**ی ئاڵبێر کامۆ، زیاتر شیکردنەوەی فەلسەفەی پووچگەرایی و بوونخوازی و ئیگزیستانسیالیزمە، کە کامۆ ئەوەی دووەمیان ڕەت ئەکاتەوە.

**٣١٢ـ** کامۆ: Albert Camus (**١٩١٣ـ١٩٦٠**) فەیلەسووفی فەڕەنسیی جەزائیری، نووسەر و ڕۆژنامەوان بوو. براوەی خەڵاتی نۆبلی وێژەی **١٩٥٧**ـە و بە ئیگزیستانسیالیست دانراوە، بەڵام خۆی بە پووچگەرا Absurdist ئەزانێ، کە ململانێی نێوان ئارەزووی جۆری مرۆڤە بۆ گەڕان بەدوای بەها و واتای ناوەکی ژیان و بێتوانایی مرۆڤ لە دۆزینەوەیدا.

**٣١٣ـ** گواستنەوەی مەنهەتەن: Manhattan Transfer ڕۆمانی **١٩٢٥**ی نووسینی دۆس پاسۆسە.

**٣١٤ـ** دۆخی مرۆیی: La Condition humaine ڕۆمانی **١٩٣٣**ی نوسینی ئاندرێ مالرۆ، براوەی خەڵاتی گۆنکۆر، بەسەرهاتی شکستی سەرهەڵدانی




ئەم تەشکەی[٣١٥] ئێستایاندا جیاوازی بەرچاویان ئەبوو یان نا؟ بەڵام لە لایەکی ترەوە دڵنیاین کە فیلمی **تۆماس گارنێر**[٣١٦] و **هاوشاری کەین**، ئەگەر **جەیمز جۆیس**[٣١٧] و **دۆس پاسیۆس** نەبوایەتن، هەرگیز بەدی نەئەهاتن. ئێستە لەم سەردەمەی پێشڕەوێکی تازە گەیشتوو سەری هەڵداوە، فیلمی وەها ئەبینین کە بوێرانە لە شێوازێکی ڕۆمانئاسای وەها سروش وەرئەگرن کە ئەتوانین بە بانسینەمایی[٣١٨] دایان بنێین. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە بابەتی وامگیری سینەما لە وێژە، گرنگییەکی دووەمی وەرئەگرێ. زۆربەی ئەو فیلمانەی لەبیرمانن ژێوەرگرتن لە ڕۆمان نین. لەگەڵ ئەوەش، وەرگرتنی هەندێ لە بەشەکانی فیلمی **پایزا** دەینیان بە هێمینگوەی (دیمەنی زۆنگ) یان بە **ویلیەم سارۆیان**[٣١٩]

---

**١٩٣٧**ی کۆمۆنیستەکانی شانگهایە.

**٣١٥ـ** تەشک: form شێوە یان پێکهاتەی بینراوی شتێک فرم. تەشک و ناوەرۆک.

**٣١٦ـ** تۆماس گارنێر: Thomas Garner مەبەست فیلمی سینەمایی **١٩٣٣**ی هێز و سەرکەوتن، بەسەرهاتی سەرۆکی هێڵی ئاسن، تۆماس گارنێرە.

**٣١٧ـ** جەیمز جۆیس: James Joyce (**١٨٨٢ـ١٩٤١**) هۆنەر و نووسەر و ڕەخنەگری توانای ئیرلەندی، نووسەری ڕۆمانی مەزنی یۆلیسیس Ulysses کە بە یەکێک لە بەرجەستەترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم دائەنرێ.

**٣١٨ـ** بانسینەمایی: ultracinematographic سینەماتۆگرافی بە واتای هونەری دروستکردنی فیلمی سینەماییە.

**٣١٩ـ** ویلیەم سارۆیان: William Saroyan (**١٩٠٨ـ١٩٨١**) ڕۆماننووس، شانۆنووسی ئەرمەنی ئەمریکایی. براوەی خەڵاتی پۆلتزێر.






(دیمەنی ناپۆلی) زۆرترە، تا ژێوەرگرتنی فیلمی **زەنگەکان بۆ کێ لێئەدرێ** بەرهەمی **سام وود**[٣٢٠] سەبارەت بە خودی ڕۆمانەکە. بەپێچەوانە، فیلمی **ماڵرۆ** هاوسەنگی دارماڵی هەندێ لە بەشەکانی ڕۆمانی **هیوایە** و باشترین فیلمەکانی ئەم دواییەی ئینگلیزی لە بەرهەمەکانی گراهام گرین وەرگیراون. بە بۆچوونی من لە ناو فیلمە ژێوەرگیراوەکاندا، لە هەموو دڵکاوتر[٣٢١] فیلمی ڕێکوپێکی **زەردی بڕایتۆنە**[٣٢٢] کە ئەو کاتەی **جان فۆرد** گیرۆدەی دروستکردنی فیلمی هەڵەشە و گرانبایی **هەڵهاتوو**[٣٢٣] (هێز و سەرکەوتن)[٣٢٤] بوو، کەموزۆر بە بێدەنگ و هەرا هاتە سەر پەردە و تێپەڕی. کەواتە با سەرنجی ئەوە بدەین ئایە باشترین فیلمە هاوچەرخەکان چی بە ڕۆماننووسە هاوچەرخەکان وامدارن ـ ئەو شتەی کە تا کاتی سەرهەڵدانی فیلمی **دزانی پاسکیل** بە ئاسانی جیا ئەکرێتەوە. هەرچەند لەم فیلمانەدا کە ژێوەرگرتنیان مایەی ڕیسواییان نییە، بەداخەوە هیچ

---

٣٢٠ـ سام وود: Sam Wood (١٨٨٣ـ١٩٤٩) دەرهێنەری ئەمریکایی.

٣٢١ـ دڵکاو: convinced ئاوەڵناو بوین، قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیابوون لە شتێک ع قانع، قائل، متقاعد N قانع، قائل، متقاعد N overbevist د قانع، قائل، متقاعد.

٣٢٢ـ زەردی بڕایتۆن: Brighton Rock فیلمی مافیایی ١٩٤٨ی بریتانیایی، دەرهێنانی جان بۆڵتینگ، بەسەرهاتی گانگستەر پینکی براون.

٣٢٣ـ هەڵهاتوو: The Fugitive درامای ١٩٤٧ی ئەمریکایی، دەرهێنانی جان فۆرد، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی هێز و سەرکەوتن نووسینی گراهام گرین.

٣٢٤ـ هێز و سەرکەوتن: ☜ تۆماس گارنێر






نیشانەیەکی پێشکەوتنی سینەما نابینین. بەڵام لەوانەدا لانیکەم هۆکاری وا هەیە کە ڕەنگە مایەی پێشکەوتن بن، ئەویش لانیکەم تا ئەو جێگەی کە ڕۆماننووس ئەم هۆکارە پێک ئەهێنێ. ڕەنگە بڵێن ئەم گوتەیە، سەبارەت بە ڕۆمانەکانی هاوچەرخیش ڕاستە ــ هەڵبەت ئەگەر سینەما خەریک بێ سەد بەرامبەری ئەوە وەربگرێتەوە کە پێشتر وامی دابوو بە ڕۆمان. بەڵام ئەم مشتومڕە چ بایەخێکی هەیە کاتێک کە فیلمساز وای دەرئەخات سرووش لە **ژید**[٣٢٥] یان **ستاندالْ**[٣٢٦] وەرئەگرێ؟ ئینجا بۆ لە **پرووست**[٣٢٧] یان تەنانەت **مادام دو لا فایت** وەرنەگرێ؟

٣٢٥ـ ئاندرێ ژید: André Gide (١٨٦٩ـ١٩٥١) نووسەر و براوەی خەڵاتی نۆبێلی ویژەی ١٩٤٧ سەمبۆلیست بوو و پاشترکەوتە شیکردنەوەی کێشە دەروونی و سۆزاوییەکانی مرۆڤ وەکوو ویست و نیاز و دڵەڕاوکە و لاوازی و توانا و ئاڵۆزییەکانی ژیان. دژی کۆلۆنیالیزم بوو و باندۆرێکی زۆری لەسەر تۆرەمەی گەنجان هەبوو.

٣٢٦ـ ستاندالْ: Marie-Henri Beyle نووسەر (١٧٨٣ـ١٨٣٤) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی کە بە نازناوی ستاندالْ ئەینووسی و، لە ڕیالیستە سەرەتاییەکان بوو. سوور و ڕەش یەکێک لە ڕۆمانە گرنگەکانی ستاندالْە کە سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی.

٣٢٧ـ مارسێل پرووست: Marcel Proust نووسەر (١٨٧١ـ١٩٢٢) نووسەر و ڕەخنەگر و شرۆڤەکاری بەناوبانگی فەڕانسەیی، ئافرێنەری ڕۆمانی ناوازەی حەوت بەرگی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو، سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بۆ کوردی و لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧ چاپ و بڵاو کراوەیەوە. تێبینی: بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆمانی گەڕان بڕوانە وتاری سیامەند شاسواری لە کۆتایی بەرگی




ڕاستییەکەی بۆ لەم دوانە نا؟ **ژاک بۆرژوا**[٣٢٨] لە وتارێک لە گۆڤاری La Revue du Cinéma پێداچوونەوەی سینەما لێکدانەوەیەکی بەهێزی لە وێکچوونەکانی ڕۆمانی **گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو**[٣٢٩] و تەشکە سینەماییەکانی پێشکەش کردووە. لە مشتومڕی ئەم بیردۆزانەی سەبارەت بەم چەشنە ژێوەرگرتنانە پێشکەش کراوە، بە کردەوە ڕووبەڕووی هەندێ پرسگر ئەبینەوە کە هیی کەوشەنی جوانناسی نین. ئەم پرسگرانە لە سینەمادا بە شێوەی هونەر سەرچاوە ناگرن، بەڵکوو لە سینەماوە وەکوو ڕۆژەڤێکی کۆمەڵناسانە و پیشەسازی مایە وەرئەگرن. ژێوەرگرتن لە شانۆگەری، جەماوەریکردنی شانۆگەرییە. ڕاگەیاندنێکی ناوچەیی سەبارەت بە **دەیری پارما**[٣٣٠] ئەو فیلمەی بە ژێوەرگیراو لە «ڕۆمانێکی بەناوبانگی پۆلیسی» ئەناسێنێ! هەندێ جار ئەبێ ڕاستی لە زمانی دابەشکارانی فیلمەوە ببیستین، کە هەرگیز بەرهەمەکانی ستاندالیان نەخوێندوەتەوە. کەواتە ئایە ئێمەش ئەبێ ئەم فیلمە وەکوو کریستین ژاک ڕەت بکەینەوە؟ هەم بەڵێ و هەم نا. بەڵێ، لەو شوێنەدا کە لە گەوهەری ڕۆمانەکە بە


---

حەوتەمی ڕۆمانی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو.

٣٢٨ـ ژاک بۆرژوا: Jacques Bourgeois (١٩١٢ـ١٩٩٦) موزیکۆلۆگ و ئەندامی هێزی بەرگری فەڕانسە لە جەنگی جیهانی دووەم.


٣٢٩ـ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو ☜ فەرهەنگۆک

٣٣٠ـ دەیری پارما: La Chartreuse de Parme دوا بەرهەمی ستاندال، لە ١٨٣٩دا بڵاو کرایەوە.




باشی تێنەگەیشتووە و هەست ئەکەین ئەو دوخمانییەی ناچاری نەبووە. نا، ئەگەر وای دابنێین یەکەم ئەو ژێوەرگرتنە لە ڕوانگەی چۆنێتییەوە لە هەر فیلمێکی مامناونجی بەرزترە و، دووەم بە گوێرەی هەموو پرسگرەکان، ئەم فیلمە بەرهەمەکەی ستاندالْ بە شێوەیەکی دلْگەشێن ئەناسێنێ و مسۆگەر ژمارەی خوێنەرانی ئەباتە سەرەوە. شتێکە بێواتایە ئەگەر لە دەستکاری سینەما لە بەرهەمە وێژەییەکاندا، لانیکەم بە ناوی وێژەوە قەڵس و تووڕە ببین. چونکە هەرچی بێ ئەم فیلمانە چەندەش لە بەرهەمی سەرەکی دوور بن، ناتوان لەبەر چاوی ئەوانەی بخەن کە ئەو بەرهەمانە ئەناسن. بەڵام لە چاوی ئەوانەدا کە ئەو بەرهەمانەیان نەخوێندوەتەوە، دوو دارەت ڕەنگە ڕوو بدات: یان بە فیلمەکە دلْکاو ئەبن و بە دارماڵی ئەزانن، یان ئەکەونە دوای خوێندنەوەی خودی پەرتووکەکە، کە ئەویش بە سوودی وێژە تەواو ئەبێ. گۆڤانی ئەم گوتەیە هەژماری بلاوکەرەوەکانە، کە ئەو پەرتووکەی کراوە بە فیلم، هەژماری فرۆشی پەرەی سەندووە. ڕاستی ئەوەیە لەم بوارەوە نە زیان بە کولتووری گشتی ئەگات و نە لە وێژە بە تایبەت.

کەواتە تەنها سینەما ئەمێنێتەوە و خۆم پێم وایە بە هۆی زۆرەوە، ئەبێ نیگەرانی ڕێگەیەک بین کە سینەما بە زۆری لە پەیوەند لەگەڵ سەرمایەی وەێژەییمان بەکاری ئەهێنێ. چونکە فیلمساز هەموو بەهای خۆی بە هۆی ئەمەگداری بە بەرهەم بەدەست ئەهێنێ. ڕۆمان کە زۆر گەشەکردووە و لە دەستڕەسی





کۆمەڵێکی تا ڕادەیەک هیندار و تامەزرۆ دایە، کەسایەتی وەها ئەدا بە سینەما کە زۆر ئاڵۆزن، هەروەها ڕۆمان، بە گوێرەی پەیوەندی تەشک و ناوەرۆک، پەرداختێکی وەها تۆکمە و ناسکبینانە بەدی ئەهێنێ کە لە سینەمادا نموونەیان نابینین. ئاشکرایە ئەو ڕۆمانەی فیلمنامەنووس و دەرهێنەر کاری لەسەر ئەکەن، ئەگەر خۆبەخۆ لە ئاستێکی ژێری باڵاتر لە ئاستی ئاسایی سینەمادا بن، دوو دارەت ڕەنگە ڕوو بدات. یەکەم ئەوەی کە ئەم جیاوازییەی ئاست و بەهای هونەری ڕۆمانەکە دەستەبەری سەرکەوتنی فیلمە و «مۆرک و نیشان»ێکی تایبەتی لێئەدات، وەکوو ڕۆمانی **کارمن**[٣٣١]، **دەیری پارما** یان **گەمژە**[٣٣٢]؛ دووەم ئەوەی کە فیلمساز دڵسۆزانە تێئەکۆشێ تا بەرامبەرێکی گونجاو بۆ ڕۆمانەکە بدۆزێتەوە، تا لانیکەم پەرتووکەکەی تەنها وەکوو سەرچاوەی سرووش بەکار نەهێنێ و تەنها بۆ ژێوەرگرتن بەکاری نەهێنێ، بەڵکوو بەڕاستی وەریبگێڕێ بۆ سینەما. وەکوو فیلمەکانی **سەمفۆنی گوندی**، **ئەهریمەن لە جەستە**، **بتی شکێنراو**[٣٣٣] و **یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندی**. نابێ

---

**٣٣١**ـ کارمن: Carmen نۆڤێلای **١٩٤٥** نووسینی پرۆسپێر مێریمی Prosper Mérimée چەندین جار فیلم و ئۆپێرای ژێوەرگیراوە.

**٣٣٢**ـ گەمژە: L'Idiot یان The Idiot ڕۆمان ڕۆمانی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، ساڵی **١٨٦٨** بڵاو کرایەوە. هەندێک بە گرنگترین بەرهەمی دۆستۆیڤسکی ئەزانن بە گوتەی نووسەر، مەبەستی پیشاندانی مرۆڤی جوانە. وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

**٣٣٣**ـ بتی شکێنراو: The Fallen Idol درامای ئەمریکایی **١٩١٩**.




ئەو فیلمسازانە بەردەباران بکرێن کە لە ڕەوتی ژێوەرگرتندا، خودی بەرهەمەکە کورت ئەکەنەوە، چونکە وەک وتمان ئەم دوخمانییەی ئەوان ڕێژەییە و زیان بە وێژە ناگەیەنێ. بەڵام ئەوەیش دیارە کە هیوا بە داهاتووی سینەما سەرنجی لەسەر کارەکانی پۆلی دووەمە. دەرچەی ئەستێڵ کاتێک ئەکەینەوە، کە بزانین ئاستی ئاو تۆزێ لەسەرووی گونجەکەیە. کاتێک کەسێک لە هالیوود لەسەر بناغەی ڕۆمانی مادام بۆڤاری فیلم ساز ئەکات و جیاوازی ئاستی جوانناسی بەرهەمەکەی فلۆبێر و ئەو فیلمە مامناونجییە ئەمریکاییە زۆرە، بەرەنجامی کار بەرهەمێکە لەسەر بناغەی پێوەری ئەمریکایی کە تەنها یەک کێماسی هەیە ــ ئەوەی کە ئەمیش ناو نراوە مادام بۆڤاری! ئینجا چۆن ئەبێ جگە لەمە بێت، لە کاتێکدا بەرهەمە وێژەییەکە ئەخرێتە بەردەم پیشەسازی بەربەرین و بەهێزی سینەما و؛ ئەوە سینەمایە کە هەرچۆنێک بێ ئاستەکە دیاری ئەکات. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەگەر هەلومەرج ڕەخساو بێت و فیلمساز تێبکۆشێ تا پەرتووکەکە بە جیاواز لە فیلمنامەی ئاسایی لە بەرچاو بگرێ، تۆزێ وەکوو ئەوە وایە کە لەو ساتەدا سینەما لە کۆی خۆیدا بۆ ئاستی وێژە بەرز بووەتەوە. ئەم خاڵە سەبارەت بە فیلمی **مادام بۆڤاری**(٣٣٤) و **میوانی لە هەوار**(٣٣٥)،

**٣٣٤ـ** مادام بۆڤاری: Madame Bovary درامای مێژوویی **١٩٣٤**، دەرهێنانی ژان ڕێنوار، ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی مادام بۆڤاری گۆستاف فلۆبێر.

**٣٣٥ـ** میوانی لە هەوار: Une Partie de campagne فیلمی سینەمایی **١٩٣٦** دەرهێنانی ژان ڕێنوار. ژێوەرگیراو لە ڕۆمانی گی دو مۆپاسان.




هەردووکیان بەرهەمی **ژان ڕێنوار** ڕاست دەرئەچێ. لە ڕاستیدا، ئەم دوو فیلمە نموونەی زۆر باش نین، ئەویش نەک لەبەر چۆنێتی فیلمەکان، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە **ژان ڕێنوار** زیاتر بڕوای بە گیانی فیلمەکە هەیە تا بە وشە. ئەوەی لەمەڕ ئەمەگداری **ژان ڕێنوار** بە گەوهەری دەق سەرسامان ئەکات، ئەم ناکۆکنوێنەیە، کە ئەو ئەمەگدارییە ئەکرێ وەک چەشنێک سەربەخۆیی لە بەرهەم دابنرێ. هەڵبەت ئەم پرسگرە ئەتوانین بەمجۆرە پاساو بدەینەوە کە بلیمەتی ڕینوار بێگومان بە هەمان مەزنی بلیمەتی **فلۆبێر** یان **مۆپاسانە**. دیاردەیەک کە لێرەدا ڕووبەڕووی ئەبینەوە، ئەکرێ لەگەڵ وەرگێڕانی هۆنراوەکانی **ئێدگار ئالان پەو**[٣٣٦] بە وەرگێڕانی **بوودلێر**[٣٣٧] بەراورد بکەین.

---

**٣٣٦ـ** ئێدگار ئالان پۆ: Edgar Allan Poe (**١٨٠٩ـ ١٨٤٩**) یەکێکە لە گەورەترین نووسەران و هۆنەرانی سەردەمی خۆی، زۆربەی کارەکانی ئەم هونەرمەندە بریتییە لە کورتە چیرۆک و زۆربەی ئەم چیرۆکانەش ترسناکن و هەر بە هۆی ئەم دانستەوە بەناوبانگن. ☜ دەمامکی مەرگی سوور ☜ ئاڵباتراس

**٣٣٧ـ** بوودلێر: Charles Baudelaire هۆنەر نووسەر (**١٨٢١ـ١٨٦٧**) شارڵ بودلێر، هۆنەر و ڕەخنەگری فەڕانسەیی. هەموو خاوەنڕا و پسپۆڕان، بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک، بوودلێر بە سەردەقشکێنی هۆنراوەی مودێرن دائەنێن. ئارتۆر ڕەمبۆ (**١٨٥٤ـ١٨٩١**)، هۆنەری پێشەنگ، ئەڵێ: «بوودلێر شالیاری هۆنەرانە». ئەو سەرقافڵەی هۆنەران و تەنانەت زۆربەی هونەرمەندانی مودێرنیشە، کە هاوکات دارشتە و واتای پێکەوە ئەنگاوتووە. ئیڤ بۆنفوا Yves Bonnefoy، هۆنەری ناوداری فەڕانسەیی






هەڵبەت خۆزگە هەموو دەرهێنەران بلیمەت بوایەتن؛ لەم دارەتەدا ئەمانتوانی گریمانەی ئەوە بکەین کە ئیتر پرسگری ژێوەرگرتن لە ئارادا نابێ. ڕەخنەگریش ئەوسا بەختی ئەوەی ئەبوو تەنها ڕووبەڕووی کەسانی هەڵکەوتوو ببێتەوە. هەر ئەمەندە بۆ دارێژانی بیردۆزەکەی ئێمە بەسە. هیچ شتێک ڕێگە لەوە ناگرێ هۆرمی سازکردنی فیلمی **ئەهریمەن لە جەستە**، دەرهێنانی **ژان فیگۆ**[٣٣٨] لای خۆمان گەلاڵە بکەین، بەڵام ئەبێ دڵخۆش بین بەوەی لانیکەم فیلمێک بە دەرهێنانی **کلۆد ئۆتان-لارا**[٣٣٩] دروست کراوە. ئەمەگداری **ڕادیگۆ**[٣٤٠] بە ڕۆمان، نەک فلمنامەنووسانی ئەم فیلمەی والێکردووە تا پێرسۆنای سەرنجڕاکێش و تا ڕادەیەک ئاڵۆز پێشکەش بە بینەران بکەن، بەڵکوو هانیان بدەن تا گاڵتە بە هەندێ ڕێسای

---

ئەڵێ: سەدەی نۆزدەهەم نابێ تەنها بە سەدەی مارکس و نیچە و کەمێک دواتر فرۆید ناودێر بکرێ، بەڵکوو سەدەی نۆزدەهەم هەروەها سەدەی بوودلێریشە. جیهانی مودێرن لە سەرپاکی بەرهەمەکانیدا شەپۆل ئەدا. لە ڕاستیدا ئەوە بوودلێر بوو کە نرخ و واتای بە مودێرنیتە بەخشی. زۆر بەرهەمی بوودلێر کراوە بە کوردی و شێواز و ڕوانگەی لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا ناسراوە.

**٣٣٨ـ** ژان فیگۆ: Jean Vigo (**١٩٠٥ـ١٩٣٤**) دەرهێنەری فەڕانسەیی کە ڕیالیزمی هۆنراوەیی لە فیلمدا بەدی هێنا.

**٣٣٩ـ** کلۆد ئۆتان ـ لارا: Claude Autant-Lara (**١٩٠١ـ٢٠٠٠**) دەرهێنەری فەڕانسەیی و پاشتر ئەندامی پەرلەمانی ئورووپا.

**٣٤٠ـ** ڕادیگۆ: Raymond Radiguet (**١٩٠٣ـ١٩٢٣**) هۆنەر و ڕۆماننووسی فەڕانسەیی کە تەنها بیست ساڵ ژیا.




سینەمایش بکەن و بە گوێرەی دەمارگرژی کۆمەڵگە، کۆمەڵێک مەترسی پەژێرە بکەن ــ هەڵبەت ئەم مەترسیانە زیرەکانە هەژمار کراوە، کە دیارە ئەمکارە مایەی سەردەنشت نییە. ئەم فیلمە ئاسۆی ژیری و ڕەوشتی بینەرانی پەرە پێداوە و ڕێگەی بۆ فیلمی شیانستی تر خۆش کردووە ــ جگە لەوە، ئەمە هەموو پرسگرەکە نییە و هەڵەیە ئەگەر وابزانین ئەمەگداری بە ڕۆمان تەنها بە واتای ملکەچبوون بۆ جوانناسی یەکێکی ترە. بێگومان، ڕۆمان کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە ــ هێسنەکەی زمانە نەک وێنە و، کاریگەری دڵسۆزانەی لەسەر خوێنەرێک تەنها وەکوو باندۆری فیلمە لەسەر کۆمەڵی بینەرانی ئامادە لە هۆڵێکدا کە تاریک نییە ــ بەڵام ڕێک بەم هۆکارانەیە کە جیاوازی ئەم دوو پێکهاتە ئیستاتیکایە، گەڕان بۆ هاوکێشەی لەبار ئەکات بە بابەتێکی زۆر ناسکە و، ئەم هاوکێشەدۆزییە، وزەی داهێنان و وێناکردنی فیلمسازی ئەوێ کە بەڕاستی بەدوای شێوەسازی فیلم بە وێژەیە. ڕەنگە یەکێک بڵێ لە کەوشەنی زمان و شێوازدا، داهێنانی سینەمایی لەگەڵ ئەمەگداری ڕێژەی پێچەوانەیان هەیە. بەو هۆکارانەی کە وەرگێڕانی وشەبەوشە بێبایەخ و وەرگێڕانی زۆر ئازاد بە هەڵە ئەزانین، ژێوەرگرتنی باشیش ئەبێ گەوهەر و گیانی بەرهەمەکەی لە خۆیدا هەبێ. بەڵام هەموو ئەزانن وەرگێڕانی باش چەندە پێویستی بە زمانی باش و بلیمەتی لەبار هەیە. بۆ نموونە ڕستەی ڕابوردووی سادەی بەرهەمەکانی **ئاندرێ ژید** لە بەرچاو بگرن.




ئەمە تایبەتمەندی بەناوبانگی نووسینەکانی ئەو و بەدیاریکراوی بریسکانەوەی وێژەیی شێوازێکی تایبەتە و؛ ڕەنگە بوترێ هەرگیز ناتوانین ئەو نازکبینییە[٣٤١] جوانانە وەربگێڕین بۆ سینەما. بەڵام ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین **دێلانۆی**[٣٤٢] لە فیلمێکدا کە لەسەر بناغەی ڕۆمانی **سەمفۆنی گوندی** دروست کراوە، هاوتای سینەمایی خۆی نەدۆزیوەتەوە. بەفری هەمیشە ئامادە، نموودی نازک و چەند ڕەهەندی لە خۆیدا هەیە کە واتای ڕووداوەکە دارماڵ ئەگۆڕێ و، ئەیخاتە تەک پێوەرێکی ڕەوشتی وەرجاوەندی وەها کە بایەخەکەی لەگەڵ ئەوەی نووسەر بە سوودوەرگرتنی لەبار لە «کات» بەدوایدا گەڕاوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. لەگەڵ ئەوەش، بیری قەتیسکردنی ئەم بوویەرە مینەوییە لە بەفردا و لە بەرچاو نەگرتنی وشیارانەی تایبەتمەندی تایبەتی هاوینی گوند، داهێنانێکی بەڕاستی سینەماییە کە ڕەنگە دەرهێنەر بە تێگەیشتنی ڕاستی دەقەکە پێی گەیشتووە. کاری **برێسۆن** لە فیلمی **یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندی**، لەمەش سەلمێنەرترە؛ ئەمەگداری ئەو بە ژێوەرگرتن لەم ڕۆمانە، کە ڕێزدانانی بێپایان بە دەقەکەی لەگەڵ دایە، ئەگاتە لوتکەیەکی بەڕاستی سەرسوورهێنەر. **ئاڵفرێد**

---

٣٤١ـ نازکبینی: subtlety ئاوەڵناو وردبینی، باریکبینی، تیژبینی، کەسێکی زۆر هەستیار سەبارەت بە ڕێکی و وردەکاری ع شدید الحساسیة N kresen د مشکل پسندی، ظرائف.

٣٤٢ـ دێلانۆی: Jean Delannoy (١٩٠٨ـ٢٠٠٨) هونەرپیشە، نووسەر و دەرهێنەری فەڕانسەیی.




**بێگوین**[٣٤٣]، بە دروستی نووسیوێتی کە توندوتیژی تایبەت بە **بێرنانۆس**[٣٤٤] هەرگیز ناتوانێ لە وێژە و لە سینەمادا وزەیەکی یەکسانی هەبێ. سینەما بە شێوەیەکی ئەوەندە باو توندوتیژی بەکار ئەهێنێ کە کەموزۆر ئەبێ بە پوولێکی بێبایەخ، بەڵام لە هەمان کاتدا هاندەر هەژێنەر و هەمەپەسەند ئەمێنێتەوە. کەواتە، ئەمەگداری بلیمەتانە بەو دەراوەی کە ڕۆماننووس بەکاری هێناوە، نیازی بە چەشنێک خاوکردنەوەی توندوتیژی لە دەقەکەدا هەیە. بەرامبەری ڕاستەقینەی قەبەکردنەوەی بێرنانۆس، هەمان شێوازی کەمکردنەوە و لابردنەیە کە برێسۆن لە ئێدیتی فیلمەکەدا سوودی لێ وەرگرتووە. چەندە تایبەتمەندی وێژەیی بەرهەم گرنگتر و لێبڕاوتر بێ، ژێوەرگرتن زیاتر هاوکێشەکەی تێک ئەدات و زیاتر پێویستی بە بەهرەیەکی داهێنەر هەیە کە لەسەر بناغەی هاوسەنگییەکی تازە بەدی بهێنێتەوە. ئەم هاوسەنگییە تازەیە، مەرج نییە ڕێک وەکوو هاوسەنگییە کۆنەکە بێ، بەڵام هاوکێشیەتی. ئەوەی کە ژێوەرگرتن لە ڕۆمان لە ڕاستیدا کارێکی تەمبەڵانەیە و سینەمای ڕاستەقینە، واتە «سینەمای بێخەوش» هیچی لەوە دەست ناکەوێ، گوتەی پووچی هەندێ لە ڕەخنەگرانە و، هەموو ژێوەرگرتنە باشەکان بەڵگەی بەدرۆخستنەوەی ئەو گوتانەیە. تەنها ئەوانەی کە بە بیانووی بەناو پێداویستی سینەما کەمترین ئەمەگداری بە دەقی

٣٤٣ـ ئالْفرێد بێگوین: Alfred Beguin (١٨٢٥ـ ١٩٠٠) نووسەری فەڕانسەیی.

٣٤٤ـ بێرنانۆس: Georges Bernanos (١٨٨٨ـ١٩٤٨) نووسەری فەڕانسەیی و سەربازی جەنگی جیهانی دووەم.




بەرهەم ڕەوا ئەبینن، هاوکات هەم دوخمانی لە وێژە ئەکەن و هەم لە سینەما.

ئەمەگداری ڕاستەقینەی هەرکام لە فیلمەکانی **کۆکتۆ** یان **ویلیەم وایلەر**(٣٤٥) بە خودی بەرهەم، هۆی پاشەکشەیان نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە پیشاندەری گەشەی ئاوەزمەندی سینەماییە. هەر چۆنێک بێ، سەرکەوتن بەستراوە بە وەستایی بێوێنەوە، جا چ لە جووڵەی هۆشمەندانەی کامێرادا بێ، وەک لە فیلمی **دایک و باوکی سامناک**(٣٤٦) و، چ لە خاوێنکاری و پاککردنەوەی وێنە، بەکارهێنانی کامێرای ڕاوەستاو و قووڵایی ڕوون، وەک بەرهەمەکانی **وایلەر**. لەوەش زیاتر، کارەکانی ئەوان پیشاندەری چەشنێک داهێنانی دەربڕینە کە ڕێک خاڵی بەرامبەر تۆماری ناچالاکی شانۆیە. ڕێزدانان بۆ شانۆ، هۆکارێکی دارماڵ نییە بۆ ئەوەی بکرێ بە فیلم. ئافراندنی هەر چەشنە شانۆی بەنرخ، زۆر دژوارتر لە ئافراندنی سینەمایە و، ئەمە ئەو شتەیە کە زیاتر ژێوەرگرتوەکان تاکوو ئەمڕۆ تێکۆشاون ئەنجامی بدەن.


چۆنایەتی زۆرتر و باشتری سینەمایی سەد بەرامبەر لە هەر تاکە دیمەنی نەگۆڕی فیلمی ڕێویە بچووکەکان یان **مەکبەس**(٣٤٧) ئەتوانین ببینین، تا لە هەموو دیمەنە دەرەکییەکان

---

٣٤٥ـ وایلەر: William Wyler (١٩٠٠ـ١٩٧١) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری سویسی ئاڵمانی ئەمریکایی.

٣٤٦ـ دایک و باوکی سامناک: Les Parents terribles فیلمی سینەمایی ١٩٤٨ دەرهێنانی ژان کۆکتۆ.

٣٤٧ـ مەکبەس: Macbeth درامای مێژوویی ئەمریکایی ١٩٤٨ دەرهێنانی






بە گشتکردن لە هەموو شوێنە ڕاستییەکانی فیلمگرتن، لە هەموو بێگانەگەری[٣٤٨] جوگرافیایی، لە هەموو دیمەنە بەراوەژووەکان[٣٤٩] کە ئەودیوی پەردەشمان پیشان ئەدەن و، لە هەموو ئەو شتانەدا کە سینەما تا ئێستە بە تیکۆشانی بلیمەتانەی خۆی هەوڵی داوە وامان لێبکات تا شانۆ لەبیر بکەین. دەسەڵاتی سینەما بەسەر کەرەستەی شانۆییدا نەتەنها نیشانەی دابەزین نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە هۆکاری پێگەیشتن و گەورەبوونیەتی. بە کورتی، ژێوەرگرتن ئیتر دوخمانی نییە، بەڵکوو ڕێزدانانە. ڕێگە بدەن بەراوردێک لە کاروباری فیزیکی و ئەستوویی بە گۆڤان بهێنمەوە. شێوازی دەربڕینی سینەما بۆ ئەوەی بەم ئاستە باڵایەی ئەمەگداری جوانناسی بگات، پێداویستییەکە کە ئەبێ بە پێشکەوتنێکی بینازانی[٣٥٠] ئاوەها بگات. جیاوازی نێوان فیلمی

---

ئۆرسن وێلز، لەسەر کورتترین تراجێدی **١٥٩٩**ی ویلیەم شکسپیر، مێژووی سکاتلەندە.

**٣٤٨ـ** نامۆگەری: exoticism (لە exotic) ڕەوتێکە لە هونەر و دیزاینی ئورووپاییدا، کە هونەرمەند سەرسامە بە بیرۆکە و شێوازەکانی ناوچە دوورەکان و سرووشیان لێ وەرگرت. ئەمەش زۆرجار بریتی بووە لە کولتووره بیانییەکان بە عیرفان و فانتازیاوە کە زیاتر قەرزاری کولتوری ئورووپایی بوون نەک خودی کولتووره سەمەرە و نامۆکان.

**٣٤٩ـ** دیمەنی بەراوەژوو: reverse shot

**٣٥٠ـ** بینازانی: optics بینایی، لێکۆڵینەوەی زانستی بینین و تاودانەوەی ڕووناکی، یان تایبەتمەندییەکانی گواستنەوە و شکاندنەوەی جۆرەکانی تری تیرێژ و تیشکدانەوە.




«هاملێت» و «فیلمی هونەری» بە مەزنایەتی جیاوازی نێوان ئاڵۆزی پێشکەوتووی هاوێنە(٣٥١) مۆدێرنەکان و هاوێنەی سادەی **فانۆسی جادووە**(٣٥٢). ئاڵۆزی سەپێنراوی هاوێنەی مۆدێرن هیچ مەبەستێکی نییە جگە لە قەرەبووکردنەوەی گۆڕانی تەشک و شکانی هاوێنە و شکانی تیشک کە هەمووی بەرەنجامی هاوێنەی سادەی کامێرایە ــ واتە ئەوەی کە تاریکخانە(٣٥٣) تا ڕادەی پێویست ببێ بە بابەتی. گواستنەوە لە باندۆری شانۆ بە پێداویستی سینەمایی، لە ڕوانگەی جوانناسییەوە پێویستی بە چەشنێک ناسینی زانستی لە بەناو ئەمەگداری بە دەقی بەرهەمە؛ کە وەک ئەمەگداری وێنەگر وایە لە کاتی وێنەگرتن لە ڕۆژەڤ. وێنەگری کۆتایی بەردەوامییەکە و سەرەتای لەدایکبوونێکی دووبارە. ئەگەر سینەمای ئەمرۆ ئەتوانێ بە باشی بچێتە کەوشەنی ڕۆمان و شانۆوە، لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوەیە کە متمانەی بە خۆی هەیە و لە ئامێرەکانی کارکردنی شارەزایە و پێویستی بەوە نییە تواناکانی بسەلمێنێ. واتە سینەما ئێستاکانێ ئەتوانێ ئەو ئەمەگدارییە ــ هەڵبەت نە ئەمەگداری هەوانتەی پەڕەی ڕایشت ــ لە ڕێگەی تێگەیشتنی دروست لە پێکهاتەی جوانناسی خۆیدا بەکار بهێنێ؛ چونکە ئەم تێگەیشتنە،


---

٣٥١ـ هاوێنە: magnifier [فاو] هوورکبین، لێنز [N] forstørrelses [ع] المکبر، عدسة [د] ذرەبین، عدسی [E] Lens.



٣٥٢ـ فانۆسی جادوو: Magic lantern لە دەزگا هەرە سەرەتاییەکانی پیشاندانی فیلم و وێنە و نیگار.

٣٥٣ـ تاریکخانە: camera obscura






مەرجی پێویست و سەرەتایی ڕێزدانان بەو بەرهەمانەیە کە سینەما ئەیەوێ بیکات بە هیی خۆی. پەرەسەندنی ژێوەرگرتنی جۆراوجۆر لە بەرهەمی وێژەیی کە لە نیازەکانی سینەما بەدوورن، نابێ ببێتە هۆی شپرزەیی ئاوەزی ڕەخنەگرێک کە نیگەرانی بێخەوشبوونی هونەری حەوتەمە؛ بەڵکوو بە پێچەوانە ئەم ژێوەرگرتنانە پێشکەوتنی سینەما دەستەبەر ئەکەن.

ئەوانەی کە کەلیلانی سینەمای ڕەسەن، سەربەخۆ، تایبەت، خودکار و ئازاد لە هەموو کۆت و بەندەکانیان لە دڵ دایە، ئەپرسن:

«بۆچی ئەو هەموو هونەرە ئەخرێتە خزمەتی بابەتێکەوە کە پێویستی پێی نییە؟ بۆچی ئەبێ لە ڕووی ڕۆمانەکانەوە بەرهەمی سینەمایی کێماس سازبکرێ ــ لە کاتێکدا مرۆڤ ئەتوانێ خۆی پەرتووک بخوێنێتەوە، یان بۆ ئەبێ ژێوەرگرتن لە شانۆگەری فێدر[٣٥٤] بکەین، لە کاتێکدا ئەوەندە بەسە بچین بۆ شانۆی کۆمێدی فرانسێز و سەیری بکەین؟ بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم ژێوەرگرتنانە چەند دڵکاو ئەبن، ئایە ناتوانین بڵێین کە بەهای ئەوانە لە خودی بەرهەمەکە زیاترە، بە تایبەت ئەگەر فیلمەکە بایەخی هونەرییەکەی هاوتای دەقی سەرەکی

---

٣٥٤ـ فێدر: Phèdre یان Phaedrus تراژدیای پێنج پەردەیی لەسەر کێشی ئەلکساندری alexandrine دوانزە بڕگەیی ١٦٧٧ نووسینی ژان ڕاسین ریشەناسی فێدر لە یۆنانی بە واتای درەوشاوە، لە میسۆلۆژی یۆنانیدا، فێدر، کچی مینۆس و پاسیفای و هاوسەری سیسۆس، خوشکی ئاریادن و دایکی دێمۆفۆن و ئاکاماسە.





و بابەتەکەیشی زیاتر سینەمایی بێت؟ ئێوە فیلمەکانی ئەهریمەن لە جەستە، بتی شکێنراو، دایک و باوکی سامناک و هاملێتتان ناوبرد. زۆر چاکە، منیش لە بەرامبەردا فیلمەکانی هەڵپەی زێڕ[٣٥٥]، پۆتمکین[٣٥٦]، شکۆفەی ژاکاو، گووپکەت، گالیسکەی ئاگر، یان تەنانەت هاوشاری کەین ناو ئەبەم؛ هەموو ئەمانە ئەو شاکارانەن کە بەبێ سینەما بەدی نەئەهاتن. ئەوەی ئەم بەرهەمانە بە بۆماوەیی هونەری بەخشیوە، هیچی تر ناتوانێ جێگەیان بگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر باشترین ژێوەرگرتن بە دوخمانی یان خۆفرۆشی نەشیاویش نەزانین، دیسانەوە ئەبێ ئەو ڕاستییە پەژێرە بکەین کە بەهرەیەکی فراوان بۆ ئەوانە بەکار هێنراوە. ئێوە باسی پێشکەوتن ئەکەن، بەڵام ئەم پێشکەوتنە تەنها سینەما نەزۆک ئەکات و ئەیکات بە کلک و پاشرەوی وێژە. ئەوە بدەن بە شانۆ و ڕۆمان کە هی ئەوانە و ئەو شتە ببەخشن بە سینەما کە هەرگیز ناتوانێ هی شتێکی تر بێت.»

ئەم ڕەخنەی دوایی، بایەخی ئەبوو ئەگەر ڕێژەی مێژوویی پشتگوێ نەخستایەت. واتە ئەو هۆکارەی کە ئەگەر یەک هونەر لە

---

٣٥٥ـ هەڵپەی زێڕ: The Gold Rush فیلمی بێدەنگی ئەمریکایی ١٩٢٥ نووسین و دەرهێنانی چارڵی چاپلین.

٣٥٦ـ پۆتمکین: Potemkin فیلمی بێدەنگی سۆڤیێتی ١٩٢٥ دەرهێنانی سێرگەی ئایزنشتاین.





دارەتی گەشەکردنی هەمەلایەنە دایە ئەبێ بە گرنگ بگیرێ. قسەی تێدا نییە فیلمنامەی ڕەسەن لە فیلمنامەی ژێوەرگیراو، تەنانەت ئەگەر هەموو هەلومەرجەکانیان یەکسانیش بێت، باشترە. کەس نکۆڵی لەمە ناکات. ڕەنگە نەتوانین چاپلین بە مۆلیێری سینەما دابنێین، بەڵام لەبەر ئەوەی فیلمی مۆسیۆ ڤێردۆ[٣٥٧] ناکەین بە سەرگەرد تەنها لەبەر ئەوەی ژێوەرگرتنە لە شانۆنامەی گەلبێزار[٣٥٨]. کەواتە ئەگەر هیوامان وابێ، ئەوەندەی بلوێ فیلمی وەکوو **ڕۆژ هەڵدێ**، **ڕێسای گەمە**، یان **باشترین ساڵەکانی ژیانمان**[٣٥٩]، دروست بکرێن، بەڵام ئەمانە ویستی پلۆتۆنییە؛ ئەو ئارەزوانەیە کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر گەشەکردنی ڕاستەقینەی سینەما نییە. ئەگەر سینەما زیاتر لە پێشوو ڕوو ئەکاتە وێژە و لە ڕاستیدا شێوەکاری یان دراما، ڕاستییەکە کە ئەبێ لە بەرچاوی بگرین و بۆ تێگەیشتن لێی تێبکۆشین. چونکە وا دەرئەکەوێ کە ناتوانین ڕێگەی ئەم ڕەوتە بگرین. لە دارەتێکی وەهادا، هەرچەند ئەم ڕەوتە تەواو دروست و لەبار نییە، پێویستە ڕەخنەگر لانیکەم ئامادەیی پێشوەختی هەبێ. جگە لەوەش، بەراوردی سینەما

---

**٣٥٧**ـ مۆسیۆ ڤێردۆ: Monsieur Verdoux فیلمی کۆمێدی ئەمریکایی **١٩٤٧** دەرهێنانی چارلی چاپلین.

**٣٥٨**ـ گەلبێزار: Le Misanthrope فیلمی بێدەنگی ئاڵمانی **١٩٢٣** دەرهێنانی ڕۆدۆلف واڵتێر-فەین.

**٣٥٩**ـ باشترین ساڵەکانی ژیانمان: The Best Years of Our Lives درامای داستانی **١٩٤٦**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم وایلەر.






لەگەڵ هونەرەکانی تر نابێ بە هەڵەماندا بیات. بە تایبەت ئەو هونەرانەی کە زیاتر و زیاتر بەرەو بەکارهێنانی تاک ئەڕۆن و لە ڕاستیدا بوون بە بڕێنەرەوەی سەربەخۆ. **لۆترەئامۆن**[٣٦٠] و **ڤەن گۆک**[٣٦١] بەرهەمی ناوازەیان بەدی هێنا کە هاوچەرخانیان بەد تێی گەیشین یان پشت گوێیان خستن. سینەما بەبێ ئەو لانیکەمەی بینەران کە ئێستە دێن بۆ سینەما (و ئەم لانیکەمە خۆی ژمارەیەکی گەورەیە) بوونی نابێ. تەنانەت کاتێک فیلمساز لەگەڵ سەرڕێژنەی جەماوەر یەکناگرێتەوە، ئەم بوێریەی هیچ پاساوێکی نییە جگە لەوەی ئەوەندەی ئەکرێ پەژێرەی بکەین بینەر لەو شتەی کە ئەیەوێ و ڕەنگە ڕۆژێک پێی خۆش بێت، ئەمڕۆ تێناگات.

سینەما، ئەمڕۆ ئەتوانین تەنها لەگەڵ نژیارڤانی بەراورد بکەین، چونکە خانوو جگە لە نیشتەجێ بوون بۆ هیچی تر نییە. بەم شێوەیە سینەمایش هونەرێکی ڕاژەییە. ئەگەر بنەمایەکی بەراوردی جیاواز هەڵبژێرین، ئەبێ بڵێین کە بوونی سینەما لە پێش ناوەرۆکەکەیەتی؛ ڕەخنەگر تەنانەت لە سەرکەشترین ئەنجامگیرییەکانیدا ئەبێ هەمیشە ئەم بوونە بە دەسپێک و سەرەتای

٣٦٠ـ لۆترەئامۆن: Comte de Lautréamont (١٨٤٦ـ١٨٧٠) هۆنەری فەڕانسەیی نیشتەجێی ئۆرۆگوای، لە پێشڕەوانی سوریالیزم، کاریگەری لەسەر هونەری مۆدێرن هەبوو.

٣٦١ـ ڤەن گۆک: Vincent van Gogh (١٨٥٣ـ١٨٩٠) شێوەکاری پۆست ئیمپرشنیستی هۆلەندی، بەناوبانگترین و کاریگەرترین هونەرمەندە لە مێژووی هونەری ڕۆژاواییدا.





کاری خۆی بزانێ. هەروەک لە مێژوویشدا و، کەموزۆر بەم تەگەرانەوە، ئەوە ئەبینین کە داننان بە هەر گۆڕانێکدا لە ڕاستەقینە تێئەپەڕێ و ناچار ئەگات بە دادوەری بەهایی. ئەوانەی کە کاتی سەرهەڵدانی فیلمی دەنگدار مەحکوومیان کرد، بەوردی نەیانئەویست ئەم خاڵە پەژێرە بکەن، تەنانەت کاتێک کە دەرکەوت فیلمی دەنگدار بە ئاشکرا لە فیلمی بێدەنگ باڵادەستترە.

تەنانەت ئەگەر خوێنەر ئەم کردارگەراییە ڕەخنەگرانەیە زۆر بە تۆکمە نەزانێ، ناچار ئەبێ پەژێرەی ئەوە بکات ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە وامان لێئەکات تا کاتی بینینی هەر نیشانەیەکی گەشەکردن لە سینەمادا بە خاکەڕایی و پارێزی بیرمەندانەوە کاردانەوە پیشان بدەین. لەم چوارچێوەی بیر و ئەندێشەدا، ڕوونکردنەوەیەک ئەدەین بەدەستەوە تا بە هۆیەوە ئەم وتارە کۆتایی پێ بهێنین. ئەو شاکارانەی بە نموونەی سینەمای سۆلانیان ئەزانین ــ مەبەست ئەو سینەمایە هیچ بە شانۆ و وێژە وامدار نییە، چونکە ئەتوانێ ناوەرۆک و زمانی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە ــ ڕەنگە بە هەمان ئەندازە کە جێگەی پەسنە، لاساییکردنەوەشی دژوار و نەگونجاوە. ئەگەر سینەمای سۆڤیەت ئیتر ناتوانێ فیلمی هاوئاستی پۆتمکین پێشکەش بکات، یان سینەمای هالیوود ناتوانێ فیلمی وەکوو هاوتای **خۆرهەڵات**، **هالەلوویا**[٣٦٢]، **گووپکەت**، **شەوێک**

---

٣٦٢ـ هالەلوویا: Hallelujah فیلمی موزیکاڵی ١٩٢٩ی ئەمریکایی، دەرهێنانی کینگ ڤیدۆر.





**ڕووی دا**[٣٦٣]، یان تەنانەت **گالیسکەی ئاگر** ساز بکات، هۆکارەکەی ئەوە نییە دەرهێنەرانی نەوەی نوێ شتێکیان لە دەرهێنەرانی کۆن کەمترە. بەڵکوو هۆکارەکەی ئەوەیە کە بلیمەتی و بەهرە دیاردەی ڕێژەیین و تەنها بە گوێرەی دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دەرفەتی دەرکەوتن پەیدا ئەکەن. زۆر سادەیە بەم بیانووە پاساو بۆ شکستەکانی شانۆیی **ڤۆڵتێر** بهێنینەوە کە ئەو هەستی تراجێدیایی نەبووە. هەر چەشنە تێکۆشان بۆ درێژەی نەریتی **تراجێدیی ڕاسینی**[٣٦٤]، ئەرکێکی ناکۆک بۆ خەبات لە دژی ناوەرۆکی شتەکان بوو. بێواتایە ئەگەر بپرسین، نووسەری شانۆنامەی فێدر لە ساڵی ١٧٤٠دا چی نووسیوە، چونکە ئەو کەسەی بە ڕاسینی ئەناسین پێویستی بەوە نییە وەڵامی ئەم خۆسەلماندنە بداتەوە. چونکە ئەو «ئەو هۆنەرەیە–کە–فێدر–ی–نووسیوە». ڕاسین تەنها ناوێکە، چەمکێکی ئەندێشەییە. بەم شێوەیە بێواتایە پەژارەی ئەوە بخۆین، بە داخەوە مەک سێنێت نەماوە تا درێژە بە نەریتی شکۆمەندی کۆمێدی لە سینەمادا بدات. بلیمەتی مەک سێنێت لەوەدا بوو کۆمێدی بەزموکوتی ڕێک ئەو کاتە دروست کرد، کە دەرەتانی دروستکردنی هەبوو. لە ڕاستیدا، چۆنایەتی فیلمەکانی

---

**٣٦٣**ـ شەوێک ڕووی دا: It Happened One Night فیلمی ڕۆمانتیکی **١٩٣٤**ی ئەمریکایی دەرهێنانی فرانک کاپرا.

**٣٦٤**ـ تراجێدی ڕاسینی: Racinian tragedy زۆر بە چڕی، چارەنووسێک پیشان ئەدات کە بەسەر ئازارە مرۆییەکاندا سەرئەکەوێ.




مەک سێنێت بەر لەوەی خۆی بمرێ، لەناو چوو. بەڵام هەندێ لە شاگردانی هێشتاش زیندوو و چالاکن؛ بۆ وێنە **هارۆڵد لۆید**(٣٦٥) و **باستەر کیتۆن**، کە دەرکەوتنی ناوبەناویان لە فیلمەکانی پانزەساڵی ئەم دواییەدا، دەری ئەخات بە داخەوە ئیتر لەو بەهرە و سەرڕێژنەیە هیچی وا نەماوە. تەنها چاپلین توانیویّتی یەک لە سێی سەدەیەک لە سینمادا خۆی ڕابگرێ. ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە ئەو بەهرەیەکی بەڕاستی ناوازەیە.

بەڵام بە چ نرخێک؟ بە نرخی دۆنادۆنی بەردەوام. بە نرخی گۆڕانی دارماڵی ویستەکانی. بە نرخی گۆڕانی شێوازەکەی و تەنانەت بە نرخی گۆڕانی تەواوەتی کەسایەتی! لێرەدا ــ بە بەڵگەی سەلمێنەرەوە ــ لەو لەز و ئەشتاوە بەردەوامەی جوانناسی ئەدوێم کە ڕوخساری ڕاستەقینەی سینەمایە. نووسەر ڕەنگە لە ڕوانگەی هێسن و هەم ڕوخسارەوە بۆ ماوەی نیو سەدە بەردەوام خۆی پاتە بکاتەوە. بەهرەی فیلمساز، ئەگەر لەگەڵ هونەرەکەی گەشەنەکات و پێنەگات، دە پانزە ساڵ زیاتر ناخایەنێ. بەم هۆیەوە **بلیمەتی**، کە توانای لخێزی و خودئاگایی کەمتر لە **بەهرەیە**، لە زۆر نموونەدا تووشی شکستی گەورە ئەبێ؛ بۆ وێنە **شترۆهایم**، **ئەبێل گەنس**، **پۆدۆفکین**. بە مسۆگەری هۆکاری ئەم ناسازگارییە قووڵەی نێوان هونەرمەند و هونەرەکەی، کە

---

٣٦٥ـ هارۆڵد لۆید: Harold Lloyd (١٨٩٣ـ١٩٧١) هونەرپیشەی کۆمێدی ئەمریکایی زۆر لە فیلمە بێدەنگەکان.




تێپەڕینی بێبەزەییانەی کات لە بەهرەی کەم ئەکاتەوە و ئەیکات بە مشتێک کەڵکەڵە و خۆ بەزلزانی بێسوود، جۆراوجۆرە و ئێمە لێرەدا نامانەوێ شیکاری بکەین. بەڵام خراپ نییە بڕوانینە یەکیان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەبەستەکەی ئێمەوە هەیە.

سینەمای ڕەش و سپی کەموزۆر تا ساڵی ١٩٣٨ درێژەی بە گەشەکردنی بەردەوامی خۆی دا. ئێمۆلسیۆنی تەواو ڕەنگی یان پانکرۆماتیکی دیمەنی بزۆز، دەنگ ــ و لە ئەنجامدا ئامێری دەربڕین دەوڵەمەند بووــ وەکوو دیمەنی گەورە، مۆنتاژ، ئێدیتی هاوتەریب، بڕینی زیادییەکان، لەقاپدانەوە و وەکوو ئەوانە. فیلمسازان پابەپای ئەم گەشەکردنە خێرایەی زمانی سینەما و لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو چەمکانە، بنەمایەکیان دۆزیەوە کە ئەم هونەرە تازەیە ئەوانەی کرد بە ڕاستەقینە.

«ئەمەیە سینەما!» بە ئاسانی ئەو دیاردەیە بوو کە دەستی بەسەر سی ساڵی یەکەمینی فیلمدا وەکوو هونەر گرتبوو ــ چەشنێک ڕێککەوتنی شکۆمەند لە نێوان تەکنیکێکی تازە و پەیامێکی بێوێنە. ئەم دیاردەیە تەشکی زۆر جۆراوجۆری وەرگرتووە: ئەستێرە، پێداچوونەوە، لەدایکبوونەوەی داستان و **کۆمێدی هونەری** و وەکوو ئەوانە. بەڵام ئەم جۆراوجۆرییە ڕاستەوخۆ بەرەنجام پێشکەوتنی تەکنیکی بوو ــ تازەیی دەربڕین بوو کە بەهای چەمکە تازەکانی ئەدا. بۆ ماوەی سی ساڵ، مێژووی تەکنیکی سینەمایی بە واتا گشتییەکەی بە کردەوە بەسترابوو بە




گەشەکردنی فیلمنامەوە. دەرهێنەرانی گەورە بەر لە هەر شتێک ئافرێنەرانی تەشک بوون؛ ئەگەر بتانەوێ ئەتوانن ئەوانە بە زانایانی ڕەوانبێژی[٣٦٦] ناو ببەن. ئەم گوتەیە بە هیچ شێوەیەک بەو واتایە نییە کە پشتگیرییان لە ڕوانگەی «هونەر بۆ هونەر» ئەکرد، بەڵکوو تەنها بەو مەبەستەیە لە ناکۆکی نێوان تەشک و ناوەرۆکدا، تەشک هۆکاری بڕیاردەر بوو، ڕێک بە هەمان شێوە کە ڕەهەندبینی یان ڕەنگی ڕۆنی جیهانی وێنەیی سەراوبن کرد.

ئەوەندە بەسە دە پانزە ساڵ بگەڕینەوە بۆ دواوە تا کۆمبوونی ئەوشتەی سەردەمێک گەنجینەی هونەری سینەما بوو، بە ڕوونی ببینین. پێشتر ئەماژەمان بە مەرگی پێشوەختی هەندێ لە جۆرەکانی فیلم، تەنانەت جۆری گرنگی وەکوو کۆمێدی بەزموکوت کرد، بەڵام دیارترین نموونە بێگومان لەناوچوونی ئەستێرەی سینەما بوو. هەندێ هونەرپیشەی تایبەت هەمیشە مایەی سەرکەوتنی بازرگانی فیلم بوون، بەڵام ئەم خۆشویستنەی جەماوەر پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەو دیاردە کۆمەڵایەتی–ئایینی‌یەوە نییە کە **ڕۆدێلف ڤالێنتینۆ**[٣٦٧]

---

**٣٦٦-** ڕەوانبێژی: Rhetoric زمانەوانی یان زانستی ڕەوانبێژی، لەو هونەر و دەستوور و بنەمایە ئەکۆڵێتەوە ئەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەری گوتە و پاراستنی لە لیڵی و شل و شێواوی.

**٣٦٧-** ڕۆدێلف ڤالێنتینۆ: Rudolph Valentino (**١٨٩٥-١٩٢٦**) هونەرپیشەی ئیتالیایی فیلمی بێدەنگی هالیوود، ناسراو بە دڵداری لاتینی، داهێنەری سەمای ڤالێنتیۆ.






و گرێتا گاربۆ[٣٦٨] گوێرەکەی زێڕینی بوون. بەگشتی وا دەرئەکەوێ سنووری چەمکی سینەمایی ئەوەی هیوای بوو لە هونەرە جۆراوجۆرەکان وەری بگرێ، وەری گرتبوو و بەکاری هێنابوو. ئیتر بۆ درووژاندنی هەستی بینەران، داهێنانی بڕینی خێرا یان سووکەڵەی تازەی فیلمگرتن بەس نەبوو. سینەما، بێئاگا، پای نابوویە خولی فیلمنامەوە. مەبەست لەم گوتەیە، بەراوەژوو بوونەوەی پەیوەندی نێوان ناوەڕۆک و تەشک بوو. نەک ئەوەی تەشک گرنگی نەمابوو، ڕێک بە پێچەوانە، تەشک وەها لە بن دەسەڵاتی ناوەڕۆکدا بوو و وەک بابەتێکی ئەوەندە پێویست و ناسکی لێهاتبوو، کە وێنەی نەبوو.

بەڵام هەموو ئەم زانیارییەی ئێمە، دژی کاریگەری ملۆزمی تەشک ئەجووڵێنەوە و لە بەرامبەر بابەتێکدا، کە ئەمڕۆ بە هۆی خۆیەوە پەسنی ئەکەین و زیاتر لە پێشوو لێی ورد ئەبینەوە، بەڕاستی ون و پێوار ئەکات. سینەما، ڕێک وەکوو ڕووبارێکە کە بەستەری خۆی بە ڕادەی پێویست قووڵ کردووە و تەنها ئەوەندە وزەی بۆ ماوەتەوە ئاوەکە بەرەو زەریا پاڵ بنێ، بەبێ ئەوەی دەنکە زیخێک لە کەنار زیاد بکات، خەریکە ئەگاتە دارەتی هاوسەنگی. ئیتر ئەو ڕۆژانە تێپەڕیون کە تەنها «فیلم دروستکرن» بۆ شایەنی واتای هونەری حەوتەم بەس بوو. ئەمڕۆ کە چاوەڕێین

---

٣٦٨ـ گرێتا گاربۆ: Greta Garbo (١٩٠٥ـ١٩٩٠) ئەستێرەی ناسراوی سویدی هالیوود، بە هونەرپیشەی فیلمی بێدەنگی مێژوو هەڵبژردراوە.




ڕەنگ و فیلمی سێ ڕەهەندی جارێکی تر تەشک بکاتەوە بە یەکەم و گەڕێکی تازەی دابەزینی جوانناسی بەدی بهێنێ، هیچی وا لەسەر ئاوەکە نییە تا سینەما دەستی بەسەردا بگرێ؛ تەنها ئەبێ کەنارەکانی خۆی ئاو بدات. جێگەی خۆی لە ناو ئەو هونەرانەدا کە ڕووبارەکانی وەها خێرا لە ناویاندا ڕەوان کرد، بکاتەوە و، بە بێدەنگ و هەرا گەمارۆیان بدات. بخزێتە خاکەکانی فەراگەردی، تا بتوانێ دەروویەکی پێوار هەڵبکەنێ. خولی ڕاسانی سینەما، سەربەخۆ لە ڕۆمان و شانۆ، دیسان دێتەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە ڕەنگە هۆکاری ئەو سەربەخۆییە ئەوە بێ کە ڕۆمان ڕاستەوخۆ بۆ فیلم بنووسن. سینەما لە کاتێکدا چاوەڕێیە دیالکتیکی مێژووی هونەر، ئەم سەربەخۆییە دڵخواز و ئارەزوومەندانەی بۆ بگێڕێتەوە، سەرچاوەکانی پڕ ئاوی بابەتی ناسک کە هونەرەکانی فەراگەردی سەدەهایە لە تەنیشتییەوە هەڵیان داوەتەوە، بۆ لای خۆی ڕائەکێشێ و، ئەیانکات بە هینی خۆی، چونکە پێویستی پێیان هەیە و؛ ئێمەش تامەزرۆین تا دیسانەوە بە هۆی سینەماوە دۆزینەوە بکەین.

ئەگەر وای لێبێ، سینەما نابێ بە جێگرەوەی ئەو هونەرانە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە. سەرکەوتنی شانۆی بەفیلم کراو یارمەتی شانۆ ئەدات، ڕێک بەو شێوەی کە ژێوەرگرتن لە ڕۆمان خزمەتی وێژە ئەکات. فیلمی **هاملێت** ژمارەی ویستیارانی **شکسپیر** پەرە پێ ئەدات و، هەندێکیان، تەنانەت کەڵکەڵەی ئەوەش پەیدا ئەکەن







تا لە شانۆیش ببینن و ببیستن. فیلمی **یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندی** دەرهێنانی **رابێرت برێسۆن** ژمارەی خوێنەرانی پەرتووکی **بێرنانۆسی** دە جار زیاتر کرد. ڕاستی ئەوەیە کە ئیتر نە پێشبڕکێیەک لە ئارا دایە و نە جێگرتنەوەیەک. بەڵکوو ڕەهەندێکی تازە لە هونەرەکان زیاد ئەبێ کە لە سەردەمی ڕاپەڕینی «چاکسازی دین»ـەوە[٣٦٩] لە دەست درابوو: **جەماوەری فراوان.**

ئینجا کێ ئەمەی پێ ناخۆش ئەبێت؟

*Cinéma' un oeil ouvert sur le monde*

**٣٦٩ـ** چاکسازی دین: Reformation یان چاکسازی پرۆتستانتی لە سەدەی شانزە، بە سەردەمێک ئەوترێ کە تێیدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە کڵێسەی مەسیحیدا دروست بوو. ڕابەرە هەرەگرنگەکانی چاکسازی بریتی بوون لە مارتین لۆتەر و جان کالڤین. لە دوای سەردەمی چاکسازی پرۆتێستانتەکان ئایینزای خۆیان ڕاگەیاند و بەشێکی گەورەی ئەورووپایان داگیر کرد و گەلێک گۆڕانکاری لە ئایین، ڕامیاری و کۆمەڵگای ئەورووپاییدا ڕووی دا.




# بەشی یەکەم

## شـــــانۆ و ســــینەما

ڕەخنەگران بە زۆری ئاماژە بە لێکچوونی سینەما و ڕۆمان ئەکەن، بەڵام «شانۆی بەفیلمکراو» بە چەشنێک داهێنان دائەنێین. بەو پێیەی کە یەکەم نموونەکانی ئەم جۆرە فیلمە و، لایەنگری لێی ئەتوانین لە نووسراوە و شانۆکانی **مارسێل پانیۆل**دا[370] ببینین، جێی خۆی بوو یەک دوو سەرکەوتنی ئەو بە ڕێکەوتی بەرەنجامی ئاوێتەبوونی نائاسایی هەلومەرج بزانرێت. «شانۆی بەفیلمکراو» لەگەڵ یادەوەری گاڵتەئامێزی فیلمی هونەری یان نمایشکردنی بۆلڤار بە «شێوەی» **بێرتۆمیۆ**[371] ئامێتە بوو. (تێبینی: نموونەیەکی تاقانە و دوور لە تێگەیشتنی جەماوەر، لە دەسپێکی فیلمی دەنگداردا، شانۆی هەمیشە لە یادی **ژێنی مەهـ ڕوخسار**[372]

---

٣٧٠ـ مارسێل پانیۆل: Marcel Pagnol (١٨٩٥ـ١٩٧٤) ڕۆماننووس، شانۆنامەنووس و دەرهێنەری فەڕانسەیی، یەکەم فیلمسازە هەڵبژێردرا بە ئەندامی کۆڕی زانیاری فەڕانسە.

٣٧١ـ بێرتۆمیۆ: André Berthomieu (١٩٠٣ـ١٩٦٠) فیلمنامەنووس و دەرهێنەری فەڕانسەیی.

٣٧٢ـ ژێنی مەهـ ڕوخسار: Jean de La lune کۆمێدی سینەمایی ١٩٤٩،




بوو.) لە سەردەمی جەنگ ژێوەرگرتن لە شانۆگەری ناوازەی **گەشتیاری بێ هەگبە**(٣٧٣) کرا. هەرچەند بابەتی ئەم شانۆگەرییەیان زۆر بۆ سینەما بە لەبار ئەزانی، بەڵام شکستی ئەم ژێوەرگرتنە بەرواڵەت بۆچوونی نەیارانی «شانۆی بەفیلمکراو»ی دانیشاندەوە سەر جێگەیان. سەلماندنی ئەوەی کە سینەما بۆ هەمە جۆر بەرهەمی دراماتیک، میدیایەکی بەهێزە، پێویستی بە سەرکەوتنی یەک لەدوای یەک هەبوو؛ هەر لە **ڕێویە بچووکەکان** و **مەکبەسەوە** بگرە تا **هانری پێنجەم**(٣٧٤)، **هاملێت** و **دایک و باوکی سامناک.**

لە ڕاستیدا ئەوانەی دەمارگرژانە دژایەتی شانۆیبەفیلمکراو filmed theater ئەکەن، ناتوانن بۆ سەلماندنی بۆچوونی خۆیان نموونەی ئەوتۆ بدەن بەدەستەوە. هەڵبەت ئەگەر بڕیار بێ تەنها ناوی ئەو فیلمانە ببرێت کە بەڕاستی لە شانۆ ژێوەرگیراون. کەواتە، ئەتوانین مێژووی فیلمە سینماییەکان نە بە گوێرەی پایەی پێکهاتە و ئاراستەی دراماتیکیان سەیر بکەین.

## یاداشتێکی کورتی مێژوویی

---

دەرهێنانی مارسێل ئاشار Marcel Achard.

٣٧٣ـ گەشتیاری بێ هەگبە: Le Voyageur sans bagages فیلمی سینەمایی ١٩٤٤، ژێوەرگیراو، نووسینی ژان ئانۆی Jean Anouilh.

٣٧٤ـ هانری پێنجەم: Henry V فیلمی داستانی سینەمایی ١٩٤٤ی بریتانیایی ویلیەم شکسپیر، دەرهێنانی لارنس ئۆلیڤیە.




ڕەخنەگران، لە هەمان کاتدا کە خەریکی مەحکوومکردی شانۆیبەفیلمکراو بوون، پەسنی زۆری ئەو تەشکە لە سینەمایان ئەکرد کە بە شیکردنەوەی وردتر، دەرئەکەوت ئەمانە وێناکردنی بابەتی هونەری درامان. ئەم ڕەخنەگرانە کە «فیلمی هونەری» و بەرهەمەکانی چاویانی کوێر کردبوو، بە تەنیشت کۆمەڵێک فیلمدا، کە مۆرکی «سینەمای سۆلان»یان لێدرابوو و هەندێ لە نموونەی شانۆی سینەمایی کە کۆمێدی ئەمریکایی دەستپێکی بوو، بەبێ گرنگیپێدان تێپەڕین. ئەگەر ئەم چەشنە کۆمێدییە بە وردی سەیر بکەین، بۆمان دەرئەکەوێ بە هەمان ئەندازە «شانۆیی»یە کە هەرکام لە شانۆکانی **بۆلڤار** یان **بڕادوەی**[٣٧٥]. ئەم جۆرە فیلمە لەسەر بناغەی کۆمێدی دۆخ و کۆمێدی گفتگۆ وەستاوە، زیاتر بریتییە لە دیمەنی ناوەکی و لە ئێدیتدا لە شێوەی نما ــ نمای بەرامبەر کەڵک وەرئەگیرێت تا هەر کەس لە کاتی وتنی ڕستەی خۆیدا پیشان بدات. ڕەنگە لێرەدا ئەبێ ئەو زەمینە کۆمەڵناسییە شی بکرێتەوە کە دەرەتانی گەشەی ناوێزەی کۆمێدی ئەمریکایی لە یەک دەهەدا ڕێگە پێدا. بە بۆچوونی من، بەرەنجامی ئەمکارە پەسەندکردنی پەیوەندی بەکردەوەی نێوان شانۆ و سینەما ئەبێ. ئیتر ئەو نیازە لە ئارادا نەبوو، چونکە نووسەرانی ئەم شانۆگەریانە ئەیانتوانی ئەوانە ڕاستەوخۆ بۆ سینەما بنووسن. بەڵام ئەمە دیاردەیەکی تەواو ڕێکەوت و لە ڕوانگەی مێژووییەوە لە گرەوی تێکەڵەیک

٣٧٥ـ بڕادوەی: ئاماژەیە بە هەرکام لە ٤٠ شانۆی ٥٠٠ کەسی و بەرەوژوور لە شەقامی بڕادوەی لە مەنهەتەنی نیۆیۆرک. Broadway theatre





هەلومەرجی کۆمەڵناسی و ئابووریدا بوو کە بە ڕواڵەت، ئەمڕۆ ڕوو لە تیاچوونن. لە پانزە ساڵی ڕابوردوودا گۆڤانی ئەوە بووین هاوکات لەگەڵ کزبوونی چەشنێکی تایبەت لە کۆمێدی ئەمریکایی، ژمارەیەکی پەرەئەستێن کۆمێدی بەفیلمکراوی **بڕادوەی** سەرکەوتنیان بەخۆوە بینیوە.

لە بواری درامای دەروونناسی و درامای ڕەفتاری، ویلیەم وایلەر لە هەڵبژاردنی شانۆنامەی ڕێویە بچووکەکان نووسینی **لیلیان هێلمەن**[٣٧٦] هیچ دوودڵی نەنواند و هەر هەمووی بە هەمان گشتیەتی شانۆیی کرد بە فیلم. لە ڕاستیدا، لە ئەمریکا هەرگیز دەمارگیرییەکی تایبەت لەمەڕ شانۆیبەفیلمکراو نەبوو. بەڵام هەلومەرجی بەرهەمهێنان لە هالیوود، لانیکەم تا ساڵی ١٩٤٠، وەکوو ئوروپا نەبوو. لەوێ چەشنێک شانۆی سینەمایی سنووردار بە چەند ژانری تایبەت هەبوو و، لانیکەم لە یەکەم دەهەی فیلمی دەنگداردا دۆزەکە ئەوە بوو کەمتر سوود لە شانۆ وەربگرن. قەیرانی ئێستەی هالیوود لە ڕوانگەی دەقی سینەماییەوە، وای لێکردووە تا یارمەتی لە دەقی نووسراوی شانۆنامەکان وەربگرێ. بەڵام لە کۆمێدی ئەمریکایی، شانۆ هەمیشە بوونێکی شیانی هەبووە، هەرچەند بە شێوەیەکی پێوار و نەبینراو[٣٧٧].

---

٣٧٦ـ لیلیان هێلمەن: Lillian Hellman (١٩٠٥ـ١٩٨٤) شانۆنووس و پەخشاننووس و فیلمنامەنووسی ئەمریکایی.

٣٧٧ـ لە پەرتووکی «هەمیشە هەق بە جەماوەرە The Public Is Always Right» نووسینی ئادۆلف زۆکۆر Adolph Zukor، داهێنەری سیستەمی





دیارە لە ئوروویا ناتوانین بڵێین کۆمێدی، وەکوو کۆمێدی ئەمریکایی گەشەی کردووە، جگە لە بەرهەمەکانی مارسێل پانیۆل کە شێکردنەوەیەکی جیاوازی ئەوێ، ژێوەرگرتنە سینەمایی کۆمێدییەکانی بۆلڤار بە زۆری تووشی شکستێکی دژوار ببوون.

هەر چۆنێک بێ، لەدایکبوونی شانۆیبەفیلمکراو هاوکات لەگەڵ هاتنی دەنگ بۆ سینەما نەبوو. ئەبێ تۆزێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بە تایبەت ئەو کاتەی کە «فیلمی هونەری» بە ئاشکرا ڕوو لە

---

ئەستێرەسازی، کە یادەوەری پەنجا ساڵ مێژووی سینەمایە، هاتووە کە سینەمای ئەمریکا زانیویەتی بە چ شێوەیەک، تەنانەت بەر لە سینەمای فەڕانسە ئەبێ شانۆ تالان بکات. زۆکۆر بە تێگەیشتن لەوەی کە داهاتووی بازرگانی سینەما بەستراوە بە چۆنایەتی بابەت و بەهای هونەرپیشەکان، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەیتوانی تازیاری ژێوەرگرتنی سینەمایی لە شانۆنامە شانۆییەکان بکڕێ و هونەرپیشەی ناودار لە شانۆوە ڕابکێشێ بۆ سینەما و، لەگەڵ ئەوەی مووچەیەکی یەکجار زۆری پێئەدان، هەمیشە نەی ئەتوانی بەسەر بێوازی ئەواندا زاڵ بێ، کە نەیانئەویست ببن بە بەشێک لەم پیشەسازییە نزمە و، بازاڕی کاوڵانەکەی. ئەوەندەی پێنەچوو، بینەران لە شانۆ دابڕان و دیاردەی «ئەستێرە»ی تایبەتی سینەما سەری هەڵدا و، جەماوەر ئەکتەری دڵخوازی خۆیان لە ناو ناوە ناودارەکاندا هەڵبژارد و، ئەم هەڵبژاردنە شانازییەکی وەها خێرای لەگەڵدا بوو بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ناوبانگی ئەکتەرانی شانۆ بەراورد نەئەکرا. بەم شێوەیە، فیلمنامەی شانۆیی سەرەتاییان خستە لاوە و ئەو چیرۆکانەیان هەڵبژارد کە لەگەڵ ئەم میسۆلۆژییە نوێیە ئەگونجا. سەرەڕای ئەوەش، لە سەرەتادا هێشتاش فیلمنامەکانیان هەر لە ڕووی دەقی شانۆییەوە ئەنووسییەوە.

تێبینی: هیو گرەی




داچوون بوو. ئەو ڕۆژانەی کە لوتکەی کار و شادمانی **میلیەس**[٣٧٨] بوو. سینەما لای ئەو لە بناغەدا جگە لە پەرەپێدانی سەمەرەکانی شانۆ نەبوو و دەرکەوتەی تایبەتی جگە بە گەشەسەندنی مەگی و سەهرەبەندی نەئەزانی. زۆربەی کۆمیدیەنە فەڕانسەیی و ئەمریکاییەکان لە هۆڵەکانی موزیک یان شانۆی بۆلڤارەوە هاتن بۆ سینەما. ئەوەندە بەسە سەیری جووڵەکانی **ماکس لیندر**[٣٧٩] بکەین تا بۆمان دەربکەوێ تا چ ڕادەیەک وامداری ئەزموونی لە شانۆیە. ئەویش وەک زۆربەی کۆمێدیەنەکانی هاوچەرخی ڕاستەوخۆ بۆ بینەر ڕۆڵ ئەبینێ، چاویان لێ دائەگرێ و داوایان لێ ئەکات تا پەرێشانییەکەی ببینن و لە «لاوەبێژی»ش[٣٨٠] ناپرینگێتەوە. هەروەها سەبارەت بە چاپلین، سەرەڕای ئەوەی وامداری فێرگەی **مایمی**[٣٨١] ئینگلیزە، ئەوەش دیارە کە هونەرەکەی ئەو، لە سایەی سینەماوە، دارماڵ لە گرەوی ئوستادییەکەی لە پلەی کۆمێدیەنی

---

**٣٧٨ـ** میلیەس: Georges Méliès (**١٨٦١ـ١٩٣٨**) دەرهێنەر و هونەرپیشە و تەردەستی ئیلووژنیستی فەڕانسەیی.

**٣٧٩ـ** ماکس لیندر: Max Linder (**١٨٣٣ـ١٩٢٥**) هونەرپیشەی کۆمێدیەن و دەرهێنەری فەڕانسەیی.

**٣٨٠ـ** لاوەبێژی: aside کەرەستەیەکی شانۆیە و، ئەو گوتانەیە لە لایەن پێرسۆنایەکی شانۆ بە بینەران ئەوترێ و بە گوێرەی ڕێسای شانۆ، گوایە ئەکتەرەکانی تر نایبستن ع حوار شخصية الجانبيين N til side د کنارگویی.

**٣٨١ـ** مایم: mime یان پانتۆمیم، لاساییکردنەوە، تەکنیکی شانۆیی نواندنە، بەبێ گوتە و تەنها بە ئاماژە و و دارەت و جووڵە.




هۆڵی موزیکە. لێرەدا سینەما زیاتر لە شانۆ یارمەتی ئەکتەر ئەدات، بەڵام تەنها بە تێپەڕین لێی، بە دەربازکردنی لە کێماسی شانۆ. لە شانۆ. دووری نێوان تەختەی نمایش و بینەر کار ئەکاتە سەر شیرینکارییەکانی ئەکتەر و گرنگترین پرسگر ماوەی پێکەنینی بینەرانە، کە ئەکتەر هان ئەدات تا ئەو ڕادەیەی بۆی ئەلوێ نواندنەکەی درێژە پێ بدات. بەم پێیە، لە ڕاستیدا خودی تەختەی شانۆیە کە هانی ئەکتەر ئەدات و وای لێئەکات زیاتر ترش و خوێی پێوە بکات. بەڵام پەردەی سینەما ئەودەرەتانە بە چاپلین ئەدات تا جووڵەکانی بە وردبینییەکی بیرکارانە درێژە بدات و زۆرترین کاریگەری لە کەمترین ماوەدا ببەخشێ.


کاتێکە فیلمە بەزموکوتە کۆنەکان، بۆ وێنە زنجیرە فیلمی **بوارۆ**[٣٨٢] و **ئۆنێزیم**[٣٨٣] دیسانەوە ئەبینین، بە سەرسووڕمانەوە بۆمان دەرئەکەوێ نە تەنها چەشنی نواندن، بەڵکو پێکهاتەی چیرۆکەکەش هینی شانۆیە. لە سینەما ئەتوانین هەلومەرجێکی سادە تا گەیشتن بە بەرەنجامی کۆتاییەکەی پیشان بدەین، بەڵام لە شانۆدا هەر دۆخێک بەستراوە بە کات و شوێنەوە،

---

**٣٨٢ـ** بوارۆ: Boireau زنجیرە فیلمی زانستی سەرگەرمی فەڕانسەیی، لە ١٩١٢ـەوە.

**٣٨٣ـ** ئۆنێزیم: Onésime زنجیرە فیلمی زانستی فەڕانسەیی، لە ١٩١٢ـەوە.

ئۆنێزیم: یان ئۆنەسمۆس: Onesimus کەسایەتییەکی عیسایی، ئۆنەسمۆسی بیزەنتی و نێردراوی پیرۆزیشی پێوتراوە، ساڵی ٦٨ کۆچی دوایی کردووە.




واتە بەستراوە بە شتێکەوە کە ئەتوانین بە قۆناغی کرمۆکە[٣٨٤] ناوی ببەین. ئەوەی ئەو بڕوایەمان لە لا دروست ئەکات کە سینەما ئەتوانێ سیستەمێکی تازەی ڕووداوی دراماتیک بدۆزێتەوە یان دابهێنێ، توانای لە گۆڕانی ئەو دۆخە شانۆییانە دایە کە ئەگەر سینەما نەبوایەت هەرگیز بەو ڕادەی گەشەیە نەئەگەیشت. لە مێکزیک جۆرێک سەمەندەر هەیە، ئەتوانێ لە قۆناغی کرمۆکەییدا زاوزێ بکات، بەڵام ئیتر لەوە گەورەتر نابێ. زانایان بە لێدانی هۆرمۆن گەیاندوویانەتە قۆناغی گەهێشتن[٣٨٥]. بەم شێوەیە ئەزانین لە ڕەوتی گەشەکردنی زیندەوەراندا چەند درزی ناڕوون و پێوار هەیە تا ئەوەی کە زیندەوەرناسان ڕێسای «گەنجرەفتاری»یان[٣٨٦] دۆزییەوە. بە پێی ئەم ڕێسایانە، زانایان توانیان هەم تەشکە ئاولەمەییەکان لە ڕەوتی گەشەی جۆرەکاندا پۆلێن بکەن و هەم لەوە تێگەیشتن کەسانی گەورەساڵ لە قۆناغێکی گەشەکردنی خۆیاندا وەستاون. بەم واتایە، هەندێ لە جۆرەکانی شانۆ لەسەر دۆخی دراماتیک بنیات نراون کە پێش لە سەرهەڵدانی سـینەما تووشی لاوازییەکی

---

٣٨٤ ـ کرمۆکە: زیندەوەرزانی larvae بەچکەی هەندێ زیندەوەر کە لە ڕوانگەی ڕووالەتەوە جیاواز و نەزۆکە. larval stage واتە قۆناغی نەزۆکی و سنوورداری.

٣٨٥ ـ گەهشتی: mature ئاوەڵناو پێگەیشتوو، ڕەسیدە ع ناضجة، ناضج N moden د بالغ ← گەهشتن: maturity ئاوەڵناو پێگەیشتن، پەرفین ع نضج N modenhet د بلوغ.

٣٨٦ ـ گەنجرەفتاری: paidomorphosis ڕەفتاری جەوانانەی گەورەساڵان.




خۆیی و بۆماوەیی بوون. ئەگەر شانۆ بە گوتەی ژان هیتـیە(٣٨٧) مێتافیزیکی ئەڤانە، ئەبێ سەبارەت بە شانۆی گاڵتەئامێزی وەکوو **ئۆنێزیم** و **ئۆغر بێ**(٣٨٨) چۆن بیر بکەینەوە ــ لەم فیلمەدا کاراکترەکان بڕیار ئەدەن سەرەڕای چەند ڕێگری زۆر گاڵتەجاڕ بچن بۆ مانگی هەنگوین. ئەم گەشتە پاش ئەو ڕووداوە نالەبارەی سەرەتا واتای خۆی لە دەست ئەدات و ئەو بڕیارە قیرسیچمەیە ئەگات بە ڕادەی چەشنێک شێتی مێتافیزیکی، چەشنێک سەرسامی ئەڤان و، چەشنێک پەرەسەندنی شێرپەنجەیی ڕووداو، کە لەگەڵ هەر بیرسایەک بێگانەیە.

ئایە لێرەدا بۆمان هەیە سوود لە زاراوەی دەروونناسی وەربگرین و سەبارەت بە ئەڤان بدوێین؟ زۆربەی ئەم نمایشە گاڵتەئامێزانە، دەربڕینی بێبڕانەوەی شتێکە کە لە هەناوی پێرسۆناوە هاوار ئەکات. ئەم نمایشانە چەشنێک دیاردەناسی(٣٨٩) لاساری و سینگسەختییە. بوارۆێ خاوەن خانوو، تا دوا سات کە خانووەکە دائەڕووخێ و کاول ئەبێ، هەر خەریکی کارەکانی خانووەکەیە. **ئۆنێزیم**، شووی هەڵهاتوو، ئەوەندە درێژە بە گەشتی

---

**٣٨٧ـ** ژان هیتیە: Jean Hytier (**١٨٩٩ـ١٩٨٣**) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی.

**٣٨٨ـ** ئۆغر بێ: le beau voyage فیلمی فەڕانسەیی **١٩٤٧** دەرهێنانی لویی کۆنی.

**٣٨٩ـ** دیاردەناسی: phenomenology ناوی لێکدراو زانستی دیاردە، وەکوو شتێکی دوور لە سروشتی هەستی، وەک ئێدمۆند هوسێرلی فەیلەسووف ئەڵێ: دیاردەناسی پێزانینە بە بینراوەیی ئەو دیاردانەی کە دەسبەجێ تێیانئەگەین، بەبێ پەنابردنە بەر تیۆری زانستی یان فێرکاری لە پێشەوە.




مانگی هەنگوینەکەی ئەدات تا لە کۆتاییدا لە ناو داریلێکدا[٣٩٠] بەرەو ئاسۆ تل ئەبێتەوە. لێرەدا ئیتر ڕووداو پێویستی بە گەلاڵە و دیمەن و کاردانەوە و لێکدانەوەی پێچەوانە یان بەراوەژووبوونی کتوپڕی ڕەوتی بەسەرهات نییە، بەڵکوو قیرسیچمانە پەرە ئەستێنی، تا ئەو جێگەی کە خۆی تەفروتوونا ئەکات؛ بێوچان بەرەو چەشنێک خۆبەتاڵکردنی هەژێنەری سەرەتایی بەرەنجامی ڕوودانی کارەسات ئەڕوات، وەکوو منالێک کە بێپەروا فوو ئەکاتە پزدانێک تا ئەو ڕادەی ئەتەقێ بە دەموچاویدا ــ و بیری ئێمەش و خۆیشی ئاسوودە ئەکات.

بەڵام سەبارەت بە بابەتەکانی تر، کاتێک بە مێژووی کەسایەتی و هەلومەرج و دیمەنە کۆمێدییە گاڵتەجاڕە کلاسیکەکاندا ئەچینەوە، بەو ئەنجامە ئەگەین کە سینەمای بەزموکوت لەدایکبوونەوەی دووبارەی پێ بەخشیون: «کۆمێدی گاڵتەجاڕ بە ئەکتەری زیندووەوە» لە سەدەی حەڤدە بە دواوە بە شێوەیەکی زۆر پسپۆڕانە و گۆڕاو تەنها لە سیرکەکان و هەندێ لە هۆڵەکانی موزیکدا درێژەی بە ژیانی داوە. ڕێک لەم شوێنانەشدا بوو کە بەرهەمهێنەرانی هالیوودی کۆمێدییە بەزموکوتەکان، بە دوای هونەرپیشەدا ئەگەڕان. دیمەنە ئاساییەکانی ئەم چەشنە کۆمێدییە لەگەڵ کەرەستەکانی سینەما، گەنجینەی تەکنیکی ئەوانی زۆر پەرە پێدا و ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی

---

٣٩٠ـ داریل: cask دەرم، کەمۆڵ، بەرمیلی تەختەی گەورە، کووپەی داری سەرگیراو، کووپەی شەراب [د] بشکە چووبین [ع] برمیل خشبی.

**ماکس لیندر، باستەر کیتۆن، لۆرێل و هاردی**[٣٩١] و **چاپلین** خۆش کرد. ساڵانی ١٩٠٣ تا ١٩٢٠ ئەم جۆرە فیلمە گەیشتە لوتکەیەکی وەها کە بێوێنە بوو. مەبەستم نەریتی کۆمێدی گاڵتەجاڕە، ئەو جۆرەی لە سەردەمی **پلۆتۆس**[٣٩٢] و **ترەنس**ەوە[٣٩٣] ماوەتەوە و تەنانەت «کۆمێدی هونەری» بە ناوەرۆک و تەکنیکی تایبەتیەوە ئەگرێتەوە. ڕێگە بدەن تەنها یەک نموونە ئاماژە پێ بدەین: لە فیلمێکی کۆنی **ماکس لیندر**، لای ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٣ «دیمەنی خمگەری» خۆبەخۆ دێتە ئاراوە. لەم دیمەنەدا، دۆن ژوانی خاپێنەر[٣٩٤] کە ژنەی خمگەری هەڵفریواندووە، لە ترسی تۆڵەی شووەکە بە ناچاری خۆی هەڵئەداتە ناو کووپەی ڕەنگەکە. لە دارەتی وەهادا پرسگر لەسەر لاساییکردنەوە یان کارتێکردن یان بیرهێنانەوە نییە، بەڵکوو تەنها پەیوەندی خۆبەخۆی ژانرێکە لەگەڵ نەریتەکەی.

## دەق! دەق!

لە یادەوەرییەکانی ڕابوردووەوە بۆمان دەرئەکەوێ پەیوەندی نێوان شانۆ و سینەما کۆنتر و نزیکتر لەوەیە کە بە زۆری لامان وایە و، بە دڵنیاییەوە ئەم پەیوەندییە تەنها لەمەڕ بەسووک سەیرکردنی

٣٩١ـ لۆرێل و هاردی: Laurel and Hardy جووتەی کۆمێدی سینەمای کلاسیکی ئەمریکا، Stan Laurel ئینگلیزی (١٨٩٠ـ١٩٦٥) و Oliver Hardy ئەمریکایی (١٨٩٢ـ١٩٥٧) بە هۆی کۆمێدی بەزموکوتەوە لە ١٩٣٠ تا ١٩٥٠ لە جیهاندا ناودار بوون و هەتا ئێستەش.

٣٩٢ـ پلۆتۆس: Plautus (٢٥٤ـ١٨٤ پ.ز) شانۆنووسی ڕۆمی.

٣٩٣ـ ترەنس: Terence (١٩٥ـ١٥٩ پ.ز) شانۆنووسی ڕۆمی.

٣٩٤ـ خاپێنەر: seducer لە (خاپاندن) .ۆ کلاوباز، فریودەر ع المُغوي N forfører د اغواگر.





شانۆیبەفیلمکراو نییە. جگە لەوە، بینیمان کە باندۆری ناخودئاگای پێشینە و نەریتەکانی شانۆ لەسەر ئەو پۆلە فیلمانەی تەنها و تەنها بە سینەمایی ئەزانن، یەکجار زۆر بووە، هەرچەند ئەم باندۆرە ناخودئاگا بووە و کەس ددانی پێدا نەناوە.

بەڵام ژێوەرگرتن لە شانۆ، بە واتای باوی ئەم زاراوەیە، خۆی پرسگرێکی ترە. لە دەسپێکدا و بەر لە چوونە سەر بوارەکانی تر، ئەبێ جیاوازی نێوان ڕۆژەڤی شانۆیی و ڕۆژەڤی دراماتیک ڕوون بکەینەوە. دراما، گیانی[۳۹۵] شانۆیە. بەڵام ئەم گیانە هەندێ جار دزە ئەکاتە جەستەی ترەوە. سۆناتا یان ڕۆمان یان فیلم و یان سەربردەیەک لە لافۆنتن ڕەنگە کاریگەری خۆی، وامداری شتێک بێ کە هانری گۆهییە بە «کاتێگۆری دراماتیک» ناویان ئەبات. لەم ڕوانگەیەوە، بێسوودە ئەگەر داخوازی سەربەخۆیی بۆ شانۆ بکەین. بەڵام یان ئەبێ ئەم بیردۆزە پەژێرە بکەین یان بیسەلمێنین کە دروست نییە. واتە شانۆنامە ناتوانێ دراناماتیک بێ، بەڵام ڕۆمان ڕەنگە دراماتیک بێت و ڕەنگە نەبێت. **مشکان و مرۆڤ**[۳۹۶] هەم ڕۆمانە و هەم تراجێدیایەکی نموونەیی. لە لایەکی ترەوە، بە دژواری ئەتوانرێ ژێوەرگرتن لە «**ڕێگەی بەرەو**

---

۳۹۵ـ گیان: soul بەشی ناهێسنی یان هۆکاری زیندەبوون بە واتای «روح» لە عەرەبی و دەریدا ن: گیانەوەر: بوونەوەرێک کە گیانی هەیە ن: گیانی دەرچوو: (ڕۆح) یان هۆکاری ژیانی نەما. فەرهەنگۆک

۳۹۶ـ مشکان و مرۆڤ: Of Mice and Men ڕۆمان نۆڤێلای ۱۹۳۷، نووسینی جان ستەینبەک، براوەی خەڵاتی نۆبێل.






**سوان»**[٣٩٧] بکرێ. نابێ پەسنی شانۆیەک بکەین کە تایبەتمەندی ڕۆمانئاسای هەیە، بەڵام ئەو ڕۆماننووسەی توانیوێتی ڕووداوێک دابڕێژێ، جێگەی ستایشە.

لەگەڵ ئەوەش ئەگەر سوور بین لەسەر ئەوەی کە ئەتوانین تەنها شانۆ بە دراماتیک ناو ببەین، ئەبێ کاریگەری مەزنی بە مسۆگەر بزانین و جگە لەوە ئەبێ پەژێرە بکەین کە سینەما کەمتر لە هونەرەکانی تر ئەتوانێ خۆی لە باندۆری بپارێزێ. لەم ڕوانگەیەوە، نیوەی وێژە و سێ لە چواری فیلمەکانی هەنووکە، بە لقەکانی شانۆ ئەژمێردرێن. ڕاستی ئەوەیە کە ڕێگەی دروست پێشکەشکردنی پرسگرەکە ئەمە نییە. ئەم پرسگرە ئەتوانین بەم شێوەیە بهێنینە ئاراوە کە: بەرهەمی شانۆیی لە دەقدا بەرجەستە ئەبێ نە لە ئەکتەردا.

فێدر بەو مەبەستە نووسراوە تا لەسەر سەکۆی شانۆ پێشکەش بکرێ. بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئەو خوێندکارەی کە بە درێژایی ساڵ لە شوێنی خۆی خەریکە کار ئەکات، وەکوو بەرهەمێکی کلاسیک و وەکوو تراجێدی وایە. «شانۆی کورسی»[٣٩٨] کە تەنها لەسەر خەیاڵ و وێناکردن وەستاوە، وەکوو شانۆ، چەند شتێکی کەمە، بەڵام هەرچی بێ شانۆیە. بە پێچەوانە، شانۆ بەفیلمکراوەکانی **سیرانۆ دو بێرژراک** و **گەشتیاری بێ هەگبە**،

---

**٣٩٧ـ** ڕێگەی بەرەو سوان: بەرگی یەکەمی ڕۆمانی بەناوبانگی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو، وەرگێڕانی سیامەند شاسواری، وەشانی غەزەلنووس.

**٣٩٨ـ** شانۆی کورسی: Armchair theater شانۆیەکە لە جیاتی هەندێ کەسایەتی و کەلوپەل، کورسی دائەنێن و پشتئەستوور بە توانای ئەندێشەی بینەرە.





هەرچەندە دەقی نمایشی و بەرجەوەنی فراوانیان هەیە، کەچی شانۆ نین.

ئەگەر رێگەی ئەوەمان هەبوایە تەنها یەک بوویەر لە شانۆگەری فێدر هەڵبژێرین و بە گوێرەی پێداویستی رۆمانی یان گفتوگۆی سینەمایی دووبارە بینووسینەوە، دیسانەوە ئەگەیشیتنەوە بە هەمان گریمانەی پێشوومان، واتە ئەمان بینی کە رووداوی شانۆیی دابەزیوە بۆ بوویەری دراماتیک. هەرچەند ئەمرۆ لە روانگەی تیۆرییەوە هیچ شتێک رێگری ئەمکارە نییە، بەڵام هۆکاری مێژوویی و دارماڵی پراکتیک لە دژی هەیە. سادەترینیان، ترسی بەرێزانەیە لە لۆمە کران، بەڵام بەهێزترینیان تێروانینی ئەمرۆی ئێمەیە سەبارەت بە بەرهەمی هونەری کە رێزگرتن لە دەق و مافی نووسەر بە پێویست ئەزانێ، تەنانەت لە پاش مەرگی نووسەریش. بە گوتەیەکی تر، تەنها راسین بۆی هەیە لە شانۆنامەی فێدر ژێوەرگرتن بکات. بەڵام ئەگەر کارێکی وەها ئەگریشی هەبوایە، هیچ دەستەبەرێکی بۆ باش بوونی ئەو ژێوەرگرتنە نەئەبوو (خودی **ژان ئانۆی**[399] لە شانۆنامەی **گەشتیاری بێ هەگبەی** خۆی، ژێوەرگرتنی سینەمایی کرد)، بەڵام راستەقینەی گرنگتر و جێگەی سەرنج ئەوەیە کە راسین لە ژیاندا نەماوە.

رەنگە هەندێ بڵێن ئەگەر نووسەر زیندوو بێ، پرسگر رواڵەتێکی تر وەرئەگرێ. چونکە نووسەر ئەتوانێ بە بەرهەمەکەی خۆیدا بچێتەوە و سەرلەنوێ دای برێژێتەوە. ئاندرێ ژید لەم

۳۹۹ـ ژان ئانۆی: ژان ئانۆی Jean Anouilh (۱۹۱۰ـ۱۹۸۷) دراماتیست و شانۆنامەنووسی فەرانسەیی بۆ ماوەی ۵۰ ساڵ.







دواییانەدا هەر ئەمکارەی، هەڵبەت بە ئاراستەی پێچەوانەدا ئەنجام دا، واتە لە ڕۆمانی **سەیزانەکانی ڤاتیکان**[٤٠٠] ژێوەرگرتنی کرد. لانیکەم ئەو ئەتوانێ سەرنجێکی بەرەنجامی کارەکە بدات و دەستەبەری ژێوەرگرتن بکات. بەڵام لێکۆڵینەوەی وردتر پیشانی ئەدات کە ئەم پرسگرە زیاتر لە کەوشەنی دادوەری دایە تا لە سنووری جوانناسی. یەکەم بەهرە و بلیمەتی لە لای هەرکەس دەست ناکەوێ و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ دەستەبەری ئەوە بکرێ کە دەق و ژێوەرگرتن لە یەک ئاستدا بن، تەنانەت ئەگەر خودی نووسەریش لە بەرهەمەکەی ژێوەرگرتنی کردبێ. زۆر جار بەو هۆیەوە لە شانۆنامەیەک فیلم ساز ئەکەن کە ئەو شانۆیە سەرکەوتنی بازرگانی بەدەست هێناوە. دەقی شانۆ لە ڕەوتی سەرکەوتنئامێزیدا، زبرییەکانی ئەوەرێ و کریستالیزە ئەبێ و تەنها بنەڕەتیترین کەرەستەی ئەمێنێتەوە و؛ بینەری سینەمایش بە دوای ئەم دقەوەن. ئەوەتا، ئەبینن پاش گەڕان و بادانەوە بە ڕێبازێکی پڕ شانازیدا، دیسانەوە گەڕاینەوە بۆ بابەتی ڕیزدانان بۆ دەقی نووسراو.

سەرەنجام ئەتوانین بڵێین چەندە چۆنایەتی دراماتیکی بەرهەم زیاتر بێ، بە هەمان ئەندازە جیاکردنەوەی توخمی دراماتیک لە توخمی شانۆیی دژوارترە، چونکە ئەم دوانە لە دەقدا پێکەوە ئاوێتە بوون و چەشنێک سەنتێزیان پێک هێناوە. خاڵی جێگەی سەرنج

---

٤٠٠ ـ سەیزانەکانی ڤاتیکان: Les Caves du Vatican ڕۆمانی ١٩١٤ی ئاندرە ژید.




لێرەدا ئەوەیە کە زۆرجار کات دراماتیزە ئەکەن، بەڵام بە دەگمەن لە ڕووی شانۆیەکەوە ڕۆمان ئەنووسن. وەک بڵێی شانۆ، دوا ڕادەی ڕەوتی لە گەڕانەوە نەهاتووی پاڵاوتنی جوانناسییە.

بێ پێچوپەنا، ئەتوانرێ لەسەر ڕۆمانەکانی **مادام بۆڤاری** و **برایانی کارامازۆف**(٤٠١) شانۆ بنووسرێ. بەڵام ئەگەر شانۆنامەیەک پێشتر نووسرابێ، نەلواوە لەسەر بنەمای ڕۆمانێک، بەو واتایەی کە ئەیناسین، بنووسرێ. بە گوتەیەکی تر، هەرچەند دراما وەها بەشێکە لە ڕۆمان کە ناتوانین لێی جیا بکەینەوە، لەو لایشەوە ڕۆمان پێویستی بە ڕەوتێکی بەدیهێنانەوە هەیە کە بەڕاستی لە هونەردا جگە لە ئافراندنێکی تازە هیچ واتایەکی نییە. ڕۆمان لە بەراورد لەگەڵ شانۆنامە، تەنها یەکێک لەو سەنتێزانەیە کە ئەتوانین لە توخمی سادەی دراماتیک هەڵی بهێنجین.

جارێ خەریکین ڕۆمان و شانۆنامە پێکەوە بەراورد ئەکەین، بەڵام سۆنگەیش هەیە بۆ ئەوەی کە ئەتوانین وای دابنێین ئەم مشتومڕە لەمەڕ سینەما تەنانەت بە توندوتیژییەکی زیاترەوە ڕاستە. چونکە ئەبێ یەکێک لە دوو لایەنەکە هەڵبژێرین. فیلمەکان یان تەنها فیلمگرتن لە شانۆنامەن یان دەق و کەرەستەی ترن، کە لەم دارەتەدا ڕووبەڕووی شانۆیبەفیلمکراو بووینەتەوە، یان ڕووبەڕووی هەمان تەشکی لێکدراو ئەبینەوە کە لە سەرەوە لێی دواین، واتە بەرهەمێکی تازە. **ژان ڕێنوار فیلمی بۆدۆی لە خنکان**

٤٠١ـ برایانی کارامازۆف: The Brotlzers Karamazov دوا ڕۆمانی ساڵی ١٨٨٠ی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی نووسەری ڕووسی.




ڕزگار کراوی[٤٠٢] لە شانۆنامەیەکی نووسینی ڕێنێ فۆشـوا[٤٠٣] وەرگرت، بەڵام بەرهەمێکی بەرزتر لەوی بەدی هێنا، کە لە هەموو ڕوویەکەوە شانۆنامەکەی خستبوویە بن تیشـکی خۆیەوە.[٤٠٤] ئەم نموونە، بەڕێکەوت، ناوێزەیەکە[٤٠٥] کە بە مسۆگەری ڕێساکە ئەسەلمێنێ.

بە هەر شێوەیەک لە شانۆیەکی مۆدێڕن یان کلاسیک نزیک ببینەوە، ئەبینین دەقەکەی وەکوو شوورەیەکی تۆکمە ئەیپارێزێ. ژێوەرگرتن لە شانۆ، جگە بە گۆڕانی دەق و دانانی شتێکی تر لە جیاتی نالوێ؛ ڕەنگە بەرەنجامی ئەم جێگۆڕکێیە لە خودی دەقەکەیش باشتر بێ، بەڵام بەرەنجام ئیتر شانۆنامە نییە. هەر بۆیەشە، ژێوەرگرتن لە شانۆ بە ناچار ئەکەوێتە ئەستۆی نووسەرانی پلە دوو یان نووسەرانی زیندوو. چونکە ئەو شاکارانەی کە تێپەڕینی کات پیرۆزیی پێ بەخشیون، دیارە داوامان لێ ئەکەن تا ڕێز بۆ دەقەکەیان دابنێین.

ئەزموونی دە ساڵی ڕابوردوو ئەم خاڵە ئەسەلمێنێ. ئەگەر


---

٤٠٢ ـ بۆدۆی لە خنکان ڕزگار کراو: Boudu sauve des eaux یان Boudu Saved from Drowning فیلمی سینەمایی ١٩٣٢ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی ژان ڕێنوار.

٤٠٣ ـ ڕێنێ فۆشوا: René Fauchois (١٨٨٢ ـ ١٩٦٢) دراماتیستی فەڕانسەیی.

٤٠٤ ـ لەمەڕ شانۆنامەی La Carosse du S. Sacrement نووسینی مرێمیش Mérimée هەر ئەم ئازادییەی بەکار هێنا. [illegible]: هیو گرەی

٤٠٥ ـ ناوێزە: special ئاوەڵناو جەبە، جیاواز و تایبەتی نەک ئاسایی ع شاذ N spesiell د استثنائی، شاذ ⇦ ناوازە: rare دەگمەن، نادر، کەم وێنە ع نادر د نادر.




شانۆی بەفیلمکراو، ژیانێکی جوانناسانەی تازەی دەست پێکردوەتەوە، لە سایەی فیلمی وەکوو **هاملێت، هانری پێنجەم** و **مەکبەس** دایە کە لەسەر بنەمای دەقی کلاسیک دروست کراون و؛ هەروەها فیلمی وەکوو **ڕێویە بچووکەکان** بەرهەمی لیلیەن هێلمەن و ویلیەم وایلەر، **دایکو و باوکی سامناک، ئاگاداری ئەمیلی بە**[٤٠٦] و **تەناف** کە لەسەر دەقی هاوچەرخن. ژان کۆکتۆ بەر لە جەنگ لەسەر بنەمای شانۆگەری **دایک و باوکی سامناک** فیلمنامەیەکی نووسیبوو. ساڵی ١٩٤٦ کاتێک دیسانەوە ئەم پڕۆژەی دەست پێکردەوە، لێبرا بچێتەوە بۆ دەقە ڕەسەنەکە. وەک بینیمان ئەو پاشتر هەمان دێکۆری شانۆی لە فیلمەکەیدا پاراست. گەشەکردنی شانۆیبەفیلمکراو چ لە ئەمریکا، چ لە ئینگلیز یان فەڕانسە، چ بە شانۆنامەی کلاسیک یان مۆدێڕن، ڕەوتێکی یەکسانی هەبووە. تایبەتمەندی ئەم گەشەکردنە، پێداویستی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەمەگداری بە دەق بە هەمان شێوەی ڕەسەنە. وا دەرئەکەوێ هەموو ئەزموونەکانی فیلمی دەنگدار لەم خاڵەدا یەکانگیر ببوون.

پێشتر یەکەم کەڵکەڵەی فیلمساز ئەوە بوو بناغەی شانۆی ژێوەرگیراو بگۆڕێ و لە سینەمادا بیانتوێنێتەوە. بەڵام ئەمڕۆ وا دیارە نەک ئەم گرەوشتەی ناوەتە لاوە، بەڵکوو تێئەکۆشێ جەخت لەسەر تایبەتمەندی بەرهەمەکە بکات. هەڵبەت لە هەمان ساتەوە کە بڕیار ئەدەین بنەمای دەقەکە بپارێزین، ناچار لە جەختکردن

٤٠٦ـ ئاگاداری ئەمیلی بە: Occupe-toi d'Amélie فیلمی کۆمێدی ١٩٤٩ی فەڕانسەـئیتالیایی.

لەسەر تایبەتمەندییە شانۆییەکەی ئەبین. ئەگەر بڕوانینە کەرەستە شیانییەکانی شانۆ، ئەم کەرەستانە لە دەقدا وێنا کراون. دەقە کە دارەت و شێوازی بەرهەمهێنان دیاری ئەکات؛ دەق، شانۆی خودبەخودە. ناکرێ هەم پێی ئەمەگدار ببین و هەر لەو ئاقارەوە کە ئەڕوات بیگەڕێنینەوە.

## ئەو شانۆ بشارنەوە من پێشووی بینینیم نییە

پشتڕاستکردنەوەی ئەم گوتەیە ئەتوانین لە فیلمێکدا کە لەسەر بنەمای شانۆیەکی کلاسیک ساز کراوە، بدۆزینەوە. فیلمێک کە ڕەنگە تا ئێستەش لە فێرگەی ناوەندی و دوا ناوەندی فەڕانسە کاولکاری ئەکات و ئەشلێ شێوازێک بۆ فێرکردنی وێژە لە ڕێگەی سینەماوە پێشکەش ئەکات. مەبەستم فیلمی **دکتۆر تەقی خۆیە**[٤٠٧]، ئەم بەرهەمە بە یارمەتی مامۆستایەک کە گومان لە دڵسۆزی ناکرێ و بەدەستی دەرهێنەرێک کە ناوی ئاشکرا ناکەین، کرا بە فیلم. ئەم فیلمە لە لایەن ئوستادان و بەیوەبەرانی فێرگەکان، کە بە هۆی چونایەتی باشی فیلمەکەوە شایگەشکە ببوون، بە ئەندازەی پەروەندەیەک پەسنی بۆ چوو، بەڵام ئەم پەسنانە بە هەمان ئەندازە کە پیاهەڵدانە، مایەی نائومێدیشە. لە ڕاستیدا، ئەم فیلمە کۆمەڵێکە لە هەڵەی فراوان، کە بۆ کوشتنی سینەما و شانۆ بەسە. جارێ سەبارەت بە خودی مۆلییێر هیچ ناڵێم. دیمەنی یەکەم، لێژنەی دار پیشان ئەدا لە لێڕەوارێکی ڕاستەقینە دانراون. ئەم دیمەنە بە گەڕانی کامێرا لە تەنیشت دەوەنەکانەوە دەست پێ ئەکات و جوان

٤٠٧ ـ دکتۆر تەقی خۆ: Le Medecin malgre lui شانۆگەری سێ پەردەیی ١٦٦٦ نووسینی مۆلییێر، کراوە بە فیلم.

دیارە ویستراوە تا لە درەوشانەوەی تیرێژی هەتاو لە بن لق و پۆپی درەختەکان چێژ وەربگرین. پاشان دوو کەسایەتی لێبووکئاسا دەرئەکەون کە قارچک کۆ ئەکەنەوە. جلوبەرگە شانۆییەکانی ئەم دوو کەسە، ئەویش لەو شوێنە، لە هیچ ناچێ جگە لە خۆگۆڕانێکی سەمەرە. لە سەرانسەری فیلمەکەدا تا ئەو جێگەی کە دەرەتان هەبووە سوود لە کەرەستەی ڕاستەقینە وەرگیراوە. دەرهێنەری دیمەن دەرکەوتنی سیانازل Sganarelle بۆ ڕاوێژ بە دەرفەتێکی لەبار ئەزانێ تا خانووی ئەربابی گوندێکی بچووکی سەدەی حەڤدەمان پیشان بدات.

بەڵام کاری ئێدیتی فیلم هەر لەم دیمەنەی یەکەمدا، بەردەوام لە نمای دارماڵ–ناونجی medium full–shot ئەچێ بۆ نمای دارماڵ full–shot کە بە گوتنی هەر ڕستەیەک لە لایەن بێژەرەوە ئەبڕدرێ. مرۆڤ وا هەست ئەکات ئەگەر دەقی شانۆکە، بە پێچەوانەی ویستی دەرهێنەر، درێژایی فیلمەکەی دیاری نەکردایەت، ئەو ئەم دیمەنی گفتگۆیەی بە چەشنێک ئێدیتی خێرا، کە تایبەتی ئەبێل گەنسە، پێشکەش ئەکرد. وا دیارە مەبەست لەم جۆرە ئێدیتە ئەوە بووە فێرخوازان لە ڕێگەی نمای درشتی دوو بێژەر لە بەرامبەر یەکدا، هیچ شتێک لە دارەتی ڕوخساری ئەکتەرانی شانۆی «کۆمێدی فەڕانسە» لەدەست نەدەن؛ شێوازێک کە بێگومان ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژانی زێڕینی «فیلمی هونەری».

چونکە لە سینەمایە کە لە چەمکی ئازادی شوێنی ڕووداو ئەگەین و ئەتوانین گۆشەی بینینمان ئازادانە هەڵبژێرین. لەم ڕووەوە شانۆیبەفیلمکراو ڕۆژەڤ و بەرینییەکی وەها بە شوێنی

ڕووداو ئەبەخشێ کە ئەو کارە لەسەر تەختەی شانۆ نالوێ. لەمەش زیاتر بینەر لە کۆسپی کورسییەکەی ڕزگار ئەکات و بە گۆڕانی دیمەنەکان، چۆنایەتییەکی تایبەت بە نواندنی ئەکتەر ئەبەخشێ.

کاتێک ڕووبەڕووی فیلمی وەها ئەبینەوە، ئەبێ پەژێرەی ئەوە بکەین کە، هەر مشتومڕێکی دژی شانۆیبەفیلمکراو دروستە. بەڵام پرسگر سەبارت بە خودی ئەم فیلمە نییە. ئەوەی کرابوو، ئەوە بوو کە شرینقەی وزەی «سینەما» بدرێ لە شانۆ. درامای سەرەکی و دەق گوایە لە ماڵ دەرکراون. ئاشکرایە ماوەی یەک دیمەن لەسەر پەردە و لەسەر تەختەی شانۆ بەقەد یەک نییە. لایەنی زێدەی نمایشی ڕێگە بە کامێرا ئەدەن لەپێشی دراماتیکی وشەکان دابەزێنێ. لە هەموو گرنگتر، دەستکردبوون و گۆڕانی قەبەکراوی دێکۆر لەگەڵ ئەو ڕیالیزمەی کە گەوهەری سینەمایە، دارماڵ ناسازگارە. دەقی مۆلییێر تەنها لە بەردەم جەنگەڵێکی وێنەکێشراودا واتای هەیە، نواندنەکەیشی هەروەها. لەم دارەتەدا، دیمەنی لێژنەی ئێزنگ ئەتوانێ لە بەردەم پەردەیەکی وێنەکێشراو بنوێنرێ و پێویست بە قەد و لقوپۆپی درەختی ڕاستەقینە نییە.

ئەم هەڵەیە، نموونەیەکی لەبارە لەوەی کە ئەتوانین بە داهێنانی مەزنی شانۆیبەفیلمکراوی بزانین، واتە سووربوون لەسەر «بە فیلمکردنی شانۆ». بە گشتی، ئەوەی ڕێگە ئەدات لەم شانۆگەرییە سەرکەوتوانە ژێوەرگرتنی جۆراوجۆر بکرێ، هەر ئەم

لایەنەیە. بۆ نموونە ئەگەر لە شانۆدا ڕووداوی لە **کۆت دازۆر**(٤٠٨) ڕوو ئەدات و دوو دڵدار لە سووچێکی پەنادا پێکەوەن، لە فیلمدا هەمان دوو ئەویندار سواری ئۆتۆمۆبیلێکی ئەمریکایین و لە هەمان کاتدا بە گەردەنەیەکی کوێستانیدا تێئەپەڕن و، لە پشت سەریانەوە زەردوماهی **کەپکەی ئانتێب**(٤٠٩) پیشان ئەدات. بەڵام سەبارەت بە ئیدیت، بەو پێیەی کە ئەزانین مووچە و گرێبەستی **ڕەیمۆ** و **فێرناندل** یەکە، دڵنیا ئەبین ژمارەی نمای درشتی ڕوخساری هەردووکیان بە ئەندازەی یەک ئەبێ.

جگە لەوە، پێشداوەری جەماوەر لەمەڕ ئەم پرسگرانە، لە خزمەتی پەسەندکردنی پێشداوەری فیلمسازەکان دایە. گشتی جەماوەر بیری خۆی بە سینەماوە خەریک ناکات. بۆ ئەوان سینەما بریتییە لە دێکۆرێکی بەرین و دیمەنی دەرەکی و بوویەری فراوان. ئەگەر لانیکەم ئەو شتەی بە سینەمای ئەزانن لە فیلمدا نەدۆزنەوە، هەست ئەکەن کڵاویان سەرچووە. سینەما ئەبێ دەست و دڵ ئاوەڵەتر لەمە بێ. هەر ئەکتەرێک بۆ خۆی ئەبێ کەسایەتییەک بێت و هەر بەرهەمێکی بچووک لە هەژاری یان چرووکی لە ژینگەی ئاشنادا چ جایە ببێتە هۆی شکستی فیلمێک. ئاشکرایە ئەگەر دەرهێنەر یان بەرهەمهێنەرێک بیەوێ ئەم پێشداوەرییەی جەماوەر تێک بدات، ئەبێ بوێری و جەربەزەی هەبێت، بە تایبەت

---

**٤٠٨ـ** کۆت دازۆر: Cote d'Azur یان بە ئینگلیزی ڕیڤیەرای فەڕانسە French Riviera هێڵی کەناری گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی فەڕانسەیە.

**٤٠٩ـ** کەپکەی ئانتێب: Cap d'Antibes بەندەرێکە لەسەر مەدیتەرانە، لە کەناری باشووری ڕۆژهەڵاتی فەڕانسە، لە نێوان کان و نیس.

ئەگەر خۆی بڕوایەکی ئەوتۆی بە کارەکەی نەبێ. ئەم داهێنانەی شانۆیبەفیلمکراو، لە نەخۆشی لوویەکی ناکۆکەوە سەرچاوە ئەگرێ کە سینەما بە شانۆی هەیە. ئەم لووە، سووکایەتییەکە کە سینەما لە بەردەم هونەرێکی بەتەمەنتر و وێژەییتردا هەستی پێئەکات و، ئەیەوێ بە «بالآدەستی» تەکنیکی خۆی ــ کە بە هەڵە بە بالآدەستی ئێستاتیکای ئەزانن ــ قەرەبووی بکاتەوە.

## شانۆی قوتوو[٤١٠] یان ئاوازە ؟

ئەتانەوێ هۆیەک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم هەڵانە بدۆزنەوە؟ دوو فیلمی **هانری پێنجەم** و **دایک و باوکی سامناک** دوو نموونەی لەبارن.

دەرهێنەری **دکتۆر تەقی خۆ** کە فیلمەکەی بە گەڕانی کامێرا لە ناو جەنگەڵ دەست پێکردووە، ئەم هیوا خاوە و ڕەنگە ناخودئاگای لە سەردا بووە کە بینەر بتوانێ بە یارمەتی ئەو کارە، ئەم دیمەنی ناخۆشەی لێژنەی ئێزنگ وەکوو حەبێکی شیلاوی قووت بدات. ویستوویەتی بڕگەیەکی ژینگەی ڕاستەقینەمان پیشان بدات و بیکات بە پەیژەی سەرکەوتن تا بچین بۆ شانۆ. بەڵام بە داخەوە ئەم تەڕدەستییە ناشیانە باندۆری پێچەوانەی هەبووە، واتە ناڕاستبوونی کەسایەتیەکان و دەقەکەی بەرجەستە کردووە.

جا با بزانین **لارنس ئۆلیڤیە** ئەم ناکۆکی نێوان ڕیالیزمی سینەمایی و ڕێسای شانۆیی بە چ شێوەیەک چارەسەر کردووە؟ فیلمەکەی ئەویش [هانری پێنجەم] بە گەڕانی کامێرا دەست

---

**٤١٠** ـ شانۆی قوتوو: Canned or Supertheater تێکۆشان بۆ کونسێرڤکردنی شانۆ و جێگرتنەوەی لە لایەن سینەماوە.




پێ ئەکات، بەڵام لێرەدا مەبەست لەم کارە ئەوەیە بمانبات بۆ ناو شانۆ، بۆ حەوشەی کاروانسەرایەک لە سەردەمی ئێلیزابێت. ئۆلیڤیە وای دەرئەخات ئەیەوێ وامان لێبکات تا ڕێسای شانۆ لەبیر بکەین، بەڵام بە پێچەوانە ئەوانە پشتڕاست ئەکاتەوە. پەیوەندی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆی فیلم لەگەڵ خودی شانۆنامەی هانری پێنجەم نییە، بەڵکوو لەگەڵ نواندنەکەیەتی. ئەم خاڵە لێرەوە تێئەگەین کە نمایشی سەرەتای فیلم، بڕیار نییە وەکوو نمایشێک کە لە شانۆ پیشان ئەدرێ، ڕاستەقینە بێت. بەڵکوو گریمانە ئەوەیە کە ئەم نواندنە لە سەردەمی شکسپیر ڕوو ئەدات و تەنانەت بینەران و پشت دیمەنەکەش ئەبینین. لەم بوارەدا هیچ هەڵەیەک بەدی ناکرێ. لە شانۆ کاتێک کە پەردەکە ئەچێتە سەرەوە، بینەر ئەبێ ئەوەی ئەیبینێ بڕوای پێ بکات تا بتوانێ چێژ لە شانۆگەرییەکە ببات، بەڵام لێرەدا پێویست بەو بڕوایە نییە. چونکە لە شانۆ نین، بەڵکوو فیلمێکی مێژوویی لەمەڕ شانۆی سەردەمی ئێلیزابێت سەیر ئەکەین. واتە ڕووبەڕووی فیلمێک بووینەتەوە کە پەسەندی هەموانە و لەگەڵی ئاشناین. هەر چۆنێک بێ، چێژی سەیرکردنی شانۆ لەگەڵ چێژی سەیرکردنی بەڵگەییەکی مێژوویی وەک یەک نین. چێژی ئێمە لە ڕاستیدا بەرەنجامی بینینی نواندنێک لە سەردەمی شکسپیرە. بە گوتەیەکی تر، ستراتیجی ستاتیکای لارنس ئۆلیڤیە هەڵاتن لە «پەرجووی پەردەی شانۆ» بوو، واتە هەڵاتن لە نیازی ئاسایی **ناباوەڕی هەڵپەسێردراو**[٤١١].

---

٤١١ ـ ناباوەڕی هەڵپەسێردراو: suspension of disbelief بینەری شانۆ، ئاگاهانە

ئۆلیڤیە لە ژێوەرگرتنی سینەمایی ئەم شانۆنامەدا لە هەمان سەرەتاوە بە کەرەستەی سینەمایی پیشانمان ئەدات کە لەگەڵ شێواز و ڕێسای شانۆ ڕووبەڕووین و ناشیهەوێ بیشارێتەوە. ئەو بەم شێوەیە ئەو ڕیالیزمەی کە فیلم ئەکات بە دوژمنی وەژارەی شانۆیی، لێی داماڵیوە. هەر ئەوەندەش کە لە کاریگەری دەروونناسی بەسەر هەستی هاودڵی بینەردا دڵنیا ئەبێ، بە بیری ئاسوودەوە سواژی ئەگینکۆرت[٤١٢] Agincourt بە دەربڕینێکی سینەمایی پیشان ئەدات. شکسپیر ئاگاهانە ئەم دیمەنەی بەجێ هێشتووە بۆ ئەندێشەی بینەر و بەمجۆرە ڕێگەی بۆ ئۆلیڤیە خۆش کردووە؛ لێرەشدا ئۆلیڤیە بیانوویەکی باشی بەدەستەوەیە. ئەم گۆڕانەی شێوازی شانۆیی بۆ سینەمایی، کە ئەگەر فیلم تەنها فیلمگرتن لە نمایش بوایەت، بە دژواری پاساو ئەدرایەوە، پاساوی لە خودی نمایشەکەدا ئەدۆزێتەوە. لە لەگەڵ ئەوەش، ئۆلیڤیە ئەبێ سەبارەت بە بەڵێنی سەرەتایی خۆی ئەمەگدار بێت و ئەزانین کە ئەو کارە ئەکات. بلا تەنها ئاماژە بەوە بکەم ڕەنگ، کە لە کۆتاییدا ڕەنگە بە توخمێکی لە بنەڕەتدا ناڕیالیستی خۆیا بکات، یارمەتی پاساوی ئەم ڕەوتە بۆ کەوشەنی خەیاڵ ئەدات و هەروەها بەردەوامی ڕووداو لە دێکۆری شانۆییدا بەدیهێنانەوەی ڕیالیستی سواژی ئەگینکۆرت ئەکات بە کارێکی گونجاو و پەژێرەکراو. تەنانەت یەک ساتیش لە هانری پێنجەم، بەڕاستی «شانۆیبەفیلمکراو» نییە. فیلم لە

---

ناباوەڕییەکەی ئەخاتە لاوە و تا کۆتایی شانۆکە هەڵی ئەپەسێرێ.

٤١٢ـ سواژی ئەگینکۆرت: Battle of Agincourt لە زنجیرەی جەنگی سەد ساڵەی ئینگلیس و فەڕانسە، لە ١٤١٥ لە نزیک ئەگینکۆرت سپای هانری پێنجەم بەسەر سپای بەهێزتری فەڕانسەدا سەرکەوت.

بەردەم و لە پشت سەکۆ، شانبەشان و پێبەپێی نمایشی شانۆییە. هەم شکسپیر و هەم ئەو نمایشە لە ڕاستیدا زیندانی فیلمن و لە هەموو لایەکەوە کەوتوونەتە گەمارۆی سینەماوە.

نواندنەکانی ئەمڕۆ بە ڕواڵەت ئەم ڕێسایانەی شانۆ بەم ئاشکراییە بەکار ناهێنن. «شانۆی ئازاد» و تیۆرییەکانی **ئاندرێ ئانتوان**[٤١٣] وامان لێئەکەن بڕوا بە بوونی شانۆی ڕیالیستی، جۆری پێش‌سینەما بکەین.[٤١٤] هەڵبەت ئیتر کەس کڵاوی ئەم ساویرە

٤١٣ـ ئاندرێ ئانتوان: André Antoine (١٨٥٧ـ١٩٤٣) ئەکتەری فەڕانسەیی، ساڵی ١٨٨٧ **شانۆی ئازادی** دامەزراند.

٤١٤ـ ڕەنگە بێسوود نەبێ ئەگەر لێرەدا شرۆڤەیەک بکەین. یەکەم ئەوەی کە مێلۆدراما و دراما چەشنێک شۆڕشی ڕیالیستیان لە ناخی شانۆدا بەدی هێنا: بینەری ئارمانی ستانداڵ تەقە لە دوخمانێک لە نمایشەکەدا ئەکات (پاشان ئۆرسن وێلز پێچەوانەی ئەمەی لە بڕادوەی ئەنجام دا و بە گوللەپژێن تەقەی لە دەستە ئۆرکێسترا کرد). سەد ساڵ لە دوای ستانداڵ، ئانتوان دەورێکی ڕیالیستی بە میزانسنی شانۆیی ڕیالیستی‌یەوە هێنایە سەر سەکۆ. ئەوەی کە ئانتوان پاشتر ڕووی کردە سینەما بەڕێکەوت نەبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر تۆزێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە ئەبینین تێکۆشانی وشیارانە لە بواری «شانۆـسینەما» لە پێشەوەی «سینەماـشانۆ»دا بووە. دۆمای کوڕ و ئانتوان ڕابەرانی مارسێل پانیۆل بوون، ئەتوانین بڵێین ئەو ڕێنسانسەی ئانتوان لە شانۆدا بەدی هێنا، یارمەتی زۆری لە سینەما وەرگرت. چونکە سینەما شێوەی خۆی لە داهێنانی ڕیالیزمدا هەبوو و، بیردۆزەکانی ئانتوانی سنووردار کرد بە کاردانەوەیەکی شیانست و کاریگەر لە دژی سەمبۆلیزم. ئەو ڕێگەیەی شانۆی **فیۆ کۆلۆمبیە** (لە شەقامی Vieux Colombierی پاریس) لە خولی بزووتنەوەی شانۆی ئازاددا هەڵیبژارد (ڕیالیزمی بۆ شانۆی وەکوو گراند گینۆل Grand Guignol بەجێ هێشت) و، پێی لەسەر بەهای ڕێسای شانۆیی چەقاند، بەبێ پێشبڕکێی سینەما نەئەلوا. ئەمە، پێشبڕکێیەکی دارماڵ بوو کە هەرچی چۆن بێ سەرەنجام ڕیالیزمی دراماتیکی لە مەیدان کردە دەرەوە. ئەمڕۆ کەس ناتوانێ ئەوە بڵێ کە تەنانەت بۆرژواترین دراماکانی بۆلڤار پەیڕەوی ڕێسای شانۆیی ناکەن.




ناچێتە سەری. ئەگەر وابێ، دیسانەوە پەیوەندی بە سیستەمێکی ڕێسای کەمتر ئاشکراوە هەیە، ئەو ڕێسایانەی کە نموود و ڕاشکاوی کەمتریان هەیە، بەڵام ڕەهان. لە شانۆدا شتێک بە ناوی «بڕگەیەک لە ژیان» نییە. هەرچۆنێک بێ، ئەوەندەی شتێک ئەچێتە سەر سەکۆی شانۆ لە بوونی ڕۆژانەی جیا ئەبێتەوە و، ئەبێ بە شتێک وەکوو لە پشت پەنجەرەی کۆگایەکەوە سەیری ئەکەین. ئەمە تا ڕادەیەک بەشێکە لە سیستەمی سروشتی، بەڵام لە ڕێگەی بینینیەوە بە توندی کەم و زۆر ئەکرێ و گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئانتوان ئەیتوانی سەکۆ بە شەقەی ڕاستەقینەی گۆشت برازێنێتەوە، بەڵام نەی ئەتوانی وەک لە سینەما ئەلوێ، تێپەڕینی ڕانێک پیشان بدات. ئەگەر ئەیویست درەختێک لەسەر سەکۆ بچەقێنێ، ناچار ئەبوو سەرەتا هەڵی بکەنێ؛ هەرچۆنێک بێ ناچار بوو لە نواندنی لێڕەوارێکی دارماڵ چاوپۆشی بکات. ئەم درەختە چەندەش ڕاستەقینە بوایەت دیسانەوە وەک تابلۆکانی شانۆی ئێلیزابت وا ئەبوو، واتە لە کۆتاییدا تەنها نیشانەیەک ئەبوو. ئەگەر ئەم ڕاستییە مسۆگەرانە لە ئەندێشەماندا بێت، ئەوسا پەژێرە ئەکەین بەفیلمکردنی مێلۆدرامایەکی وەکوو **دایک و باوکی سامناک** کەم تا زۆر هەمان کێشەی لەگەڵ ئەبێ کە بەفیلمکردنی نمایشێکی کلاسیک. ئەوەی لێرەدا پێی ئەڵێین ڕیالیزم بە هیچ شێوەیەک شانۆ ناکات بە هاوئاستی سینەما. ئەم ڕیالیزمە گیرۆدەی چراکانی بەردەمی سەکۆیە. بە زمانی سادە،

ئەو سیستەمی ڕێسای کە بەسەر بەرهەم و لە ئەنجامدا بەسەر دەقدا زاڵە؛ یان بابڵێین لە ئاستی یەکەم دان. ڕێسای تراجێدی بەو کەرەستە و کەسایەتییە سەمەرانەوە، جگە لە دەمامک و پۆستاڵی تایبەت نین کە ڕێسایەکی بناغەیی ئەسەلمێنن و، ئەم ڕێسا بنەماییەش هەمان خودی شانۆیە.

کۆکتۆ کاتی فیلمگرتنی دایک و باوکی سامناک ئاگای لەم خاڵە پەسەندە هەبوو. لێرەشدا وەکوو شانۆ ڕیالیست بوو. کۆکتۆی فیلمساز تێگەیشت نابێ شتی زیادی بخاتە سەر دێکۆرەکە، زانی نەخشی سینەما جەختکردنە نەک زیادکردن... ئەگەر ژووری شانۆ لە فیلمەکەدا ئەبێ بە وارخانێک، سەبارەت بە ڕۆڵی پەردە و کامێرا تەنانەت لە ژووری سەر سەکۆیش بچووکتر خۆیا ئەکات. ئەوەی پێویست بوو، ئەوە بوو پیشانی بدات کەسەکان لێک نزیکن و لە مەودای نزیکەوە فیلمیان لێ گیراوە. تەنانەت یەک تیرێژی هەتاو، جگە لە ڕووناکی گڵۆپەکە، ئەو هاوژینییە زۆر هاوئاست و ناچارییە تێک ئەدا. گالیسکەی پڕ لە گەشتیاریش توانی بچێ بۆ ئەو سەری پاریس بۆ ماڵی مادلێن. گالیسکەکە لە بەردەم وارخانێک بەجێ ئەهێڵین و لە بەردەم وارخانێکی تر ئەیبینینەوە. لێرەدا، مەبەست ئێدیتی ناوبڕی کلاسیک نییە، بەڵکو بەشێکی گرنگ لە دەرهێنانێکە کە سینەما نەیسەپاندووە بەسەر کۆکتۆدا و بەم چەشنە لە توانای دەربڕینی شانۆیی تێپەڕیوە. بەڵام بەو پێیەی کە شانۆ سنووردارە، ناتوانێ ئەم کاریگەرییە بەدی بهێنێ. ئەتوانین سەدان نموونە بهێنینەوە کە سەرنجی کامێرا بە دێکۆری سەکۆ بسەلمێنێ. کەڵکەڵەی کامێرا تەنها

ئەوەیە کاریگەری دێکۆرەکان پەرە پێبدات و هەرگیز تێناکۆشێ پەیوەندی ئەوانە لەگەڵ پێرسۆناکان بپچڕێنێ. هەڵبەت کوموکووڕی شانۆ بەم سادەییە لانەبراون، بێگومان ناچاریی پیشاندنانی ژووری لەدوای یەک و لە هەمان کاتدا هێنانەخوارەوەی پەردە، سەپاندنێکی نابەجێیە. کامێرای سینەما چونکە ئەتوانێ بگەڕێ، بەدیهێنەری یەکێتی ڕاستەقینەی کات و شوێنە. شانۆ بەر لەوەی بتوانێ ئەوەی ئەبوایە ئازادانە بیڵێ، پێویستی بە سینەما هەبوو و ئەتوانرا بسەلمێنرێ کە فیلمی دایک و باوکی سامناک تراجێدیای وارخانێکە کە تێیدا دەرگایەکی نیوە ئاوەڵە ئەتوانێ بەر لە تاکبێژی[٤١٥] لەسەر جێگە، گرنگی و واتای هەبێ. کۆکتۆ هەرگیز ڕێگە نادات کارەکەی دابەزێ، ڕێزی ئەو بە پێداویستییە بنەڕەتییەکان ئەوەندە زۆرە کە ئەتوانێ ڕووداوە پێویستەکان لە ناپێویستەکان جیا بکاتەوە. ئەرکی سینەما ئاشکرا کردنی ئەو وردەکارییانەیە کە شانۆ پێشکەشی نەکردوون.

دۆزی دێکۆر چارەسەر بووە، بەڵام لێرەدا دژوارترین پرسگر واتە ئێدیت هێشتا ماوە. لێرە دایە کە کۆکتۆ توانای وێناندنی بلیمەتانەی خۆی ئەسەلمێنێ. چەمکی «دیمەن» کۆتاییەکەی چارەسەر ئەبێ. ئەوەی ئەمێنێ ئەوەیە چۆن ئەتوانین گەشەی بەئەشتاوی ئەو ڕاستەقینەی کە بوونی گەمارۆدەری بە بەردەوامی ئەدا بە چاودا، بخەینە قاپەوە؟ کۆکتۆ ئەیەوێ بڵێ بە چ شێوەیەک هەموو فیلمەکەی لە ئەندازەی ١٦ میلیمەتری دا گرتووە. دروستتر

---

٤١٥ـ تاکبێژی: monolog مۆنۆلۆگ، ئاخاوتنێکی درێژ لە لایەن ئەکتەرێکەوە لە فیلم یان لە شانۆ یان تلەڤیزیۆندا [ع] مناجات فردیة [د] مونولوگ.





ئەوەیە بڵێین «بیری لێ کردوەتەوە»[416]. دەرهێنانی ئەم فیلمە لە ئەندازەی کەمتر لە ٣٥ میلیمەتر زۆر دژوار بوو. لێرەدا خاڵی گرنگ بۆ بینەر ئەوەیە هەست بکات دارماڵ ئاگای لەوە هەیە وا ڕوو ئەدات، بەڵام نەک وەکوو فیلمەکانی **وێلز** (یان ژان **ڕێنوار**) لە ڕێگەی قووڵایی ڕووناکەوە، بەڵکوو بە خێرایی جادوویی بینین، کە وا دیارە لێرەدا بۆ یەکەم جار، بە ڕیتمێکی سۆلانی ڕاکێشانی سەرنجی بینەر تێکەڵ کراوە. بێگومان، لە هەر ئێدیتێکی باشدا ئەم خاڵە بەدی ئەکرێ. تەکنیکی نەریتی بەکارهێنانی نما ـ نمای ڕووبەڕوو، بە گوێرەی پێکهاتەی سەرەتایی گفتگۆکە دابەش ئەکات. نمای درشتی تەلەفۆن کە لە ساتێکی هەژێنەردا زەنگ لێئەدات، بەرامبەر بە سەرنجی چڕوپڕ. هەرچۆنێک بێ، وا دەرئەکەوێ ئێدیتی باو، ڕێککەوتنێکە لە نێوان سێ شێوازی گونجاو بۆ دابەشین و لێکدانەوەی ڕاستەقینە.

١. «شرۆڤەی دارماڵ لۆجیکی و گێڕانەوەیی» (چەکی کوشتن لە تەنیشت تەرمەکەوە).

٢. «شرۆڤەی دەروونناسی» لە هەناوی فیلم، واتە شیکردنەوەیەک کە لەسەر بنەمای ڕوانگەی یەکێک لە پێرسۆناکانی چیرۆک لە دۆخێکی تایبەتدا. نموونەی ئەم جۆرە یەکیان لێوانی شیری ژەهراوییە کە ئینگرید بەرگمەن، لە فیلمی **بەدناو**[417] ئەبێ

٤١٦ ـ Thought it through واتە ئەتوانێ بیری لە شتەکە کردبێتەوە، ئەشتوانێ دەربارەی شتێک ئەندێشەی کردبێ.

٤١٧ ـ بەدناو: Notorious فیلمی ئەمریکایی **١٩٤٦** دەرهێنانی ئاڵفرێد هیچکاک.




بیخواتەوە و، ئەوی تر موستیلەی دەستی ترێزا ڕایت لە فیلمی **سێبەری گومان**[٤١٨].


٣. ئینجا «شرۆڤەی دەروونناسی لە ڕوانگەی حەزی بینەرەوە»، جا وازی خۆبەخۆی ئەو یان ڕەنگە ئەو وازەی دەرهێنەر ئەیورووژێنێ. نموونەی ئەم شێوەیە، دەستگیرەی دەرگایەکە ئەسووڕێ و تاوانکارێک کە وا ئەزانێ تەنهایە، نای بینێ (کاتی سەیرکردنی بووکەشانۆی پانچ و جوودی ئەوسا کە ئاسایش ئەیویست **گینۆل**[٤١٩] خافڵگیر بکات، مناڵ هاواریان ئەکرد: «ئاگات لێبێ»).

ئەم سێ ڕوانگەیە ئەگەر پێکەوە تێکەڵ ببن سەنتێزی ڕووداوە سینەماییەکانی زۆربەی فیلمەکان پێک ئەهێنن، وا دەرئەکەوێ تاقانە بن. لە ڕاستیدا ئەم سێ ڕوانگەیە، هاوکات چەشنێک نەگونجای دەروونناسی و چەشنێک نابەردەوامی ئەستووییان هەیە. ئەمانە لە بنەڕەتدا وەکوو ئەو ڕوانگانەن کە ڕۆماننووسی نەریتی بەکاری ئەهێنان ـــ و وەک ئەزانین ڕەقی ژان پۆڵ **سارتریان** بەسەر **فرانسوا مۆریاک**دا[٤٢٠] داباراند. گرنگی قووڵایی ڕوون و کامێرای ئادار لە فیلمەکانی **ئۆرسن وێلز** و **ویلیەم وایلەر** لەوەوە سەرچاوە ئەگرێ کە نایانەوێ ڕووداوەکە بە دڵخوازی خۆیان بەش بەش بکەن، بەڵکوو ئەیانەوێ وێنەیەک پێشکەش بکەن کە هەر هەمووی بۆ تێگەیشتن

٤١٨ ـ سێبەری گومان: Shadow of a Doubt فیلمی هەژێنەری دەروونناسی ١٩٤٣ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ئالفرێد هیچکاک.

٤١٩ ـ گینۆل: Guignol پێرسۆنای بووکە شانۆ.

٤٢٠ ـ فرانسوا مۆریاک: François Mauriac (١٨٨٥ ـ ١٩٧٠) نووسەری فەڕانسەیی.




ئەبێت، تا بینەر وا لێبکەن خۆی هەڵببژێرێ.

هەرچەند کۆکتۆ بە مەلەزەی ئێدیتی کلاسیک ئەمەگدارە ــ لە فیلمەکانیدا دیمەنی کراوەتر لە ناونجی زۆر هەیە ــ بەڵام بە سوودوەرگرتنی پاوانکراو لە نموودەکانی پۆلی (٣) لە پۆلێنی سەرەوە، گرنگییەکی تایبەتی پێ ئەبەخشێ. لە فیلمەکانی ئەودا، شرۆڤەی لۆجیکی و وەسپی و هەروەها ڕوانگەی ئەکتەر بە کردەوە لابراوە و تەنها ڕوانگەکانی گۆڤان ماوەتەوە. لێرەدا، کامێرای ئەندێشەیی، خۆی ئەبێ بە چەشنێک ڕۆژەڤ، بەڵام بە چەمکێکی ناکۆک، واتە نەک وەکوو فیلمی **خاتوونێک لە زرێبار**(٤٢١) کە بە کەڵکوەرگرتن لە تەڕدەستی کامێرا چەشنێک یەکسانگەری منالانە لە نێوان بینەر و پێرسۆنادا بەدی ئەهێنێ، بەڵکوو بە پێچەوانە لە ڕێگەی نیگای بێبەزەیی گۆڤانێکی پێوارەوە. کامێرای کۆکتۆ لە کۆتاییدا تەنها بینەرە و نە هیچی تر. درامایش خۆی ڕوانگەیەکە. خودی کۆکتۆ وتوویەتی سینەما بوویەرێکە لە پشت کونی کلیلەوە سەیری ئەکەین. خودی دەستەواژەی «کونی کلیل» چەمکی دەستدرێژی بە کەوشەنی تایبەتی، واتە کردەوەی دزێوی «چاوەڕاو» ئەگەیەنێ. ڕێگە بدەن با نموونەیەکی زۆر گرنگ لە دۆخی «دەرەکی بوون exteriority» بهێنمەوە. لە یەکێک لە دوا دیمەنەکانی فیلمی دایک و باوکی

---

٤٢١ـ خاتوونێک لە زرێبار: Lady in the Lake فیلمی کاراگایی ئەمریکایی ١٩٤٧، دەرهێنانی ڕابێرت مۆنتگمەری.

سامناک، کاتێک **یڤۆن دو برەی**[٤٢٢] ژاهراوی کرا و، لە هەمان کاتدا پاشەوپاش بەرەو ژوورەکەی ئەچوو، چاوی بڕیبوویە پۆلێک کە لە گردی **مادلین** وەستابوون. کامێرا ئەکشێتەوە تا لەگەڵی بڕوات. بەڵام هەرگیز لەگەڵ خاڵی بینینی ئەندێشەی «**سۆفی**» یەک ناگرێتەوە، هەرچەند ئەنگیزەیەکی بەهێز بۆ ئەمکارە هەیە. ئەگەر لە جێگەی **یڤۆن** بوایەتین و لە چاوی ئەوەوە ئەم نمای ڕۆیشتنەمان ببینیایەت، بە مسۆگەری کاریگەرییەکەی زیاتر ئەبوو. بەڵام **کۆکتۆ** بە پارێزەوە ئەم ڕۆیشتنە هەڵەیە خۆی پاراستووە، ئەو، **یڤۆن دو برەی** وەکوو «چەشە» ڕائەگرێ، کامێراکە ئەکشێنێتەوە و تۆزێک ئەچێتە پشتی سەریەوە. مەبەست لەم نما ئەوە نییە کە ئەو خەریکی سەیرکردنی دیمەنە یان تەنانەت نیگای مۆڕەوەبووی ئەو پیشان ئەدات، بەڵکوو ئەوەیە کە ببینین ئەو «بەڕاستی خەریکی سەیرکردنی دیمەنەکەیە». ئەم نمایە لەسەر شانیەوە گیراوە، چونکە ئەم توانایە لە تازیارەکانی سینەمایە ـ و کۆکتۆ ئەیەوێ بەپەلە نۆژەنی بکاتەوە بۆ شانۆ.

بەم پێیە، کۆکتۆ ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی بینەر ـ سەکۆ و هەرچەند بە سینەما ئەیتوانی لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە دراما پیشان بدات، بەڵام ئاگاهانە بینەری هەڵبژاردووە کە ژێردەری هاوبەشی[٤٢٣] سینەما و شانۆیە.

بەم شێوەیە کۆکتۆ تایبەتمەندی شانۆیی شانۆنامەکەی ئەپارێزێ و لەبری ئەوەی وەکوو زۆربەی دەرهێنەران تێبکۆشێ ئەم تایبەتمەندییە

---

٤٢٢ ـ یڤۆن دو برەی: Yvonne de Bray (١٨٨٩ ـ ١٩٥٤) ئەکتەری فەڕانسەیی.

٤٢٣ ـ ژێرەدەری هاوبەش: denominator common ☜ سەرە و ژێرە

شانۆییە لە سینەمادا بتوێنێتەوە، توانایییەکانی کامێرا بۆ پشتگیری و سەقام و بەرجەستەکردنی پێکهاتەی دیمەنەکان و بەرەنجامی لۆجیکییان بەکار ئەهێنێ. یارمەتی تایبەتی سینەما ئەتوانرێ تەنها بە زیادەی تایبەتمەندی شانۆیی بزانرێ.


لە ئەنجامدا، **کۆکتۆ** ئەکەوێتە پلەی بالآتری **لارنس ئۆلیڤیە**، **ئۆرسن وێلز**، **وایلەر** و **دادلی نیکۆڵز**ەوە[٤٢٤]. ئەمە ئەتوانین لە شرۆڤەی فیلمی وەکوو **مەکبەس**، **هاملێت**، **ڕێویە بچووکەکان** و **شینگێڕێک ئەبێ بە ئەلێکترا**[٤٢٥]، تێبگەین. تەنانەت ئەگەر فیلمی وەکوو **ئاگاداری ئەمیلی بە**، ناو نەهێنین؛ لەم فیلمەدا کلۆد ئۆتان هەمان کار لەگەڵ نمایشەکانی ڤەودڤیل یان بەزمگە ئەکات کە ئۆلیڤیە لەگەڵ شانۆنامەی هانری پێنجەم کردوویەتی. هەموو ئەم سەرکەوتنە تایبەتانەی پانزەساڵی ڕابوردوو، لە چەشنێکی ناکۆکنما ئەدوێن: ئیتر کەس ژێوەرگرتن لە شانۆ ناکات، بەڵکوو بە هۆی سینەماوە ئەیهێنێتە سەر سەکۆ. پرسگری «شانۆی قوتوو»، هەرچەند ڕەنگە لاواز یان بێباکانە خۆیا بکات، بەلآم بە هۆی ئەم سەرکەوتنانەی دواییەوە ژیانی دووبارەیان پەیدا کردووەتەوە. لەم نووسینەدا تێکۆشاین لەوە تێبگەین ئەم بوویەرە چۆن ڕووی داوە. بەلآم ئێستە بابەتەکە لە هەمیشە تەمژاویترە. ئایە ئەتوانین بپرسین ئەم بوویەرە بۆچی ڕووی داوە؟

*Esprit, Juen 1951*

---

٤٢٤ـ دادلی نیکۆڵز: Dudley Nichols (١٨٩٥ـ١٩٦٠) شانۆنامەنووس و دەرهێنەری ئەمریکایی، براوەی خەلآتی ئۆسکار.

٤٢٥ـ شینگێڕێک ئەبێ بە ئەلێکترا: Mourning Becomes Electra درامای سینەمایی ١٩٤٧ ئەمریکایی، دەرهێنانی دادلی نیکۆڵز.




## بەشی دووەم

## شـــانۆ و ســـینەما

بەڵگەی سەرەکی هەموو ئەوانەی شانۆیبەفیلمکراو بە سووک سەیر ئەکەن هەمیشە ئەوەیە کە بوونی ڕاستەقینەی ئەکتەر لەسەر سەکۆ چێژێکی وەهای هەیە کە لەگەڵ سینەما بەراورد ناکرێ. هەڵبەت ئەم گوتەیە، بە ڕواڵەت وەڵامیشی نییە. هانری گۆهییە لە پەرتووکی گەوهەری شانۆدا ئەنووسێ: «کاکڵی تایبەتی شانۆ ئەوەیە کە کردار و ئەکتەر لێک جیا ناکرێتەوە». لە شوێنێکی تریش ئەنووسێ: «سەکۆ هەر وەژارەیەک پەژێرە ئەکات جگە لە وژارەی بوونی ئەکتەر؛ هەڵبەت ئەکتەر بە ڕواڵەتێکی دەستکردەوە، واتە گیان و دەنگی کەسێکی تر، لەسەر سەکۆ دەرئەکەوێ، بەڵام هەرچی بێ لەسەر سەکۆ و بە گوێرەی ئەو قەبارەی داگیری کردووە، بوونی ڕاستەقینەی ئەسەلمێ. بەڵام لە سینەما بە پێچەوانە، هەر ڕۆژەڤێک ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە و لەگەڵی گونجاوە، جگە لە یەک دانە ــ و ئەویش بوونی جەستەیی ئەکتەرە.» ئەگەر گەوهەری شانۆ بەم بوونە جەستەییەی ئەکتەر بزانین، بێگومان ئەبێ پەژێرەی ئەوە بکەین کە سینەما بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ خۆی بە بەرامبەر بزانێ. ئەگەر دەق و شێواز و

پێکهاتەی دراماتیک بە قاپێک بزانین کە گیان و بوونی جەستەیی ئەکتەر بە گشتی لە خۆیدا جێ ئەکاتەوە، پووچ و بێهوودە ئەبێ تێبکۆشین وێنە و سێبەری ئەکتەرێک لەسەر پەردە جێگەی خودی ئەو بگرێتەوە. ئەم پازە و سەلماندنە وەڵامی نییە. لەم دارەتەدا ئەبێ نکۆڵی لە سەرکەوتنەکانی **لارنس ئۆلیڤیە**، **ئۆرسن وێڵز** یان **کۆکتۆ** بکەین ــ واتە ببین بە مرۆڤێکی بەدفەڕ ــ یان ڕوونکردنەوە سەبارەت بەم سەرکەوتنانە بە نەلواو دابنێین. ئەم سەرکەوتنانە هەم دژی ڕەخنەگران ئەوەستێتەوە و هەم دژی فەیلەسووفان. ڕێگەی تر ئەوەیە لە بەڵگەی باوی ڕەخنەگرانی شانۆ واتە گومان لە «بوونی بێ جێگرەوەی ئەکتەر» بکەین.

## چەمکی بوون

وا دیارە لێرەدا پێویستە لە بواری چەمکی «بوونی جەستەیی ئەکتەر» هەندێ پێناسە بدەین بەدەستەوە. چونکە وا دەرئەکەوێ سینەما بەرەنگاری ئەم چەمکە ئەبێتەوە بەو شێوەیەی کە بەر لە سەرهەڵدانی وێنەگری هەبوو.

ئایە ئەتوانین وێنەی وێنگری، بە تایبەت وینەی سینەمایی، لەگەڵ وێنەکانی تر بزانین و وەکوو وێنەی خاوەن بوونی جیا لە شتەکانی سەیریان بکەین؟ دیارە بوونەکە بە گوێرەی کات و شوێن پێناسە ئەکەین. کاتێک ئەڵێین «لە لای کێین»، واتە ئەزانین لە ڕوانگەی کاتەوە لەگەڵمان هاوکاتە و ئاگامان لێیە لە بەردەست هەستەکانی ئێمە دایە ــ لە سینەما لە کەوشەنی بینایی و، لە ڕادیۆ لە بواری بیستن. بەر لە سەرهەڵدانی وێنەگری و پاشان سینەما، تەنها هونەری قاڵبکاری (بە تایبەت پۆرترەیت) پەیوەندی

نێوان بوونی جەستەیی و نەبوونی جەستەیی بوون. پاساوی ئەم هونەرانە، شێوەیان لەگەڵ بابەت بوو، کە هەم ئەندێشە ئەبزوێنن و هەم یارمەتی یادەوەری ئەدەن. بەڵام وێنەگری، خۆی دیاردەیەکی ترە. وێنە بە هیچ شێوەیەک وێنەی شمەک یان کەس نییە، بەڵکوو ئەگەر وردتر بیڵێین «یافتی tracing»[٤٢٦] شتەکەیە. شێوەی بەرهەمهێنانی خودبەخودی وێنە، لە شێوازەکانی تری بەدیهێنانەوەی وێنە جیای ئەکاتەوە. وێنە بە هۆی هاوێنەی کامێرا، دارەتی باندۆر و تەشکوەرگرتن بە ڕووناکی ــ واتە چەشنێک قاڵب ــ بەدی دێ. بەمجۆرە، وێنە شتێکی جگە لە شێوەی دارماڵی لە خۆیدا هەیە؛ تێیدا، چەشنێک ناسینەوە و چوونیەکی هەیە ــ ناسنامەش تەنها لە سەردەمی وێنەگری پەیدا بوو. بەڵام وێنەگری، هونەرێکی لاوازە؛ چونکە چرکەساتییە و تەنها ئەتوانێ کات بە شێوەی پچڕپچڕ و ناپەیوەستە تۆمار بکات. بەڵام سینەما، کارێکی سەرسامهێنەر ناکۆک و دژبەر ئەنجام ئەدات. سینەما قاڵبێکی شمەک ئەدا بەدەستەوە، کە هەم کاتەکەی ئەسەلمێنێ و هەم بەردەوامی کاتییەکەی.

تەکنیکی بابەتی کە لە سەدەی نۆزدەدا بۆ بەرهەمهێنانەوەی وێنە و دەنگ بەکار ئەهێنرا، بواری بۆ پێژەیەکی تازەی وێنە پێک هێنا، کە پەیوەندییان لەگەڵ ئەو ڕۆژەڤەی سەرچاوەی لێوە ئەگرێ، پێویستی بە پێناسەی زۆر ورد هەیە. تەنانەت جیا لەوەی پرسگری ئێستاتیکای بەرەنجامی ئەو وێنانە ناتوانین بەبێ وەسپی فەلسەفی سەرەتایی بە باشی پێشکەش بکەین. ڕاست

٤٢٦ـ یافت: trace ناو شوێنەوار، ڕەندەش، شۆپ، یافت ع اثر N track د رد و اثر.

نییە لە پرسگرەکانی ئێستاتیکای کۆن بەو شێوەیە بدوێین وەک بڵێی سەرهەڵدانی دیاردەی تازە هیچ گۆڕانێکی لەواندا بەدی نەهێناوە. تێگەیشتنی گشتی ــ کە ڕەنگە لەم نموونەدا لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە باشترین ڕێنموون بێ ــ لەم خاڵە باش تێگەیشتووە و بۆ بوونی ڕاستەقینەی ئەکتەر زاراوەی تایبەتی داهێناوە و لەسەر تابلۆکانی ڕێکلامی نمایشی شانۆیی نووسیویێتی: «ئەکتەری زیت و زیندوو» ئەمە بەو واتایە کە ئەمڕۆ وشەی «ئامادە» بۆ جەماوەری ئاسایی ناڕوونە، بۆیە لەم سەردەمی سینەمادا، زاراوەیەکی تر برەوی پەیدا کردووە. لەم ڕووەوە ناتوانرێ بە ئەرخایەنی بوترێ وەک ڕابوردوو هیچ قۆناغێک لە نێوان ئامادە و نائامادەدا نییە. بەمجۆرە، کاریگەری سینەمایش لەم ئاستەی هەبووناسییەوە سەرچاوە ئەگرێ. ڕاست نییە ئەگەر بڵێین پەردەی سینەما لە بەردەم بوونی ئەکتەردا دامان نانێ. سینەما وەکوو ئاوێنەیە ــ ئەبێ پەژێرە بکەین کە ئاوێنە بوونی کەسێک ڕائەگەیەنێ کە وێنەکەی لە ئاوێنەکەدا دەرکەوتووە ــ بەڵام سینەما ئاوێنەیەکە بە تاودانەوەی دواخراوەوە، پەردەیەکی ناسکە وێنەکە تاو ئەداتەوە.[٤٢٧] ڕاستە لە شانۆدا، مۆلییر ڕەنگە لەسەر سەکۆ

٤٢٧ ـ تلەڤیزیۆن مسۆگەر جۆرێکی تازە لەو «شێوە ئامادەبوون» زیاد ئەکات، کە لەو تەکنیکەی زانستی بەدیهێنانەوە سەرچاوە ئەگرێ، بە وێنەگری دەستی پێکرد. لە بڵاوکردنەوەی زیندوو، ئەو ئەکتەرەی لەسەر پەردەی بچووکی تەلەڤیزیۆن ئەبینرێ، بەڕاستی لە کات و شوێن ئامادەیە. بەڵام پەیوەندی ئەکتەر ـ بینەر کێماس و یەک لایەنەیە. بینەر، ئەکتەر ئەبینێ، بەڵام خۆی نابینرێ. پەیوەندی دوو لایەنە لە ئارادا نییە. لەم ڕووەوە، شانۆی تلەڤیزیۆنی لە هەندێ لایەنەوە لە شانۆ ئەچێ و، وەک سینەمایش وایە: لە شانۆ ئەچێ چونکە ئەکتەر لەبەردەم بینەردا ئامادەیە و، وەک




گیانی لەدەست بدات و ئێمە ئەم تازیارەمان هەیە هاوکات لەگەڵی بژین. بەڵام ئەگەر فیلمێک لەمەڕ **مەرگی مانۆلێت**[٤٢٨] ببینین، هەست ئەکەین لە ساتی مردنی ئەم ماتادۆرە بەناوبانگە داین و هەرچەند ڕەنگە هەستمان بەو قووڵییەی ئامادەبوونی ڕاستەقینە لەو ساتەدا مێژووییەدا نەبێ، بەڵام لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە لەگەڵی یەکە. ئایە ئەگەر دەرەتانی بینینی بابەتی نەلوێ، ناتوانین وردەکارییەکانی سەکۆ بە چەشنێک نزیکی دەستکردی بەرەنجامی گەورەکردنەوەی وێنە ببینین؟ لێرەشدا پێ ئەچێ هەموو شتێک لە هەمان چوارچێوەی کات–شوێن ڕوو ئەدات کە نوێنەرەوەی ئامادەبوونە. سینەما بە شێوەیەکی کارامە تەنها بەشێک لە بەردەوامی کات پێشکەش ئەکات کە کەم کراوەتەوە، بەڵام بە سفر نەگەیشتووە. کەچی لە

---

سینەمایە چونکە ئەکتەر بینەر نابینێ. بەڵام ئەم چەشنە ئامادە نەبوونە بەڕاستی نابێ بە نەبوون دابنرێ. چونکە ئەکتەری تلەڤیزیۆن هەست ئەکات ملیۆنان چاو و گوێ سەیری ئەکەن و ئەیبیستن و کامێرای ئێلکترۆنیک نوێنەریانە. ئەم بوونە ئەبسترەکتە ئەوسا سەرنجڕاکێش ئەبێ، کە ئەکتەر زاری تەتەڵە ئەکات یان ڕستەکانی لەبیر ئەچێتەوە. ئەم دارەتە کە لە شانۆ زۆر ئازاراوییە، لە تلەڤیزیۆن ئەبێ بە کارەسات. چونکە بینەر کە هیچ کارێکی لەدەست نایەت، ئاگای لە تەنهایی ناسروشتی ئەکتەر هەیە. کاتی وەها لە شانۆ دا، بینەر لەگەڵ ئەکتەر ئەبێ بە هاودەرد و ئەمە بۆ بینەری تووشبوو یارمەتییەکە، بەڵام لە تلەڤیزیۆن ئەم پەیوەندییە دوو لایەنە نالوێ. تێبینی: هیو گرەی

**٤٢٨ـ** مانۆلێت: Manolete فیلمی سینەمایی **١٩٤٨** لەمەڕ ژیانی ماتادۆر مانوێل ڕۆدریگێز، دەرهێنانی فلۆریەن ڕەی Florián Rey.

هەمان کاتدا هۆکاری کات پەرە پێئەدات و بەمجۆرە لە هاوکێشەی دەروونناسیدا دیسانەوە هاوسەنگی بەدی ئەهێنێتەوە.

## بەرەنگاری و خودهاوسانی

ئەگەر ئەو چێژانەی شانۆ و سینەما بە ئێمەی ئەبەخشن، لانیکەم ئەوەی کە لەمەڕ ئەوان لایەنی ئاوەزی کەمتر و پەیوەندی ڕاستەوخۆی زیاتری هەیە، دادگەرانە هەڵسەنگێنین، ناچار ئەبێ پەژێرە بکەین ئەو شادمانییەی لە کۆتایی نمایشەکەدا لامان دروست ئەبێ، باڵاتر و ڕەسەنتر و تەنانەت بتوانرێ بوترێ بەڕەوشتتر لەو ڕەزامەندییەیە کە لە پاش بینینی فیلمێکی باش هەستی پێ ئەکەین. ڕەنگە ویژدانمان وریاتر ئەبێتەوە. بە یەک واتا، بۆ هەر بینەرێک ئەڵێی شانۆ یەکسەرە «کۆرنیئاسا»یە[٤٢٩]. لەم ڕوانگەیەوە ئەتوانین بڵێین تەنانەت باشترین فیلمنامەیش شتێکی کەمە. وەک بڵێی لە سینەما چەشنێک دابەزینی ناچاری ڤۆڵتاژ، چەشنێک پەیوەندی کورتی ڕازاوی جوانناسی لە کردەوەیەکی تایبەت کە بەشێکی گرنگی شانۆیە بێبەشمان ئەکات. ئەم جیاوازییە چەندەش کەم بێ، هێشتاش هەیە. تەنانەت لە نێوان نزمترین نمایشی شانۆیی و باشترین ژێوەرگرتنی سینەمایی ئۆلیڤیەدا. ئەم گوتەیە بە هیچ شێوەیەک فرەبێژی نییە و مانەوەی شانۆ لە پاش پەنجا ساڵ سەرهەڵدانی سینەما و، پێشگوویەکانی مارسێل پانیۆل، بەڵگەیەکی بە کردەوە سەلماوە. ئەو هەستی ڕزگارییەی پاش باربەژەنی بینینی فیلم لە لامان دروست ئەبێ، بێگومان

---

٤٢٩ ـ کۆرنیئاسا: Corneillian شێوە کۆرنی ✎ داستانبێژی فەڕانسەیی.

لە ڕەوتێکەوە سەرچاوە ئەگرێ کە پێی ئەڵێن لەخۆدابڕانی[٤٣٠] بینەر. وەک ڕۆزێنکرانتس[٤٣١] ساڵی ١٩٣٧ لە گۆڤاری **ئێسپریت**[٤٣٢] لە وتارێکدا، کە بە گوێرەی کاتی نووسینەکەی زۆر ناوازەیە، نووسیێ: «کەسایەتی سەر پەردە، بە شێوەی ئاسایی بابەتی خودهاوسانییە[٤٣٣]، لە کاتێکدا کەسایەتی سەر سەکۆی شانۆ بابەتی کێبەرکێی ئاوەزین، چونکە بوونی ڕاستەقینەی ئەوانە لەسەر سەکۆ، جۆرێک ڕاستەقینەبوونیان پێ ئەبەخشێ و بۆ ئەوەی ببن بە کەسایەتی جیهانێکی وەژارەیی ئەبێ ویستی بینەر بەشداری چالاکی تێدا هەبێ، واتە بینەر ئەبێ خۆی بیەوێ بوونی جەستەیی ئەوان بکات بە ئەبسرەکت. ئەم ئەبسترەیە بەرەنجامی ڕەوتی ئەندێشەی هۆشمەندی مرۆڤە و تەنها لە کەسێک چاوەڕوان ئەکرێ کە دارماڵ بەهۆش و خودئاگا بێ.» هەر بینەرێکی فیلم لە ڕێگەی ڕەوتێکی دەروونناسی لەگەڵ پاڵەوان خۆهاوسانی پەیدا ئەکات. بەرەنجامی ئەم ڕەوتە ئەوەیە کە بینەران ئەبن بە یەک «بارستە» و هەستیان یەکدەست و چوونیەکی لێدێت. ڕێک وەکوو جەبر کە ئەگەر دوو ژمارە لەگەڵ ژمارەی سێیەم بەرامبەر بن، خۆیشیان بەرامبەرن. ئەتوانین بڵێین لە سینەمایش ئەگەر

---

٤٣٠ ـ لەخۆدابڕان: Depersonalization دەروونناسی دارەتێکە مرۆڤ هەستی سەمەرەی دابڕان لە خۆی و لە ئەندێشە و جەستەی خۆی هەیە، هەست بەگۆڕان لە خۆی و فەراگەرد ئەکات و نارۆژەڤ ئەبینێ.

٤٣١ ـ ڕۆزێنکرانتس: Rosenkrantz

٤٣٢ ـ ئێسپریت: Esprit گۆڤارێکی وێژەیی فەرانسەییە لە **١٩٣٢**ـەوە.

٤٣٣ ـ خودهاوسانی: identification ناسینەوە، هەستی دەروونی خۆ بە کەسایەتییەکی تر دانان ع تطبیق الهویه د همذات پنداری.

دوو بینەر خۆیان لەگەڵ کەسی سێیەم بەرامبەر زانی، خۆیشیان بەرامبەرن. لێرەدا ئەتوانین کچانی دەستەی کۆراڵ لەسەر سەکۆ و لەسەر پەردەی سینەما پێکەوە بەراورد بکەین. لە سینەما، وازی ناخودئاگای بینەر ئەورووژێنن و کاتێک پاڵەوانی فیلم ئەچێتە لای کچان وازی بینەریش بەو ڕادەیەی خۆی بە پاڵەوانی فیلمەکە زانیوە، بەراورد ئەبێ. بەڵام لە شانۆ بە هەمان ئەندازە بینەر ئەبزوێنێ کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا. لە ئەنجامدا، بینەر لەگەڵ پاڵەوان خۆهاوسانی ناکات، بەڵکوو ئێرەیی پێ ئەبات. بە گوتەیەکی تر، نمایشی **تارزان** تەنها لەسەر پەردەی سینەما ئەلوێ. سینەما بینەر هێور ئەکاتەوە، شانۆ ئەیهەژێنێ. شانۆ، تەنانەت ئەگەر نزمترین ڕێژارەی بینەریش بکات بە نیشانە، تا ڕادەیەک لە بەدیهێنانی ئەندێشەیەکی هاوبەش دائەمێنێ.[٤٣٤] شانۆ لەمپەری ڕێگەی هەر چەشنە نوێنەرایەتی کۆمەڵی بە واتای دەروونناسییەکەیتی، چونکە شانۆ خۆی وشیارییەکی چالاکی تاکەکەسی ئەوێ؛ بەڵام سینەما تەنها پێویستی بە یەکگرتووی ناچالاک هەیە.

ئەم ڕوانگانە تیشکێکی تازە ئەخەنە سەر پرسگری بینەر و لە ئاستی هەبوونناسانە ئەیگوێزێتەوە بۆ ئاستی دەروونناسانە. ناکۆکی سینەما لەگەڵ شانۆ بە هەمان ڕادەیە کە بینەر وا لێ ئەکات خۆهاوسانی لەگەڵ پاڵەوانەکە بکات. بەم جۆرە، پرسگری بینەر ئیتر بێ ڕێگە چارە نییە، چونکە ڕاستی ئەوەیە کە سینەما ئامێری وای لەبەردەستە کە بینەر بۆ بابەتێکی ناچالاک ڕائەکێشێ. بە

٤٣٤ ـ کۆمەڵە و تەنهایی دژی یەک نین: بینەرانی فیلم لە سینەما دانە دانەی کەسان پێکیان ئەهێنێ. لێرەدا کۆمەڵ ئەتوانین بە ناکۆکی کۆمەڵەیەکی جەستەیی بزانین کە بە دڵخواز کۆ بوونەتەوە. تێبینی: هیو گرەی

گوتەیەکی تر، ئامێری وەهای هەیە کە ئاوەزی خودئاگای بینەر تا رادەیەک ئەبزوێنێ. بە پێچەوانەی شانۆ ئەبێ ڕێگەی وا بدۆزێتەوە تا کردەوەی دەروونناسی لە نێوان بینەر و ئەکتەردا کەم بکاتەوە. کە وابوو، ئیتر لە نێوان سینەما و شانۆ لە ڕوانگەی جوانناسییەوە دۆڵێکی ئەوەندە قووڵ نییە کە نەتوانن لێی بپەڕنەوە، ئەم دوانە تەنها دوو گرەوشتی ئەندێشەیی بەدی ئەهێنن، کە دەرهێنەر باشارێکی زۆری بەسەریاندا هەیە.


ئەگەر لە چێژی بەرەنجامی شانۆ بە وردی بکۆڵینەوە، ئەبینین نە تەنها لەگەڵ چێژی بەرەنجامی سینەما، بەڵکوو لەگەڵ چێژی بەرەنجامی ڕۆمانیش جیاوازە. خوێنەری ڕۆمان، کە وەکوو بینەری سینەما لە هۆڵێکی تاریک، لە ڕووی جەستەییەوە تەنهایە خۆی لەگەڵ کەسایەتی پاڵەوانی چیرۆک بە یەک ئەزانێ.[٤٣٥] بەم هۆیەوە، خوێنەری ڕۆمان کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ خەریکی خوێندنەوە ئەبێ، بە هۆی **خۆمانییەکی**[٤٣٦] پێوارەوە کە لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆک هەستی پێ ئەکات، وەکوو ئەو ئەهەژێ. بێگومان، لە چێژی بەرەنجامی سینەما و ڕۆمان، جۆرێک ئاسوودەیی دەروونی، جۆرێک پەنابردن بۆ تەنهایی، جۆرێک خۆپاراستن لە کردەوە لە ڕێگەی خۆلادان لە بەرپرسایەتییەکی کۆمەڵایەتی شاراوەتەوە.

لە ڕاستیدا، ڕەنگە ئەم دیاردەیە ئەبێ لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە شرۆڤە بکەین. ئایە ئەوەی کە دەروونناسان دەستەواژەی

---

٤٣٥ـ تێبینی: هیو گرەی سەردەمی ڕۆمانی ئەمریکایی، ئی. مەگنی
Cf. Cl. E. Magny. L'ge du roman américain, ed. Du Seuil.


٤٣٦ـ خۆمانی: intimacy ناو دۆستایەتی نزیک، خۆییبوون، نزیکایەتی ع الفة N fortrolighet د صمیمیت.




«کاتارسیس»یان[٤٣٧] لە ئەرەستوو وەرگرتووە، خاڵێکی جێگەی سەرنج نییە؟ لێکۆڵینەوەی تازەی پەروەردە سەبارەت بە درامای دەروونی، ڕوانگەی بەسوودی لە بواری ئەم ڕەوتە پاڵێوەرەی شانۆ خستوەتە بەردەستی ئێمە. ئەندێشەی مناڵ ناتوانێ جیاوازی لە نێوان نمایش و ڕۆژەڤدا دابنێ. هەر ئەم ناڕوونی و ساویرە یارمەتی ئەدات تا بە شانۆی دەسبەجێ خۆی لە سەرکوتی دەروونی کە تووشیان بووە، ڕزگار بکات. ئەم تەکنیکە ئەنجامەکەی ئەبێ بە چەشنێک شانۆی گۆنگ، کە تێیدا نمایش ناوەرۆکێکی هەتەری هەیە و ئەکتەر لە ڕاستیدا خودی بینەرە. ئەو کردەوەی لەم نموونەیەدا ڕوو ئەدات، وەکوو نمایشی شانۆیی بە چراکانی بەردەم سەکۆ لە بینەر جیا نابێتەوە؛ چراکانی بەردەم سەکۆ لە ڕاستیدا نموودێکی جەستەیی و خانووییە کە لە نێوان ئێمە و سەکۆی شانۆدا ئەبێ بە دیوار. ئێمە ئۆدیپ وا لێئەکەین تا لە ڕواڵەتی ئێمەدا بچێتە سەر سەکۆ و ئەیخەینە ئەودیو دیوارێکی ڕووناکییەوە ــ ئەم شوورەی تیشکە چراکانی بەردەم سەکۆی شانۆ، سنووری نێوان ڕۆژەڤ و ساویرن کە هەم دێوەزمەی دیۆنیسۆسی[٤٣٨] دافرێنن و هەم ئێمە

٤٣٧ـ کاتارسیس: catharsis دەروونناسی ناو بەتاڵبوونی دەروون لە هەژان، پرۆسەی ڕزگاربوون و لە ئەنجامدا دەربازبوون لە هەستێکی بەهێز یان سەرکوتکراو .ن موزیک بۆ ئەو ئامرازێکە بۆ کاتارسیس.

٤٣٨ـ دیۆنیسۆس: Dionysus میسۆلۆجی یان Bacchus لە میسۆلۆجی یۆنانیدا سەرەتا خوای ئافرێنەری مرۆڤ و پاشان خوای شەرابە. لە یۆنان باکۆسیان ئەپەرست، بەڵام ئەفسانەی هێرشی باکۆس یان دیۆنیزۆس






لە زیان و مەترسی ئەوانە ئەپارێزن.[٤٣٩] ئەم گیانەوەرە پیرۆزانە لەم سنووری ڕووناکییە تێناپەڕن، چونکە بە نائاسایی و تەنانەت سووکایەتی بە پیرۆزییەکان دائەنرێ ــ گۆڤان ئەوەیە کاتێک لە جلکەن ئەکتەرێک ئەبینین کە هێشتا مەکیاجی بە ڕوخسارەوەیە، پەرێشانی و ترسی ئەو جۆرە ڕووناکییە فلۆرسێنتە لە فەراگەردی نامێنێ. هەڵبەت ناتوانین پازە بهێنینەوە کە لە شانۆ هەمیشە چرای بەردەم سەکۆیان بەکار نەهێناوە. چونکە ئەزانین ئەم چرانە تەنها هێما و بەرژەنگن و پێشتر سوودیان لە کەرەستەی وەکوو دەمامک و پۆششی تایبەت وەرئەگرت. هەروەها، ئەگەر لە سەدەی حەڤدەدا خانەدانە گەنجەکان لەسەر سەکۆ دائەنیشتن و سەیری نمایشیان ئەکرد، بە واتای نکۆڵی لە ڕۆڵی چراکانی بەردەم سەکۆ نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە جەختی لەسەر ئەکات. چونکە ئەمکارە لەو سەردەمەشدا کارێکی باو و هەمەگیر نەبوو، ڕێک وەکوو ئەوەی کە **ئۆرسن وێلز** ئەکتەرەکان لەسەر سەکۆ بڵاو ئەکاتەوە تا بە دەمانچە تەقە لە بینەران بکەن. ئەو بەم کارە چراکانی بەردەم سەکۆ لەناو نابات، بەڵکوو تەنها لێیان تێئەپەڕێ، واتە ڕێساکانی یاری پشتگوێ ئەخات و بینەر هەست ئەکات هەندێ لە ئەکتەرەکان

---

بۆ هیند و وڵاتانی تری ئاسیا، لە پاش ئەوە هۆنرایەوە، کە ئەسکەندەر هێرشی کرد بۆ سەر ئاسیا. لە ئەفسانەی ڕۆمیدا کوڕی ژووپیترە.
دیۆنیسۆسی تیرانۆس Dionysius I of Syracuse

٤٣٩ ـ تێبینی: هیو گرەی دیۆنیسۆس نووسینی پ. ئا. تۆشار
Cf. P. A. Touchard, Dionysos. ed. Du Seuil.

فریوی ئەدەن.(٤٤٠)

ئەگەر جیاوازی سینەما و شانۆ تەنها و تەنها بە بوونی جەستەیی ئاکتەر بزانین، بە گوێرەی خاڵەکانی سەرەوە، ئەم دوو هونەرە لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەوەی کە بەڕاستی مایەی مشتومڕە دوو چۆنایەتی دەروونناسی جیاواز لە نواندنی ئەم دوو هونەرەیە. بناغەی شانۆ زانینی دوو لایەنەی بینەر و ئەکتەرە لە بوونی هەردوو لایان، بەڵام تەنها تا ئەو جێگەی کە پرسگری نمایش و نواندن لە ئارادا بێت. شانۆ بە بەشدارکردنی ئێمە لە کردارێکی شانۆیی کە لەوبەر و، لە گەمارۆی چراکانی بەدرەم سەکۆ پیشان ئەدرێ، کار ئەکاتە سەر ئێمە. بەڵام لە سینەما

---

٤٤٠ ـ لێرەدا نموونەیەکی تر ئەهێنینەوە کە ئەیسەلمێنێ بوونی ئەکتەر هاوتا نییە لەگەڵ شانۆ، مەگەر ئەوەی کە پرسگری نواندن لە ئارادا بێت. هەموومان لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆمان یان ئەوانی تر ئەزانین کاتێک کەسێک، ئاگا و نائاگا، هەست ئەکات سەیری ئەکەن چۆن ئەشەڵەژێ. ئەو دڵدارانەی لەسەر کەتی گوزەرەکان یەکدی ئەگرنە باوەش، دیمەنێکی نمایشی بۆ ڕێبواران بەدی ئەهێنن، بەڵام خۆیان گرنگی پێ نادەن. خزمەتکارێکم هەیە کە پابەندی ڕێسای ڕەوشتییە. ئەو ئەڵێ هەر کات دیمەنێکی وەها ئەبینێ، هەست ئەکات لە سینەمایە. هەمووومان هەندێ جار ناچار بووین بە پێچەوانەی ویستمان لە بەرچاوی ئەوانی تر کاری گەوجانە بکەین. لە کاتی وەها، لە دەروونی خۆماندا هەست بە چەشنێک شەرمی غەزراو ئەکەین کە لەگەڵ دارەتی نواندنی ئەکتەرەکان لەسەر سەکۆ زۆر جیاوازە. کەسێک لە کونی کلیلەوە دیمەنێک سەیر ئەکات، وەکوو بینەری شانۆ نییە؛ کۆکتۆ لە فیلمی خوێنی هۆنەر Le sang d'un poele بە دروستی سەلماندوویەتی کە ئەم کەسە وەک بینەری سینەما وایە. هەڵبەت ئەبێ باسی نواندن show ـەکانیش بکەین. لە «نواندن»دا پاڵەوانەکان لە بەردەماندا زیندوو و ئامادەن، بەڵام یەکێک لەم دوو دەستەیە لەم بابەتە بێ ئاگایە، یان بە نابەدڵ پەژێرەی ئەکات. ئەمانە ناتوانین ناوی «نمایش» بە واتا شانۆییەکەیان لێ بنێین. تێبینی: هیو گرەی

دۆخەکە پێچەوانەیە. لە سینەما، تاقی تەنها لە هۆڵێکی تاریک دائەنیشین و وەک بڵێی لە پشتی پەردە کرکرەی نیوەئاوەڵەوە چاو ئەبڕینە بەرجەوەنێک کە ئاگای لە بوونی ئێمە نییە، بەڵام ئەویش بەشێک لەم جیهانەیە. لێرەدا هیچ شتێک ڕێگە لەوە ناگرێ لە ڕوانگەی ئەندێشەوە لەگەڵ جیهانی بزۆزی بەردەممان، کە ئەبێ بە جیهانی ڕاستەقینە، خودهاوسانی بکەین؛ ئیتر دیاردەی ئەکتەر وەکوو مرۆڤێکی زیندووی ئامادە سەیر ناکەین، بەڵکوو سەرنجمان لەسەر کۆمەڵێک هەلومەرج ئەچەقێنین کە نمایشی شانۆیی بەدی ئەهێنن و بینەر لە بەشداری چالاک لە ڕووداوەکەدا بێبەش ئەکەن. لە دێڕەکانی دواییدا بۆمان دەرئەکەوێ کە لێرەدا زیاترە پرسگری کەس و پەیوەندی لەگەڵ دێکۆر لە ئارا دایە تاکوو بینەر و بوون.

## لەوبەری دێکۆر

لە شانۆ، بوونی مرۆڤ گرنگی زۆری هەیە. بەڵام درامای سینەمایی ئەتوانێ بەبێ ئەکتەر بێ. بۆ نموونە دەرگایەک کە بە توندی دائەخرێ، سەمای گەڵایەک لە بادا، ئەو شەپۆلانەی خۆیان ئەکێشن بە کەناردا ئەتوانن کاریگەری دراماتیک پەرە پێ بدەن. لە هەندێ شاکاری سینەماییدا، مرۆڤ تەنها هۆکارێکی لەگەڵخراو و لاوەکی، وەکوو زۆروبۆرە. بە گوتەیەکی تر، سروشت ڕۆڵی یەکەمی هەیە و مرۆڤ ڕۆڵی دووەم. تەنانەت کاتێک وەکوو فیلمی نانووک و مرۆڤی ئارانی[٤٤١]، بابەتی خەباتی مرۆڤ لە دژی سروشت لە ئارا دایە، دیسان ناکرێ لەگەڵ کردەوەی

٤٤١ـ مرۆڤی ئارانی: Man of Aran فیلمی ئیرلەندی ١٩٤٣ ژیان لە دورگەی ئاران پیشان ئەدات، دەرهێنانی ڕابێرت جەی فلاهرتی Robert J. Flaherty






شانۆیی بەراورد بکرێ، چونکە سەرچاوە و بزوێنەری سەرەکی کردەوە، سروشتە نەک مرۆڤ. وابزانم ژان پۆڵ سارتر وتوویەتی لە شانۆدا دراما لە ئەکتەر سەرچاوە ئەگرێ و لە سینەما لە شوێنی بوویەرەوە ئەگات بە مرۆڤ. ئەم سەرەونگوونییەی ڕەوتی دراماتیک گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لەگەڵ گەوهەری میزانسن[٤٤٢] ئاوێتە بووە و ئەتوانین یەکێک لە دەستکەوتەکانی ڕیالیزمی وێنەگری تێدا ببینین. ئاشکرایە سینەما لەو ڕووەوە کەڵک لە سروشت وەرئەگرێ کە ئەتوانێ ئەو کارە بکات. کامێرای سینەما، هەموو تواناکانی تێلسکۆپ و میکرۆسکۆپ ئەدا بە دەرهێنەر. بە توانایی کامێرا، هەم ئەتوانین دوا تەڵی تەنافێک پیشان بدەین کە خەریکە ئەپچڕێ و هەم سپایەکی مەزن کە پەلاماری گردێک ئەدەن. بۆ کامێرا، هۆکار و بەرهۆی نمایشی هیچ سنووردارییەکی ئەستوویی نییە. دراما لە ڕێگەی کامێراوە لە سنووورداری کات و شوێن تێئەپەڕێ. بەڵام ئەم ئازادییەی وزەی دراماتیک، لە ڕوانگەی جواناسییەوە هۆکارێکی دووەمە و ناتوانێ لە بنەڕەتدا بەراوەژووبوونی پەیوەندی نێوان ئەکتەر و دیکۆر ڕوون بکاتەوە. چونکە هەندێ جار سینەما ئاگاهانە خۆی لە بەکارهێنانی دیکۆر و هەروەها سروشتی دەرەوە بێبەش ئەکات ــ نموونەی دارماڵی ئەم بوارە فیلمی دایک و باوکی سامناکە ــ بەڵام شانۆ


٤٤٢ ـ میزانسن: mise en scène دەستەواژەیەکی شانۆیی فەڕانسەییە، چووەتە سینەما و زمانەکانی تریشەوە، بە واتای شانۆڕازاندنەوە و ئامادەکاری شانۆیی E staging.




لەبری تێئەکۆشێ دەزگای پێشکەوتوو بە کار بهێنێ تا هەستی «لە هەموو شوێن ئامادە»یی خۆی لای بینەر بەدی بهێنێ. ئایە فیلمی **سۆزی ژاندارک** بەرهەمی **کارڵ درەیەر** کە هەمووی لە نمای درشت ساز کراوە و دێکۆرە شانۆیی و لە ڕاستیدا پێوارەکانی **ژان هۆگۆ**(٤٤٣) دروستی کردووە، کەمتر لە فیلمی سینەمایی **گالیسکەی ئاگرە**؟ بە بڕوای من، ژمارەی نمای درشت یان لیکچوون لەگەڵ هەندێ تەکنیکی شانۆیی پەیوەندی بە سینەماییبوون یان نەبوونەوە نییە. بیرۆکەی گەڵاڵەی سەکۆ بۆ دیزاینی ژوورێک بۆ **خانمان بە گوڵی کامیلیاوە**(٤٤٤) جا بۆ خودی فیلمەکە بێ یان بۆ شانۆ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ڕاستە ئەتوانین لەسەر پەردە نمای گەورەی دەسڕێکی خوێناوی پیشان بدەین، بەڵام هەر دەرهێنەرێکی شارەزایش ئەزانێ چۆن بە کۆکەی ئەکتەر و خودی دەسڕەکە یاری بکات. هەموو نما درشتەکانی فیلمی **دایک و باوکی سامناک** ڕاستەوخۆ لە شانۆ وەرگیراوە، لە کاتێکدا ئێمە ئەوانە لە شانۆدا خۆبەخۆ پشتگوێ ئەخەین. ئەگەر جیاوازی دەرهێنانی سینەما و دەرهێنانی شانۆ تەنها لەوەدا بوایەت کە لە سینەما ئەتوانن لە ڕووداوەکان نزیکتر ببنەوە و نمای درشتتری لۆجیکیتر پیشان بدەن، ئیتر بەڕاستی هۆکارێک بۆ درێژەی کاری شانۆ نەئەما و ئەبێ بڵێین **مارسێل پانیۆل** ڕاست ئەکات؟ دیارە هەمان چەند

٤٤٣ـ ژان هۆگۆ: Jean Hugo (١٨٩٨ـ١٩٨٤) شێوەکار و دیزاینەری شانۆ.

٤٤٤ـ خانمان بە گوڵی کامیلیاوە: Les Dames aux camelias فیلمی سینەمایی ١٩٥٣ دەرهێنانی ڕەیمۆند بێرنار، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی دۆمای کوڕ.




مەتری دووجای ئەو دێکۆرەی کە **ڤیلار**[٤٤٥] بۆ شانۆی **سەمای مەرگ**[٤٤٦] دیزاینی کردبوو، نەخشی ئەو دورگەی هەیە کە **مارسێل کرەیڤن**[٤٤٧] فیلمە شیانستەکەی خۆی لەوێ ساز کردووە. ڕاستی ئەوەیە ئاریشە خودی دێکۆر نییە، بەڵکوو ناوەرۆک و کارداکەیەتی[٤٤٨]. کەواتە، ئەبێ ئەم چەمکە شانۆییە واتە شوێنی دراماتیک زیاتر ڕوون بکەینەوە.

شانۆ بەبێ نژیارڤانی واتای نییە، جا مەبەستمان شانۆی حەوشەی کلیسا بێ، یان گۆڕەپانی شاری نیم[٤٤٩] یان بارەگای پاپا یان سەکۆیەک لە وەرزەبازاڕێک یان نیوبازنەیەک لە ڤیچێنزا[٤٥٠]، وەک بڵێی **کریستیەن بێرار**[٤٥١] لە کاتی وڕینەدا دیزاینی

---

٤٤٥ ـ ڤیلار: Jean Vilar (١٩١٢ ـ ١٩٧١) ئەکتەر و دەرهێنەری فەڕانسەیی.

٤٤٦ ـ سەمای مەرگ: La Danse de la mort فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٨، دەرهێنانی مارسێل کرەیڤن.


٤٤٧ ـ مارسێل کرەیڤن: Marcel Cravene (١٩٠٨ـ٢٠٠٢) دەرهێنەر و ئێدیتۆری فەڕانسەیی فیلمی سینەمایی و تلەڤیزیۆنی.

٤٤٨ ـ کاردا: function کاری سوودمەند، بەهرەی کار، کاری کراو د عملکرد ؛ وردەکاردا microaction.

٤٤٩ ـ نیم: Nîmes شارێکی گەورەیە لە باشووری فەڕانسە، وەرزشگای ڕۆمانی ساڵی ٧٠ی زاینی لەوێیە. ناوەندی جینزی فەڕانسەیە. دەنیم

٤٥٠ ـ ڤیچێنزا: Vicenza شارێکی چەند فەرهەنگییە لە باکووری ئیتالیا نزیکی ڤێنیزیا، شوێنێکی دیدەنیارییە.

٤٥١ ـ کریستیەن بێرار: Christian Bérard (١٩٠٢ـ١٩٤٩) هونەرمەندی نیگارکێش و دیزاینەری فەڕانسەیی. لویی ژۆڤێ و ژان کۆکتۆ بە دژواری




کردبێ. یان ئامفی تیاترەکانی تەماشاخانەی بۆلڤار کە بە شێوازی ڕۆکـۆکۆ[٤٥٢] ڕازاونەتەوە. شانۆ چ وەکوو نمایش و نواندن بێ و چ بە شێوەی جەژن و ئاهەنگ، لە ناوەرۆکدا نابێ وەها لەگەڵ سروشتی فەراگەردی تێکەڵ ببێ، کە نەناسرێتەوە. چونکە لەم دارەتەدا ئیتر شانۆیەکمان نابێت. چونکە بناغەی شانۆ لەسەر ئاگاهی دوولایەنەی ئەکەر و بینەر دانراوە، ئەبێ لە جیهانی فەراگەردی جیا بێ، بە هەمان شێوە کە نمایش و ڕۆژەڤ، گوێدان و گوێنەدان، کاردەی ئایینی و ئاسایی پێکەوە لە دژایەتی دان. جلوبەرگ، دەمامک، مەکیاج، شێوازی زمانی نمایش و چراکانی بەردەم سەکۆ هەموویان یارمەتی زەقبوونی ئەم جیاوازییە ئەدەن. بەڵام ئاشکراترین نیشانە هەمان سەکۆی شانۆیە کە نژیارڤانییەکەی لە ماوەی مێژوودا تووشی گۆڕانی فراوان بووە، بەڵام هەمیشە شوێنێکی دارماڵ دیار و جیاواز لە ژینگەی فەراگەردی بووە. ئینجا ڕێک بە هۆی ئەم شوێنە دراماتیکەیە[٤٥٣] کە دێکۆر دێتە ئاراوە. دێکۆریش تا ڕادەیەک کۆمەکی جیاواز و دیاربوونی شوێنی نمایش

---

دڵکاویان کرد تا دێزاینی دێکۆری شانۆ بکات. دێزانیەری نمایشی ئەندێشەی مرۆیی (١٩٣٠) و ماشینی دۆزەخی (١٩٣٤) بوو. دێکۆرەکانی فیلمی دزێو و جوانی ژان کۆکتۆ ئەو کردوویەتی. نیگارکێشی بەرهەمەکانی ئارسر ڕەمبۆ بوو. تێبینی: هیو گرەی

٤٥٢ـ ڕۆکۆکۆ: Rococo شێوازێکی هونەری ڕازاندنەوەی سەدەی هەژدەیە، لەگەڵ پەرەسەندنی بورژوازی لە فەڕانسە سەری هەڵدا، هونەرێکی گەش و پڕ لە ژیان و خۆزگەیە.

٤٥٣ـ شوێنی دراماتیک: locus dramaticus

ئەکات. دێکۆر هەرچی بێ، دیوارەکانی ژوورێکی سێ دیوارە پێک ئەهێنێ کە ڕوو بە بینەران ئەکرێتەوە و، ئێمە پێی ئەڵێین سەکۆ. ئەو بەرجەوەن و تەلار و مێرگوزارە درۆینەی ئەیان بینین، ڕوویەکی تریشیان هەیە، واتە لە ڕاستیدا لە تەختە و کووتاڵ و بزمار پێکهاتوون. هەموو ئەزانن کاتێک ئەکتەر لە حەوشە یان باخەوە ئەچێتە ناو وارخانەکە، لە ڕاستیدا ئەچێتە ژووری جلکەن تا مەکیاجەکەی بگۆڕێ. ئەم چەند مەتری دووجا و ساویرە، بە کەرەستەی جۆراوجۆر دەورە دراون و لە دوو بەریەوە ڕاڕەوی بۆ ژوور و دەرەوەیان هەیە کە لە توونی بابای نهێنی ئەچن. بەڵام هەموو ئەمانە تەنانەت تۆزێکیش لە چێژی ئەو بینەرەی چووەتە ناو سەیرکردنی نمایشەکەوە کەم ناکاتەوە. بەو پێیەی کە دێکۆر تەنها بەشێک لە نژیارڤانی سەکۆیە، شوێنێکە دەورەدراو و دەورەگیراو کە تەنها وەژارەی ئێمە بەرەگە و فراوانی پێ ئەبەخشێ.

ڕواڵەتی دێکۆر، ڕوو بە بینەران و چراکانی بەردەم سەکۆکە. دێکۆر تەنها ئەو لایەنی دەرەکییەی هەیە و لە پشتییەوە هیچ نییە، ڕێک بەو شێوەیەی کە وێنەی کێشراو تەنها بە هۆی چوارچێوەی قاپەکەیەوە هەیە.[٤٥٤] دێکۆریش ڕێک وەکوو وێنە نەبەستراوە بە

٤٥٤ـ باشترین نموونەی مێژوویی ئەم بیردۆزەی نژیارڤانی و شانۆ و پەیوەندی لەگەڵ سەکۆ و دێکۆر ئەتوانین لە «ئۆلێمپیکی شانۆی ڤیچێنزا» ببینین کە سەر بە شێوازی نژیارڤانی ئاندرێ پالادیۆ، مێهرازی ئیتالیاییە. ئەم ئامفی تیاترە بێ میچ و کراوەیە، تابلۆیەکی دوورنمای ناوازەی نژیارڤانییە. هیچ توخمێکی ناتوانین بدۆزینەوە، کە ماهەکی مێهرازانەی پشتڕاست نەکاتەوە، هەروەها دەرگاکەیشی. «ئۆلیمپیکی شانۆ» کە ساڵی ١٥٢٠ لە ناو قشڵەیەکی کۆن کە جەماوەری شار پێشکەشیان کردبوو، دروست کرا. لە دەرەوە تەنها دیوارێکی ئاجووری ژەنگینە، واتە تەنها لایەنی کاردای

سەکۆی نمایشەوە و وەکوو پەنجەرەیەکی دیوارەکەش ناژمێردرێ. سەکۆ و دێکۆر کە بوویەر لەوێ ڕوو ئەدات، جیهانێکی گچکەی جوانناسی پێک ئەهێنن کە هەرچەند جێگەیان لە دەروونی جیهانی ڕاستەقینە دایە، بەڵام لە سروشتی ڕاستەقینەی فەراگەردیان بە تەواوەتی جیاواز و دابڕاون.

بەڵام لە سینەما هەلومەرج بەمجۆرە نییە. چونکە بنەمای سەرەکی سینەما، نکۆڵیکردن لە هەر چەشنە سنوور و کەوشەنێکە بۆ بوویەرەکە.

بیرۆکەی **شوێنی دراماتیک** نە تەنها لەگەل چەمکی پەردە بێگانەیە، بەڵکوو تەنانەت لەگەڵی لە ململانێ دایە. پەردەی سینەما، وەکوو قاپی وێنە نییە، بەڵکوو دەمامکێکە لەو دیویەوە تەنها بەشێک لە بوویەرەکە ئەتوانین ببینین. کاتێک کە کەشێک لە پەردە ئەچێتە دەرەوە، پەژێرەی ئەکەین لە بەرەگەی بینینی ئێمەدا نامێنێ، بەڵام ئەزانین لە شوێنێکی تر لە دێکۆری سەکۆ، کە لە چاوی ئێمە شاراوەیە، درێژە بە ژیانی ئەدات. لە سینەما، دەرگای هاتن

---

نژیارڤانی هەیە. ئەتونرێ بە دارەتی ناکریستاڵ ناو ببرێ، بەو واتایەی کە کیمیاگەران لە نێوان دارەتی کریستاڵ و ناکریستاڵی شمەکدا جیاوازی دائەنێن. گەشتیارێک کە لە کونێکی دیوارەکەوە ئەچێتە ژوورەوە، هێدمە ئەیگرێ و دەمی دائەچەقێ، چونکە ڕووبەڕووی کەوشەنێکی بەرین و بێ بنمیچ ئەبێتەوە کە نیوبازنەیەک پێک ئەهێنێ. وەک پارچەکانی کوارتز یان ئاقێق کە لە دەرەوە وەکوو بەردی ئاسایین، لە ژوورەوە کریستاڵی ناوازەن، کە ڕازپۆشانە بەرەو ناوەوە نووشتاونەتەوە. شانۆی ڤیچێنزایش بە گوێرەی ڕێسای زاڵ بەسەر شوێنی جوانناسی و دەستکرد، بە شێوەی تاقانە مۆنەوارە. تێبینی: هیو گرەی




و ڕۆیشتن بوونی نییە. ئەگەر بۆ پەردەی سینەمایش دەرگای هاتن و دەرچوون دابنێین، وەژارەی تایبەتیمان لەبەین بردووە؛ وەژارەی تایبەتی سینەما ئەوەیە کە ئەتوانێ دەمانچەیەک یان ڕوخسارێک بکات بە ناوەندی قورسایی جیهان. بە پێچەوانەی سەکۆی شانۆ کە مۆنەوارە(٤٥٥)، کەشی پەردەی سینەما مۆنەبێزە. چونکە ئەو بێسنوورییەی شانۆ ئەیەوێ، ناتوانێ بێسنووری شوێنی بێ، کەواتە لە گیان و هەناوی مرۆڤدا نییە. ئەکتەر کە لەم شوێنەدا گەمارۆ دراوە، لە خاڵی کانوونی جووتێک ئاوێنەی قوپاو دایە، لە لایەکی بینەران و لایەکیشی دێکۆرە، کە پەرتەوی ناسکی ئاوەزی مرۆیی و هەروەها تیرێژی چراکانی بەردەم سەکۆ لێی ئەدات. بەڵام ئەو ئاگرەی ئەیسووتێنێ، هەم گوڕ و تینی دەروونی خۆیەتی و، هەم گەرمای ئەو شوێنە ناوەندەی کە پێگەی ئەوە. ئەکتەر لە دڵی یەک بە یەکی بینەرانیشدا ئەو بڵێسەیە دائەگرسێنێ. بێسنووری دراماتیکی گیانی مرۆڤ وەکوو ئۆقیانووسێک کە گوێچکەماسیان تێدا شاردبێتەوە، بە ناڵەناڵ خۆی ئەکوتێ بەو دیوارانەدا کە سەکۆیان گەمارۆ داوە. لەم ڕووەوە، ئەم شێوەسازییە بە ناوەڕۆک مرۆییە. واتە مرۆڤ هەم هۆکارەکەیەتی و هەم بابەتەکەی.

بەڵام مرۆڤ لەسەر پەردەی سینەما ناوەندی دراما نییە،

---

٤٥٥ ـ مۆنەوار و مۆنەبێز: Centripetal and Centrifugal هێزی نزیککەوتنەوە لە چەق و هێزی دوورکەوتنەوە لە چەق [ع] قوة جاذبیه و الطرد المرکزي [N] sentripetal og sentrifugal [د] مرکزگرا و مرکزگریز.

هەرچەند لە کۆتاییدا ئەبێ بە چەقی جیهان. کاریگەری بەرەنجامی کردەوەی ئەو ئەتوانێ شەپۆلی بێسنوور بخاتە هەژان. دێکۆری فەراگەردی مرۆڤ، بەشێکە لە هێسنی بوونی جیهانی ڕاستەقینە. بەم سۆنگەیە کە مرۆڤ ئەتوانێ لە دێکۆر پێوار بێت، چونکە لە جیهانی ڕاستەقینە مرۆڤ باڵادەستی پێش ئەزموونی بەسەر ئاژەڵ و شمەکدا نییە. بەم شێوە، پێویست ناکات مرۆڤ نەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی سەرەکی دراما، وەک لە فیلمی **ژاندارکی درەیەردا** وەهایە. لەم بوارەدا، سینەما باڵادەستی خۆی بەسەر شانۆدا ئەسەلمێنێ. ڕووداوەکانی دوو شانۆنامەی **فێدر** و **شاهـ لیر** بە هەمان ئەندازە سینەماییین کە شانۆیین. بەم هۆکارەیە، لە فیلمی **ڕێسای گەمە**، مەرگی کەروێشکەکە کە بە چاو ئەیبینین، بە هەمان ئەندازە پەژارەمان ئەداتێ، کە مەرگی بەچکە پشیلەی **ئەگنس** کە نای بینین و تەنها بۆمان ئەگێڕنەوە.

بەڵام هۆکاری ئەوەی کە بەرهەمەکانی ڕاسین یان شکسپیر یان مۆلییێر تەنها بە کامێرا و میکرۆفۆن ناتوانین بکەین بە سینەما، ئەوەیە کە پەرداختی کاردا و شێوازی گفتگۆ بەو شێوازەیە کە لە هۆڵی شانۆدا دەنگ ئەداتەوە. تایبەتمەندی شانۆیی ئەم تراجێدییانە نە لە کاردا، بەڵکوو لەو پێشخستنە دایە کە بە مرۆڤ، واتە بە گوتە دراوە. لەم تراجێدییانەدا مرۆڤ باڵاتر لە پێکهاتەی دراماتیکە. ئاریشەی شانۆیبەفیلمکراو، لانیکەم ئەو کاتەی کە کار لەگەڵ بەرهەمی کلاسیک ئەکەین، گواستنەی بەرهەم لە سەکۆوە بۆ پەردە نییە، بەڵکوو گواستنەوەی دەقێکە کە بۆ سیستەمێکی نمایشی تایبەت نووسراوە و ئێستە ئەبێ بگوێزرێتەوە بۆ سیستەمێکی

نمایشی تر، بەبێ ئەوەی باندۆری خۆی لەدەست بدات. کەواتە، دژواری ژێوەرگرتنی سینەمایی بەگشتی لە ڕووداوی شانۆنامەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو بانتر لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک (کە گونجاندنی لەگەڵ ڕیالیزمی سینەمایی بە ئاسانی ئەنجام ئەدرێ)، شێوازی گوتاریی نمایشەکەیە کە سرووشی جوانناسی لەگەڵ دەمارگرژی فەرهەنگی وامان لێئەکات ڕێزی بۆ دابنێین. هەر ئەم لایەنە لە شانۆیە کە لە چوارچێوەی سینەمادا نالوێ. بوودلێر ئەڵێ: «شانۆ، چلچرایەکی کریستاڵە.» ئەگەر بڕیار بێ سینەما لەگەڵ شانۆ بەراورد بکەین، ئەبێ بڵێین شانۆ شتێکی بلوورە و دەستکرد و شەنگ و خڕە و ئەو تیشکانەی بۆی ئەچێ ئەشکێنەوە و ئێمە لە داوی خەرمانەی گەشیدا گیرۆدە ئەکات. بەڵام سینەما وەکوو چرایەکی دەستی بچووکە بە دەستی دەرگاوانی هۆڵەکەوە کە وەکوو تیرئەستێرەیەکی بێ ئامانج لە کەشێکی بێ تەشک یان لە چوارچێوەی دەوری پەردەکەوە تێئەپەڕێ و ڕووناکییەکی تێپەڕ، بە شەوی هۆرمەکانی بێداریمان ئەبەخشێ.

چیرۆکی شکستەکانی پێشوو و سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی ژێوەرگرتنی سینەمایی لە بەرهەمی شانۆیی، چیرۆکی توانایی و بێتوانایی دەرهێنەرانە؛ ئەوە دەرهێنەرانن کە ئەبێ وزەی دراماتیکی شانۆنامە لە میدیایەکی تردا بپارێزن یان لانیکەم ئەم وزە دراماتیکە وەها تاو بدەنەوە کە بینەرانی فیلم تێی بگەن. بە گوتەیەکی تر، ئەمە پرسگری جوانناسییە کە پەیوەندی نە بە ئەکتەر، بەڵکوو بە دێکۆر و ئێدیتەوە هەیە. کەواتە ئاشکرایە شانۆیبەفیلمکراو لە بنەڕەتدا چارەنووسی شکستە. بە تایبەت

ئەگەر تەنها فیلمگرتن لە نواندنی نمایشەکەیشی بێت و، ئەگەر دەرهێنەر بە چەشنێک کامێراکە بەکار بهێنێ کە وامان لێبکات چراکانی بەردەم شانۆ و پشتی شانۆ لەبیر بکەین. لەم دارەتەدا، هێزی دراماتیکی دەق لەبری ئەوەی لە ئەکتەردا چڕ ببێتەوە، لە بەرهەمی سینەماییدا ئەتوێتەوە و لەناو ئەچێ. بە سەرنجدانە ئەم نموونانە ئەتوانین تێبگەین بۆچی هەندێ جار لەگەڵ ئەوەی کە شانۆیبەفیلمکراو ئەمەگداری دەقەکەیە و نواندنی ئەکتەرانیش باشە، بەرهەمەکە لە بناغەوە بێباییە؟ ئەمە ئەو شتەیە لە مەڕ شانۆنامەی **گەشتیاری بێ هەگبە** ڕووی دا. لەم فیلمەدا، شانۆنامە وەکوو خودی خۆیەتی. بەڵام هەموو وزەی داهێزراوە، وەکوو باترییەک کە بە هۆی شۆرتێکی بچووکەوە بە تەواوی بەتاڵ بووە. بەڵام سەرەڕای جوانناسی دێکۆر، هەم لەسەر پەردە و هەم لەسەر سەکۆ، ئەتوانین بە ڕوونی ئەوە ببینین کە پرسگری سەرەکی پرسگری ڕیالیزمە. ئەمەیە ئەو پرسگرەیە هەر کات باسی سینەما ئەکەین، دێتە ئاراوە.

## پەردەی سینەما و ڕیالیزمی شوێن

ڕیالیزمی سینەما، ڕاستەوخۆ لە سروشتی وێنەگری سینەماوە سەرچاوە ئەگرێ. پیشاندانی شتی سەمەرە یان فانتزی لەسەر پەردە، هیچ لە ڕیالیزمی فیلمەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانە، بەنرخترین پاساویەتی. هەڵۆسە لە سینەما، بە پێچەوانەی شانۆ، لەسەر بنەمایەک کە هەموو بینەران وشیارانە و وەکوو تاکتیکێک پەژێرەیان کردووە نەوەستاوە، بەڵکوو لەسەر

ڕیالیزمێکی تایبەتی ئەوەی نمایش ئەکرێت ڕاوەستاوە. لە سینەما، هەر تەڕدەستییەک ئەبێ دارماڵ و بە گوێرەی ڕۆژەڤ بێت. تەنانەت «پیاوی پەنام»یش ئەبێ بتوانێ بێجامە لەبەر بکات و جگەرە بکێشێ.

ئایە ئەبێ لەم گوتەیە بگەیەنە ئەو ئەنجامەی کە سینەما یەکسەرە لە خزمەتی نمایشی ڕۆژەڤی ئاسایی یان لانیکەم ڕۆژەڤێکی گونجاو دایە، کە بینەر چوونیەکبوونی لەگەڵ ئەو ڕۆژەڤەی کە خۆی ئەیناسێ پەژێرە ئەکات؟ بە ڕواڵەت شکستی ڕێژەیی ئێکسپرشنیزمی ئاڵمان ئەم گریمانەیە پشتڕاست ئەکاتەوە. چونکە دیارە فیلمی **کالیگەری**[٤٥٦] هەوڵێک بوو بۆ پشتکردن لە دێکۆری ڕیالیستی، ئەویش لە بن کاریگەری شانۆ و شێوەکاریدا. بەڵام ئەم گوتەیە، وەڵامێکی سادەئەندێشانەیە بۆ پرسگرێک کە وەڵامێکی ورد و شیانستی ئەوێ. ئێمەی بینەر ئامادەین جیهانی دەستکردی سەر پەردە پەژێرە بکەین، بەو مەرجەی لە نێوان وێنەی سینەمایی و جیهانی ئاسایی ئێمە، وەرزێکی هاوبەش هەبێ. تێگەیشتنی ئێمە لە شوێن، بنەمای پێکهاتەی ئەو چەمکەیە لە جیهان کە لە ئەندێشەماندا هەمانە. لە ڕاستیدا، بە پەیڕەوی لە هانری گۆهییە کە لای وابوو: «سەکۆی شانۆ هەر هەڵۆسەیەک پەژێرە ئەکات، جگە لە هەڵۆسەی بوونی ئەکتەر»، ئەتوانین بڵێین: «ئەتوانین وێنەی سینەمایی لە هەر ڕۆژەڤێک بەتاڵ بکەین، جگە لە ڕۆژەڤی شوێن».

---

٤٥٦ ـ کابینەی دکتۆر کالیگەری: The Cabinet of Dr. Caligari یان تەنها Caligari فیلمی سینەمایی ترسناکی ئاڵمانی ١٩٢٠ دەرهێنانی ڕابێرت ڤیەن.

ڕەنگە وشەی «هەر ڕۆژەڤێک» لە ڕستەی سەرەوە چەشنێک قەبەکردنەوە بێت، چونکە بە دژواری ئەتوانین دروستکردنەوەی شوێنێک وێنا بکەین کە لە هەموو کەرەستەکانی سروشت بەتاڵ بێت. جیهانی سەر پەردە و جیهانی ڕۆژانە ناتوانن لە تەنیشت یەکەوە دابنرێن. جیهانی سەر پەردە بە ناچار جێگەی جیهانی ڕاستەقینە ئەگرێتەوە، چونکە خودی چەمکی جیهان لە ڕوانگەی شوێنەوە، تاقانە و بێهاوتایە. لە ماوەی تەماشای فیلمدا، فیلم ئەبێ بە گشتی بوون و، بە جیهان و، یانیش ئەگەر بەمجۆرەتان بەدڵ بێ ئەبێ بە سروشت. پاشان ئەبینین بۆچی ئەو فیلمانەی تێکۆشاون سروشتێکی دەستکرد و جیهانێکی ساختە بکەن بە جێگرەوەی جیهانی ڕاستەقینە، هیچکامیان سەرکەوتوو نەبوون. ئەگەر فیلمی وەک **کالیگەری** و **نیبلۆنگ**[٤٥٧] بە شکست بزانین ئەبێ ڕێگەیەک بدۆزینەوە تا سەرکەوتنی **نۆسفراتۆ** و **سۆزی ژاندارک** پیشان بدەین. هەڵبەت ئەگەر مێهرازی سەرکەوتن بەوە بزانین کە ئەم فیلمانە هەرگیز کۆن نەبوون. لەگەڵ ئەوەش، لە نیگای یەکەمدا وا دەرئەکەوێ ئەم چوار فیلمە لە ڕوانگەی شێوازی دەرهێنانەوە هینی یەک یانەسای[٤٥٨] جوانناسین و بە سەرنجدانە شێوازە باوەکانی ئەو خولە، ئەتوانین هەر چوار فیلمەکە بە بەرهەمی ئێکسپرشنیستی و جیاواز لە ڕیالیزم بزانین. بەڵام ئەگەر وردتر بڕوانینە ئەم چوار فیلمە، ئەزانین جیاوازی بناغەیی لە نێوانیاندا

٤٥٧ـ نیبلۆنگ: Die Nibelungen فیلمی سینەمایی ١٩٢٤ی فریتز لانگ.

٤٥٨ـ یانەسا: family **ناو** خێزان، بنەماڵە، خانەدان، دانیشتوانیماڵێک، خانەوار **ع** اسرة **د** خانواده.






هەیە. جیاوازی نێوان فیلمی **ڕابێرت وین**[٤٥٩] و **مۆرناو** جوان دیارە. بەشی زۆری نۆسفراتۆ دژایەتی دیمەنی سروشتییە، لە کاتێکدا تایبەتمەندی وێناندنی کالیگەری لە گۆڕانی تیشک و دێکۆرەوە سەرچاوە ئەگرێ. فیلمی ژاندارکی **درەیەر** تۆزێ ناسکترە، چونکە لە نیگای یەکەمدا سروشت هیچ ڕۆڵێکی تێیدا نییە. ڕوونتر بیڵێم، ئەو دێکۆرەی **ژان هۆگۆ** بۆ ئەم فیلمەی دروست کردووە بە هەمان ئەندازە دەستکرد و شانۆییە کە دیمەنەکانی فیلمی کالیگەری؛ هەروەها سوودوەرگرتنی سیستماتیک لە وێنەی درشت و گۆشەی نائاسایی هەژمارکراو بۆ ئەوەی هەر چەشنە هەستی شوێن نەهێڵێ. بینەرانی هەمیشەیی فیلمخانەی فەڕانسە ئەزانن ئەم فیلمە هەمیشە بەو ڕوونکردنەوەوە دەست پێ ئەکات کە **فالکۆنتی**[٤٦٠] بۆ ڕۆڵبینین لەم فیلمەدا بەڕاستی سەری خۆی تاشی و ئەڵێن ئەکتەرەکانیش هیچکامیان مەکیاجیان نەکردووە. ئەم ئاماژە مێژووییانە بە زۆری لە ئاستی دەنگۆ دان وبایەخی لەوە زیاتریان نییە. بەڵام لەم نموونە تایبەتەدا، بە بۆچوونی من ڕازی جوانناسی فیلمیان لەگەڵدا نییە؛ ڕازێک کە بووەتە هۆی مانەوە و نەمری. هەر بە هۆی ئەم ئاماژە مێژووییانەوەیە کە بەرهەمەکەی **درەیەر** هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ شانۆ و، لە ڕاستیدا لەگەڵ مرۆڤ نییە. چەندە **درەیەر** زیاتر تێکۆشاوە تا «دەربڕینی» مرۆیی نمایش

٤٥٩ـ ڕابێرت وین: Robert Wiene (١٨٧٣ـ١٩٣٨) دەرهێنەری کالیگەری.
٤٦٠ـ فالکۆنتی: Falconetti (١٨٩٢ـ١٩٤٦) هونەرپیشەی ئیتالیایی.




بکات، زیاتر ناچار بووه بیباتەوه بۆ لای سروشت. بێگومان، وێنەی کێشراوی وەکوو سەری مرۆڤ ڕێک دژی ئەو فیلمەیە کە ئەکتەری یەکەم، گوتەی سەرەکی ئەڵێ. ئەم فیلمە، بەڵگەنامەیەکە لەمەڕ ڕوخسارەکان. لێرەدا باش ڕۆڵبینینی ئەکتەرەکان گرنگ نییە، چونکە شوێنی هاوڵە بە ڕوخساری کاردینال کەوشۆن[٤٦١] و پەڵە سوورەکانی ڕوخساری ژان **داید**[٤٦٢] بەشێکی جیانەکراوەی کردەوەکەیە. لەم درامای بن میکرۆسکۆپەدا، پلی گشتی سروشت لە هەر پاژێکی بچکۆلانەدا لێئەدا. هەر جووڵەیەکی چرچ و لۆچی ڕوخسار و هەر تەکانێکی لێو لە لەرزینی بوومەلەرزە و هەڵکشان و داکشانی زەریا ئەچێ؛ ئەو هەڵکشان و داکشانەی کە بەرەنجامی گنجبوون و کرانەوەی پێستی ڕوخساری مرۆڤە. بەڵام بە بڕوای من، تێگەیشتنی قووڵی **درەیەر** لە سینەما ئەتوانین لە دیمەنە دەرەکییەکاندا ببینین، کە هەر دەرهێنەرێکی تر بە مسۆگەری لە ستۆدیۆ فیلمی ئەگرتن. دیکۆر بەو شێوەی لەم فیلمەدا بەکار هێنراوە، شانۆ و دیکۆرەکانی سەدە ناونجی ئەهێننەوە بیر. بە یەک واتا هیچ شتێک ناڕاستەقینەتر لە دیمەنی دادگاییکردن لە گۆڕستان نییە، بەڵام کاتێک هەتاو هەڵدێ و گۆڕکەن خاکەنازێک

---

٤٦١ ـ کەوشۆن: Cauchon سەرۆکی ئەو دادگایەی لە ساڵی **١٤٣١**دا ژاندارکی دادگایی کرد ناوی کاردینال پییێر کەوشۆن Pierre Cauchon بوو.

٤٦٢ ـ ژان دایدـ: Jean d'Yd (**١٨٨٠ـ١٩٦٤**) یان Jean Paul Félix Didier Perret هونەرپیشە و کۆمێدیەنی فەڕانسەیی.

خۆڵ هەڵئەداتە ناو گۆڕەکە، ڕیالیزم ئەدرەوشێتەوە و خۆی دەرئەخات.(٤٦٣)

هەر ئەم وردەکارییە «دووەمی»یانە، کە بە ڕواڵەت لە ڕوانگەی جوانناسییەوە لەگەڵ بەشەکانی تری فیلم نەگونجاون، چۆنایەتییەکی بەڕاستی سینەمایی بە فیلمەکە ئەبەخشن.

ئەگەر ناکۆکنوێنی سینەما بە ناکۆکی دیاکتیکی بوارە ڕاستەقینە و ئەبسترەکتەکان بزانین و ئەگەر سینەما بەڵێنی داوە تەنها ئەوە پیشان بدات کە ڕاستەقینەیە، گرنگترین خاڵی تۆژینەوەی ئەو توخمانەیە لە ڕەوتی فیلمسازیدا، کە هەستی ئێمە لە ڕۆژەڤی سروشتی پەسەند ئەکەن و، هەروەها ئەو توخمانەی کە ئەم هەستە تیائەبەن. لە لایەکی ترەوە، بە مسۆگەری ناتوانین لەوە تێبگەین کە ئەم کۆمەڵەی وردەشتە ڕاستەقینانە، هەستی ڕیالیستی لە بینەردا بەدی ئەهێنن. ئەتوانین بڵێین فیلمی خانمانی جەنگەڵی بۆلۆنی زۆر ڕیالستییە، هەرچەند هەموو شتێکی ساختە و نزمە، جگە لە دەنگی هەبوو و نەبووی فلچەی ئۆتۆمۆبیلەکە، دەنگی دارڕژانی تاڤگە یان دەنگی وەرینی خاک لە گوڵدانە شکاوەکە. بەڵام هەر ئەم دەنگانە، لەبەر ئەوە هەڵبژێردراون کە کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکە نییە،

٤٦٣ـ بەم هۆیەوە، بە بۆچوونی من ئۆلیڤیە لە فیلمی هاملێت لە دیمەنی گۆڕستان و مەرگی ئۆفیلیا تووشی هەڵە بووە. چونکە ئەو لەم دوو دیمەنەدا ئەیتوانێ خۆر و خاک بە ناکۆک لە دیکۆری کۆشکی ئێلسینیۆر پیشان بدات. ئایە دیمەنی زەریا کە ئۆلیڤیە لە نێوان تاکبێژییەکەی هاملێتدا هێناویەتی، هۆکاری ئەوە نییە کە خودی ئەویش هەستی بەو پێداویستییە کردووە؟ هەرچۆنێک بێ، ئەم ئەندێشە هەرچەند خۆبەخۆ زۆر جوانە، لە ڕووی تەکنیکییەوە نواندنێکی بەرزی نییە. تێبینی: بازن

ڕاستەقینەبوون دەستەبەر ئەکەن. بەو پێیەی سینەما لە ناخی خۆیدا چەشنێک شێوەسازی سروشتە، ئەبێ ئەو کەوشەنە کراوەی پیشانی ئەدات لەبری هەموو جیهان دابنێ، نەک ئەوەی بە بەشێک لە جیهانی بزانێ. سینەما ناتوانێ هەڵۆسەی ئەو هەستە تایبەتەی سەبارەت بە شوێن لە ئێمەدا پەرە پێ بدات، مەگەر ئەوەی سوود لە دەستەبەری سروشتی وەربگرێ. ئینجا ئەم خاڵە زۆر پەیوەندی بە سازکردنی دێکۆر یان مێهرازی یان بەرفراوانی شوێنەوە نییە، بەڵکوو مەبەستی دروستکردنی کاتالیزۆری جوانناسییە. بڕێکی زۆر کەم لەم کاتالیزۆرە بەسە بۆ ئەوەی تا بەرگی ڕاستەقینەی سروشت بکات بەبەری فیلمدا.

ئەو جەنگەڵە ڕاستەقینەی لە فیلمی ئیبلۆنگدا ئەیبینین، بە ڕواڵەت ڕەنگێکی خۆڵەمێشی بێسنووری هەیە. بەلام ئێمە بڕوا بەو بێسنوورییە ناکەین. لەبری، لەرینەوەی لقەکان لە بەر با و بەر تیشکی هەتاو بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو لێڕەوارەکانی جیهان لە ئەندێشەماندا بنوێنێتەوە.

ئەگەر ئەم شرۆڤەی من لەسەر بناغەیەکی دروست دانرابێ، بۆمان دەرئەکەوێ بنەڕەتیترین کێشەی جوانناسی شانۆ کە کراوە بە فیلم، کێشەی دێکۆرە. چونکە گواستنەوەی بەرهەمی شانۆ بۆ دەرچەیەکە بە ڕووی جیهاندا کە تەنها بۆ ناوەوە ئەکرێتەوە، واتە بۆ کەوشەنی داخراو و نەریتی نمایشی شانۆیی.

لە فیلمی هاملێتی **لارنس ئۆلیڤیە**، دەقی نمایش زیاد نەبووە و درێژ نەکراوەتەوە یان توانای بە بۆچوونەکانی دەرهێنەر لاواز نەبووە، لە فیلمی مەکبەسی وێلزیش هەروەها. بەڵام سەیر ئەوەیە

لە نواندنی شانۆیی ئەم دوو شانۆیە لە دەرهێنانی **گاستۆن باتی**[٤٦٤] ئەو درێژکردنەوە و لە هێڵ دەرچوونە بۆ دروستکردنی کەشێکی سینەماتۆگرافی لەسەر سەکۆ ئەبینین. بە هەمان ئەندازەی **باتی** ویستوویەتی کەشێکی سینەمایی و نە شانۆیی بهێنێتە سەر سەکۆ و ئەوبەری دێکۆریشمان پیشان بدات، لە ڕاستیدا زایەڵەی دەقی کەم کردوەتەوە و تەنها لەرینەوەی سەدای ئەکتەری پیشان داوە، ئەویش سەدایەک کە بە دەنگی کەمانێکی بەبێ «کاسەی دەنگدانەوە» کە تەنها بریتی لە چەند ژێیە. هەرگیز ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین ئەوەی لە شانۆدا گرنگی هەیە، دەقە. دەق، ئەو تایبەتمەندییە مرۆڤوارەی[٤٦٥] هەیە کە شیاوی شانۆیە و کاردای ئەوەیە دارەتێکی سروشتی پێ ببەخشێ. ئەم دەقە ناتوانین لە سینەمادا بەکار بهێنین کە وەک شووشە ڕوون و وەنەدییە، بەبێ ئەوەی گیان و گەوهەرەکەی ون ببێ. کێشەی فیلمساز ئەوەیە هەم شێوەیەک لێڵی دراماتیک بدات بە دێکۆر و پێواری بکات، هەمیش ڕیالیزمە سروشتییەکەی دەربخات. هەر کات دەرهێنەر، بەبێ ئەوەی لە گواستنەوەی ڕێسای شانۆ و گواستنەوەی ئەمەگدارانەی دەق بۆ سینەما دوودڵ ببێ و ئەم ناکۆکنوێنییە چارەسەر بکات، خۆی بە ئازاد ئەبینێ کە پشت بە ڕێساکان ببەستێ. لەم قۆناغە بەدواوە، کێشەی دەرهێنەران

---

٤٦٤ـ گاستۆن باتی: Gaston Baty (١٨٨٥ـ١٩٥٢) شانۆنامەنووس و دەرهێنەری شانۆی فەڕانسەیی.

٤٦٥ـ مرۆڤوار: anthropocentric مرۆڤناوەند [ع] مرکزیة الإنسان [د] انسان محوری ☜ مۆنەوار و مۆنەبێز

ئیتر ڕزگاری لە هۆکاری «شانۆیی» نییە، بەڵکوو نکۆڵیکردنی هەموو تواناییەکانی سینەما و پەسەندکردنی بوونی ئەو هۆکارە شانۆییانەیە، واتە هەمان کار کە **کۆکتۆ** لە **دایک و باوکی سامناک** و **وێلز** لە **مەکبەس**دا کردوویانە. ڕێگەی تر ئەوەیە کە فیلمساز دیمەنە سینەماییەکان بخاتە نێوان دوو دیمەنی شانۆیی سەرەتا و کۆتایی فیلم. ئەو کارەی کە **لارنس ئۆلیڤیە** لە فیلمی **هانری پێنجەم**دا کردوویەتی.

ئەو گەڕانەوەی لە دە ساڵی ڕابوردوودا بۆ **شانۆیبەفیلمکراو** ڕووی داوە، لە بنەڕەتدا لە بواری مێژووی دێکۆر و ئێدیت دایە. ئەم گەڕانەوە واتە سەرکەوتنی ڕیالیزم ـــ هەڵبەت نە ڕیالیزمی بابەت یان ڕیالیزمی دەربڕین، بەڵکوو ڕیالیزمی شوێنی کە بە بێ بوونی ئەو شوێنە، وێنەی بزۆز ناگەنە قۆناغی سینەما.

## بەراوردێک لە نواندنی شانۆیی

ئەم پێشکەوتنە لە بواری شانۆیبەفیلمکراو تەنها تا ئەو شوێنە ڕێگەی هەبووە، کە ناتەبایی شانۆ و سینەما نە لەسەر پێژەی هەبوونناسی «ئامادەبوون»، بەڵکوو لەسەر دەروونناسی «نواندن» وەستاوە. گواستنەوە لە شانۆ بۆ سینەما، پەڕینەوە لە ڕەها بۆ ڕێژەییە، گوزەر لە بەرەنگاربوونەوەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سادە. هەرچەند سینەما ناتوانێ ئەو هەستی کۆمبوونەی شانۆ بە بینەر بدات، بەڵام هەندێ شارەزایی لە ڕێسای دەرهێنەری لە بنەڕەتەوە ئەتوانێ بە تێگەیشتنی واتا و توانای دەقی سەرەکی بگەیەنێ ـــ کە هۆکاری بڕیاردەرە. ئەمڕۆ ئەزانین موتوربەکردنی

دەقی شانۆیی لەگەڵ دێکۆری سینەمایی ئەتوانێ بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێ. ئەوەی ئەمێنێتەوە، شارەزایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکی بینەر و ئەکتەرە کە بنەمای «نواندن» لە شانۆ پێک ئەهێنێ و، ڕازاندنەوەی سەکۆ دەرکەوتەی دیاری ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە. بەڵام ئەتوانرێ ڕێگەیەک بدۆزرێتەوە کە تەنانەت ئەم نموونەیەش بۆ دەروونناسی نواندنی سینەمایی دابەزێنێ.

ئەو هۆکارانەی **ڕۆزێنکرانتس** لەمەڕ نەیاری و خودهاوسانی پێشکەشی ئەکات، بەکردەوە پێویستی بە چاککردنێکی گرنگ هەیە، لەگەڵ ئەوەش، تا ڕادەیەک گونگ و ناڕوونە ــ وا دیارە **ڕۆزێنکرانتس** خودهاوسانی لەگەڵ ناچالاکی و ڕادەستبوون بە یەک ئەزانێ ــ ئەم خاڵە لە سەردەمی ژیانی ئەو دا بە گوێرەی ئەو سەرکەوتنەی سینەما هەیبوو، مسۆگەر بوو، بەڵام ئەمڕۆ کە سینەما زیاتر پێشکەوتووە، ڕۆژبەڕۆژ بەهای دائەبەزێ. لە ڕاستیدا، ئەمڕۆ فیلمی ئەفسانەیی و وەژارەیی تەنها یەکێک لە جۆرەکانی فیلمن، کە ئەوانیش ڕۆژبەڕۆژ بەرهەمهێنانیان کەمتر ئەبێتەوە. نابێ باری کۆمەڵایەتی ڕێکەوت و هیی خولێکی تایبەتمان لەگەل باری دەروونناسی نەگۆڕ و ئادار لێ تێک بچێ ــ ئەم دوانە، دوو چالاکین کە لە ئاوەزی خودئاگای بینەردا بەیەک ئەگەن، بەڵام هیچیان بەشێک لەوی تر نییە. منی بینەری **تارزان** و قەشەی فیلمی **برێسۆن** بە شێوەی یەکسان خودهاوسانی ناکەم. تەنها هۆکاری هاوبەش لە ڕەفتاری من سەبارەت بەم دوو کەسایەتییە ئەوەیە کە بڕوام وایە هەردووکیان بەڕاستی هەن و؛ مەگەر بە دوورکەوتنەوە لە فیلم ئەگینا ناتوانم خۆم لە تێکەڵبوون لە ڕووداوەکانیان دەرباز

بکەم و لەگەڵ ئەوان لە جیهانی تایبەتیاندا نەژیم، جیهانێک کە وەرگیراو و هێمایی نییە، بەڵکوو شوێنێکی ڕاستەقینەیە. ئەم هاوسانییە دەروونییە، لە مەڕ پێرسۆنای دووەم خودئاگایی من لەناو نابات؛ هەر وەک لەمەڕ پێرسۆنای یەکەم کە ئاگاهانە تێئەکۆشم لەگەڵی خودهاوسانی نەکەم، ئەم خودئاگاییە هەیە. ئەم هۆکارانە کە لە سیستەمی خۆڕسک و سۆزداری ئێمەوە سەرچاوە ئەگرن، تەنها ئەو هۆکارانە نین کە ئەکرێ لە دژی خودهاوسانی ناچالاک ناویان بهێنین؛ فیلمی وەکوو **هیوا** یان **هاوشاری کەین** چەشنێک لە وشیاری ئاوەزی لە بینەر ئەوێ، کە لەگەڵ سستی و ناچالاکی یەک ناگرێتەوە. لانی زۆر ئەتوانین بڵێین دەروونناسی وێنەی سینەما، جۆرێک گرەوشتی سروشتیی بەدی ئەهێنێ کە بەرەو کۆمەڵناسی پاڵەوانی فیلم ئەمانبات، کە خودهاوسانی ناچالاکمانی لەگەڵ ئەو ڕێکخستووە. بەڵام لە هونەریشدا وەک لە ڕەوشتدا، ئەتوانرێ ئەم ویست و وازانە پشتگوێ بخرێ. ئەمڕۆ شانۆکاران تێئەکۆشن بە چەشنێک ڕیالیزم لە پێشکەشکردنی نمایش، لایەنی شانۆییەکەی دابەزێنن ــ ڕێک وەک ئەوانەی ئەچن بۆ بینینی نمایشی ترسناک، بەڵام لەوپەڕی ترسدا وشیارییەکی دڵگەشێن لە هەناویاندا شەپۆل ئەدات، چونکە ئەزانن هەموو ئەوەی ئەیبینن نمایشە ــ بەڵام دەرهێنەری سینەمایش لە سنووری کاری خۆیدا ئامێری وەها ئەدۆزێتەوە، کە هەم ئەتوانن وشاریی بینەر بهەژێنن و هەم وای لێبکەن کاردانەوە پیشان بدات. ئەمە خاڵێکە ڕێک ئەدات لە دڵی خودهاوسانی و، ژیانەوەیەک دائەڕێژێ. ئەم کەوشەنە تایبەتیەی هەناوی ناخودئاگا، ئەم خودئاگاییەی ئەوپەڕی هەڵۆسە، لە دەروونی




هەر بینەرێکدا، چەشنێک چرای بەردەم سەکۆ بەدی ئەهێنێ. لە شانۆیبەفیلمکراو، ئیتر ئەو جیهانە بچکۆلانەی نمایش نییە کە لە بەرامبەر سروشتدا ئەوەستێ، بەڵکو بینەرێکە لە بوونی خۆی ئاگادارە. لەسەر پەردەی سینەما، **هاملێت** و **دایک و باوکی سامناک** ناتوانن و نابێ لە ڕێسای تێگەیشتنی سینەمایی لابدەن؛ **کۆشکی ئێلسینیۆر** و «**لا ڕۆلێت**»[٤٦٦] بەڕاستی هەن، بەڵام من بەبێ ئەوەی ببینرێم بە ناویاندا تێئەپەڕم و، لەو ئازادییە ڕازاوییەی کە هەندێ لە زیندەخەونەکان پێمانی ئەبەخشن شایگەشکە ئەبم. ئەڕۆم بەڵام بەرەو دواوە ئەڕۆم.

مسۆگەر ئەگەری ئەم دارەتی خودئاگاییە ئاوەزمەندە لە ساتی خودهاوسانی دەروونناسیمان نابێ لەگەڵ کردەوەی ئەڤانی لێ تێک بچێ کە بنەمای شانۆیە. لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێ بۆچی بەیەک زانینی سەکۆ و پەردە، کە **مارسێل پانیۆل** بڕوای پێی هەبوو، کارێکی گەمژانەیە. خودئاگایی من هەرچەندە بێت و، فیلمەکە هەر ئەندازە بتوانێ وزەی ئاوەزی من بورووژێنێ، کێشەرەکەی مەبەست و ئەڤانی من نییە ـ بەڵکوو لانی زۆر پەیوەندی بە واز و ڕەزامەندی منەوە هەیە. تێگەیشتنی فیلم و چێژوەرگرتن لێی پێویستی بە تێکۆشانی خودی من هەیە، بەڵام هەبوونی فیلمەکە نەوەستاوەتە سەر من. لەگەڵ ئەوەش، هەر ئەم وشیارییە کەمەی

---

٤٦٦ـ لا ڕۆلێت: La Roulotte فیلمی سینەمایی ١٩١٤ی ئیتالیایی. دەرهێنانی ڕابێرت پرێستۆن.

سینەما بەدی ئەهێنێ ئەوەندە هەیە هاوتایەکی لەبار بێ بۆ چێژی بەرەنجامی شانۆ؛ لانیکەم ئەوەندە هەیە ئەوەی بۆ بەهای هونەری شانۆنامە پێویستە بپارێزێ. هەرچەند فیلم ناتوانێ بڵێ جێگرەیەکی دارماڵە بۆ نواندنی شانۆیی، بەڵام لانیکەم ئەتوانێ هەبوونێکی هونەری بەبایەخ بە شانۆ ببەخشێ و چێژێکی هاوسانی چێژی شانۆمان پێ بدات. لەو شوێنەی کە کاریگەری سەرەکی شانۆیی ڕاستەوخۆ سوودی لێوەرناگیرێ، بەڵکوو لە سایەی سیستەمێکی ڕەهەندی جۆراوجۆر، وەک لە فیلمی **هانری پێنجەم**، یان سیستەمێکی بەهێزکەر، وەک لە فیلمی **مەکبەس**، یان سیستەمێک لە بەڵگە و ناتەبایی ئەپارێزرێن و دروست ئەکرێنەوە و ئەگوێزرێنەوە، یان تەنها چەشنێک جوانناسی میکانیکی سادە لەئارا دایە، نە لەوە زیاتر. شانۆیبەفیلمکراوی ڕاستەقینە، **فۆنۆگراف** نییە، بەڵکوو **شەپۆل مارتێنۆت**ـەکەیەتی(٤٦٧).

## ڕەوشت

کەواتە، شانۆ بە فیلمکراوە سەرکەوتووەکان، هەم لە بواری کردەوە (ئەرخایەن) و هەم لە بواری بیردۆز (گریمانی) هۆکارەکانی شکستەکانی ڕابوردوو دەرئەخەن. فیلمگرتنی ڕاستەوخۆ لە شانۆ،

---

**٤٦٧** ـ شەپۆل مارتێنۆت: Martenot wave ئامێرێکی ئەلکتریکییە کە شێوەی پێشکەوتووی سێرمین بوو. ئەم ئامێرە یەکێک لەو هەزاران ئامێرە دەنگییانە بوو کە ژەنیار بە دڵخواز هەندێ نۆتی بەدی ئەهێنا. ئەم نۆتانە سەرەتا ئەبوون بە شەپۆلی ئەلەکترۆمەگنەتیک و سەرەنجام ـلە ڕێگەی جۆرێک بڵیندگۆـوە ئەبوون بە دەنگ.» Groves' Dictionary of Music

تێبینی: هیو گرەی

هەڵەیەکی منالانەیە کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا گۆڤانی بووین و درێژەدانی هیچ پێدایستییەکی نییە. ماوەیەکی پێچوو تا داهێنانی ژێوەرگرتنی سینەمایی ئاشکرا ببێ. ژێوەرگرتنی سینەمایی لە داهاتووداش دا هەندێ پیارەی تری ئەبێ، بەڵام ئێستە ئەزانین ئەم کێشەیە ئەگات بە کوێ ــ بە بەرزەخێکی جوانناسی کە نە هینی فیلمە و نە هینی شانۆ، بەڵکوو هینی «شانۆیبەفیلمکراو»ە کە تا ئەم دواییانەش سزایان بۆ ئەبڕییەوە و بە پەڵەیەکی ناپاکیان ئەزانی بە گیانی پاکی سینەماوە. ڕێگە چارەیەک کە سەرەنجام پەیدا بووە ئەمەیە کە نابێ توخمی دراماتیکی بەرهەمێکی شانۆیی ــ ئەو توخمەی لە نێوان هونەرەکاندا ئاڵوگۆڕ ئەکرێ ــ بگوێزرێتەوە بۆ سینەما، بەڵکوو ئەبێ چۆنایەتی شانۆیی دراما لە فیلمدا بپارێزین. بابەتی ژێوەرگرتن، هەمان بابەتی شانۆنامە نییە بەڵکوو ڕێک خودی شانۆنامەکەیە بە گەوهەری شانۆییەوە. ئەم ڕاستییە کە سەرەنجام دەرکەوتووە، ڕێگەی گەیشتن بە چارەسەرێکی بەدی هێناوە کە لەسەر سێ پرسگری بە ڕواڵەت ناکۆک وەستاوە، بەڵام کە لێیان ورد ببینەوە دەرئەکەوێ زۆر ئاشکران.

## ١. شانۆ، یارمەتیدەری سینەما

پرسگری یەکەم ئەوەیە کە شانۆیبەفیلمکراو نەتەنها هۆکاری لەنابردنی سینەما نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە یارمەتی دەوڵەمەنی و گەشەکردنی ئەدات. سەرەتا لە شانۆ ئەدوێین. بە داخەوە دڵنیاین لەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی سینەمایی لە ڕوانگەی ئاوەزییەوە زۆر لە خوارەوەیە. گریمان نە لە بەرهەمە دراماتیکە باوەکان

ــ وەکوو هینی **ژان دو لێتراز**[٤٦٨] و **هانری بێرنستەین**[٤٦٩]ــ بەڵکوو لانیکەم لە میراتی زیندووی شانۆ نزمترن، چما وا پێئەچێ کە ئەم دیاردەیە بە هۆی کۆنبوونی درێژخایەنی شانۆوەیە. ڕاستە ئەم سەدەیە بە هەمان ئەندازە هیی **چارلی چاپلینە** کە سەدەی حەڤدە هینی **ڕاسین** و **مۆلییر** بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ سینەما نیو سەدە پشتیوانەی نووسراوی هەیە و شانۆ بیستوپێنج سەدە. ئەگەر شانۆی فەڕانسە، وەک دۆخی هەنووکەی سینەما، جگە لە بەرهەمی دەهەی ڕابوردووی بۆ پێشکەشکردن نەبوایەت، چ بار و دۆخێکی ئەبوو؟ بەو پێیەی کە سینەما ئێستاکانێ تووشی قەیرانی بابەتە، بەبێ مەترسی ئەتوانێ فیلمنامەنووسی وەکوو **شکسپیر** و تەنانەت ژۆرژ **فیدۆ**[٤٧٠] لای خۆی دابمەزرێنێ. لەمە زیاتر لەم پرسگرە نادوێین. هەرچۆنێک بێ، ئەم نزمییەی سینەم لە بەرامبەر شانۆدا لە بواری تەشکدا نموودێکی کەمتری هەیە. ئەگەر سینەما هونەرێکی مەزنە بە ڕێسا و زمانی تایبەت بە خۆیەوە، بۆچی ئەبێ خۆی بکات بە بندەستەی ڕێسا و زمانی هونەرێکی تر و ئایە ئەمکارە سوودێکی بۆی هەیە؟ بەڵێ هەیەتی و، زۆریش! ئینجا تا ئەو ڕادەیە کە جیا لە هەموو تەڕدەستییە بێهوودە و بێئەنجامەکەی، بەڕاستی تێبکۆشێ ملکەچ و خزمەتگوزاری شانۆ بێ. بۆ پاساوهێنانەوەی دارماڵی ئەم ڕوانگەیە، ئەبێ بەگشتی کاریگەری هونەرەکان

---

٤٦٨ ـ ژان دو لێتراز: Jean de Létraz (١٨٩٧ ـ ١٩٥٤) شانۆنووسی فەڕانسەیی.

٤٦٩ ـ هانری بێرنستەین: Henry Bernstein (١٨٧٦ ـ ١٩٥٣) درامانووسی فەڕانسەیی.

٤٧٠ ـ ژۆرژ فیدۆ: Georges Feydeau (١٨٦٢ ـ ١٩٢١) شانۆنووسی فەڕانسەیی.




لەسەر یەکدی لە چوارچێوەی مێژووی جوانناسیدا شی بکەینەوە. بە گومانی ئێمە، بەم شێوەیە تا ڕادەیەک بەدڵنیاییە دەرئەکەوێ لە قۆناغێکی تایبەتی گەشەی هونەرەکاندا، چەشنێک ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا برەوی هەبووە. دەمارگیری ئێمە لەمەڕ «هونەری سۆلان» ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی تازەیە کە تەمەنێکی ئەوتۆی نییە. بەڵام لێرەدا پێویست نییە سەبارەت بە بەهای ئەو نەریتە بدوێین. هونەری دەرهێنان، شێوازی کار و پەیوەندی لەگەڵ فیلمە ناوازەکان، وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە، تەنانەت زیاتر لە بیردۆزەکان ئەم خاڵە ئاشکرا ئەکات کە دەرهێنەر ئەبێ هەمان ئەندازە کە شارەزای زمانی سینەمایە، لە ماهەک و ناوەرۆکی شانۆیش بزانێ. ئەگەر «فیلمی هونەری» ڕێک لەو شوێنەدا شکستی هێنا کە **ئۆلیڤیە** و **کۆکتۆ** بە سەرکەوتن گەیشتن، زیاتر لە هەموو شتێک بەو سۆنگەیە کە ئەم دوانە کەرەستەی دەربڕینی پێشکەوتووتریان لە بەردەستدا بوو و باشتر لە هاوچەرخانیان ئەیانزانی چۆن بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاری بهێنن. ئەوەی کە ئەڵێن **دایک و باوکی سامناک** ڕەنگە فیلمێکی باش بێ، بەڵام سینەما نییە، چونکە پیت بە پیت لە شانۆنامە پەیڕەوی کردووە، تەنها ورینەی ڕەخنەگرانە. بە بڕوای من، ڕێک بە پێچەوانە، ڕێک لەبەر ئەوە سینەمایە. فیلمی **تۆپاز**[٤٧١] بەرهەمی **مارسێل پانیۆل** ـــ لە دوا شێوازەکەیدا ـــ ناتوانین بە سینەما دابنێین، ڕێک لەبەر ئەوەی ئیتر هیچ نیشانەیەکی شانۆی

---

٤٧١ ـ تۆپاز: Topaze فیلمی سینەمایی **١٩٣٣** دەرهێنانی دابادی داراست.

تێدا نییە. سینەما، ئەویش سینەمای شکۆمەند، لە فیلمی **هانری پێنجەم**دا زیاتر هەیە تا لە لە زیاتر لە سەدا نەوەدی فیلمنامە وەرنەگیراوەکان. هۆنراوەی سۆلان بەدڵنیایی ئەوە نییە هیچی بۆ وتن نەبێت. **کۆکتۆ** باشی وتووە، کە هەموو نموونەکانی هۆنراوەی سۆلان، کە **ئابێ برێمۆن**(٤٧٢) پێشکەشی کردووە، ڕێک پێچەوانەی ئەوە پیشان ئەدەن. هۆنراوەی کچی مینۆس و پاسیفای(٤٧٣) تەژی زانیارییە وەکوو پسوولەی لەدایکبوون. هەر بەم شێوەیە ڕێگەیەک هەیە کە بە داخەوە ڕێ نەکەوتووە تا ئەم هەڵبەستە ببرێتە سەر پەردەی سینەما و ئەوەش فیلمێکی سینەمایی ناوازە ئەبێ چونکە بە هۆشمەندانەترین شێوە بە بایەخە شانۆییەکانی ئەمەگدار ئەبێ.

چەندە سینەما زیاتر بیەوێ بە دەق و پێداویستییە شانۆییەکان ئەمەگدار بێ، ناچار ئەبێ لە زمانی خۆیدا زیاتر جەخت بکات و درێژە بە کار بدات. باشترین وەرگێڕان ئەوەیە کە هەم پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ سۆلانی هەر دوو زمان هەبێ و هەم پسپۆڕی و دەسەڵاتی بەسەر هەردووکیاندا ئاشکرا بێ.

## ٣. سینەمای شانۆ ڕزگار ئەکات

بەم سۆنگەیە کە سینەما ئەوەی لە شانۆی وەرگرتووە، بەبێ چاوچنۆکی بۆی ئەگەڕێنێتەوە ــ هەڵبەت ئەگەر تا ئێستە بۆی

٤٧٢ـ ئابێ برێمۆن: Abbé Henri Bremond فەیلەسووف فەیلەسوف و وێژەوانی فەڕانسەیی. قەشەی ژۆزویت.

٤٧٣ـ کچی مینۆس و پاسیفای: La Fille de Minos et Pasiphae دێڕێکی بەناوبانگ لە شانۆی فێدر نووسینی ژان ڕاسین. مینۆس و پاسیفای لە میسۆلۆجی هێلاسدا دایک و باوکی «فێدر»ن.


نەگەڕاندبێتەوە. چونکە ئەگەر سەرکەوتنی شانۆیبەفیلمکراو هۆکارێک بە پێشکەوتنی دیالکتیکی لە تەشکی سینەمادا بزانین، ئەمە بە شێوەی بەرامبەر پێویستی بە هەڵسەنگاندنەوەی دووبارەی توخمەکانی شانۆ هەیە. گوتەی **مارسێل پانیۆل**، کە ئەیوت سینەما چونکە شانۆ ئەخاتە ناو قوتوو و جێگەی ئەگرێتەوە ڕاست نییە. پەردە ناتوانێ، بەو شێوەی کە پیانۆ جێگەی کلاویکۆردی گرتەوە، جێگەی سەکۆ بگرێتەوە. لە سەرەتادا ئەتوانین بپرسین ئایە سینەما جێگەی شانۆ بۆ کێ ئەگرێتەوە؟ مسۆگەر نە بۆ جەماوەری سینەمادۆست کە دەمێ ساڵ بەر لەمە شانۆیان بەجێ هێشت. ئەوەندەی من ئەزانم، جیابوونەوەی جەماوەر لە شانۆ ناگەڕێتەوە بۆ ئەو شەوە مێژووییەی ساڵی ١٨٩٥ لە گراند کافێ. کەواتە ئایە مەبەست، ئەو کەمایەتییە بەهووردە سامانداڕەیە کە بەکردەوە بینەرانی شانۆ پێک ئەهێنن؟ بەڵام ئەبینین ژان **دو لێتزار** مایەپووچ نەبووە و کەسێکە کە لە شارستانەوە دێت بۆ پاریس، **فرانسوا ئارنۆیَ** کە لەسەر پەردەی سینەما بینیوە، لەگەڵ **ناتالی ناتیە** لە شانۆی پالە ڕۆیاڵ لێ تێکنەچووە، هەرچەند دووەمی جلەکانی گۆڕاوە؛ بەڵام ئەگەر بتوانم ئەم دەستەڤاژەیە بەکار بهێنم، دووەمی «زرت و زیندوو» ئامادەیە. ئاهـ! بوونی ئەکتەری بێجێگرەوە! لە بواری شانۆی «هەتەر». پرسگری ئەو جەماوەری ناچن بۆ سینەما یان ئەوانەی کە هەم ئەچن بۆ سینەما و هەم بۆ شانۆ، بەڵام چێژی بەرەنجامی هەرکامیان جیا ئەکەنەوە. ڕاستەقینە ئەوەیە ئەگەر سینەما جێگەی شتێکی گرتووەتەوە، ئەو شتە ڕوانگەی شانۆیی نییە بەو شێوەی ئەمڕۆ هەیە. بەڵکوو ئاریشە، پرسگری جێگرتنەوەی



شوێنێکە کە زۆر لەمەوبەر جێگەی خۆی دا بەو شێوانە لە شانۆی هەمەپەسەند کە ئەمڕۆ لەناو چووە. سینەما نەتەنها خەنیمێکی مەترسیدار بۆ شانۆ نییە، بەڵکوو خەریکە ئەو سەرڕێژنە و هەستەی جەماوەر لەمەڕ شانۆ هەیانبوو و ئێستە نەیان ماوە، بۆیان ئەگەڕێنێتەوە.[٤٧٤]

ڕەنگە شانۆی بەقوتووکراو لە کۆکردنەوەی دەستەکانی شانۆی گەڕۆکیشدا ڕۆڵی هەبووبێ. کاتێک **مارسێل پانیۆل** نمایشی **تۆپاز** ئەکات بە فیلم، گومان لە مەبەستیدا نییە؛ ئەزانین ئەیەوێ شانۆنامەکەی بە ئەکتەری پاریسی و بە نرخی هەرزانی کورسی سینەما بخاتە بەردەستی بینەرانی شارەکان. لەمەڕ نمایشەکانی

**٤٧٤ـ** نموونەی «شانۆ ناسیۆنال پۆپۆلار «Théâtre national populaire نموونەیەکی چاوەڕواننەکراو و ناکۆکنمایە بۆ پشتگری سینەما لە شانۆ. لام وایە ژان ڤیلار دژی ئەمە نەبێ کە ناوبانگی سینەمایی ژرار فیلیپ یارماتییەکی شایان بە نمایشەکانی ئەو ئەکات. لە ڕاستیدا، سینەما کاری بەوە هەیە ئەو سەرمایەی نزیک بە چل ساڵ بەر لەمە لە شانۆی بە وام وەرگرتبوو، پێی بداتەوە. واتە ئەو کاتەی پیشەسازی کۆرپەی سینەما گاڵتەی پێ ئەکرا و ناچار پەنای بردە بە نمایشی شانۆیی، ئەم نمایشانە ئەو شێواز و بایەخە هونەرییەی پێویستی بوو، خستییە بەردەستی و وردە وردە سینەما گرنگی پێ درا. سارا بێرنارد ساڵانی نێوان دوو جەنگی جیهانی جێگەی خۆی دا بە گرێتا گابۆر و ئەوە شانۆیە بۆ بانگەشەی شانۆکانی ناوی ئەستێرەکانی سینەما ئەنووسێ. تێبینی: بازن ژان ڤیلار، هونەرمەندی ناوداری فەڕانسەیی و بەڕێوەبەری پێشووی شانۆ ناسیۆنال پۆپلار، لە ماوەی وەرزەکانی برەوی شانۆ لە پاریس، هاوینان لە پارێزگەکان و لە هەوای ئازاد شانۆی پیشان ئەدا. تێبینی: هیو گرەی




بۆلڤاریش زۆر جار هەر وایە. کاتێک خولی برەویان کۆتایی دێت، فیلمەکەی بڵاو ئەکەنەوە تا ئەوانەی نەیانتوانیوە نمایشەکە لە هۆڵی شانۆ ببینن، سەیری فیلمەکەی بکەن. لەو شوێنانەی کۆمپانیاکانی نمایشی گەڕۆک بە ئەکتەری پلە دوو نمایش ئەدەن، سینەما بە نرخی لەبار نەتەنها ئەکتەرانی پلە یەک پیشان ئەدات، بەڵکوو ڕوانگەی شکۆمەندتریش پێشکەش ئەکات. بەڵام ئەم ساویرە تەنها چەند ساڵێک سەرکەوتوو بوو و ئەوا دیسانەوە دەستی نمایشی گەڕۆک لە جادەوبانەکان ئەبینین و، ئەمەش بۆ ئەزموون کۆکردوەیان باشترە. ئەو جەماوەرەی شانۆ دووبارە بۆ لای خۆی ڕایکێشاون، ئەوانەن لە سینەما و ئەکتەرانی شکۆمەند و بەرجەوەنە ڕازاوەکانی تێر بوون؛ یان وەک خۆیان ئەڵێن «لە خەو ڕابوون» و دیسانەوە بە دوای شتێکدا ئەگەڕێن تا ڕادەیەک لە شانۆ پترە.

بەڵام پیشاندنی نمایشە سەرکەوتووەکانی پاریس بە هەموان، نە خاڵی کۆتایی پێشبڕکێی شانۆییە و نە گەورەترین تازیاری «پێشبڕکێ» لە نێوان سینەما و شانۆ دایە. بەڵکوو ئەتوانین بڵێین ئەم باشبوونەی باری دەستەکانی نمایشی گەڕۆک، وامداری شانۆیبەفیلمکراوە خراپەکانە. کێماسی ئەم فیلمانەیە کە سەرەنجام بەشێک لە بینەران دڵیان تێکەڵ بێت و بگەڕێنەوە بۆ هۆڵەکانی شانۆ.

وێنەگری و وێنەگەریش هەمانیان بەسەر هاتووە. سینەما، وێنەگری دوو شتی ڕزگار کردووە، کە لە ڕوانگەی جوانناسییەوە






کەمترین پێداویستی پێی هەبو: شێوە likeness و چیرۆک anecdote. وێنەگری سەبارەت بە لێکچوونی زیاتر لە بابەتەکە و تێچووی کەمتر و ئاسانی بەدیهێنانی وێنە، یارمەتی گەشەی شێوەکاری داوە و لە پێگەیەکی شیانستدا، سەقامگیرییەکی وەرجاوەندی پێ بەخشیوە.

بەڵام بەرژەوەندی ئەم هاوژینییە لێرەدا کۆتایی نایەت. وێنەگران نەبوون بە کویلەی شێوەکاری. جگە لەوەش، شێوەکاری کە خۆی وشیارتر بوو، هەندێ شتی لە وێنەگری وەرگرتووە. شێوەکارانی وەکوو **دێگا، تۆلۆز ـ لۆترێک، ڕێنوار، مەنێ**[٤٧٥]، ناوەرۆکی دیاردەی وێنەگری و تەنانەت لە پێش سەرهەڵدانی، سروشتی دیاردەی سینەمایی لەسەر بنەمای گیان و هەبوونی تێگەیشتبوون. ئەوان لە پەیوەند لەگەڵ وێنەگری تەنها شێوەی دروستیان هەڵبژارد، کە دەوڵەمەندکردنی دیالکتیکی لە تەکنیکی شێوەکاریدا بوو. ئەوان ڕێساکانی ئەم وێنە تازەیە باشتر لە وێنەگران و بەر لە فیلمسازان تێگەیشتن و یەکەم جار ئەوان بوون کە ئەم ڕێسایانەیان بەکار هێنا.

بەڵام ئەمە هەموو پرسگرەکە نییە و وێنەگری هێشتاش ڕاژەی هونەری قاڵبکاری ئەکات، کە ئەمڕۆ بووە بە بڕیاردەریش. کەوشەنی وێنەگەری و وێنەگری بە تەواوەتی دیار و جیاواز بووە. سەرەڕای ئەوەش وێنەی خودکاری وێنەگری زانایی ئێمە لە وێنەی شێوەکاری پەرە پێئەدات و تازە ئەکاتەوە.

٤٧٥ـ Degas and Toulouse_Lautrec, Renoir and Manet فەرهەنگۆک




**مالرۆ** ئەوەی لەم بوارەدا پێویست بوو، وتووە. ئەگەر شێوەکاری توانیوێتی ببێ بە تاکترین و دژوارترین و سەربەخۆترین و لە هەمان کاتدا بەردەستترینی هونەرەکان، هەر ئەم ڕەوتە لەمەڕ شانۆش بەڕاست دەرئەچێ؛ «شانۆی قوتوو»ی خراپ خزمەتی شانۆی ڕاستەقینەی کردووە تا لە ڕێسا و قانوونی خۆی تێبگات. بەم شێوەیە، سینەمایش یارمەتی سەرهەڵدانی چەمکێکی تازەی شانۆی داوە. ئەم بەرەنجامانە بۆ لەمەودا بە مسۆگەری بەدیهاتوون. بەڵام بەرەنجامێکی سیەمیش لە ئارا دایە کە شانۆیبەفیلمکراوی باش، بەوەمان ئەگەیەنێ کە تێگەیشتنی جەماوەر بە شێوەیەکی بەچاو پەرەی سەندووە. ئەی فیلمی وەکوو **هانری پێنجەم** چییە؟ لە پلەی یەکەم، بۆ هەمیشە **شکسپیرە**. لە پلەی دووەمدا و، لەوەش باڵاتر، تێشکێکی درەوشاوەی داوە لە هۆنراوەی دراماتیکی **شکسپیر** ــ کە کاریگەرترین و درەوشاوترین وتارەکانی شانۆیە. لەم ڕەوتەدا، شکسپیر دوو جار زیاتر ئەدرەوشێتەوە. ژێوەرگرتنی سینەمایی لە شانۆنامە، بینەرانی خۆبەخۆی شکسپیر زیاتر ئەکات، بە هەمان شێوە کە ژێوەرگرتن لە ڕۆمان قازانجی وەشانەکانی تێدایە و، هەم خودی بینەر زیاتر ئامادەی چێژوەرگرتن لە خودی نمایش ئەبێ. فیلمی هاملێتی **لارنس ئۆلیڤیە** بێگومان ژمارەی بینەرانی **هاملێتی** دەرهێنانی **ژان-لویی بارۆ**[٤٧٦] پتر ئەکات، کە

---

٤٧٦- ژان-لویی بارۆ: Jean-Louis Barrault (١٩١٠-١٩٩٤) دەرهێنەر و





لە نێوان وێنەی زۆر ڕوون و مۆدێرن لە یەک تابلۆ و چێژی بەدەستهێنانی خودی بەرهەم، ماوەیەکی گەورە هەیە کە پڕ ناکرێتەوە، بەم سۆنگەیە تەماشای هاملێت لەسەر پەردە ناتوانێ جێگەی نواندنی شانۆنامە، تەنانەت ئەگەر ئەکتەرەکانی دەستەیەک لە خوێندکارانی تازەکاری ئینگلیزی بن، بگرێتەوە. بەڵام چێژوەرگرتن لە نمایشی زیندووی ئەم دەستە تازەکارە پێویستی بە فێربوونی شانۆ هەیە، واتە ئەبێ بتوانین لە کارەکانی ئەواندا بەشدار ببین ــ بەم شێوەیە، چەندە شانۆیبەفیلمکراو سەرکەوتووتر بێت، زیاتر ئەچێتە گەوهەری شانۆوە، باشتر خزمەتی ئەکات و مەودای نێوان سەکۆ و پەردە باشتر ئەنوێنێتەوە. بە پێچەوانە، شانۆی قوتوو لە لایەکەوە و شانۆی باوی هەمەپەسەند لە لایەکی ترەوە ئەو پشێوییە پەرە پێ ئەدەن. فیلمی **دایک و باوکی سامناک** هەرگیز بینەرانی بۆ لاڕێ نابات. هیچ کەرتێک لە فیلمەکە نییە لە هەمان کەرتی شانۆ کاریگەری زیاتر نەبێ و، هەروەها هیچ وەرزێکی نادۆزینەوە کە لاماژە[٤٧٧] بەو چێژە فراوانە نەکات کە ڕەنگە لە خودی نمایشەکە بردبێتی. بۆ شانۆی ڕاستەقینە، هیچ بانگەشەیەکی چاکتر لە شانۆیبەفیلمکراوی باش نادۆزینەوە. ئەم ڕاستیانە، جێگەی گومان نین و ئەگەر ئەفسانەی شانۆیبەفیلمکراو

ئەکتەری فەڕانسەیی شانۆ و سینەما.

٤٧٧ـ لاماژە: allusion ناوی لێکدراو [لا+ ئاماژە] کینایە و ناوهێنان و ئاماژەی ناڕاستەوخۆ.

هێشتاش بە شێوەی دەماگیری و لێکنەگەیشتن و لە ئەندێشەی لە پێشەوە ئاراستەکراودا، دەرکەوتەیەکی پاتەبووی نەبوایەت، شتێکی گاڵتە ئەبوو کە ئەم هەموو کات و وزەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستیانە بەکار بهێنین.

## ٣. لە شانۆی بەفیلمکراو بۆ شانۆی سینەمایی

بە گومانی من، ئەم پرسگرەی کۆتایی لە دوانەکەی پێشوو بوێرانەترە. تا ئێرە وتمان شانۆ گشتێکی جوانناسییە و سینەما ئەتوانێ بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک دڵکاو لێی نزیک ببێتەوە؛ بەڵام هەمیشە و لە باشترین هەلومەرجدا بەشێوەی خزمەتکاری ملبەکوێن. هەرچۆنێک بێ، لە بەشی پێشووی ئەم وتارەدا بینیمان کە هەندێ لە شێوازەکانی دراماتیکی کۆمێدی بەزموکوت وەک کۆمێدی گاڵتەجاڕ و «کۆمێدی هونەری» کە بەکردەوە لەناو چووبوون، ژیانێکی تازەیان پەیدا کردەوە. هەندێ لە سەرکەوتنەکانی دراماتیک و بڕێ تەکنیک کە لە گوزەری کاتدا بڕستیان لێبڕابوو، دیسانەوە لە سینەمایش ئەو تازەییە کۆمەڵناسییەی بۆ مانەوەیان پێویست بوو، بەدەست هێنا و هەمیش، لەوە گرنگتر، دۆخێکی باشتریان پەیدا کرد تا جوانناسی تایبەت بە خۆیان کە شانۆ لە سەرەتای سەرهەڵدانەوە ئەوانەی بە لاوازی ڕاگرتبوو، لە بوارێکی بەرفراواندا بەکار بهێنێ. سینەما لە بەکارهێنانی پاڵەوانە دێرساکانی کۆمێدی گاڵتەجاڕ دوخمانی لە گیانی ناکات، بەڵکوو تەنها واتای بانسروشتی بە ڕەهەندەکانی داری سکارپین ئەبەخشێ، واتە هەمان هەموو جیهان. کۆمێدی بەزموکوت بەر لە هەموو شت و لانی زۆر و، هەروەها لانیکەم، دەربڕینی

دراماتیکی دەسەڵاتی سەرەڕۆی شتەکانە و، لەم زەمینەدا **کیتۆن** تەنانەت بەر لە **چاپلین** ئەیزانی بە چ شێوەیەک تراجێدیای بابەت Object بەدی بهێنێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە تەشکە کۆمێدییەکان، پرسگرێکی تایبەت لە مێژووی شانۆیبەفیلمکراودا بەدی ئەهێنن. ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە پێکەنین ڕێگە بە بینەر ئەدات بە بوونی خۆی بزانێ و لەم زانینەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەشێک لەو ڕووبەڕووبوونەوە کە لە نێوان بینەر و ئەکتەردا بەدی دێت، کەڵک وەرگرێ. هەرچۆنێک بێ، لەبەر ئەوەی لەمبارەیەوە زۆرمان نەوتووە کە پەیوەندی نێوان سینەما و کۆمێدی شانۆیی خۆبەخۆ ڕووی دا و، ئەم پەیوەندە وەها هەمەلایەنە بووە کە هەمیشە ڕەوارەکەیان[٤٧٨] بە بەرهەمی سینەمای سۆلان زانیوە.

ئێستە کە سینەما ئەتوانێ جگە لە کۆمێدی ژێوەرگرتن لە جۆرەکانی تری شانۆش وەرنگرێ بەبێ ئەوەی دوخمانیان لێبکات، هۆیەکی نییە وابزانین ناتوانێ بە بەکارهێنانی هەندێ تەکنیکی خودی شانۆ ژیانێکی تازەی پێ ببەخشێ. هەر وەک بینیمان، فیلم ناتوانێ و لە ڕاستیدا نابێ تەنها چۆنایەتیەکی ناکۆکنوێن لە نمایشی شانۆیی بێ، بەڵکوو ڕواڵەتی خودی سەکۆیش گرنگە؛ بۆ وێنە جیاوازە ئەگەر شانۆی ژۆلیۆس سێزار لە مەڵبەندی نیم نمایش بکرێ یان لە ستۆدیۆ؛ بەڵام هەندێ بەرهەمی دراماتیک لە سی چاڵ ساڵی دواییدا ناسازگاری لە نێوان ئاسانپەسەندی ئەمڕۆ و شێوازی پێویستی شانۆیی، زیانی ڕاستەقینەی پێ

---

٤٧٨ـ ڕەوار: result ناو بەرووبوو، بەروبووم، بەرهەم، داهات ع حصیلة د ثمرە.

گەیاندوون. مەبەستی من بە تایبەت تراجێدیایە. ئەو شێوانەی لە تراجێدیادا هەیە، بە تایبەت بەرەنجامی نەبوونی تۆرەمەی تراجێدییە نەریتییەکانی فێرگەی کۆنە ـ کەسانی وەکوو **مۆنە سۆلی**[٤٧٩] و **سارا بێرنار** کە لە سەرەتای ئەم سەدەدا نەمان، وەک نەمانی بوونەوەرانی پێش مێژووی خولی دووەمی زەویناسی. بەڵام پزیسکەی تەوساوی ئەم ڕاستییە ئەوەیە سینەما ئێسکیانی پاراستووە و فوسیلەکەیانی لە قاڵبی «فیلمی هونەری»دا بە یادگار بۆ بەجێ هێشتووین. وا باوە تیاچوونی ئەم بەرەیە ئەدەنە پاڵ سینەما، ئەویش بە دوو سۆنگەی تەبا و ناتەبا: یەکیان جوانناسی و ئەوی تریان کۆمەڵناسی. بە مسۆگەری سینەما هەستی ئێمە لەمەڕ ڕاستیبێژی[٤٨٠] لە شرۆڤەدا گۆڕاوە. ئەوەندە بەسە سەیری یەکێک لە فیلمە کورتەکانی **بێرنار** یان **بارژی**[٤٨١] بکەین، تا بۆمان دەربکەوێ ئەم جۆرە ئەکتەرە هێشتا چەکمەی تایبەتی تراجیدیای لە پێ دایە و دەمامکەکەی بە چاوەوەیە. بەڵام دەمامک تەنها بۆ پێکەنینە، لە کاتێکدا نمای درشت ئەتوانێ بمانخاتە گریان و،

---

٤٧٩ ـ مۆنە سۆلی: Mounet_Sully هونەرپیشە (١٨٤١ ـ ١٩١٦) هونەرپیشەی بەناوبانگی شانۆی فەڕانسە.

٤٨٠ ـ ڕاستبێژی: verisimilitude ڕاستنمایی، لە فەلسەفەدا، ڕاستی (یان ڕاستی هاوشێوەیی) لای وایە هەندێک پرسگر لە ڕاستی نزیکترن تا هەندێ پرسگری تر. کێشەی ڕاستگۆیی کێشەی خستنەڕووی ئەوەیە کە چی پێویستە بۆ ئەوەی تیۆریەکی درۆینە لە ڕاستییەوە نزیکتر بێت لە تیۆریەکی درۆینەی دیکە ع نزاهة د حقیقت شناسی.

٤٨١ ـ بارژی: Charles le Bargy (١٨٥٨ ـ ١٩٣٦) دەرهێنەر و ئەکتەری فەڕانسەیی لە ڕۆڵی هەتەر و کۆمێدیدا.

لەو شوێنەی میکرۆفۆن ئەتوانێ بە دڵخوازی ئێمە ئەسپاییترین لەرینەوەی ژێ دەنگییەکان بکات نەڕە. بەکارهێنانی بڵێندگۆی دەستی کاڵتەئامێز خۆیا ئەکات. بۆیە، ئێمە لەگەڵ سروشتی بوونی خۆڕسک ڕاهاتووین کە ڕێگە بە ئەکتەر ئەدات، تەنها تۆزێ داهێنان لە شێوازدا بکات و لە ڕاستبێژی تێپەڕێ. هۆکاری کۆمەڵناسی ڕەنگە لەمەش بڕیاردەرترە. سەرکەوتن و کاریگەری نمایشەکانی **مۆنە-سۆلی** بێگومان بە هۆی بەهرەمەندی خۆیەوە بوو، بەڵام هاوکاری ئارەزوومەندانەی بینەرانیش ڕۆڵی هەبوو. ئەمە هەمان دیاردەی دێوەزمەی پاکیزە بوو کە ئەمڕۆ بە تەنها بۆ لای سینەما چووە. ئەگەر ئەڵێین خولی خوێندن لە کۆنسێرڤاتۆری[٤٨٢] ئیتر تراجێدیەن پەروەردە ناکات، بەو واتا نییە لەمە بەدوا **سارا بێرنارد**ەکان لەدایک نابن. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە بەهرەی ئەوان و چەرخی ڕۆژگار بە باشی لێک گیر نابن. بۆیەش بوو کە ڤۆڵتێر تەمەنی خۆی لەسەر دزینی وێژەیی لە تراجێدیەکانی سەدەی حەڤدە دانا؛ چونکە لای وابوو تەنها ڕاسین مردووە، لە کاتێکدا تراجێدیا لە بنەڕەتەوە لەناو چووبوو. ئەمڕۆ ناتوانین مۆنە-سۆلی لە ئەکتەرێکی تازەکاری شارستانی جیا بکەینەوە، چونکە کاتێک ڕووبەڕووی تراجێدیەنێکی فێرگەی کۆن ئەبینەوە، هەر نایناسینەوە. ئەمڕۆ لە «فیلمی هونەری» تەنها

٤٨٢- کۆنسێرڤاتۆری: conservatory یان کۆنسێرڤاتوار conservatoire مەبەست پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، وەکوو سینەما و شانۆ و موزیک ⇦ کۆنسێرڤاتۆری هۆڵی شووشەیی تاوگیرە لە حەوشەی کۆشکەکان، وەک گوڵخانە و هەروەها وەک پۆلی خوێندن و پەروەردەش بەکارهێنراوە.





گەنجێک لە ڕوخساری «دێوەزەمە»دا ئەبینین. لایەنی پیرۆزی فەوتاوە.

لەم دارەتەدا سەیر نییە ئەگەر تراجێدیای ڕاسین لە کزبوون دایە. شانۆی «کۆمێدی فەڕانسە» بە ڕەفتاری پارێزکارانەی، دۆخێکی لەباری هەیە تا ژیانێکی لەبار بۆ ئەم چەشنە تراجێدیایە دابین بکات، بەڵام ژیانێکی وەها ئیتر سەرکەوتوانە نییە.[٤٨٣] جگە لەوە، ئەمکارە تەنها لەبەر ئەوەیە بەها نەریتییەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە هێڵەک بدرێن و بە شێوەیەکی ناسک بۆ پەسەندی ئەمڕۆ بلوێن، بەبێ ئەوەی پێداچوونەوەی بنەڕەتییان تێدا بکرێ کە ڕاستەوخۆ لە سەردەمی ئێمەوە هەڵقولابێ. لەمەڕ تراجێدیای دێرسیش ئەوەی هێشتا ئەمانورووژێنێ، دوو شتی ناکۆکنمایە: یەکیان زانکۆی سوربۆن و ئەوی تریان گوڕ و تینی کۆنینەناسی خوێندکاران. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە لەم ئەزموونانەی تازەکاراندا، ئەتوانین کاردانەوەیەکی زۆر توندڕەوانە لە دژی شانۆی پشتئەستوور بە ئەکتەر ببینین.

کە وابوو، ئاساییە وا بیر بکەیەنەوە ئێستە کە سینەما جوانناسی و کۆمەڵناسی دێوەزمەی پیرۆزی کردووە بە هینی

٤٨٣ـ سەرکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە فیلمی هانری پێنجەم بەدەستی هێناوە، سپاس بۆ فیلمی ڕەنگی. ئەگەر کەسێک لە شانۆگەری فێدر بۆ نموونەیەک لە توانای سینەمایی بگەڕێ، دیمەنی تاکبێژی سێرامین، کە بیرهێنەرەوەی گوتاری زارەکی تراجێدی ـ کۆمێدی ئامێرەکانە، بە پەخشانێکی تەواو وێژەیی و لە ڕوانگەی دراماتیکەوە بە نابەجێیان زانیوە، لە ڕوانگەی وێنایی لەسەر پەردەی سینەما سۆنگەیەکی بوونی تازە پەیدا ئەکات.






خۆی، ئەگەر شانۆ بیەوێ وەریان بگرێتەوە، مسۆگەر پێی ئەدرێتەوە؟ ئەتوانین ئەو هۆرمە لە مێشکماندا پەروەردە بکەین کە نمایشی **ئەتالی**[٤٨٤] چی ئەبوو ئەگور **یڤۆن دو برەی** ڕۆڵی تێدا ببینیایەت و **ژان کۆکتۆ** دەرهێنەری بوایەت!

بەڵام بێگومان تەنها ئەم شێوازەی لێکدانەوەی تراجێدیا نییە کە دووبارە هۆکاری دەرکەوتنەوەی لەسەر پەردە دەست ئەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەتوانین شۆڕشێکی هاوشێوە لە سەکۆی شانۆشدا وێنا بکەین، کە بەبێ ئەوەی ئەمەگداری خۆی بە گیانی شانۆ لەدەست بدات، قاڵبی تازە بخاتە بەردەستی شانۆ کە شیاوی پەسەندی ڕۆژ و بە تایبەت لە ئاستی بینەرانی فراواندا بێت. شانۆیبەفیلمکراو، چاوەڕوانی کەسێکی وەکوو **ژان کۆکتۆیە** تا بیکات بە شانۆی سینەمایی. کەواتە، لە ئێستە بەولاوە شانۆ نە تەنها لە ڕوانگەی جوانناسییەوە لەسەر بنەمای فیلم ڕاوستاوە و نە تەنها ئەزانین لەمە بەدوا هیچ شانۆنامەیەک، جا شێوازەکەی هەرچی بێت، نییە کە نەتوانین بیکەین بە فیلم، بەو مەرجەی بتوانین کەشی سەکۆ بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەوان وەربگێڕین بۆ سینەما، بەڵکوو ڕەنگە بتوانین بڵێین نواندنی مۆدێڕنی هەندێ لە دەقە کلاسیکەکان تەنها لەسەر پەردەی سینەما ئەلوێ. ڕێکەوت نییە هەندێ لە باشترین فیلمسازان، باشترین دەرهێنەرانی شانۆیشن. **وێڵز** و **ئۆلیڤیە** بە هۆی **لاقرتێبوون** یان خۆدەرخستن و خۆبەزلزانی، یان

---

٤٨٤ ـ ئەتالی: Athalie شانۆنامەی ١٦٩١ نووسینی ژان ڕاسین.

وەکوو **مارسێل پانیۆل** بۆ گشتیکردنی بەرهەمە شانۆییەکان، ڕوویان نەکردە سینەما. سینەما بۆ ئەوان تەنها تەشکی گەشەکردووتری شانۆیە، دەرفەتێکە تا بەوردی شانۆ بەو جۆرە نمایش بکەن، کە هەستی ئەکەن و ئەیبینن

*Esprit, Juen 1951*



## بیرەوەرییەکانی قەشەی گوندی و
## تایبەتمەندییەکانی ڕابێرت برێسۆن

ئەگەر فیلمی **یاداشتەکانی قەشەی گوندی** لە لامان وەکوو شاکار خۆیا ئەکات و، کار ئەکاتە سەرمان و، ئەم کاریگەرییە تەنانەت دەرکەوتەی جەستەیی هەیە و، ئەگەر بە یەکسان کار ئەکاتە سەر ڕەخنەگران و ناڕەخنەگران، لەبەر ئەوەیە کە ئەتوانێ هەستمان زیاتر لە وزەی ئاوەزمان بەوپەڕی توانا بورووژێنێ. شکستی کاتی **خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی** هۆکارەکەی ڕێک پێچەوانەی ئەمە بوو. چونکە تەنها لە دارەتێکدا ئەیتوانی هەستمان بهەژێنێ ئەگەر پێکهاتە ئاوەزییەکەمان بەوردی شی نەکردبایەتەوە، لانیکەم تاقیمان ئەکردەوە یان بە گوتەیەکی تر ئەبوایە ڕێساکانی گەمە تێبگەیشتایەتین.

سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتنی دەسبەجێی **یاداشتەکانی قەشەی گوندی** نکۆڵی لێناکرێ، بەڵام بنەما جوانناسییە بناغەییەکەی، ناتەباترین و تەنانەت ئاڵۆزترین ڕێسایە کە لە سینەمای دەنگداردا بینراوە. بۆیە، سەروای ئەو ڕەخنەگرانەی ئەوەندەیان پێ نییە

کە تێی بگەن ئەمەیە کە بڵێن: «ناکۆکنمایە، سەرسامهێنەرە، سەرکەوتنێکی بێوێنەیە کە پاتە نابێتەوە.» بەمجۆرە خۆیان لە شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی ئەدزنەوە و لە بن چەتری ئەو بیانووەدا کە ئەم فیلمە پزیسکەی بلیمەتانەیە خۆیان حەشار ئەدەن. لەولاشەوە، لە نێوان ئەوانەدا کە وازی جوانناسیان لەگەڵ برێسۆن یەک ئەگرێتەوە و ئەوانەی کە بێگومان ئەتوانرێ بە هاوبیری ئەو دابنرێن، چەشنێک نائومێدی ئەکەن، چونکە چاوەڕوانی زیاتر لە **برێسۆن** بوون.

ئەم پۆلە، سەرەتا لە بینینی فیلمەکە شایگەشکە ئەبن و پاشان کە بۆیان دەرئەکەوێ دەرهێنەر کامانە کاری نەکردووە، تووڕە ئەبن. بەڵام ناشتوانن بۆچوونیان لەم بارەیەوە بگۆڕن، چونکە لەگەڵی هاوبیرن؛ ئەم پۆلە وەها گیرۆدەی شێوازەکەن کە ناتوان ڕەسەنایەتی ئاوەزی خۆیان بەکار بهێنن، لە ئەنجامدا ڕێگەیان بۆ سۆز کردووەتەوە، نە لە فیلمەکە تێگەیشتوون و نە حەزیان لێی بووە.

کەوابوو، ڕەخنەگرانی ئەم بەرهەمە ئەبن بە دوو دەستەی توندڕەو. لە لایەک، ئەوانەی ئەوەندەیان پێ نەبووە تا تێی بگەن یان بە شێوەیەک گشتی فیلمەکەیان بەدڵ بووە بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانن؛ لە لایەکی ترەوە، ئەو «کەمە شادەی»[٤٨٥] کە چاوەڕوانی شتێکی جیاواز بوون، بەدڵیان نەبووە و نەیانتوانیوە تێی بگەن ــ تەنها ئەوانەی لەگەڵ سینەما بێگانەن، واتە جەماوەری

٤٨٥ـ ڕوون نییە لێرەدا بازن ئەم دەستەواژەی «کەمە شادەی» بە تەوسەوە بەکار هێناوە یان یادەوەری کۆمەکی نەکردووە و لە ڕاستیدا مەبەستی «ئەم برایانە» بووە؟ تێبینی: هیو گرەی

وێژە، لەوەی کە ئەبینن فیلمێکیان ئەوەندە بەدڵە و ئەندێشەیان لە دادوەری وەستاندووە، شایگەشکە بوون. تەنها ئەم لایەنگرانەی وێژە ڕوونتر لەوانی تر تێگەیشتوون **برێسۆن** چی لە ئەندێشەدا بووە.

هەڵبەت ئەبێ ددان بەوەدا بنێین **برێسۆن** ئەوەندەی بۆی کراوە، تێکۆشاوە شوێن پای خۆی داپۆشێ. ئەوەی کە لە هەمان دەسپێکی ژێوەرگرتنەوە ڕایگەیاند بە دەقەکە ئەمەگدار ئەبێ و وشەبەوشە وەری ئەگێڕێ بۆ فیلم، ئەو چاوەڕوانییەی لە ئێمەدا بەدی هێنا تا ڕێک بە دوای ئەم خاڵەوە بین و فیلمەکەش ڕێک لە خزمەتی سەلماندنی ئەم لایەنە دایە. **ئۆرەنش** و **بۆس**[٤٨٦] شەیدای درەوشانەوەی پەردەی سینەما و خولیای ئەوە بوون دراماکە لەگەڵ ئەم قاڵبە تازەیەش بگونجێ، بەڵام **برێسۆن** بە پێچەوانە لەبری پاراستنی کەسایەتی لاوەکی، وەکوو باوک و دایک لە فیلمی **ئەهریمەن لە جەستە** ئەوانی دەرهاویشت. لەگەڵ ئەوەی **برێسۆن** تەنانەت توخمە زۆر پێویستەکانیش ئەپاڵێوێ، ئەو هەستەمان تێدا بەدی ئەهێنێ ئەو وەها بە دەقەکە ئەمەگدارە، کە ناتوانێ بەبێ ڕەنجان و پەژارەی سۆزاوی تەنانەت وشەیەک بکات بە سەرگەرد. ئینجا ئەم پاڵاوتنەش هەمیشە لە ئاراستەی سادەکردنەوە دایە، نەک خەملاندن. لەگەڵ ئەوەش، قەبەکردنەوە نییە بڵێین، ئەگەر خۆدی **بێرنانۆس** فیلمنامەکەی بنووسیایەت زیاتر گۆڕانی لە ڕۆمانەکەیدا ئەکرد. لە ڕاستیدا، ئەو بە ئاشکرا ئەیبینی ژێوەرگر بۆی هەیە پەرتووکەکە بە گوێرەی پێداویستی سینەما بەکار بهێنێ؛ واتە مافی

٤٨٦ـ ئۆرەنش و بۆس: Aurenche and Bast نووسەرانی فیلمی «ئەهریمەن لە جەستە»ن لەسەر ڕۆمانی ڕەیمۆند ڕادیگۆ.

ئەوەی هەیە «چیرۆکەکە سەرلەنوێ بنووسێتەوە.»

هەر چۆنێک بێ، ئافەرین لە **برێسۆن** بە هۆی ئەمەگدارییەوە ئەکەین، چونکە زیرەکانەترین جۆری ئەمەگداری، هەمان کاریگەرترین شێوە لە ئازادی داهێنەرانەیە. هەڵبەت ئاشکرایە بەبێ دەستکاریکردنی بەرهەم ناتوانین ژێوەرگرتن بکەین. لەم ڕوانگەیەوە، **بێرنانۆس** لە ڕوانگەی جوانناسییەوە لە بەرەی تێگەیشتنی جەماوەریدا بوو. وەرگێڕانی وشەبەوشە، وەرگێڕانی ئەمەگدارانە نییە. ئەو گۆڕانکارییانەی ئۆرەنش و بۆس لە ڕۆمانی ئەهریمەن لە جەستەدا کردوویانە، کارێکی شیاوە. کەسایەتی سەر پەردە و ئەو کەسایەتییەی ڕۆماننووس ئافراندوویەتی یەکێک نین.

**ڤالێری**[٤٨٧] ئەم ڕۆمانەی ڕەتکردەوە، چونکە بە پێویستی زانیبوو بنووسێ: «ماركیز كاتژمێر پێنج چای خواردەوە.» لە لای ئەو، ڕۆماننووسیش ئەبێ دڵی بۆ فیلمساز بسووتێ کە ناچار بووە، بە ڕاستی مارکیز لەسەر مێزی چای دابنێ. لەبەر ئەمەیە خزمانی کەسایەتی سەرەکی کە لە ڕۆمانەکەی **ڕادیگۆ** ڕۆڵی لاوەکیان هەیە، لە فیلمەکەدا گرنگیان پەیدا کردووە. هەر چۆنێک بێ، ژێوەرگر ئەبێ بە هەمان ئەندازە ئاگای لە دەق بێ کە ئاگای لە کەسایەتییەکانە. جگە لەوەش، ئەبێ ئەو هەڕەشەی کە بوونی جەستەیی ئەوان بۆ هاوسەنگی چیرۆکەکە هەیەتی، لە بەرچاو بگرێ. فیلمساز لە ڕەوتی گۆڕانی چیرۆک بو وێنە ئەبێ ئاگای لە گفتوگۆکان بێ. بۆ نموونە لەو گفتوگۆیانەی لە خودی ڕۆمانەکەدا هەن، بەڵام هەر چۆنێک بێ، گۆڕانکاری تێیاندا ڕەوایە ــ چونکە گفتوگۆکان

٤٨٧ ـ ڤالێری: Valery Larbaud (١٨٨١ ـ ١٩٥٧) هۆنەر و نووسەر و ڕەخنەگری فەڕانسەیی.

ئەگەر بەو شێوەی کە نووسراون، بگوترێن، بە زۆری کاریگەری و تەنانەت واتایان لەدەست ئەدەن.

ئینجا، ڕێک لێرە دایە کە کاریگەری ناکۆکنمای ئەمەگداری بە دەق لە فیلمی **یاداشتنامەی قەشەیەکی گوندی**دا ئەبینین.

لە کاتێکدا کە پەرتووک کەسایەتی بە دەرکەوتەیی تەواوەوە بە خوێنەر پێشکەش ئەکات و، سەرەڕای ئەوەی ئەزانین ئەو مەترسییانە کورت و بەدیهاتووی پێنووسی قەشە ئەمبریکۆن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نائومێدمان ناکەن و، بوونی ئەوان یان ئاگایی ئێمە لەوان، بوونیان سنووردار ناکات؛ لەبری **برێسۆن** لە ڕەوتی ناساندنی ئەوان بە ئێمە بەردەوام و بەپەلە لە چاوی ئێمە دووریان ئەکاتەوە. فیلم لە جیاتی وێنەی ڕاستەقینە و بەهێزی ڕۆماننووس، وێنەیەک ئەدا بەدەستەوە کە ساتبەسات لاوازتر ئەبن و لێمان هەڵدێن، چونکە لە ئێمە شاراوەن و هەرگیز دەرناکەون.

ڕۆمانی بێرنانۆس پڕە لە وێنەی بیرهێنانەوە، سەقامگیر و بەرهەست و زۆر بەرجەستە. بۆ نموونە «کۆنت بە بیانووی باران چووە دەرەوە. بە هەر هەنگاوێک، ئاو لە پۆستاڵەکانی دائەچۆڕا. ئەو سێ چوار کەروێشکەی ڕاوی کردبوون لە بنی هەگبەکەیدا درابوون بەسەر یەکدا و دیمەنێکی سامناکیان هەبوو. چونکە لە تۆپەڵێکی بچکۆلانەی قوڕی خوێناوی ئەچوون بە تووکی خۆڵەمێشییەوە. هەگبە تۆڕەکەی هەڵواسیبوو بە دیوارەکەدا و بە هەمان شێوە کە لەگەڵ من ئەدوا، لە پشت تان و پۆی تۆڕەکەوە بینیم، چاوی هێشتا زەلالی کەروێشکەکە لە من زەق بووەتەوە.»

ئایە وا هەست ناکەن ئەم دیمەنەتان پێشتر لە شوێنێک بینیوە؟ بۆ دۆزینەوەی خۆتان ماندوو مەکەن. ئەگەری هەیە لە یەکێک

لە فیلمەکانی ژان **ڕێنواردا** بووبێ. ئێستە ئەم دیمەنە لەگەڵ ئەو دیمەنەی کۆنت دوو کەروێشک ئەهێنێ بۆ کلیسا بەراورد بکەن ــ هەڵبەت ڕاستە لە پەرتووکەکە ئەم دیمەنە پاشتر ڕوو ئەدات، بەڵام ڕەنگە هەردووکیان پێکەوە موتوربە کراون تا شێوازێکی یەکسان وەربگرن ــ ئەگەریش لەم بوارەدا دوودڵن، ددانپێدانانی خودی **برێسۆن** ئەو گومانە ئەڕەوێنێتەوە. ئەو کە ناچار بووە یەک لەسەر سێی ڕایشتی کۆتایی کە ئامادەی نمایش کرابوو، لێی دەربهێنێ، بە دارەتێکی لاقرتێ ڕایگەیاند لەم کارەی دڵکاو بووە. لە ڕاستیدا، تەنها «وێنە»یەک کە نیگەرانی بووە، پەردەی بەتاڵی کۆتایی فیلمەکەیە، کە پاشتر ئەچینە سەری.


ئەگەر برێسۆن بە ڕاستی بە پەرتووکەکە ئەمەگدار بوایەت، فیلمێکی تەواو جیاوازی دروست ئەکرد. ئەو لێبڕابوو هیچ لە پککە زیاد نەکات ــ هەرچەند لابردنیش شێوەیەکی دوخمانییە ــ بەڵام ئەیتوانی بەشە وێژەییەکانی بکات بە سەرگەردی ئەو بەشانەی کە زیاتر لەگەڵ سینەما گونجاون و دارماڵ لایەنی وێنەییان هەیە. بەڵام ئەو بە ڕێگەیەکی سیستەماتیک، ڕەوتێکی ناکۆک ئەگرێتە بەر. لە بەراوردی فیلم و پەرتووک دەرئەکەوێ فیلمەکە زیاتر لایەنی وێژەیی هەیە، لە کاتێکدا کە ڕۆمانەکە پڕە لە کەرەستەی وێنەیی. شێوەی جووڵانەوەی برێسۆن لەگەڵ دەق، بابەتەکە ڕوون ئەکاتەوە. برێسۆن ئەو بەشانەی ڕۆمانەکە، کە قەشە گفتوگۆکانی ئێرە و ئەوێی لە یاداشتنامەکەدا ئەنووسی، لە گفتوگۆکاندا (ناوێرم بیڵێم «گفتوگۆکانی فیلم») نەهێناوە. ئەمە جیاوازییەکەی بەرچاوە. چونکە بێرنانۆس لە هیچ دارەتێکدا دەستەبەری ئەوە ناکات کە قەشە گوزارشتی دەقاودەقی ئەوە تۆمار ئەکات کە بیستوویەتی.

دۆزەکە[٤٨٨] ئەوەیە قەشە لە ڕاستیدا ورد و دەقاودەق نییە. هەر چۆنێک بێ، وای دائەنێین گوزارشتەکانی دەقاودەقن و **برێسۆن** ئەیەوێ وێنەی بابەتی لەگەڵ تایبەتمەندی ئەندێشەیی یاداشتنامە نزیک بکاتەوە، دیسان ڕاستییەکەی ئەوەیە کاریگەری ئاوەزی و سۆزاوی ئەو ڕستەی ئەخوێنرێتەوە لەگەڵ هیی ئەو ڕستەی ئەوتریێ زۆر جیاوازە.

**برێسۆن** نە تەنها، بە وریایی، گفتوگۆکان لەگەڵ پێداویستی نواندنی هەر دیمەنێک ڕێک ناخات، بە پێچەوانە هەر کات خودی دەق ڕیتم و هاوسەنگی ڕاستەقینەی هەیە، لە ڕێ لای ئەدات و ئەکتەر لە لە ئەنجامی ئەم چۆنایەتییانە ڕائەگرێ. کەواتە، بە هۆی سووربوونی دەرهێنەر کە بۆ وتنی یەکدەستی گفتوگۆکان هەیبووە، زۆر گفتوگۆی دراماتیکی بێوێنە کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، لە فیلمەکەدا لەدەست چوون.

سەبارەت بە **خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی** زۆر گوتەی خۆشامایی وتراوە، بەڵام سەبارەت بە ژێوەرگرتنەکەی کەم دواون. ڕەخنەگران، بە مەبەست و هۆکاری جۆراوجۆر، وەها لەگەڵ فیلمەکە جووڵاونەتەوە وەک بڵێی فیلمنامەیەکی دەستی یەک و ژێوەرنەگیراوە. چۆنایەتی ناوازەی گفتوگۆکان دراوەتە پاڵ **کۆکتۆ**، کە ناوبانگ و ڕەسیدی لەو پەسنانە بێنیازی ئەکات. هۆکەیشی ئەوەیە ئەمانە ڕۆمانی **ژاکی چارەگەرایان** دووبارە نەخوێندوەتەوە، ئەگەر بیانخوێندایەتەوە، ئەگەر نەڵێم هەموو فیلمنامەکە، لانیکەم نموونەی زۆری گەمەی قەراقەرای وشەبەوشەیان لە نێوان فیلمنامە

٤٨٨ ـ دۆز: problem پەرسای، پرسگر، بەرگەڕ، واسەی، واشتەنە [ع] مشكلة [N] problem [د] مسئله.




و دەقەکەی **دیدێرۆ**دا ئەبینی. ئەم دەقە وامان لێناکات بگەڕێینەوە بۆ دواوە و ڕاستییەکە لە نزیکەوە هەڵسەنگێنین، لە کاتێکدا ڕایشتی سینەمایی ئەو هەستە لە بینەردا بەدی ئەهێنێ کە **برێسۆن** لەمەڕ دەق دەستی خۆی ئاوەڵە کردووە و تەنها کەش، ئەگەر ئێوەش بەدڵتان بێت، تەنها کەشوهەوای سەدەی هەژدەیی پاراستووە. جگە لەوە، کاتێک لەم ژێوەرگرتنە لە داهێنانی سێ نووسەر سوودی وەرگرتووە، ئاساییە وای دابنین چەندین قۆناغ لە دەقەکە دوور کەوتووەتەوە. هەر چۆنێک بێ، هەم بە لایەنگرانی **خانمانی جەنگەڵی بۆلۆنی** و هەم فیلمنامەنووسانی تامەزرۆ پێشنیاز ئەکەم، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە جارێکی تر فیلمەکە ببینن. بەبێ ئەوەی بمەوێ نکۆڵی لە ڕۆڵی گرنگی شێوازی دەرهێنان لە سەرکەوتنی ئەم فیلمەدا بکەم، بە گومانم ئەوە گرنگە بنەماکانی ئەم سەرکەوتنە، بە تایبەت چەشنێک کاردانەوەی دوو لایەنەی زۆر ناسک ــ واتە جۆرێک ململانێی هونەرمەندانە لە نێوان ئەمەگداری و نائەمەگداری بە دەقی سەرەکی ــ بە وردی بکۆڵینەوە.

لە ڕەخنەکانی فیلمی **خانمانی جەنگەڵی بۆلۆنی**، کە چاکەخوازی و بەدتێگەیشتن بە یەکسان دیارە، هاتووە کە بناغەی دەروونناسی کەسایەتییەکان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەی تێیدا ئەژین وەکوو یەک نییە. ئەوە ڕاستە لە ڕۆمانەکەی **دیدێرۆ** نەریتی باوی ئەو سەردەمە پاساو بۆ ئەم تۆڵەسەندنەوەیە ئەهێنێتەوە و باندۆری پێ ئەبەخشێ، بەڵام ئەو خاڵەش دروستە کە ئەو تۆڵەسەندنەوەیە بۆ بینەری ئەمڕۆ ئەکات بە سەمەرە و لە چوارچێوەی ئەزموونیدا جێگەی نابێتەوە. بەم






شێوەیە، بێسوودە ئەگەر لایەنگرانی فیلمیش بۆ جۆرێک پاساوی کۆمەڵایەتی بۆ پێرسۆناکان بگەڕێن. ئەو وەشکەری و لەشفرۆشییەی لە ڕۆمانەکەدا وێنەی کێشراوە، ئەو ڕاستیانەن لە هەناوی کۆمەڵگەی ئەمڕۆشدا بوونێکی بەرهەست و ئاشکرایان هەیە. بەڵام لە **خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی** بە شێوەیەکی سەیر گێژکەرە، چونکە پاساوی بنەڕەتی نییە. تۆڵەی گراوی بریندار، کە دڵدارە بێئەمەگەکەی ئەورووژێنێ سەماکاری شەنگی کابارە بخوازێ، لە لای ئێمە جگە لە پاسکانییەکی گاڵتەئامێز نییە. ئەم ڕاستییە کە کەسایەتییەکانی فیلم بە ڕواڵەت دارەتێکی ئەبسترەیان هەیە، ناتوانین بدەینە پاڵ ئەو بڕینە ناسکانەی کە دەرهێنەر لە کاتی ژێوەرگرتن ئەنجامی داون؛ کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەش هەروەهان. ئەگەر **برێسۆن** شتێکی زیاتر لەمەڕ کەسایەتییەکان پێشکەش ناکات، لەبەر ئەوە نییە نایەوێ وا بکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە ئەو کارەی لا دژوارە. **ڕاسین**، ڕەنگی کاغەزدیواری ژووری کەسایەتییەکانی وەسپ ناکات. هەڵبەت لە وەڵامدا ئەتوانین بڵێین تراجێدیای کلاسیک پێویستی بە سەلماندنی پەیڕەوی لە ڕیالیزم نییە و ئەمە یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی شانۆ و سینەمایە. ئەم گوتەیە تەواو ڕاستە و هەر بۆیەشە **برێسۆن** ئەبسترەی سینەمایی تەنها لە بەشە سادەکان هەڵناهنجێ، بەڵکوو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەک ئەهێنێتە دەرەوە، کە ڕاستوونی هەر دۆخێک لەگەڵ خۆی بەدی ئەهێنێ. **برێسۆن** لە **خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی** کارێکی مەترسیدار ئەکات و چیرۆکێکی

ڕیالیستی ئە گوێزێتەوە بۆ شێوازێکی تر. لەئەنجامدا، ئەم دوو نموونەی ڕیالیزمە یەکدییان ڕەت کردوەتەوە و، وا دەرئەکەوێ گوڕ و تینی کەسایەتییەکان لە دڵی قۆزاخە هەڵئەقوڵێ و، کردەوە لە گەلاڵە و خودی تراجێدیا لە گرێکانی دراماوە سەرچاوە ئەگرن. دەنگی بەفرسڕ لەسەر لاپەڕەی ڕۆمانەکەی **دیدێرۆ** هەموو ئەو شتەیە کە فیلم بۆ گۆڕانی ئەم لاپەڕە بە گوتوبێژێکی ڕاسینی بەکاری هێناوە. ئاشکرایە کە **برێسۆن** ڕیالیزمی ڕەهای مەبەست نەبووە. بەڵام لە لایەکی ترەوە، کاردای شێوازە پەرداختکراوەکەی لەگەڵی، چۆنایەتییەکی ئەوتۆی ئەبسترەشی نییە، بەڵکوو زیاتر پێشکەشکردنی دوو نموونەی ئەبسترە و ڕیالیستییە، واتە کاردا و کاردانەوەی ئەو توخمانەی بە ڕواڵەت پێکەوە ناسازگارن. دەنگی باران، زەمزەمەی تاڤگە، دەنگی ئەو خاکەی لە گۆڵدانی شکاو ئەوەرێ و دەنگی سمی ئەسپێک لەسەر بەردچنی ڕێگە، تەنها بۆ بەرەنگاربوونەوەی سادەیی یان شێوەی جلوبەرگی ئەو سەردەمە نییە، تەنانەت ناکەوێتە بەرامبەر کەشی وێژەیی نالەباری گوتوبێژەکانیشەوە. ئەم دەنگانە بۆ بەدیهێنانی سەنتێزی دراماتیک یان بەدیهێنانی ناکۆکی لە دێکۆری گۆرکی دیمەنەکەش پێویست نین، بەڵکوو بەوست وەکوو توخمی بێلایەن و ئامفۆتر یان شمەکی بێگانە لەوێ دانراون؛ وەک دەنکێک زیخ، ئەگەر بکەوێتە ناو ئامێرێکەوە ئەبێتە هۆی گیرکردنی. ئەگەر دارەتی دڵخوازی هەڵبژاردنی ئەوانە بە نیشانەی ئەبسترە بزانین، ئەم ئەبسترەکتە، ئەبسترەکتی پارچەیەکی ڕاستەقینە و بەرهەستە. ئەم توخمانە وەک ئەو هێڵانەن ئەکەونە سەر وێنە و ڕوونییەکەی دەرئەخەن.

وەک ئەو تۆز و خۆڵەی کە ڕوونی ڕووژە[٤٨٩] ئەنوێنێتەوە؛ چەشنێک خەوشە کە بێخەوشترینە.

ئەم کاردا و کاردانەوەی دەنگ و ڕەنگە ڕێک لە دڵی ئەو توخمانەدا پاتە ئەبێتەوە کە لە نیگای یەکەمدا تەواو پاڵێوراو خۆیا ئەکەن. بۆ نموونە هەر دوو وارخانی خاتوونەکان چۆڵن و کەلوپەلیان تێدا نییە، بەڵام ئەم ڕووتییە هەژمارکراوە، بێهۆ نەبووە. ئەوەی کە تابلۆکان فرۆشراون و تەنها قاپەکانیان بە دیوارەکەوە ماوە، بێگومان نیشانەیەکی ناسکی ڕیالیزمە. سپێنی ئەبسترەی وارخانی تازە، نیشانەی بەرژەنگی ئێکسپرشنیزمی شانۆیی نەبووە، بەڵکوو وارخان بۆیە سپییە کە تازە ڕەنگ کراوە و بۆنی ڕەنگی تازە هێشتاش لە هەوادا شەپۆل ئەدات. ئایە پێویستە نموونەی تریش بخەینە سەر ئەم نموونانە؟ نموونەی وەکوو ئەسانسۆر یان تەلەفۆنی پاسەوان، یان قرموقاڵی دەنگی پیاوانەی لە قەراخی دەنگی[٤٩٠] فیلمدا، کە پاش ئەوەی زللە لە ئاینس ئەدرێ، ئەبیسترێ، لە کاتێکدا لە دەقەکەدا زۆر ئاساییە. چۆنایەتی دەنگی لە فیلمەکەدا تا ئەوپەڕی خۆیەتی.

بەم سۆنگەیە لە مشتومڕی فیلمی **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** ئاماژەم بە فیلمی **خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی** کرد کە بە بۆچوونی من پیشاندنی هاوشێوەیی قووڵ لە نێوان ڕەوتانەی[٤٩١] ژێوەرگرتنی

٤٨٩ـ ڕووژە: diamond ئەڵماس، بەردێکی بەهادارە، لە تەشکی کریستاڵی ڕوون [ع] ماس [د] الماس.

٤٩٠ـ قەراخی دەنگی: sound track دەنگی تۆمارکراوی گوتە و موزیک لە قەراخی فیلمی سینەمایی [ع] تسجیل صوتي [د] حاشیە صوتی.

٤٩١ـ ڕەوتانە: mechanism مێکانیزم، سازوکار، سیستەمێک لە بەشەکان لە

ئەم دوانە گرنگییەکی فراوانی هەیە.

شێوازی **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** لەسەر جۆرێک کرچکاشی سیستەماتیک وەستاوە، لەسەر چەشنێک دژواری پرووکێنەر. ئەم فیلمە لە هەلومەرجی تەکنیکی زۆر جیاوازدا دروست کرا. لەگەڵ ئەوەیش ئێستە ئەبینین شێوازی هەردووکیان لە بنەڕەتدا یەکە. لە هەردووکیاندا، مەبەست چوونە ناو دڵی چیرۆک یان دراما بووە و دۆزی سەرەکی گەیشتن بە سەقامگیرترین تەشکی ئەبستەرەی جوانناسی بە دوورخستنەوەی ئێکسپرشنیزم بە سوودوەرگرتن لە کارلێکی[٤٩٢] وێژە و ڕیالیزم؛ چەشنێک ڕیالیزم کە توانا سینەماییەکەی پەرەی پێدراوە، بەڵام بە ڕواڵەت نکوڵی لێ ئەکرێ. هەر چۆنێک بێ، ئەمەگداری **برێسۆن** بە مەلەزەی سەرەکی، بیانووی ئازادی لە زنجیر دایە. ئەگەر بە دەقەکە ئەمەگدار ماوە، لەبەر ئەوەیە ئەمکارە زیاتر لە ئازادی بێسوود بە قازانجی بووە. جگە لەوەش، لە لێکدانەوەی کۆتاییدا، ئەو ڕێزە بۆ دەقی وێژەیی زیاتر لە هەڵچوونێکی هەڵەداوانەیە. توخمێکی دیالکتیکییە لە ئافراندنی شێوازێکدا.

بۆیە بێواتایە ئەگەر وای دابنێین **برێسۆن** بە جۆرێکی ناکۆک هاوکات هەم کۆیلەی دەق بووە و هەم ئەربابی. چونکە باندۆری فیلم ڕێک لەم لایەنە بە ڕواڵەت ناکۆکەوە سەرچاوە ئەگرێ. بۆ نموونە، **هانری ئاژێل** ئەم فیلمە بە لاپەڕەیەک لە نووسینی **ڤیکتۆر**

---

ئامێرێکدا پێکەوە کارئەکەن؛ پارچە ئامێرێک [ع] مکانیزم [د] مکانیزم، سازوکار.

٤٩٢ ـ کارلێک: interplay ئەو شێوازەی کە دوو شت یان زیاتر کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە [ع] تفاعل، تعامل [د] تعامل، تعامل متقابل.

**هۆگۆ** و به شێوازی **دو نێرڤال**[٤٩٣] ناو ئەبات. بەڵام به مسۆگەری ئەتوانین دەسکەوته هۆنەرییەکەی بەرەنجامی ئەم یەکیەتییە سەمەرەیە و تیشکی گەش و چاوەڕواننەکراوی ئەم وەرگێڕانه وێنا بکەین؛ چونکه ئەم فیلمه وەرگێڕانی زمانێک بۆ زمانێکی تر (وەک وەرگێڕانی هۆنراوەکانی **پەو** به پێنووسی **مالارمه**) نییه، بەڵکوو وەرگێڕانی شێواز و ناوەرۆک بۆ شێوازی هونەرمەندێکی تر و وەرگێڕانی بابەتی یەک هونەر بۆ بابەتی هونەرێکی ترە.

ئێسته به شێوەیەکی وردتر ئەڕوانینه **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی**، تا ببینین کام لایەنی به باشی نەهاتووەته بەرهەم. هەرچەند نامانەوێ **برێسۆن** لەبەر لاوازییەکانی ستایش بکەین، چونکه هەر چی بێ هەندێ لاوازی کەم له فیلمەکەدا هەیه، که به زیانی ئەو کار ئەکەن. لەگەڵ ئەوەش ئەتوانین به لێبڕاوی بڵێین هەموو ئەم شته وردانه بەشێکی له جیانەهاتووی شێوازەکەی ئەوە؛ ئەمانه چەشنێک لاوازییه که ڕەنگه هەستەوەری فراوان ئەبزوێنن و؛ ئەگەر **برێسۆن** له کارەکەی دڵکاوە، هۆکەی ئەوەیه زانیویێتی ئەو لاوازییانه بەهایەکه ئەبێ بیدات، تا شتی مەزنتر بەدەست بهێنێ.

کەواته، سەرەڕای ئەوەی نواندن لەم فیلمەدا به گشتی لاوازە ــ جگه له هەموو دیمەنەکانی **کلۆد لیدۆ** واته قەشه ئەمبریکۆ و هەندێ له دیمەنەکانی **نیکۆل لامیرال** واته شانتال ــ بەڵام ئەگەر فیلمەکەمان بەدڵ بێت، ئەوەنده لامان گرنگ نابێت. بەڵام لێرەدا ناچار ئەبێ ڕوونکردنەوەیەک بدەم، چونکه برێسۆن له له فیلمی **فریشتەکانی گوناه** و **خانمانی جەنگەڵی بۆڵۆنی** نواندێکی ئەوەنده

---

**٤٩٣** ـ دو نێرڤال: Gerard de Nerval (١٨٠٨ ـ ١٨٥٥) نووسەری فەڕانسەیی.

درەوشاوەی لە ئەکتەرەکانی وەرگرتبوو، لەم فیلمەدا بۆچی نواندنێکی ئەوەندە تازەکارانەی پێشکەش کردووە؟ ئەڵێی کەسێک کامێرای گرتووە بەدەستەوە و فیلمی لە پووری و لە پارێزەرەکەیان گرتووە. ئایە بە ڕاستی لامان وایە ڕۆڵ وەرگرتن لە **ماریا کاسارە**[٤٩٤] ئاسانتر لە کارکردن لەگەڵ دەستەیەک تازەکاری بێوەی بووە؟ مسۆگەر لە هەندێ دیمەندا ڕۆڵبینین لاوازە. بەڵام سەیرەکە لەوە دایە کە کاریگەری ئەم دیمەنانە لە دیمەنەکانی تر کەمتر نییە.

ڕاستی ئەوەیە ئەم فیلمە نابێ بە پێوەری ئاسایی ڕۆڵبینین هەڵبسەنگێنین. بەڵام ئەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە ئەکتەرانی فیلمەکە هەموویان تازەکار یان بێئەزموون بوون. **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** نە لە **دزانی پاسکیل** ئەچێ و نە وەکوو **هاتنی هونەرمەندان**[٤٩٥]. لە ڕاستیدا، تەنها لە **ژاندارکی درەیەر** ئەچێ. داوایان لە ئەکتەران نەکردووە، وەک دەقەکە ڕۆڵ ببینن یان تەنانەت بەپێی دەقەکە بژین، بەڵکوو ویستوویانە تەنها بیڵێن. بەم هۆیەوە ئەو بەشانەی کەسایەتییەکانی دەرەوەی پەردە ئەیڵێن، لەگەڵ ئەو بەشانەی کەسایەتییەکانی سەر پەردە ئەینوێنن، لە هەموو ڕوویەکەوە هەماهەنگە. شێواز و دەراوی ئەم بەشانە هیچ جیاوازیی بناغەییان پێکەوە نییە. ئەم شێوازی نواندنە، هەم لێکدانەوەی دراماتیکی ئەکتەران ئەکاتە دەرەوە، هەم لایەنەکانی دەروونناسی. ئەوەی بڕیارە لە ڕوخساری ئەواندا ببینین، تاودانەوەی تێپەڕی وشەکان نییە، بەڵکوو باری نەپساوی گیانی

٤٩٤ ـ ماریا کاسارە: Maria Casares (١٩٢٢ ـ ١٩٩٦) هونەرپیشەی شیانستی شانۆ و سینەمای ئێسپانی فەڕانسەیی.

٤٩٥ ـ هاتنی هونەرمەندان: L'Entree des artistes فیلمی ١٩٣٨، مارک ئەلگرە.

ئەوانە، دەربڕینی دەرەکی چارەنووسێکی دەروونییە.

بەم شێوەیە، ئەم فیلمە بە ڕۆڵبینینی خراپی ئەو هەستە لە ئێمەدا بەدی ئەهێنێ وەک بڵێی پیشانگایەک لە ڕوخساری جۆراوجۆرمان دیبێ کە دارەتی دەربڕینیان جگە لە خودی خۆیان نییە. لەم ڕوانگەیەوە، دیارترین نموونە، دیمەنی شانتال لە بۆتکەی ددانپێدانان[٤٩٦] دایە. نیکۆل لامیرال، بەرگی ڕەش لەبەردا، دەرکراو لە سیبەر، تەنها لە دەمامکێک ئەچێ، نیوەی تاریک، نیوەی ڕووناک، وەکوو مۆری سەر مۆم، بە گۆشەی ناڕوون و ساوراوەوە.

دیارە **برێسۆن**یش وەک **درەیەر** تەنها سەرنجی لەسەر سینەمای جەستەییە، کاتێک پەرسای نواندن لە ئارادا نییە، نیشانی ڕاستەقینە مرۆڤە و دیارترین نیشانەی گیانی ئەو. بۆیەشە سیمای جەستەیی، پلە و پایەی نیشانەیەک وەرئەگرێ. **برێسۆن** لێرەدا نە دووچاری دەروونناسی هەبوون، بەڵکوو تووشی فیزیۆلۆژی هەبوونمان ئەکات. خاوی جووڵەی هونەرمەندان (کە لە ڕەفتاری کاهێنەکان ئەچێ)، جووڵەی ئارام و تەماوی، پاتەکردنەوەی قیرسیچمانەی هەندێ مەلەزەی ڕەفتاری و، جووڵەی لەبیرنەکراوی هۆرمئاسا، بەم هۆیەوە، هیچ شتێک بە ڕێکەوت بۆ ئەم کەسانە ڕوو نادات ــ چونکە هەرکام لە شێوەی ژیانیدا لێبڕاوە؛ هەرکام لە بنەڕەتدا یان دژی کاریگەری مێهرەبانی و بەخشین ئەجووڵێتەوە یان وەڵامی پێ ئەداتەوە، هەتا تەرگەی[٤٩٧] مەرگهێنەری



٤٩٦ ـ بۆتکەی ددانپێدانان: confessional ژوورۆچکەی ددانپێدانان لە کلیسا [ع] کرسی الاعتراف [د] اتاقک اعتراف.

٤٩٧ ـ تەرگە: royal cape [ئاو] بارانی بە کڵاوەوە، شەنیل، کۆڵوانە، باڵاپۆشێکی گوشادی بێقۆڵ کە ئەدرێ بە شاندا.

نێسۆسی مرۆڤی کوڕی پیرە ئادەم تووڕ دات.[(٤٩٨)]

لێرەدا ڕووبەڕووی ئافراندنی پێرسۆنا نەبووینەتەوە؛ ململانێی دەروونی کەسایەتییەکان، قۆناغەکانی جیاوازی کێشەیان لەگەڵ فریشتەکانی پەروەردگار، هەرگیز نموودی دەرەکی پەیدا ناکات. ئەوەی ئەیبینین زیاتر کۆبوونەوە و چڕبوونەوەی ئازارە، ژانی بەئازار و بەردەوامی منالبوونە، پێچ و خولی مارێک کە خەریکە کراژ ئەخات. لە ڕاستیدا ئەتوانین بڵێین **برێسۆن** پێرسۆناکانی لە بەرچاوی ئێمە ڕووت ئەکاتەوە.

ئەگەر ئەزموون و لێکدانەوەی دەروونناسانە بخەینە لاوە، ئەم فیلمە ئەکەوێتە دەرەوەی بابەتی دراماتیکی باوەوە. بەردەوامی ڕووداوەکان بە گوێرەی ڕێسای ئاسایی درامانووسی دانەڕێژراوە تا ئەو هەڵچوون و هەژانانە بمانبەن بۆ لووتکەیەکی دڵکاو. ڕووداوەکان بە گوێرەی سیستەمی پێداویستی بە دوای یەکدا دێن، بەڵام لە چوارچێوەی ڕووداوی ڕێکەوت دان. کردەوەی ڕێکەوت و کاردای هاوسات لێک ئاڵۆزاون. هەر ساتێکی فیلمەکە، هەر دیمەنێکی، بە هەمان ئەندازە کە سروشتی خۆیا ئەکات، لایەنی پێداویستیشی تێدایە. هەموو ساتەکان بەرەو یەک ئاراستەن، بەڵام بە جیاواز. وەکوو شەبەنگی خاکەبڕبەند کە بۆ لای مەگناتیس

٤٩٨ـ لەم ڕستەدا نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لە کورتبێژی بازن ئەبینین، کە لە دەستەواژەیەکی وەسپیدا دوو ئەفسانەی عیسایی و ناعیسایی موتوربە کردووە. نێسۆس Nessusی ئەسپادەم، تەرگەیەکی ژەهراوی دا بە دێیانیرا Deinira هاوسەری هێراکلس و ئەو دڵنەخواز بوو بە هۆی مەرگی هاوسەرەکەی. هێراکلسیش لە تۆڵەی ئەم مەرگە، بە دەستی خۆی نێسۆس ئەکوژێ. تێبینی: هیو گرەی.

ڕاکێشراون. ئەگەر ئەم فیلمە بە تراجێدیا دائەنێین، مەبەست واتای پێچەوانەیە. چونکە لێرەدا ئەتوانین تەنها دەربارەی تراجێدیای دڵخواز بدوێین. لوتکەی جیهانی **بێرنانۆس-برێسۆن**، لوتکەی باڵای چارەنووس نییە، لەو چەشنەی کە پێشینیان بۆی چووبوون. جگە لەوە، لوتکەی **تراجێدیای ڕاسینی**ش نییە، واتە ئەو شتەی کە هەرکاممان ئازادین پشتی تێبکەین.

لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر بەردەوامی ڕووداوەکان و کارایی هۆیی کەسایەتییەکان بە ڕواڵەت هەمان ئەندازە سەقامگیر خۆیا ئەکات، کە لە پێکهاتەی دراماتیکی نەریتیدا هەیە، لەبەر ئەوەیە کە ئەم کەسایەتییانە خەریکن بە یەک شێواز، بە یەک شێوازی پێشگۆیی (کە ڕەنگە بە بتوانین بە «پاتەکردنەوەی» **کیەرکەگۆری**[٤٩٩] دای بنێین)، وەڵام ئەدەنەوە؛ شێوازێک کە بە هەمان ئەندازە لەگەڵ چارەگەرایی جیاوازە، کە هۆکارگەری لە شێوازی لێکچواندن.

مەلەزەی بەردەوامی ڕووداوەکان هەمان مەلەزەی تراجێدیا بە واتای باو نییە، بەڵکوو مەلەزەی شینگێڕی عیسایە لە سەدەی ناونجی، یان بەر لەو، مەلەزەی قۆناغەکانی لەخاچدان[٥٠٠]، کە ئەتوانین هەر بەشێکی فیلم بە قۆناغێکی دابنێین. کلیلی ئەم خاڵە

٤٩٩ـ پاتەکردنەوەی کیەرکەگۆری: Kierkegaardian repetition چەمکێکە لە ئیگزیستیانسیالیزمی ئایینی کیەرکەگۆر، بە واتای بەدەستهێناوەی شتی لەدەستچوو. تا ڕادەیەک وەکوو ڕوانگەی پلۆتۆیە کە ڕاستەقینە بە «بیرهێنانەوە recollection» ئەزانێ، بەڵام ئاقاریان جیاوازە. بیرهێنانەوە ڕووی لە ڕابوردووە و پاتەکردنەوە ڕووی لە ئایندەیە. تێبینی: هیو گرەی

٥٠٠ـ قۆناغەکانی لەخاچدن: Way of the Cross چواردە وێنەی قۆناغەکانی لەخاچدانی عیسا پیشان ئەدەن. ڤیا دۆلۆرۆزا گۆلگەتا

لە گفتوگۆی دوو قەشە لە کەپرەکە دایە، ئەو کاتەی قەشە ئەمبریکۆ ئەڵێ کێوی زەیتوون[٥٠١] هەناوی ڕاکێشاوە: «ئایە ئەوەندە بەس نییە کە پەروەردگار ئەو مێهرەبانییەی لەگەڵ نواندووم تاکوو ئەمڕۆ بە گوتەکانی مامۆستای پیرم لەوە تێبگەم هیچ شتێک لە هەموو وەرچاوەنددا ناتوانێ لەو پێگەی لەم جیهانە بێ سەرەتا و کۆتاییەدا هەڵم بژاردووە، جیام بکاتەوە. ئایە ئەوە مێهربانی ئەو نییە کە زانیمە من زیندانی ڕەنجی پیرۆزی ئەو بووم؟»



مەرگ، پایانێکی لەپێشەوە بڕیاردراو بۆ دوا ئازارمان نییە، بەڵکوو بەرەنجامەکەی چەشنێک ڕزگارییە. بەمجۆرە تێئەگەین کردەوەکانی قەشە ئەمبریکۆ وەڵامی کام ویستی خوداوەندی و کام ڕیتمی مینەوی ڕەنج و ئازار ئەداتەوە. کردەوەکانی ئەو، دەرکەوتنی دەرەکی ئازاری دەروونییە. لە هەر قۆناغێکدا ئەتوانین بەراوردی لەگەڵ عیسا ببینین، کە لە کۆتایی فیلمەکەدا ژمارەیان

٥٠١ـ کێوی زەیتوون: Mount of Olives زنجیرە کێوێکە لە ڕۆژهەڵای ئۆرشەلیم، گوایە باخی جەتسیمانی لێ بووە کە عیسا لەو شەوەی یەهوودا دای بەدەست ڕۆمییەکانەوە، دوا شێوی لەگەڵ یارانی لەوێ خواردووە.عەع



زیدا ئەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەتوانین بەبێ وردبوونەوە بە سەریاندا تێپەڕین. بۆ نموونە دوو جار فێ لێهاتن بەشەو؛ کەوتن لەناو قور و چڵپاوەکە؛ ڕشانەوەی خوێن و شەراب ــ کە هەم سەنتێزێکی سەرنجڕاکێشن لە بەراوردی کاریگەر لەگەڵ کەوتنی عیسا، خوێنی تەمەرە، کەیکی سفەنجی و سرکەی سەری و، تفی چەپەڵ و، لەمەش زیاتر. لەبری **دەسڕی ڤێرۆنیکا**[٥٠٢] جلی **سەرافیتا**[٥٠٣] دانراوە و؛ سەرەنجام، مەرگ لە ناو بۆتکەی ددانپێدانان ــ چەشنێک گۆلگەتایە که تەنانەت «دزی» باش و خراپیش هەیە.

ئێستاش دەسبەجێ ئەم بەراوردە ئەخەینە لاوە، چونکە ژماردنی ئەوانە بە ناچار هەڵخڕێنەرن. گرنگی جوانیناسی ئەوانە لە بەهای مینەویانەوە سەرچاوە ئەگرن، بەڵام ڕوونکردنەوەی هەردووکیان زۆر دژوارە. برێسۆنیش وەکوو بێرنانۆس لە هەر چەشنە هاوهۆنی[٥٠٤] ئاشکرا خۆی لائەدات و، هیچکام لە

---

٥٠٢ـ دەسڕی ڤێرۆنیکا: veil of Veronica کاتی بردنی عیسا بەرەو خاچ، ژنێک بە ناوی ڤێرۆنیکا، دەسڕێک ئەدا بە عیسا تا لێزکی ڕوخساری بسڕێتەوە. وەک ئەگێڕنەوە و لە باوەڕی ئایینی فەلەدا هەیە، نەخشی ڕوخساری عیسا بە دەسڕەکەوە ئەمێنێتەوە.

٥٠٣ـ سێرافیتا: Séraphîta ڕۆمانێکی ناندرێ بالزاکەساڵی ١٨٣٤ بڵاو کراوەتەوە. ڕووداوەکە لە وڵاتی نەرویج لای سترۆمفیوورد ڕوو ئەدات. پێچەوانەی زۆربەی بەرهەمە ڕیالیستییەکانی باڵزاک، ڕۆمانی سێرافیتای ئادرۆجین، وێناکردنی تەوەری فەلسەفی و بانسروشتییە.

٥٠٤ـ هاوهۆنی: Pun دوو یان چەند وشەی یەکسان لە دێڕێکدا ع د جناس.

دۆخەکان، هەرچەند لێکچوونیان لەگەڵ ئینجیل ئاشکرایە، تەنها بۆ ئەو لێکچوونە بەدی نەهێنراون. هەر دیمەنێک، واتای ژیاننامەیی و تاکەکەسی خۆی هەیە. لێکچوونی فیلم لە چیرۆکی عیسا، پاشتر دێ بە ئەندێشەدا. ئەویش کاتێک کە لە ئاستێکی باڵاتری بەراورد دائەنرێ. بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بڵێین ژیانی قەشە ئەمبریکۆ لاساییکردنەوە لەو نموونە ئایینییەیە، بەڵکوو زیاتر چەشنێک پاتە و وێناگرتنی ئەو ژیانەیە. هەرکام خاچی خۆی هەیە و هەر خاچێک لەگەڵ ئەوی تر جیاوازە، بەڵام هەموویان «خاچی بەدبەختی»ن. لێزکی تەوێڵی قەشە، لێزکێکی خوێناوییە.

بەم پێیە، ڕەنگە بۆ یەکەم جار، سینەما فیلمێکی پێشکەش کردووە کە تێیدا ڕووداوە ناوازەکان، تەنها جووڵەی گەیەنەر تێیدا، کاردا و جووڵانی زیندوێتی گیانە و؛ فیلمەکە تەنها ئەمە نییە، بەڵکوو چەشنێک قاڵبی دراماتیکی نوێی پێشکەش کردووە کە بە تایبەت دینییە ـ یان تەنانەت لەوە زیاتر، بە تایبەت مینەوییە؛ چەشنێک دیاردەناسی ڕزگاری و ڕێژەنە.

شایانی گوتنە کە **برێسۆن** بە بچووکدانانی توخمی دەروونناسانە و بە لانیکەم ڕاگرتنی توخمی دراماتیک، ڕووبەڕووی دوو جۆر ڕیالیزمی سۆلان بووەتەوە. لە لایەکەوە، وەک بینیمان ڕوخساری ڕواڵەتی ئەکتەرە، بەتاڵ لە هەر چەشنە دەربڕینی نموودی کە تەنها پێستەیەکی ڕواڵەتییە و لە ژینگەیەک دایە بە دوور لە هەر چەشنە دەستکرد؛ لە لایەکی ترەوە شتێکە کە ئەبێ بە «ڕۆژەڤی نووسراو» ناوی ببەین. لە ڕاستیدا، ئەمگداری **برێسۆن** بە دەقی **بێرنانۆس** و، خۆلادانی، بە واتای ئەوەیە کە نەتەنها ژێوەرگرتنی

کردووە، بەڵکوو نیگەرانی ناکۆکنمای ئەو سەبارەت بە تایبەتمەندی وێژەیی بەرهەمەکە، خۆی بەشێک لە هەمان ڕوانگەی لە پێشەوە دیاریکراوە، سەبارەت بە ڕۆڵبینینی ئەکتەرەکان و هەڵبژاردنی شوێن و شێواز. **برێسۆن** بە هەمان شێوە لەگەڵ ڕۆمان ئەجووڵێتەوە کە لەگەڵ کەسایەتییەکانی. ڕۆمان، ڕاستییەکی مسۆگەرە، ڕاستییەکە بە هەمان شێوەی کە هەیە ئەبێ پەژێرەی بکەین. نابێ تێبکۆشین لەگەڵ هەلومەرجی دیار و ئامادە بیگونجێنین، نابێ دەستکاری بکرێ تا بەم نیازە تێپەڕە، کە شتێک ڕوون بکاتەوە، هەماهەنگ بکرێ. بەڵکوو بە پێچەوانە ئەبێ دارماڵ بە هەمان شێوە کە هەیە وەربگیرێت. بەم هۆیەوە، برێسۆن هەرگیز دەقەکە ناگووشێ و کورتی ناکاتەوە، بەڵکوو هەندێ بەشی لە لائەبات. لەئەنجامدا، ئەوەی ئەمێنێتەوە بەشێک لە دەقەکەیە. بە هەمان شێوە کە پارچەیەک لە مەڕمەڕی بەردچنیش هەر مەڕمەڕە. وشەکانی فیلمیش هێشتا بەشێک لە ڕۆمانن. هەڵبەت، جەختکردنی ناسک لەسەر تایبەتمەندی وێژەیی ئەوانە ئەتوانین بە چەشنێک کڕکاشی شێوەسازی هونەری بزانین کە ڕێک خاڵی بەرامبەر بە ڕیالیزمە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە لەم نموونەیەدا هەمان ناوەرۆکی وەسپی دەق نییە، جا چ لایەنی ڕەوشتی و چ لایەنی ئاوەزی ــ بەڵکوو خودی دەقە، یان باشترە بڵێین خودی شێوازەکەیە. ئاشکرایە ئەو ڕۆژەڤەی لە ڤۆناغێکی ڕۆمانەکە وەرگیراوە و ئەو ڕۆژەڤەی کامێرا ڕاستەوخۆ تۆماری ئەکات، ناتوانن پێکەوە موتەربە ببن یان پێکەوە گەشە بکەن یان ببن بە یەک. بە پێچەوانە، ئەو کاریگەرییەی لە پێکەوە دانانی ئەوانە بەدەست دێت، جیاوازییەکەیان مسۆگەر




ئەکات. ئەم دوو ڕۆژەڤە، شانبەشان، هەرکام بە ئامێری خۆیان و لە زەمینی خۆیاندا و بە شێوازی خۆیان ڕۆڵی خۆی ئەنوێنێ. بەڵام بێگومان **برێسۆن** هەر بەم جیاکردنەوەیە لەو توخمانەدا کە بە هۆی لێکچوونەوە لێک ئەچن، توانیوێتی نموونەی ڕێکەوت لابەرێت. ئەم دوو شێوازە جیاوازەی ڕووداوکان کە هاوکات سەردەرئەهێنن، کاتێک لەسەر پەردەی سینەما ئەکەونە سەریەک، چەشنێک ناکۆکی هەبوونگەرایی بەدی ئەهێنن. ئەوسا دەرئەکەوێ کە تەنها لایەنێکی هاوبەشیان هەیە ــ گیان.

هەر ئەکتەرێک گوتەی ئەکتەرەکانی تر ئەڵێتەوە و خودی جیاوازی نێوان گوتەیان، گەوهەری بێژەیان، شێوازیان و ئەو کەمتەرخەمییەی کە بە ڕاستی بەسەر پەیوەندی ئەکتەر و دەق و وشە یان وێنەدا زاڵە، بەهێزترین هۆکاری هاودەستی و هاوکاری ئەوانە. ئەم زمانەی کە لێوی مرۆڤ ناتوانێ بیانلێ، ناچار لە گیان و هەناوەوە سەرچاوە ئەگرێ.

لەوە ناچێ لە هەموو سینەمای فەڕانسە و تەنانەت هەموو وێژەی فەڕانسەدا بتوانین دیمەنی ناوازەی وەکوو دیمەنی نێوان قەشە و کۆنتێس بدۆزینەوە. جوانی ئەم دیمەنە لە لە نواندنی ئەکتەر یان بەهای دەروونناسانە و دراماتیکی گفتوگۆکان یان لە واتای پێوار و دەروونییەوە سەرچاوە ناگرێ. گفتوگۆی ڕاستەقینە کە مشتومڕی نێوان قەشەی بەگوڕ و گیانێکی نائومێد ئاشکرا ئەکات، وەسپ ناکرێ. زرینگەی بەهێزی شمشێربازی مینەویان لە






چاوی ئێمە شاراوەیە. وشەکانیان پزیسکەی بەخشین ڕائەگەیەنێ یان ڕێگەی بۆ ئەکاتەوە. واتە لێرەدا ڕەوتی وشەکان بەو شێوە نییە کە بە زۆری لە گفتوگۆکاندا ڕوو ئەدات، لە کاتێکدا کە توندوتیژی لە ڕادە بەدەر پەرەئەستێن و، خامۆشی کۆتاییەکەی ئەم باوەڕەمان تێدا بەدی ئەهێنێ کە گۆڤانی بەختەوەری لاسامەیەکی بانسروشتی بووین. خودی وشەکان زۆر قورسن، زایەڵەی بێدەنگین کە هەمانا گفتوگۆی نێوان دوو گیانە؛ ئاماژەیەک بە ڕازی ئەوانە و؛ ئەگەر بکرێ بڵێین، ئەو دیوی سکەی «ڕوخساری خوداوەندی»یە. پاشان کە قەشە نایەوێ بە دەرخستنی نامەی کۆنتێس داکۆکی لە خۆی بکات، لە پێناوی خۆشەویستی مرۆڤ یان ڕەنجخوازی نییە، بەڵکوو زیاتر لەبەر ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەکی بەرهەست ئەوەندە بایەخی نییە لە داکۆکی یان تاوانەکەیدا نەخشێکی هەبێ. بەڵگەی کۆنتێس لە خۆیدا گرنگتر لە بەڵگەی شانتال نییە و، هیچکامیان بۆیان نییە خوا بگرن بە گۆڤان.

هونەری دەرهێنەری **برێسۆن** ناتوانرێ بە باشی دادوەری بکرێ، مەگەر لە ئاستی ویستی جوانناسانەیدا. هەرچەند ڕەنگە تا ئێرە بە ئەندازەی پێویست لەو ویستە نەکۆڵاوینەتەوە. لەگەڵ ئەوەش، بۆی هەیە ناکۆکنمایی فیلمەکە ئێستە ئاشکراتر بووبێ. لە ڕاستیدا، یەکەم جار **مێلویل**(٥٠٥) بوو لە فیلمی **بێدەنگی زەریا**(٥٠٦)

---

٥٠٥ـ مێلڤیل: Jean-Pierre Melville (١٩١٧ـ١٩٧٣) فیلمساز و ئەکتەری فەڕانسەیی. چالاکڤانی هێزی بەرگری لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم.

٥٠٦ـ بێدەنگی زەریا: Silence de la mer فیلمی سینەمایی ١٩٤٩ دەرهێنانی




دەقەکەی لە بەرامبەر وێنەدا دانا. پێویستە بگوترێ سۆنگەی ئەویش وازی ئەمەگداری بە دەق بوو. بەڵام پێکهاتەی خودی پەرتووکەکەی **ڤێرکۆرس**یش[٥٠٧] نائاسایی بوو. برێسۆن لە فیلمی **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** لە ئەزموونی ژان–پیەر مێلڤێل تێپەڕیوە و پیشانی داوە ڕەسەنایەتی ئەم ئەزموونە چەندە دەستەبەرکراو بووە و **برێسۆن** ئەو ئەزموونەی گەیاندووەتە ئەنجامی کۆتاییەکەی.

ئایە «یاداشتەکان» فیلمی بێدەنگە بە نێواننووسی دەنگدارەوە؟ هەر وەک بینیمان، وشەی بێژەکراو وەک بەشێکی ڕیالیستی ناچێتە ناو وێنەکەوە. تەنانەت کاتێک ئەشوترێ، زیاتر دارەتی لەبەر خوێندنەوەی ئۆپێرایی هەیە. لە نیگای یەکەمدا، فیلمەکە لە دوو شت پێکهاتووە؛ لە لایەکەوە، دەقی کورتکراوی ڕۆمان و لە لایەکی ترەوە، ئەو وێنانەی کە نایانەوی هەرگیز جێگەی دەق بگرنەوە. لە هەر شوێنێک ئەوترێن نابینرێن، چما شتێک نین کە هەم ببینرێن و هەم بگوترێن. لە بەدترین دارەتدا، بە سەرنجێکی ئەرێنی ڕەخنەگرانە ئەتوانین بڵێین **برێسۆن** ڕایشتێکی وێنەداری ڕادیۆفۆنیک و، نە کەمتری، لە جێگەی ڕۆمانەکەی **بێرنانۆس** داناوە.

بەم پێیە، ئەگەر بڕیار بێ بچینە بنجوبناوانی ڕەسەنایەتی و بوێری **برێسۆن**، ئەبێ لەم گەندەڵییە ڕواڵەتییەی هونەری سینەماوە

---

ژان ـ پیەر مێلڤیل، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی **١٩٤٢**ی فێرکۆرس Vercours.

**٥٠٧ـ** فێرکۆرس: Vercors (**١٩٠٢ ـ ١٩٩١**) نازناوی ڕۆماننووسی فەڕانسەیی ژان برۆلەر Jean Bruller.




دەست پێ بکەین.

بە پلەی یەکەم، ئەگەر **برێسۆن** «ئەگەڕێتەوە» بۆ فیلمی بێدەنگ، ئەرخایەن، سەرەڕای فراوانی درشتنمایی[٥٠٨]، لەبەر ئەوە نییە ئەیەوێ دیسانەوە بچێتەوە بۆ ئێکسپرشنیزمی شانۆیی ــ کە چەشنێک بێتوانایییە ــ بەڵکوو ئەیەوێ پلەی ڕوومەتی مرۆیی، بە هەمان شێوەی **شترۆهایم** و **درەیەر** تێگەیشتبوون، سەرلەنوێ بدۆزێتەوە. ئێستە ئەگەر یەک دانە و تەنها یەک تایبەتمەندی فیلمی بێدەنگ هەبێ کە لە بنەمادا نەتوانێ لەگەڵ دەنگ سازگار بێ، ئەویش ناسکی سینتاکسی مۆنتاژ و دەربڕین لە نواندن دایە؛ واتە هەمان ئەو شتەی بە کردەوە لە کێماسی فیلمی بێدەنگەوە سەرچاوە ئەگرێ. بەڵام هەموو فیلمە بێدەنگەکان وا نین. کەلیلانی ئەو بێدەنگییەی بەدیهێنەری ناسکی چەشنێک سەمبۆلیزمی وێنایی بووە، ئەو بەناو پێشکەوتنە وێنەیییە بێهۆ لەگەڵ کاری سەرەکی سینەما ــ کە پێشکەوتنی لایەنی بابەتییە ــ تێکەڵ ئەکات. نەبوونی قەراخی دەنگی لە فیلمی **چەکووس**، **نۆسفراتۆ** یان **سۆزی ژاندارک**، واتایەکی دارماڵ جیاوازیان هەیە لەگەڵ فیلمی وەکوو **کالیگەری**، **نیبلۆنگ** یان **ئێلدۆرادۆ**[٥٠٩]. بێدەنگی لە فیلمەکانی دوایيدا چەشنێک کێماسی و ناکامییە، نەک بناغەی تەشکێکی دەربڕین. فیلمەکانی دەستەی

---

٥٠٨ـ درشتنمایی: close_up وێنە، فیلم، یان ڤیدیۆیەک لە مەودای نزیکەوە گیرابێ و بابەتەکە بە قەبارەیەکی گەورە پیشان بدات.

٥٠٩ـ ئێلدۆرادۆ: Eldorado فیلمی سینەمایی ١٩٦٦ی هاوارد فاکس.

یەکەم سەرەڕای بێدەنگییان هەن، نە بە هۆی بێدەنگییانەوە. لەم ڕوانگەیەوە، داهێنانی قەراخی دەنگی تەنها دیاردەیەکی ڕێکەوتی زانستییە، نە بەو شێوەی کە ئەڵێن شۆڕشێکی جوانناسانەیە. زمانی فیلم، وەکوو زمانی ئەفسانەکانی **ئیزۆپ**[٥١٠] پێوارە و سەرەڕای ئەوەی بە ڕواڵەت ئەبینرێ، مێژووی سینەما پێش و دوای ١٩٢٨ بەردەوامییەکی نەپچڕاوی هەیە. ئەمە چیرۆکی پەیوەندی نێوان ئێکسپرشنیزم و ڕیالیزمە. دەنگ بۆ ماوەیەک خەریک بوو ئێکسپرشنیزم لەناو ببات، بەڵام پاشان لەگەڵی گونجا بوو. بەڵام لە لایەکی ترەوە، دەنگ وەکوو بەشی ڕاستەوخۆی گەشەکردنی بێپسانەوەی ڕیالیزمی لێهات.

سەیر ئەوەیە ئەمڕۆ ئەبێ بۆ ژیانەوەی ئەو سەمبۆلیزمە دێرسە لە شانۆییترین و پڕ گفتوگۆترین شێوەکانی فیلمی دەنگداردا بگەڕێین. ڕیالیزمی پێش خولی دەنگدار کە لە فیلمەکانی **شترۆهەیم**دا ئەبینرا، بە کردەوە ئیتر درێژەی پەیدا نەکرد. ئێستە ئاشکرایە کردەوەی **برێسۆن** تا ڕادەیەک پەیوەندی بە کاری **شترۆهەیم** و ژان ڕێنوارەوە هەیە. ئەم جیاکردنەوەی دەنگ و وێنە جگە بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ لە جوانناسی ڕیالیستی دەنگ، ناتوانین بە شێوەیەکی شیانست تێبگەین. هەڵەیە ئەگەر دەنگ بە ڕوونکردنەوەی دەق یان بە شرۆڤەی بزانین. ئێمە بە گوێرەی هەستمان دەنگ و وێنە لەیەک بەجیا ئەزانین و ئەوەی ئەم گومانە پەرە پێئەدات، لێچوونی ئەوانە. ئەم هاوتەرییبیە، هێشتاش ناکۆکی **برێسۆنی** نێوان ئەبسترە

---

٥١٠ـ ئیزۆپ: Aesop نووسەری یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زاین، نووسەری ئەفسانەکانی ئیزۆپ.

و ڕۆژەڤ ڕائەگرێ و، بە هۆیەوە تەنها لەگەڵ یەک سەرکەوتن ڕووبەڕوو ئەبینەوە ــ ڕاستەقینەی گیانی مرۆڤ. **برێسۆن** بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێتەوە بۆ ئێکسپرشنیزمی فیلمی بێدەنگ، بەڵکوو یەکێک لە بەشەکانی ڕۆژەڤ لا ئەبات تا بتوانێت دووبارە، بە چەشنێک شێوازسازی وشیارانە لە **قەراخی دەنگی** و تا ڕادەیەک جیا لە وێنە، دروستی بکاتەوە. بە گوتەیەکی تر، وا دەرئەکەوێ گوایە تۆماری کۆتایی دەنگ تەنها بریتی لە دوو شت بووە: یەکیان ئەو دەنگەی ڕاستەوخۆ و ئەمەگدارانە و وردبینانە تۆمار کراوە و، یەکیان ئەو دەقەی کە پاشتر لەسەر بناغەی دەنگی هاوسان، هاوکات کراوە. بەڵام، بە هەمان شێوە کە دەرمان خست، ئەم دەقە خۆی ڕاستەقینەیەکی دووەمی، چەشنێک «ڕۆژەڤی مسۆگەری جوانناسانە»یە. ڕیالیزمی ئەم دەقە شێوازەکەیەتی، لە کاتێکدا شێوازی وێنە لە پلەی یەکەمدا ڕۆژەڤەکەیەتی و، شێوازی خودی فیلم ڕێک ناکۆکی نێوان ئەم دوانەیە.

**برێسۆن** یەک جار و بۆ هەمیشە ئەم گوتە بێهوودەی ڕەخنەگران بێبایەخ ئەکات کە ئەڵێن دەنگ و وێنە نابێ پاتەی یەکدی بن. بە پێچەوانە، گیراترین ساتەکانی فیلم ئەوانەن کە دەنگ و وێنە هەردووکیان یەک شت ئەڵێن. هەڵبەت هەرکام بە شێوەی خۆی. دەنگ هەرگیز لە خزمەتی دارماڵکردنی ڕوانگەکانی ئێمەدا نییە، بەڵکوو بەهێزی ئەکات، بە هەمان شێوە کە کاسەی دەنگی کەمان، لەرینەوەی ژێکان بەهێز ئاکات. بەڵام ئەم مێتافۆرە لە ڕوانگەی دیالکتیکەوە نەشیاوە، چونکە ئەو بەهێزکردنە وەها نییە کە ئەندێشە بە شتێکی ئەوتۆی ببینێ. وەک ئەوەی کە جار

هەیە ڕەنگێکی دروست لەگەڵ نیگارێک نایەتەوە. لێرەدا، ڕووداو واتای ڕاستەقینەی لە قەراخ بەدەست ئەهێنێ. هۆکەی ئەوەیە ئەم فیلمە لە بنەڕەتا لەسە ئەو پەیوەندییە دامەزراوە، کە لە کۆتایی فیلمەکە، وێنەکان ئەو هێزە هەستیارە پەیدا ئەکەن. بێهوودەیە ئەگەر بمانەوێ جوانی سەمەرە تەنها لەو شتەدا بدۆزینەوە کە دیارە. دڵنیا نیم بتوانین فیلمێکی تر بدۆزینەوە کە قاپی جیاوازی وێنەکانی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بن. نەبوونی پێکهاتەی وێنایی تێیاندا و دارەتی وەستاو و ناشیانەی ئەکتەرەکان، بینەر سەبارەت بە بایەخی ئەوانە لە گشتی فیلمەکە بەهەڵەدا ئەبات. جگە لەوەش، ئەم پەرەسەندنەی باندۆر بە هۆی ئێدیتەوە نییە. بایەخی هەر وێنەیەک پەیوەندی بە وێنەکانی پێش و دوای خۆی نییە. بەڵکوو وێنەکان چەشنێک وزەی ئادار بەدی ئەهێنن، وەکوو پەڕە هاوتەریبەکانی بارگەگرێک[٥١١]. ئەم وزە و قەراخی دەنگی فیلم لە ڕوانگەی توانایی جوانناسانە ئەوەندە جیاوازن کە کاردایەکی کوشندە بەدی ئەهێنن. بەمجۆرە، پەیوەندی وێنە و دەق بەرەو لوتکەی خۆی ئەڕوات، لە کاتێکدا کە باڵادەستی بە دووەمییە. کەواتە، زۆر ئاساییە کاتێک لۆجیکێکی ئەوەندە بەهێز باڵادەستە، وێنە ئیتر ناتوانێت شتێکی ئەوتۆ پێشکەش بکات و ئەبێ خۆی ون بکات. بینەر هەنگاو بە هەنگاو بەروە ئەم ونبوونەی هەستەکان ڕاکێش ئەبێ کە تەنها دەرکە وتەکەی ڕووناکییەکەیە لەسەر پەردەی سینەما.

---

٥١١ـ بارگەگر: condenser جۆرێکە لە capacitor، ئامێرێکە بۆ هەڵگرتنی بارگەی کارەبایی [ع] مکثف [د] خازن.

ئەمە ئەو شوێنەیە کە فیلمی بەناو بێدەنگ و ڕیالیزمە باڵاکەی بە لای ونکردنی وێنە و جێگرکردنی لە جیاتی دەق ئەڕۆن. بەڵام لێرەدا خەریکین جۆرێک جوانناسی نکۆڵی نەکراو، چەشنێک دەسکەوتی باڵای سینەمای سۆلان تاقی ئەکەینەوە، بە هەمان شێوە کە پەڕەی سپی **مالارمە**[٥١٢] و بێدەنگی **ڕەمبۆ**[٥١٣] باڵاترین قۆناغی زمانە، پەردەی بەتاڵ لە وێنە و گەڕانەوە بۆ لای وێژەش سەرکەوتنی ڕیالیزمی سینەماییە. خاچی ڕەش لەسەر پەردەی سپی، کە وەکوو خاچەکانی سەر پەڕە ئاساییەکانی پرسەنامەی مردوان لارولەوێر کێشراوە، تەنها بەرهەمێکە «بەرزبوونەوە»ی[٥١٤] وێنەیەک بەجێی هێشتووە و گۆڤانی ئەو شتەیە کە ڕاستیەکەی جگە لە یەک هێما نییە.

بە فیلمی **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** ژێوەرگرتنی سینەمایی ئەگاتە قۆناغێکی تازە. تا ئێستە، سینەما ویستوویەتی بە وەرگێڕانی جوانناسی ڕۆمان بە ڕمانێکی تر، جێگەی بگرێتەوە. تا ئێستە ئەمەگداری بە دەق بە واتای ڕێزدانان بۆ گیانی ڕۆمان بووە، بەڵام ئەبوایە هاوتاکانی بدوزێتەوە. واتە ئەبوا پێداویستی دراماتیکی شانۆ یان کاریگەری ڕاستەوخۆی سینەمایشیان لە بەرچاو بگرتایەت. بە داخەوە، ڕێسای باو بەردەوام ئەمە ئەبێ کە ئەم لایەنانە لە بەرچاو بگرن. بەڵام ئەبێ لە بەرچاومان بێ هۆکاری باشی فیلمی

**٥١٢ـ** مالارمە: Stéphane Mallarmé (**١٨٤٢ـ١٨٩٨**) هۆنەر و وەرگێڕی فەڕانسەیی، لایەنگری هونەر بۆ هونەر و لەگەڵ پارناسییەکان ئەینووسێ.

**٥١٣ـ** ڕەمبۆ: Arthur Rimbaud (**١٨٥٤ـ١٨٩١**) ئارسر ڕەمبۆ هۆنەری فەڕانسەیی، زۆرترین کاریگەری لەسەر وێژە و هونەری مۆدێرن هەبوو.

**٥١٤ـ** بەرزبوونەوە: assumption لە ئایینی فەلە ئاماژەیە بە بەرزبوونەوەی مەریەمی پاکیزە بۆ ئاسمان و بڕوای چوونی مریەم بۆ بەهەشت.





**ئەهریمەن لە جەستە** و **سەمفۆنی گوندیش** هەر ئەم لایەنانە بوو. بەویژدانانەترین بۆچوون لەمەڕ ئەم جۆرە فیلمانە ئەڵێ ئەوانە بە ئەندازەی ئەو پەرتووکانەی لێیان وەرگیراون، باشن.

لە پەراوێزی ئەم ڕێسایەدا ئەبێ بڵێم ژێوەرگرتنی ئازادی هەندێ پەرتووکیش هەیە، وەک ئەوەی ڕێنوار لە فیلمی **گەڕان لە هەوار** یان **مەدام بۆڤاری** کردوویەتی. لەم نموونانەدا، پرسەکە بە شێوەیەکی تر چارە کراوە. بەو واتایە کە دەقی سەرەکی سەرچاوەی سرووشی فیلم بووە. لێرەدا ئەمەگداری بە دەق، لێکچوونی خودی فیلمساز و ڕۆماننووسە، چەشنێک لێکگەیشتنی قووڵە. لەم نموونانەدا، فیلم لەبری ئەوەی خۆی بە جێگرەوەی دەق پیشان بدات، ئەیەوێ لە تەنیشت پەرتووکەکە ڕاوەستێ ــ تا لەگەڵی جووت ببێ، وەک ئەستێرانی جمک. ئەم گریمانە، کە تەنها لەو شوێنەی بلیمەتی هەبێ، کەڵکی هەیە، بەرپەرچی ئەو دەرەتانە ناداتەوە کە هەندێ جار فیلم ئەتوانێ دەسکەوتێکی مەزنتر لە بەرژەنگێکی وێژەیی بێت، وەک فیلمی **ڕووبار**[٥١٥] بەرهەمی ڕێنوار.

لەگەڵ ئەوەش، فیلمی **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** شتێکی ترە. لەم فیلمەدا ناکۆکی نێوان ئەمەگداری و ئافراندنی دووبارە ئەتوانین لە لێکدانەوەی کۆتاییدا، بۆ ناکۆکی نێوان سینەما و وێژە دابەزێنین. لێرەدا، ئاریشە وەرگێڕان نییە، گرنگ نییە فیلم

---

٥١٥ـ ڕووبار: The River فیلمی سینەمایی ١٩٥١ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ژان ڕێنوار، بە هاوکاری دەرهێنەر ساتیاجیت ڕەی، لە هێند دەرهێنرا.





چەندە ئەمەگداری دەقە یان چەندە ژیرانەیە. هەروەها پرسگر سرووشی ئازاد بە مەبەستی دروستکردنی نموونەیەکی هاوشێوە لە ئارادا نییە، بەڵکوو بڕیارە بناغەیەکی تر دابڕێژرێ کە بنەمای ڕۆمان بێ. بە هیچ شێوەیە ناتوانین فیلم لەگەڵ ڕۆمان «بەراورد» بکەین یان بڵێین «شیاوی» ئەوەیە یان نییە. بەڵکوو ئافراندنی جوانناسییەکی تازەیە، واتە ڕۆمان لە ڕێگەی سینەماوە فرە کراوە و بەهێز بووە.

تەنها شێوازی بەراوردکاری کە هەندێ نموونەمان هەیە، ئەو فیلمانەن لەسەر تابلۆی شێوەکاری دروست کراون. **لۆچیانۆ ئێمێر**[٥١٦] یان **ئالێن ڕێنێ**[٥١٧] بە بەرهەمی سەرەکی ئەمەگدار بوون. کەرەستەی خاویان تابلۆی شێوەکارییە کە خۆی لە پێشەوە گەشەی کردووە و گەیشتووەتە لوتکە. ئەو ڕۆژەڤەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە بابەتی تابلۆ نییە، بەڵکوو خودی تابلۆکەیە، بە هەمان شێوە، کە دەقی ڕۆمان بۆ **برێسۆن** ڕاستەقینەیە. بەڵام ئەمەگداری **ئالێن ڕێنێ** بە **ڤەن گۆک**[٥١٨] شتێک نییە جگە لە مەرجی هاوژینی سینەما و شێوەکاری. بۆیەشە بە زۆری شێوەکاران ناتوانن لە گشتی ئەم شێوازە تێبگەن. ئەگەر ئەم فیلمانە بە ئامرازێکی[٥١٩] هۆشمەند

---

٥١٦ـ لۆچیانۆ ئێمێر: Luciano Emmer (١٩١٨ـ٢٠٠٩) دەرهێنەری ئیتالیایی.
٥١٧ـ ئالێن ڕێنێ: Alain Resnais (١٩٢٢ـ٢١٤) دەرهێنەری فەڕانسەیی.
٥١٨ـ ڤەن گۆک: Van Gogh فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٨، دەرهێنانی ئالێن ڕێنێ.
٥١٩ـ ئامراز: tool هێسنێکە بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەت یارمەتی مرۆڤ ئەدات؛ ئامراز بە زۆری کۆی هەموو ئامرازی سادە تا هەرە پێشکەتوو وەکوو کەرەستە




و کاریگەر و تەنانەت بەهادار بۆ گشتیکردن و هەمەگیرکردنی شێوەکاری نەزانین ـــ کە بەدڵنیایی وەهایە ـــ هیچ لە زیندەوەرزانی جوانناسی ئەوانە تێنەگەیشتووین.

بەڵام ئەم بەراوردە سەبارەت بە فیلمی لەمەڕ شێوەکاری تەنها تا ڕادەیەک ڕەسیدی هەیە. چونکە ئەم چەشنە فیلمانە لە هەمان سەرەتاوە لە کەوشەنی بەرهەمە بچووکەکانی جوانناسیدا قەتیس بوون. ئەم فیلمانە هیچ لە تابلۆکان زیاد ناکەن، ژیانیان درێژ ئەکەنەوە، لە کەڵەمەی قاپەکانیان ڕزگاریان ئەکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن بڵێن ئەوانە خودی تابلۆکانن.[٥٢٠]

**ڤەن گۆکی ئاڵێن ڕێنێ** شاکارێکی گچکەیە، سوود لە بەرهەمی تراجێدیای مەزن وەرئەگرێ و بەوردی شی ئەکاتەوە، بەڵام جێگەی ناگرێتەوە. ئەم سنووردارییە خۆییە دوو هۆکاری هەیە. یەکەم دروستکردنەوەی وێنەیی لە کاتی نمایشدا ناتوانێ بڵێ جێگەی لانەماک[٥٢١] ئەگرێتەوە. ئەگەر بتوانێ باشترە سەربەخۆیی جوانناسی لەناو ببات، چونکە دەسپێکی فیلمی لەمەڕ شێوەکاری، بەوردی پشتگوێ خستنی ئەو شتەیە کە ئەم سەربەخۆیی جوانناسییە پشتی پێ بەستووە، واتە ئەو ڕاستییەی کە تابلۆکانی

---

و ئامێر و مەکینە و دەزگا ئەگرێتەوە [ع] اداة [N] verktøy [د] ابزار.

٥٢٠ـ لانیکەم تا کاتی دروستکردنی فیلمی جەنابی پیکاسۆ، وەک ئەبینین، ڕەنگە ئەم بیردۆزە ڕەخنەییە ڕەت بکاتەوە. تێبینی: بازن

٥٢١ـ لانەماک: original لانەما، ماک، بنچینە، سۆلان [ع] اصل [د] اصل.






شێوەکاری لە شوێندا قەتیس کراون و کەوتوونەتە دەرەوەی کاتەوە. لەبەر ئەوەش کە سینەما وەکوو هونەری کات و شوێن، خاڵی بەرامبەر بە شێوەکارییە، ئەتوانێ شتێکی لێ زیاد بکات.

بەڵام لە نێوان سینەما و ڕۆمان ئەو ناکۆکییە نییە. نە تەنها هەردووکیان هونەری گێڕاوەیی، واتە هونەری سەر بە زمانن، بەڵکوو بەبێ نموونەی تاقیکراو، ناتوانین گریمانی ئەوە بکەین کە وێنەی سینەمایی لە بنەڕەتدا نزمتر لەو وێنەیە کە وشەی نووسراو ئەیورووژێنێ. بە ڕواڵەت پرسگرەکە ڕێک بە پێچەوانەیە. بەڵام کێشەی ئێمە ئەمە نییە. ئەوەندە بەسە ڕۆماننووسیش وەکوو فیلمساز بە دوای دەرخستنی جیهانی ڕاستەقینەوە بێ. ئەگەر ئەم لێکچوونە بناغەییانە پەژێرە بکەین، ئیتر تێکۆشان بۆ نووسینی ڕۆمان لەسەر فیلم بێهوودە و نەگونجاو نابێ. بەڵام فیلمی **یاداشتەکانی قەشەیەکی گوندی** سەلماندوویەتی سەرنجدانە جیاوازی ڕۆمان و سینەما سوودی زیاترە تا سەرنجدانی لێکچوونەکانیان، واتە فیلم ئەبێ ددان بە ڕۆماندا بنێ، نەک ئەوەی ڕۆمان لە فیلمدا بتوێتەوە. دژوارە بڵێین ئەم فیلمە لەبنەڕەتدا ئەمەگداری بەرهەمی لانەماکە یان نا، چونکە فیلم خودی ڕۆمانە. بەڵام بە دڵنیایی فیلمی کۆتایی لە پەرتووک باشتر نییە (ئەم چەشنە دادوەرییە بێواتایە...)، هەرچەند «زیاتر» لەوە. ئەو چێژە جوانناسانە لە فیلمی **برێسۆن** وەری ئەگرین، هەرچەند سپاسمان بۆ بلیمەتی **بێرنانۆس** ئەنێرین، هەموو ئەو شتانە

ئەگرێتەوە کە ڕۆمان پێشکەشی ئەکات، زیادە لەوە تاودانەوەیشی لە سینەمادا.

لە دوای **برێسۆن**، ئەتوانین کەسانی وەکوو **ئۆرەنش** و **بۆس** لە بواری ژێوەرگرتنی سینەماییدا بە **ڤایۆلێت ــ لۆ ــ دوک**[٥٢٢] بچوێنین ◆

*Cahiers du Cinema, 1951, Number 3*

٥٢٢ـ ڤایۆلێت ـ لۆ ـ دوک: Viollet-Ie-Duc (١٨١٤-١٨٧٩) مێهراز و نووسەری فەڕانسەیی، نۆژەنۆژەنی کلیسا و تەلاری دێرس، وەکوو نۆتردام و لاسێنت شاپێل، بۆچوونی وابوو هەر تەلارێک نە بە گوێرەی دۆخی دیاری، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕێسای نژیارڤانی ئەبێ نۆژەن بکرێ، کە بناغەی تەشکەکانی پێک ئەهێنێ. ئەو ئەنجامەی خۆی و پەیڕەوانی بەدییان هێنا، بە زۆری نە لەبەر خودی بەرەنجامەکان، بەڵکوو زیاتر بە هۆی ئەوەوە ڕەخنەی لێگیرا کە شێوازەکەی ئەوان ڕێگەی بۆ هیچ چەشنە چارەسەرێکی تر نەئەهێشتەوە. تێبینی: هیو گرەی





# چارلی چاپلین

## چارلی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی

چارلی کەسایەتییەکی ئەفسانەییە و پێ ئەخاتە هەر ڕووداوێکەوە، تا ئەوپەری ئەڕوات. بۆ جەماوەر، چارلی کەسێکە کە پیش و دوای دوو فیلمی **ئیزی ستریت**[٥٢٣] و **دیدەنیار** بوونی هەیە. بۆ سەدان ملیۆن مرۆڤی سەر گۆی زەوی، چارلی پاڵەوانێکە وەک **یۆلیسیس** یان **ڕۆلاند**[٥٢٤] لە شارستانییەتەکانی تردا ــ بەڵام جیاوازی ئەوەیە

**٥٢٣ـ** ئیزی ستریت: Easy Street بە واتای شەقامی ئارام فیلمی کۆمێدی ئەمریکایی **١٩١٧**، نووسین و دەرهێنانی چارلی چاپلین.

**٥٢٤ـ** ڕۆلاند: Roland ژنراڵی لەشکری شارلمانی ساڵی **٧٧٨** لە پەلاماری «باسک»دا لە لایەن باسکییەکانەوە کوژرا. هەرچەند بازن تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاوڕوونە، بەڵام لێرەدا ڕۆلاندی لە چاوی فەڕانسەییەکانەوە بە **پاڵەوان** داناوە، لە کاتێکدا ڕۆلاند هەرچەند لە وێژەی سەدەی ناونجیدا بە شاسوار و پاڵەوان ناوی هێنراوە، بەڵام فەرماندەی هێزی پەلاماردەر و داگیرکەری سپای شارلمانی بووە، بە مەبەستی ڕووخاندنی شوورەی پامپلۆنای پایتەختی باسک. تێبینی: وەرگێڕی کوردی





که ئێمه پاڵەوانانی کەونارا له ڕێگەی بەرهەمه وێژەییەکانەوه ئەناسین، که دارماڵن و ڕووداو و دەرکەوتی جۆراوجۆریان یەک جار و بۆ هەمیشه دیاری کراوه؛

بەڵام چارلی، هەمیشه ئازاده تا له فیلمێکی تردا دەرکەوێ. چارلی زیندوو، داهێنەر و پاسەوانی چارلی «کەسایەتی»یە.

## بەڵام چی واتەکات چارلی غاردا ؟

بەردەوامی و تۆکمەیی هەبوونی جوانناسانەی چارلی تەنها له ڕێگەی ئەو فیلمانەوەیه که ڕۆڵیان تێدا ئەبینێ. جەماوەر زیاتر به هۆی ڕوخساری و به تایبەت سمێڵه بچووکه قالۆنچەییەکەی و ڕێڕۆیشتنی مراویئاسای ئەیناسن تا له ڕێگەی جلەکانییەوه، که زۆر پێکەنینهێنەر نییه. له **دیدەنیار** تەنها له دوو بەرگدا ئەیبینین: جلی زیندان و جلی قەشه. له زۆر فیلمی تردا، بەرگی فەرمی ئێواه یان جاکەتی دەقی ملیۆنێرەکانی لەبەر دایه. ئەگەر ئەو تایبەتمەندییه نەگۆڕه دەروونیانەی که گرنگن و له ڕاستیدا ئەو کەسایەتییه پێک ئەهێنن، تێ نەگەین، ئەم «هێما» جەستەییانه گرنگییەکی ئەوتۆیان نابێ. بەڵام شرۆڤه و وەسپی هۆکاری دەروونی زۆر ئاسان نیین. یەکێک له ڕێگەکانی ئەوەیه کاردانەوەی ئەو سەبارەت به ڕووداوێکی دیاریکراو هەڵسەنگێنین. بۆ نموونه کاتێک جیهان لەمپەرێکی گەوره ئەخاته سەر ڕێگەی، ئەو هیچ قیرسیچمەیی پیشان نادات، بەڵکوو لەو جۆره کاتانەدا تێئەکۆشێ،




لەبری چارەسەری کێشەکە، خۆی لێ لابدات. بۆ ئەو دەربازبوونی کاتی بەسە، وەک بڵێی شتێک بە ناوی ئایندە بوونی نەبێ. بۆ نموونە، لە فیلمی **دیدەنیار** وەردێنەیەک بە بتڵێک شیر، کە یەک دوو خولەک دواتر پێویستی پێی ئەبێ، لەسەر قەفەسەکە ڕائەگرێ. هەڵبەت پاشان ئەوەندەی بتڵەکە لائەبات، وەردێنە بەر ئەبێتەوە بۆ سەر سەری. هەرچەند وا دیارە چارەسەری کاتی دڵکاوی ئەکات، لە بڕیارە هەنووکەییەکاندا بلیمەتییەکی سەمەرە لە خۆی پیشان ئەدات. چارلی هەرگیز کەم ناهێنێ و ڕێگە چارەیەکی بۆ هەر ئاریشەیەک هەیە، هەرچەند کە جیهان (و بە تایبەت شمەکی جیهان نە دانیشتوانی) بۆ ئەو دروست نەکراون.

## چارلی و شتەکان

نەخشی کاردایی شتەکان بەستراوە بە سیستەمێکی مرۆیی زاڵ بەسەر شتەکاندا، کە خۆیشی هەم کاردایەکی ئەوانەیە و هەم نیگایەکی بۆ داهاتوو هەیە. لە جیهانی ئێمەدا شتەکان ئامرازن، کارایی هەندێکیان زیاتر و هیی هەندێ کەمترە؛ بەڵام هەموویان بۆ مەبەستێکی تایبەت دروست کراون. بەڵام بەو شێوەی لە خزمەتی ئێمەدان، خزمەت بە چارلی ناکەن. بە هەمان شێوە، کە کۆمەڵگەی مرۆییش هەرگیز، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بووە، وەرناگرێ، مەگەر ئەوەی هەڵەیەک ڕووی دابێ. هەر کات چارلی ئەیەوێ شتێک بە هەمان مەبەست کە بۆی دروست کراوە، واتە




لە چورچێوەی کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەکار بهێنێ یان ئەو کارە بە شێوەیەکی زۆر سەمەرە و ناشیانە (بە تایبەت لە پشت مێز) ئەنجام ئەدات، یانیش شتەکان تا ڕادەیەک وشیارانە بەقسەی ناکەن. لە فیلمی **چێژی ڕۆژێک**[٥٢٥] هەر کات دەرگای ئۆتۆمۆبیلە کۆنە فۆردەکە ئەکاتەوە، مەکینەکەی ڕائەوستێ. لە فیلمی **کاتژمێر یەکی بەیانی**[٥٢٦]، سیسەمەکەی بە ئاراستەی جۆراوجۆر ئەسووڕێتەوە و ناهێڵێ بخەوێ. لە فیلمی **بارمتەخانە**[٥٢٧] کاتژمێرێکی زەنگدار وردوخاش ئەکات و وردەکانی وەکوو کرم ئەکەونە جوڵانەوە. بەڵام بە پێچەوانە، ئەو شتانەی بەو جۆرە خزمەت بە ئێمەی ئەکەن بەوی ناکەن، لە ڕاستیدا باشتر بەکاری دێن. چونکە ئەو بە گوێرەی نیازی لە هەر ساتێکدا بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاریان ئەهێنێ.


لە **ئیزی ستریت** چراگازی کەنار شەقام کاری دەمامکی بێهۆشی ئەنجام ئەدات و، هۆکاری ترس و تۆقانی ئەو گەڕەکە ئەخنکێنێ. تۆزێ پاشتر چارلی بە زۆپایەکی ئاسنجاو ئەکێشێ بە سەری کابرادا و، خپ، تەختی عەرزی ئەکات. لە کاتێکدا زەبری باتۆنەکەی ئەو «کە هەر بۆ ئەمکارە دروستکراوە» تەنها زرینگانەوەیەک لە گوێی کابرادا بەدی ئەهێنێ. لە فیلمی

---

٥٢٥ـ چێژی ڕۆژێک: A Day's Pleasure فیلمی سینەمایی **١٩١٩** چارلی چاپلین.

٥٢٦ـ کاتژمێر یەکی بەیانی: .One A.M فیلمی **١٩١٦**ی چارلی چاپلین.


٥٢٧ـ بارمتەخانە: The Pawnshop فیلمی **١٩١٦**ی چارلی چاپلین.




**سەرکەش**(٥٢٨) ئەبێ بە دارتێلی کارەبا و لە چاوی پۆلیس پێوار ئەبێ. لە فیلمی **بەرۆژ**(٥٢٩) کراسەکەی وەکوو سفرە، دەستگیرە، خاولی و وەکوو ئەوانە بەکار ئەهێنن. وا پێئەچێ شتەکان ئەیانەوێ تەنها ئەوەندە خزمەت بەو بکەن، کە بە شێوەی لاوەکی لە خزمەتی کۆمەڵگا دان. جوانترین نموونە لەم بەکارهێنانە سەمەرەیە، سەمای بەناوبانگی سوورِانەوەیە کە لەپڕ کۆریۆگرافییەکەی ئەگۆڕێ بۆ شێوازێکی نائاسایی.

یەکێکی تر لە کارە جوانەکانی سەیر ئەکەین. لە فیلمی **سەرکەش**، چارلی وا ئەزانێ بە هەڵدانی بەردی لەپەسا لەسەر ڕەوەزەکەوە بەسەر ئەو بەندیوانانەی کەوتوونەتە دوای، توانیویەتی لە دەستیان دەربازببێ. بەڵام بەندیوان بۆ خۆیان ڕاکشاون و هەر ئاگایشیان لێ نییە. چارلی لەبری ئەوەی هەلەکە بقۆزێتەوە و بۆی هەڵێ، هەر بەردیان بەسەردا ئەبارێنێ و، بۆ ئەوەی کارەکەی دارماڵ بکات ئەمجارە خۆڵیان ئەکات بەسەردا. ئینجا ئاگای لەوە نییە یەکێک لە بەندیوانەکان هاتووەتە پشتیەوە و خەریکە سەیری ئەکات. ئەوەندەی ئەیەوێ بەردێکی تر هەڵبگرێ، دەستی ئەکەوێ لە پێڵاوی بەندیوانەکە. کاردانەوەی لەم ساتەدا سەرسامهێنەرە. چارلی لەبری ئەوەی هەوڵ بدات هەڵێ، کە لەم نموونەدا بێسوود بوو، یان بیەوێ چارەنووسی جەخاراوی پەژێرە بکات و خۆی

٥٢٨ـ سەرکەش: The Adventurer کۆمێدی ١٩١٧ی چارلی چاپلین.
٥٢٩ـبەرۆژ: Sunnyside کۆمێدی ١٩١٩ی چارلی چاپلین. ☜ نسار و بەرۆژ




بدات بەدەستەوە، ئەو پێلاوە دزێوە بە مشتێک خۆڵ دائەپۆشێ! هەم ئێمە و هەم بینەرانی تر ئەدەین لە قاقای پێکەنین. لە پلەی یەکەمدا، ئەم پێکەنینە دارەتێکی یەکسانی هەیە. بەڵام من پێکەنینی بەرەنجامی ئەم شیرینکارییەم بیست جار لە هۆڵی جۆراوجۆردا «گوێ لێگرتووە». لەو شوێنانەی کە بینەران یان لانیکەم بەشێک لەوان ڕووناکبیری وەکوو خوێندکار بوون، شەپۆلێکی تر لە پێکەنین کە جنسێکی تری هەبوو، بەپا ئەبوو. لەم ساتەدا، ئیتر خەندەیەکی یەکسان لە سەرانسەری هۆڵەکەدا نەئەبیستار، بەڵکوو کۆمەڵێک زایەڵەبوو. شەپۆلێکی تری پێکەنین بوو کە لە ئەندێشەی بینەرانەوە، ئەتوت لە دیواری پێواری قووڵاییەکەوە تاو ئەدرایەوە. ئەم پێکەنینە تاودراوانە هەمیشە دڵنەواز نین و، لە هەموو زیاتر بەستراون بە خودی بینەرەوە. بەڵام هۆکاری گرنگیان ئەمەیە کە شیرینکارییەکانی چارلی ئەوەندە کورتخایەنن کە ئەو مەودا تەنها بۆ «وەرگرتنی» ئەوانە بەش ئەکات و کاتی زیادەی دوای ئەوان بوونی نییە تا بتوانین دەربارەیان بیر بکەینەوە. ئەم شێوازە ڕێک پێچەوانەی ڕەوشێکە کە بینەرانی شانۆ ئەیانەوێ. هەرچەند چارلی پەروەردەی هۆڵەکانی موزیک بوو، بەڵام کۆمێدی پاڵفتەکردبوو و بە هیچ شێوەیەک نەی ئەویست بە خراپە سوودی لێ وەربگرێ. نیاز بە سادەیی و کاریگەری پارچەیەکی شیرینکاری وای ئەوێ کە ئەو پارچەیە زۆر ڕوون و کورت بێ و، چارلی بەو لوتکەیە گەیشتبوو کە نەی ئەویست بە شێوەی نابەجێ سوودیان لێ وەربگرێ.






تەکنیکی شیریکاری چارلی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە و لێرەدا دەست نادات. بەڵام ڕەنگە ئەوەندە بەسە ڕوونمان کردەوە ئەم شیرینکارییانە لە ڕوانگەی شێوازەوە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی گەشەی کۆتایی و باڵاترین پلەی خۆیان. گەوجانەیە ئەگەر چارلی بە لێبووکێکی بلیمەت بزانین. ئەگەر سینەمایش نەبوایەت، بێگومان ئەو دیسانەوەش لێبووکێکی بلیمەت بوو، بەڵام سینەما دەرەتانی پێداوە تا کۆمێدی سیرک و هۆڵەکانی موزیک بگەیەنێتە باڵاترین ئاستی جوانناسانەیان. چاپلین پێویستی بە ناوەندی سینەما هەبوو تا بتوانێ کۆمێدی لە کۆتی بەرتەسکی کەش و هەوای سەکۆی شانۆ یان سەکۆی سیرک بە تەواوەتی ڕزگار بکات.

بە یارمەتی کامێرای فیلمگرتن، پەرداختی نواندنی کۆمێدی، کە بە درێژایی کات بە ڕوونی دارماڵ بە بینەر پێشکەش ئەکرێ، ئیتر پێویستی بەو درێژدادڕییە نییە تا هەموو بنیەران بتوانن تێی بگەن و چێژی لێ وەربگرن، بەڵکوو بە پێچەوانە ئێستە ئەتوانین ئەوەندەی بۆمان بکرێ بیپاڵێوین و کورتی بکەینەوە. لەم ڕووەوە، پێکهاتە و دەزگای هەر شیرینکارییەک ئەگاتە کورتترین و بەمجۆرە، دەزگایەکی ئەوەندە ناسک و هەستیار بەدی ئەهێنێ کە بە بچووکترین جووڵەی فەنەرەکە کاردانەوە پیشان ئەدات.

جگە لەوە، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە باشترین فیلمەکانی چاپلین ئەتوانرێ چەندین جار تەماشا بکرێ ــ و لە ڕاستیدا، ڕازەکەی

لە هەمان چۆنایەتی نائاساییان دایە. ڕاستەقینەی نکۆڵی لێنەکراو ئەوەیە کە چێژی بەرەنجامی هەندێ لە شیرنکارییەکانی ئەو بێکۆتاییە و کووراهییەکی زۆری هەیە. لەم خاڵەدا ڕاستییەکی بەهێز شاردراوەتەوە: قاڵبی کۆمێدی و بەهای جوانناسانە نەبەسەتراوە بە خافڵگیرییەوە. خافڵگیری لە هەمان جاری یەکەمدا کۆتایی دێت و چێژێێکی ناسکتر جێگەی ئەگرێتەوە، ئەویش هەمان شادمانی بەرەنجامی پێشبینی ڕووداوەکان و ناسینەوەی ترۆپکی ئەوانە.

## چارلی و گات

ڕاستەقینە هەرچی بێت، ئەو شیرینکاری سەرەوە، لە بن ئەو خافڵگیرییە کۆمێدییەی سەرەتادا، گێژەنێک ساز ئەکات کە بینەر، تووشی سەرەگێژەیەکی چێژدار ئەکات، بەبێ ئەوەی دەرفەتی لێکدانەوەی پێ بدات؛ گێژانەوەیەک کە بەخێرایی دەراوی پێکەنینی بینەران دیاری ئەکات. هۆکەیشی ئەوەیە، چارلی هەر کارێک ئەنجام ئەدات، ئەیەوێ ئەو بنەما بپارێزی، کە مەودای شیرینکارییەکە لە ئەندازەی پێویست درێژتر نەبێ. هەر ئەوەندەی بە هۆی بەهرەی لە کەڵکوەرگرتن لە کەشەکە و ئەو شتانەی لە بەردەست دایە، لە دەستی دوو بەندیوانەکە ڕزگاری ئەبێ و مەترسی تێئەپەڕێ، دسبەجی پارێز ئەخاتە لاوە و دیسانەوە تووش ئەبێتەوە. بەڵام ئەمجار مەترسی ئەوەندە هەتەرە کە ناتوانێ چارەی کوڵوگورجی بۆ بدۆزێتەوە ــ هەرچەند دڵنیایە لەوەی ڕێگەیەک هەر ئەدۆزێتەوە ــ چونکە ناتوانێ لە کاری کاردانەوە




و چارەی هەنووکەیی خۆبەخۆ زیاتر ئەنجام بدات. لە یەک کاتدا، چارلی وای دەرخات ئەوا دەرباز بووە و مەترسی، لە ئەندێشەی ئەودا، بە زەبری تەختەسڕێک لەناو ئەچێ. لەگەڵ ئەوەش، ژیرانە نییە ئەگەر تیتاڵییەکانی چارلی بە کردەوەی کەوێک بزانین کە سەری ئەکات بە بن بەفردا. هەموو حەنەک و ڕەفتارەکانی چارلی ئەو گریمانەیە ڕەت ئەکەنەوە. کارەکانی ئەو ڕێوڕای[٥٣٠] ناوازەیە. ئەندێشەی بێسنوورە لە بەرامبەر مەترسیدا. بەڵام خێرایی ڕوودانی مەترسی و لە هەموو گرنگتر سروشتی دڕندەی لە ناکۆکی لەگەڵ دارەتی شادیئامێزی ئەندێشە، ئەمجارەیان تەشکێکی وشیارانە وەرئەگرێ و، ئەو دەرفەتەی بۆ نالوێنێ تا دەسبەجێ هەڵێ. ئینجا، کێ ئەتوانێ بڵێ ڕەفتاری ئەو ــ کە بەندیوانەکە هێدمە ئەکات، چونکە لای وایە چارلی ئەبێ بترسێــ سەرەنجام، لە دوا ساتدا هەلی هەڵاتنی بۆ نارەخسێنێ؟ چارلی لەبری چارەسەری کێشە، چارەیەکی نییە جگە لەوەی وای دەربخات کەشەکە ئەوەندەش تەنگەتاو نییە کە خۆیا ئەکات.

لە ڕاستیدا، ئەم لادانی مەترسییە، شیرینکاری ژمارەی یەکی تایبەتی چارلییە. لە شیرینکارییە جوانەکانی ئەبێ ئەو ساتە بەناوبانگەی فیلمی **چەکبەشان**[٥٣١] ناو ببەین کە خۆی وەکوو

---

٥٣٠- ڕێوڕا: improvisation ئاوەڵناو گورج لە ڕێگەوە، دەسبەجێ، بەبێ ئامادەکاری، بێ پێشەکی ع فی البداهە د فی البداهە، ارتجالي. G هەنبانە بۆرینە

٥٣١- چەکبەشان، فیلمی بێدەنگی چارلی چاپلین، هیی ١٩١٨ـەیە و ٣٦

درەخت دائەپۆشێ. لە ڕاستیدا وشەی «ئەشارێتەوە» وشەیەکی لەبار نییە، بەڵکوو باشترە بڵێین «لاسایی» درەخت ئەکاتەوە. تەنانەت ئەتوانین بڵێین کاردانەوەی بەرەنگاری چارلی، ئەبێتە هۆی ڕاکێشانی دووبارەی کات لە شوێندا. چارلی کەوتووەتە مەترسییەکی سامناک و بێ دەربازبوون، خۆی لە پشت نموودی ڕواڵەتیدا ئەشارێتەوە. وەکوو قرژاڵ ئەچێتە بن لمەوە. لە سەرەتای فیلمی **سەرکەش**، سزادراو ئەبینیین لە بن کۆمایەک لم دێتە دەرەوە و ئەوەندەی نیشانەی مەترسی دەرئەکەوێ دووبارە خۆی لە بن لمەکەدا ئەشارێتەوە.

ئەو درەختە ڕەنگکراوەی چارلی خۆی تێدا شاردوەتەوە، بە شێوەیەک تێکەڵ بە درەختانی ڕاستەقینەی لێڕەوار ئەبێ کە زۆر «هەڵۆسەهێنەرە». مرۆڤ ئەکەوێتە بیری ئەو دەعبا بچووکە چیلکەئاسایانەی، لە لقی تەرچکی درەخت جیاناکرێنەوە یان ئەو گەناوەرە بچووکە هێندییانەی کە ئەتوانن خۆیان بە وێنەی گەڵای درەخت لێبکەن، تەنانەت وەکوو ئەو گەڵای کە کرمی ئاورێشم ئەوانەی جاویوە. چارلی بە درەخت بوو، لەپڕ وەکوو گیا جووڵەی لێ ئەبڕدرێ، ڕێک وەکوو دەعبایەک خۆی دابێ لە مردن و، ئەمەش خۆی یەکێکی تر لە شیرینکارییەکانی ئەوە لە فیلمی **سەرکەش**دا، ئەو شوێنەی کە وای دەرئەخات ئەو تیرەی بەندیوان تەقاندوویەتی ئەوی کوشتووە. بەڵام ئەوەی

---

خولەکە. ئەم فیلمە کورتترین فیلمی درێژی چاپلینە. ⇐ چەکبەشان: Shoulder Arms, slope arms دارەتی ئامادەباشی سەرباز لە بەردەم ئەفسەری گەورەتر [ع] تحیة السلاح [د] پیش فنگ.


چارلی لە دەعبا جیا ئەکاتەوە، خێرایی ئەوە لە دارەتی دابڕانی کات و شوێن بۆ جیهانی ڕاستەقینە. گەڕانەوە بۆ دارەتێک کە دەسبەجێ ئامادەی چالاکییە. چارلی، بێجووڵەی ناو درەخت، دەستەیەک سەربازی ئاڵمانی، کە لێی نزیک ئەبنەوە، بە جووڵەی ورد و خێرای «لقەکانی» تەختی عەرز ئەکات.

## کاردنەوەی لەز و کورت، تایبەتمەندی چارلییە

چارلی، دابڕانی خۆی لەم جیهانە سروشتی و کۆمەڵایەتییەی ئێمە گرفتاری هاتوون و، بۆ ئێمە، مایەی کەلیلان و ئازارە بە جووڵەیەکی سادە و لە هەمان کاتدا باڵا پیشان ئەدات. واتە ئەو جووڵە لەز و کورتە بۆ دواوە کە لە زۆر جێگەدا بە یەکسان بەکاری دێت: هەر لە ڕاگرتنی خۆی لەسەر توێکڵی مەوزەوە بگرە تا خۆ پاراستن لە کەللەی **زەبەلاحەکان**[٥٣٢] و، بە شێوەیەکی ناوازە بۆ هەڵاتن لە هەر بیرێکی ملۆزم. خاڵێکی گرنگ لە جووڵانی کاردەنەوی چارلیدا، ئەوەیە کە ئەم جووڵەیە هیچکات ڕاستەوخۆ بۆ پێشەوە نییە. تەنانەت کاتێک ئەم جووڵەیە لە بەردەم ئەکتەرەکانی تریشدا پیشان ئەدات. کارێک ئەکات ڕووی بۆ لایەکی تر بێ. ڕەنگە پینەدۆڕێک بڵێ ئەمە بە هۆی پێڵاوە زۆر زلەکانیەتی. بەڵام ڕەنگە بتوانین ئەم ڕیالیزمە ڕواڵەتییە لە بەرچاو نەگرین و لە شێواز و کاردای دیاریکراوی ئەم جووڵانە لەز و کورتەی بۆ داوە، تاودانەوەی ڕوانگەیەکی

---

**٥٣٢ـ** زەبەلاح: Goliath گەلایاس، ئەماژەیە بەو زەبەلاحانەی دەستەویەخەی چارلی ئەبن و ئەتوانن بە کەللەیەک تەختی بکەن. ☜ گەلایاس







زۆر بەبایەخ سەبارەت بە کاروباری ئەم جیهانە ببینین. بە گوتەیەکی تر، چارلی هەرگیز پێی خۆش نییە، ئەگەر بتوانین ئەم ڕستەیە بڵێین، تووشی هیچ کێشەیەک ببێت. بەڵکوو لای باشترە خافڵگیرانە و لە پشت سەرییەوە تووشی ببێ. لە لایەکی ترەوە بە تایبەت کاتێک کە گوایە هیچ مەبەستێکی تایبەتی نییە، بۆ نموونە کاتێک کە لاسایی تۆڵەکردنەوە ئەکاتەوە. ئەم جووڵەیە نیشاندەری دارماڵی ئەو بڕیارە وەرجاوەندەیە کە نایەوێ لکابێ بە ڕابوردووەوە. نایەوێ هیچ بە دوای خۆیدا ڕابکێشێ. زێدە لەوە، لەم جووڵە پەسنامێزەیدا هەزار خاڵی ناسک هەیە، کە یەکەم خاڵی تۆڵەسەندنەوەی غەزراوانەیە لە یەکێک و دواینەکەیشی هەستی شادمانییە: «چاوت لێبوو چۆن بۆی دەرچووم؟» هەڵبەت ئەم جووڵەی ئەو کاتێک ئەو واتای هەیە کە ناتوانێت ئەو داوە پێوارەی بە قاچییەوە بەستراوە، لێ بکاتەوە.

## پاتەی تاوان

بەکارهێنانی کردەوەی مێکانیکی لە لایەن چارلییەوە، بەهایەکە ئەبێ لە پێناوی ڕەوتی ئاسایی ڕووداوەکان و کاردای باو بیدات. بەو پێیەی بۆ ئەو شمەک هیچ داهاتوویەکیان نییە. واتە لە خزمەتی ئامانج و مەبەستێکدا نین، کاتێک چارلی بۆ ماوەیەک بە شتێکەوە خەریک ئەبێ، دەسبەجێ چەشنێک پەیوەندی مێکانیکی لەگەڵ پەیدا ئەکات. چەشنێک دۆخی ڕواڵەتی







کە تێیدا هۆکاری سەرەکی چالاکییەکەی لەبیر ئەبرێتەوە. ئەم تامەزرۆییە ناسۆر و ئەم وازە پەژاراوییە، هەیشە کۆڵەی ئەکوتێ. هەر ئەمەش بنەمای ئەو دیمەنە بەناوبانگەی فیلمی **چاخی نوێیە**[٥٣٣]، ئەو کاتەی چارلی لە ڕیزی بەرهەمهێناندا کار ئەکات، و پێچ توند ئەکات. لە **ئیزی ستریت** تەشکێکی ناسکتر لەم شیرینکارییە ئەبینین، کاتێک کە لاتی زەبەلاح بە دەوری ژوورەکەدا ڕەدووی ئەنێ، چارلی سیسەمەکە ئەکات بە لەمپەری نێوانیان. پاشان لە ڕەوتی پەلاماری لەدوای یەکدا، هەرکام لەمبەر و ئەوبەری سیسەمەکەوە هەڵئەخەنەوە. پاش ماوەیەک و سەرەڕای ئەوەی مەترسی هێشتا ماوە، دڵی بەو شێوازەی داکۆکیکردنە کاتییە خۆش ئەکات و، لەبری ئەوەی جووڵانی خۆی لەگەڵ خەنیم یەک بخات، ئەو سەری سیسەمەکە بەرز و نەوێ ئەکات، وەک بڵێی ئەمکارە بۆ نەهێشتنی هەمیشەیی مەترسی بەس بێ. ئەوەش دیارە خەنیم چەندەش گەمژە بێ، ئەوەندە بەسە شێوازی جووڵانی خۆی بگۆڕێ تا چارلی بکەوێتە ناو ئاڵقەی دەستەکانییەوە. دڵنیام لە هەموو فیلمەکانی چارلیدا یەک دانەش نادۆزینەوە ئەم جووڵە میکانیکییە سەرەنجامێکی خراپی بۆی نەبێ. بە گوتەیەکی تر، میکانیکیکردنی جووڵە، بە یەک واتا، تاوانی سەرەتایی چارلییە و، کەڵکەڵەی هەمیشەیی ئەوە. ئەم سەربەخۆییەی ئەو

٥٣٣- چاخی نوێ: Modern Times فیلمی ئەمریکایی ساتیری ١٩٣٦ی دەرهێنانی چارلی چاپلین.



لە شتەکان و ڕووداوەکان تەنها وەکوو دیاردەیەکی میکانیکی لە کاتدا ئەتوانرێ پێشکەش بکرێ، وەک وزەیەکی ئادار کە لە بن بزووتنی یەکەمدا حەشار دراوە. چالاکی هەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، وەکوو من و ئێوە، بە ئایندەبینییەوە گەڵاڵەی بۆ دائەڕێژرێ. ئینجا ئێمە لە کاتی نواندنی هەر چالاکییەک هەمیشە ئاراستەی لەگەڵ ئەو ڕۆژەڤەی پێکی هێناوە هەڵئەسەنگێنین. ئەم چالاکییە، بە تەواوەتی بەستراوە بە پەرەسەندنی ئەو ڕووداوەی کە بڕیارە ببێ بە بەشێکی. بەڵام چالاکی چارلی بریتییە لە زنجیرەیەک قۆناغی دابڕاو کە سەرنجی هەرکامیان بدەی، چەرمەسەرێیەکی تایبەتی بەدواوەیە. ئەو لە پاش ئەوەی ڕێگەچارەیەک ئەدۆزێتەوە، خۆی ئەدا بەدەست تەمەڵییەوە و هەمان ڕێگەچارە درێژە پێئەدات، کە تەنها بۆ ساتێکی تایبەت و بۆ ڕابوردوو لەبار بووە. تاوانی چارلی ئەوەیە لە زنجیرەیەکی پەیوەستەی کاتدا، *دۆخێک پێشکەش ئەکات کە شیاوی ساتێکی تایبەتە* و مەبەستمان لە «پاتەکردنەوە» ئەمەیە. هەڵبەت چارلی بەبێ دوودڵی ڕێگە ئەدات بەم کارەی پێبکەنین.

وابزانم ئەبێ ئەو دەستە لە شیرینکارییە بەناوبانگەکانی چارلی لەم تاوانی پاتەکردنەوە زیاد بکەین کە تێیاندا، ڕۆژەڤ، چارلی سەرخۆش تەمێ ئەکات. بۆ نموونە دیمەنە بەناوبانگەکەی چاخی نوێ کە چارلی ئەیەوێ مەلە بکات و خۆی هەڵدا بۆ ناو چەمێک کە تەنها چەند سەنتیمەتر قووڵە. یان لە سەرەتای




فیلمی **ئیزی ستریت**، کە ئەو تەژی ئەوین، لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە و بە دەمەوە بەر ئەبێتەوە بەسەر پلیکانەکاندا. بە لێکۆڵینەوەی وردتری فیلمەکانی ئەتوانین بڵێین ئەو کاتەی چارلی وامان لێئەکات بە خۆی پێبکەنین، نەک بە دگەر، ئەو کاتەیە کە ئەوەندە ناپارێزی کردووە، وای زانیوە داهاتووش وەک ڕابوردوو ئەبێ، یان ناشیانە چووەتە ناو گەمەی کۆمەڵگە و متمانەی بە پێکهاتە ـ مەبەست پێکهاتەی ڕەوشتی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ـ بۆ بەدیهێنانی داهاتوو کردووە...

## مرۆڤێک لەوپەڕی کەوشەنی پیرۆزییەکان

یەکێک لە دیارترین لایەنەکانی ئازادی چارلی بەرامبەر بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، کەمتەرخەمی دارماڵی ئەوە بە بابەتی کاروباری پیرۆز. دیارە مەبەستی من لە پیرۆز، زیاتر لە هەموو شت، لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئایینییە. فیلمە کۆنەکانی چارلی لە ڕیزی توندوتیژترین ڕاگەیاندنی دژی ئەو ئایینەیە کە لە شارەکانی ئەمریکا بە دانیشتوانی وشکەئایینییەوە ئەتوانین وێنایان بکەین. ئەوەندە بەسە فیلمی **دیدەنیار** و ڕوخساری سەمەرەی قەشەکان، پارێزەرانی کەلوپەل و، ژنانی چڵێس، بێبەزەیی و دەمارگرژ و، **کوەیکرە**[٥٣٤] درێژ و لۆقەکان بهێننە

---


٥٣٤ـ کوەیکر: Quaker ئەندامی ئایینزای کوەیکری پڕۆتستانت.




پێش چاو. جیهانی **دۆبۆ**[٥٣٥] جیهانێکی مناڵانەیە لە تەنیشت ئەم کاریکاتۆرە کۆمەڵایەتییەی ئەڵێی بە پێنووسی **دۆمییە**[٥٣٦] کێشراوە. بەڵام توانای بناغەیی ئەم وێنایە، لەو ڕۆژەڤەوە سەرچاوە ئەگرێ ئەو ئەسیدەی ئەم نەخشەیان پێ هەڵکەندووە، بە هیچ شێوەیەک دژایەتی دەزگای ئایینی نییە. بەڵکوو باشترە ناوی بنێین چەشنێک بێبڕوایی توندڕوانە بە دەزگای ئایینی. ئەم لایەنە فیلمەکە لە ئاستێکی پەژێرەکراودا ئەهێڵێتەوە. هیچ لایەنێکی سووکایەتی بە پیرۆزییەکان لە ئارادا نییە. هیچ دیندارێک لە کارەکانی چارلی زویر نابێ. بەڵام لێرەدا شتێکی خراپتر هەیە و، ئەویش ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە پاساو بۆ ئەم کەسانە و بڕوا و ڕەفتاریان ئەهێنێتەوە. چارلی بە هیچ شێوە دژی ئەوانە نادوێ. تەنانەت بۆی هەیە وای دەربخات ئەچێ بۆ ڕستی ڕۆژی یەکشەممە، یان ڕەنگیشە بۆ چێژوەرگرتن لاسایی دابی ڕستەکەش بکاتەوە، یان بۆ گنخاندنی پۆلیس ئەو کارە بکات. کەموزۆر وەکوو ئەوەیە سەمایەکی قولەڕەشانی بردبێتە ناو ڕستی کلیساوە. بە یەک زەبر بۆنەی ئایینی و جەماوەری دیندار ئەنێردرێن بۆ جیهانی پووچی و نەمان، دارەتێکی گاڵتەئامێز پەیدا ئەکەن، تەنانەت دشت ئەبن، چونکە هیچ واتایەکیان نامێنێ.

٥٣٥ـ دۆبۆ: Albert Dubout (١٩٥ـ١٩٧٦) کاریکاتێریست، دیزاینەری پۆستەر، سینەماکار و نیگارکێشی فەڕانسەیی.

٥٣٦ـ دۆمییە: Honoré Daumier (١٨٠٨ـ١٨٧٩) کاریکاتۆریستی فەڕانسەیی.




نکۆکی گاڵتەئامێز ئەوەیە کە لە سەرانسەری ئەم بۆنەیەدا، تەنها کردەوەی واتاداری تیتاڵییەکانی چارلییە، کە کیسەی باربۆکە هەڵئەسەنگێنێ و بزە ئەخاتە سەر لێوی دڵکراوان و ناوچاوی ڕژدان گرژ ئەکات. نموونەی تر ئەوەیە لە پاش **کارووس**(٥٣٧)، چەندین جار لا ئەکاتەوە و وەکوو ئەکتەرێکی شاد و دڵکاوی شانۆی بەزمگە کرنۆش بۆ ئامادەبوان ئەبات. ئینجا بەڕێکەوت نییە تەنها بینەرێک کە وەری ئەگرێ و پەسنی ئەکات، منالێکی بازەڵەی چڵمنە کە بە درێژایی ئەو ماوەیە، سەرەڕای سەرکۆنەی دایکی، خەریکی چەتوونییە.

هەر چۆنێک بێ، جگە لە ڕستی ئایینی، داب و نەریتی تریش هەیە. کۆمەڵگە هەزاران ڕەفتاری جێگەی پەسەندی هەیە کە چەشنێک پێڕەو و دابی وەرجاوەندن و لەبەر خودی دین بەڕێوەیان ئەبەن. ئەم خاڵە بە تایبەت لەمەڕ دابی نانخواردن دروستە. چارلی هەرگیز ناتوانێ کارد و چنگاڵەکەی بە دروستی بەکار بهێنێ. بە زۆری ئانیشکی ئەچەقێتە ناو قاپەکە، سووپ هەڵئەگەڕێتەوە بەسەر پانتۆڵەکەیدا و تادوایی. ئینجا ئەوە سەیرە کە خۆی خزمەتکارە، وەکوو فیلمی **یاریگە**(٥٣٨). کاروباری پیرۆز، چ جایە دینی و چ جایە نادینی، لە هەموو بوارەکانی ژیانی

---


٥٣٧ـ کارووس: sermon, elevation, homily وتاری دینی و ئامۆژگاری ئایینی [N] preken [ع] خطبة [د] موعظە.

٥٣٨ـ یاریگە: The Rink فیلمی هەشتەمی ١٩١٦ی چارلی چاپلین.

کۆمەڵایەتیدا و، نە تەنها لە قاڵبی سەرۆکی ئاسایش و پۆلیس و قەشە، بەڵکوو لە دابی نانخواردن و پەیوەندی پیشەیی و هاتوچۆی گشتیشدا بوونی هەیە. کۆمەڵگە بەم شێوەیە یەکگرتوویی خۆی ئەپارێزێ. وەک بڵێی لە گۆڕەپانێکی مەگناتیسیدا وەستاوە. ئێمە، ناخودئاگا، هەموو ساتێک خۆمان لەگەڵ ئەو چوارچێوەیە ئەگونجێنین، بەڵام چارلی لە جنسێکی ترە. نە تەنها لێی هەڵدێ، بەڵکوو بۆ ئەو، لە بنەڕەدا پێژەیەک بە ناوی کاروباری پیرۆز بوونی نییە. شتێکی وەها تا ئەو ڕادەیە بۆ ئەو مایەی تێگەیشتنە، کە تێگەشتن لە ڕەنگی گوڵەچای نارنجی بۆ کەسێکی کوێری زگماک.

بە گوتەی وردتر، بەشێکی سەرنجڕاکێشی کۆمێدی چارلی بەرهەمی ئەو تێکۆشانەیە ئەنجامی ئەدات تا (لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆژەڤێکی کات ڕێک بکەوێ و بتوانێ) لاساییمان بکاتەوە. بۆ نموونە ئەو کاتەی تێئەکۆشێ تا شیاو و ڕێکوپێک نان بخوات، یان کاتێک بە هەندێ قۆشمەیی تەوساوی جل لەبەر ئەکات♦

*D. O. C., 1948*




## سینەما و دۆزینەوە

**ژان تێڤنۆ**[539] لە پەرتووکە بچووکەکەی بە ناوی **فیلمسازی لە شوێنانی دوور**[540]، گەشەکردنی فیلمی دۆزینەوە لە سەرەتای سەرکەوتوویەوە، لە سەروبەری ١٩٢٨ تا خولی لاوازیی لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٠ و، لەو کاتەوە تا لەدایکبوونەوەی دووبارەی لە پاش جەنگی جیهانی دووەم شرۆڤە کردووە.

پاش جەنگی جیهانی یەکەم، واتە ساڵی ١٩٢٠، فیلمی بەڵگەیی «**لەگەڵ سکات تا بستووی باشوور**»[541] لە سینەما و بۆ بینەرانی سینەما نمایش کرا. ئەم فیلمە دە ساڵ بەر لەوە لە لایەن **پانتینگەوە**[542] گیرابوو. بەرجەوەنی بستوویی ئەم فیلمە وای کرد چەندین فیلمی سەرکەوتووی تر لەم بواردا دروست

---

٥٣٩- ژان تێڤنۆ: Jean Thevenot

٥٤٠- فیلمسازی لە شوێنانی دوور: Le Cinema au long cours


٥٤١-لەگەڵ سکات تا بستووی باشوور: With Scott to the South Pole فیلمی بەڵگەیی ١٩٢٠ی هێربێرت پۆنتینگ. فیلمەکە ١٩١٠-١٩١٣ گیرابوو.

٥٤٢- پانتینگ: Herbert Ponting (١٨٧٠-١٩٣٥) وێنەگر و فیلمگری پیشەیی بە تایبەت لە بستووی باشوور لەگەڵ ڕابێرت سکات و تێرا نۆڤا.











بکرێ، کە لەوانە فیلمی **نانۆکی باکوور** (١٩٢٢) بەرهەمی **فلاهێرتی** هێشتاش نموونەیەکی بەرجەستەیە. تۆزێ دواتر و، ڕەنگە بە هۆی سەرکەتووی فیلی ئەستوویی، جۆرێک فیلمی تر بەدی هات ئەکرێ بڵێین فیلمی «**ئارانی**»[٥٤٣]. بەناوباگترینی ئەم فیلمانە ئەوانەن لە ئەفریقا دەرهێنراون. بە تایبەت فیلمی **کاروانی ڕەش**[٥٤٤]، دەرهێنانی **لیۆن پواریە**[٥٤٥]، **سیمبۆ**[٥٤٦]، **کۆنگۆریلا**[٥٤٧] ـــ فیلمی یەکەم هیی ساڵی ١٩٢٦ و دوو فیلمی دوایی لە نێوان ١٩٢٣ و ١٩٢٧دا دروست کراون، بەڵام لە ١٩٢٨ نمایش کران. لەم یەکەم فیلمە درێژە گەڕیدەییانەدا، تایبەتمەندی سەرەکی، چەشنێک کەشی ڕۆمانتیکی ڕەسەنە کە کۆنە نابێ و بە باشی لە **نانۆکدا** وێنا کراوە. بەڵام ئەم ڕۆمانتیزمە، بە تایبەت ئەو فیلمەکانی لە زەریاکانی باشووردا هەڵگیرابوون، جۆرێکی دارەتی بەرەو نامۆگەری تێدا بوو. لە فیلمی **موانا**[٥٤٨] تا فیلمەکانی **تەبوو**[٥٤٩] و **سێبەری سپی**[٥٥٠] ڕەوتی بەدیهاتنی لەسەرخۆی چەشنێک

---

٥٤٣ـ ئارانی: tropical and equatorial گەرمێنی، قشلاخی ٤ د استوائي.
٥٤٤ـ کاروانی ڕەش: La Croisiere Noire فیلمی بەڵگەیی ١٩٢٦ی پواریە.
٥٤٥ـ لیۆن پواریە: Léon Poirier (١٨٨٤ـ١٩٦٨) دەرهێنەری فەڕانسەیی.
٥٤٦ـ سیمبۆ: Cimbo فیلمی سینەمایی ١٩٢٨. ععع
٥٤٧ـ کۆنگۆریلا: Congorill فیلمی سینەمایی ١٩٢٨.
٥٤٨ـ موانا: Moana فیلمی بەڵگەیی ١٩٢٦ی ئەمریکایی.
٥٤٩ـ تەبوو: Tabu فیلمی سینەمایی ١٩٣١، چیرۆکی زەریاکانی باشوور.
٥٥٠ـ سێبەری سپی: White Shadows درامای ١٩٥١ی ئاڵمانی.







میسۆلۆجی ئەبینین. ئەبینین ئەندێشەی ڕۆژئاوایی، شارستانییەتێکی زۆر دوو ڕائەکێشی و بە شێوازی خۆی لێکی ئەداتەوە.

لە وێژەی فەڕانسە، ئەو ڕۆژانە هیی **پۆڵ مۆران**[٥٥١]، **مەک ئۆرلان**[٥٥٢] و **بلەیز ساندرار**[٥٥٣] بوو. ئەم ڕەنگ و ڕازە پڕ جادووەی بەرجەوەنی بێگانە، بە ناوەندێکی تازەی پەیوەندی ژیانێکی تازەی پەیدا کردبوو. ئەتوانین ناوی بنێین شەیدایی دەسبەجێی بەرجەوەنی نامۆگەری، بە باشترین شێوە لە فیلمێکی سەرەتای سینەمای دەنگداردا ڕەنگی دابوویەوە.

ئەم فیلمە هەموو گۆی زەوی لە خاچەپرسێکی[٥٥٤] وێنە و دەنگی جۆراوجۆر لەسەر پەردە پیشان ئەدا، ناوی **ئاوازی جیهان**[٥٥٥]، دەرهێنانی **واڵتەر ڕۆتمەن**[٥٥٦] بوو، بە یەکێک لە یەکەمین سەرکەوتنەکانی ئەم تەشکە هونەرییە تازەیە دائەنرا.

---

٥٥١ـ پۆڵ مۆران: Paul Morand (١٨٨٨ ـ ١٩٧٩) ڕۆماننووس و دیپلۆماتی فەڕانسەیی، مۆدێرنیست و وێناگەر.

٥٥٢ـ مەک ئۆرلان: Pierre Mac Orlan (١٨٨٢ـ ١٩٧٠) ڕۆماننووس و بەستەوانی فەڕانسەیی. ڕۆمانەکانی ژێوەرگێراوە بۆ فیلم.

٥٥٣ـ بلەیز ساندرار: Blaise Cendrars (١٨٨٧ـ ١٩٦١) ڕۆماننووسی سویس ـفەڕانسەیی، ئەندامی کاریگەری بزووتنەوەی مۆدێرنیزم بوو.

٥٥٤ـ خاچەپرس: puzzles گەمە وێنـەمەتەڵ، فیشاردە ع لغز د معما.

٥٥٥ـ ئاوازی جیهان: Melodie der Welt فیلمی ئاڵمانی ١٩٢٩ی ڕۆتمەن.

٥٥٦ـ واڵتەر ڕۆتمەن: Walther Ruttmann (١٨٨٨ ـ ١٩٤١) دەرهێنەری ئاڵمانی.








لە دوای ئەوە، جگە لە چەند نموونەی ناوێزە، ئەم فیلمانە برەویان نەما، بە هۆی هەڵپەی بێپەروای گەڕان بە دوای بەرجەوەن و دیمەنە هەستبزوێنەکاندا. ئیتر فیلمگرتن لە شێر بەس نەبوو، ئەو شێرە ئەبوایە یەک دوانێکیش هەڵدڕێ. لە فیلمی **ئەفریقا لەگەڵتان ئەدوێ**[٥٥٧]، تیمساحێک قولەڕەشێک قووت ئەدات. لە فیلمی **بازرگانانی عاج**[٥٥٨] کەرگەدەنێک پەلاماری قولەڕەشێک ئەدا. لەم نموونەدا دیارە ئەم شوێنکەوتن و هەڵاتنە دەستکردە، بەڵام بە ڕاستی مەبەستێکی وەها لە ئارادا بووە. بەمجۆرە، ئەفسانەی ئەفریقایی پڕە لە دواکەوتوو و ئاژەڵی دڕندە، کە ئەوپەڕی فیلمی وەکوو **تارزان**[٥٥٩] و **گەنجی سلێمان**[٥٦٠] بوو.

لە جەنگی جیهانی دووەم بەملاوە، دیسان گەڕانەوە بۆ ڕەسانەیەتی فیلمی بەڵگەیی ئەبینین. خولی نامۆگەری لە پووچیدا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەمڕۆ بینەر ئەیەوێ شتێک ببێنێ جێگەی بڕوا بێ. بڕوایەک بتوانرێ بە ناوەندی تری ڕاگەیاندن وەکوو ڕادیۆ و پەرتووک و ڕۆژنامەش تاقی بکرێتەوە.

لەدایکبوونەوەی دووبارەی فیلمی دۆزینەوە، لە ڕاستیدا

---

٥٥٧ـ ئەفریقا لەگەڵتان ئەدوێ: L'Afrique vous parle فیلمی سینەمایی ١٩٣٠.


٥٥٨ـ بازرگانی عاج: Trader Horn فیلمی سینەمایی ١٩٣١، دەرهێنانی و.س. ڤەن دایک.

٥٥٩ ـتارزان: Tarzan فیلمی سینەمایی ١٩١٢، ١٩٣٢، ١٩٣٣...

٥٦٠ـ گەنجی سلێمان: King Solomon's Mines فیلمی سینەمایی ١٩٥٠.








منەتباری تامەزرۆیی تازە بە دۆزینەوەیە، کە سەرسامییەکەی لەگەڵ نامۆگەری پێشوو زۆر جیاوازە. نموونەکەی لە فیلمی **ژوانی جوولای**دا[٥٦١] ئەبینین.

هەر ئەم خاڵە تازەیەی دەسپێکردنەوەیە شێواز و ئاراستەی تایبەت بە پۆلەکانی دۆزینەوەی ئەمرۆ ئەدات. ئەم شێواز و ئاقارە بەر لە هەموو شت بەرەنجامی تایبەتمەندی دۆزینەوەکانی ئەمڕۆیە کە زۆربەیان مرۆڤناسانەن. هەرچەند **هەستگەراییش**[٥٦٢] بە تەواوەتی نەخراوەتە لاوە. لەگەڵ ئەوەش، لە خزماتی بەدیهێنانی ئامانجی بەڵگەداری دۆزینەوە دایە. لەئەنجامدا، لایەنی هەستۆکی دارماڵ لابراوە. چونکە وەک ئەبینین، بە دەگمەن ڕێ ئەکەوێ کامێرا بتوانێ مەترسیدارترین ساتەکانی گەشتەکە تۆمار بکات. لەبری، توخمی دەروونناسانە و مرۆیی گرنگی پەیدا کردووە. ئەم خاڵە بە تایبەت لە دوو لایەندا دروستە، یەکەم ئەو کاتەی ڕەفتای خودی ئەندامانی دەستەی دۆزینەوە و کاردانەوەیان لەمەڕ ئەم ئەرکە، جۆرێک مرۆڤناسی تاقیگەری سەرکەشانە بێ. دووەم، کاتێک کە مرۆڤی بابەتی تاقیکردنەوە، بە چەشنێک ئاژەڵی نامۆ دائەنرێ و، ناچار

٥٦١- ژوانی جوولای: Rendez_vous de juillet فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٩، دەرهێنانی ژاک بێکر.

٥٦٢- هەستگەرایی: sensationalism لە ڕۆژنامەگەری و میدیای گشتیدا هەستگەرایی جۆرێکە لە تاکتیکی سەرنووسەر و دەرهێنەر بۆ وروژاندنی زۆرترین بینەر.

ئەبێ بە تەواوەتی توێژاڵ بکرێن تا باشتر بناسرێن.

ئینجا، فیلم ئیتر تەنها کەرەستە و، ڕەنگە تەنها ئامێری بنەڕەتی نییە بە هۆیەوە ڕاستییەکانی گەشت بە هوموان پیشان بدرێ. ئەمڕۆ، بە زۆری هەر فیلمێک گەشتنامەیەکی لەگەڵە و، خودی فیلمەکەش لە هۆڵەکانی وتاردادا پیشان ئەدەن. سەرەتا لە **هۆڵی پلەیل**[٥٦٣] و پاشان لە چەند شاری تر لەمبەر و ئەوبەری فەڕانسە. جگە لەوەش، ڕایشتی ڕادیۆیی و تلەڤیزیۆنی دروست ئەکرێ. هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەیە، جگە لە پرسگری ئابووری، فیلم ناتوانێ هەموو ئامانجەکانی گەشتێکی دۆزینەوە، تەنانەت هەستیارترین و بابەتیترین لایەنەکانی بگرێتەوە. جگە لەوەش، ئەم جۆرە فیلمانە بە زۆری بە چەشنێک وتاری وێنەدار ئەزانن کە بوون و وشەی بێژەر/ بینەر هەمیشە وێنەی سەر پەردە دارماڵ ئەکات و ڕەسید و بایەخی پێ ئەدات.

لێرەدا ئەمەوێ لە فیلمێک بدوێم کە بە پێچەوانەی ئەم گرەوشتە ئەڕوات و سۆنگەیەکی لەباریشە بۆ ئەوەی فیلمی «بەڵگەیی نۆژەنکراو» لەناو چووە. ئەو فیلمە، فیلمێکی ئینگلیزی تێکنیکالڕە[٥٦٤]، **ناوی سکاتی بستووی باشوورە** و ناوی فەڕانسەییەکەی

**٥٦٣:** هۆڵی پلەیل: Salle Pleyel هۆڵێکی کۆنسێرتی بەناوبانگە لە پاریس، بە یادی ئاوازدانەری ئوتریشی ناو نراوە و زۆربەی فیلمە گەڕیدییەکان لەوێ پیشان ئەدرێ. تێبینی: هیو گرەی

**٥٦٤ـ** تێکنیکالڕ: technicolor پرۆسەی فیلمگرتنی ڕەنگاوڕەنگ بە بەکارهێنانی فیلمی تاکڕەنگی هاوکات، کە هەریەکەیان ڕەنگێکی جیاوازیان هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی ڕەنگی.

**گەشتی بێگەڕانەوەیە**[٥٦٥]. ئەم فیلمە گەشتی دۆزینەوەی کاپیتان سکات لە ساڵانی ١٩١١ و ١٩١٢ دا پیشان ئەدا، واتە هەمان گەشت کە لە فیلمی **لەگەڵ سکات تا بستووی باشوور**دا فیلمی گیراوە.

یەکەم لایەنی پاڵەوانانە و هەژێنەری ئەمکارە لە بەرچاو ئەگرین. سکات بە ئامێری نوێباو بەڵام تاقینەکراوە بەرەو دەستبەسەراگرتنی بستووی باشوور ئەبێتەوە: چەند دەزگا «تراکتۆر» و چەند هێسر و چەند سەگ. سەرەتا مەکینەکان لەکار کەوتن. پاشان هێسرەکان بە هۆی ماندوێتییەوە لار بوونەوە. وای لێهات ژمارەی سەگەکان نیازی دەستەی بەدی نەئەهێنا، بۆیە پێنج پیاو لە قۆناغی کۆتایی گەشتەکە، لە دوا مەزڵی لادان بەرەو بستوو، ناچار بوون خۆیان کەلوپەلەکان بە دوای خۆیاندا ڕابکێشن. ماوەی ڕێگا نزیکەی ١٢٥٠ مایل بوو. کاتێک گەیشتن زانیان **ئامۆندسن**[٥٦٦] چەند کاتژمێر بەر لەوان ئاڵای **نەروێجی** لەوێ داکوتاوە. گەشتی گەڕانەوە ڕەنج و ئازارێکی درێژخایەن بوو. سێ کەسی ماوە کە نەوتی چراکانیان تەواو ببوو، لە سەرمان لە خێوەتەکەدا ڕەق هەڵاتن. سێ مانگ دواتر، دۆستانیان، لە ئۆردووگای ناوەندییەوە ئەوانیان دۆزییەوە و بە یارمەتی یاداشتنامەی سەرۆکی گەشتیاران و چەند وێنەی گیراو، گەشتی ئۆلیسیسی ئەوانیان دروست کردەوە.

---

**٥٦٥ـ** سکاتی بستووی باشوور: Scott of the Antarctic فیلمی بەریتانی **١٩٤٨** ناوی فەڕانسەییەکەی گەشتی بێگەڕانەوەیە L'Aventure sans retour.

**٥٦٦ـ** ئامۆندسن: Roald Amundsen (**١٨٧٢ـ١٩٢٨**) گەڕیدەی نەروێجی دۆزەرەوەی بستووی باشوور. ئەو لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی خولی قارەمانەتی گەڕان بەدوای بستووی باشوور بوو.

ئەمکارەی کاپیتان سکات، هەرچەند ناکام بوو، بەڵام یەکەم تێکۆشان لە بواری گەشتی دۆزینەی زانستی نوێ بوو. سکات کەوتە دوای ئامۆندسن، چونکە ئامێر و کەرەستەی بەکارهێنراوی لە ئاستی تەکنیکی ناسراو و تاقیکراو بۆ گەشتی بەستووی باشوور لەبار و شیاو نەبوو. لەگەڵ ئەوەش، «کاترپیلاری» سەرنەکەوتووی ئەو ڕێگەیان بۆ «دەڵەکەکانی» **پۆڵ-ئێمیل ڤیکتۆر**[٥٦٧] و **لویی لیۆتار**[٥٦٨] خۆش کرد.[٥٦٩]

زێدە لەوە، گەشتی سکات یەکەم نموونەی ئەو کارە بوو کە ئەمڕۆ برەوی پەیدا کردووە و، ئەویش ئامادەکردنی گوزارشتی سینەماییە وەکوو بەشێکی پێویست لە گەشتی دۆزینەوەیە. فیلمگری ئەوان، پۆنتینگ، لە گەرمای ژێر سی پلەدا و بەبێ دەستەوانە ئەیویست فیلم بخاتە ناو کامێرای فیلمگرتن کە دەستەکانی ڕچان و لە سەرمادا ڕەقیان بوویەوە. هەرچەند پانتینگ تا خودی بستوو لەگەڵ سکات نەبوو، بەڵام ئەو فیلمەی دەربارەی گەشت بۆ بستووی باشوور و ئامادەکاری گەشت و ژیان لە ئۆردووگای ناوەندی و کۆتایی بەناسۆری گەشتەکە ئامادەی کردبوو، هەم بەڵگەیەکە کە ئەو ڕووداوە بە شێوەی بزۆز پیشان ئەدا و هەم بووە بە مەلەزەی

**٥٦٧-** پۆڵ-ئێمیل ڤیکتۆر : Paul-Emile Victor (**١٩٠٧-١٩٩٥**) دۆزەرەوە و ڕەچەڵەکناسی فەڕانسەیی. ☜ ڕەچەڵەکناسی: ethnology زانستی ڕەگەزناسی، لقێکی مرۆڤناسییە.

**٥٦٨-** لویی لیۆتار: Louis Liotard (**١٩٠٤-١٩٤٠**) دۆزەرەوەی فەڕانسەیی.

**٥٦٩-** لێرەدا وشەی caterpillar کە هەم بە واتای تراکتۆر و هەم کرمی ئاورێشمە و، دەڵەک کە هەم بە واتای مەکینە و هەم دەڵەکە، بە شێوەیەکی ناسک یارییان پێکراوە، کە بەبێ ڕوونکردنەوە تێگەیشتنی وەرگێڕانەکەی نالوێ.

هەموو فیلمەکانی ئەم چەشنە ژانرە.

ئینگلیز شانازی بە سکاتەوە ئەکات و، ئێمەش لەوە تێئەگەین و سروشتییە ئەیەوێ پەسنی بکات. بەڵام خودی من فیلمی سکاتی بستووی باشوور بە بێزارکەر و گاڵتەجاڕی ئەزانم. ئەم فیلمە ئەوەندە بە دڵاوایی و وردبینانە دروست کراوە، ڕەنگە بە ئەندازەی مەزاخی هەموو گەشتەکە پارەی تێچووە و بە گوێرەی کاتی بەرهەمهێنانی، ١٩٤٧ــ١٩٤٨، شاکارێکی فیلمی تێکنیکاڵە. ئەو بەشانەی لە ستۆدیو دروستکراونەتەوە، نیشانەی دەسەڵات لە بواری پێداویستی سینەمایی و بەدیهێنانەوەی ستۆدیۆییە ــ بەڵام بە چ مەبەستێک؟ بە مەبەستی لاساییکردنەوەیەک کە لاسایی ناکرێتەوە، یان بە مەبەستی بەدیهێنانەوەی شتێک کە لە ناخی خۆیدا تەنها یەک جار ڕوو ئەدات، ئەویش هەمانا مەترسی و سەرکەشی و مەرگە؟ بەدڵنیاییەوە لەم نموونەیەدا فیلمنامەش هیچی لەدەست نایەت. ژیان و مەرگی سکات بە چەشنێک وردبینی خۆدەرخەرانە وتراوە، بەڵام چەمکی بنەڕەتی سەربردە بە ناتەواوی بەجێ هێڵراوە. ئەم چەمکە شتێک نییە جگە لەوەی کە سکات پلە و پایەی دامەزراوێکی نیشتمانی پەیدا کردووە. بەڵام خەوشی ڕاستەقینەی فیلمەکە لەمەدا نییە، بەڵکوو لەو تەکنیکە دایە کە هێنی سەردەمی فیلمەکە نییە، ئەویش بە دوو هۆکار:

یەکەم ئەم فیلمە زانیاری زانستی تایبەت بە گەشت بۆ بستوو ڕەچاو ناکات کە ئەمڕۆ هەموو کەس ئەیزانێ. جەماوەر ئەم زانیاریانە لە گوزارشتی ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تلەڤیزیۆن و سینەما بەدەست ئەهێنن. ئەگەر وەک زاراوەی پەروەردەیی سەیری

بکەین، ئەم فیلمە زانیاری زانستی خولی سەرەتایی پێشکەش بە فێرخوازانی دوا ناوەندی ئەکات. ئەمەش کارێکی بێهوودەیە، بە تایبەت ئەگەر مەبەستی پەروەردەییش لە ئارادا بێت. گومانی تێدا نییە، گەشتەکەی سکات لە دۆزینەوەش گرنگتر بوو. لایەنی زانستییەکەی تۆزێک زیاتر لە لایەنی ئەزموونی و ناسەرکەوتوی بوو. هەر ئەمەش هۆکارێکی بەس بوو بۆ ئەوەی بەدیهێنەرانی فیلمەکە لایەنی دەروونناسانەی ئەم سەربردەیە بە بەرفراوانییەکی زیاترەوە پیشان بدەن. هەرکەس فیلمی **گرینلەندی**[٥٧٠] بەرهەمی **مارسێل ئیچاک**[٥٧١] و **لەنژۆپی**[٥٧٢] بینیبێ، کاپیتان سکاتی وەک کابرایەکی گەوجی قیرسیچمە دێتە پێش چاو. ڕاستە دەرهێنەر **چارڵز فرێند**[٥٧٣]، ئەو ڕەنجەی کێشاوە لە چەند دیمەندا، کە بە داخەوە، زۆر دارەتی فێرکاری و پەروەردەیی هەیە، ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیانە شرۆڤە بکات کە بوونەتە هۆی ئەنجامدانی ئەو گەشتە. بەڵام کێشەکە لێرە دایە کە ئەو باسی ئینگلیزی ١٩١٠ ئەکات. لە کاتێکدا ئەو کارەی کە ئەبوا بیکردایەت، ئەوە بوو بە کەڵکوەرگرتن لە چیرۆکبێژی یان هەر ڕێگەیەکی تر، بەراوردێکی لەگەڵ سەردەمی خۆماندا بکردایەت. چونکە ئەمە ئەو کارەیە بینەر

---

**٥٧٠**ـ گرینلەند: Greenland فیلمی سینەمایی **١٩٤٩**، بەرهەمی مارسێل ئیچاک.

**٥٧١**ـ مارسێل ئیچاک: Marcel Ichac (**١٩٠٦ـ١٩٩٤**) فیلمگر و گەڕیدە و دەرهێنەر و ئاڵپینیستی فەڕانسەیی.

**٥٧٢**ـ لەنژۆپی: Jean_Jacques Languépin (**١٩٢٤ـ١٩٩٤**) فیلمگر و وێنەگر، گەڕیدە و ئاڵپینیستی فەڕانسەیی.

**٥٧٣**ـ چارڵز فرێند: Charles Frend (**١٩٠٩ـ١٩٧٧**) دەرهێنەری ئینگلیزی.

بە شێوەی خۆڕسک ئەنجامی ئەدات. سۆنگەی دووەم و، گرنگتر ئەوەیە برەوسەندنی گوزارشتی بابەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم یەک جار و بۆ هەمیشە چاوەڕوانیمانی لەمەڕ ئەم چەشنە گوزارشتە دیاری کرد. گرەوشت بەرەو دیمەنی سەمەرە و نامۆ سەرەڕای هەموو دڵڕفێنی ڕۆمانتیک و چاوگەشێنی، جێگەی خۆی دابوو بە تێبینی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ڕووداو لە پێناوی خودی ئە ڕووداوانەدا. ئەو فیلمەی پانتینگ لەم گەشتی دۆزینەوەی گرتووە، باپیرەی دوو فیلمی **کۆن ـ تیکی** و **گرینلەندە**. واتە هەم مایەی لاوازییەکانی فیلمی یەکەمە و هەم هۆکاری گوزارشتی مووبەموو لە فیلمی دووەمدا.

هەمان ئەو یەک وێنە لەرزۆک و لێڵەی لە ناو کەلوپەلەکانی سکات و هاوڕێیانیدا دۆزرایەوە و ئەوانی لە بستوو پیشان ئەدا، لە هەموو ئەو فیلمە تێکنیکالڕەی **چارلز فرێند**، سەرنجڕاکێشتر و هەستبزوێنترە.

ئینجا کاتێک ئەزانین ئەم فیلمە لە بەفرەچاڵە سروشتییەکانی نێوان نەرویج و سوویسرا دروستکراوە، بێهوودەیی کارەکە زیاتر دەرئەکەوێ. ئەوەندەی ئەزانین ئەم دیمەنانە هەرچەند تۆزێ لە بستووی باشوور ئەچن، بەڵام بە ڕاستی خودی بستوو نین، بۆ ئەوە بەسە هەستی درامایی بابەتەکە، کە ئەبێ تەژی بێ، لەناو ببات. ئەگەر من لە جیاتی چارلز فرێند بوایەتم، تێئەکۆشام هەر جۆر بووە، چەند دیمەنی فیلمەکەی پاتینگ بخزێنمە ناو فیلمەکە. ئەم پرسگرە پەیوەندی بە داڕشتنی فیلمنامەوە هەیە. بەمجۆرە بە زیادکردنی چەند دیمەنی ڕووتی ڕووداوی لانەماک، فیلمەکەی **فرێند** واتایەکی تری پەیدا ئەکرد کە هەنووکە نییەتی.

بە بەراوردی ئەم چەند فیلمە، ئەتوانین بڵێین ئەوەی مارسێل ئیچاک و لەنژۆپی لە **گرینلەند**دا ئەنجامیان داوە، نموونەیەک لە دوو قاڵبی ناکۆکە کە تۆمارکردنی گەشتەکانی دۆزینەوەی هاوچەرخ بەدییان هێناوە. ئەتوانین فیلمی **لەگەڵ سکات تا بستووی باشوور** بە باپیرەی فیلمی **گرینلەند** بزانین. بێگومان، لە قۆناغی ئامادەکاری گەشتەکە **پۆڵ ـ ئێمیل ڤیکتۆر**یش هەندێ مەترسی گریمانەیی لە بەرچاو گرتبوو، بەڵام تێکۆشان ئەوەندەی ئەکرێ پێشبینی بکەن. واتە فیلمگرتن لە گەشتەکەیان بە چەشنێک خزمەتگوزاری تایبەتی تەواوکەر بزانن. بە ئاشکرا ئەیڵێم، ڕیزبەندی دیمەنەکانی ئەم فیلمە تەنانەت بەر لە گەشتەکە، ئەتوانرا دیاری بکرێ. چونکە هەموو چالاکییەکانی ڕۆژبەڕۆژی هەموو ئەندامانی پۆل لە پێشەوە دیاری کرابوو. هەر چۆنێک بێ، دەرهێنەر ئازاد بوو هەرکات بە پێویستی بزانێ ئامرازەکانی بەکار بهێنێ. دەرهێنەریش لە تەنیشت کەسانی زەویزان و کەشناسەوە، گۆڤانی فەرمی گەشتەکە بوون.

بەڵام فیلمی **تۆر هەیردال**[٥٧٤] نموونەیەکە لە جۆرێک گوزارشتی تر کە فیلمگرتن بەشی پێویستی نییە. **کون ـ تیکی** هەرچەند هەر فیلم نییە، بەڵام لە جوانترینی فیلمەکانە. بە هەمان شێوە، کە بە هەڵسەنگاندنی بەردی خەنەبەردیلەپۆشی[٥٧٥] بەردمی تەلار و،

---

٥٧٤ـ تۆر هەیردال: Thor Heyerdahl (١٩١٤ـ٢٠٠٢) پسپۆڕی ئانسرۆپۆلۆجی و گەڕیدەی بوێر و سەرکەشی نەرویجی.

٥٧٥ـ خەنەبەردیلە: moss ناوی لێکدراو کەژاو، کەزی، گیایەکی بچووکە بەبێ ڕیشەی ڕاستەقینە، لە شوێنی شێدار ئەژی ع طحلب د گل سنگ ← کەزیکانی: algae ناوی لێکدراو قەوزەی کانی و ڕووبار و مەنداو، قەوزەی زەریا ع مستنقع د جلبک.

پەیکەری وردوخاشی کەونارا ئەتوانین ئەوانە لە ئەندێشەماندا وێنایان بکەین، وێنەکانی ئەم فیلمەش پاشماوەی ئافراندنێکی تەواو نەکراوە، کە وا پێناچێ کەس بوێرێ هەر فیلمیشیان لێ بگرێ. ڕوونی ئەکەمەوە. زۆربەی جەماوەر لەگەڵ گەشت و ڕووداوی سەرکەشانەی پەرمێک لە زانایانی جەوانی نەرویجی و سویدی ئاشنان، کە بڕیاریان دابوو بیسەلمێنن، بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، ئەگەری ئەوە هەیە کۆمەڵێک لە دانیشتوانی کەناری **پێروو** لە ڕێگەی زەریاوە خۆیان گەیاندبێتە دورگەکانی **پۆلینزیا**[٥٧٦] و لەوێ نیشتەجێ بووبێتن. باشترین ڕێگەش بۆ سەلماندنی بیردۆزەکەیان ئەوە بوو هەمان کار پاتە بکەنەوە کە ڕەنگە هەزاران ساڵ بەر لەوە ئەنجام درابوو. ئەم مەلەوانە تازەکارانە لەسەر بناغەی زانیاری بەڵگەدار کە سەبارت بە شێوەی گەمیسازی سوورپێستەکان بەدەسیتان هێنابوو، گەمییەکیان دروست کرد. ئەم گەمییە کە هیچ کەرەستەیەکی پاڵنەری نەبوو، وەک شمەکێک کەوتە سەر ئاو و بای جارنەجار بردی بەرەو دورگەکانی پۆلینزیا. ئەم گەمییە مەودای ٤٥٠٠ مایلی بڕی. ئێستا ئەم گەشتە ئەفسانەییە لە پاش سێ مانگی دوورودرێژ و پاش دەربازبوون لە پەلاماری چەندین تۆفان سەرکەوتووانە کۆتایی هات، گیانی ئەگەشاندەوە و ئەبێ بە یەکێک لە پەرجووەکانی ئەم سەردەمە دابنرێ. ئەم گەشتە ئەمانخاتەوە بیری **هێرمان مێلڤیل**[٥٧٧] و **کۆنراد**[٥٧٨]. ئەم

---

٥٧٦ـ پۆلینزیا: Polynesia نزیکەی ١٠٠٠ دورگە یان گراڤان لە ئۆقیانووسی ئارام و بەشێکن لە کیشوەری ئوقیانووسییە.

٥٧٧ـ مێلڤیل: Herman Melville (١٨١٩ـ١٩٩١) ڕۆماننووسی ئەمریکایی.

٥٧٨ـ کۆنراد: Joseph Conrad (١٨٥٧ـ١٩٢٤) ڕۆماننووسی ئینگلیزی.


گەشتیارانە، گەشتنامەیەکی زۆر شیانست و کۆمەڵێک نیگاری کێشراوی دڵگەشێن و گاڵتەئامێزیان لەگەڵ خۆیان هێنابوویەوە. لەگەڵ ئەوەش، ساڵی ١٩٥٢ هەموو ئەیانزانی بۆ تۆمارکردنی ڕووداو هیچ شتێک ناتوانێ جێگەی کامێرای فیلمگرتن بگرێتەوە. هەر ئەم ڕاستەقینەش بووەتە مایەی سەرنج و کاردانەوەی ڕەخنەگران.

ئەم دۆستانەی ئێمە کامێرایشیان هەبوو. بەڵام تازەکار بوون و شارەزاییان لەمەڕ بەکارهێنانی کامێرای فیلمگرتن لە من و تۆ زیاتر نەبوو. جگە لەوە، بە داخەوە هەندێ ڕاستی دەری ئەخەن ئەوان نەیان ویستبوو سوودی بازرگانی لەم فیلمە وەربگرن. بۆ وێنە فیلمەکەیان بە خێرایی فیلمی بێدەنگ، واتە ١٦ وێنە لە چرکە، فیلم گرتووە، لە کاتێکدا فیلمی دەنگدار خێراییەکەی ٢٤ وێنە لە یەک چرکە دایە. بۆیە ئەبوایە وێنەکانیان یەک نا یەک چاپ بکردایەت. لە ئەنجامدا ئەم فیلمە زیاتر لە نمایشی فیلم لە سینەماکانی شارەکاندا لە ساڵی ١٩١٠ لەرزشی هەبوو. هەروەها ئەم فیلمە بە هۆی هەڵەی ڕووناکی و هەم بە هۆی چاپ لەسەر فیلمی ٣٥ میلیمەتری چۆنایەتییەکی ڕوون و باشی نەبوو.

بەڵام ئەمانەش خراپترین ئاریشە نەبوون. دۆستانی ئێمە، فیلمسازی لەم گەشتەیان تەنانەت وەک کارێکی لاوەکی لە بەرچاو بەگرتبوو. هەلومەرجی فیلمگرتنیش ئەوەندە خراپ بوو، لەوە خراپتر هەر نابێتەوە. مەبەست ئەوەیە فیلمگر، هەر کەس بوو، ئەبوایە خۆی گرمۆڵە بکات لە سووچی گەمییەکە، تا ببێ بە هاوئاستی زەریا. واتە ئەو و کامێرا وەها ئەلکان بەیەکەوە، وەک

بڵێی یەکن. لەئەنجامدا، کامێرا نە ئەجووڵێ و نە ئەسووڕێ. بە دەگمەنیش ڕێ کەوتووە، لەو بەلەمە لاسیقە بچووکەی بەسترابوو بە دوای گەمییەکەوە، فیلمی دارماڵی هەموو «گەمی»یەکە بگیرێ. سەرەنجام و، لە هەموو گرنگتر، ئەوەی کە هەر کات شتێکی گرنگ ڕووی بدایەت، بۆ وێنە تۆفانێک هەڵسایەت، گەشتیاران ئەوەندە گرفتار بوون، کەس بیری لە فیلمگرتن نەکردوەتەوە. لەئەنجامدا، فیلمسازانی تازەکاری ئێمە چەندین ئاڵقەیان بۆ فیلمگرتن لە تووتی دەستەمۆ و خواردەمەنییەکانی هێزی زەریایی ئەمریکا بەکار هێناوە. بەڵام هەر کات ساتێکی سەرنجڕاکێش گەیشتووە، بۆ نموونە ئەو کاتەی نەهەنگ خۆی ئەکێشێ بە گەمییەکەدا، مەودای ئەو فیلمە ئەوەندە کەمە، ئەبێ بە دەزگای چاپی تیشکدار دە جار چاپ بکرێ تا بزانرێ چی ڕووی داوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش **کۆن ــ تیکی** فیلمێکی مایەی پەسن و کاریگەرە. باشە بۆچی؟ چونکە دروستکردنەکەی وەک خودی ئەو ڕووداوەیە کە بە شێوەی ناتەواو پێشکەش ئەکرێ. چونکە خۆی بەشێکە لە خودی ڕووداوەکە. ئەو وێنە لەرزۆک و تراوانە ئەڵێی یادەوەری بابەتی ئەکتەرانی ئەم درامایە. ئایە ئەو نەهەنگە سامناکە، کە بە ئاشکرا لە ناو ئاوەکە ئەیبینین، لەو ڕووەوە سەرنجمان ڕا ئەکێشێ کە گیانەوەرێکی دەگمەن و وێنەی زۆرمان لێ نەبینیوە؟ یان لەبەر ئەوەیە ئەم دیمەنە ڕێک لەو ساتەدا گیراوە کە خۆڕاوەشاندنی سەرخۆشانەی ئەو زەبەلاحە بەس بوو بۆ ئەوەی گەمییەکە هەڵگەڕێنێتەوە و کامێرا و فیلمگر بنێری بۆ کووراهی حەوت هەشتهەزار مەتری بنی زەریا؟ وەڵام




ڕوونە. لەگەڵ ئەوەش، ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەم پاشماوە کێماسانەی فیلمێک کە هەرگیز دارماڵ نەکرا، دڵتێر نابین. بۆیە شکۆ و فەرەهوەری(٥٧٩) فیلمەکانی **فلاهێرتی** لە ئەندێشەماندا دەرئەکەون. بۆ نموونە، دیمەنەکانی نەهەنگەکانی فیلمی **مرۆڤی ئارانی** بهێننە بەرچاو کە ئارام لە سەر ئاوەکانی ئیرلەنددا ئەخوشێن و چێژ لە هەتاو وەرئەگرن. بەڵام ئەگەر تۆزێک ورد ببینەوە، خۆمان ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئاڵۆز و بێ ڕێگەی چارە ئەبینین. ئەوەی ئەیبینین ئەوەندەش ناتەواو نییە، بەو هۆیەی لەو چیرۆکەدا کە ئەیگێڕێتەوە درۆ ناکات. ئەگەر بڕیار بوو فیلمێکی ٣٥ میلیمەتری دروست بکرێ و مەیدانگایەکی لەباری لەبەردەستدا بوایەت بۆ ئیدیت کردنی دوایی، ئەبوایە گەمییەکی لە جۆری تریان دروست بکردایەت ـــ بۆ نا ـــ کەشتییەک وەکوو ئەوانی تر؟ بەڵام گیانەوەرانی ئۆقیانووسی ئارام ڕێک لەبەر ئەمە شان ئەخشێنن بە گەمییەکایاندا، کە گەمییەکەیان هەموو تایبەتمەنییەکانی شمەکێکی گەڕۆک و ئاوهێنراوی هەبووە. ئەگەر مەکینە و پەروانەیەکی هەبوایەت، هەڵئەهاتن. واتە زانست ئەیتوانی دەسبەجێ ئەم بەهەشتە زەریاییە تێدا ببات! ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم جۆرە فیلمە ئەتوانن سەرکەتوانە لە نێوان پێداویستی ڕووداو و داواکارییەکانی گوزارشتگەری، تا ڕادەیەک ئاشتی بەدی بهێنێ. گۆڤانی سینەمایی ڕووداوێک بە واتای ئەوەیە هەم فیلمەکە تۆمار بکرێ و لە هەمان کاتدا بەشێک بن لە

٥٧٩ـ فەرەهوەر: distinguishe ئاوەڵناو فەرەوەر، بەشکۆ، مەند و بە هەیبەت، جیاواز ع متمایز N fornem د متمایز.

فیلمەکەش. گوزارشتی ئەم شمەکە سەرئاو کەوتووە، کە خۆی لە تۆفان پاراستووە، زۆر کاریگەر و، تەنانەت کاریگەرترە لەوەی کە گوزارشتی بێ کەموکووڕی فیلمێکی بەرنامەدار ئەیتوانی پێشکەشی بکات. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم فیلمە لەوە پێکنەهاتووە کە ئەیبینین ــ کێماسییەکانیشی بە هەمان ئەندازە بەڵگەن بۆ ڕەوایی و ڕەسیدی. بەڵگەنامەی ونبوو، قاڵبە نەرێنییەکانی ئەم گەشتەن ــ کە نەخشی ئەوانە بە قووڵی هەڵکەنراوە. ڕاستی ئەوەیە زۆر بەشی فیلمی **ئاناپۆرنا**(٥٨٠) بەرهەمی **مارسێل ئیچاک**یش ون بووە، بە تایبەت ئەوانەی ئەیانتوانی لوتکەی فیلمەکە بەدی بهێنن. واتە دیمەنی سەرکەوتنی کۆتایی **هێرتزۆگ**(٥٨١)، **لاشینال**(٥٨٢) و **لیۆنێل تێرەی**(٥٨٣). بەڵام هۆکاری نەمانیان ئەزانین. کلیلەی ڕنوو بوو بە هۆی ئەوەی کامێرا و دەستەوانەی هێرتزۆگ لە دەستی داکەنرێ. لەم ڕووەوە، ئەو دیمەنەی سێ شاخەوان لە ئۆردووگای ژمارە ٢ ئەکەونە ڕێ و ئەچنە ناو مژەکەوە، لە فیلمەکەدا نییە و چیرۆک لە پاش ٣٦ کاتژمێر دواتر دەست پێ ئەکاتەوە. واتە ئەو کاتەی پیاوەکان بە چاوی بەشەوارەکەوتووی ڕووناکی و بەفر و ئەندامانی ڕچاوەوە لە ناو

**٥٨٠ـ** ئاناپۆرنا: Annapurna گەشتی شاخەوهانی ئاناپۆرنای فەرەنسەیی لە ساڵی **١٩٥٠** بە سەرۆکایەتی ماوریس هێرتزۆگ، گەیشتنە لوتکەی ئاناپۆرنای یەکەم بە بەرزی **٨٠٩١** مەتر (**٢٦٥٤٥** پێ) کە بەرزترین لوتکەیە لە هاوینەهەواری ئاناپۆرنا لە نیپاڵ.

**٥٨١ـ** هێرتزۆگ: Maurice Herzog (**١٩١٩ـ٢٠١٢**) ماوریس هێرتزۆگ شاخەوانی فەڕانسەیی، سەرۆکی گەشتی ئاناپۆرنای فەرەنسی لە **١٩٥٠**.

**٥٨٢ـ** لاشێنال: Louis Lachenal (**١٩٢١ـ١٩٥٥**) شاخەوانی فەڕانسەیی. بەشداری گەشتی ئاناپۆرنای فەرەنسی لە **١٩٥٠**.

**٥٨٣ـ** لیۆنێل تێرەی: Lionel Terray شاخەوانی فەڕانسەیی.



تەمومژ دێنە دەرەوە. **ئۆرفیۆسی**(٥٨٤) سەردەم ئەیتوانی تۆمارکردنی ئەم سەرکەوتن بۆ دۆزەخی سەهۆڵبەندان، بە کامێرا لە هەموو بەلایەک دەرباز بکات. پاشان گۆلگەتای درێژخایەنی دابەزین لە کێوەکە دەست پێئەکات. هێرتزۆگ و لاشینال وەکوو لاشەی مۆمیایی بەستراون بە کۆڵی **شراپا**کانەوە(٥٨٥). ئەمجار کامێرا لەوێیە و وەک دەسڕی **ڤێرۆنیکا**یە کە ڕوخساری ئازاری مرۆیی لەسەری نەخش بووە. هەڵبەت گەشتنامەی هێرتزۆگ دارماڵتر و وردترە. یادەوەری ئەمەگدارترین یاوەری فیلمە ـ تاقە ئامرازێکە لە هەر بەرزاییەک و تا دوا هەناسە کار ئەکات. بەڵام کێ هەیە جیاوازی نێوان **بیرەوەری** و **وێنەی بابەتی**، کە ئەیکات بە وەرجاوەند، لێک نەکاتەوە؟

لێکدراوی دوو وتاری:
*France Observateur, April 1953, and January 1956*

---

٥٨٤ـ ئۆرفیۆس: Orpheus لە ئەفسانە و ئایینی کۆنی یۆنانیدا موزیکزان و پەیامبەر بووە.

٥٨٥ـ شراپا: Sherpa دانیشتوانی بوومی ناوچەی کوێستانی بەری باشووری هیمالایا لە نیپاڵ، کە لە شاخەوانیدا بەناوبانگن.




## شێوەکاری و سینەما

ئەو فیلمانەی سەبارەت بە تابلۆی شێوەکاری دروست کراون، لانیکەم ئەوانەی بە سوودوەرگرتن لە تابلۆکان بەرهەمێکی خاوەن پێکهاتەی سینەمایی بەدی ئەهێنن، هەم شێوەکار ئەغەزرێنن و هەم ڕقی ڕەخنەگرانی هونەری هەڵئەسێنن. لەم نموونەیە ئەتوانین فیلمە کورتەکانی **لۆچیانۆ ئێمێر**؛ فیلمی **ڤەن گۆک** بەرهەمی **ئالێن ڕێنێ** و **ئار. هێسن**[٥٨٦] و **گاستۆن دیل**[٥٨٧]، **گۆیا**[٥٨٨] بەرهەمی **پیەر کاس**[٥٨٩] و، **گێرنیکا**[٥٩٠] بەرهەمی **ئالێن ڕێنێ** و **ئار. هێسن** ناو ببەین. ناڕەزامەندی ڕەخنەگران و شێوەکاران، کە من خۆم لە زەمانی پشکنەری باڵای کاروباری دێزاینی وەزیرخانەی پەروەردەم


**٥٨٦ـ** ڕابێرت هێسن: Robert Hessens (**١٩١٣ـ٢٠٠٣**) دەرهێنەری فەڕانسەیی.

**٥٨٧ـ** گاستۆن دیل: Gaston Diehl (**١٩١٣ـ١٩٩٩**) نووسەری فەڕانسەیی.

**٥٨٨ـ** گۆیا: Francisco Goya (**١٧٤٦ـ١٨٢٨**) گرنگترین شێوەکار و چاپگەری ڕۆمانتیکی ئیسپانیایی کۆتایی سەدەی **١٨** و سەرەتای سەدەی **١٩**.

**٥٨٩ـ** پیەر کاس: Pierre Kast (**١٩٢٠ـ١٩٨٤**) دەرهێنەری فەڕانسەیی.

**٥٩٠ـ** گێرنیکا: Guernica فیلمی سینەمایی **١٩٥١** دەرهێنانی ڕابێرت هێسن، ئالێن ڕنێ، لەمەڕ بۆمبارانی بێبەزەییانەی **١٩٣٧**ی گێرنیکای «باسک» و هەڵوێستی پیکاسۆ لە تابلۆی ناوازەی گێرنیکادا.





بیستووە، ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک سەیری ئەم فیلمانە بکەیت، ئەبینی سەبارەت بە شێوەکاری ڕاستگۆ نین. یەکێتی دراماتیک و لۆجیکی فیلم، لە نێوان ئەو تابلۆیانەی بە زۆری لە ڕوانگەی کات و گیانی بەرهەمەکە مەودای زۆریان هەیە، پەیوەندییەک بەدی ئەهێنن لە ڕوانگەی پەیوەندی مێژووییەوە نادروست یان ساختەن. ئێمێر لە فیلمی **جەنگاوەر**[٥٩١] تا ئەو جێگایە ئەچێتە بەرەوە کە بەرهەمی شێوەکارانی جۆراوجۆر لە فیلمەکەدا دائەنێ، کە ئەمە جۆرێک فریودانە و ئەوەندە شیاوی سەرزەنشتە کە کردەوەی **کاس**، لە فیلمی **ناراوی جەنگ**[٥٩٢]. کاس لەم فیلمەدا بۆ ئەوەی ڕیزبەندی ئێدیتی فیلمەکەی بپارێزێ، هەندێ بەشی کۆمەڵەی **هەوەسبازان**[٥٩٣] بەرهەمی گۆیای لەوێ داناوە. ئەم خاڵە لەمەڕ **ڕێنێ**ش ڕاستە و خولەکانی گۆڕانکاری لە کاری **پیکاسۆ**دا بە نادروست پیشان ئەدات.

تەنانەت ئەگەر فیلمساز بیەوێ خۆی لەگەڵ ڕاستەقینەی مێژووی هونەردا بگونجێنێ، ئەو ئامرازانەی بەکاری ئەهێنێ لە ڕوانگەی جوانناسییەوە لەگەڵ ئەو ڕاستیانە ناگونجێن. فیلمساز شتێک دابەش ئەکات کە لە خودی خۆیدا، پێکهاتەیەکی تاقانەیە، لە کاتێکدا خۆی ئەیەوێ پێکهاتەیەکی نوێ بەدی بهێنێ کە شێوەکاری بیری لێ نەکردوەتەوە.

---

٥٩١ـ جەنگاوەر: Guerrieri فیلمی سینەمایی ١٩٤٢، دەرهێنانی ئێمێر.
٥٩٢ـ ناراوی جەنگ: Misfortunes of War فیلمی ١٩٤٨ی پیەر کاس.
٥٩٣ـ هەوەسبازان: Caprices ئاڵبۆمی ٨٠ تابلۆی گۆیا شێوەکاری ئیسپانیاییە.




ڕەنگە خۆمان ببەستینەوە بەوەوە کە بمانەوێ بزانین پاساو و سۆنگەی ئەمکارە چییە و ئایە پرسگرێکی گرنگتر لە ئارا دایە یان نا؟ ئەم جۆرە فیلمە هەم دوخمانی لە شێوەکار ئەکات و هەم لە خودی تابلۆ. ئەویش بەم هۆکارانە: بینەر دڵنیایە ئەو تابلۆیە سەیر ئەکات لە لانەماکی تابلۆکەدا هەبووە. بەڵام لە ڕاستیدا خەریکە بە ناوەندیاری قاڵبی هونەری ئەیبینێ، کە ناوەرۆکی بە قووڵی ئەگۆڕێ. ئەم خاڵە لە هەمان سەرەتای فیلمی ڕەشوسپییەوە سەلماوە. بەڵام ڕەنگیش چارەساز نەبوو. چونکە ناتوانین هیچ ڕەنگێک وەکوو خۆی بنوێنینەوە، لەئەنجامدا ئەگەری بەدیهێنانەوەی پێکهاتەی ڕەنگەکانیش ناگونجێ. لە لایەکی ترەوە، ڕیزبەندی دیمەنەکانی فیلم، چەشنێک یەکگرتووی کاتی بە تابلۆ ئەدات، لە کاتێکدا ئاسۆیی و بەناو جوگرافیاییە. لە کاتێکدا کات لە شێوەکاری، تا ئەو جێگەی ئەم چەمکە کاردای هەیە، بە شێوەی زەویناسانە و لە قووڵایی دایە. خاڵی کۆتایی و گرنگتر ئەمەیە کە پەردەی سینەما، کەش، بەو شێوەی لە شێوەکاریدا لە ئارا دایە، لەناو ئەبات ــ ئەمە بابەتێکی ناسکە کە سەرەڕای گرنگی هەرگیز لەم بوارەدا بەکار نەهاتووە. بە هەمان شێوە، لە شانۆ، سەکۆ و چراکانی بەردەمی سەکۆ، نیشانەی ناکۆکی نێوان دیمەن و جیهانی ڕاستەقینەیە. شێوەکاریش بە قاپەکەی هەم لە ڕۆژەڤی دەرەوە دائەبڕێ و هەم، لەوەش زیاتر، لەو ڕۆژەڤەی لە وێنەگەریدا ئەنوێنرێتەوە. لە ڕاستیدا، هەڵەیە ئەگەر کاردای قاپی تابلۆ تەنها بە ڕازاندنەوە یان ڕەوانبێژانە بزانین. ئەو خاڵەی کە قاپی تابلۆ چۆنایەتی پێکهاتەی شێوەکاری سەقامگیر

ئەکات، لە قۆناغی دووەمی گرنگی دایە. ڕۆڵی سەرەکی قاپ ئەوەیە جیاوازی نێوان جیهانەگچکەی تابلۆ و مەزنەجیهانی ڕاستەقینە کە تابلۆکەی تێدایە، بەدی بهێنێ یان لانیکەم بەرجەستەی بکات. ئەم خاڵە، ئاڵۆزی بارۆکی قاپە نەریتییەکان بە باشی ڕوون ئەکاتەوە. چونکە کاری ئەم قاپانە ئەوەیە دارەتێک بەدی بهێنن کە لە ڕوانگەی ئەندازەییەوە نالوێ ـــ واتە لێک جیانەبوونی تابلۆ و ڕووداو. واتە هەمان جیانەبوونی تابلۆ و ڕاستەقینەیە. بە هەمان شێوەی **ئۆرتگای ئی گاسێت**[٥٩٤] بە دروستی وتوویەتی، برەوی قاپی زەڕکەش لەبەر ئەوەیە، کە ئەم هێسنە زۆرترین گەشانەوەی تیشک و ڕەنگی هەیە و خۆی هیچ تەشکێکی نییە، واتە ڕەنگێکی دارماڵ بێ تەشکە. بە گوتەیەکی تر، قاپی تابلۆ کەش بە خۆوە ئەگرێ کە ئاراستەیەکی جیاوازی هەیە، واتە کەشێک کە ئەزموونی چالاکی ئێمە لەوێ ڕوو ئەدات و سنووری دەرەکی سەقامگیر ئەکات. قاپی تابلۆ کەشێک پێشکەش ئەکات ئاراستەی بۆ ناوەوەیە، کەشێکی دەروونگەرایە کە تەنها بۆ ناوەوەی شێوەکاری ئەکرێتەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی لە زاراوەی تەکنیکی سینەماییدا باوە، لێواری دەرەکی پەردە، قاپی وێنەی فیلم نییە. بەڵکوو لێوارەی بەشێک لەو دەمامکەیە کە تەنها بەشێک لە ڕاستەقینە پیشان ئەدات. قاپی تابلۆی شێوەکاری، کەشەکە ڕائەکێشی بۆ هەناوی خۆی. بە پێچەوانە، ئەوەی پەردەی سینەما پیشانمان ئەدات، بە ڕاستی بەشێکە لەو شتەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا تا ناکۆتا درێژەی هەیە. قاپی شێوەکاری مۆنەوارە و، پەردەی سینەما مۆنەبێزە. بۆیە ئەگەر

---

٥٩٤ـ ئۆرتگای ئی گاسێت: Ortega y Gasset (١٨٨٣ـ١٩٥٥) وتارنووس و فەیلەسووفی ئیسپانیایی.

ئەم ڕەوتە وێنەییە بەراوەژوو بکەین و پەردەی سینەما بخەینە ناو قاپی شێوەکاری، واتە بەشێک لە تابلۆکە لەسەر پەردە پیشان بدەین، کەشی تابلۆ ئاراستە و کەوشەنی لەدەست ئەدات و ئەکەوێتە بەر وەژارە و ئەندێشەیەکی بێسنوور. لەم دارەتەدا، تابلۆی شێوەکاری بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی تری لەدەست بدات، تایبەتمەندی کەشی سینەما وەرئەگرێ و وەکوو بەشێک لە جیهانی «وێنەکراو»ی لێدێت کە لە دەرەوەی ئەو جیهانە لە هەموو ئاراستەکاندا درێژەی هەیە. **لۆچیانۆ ئێمێر** بەدیهێنانەوەی جوانناسانەی وەژارەبزوێنی لەسەر ئەم هەڵۆسەیە دامەزراندووە و، خاڵێکی دەسپێکی بۆ فیلمە سازکراوەکان لەمەڕ هونەری هاوچەرخ بەدی هێناوە. بە تایبەت بۆ فیلمی **ڤەن گۆک** بەرهەمی **ئالێن ڕێنێ**. لێرەدا دەرهێنەر هەموو بەرهەمەکانی شێوەکاری وەکوو تابلۆیەکی مەزن لە بەرچاو گرتووە و کامێرا، وەکوو هەرکام لە بەڵگەییە باوەکان، ئازادانە بەسەریدا گەڕاوە. لە **شەقامی دارێل**[595] تێئەپەڕین، لە پەنجەرەوە ئەچینە ناو ماڵی **ڤەن گۆک** و، ڕاستەوخۆ بەرەو سیسەم یان ڕووتەختییە سوورەکە ئەڕۆین. ڕێنێ تەنانەت نمایەکی بەراوەژووی پیرەژنێکی گوندی هۆلەندی پیشان ئەدات کە ئەچێتە ماڵەکەی.

ئاشکرایە ئەتوانین بە ئاسانی بڵێین ئەم چەشنە فیلمانە لانەماک و گەوهەری شێوەکاری خەوشدار ئەکەن. هەمان باشتر لایەنگرانی ڤەن گۆک کەم بن، تا زۆر بن و نەزانن چ شتێکی ئەو شێوەکارە پەسن ئەکەن. بە کورتی، مشتوومڕ ئەوەیە ئەم جۆرە فیلمانە شێوازێکی سەمەرەی پەرشوبڵاوی کولتوورین و لەسەر بنەمای پارچەکردن و

---

٥٩٥ـ شەقامی دارلێ: Rue d'Arles ناوەندی ڤەن گۆک لە ئارلێی فەڕانسە.

تیابردنی بابەکەی وەستاون. بەڵام ئەم ڕوانینە بەدبینانەیە، تەنانەت لە بەرامبەر لێکۆڵینەوەی وردی پەروەردەدا خۆی ڕاناگرێ، چ بگات بە تۆژینەوەی جواننانسانە.

ئایە باشتر نییە لە جیاتی گلەییکردن لەوەی سینەما ناتوانێ تابلۆمانمان بەو شێوەی کە هەن پیشان بدات، لەو خاڵە شادمان ببین ئەوەتانێ سەرەنجام ئامرازێکی «سێسێمی بیکەرەوە»مان[٥٩٦] دۆزیوەتەوە تا گەنجینەکانی جیهانی هونەر بخەینە بەردەستی جەماوەر؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر چەشنە چێژوەرگرتن یان حەزی جواننانسانە لە شێوەکاری پێویستی بە ئامادەکاری سەرەتایی هەیە. پێویستی بە چەشنێک پەروەردەی وێنەییە تا بینەر بتوانێ ئەو بابەتە ئەبسرەیە بکات بە شتێک تا بتوانێ دارەتی هەبوونی ئەو لەواسە[٥٩٧] وێنەکێشراوە و جیهانی فەراگەردی لێک جیا بکاتەوە.

بیردۆزێکی هەڵە تا سەدەی نۆزدە برەوی هەبوو، کە *شێوەکاری تەنها بە بەدیهێنانەوەی جیهانی دەرەوە ئەزانی*. ئەم بیردۆزە بووە هۆی ئەوەی تا ناپسپۆڕان خۆیان بە پسپۆڕ بزانن و، لە دوای ئەوەش، ڕووداوی دراماتیک و چیرۆکی ڕەوشت ئەم دۆخەی دژوارتر کرد.

بەڵام هەموومان ئەزانین ئەمڕۆ بارودۆخەکە بەو شێوە نییە و، بە بڕوای من ئەمە هۆکارێکی بڕیاردەرە تا تێکۆشانی سینەمایی **لۆچیانۆ ئیمێر**، **هانری ستۆرک**[٥٩٨]، **ئالێن ڕێنێ**، **پیەر کاس** و ئەوانی

---

٥٩٦ـ سێسێمی بیکەرەوە: open sesame حونجەی جادوو کە عەلی بابا بۆ کردنەوەی دەرگای داخراو بەکاری ئەهێنا.

٥٩٧ـ لەواسە: surface بەر، ڕووبەر، بەری دەست؛ بەری پێ، ڕووبەری تەن، نما ع د سطح.

٥٩٨ـ هانری ستۆرک: Henri Storck (١٩٠٧ ـ ١٩٩٩) دەرهێنەری بەلجیکی.

تر ئەیسەلمێنن ــ چونکە ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە تا بەرهەمی هونەری بگوێزنەوە بۆ کەوشەنی بینینی ڕۆژانە، بە شێوەیەک کە هەرکەس بە دوو چاوی خۆی ئەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات. بە گوتەیەکی تر، بۆ چێژوەرگرتن لە شێوەکاری پێویست بە هیچ پێشینەی کولتووری و هیچ ئامادەکارییەک نییەــ و هەڵبەت ئەبێ تابلۆیەک هەبێ تا وەکوو دیاردەیەکی سروشتی، لە ڕێگەی قاڵبی پێکهاتەی فیلمەوە بتوانێ هێزی وەژارەی بینەر ببزوێنێ. شێوەکاری ئەبێ بزانێ ئەمکارە بە هیچ شێوەیەک لادان لە ئاڕمانجی ئەو و بریندارکردنی مینەوی بەرهەمەکە، یان گەڕانەوە بۆ چەمکی ڕیالیستی و چیرۆکبێژانەی شێوەکاری نییە. ئەم شێوازە تازەیە گشتیکردنی شێوەکارییە و، لە بنەڕەتدا نە دژی خودی بابەتەکە و نە دژی تەشکەکەیەتی. بلا شێوەکاری چۆنی پێخۆشە وێنە بکێشێ. چالاکی فیلمساز ئەکەوێتە دەرەوەی ئەم کەوشەنەوە و، دیارە لایەنی ڕیالیستی هەیە، بەڵام ــ و ئەمە چەشنێک دۆزینەوەیە هەموو شێوەکارێک شادمان ئەکاتــ چەشنێک ڕیالیزم کە بە هۆی لایەنێکی ئەبسترەوە، کە هەمان شێوەکارییە، پاکتاو کراوە. ئەمە دۆزینەوەیەکی گرنگە کە شێوەکار دڵکاو ئەکات. سپاس بۆ سینەما و تایبەتمەندی دەروونناسانەی پەردە، ئەم لایەنە وێنایی و ئەبسترەیە، دارەتێکی ڕاستەقینە و بەرهەست وەرئەگرێ، وەک پارچەیەک بەردی کانزا. کەواتە، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە لە ئێستە بەدواوە، سینەما نەک هەر نایەوێ ماهەکی ڕاستەقینەی هونەرێکی تر لەناو ببات، بەڵکوو بە پێچەوانە ئەیەوێ بیپارێزێ و بیخاتە بەر سەرنجی گشتییەوە. شێوەکار و بەردەنگ یان بینەر، ئەوەندە لێک دوورن کە لە هیچ هونەرێکدا بەو جۆرە نییە. کەواتە، ئەگەر شێوەکاری وەکوو

پەرتووکێکی ئاوەڵە ئەکەوێتە بەردەستی جەماوەر، ئەویش بەبێ ئەوەی پێویستمان بە ئافراندنی کولتوورێکی تازە و نوێ هەبێ، ئەبێ شادمانی خۆمان دەرببڕین. مەگەر ئەوەی تووشی چەشنێک هەڵەبێژی ماندارینیستی[٥٩٩] بووبێتین. ئەگەر ئەم دەستپێوەگرتنە ماڵتۆسگەرایانی[٦٠٠] کولتووری سەرسام ئەکات، ئەبێ دەرفەتیان پێ بدرێت بیر بکەنەوە کە ئەمکارە ئەتوانێ چەشنێک شۆڕشی هونەریمان بە دیاری بۆ بهێنێ ــ مەبەست، شۆڕشی هونەری «ڕیالیستی»یە کە بۆ ئەوەی شێوەکاری بخاتە بەردەستی هەموو جەماوەرەوە شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەی دژایەتی ڕاستەوخۆی جوانناسانە کامانەن؟ ئەم نەیاریانە کە لە لایەنی پەروەردەیی ئەم پرسیارە جیا ئەکرێنەوە، لە خراپ تێگەیشتنێکەوە سەرچاوە ئەگرن: داوای شتێک لە فیلمساز ئەکەن، لەگەڵ ئەوەی لە ئەندێشەیان دایە جیاوازە. لە ڕاستیدا

---

٥٩٩ـ ماندارینیزم: mandarinism دەسەڵاتی منداری چین **هێمایر** کاتێک ئەوتری ماندارییستی واتە ڕووناکبیرانە، ئاکادمیک و شتێک کە تێگەیشتنی دژوارە و، بە جۆرێک هەڵەبێژی دائەنرێ.

٦٠٠ـ ماڵتۆس: Thomas Robert Malthus **ئابووریزان** (١٧٦٦ـ١٨٣٤) قەشەی ئابووریزانی ئینگلیزی، کاریگەریی زۆری لەسەر ئاپۆرەناسی demography و ئابووری ڕامیاری هەبوو. خاوەنی پەرتووکی ماکی ئاپۆرە Principle of Populationیە، بۆ یەکەمجار ئاماژە بەوە ئەدات زیادبوونی دانیشتوان هۆکاری پێشکەوتن نییە. چونکە پەرەسەندنی دانیشتوانی زەوی بە شێوەی گەشەی ئەندازەییە، لە کاتێکدا زیادبوونی خۆراک و ئازووقە بە شێوەی گەشەی ژمارەییە و ئەگەر ڕێگە لە پەرەسەندنی پەرەئەستێنی دانیشتوان نەگیرێت، جیهان تووشی هەژاری و کێشە ئەبێت.


فیلمەکانی ڤەن گۆک و گۆیا ئافراندنێکی تازەی بەرهەمەکانی ئەم دوو شێوەکارە نین، یان لانیکەم تەنها ئەمە نین. لێرەدا ڕۆڵی سینەما ئەو ڕۆڵە لاوەکی و فێرکارییەی وێنەی ئاڵبۆم یان فیلم، وەکوو بەشێک لە وتاردانێک نین. ئەم فیلمانە بەرهەمی سەربەخۆ و جیاوازن و، هۆکاری هەبوونی خۆیانن. لە هەڵسەنگاندنی ئەم فیلمانەدا نابێ لەگەڵ خودی تابلۆکان بەراورد بکرێن. بەڵکوو پێوەری هەڵسەنگاندن، سەربەخۆیی یان لەوەش زیاتر شانەزانی[٦٠١] ئەم کۆرپە جوانناسانەیە، کە بەرهەمی پەیوەندی شێوەکاری و سینەمایە. ئەو ڕەخنانەی پێشتر گرتم، لە ڕاستیدا ڕێگەیەکە بۆ پێناسەی ڕێسای تازە، کە لەم پەیوەندییە سەرچاوە ئەگرن. لێرەدا، ڕۆڵی سینەما، ڕۆڵی خزمەتگوزار نییە و، مەبەستیشی دوخمانی لە شێوەکاری نییە. بەڵکوو ئەیەوێ تەشکێکی تازە لە هەبوونی پێشکەش بکات. فیلمێک لەمەڕ تابلۆیەکی شێوەکاری، چەشنێک هاوژینی جوانناسی سینەما و شێوەکارییە، وەک خەنەبەردیلە کە بەرهەمی هاوژینی کەزیکانی و قارچکە.

زویربوون بە هۆی ئەم هاوژینییەوە ئەوەندە بێواتایە، کە یەکێک بیەوێ بە لایەنگری لە شانۆ و موزیک، ئۆپێڕا تاوانبار بکات.

لەگەڵ ئەوەش، ڕاستی ئەوەیە ئەم قاڵبە تازەیە، شتێکی سەردەمی ئێمەی لە خۆیدا هەیە. شتێک کە ئەو بەراوردە نەریتییەی لێی دوام، بە هیچ ناگرێ. فیلمی لەمەڕ شێوەکاری، فیلمی کارتۆنی نین. خاڵی ناکۆکنما دەربارەی ئەمانە، ئەوەیە کە ئەم فیلمانە سوود لەو بەرهەمانە وەرئەگرن لەپێشەوە دارماڵ

---

٦٠١ـ شانەزانی: histology هیستۆلۆجی، چێندراوزانی، زانستی لێکۆڵینەوەی گەردبینی تێشوو یان شانەی زیندەر و ڕووەک.




و سەر بە خودی خۆیانن. بەڵام ڕێک لەبەر ئەمەشە شتێک ئەخەنە جێگەی شێوەکاری کە تا ڕادەیەک لە خودی شێوەکاری وەرگیراوە و، لەسەر بناغەی شتێک سەقامگیر بووە کە بەر لەوە، لە ڕوانگەی جوانناسییەوە دارماڵ بووە، ئەتوانن تیشکی تازە بهاوێژن. ڕەنگە ئەگەر فیلم بەرهەمێکی دارماڵ و خاوەن تایبەتمەندی باڵا بێت، هەرچەند زیاتر وا دەرئەکەوێ دوخمانی لە شێوەکاری ئەکات، لە ڕاستیدا زیاتر خزمەتی پێ ئەکات.

من خۆم فیلمی **ڤەن گۆک** یان **گێرنیکا** و تا **ڕۆبێنسم**(٦٠٢) لە فیلمەکانی ڕێنوار و تا **پیکاسۆی** بەرهەمی **هایسارت**(٦٠٣) لا باشترە. چونکە دوو فیلمی دوایی تەنها مەبەستی فیرکاری یان ڕەخنەییان هەیە. مەبەستم ئەوەیە ئەو ئازادییەی ڕێنێ بۆ خۆی لە بەرچاوی گرتووە، نەک هەر لێڵی و چەند لایەنەبوونی تایبەت بۆ هەموو بەرهەمە داهێنەرانەکان ئەپارێزێ، بەڵکوو، لەوەش گرنگتر، ئەم ئافراندنە تازەیە خۆی باشترین ڕەخنەگری بەرهەمە لانەماکەکانە. فیلم بە بڵاوکردنەوەی تابلۆ، بە جیاکردنەوەی لە بەشەکانی، بە پەلاماردانی گەوهەرەکەی، وای لێئەکات تا هەندێ وزەی شاراوەی ئاشکرا بکات. ئایە بەر لە تەماشای فیلمی ڕێنێ، بە ڕاستی ئەمانزانی ئەگەر

---

٦٠٢ـ ڕۆبێنس: Rubens فیلم فیلمی سینەمایی ١٩٤٨، پۆڵ هێنسارت، هانری ستارک. ڕۆبێنس: Peter Paul Rubens شێوەکار (١٥٧٧ـ١٦٤٠) شێوەکاری فلەمەندی شێوازی بارۆک کە بە ڕادەی قەبەکردنەوە وردەکاری و بزاوتن لە تابلۆکانیدا پیشان ئەدا.


٦٠٣ـ هایسارت: Paul Haesaerts (١٩٠١ـ١٩٧٤) فیلمسازی بەلجیکی.

ڕەنگی زەرد لە تابلۆکانی **ڤەن گۆک** لاببەین، چۆن ئەنوێنن؟ هەڵبەت ئەمە بازرگانییەکی مەترسیدارە و، لە فیلمە کەم باندۆرەکانی **ئێمێرەوە** ئەزانین کارێکی ترسناکە. فیلمساز کارێکی دژوار ئەنجام ئەدات، چونکە بە نمایشیکردنی دەستکرد و میکانیکی ئەیەوێ لەبری نمایشی تابلۆیەک، سەربردەیەک بگێڕێتەوە. هەروەها، ئەبێ بڵێین سەرکەوتنی فیلم بەستراوە بە بەهرەی دەرهێنە و تێگەیشتنی ئەو لە تابلۆکە.

زێدە لەمە، چەشنێک ڕەخنەی وێژەییمان هەیە کە بەم شێوەیە لەدایکبوونەوەیەکی دووبارەیە ــ هەروەها ڕەخنەی **بوودلێر** لەمەڕ **دێلاکرِوا**، **ڤالێریٔ** لەمەڕ **بوودلێ**، **مالرۆ** سەبارەت بە **ئێل گرێکۆ**. وەرن با لاوازی و گوناهەکانی مرۆڤ نەخەینە ئەستۆی سینەما. فیلمی لەمەڕ شێوەکاری، ئەوەندەی بەهای بەرەنجامی سەمەرەیی و دۆزینەوە کاڵ ببنەوە، ڕێک بە ئەندازەی ئەو کەسانە بایەخمەند و بەهادار ئەبن، کە ئەو فیلمانەیان بەدی هێناوە◆

# سینەما چییە؟

## بەرگی دووەم


WHAT IS CINEMA?
andré bazin
essays selected and translated by HUGH GRAY
foreword by FRANÇOIS TRUFFAUT
VOLUME II
WHAT IS CINEMA?
andré bazin
essays selected and translated by HUGH GRAY
foreword by JEAN RENOIR
VOLUME I

ئاندرێ بازن

# سینەما چییە؟

وتاری هەڵبژاردە و وەرگێڕدراوی هیو گرەی


بەرگی دووەم

سیامەند شاسواری

لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS

Berkeley Los Angeles London




## پێشگوتار

## فرانسوا ترۆفۆ

ئاندرێ بازن، باشتر لە هەمووکەس لە ئورووپادا سەبارەت بە فیلم ئەینووسی. لە هەمان ڕۆژەوە لە ساڵی ١٩٤٨ یەکەم ئەرکی سینەمایی پێ سپاردم و لەگەڵی کەوتمە کار، بووم بە کرێڤی. لەوە بەدوا هەموو ڕووداوە خۆش و پڕچێژەکانی ژیانم بە وامداری ئەو ئەزانم.

بازن فێری کردم تا لەسەر فیلم و سینەما بنووسم. یەکەم نووسینەکانمی هەڵەچنی کرد و چاپی کردن. یارمەتی دام ببم بە دەرهێنەر. ئەو، چەند کاتژمێر پاش ئەوەی یەکەم ڕۆژی دەرهێنەریم تێپەڕاند، کۆچی دوایی کرد. **پێرلێژەی**(٦٠٤) دۆستی ناردبوو بە دوامدا. کاتێک پێکەوە گەیشتینە ماڵی **بازن** لە **نۆژن**(٦٠٥)، سەیرێکی کردم، بەڵام نەیئەتوانی بدوێ. ئازارێکی کوشندە گیانی داگرتبوو. شەوی پێشوو، فیلمی **تاوانی جەنابی لانژی**(٦٠٦) لە تلەڤێزیۆن بینیبوو و

**٦٠٤ـ** پێر لێژە: Père Léger

**٦٠٥ـ** نۆژن: Nogent کۆمۆنێکە لە **٦,١٠** کیلۆمەتری ناوەڕاستی پاریس.

**٦٠٦ـ** تاوانی جەنابی لانژی: Le Crime de Monsieur Lange فیلمی **١٩٣٦**،

هەندێ تێبینی بۆ ئەو پەرتووکەی سەبارەت بە **ژان ڕێنوار** ئامادەی ئەکرد، یاداشت کردبوو.

ئەگەر بڕیار بێ وێنەیەک لە ئاندرێ بازن بدەم بە دەستەوە، یەکەم شت دێت بە ئەندێشەمدا، ڕستەیەکە لە گۆڤارێکی ئەمریکاییدا: «**لەبیرنەکراوترین کەسایەتی هەموو ژیانم.**»

ئاندرێ بازن، وەک کەسایەتییەکانی شانۆکانی **ژیرادۆ**[٦٠٧]، بوونەوەرێکی هیی سەردەمانی بەر لە **گوناهی مەزن**[٦٠٨] بوو. بە چاکی و ڕاستگۆیی ناوزەد بوو. بەڵام چاکبوونی سەمەرەیەکی بێکۆتایی و زۆر ئاشکرا بوو. گوتوبێژ لەگەڵی ئەوەندە بەچێژ بوو، وەک هێندوویەکی بی بە دەم ئاوی گەنگەوە. ئەوەندە بەخشندە بوو، هەندێ جار ئەمبینی بەوست هێرش ئەکەمە سەر یەکێک لە دۆستانی هاوبەشمن، تەنها لەبەر ئەوەی بازن داکۆکی لێبکات و من لە گوتەی چێژ وەرگرم.

تا بڵێی دڵفرەوان و بەسۆز بوو، بەڵام بڕوای بە لۆجیک و پازەی لانەماکیش هەبوو. مرۆڤی مشتوومڕ بوو و بڕوای دارماڵی بە هێزی سەلماندن هەبوو. بە چاوی خۆم بینیومە بەسەر سەرسەخترین پۆلیسەکاندا زاڵ بووە. زمانگیران یاوەری بوو نەک ڕێگری. هەر بەو زمانە پسکەوە ئەیتوانی سەرنجی جەماوەر ڕابکێشێ.

---

دەرهێنانی ژان ڕێنوار.

٦٠٧- ژیرادۆ: Jean Giraudoux (**١٨٨٢-١٩٤٤**) شانۆنامە و ڕۆماننوس و دیپلۆماتی فەڕانسەیی.

٦٠٨- گوناهی مەزن: Original Sin وەک دینەکان دروستیان کردووە، گرەوشت بەرەو گوناه لە ئادەمەوە بە مرۆڤ گەیشتووە. چەمکی گوناهی یەکەم لە نووسینەکانی سەنت ئاگۆستیندا پەرەی سەندووە.






ئەگەر ڕووبەڕووی پازەیەکی ناڕەوا ببوایەتەوە، سەرەتا بۆچوونەکەی خەنیمی باشتر لە خۆی بۆ شی ئەکردەوە، پاشان بە بیرسایەکی بەهێز پووچی ئەکردەوە. تەنها لە نووسینەکانی ژان پۆڵ سارتر، کە بازن زۆر پەسنی ئەکرد، ئەتوانین ئەو هۆشمەندی و ڕاستگۆییەی ئەندێشە بدۆزینەوە.

سەرەڕای نەخۆشی جەستەیی لەمێژینەی، توانایەکی ڕەوشتی بێوێنەی هەبوو. وام وەرگرتنی بە دەنگی بەرز و وامدانی بە چرپە بوو. لە بوونیدا هەموو شتێک سادە و ئاشکرا ئەبوو. لەبەر ئەوەی نەی ئەتوانی ئۆتۆمۆبیلە چوارکەسییەکەی بە تەنها لێبخوڕێ، سێ کەسی لە وێستگەی ئۆتۆبووسی نۆژەن سوار ئەکرد و لە ڕێگەی بۆ پاریس ئەیانیگەیاند. هەرکات خۆی و ژنەکەی و مناڵە گچکەکەی چەند حەفتەیەک بچوایەتن بۆ گەشت، لە نێوان دۆستانی بێ هەژماریدا، یەکێک کە نشینگەیەکی ئاسوودەی نەبوو، هەڵئەبژارد وئەو چەند حەفتەیە خانووەکەی ئەدا بەو کەسە. ئەوسا یەکێکیشی ئەدۆزییەوە، ئۆتۆمۆبیلەکەی پێ ئەدا بە وام.

ئەو سینەمای خۆش ئەویست، بەڵام لەوە زیاتر شەیدای ژیان، مەردم، گیانەوەر، زانستی جۆراوجۆر و هونەر بوو. چەند ڕۆژ بەر لە مەرگی ئەیوسیت لەمەڕ کلیسا ڕۆمانتیکە کەمتر ناسراوەکانی فەڕانسە فیلمێکی کورت دروست بکات. هەموو جۆر ئاژەڵی لە ماڵەوە ڕاگرتبوو. زەردەقۆڕە، تووتی، چەند دانە سمۆرە، چەند دانە کیسەڵ، تیمساحێک و چەند گیانەوەری تریش کە ناتوانم لەم پێڕستەدا ناویان بهێنم، چونکە نازانم چۆن بیاننووسم. چەند ڕۆژ

بەر لە مەرگی خەریکبوو خواردنی ئەدا بە سووسمارێکی درەختی بڕازیلی و لە کاتێکدا هێلکەی کوڵاوی بە نووکی چیلکەیەکەوە ئەخستە دەمی گیانەوەرەکە وتی: «بە داخەوەم بەر لەم بەلەنگازە لەم جیهانە ئەڕۆم.» لەسەر من نییە بڵێم جیهان باشە یان خراپ، بەڵام دڵنیام کەسانی وەکوو بازن ئەیکەن بە ژینگەیەکی دڵگەشێنتر. ئاندرێ کە بڕوای بە جوانی ژیان هەبوو و بەم پێودانگەش هەڵسوکەوتی ئەکرد، باندۆڕێکی پڕبایەخی لەسەر هەموو ئەوانە دائەنا لەگەڵیان هاموشۆی هەبوو. ژمارەی ئەوانەی لەگەڵی ڕەفتارێکی نەیارانەیان هەبوو، بە ژمارەی پەنجەکانی یەکدەستیش نەئەگەیشت. هەکەس لەگەڵی بدوایەت، تەنانەت تەنها یەکجار، ئەوی بە «باشترین دۆستی» خۆی ناو ئەبرد. چونکە لە دیدار لەگەڵی، مرۆڤ گیرۆدەی ڕاستی و ڕاستگۆیی ئەو ئەبوو و نەی ئەتوانی بە باشترین نازناو ناوی نەهێنێ.

ئاندرێ بازن، ئەوەندە خۆیێگەرم بوو هەرگیز نەمانئەتوانی دەربارەی ڕستەی پووچی وەکوو «هێشتا زیندووە» یان «هێشتا لەناومان دایە» بەکار بهێنین. ڕاستەقینەی تاڵ و بە ڕاستی پەژاراوی و دڵتەزێن ئەوەیە کە ئەو لە لامان ڕۆیشتووە. تەنها کارێک لە دەستمان بێت، شینگێڕی بە نەمانی و خوێندنەوەی بەرهەمەکانیەتی. ماوەیەک بەر لەمە لە یەکێک لە نامەکانیدا ڕستەیەکم بینی کە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ئەو بە جوانی پیشان ئەدات:

**«بە داخەوەم کە نەمتوانی فیلمەکانی میزۆگۆچی[٦٠٩] جارێکی تر لەگەڵ تۆدا لە سینەماتێک ببینم. ئەو لە لای من بە هەمان**

٦٠٩ـ میزۆگۆچی: Kenji Mizoguchi (١٨٩٨ـ١٩٥٦) دەرهێنەر و فیلمنامە نووسی ژاپۆنی.

ئەندازە بەنرخە کە لە لای تۆ. تەنانەت ئەوەش ئەڵێم کە ئەوم زیاتر لە تۆ خۆش ئەوێ. چونکە کۆرۆساوایشم[٦١٠] خۆش ئەوێ کە ئەودیوی هەر ئەم سکەیە: ئەگەر شەو نەبوایەت ئایە ڕۆژمان باشتر لەمە ئەناسی؟ خۆشنەویستنی کۆرۆساوا لەبەر خۆشویستنی میزۆگۆجی تەنها هەنگاوێکی سەرەتاییە بەرەو تێگەیشتن. بێگومان، هەرکەس کۆرۆساوا بە باشتر بزانێ، نابینایەکی بێ چارەیە؛ بەڵام هەرکەس میزۆگۆجی خۆش بوێ یەک چاوی هەیە. لە هەموو فیلمەکاندا هەم شوێنەواری تێهزران[٦١١] و سۆفیگەری ئەبینرێ و هەم شۆپێکی ئێکسپرشنیزم♦»

٦١٠ـ کۆرۆساوا: Akira Kurosawa (١٩١٠ـ١٩٩٨) شێوەکار و فیلمسازی خاوەن باندۆری ژاپۆنی، لە ماوەی ژیانیدا ٣٠ فیلمی دەرهێنا.

٦١١ـ تێهزران: contemplate بیرکردنەوە، بیر لە شتێک کردنەوە ⇐ (جاران وشەی ساختەی کوردی عەرەبی تێفکرین بەکار ئەهێنرا) [ع] لیفکر [N] betrakte [د] تفکر، فکرکردن.

# پێشەکی

## هیو گرەی

ژان ڕێنوار لەو پێشگوتارەی چوار ساڵ بەر لەمە بۆ بەرگی یەکەمی وەرگێڕانی ئینگلیزی «سینەما چییە؟» نووسی، لە کاریگەری بازن لە ساڵانی داهاتوودا دوا. ڕاستی ئەم گوتەیە بە شێوەی جۆراوجۆر و لە وڵاتانی جیاجیا خەریکە دەرئەکەوێ. بۆ نموونەم لە وڵاتانی ئینگلیزی زمان ناوی بازن لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی فیلم زیاتر لە پێشوو ئەبینرێ. لە فەڕانسە بەردەوام پسپۆڕێکی بەنرخە و هەندێ لە ڕەخنەگرانی مارکسیست هەستیان بەو پێداویستییە کردووە، بە هەندێک لەز ــ هەرچەند نەک بە هەمان توندوتیژی ــ بەڵام بە پشتبەستن بە هەمان بەڵگەکانی پەلاماری یەکەم، لە لاپەڕەکانی گۆڤاری **پۆزیتیڤ**[٦١٢] لە ساڵی ١٩٦٢: پەلاماری سووکایەتی کە دوو ژمارە درێژەی کێشا و نزیک بە هەشتا لاپەڕە بوو (ئەم ڕەخنەگرانە بە ئەرکی خۆیان ئەزانی بەپەلە ــ بە وشەی وەکوو «شەلاتی» و «ساویلکە» ــ ئەم «پاپایە پاکتاو» بکەن!).

ڕەنگە ناکۆک دەربکەوێ لەمەڕ ڕەخنەگرێک کە لە نیگای یەکەمدا

**٦١٢**ـ پۆزیتیف: Positif گۆڤاری فیلمی فەڕانسەیی، **١٩٥٢** لە لیۆن دامەزرا و نوسینگەی لە پاریسە. زۆر جار وەک خەنیمی کایە دو سینەما ئەینووسی.

زۆر ژیرانە خۆیا ئەکات، بڵێین کلیلی سەرەکی تێگەیشتنی ئەم کابرا و کارەکانی وشەی ئەوینە ــ گۆڤاری پۆزیتیڤ ئەم وشەی بە بیانووی ئەوەی وشەیەکی زۆر لێڵ و شیاوی سۆفیگەرییە، ڕەتکردوەتەوە. **فرانسوا ترۆفۆ** لە پێشگوتاری ئەم پەرتووکەدا نووسیویێتی: «ئەو سینەمای خۆش ئەویست، بەڵام لەوە زیاتر شەیدای ژیان، مەردم، گیانەوەر، زانستی جۆراوجۆر و هونەر بوو.»

**ترۆفۆ** لە یادنامەیەک کە گۆڤاری کایە دو سینەما پاش مەرگی بازن بڵاوی کردەوە، ئەوی بە «یاری سەن فرانسیسی ئاسیسی، کە سروشتی چاکی هەم شادمانە و هەم کاریگەر بوو» چواندووە. ئەم تایبەتمەندییەی بازن ئەتوانین بە ڕوونی لە وتارێکی گەشێنەر و تەوساویدا ببینین کە پاش گەڕانەوەی لە فستیڤاڵێکی فیلم لە ئەمریکای باشوور، لە گۆڤاری **کایە دوو سینەما** نووسیبووی (جانیوەری ١٩٥٩). بازن لەم وتارەدا ئەڵێ سەرەڕای ڕێگری فەرمی و نافەرمی سەرەنجام توانیویەتی تووتیەک لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ فەڕانسە.

هەر لەم یادنامەی **کایە دوو سینەما**، **کلۆد ڤێرمۆرل** لە «دەروونپاکی فرانسیسئاسای» بازن دواوە. واتای ئەم چواندنانە زیاتر لە واتای ڕواڵەتی ئەوانەیە کە ئەتوانین لە، بۆ نموونە، وتارەکانی لەمەڕ ڕیالیزم یان ئەو گرنگییەی بۆ دەستەواژەی پاتەکردنەوە (و لە ڕوانگەی نەیارانییەوە «ئایدیالیست») ڕەنگیشە «ڕێزی لە ڕاستەقینە» داناوە، تێبگەین. ئەگەر هات و ویستم فیلمێک لەسەر بازن دروست بکەم، بە دیمەنێکی بیرخەرەوە و نموونەیی دەست پێئەکەم کە ڕەخنەگرێکی بیست و چەند ساڵەیە و لە گۆڕەپانی سەن سوڵپیسەوە تێئەپەڕێ، تەلارێکی مەزن و درێژ و پەژارەهێن، وێناگەری هەموو لایەنی فەرەهوەر و دڵتەنگی ئاینزای

کاسۆلیکی نەریتی فەڕانسەیە. ناوی ئەم کلیسایەش گرنگییەکی فراوانی هەیە، چونکە ئەم ناوە دەستەیەک قەشە لەسەریان داناوە، کە **ئامێدە ئایفری**(٦١٣) دۆست و هاوکاری **بازن**، دواتر بوو بە ئەندامی. **بۆسۆیَ**(٦١٤) و **فێنلۆن**(٦١٥)، دوو ئایینی سەدەی حەڤدە بە نیگایەکی ڕچاو سەیری بازن ئەکەن کە بە مێشکێکی تەژی لەو ئەندێشانەی ئەو دوانە لە ڕوانگەی ئایینییەوە بە شۆڕشگێڕانەی ئەزانن، بەرەو مەبەستی خۆی، قاوەخانەی سەن سۆڵپیس ئەڕوات. ئەو پۆلەی لەوێ کۆ بوونەتەوە و کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەستەی نووسەرانیان پێک هێناوە، لە ڕیزی ئەو نووسەرانە دان گۆڤاری **ئێسپریت** ئەبەن بەڕێوە، ئەم گۆڤارە ڕەخنەگرە وێژەییەیان دامەزراندووە و **ئاندرێ** پاشتر لە ساڵی ١٩٤٩ تا ١٩٥٧ هاوکاری بەردەوامی لەگەڵی هەبوو. لە ناو ئامادەبوان **پ. ئا. تۆشار** کاسۆلیک و **ڕۆژە لینار**(٦١٦) پڕۆتستان ــ هەندێکیش ئەڵێن بڕوای بە ئایین نییە ــ ئەبینرێن. یەکەمیان نووسەرە و دووەمیان فیلمسازیشە و پاشتر هەردووکیان بوون بە دۆستانی نزیکی بازن. هەروەها لە ناو ئەم پۆلەدا **بازەینی**(٦١٧) شێوەکار و دوو کەسایەتی بەرجەستەی شانۆ واتە **ژاک کاپۆ**(٦١٨) و **دۆلین**(٦١٩) ئەبینرێن. دۆلین ژیاننامەی

٦١٣ـ ئامێدە ئایفر: Amedee Ayfre ئایینناس و نووسەری فەڕانسەیی.

٦١٤ـ بۆسوێ: Jacques Bossuet (١٦٢٧ـ١٧٠٤) مەتران و ئایینناسی توندڕەو.


٦١٥ـ فێنلۆن: François Fénelon (١٦٥١ـ١٧١٥) مەتران و شاعر و ئایینناسی توندڕەوی فەڕانسەیی.

٦١٦ـ ڕۆژە لینار: Roger Leenhardt فیلمساز و نووسەری فەڕانسەیی.

٦١٧ـ بازەین: Jean René Bazaine (١٩٠٤ـ٢٠٠١) شێوەکاری فەڕانسەیی.

٦١٨ـ ژاک کۆپۆ: Jacques Coppeau (١٨٧٩ـ١٩٤٩) دەرهێنەری فەڕانسەیی.

٦١٩ـ دۆلین: Charles Dullin (١٨٨٥ـ١٩٤٥) هونەرپیشەی فەڕانسەیی.




خۆی بە شێوەیەکی نائاسایی نووسیوەتەوە، کە بەسەرهاتی خولی ئەکتەری ئەوە بۆ شانۆ و سینەما و ناوی ناوە «**یادەوەری و یاداشتە پیشەییەکانی ئەکتەرێک**»[٦٢٠].

هەڵبەت ئەم دیمەنە دەستکرد و تەنها بۆ فیلم نییە. دیداری وا بە ڕاستی لە سەردەمی بەر لە جەنگی جیهانی دووەم ڕووی داوە. بازن لەسەر بانگهێشتی تۆشار چووبوو بۆ سەردانی. ئەو دوانە پێشتر پێکەوە نامەگۆڕینەوەیان هەبوو و ئێستەش مەبەست ئاشنایی و هەروەها گفتوگۆ لەمەڕ پۆلی ئێسپریت بوو، ئەو پۆلەی بازن لە پەیمانگەی باڵای سەن کلەود، کە لەوێ خوێندکاری مامۆستایی بوو، دایمەزراندبوو. پۆلی وەها کە لەسەر بنەمای مشتوومڕی فەلسەفی و ئایین و کۆمەڵناسی چڕ ببوونەوە، لە لایەن بزووتنەوەی کەسگەرایی[٦٢١] فەڕانسەوە پشتگیری ئەکران و هان ئەدران. ڕێبەر و وزەی هاندەریشیان **ئێمانۆیل مۆنیە**[٦٢٢] بوو. تۆشار دواتر لە وتارێکدا دەربارەی بازن، بەمجۆرە لە مۆنیە ئەدوێ: «مامۆستای هەمووان بوو و بازن، تامەزرۆیی بێوێنەی بۆ واژەناسی[٦٢٣] ئەبسترە لەو وەرگرت.» بەڵام بازن لەوە

---

٦٢٠ـ Souvenirs et notes de travail d'un acteur نووسینی شارلی دۆلین.

٦٢١ـ کەسگەرایی: Personalism هەڵوێستێکی ئەندێشەیی و تیۆلۆجیکە جەخت لەسەر گرنگی کەسی مرۆڤ ئەکاتەوە.

٦٢٢ـ ئێمانۆیل مۆنیە: Emmanuel Mounier (١٩٠٥ـ١٩٥٠) فەیلەسووف و ئایینناسی فەڕانسەیی.

٦٢٣ـ واژەناسی: terminology کۆمەڵەی ئەو دەستەواژانەی تایبەتمەندی دیاریان هەیە و لە بابەتێکی تایبەتی ڕشتەی خوێندن یان پیشەیەک سوودیان لێ وەرئەگیرێ ✿: دەستەواژەی نیشانەناسی.

زیاتر لە مۆنیە فێر ببوو.

بازن هیچ مانیفێستێکی فەلسەفی تایبەتی بەجێ نەهێشت، بەڵام وەک **هێمای پەنام**[٦٢٤] (چواندنێک کە خۆی بەدڵی بوو) لە تەنراوی نووسراوەکانیدا دیارە و، چەندە زیاتر ئەم تەونە شیکار بکەین، باشتر لەوە تێئەگەین مەبەستی تۆشار لەوە چی بووە کە، مۆنیەی بە مامۆستای هەموویان زانیوە. هەرچەند ئەزانین ئەم شاگردی و ئوستادییە وەک چوارمەشقی دانیشتن لەبەردەم مامۆستادا نەبووە، بەڵکوو لایەنی ئەندێشەیی هەبووە. فەلسەفەی مۆنیە، یەکێک لە جۆرەکانی کەسگەراییە بە شێوەی جۆراوجۆر لە فەڕانسە، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئینگلیز، هۆلەند، سویسرا و جێگەی تریش هەبوو. تێڕوانینی ئەم فەلسەفەیە بە ژیان و بە مرۆڤ و بە پێگەی مرۆڤ لە جیهانی بوون و کۆمەڵگە و، بە پەیوەندی ئەو لەگەڵ دگەر، لە بنەمادا کاتێک ڕەخسا کە مۆنیە لە زانکۆی گرێنۆبل، شاری زێدی، ئەیخوێند. بنەمای ئەم فەلسەفەیە، ددانپێدانان بە بوونی کەسی ئازاد و داهێنەرە. لە پێکهاتەی ئەم فەلسەفەیە بابەتێکی پێشبینی نەکراو هەیە کە بە مسۆگەری هەموو چەشنە وازی ڕێکخستنی کۆتایی و بێ بگرەوبەردە ڕەت ئەکاتەوە. مۆنیە نوسیوێتی: «هیچ شتێک ناکۆکتر لەوە نییە بمانەوێ مەکینە لە جێگەی ئێمە بیر بکاتەوە و کار بکات، واتە پێشنیازدەری خودکاری ڕێگەچارە و ئامۆژگاری بێت. کاری وەها ڕێگە لە تۆژینەوە ئەگرێ، هەرچەند سەبارەت بە دڵەڕاوکە یان

---

٦٢٤ـ هێمای پەنام: watermark نیشانە یان بەرژەنگێکی کاڵ و ناخۆیا لە هەندێک کاغەزێ فەرمی وکوو لاپەڕەی کۆمپانیا یان پارەی ئەسکەناسدا دروست ئەکرێ، ئەگەر بیدەنە بەر ڕووناکی دەر ئەکەوێ، بە مەبەستی ناسینەوەی ڕەسەنایەتی خاوەنی بەرژەنگەکە. فەرهەنگۆک

هەر چەشنە خۆتاقیکردنەوە یان مەترسی بیمەمان ئەکات.» کەواتە، ئەو بۆ دەربازبوون لە کەسگەرایی وەکوو سیستەمێکی ڕەقوتەق، پێشنیاز ئەکات لە کەسگەرایی وەک تاک نەدوێین. بەڵکوو بە شێوەی کۆ بیری لێ بکەینەوە. واتە لە کەسگەرایی جۆراوجۆری ــ مەسیحی و ئاگنۆستیک و تاد بدوێین. بە سادەیی بۆمان دەرئەکەوێ ئەم بەرچاوڕوونییە، ئەم دارەتی فرەخوازییە و ئەو چەمکی ئازادی تاک، کە لە نووسینەکانی بازندا ئەیانبینین، مسۆگەر ڕەخنەگرانی مارکسیستی زویر ئەکرد.

ئەو بیرمەندانەی زۆرترین کاریگەرییان لەسەر مۆنیە هەبوو، بریتین لە: **بەردیایێف**[٦٢٥]ی ڕووسی، **بەرگسۆن**[٦٢٦]، **ژاک ماریتنی**[٦٢٧] نۆتۆماسی شاگردی پێشووی بەرگسۆن و لە هەموو گرنگتر **شارل پێگۆ**[٦٢٨] (١٨٧٣ـ ١٩١٤)، هۆنەر و کاسۆلیکی بەگوڕ و هەروەها سۆسیالیستی بەجۆش، کە پەرتووکەکەی ژاندارکی پێشکەش کردووە بە «**ئەو ژن و پیاوانەی ژیانیان لە پێناوی کۆماری جیهانی سۆسیالیستیدا داناوە.**»

لە ساڵی ١٩٣٢دا کە مۆنیە گۆڤاری ئێسپریتی دەست پێکرد، ئەم پوختەیە سەبارەت بە بارودۆخی بزووتنەوە ئەدا بەدەستەوە: «بۆ ئوردووگایەک ئەگەڕێین لە نێوان **بەرگسۆن** و **پێگۆ**، **ماریتن** و **بەردیایێڤ**، **پرۆدۆن**[٦٢٩] و **دۆماندا** deMan .» ئەوانە لەم سەردەمەدا، بە

---

٦٢٥ـ بەردیایێڤ: Nikolai Berdyaev (١٨٧٤ـ١٩٤٨) فیلەسووفی ڕووسی.

٦٢٦ـ بەرگسۆن: Henri Bergson (١٨٥٩ـ ١٩٤١) فەیلەسووفی فەڕانسەیی.

٦٢٧ـ ژاک ماریتن: Jacques Maritain (١٨٨٢ـ١٩٧٣) فەیلەسووفی فەڕانسەیی.

٦٢٨ـ شارل پێگۆ: Charles Peguy (١٨٧٣ـ ١٩١٤) سەرنووسەری فەڕانسەیی.

٦٢٩ـ پرۆدۆن: Pierre_Joseph Proudhon (١٨٠٩ـ ١٨٦٥) فەیلەسووف، ئابووریزان و سۆسیالیستی فەڕانسەیی، ئایدیۆلۆگی وردەبورژوازی.

هەمان شێوە، کە **دانیەل دو ڕۆپی**[٦٣٠] مێژوونووس وەسپی کردوون، بەرەیەکی بێ ئوستاد بوون ئەیانویست لە مەهـ وەستای کەمبایەخ، کە لە زانکۆ پەیڕەوییان لێکردبوون دابڕێن و لە هەمان کاتدا لە بەرهەمەکانی **کیەرکەگۆر** و **مارکس** و **یاسپێرس**[٦٣١] بێئاگا بوون. بەڵام ئەم دۆخە گۆڕا و مۆنیە دواتر نووسی:

«ئەرکی بەرەی ئێمە ڕەنگە ئەوە نەبێ تێبکۆشین دۆڵی بەڕواڵەت قووڵی نێوان پەیڕەوانی کیەرکەگۆر و مارکس پڕ بکەینەوە. بەڵکوو ئەبێ ڕێبازی خۆمان درێژە بدەین ڕەنگە بتوانی ناوی بنێین شۆڕشی سوکراتی سەدەی نۆزدە، واتە پەلاماردانی هەموو ئەو هێزانەی سەردەم کە ویستوویانە مرۆڤ لە کەسایەتی دابماڵن. بە داخەوە ئەم پەلامارە کراوە بە دوو بەرەوە. یەکیان بەرەی کیەرکەگۆرە؛ کە مرۆڤی سەردەمی سەرگەردان لە دۆزینەوە و سوودوەرگرتن لە جیهان، هان ئەدات و وریا ئەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە **خودێ دەروون** و ئازادییەکەی؛ ئەوی تریش بەرەی مارکسە کە ڕەوتی عیرفانی و سۆفیگەری بە هەڵە ئەزانێ، چونکە لای وایە ئەم ڕەوتانە مرۆڤیان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا قەتیس کردووە کە بەسەر باری ئابووری ئەواندا سەپێنراوە؛ مارکس هەروەها بیری مرۆڤی ئەخاتەوە **چارەنووسی مرۆڤ نە لە دڵیدا، بەڵکوو لە دەستەکانی دایە.**»

ئەم درزە مخابنە[٦٣٢] بەردەوام ئەی تەنییەوە و فراوانتر

---

٦٣٠ـ دانیەل دو ڕۆپ: Daniel de Rops (١٩٠١ـ١٩٦١) فەیلەسووف و نووسەری فەڕانسەیی.

٦٣١ـ یاسپێرس: Karl Jaspers (١٨٨٣ـ١٩٦٩) فەیلەسووفی ئاڵمان ـ سویس.

٦٣٢ـ مخابن: deplorable پەژارەهێن، جێگەی داخ، ناخۆش ٤ مؤسف N

ئەبوو. لەئەنجامدا، کەسگەرایی تێکۆشا تا ڕادەیەک کاریگەری ئەم دەستەگەرییە کەم بکاتەوە. تێکۆشا وەکوو «هێزێکی سێیەم» بکەوێتە نێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمەوە. لە یەکەمی بێزار بوو، بەڵام زۆر ئەندێشەی لە دووەمی وەرگرت.

مۆنیە پێشتر پەسنی نووسینەکانی **تیلار دو شاردنی**[٦٣٣] ئەکرد، کە بە بڕوای ئەو، بەرەگەیەکی جیهانی بە پەیامی مەسیحی بەخشیبوو. مۆنیە وازی بە ئیگزیستیانسیالیزمیش هەبوو و ئەیوت: «کەسگەرایی و ئیگزیستیانسیالیزم لە یەک شتدا هاوبۆچوونن و ئەویش خەبات لە دژی دەسەڵاتە.» ئەو کەسگەرایی بە لقێک لە درەختی بوون ئەزانی و، لای وابوو بەر لەوەی فەلسەفەی ماهەک بێت، چەشنێک فەلسەفەی بوونە. ئەم ئەندێشەیە ناوبەناو لە نووسینەکانی بازندا ئەبینرێ. بۆ نموونە لە وتاری دەربارەی ڕیالیزم: «دەرهێنەرانی نیۆڕیالیست بەر لەوەی جیهان مەحکووم بکەن، لەبیریان ناچێ کە جیهان هەیە.» سەرمایەداری یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەلاماردانی مۆنیە بوو و بە قێزەون و نامرۆیی ئەزانی و ئەڵێن توندوتیژتر لە مارکس ڕەخنەی لە سەرمایەداری ئەگرت و، سازشی مەسیحییەکانی ڕەت ئەکردەوە. مۆنیە لەگەڵ پێگۆ هاوڕا بوو کە بۆرژوازی ئاسوودەیی خۆی خستووەتە جێگەی ویژدانی مرۆیی و بەمجۆرە خۆی هاویشتوەتە گێژەنی مەرگێکی سامناکەوە و مرۆڤایەتی گەندەڵ کردووە ــ ئەو هەروەک بێرنانۆس لای وا بوو هەڵەی سەرەکی بۆرژوازی ئەوەیە لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا دەرزی «کوشندەترین ژەهر، واتە

---

beklagelig [د] اسفناک.

٦٣٣ـ تیلار دو شاردن: Teilhard de Chardin (١٨٨١ـ١٩٥٥) دێرسناس و قەشەی ژۆزویتی فەڕانسەیی.

مێدیۆکراتی» داوە لە دەماریان.[٦٣٤]

لەبەر ئەوە تۆزێک لەسەر ئەندێشەی ئەم «مامۆستا»یە وەستام، چونکە بەبێ زانیارییەکی کەم لەمەڕ فەلسەفەی کەسگەرایی، بینەر نازانێ بیردۆزی بازن لەسەر سینەما و هەروەها جوانناسی ئەو و ڕوانگەی دەربارەی جیهان و کۆمەڵگە یان تێڕوانینی بۆ ئارمانجە سرووشبەخشەکان، بە چ شێوەیەک دامەزراون ــ هەروەها پەی بەوە نابات دەستەواژەی پووچی «ئایینپەرستی بوغزاوی»[٦٣٥] کە ڕەخنەگرانی مارکسیست سەبارەت بە ئەو بەکاریان ئەهێنا تا چ ڕادەیەک بێجێ و ناوشیارانەیە.

تامەزرۆیی بازن بە باشی بۆ تۆشار دەرکەوتبوو، گوڕوتینی لەو وزەیەدا دیار بوو بۆ پۆلی ئسپریت لە خوێندنگەی بالای سەن کلەود بەکاری ئەهێنا و، هەروەها ئەو دەستەی لە پشووی هاوینە لە لا ڕۆشێل ڕێکی خستبوو و لە ئەندامەکانی قەشەیەکی شۆڕشگێڕی جەوان و مەترانێکی پڕۆتستانت بوون.

بەڵگە و نیشانەی جۆراوجۆر دەری ئەخەن ئەم گوڕوتینەی بازن درێژەی کێشا. بۆ نموونە لە وتارێکی دە ساڵ دواتر لە ئێسپریت دەربارەی فیلمی **چیرۆکی لویزیانا** نووسی، داوای لە بینەران کردبوو فیلمەکە ببینن. ئەگەر نەچن بۆ بینینی فیلمەکە یان لانیکەم بە ڕاستی نەیانەوێ سەیری بکەن، ئەوا شیاوی ئەوە نین خوێنەری ئێسپریت بن. یەکێک لە هاوڕێیانی گەنجێتی بازن، لە شینگێڕییەکی کاریگەردا، ئەگێڕێتەوە بە چ شێوەیەک بازن لە


---

٦٣٤ـ (Moix. E. Mounier, Editions du Seine, Paris, 1960)

٦٣٥ـ odium theologicum لاتین بە واتای بەرچاوتەنگی ئایینی، لۆجیککوێر، نەفرەتی دینی، فەناتیک [ع] الکراهية اللاهوتية [د] دیندار منفور.

سەردەمی خوێندکاری ڕایشتی «قاچاخ»ی نووسینەکانی تیلار دو شاردنی بڵاو ئەکردەوە، چونکە بەڕێوەبەرانی ئایینی زانکۆ، لە ترسی ئەگەری دژایەتی لەگەڵ ئایینزای گشتی بەرگیراو کردبوو. کێیە لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بازن و دو شاردن بەوە نەزانن هەندێ وشە و ئەندێشە لەمیانەوە بۆ ئەوی تریان دزەی کردووە.

چی ئەم پیاوە گەنجەی بۆ لای سینەما ڕاکێشا، بەو ڕادەیەی کە گوڕوتینی ئەویان بە سینەما بە بەشێک لە تامەزرۆیی بە کولتوور و زانست زانیوە؟ بە گوێرەی ئەو شتانەی دەربارەی فەلسەفەی کەسگەرایی وتم و، وا پێئەچوو بازنی ڕاکێشاوە، هەروەها نیگای زۆر هەستیاری ئەو بە جوانی جیهان و گیانەوەرانی، وای بۆ ئەچم بێجێ نەبێ ئەگەر بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەشی گەورەی ئەم کێشەرە، لە پەیوەند لەگەڵ کامێرا و هەموو ئەم دیاردانە و، هەروەها لەگەڵ ژیان و جووڵان و ڕۆژەڤدا شاردراوەتەوە. کامێرا دەرەتانی ئەوەی پێ بەخشی تا سەبارەت بە هەموو ئەوانەی پەسنی ئەکرد بە شێوەیەکی تایبەت قووڵ ببێتەوە. بە هەمان شێوە، کە خۆی وتوویەتی: «سینەما بەر لە هەموو هونەرەکان لەگەڵ ئەوین تێکەڵاوە.» کەواتە، زۆر سەیر نییە ئەگەر خۆی بەو ڕادەیە لە سینەمادا هەڵژەند و بە تامەزرۆییەوە لەگەڵ گەشەکردنی ڕۆیشت و دژی هەر چەشنە بەکارهێنانی ئامراز بوویەوە کە هەژانی بەدواداچوونی ئەم «هێڵە نزیکە»یە[٦٣٦] هەمیشە گەڕۆکەی بە ئەو بەخشیبوو ــ **هێڵی نزیک** ئەو وشە زۆر گەیەنەرە بوو بازن لە بیرکاری بە وام وەری گرتبوو




**٦٣٦ـ** هێڵی نزیک: asymptote هێڵێک کە بەردەوام لە کەوانێکی دیاریکراو نزیک ئەبێتەوە بەڵام لە هیچ مەودایەکی سنووردراردا پێی ناگات.






و، ئەیوت ئەم هێڵە ئەبێ بەرەو «ڕیالیزم» هەنگاو بنێت؛ بەڵام نابێ هەرگیز بگات بەو ڕیالیزمەی کە خۆی تیا ئەبات.

ئەم ئەندێشانە بە شێوەیەکی سروشتی لە لێکۆڵینەوەی وردتری نووسراوەکانی بەدی دێن. ئەوەی بەرەنجامی ئەندێشەکانی خودی ئەو نین، کاریگەری ئەو کەسەیە کە بەرگی یەکەمی وتارەکانی بەو و بە فرانسوا ترۆفۆ پێشکەش کردووە ــ **ڕۆژە لینار**. **ژان لویی تێلانەی**[٦٣٧] ئەڵێ: «لینار کە بە تامەزرۆییەوە خۆی تەرخان کردبوو بۆ سینەما، بازنی خستبوویە بن دەسەڵاتی خۆیەوە.» بۆچوونی ژۆرژ **سادۆل**یش هەر ئەمەیە. خودی بازن جەختی کردووە لینار ئەو کەسە بوو بە ناسکی و وردبینی فراوان دەربارەی سینەما ئەینووسی. کۆتاییەکەی، خودی لینار ددان بەوەدا ئەنێ: «بازن ئەوەندە مێهرەبان بوو، ئەیوت ئەو ستوونەی من لە گۆڤاری ئێسپریت ئەینووسم و، پاشتر بازن جێگەی منی گرتەوە، وای لێکردووە ببێ بە ڕەخنەگری فیلم.» لینار ئەڵێ یەکێک لە هۆکانی و، نە کەم گرنگترینیان، کە وای لێکردم ڕەخنە نووسین «بەبێ تاسوخ» واز لێ بهێنم، ئەوە بوو کە نووسینەکانی بازن «درێژەی ئەو کارە بوو خۆم ئەمکرد و ئەو کارەی لەو ڕادەیەی من لە بەرچاوم بوو تێپەڕاند.»

بە دڵنیایی، لە ڕەخنەی بازن سەبارەت بە **دوا پشووی**[٦٣٨] **لینار** کە وەستایانەترین شێوەی ڕەخنەی شیانست و ناسکە و لە پەسنێکی پڕخرۆش ئەچێ، ئەتوانین ئەوە ببینین خوێندکارەکە

---

٦٣٧ـ ژان لویی تێلانەی: Jean Louis Tellaney

٦٣٨ـ دوا پشوو: Dernières Vacances فیلمی ١٩٤٨ دەرهێنانی ڕۆژە لینار.




تا چ ڕادەیەک گەشەی کردووە و ئەوسا کە ستوونەکەی لیناری وەرگرت و بوو بە نووسەری هەمیشەیی ئێسپریت، چ ڕەخنەگرێکی کارامەی لێدەرچووبوو.

زیاتر لەوەش، لینار ئەڵێ بازن هۆگر و تا ڕادەیەک لە بن باندۆری وتاری «**گەڵاڵەی دەروونناسی سینەما**»[٦٣٩] نووسینی **ئاندرێ مالرۆدا** بوو، کە ئەمڕۆ وتارێکی بەناوبانگ و شیانستە. لێکچوونی نێوان ئەم وتارە و هەندێ لە ئەندێشەکانی وتاری «هەبوونناسی وێنەی فۆتۆگرافی» نووسینی بازن جبگەی سەرنجە. هەردووکیان ئەڕواننە هونەری شێوەکاری لە پلەی هونەرێکی جیاواز لە هونەری نواندنەوە. هەردووکیان سینەما بە لوتکەی سروشتی شتێک ئەزانن کە **مالرۆ** بەم شێوە پێناسەی ئەکات: «داخوازی سەراسیمە و بەلەزی بزووتنەوەی لایەنگرانی نواندنەوە لە کۆتایی خولی بارۆک.» هەردووکیان چواندنی «ناسنامە»[٦٤٠] بەکار ئەهێنن. بەڵام ناکۆکیش هەیە. بە تایبەت لەمەڕ پەڕینەوە لە فیلمی بێدەنگەوە بۆ فیلمی دەنگدار کە بازن لە وتارێکی تردا لێی دواوە. ئاماژەی هاوبەشی هەردوو ڕەخنەگر کە لەم لاپەڕانەدا تاودراوەتەوە، بە سینەما و ئەفسانەیە، بە تایبەت سەبارەت بە چاپلین و ئەزموون و شیکردنەوەی بازن لە فیلمی

---

٦٣٩ـ Sketch for a Psychology of the Motion Picture, André Malraux (Verve, Vol. V, No.1940, 2).

٦٤٠ـ ناسنامە: identity card هەم بە واتای ناسین و هەم بە واتای پێناسەی ئاوەز یان فیزیکالیزم و، بڕوا بە بۆچوونی زانستییە کە بە سادەیی ئەڵێ: جیهانی ڕاستەقینە، جیهانی فیزیکییە.

«مۆسیۆ ڤێردۆ».

لێکۆڵینەوەی بازن، ئەوەندە بەربڵاوە کە ڕاهاتن بە ڕەوتی پیرۆزی **کرکاشی بێپسان**[٦٤١] ئەتوانێ هەر چەشنە بەراوردێک بەدی بهێنێ، تەنانەت لە بواری زۆر دووری وەکوو هۆنراوەی **دەربارەی ماکی شتەکان**[٦٤٢]، هۆنینەوەی **لۆکریتۆس**[٦٤٣] و بیردۆزی «وێنە»کەی ئەمە ڕاستە.

لە دانیشتنەکانی دەستەی نووسەرانی ئێسپریت بوونی بازن بە شێوەیەکی بەهێز هەست پێ ئەکرا. یەکێک لە هاوکارانی لە دوای مردنی ئەو نووسی: «جادووگەرێکی خرۆشاو لە دەروونی ئەم مرۆڤەدا بوو، ئەوانەی کە لە دارەتی ئاساییدا لە سینەما بێزار ببوون، ئەکردەوە بە شەیدای سینەما. کاتێک بازن ئەهاتە ناو دانیشتنی دەستەی نووسەرانەوە، دارەتی کۆبوونەوە ئەگۆڕا و بابەتی مشتوومڕ شێوازێکی تری وەرئەگرت. خۆبەخۆ هەموو سەبارەت بە سینەما و فیلم ئەدوان. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئێمە بینەر بووین و بازن هیچ تێنەئەکۆشا تا ڕاستی گوتەی خۆی بە ئێمە بسەلمێنێ. تەنها بوونی بۆ ئەوە بەس بوو، تا بۆمان دەربکەوێ، ئەوەی لە ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا، تەنانەت لە ئاساییترینی ئەوانەدا، لە دەنگوباسی ناوبەناو یان گوتوبێژی ڕامیاری و لە وردەکاری ژیانی

٦٤١ـ کرکاشی بێپسان: Forschungsquellen ئاڵمانی، جۆرە جیاوازەکانی بەڵگەنامە کە زانیاری بەسوود پێشکەش ئەکەن بۆ ئەنجامدانی تۆژینەوە و لە ئەنجامدا بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری E research sources.

٦٤٢ـ دەربارەی ماکی شتەکان: de Rerum Natura چەمەی لۆکریتۆس، کە تێئەکۆشی جیهان بە زاراوەی زانستی پێناسە بکات.


٦٤٣ـ لۆکریتۆس: Lucretius (٩٩ـ ٥٥ پ.ز) هۆنەر و فەیلەسووفی ڕۆمی.




ڕۆژانەدا بۆی ئەگەڕێن، ئەبوا لەو ئەستێڵە هەژاوەدا بدۆزینەوە کە جیهان لە گەڕی گۆڕانی سەدەی بیستەمدا تاو ئەداتەوە.»

لەم پەرتووکەدا، ئەو وتارانەی هیی ئەوین لە سینەما و وێستێڕن و ژان گابۆنە، لە بەرگی سێیەمی کۆبەرهەمی بازن بە ناوی **سینەما و کۆمەڵناسی** وەرگیراوە. وتارەکانی تر لە بەرگی چوارەمی کۆبەرهەمی ئەوە بە ناوی **نیۆڕیالیزم: جۆرێک جواناسی ڕاستەقینە.** وێستێڕن لە هەمان سەرەتاوە بازنی گیرۆدە کرد، بە تایبەت لەبەر ئەوەی مێژوو و کۆمەڵناسی ڕۆژاوای لا دەرئەخست و، بە تایبەت لێکچوونی لە نیوان کاوبۆی و شاسواری وێژەی ئەویندراری فەڕانسە و، لە نێوان ژن لە ڕۆژاوای تازە، کە گوشاری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەیخاتە بەرچاو و ژنی ئارمانجی خۆشەویستییە دەربارییەکاندا[٦٤٤] ئەبینی. هەرچەند ئەو ڕستەی کە وتارەکەی دەربارەی دیمەنی جنسی لە سینەما (کە بە شێوەیەکی بێوێنە گونجاو بوو) بەوە دەست پێ ئەکات ڕەنگە زۆر پێشگۆیانە نەبێ، بەڵام هەر چەشنە داوەری سەبارەت بە ڕوانگەکانی ئەو تا ڕادەیەک

٦٤٤ـ خۆشەویستی دەرباری: courtly love نەریتێکی سەدەی ناونجی زۆر ئاسایی خۆشەویستی لە نێوان سوارچاک و خاتوونی هاوسەری ئاغاکەی. بۆ یەکەمجار لە بەستە و گۆرانییە باوەکانی ترۆبادۆری باشووری فەرەنسا ڕەنگی دایەوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وێژەی ئورووپای ئەو سەردەمەدا بەکارهێنرا، وەک ڕۆمیۆ و ژوولیەت. وازی خۆشەویستی سوارچاک بۆ خانمەکەی، وەک خولیایەکی بەرز و شیانست سەیر ئەکرا و پەیوەندییەکی درێژەدار بوو.




بەستراوە بەوەوە پەژێرەی بکەین فیلمە ڕووتەکانی ئەمڕۆ ــ کە دیارە تەشکیان کار ئەکاتە سەر ناوەرۆکیان ــ نمایشی ئاسایین بە واتای باو وشە یان نا و، ئەوەی کە ڕۆڵی ئەکتەر لەوانەدا چییە؟ هەر چۆنێک بێ، ئاسان نییە بە سادەیی بڕوا بەوە بکرێ کە ئەگەر بازن، ئەمڕۆ، ئەو وتارەی بنووسیایەت ڕوانگەی گۆڕابوو. بە دوو سۆنگە: یەکەم، ئەم ڕوانگانە بە ڕواڵەت لە چەمکی ڕۆڵی ئەکتەر، بەو شێوەی **دیدێرۆ** لە پەرتووکی **پارادۆکسی ئەکتەر**(٦٤٥) وتوویەتی، سەرچاوە ئەگرێ. واتە ڕۆڵی ئەکتەر ئەوەیە سۆزی بینەر ببزوێنێ بەبێ ئەوەی هەستی کەسی خۆی دەرببڕێ؛ دووەم: ئەوینداری وەکوو مەرگ وایە و ناتوانی بە نواندن پیشانی بینەری بدەی. ئەو ساتانە ئەوەندە تاقانەیە کە ئەبێ وەک ژیان بژین، و ناتوانین، وەک پێناسە کراوە، وەکوو «بابەت» لە بەرچاویان بگرین. لە لایەکی ترەوە، خراپ نییە بزانین بازن لە نێوان باندۆری ڕووتی لەسەر سەکۆ و لەسەر پەردە جیاوازی دائەنا و کاریگەری یەکەمیانی بە زیاتر ئەزانی، چونکە لە شوێنێکی ڕاستەقینە ئەنجام ئەدرێ. بەڵام ڕووتی سەر پەردە لە شوێنێکی وەژارەیی. ئایە ئەم پازەیە، دە ساڵ لە دوای گوتنی ڕوانگەی سەرەتایی ئەو سەبارەت بە گەوهەری شانۆ، ناگۆڕێ؟ (وتاری «شانۆ و سینەما»، سینەما چییە؟ بەرگی یەکەم.)

---

٦٤٥ـ Le Paradoxe du comedien نووسینی دێنیس دیدێرۆ، وەشانی ١٨٣٠.




هەندێ لە وتارەکانی ئەم پەرتووکە، بە تایبەت «**یاخی**»[٦٤٦] و «**شێوەناسی ڕووتبوونەوە**» و هەروەها زۆر لە نووسراوەکانی بازن، چۆنایەتییەکی تایبەتیان هەیە و، تا ئەو جێگەی من ئەزانم هیچکەس ئەوانەی نەبردووەتەوە سەر قۆشمەییەکەی. بە داخەوە، لایەنگرانی بازن بە توندی، بەڵام بە دارەتێکی هەتەر و شیانست، پەسنی ئەکەن و، نەیارانی بە شتێک ئەیکوتن کە بەرامبەرە مارکسیستییەکەی زەنگ و پەرتووک و مۆمە. کەواتە، تێگەیشتنی هەردوو لا لە بازن، سست و کەم مایەیە.

توانایی بازن بۆ بەکارهێنانی بەهرەی دیالکتیکی (بە واتای سکۆلاستیکی نەک بە واتای هێگلی)[٦٤٧] بۆ داکۆکی لە هۆکاری ونبوو یان لانیکەم سۆنگەی زۆر پێویست، لە لێکدانەوەی باڵای لە فیلمی **چراوگ**[٦٤٨] و **مۆسیۆ ڤێردۆ** بە باشی ئەبینرێ. وتاری ئۆستادانەی دەربارەی ڤێردۆ، دارماڵکراوی وتارێکە سەرەتا لە گۆڤاری Les Temps Modernes (دێسامبری ١٩٤٧) چاپ ببوو. بازن

---

٦٤٦ـ یاخی: Il Bandito فیلمی سینەمایی **١٩٤٦**ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ئاڵبێرتۆ لاتوادا.

٦٤٧ـ سکۆلاستیسیزم: scholasticism جۆرێک بیرکردنەوەی دیندارانەیە کە خوێندکاران و هیندارانی سەدەی ناونجی فێری ئەبوون، وەکوو شێوازی داکۆکی لە ئایینی فەلەگەری.

٦٤٨ـ چراوگ: Limelight درامای سینەمایی **١٩٥٢**، دەرهێنانی چارلی چاپلین.

ئەم وتارەی لە وەڵامی ڕەخنەیەکی ناتالی مۆڤادا نووسی کە ئەویش لەم گۆڤارەدا چاپ کرابوو (جوولای ١٩٤٧). ئەمە دووەم وتاری مۆڤا لەسەر ئەم فیلمە بوو. یەکەمیانی پاش سەردانی ستۆدیۆی چاپلین نووسیبوو و ڕەوتی دروستکردنی فیلمەکەی پیشان دابوو. بازن فیلمەکەی لە چێکۆسۆڤاکی بینی و بۆی دەرکەوت کاردانەوەی چێکەکان[٦٤٩] وەکوو ناتالی مۆڤایە. بۆیە نووسی: «مارکسیستەکان بەداخەوەن ئەم فیلمە هیچ وانەیەکی کۆمەڵایەتی بەسوودی تێدا نییە.»

**شارڵ برێمۆن**[٦٥٠] لە ژمارەی یەکەمی **کامیونیکەیشن** Communication کە گۆڤاری **ناوەندی تۆژینەوەی پەیوەندی ڕێکخراوەیی** دەری ئەکات و، ڕێک بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتووکە دەستمان کەوت، بەرگی سێیەمی کۆبەرهەمی بازنی هەڵسەنگاندووە. ئەو ئەم کۆمەڵەیە پەسن ئەکات و بە کانگایەکی بیر و ئەندێشەی جۆراوجۆری ئەزانێ. ئەندێشەکانی بوێرانە و شیانستن و هەموویان کاریگەرن، بەڵام ئەبێ بە بەرهەمی

---

**٦٤٩ـ** یەکگرتنی نەتەوەیی: هیچ یەکگرتنێکی چەند نەتەوەیی بەرامبەر نییە و هەمیشە لایەنێک زاڵ ئەبێ بە سەر لایەنەکانی تردا، نەک هەر لە ناوەوە بەڵکوو لە چاوی دەرەوەش، هیوگرەی ئەڵێ: «کاردانەوەی چێکەکان وەکوو...» لە کاتێکدا ئەبوا بینووسیبایەت «بۆچوونی چێک و بۆچوونی سلۆڤاکەکان وەکوو...» خوشبەختانە ئەو یەکگرتنە نابەرامبەرە نارەوایەی چیکۆسلۆڤاکیا کە بە کەڵەگایی «تیتۆ» دروست کرابوو، هەڵتەکێنرا و ئێستەکانێ کەس ناتوانێ سلۆڤاکیای سەربەخۆ نەبینێ و، کەس سلۆڤاکیای لێ ون نابێ! وەرگێڕی کوردی

**٦٥٠ـ** شارڵ برێمۆن: Charles Bremond

ڕەخنەگرێکیان بزانین، نەک کۆمەڵناسێک. بە گوتەی **برێمۆن**، ئەم کۆمەڵەیە، پرسگری پەیوەندی کۆمەڵناسی و جوانناسی ئەهێنێتە ئاراوە، کە یەکەمیان گێڕاوەییە و دووەمیان پێوانەیی[٦٥١]. ئەو بە تایبەت شێوازی ڕەفتار لەگەڵ **ئەفسانەی ڤێردۆ** پەسەند ناکات و ئەڵێ تێگەیشتنی دیالکتیکی نێوان چارلی و ڤێردۆ لە تێگەیشتنی جەماوەر بەدەرە. چونکە بۆ ئەوان ئەو ئەفسانەیە تەنها ئەفسانەی چارلییە. هەر ئەم ئەفسانەیەشە کە بۆ لای وەنەدی بلیتی سینەما ڕایان ئەکێشێ. **چراوگ** و مۆسیۆ ڤێردۆ لە ڕوانگەی بازرگانییەوە شکستیان خوارد. تەنها دیدەی تیژبینی بازن ئەیتوانی پەیوەندی چارلی و ڤێردۆ تێبگات. لەگەڵ ئەوەش، برێمۆن ئەم بەرداشت و تێگەیشتنە بە بلیمەتانە و تەنانەت پەسنئامێز ئەزانێ. کەواتە، بۆی هەیە خۆی پرسیارەکەی خۆی وەڵام دابێتەوە و لە ماوەی ئەو ساڵانەی لە چاپی تێپەڕیوە، ڕەنگە بینەران زیاتر لە پەیوەندی **چارلی-ڤێردۆ** تێگەیشتبێتن.

وتارەکانی بازن جگە لەوەی لە ڕوانگەی بابەتییەوە بەپێزن، لە ڕوانگەی ئەوەشەوە پێی ئەوترێ ئەندێشەی لاوەکی و هەروەها لە ڕوانگەی بیرهێنانەوەی ئەندێشەوە تەژی و پڕن. ئەمەش بەرەنجامی موتوربەکردنی خوێندنەوەی فراوان و توانای ئەێجامگیری ئەوە. وتارەکانی لەمەڕ نیۆڕیالیزمیش لەم ڕێسایە جیا نییە. ئەو بەراوردە زیرەکانەی ئەو لە نێوان ڕۆماننووسانی ڕیالیستی ڕەخنەگری ئەمریکایی و دەرهێنەرانی نیۆڕیالیستدا

٦٥١- پێوانەیی: normative پێوەری، ستاندارد، ڕادە و ڕێژەی باشی و چۆنایەتی ع قیاسي، معيار د استاندارد.

ئەیکات، نیشانەی تێگەیشتنی قووڵە لە وێژەی هەر دوو وڵات. لە هەمووش گرنگتر، ئەم وتارانە لایەنێکی گرنگی ڕوانگەی بازن سەبارەت بە «مۆنتاژ لە بەرامبەر ڕووناکی قووڵ»دا ئاشکرا ئەکات. بازن لای وابوو ئەم مشتومڕە کز بووە، بۆیە لە وتارێکدا کە لە یەکەم ژمارەی کایە دو سینەما لە ژێر ناونیشانی «دوا گوتە سەبارەت بە ڕووناکی قووڵ» (ئەپریلی ١٩٥١) چاپ بووە، کۆتاییەکەی ڕاگەیاندووە. بازن لەم وتارەدا ئەڵێ ئیتر کەس سەبارەت بە قووڵایی ڕوون نادوێ، چونکە بووە بە کارێکی باوی ئاسایی. لە بەشێکی تریدا ڕوونی ئەکاتەوە کە وایلەر لە دیمەنێکی فیلمی ڕێویە گچکەکان، قوتووە تەنەکەکەی بەڵگەنامە گرنگەکانی بە شێوەیەک لەو ناوگۆرکە داناوە کە هەموو بینەران لە گرنگییەکەی تێئەگەن. بە سوودوەرگرتن لە مۆنتاژ، هەموو ئەم لایەنانە لە بڕینی بەردەوامدا پیشان دراوە. بازن ئەڵێ: «بە گوتەیەکی تر، دیمەنی تاک کە دەرهێنەرانی ئەمڕۆ بەکاری ئەهێنن، مۆنتاژ ڕەت ناکاتەوە ــ چونکە ئەگەر وای بکردایەت سینەمای تووشی پرتەپرتە سەرەتاییەکەی ئەکردەوە ــ بەڵکوو مۆنتاژ ئەکات بە بەشێک لە پێکهاتەی فیلم.»


بازن تەمەنی بەشی ئەوەی نەکرد ببینێ ئەم «دوا گوتەیە» دەربارەی ڕووناکی قووڵ لە ڕاستیدا دوا گوتە نەبوو. **ئێم.گۆزلان** M. Gozlan نووسەری گۆڤاری **پۆزیتیف** بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆوتاری بازن لەم بابەتە دواوە. ئەو لە وتارە درێژەکەیدا، کە لە سەرەوە ئەماماژەم پێدا و بە تەوسەوە ناوی ناوە «ستایشی ئاندرێ بازن»، بە دوورودرێژی پەلاماری تێکڕای ئەم «سیستەمی




ئەندێشە»ی بازن ئەدات. بە تایبەت ئەوەی بە «دروست یان هەڵە بە بەناوبانگترین بەشی سیستەمی ئەندێشەی ئاندرێ بازن ناسراوە، واتە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ئەو سەبارەت بە مۆنتاژ». ئەم وتارە، سەرچاوەی سەرەکی ئەم بیردۆزە و بۆچوونەکانی تری بازن بە بەرهەمی مەسیحیانە دائەنێ و، خودی بازنیش وا پێ ئەچێ گیرۆدەی «تریاک»ـە و، وەکوو بۆرژوایەکی ئایدیالیست ئەبێ شاربەدەر بکرێ. ئەو ناڕوونییەی بازن ئەیداتە پاڵ ڕاستەقینە و هەروەها وێنەی سینەمایی ڕاستەقینە، هەم لە تێکڕای وتارەکە و هەم لە ناونیشانی بەشی یەکەم بە ناوی «چێژی ناڕوونی» گاڵتەی پێکراوە.

تازەترین پێداچوونەوەی ئەم مشتومڕە لە گۆڤاری Les Temps Modernes (دێسامبری ١٩٧٠) و لە وتارێکدا بوو بە ناوی «هەموو فیلمەکان ڕامیارین». لەم وتارەدا، **کریستیان زیمر**[٦٥٢] تێئەکۆشێ پاکڵەی جۆرێک سینەمای تازە دابمەزرێنێ کە تێیدا وێنەی سینەمایی بە هیچ شێوەیەک بە «شوێنەواری ڕاستەقینە» دانانرێ و ئەڵێ ڕەخنەگران لەبەر ئەوەی ئەیانەوێ بەهایەکی کولتووری بە فیلم بدەن، وا دیارە ڕەوتی ئابووری فیلمیان لە بەرچاو نەگرتووە. کە واتە، هەموو ئەو فیلمانەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا دروست ئەکرێن بەناچار بۆرژوازین، تەنانەت

٦٥٢ـ کریستیان زیمر: Christian Zimmer نووسەری پەرتووکی گەڕانەوەی تەمار Retour de la fiction یان Return of fiction.




ئەوانەش کە بە مەبەستی دارماڵ پرۆلتاریایی ساز کرابێتن.

تا ئێستە زۆربەی ڕەخنەگران، بەو پێیەی کە هیی بواری وێژە بوون، وەها لەگەڵ سینەما جووڵاونەتەوە وەک سینەما وێژە بێت. بە بۆچوونی زیمر، ئەمە ڕوانگەیەکی ئایدیالیستییە و گرنگترین نوێنەریشی بازنە. بیردۆزی بازن و پەیڕەوانی لەسەر یەک هەڵەکاری سادە دامەزراوە ــ هەڵەکاری ڕوونی ڕوانگەی سینەمایی و، ئەو هەڵەبێژییەی پەردەی سینەما بە ئاوێنە یان پەنجەرەیەک لە بەرامبەر جیهاندا ئەزانێ و لەئەنجامدا ئەبێتە بەرهۆی لایەنی پێوار و دەستێوەردانی لایەنی ئاییینی. بێزاری بازن لە مۆنتاژ لەم هەڵەکارییەوە سەرچاوە ئەگرێ. *بازن شمەکی پیشاندراوی لەگەڵ خودی شتەکە لێ تێک چووە*. وێنەی سینەمایی بەشێک لە ڕۆژەڤ نییە، بەڵکوو بەرهەمی کارە. کار، ڕۆژەڤ وەکوو بەشێک لەم ڕەوتە بەکار ئەهێنێ، بەڵام ئەم ڕەوتە ڕۆژەڤ ناگەڕێنێتەوە بۆ بێگەردی سەرەتایی خۆی. بەم پێیە، هۆگری بازن بە ڕاستەقینەی دیاریکراو، لەگەڵ نەریتی بەربڵاوی مرۆڤگەرایی بۆرژوازی یەک ئاراستەی هەیە، کە لە ڕیالیزمی وردبینانە و لە پێشەوە وێناکراودا، ئارمانجی هونەرمەند ئەبینێ، واتە چەشنێک بەهرە و توانای وێنەگری بەهۆی خودی ئەو توانایەوە. ڕێگە چارە، دەربازبوونە لەم سیستەمە وابەستە بە ڕۆژەڤەوە و گوتن بە «زمانی تایبەت» و لەبیرکردنی ئەندێشەی وەژارەیی بیری بازرگانی «جەماوەر». خاڵی زۆر گرنگ ئەوەیە شەیدابوونی

ڕواڵەتی بە بەرهەمی ڕاستەقینە، وزەی وێرانکەری فیلم لەناو ئەبات.

ئاشکرایە لێرەشدا وەک هەموو پازەکانی تری ئەم ڕەخنەگرانە بۆ پەلاماری بۆچوونەکانی بازن بەکاری ئەهێنن، لەگەڵ هەمان «درزە قووڵ»ـەکەی مۆنییە ڕووبەڕوو ئەبینەوە. چارە نییە جگە لەوەی مشتوومڕەکە هەنگاو بە هەنگاو بۆ دواوە، بۆ ئەو دیالکتیکە مێژوویی و ئەستوورییە بگەڕێنینەوە کە سەرچاوەی لێ وەرئەگرێ. مشتوومڕەکە لەوێوە دەست پێ ئەکەین. چونکە ئەم پازە و بەڵگانە نە بە گوێرەی توانایی خودی ئەوانە، بەڵکوو بە دڵخواز پێشکەش کراون. سەبارەت بە پازەکانی تر ئەتوانین تەنها تاسوخ بۆ ئەو بەرهەمە ڕەخنەییانە بخۆین کە سینەمایان بە تێگەیشتنێکی قووڵی ناکۆکنمای فریودەری هونەر و جوانناسی ئەزانی. لە ڕاستیدا مرۆڤ دۆش دائەمێنێ ئایە گۆزلان یان زیمر بە ڕاستی بابەتی نووسراوەکانی خۆیان هەڵسەنگاندووە؟

ئەگەر وەهایان کردبێ، چۆن ئەتوانین سەرەڕای نیشانەی ئاشکرای ناو نووسینەکانی خودی بازن و هەم ئەوانەی لە فەلسەفەی کەسگەراییدا هەیە ــ فەلسەفەیەک کە بازن بڕوای پێی هەبوو و من بەوست هێنامە ئاراوەــ ئەو بە بۆرژوا یان گریمان شەیدای ئایدیۆلۆژی سەرمایەداری ناو ببەن؟ جگە لەوەش، ئەگەر وایان کردبا، بە دڵنیاییەوە بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە مۆنتاژ و ڕووناکی قووڵ ئەگەیشتن.

جگە لەمانە، بۆچی تێئەکۆشن چەمکی «ڕاستەقینە» لە لای بازن و ناچاری سینەما لە ڕێزدانان بۆ ڕاستەقینە تەنها بە

نیشانەی کۆیلەتی ئەندێشەی بازنی کاسۆلیکی لەخواترس بزانن؟ لە ڕاستیدا، بنەماکانی ئەم ئەندێشەیە ئەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەدە بەر لە زاینی عیسا. ئایە ئەوانە ناوی **زەینەفۆنی**[٦٥٣] فەیلەسووفیان بیستووە کە ئەیڕوانیە ئاسمان و ئەیوت: «هەمووی یەکێکە؟» یان **پارمێندس**[٦٥٤] کە ئەم گشتەی بە گشتێکی پەیوەندکراو ئەزانی؟ لە ڕاستیدا، ئەگەر لەو سەردەمانەدا سینەما هەبوایەت ئەمانتوانی مشتوومڕێک وەک ئەمەی ئەمڕۆ لە نێوان دوو فێرگەی **پارمیندس** و **هێراکلیتۆس**[٦٥٥] وێنا بکەین. یەکەم جار بوو فەیلەسووفان گەردوون یان «ڕۆژەڤ»یان وەکوو گشتێک ئەبینی. لە لای **پلاتۆ**، ئەم جیهانە گشتێکی تۆکمە و یەکانگیرە کە پارچەکانی بە وزەی ئەوین پێکەوە بەستراوە. کەواتە، بازنی «کاسۆلکی پەرسدار» ئەچێتە ڕیزی شکۆمەندی فەیلەسووفانەوە. نە تەنها لە تەنیشت پلاتۆوە، بەڵکوو لە ناو کۆمەڵەی لاقرتێکانی گوێنەدەر بە خۆشییەکانی ژیان، لە تەنیشت فەیلەسووفی وەکوو **بۆیسیۆس**[٦٥٦] و **سالۆستیۆسدا**[٦٥٧]. زێدە لەمەش، لەسەر بنەمای ڕوانگەیەکی نەریتی، ئەم جیهانە و هەموو بوونەوەرانی شەنگن و شیاوی خۆش ویستنن. سالۆستیۆس پشتئەستوور بە پازەیەکی پلاتۆنی

---

٦٥٣ـ زەینەفۆن: Xenophane (٥٧٠ ـ ٤٧٨ پ.ز) هۆنەر و فەیلەسووفی یۆنانی و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی و لایەنگری بیری ژیرانە لەمەڕ ئایین.

٦٥٤ـ پارمێندس: Parmenides (سەدەی ٥و٦ پ.ز) فەیلەسووفی یۆنانی.

٦٥٥ـ هێراکلیتۆس: Heraclitus (٥٣٥ ـ ٤٧٥ پ.ز) فەیلەسووفی یۆنانی.

٦٥٦ـ بۆیسیۆس: Boethius (٤٧٧ ـ ٥٢٤ پ.ز) فەیلەسۆف و سەناتۆری ڕۆمی.

٦٥٧ـ سالۆستیۆس: Sallustius (سەدەی ٥ پ.ز) فەیلەسۆفی بەدبینی ڕۆمی.

ئەیوت: «هەموو شتێک بە هۆی ڕێژەن و خێری هەناوییەوە بوونی هەیە.» هۆکاری یەکەم، «خێر و ڕێژەن»ـە.


بەڵام سەبارەت بە ناڕوونی، ئایە دەربارەی خودی چەمکی ئەستوو هیچ پرسیار و هیچ ناڕوونییەک نییە؟ ئایە ئەوسا کە لێنین ئەڵێ ئەستوو لە خودی خۆیدا ناکۆتایە و بێ سەرەتا و بێ پایانە، بە هەمان ئەندازە ناڕوون و ئاڵۆز نییە، ئەگەر وشەی خوای لە جێگەی ئەستوو دابنایەت؟

بازن بە زیرەکی و ناسکی ئەیزانی بە کاردای کامانە تەکنیک، «ڕاستەقینە» ئەبێ بە جێگەی ڕێزلێنان. ئەم تەکنیکانە، ئامرازەکانی ئەو هونەرەن کە خۆی بۆ ڕاستەقینە تەرخان کردووە ــ ئەو هونەرەی کە بازن وشەی «هێڵی نزیک»ی بۆ بەکار هێناوە و، ڕەنگە ڕوونترین وشە بێ لە زانستی بە وام وەرگرتووە. لە لای ئەو، لەوپەڕی ئەم وشەیەدا ناکۆکنمایەک هەیە، ناکۆکنمای چەشنێک ڕیالیزمی بە قووڵی جواننانسانە. لە ڕاستیدا، ناکۆکنما نە تەنها گەوهەری شێوازەکەی ئەو، بەڵکوو گەوهەری ڕەوتە ئەندێشەییەکانی ئەویشن. لە بەرچاونەگرتنی ئەم دیالێکتیکە تایبەتەی ئەو، وەکوو پشتگوێ خستنی قۆشمەییەکەی مەترسیدارە.

ژان میتری، کە گۆزلان و زیمر پەنای بۆ ئەبەن، لە ڕاستیدا، لە شوێنێکی نێوان ئەوان و بازن دا وەستاوە. میتری نەیارە لەگەڵ شێوەی ڕوانینی بازن بە ڕاستەقینەی وێنە، بەڵام کاتێک هەموو گوتەی ئەو بە وردی ئەدەینە بەر سەرنج بۆمان دەرئەکەوێ، هەرچەند پەروەردەی ئاوەزیی ئەوی گەیاندووەتە ئەو ئەنجامە، بەڵام شتێک لە هەناویدا، جۆرێک هەستی لێکدانەوەی کەموزۆر

لانەماک لەمەڕ سینەما، لەگەڵ بازن ئەیخاتە ئاراستەیەکەوە. میتری ئەڵێ وێنەی سینەمایی جۆرێک ڕۆژەڤی دڵخوازە ئەخاتە بەردەستمان، نەک ڕۆژەڤی بابەتی. وێنەی سینەمایی، وێنەی دەقاودەقی ڕاستەقینە نییە. ڕۆژەڤ بە گۆشەدیدی کامێرا و چوارچێوە و خاڵی بینین دابەش ئەبێ بە ڕێزاڵە. ئەم ڕێزالانە بە گوێرەی مەودای کاتە ڕێژەییەکان ڕێک ئەخرێن و لە واتایەک تەژی ئەبن، کە سەرەڕای واتایان، بەشێکن لە بەرجەوەنی گشت. ئێستا لە نێوان ئەم بەشانەدا پەیوەندییەک بەدی دێت کە ڕۆژەڤی بابەتی سەرەتایی تێدا نییە. بەمجۆرە، چەشنێک دارەتی شوێن-کاتی ناپەیوەست بەدی دێت کە لەگەڵ بەردەوامی کات-شوێنی ڕاستەقینە جیاوازە. ئەمەش پیشانی ئەدات بۆچی زیمر، میتری ئەکات بە گۆڤانی خۆی.

ئەگەر بازن هەبوایەت، ڕەنگە پەسەندی ئەکرد لەم نێوانەدا **چەشنێک** ئاڵوگۆڕ ڕوو ئەدات. ئەگەر بمانەوێ ئەم گوتەیە لێک بدەینەوە، مەبەستی ئەمە ئەبوو ئەوسا کە چەمکی لاسایی بەو شێوەی لە پۆیەتیکای **ئەرەستوو** پێمان گەیشتووە، پەیوەندی بدەین بە سینەماوە، جۆرێک گۆڕانی تێدا بەدی دێت. ئەو ڕەنگە هەموو ئەوەی سەبارەت بە کورتبڕی، بۆ وێنە بەو شێوەی **ڕۆسۆلینی** بەکاری ئەهێنێ، یان تێپەڕین بە پاڵوێنەی خودئاگای دەرهێنەردا وتبووی، پاتە ئەکردەوە. نموونەی دووەم، ئەو چەمکەیە ئەم خاڵە پشتڕاست ئەکاتەوە کە نیۆڕیالیزم بوونی نییە، بەڵکوو تەنها دەرهێنەرانی نۆڕیالیست هەن؛ جا ماتریالیست، جا عیسایی یان کۆمۆنیست یان هەر شتێکی تر. خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە لەم ڕەوتی







لاساییکردنەوەدا، ڕاستەقینە نەشێوێنرێ، بەڵام ڕەوتی «وێنەگرتن» بچێ بەڕێوە.

«ئەو ڕۆژەڤەی سینەما بە ویستی خۆی بەدی ئەهێنێ و بەڕێوەی ئەبات، ڕۆژەڤێکی جیهانییە کە ئێمە بەشێکین لێی و فیلم قاڵبێکی لێ وەرئەگرێ کە هەم کاتییە و هەم شوێنی.» پیشانی ئەدات بازن بڕوای بە چەشنێک گۆڕان و، کورتییەکەی چەشنێک دەستکرد هەیە. مەگەر بازن ــ لانیکەم، لە پەسنی فیلمی **پۆتمکین** بەرهەمی **ئایزنشتەین**ــ ناڵێ کە هیچ هونەرێک بێ دەستکرد نییە؟ یان لە ڕەوتی گەیشتن بە ڕاستەقینە ئەبێ چاوپۆشی لە بەشێکی بکەین؟

کەچی، میتری لای باشترە لە جیاتی گوتن سەبارەت بە «پێوەری ڕاستەقینە»، لە چۆنایەتی «پێوەری ناڕاستەقینە» بدوێ. لەو چۆنایەتییە سەمەرەی بە بۆچوونی ئەو ڕەنگە بیانوو بدات بە دەستی کەسێکەوە کە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەیە. بەڵام بە بڕوای میتری هەستێکی وەها شیاو نییە، چونکە تەنها لە دیاردەی تێگەیشتنەوە سەرچاوە ئەگرێ. بەڵام ئەکرێ بپرسین ئایە شتێک لەوە جادووییتر و سەمەرەتر لە کردەوەی تێگەیشتن هەیە؟ هەر ئەم تۆڕە لێدوانە فەلسەفییە سەبارەت بە میتری بەسە. هەچی بێت، بە بڕوای من ئەو لە دوا لاپەڕەی بەرگی دووەمی جوانناسی سینەما هەنگاوێکی بڕیاردەری بە ئاراستەی بازندا هەڵگرتووە: «*ئەگەر سینەما هونەرە، هونەرێکە، سەرەڕای بەرتەسکییە سەپێنراوەکان بەسەر هونەردا، لەدایک بووە. بێگومان هونەر ڕێگەی بەرەو لوتکەیە.*






*بەڵام دیسانەوەش لە ئەستۆی هونەرە رێگە پیشان بدات، نەک تەنها بەدی بهێنێتەوە. ئەبێ بە خۆڕاگری و ئازادی رێگەی ببڕێ. تەنها سینەما ئەتوانێ وەها بکات، چونکە توخمە سەرەتاییەکەی خودی ژیانە!»*

تا ئێرە تەنها لە فەڕانسە دواین. بەڵام وەک لە وتاری «لە داکۆکی ڕۆسیلینی»یەوە دەرئەکەوێ، لە ئیتالیاش بەرەنگاربوونەوە هەبووە (و هێشتاش هەیە). ڕۆسیلینی لە گفتوگۆیەک لەگەڵ کایە دو سینەما (جوولای ١٩٥٤) بە ئاشکرا وتوویەتی لەو سەردەمە کێشەی ڕامیاری ئەوەندە توندوتیژ بوو، کە جەماوەر لە دادوەری خۆیاندا ئازاد نەبوون و دەرهێنەران بە گوێرەی بڕوای ڕامیاری خۆیان کاریان ئەکرد. ئەم دۆخە بە تایبەت بۆ ئەو ناخۆش بوو. چونکە وەک خۆی گوتوویەتی: «من لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕوانگەی ڕەوشتییە ئەڕوانمە جیهان و لە پلەی دووەمدا ئەم دیدە ئەبێ بە ڕوانگەیەکی جوانناسانە.» (ئەم ڕستە، سەیر بیرخەرەوەی گوتەیەکی لێنینە: «ڕەوشتی ئەمڕۆ، جوانناسی ئایندەیە.»)

ڕۆسیلینی ئەڵێ ئەوسا کە فیلمی **ڕۆما، شاری بێ شوورەم**[٦٥٨] دروست ئەکرد: «نیازێکی پێویست بە ڕاستەقینە هەبوو. من هەمیشە ڕێز بۆ نیۆڕیالیزم دائەنێم. زیاتر جۆرێک ڕوانگەی ڕەوشتی بوو تا جۆرێک شێواز.» ڕوانگەی بازنیش هەر ئەمە

٦٥٨ـ شاری بێ شوورە: Open City یان ڕۆما، شاری بێ شوورە Rome, Open City فیلمی سینەمایی ١٩٤٥، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.






بوو. یەکەم کەس کە زاراوەی نیۆڕیالیزمی بەکار هێنا، مارکسیستێک بوو بە ناوی **ئۆگۆ باربارۆ**[٦٥٩]. هەروەها یەکەم ڕەخنەگرانی ئەم شێوازە، مارکسیستەکان بوون. هەڵبەت هیچ پێناسەیەکی ورد لەم زاراوەیە نەدرا بەدەستەوە و، تەنانەت ئەو کۆنگرەش لە دێسامبری ١٩٥٢ لە پارما بۆ پێناسەکردنی بەسترا، بێ ئەنجام بوو.

پێشتر وتم کلیلی سەرەکی تێگەیشتن لە نووسینەکانی بازن ئەوینە. هەروەها وتم دۆستانی ئەو لێکچوونێکیان لە نێوان ئەو و سەن فرانسیسی ئاسیسیدا ئەبینی. هەروەها وتم ئەم لێکچوونە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم خاڵە بە باشترین شێوە لە وتارەکانی ئەو سەبارەت بە نیۆڕیالیزمدا ئاشکرایە و وا دیارە ڕوانگەیەکی تایبەتی پێ ئەبەخشێ تا فیلمەکانی **ڕۆسیلینی**، **دی سیکا**[٦٦٠]، **فێللینی**[٦٦١] و نووسینەکانی **زاڤاتینی** بداتە بەر ڕووناکی ئەو دیدە. بە بڕوای بازن، فیلمی **ڕێگا**[٦٦٢]، لە ئەندێشەی پێڕی **فرانسیسکەن**[٦٦٣]

---

٦٥٩ـ ئۆگۆ باربارۆ: Ugo Barbaro

٦٦٠ـ فێللینی: Federico Fellini (١٩٢٠ـ١٩٩٣) دەرهێنەری ئیتالیایی. وێنەی بارۆک و فانتاسی تێکەڵ ئەکرد، براوەی ٥ خەڵاتی ئۆسکارە.

٦٦١ـ دی سیکا: Vittorio De Sica (١٩٠١ـ١٩٧٤) دەرهێنەر و ئەکتەری ئیتالیایی، براوەی خەڵاتی ئۆسکاری ١٩٥٧.

٦٦٢ـ ڕێگا: La Strada درامای ئیتالیایی ١٩٥٤، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێلینی.

٦٦٣ـ فرانسیسکەن: Franciscans یان Friars Minor یان پێڕی سەن فرانسیس ئایینزایەکە سەر بە فرانسوا داسیز Francis of Assisi ئایینزانی بەناوبانگی فەلە لە سەدەی سیانزەدا، کە بڕوای بە ژیانی هەژارانە و خۆتەمێکردن هەبوو.






سەرچاوە ئەگرێ. بازن لەمەڕ **دزانی پاسکیل،** بە پێنووسی زاڤاتینی و دەرهێنانی دی سیکا ئەنووسێ:

«چەمکی ڕاستەقینەی ئەم فیلمە لەوە دایە کە لانەماکی شتەکانی ناشێوێنێ، بەڵکوو ڕێگە ئەدات وەک خودی خۆیان و بە ئازادی هەبن؛ واتە ئەبێ لە هەمان ڕۆژەڤی تاک و تایبەتیاندا شەیدایان ببین. دی سیکا ئەڵێ: "خوشکی بچووکم... ڕاستەقینە" و، ئەم خوشکە بچکۆلەیە وەها لە دەوری ئەگەڕێ، وەک باڵندە بە گەردی سەن فرانسیس‌دا. ئەوانی تر ئەم خوشکە بچکۆلەیە ئەخەنە قەفەس یان فێری گوتنی ئەکەن، بەڵام دی سیکا لەگەڵی ئەدوێ و؛ ئەوە زمانی ڕاستەقینەیە کە ئەی بیستین. گوتەیەکە نکۆڵی لێ ناکرێ، گوتەیەک کە تەنها ئەوین ئەتوانێ بیڵێ.»

بازن وەک خۆی وتوویەتی فەیلەسووف نییە. بەڵام هەرگیز نەی ئەتوانی نکۆڵی لە هۆنەربوونی خۆی بکات. لە ڕاستیدا، ئەوەی ئەتوانێ بەهاکانی ئەو زیاتر ئاشکرا بکات، هەمانە کە سەن فرانسیس لە سەردەمانی ڕابوردوودا لە هۆنروەی وەرجاوەندی «تەزبێحی هەموو بوونەوەران» وتوویەتی. هۆنراوەیەک کە مۆنیە بە «چامەیەکی جوانی ڕیالیزمی سەدەی ناونجی» ناو ئەبات:

سپاس بۆ تۆ پەروەردگار، ئەو بوونەوەرانەی ئافراندووتە، بە تایبەت برای گەورە هەتاو، کە ڕۆژ بەدی ئەهێنێ و تۆ بە هۆیەوە ڕووناکی ئەدەی بە جیهان،

گەش و ڕووناکە و درەوشانەوەی فەرەهوەرە و واتای بەرزی

لە تۆ وەرئەگرێ...

سپاس پەروەردگار بۆ مانگی خوشک و ئەستێرانی ئاسمان...

بۆ بای برا...


بۆ هەوا... بۆ ئەو خوشکەی دایکی زەوییە...

بێگومان، ئەمڕۆ ئەپرسین ئەگەر بازن بوایەت، لە گەنجینەی نمایشەکانی چی پێ ئەبەخشین؟ یەکێک لەو شتانەی ڕەنگە باشترینیان بێ، کۆلاژێکی نووسراوەکانیەتی لە پاش مەرگی لە گۆڤاری ئێسپریت چاپ کرا و بە یادگار بۆمان ماوەتەوە: «ئایە ئەو ڕای نەگەیاندووە، ساڵی ٢٠٠٠ بەخێرهاتنی سینەماییەکی بەدەر لە دەستێوەردانی مۆنتاژ ئەکات و لە ڕۆڵی «هونەری ڕاستەقینە» دوور ئەکەوێتەوە و، لەم بوارەدا ئەگاتە لوتکەی خۆی و لەوێ جارێک و بۆ هەمیشە ئەبێ بە «هونەری بەرهەمی ڕاستەقینە» ـ ڕەنگە بە هەمان شێوە کە خۆی لە دوا ڕستەی وتارەکەی سەبارەت بە ئۆمبێرتۆ د.[٦٦٤] پێشبینی کردووە.

لە کۆتاییدا، ئەبێ سپاسی هەموو ئەوانە بکەم لە چاککردنی کەموکوورییەکانی وەرگێڕاندا یارمەتییان داوم، بە تایبەت لە پرۆفیسۆر ستێفان وێرنێر، لە یەکەی زمانی فەڕانسەی زانکۆی کالیفۆرنیا، لۆس ئانجێلس، بە هۆی کۆمەکی پڕبایەخی؛ هەروەها لە ئیدیتۆر و دۆستی باشم ئێرنێست کالنباخ بە هۆی بوردباری بێ ئەندازەی و ئەوەی کە دەستی کارامەی ئێدیتۆری خۆی بەردەوام بە دەستەوانەی نەرم و مەخمەری دائەپۆشی♦

---

٦٦٤ـ ئۆمبێرتۆ د.: Umberto D فیلمی سینەمایی نیۆڕیالیستی ئیتالیایی ١٩٥٢، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.




## نیۆڕیالیزم: جۆرێک جوانناسی ڕۆژەڤ

### ڕیالیزمی سینەمایی و
### بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی ئیتالیا

بە ڕاستی جێگەی خۆیەتی ئەگەر گرنگی مێژوویی فیلمی **پایزا** بەرهەمی ڕۆسیلینی لەگەڵ کۆمەڵێک شاکاری کلاسیکی سینەما بەراورد کراوە. ژۆرژ **سادۆل** بەبێ هیچ دوودڵییەک بە هاوشانی **نۆسفراتۆ** و **نیبلۆنگ** و **چەکووسی** زانیوە. منیش لە دڵەوە لەم پەسنەدا لەگەڵی هاوبەشم، بەڵام تا ئەو جێگەی کە بەراوردی **پایزا** لەگەڵ ئێکسپرشنیزمی ئاڵمانی تەنها لەبەر مەزنی ئەم فیلمە بێت، نەک پەیوەندی بە ناوەرۆکی دژواری تێگەیشتنی جوانناسی فیلمەکەوە هەبێ. فیلمێکی تر کە لام وایە بەراوردی لەگەڵ **پایزا** لەبارتر بێت، پۆتمکینی ١٩٢٥ـە. بەڵام ئەزانین ڕیالیزمی فیلمە هاوچەرخەکانی ئیتالیا، بە زۆری لە بەرامبەر **جوانپەرستی**[٦٦٥] فیلمە ئەمریکاییەکان

---

٦٦٥ـ جوانپەرستی: aestheticism بزووتنەوەی هونەری کۆتایی سەدەی نۆزدە، بڕوای وا بوو هونەر تەنیا لە پێناو جوانییەکانیدا بوونی هەیە، و پێویستی بە خزمەتکردنی هیچ ئامانجێکی ڕامیاری و دیالکتیکی نییە. جوانیناسی لە ساڵانی ١٨٦٠ لە ئینگلیز سەریهەڵدا و دواتر پشتیوانی نووسەرانی




و تا ڕادەیەک فەڕانسەییدا دائەنێن. ئایە ئەوەی فیلمە ڕووسییەکانی **ئایزنشتەین** و **پۆدۆڤکین**[٦٦٦] و **دۆڤژەنکۆی**[٦٦٧] بە فیلمی شۆڕشگێڕانە، هەم لە هونەر و هەم لە ڕامیاریدا ناساند، جگە لەوە بوو کە ئەمانە لە هەمان سەرەتاوە بە دوای ڕیالیزمەوە بوون؟ ئایە ئەم ڕیالیزمە لە ناکۆکی لەگەڵ جوانناسی ئێکسپرشنیستی فیلمە ئاڵمانییەکان و ئەستێرەپەرستی قێزەونی هالیووددا نەبوون؟ **پایزا**، **شەماڕەنگ**[٦٦٨] و، **ڕۆما**، **شاری بێ شوورە**یش وەکوو پۆتمکین قۆناغێکی تازەی دژایەتی لەمێژینەی نێوان ڕیالیزم و جوانپەرستییان دەست پێکرد. بەڵام مێژوو خۆی پاتە ناکاتەوە، کەواتە، ئەبێ ئەو تەشکە تایبەتەی ئەم مشتوومڕە جوانناسییە بە خۆیەوە گرتووە بناسرێ و، ئەو ڕێگە چارە تازەی نیۆڕیالیستەکانی ئیتالیا سەرکەوتنی خۆی لە ١٩٤٧دا وامداری ئەوانەن، دیاری بکرێ.

ڕەنگە ڕەسەنی و تازەیی ئەم فیلمە ئیتالیایانە و شایگەشکە بوونی بەرەنجامی ئەم خافڵگیربوونە، بووە بە هۆی ئەوەی لە بیرمان بچێ بە قووڵی لە ڕیشەکانی ئەم ڕێنسانسە بکۆڵینەوە و، بە باشمان زانی بە بوویەرێکی خۆبەخۆی بزانین، وەک شەڵخەیەک زەرگەتە

---

دیار وەک واڵتەر پاتەر و ئۆسکار وایڵدی بەدەستهێنا.

٦٦٦ ـ پۆدۆڤکین: Vsevolod Pudovkin (١٨٩٣ ـ ١٩٥٣) دەرهێنەری سۆڤیەتی.

٦٦٧ ـ دۆڤژەنکۆ: Alexander Dovzhenko (١٨٩٤ ـ ١٩٥٦) نووسەر و دەرهێنەر و فیلمسازی ئۆکراین سۆڤیەتی.

٦٦٨ ـ شەماڕەنگ: Sciuscià فیلمی سینەمایی ١٩٤٦، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا E Shoeshine ⇐ شەماڕەنگ: کەسێک کە پێڵاو واکس ئەکات، بۆیاخچی.




کە لە لاشەی داڕزاوی فاشیزم و جەنگەوە سەریان هەڵهێنا. بێگومان بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی ئیتالیا و تەشکە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و ئابوورییەکەی لەم وڵاتەدا ڕۆڵێکی بڕیاردەری لە بەرهەمهێنانی فیلمدا هەبووە. دواتر دیسانەوە دێینەوە سەر ئەم بابەتە. تەنها بێئاگایی لە سینەمای ئیتالیا بووە هۆی ئەوەی سەرهەڵدانی ئەم شێوازە بە پەرجوویەکی کتوپڕی بزانین.

بە سەرنجدانە گرنگی و چۆنایەتی بەرهەمی سینەمای ئیتالیا ئەتوانین بڵێین ئەمڕۆ لەم وڵاتە، تێگەیشتن لە سینەما لە بالاترین ئاستی خۆی دایە. **ناوەندی ئەزموونی سینەمایی ڕۆما** بەر لە **دامەزراوی تۆژینەوەی باڵای سینەما** لە پاریس دامەزرا.[٦٦٩] لە هەمووش گرنگتر، لە ئیتالیا ئەندێشەی ڕووناکبیرانە کار ئەکاتە سەر ڕەوتی فیلمسازی، بەڵام وەک ئەزانین لە فەڕانسە وەها نییە. لە سینەمای ئیتالیا، لە نێوان ڕەخنەی فیلم و دەرهێنەردا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، هەروەک لە جیهانی وێژەی فەڕانسەدا بەو جۆرەیە.

سەرەڕای ئەوەش، فاشیزم کە بە پێچەوانەی نازیسم، فرەهونەری بە ئازاد دانابوو، سەرنجێکی تایبەتی بۆ سینەما هەبوو. ڕەنگە بتوانین لە پەیوەنددانی فستیڤاڵی فیلمی ڤێنیزیا بە ویستە ڕامیارییەکانی مۆسۆلینی خۆ لابدەین، بەڵام ناتوانین نکۆڵی لەوە

**٦٦٩ـ** Centro Sperimentale di Cinematografia لە ئیتالیا ساڵی **١٩٣٥** بە فەرمانی مۆسۆلینی دامەزرا، بەڵام The Institut des Hautes Etudes Cinematographiques ی پاریس ساڵی **١٩٤٣** کرایەوە. تێبینی: هیو گرەی





بکەین بیرۆکەی بەرپاکردنی فستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی بەرەنجامێکی باشی هەبووە و، ڕەسیدەکەی لەوەوە دەرئەکەوێ کە ئەمڕۆ پێنج شەش وڵاتی ئورووپایی لەم بوارەدا پێکەوە پێشبڕکێیانە. سەرمایەدار و پلەدارانی فاشیت لانیکەم، چەند ستۆدیۆی تەیاریان لە ئیتالیا دامەزراند. هەرچەند بەرهەمەکانی ئەم ستۆدیۆ تەیارانە مێلۆدرامای قەشمەر و فیلمی ڕازاوە بوو، بەڵام ئەم بابەتە نەیتوانی ڕێگە لە چەند فیلمسازی هۆشمەند بگرێ، بەبێ ئەوەی باج بە دەسەڵات بدەن، چەند فیلمی زۆر باش سەبارەت بە کێشەی ڕۆژ دروست بکەن. ئەو فیلمانەی کە تیشکی ئەخستە سەر بەرهەمە باوەکانی ئەو ڕۆژانە. ئەگەر لە سەردەمی جەنگ ئەو دەمارگیرییە، هەرچەند شیاوەومان بەکار نەهێنایەت، ڕەنگە فیلمی وەکوو **ئێس ئۆ ئێس ١٠٣**[٦٧٠] یان **کەشتی سپی**[٦٧١] بەرهەمی **ڕۆسیلینی**، زیاتر سەرنجی ڕائەکێشاین. جگە لەوەش، تەنانەت ئەو سەردەمە کە بەرهەمی بازرگانی فیلمی دارماڵ لە دەستی گەوجێتی ڕامیاری یان پارەپەرستانەدا بوو، دیسانەوەش ڕەوتی ڕووناکبیری و کولتوری و تۆژینەوەی ئەزموونی، بۆ داڵدە و پەنایەک لە پەرتووک و بڵاوکراوە و لە کۆبوونەوەکانی فیلمخانەی کۆنگرێس[٦٧٢] و لە دروستکردنی

---

٦٧٠ـ ئێس ئۆ ئێس ١٠٣: SOS 103 فیلمی ١٩٤١، دەرهێنانی فرانسیسکۆ دی ڕۆبێرتیس Francesco De Robertis.

٦٧١ـ کەشتی سپی: La Nave Bianca فیلمی جەنگی ئیتالیایی ١٩٤١ دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.

٦٧٢ـ فیلمخانەی کۆنگرێس: film archive congresses




فیلمی کورتدا ئەگەڕا. ساڵی ١٩٤١ **لاتوادا**[٦٧٣] دەرهێنەری فیلمی **یاخی** و سەرۆکی ئەوکاتەی فیلمخانەی میلان بە هۆی نمایشی ڕایشتی دارماڵی فیلمی **هەڵۆسەی مەزن**[٦٧٤] خەریکبوو زیندانی بکرێ.[٦٧٥]

زیدە لەوەش شتێکی ئەوتۆ لە مێژووی سینەمای ئیتالیا نازانین و زانیاریمان لە **شەوانی کابیریا**[٦٧٦] و **بۆ کوێ ئەچی؟**[٦٧٧] زیاتر بڕ ناکات. فیلمی تازە و لەبیرنەکراوی **تاجی ئاسنینیش**[٦٧٨] ئەیسەلمێنێ تایبەتمەندییەکانی فیلمەکانی ئەودیوی ئالپ، گۆرانی بەسەردا نەهاتووە: سەرڕێژنەیەکی لاواز لە ڕازاندنەوەی سەکۆ، ئارمانیکردنی ئەکتەری سەرەکی، جەختی منالانە لەسەر ڕۆڵبینین، میزانسنی ڕووکەش، بەکارهێنانی ناشیانەی توخمی نەریتی **بێل کانتۆ**[٦٧٩] و ئۆپێرا، فیلمنامەی ئاسایی و لەبن

---

٦٧٣ـ لاتوادا: Alberto Lattuada (١٩١٤ـ٢٠٠٥) دەرهێنەری ئیتالیایی.

٦٧٤ـ هەڵۆسەی مەزن: La Grande Illusion فیلمی جەنگی فەڕانسەیی ساڵی ١٩٣٧، دەرهێنانی ژان ڕێنوار.

٦٧٥ـ کاریگەری ژان ڕێنوار لەسەر سینەمای ئیتالیا وەرجاوەند و مسۆگەرە. لەم بواردا تەنها ڕێنێ کێلێر ئەتوانێ شان بدات لە شانی. تێبینی: هیوگرەی

٦٧٦ـ شەوانی کابیریا: Nights of Cabiria فیلمی ١٩٤٧، فێدێریکۆ فێللینی.

٦٧٧ـ بۆ کوێ ئەچی: Quo Vadis فیلمی ئەمریکایی ١٩٥١ سەبارەت بە ڕۆمای کەونارا، دەرهێنانی مێرڤین لۆرۆی Mervyn LeRoy.

٦٧٨ـ تاجی ئاسنین: La Corona di ferro فیلمی ئیتالیایی ١٩٤١، دەرهێنانی ئالێساندرۆ بلاسێتی Alessandro Blasetti.

٦٧٩ـ بێل کانتۆ: Bel canto (لێرەدا) ئیتالیایی بە واتای بەستەی شیرین، شێوازێکی بەستەیی گۆرانی ئۆپێرا بە بەکارهێنانی تۆنێکی تەواو و




کاریگەری شانۆ، مێلۆدرامای ڕۆمانتیک و **چیرۆکبێژی نەریتی**[٦٨٠]، کە تا ڕادەی چیرۆکی سەربردەیی دابەزیوە. بێگومان زۆربەی فیلمە ئیتالیاییەکان ئەوپەری هەوڵی خۆیان ئەدەن تا پاساو بۆ ئەم چێشتی مجێورە کاریکاتۆرئاسایە بهێننەوە. هەندێ لە باشترین دەرهێنەرانی ئیتالیایی، هەندێ جار، بە خۆگێلکردن خۆیان ئەکەن بە سەرگەردی پێداویستی بازرگانی. هەڵبەت فیلمی مەزن و شکۆمەندی وەکوو شیپیۆ ئەفریکانۆس[٦٨١] ئەنێردرێ بۆ سەرانسەری جیهان. بەڵام ڕەگەیەکی هونەری تریش هەبوو کە کەموزۆر تاپۆی بازاڕی ناوخۆ بوو. ئەمڕۆ کە عۆرکێشانی فیلەکانی شیپیۆ لە دوورەدەستەکاندا دامرکاوەتەوە، باشتر ئەتوانین ئاوازی پێوار، بەڵام گەش و بەنەشەی فیلمی **چوار هەنگاو لە ناو هەوران**[٦٨٢] بە گوێی گیان ببیستین.

خوێنەری ئەم وتارە، لانیکەم خوێنەرێک کە وەکوو ئێمە ئەم


---

دەوڵەمەند و فراوان و دەستەواژەیەکی نەرم و ڕەوان ⇦ بێل کانتۆ بۆ ڕۆمان و ئۆپێرا و فیلم و تاد... بە کار ئەهێنرێ، وەک فیلمی بێل کانتۆ.

٦٨٠ـ چیرۆکبێژی نەریتی: chanson de geste بەیتی ئەویندارى مێژوویی سەدە ناونجی فەڕانسەیی.

٦٨١ـ شیپیۆ ئەفریکانۆس: Scipio Africanus (٢٣٦ـ١٨٣ پ.ز) ژنراڵ و پاشان کۆنسوولی ڕۆمی، ستراتژیست و فەرماندەی ناوازە، لە تۆنسیای ئەمڕۆ هانیباڵی شکست دا و نازناوی ئەفریکانۆسی کونسوولی وەرگرت.

٦٨٢ـ چوار هەنگاو لە ناو هەوران: Quattro passi Ira Ie nuvole فیلمی ١٩٤٢ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ئالێساندرۆ بلاسێتی Alessandro Blasetti.






فیلمەی دوایی بینیبێ، بە ئەندازەی ئێمە هێدمە ئەیگرێ ئەگەر بزانێ ئەم کۆمێدییە تەژی هەستێکی هونەرانەیە و ڕیالیزمە کۆمەڵایەتییەکەی پەیوەستە بە سینەمای ئەمڕۆی ئیتالیاوە، لە ساڵی ١٩٤٢ و، دوو ساڵ پاش فیلمی بەناوبانگی **تاجی ئاسنین** و لە لایەن هەمان دەرهێنەر واتە **بلاسێتی**یەوە[٦٨٣] دروست کراوە. ئەو هەمان کەسە کەموزۆر لە هەمان خولدا **سەربردەی سالواتۆر ڕۆزا**[٦٨٤] و لەم دواییانەشدا **ڕۆژێکی ژیانی**[٦٨٥] دروست کردووە. دەرهێنەرانی وەکوو **ڤیتۆریۆ دێ سیکا** کە فیلمی شیانستی **شەمارەنگی** دروست کردووە، هەمیشە کەڵکەڵەیان ئەوە بوو کۆمێدی مرۆیی و پڕهەست و تەژی ڕیالیزم بەدی بهێنن، کە لەوانە ئەتوانین فیلمی ١٩٤٢ی **منالان تێمان ئەڕوانن**[٦٨٦] ناو ببەین. لە ساڵی ١٩٣٢ـەوە **کامرینی**[٦٨٧] دوو فیلمی دروست کردووە یەکیان **پیاوان چ بێویژدانێکن**[٦٨٨]، کە ڕووداوەکەی وەک **ڕۆما**، **شاری بێ شوورە**، لە شەقامەکانی پایتەخت ڕوو ئەدات و، ئەوی تریان فیلمی **جیهانی بچووکی کۆن**[٦٨٩] کە ئەویش کەش و هەوایەکی ئیتالیایی هەیە.

**٦٨٣ـ** بلاسێتی: Alessandro Blasetti (**١٩٠٠ـ١٩٨٧**) دەرهێنەری ئیتالیایی.

**٦٨٤ـ** Un'avventura di Salvator Rosa فیلمی ئیتالیایی **١٩٣٩**ی بلاسێتی.

**٦٨٥ـ** ڕۆژێکی ژیان: Un Giorno nella vita فیلمی ئیتالیایی **١٩٤٦**ی بلاسێتی.

**٦٨٦ـ** منالان تێمان ئەڕوانن: Bambini ci guardano فیلمی ئیتالیایی **١٩٤٤** دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.

**٦٨٧ـ** کامرینی: Mario Camerini (**١٨٩٥ـ١٩٨١**) دەرهێنەری ئیتالیایی.

**٦٨٨ـ** پیاوان چ بێویژدانێکن: Gli uomini che mascalzoni فیلمی ئیتالیایی **١٩٥٣** دەرهێنانی گلاوکۆ پێلەگرینی Glauco Pellegrini.

**٦٨٩ـ** جیهانی بچووکی کۆن: Piccolo Mondo Antico فیلمی ئیتالیایی **١٩٤١**،










لە ڕاستیدا، لە ناو دەرهێنەرانی ئەمڕۆی ئیتالیا زۆر ناوی تازە بەدی ناکرێ. گەنجترەکان وەکوو **ڕۆسیلینی،** لە سەرەتای جەنگ دەستیان کرد بە فیلمسازی. دەرهێنەری کۆنتر وەکوو **بلاسێتی** و **ماریۆ سۆلداتی**[٦٩٠] تەنانەت لە سەرەتای خولی سینەمای دەنگداریش بەناوبانگ بوون. بەڵام باشترە زۆر ئەمپەڕ و ئەوپەڕ نەگرین و ئەو ئەنجامە وەرنەگرین کە شتێک بە ناوی فێرگەی تازەی ئیتالیایی بوونی نییە. گرەوشتی ڕیالیستی، وەسپی خۆیی و تەوساوی ژیانی ڕۆژانە، ڕۆژەڤخوازی هەستیار و هۆنەرانە، بەر لە جەنگیش بە شێوەی دەگمەن هەبوو و وەک بەنەوشەی خاکەڕا لە بن کاژی باڵابەزی بەرهەمهێنانی فیلم ئەپشکووت و شکۆفەی ئەدا. بە ڕواڵەت لەگەڵ دەسپێکی جەنگ ڕووناکییەکی تازە دای لەم لێڕەوارە کاغەزی و دەستکردە. لە **تاجی ئاسـنیندا** وەک بڵێی ئەم شێوازە خەریکە گاڵتە بە خۆی ئەکات. ڕۆسیلینی و لاتوادا و بلاسێتی تێئەکۆشان بەرەو چەشنێک ڕیالیزم بڕۆن کە گرنگی جیهانی هەبێ. لەگەڵ ئەوەش، ئەوە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی بوو کە ئازادییەکی بەم گرەوشتە جواناسییە بەخشی و، توانیان لە هەلومەرجێکی تازەدا گەشە بکەن و پێبگەن، کە بڕیار بوو لە داڕشتنی گۆڕانکاری بەرچاو، لە هەڵوێست و چەمکدا بەشدار بن.

---

دەرهێنانی ماریۆ سۆلداتی Mario Soldati.

٦٩٠ـ ماریۆ سۆلداتی: Mario Soldati (١٩٠٦ـ١٩٩٩) دەرهێنەری ئیتالیایی.








## بزووتنەوەی ڕزگاریی: دابڕان و ژیانەوە

هەندێ لە توخمەکانی فێرگەی نوێی ئیتالیا بەر لە ڕزگاری لە چنگی فاشیزم بوونیان هەبوو: کەسان، هونەر و گرەوشتی جوانناسانە. بەڵام ئاوێتەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوانە تێکەڵەیەکی تازەی بەدی هێنا کە تێیدا توخمی تازەش سەری هەڵدا.

لە دوو ساڵی ڕابوردوودا [١٩٤٧ــ١٩٤٨]، بزووتنەوەی بەرگری و بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی، ناوەرۆکی سەرەکی فیلمەکانیان پێک هێناوە. بەڵام بە پێچەوانەی سینەمای فەڕانسە و، تەنانەت ئەتوانین بڵێین سینەمای هەموو ئورووپا، فیلمە ئیتالیاییەکان تەنها بە بابەتی بەرگری نەوەستاوەتەوە. لە فەڕانسە بزووتنەوەی بەرەنگاری دەسبەجێ دارەتی ئەفسانەیی پەیدا کرد. ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئەوەی بەنگین بوو، هەمان ئەو ڕۆژەی کە سەری هەڵدا چووە ڕیزی مێژووەوە. ئاڵمانییەکان ڕۆیشتبوون و ژیان سەرلەنوێ دەستی پێکردبوویەوە. بە پێچەوانە، لە ئیتالیا ئازادی بە واتای گەڕانەوە بۆ ئازادی کۆن یان ئەم دواییە نەبوو، بەڵکوو بە واتای شۆڕشی ڕامیاری و داگیرکران لە لایەن هێزە یەکگرتووەکان و گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو. لەوێ ئازادی زۆر کاوەخۆ بوو و، لە دوای تێپەڕینی چەندین مانگی بێکۆتایی گەیشتەبەرەوە و کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی. کەواتە، لە ئیتالیا بزووتنەوەی بەرگری و بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی، بە پێچەوانەی




ڕاپەڕینی پاریس، بە هیچ شێوەیەک دوو دەستەواژە یان پازەی مێژوویی نین. کاتێک **ڕۆسیلینی پایزای** دەرئەهێنا، فیلمنامەکەی پڕ بوو لەو بوویەرانەی بە ڕاستی ڕوویان ئەدا. لە فیلمی **یاخەدا** بینیمان بە چ شێوەیەک لەشفرۆشی و بازاڕی ڕەش لە بن پۆستاڵی سپای زاڵەوە سەری دەرهێنا. نائومێدی و بێکاری زیندانی ئازارکراوی کرد بە تاوانکار. جگە لەو فیلمانەی سەبارەت بە بزووتنەوەی بەرگری بوو، وەک **ژیان لە ئاشتی**[٦٩١] یان **خۆر دیسانەوە هەڵدێ**[٦٩٢]، سینەمای ئیتالیایان بە ئۆگری ڕووداوی ڕۆژانە ئەزانی. ڕەخنەگرانی فەڕانسەیی (چ لە پەسن و چ لە سەرزەنشت، بەڵام هەمیشە بە سەرسووڕمانێکی شیانستەوە) لە ئاماژەی جارجارانەی سەبارەت بە خولی پاش جەنگ، کە **کارنێ** وشیارانە لە دوا فیلمیدا پیشانی دابوون، پشتڕاست کردەوە. ئەگەر دەرهێنەران و فیلمنامەنووسی ئەم فیلمە ئەو ئەرکەیان خستە بەر خۆیان تا ئێمە پەی بەم خاڵە ببەین، لەبەر ئەوەیە لە هەر بیست فیلمی فەڕانسەیی، نۆزدەیان پەیوەندی بە پرسگرەکانی دەهەی خۆیەوە نییە. بە پێچەوانە، فیلمە ئیتالیاییەکان تەنانەت ئەگەر لە بوویەرێکی ڕاستەقینەش نەدوێن، بەر لە هەر شتێک گوزارشتەکان بەدی ئەهێننەوە. ڕووداوی ئەم فیلمانە ناتوانین لە هەر بوارێکی کۆمەڵایەتی ــ لە ڕوانگەی مێژوویی نادیار و بێلایەن، تا

---

٦٩١ـ ژیان لە ئاشتی: Vivere in Pace فیلمی ئیتالیایی نیۆڕیالیستی ١٩٤٧، دەرهێنانی لویجی زامپا Luigi Zampa.

٦٩٢ـ خۆر دیسانەوە هەڵدێ: Il sole sorge ancora فیلمی جەنگی نیۆڕیالیستی ئیتالیایی ١٩٤٦، دەرهێنانی ئاڵدۆ ڤێرگانۆ Aldo Vergano.




ڕادەیەک ئەبسترە، وەک دیمەنی تراجێدیا ـ بزانین، بەو شێوەیەی لەمەڕ سینەمای ئەمریکا و فەڕانسە و ئینگلیز ڕاستە.

بەم جۆرەیە، فیلمی ئیتالیایی جۆرێک تایبەتمەندی بەڵگەیی ناوێزەیان هەیە کە ئەگەر لە فیلمنامە جیایان بکەینەوە، هەموو زەمینەی کۆمەڵایەتی، کە فیلمنامە سەرچاوەی لێ هەڵئەبەستێ، لەدەست ئەچێ.

ئەو هۆکارە دەروونییەی ئەم پەیوەندییە بێخەوش و سروشتییە بە ڕووداوە ڕاستییەکان پیشان ئەدا و پاساوی بۆ ئەهێنێتەوە چەشنێک ئۆگری مینەوییە بەو خولە. بێگومان، ناتوانین ڕەوتی مێژووی ئەم دواییەی ئیتالیا بەراوەژوو بکەین. کەواتە، جەنگ نە خولێکی نێوانی، بەڵکوو بە کۆتایی خولێک ئەژمێردرێ. ئیتالیا، بە یەک واتا، تەنها سێ ساڵ تەمەنیەتی. کەچی ئەم هۆکارە ئەیتوانی بەرهۆی تریشی بەدوادا بێت. بەڵام ئەم ئەوەی سەرچاوەی بێکۆتایی سەرسووڕمانە و لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژئاوادا بینەری فراوانی بۆ سینەمای ئیتالیا بەدی هێناوە، هەمان ئەو ڕێزەیە بۆ نمایشی ڕاستەقینە هەیەتی. لەو جیهانەدا ترس و نەفرەت دیسانەوە داگیری کردووە و تێیدا ڕاستەقینە بە دەگمەن لەبەر خۆی بە شیاو ئەژمێردرێ، بەڵکوو وەک هێمایەکی ڕامیاری لائەبرێ یان دەرئەهاوێژرێ، سینەمای ئیتالیا بە ڕاستی، تەنها سینەمایەکە لە میانەی هەمان خولدا کە وێنای ئەکات، ڕێز بو چەشنێک مرۆڤگەرایی دائەنێت.

## خۆشویستن و ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینە

فیلمەکانی ئەم دواییەی ئیتالیا، لانیکەم ئەتوانین بەو فیلمانە بزانین

قۆناغێک لە شۆڕشگێڕبوون دوورن. ئەم فیلمانە بە شێوەی دیار و نادیار، تەوساوی، ساتیری یان بەستەیی، ئەو ڕاستەقینەیە ڕەت ئەکەنەوە کە سوودی لێ وەرئەگرن. هەڵبەت گرنگ نییە هەڵوێستیان چەندە ڕوونە، بەڵام خۆیان باشتر ئەزانن بە چ شێوەیەک ئەم ڕاستەقینەیە وەکوو ناوەند یان ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت بەکار بهێنن. محکوومکردنی ڕاستەقینە مەرج نییە بە واتای بێبڕوایی بە ڕاستەقینە بێت. دەرهێنەرانی نیۆڕیالیست بەر لەوەی جیهان مەحکووم بکەن، لەبیری ناکەن کە جیهان هەیە. ئەم گوتەیە گەوجانە و ڕەنگیشە بە هەمان ئەندازەی ستایشی **بۆمارشە**[٦٩٣] لەو فرمێسکانەی بە هۆی مێلۆدراماوە دائەبارێن، ساویلکانەیە. بەڵام ئایە پاش سەیرکردنی فیلمێکی ئیتالیایی مرۆڤ هەستێکی باشتر پەیدا ناکات؟ ئایە نیازێکی پێویست بە گۆڕانی ڕەوتی کاروبار لە هەناویدا ناجۆشێ؟ ئایە نایەوێ ئەم گۆڕانە بە هاندانی جەماوەر ئەنجام بدات؟ لانیکەم، ئەوانەی کە ئامادەیی ئەم هاندانەیان هەیە، ئەوانەی کە تەنها نەزانی یان دەمارگیری یان بێبەختی، ئەوانی بەرەو ئازاردانی هاوچەشنانیان ڕاکێشاوە؟

لەبەر ئەمەیە کاتێ کورتەی فیلمنامەی ئیتالیایی ئەخوێنینەوە، گاڵتەئامێز خۆیا ئەکەن. ئەگەر تەنها گەڵاڵەی ئەوانە لە بەرچاو بگرین، بە زۆری مێلۆدرامای ڕەوشتین. بەڵام لەسەر پەردە هەموو

---

**٦٩٣ـ** بۆمارشە: Beaumarchais (**١٧٩٩ـ١٧٣٢**) نووسەری ڕۆمانی ڕیشتاشی سێڤیل و فیگارۆ؛ بۆمارشە ڕۆمانی دووەمی بۆ ڕەخنەی تەوساوی و ساتیری لە کۆمەڵگەی فەڕانسە لە دوا ڕۆژەکانی ڕژیمی کۆنەدا ئاشکرا کرد. لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم، ژان ڕێنوار لە فیلمی ڕێسای گەمە، وشیارانە کەسایەتی بۆمارشە بەدی ئەهێنێتەوە. **نێینێ**: هیو گرەی

پێرسۆناکان زۆر ڕاستەقینە خۆیا ئەکەن و هیچکامیان دانابەزن بۆ ئاستی شت یان دیاردەیەک و، ناتوانین بەبێ گرنگیدان بە لایەنی مرۆڤبوونیان نەفرەتیان لێ بکەین.

ئەتوانم بڵێم بە بڕوای من، بایەخی سەرەکی فیلمەکانی ئەم دواییەی ئیتالیایی هەمان مرۆڤگەرایی بناغەیی ئەوانەیە.(٦٩٤) ئەم

---

**٦٩٤ـ** لە خۆمی ناشارمەوە لە بەخشندەیی ئەم فیلمانەدا ڕۆڵێکی ڕامیاری ناسک هەیە، کە وشیارانە حەشار دراوە. ڕەنگە بەیانی قەشەی فیلمی **شاری بێ شوورە** و کۆمۆنیستی ئەندامی پێشووی بزووتنەوەی بەرگری نەتوانن بە ئاسانی پێکەوە بگونجێن. ڕەنگە سینەمای ئیتالیا زۆر زوو دارەتی ڕامیاری دەمارگر پەیدا بکات. ڕەنگە لە نێوان ئەم نموونانەدا چەند درۆی لەپاڵەوەش هەبێ. فیلمی **پایزا**، کە زیرەکانە لایەنگری ئەمریکایە، دێمۆکرات مەسیحی و کۆمۆنیستەکان سازیان کردووە. بەڵام لێرەدا پای ساویلکەیی و فریوخواردن لە ئارادا نییە، بەڵکوو تەنها پرسگری هەستیارییە. بەو شێوەی بتوانرێ ئەوەی بە ڕاستی، لە بەرهەمێکدا هەیە، پەژێرە بکەین. ئەمرۆ سینەمای ئیتالیا زیاتر کۆمەڵناسانەیە تا ڕامیاری. مەبەستم ئەوەیە وا خۆیا ناکات ڕۆژەڤی بەرهەستی کۆمەڵایەتی وەکوو هەژاری، بازاڕی ڕەش، گەندەڵی کارگێڕی، لەشفرۆشی و بێکاری لە خودئاگای گشتیدا جێگەیان دابێ بە بەهای بانڕامیاری. فیلمی ئیتالیایی بە دەگمەن پارتی ڕامیاری دەرهێنەر ئاشکرا ئەکات یان پیشانی ئەدات ئەیەوێ ماستاو بۆ کام لایەن بکات. بێگومان ئەم دۆخە بەرەنجامی تایبەتمەندی نەتەوەییە، بەڵام بەرەنجامی باری ڕامیاری ئیتالیا و شێوازی باوی پارتی کۆمۆنیست لەو نیمچە دورگەیش دایە.

جگە لە پەیوەندی ڕامیاری، ئەم مرۆڤگەراییە شۆڕشگێڕانەیە، ڕیشەی لە چەشنێک سەرنجی تایبەت بە تاکیشدا هەیە: جەماوەر بە دەگمەن بە کۆمەڵی هێزی چالاکی گۆڕەپان ئەژمێردرێن. کاتێک سەرنج ئەچێ بۆلای جەماوەر، بە زۆری بۆ سەلماندنی لایەنی خراپکارانە و نەرێنی ئەوانە بەرامبەر بە پاڵەوانە: هەمان چەمکی پیاوێکی تەنها لە نێوان کۆمەڵدا. لەم ڕوانگەیەوە، دوو فیلمی گرنگی ئەم دواییەی ئیتالیا واتە

فیلمانە بەر لەوەی کات لە مەیدان بمانکاتە دەرەوە، دەرفەتێک بۆ ڕزگاری پێشکەش ئەکەن، واتە چەشنێک کەشی شۆڕشگێڕانە کە ترس و هەراس تێیدا جێگەی نییە.

## تێکەڵەی ئەکتەران

ئەوەی بە شێوەی سروشتی لە پلەی یەکەمدا جەماوەری بینەرانی ئەهەژاند، ڕۆڵبینینی هونەرمەندانەی ئەکتەرانی ئەم فیلمانە بوو. فیلمی **ڕۆما، شاری بێ شووره** سینەمای جیهانی بە ناساندنی ئەکتەرێکی پلە یەک دەوڵەمەندتر کرد: **ئانا مانیانی**(٦٩٥) کە ڕۆڵی ژنەی دووگیانی لەبیرنەکراوی وازی ئەکرد. فابریزی قەشە، پالیەرۆ ئەندامی بزووتنەوەی بەرگری(٦٩٦) و، ئەوانی تر کە ڕۆڵبینینیان شان ئەدا لە شانی کاریگەرترین پێرسۆناکانی فێلمەکانی پێشوودا. گوزارشت و نووچەی بڵاوکراوەکان دیارە ئاماژە بەم لایەنانە ئەکەن: فیلمی **شەماڕەنگ** پڕە لەو منالانەی بە ڕاستی، لە شەقامەکاندا سەرگەردانن؛ ڕۆسیلینی لە دیمەنی ڕاستەقینەدا فیلمی لە جەماوەر گرتووە. ئەکتەری ژنی یەکەمی فیلمی

---

ڕاوەدووی ناسۆر Caccia tragica و خۆر دیسان هەڵدێ، ناوێزەی گرنگن کە ڕەنگە گرەوشت و شێوازێکی نوێ پێشکەش ئەکەن.

دو سانتیس De Santis ـی دەرهێنەر بە هاوکاری دۆستانەی جێگرەکەی ڤێرگانۆ Vergano لە فیلمی خۆر دیسان هەڵدێ تەنها کەسێکە یەک پۆل، یەک کۆمەڵی، وەکوو پاڵەوانی دراماکە لە بەرچاو گرتووە. تێبینی: بازن

٦٩٥ـ ئانا مانیانی: Anna Magnani ئەکتەری ئیتالیایی، لە بنەمادا گۆرانیبێژی بەناوبانگی تراستڤاری ڕۆما Trastevere بوو، هاوتای مۆنتمارتری پاریس یان کاکنی لەندن. تێبینی: هیو گرەی

٦٩٦ـ فابریزی و پالیەرۆ: Fabrizzi and Pagliero







**پایزا** کیژێکی نەخوێندەوارە کە ڕۆسیلینی لە بەندەرگا دیبووی. بەڵام ئەوەشیان ئەزانی ئانا مانیانی پیشەییە، بەڵام هیی جیهانی کۆنسێرتی کافەییە. **ماریا میچی** Maria Michi ش کێژێک بوو لە هۆڵی سینەما کاری ئەکرد.

هەرچەند ئەم چەشنە بەکارهێنانی ئەکتەر لە فیلمەکاندا باو نییە، بەڵام دیاردەیەکی تازەیش نییە. بەڵکوو بە پێچەوانە، بەکارهێنانی بەردەوامی فێرگە ڕیالیستەکان لەو کەسانە، لە سەردەمی **لۆمیێروە** تاکوو ئێستا، پیشانی ئەدا ئەم شێوەیە یەکێک لە ڕێسا ڕاستەقینەکانی سینەمایە، ڕێسایەک کە فێرگەی سینەمای ئیتالیا پشتڕاستی ئەکاتەوە و ڕێگە ئەدات بە دڵنیایی دارماڵەوە پۆلێنی بکەین. ساڵانی بەر لەمەش سینەمای ڕووسیەمان ستایش ئەکرد کە ئەکتەری ناپیشەیی زیاتر بەکار ئەهێنێ، ئەو کەسانەی لەسەر پەردەی سینەما ڕۆڵی خودی خۆیان ئەبینی. لە ڕاستیدا، ئەم فیلمە ڕووسیانە دارەتێکی ئەفسانەیی داپۆشیبوون. شانۆ کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر هەندێ فێرگەی ڕووسیە هەبوو و هەرچەند یەکەم فیلمەکانی **ئایزنشتەین** ئەکتەری پیشەییان نەبوو، بەڵام فیلمی ڕیالیستی وەکوو **ڕێگەی ژیان**(٦٩٧) لە ڕاستیدا بە بەشداری ئەکتەرانی پیشەیی شانۆ دروست کران و، لەو کاتەوە ئەکتەرانی سینەمای سۆڤیەت، وەک وڵاتانی تر، پیشەیی بوون.

لە ١٩٢٥ـەوە تا سینەمای ئێستەی ئیتالیا، هیچ فێرگەیەکی سینەمایی

---

**٦٩٧ـ** ڕێگەی ژیان: The Road to Life فیلمی **١٩٥٥**ی ڕووسی دەرهێنانی ئالێکسەی ماسلیۆکۆڤ، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی ئانتۆن سیمۆنۆڤیچ ماکارێنکۆ.




مەزن ناتوانێ شانازی بە خۆیەوە بکات کە ئەکتەری پیشەیی بەکار نەهێناوە. بەڵام جاربەجار فیلم هەیە لە چوارچێوەی باو چووەتە دەرەوە و، بەم تازیارەوە ئەنازێ. ئەم چەشنە فیلمانە تەنها هەندێ بەڵگەنامەی کۆمەڵایەتییان تۆمار کردووە. ئەم دوو نموونەیە لە بەرچاو بگرن: **هیوا** و **دوا دەرفەت**[٦٩٨]. ئەم دوو فیلمەیش خەرمانەیەکی ئەفسانەیی داپۆشیون. پاڵەوانانی فیلمی **ئاندرێ مالرۆ** هەموویان ئەکتەری نیوەکات نین کە بۆ ڕۆڵبینین بانگ کرابێتن. هەڵبەت چەند کەسیشیان وەهان، بەڵام نەک ئەکتەرە سەرەکییەکان. بۆ نموونە، جووتیاری فیلم ئەکتەرێکی بەناوبانگی مادریدی بوو. لە فیلمی **دوا دەرفەت** سەربازانی هێزی یەکگرتوو بە ڕاستی چەتربازی هێزی هەوایی بوون کە لە خاکی سویسرا دابەزین، بەڵام ژنەی جوولەکە هونەرپیشەی شانۆ بوو. تەنها هەندێ فیلمی وەکوو **تەبۆ** ئەکتەری پیشەیی بەکار ناهێنن. لەم نموونانەشدا وەکوو فیلمی منالان ڕووبەڕووی ژانری تایبەت ئەبینەوە، کە تێیدا ئەکتەری پیشەیی وێنا ناکرێ. لەم دواییەدا، **ڕۆکییە** لە فیلمی **فاربیک** بڕیاری دا ئەو کارە بگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی. هەرچەند سەرکەوتووش بوو، بەڵام ئەبێ بڵێین ئەم فیلمە نموونەیەکی تاقانەیە، ئەگینا کێشەکانی فیلمی جووتیاری، لە ڕوانگەی ئەکتەرییەوە، لەگەڵ کاروباری فیلمی کەشی نامۆ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. فاربیک بە هیچ شێوە مەلەزەیەک نییە لاسایی بکرێتەوە، بەڵکوو نموونەیەکی تایبەتە و بە هیچ جۆر ئەو ڕێسایە ڕەت ناکاتەوە کە من ناوم ناوە «تێکەڵەی ئەکتەران». لە ڕوانگەی مێژووییەوە،

---

٦٩٨ـ دوا دەرفەت: La Derniere Chance فیلمی جەنگی ١٩٤٥ی ئۆتریش سویس، دەرهێنانی لیۆپۆڵد لیندبەرگ Leopold Lindtberg.






بنەمای ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی یان شێوازی فیلمی ئیتالیایی، نەبوونی ئەکتەری پیشەیی نییە، بەڵکوو زیاتر ڕەتکردنەوەی چەمکی ئەستێرەسازییە و، هەروەها تێکەڵکردنی بەڕێکەوتی ئەکتەری پیشەیی و هونەرپیشەی ناوبەناوە. گرنگ ئەوەیە ئەکتەری پیشەیی نابێ ئەو ڕۆڵە وازی بکات کە پێی ناودارە، چونکە بینەران پێشداوەرییان لا دروست ئەبێ. گرنگ ئەوەیە جووتیاری فیلمی **هیوا** ئەکتەری شانۆ و، ئانا مانیانی گۆرانیبێژی گۆرانی ناوازە و، فابریزی لێبووکی هۆڵەکانی موزیک بوون. ئەکتەربوونی کەسێک بە واتای ئەوە نییە نابێ بەکاری بهێنین، بەڵکوو بە پێچەوانە. بەڵام ئەم پیشەییبوونەی تەنها لەو شوێنەدا بەکار بهێنرێ کە لە بەرامبەر پێداویستی میزانسن ئاسانتر کار بکات و پێرسۆناکە باشتر بناسێنێ. ئەکتەرانی ناپیشەیی بە زۆری لەبەر ئەوە هەڵئەبژێردرێن کە یان لە ڕووی جەستەییەوە بۆ نەخشەکە لەبارن، یان هەندێ لێکچوون لە نێوان ئەو و ڕۆڵەکەدا هەیە. بەڵام کاتێک ئەم ئاوێتەیە بەدی هات ـ هەرچەند ئەزموون دەری ئەخات ئەم ئاوێتەیە بەدی نایەت مەگەر ئەوەی هەندێ پێداویستی «ڕەوشتی» لە فیلمنامەکەدا ڕەچاو کرابێ ـ بەرەنجام هەمان هەستی ڕاستەقینەی سەمەرەیە کە لە تەماشای فیلمە هاوچەرخە ئیتالیاییەکان لامان دروست ئەبێ. ئەمەگداری ئەم ئەکتەرانە بەو فیلمنامەی کاریگەری زۆری لەسەریان هەبووە و پێویستی بە لانی کەمی ڕۆڵی دەستکردی شانۆیی هەیە، چەشنێک گۆڕینەوەی کولتووری لە نێوانیاندا بەدی ئەهێنێ. ئەزموونی پیشەییەکان، کەم ئەزموونی تازەکاران قەرەبوو ئەکاتەوە و، لە هەمان کاتدا، پیشەییەکانیش لە کەشی گشتی ڕەسەنایەتی بوویەرەکان بەشدار ئەبن.

بەڵام ئەگەر ئەم شێوازە زۆر بەسوودە تەنها جارجارێک بۆ هونەری سینەمای بەکار ئەهێنرێ، لەبەر ئەوەیە بە داخەوە ئەم ڕەوشە تۆوی نابوودی خۆی لە دەروونی دایە. هاوکێشی کیمیایی ئاوێتەی ئەکتەران بە ناچاری ناسەقامگیرە و، ناچار ئەگاتە قۆناغێک کە هەمان ڕاڕایی جواننناسانە کە شیکاری کردبوو، دووبارە بەدی ئەهێنێتەوە ــ هەمان ڕاڕایی و بڕیارنەدان لە نێوان بوون بە کۆیلەی ئەستێرەی فیلم یان دروستکردنی بەڵگەییەک بەبێ ئەکتەری پیشەیی. ئەم نابوودییە ئەتوانین لە فیلمی مناڵان یان ئەو فیلمانەدا کە ئەکتەرەکانی مەردمی بوومین بە ئاشکراترین و خێراترین تەشکی خۆی ببینین. ئەڵێن ڕاری، کیژۆڵەی فیلمی **تەبوو** سەرەنجام لە پۆڵەندا بوو بە لەشفرۆش و، هەموومان ئەزانین سەرەنجامی ئەو مناڵانەی بە یەکەم فیلمیان ئەبن بە ئەستێرە چۆن ئەبێ. لە باشترین دارەتدا، ئەبن بە ئەکتەرێکی گچکەی بلیمەت، بەڵام ئەمەش خۆی چیرۆکێکی هەیە. بەو پێیەی دوو سۆنگەی بێ ئەزموونی و ساویلکەیی لێک جیا ناکرێنەوە، ئەوە دیارە لە پاتەبوونەوەدا تیا ئەچن. کەس ناتوانێ بنەماڵەی فاربیک وێنا بکات، پاش دەرکەوتن لە نیودەرزەن فیلم، سەرەنجام لەگەڵ هالیوود گرێبەست واژۆ بکەن. لەمەڕ ئەکتەرانی پیشەیی کە نەبوون بە ئەستێرە، ئەم ڕەوتی تیاچوونە تۆزێک جیاوازە. جەماوەر ئەبێ سەرکۆنە بکرێن. کاتێک ئەستێرەیەک لەبەر خۆی خۆشیان ئەوێ، بەڵام سەرکەوتنی فیلم لەوە دایە کە ئەکتەری ئاسایی بتوانێ بەو ڕۆڵەی ئەیبینێ، ببێ بە یەک. بەرهەمهێنەران کە تەنها دڵیان بە پاتەبوونەوەی سەرکەوتنی خۆیان خۆشە، تامەزرۆیی جەماوەر تێر ئەکەن، حەزیان لێیە ئەکتەری دڵخوازیان لەو ڕۆڵانەدا ببینن بە هۆیە ناسراون. تەنانەت ئەگەر ئەکتەرێک ئەوەندە هۆشمەند بێ، نەیەوێ

خۆی ببەستێتەوە بە یەک ڕۆڵەوە، دیسانەوە ڕوخسار و هەندێ جووڵە و ڕەفتاری بۆ بینەر ئاشنایە و هەر ئەمە ڕێگە لەوە ئەگرێ تێکەڵەی ئەکتەری پیشەیی و ناپیشەیی سەرکەوتوانە بەدی بهێنرێت.

## جوانیپەرستی، ڕیالیزم و ڕۆژەڤ

کەرەستەی سەرەتایی جوانناسی فیلمی ئیتالیایی بریتییە لە: ئەمەگداری فیلمنامە بە ژیانی ڕۆژانە و ڕاستگۆیی ئەکتەر لە بەرامبەر ڕۆڵەکەیدا.

دوو شت نابێ لە بەرامبەر یەکدا دابنێین، یەکیان ناسکی جوانناسانە و ئەوی تر جۆرێکی تایبەت لە کاڵوکرچی. تەشکێکی تایبەت لە کاریگەری دەسبەجێی چەشنێک ڕیالیزم کە تەنها ڕۆژەڤی هەبوو پیشان ئەدات. بە بڕوای من، یەکێک لە تازیارەکانی فیلمی ئیتالیایی ئەمەیە سەلماندوویەتی هەر چەشنە ڕیالیزم لە هونەردا، لە پلەی یەکەمدا بە قووڵی جوانناسانەیە. مرۆڤ هەست ئەکات هەمیشە وا بووە. بەڵام هەنووکە فەرتەنەیەک بەرپایە و هەندێ لەو ئەکتەرانەی بڕوایان بە ئەهریمەنی هونەر بۆ هونەر هەیە بە جادووگەری تاوانبار ئەکەن و؛ لەم هاتوهوریادا ئەو هەستە فەرامۆش ئەکرێ. لە هونەردا هەم کاروباری ڕاستەقینە و هەم لایەنی ئەندێشەیی پەیوەندی بە هونەرمەندەوە هەیە. گرتنی ڕاستەقینەی زیندوو لە ناو تۆڕی وێژە یان سینەما، ئاسانتر لە فڕاندنی ئەندێشە بە ئاراستەی شوێنی جیاجیادا نییە. بە گوتەیەکی تر، تەنانەت ئەو کاتەی داهێنان و ئاڵۆزی تەشکەکان، لەمەڕ ناوەرۆکی ڕاستەقینەی بەرهەمدا بەکار ناهێنرێ، ئەم هۆکارانە هێشتاش کاریگەریان لەسەر توانای کاریگەری وێنە و سینەما هەیە. سینەمای سۆڤیەت لەبەر ئەوەی ئەم خاڵەی پشتگوێ

خست، لە ماوەی بیست ساڵدا لە پلەی یەکەمەوە، لە ناو نەتەوە گرنگەکانی بەرهەمهێنەری فیلم دابەزی بۆ دواین پلە. ئەوەی کە فیلمی پۆتمکین سەرتاپا جیهانی سینەمای هەڵگێڕایەوە، بە هۆی پەیامی ڕامیاری یان بە هۆی گۆڕینەوەی شوێنی ڕاستەقینە بە شوێنی دێکۆری ستۆدیۆ و جەماوەری بێناو لەبری ئەستێرەی ناودار نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە **ئایزنشتەین** گەورەترین بیرمەندی سەردەمی خۆی بوو. لەگەڵ **ئێدوارد تیسە** کاری ئەکرد کە باشترین فیلمگری ئەو سەردەمە بوو و، ڕووسیەش ناوەندی ئەندێشەی سینەمایی بوو ــ کورتییەکەی فیلمی «ڕیالیستی» ڕووسیە زیاتر لەو هەموو دێکۆر و نواندن و تیشکاوێژی و ڕازاندنەوەی هونەری هونەرمەندانەترین بەرهەمی فێرگەی ئێکسپرشنیزمی ئاڵمان و، خاوەنی ناسککاری و ڕازەکانی جوانناسی بوون.

هەر ئەم خاڵە لەمەڕ سینەمای ئەمڕۆی ئیتالیا لە ئارا دایە. هیچ لایەنێکی نیۆڕیالیزم لە ڕوانگەی جوانناسییەوە پاشکەوتووانە نییە. بەڵکوو بە پێچەوانە، باشتربوونی شێوازی گوتن، گەشەی سەرکەووانەی زمانی سینەما و پەرەسەندنی تایبەتمەندی شێوازیی ڕوون و دیارە.

سەرەتا ئەم سینەما و پلەی ئەمڕۆی بە جوانی هەڵ ئەسەنگێنین. لەو دەمەوە داهێنانی ئێکسپرشنیستی[٦٩٩] بەرەو کزی چووە، بە تایبەت

٦٩٩ـ expressionist heresy داهێنان، بەو هۆیە کە بەو شێوەی شیاوی سینەمایە ڕۆژەڤ نانوێنێتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئایزنشتەین و بازن هەردووکیان ئێکسپرشنیزم مەحکووم ئەکەن (☜ تەشکی فیلم، ل **٢٠٣**)، بەڵام بۆچوونیان لەمەڕ ڕیالیزمی سینەمایی بە هیچ شێوەیەک وەک یەک نییە (ئایزنشتەین وتوویەتی: «من ڕیالیست نیم، من ماتریالیستم.») تێبینی: هیو گرەی.

پاش هاتنی دەنگ، ئەتوانین بڵێین گرەوشتی گشتی سینەما بەرەو ڕیالیزم بووە. با ددان بەوەدا بنێین سینەما بەگشتی ویستوویەتی هۆڵۆسەیەکی ڕاستەقینە پێشکەش بکات تا ئەوپەڕی دارماڵ بێ. هەڵبەت لە کەوشەنی پێداویستی لۆجیکی چیرۆکی سینەمایی و لە چوارچێوەی ئەو کەموکووڕییە تەکنیکیەدا کە هەبووە. بەمجۆرە، سینەما دژبەری هۆنراوە و شێوەکاری و شانۆ ڕائەوەستێ و لە ڕۆمان نزیکتر ئەبێتەوە. لێرەدا نامەوێ پاساو بۆ ئەو گرەوشتە بنەماییەی جوانناسانە بهێنمەوە لە سینەمای ئەمڕۆدا، بەڵکوو تەنها ئەمەوێ هەر ئەم یەک جارە ئاماژەی پێ بدەم، بەبێ ئەوەی دەربارەی ڕەسیدی خودی ئەم گەشەکردنە یان ئاستی ئەوپەڕی پێشداوەری بکەم.

بەڵام ڕیالیزم لە هونەردا تەنها لە یەک ڕێگەوە ئەگونجێ ــ لە ڕێگەی شارەزایی لە هەڵبژاردن.

هەر چەشنە جوانناسی ناچار ئەبێ لە نێوان چەند شتدا هەڵبژاردن بکات. لە نێوان ئەوەی بایەخی پارێزرانی هەیە و، ئەوەی تەنانەت بۆ ئەوە نابێ سەرنجیشی بدەی. بەڵام کاتێک ئامانجی بنەڕەتی ئەم جوانناسییە بەدیهێنانی هەڵۆسەی ڕاستەقینە بێت،واتە هەمان ئارمانج کە سینەما هەیەتی، ئەم هەڵبژاردنە ئەبێتە هۆی چەشنێک ناکۆکی بناغەیی، کە هاوکات هەم جێگەی پەسەند نییە و هەم پێویستیشە: پێویستە چونکە هونەر کاتێک بەدی دێت، ئەو هەڵبژاردنە کرابێ. ئێمە بەبێ ئەو هەڵبژاردنە و، بەو گریمانەی هەنووکە سینەمای دارماڵ لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەگەری لوانی پەیدا کردووە، بەتەواوەتی ئەگەڕاینەوە بۆ ڕاستەقینە. جێگەی پەسەندیش نییە، چونکە ڕێک بە نرخی هەمان ڕاستەقینە تەواو ئەبێ کە سینەما ئەیەوێ بە شێوەی دارماڵ بیپارێزێ. بەم هۆیەوە، ئالینگاری لە بەرامبەر هەر

دەسکەوتێکی تەکنیکی تازە کە ئامانجی ڕیالیزمی سینەماییە، وەکوو دەنگ و ڕەنگ و وێنەی سێ ڕەهەندی، کارێکی بێهوودەیە. بەڵام «هونەر»ی سینەما لە ڕاستیدا، لەم ناکۆکییە خۆی ڕزگار ئەکات.[٧٠٠] سینەما لە هەموو توانای خودی بۆ ئەبسترە و سەمبۆلیزم، تا ئەو ڕادەیەی بەرتەسکی ئێستەی پەردەی سینەما ڕێگە ئەدات، سوود وەرئەگرێت؛ بەڵام ئەو سوودوەرگرتنە لە پاشماوەی ئەو ڕێسایانەی تەکنیکی نوێ ئەوانەی خستووەتە لاوە، هەم ئەتوانێ بە قازانج و هەم بە زیانی ڕیالیزم کار بکات. ئەم کارە ئەتوانێ کاریگەری ئەو دەستە لە توخمەکانی ڕۆژەڤ کە کامێرا ئەیپارێزێ، بچووک یان قەبە بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر شێوازە جۆراوجۆرکانی سینەمایی بە گوێرەی گرنگیان پۆلێن نەکەین، ئەتوانین بە پێی ڕادەی زێدەکراوی ڕاستی دەستەبەندی بکەین. کەواتە، ئەو دەستە لە شێواز بە «ڕیالیستی» دائەنێین کە ڕادەیەکی زێدە ئەهێننە سەر پەردەی سینەما. ڕاستەقینە لە ڕوانگەی چەندییەوە هەڵ ناسەنگێنرێ. یەک ڕووداو بە یەک شت بە شێوەی جۆراوجۆر نمایش ئەدرێ. هەر شێوازێکی نمایش، هەندێ لەو تایبەتمەندییانەی لە ناسینی ئەو شتە لەسەر پەردەدا یارمەتیدەرن ئەپارێزێ و هەندێکیش ئەخاتە لاوە. هەر شێوازێک، بە هۆکاری فێرکاری یان جوانناسی، هەندێ ئەبسترە پێشکەش ئەکەن کە کەموزۆر بە شێوەی زیانگەیەنەر کار ئەکەن و ناهێڵن بە شێوەی دارماڵ درێژە

٧٠٠ـ بازن لێرەدا بە شێوەی پەنام شتێک ئەڵێ، کە لە شوێنی تردا بە ئاشکرا وتوویەتی. بە تایبەت لە وتاری «ئەفسانەی سینەمای دارماڵ» (سینەما چییە؟ بەرگی یەکەم). سینەما بە هەر دەسکەوتێکی تەکنیکی نوێ بەرەو ڕیالیزمێکی زیاتر ئەچێ، کە بەدەستهێنانی دارماڵی ئەو بە واتای تیاچوونی تەواوەتی خۆیەتی. وەرگێڕ: هیو گرەی

بە ژیان بدات. لە ئەنجامدا، ئەم کارلێکە «کیمیایی»ـە ناچار و پێداویست، هەڵۆسەیەک ئەخاتە جێگەی ئەو ڕاستەقینە سەرەتاییە کە کۆمەڵێک ئەبسترە (لەواسەی ڕەشوسپی و دوو ڕەهەندی) و ڕێسا (بۆ وێنە ڕێسای مۆنتاژ) و ڕۆژەڤی بەڵگەدارن. ئەم هەڵۆسەیە پێویستە، بەڵام ئاگایی لەو ڕۆژەڤە بە خێرایی کەم ئەکاتەوە، ئەو ڕۆژەڤەی لە ئەندێشەی بینەر لەگەڵ نمایشی سینەماییەکەی ئەبێ بە یەک. بەڵام لەمەڕ فیلمساز، هەر ئەوەندەی ئەو لەم هاودەستییە نائاگاهانەی جەماوەری بینەران دڵنیا ببێ، زیاتر هان ئەدرێ ڕۆژەڤ پشتگوێ بخات. فیلمساز بە هۆی ڕاهاتن و لەشقورسی ئەگاتە ئاستێک خۆیشی ناتوانێ بڵێ ئەم شێواندن و درۆیە لە کوێوە دەست پێ ئەکات و لە کوێ کۆتایی دێت. هەڵبەت کێشە ئەوە نییە بە درۆزنی ناوببەین، چونکە بەشێکی هونەرەکەی درۆبێژییە. ئەو ئیتر باشاری هونەرەکەی بەدەستەوە نییە؛ فریوخواردووی هونەرە و ئیتر ناتوانێ ڕاستەقینە بخاتە بن دەسەڵاتی خۆیەوە.

## لە هاوشاری کەین تا فارییک

لەم ساڵانەی دواییدا، جوانناسی سینەما بە ڕادەیەکی بەرچاو بە ئاراستەی ڕیالیزمدا گەشەی کردووە. لە مێژووی سینەمادا، لە ١٩٤٠ بەدواوە، دوو فیلمی **هاوشاری کەین** و **پاییزا** گرنگترین ڕووداوی بەشدار لەم گەشەکردنەدا بوون. ئەم دوو فیلمە هەنگاوی بڕیاردەر بوون، بەڵام لە دوو ئاقاری جیاوازەوە، بەرەو ڕیالیزم ئەژمێردرێن. ئەگەر لێرەدا بەر لە تۆژینەوەی تایبەتمەندی شێوازی فیلمی دی سیکا، ئەچمە سەر فیلمەکەی ئۆرسن وێڵز، لەبەر ئەوەیە بەم کارە باشتر ڕەهەندەکانی ڕاستەقینەی **پاییزا** دەرئەکەوێ. ئۆرسن وێڵز لە هەڵۆسەی سینەمایی

ڕۆژەڤ، یەکێک لە لایەنە بنەڕەتییەکانی پاراستووە ــ واتە هەمان بەردەوامی کاتی و شوێنی. لە ئیدیتی کلاسیک، کە لە کارەکانی **گریفیسەوە** سەرچاوەی ئەگرت، ڕاستەقینە دابەش ئەبوو بە دیمەنی لە دوای یەک. ئەم نموودانە تەنها خاڵی ڕوانگەی لۆجیکی یان ئەندێشەی یەک ڕووداو بوون. بۆ نموونە، زیندانییەک لە هۆدەکەی دانیشتووە و چاوەڕوانی هاتنی جەللادە. چاوی بێهەدای[٧٠١] بڕاوەتە دەرگاکە. لەو ساتەدا جەللاد ئەیەوێ بچێتە ناو هۆدەکە، دڵنیاین لەوەی دەرهێنەر نمایەکی درشت لە دەستگیرەی دەرگاکە پیشان ئەدات، کە بە ئارامی ئەسووڕێتەوە. ئەم نما درشتە، پاساوی دەروونناسانەی هەیە. چونکە نیشاندەری سەرنجی چڕکراوی زیندانی لەسەر ئەم هێمای پەرێشانییە بێسنوورەیە. ئەم چەشنە ڕێکخستنی هێماکان، ئەم لێکدانەوە قەراردریاگە بەردەوامەی ڕاستەقینە، لە ڕاستیدا، زمانی سینەمایی ئەو خولە بەدی ئەهێنێ.

بەمجۆرە، ئەم پێکهاتەیە، توخمێکی بە ئاشکرا ئەبسترە ئەخاتە هەناوی ڕاستەقینەوە. بەڵام چونکە ئێمە لەگەڵ ئەم ئەبسترەکتانە ڕاهاتووین، ئیتر هەستیان پێناکەین. **ئۆرسن وێڵز** شۆڕشێکی بەرپا کرد، چونکە بە شیوەیەکی سیستەماتیک ڕووناکی قووڵی بەکار هێنا، کە تا ئەو کاتە نەبینرابوو. لە سینەمای کلاسیک، هاوێنەی کامێرا بەشە جۆراوجۆرەکانی دیمەنەکەی ناوبەناو ئەخستە ناو بازنەی ڕوونەوە. بەڵام کامێرای ئۆرسن وێڵز هەموو بەرەگەی ڕوانین لە یەک کاتدا، لە گۆڕەپانێکی دراماتیکدا، بە ڕووناکی یەکسانەوە پیشان ئەدات. ئیتر بینەر ئەزانێ ئەوەی ئەیبینێ بەرەنجامی مۆنتاژ نییە، کە بەم شێوەیە

---

٧٠١ـ بێهەدا: unrest ئاوەڵناو بێئارام، ئوقرەنەگر، بێحەژمەت، نەسرەوت ع مضطرب N uro د بی قرار.

گرنگییەکی زیادە بە مۆنتاژ بدات. بەڵکوو ئەوە ئەندێشەی بینەرە ناچارە شەبەنگی دراماتیکی شیاوی هەر دیمەنێک تێبگات، وەک بلێی ڕۆژەڤ، ئاوێزەیەکی هاوتەریبە و پەردەی سینەم وێنەی بنەکەیەتی. واتە ڕیالیزمی **هاوشاری کەین** بە وامداری بەکارهێنانی دەسکەتێکی تازەیە. ئۆرسن وێڵز لە سایەی بەکارهێنانی ڕووناکی قووڵی هاوێنە، بەردەوامی بەرچاوی بەرژەوەندی پاراستووە.

بە ڕوونی ئەوە ئەبینین سینەما بە یارمەتی کام توخمی ڕۆژەڤ، خۆی دەوڵەمەند کردووە. بەڵام ئەم پرسگرەش ئاشکرایە کە سینەما لە ڕوانگەی ترەوە لە ڕاستەقینە دوور کەوتوەتەوە، یان لانیکەم، زیاتر لە جوانناسی کلاسیک لێی نزیک نابێتەوە. **ئۆرسن وێڵز** بە هۆی ئالۆزی تەکنیکی هەموو لایەنە سروشتییەکان، وەکوو دیمەنی ڕەسەن و سروشتی[٧٠٢]، نمای دەرەکی، ڕووناکی هەتاو و ئەکتەری

٧٠٢- کاتێک دیمەنی شاری لە ئارا دایە، پرسگرەکان ئالۆزتر ئەبن. لەم بوارەدا ئیتالیاییەکان تازیارێکی مسۆگەریان هەیە. شارەکانی ئیتالیا، چ کۆن و چ تازە، زۆر خۆشوێنەن. لە کۆنەوە هەتا ئێستا، گەلاڵەی شارەکانی ئیتالیا دارەتی شانۆیی و ڕازاوەی هەبوو. ژیانی شاری چەشنێک نمایش، چەشنێک کۆمێدی گاڵتەجاڕە کە ئیتالیاییەکان بۆ چێژی خۆیان یاری پێئەکەن. تەنانەت لە هەژارترین گەڕەکەکانی شاریش سازەی گشتگیر و مەرجانی خانووەکان، کە هەموویان بەرهەیوان و بانیجەیان هەیە، کەرەستەیەکی بێوێنە بۆ شانۆ بەدی ئەهێنێ. حەوشەی خانوو، جۆرێک شانۆی ئێلیزابتییە کە تێیدا نمایش لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەبینرێ و بینەرانی ناو تەلارەکان ئەکتەرانی شانۆگەرییەکی کۆمێدین. شانۆنامە و هەروەها فیلمی بەڵگەیی هۆنەرانە نمایش ئەدەن کە تەنها هەندێ دیمەنی حەوشەکانی خانووەکانن. چی تر بلێین کاتێک کە بەرجەوەنی شانۆیی کۆشکی پالاتزی، نموودی ئۆپێرایی بە مێهرازی شانۆئاسای خانووەکانی هەژاران تێکەڵ ئەبن؟ هەتاوی درەوشاوە و نەبوونی هەور (کە دوژمنی سەرەکی فیلمگرتن لە دیمەنی دەرەوەیە) لەمانە زیاد بکەین، ئەوسا ئەزانین بۆچی نموودی دەرەکی

ناپیشەیی ئەخاتە لاوە و، بەمجۆرە ئەو تایبەتمەندییانە کە بەڵگەی سەلمنێراو، نەگۆڕ و بەشێک لە ڕۆژەڤن و ئەتوانن چەشنێک ڕیالیزم بچەسپێنن، بێسوود ئەکات. ئەگەر **هاوشاری کەین** و **فاربیک** پێکەوە بەراورد بکەین، ئەبینین لە دووەمیدا هەموو ئەو شتانەی لە بنەڕەتدا سروشتی نین بە ویستێکی مسۆگەر لابراوە و، هەر ئەمەش هۆکاری شکستی ڕۆکییە لە بواری گەشەی تەکنیکی دایە.

کەواتە، ڕیالیستترین هونەرەکان چارەنووسێکی وەکوو ئەوانی تریان هەیە. ئەم هونەرە ناتوانێ بە تەواوەتی ڕۆژەڤ بکات بە هیی خۆی، چونکە ڕۆژەڤ بە ناچاری لە شوێنێکدا لە تۆڕەکەی دەرئەچێ. بێگومان، بە بەکارهێنانی پسپۆڕانەی تەکنیکی پێشکەوتوو ئەتوانین کونەکانی ئەم تۆڕە بچووک بکەینەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەبێ لە نێوان ئەم ڕۆژەڤانەدا هەڵبژاردن بکەین. هەستیاری ئەم هەڵبژاردنە وەک هەستیاری گلێنەی چاوە. دوو جۆر کلکەی دەمار کە ڕەنگ و تیژی ڕووناکی سەقامگیر ئەکەن، ڕێک وەکوو یەک نین، بە زۆری چڕی یەکیان لەگەڵ ئەوی تر ڕێژەی پێچەوانەی هەیە. ئەو ئاژەڵانەی لە تاریکتدا ئەتوانن نێچیرەکەیان بناسنەوە، بە زۆری ڕەنگکوێرن.

لە نێوان دوو چەشن ڕیالیزمی ناکۆک، بەڵام بە یەک ئەنداز ناوازەی **فاربیک** لە لایەکەوە و، **هاوشاری کەین** لە لایەکی ترەوە پێشکەشی ئەکەن، ئەبێ تێکەڵەی جۆراوجۆر لە بەرچاو بگرین. بەڵام لەم نێوانەدا برێک لە ڕاستەقینە ون ئەبێ کە لە هەر هەڵبژاردنی ڕیالیستی ناتوانین خۆی لێ بدزینەوە. بەڵام هەر ئەمە بە زۆری ڕێگە بە هونەرمەند ئەدات ئەو کەشەی بەم هۆیەوە کزبوو و جێگەکەی بەتاڵە، بە چەشنێک ڕێسای جوانناسانە پڕ بکاتەوە و بەمجۆرە، کاردای ئەو

---

شاری فیلمە ئیتالییەکان لە هەموو فیلمەکانی تر جوانتر و گەشترن. تێبینی: بازن

تەشکە هەڵبژێردراوە پتر بکات. لە ڕاستیدا، نموونەی سەرنجڕاکێش لەم خاڵە لە سینەمای هەنووکەی ئیتالیادا بەدی ئەکرێ. دەرهێنەرانی ئیتالیایی بە هۆی نەبوونی ئامرازی تەکنیکی ناچار بوون، دەنگ و گفتوگۆ پاش فیلمگرتن تۆمار بکەن. بەرەنجامی سادەی ئەم کارە نەمانی ڕیالیزم بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی کامێراکەیان لە کەڵەوەی میکرۆفۆن ئازاد بووە، کەوشەنی جووڵان و کردەوەی زیاتر بووە. لەئەنجامدا، هاوکۆلکەی ڕۆژەڤی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە پێداوە.

دەسکەوتە تەکنیکییەکانی داهاتوو کە ئەنجامی چۆنایەتی کاروباری ڕاستەقینە ئەلوێنێ (بۆ نموونە ڕەنگ و وێنەی سێ ڕەهەندی) تەنها مەودای نێوان دوو بستووی ڕیالیستی، کە ئەمڕۆ لە فەراگەردی **فاربیک** و **هاوشاری کەین** هەیە، فراوانتر ئەکات. لە ڕاستیدا، چۆنایەتی نموودە ناوخۆییەکان زیاتر لە پێشوو پێویستی بە ئامرازی ئالۆز و ناسک ئەبێت. بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە، هەمیشە ئەبێ بەشێکی بکەین بە سەرگەرد.

## پیـــایزا

چۆن ئەتوانین فیلمە ئیتالیاییەکان لە بەرەگەی ڕیالیستیدا دابنێین؟ تا ئێرە تێکۆشاین سنووری جوگرافیایی ئەو سینەمایە پەیگیری بکەین، ئەو سینەمایەی شوێنەکانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بە وردی پیشان ئەدەن و وردەکارییە گرنگ و بەڵگەییەکان وشیارانە و باریکبینانە هەڵئەبژێرن. ئێستەش جێگەی خۆیەتی بڕوانینە زەمینەکانی جوانناسانەی ئەو سینەمایە.

ئەگەر بەرهەمەکانی ئەم دواییەی سینەمای ئیتالیا دابەزێنین بۆ ئەو تایبەتمەندییە گشتی و نەناسراوانەی سەبارەت بە هەموو دەرهێنەرەکان دروستە، لە ڕاستیدا، خۆمان هەڵفریواندووە. لێرەدا

تەنها ئاماژە بەو تایبەتمەندییانە ئەدەین کە گشتیترن. بەڵام ئەو مافەش بۆ خۆمان ئەپارێزین هەرکات هەل ڕەخسا تەنها فیلمە گرنگەکان تاوتوێ بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمەش ناچارین هەڵبژێرین، فیلمە گرنگە ئیتالیاییەکان لە بازنەی یەک چەقدا دائەنێین کە ناوەندییان فیلمی **پایزایە**. چەندە بازنەکان لەم فیلمە دوور بکەونەوە، وازمان بۆ ئەوانە کەمتر ئەبێتەوە. چونکە ئەم فیلمەی **ڕۆسیلینی** ڕازی وەها دەرئەخات کە زۆر جوانناسانەیە.

## تەکنیکی گێڕانەوە

لە سینەمایش وەکوو ڕۆمان، جوانناسی شاراوەی هەناوی فیلم لە تەکنیکی گێڕانەوەدا خۆی دەرئەخات. فیلم هەمیشە وەکوو بەردەوامی بەشەکانی ڕاستەقینە پێشکەش ئەکرێ کە لەناو قاپی لاکێشەی بە ئەندازەی تایبەتدا تۆمار کراون. شوێنی بەرودوا و مەودای کات گرنگیان دیاری ئەکات.

سروشتی بابەتی ڕۆمانی مۆدێرن، بە مسۆگەری لایەنی ڕێزمانی شێوازەکەی گەیاندووەتە لانیکەم و بەمجۆرە، گەوهەری شاراوەی شێوازی ئاشکرا کردووە.[٧٠٣] هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی زمانی **فاکنر**[٧٠٤] یان **هێمینگوەی** یان **مالرۆ** لە وەرگێڕاندا بە دروستی ناگوێزرێتەوە. بەڵام تایبەتمەندی سەرەکی شێوازەکەیان زیانی پێ

٧٠٣ـ بۆ نموونە، سارتر بە ڕوونی سەلماندوویەتی لە ڕۆمانی بێگانەی ئاڵبێر کامۆ، لە نێوان متافیزیکی نووسەر و کاردای کاری ڕابوردووی گێڕانەوە پەیوەندییەک هەیە، چونکە ڕابوردووی گێڕانەوەیی کاتێکە کە کەمترین ڕادەی ڕوخسارنمایی هەیە. تێبینی: بازن

٧٠٤ـ فاکنر: William Faulkner نووسەر (١٨٩٧ـ١٩٦٢) ویلیەم، نووسەری ئەمریکایی، خەڵاتی وێژەی نۆبلی ١٩٤٩ی پێ بەخشراوە.

ناگات، چونکە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەیان ــ کە سەقامگیری هەندێ بەشی ڕاستەقینە لە هێڵی کات دایەــ تا ڕادەیەک یەکە. لەم ڕووەوە، شێوازەکەیان ئەبێ بە بنەمای کرکاشی دەروونی گێڕانەوە. کەم تا زۆر وەک پەیوەندی وزە و ئەستوو یان فیزیکی تایبەتی ئەو کاریگەرییە. ئەمە ئەو شتەیە کە ڕاستەقینەی دابەشکراو لە بەرەگەیەکی جوانناسانەی ئەو گێڕانەوەیەدا دابەش ئەکات. خاکەبڕبەندی ڕاستەقینە بستوویی ئەکات، بەبێ ئەوەی پێکهاتەی کیمیاییان تێک بدات. هەر بەرهەمێکی **فاکنر** و **مارلۆ** و **دۆس پاسۆس** جیهانی تایبەتی خۆیان هەیە کە هەم لەگەڵ ماهەکی ڕووداوە گوزارشتکراوەکان و هەم لە ڕێگەی ڕێسایەکی کێشەوە دایاری ئەکرێن، کە ئەوانەی لە سەروو «ئاژاوە»وە لە حەوادا ڕاگرتووە. کەواتە، باشترە بۆ پێناسەی شێوازی ئیتالیایی، لە بنەمای فیلمنامە و ڕەوتی نووسین و تەشکەکانی ئەو ڕوونکردنەوەی کە پەیڕەوییان لێ ئەکات، سوود وەربگرین.

بە داخەوە ئەهریمەنی مێلۆدراما کە وا دیارە فیلمسازانی ئیتالیایی ناتوانن لە جەستەی خۆیانی بکەنە دەرەوە، بە زۆری بەسەریاندا زاڵ ئەبێت و پێداویستییەکی دراماتیک بەسەر ڕووداوی پێشبینیکراودا، ئەسەپێنێ. بەڵام ئەمە خۆی چیرۆکێکی ترە. ئەوەی گرنگە، شێوازی داهێنەرانە و ڕەوشێکە دۆخەکانی فیلمنامە بە هۆیەوە بەدی دێن. پێداویستی پەنام لە گێڕانەوەدا زیاتر دارەتی زیندەوەرناسی هەیە تا دراماتیک. واتە لە تەنیشت ڕاستیگەری ژیان لە تێکڕای خۆیدا چرۆ ئەکات و گەشە ئەستێنێ.[٧٠٥] نابێ ئەو ئەنجامە وەربگرین

---

٧٠٥ـ بە زۆری لە پێڕستی ناونووسینی هەموو فیلمە ئیتالیاییەکان، لە بن ناوی «نووسەری فیلمنامە» دەرزەنێک ناو ڕیز ئەکرێ. بەڵام ئەم بەڵگەی هاوکارییە نابێ بە گرنگ بزانین. چونکە ئامانجی ئەوەیە ساویلکانە بەرهەمهێنەران لە

لایەنی جوانناسی ئەم شێوازە کەمتر لەو شێوازەیە کە فیلمنامە وردە وردە و ڕێک لە پێشەوە دائەڕێژرێ. بەڵام ئەم پێشداوەرییە کۆنەیە کە زمان و پارە و کەرەستە خۆبەخۆ بە بەهادار ئەزانێ، ئەوەندە ڕیشەدارە کە جەماوەر لەبیری ئەبەنەوە ئەوانە پەیوەند بدەن بە بەرهەمی هونەری و هونەرمەندەوە. **ڤەن گۆک** دەجار و بە خێرایی تابلۆیەکی ئەکێشایەوە، بەڵام **سێزان** لە ماوەی ساڵاندا چەند جار لەسەر تابلۆیەک کاری ئەکرد. هەندێ لە ژانرەکان نیازی بە خێرایی و کار لەو ساتە هەژێنەرە دایە، بەڵام نەشتەرگەری پێویستی بە بڕینی دڵنیا و وردبینی فراوان هەیە. تەنها بەم نرخەیە سینەمای ئیتالیا جۆرێک کەشی بەڵگەیی هەیە. جۆرێک سروشتی بوون کە زیاتر لە گێڕانەوەی گوتەیی نزیکە تا نووسراوەیی؛ زیاتر لە گەڵاڵەی سەرەتایی ئەچێ تا لە تابلۆی دارماڵ. ئەم سینەما پێویستی بە چاوی بێخەوش و دڵنیای **ڕۆسیلینی**، **لاتوادا**، **ڤێرگانۆ** و **دو سانتیس**[٧٠٦] هەیە؛ کامێرا

---

ڕوانگەی ڕامیارییەوە دڵنیا بکات. ئەم پۆلی فیلمنامەنووسانە بە ڕاستی، بریتین لە دێمۆکرات مەسیحییەک و کۆمۆنیستێک (وەک لە فیلمی پایزا مارکسیتێک و قەشەیەکی تیایە). سێیەم فیلمنامەنووس لە بواری پێکهاتەی چیرۆکدا ناوبانگێکی هەیە؛ چوارەمی گاڵتەکانی فیلمەکە ئەنووسێ؛ پێنجەمی گوتوبێژنووسێکی شارەزایە؛ شەشەمی ژیان و سەروخواری باش ئەناسێ. بەرەنجام نە باشتر و نەخراپتر لەوەیە ئەگەر تەنها ئەک فیلمنامەنووس لە ئارادا بوایەت. بەڵام ئەم بەرەنجامە بۆ ئیتالیاییەکان، لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی لە باوکایەتی دەستەیی هەیانە، سازگارە. بە گوێرەی ئەم سەرپەرشتیارییە هەر کەس ئەتوانێ بۆچوونی خۆی بڵێ، بەبێ ئەوەی دەرهێنەر ناچار بێت، بەکاریان بهێنێ. ئەم بەستراوییە خودییە بە ڕێوڕا زیاتر لەوەی پەیوەندی بە هێڵی بەرهەمهێنانی فیلمنامەنووسانی ئەمریکاییەوە هەبێ، وەکوو ڕێوڕای کۆمێدی گاڵتەئامێز یان موزیکی جازە. **تێبینی**: بازن

٧٠٦ـ جۆسێپە دو سانتیس: Giuseppe De Santis (١٩١٧ـ١٩٩٧) دەرهێنەر

بە دەستی ئەم کەسانەوە تەژی ئەبێ لە هەستیارییەکی سینەمایی ئاراستەدار، چەشنێک ئانتێنای زۆر هەستیار پەیدا ئەکات کە ئەتوانێ بە یەک جووڵە ئەوەی ئەیەوێ بەدەستی بهێنێ. لە فیلمی **یاخی**، کابرای زیندانی لە ئاڵمانیا گەڕاوەتەوە، خانووە کاولەکەی ئەبینێ. ئەو شوێنەی سەردەمایەک تەلارێکی تۆکمە و ڕاوەستاو بوو. ئێستە لاوارێکی بەرد و دیواری لاڕووخاوە. لەم ساتەدا کامێرا ڕوخساری کابرا پیشان ئەدا. پاشان بە دوای جووڵەی چاوی ئەودا کامێراش ٣٦٠ پلە ئەسووڕێ و هەموو بەرجەوەنەکە ئەبینین. ئەم نمایە بە دوو هۆ ڕەسەنە: یەکەم ئەوەی لە سەرەتادا لە ئەکتەرەکە دوورین. چونکە ئەو لە ڕێگەی کامێراکەوە ئەبینین. بەڵام پاشان لە نمای گەڕانی کامێرا لەگەڵ کابرا ئەبین بە یەک، بەشێوەیەک کە پاش سووڕانی ٣٦٠ پلەیی کامێرا، کاتێک جارێکی تر ڕوخساری تۆقاوی ئەبینین، دائەچڵەکێین. دووەم ئەوەی خێرایی ئەم نما گەڕانە بەردەوامە، ئەگۆڕدرێ. لە سەرەتادا کامێرا خاوە و پاشان وەک وەستان ئەوەستێ و دیوارە سووتاو و داڕووخاوەکان بە هەمان دەراوی چاوەی نیگەرانی پیاوەکە تێئەپەڕێنێ، وەک بڵێی کامێرایەکە ڕاستەوخۆ لە ناوەندی سەرنج و چەقبەستندا.

لەو ڕووەوە ئەوەندە لەم نموونە بچووکە دوام، چونکە نەم ئەویست ئەوەی، بە واتای دەروونناسانەی وشە، پێی ئەڵێم «سەرڕێژنە یان زمانپاراوی tact» سینەمایی، بە شێوەیەکی تەنها و ئەبسترە بسەلمێنم. ئەو دیمەنەی کرکاشێکی دەروونی وەهای هەیە، هیی ئەو دەستەیە کە هێڵکارییەک ئەکێشێ. شوێنێکی خاڵی بەجێ ئەهێڵێ. جێگەیەکی تر

---

و نووسەری ئیتالیایی سینەما. لە ١٩٤٠ تا ١٩٩٥ چالاک بوو. برای سینەماکاری بەناوبانگ پاسکالینۆ دو سانتیسە.




پڕ ئەکاتەوە. لە شوێنێک کەنارەکانی بابەتەکە ئەنەخشێنێ و شوێنێکی تر بەرجەستەی ئەکات. ئەتوانم جوولانێکی کاوەخۆ لە فیلمێکی بەڵگەیی دەربارەی **ماتیس** وێنا بکەم کە بە هۆیەوە لە وردەکاری یەکدەست و بێپسانی فرچە، دڕدۆنگی ساتبەساتی دەستی هونەرمەند ئەبینرێ. لەکاتی وەهادا کامێرا گرنگە. کامێرا ئەبێ بە هەمان ئەندازە ئامادەی جوولان بێ کە ئامادەی وەستانە. جوولانی گەردشی ئاسۆیی کامێرا ئەو تایبەتمەندییە ئافرێنەرەی کامێرای هالیوودی بەسەر سلینگەوە نییە. هەموو شت لە ئاستی چاوی مرۆڤ یان لە ڕوانگەیەکی بەرهەست و ڕاستەقینە وەکوو سەربان یان پەنجەرەی فیلمگرتنی لێدێ. لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە هەموو ئەو دارەتە هۆنەرانە و لەبیرنەچووە، ئەبێ بە وامداری گۆشەی بەرەو سەرەوەی کامێرا بزانین، کە سوارەکان وەکوو پەیکەر لێئەکات. **کریستیان ژاک**[٧٠٧] لە فیلمی **ئەفسوون**[٧٠٨]، بە ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەسپە تەمارئاساکەی ئەرکێکی زۆری کێشا، بەڵام سەرەڕای هەموو سەررێژنەی سینەمایی بەکاری هێنا، ئەسپی بەلەنگاز لە ئەسپی عەرەبانە ئەچوو. کامێرای فیلمە ئیتالیاییەکان بەشێک لە تایبەتمەندی مرۆیی کامێرای هەوالنێری «**بێل ئەند هاوڵ**»[٧٠٩] لە هەناویدا هەیە. نمایشێکە بەرەنجامی کاری دەست و چاو، کەموزۆر بەشێکی زیندووە

---

٧٠٧ـ کریستیان ژاک: Christian-Jaque (١٩٠٤ـ١٩٩٤) فیلمسازی فەڕانسەیی.

٧٠٨ـ ئەفسوون: Sortilèges درامای فەڕانسەیی ١٩٤٥، دەرهێنانی کریستیان ژاک [E] The Bellman.

٧٠٩ـ بێل ئەند هاوڵ: Bell and Howell کارگەی کامێرا و هاوێنەی ئەمریکایی، ١٩٠٧ دامەزرا و تا ئێستە دەیان ملیۆن کامێرا و هاوێنەی ناردووەتە بازاڕ.




لە گیانی فیلمگر، بەشێک کە لەگەڵ ئاگایی ئەو لە یەک ئاراستە دایە.

بەڵام سەبارەت بە فیلمگرتن ئەبێ بڵێم ڕووناکی ڕۆڵێکی کەمی دەربڕینی لە ئەستۆ بوو. یەکەم لەبەر ئەوەی ڕووناکی پێویستی بە ستۆدیۆ هەیە. بەڵام زیاتری دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە دەرەوە و لە شوێنی ڕاستەقینەدا ڕوو ئەدات. دووەم بەو هۆیەی کە بەکارهێنانی کامێرای بەڵگەیی بە ڕەنگی خۆڵەمێشی فیلمە نووچەییەکان لە ئەندێشەی ئێمەدا چەسپاوە. کەواتە، ئەگەر چۆنایەتی وێنایی ئەم شێوازە زیاد لە پێویست شیکار بکەین و تیفتیفەی بدەین، لە ڕاستیدا پێچەوانەی مەبەست جووڵاوینەتەوە.

بە هەمان شێوەی تا ئێستا تێکۆشاوین ڕوونی بکەینەوە، وا دیارە فیلمە ئیتالیاییەکان بە پلەی جۆراوجۆری پسپۆڕی تەکنیکی یان هەستەکیان، هیی بنەماڵەی ڕۆژنامەگەری شێوە وێژەییە، واتە هیی هونەرێکی بلیمەتانە و لەبەردڵان و گەش و تەنانەت کاریگەرە، بەڵام لە بنەڕەتدا بە ڕەسیدێکی کەمترەوە. ئەم خاڵە هەندێ جار بە ڕاست ئەگەڕێ، تەنانەت ئەگەر لە پلەبەندی جواننناسانەدا جێگەیەکی باڵا بۆ ئەم شێوازە دابنێین. بەڵام ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنە بە ڕادەی ئەوپەڕی ئەم تەکنیکە تایبەتە بزانین، کارێکی بێفرسەند[710] و نادروستمان ئەنجام داوە. بە هەمان شێوە لە وێژەدا، گوزارشتی ڕۆژنامەیی لەگەڵ بنەما ڕیالیستییەکانی خۆی (ڕەنگە دروستتر بوو بموتایەت لەگەڵ بنەمای ڕیالیستی ڕواڵەتی خۆی) بواری بۆ چەشنێک

٧١٠ـ فرسەند: fairness هێمۆ، داد، ڕەوایی، ویژدان ع انصاف د انصاف.

بێفرسەند: بێویژدان د بی انصاف.

جوانناسی نوێی ڕۆمان بەدی هێناوە. بەمجۆرە، تەکنیکی فیلمسازی ئیتالیاییش بووە هۆی بەدیهاتنی فیلمی شیانست، بە تایبەت لە فیلمی **پایزا** کە جوانناسی گێڕاوەییەکەی هەم ئالۆزە و هەم لانەماک.[٧١١]

**پایزا** بێگومان یەکەم فیلمە ڕێک لە کۆمەڵێک چیرۆکی کورت ئەچێ. تا ئێستە تەنها ئەمانزانی ئەم فیلمە لە چەند گەلاڵەی سەرەتایی پێک هاتووە ــ واتە جۆرێک فیلمی نەشیاو و ساختە، هەڵبەت ئەگەر فیلمی لەو جۆرە بوونی هەبوایەت. ڕۆسیلینی بە ڕیز شەش چیرۆک سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی ئیتالیا ئەگێڕێتەوە. تەنها لایەنی هاوبەشی ئەم چیرۆکانە، ئەم توخمە مێژوویییە. سێ چیرۆک، چیرۆکی یەکەم و چوارەم و کۆتایی، لە بزووتنەوەی بەرگری وەرگیراوە. ئەوانی تر بەشی گاڵتەئامێز یان ناسۆر یان بەزەیی پێداهاتنەوەیە، کە سەردەمی پالاماری هێزەکانی یەکگرتوو ڕوو ئەدات. لەشفرۆشی و بازاڕی ڕەش و گردبوونەوەی ڕەبەنەکانی فرانسیسکەن بە یەک ئەندازە وەکوو کەرەستەی چیرۆکی بەکار هێنراون. هیچ پەرەسەندنێک لە ئارادا نییە، جگە لە ڕیزبەندی کات کە بە دابەزینی هێزەکانی یەکگرتوو لە سێسیلیا دەست پێ ئەکات. بەڵام بنەمای کۆمەڵایەتی و مێژوویی و مرۆیی ئەم چیرۆکانە بە چەشنێک یەکیان ئەخات و کۆمەڵەیەک پێک ئەهێنێ لە هەمان کاتدا کە جۆراوجۆرە،

---

٧١١ـ لێرەدا نامەوێ مشتومڕی مێژوویی لەمەڕ پێگە یان زەمینەی سەرهەڵدانی «ڕۆمانی گوزارشتی» لە سەدەی نۆزدە بهێنمە ئاراوە. بەڵام ڕۆمانەکانی ستاندال یان سروشتگەرایان زیاتر بەستراببوو بە ڕاشکاوی و زیرەکی و باریکبینی لە بینیندا تا بەسترابێ بە ڕیالیزم بە واتای وردی وشە. هێشتا ڕووداوەکان لە خۆیاندا ئەوەندە سەربەخۆیی هەبوونگەرایانەیان پەیدا نەکردبوو تا وەکوو یەکەی بەردەوام و مۆرومۆمکراو لە داهاتوو و دەرکەوتنیاندا ببێت بە مایەی بەرتەسکییان. **ئێستیش**: بازن

لێکچوو و یەکدەستە. لە هەموو گرنگتر، ماوەی هەرکام لە چیرۆکەکان و ناوەرۆک و هەروەها بەردەوامی جوانناسانەی بۆ یەکەم جار بە وردی باندۆری چیرۆکی کورت بەدی ئەهێنێ. بەشی ناپۆلی، کە بەسەرهاتی منداڵێکی چەتوونە ــ منداڵێکی شارەزای بازاڕی ڕەشە و جلەکانی سەربازێکی ڕەشپێست ئەفرۆشێ ــ وەکوو چیرۆکێکی ناوازەی **سارۆیان** وایە. چیرۆکێکی تریان **هێمینگوەی** ئەخاتەوە بیر و یەکی تر (یەکەمی) **فاکنر**. مەبەستم تەنها دەراو یان بابەتی ئەم چیرۆکانە نییە، بەڵکوو بە قووڵی شێوازەکەشیانم لەبەرچاوە. بە داخەوە ناتوانم لێرەدا وەرزێکی فیلمەکە لە بەندێکدا بگێڕمەوە، کەواتە، هەر چەشنە لێکدانەوەی وێژەیی بە ناچار کەموکووڕ ئەبێ. لەگەڵ ئەوەش، لە خوارەوە بەشێکی چیرۆکی کۆتایی ئەهێنم کە هەندێ جار، هێمینگوەی ئەخاتەوە یاد و هەندێ جار، فاکنر:

١ــ پەرەمێک لە پێشمەرگە ئیتالیاییەکان و سەربازانی یەکگرتوو لە بنەماڵەیەکی بوومی لە مەزرایەکی چەپەک لە ناخی گەناوەکانی ڕێژگەی چەمی پۆ Po ئەژین، هەندێ خواردن وەرئەگرن. ئەم پەرەمە پاش وەرگرتنی سەبەتەیەک مارماسی لەو بنەماڵەیە ئەکەونە ڕێ. تۆزێ پاشتر پۆلی گەشتی ئاڵمانی پێ ئەزانن و دانیشتوانی کێڵگەکە ئەکوژن.

٢ــ لە هەوای تاریک و ڕووندا ئەفسەرێکی ئەمریکایی و پێشمەرگەیەک لە گەناوەکاندا سەرگەردانن. لە دوورەوە دەنگی دەسڕێژ ئەبیسترێ. لە گفتوگۆی زۆر کورتی ئەمانەوە بۆمان دەرئەکەوێ ئاڵمانییەکان ماسیگرەکانیاین کوشتووە.

٣ــ تەرمی ژنان و پیاوان لەبەر کوختەکەدا ڕاکێشراون، لەو هەوا تاریک و ڕوونە، منداڵێک نیوە ڕووت، دەست ئەکات بە گریانێکی بێکۆتایی.

تەنانەت بەم گێڕانەوە کورتەش، بۆمان دەرئەکەوێ لەم بەشەی

چیرۆکەکەدا بڕینی یەکجار زۆر کراوە ــ یان کێماسی گەورە ــ هەیە. ڕووداوێکی ئاڵۆز و بەردەوام کراوە بە سێ چوار بەشی کورت، کە ئەویش خۆبەخۆ لە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕاستەقینەی پێشکەشی ئەکەن، زۆر بە کورتی بڕاون. ئەگەر بەشی یەکەم، کە وەسپییە، بخەینە لاوە، بەشی دووەم تەنها لە ڕێگەی ئەوەی پێشمەرگەکان ئەیزانن ــ واتە تەقەی دوورەدەست ــ ئاماژەی پێ ئەکرێ. بەشی سێیەم سەربەخۆ لە بوونی پێشمەرگەکانە. واتە دڵنیا نین کەس گۆڤانی ئەم دیمەنە بووە یان نا؟ منداڵێک لای تەرمی باوک و دایکیەوە ئەگرێ. دەی، ئەم ڕۆژەڤە. بەڵام ئاڵمانییەکان لە کوێوە زانیان گوندییەکان هەڵەیان کردووە؟ چۆنە ئەو منداڵە هێشتاش زیندووە؟ پرسگری فیلمەکە ئەمانە نین. لە کاتێکدا، زنجیرەیەک لە ڕووداوی بەردەوام گەیشتووەتە ئێرە. هەر چۆنێک بێ، دەرهێنەری ئەم فیلمە بە زۆری هەموو شتمان پیشان نادات. چونکە شتی وا ناگونجێ ــ بەڵام ئەو شتانەی کە هەڵیان ئەبژێرێ و ئەو شتانەی کە هەڵیان نابژێرێ، جۆرێک مەلەزەی لۆجیکی پیشان ئەدات کە ئەندێشە بە ئاسانی لە هۆکارەوە بە بەرکار ئەگەیەنێت. بێگومان تەکنیکی ڕۆسیلینیزنجیرەیەکی مایەی تێگەیشتن لە ڕووداوەکان بەدی ئەهێنێ، بەڵام ئەم ڕووداوانە وەکوو زنجیر و کەللاپۆلای بۆڵبرینگ پێکەوە جووت نابن. ئەندێشە ئەبێ لە بوویەرێکەوە بۆ بوویەرێکی تر باز بدات. بە هەمان شێوە، کە کاتی پەڕینەوە لە ڕووبارێک بەسەر بەردەکانی بەردەبازدا باز ئەدەین. جا ڕەنگە دوودڵ ببین یان پامان بخزێ و بەربببینەوە. ئەندێشەش وەها کار ئەکات. لە ڕاستیدا، ئەوە لە هەناوی بەرددا نییە یارمەتی خەڵک بدات بەبێ ئەوەی قاچیان تەڕ ببێ، لە چەم بپەڕێنەوە. هەروەک هێڵەکانی سەر پێستی کاڵەک بۆ ئەوە نییە، باوک بە پێی ئەو هێڵانە قاش و دابەشی بکات. ڕاستەقینە،

ڕاستەقینەیە. ئەندێشەی ئێمە بەکاری ئەهێنێ، بەڵام لە ناخی خۆیدا بۆ ئەو کارە نەئافرێنراوە. بە زۆری لە فیلمنامەی دێکۆپاژکراو (لەسەر بنەمای ڕەوتێکی وەکوو تەشکی ڕۆمانی کلاسیک) ڕاستەقینە، کاتێک ئەکەوێتە بن نیگای کامێراوە، دابەش ئەبێ. ئەتوێژرێتەوە و دووبارە ئەکەوێتەوە تەک یەک، بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ماهەکی سەرەکی خۆی لەدەست بدات؛ بەڵام ئەم ڕاستەقینە دووەمە، ڕەنگە لە توێژاڵی ئەبسترەدا پێچراوەتەوە. بە هەمان شێوە کە ئاجوور ئەکەوێتە ناو دیوارەوە. ئەو دیوارەی کە ئەگەر دارماڵ ببێ، ڕووبەری هاوتەریبی یەک ئاجوور چەند بەرامبەر ئەکات. لە لای ڕۆسیلینی ڕووداوەکان واتایان هەیە، بەڵام نە وەک ئامرازێک کە کارداکەی لە پێشەوە تەشکەکەی دیاری کردبێ. ڕووداوکان بە دوای یەکدا دێن و ئەندێشە ناچارە لێکچوونیان تێبگات؛ کەواتە، هەر ڕووداوێک ڕووداوێکی تری بە دواوەیە و لە کۆتاییدا واتایەک پەیدا ئەکات کە لە تاکەتاکەیاندا شاراوە بووە و، با بڵێین ئەتوانین بە بەرەنجامی ڕەوشتی چیرۆکەکەی ناو بنێین ــ بەرەنجامێک کە ئەندێشە ئەبێ تێی بگات، چونکە لە خودی ڕاستەقینە وەرگیراوە. لە چیرۆکی سەبارەت بە فلۆرانس، ژنێک لەمبەری شارەوە بەرەو ئەوبەری ئەچێت. لە کاتێکدا، شار هێشتاش وا لە بن دەستی کۆمەڵێک ئاڵمانی و دەستەکانی فاشیت دایە. ژنە ئەیەوێ بچێت بۆ سەردانی دەزگیرانەکەی کە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ژێرزەمینی ئیتالیایە. پیاوێکی لەگەڵە بە دوای ژن و مناڵەکەیدا ئەگەڕێ. سەرنجی کامێرا، هەنگاو بە هەنگاو لەسەریانە و لە هەموو کێشە و مەترسی سەر ڕێگەیان بەشدار ئەبێت. بەڵام ئەم سەرنجە بە شێوەیەکی بێلایەن لە نێوان پاڵەوانانی ڕووداوەکە و ئەو دۆخانەی ڕووبەڕووی ئەبنەوە، دابەش بووە. لە ڕاستیدا، هەموو

ئەوەی لە فلۆرانسی گیرۆدەی خەبات بۆ ئازادی لە ئازاری فاشیزم ڕوو ئەدات، گرنگییەکی یەکسانیان هەیە. ڕووداوەکانی ئەم ژن و پیاوە لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداوی تر تێکەڵ ئەبن. ڕێک وەک ئەوەی کەسێک بە زۆر ڕێگەی خۆی لەناو ئاپۆرەیەکدا ئەکاتەوە تا ئەو شتەی ونی کردووە، بدۆزێتەوە. لەم گەڕانەدا لە چاوانی ئاپۆرەی فەراگەردی، ویست و ئارەزووی وا ئەبینێ کە ویستەکەی خۆی لە بەراورد لەگەڵ ئەوانەدا وەک گاڵتە وایە. لە کۆتاییدا، ژنە بە ڕێکەوت لە پێشمەرگەیەکی بریندار ئەبیستێ دەزگیرانەکەی کوژراوە. بەڵام ڕستەی ئەو هەواڵە ڕاستەوخۆ بەو ناوترێ ــ بەڵکوو وەک گوللیەکی وێڵەکی بەر ئەو ئەکەوێ. ئەو ڕەوتە ڕەوان و بێخەوشەی ئەم گێڕانەوەیە هەڵیبژاردووە، لەو تەشکە کلاسیکانەی پێوەری ئەم چەشنە سەربردانەن هیچی بە وام وەرنەگرتووە. سەرنجی چیرۆک هەرگیز بە شێوەیەکی دەسکرد لەسەر ژنە چەق نابەستێ. کامێرا هەرگیز وای دەرناخات دەروونی کەسایەتییەکان هەڵئەکۆڵێ. هەستی پاڵەوانانی چیرۆک باش تێئەگەین. چونکە تێگەیشتن لە هەستی ئەوان لامان ئاسانە و، هەمیش لایەنی هاوسۆزی وروژێنەری ئەم چیرۆکە تەنها لە گرەوی ئەوەدا نییە کە ژنێک پیاوێکی خۆش بوێ و لە دەستی چووبێ. بەڵکوو نیشانەی پێگەی ئەم درامایە لە ناو هەزاران درامای هاوچەشندا. درامایەک کە هەم جیا لە درامای ڕزگاری فلۆرانسە و هەمیش بەشێکیەتی. کامێرا ئەڵێی گوزارشتێکی بێلایەن پێشکەش ئەکات، خۆی لەو چوارچێوەدا قەتیس کردووە گەڕانی ژنێک بۆ پیاوەکەی پیشان بدات؛ بەڵام ئەرکی لەگەڵ ڕۆیشتن و تێگەیشتن و هاوبەشی پەرژارەی بوونی بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە.

لە بەشی پەسنئامێزی کۆتایی کە پێشمەرگەکان لە ناو مەنداوەکان

گیریان کردووە، ئاوی قوڕاوی ڕێژگەی چەمی پۆ، لاسکی قامیش کە بۆ لای ئاسۆ ڕاکێشراون و بەرزییان هەر ئەوەندەیە کە پیاوێکی کۆمەوەبوو لە بنی گەمییەکی بچووک و نزم حەشار بدەن. خۆکێشانی شەپۆلەکان بە زەلەکاندا، هەر هەموویان ئەوەندە گرنگن کە خودی مرۆڤەکان. ئەم ڕۆڵە دراماتیکەی زەلکاو تا ڕادەیەکی زۆر وامداری هەندێ تایبەتمەندی زانایانەی فیلمگرتنە. بۆیەشە لە بەرزاییدا، ئاسۆ هەمیشە یەکسانە. پاراستنی ئەم ڕێژە نەگۆڕە لە نێوان ئاستی ئاو و ئاسمان لە هەموو دیمەنەکاندا، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرجەوەنە ئاشکرا ئەکات. ئەم تایبەتمەندییە، لەو هەلوومەرجەی سینەما بەدی هێناوە، ڕێک بەرامبەرە بە دۆخی ئەو پێشمەرگانەی لە نێوان ئاو و ئاسماندا ئەژین و ژیانیان بەستراوە بە گۆڕانێکی بچووکی گۆشەی کامێرا سەبارەت بە ئاسۆ. ئەمە پیشانی ئەدات کاتێک کامێرا لە دەستی کەسێکی وەکوو فیلمگری **پایز**ادا بێت، لە نمای دەرەوە تا چ ڕادەیەک ئەتوانین لە جوانی دەربڕین بگەین.

لە **پایزا** یەکەی گێڕانەوەی سینەمایی، «نما» نییە. واتە ڕوانگەیەکی ئەبسترە لە ڕاستەقینەیەک کە خراوەتە بەر تۆژینەوە نییە، بەڵکوو «ڕاستەقینە»یە، بەشێک لە ڕاستەقینەی بەرهەست کە خۆبەخۆ چەند توێژاڵە و پڕە لە وەژارە و واتاکەی لە ڕاستەقینەوە دێت؛ ئەویش بە یارمەتی ڕاستەقینەی تر کە ئەندێشە لە نێوانیاندا پەیوەندی تایبەت بەدی ئەهێنێ. بێگومان، دەرهێنەر ئەم ڕاستەقینانەی بە وردی هەڵبژاردووە و یەکپارچەیی ڕاستەقینەی ئەوانەی لە بەرچاو بووە. نمای درشتی دەستگیرەی دەرگا، کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، زیاتر لەوەی ڕاستەقینە بێت، نیشانەیە، کامێرا بەرجەستەی کردووەتەوە. لە ڕوانگەی واتاییەوە هەمان ئەندازە سەربەخۆیە کە

ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەدا. بەڵام لەمەڕ گەناو و کوشتاری جووتیاران ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەیە.

وەلێم سروشتی ئەم «ڕاستەقینە وێنەییانە» تەنها ئەمە نییە هاوڕێ لەگەڵ ڕاستەقینەی وێنەیی تر، ئەو پەیوەندییەی کە ئەندێشە بەدی هێناوە، بپارێزێ. ئەمانە بە یەک چەمک، تایبەتمەندی ناوەندبێزی وێنەکانن ــ ئەو تایبەتمەندییانەی لوانی چیرۆک بەدی ئەهێنن. بەو پێیەی کە هەر وێنەیەک لە خودی خۆیدا تەنها بەشێک لە ڕاستەقینە کە زیاتر لە هەر واتایەک هەیە، هەموو ڕووبەری گۆڕەپانیش ئەبێ هەر ئەم چڕی و کەڵەکەبوونە بەرهەستە بنوێنێتەوە. جارێکی تر بەرامبەر بە دیمەنی «دەستگیرەی دەرگا» ئەبینەوە؛ دیمەنێک کە ڕەنگی گەڵۆێزی[٧١٢] دەرگا و پەڵەی چڵک لەو شوێنانەی دەستی بەرکەوتووە و بریقەی ئاسن و ڕواڵەتی ڕەنگڕۆیشتووی دەرگاکە، ڕۆژەڤی بێسوودن. زێدەکانی چەشنێک ئەبسترەن کە بە ئاسانی ئەتوانرێ پشتگوێ بخرێ.

لە **پایزا** (و پاتەی ئەکەمەوە مەبەستم تا ڕادەیەک هەموو فیلمە ئیتالیاییەکانە) لەبری دەستگیرەی دەرگا، «ڕاستەقینەی وێنەیی» دەرگایەک دائەنرێ کە هەموو تایبەتمەندییە بەرهەستەکانی بە یەک ئەندازە تێدا دیارە، بەبێ ئەوەی لەم جێگۆڕکێیەدا، چۆنایەتییەکی تایبەت کە دەستگیرە بەشێکیەتی لەدەست بچێ. بەم هۆیەوە، ئەکتەران ئاگادارن هیچ کات ڕۆڵی خۆیان لە دێکۆر یان لە ڕۆڵی ئەکتەرەکانی تر جیا نەکەنەوە. مرۆڤیش ڕۆژەڤێکە لە نێوان ڕۆژەڤەکانی تردا و نابێ لە پێشەوە ڕەسیدی شوێنی تایبەتی بۆ دابنرێ. لەبەر ئەمەیە کە تەنها فیلمسازانی ئیتالیایی ئەزانن بە چ شێوەیەک دیمەنەکانی

---

٧١٢ـ گەڵۆێز: Glaze مینا، تواوەی شووشە لەسەر کانزا و سواڵەت [ع] [د] لعاب.

ناو پاس و لۆری و قەتار بەباشی دەربهێنن. چونکە ئەم دیمەنانە تێکەڵ ئەبن و چڕییەکی تایبەت بەدی ئەهێنن. ئەم فیلمسازانە ئەزانن چۆن ڕووداو لە چوارچێوەی ئەم چڕییە و بەبێ جیاکردنەوەی لە زەمینەی ئەستوویی وێنا بکەن، بە شێوەیەک کە ئەو تایبەتمەندییە مرۆییە تاقانەیە کە بوویەری ناوبراو بەشی جیانەبوویەتی، زیانی پێ نەگات. ناسکی و نەرمونیانی بزووتن لەم شوێنە چڕەبەندان و پڕ دەنگ و هەرا و ڕەفتاری ئاسایی هەموو کەسانی سنووەی فیلمگرتن، ئەم دیمەنانە ئەکات بە ساتی پڕ لە وردەکاری لە سینەمای ئیتالیادا.

## ڕیالیزمی سینەمای ئیتالیا و تەکنیــکی ڕۆمانی ئەمریکـایی

لەبەر ئەوەی لێرەدا ناتوانم بەشەکانی ئەم فیلمە وەکوو نموونە پیشان بدەم، ڕەنگە خوێنەر ئەوەی تا ئێستە نووسیومە باش تێنەگەیشتبێت. من لێرەدا شێوازی **ڕۆسیلینی** لە **پایزا** و شێوازی **ئۆرسن وێڵز** لە **هاوشاری کەین** بە هاوشێوە زانیوە. هەر کام بە شێوازی تەکنیکی ناکۆکەوە، بەڵام بە ڕوانینی تا ڕادەیەک یەکسان بە ڕاستەقینە، لە فیلمنامە نزیک ئەبێتەوە ــ وێڵز بە ڕووناکی قووڵ و ڕۆسیلینی بە پێکهێنانی زەمینەی پەژێرەی ڕاستەقینە. لە هەر دوو نموونەکەدا، هەمان چەشن بەستراوی بە گۆرگ و، هەمان چەشن ڕۆڵبینینی ڕیالیستی هەموو ئەکتەرەکان ئەبینین، بەبێ گوێدانە ئەوەی گرنگی دراماتیکیان لەسەر گۆرک چەندێ بێ. زێدە لەوەش، چەندە ئەم دوو شێوازە لێک جیاوازن، بەڵام مەلەزەی **گێڕانەوەیی هاوشاری کەین** و **پایزا** لە بنەمادا یەکە.

کورتییەکەی هەچەند ڕۆسیلینی و وێڵز تەکنیکی جیاواز بەکار

ئەهێنن ـــ بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی یەکیان بەسەر ئەوی ترەوە لە ئارادا بێت ـــ و بۆچوون و ئەندێشەیان هیچ پێکەوە ناگونجێ، بەڵام هەردووکیان بە گشتی ئامانجی جوانناسانە و تێگەیشتنی جوانناسانەیان لە ڕیالیزم یەکێکە.

کاتێکە **پایزام بینی**، دەرفەتم هەبوو و شێوەی گێڕانەوەیم لەگەڵ هەندێ ڕۆماننووسی مۆدێرن و نووسەرانی کورتەچیرۆک بەراورد کرد. هەروەها، لێکچوونی نێوان تەکنیکی گێڕانەوەیی ئۆرسن وێڵز و ڕۆمانی ئەمریکایی، بە تایبەت دۆس پاسۆس، ئەوەندە ئاشکرایە کە ئێستە ئەتوانم بۆچوونی خۆم بڵێم و شی بکەمەوە. جوانناسی سینەمای ئیتالیا، لانیکەم، لە شارازایانەترین دەرکەوتەیدا و لە بەرهەمی دەرهێنەرێکی وەکوو ڕۆسیلینی کە شارەزای میدیاکەیەتی، شتێک نییە جگە لە هاوتای سینەمایی ڕۆمانی ئەمریکایی.

هەڵبەت باش ئەزانین لێرەدا مەبەستمان شتێکی بەتەواوەتی جیا لە ژێوەرگرتنی نزم و کەم مایەیە. لە ڕاستیدا، هالیوود هێشتاش درێژە بە ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی ئەمریکایی بۆ فیلم ئەدات. هەموو ئەزانن سام وود چی بەسەر «**زەنگەکان بۆ کێ لێئەدا؟**» هاوردووە. مەبەستی ئەو لە بنەمادا گێڕانەوەی گەلاڵە بوو. تەنانەت ئەگەر بە ڕستە بە ڕستەی پەرتووکەکەش ئەمەگدار بوایەت، لە ڕاستیدا نەی ئەتوانی هیچی پەرتووکەکە بگوێزێتەوە بۆ سەر پەردە. ژمارەی ئەوانەی توانیویانە بەشێکی شێوازی ڕۆمان بکەن بە فیلم، زۆر دەگمەنن. مەبەستم لە ڕۆمان خودی پێکهاتەی چیرۆکە، واتە ئەو ڕێسای کێشەرەی کار ئەکاتە سەر سیستەم و ڕێزبەندی ڕووداوەکان لە بەرهەمی فاکنر و هێمینگوەی و دۆس پاسۆسدا. ئەبوا ڕاوەستین تا ئۆرسن وێڵز بگات و پیشانی بدات ژێوەرگرتنی سینەمایی ڕۆمانی

ئەمریکایی چ تەشکێکی هەیە.(٧١٣)


کەواتە، لە کاتێکدا، هالیوود یەک لە دوای یەک ڕۆمانی پرفرۆش ئەکات بە فیلم و لە هەمان کاتدا لە گیانی ئەو وێژەیە زیاتر دوور ئەکەوێتەوە، ئەوە لە ئیتالیایە کە وێژەی ئەمریکایی بووە بە ڕۆژەڤ و ئەوەندەش سروشتی و ئاسایی بەکار ئەهێنرێ کە هەر چەشنە لاساییکردنەوەی دەستکرد لەناو ئەبات. بێگومان ئەبێ خۆشەویستبوونی ڕۆماننووسانی ئەمریکایی لە ئیتالیایش لە بەرچاو بگرین. چونکە لەوێ بەرهەمەکانیان زیاتر لە فەڕانسە وەرگێڕدراوە و پەژێرە کراوە. بۆ نموونە هەموو کەس کاریگەری **سارۆیان** لەسەر **ڤیتۆرینی** ئەزانێ. ڕەنگە باشتر بوو لە هەمان سەرەتاوە لەبری گەلاڵەی ئەم پەیوەندییە کارلێکە وەژارەیە، نزیکی ناوێزەی ئەم دوو شارستانییەتە، کە داگیرکردنی هێزەکانی یەکگرتوو ئاشکرای کرد، پیشان بدایەت. سەربازانی ئەمریکایی ئیتالیایان وەک ماڵی خۆیان ئەزانی و هاوڵاتی ئیتالیایی زۆر زوو لەگەڵ سەربازانی ئەمریکایی، چ ڕەش چ سپی، تێکەڵ ئەبوون. ئەوەی کە هەر شوێنێک سپای ئەمریکا ئەچووە ئەوێ، بازاڕی ڕەشی فراوان و لەشفرۆشی هەمەگر بڵاو ئەبوویەوە، نیشانەیەکی باشە لە هاوژینی ئەو دوو شارستانیەتە. بێهۆ نییە لە فیلمەکانی ئەم دواییەی ئیتالیادا، ئەمریکاییەکان کەسایەتی

٧١٣ـ لەگەڵ ئەوەش، هەندێ جار، سینەما، لە بەرهەمی فۆیاد یان شترۆهەیم، لەم ڕاستیانە نزیک بووەتەوە. لەم دواییانەدا مالرۆ لێکچوونی نێوان شێوازێکی تایبەت لە ڕۆمان و گێڕانەوەی فیلم بە ڕوونی تێگەیشتووە. کۆتاییەکەیشی ڕێنوار بە پێی ڕێژارە و لەبەر ڕووناکی بلیمەتی خۆیدا، ڕێسای سەرەکی و ڕووناکی قووڵ و بەشداری هاوکاتی هەموو ئەکتەران لە یەک دیمەندا، لە فیلمی ڕێسای گەمەدا بەکار ئەهێنێ. خۆی ئەم خاڵەی لە ساڵی **١٩٣٨** لە وتارێکی پێشگۆیانەدا لە گۆڤاری پۆینت Point ڕوون کردوەتەوە. تێبینی: بازن

گرنگن؛ ئەوەش کە ئیتالیا بە ماڵی خۆیان ئەزانن، ئەم هاوژینییە بە باشی پیشان ئەدات.

هەرچەند وێژە و داگیرکاری هێزەکانی یەکگرتوو ڕێگەی بۆ ئەم هاوژینییە خۆش کرد، بەڵام ناتوانین سەبارەت بەم دیاردەیە تەنها لە سەرخاندا ڕوونکردنەوە بدەین. ئەمڕۆ لە ئیتالیا فیلمی ئەمریکایی دروست ئەکرێ، بەڵام فیلمی ئیتالیایی هێشتاش کەش و هەوای ئیتالیاییان هەیە. ئەو نموونانەی لێرەدا ئاماژەم پێکردن هەندێ لەو لێکچوونانە ناگرنەوە کە کەمتریش جێگەی گومانن. بۆ نموونە، لێکچوونی نێوان «چیرۆک»ی ئیتالیایی و کۆمێدی گاڵتەئامێز و تەکنیکی فرێسکۆ. بەر لەوەی کاریگەری دوولایەنەی وێژە و سینەما هەبێت، چەشنێک هەماهەنگی لە نێوان ئەم دوانەدا لە ئارا دایە کە لەسەر بنەمای زانیاری قووڵ و هاوبەشی جوانناسی و تێگەیشتنی گشتی یەکسان لە پەیوەندی نێوان هونەری ڕاستەقینەدا سەقامگیرە. ماوەیەکە ڕۆمانی مۆدێرن، شۆڕشی ڕیالستی خۆی بەرپا کردووە. واتە لە هەمان کاتەوە کە ڕەفتارگەرایی و تەکنیکی گوزارشتگەری و بنەمای توندوتیژی پێکەوە تێکەڵ بوون. بە پێچەوانەی بۆچوونی هەنووکە، سینەما نە تەنها لەم گەشەکردنەدا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە، بەڵکوو فیلمی وەکوو **پایزا** ئەیسەلمێنێ، سینەما بیست ساڵ لە ڕۆمانی هاوچەرخ لە دواوە بووە. لە تازیارە گرنگەکانی سینەمای ئیتالیا یەکیان ئەوەیە کە توانیوێتی بۆ گرنگترین شۆڕشی وێژەیی سەردەمی ئێمە هاوتایەکی بە ڕاستی سینەمایی بدۆزێتەوە.

*Esprit, January 1948*




## زەوی ئەلەرزێ

بابەتی فیلمی **زەوی ئەلەرزێ** هیچی وامداری جەنگ نییە: سەربردەی ماسیگرانی گوندێکی بچووکە لە سێسیلیا، کە دژ بە گوشاری ئابووری بازرگانانی ماسی خاوەن کەشتییەکان ڕائەپەڕن. من ئەم فیلمە بە چەشنێک **بان-فاربیک**[٧١٤] سەبارەت بە ماسیگران ئەزانم. لایەنی لێکچووی ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمی **ڕۆکییە** فراوانە: یەکەم، ڕیالیزمی بەڵگەییئاسای، دواتر (ئەگەر بشێ بڵێین) چەشنێک گرەوشتە بە بەرجەوەنی سروشتی مەڵبەندە بێگانەکان کە لە بابەتەکەیدا شاراوەیە و؛ هەروەها «جوگرافیای مرۆیی» جیاوازی (بۆ ئەم بنەماڵە سێسیلییە هیوای ڕزگاری لە کۆتی بازرگانانی ماسی بە هەمان ئەندازە گرنگە کە بەکارهێنانی کارەبا بۆ بنەماڵەی فاربیک). هەرچەند لە فیلمی کۆمۆنیستی **زەوی ئەلەرزێ** هەموو بنەماڵە گیرۆدەی ڕووداوەکەیە، بەڵام چیرۆک لە ڕێگەی بنەماڵەیەکەوە ئەگێڕدرێتەوە، کە لە باپیرە تا نەوە ئەگرێتەوە. ئەم بنەماڵەیە لە میوانییەکی پڕشکۆ کە کۆمپانیای

**٧١٤-** فاربیک: Farrebique فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی **١٩٤٧** نووسین و دەرهێنانی ژۆرژ رۆکییە ⇐ بان-فاربیک: super-Farrebique واتە زەوی ئەلەرزێ لە فیلمی فاربیک ڕیالیستیتر و کۆمۆنیستیترە.

یۆنیڤێرسالیا بە شانازیی ئەوان لە هوتێل ئێکسلسوار Excelsior بەرپای کردووە، بە هەمان ئەندازە وەک پەڵەیەکی نەشیاوە کە بنەماڵەی فاربیک لە گوتوبێژی چاپەمەنی لە پاریس. ڤیسکۆنتیش وەکو ڕۆکییە نەی ئەویست ئەکتەری پیشەیی یان تەنانەت لە «تێکەڵەی» ڕۆسیلینی سوود وەربگرێ. ماسیگرانی فیلمەکەی ئەو ماسیگری ڕاستەقینەن کە لە فیلمەکەدا ڕۆڵیان بینیوە ــ هەڵبەت ئەگەر ئەم دەستەواژەیە لێرەدا دروست بێت، چونکە لێرەدا (وەک لە فیلمی فاربیک) ڕووداو بەوست لە بەرامبەر کەڵکەڵەی «دراما»دا ڕائەوەستێ: چیرۆک بەبێ گوێدان بە ڕێسای تێڕامان[٧١٥] ئەچێتە پێشەوە و تەنها دڵخۆشی بە شمەکە، وەک بە ژیانی ڕاستەقینە. بەڵام لێکچوونی لەگەڵ فاربیک تەنها ئەوەستێتە سەر ئەم لایەنانە کە زیاتر نەرێنییە تا ئەرێنی؛ **زەوی ئەلەرزێ** لە ڕوانگەی شێوازەوە زۆر لە فاربیک دوورە.

ڤیسکۆنتیش وەکوو ڕۆکییە جۆرێک پێکهاتەی ناکۆکنمای ڕیالیزم و جوانپەرستی لە بەرچاو بووە و بێگومان پێی گەیشتووە. بەڵام دارەتی هۆنەرانەی فاربیک لە بنەڕەتدا وامداری مۆنتاژە ــ بۆ وێنە دیمەنەکانی زستان و بەهار. ڤیسکۆنتی بۆ گەیشتن بەم پێکهاتەیە، پەنای نەبردووەتە بەر ئەو کاریگەرییەی بە هۆی لەتەنیشت یەکەوە دانانی وێنەکان بەدەست دێت. لێرەدا هەر وێنەیەک واتایەکی خۆی هەیە و بە شێوەی دارماڵ دەری ئەبڕێ. بەم هۆیە، لە نێوان **زەوی**

٧١٥ـ ڕێسای تێڕامان: rules of suspense لە فیلمدا، ئەگەر بڕیار بوو لە داهاتوودا شتێک زیان بە کارەکتەرەکە بگەیەنێت، لە دیمەنی سەرەتاوە پیشانی ئەدەن. پاشان ڕێگە ئەدرێت دیمەنەکە یاری بکات وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. جار جارە ئەو مەترسییەی لە ئارادایە بیری بینەران ئەکەوێتەوە. بەم شێوەیە بەردەوام ئاستی جێگەی سەرنج بۆ بینەر دروست ئەبێت.

**ئەلەرزێ** و سینەمای ڕووسیە لە نیوەی دووەمی دەهەی ١٩٢٠ کە لە بنەمادا پشتئەستوور بە مۆنتاژ بوو، جگە لە پەیوەندییەکی کەم لە ئارادا نییە. ئەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم واتا، خۆی لە ڕێگەی سەمبۆلیزمی وێنەوە دەرناخات ــ مەبەستم ئەو سەمبۆلیزمەیە **ئایزنشتەین** و **ڕۆکییە** بەکاری ئەهێنن. لێرەدا جوانناسی تایبەتی هەر وێنەیەک قاڵبگەرایە و لە هەرچەشنە ململانێ لەگەڵ چیرۆک خۆی ئەپارێزێ. هەرچەند ئەوسا کە گەمی ماسیگران لەنگەرگا بەجێ ئەهێڵێ زۆر جوان دیارە، بەڵام دیسانەوەش گەمییەکی ماسیگری گوندییە، نەک وەکوو فیلمی پۆتمکین نیشانە **خرۆش** و **پشتیوانی** دانیشتوانی **ئۆدێسا** بێت کە گەمی ماسیگری پڕ لە خواردن بۆ یاخییەکان ئەنێرن.

بەڵام ڕەنگە یەکێک بپرسێ ئەگەر ئەو ڕیالیزمەی پێشکەش کراوە، ئاوەها سادە و هەژارانەیە، کەوابوو هونەر ئەبێ لە کوێ داڵدەی خۆی بدۆزێتەوە؟ وەڵام ئەوەیە لە هەر کوێ بیەوێ، بە تایبەت لە چۆنایەتی تایبەتی فیلمگرتندا. هاوڵاتی **ئاڵدۆ**[٧١٦] کە بەر لەم فیلمە هیچ کارێکی شیاو لە کارنامەیدا نەبوو و، تەنها وەک فیلمگری ستۆدیۆیی ناسرابوو، لێرەدا شێوازێکی زۆر ڕەسەنی ئافراندووە، کە من نموونەی جگە لە فیلمە کورتەکانی **ئارنە ساکدۆرفی**[٧١٧] سویدی، لە شوێنی تر پێ شک نایەت.

بۆ کورتکردنەوەی گوتە، تەنها ئاماژە بەوە ئەکەم کە من لە وتارێک بە ناوی: «**ڕیالیزمی سینەمایی و بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی ئیتالیا**» (ئێسپریت، جانیوەری ١٩٤٨) سەبارەت بە فیلمی ئیتالیایی ١٩٤٦ نووسیبووم، هەندێ لە لایەنەکانی ئەم ڕیالیزمە سینەماییە کە

٧١٦ـ ئاڵدۆ: Aldo فیلمگری فیلمی زەوی ئەلەرزێ.

٧١٧ـ ئارنە ساکدۆرف: Arne Sucksdorff (١٩١٧ ـ ٢٠٠١) دەرهێنەری سویدی.

لەو سەردەمەدا برەوی هەبوو، ناو برد و گەیشتمە ئەو ئەنجامەی **فاربیک** و **هاوشاری کەین** لە دوو جەمسەری تەکنیک و شێوازی ڕیالیستی دان. ڕیالیزمی **فاربیک** لە خودی بابەتەکەوە سەرچاوە ئەگرێ و ڕیالیزمی **هاوشاری کەین** لەو شێوازەوە بە هۆیەوە ئەوەی پیشانی ئەدات، پێک ئەهێنێ. لە **فاربیک** هەموو شت ڕاستەقینەیە. لە **هاوشاری کەین** هەموو شت لە ستۆدیۆ سازکراوەتەوە ـــ بەڵام تەنها بە هۆی ئەوەوە کە گەیشتن بەو ڕووناکییە قووڵە و ئەو وێنە ئاڵۆزانە لە شوێنانی ڕاستەقینە ئەگەری لوانی نەبووە. **پایزا** ئەکەوێتە میانەی ئەم دوو جەمسەرەوە. بەڵام بە هۆی وێنەکانییەوە لە **فاربیک** نزیکترە، لە کاتێکدا، جوانناسی ڕیالیستی لە ڕێگەی بەرداشتێکی تایبەت لە گێڕانەوە ڕێگەی بۆ هەناوی فیلم و لە ناو پاژەکانی ڕاستەقینەدا ئەکاتەوە.

وێنەکانی **زەوی ئەلەرزێ** ئەگاتە ئاستێک لە پلەی یەکەمدا ناکۆک خۆیا ئەکات، بەڵام لە ڕوانگەی پێکهاتەی ڕیالیستی جوانناسانەی **هاوشاری کەین** لەگەڵ ڕیالیزمی بەڵگەیی **فاربیک** شاکارە. ئەگەر نەتوانین بڵێین یەکەم جارە ڕووناکی قووڵ لە دەرەوەی ستۆدیۆ بەکار ئەهێنرێ، لانیکەم، ئەتوانین لێبڕاوانە بڵێین یەکەم جارە لە دیمەنی دەرەوە، لە باران و تەنانەت لە شەوی نووتەکدا، بە هەمان ئەندازە وشیارانە و بەبەرنامە بەکار ئەهێنرێ، کە لە دیمەنی ناوەوە و لە دیمەنی ڕاستەقینەی خانووی ماسیگراندا. لێرەدا ناتوانم بە دوور و درێژی ئەم بلیمەتییە تەکنیکیە شی بکەمەوە، بەڵام ئەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم ڕووناکی قووڵ نە تەنها ڤیسکۆنتی (و هەروەها وێلزی) بەرەو لابردنی مۆنتاژ بردووە، بەڵکوو بە واتای

وردی وشە جۆرێکی تازە لە دێکۆپاژیان داهێناوە.[٧١٨] «دیمەنەکانی» ئەو (ئەگەر بکرێ ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنین) بە ڕادەیەکی نائاسایی درێژن ــ هەندێکیان سێ چوار خولەکیان پێئەچێ و لە هەرکامیاندا وەک چاوەڕوانین، چەند ڕووداوی هاوکات ڕوو ئەدات. بە ڕاستی، ڤیسکۆنتی ویستوویەتی بە شێوەیەکی سیستەماتیک بنەمای وێنەکانی لەسەر خودی ڕووداو دامەزرێنێ. ئەگەر ماسیگرێک جگەرە ئەپێچێتەوە، ڤیسکۆنتی هیچمان لێ درێغ ناکات و هەموویمان پیشان ئەدات؛ دیمەن، بە پێچەوانەی ئەوەی لە مۆنتاژدا باوە، دانابەزێ بۆ ئاستی دراماتیک یان وێناییەکەی؛ دیمەنەکان بە زۆری نەگۆڕن و

---

٧١٨ـ بەکارهێنانی وشەی تەکنیکی لە لای بازن. لە زمانی فەڕانسە وشەی تەکنیکی سینەمایی هەندێ جار بەهەڵەماندا ئەبەن. چونکە هەمیشە ئەو واتایان نییە کە لە نیگای یەکەم (یان وەرگێڕانی یەکەم) وەریان ئەگرین. ئەم پێناسەی ژێرەوە لە سێ وشە کە بازن لە وتارەکانیدا بەکاری هێناوە ڕەنگە یارمەتی خوێنەر بدات کە تووشی وەرگێڕانی زارەکی نەبێت:

**دێکۆپاژ:** Découpage بە واتای بڕین یان ئێدیت نییە، ئەگەر ئەم قۆناغەش بگرێتەوە؛ بە زۆری مەبەست لەم وشەیە تەشک یان پێکهاتەی کۆتایی فیلمە لەسەر کاغەز. تەشکێکە کە فیلم پاشان لەسەر پەردەی ئەیبێت؛ بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی بە زۆری **«فیلمنامەی تایبەت بۆ فیلمگرتن»**ـە.

**میزانسن:** Mise en scène وشەیەکی شانۆییە و بە واتای بەدیهێنان یان ئافراندنی فیلمە بە دەستی دەرهێنەر. میزانسن ئەتوانرێ یان ئەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەکار ببرێ؛ بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا واتایەکی فراوانتری وەرگرتووە و ئاماژەی بە زۆر توخمی شێوازی دەرهێنەر هەیە.

**مۆنتاژ:** Montage بەناچار بە هەمان واتای باو و بە واتای مۆنتاژی ڕووسی یان «کلاسیک» بەکار نایەت. لە زمانی فەڕانسە ئەم وشەیە بە زۆری بە واتای «سوارکردن» یان ڕێزکردنی نموودەکانە ـئەوەی بە شێوەی ئاسایی پێی ئەڵێین ئێدیت یان بڕین. تێبینی: هیو گرەی

کەسان و شتەکان ئەچنە ناو چوارچێوەی وێنەوە و لەوێ ئەمێننەوە. بەڵام ڤیسکۆنتی ڕاهاتووە جۆرێکی تایبەتی دیمەنی سووڕاو بەکار بهێنێ، کە جووڵانی کامێرا لە کەوانێکی بەرین و زۆر ئارامدا ڕوو ئەدات: ئەمە تەنها جووڵانی کامێرایە کە ڤیسکۆنتی ڕێگەی پێ ئەدات. چونکە ئەو، هەموو دیمەنە بەردەوامەکان و هەڵبەت هەموو گۆشە نائاساییەکانی کامێرا دەرئەهاوێژێ.

ئاسایی بوونی چاوەڕواننەکراوی ئەم پێکهاتەیە تەنها لە ئەنجامی هاوسەنگی قاڵبگەرییە کە تێیدا هەیە ــ چەشنێک هاوسەنگی کە تەنها وێنە ئەتوانێ بەدی بهێنێ. بەڵام ئەم وێنەیە، جگە لە لێهاتوویی بەرەنجامی تایبەتمەندی تەشکی، پیشانی ئەدات فیلمسازەکان بە باشی ئاگایان لە بابەتەکە هەبووە. ئەم خوڵە بە تایبەت لە دیمەنی ناوەوە، کە تا ئێستە ئەوەندە بەکار نەهێنراوە، جێگەی سەرنجە. دژوارییەکانی تیشک و فیلمگرتن ڕێگەی لەوە گرتووە لە شوێنی ڕاستەقینەی ناوەوە وەکوو ناوگۆرکی ڕووداو کەڵک وەربگرن. هەڵبەت هەندێ جار کاری واش کراوە. بەڵام بەرەنجامی لە ڕوانگەی جوانناسییەوە نزمتر لە دیمەنی دەرەوە بووە. لێرەدا بۆ یەکەم جار لە سەرانسەری یەک فیلمدا، لە نێوان دیمەنی ناوەوە و دەرەوە، شێوازی دێکۆپاژ، یاری ئەکتەرەکان و، بەرەنجامی فیلمگرتن هیچ جیاوازییەکی چۆنی نییە. بایەخ و ڕەسیدی ڤیسکۆنتی لە تازەیی ئەم سەرکەوتنەیەوە سەرچاوە ئەگرێ. سەرەڕای دارەتی هەژارانە یان تەنانەت بە هۆی «ئاساییبوون»ی سادەی خانووی ماسیگیران، چەشنێک هۆنراوەی ناوازە کە لە پلەی یەکەمدا دۆستانە و کۆمەڵایەتی خۆیا ئەکات، سەرچاوەی لێ وەرئەگرێ.

ئەو شێوازە ئوستادانەی ڤیسکۆنتی بۆ ڕابەری ئەکتەرەکان

هەڵبژاردووە، شیاوی پەسنێکی فراوانە. هەڵبەت لە مێژووی سینەمادا یەکەم جار نییە لە فیلمێکدا ئەکتەری ناپیشەیی بەکار هێنراوە، بەڵام بەر لەمە هەرگیز (ڕەنگە جگە لە فیلمی سەبارەت بە «وڵاتی بێگانە» کە لەوانەدا ئەم پرسگرە شێوەیەکی تایبەت وەرئەگرێ) ئەکتەران و تایبەتمەندترین توخمەکانی جوانناسانە ئاوەها پسپۆڕانە لێک نەئاڵاون. ڕۆکییە نەی ئەزانی بە چ شێوەیەک ڕابەری ئەندامانی بنەماڵە بکات کە ئێمە هەست بە بوونی کامێرا نەکەین. هەڵبەت ئەو، شڵەژان و خەندەی گرژ و ناشیگەریەکانی بە ئێدیت داپۆشاوە و لە شوێنی خۆیدا بڕیونی. لە **زەوی ئەلەرزێ** هەندێ جار ئەکتەر ڕوو لە کامێرا چەند خولەک ئەڵێ یان ئەجووڵێ و ڕۆڵ ئەبینێ، ئەویش بە دارەتێکی زۆر سروشتی ــ و تەنانەت ئەتوانم بڵێم بە ناسکی و بە شەنگییەکی بێوێنەوە. ڤیسکۆنتی کە خۆی هیی شانۆیە، ئەزانێ ئەکتەرانی ناپیشەیی **زەوی ئەلەرزێ** لە شتێکی زیاتر لە ئاساییبوون تەژی بکات، واتە لە چەشنێک پالفتەکردنی جووڵە کە لوتکەی کاری هەر ئەکتەرێکە. ئەگەر دەستەی داوەرانی فستیڤاڵی ڤێنیزیا ئەوانە نەبوایەتن کە هەن، خەڵاتی باشترین ئەکتەر ئەدرا بە ماسیگرانی فیلمی **زەوی ئەلەرزێ.**

**ڤیسکۆنتی** پیشانی ئەدات نیوڕیالیزمی ئیتالیایی ساڵی ١٩٤٦ زیاتر لە بیست ساڵ دوا کەوتووە. لە هونەردا، پلەبەندی شوێنی نییە، بەڵام سینەما هونەرێکی زۆر جەوانە و وەها بە گەشەکردنی خۆیە سەرقاڵە، ناتوانێ تەنانەت بۆ خولێکی کورت خۆی پاتە بکاتەوە. پێنج ساڵی تەمەنی سینەما بەرامبەرە بە بەرەیەکی دارماڵی وێژە. بایەخی ڤیسکۆنتی لەوە دایە توانیوێتی بەردەوامی دیالکتیکی دەسکەوتەکانی ئەم دواییانەی ئیتالیا لەگەڵ چەشنێک




ڕیالیزمی دەوڵەمەندتر و بەرفراوانتر، کە ئەمڕۆ ناوهێنانی بە «ڕیالیزم» بێواتایە، تێکەڵ بکات. مەبەستم ئەوە نییە **زەوی ئەلەزێ** باڵاتر لە **پایزا** یان **ڕاوەدووی ناسۆرە**، بەڵکوو مەبەستم تەنها ئەوەیە لانیکەم، ئەو تازیارەی هەیە لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەو دوو فیلمەی بەجێ هێشتووە. بە بینینی باشترین فیلمەکانی ١٩٤٨ ئەو هەستە لە مندا بەدی هات، ڕەنگە چارەنووسی سینەمای ئیتالیا ئەوەیە تا داڕزان و پاسفەندەیی خۆی پاتە بکاتەوە.

**زەوی ئەلەزێ** تەنها ڕێگەی ڕەسەنی دەربازبوون لەم بنبەستەی جوانناسییە و، بە گوتەیەک ئەتوانین بڵێین باری هیواکانی ئێمەی بە کۆڵ هەڵگرتووە.

ئایە ئەمە بەو وایاتە ئەو ئومێدانەی ئێمە بەدی دێن؟ نەخێر، بە داخەوە دڵنیاییەکی وەها لە ئارادا نییە. چونکە **زەوی ئەلەزێ** هێشتاش ڕووبەڕووی هەندێ بنەمای سینەمایی بووەتەوە کە ڤیسکۆنتی لە فیلمەکانی داهاتوودا، بە شێوەیەکی دڵکاوتر لەگەڵیان هەڵسوکەوت ئەکات. بە تایبەت ئەوەوی کە نایەوێ هیچ شتێک بکات بە سەرگەردی دراما، ئەنجامێکی ئاشکرا و گرنگی هەیە: **زەوی ئەلەزێ** پشووی بینەر تەنگ ئەکات. چونکە فیلمێک بەم کەمە چالاکییە زیاتر لە سێ کاتژمێر درێژە ئەکێشێ. ئینجا ئەگەر لەم پرسگرانە، زمانی فیلمەکەیش زیاد بکەین کە بە زاراوەی تایبەتی سێسیلیایە (و بە گوێرەی شێوازی وێنەکانی فیلم ئەگەری ژێرنووسیشی نییە) و تەنانەت خودی ئیتالیاییەکان تێی ناگەن، بۆمان دەرئەکەوێ ئەم «سەرگەرمییە» ئەشکەنجەدەرە و سەرکەوتنێکی بازرگانی ئەوتۆ چاوەڕێی ناکات. لە ناخی دڵەوە هیوادارم کۆمپانیای




یۆنیڤێرسالیا ڕۆڵی پشتوانی هونەر و وێژە وەها ئەنجام بدات کە ڤیسکۆنتی بتوانێ پشت بە سامانی فراوانی و بەشداربوون لە تێچووەکان، ئەو سییانەی لە سەری دایە و **زەوی ئەلەزێ** تەنها یەکەم دانەیانە، بگەیەنێتە ئەنجام. لەم دارەتەدا ڕووبەڕووی زەبەلاحێکی سینەمایی ئەبینەوە کە کەڵکەڵەی باڵای ئەندێشەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەو لە ئاستی تێگەیشتنی جەماوەر بە دوور ئەبێ. لە جیهانی سینەمادا پێویست ناکات هەموو کەس هەموو فیلمێک پەسەند بکات، بەو مەرجەی ئەو بەشانەی بۆ جەماوەر دژوارە بە شتی تر قەرەبوو بکرێتەوە. بە گوتەیەکی تر، ئەگەر بڕیارە فیلمی **زەوی ئەلەزێ** لە خزمەتی گەشەی سینەمادا بێت، ئەبێ جوانناسییەکەی بەکاری مەبەستی دراماتیک بێت.

زێدە لەوەش، ئەبێ چەشنێک وازی بەرەو جوانپەرستیشمان لە بەرچاو بێت، کە بە گوێرەی ئەوەی بە هەق لە ڤیسکۆنتی چاوەڕوان بووین، مایەی ترس و دڵەڕاوکەیە. ئەم بەگزادە مەزنە کە سەر هەتا پا هونەرمەندە، کۆمۆنیستیشە ــ ئایە بوێرم بڵێم کۆمۆنیستی دەستکردە؟


**زەوی ئەلەزێ** گوڕی دەروونی نییە. مرۆڤ ئەخاتەوە بیری شێوەکارانی مەزنی ڕێنسانس کە ئەیانتوانی بەبێ ئەوەی خۆیان بڕەنجێنن، بەوپەڕی کەمتەرخەمی بە ئایینی مەسیحی، فرێسکۆی ئایینی بەدی بهێنن، کە لەو پەڕی جوانیدا بێت. لێرەدا نامەوێ لەمەڕ ڕاستگۆیی ڤیسکۆنتی سەبارەت بە بڕوای بە کۆمۆنیزم داوەری بکەم. بەڵام ڕاستگۆیی چییە؟ ئاشکرایە مەبەست چەشنێک هەستی باوکانە سەبارەت بە چینی کرێکار نییە. باوکسالاری دیاردەیەکی

بۆرژوازییە، بەڵام ڤیسکۆنتی بەگزادەیە. پرسگری ئەو چ جایە چەشنێک بەشداری جوانناسانە لە مێژوودا بێت. هەر چۆنێک بێ، لەو بڕوا ئاشکرای **پۆتمکین** یان **کۆتایی سەن پێترزبۆرگ** یان تەنانەت کارەکانی **پیسکاتۆر**[٧١٩] (کە هەمان ناوەرۆکی هەیە) زۆر دوورین. گومان لەوەدا نییە ئەم فیلمە بایەخی بانگەشەیی هەیە، بەڵام ئەم بایەخە تەواو بابەتییە: هیچ چەشنە دەربڕینی کاریگەری تێدا نییە کە ببێ بە پشتیوانی هێزی بەڵگەیی فیلمەکە. مەبەستی ڤیسکۆنتیش هەر ئەمە بووە. ئەمەش خۆبەخۆ کێشەری هەیە. بەڵام تووشی مەرجبەندییەکی سامناکی ئەکات کە بۆی هەیە بە مسۆگەری بەرندە نەبێت. لانیکەم، لە بواری فیلم و سینەمادا، بەڵام هیوادارم فیلمی تازەی ئەوە دەربخات کە ئەتوانێ بەرندە ببێت. بەڵام نیشانەکان وای دەرئەخەن بەرندە نابێت، مەگەر ئەوەی خۆی لەو ڕێباز و ئاراستەیە بپارێزێ کە بە شێوەیەکی مەترسیدار وازی بۆی هەیە◆

*Esprit, December 1948*

---

٧١٩ـ ئاماژەی بازن بە فیلمی شۆڕشی ماسیگرانە The Revolt of the Fishermen، کە ئوروین پیسکاتۆر دەرهێنەری ئاڵمانی شانۆ، ساڵی ١٩٣٤ لە مزراپووم دروستی کرد. ئەو لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم کە لە سۆڤیەت تەرە بوو، شانۆی کرێکاری دامەزراند. برێشت Brecht لە سەردەمی گەنجێتی هاوکاری لەگەڵ پیسکاتۆر کرد و کاریگەری زۆری لەسەر برێشت هەبوو. ⇦ پیسکاتۆر: Erwin Piscator (١٨٩٣ـ١٩٦٦) دەرهێنەری ئاڵمانی شانۆ.




## دزانی پاسکیل

ئەوەی سەبارەت بە سینەمای ئیتالیا بۆ من سەرسامهێنەرە، ئەوەیە کە بە ڕاستی، ئەیەوێ لەو بنبەستە جوانناسانە کە ئەڵێن نیۆڕیالیزم بەوە گەیشتووە، خۆی ڕزگار بکات. ئێستە کە کاریگەری سەرسامهێنەری ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ کاڵ بووەتەوە، ئەو ترسە کەوتووەتە دڵەوە نەکا ئەم کاردانەوە سوودمەند و هۆشمەندانەیە لە بەرامبەر جوانناسی ئیتالیایی فیلمی ڕازاوە و، لەئەنجامدا، لە ئاستێکی گشتیتر، لە بەرامبەر جوانپەرستی تەکنیکی کە سینەمای سەرانسەری جیهان تووشی بووە، نەتوانێت هەرگیز لە تامەزرۆیی بۆ چەشنێک گوزارشتی بەڵگەیی یان ڕۆمانسیکراو تێپەڕێ. تازە ئەزانین سەرکەوتنی فیلمی وەکوو **ڕۆما، شاری بێ شووره** یان **پایزا** یان **شەمارەنگ** ناتوانین لە کۆمەڵەی هەلومەرجی مێژوویی جیا بکەینەوە، کە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی واتای پێ ئەبەخشێ. زێدە لەمەش، تێئەگەین بەهای شۆڕشگێڕانەی بابەتی ئەم فیلمانە ئەبێتە هۆی ئەوەی تەکنیکی ئەوانەش بەرجەستەیی و نموود پەیدا بکات. ڕێک بە هەمان شێوە کە هەندێ لە پەرتووکەکانی مالرۆ یان هێمینگوەی باشترین قاڵبی گێڕانەوەیان بۆ تراجێدیای ڕووداوە هەنووکەییەکان لە ڕەوتی




خەملێندا شێوازێکی ڕۆژنامەییان وەرگرتووە، فیلمەکانی ڕۆسیلینی و دی سیکایش شاکاربوون و بەرجەستەبوونی خۆیان تەنها وامداری پێکهاتەی شیاوی تەشک و ناوەرۆکن. بەڵام ئێستە کە تازەیی و، لە هەموو گرنگتر، کەشی بەرەنجامی کرچوکاڵی تەکنیکی ئەم فیلمانەش کاریگەری سەرسامهێنەری خۆیان لەدەست داوە، لە «نیۆڕیالیزمی» ئیتالیا، کە لە بن گوشاری هەلومەرجدا ناچار پەنای بردووەتە بەر ناوەرۆکی نەریتی وەکوو چیرۆکی تاوانکاری و درامای دەروونناسی و گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی، ئیتر چی ئەمێنێتەوە؟ هێشتا ئەتوانین بوونی کامێرا لە کۆڵان و شەقام پەژێرە بکەین. بەڵام ئایە ئەم چەشنە ڕۆڵبینینە پەسنئامێزە ناپیشەییە کە ئەبینێ ئەکتەرانی ئەچنە ڕیزی ئەستێرە جیهانییەکانەوە، تا ڕادەیەک خۆیان بە سزادراو نازانن؟ ئینجا ئەگەر ئەم بەدبینییە جوانناسانە پەرە پێبدەین، ئەتوانین بڵێین: «ڕیالیزم» تەنها ئەتوانێ پێگەیەکی دیالکتیکی لە هونەردا پەیدا بکات ــ کە ئەمەش چەشنێک کاردانەوەیە تا ڕاستەقینە. کەواتە، تەنها کارێک ئەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو کارە بە بەشێکی بچووک لە جوانناسی دابنێین کە ڕیالیزم بۆ سەلماندنی ئەو بەدی هاتووە. هەر چۆنێک بێ، ئیتالیاییەکان دوا کەسان نەبوون کە «نیۆڕیالیزم»ی خۆیان بێبایەخ کرد. وا بزانم تەنانەت یەک دەرهێنەری ئیتالیایی، تەنانەت زۆر نیۆڕیالیستیش، نادۆزینەوە پێ لەسەر لابردنی نەچەقێنێ.

ڕەخنەگرانی فەڕانسەییش تووشی دڕدۆنگی بوون ــ بە تایبەت لەو کاتەوە کە ئەم نیۆڕیالیزمە خۆی نیشانەکانی دابەزینی ئاشکرا کرد. ئەو کۆمێدییانە هاتنە سەر پەردە کە خۆبەخۆ پەژێرە کران.




ئەم کۆمێدییانە بە ئاشکرا لە فۆرمۆلای فیلمی وەکوو **چوار هەنگاو لە ناو هەوران** یان **ژیان لە ئاشتی** سوودیان وەرئەگرت. بەڵام لە هەموو خراپتر، سەرهەڵدانی چەشنێک فیلمی زۆر سەرنجڕاکێشی نیۆڕیالیزم بوو کە لەوانەدا گەڕان بۆ دیمەنی ڕاستەقینە، ڕووداوی وەرگیراو لە ژیانی ئاسایی، وێناکردنی گەڕەکە هەژارنشینەکان و، پاشزەمینەی «کۆمەڵایەتی» ببوون بە قاڵبێکی ئاکادمیک کە لە فیلمی وەکوو فیلەکانی شیپیۆی ئەفریقایش بێتامتر بوون. چونکە فیلمی نیۆڕیالیستی ئەتوانێ هەر کەموکووڕییەکی هەبێ جگە لە کێماسی ئاکادمیک. فیلمی **پەیمان لەگەڵ ئەهریمەن**[٧٢٠] بەرهەمی **لویچی چیارینۆ**[٧٢١]، کە مێلۆدرامایەکی هێمنە لەمەڕ ئەوینێکی گوندی و لە فێستیڤاڵی ڤێنیزیا پیشان درا، بە دژواری توانیبووی بۆ دەمەقاڵەی نێوان شوانە و گەڵەوان، بیانوویەکی هاوچەرخانە بدۆزێتەوە. ئەم ڕەخنەیە فیلمی **بەناوی قانوونیش**[٧٢٢] ئەگرێتەوە؛ هەرچەند ئەم فیلمە لە هەندێ لایەنەوە باش بوو و ئیتالیاییەکان تێکۆشان لە «نۆک لە زۆت»[٧٢٣] بیخەنە سەرەوە. لەم دوو نموونەوە بۆمان دەرئەکەوێ


---

٧٢٠ـ پەیمان لەگەڵ ئەهریمەن: Il Patto col diavolo فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی لویجی چیارینۆ.

٧٢١ـ لویجی چیارینۆ: Luigi Chiarini (١٩٠٠ـ١٩٧٥) تیوریسیەن، ڕەخنەگر و دەرهێنەری سینەمای ئیتالیایی.

٧٢٢ـ بەناوی قانوون: In nome della legge فیلمی سینەمایی ئیتالیایی ١٩٤٩، دەرهێنانی پیەترۆ جێرمی Pietro Germi.

٧٢٣ـ نۆک لە زۆت: Knokke_le_Zoute شارێکە لە فلاندرزی بەلجیکا.






نیۆڕیالیزمی ئەمڕۆ، ڕەنگە لە ڕووی پارێز و سەبارەت بە چارەنووسی نیۆڕیالیزمی شاری، زیاتر ڕووی کردوەتە کێشەی گوندی. گوندی داخراو، بووە بە جێگرەوەی **ڕۆما، شاری بێ شوورە.**

هەر چۆنێک بێ، ئەو هیوای بە فێرگەی تازەی ئیتالیا بەستبوومان تووشی دڵەڕاوکە و تەنانەت دڕدۆنگی بووە، زیاتر بەو هۆیەوە کە جوانناسی فێرگەی نیۆڕیالییستی ڕێگری ئەوەیە خۆی بەو شێوەی لە هەندێ ژانری نەریتی (وەکوو فیلمی تاوانکاری، وێستێرن، فیلمی گەشتیاری و وەکوو ئەوانە) ئەلوێ و تەنانەت باوە، پاتە بکاتەوە یان پەنا بۆ دزی هونەری ببات. بەڵام سەبارەت بە ئینگلیز ئەبێ بڵێم لەدایکبوونی سینەمایی ئەم دواییەی، تا ڕادەیەک، بەرەنجامی ڕیالیزمە: ڕیالیزمی فێرگەی بەڵگەییسازان کە بەر لە جەنگ و لە ماوەی جەنگدا بە قووڵی چوونە ناو ئەو بابەتانەوە کە ڕۆژەڤی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی بەدی هێنابوو. ڕەنگە ئەگەر دە ساڵ چالاکی پێشووی **گرەیەرسن**[٧٢٤]، **کاڤالکانتی**[٧٢٥] یان **ڕۆسا**[٧٢٦] نەبوایەت، فیلمی وەکوو **ڕووبەڕووبوونەوەی کورت**[٧٢٧]


---

٧٢٤ـ گرەیەرسن: John Grierson (١٨٩٨ـ١٩٧٢) پێشەنگی بەڵگەییسازی سکاتلەندی و پاشان کانادایی.

٧٢٥ـ کاڤالکانتی: Alberto Cavalcanti (١٨٩٧ـ١٩٨٢) دەرهێنەر و نووسەر و بەرهەمهێنەری برازیلی.

٧٢٦ـ ڕۆسا: Paul Rotha (١٩٠٧ـ١٩٨٤) فیلمسازی بەڵگەیی بریتانیایی.

٧٢٧ـ ڕووبەڕووبوونەوەی کورت: Brief Encounter فیلمی بریتانیایی ١٩٤٥، دەرهێنانی دەیڤید لین David Lean.






دروست نەئەکرا. بەڵام ئینگلیز لەبری دابڕین لە هونەر و مێژووی سینەمای ئورووپا و ئەمریکا، توانیوێتی چەشنێک جوانپەرستی زۆر پاڵفتە لەگەڵ دەسکەوتەکانی ڕیالیزم تێکەڵ بکات. هیچ فیلمێک نادۆزینەوە بە ئەندازەی **ڕووبەڕووبوونەوەی کورت** بە پێکهاتەیەکی ئاوەها تۆکمە و وردبینانەوە ساز کرابێ ــ فیلمێک کە سەرەڕای نەبوونی ستۆدیۆی سەردەمیانەی دارماڵ و نەبوونی ئەکتەری ناسراو، دیسانەوەش دڵکاوە. ئایە ئەتوانین فیلمێک وێنا بکەین لە ڕەفتار و دەروونناسی ئینگلیزی وێنایەکی لەمە ڕیالیستیتر بدات بەدەستەوە؟ مسۆگەر **دەیڤید لین**[٧٢٨] بە دروستکردنی فیلمی **دۆستانی بەگوڕ**[٧٢٩] کە چەشنێک بەدیهێنانەوەی **ڕووبەڕووبوونەوەی کورتە** و، ئەمساڵ لە فستیڤاڵی کان پیشان درا، هیچ کارێکی گرنگی نەکردووە. بەڵام ڕەخنەی ئێمە تەنها لە پاتەکردنەوەی بابەتە، نەک لە پاتەکردنەوەی تەکنیک، چونکە تەکنیک ئەتوانرێ تا ناکۆتا بەکار بهێنرێت.[٧٣٠]

---

٧٢٨ـ دەیڤید لین: David Lean (١٩٠٨ـ١٩٩١) دەرهێنەری فیلمی ئینگلیزی.

٧٢٩ـ دۆستانی بەگوڕ: The Passionate Friends فیلمی بریتانیایی ١٩٤٩ی لین.

٧٣٠ـ ئەم بەندە کە پەسنی سینەمای ئینگلیزە نە فەڕانسە، لەو ڕووەوەیە کە هەڵەشەیی ڕەخنەگران سەبارەت بە سینەمای ئینگلیز پیشان بدەم: سینەمایەک زۆر کەسانی وەکوو من چێژیان لێ وەرگرتووە. **ڕووبەڕووبوونەوەی کورت** تا ڕادەیەک هەمان کاریگەری لەسەرم هەبوو کە **ڕۆما، شاری بێ شوورە**. تێپەڕینی کات پیشانی دا داهاتووی سینەمایی ڕاستەقینە هیی کێ بووە. جگە لەوە، فیلمی نوێل کۆوارد ـ دەیڤید لین ئەوەندە وامداری فێرگەی بەڵگەییسازی جان گرەیەرسن نییە. تێبینی: بازن [ئەم یاداشتە، بازن چەند ساڵ پاش چاپی وتارەکە، ڕەنگە ساڵی ١٩٥٦ زیادی کردبێ.] تێبینی: هیو گرەی]

ئایە هەتا ئێستەش بە ئەندازەی پێویست مشتوومڕم بەرپا نەکردووە؟ ئێستە ئەمەوێ ددان بە خاڵێکدا بنێم: گومانەکانی من لەمەڕ سینەمای ئیتالیا هەرگیز تا ئەم ڕادەیە نەبووە. بەڵام هەموو ئەو مشتوومڕانەی هەڵمگیرساندووە، قازانجی بۆ ڕووناکبیران ــ بە تایبەت لە ئیتالیاــ هەبووە و بە داخەوە بەڕسیدیش خۆیا ئەکەن. ئەم مشتوومڕانە بە زۆری ئەبنە هۆی ژانەسەر و، ددان بەوەدا ئەنێم خۆم هەندێکیانم پشتڕاست کردوەتەوە.

بەڵام لە لایەکی ترەوە، ڕووبەڕووی **دزانی پاسکیل** و دوو فیلمی تر بووینەتەوە کە هیوادارم ئەوانیش بەمزوانە لە فەڕانسە نمایش بدەن. دی سیکا بە فیلمی **دزانی پاسکیل** توانیوێتی لە بنبەستی جوانپەرستی هەڵێت و جوانپەرستی نیۆڕیالیزم دووبارە زیندوو بکاتەوە.

**دزانی پاسکیل** بە گوێرەی هەموو ڕێسای دەرهێنان باشترین فیلمی ئیتالیاییە لە ١٩٤٦ـەوە تا ئێستە و، بێگومان فیلمێکی نیۆڕیالیستییە. سەربردەی ئەم فیلمە سەبارەت بە چینەکانی خواروی کۆمەڵگەیە و تا ڕادەیەک جەماوەرییە: ڕووداوێک لە ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران. وەلێم لەم فیلمەدا ڕووداوی نائاسایی وەکوو ئەوانەی بەسەر کرێکارانی چارەڕەشی فیلمەکانی گابۆن دێت، هیچ شوێنەواریان نییە. لەو تاوانە هەوەسبازانە یان ڕووداوی دوور و درێژ و چیرۆکی کاراگایی، واتە ئەو چیرۆکانەی تەنها سەربردەی مەزن و تراجێدیای پێشتر تایبەت بە دانیشتوانی کێوی ئۆلیمپ ئەگوێزنەوە بۆ کەوشەنی نامۆگەری کرێکاری، هیچ شوێنەوارێک نییە. لە ڕاستیدا، ڕووداوێکی نەگرنگ و تەنانەت بێبایەخ ڕووی داوە: کرێکارێک ڕۆژێکی تەواو لە شەقامەکانی ڕۆمادا بە دوای پاسکیلە دزراوەکەیدا ئەگەڕێ. ئەم پاسکیلە، ئامرازی کاری بووە و ئەگەر نەیدۆزێتەوە بێکار ئەبێت. لە

کۆتایی ڕۆژدا، لە پاش چەندین کاتژمێر کڕکاشی بێئەنجام، ئەویش تێئەکۆشێ پاسکیلێک بدزێ. ئەگیرێت، بەڵام بەری ئەدەن. ئینجا دیسان بیچارەیە. لە خۆی تەرێق ئەبێتەوە، چونکە خۆی تا ئاستی دزێک دابەزاندووە.

ڕوونە ئەم سەربردەیە تەنانەت دەستمایەی ئەوەی نییە لە ستوونی هەواڵی ڕۆژنامەدا چاپ بکرێ: هەموو چیرۆکەکە تەنانەت لە دوو دێڕی ستوونی «سەگی ونبوو»دا جێگەی نابێتەوە. لێرەدا ئەبێ سەرنج بدەین ئەم چیرۆکەمان لەگەڵ تراجیدیای ڕیالیستی بە شێوازی **پرێڤەر**[٧٣١] یا یان **جەیمز کەین**[٧٣٢] لێ تێک نەچێت. چونکە لەوانەدا هەواڵی سەرەتایی داوێکی ئەهریمەنییە کە خواکان لە بەردچنی شەقامەکاندا چاندوویانە. ئەم چیرۆکە هیچ ناسکییەکی دراماتیکی نییە و تەنها لەبەر دۆخی کۆمەڵایەتی سەرگەرد (و نەک دۆخی دەروونناسی یان جوانناسی ئەو) واتا پەیدا ئەکات. جگە لە تارمایی سەرگەردانی بێکاری کە دەری ئەخات ڕووداو لە ئیتالیای ١٩٤٨دا ڕوو ئەدات، ئەم ڕووداوە جگە لە بوویەرێکی ناخۆش و ئاسایی هیچی تر نەبووە. زێدە لەمە، هەڵبژاردنی پاسکیل وەکوو کەرەستەی سەرەکی دراما، هەم نیشاندەری ژیانی شاری ئیتالیا و هەم نیشانەی خولێکە کە ئامرازی هاتوچۆی ماشینی دەگمەن و گرانبایی بووە. پێویست ناکات سەدان نموونەی واتاداری تر ئاماژە پێ بدەم، کە هەموویان پەیوەندی ژیانیی فیلمنامە و ڕاستەقینە چەند بەرامبەر ئەکەن و ئەم ڕووداوە ئەخەنە دۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی

٧٣١ـ پریڤەر: Jacques Prévert (١٩٠٠ ـ ١٩٧٧) فیلمنامەنووسی فەڕانسەیی.

٧٣٢ـ جەیمز کەین: James Cain (١٨٩٢ ـ ١٩٧٧) فیلمنامەنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی.

دیاریکراو و لە شوێن و کاتی دیاریکراودا دای ئەنێن. تەکنیکی بەکارهێنراو لە میزانسنیش هەماهەنگە لەگەڵ تایبەتمەندی وردبینانەی نیۆڕیالیزمی ئیتالیایی. تەنانەت یەک دیمەنیش لە ستۆدیۆ تۆمار نەکراوە و هەموو دیمەنەکان لە شەقام گیراون. بەڵام سەبارەت بە ئەکتەران، هیچکامیان بچووکترین ئەزموونی لە بواری ئەکتەری شانۆ یان سینەمادا نەبووە. مێردەکە کرێکاری کارگەی برەدا Breda بووە، کوڕە لە شەقامەکاندا ئەخولایەوە، ژنی کابرا ڕۆژنامەنووس بووە.

ئەمانە، ڕاستەقینەی ئەم نموونەن. ڕوونە ئەم تایبەتمەندییانە بە هیچ شێوەیەک بیرخەرەوەی نیۆڕیالیزمی **چوار هەنگاو لە ناو هەوران** یان **ژیان لە ئاشتی** یان **شەمارەنگ** نییە. وا دیارە بۆ ئەم پارێزە ئەبێ هۆکاری تایبەت پێشکەش بکەین. ڕەهەندی نزمنمایی ئەم چیرۆکە گرەوشتی بەرەو لایەنێک لە چیرۆکی ئیتالیایی هەیە کە زۆر جێگەی مشتومرە: واتە قەبەکردنەوەی پیشاندانی نەگبەتی و چارەڕەشی و، چەشنێک گەڕانی سیستەماتیک بۆ وردەکاری دشت و دزێو.

ئەگەر **دزانی پاسکیل** شاکارێکی ڕاستەقینەیە و بەوردی لە ئاستی **پایزا** دایە، چەند سۆنگەی دیاریکراوی هەیە، کە هیچکامیان بەرەنجامی گەڵاڵەی ساکاری فیلمنامە، یان کڕکاشی ڕواڵەتی لەمەڕ تەکنیکی میزانسن نین.

پێکهاتەی فیلمنامە زۆر هۆشمەندانەیە؛ بە بیانووی ڕووداوێکی ڕۆژانە دەست پێ ئەکات و لە چەند سیستەمی هاوئاستی دراماتیک کە بە هەموو ئاراستەکاندا تیشکیان هاویشتووە، بە باشی سوود وەرئەگرێ. **دزانی پاسکیل** مسۆگەر تەنها فیلمی کۆمۆنیستی دەهەی ڕابوردووە. ڕێک بەم هۆیەوە تەنانەت ئەگەر گرنگی کۆمەڵایەتیشی لێ وەرگرینەوە، هێشتا واتادارە. پەیامە کۆمەڵایەتییەکەی لە ڕووداوەکە

جیا نییە، بەڵکوو لە ناخی دایە. بەڵام ئەوەندە ئاشکرایە کە ناتوانین لە بەرچاوی نەگرین. لەگەڵ ئەوەش، هەندێ ڕەخنەی لێ ئەگرن؛ چونکە هەرگیز بە ڕاشکاوی وەکوو پەیام پێشکەش ناکرێت. ئەندێشەی گشتی فیلم ئەوەندە ساکارە کە سەرسامی و تووڕەیی مرۆڤ ئەورووژێنێ: لەو جیهانەی ئەم کرێکارە تێیدا ئەژی، هەژاران ئەبێ لەیەک بدزن تا بتوانن زیندوو بمێنن. بەڵام ئەم ئەندێشە هەرگیز بەم ڕاشکاوییە ڕاناگەیەنرێ. بەڵکوو ڕووداوەکان وەها پێکەوە پەیوەند کراون، کە ڕواڵەتی ڕاستەقینەیەکی وێنایی بە خۆیانەوە ئەگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی چیرۆکی ئەپارێزن. لە ڕاستیدا، ئەگەر کرێکار لە ناوەڕاستی فیلمدا پاسکیلەکەی بدۆزیایەتەوە ئیتر فیلمێک لە ئارادا نەئەبوو (و دەرهێنەر ڕەنگە ئەیوت ببوون ئەرکم خستە بەرتان، ئێمە بە ڕاستی، لامان وا نەبوو هەرگیز پاسکیلەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام ئێستە کە دۆزییەوە، دەی خۆشی لە خۆی. نمایش تەواو بوو. ئەتوانن چراکان هەڵ کەن). بە گوتەیەکی تر، فیلمی **بانگەشە**[٧٣٣] تێئەکۆشا بیسەلمێنێ کرێکارەکە ناتوانێ پاسکیلەکەی بدۆزێتەوە و بە ناچار لە گێژەنی گەنەدەڵ و پۆخڵی هەژاریدا نوقم ئەبێ. بەڵام دی سیکا بەمە ڕێگەی لە خۆی نەگرتووە. چونکە پیشانی ئەدات کرێکار ناتوانێ پاسکیلەکەی بدۆزێتەوە و لەئەنجامدا دووبارە بێکار ئەبێت. هەموو بەوە ئەزانن کە ئەم «پێداویستییە»، بەرەنجامی سروشتی

---

٧٣٣ـ فیلمی بانگەشە: propaganda film فیلمێکە پڕوپاگەندەی ئابووری یان ڕامیاری لەخۆ ئەگرێت. ئەم فیلمانە بە شێواز و جۆری جیاواز دروست ئەکرێن، بەڵام بە زۆری بەرهەمی بەڵگەیین، یان چیرۆکێکی هەیە کە ئەیەوێت بینەر بۆیەن بکات دیدی ڕامیاری دیاریکراو پەسەند بکات و بە ناوەڕۆکی خۆی کاریگەری لەسەر بینەر دابنێت.

بەڕێکەوتی فیلمەکەیە؛ ئەگەر لە پێدواویستی ڕووداوەکانی فیلمنامەی فیلمێکی بانگەشە کەمترین دڕدۆنگی دەربکەوێ، پازە و بەڵگە ئەکات بە بیردۆز.

هەرچەند بە گوێرەی بێبەختی ئەم کرێکارە، ناچار ئەبێ هەموو چەشنە پەیوەندی ئە لەگەڵ کارەکەی محکووم بکەین، بەڵام فیلمەکە هەرگیز ڕووداو یان کەسان بە بەشێک لە **مانیگەرایی**[٧٣٤] ئابووری یان ڕامیاری دانانێ. فیلم ئاگای لێیە ڕاستەقینە نەشێوێنێ و بۆ ئەم کارە نە تەنها بەردەوامی ڕووداوەکان بە ڕێکەوت و بەپێی ڕێزبەندی کاتی چیرۆک ڕێک ئەخات، بەڵکوو لەگەڵ هەر ڕووداوێکیش بە گوێرەی یەکپارچەیی دیاردەناسانەی ئەجووڵێتەوە. لە میانەی ڕەدوونانی دزە، کوڕە میزی دێت. ئەچێتە سووچێک و میز ئەکات. ڕەهێڵەی باران، باوک و کوڕ ناچار ئەکات لە بن سەیوانێک ڕاوەستن. ئێمەش وەک ئەوان ناچارین شۆپگرتن ڕابگرین تا ڕەهێڵە کۆتایی دێت. ڕووداوەکانی فیلم مەرج نییە نیشانەی شتێکی تایبەت بن. نیشانەی ڕاستەقینە نین کە ئەبێ پێیان بگەین. بەڵکوو کێش و گرنگی خۆیان هەیە. تاقانە و سەربەخۆن و، هەمان وەژارەیان هەیە کە تایبەتمەندی هەموو کاروبارێکی ڕاستەقینەیە. کەواتە، ئەگەر چاو بینا نەبێ، ئەتوانێ ڕووداوەکان گرێ بدات بە بەخت یاری و بێبەختییەوە. سەبارەت بە کەسانی فیلمەکەش ئەمە بە ڕاست ئەگەڕێ. کرێکار لە هەموو شوێن تەنها و بێیاوەرە. لە نێوان کرێکارانی ئەندامی **یەکێتی**

---

٧٣٤ـ مانیگەرایی: Manicheism ئاینی مانەوی، دینێکی سۆفیگەرانە و تێکەڵەیەک بوو لە زەردەشتی و مەسیحی و بوودایی و گنۆسی، کە مانی کوڕی فاتک لە سەدەی سێیەمی زایینی، لە سەردەمی پاشایەتی کوردی ساسانیاندا دایمەزراند.

**کرێکاران** بە هەمان ئەندازە تەنهایە کە لە دیمەنەکانی پیاسی سەر شەقام، یان تەنانەت لەو دیمەنە ناڕوونەی «کوەیکری» کاسۆلیک، کە بۆ ماوەیەکی کورت لە ناویاندا ئەمێنێتەوە؛ چونکە یەکێتی کرێکاران بۆ دۆزینەوەی پاسکیلی ونبوو بەدی نەهاتووە، بەڵکوو ئامانجی هەڵگێڕانەوەی ئەو جیهانەیە کە ئەگەر کەسێک پاسکیلەکەی ون بکات، ناچار تووشی هەژاری و چەرمەسەریٔ ئەبێت. کرێکایش بۆ تۆمارکردنی سکاڵا نەچووە بۆ یەکێتی کرێکاران، بەڵکوو بۆ ئەوە چووە داوا لە هاوڕێیانی بکات لە دۆزینەوەی پاسکیلە ونبووەکەیدا یارمەتی بدەن. کەواتە، لێرەدا پەرەمێک کرێکاری ئەندامی یەکێتی ئەبینین کە ڕەفتاریان سەبارەت بەم کرێکارە بێبەختە، وەکوو بۆرژوای باوکسالار وایە. ئەم کرێکارە پۆستەرلکێنە لەم بەدبیارییەدا بە هەمان ئەندازە تەنهایە کە لە کۆڕی کلیسا (هەڵبەت دیارە دۆستانی جیان، بەڵام ئەو دۆستانە کێن ئەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤ). بەڵام ئەم **هاوسانسازییە**[٧٣٥] زۆر بەسوودە، چونکە ناکۆکییەکی قووڵ پیشان ئەدات. گوێنەدانی یەکێتی جێگەی خۆیەتی، چونکە یەکێتی بۆ دادوەری خەبات، ئەکات نەک بۆ کاروباری خێرخوازانە. بەڵام باوکسالاری دزێوی کوەیکرە کاسولیکەکان پاساوی نییە، چونکە چاویان لە نەگبەتی کابرا داخستووە، لە کاتێکدا، بۆ گۆڕانی ئەم جیهانەش کە هۆکاری ئەم ناراوەیە بەکردەوە هیچ کارێک ناکات. لەم ڕوانگەیەوە، سەرکەوتووترین دیمەن ئەو شوێنەیە باوک و کوڕ لە ترسی ڕەهێڵە چوونەتە بن سەیوانەوە و کۆمەڵێک خوێندکاری ئوتریشی لەملا و ئەولایانەوە وەستاون. هیچ هۆیەک نییە سەرکۆنەیان بکەین بۆچی

٧٣٥ـ هاوسانسازی: interassimilation لەناویەکدا توانەوە و چوونیەکسازی لە نێوان کەس و کاست و ئایین و...




فرەوێژی ئەکەن یان بۆچی بە زمانی ئاڵمانی ئەدوێن. لەگەڵ ئەوەش، بە دژواری ئەتوانین دیمەنێک بەدی بهێنین دژایەتی کردنی لەگەڵ قەشە لەمە بابەتیتر بێت.

ئاشکرایە ڕووداو و کەسان هەرگیز بۆ پشتیوانی لە ئەندێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەکار نەهێنراون ــ لەم نموونەیەدا و، ئەتوانم زیاتر لە بیست نموونەی تریش بهێنمەوە. بەڵام ئەم ئەندێشە زۆر شێواو و نکۆڵی هەڵنەگرە، چونکە لە لاوە پێشکەش ئەکرێ. ئەوەی جیای ئەکاتەوە و تەشکی پێ ئەبەخشێ، ئاوەزی خودی ئێمەیە نەک فیلمەکە. دی سیکا بەبێ ئەوەی گرێوی کردبێ، لە هەمان سەرەتاوە گرێوەکەی بردووەتەوە.

هەڵبەت ئەم تەکنیکە لە فیلمە ئیتالیاییەکان زۆر تازە نییە و ئێمە لە شوێنی تریش، لە تۆژینەوەی **پایزا** و **ئاڵمان، ساڵی سفر**، بە دوور و درێژی جەختمان لەسەر بایەخی کردووە. بەڵام ئەبێ لەبیرمان بێ، ئەم دوو فیلمە لەسەر بنەمای ناوەرۆکی بزووتنەوەی بەرگری یان جەنگ ساز کراون. **دزانی پاسکیل** یەکەم نموونەی دیارە پیشانی ئەدات گواستنەوەی ئەم بابەتیبوونە بۆ بواری تریش ئەگەری هەیە. **دی سیکا** و **زاڤاتینی** نیۆڕیالیزمیان لە بزووتنەوەی بەرگرییەوە گواستوەتەوە بۆ شۆڕش.

کەواتە، ئەندێشەی ئەم فیلمە لە پشت ڕۆژەڤێکی کۆمەڵایەتی بابەتیدا شاراوەتەوە. ئەم ڕۆژەڤەیش گرێ ئەدرێ بە پاشزەمینەی ئەم دراما ڕەوشتی و دەروونناسانەیە: پاشزەمینەیەک کە خۆی ئەتوانێ ببێ بە پاساوی ئەم فیلمە. بوونی کوڕە، پزیسکەیەکی بلیمەتانەیە، بەڵام نازانین ئایە بە ڕاستی، لە فیلمنامەکەدا هەبووە یان لە ڕەوتی

دەرهێناندا هێناویانە. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە لێرەدا بێواتایە. هەر ئەم کوڕەیە کە ڕەهەندی ڕەوشتی ئەدات بە سەربردەی کابرای کرێکار و، لە ڕوانگەی ڕەوشتی و تاقانەوە درامایەک پێک ئەهێنێ کە بۆی هەبوو تەنها کۆمەڵایەتی بوایەت. ئەگەر کوڕە لە چیرۆکەکە بچێتە دەرەوە، گۆڕانی ئەوتۆ ڕوو نادات. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کورتەی چیرۆکەکە گۆڕانێکی وەهای بەسەردا نایەت. لە ڕاستیدا، ڕۆڵی کوڕە تەنها ئەوەندەیە لە تەنیشت باوکییەوە بڕوات بە ڕێدا. بەڵام ئەو گۆڤانی نزیکی ئەم تراجێدیایە و هاوڕێی تایبەتیەتی. ئەوە ئەوپەڕی زیرەکییە کە ڕۆڵی ژنە بە کردەوە لابراوە و کەسایەتی نزیکی تراجێدیا لە کەسایەتی کوڕەدا خۆی دەرئەخات. هاوکاری و هاودەستی باوک و کوڕ ئەوەندە ناسکە تا بنەمای ژیانی ڕەوشتی دزە ئەکات. ستایشی باوک لە لایەن کورەوە و ئاگایی باوک لەو هەستەی کوڕەکەی، دارەتێکی تراجیک بە کۆتایی چیرۆکەکە ئەبەخشێ. ترێقبوونەوەی باوک لە بەرامبەر ئاپۆرەی ناوەڕاستی شەقامەکە، لە بەراورد لەگەڵ هیی کوڕەکەی کە گۆڤانی دزیکردنی ئەو بووە، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. کاتێک باوک هەست ئەکات کەڵکەڵەی دزینی پاسکیل کەوتووەتە گیانی، بوونی بێدەنگی کوڕە، کە بۆی ئەچێ باوکی بیر لە چی ئەکاتەوە، ئەوەندە بێبەزەییانە کە ئەگاتە ئەوپەڕی دزێوی و نەگریسی. باوک کە ئەیەوێ کوڕەکەی لە کۆڵ بکاتەوە، ئەینێرێ سواریترامەوەی ببێ. ئەم کارەی باوک لەوە ئەچێ لە وارخانێکی بچووک بە منداڵەکەمان بڵێین بڕوات کاتژمێرێک لە پاکەنەی پلیکانەکان[٧٣٦] ڕابوەستێ. تەنها لە باشترین فیلمەکانی چارلی چاپلیندا ئەتوانین دارەتی بەم ئەندازە

٧٣٦ـ پاکەنە: antechamber, entrance ناو پاڵاوەش، کەوشکەن، شوێنی پێڵاو داکەندن، ع مدخل N forkammer د کفش کن.

تەژی خودئاگایی و ویژدان ببینین.

لەم دیمەنەدا، دوایین جووڵەی کوڕە کە دەستی لە دەستی باوکیدا ئەخزێنێ، بە زۆری خراپ لێک دراوەتەوە. ئەگەر ئەم جوڵەیە بە چەشنێک تازیار بە بینەر بزانین، فیلمەکەمان بێبایەخ کردووە. ئەگەر **دێ سیکا** دڵخۆشی بینەر بەدی ئەهێنێ، لەبەر ئەوەیە ئەم جووڵەیە، بەشێکی لۆجیکی دراماکەیە. ئەم جوڵەیە پیشانی ئەدات پەیوەندی باوک و کوڕ چووەتە قۆناغێکی تازەوە، کە چەشنێک گەهشتنە. هەتا ئێستە کوڕە باوکی بە خوا زانیوە و، پەیوەندییان لەسەر پەسنی کوڕە سەقامگیر بووە. باوک بەو کارەی ئەنجامی ئەدات، لە نێوان ئەم پەیوەندییانەدا سازش بەدی ئەهێنێ. ئەو دوانە لە کاتێکدا، هەم ئەڕۆن بە ڕێدا و دەستەکانیان ئازادە و بەردراوەتەوە، فرمێسک دائەبارێنن. ئەم فرمێسکە نیشانەی نائومێدی ئەوانە بە هۆی بەهەشتێکی لەدەستچوو. بەڵام کوڕە ئاوڕ ئەداتەوە لە باوکی کە لەبەر چاوی کەوتووە و لەمە بەدوا وەکوو مرۆڤ و هەروەها کەسێک کە مایەی شوورەییە، خۆشی ئەوێ. دەستی کوڕە کە لە دەستی باوکی ئەخزێ، نە نیشانەی بەخشینە، نە دڵرامییەکی مناڵانە، بەڵکوو هێورترین جووڵەیەکە کە ئەتوانێ پەیوەندی نێوان باوک و کوڕێک پیشان بدات: جووڵەیەکە ئەو دوانە هاوئاست ئەکات.

هەڵبژاردنی کارە فراوانەکانی کوڕە لە فیلمەکە، هەم لە ئاستی پێکهاتەی چیرۆک و هەم لە بواری میزانسن، زۆری پێئەچێت. بەڵام لانیکەم، ئەبێ سەرنجی ئەوە بدەین بوونی کوڕە لە ناوەڕاستی فیلمەکە، دەراوەکەی (مەبەستم بە زۆری واتای موزیکی ئەم وشەیە) ئەگۆڕی. ئێمە لە کاتێکدا سەرنجمان لە نێوان باوک و کوڕدا دابەش ئەکەین،

له ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ئەچینە ناو ژیانی تایبەتیانەوە. کاتێک باوک لای وایە کوڕەکەی خنکاوە و بۆی دەرئەکەوێ بێبەختی پێشەوەی گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، ئارامییەکی دراماتیک لە میانەی چیرۆکدا بەدی ئەهێنێ (لە دیمەنی ڕستۆرانت). بەڵام ئەم ئارامییە وەژارەیەک زیاتر نییە، چونکە ڕاستەقینەی ئەم خوشبەختییە دڵخوازە بەستراوە بە پاسکیلی گرانباییەوە. کەواتە، کوڕە یەدەگێکی دراماتیک پێک ئەهێنێ کە هەرکات بلوێ، وەک پەرچەخاڵێک[٧٣٧] یان هاوڕێیەک کە لەگەڵی کار ئەکات؛ یان بە پێچەوانە، وەک پێشزەمینەی مێلۆدراماتیکی لێدێ. زێدە لەمەش، ئەم کاردای کوڕە لە چیرۆکەکەدا لە هەوای ئاوازی[٧٣٨] هەنگاوی کوڕە و باوکییەوە بە ڕوونی ئەبینین. دی سیکا بەر لە هەڵبژاردنی کوڕە، داوای لێنەکرد ڕۆڵ ببینێ. بەڵکوو پێی وت تەنها بڕوات بە ڕێدا. دی سیکا ئەیویست هەنگاوی بڵندی کابرا لە بەرامبەر هەنگاوی کورت و توندی کوڕەدا دابنێ. لە لای ئەو، هەماهەنگی ئەم ناهەماهەنگییە بۆ تێگەیشتن لە فیلم وەکوو گشتێک گرنگی ڕامیاری هەبوو. زۆرم نەوتوە ئەگەر بڵێم **دزانی پاسکیل** ڕێکردنی باوک و کوڕێکە لە شاری ڕۆما. جا کوڕە لە بەرەوە، لە دواوە یان لە تەنیشتی باوکییەوە بێ ـــ یان وەک ئەو کاتەی زللەی لێدراوە بە دارەتێکی تۆڵەئەستێن لە پشت سەرەوە بێت ـــ هەر کارێک

٧٣٧ـ پەرچەخاڵ: counterpoint ١) موزیک ناو خاڵی بەرامبەر، هونەر یان تەکنیکی دانان، نووسین، یان ژەنینی مێلۆدییەک بە تاک یان بە هاوبەشی لەگەڵ مێلۆدییەکی دیکە، بەپێی ڕێسا جێگیرەکان ٢) ناوی فەرمان ئارگومێنت، بیرۆکە یان بابەتێک کە بەکاردێت بۆ دروستکردنی کۆنتراستێک لەگەڵ توخمە سەرەکییەکە.

٧٣٨ ـ هەوای ئاواز: orchestration دەستەبەندی ئامێری موزیک.




ئەکات، نە تەنها بێواتا نییە؛ بەڵکوو دیاردەناسی فیلمنامەکەیە.

دژوار بتوانین وێنای بکەین دی سیکا پاش سەرکەوتنی ئەم جووتەی کرێکار و کوڕەکەی ئیتر ڕوو بکاتە ئەکتەری بەناوبانگ. بەکارنەهێنانی ئەکتەری پیشەیی، کارێکی تازە نییە. بەڵام **دزانی پاسکیل** لەم نموونەیەدا ئەکەوێتە پێش فیلمەکانی تریشەوە. لەمە بەدوا، دەگمەنبوونی سینەمایی ئەکتەران، بە هۆی شارازایی یان خۆشهاتیی یان تێکەڵەی لەباری بابەت و ڕۆژگار و کەسان نابێت. ڕەنگە تاکوو ئێستا بە هۆکاری ڕەگەز بەهای زۆر درابێ. ڕاستی ئەوەیە ئیتالیاییەکانیش وەکوو سۆڤیەتییەکان زۆر شانۆیین. لە ئیتالیا هەموو منداڵێکی چەتوون هاوشانی **جەکی کووگەنە**(٧٣٩) و، ژیان خۆی کۆمێدییەکی گاڵتەئامێزی هەمیشەییە. بەڵام بە دووری ئەزانم ئەم بەهرەی ئەکتەرییە لە نێوان میلانی و ناپۆلی و جووتیارانی کەناری چەمی پۆ و ماسیگرانی سێسیلیادا بە شێوەی یەکسان دابەش بووبێت. سەرەڕای جیاوازی ڕەگەزی، ناکۆکی ناو مێژوو و زمان و هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم پۆلانە بۆ ئەوە بەسە تا ئەم بیردۆزە بخاتە بەر گومانەوە کە توانایی سروشتی ئەکتەری دانیشتوانی ئیتالیا تەنها هیی تایبەتمەندی ڕەگەزییە. جێگەی سەرسامییە فیلمی جیاوازی وەکوو **پایزا**، **دزانی پاسکیل**، **زەوی ئەلەرزێ** و تەنانەت **بەهەشتی سەرووی زەلکاو**(٧٤٠)، بتوانن لە

---

**٧٣٩ـ** جەکی کووگەن: Jackie Coogan ئەکتەری فیلمی کوڕێژگە دەرهێنانی چاپلین.

**٧٤٠ـ** بەهەشتی سەرووی زەلکاو: Il Cielo sulla Palude فیلمی سینەمایی




ئەکتەرییەکی وەها ناوازەدا چوون یەک بن. بەڵام ئەتوانین بڕوا بەوە بکەین شارنشینانی ئیتالیایی بەهرەیەکی تایبەتیان بۆ نمایشی ڕێوڕا هەیە. بەڵام گوندییانی فیلمی **بەهەشتی سەرووی زەلکاو** لە بەراورد لەگەڵ جووتیارانی فیلمی **فاربیک** لە مرۆڤی کێویلە زیاتر نین. لەم بوارەدا تەنها بیرهێنانەوەی فیلمی ڕۆکییە لە بەراورد لەگەڵ فیلمی **جێنینا** ئەوەندە بەسە ئەزموونی دەرهێنەری فەڕانسەیی تا ئاستی چاودێرییەکی کەنفتانە لە بەرچاومان دابەزێ. نیوەی گفتوگۆکانی فیلمی **فاربیک** لە دەرەوەی چوارچێوە ئەوترێ، چونکە **ڕۆکییە** هەرگیز نەیتوانی فێری جووتیاران بکات لە کاتی گوتندا، چەندەش کورت، نەکەونە پێکەنین. **جێنینا** لە **بەهەشتی سەرووی زەلکاو** و **ڤیسکۆنتی** لە **زەوی ئەلەرزێ**، هەردووکیان لەگەڵ دوو دەرزەن جووتیار و ماسیگر بەرەوڕوو بوون و ڕۆڵی دژواریان پێ دان و ناچاریان کردن گوتوبێژی درێژ بڵێن. لەم دیمەنانەدا کامێرا بە هەمان ئەندازە بێبەزەییانە لە ڕوخساریان مۆڕ ئەبێتەوە، ئەڵێی ستۆدیوی ئەمریکاییە. ئەگەر ئەم کارەی ئەکتەرانی ناپیشەیی بە باش یان تەنانەت بێخەوش دابنێین، لە نرخ و بەهایانمان کەم کردوەتەوە. لەم فیلمانەدا چەمکی ئەکتەر و نواندن و پێرسۆنا ئیتر هیچ واتایەکی نییە.

ــواتە سینەمای بێ ئەکتەر؟

ــ هەڵبەت.

بەڵام واتای ڕەسەنی ئەم ڕێسایە ئیتر برەوی نییە، ئەمڕۆ ئەبێ

---

ئیتالیایی ۱۹٤۹، دەرهێنانی ئۆگۆستۆ جێنینا Augusto Genina.




لە سینەمای بێ نواندن بدوێین. ئەو سینەمای کە ئیتر ناپرسین یاری فلانە کەس جوان بوو یان دزێو. چونکە لێرەدا ئەکتەر و ئەو کەسایەتییەی وێنای ئەکات هەردووکیان یەکە.

تا ئێرە وەک دەرئەکەوێ لە فیلمی **دزانی پاسکیل** دوور نەکەوتووینەتەوە. **دێ سیکا** ماوەیەک بە دوای ئەم ئەکتەرانەدا گەڕابوو و ئەوانەی بە هۆی تایبەتمەندی دیارەوە هەڵبژاردبوو. نەژادەیی سروشتی، واتە هەمان ڕەسەنی سینەما و ڕەفتارەی مەردمی ئاسایی هەیانە... دی سیکا چەندین مانگ دڕدۆنگ بوو ئەم هەڵبژێرێ یان ئەوی تر. نزیکەی سەد تاقیکردنەوەی ئەنجام دا و، سەرەنجام، بە خێرایی و لە ڕێگەی گۆڤان و لەسەر بنەمای ئەو وێنەی دژی ڕووناکییە کە لەپڕ لە پێچی جادەکەوە دەرکەوت، بڕیاری دا. بەڵام دۆزە هیچ لایەنێکی پەرجووئاسای تێدا نییە. ئەوەی چۆنایەتی باڵای ئەم کرێکارە و منداڵەکە دەستەبەر ئەکات، باڵادەستی تاقانەی ئەوان نییە، بەڵکوو تێکڕای ئەو داڕشتە جوانناسانەیە کە لەگەڵیان ڕێک هاتووەتەوە. **دێ سیکا** ماوەیەک بە دوای بەرهەمهێنەردا ئەگەڕا تا سەرمایەی فیلمەکەی دابین بکات. سەرەنجام، یەکێکی دۆزییەوە. بەڵام بەو مەرجەی ڕۆڵی کرێکارەکە بدرێ بە **کارێ گرانت.** خودی گێڕانەوەی ڕووداوەکە بەم شێوەیە، بێهوودەییەکەی پیشان ئەدات. ڕاستە **کارێ گرانت** ئەم ڕۆڵانە باش کایە ئەکات، بەڵام ئەوە دیارە لێرەدا بابەتی نەخش گرنگ نییە، بەڵکوو خستنەلاوەی هەرچەشنە ڕۆڵبینینێک لە ئارا دایە. ئەم کرێکارە ئەبوایە بە






هەمان ئەندازە دارماڵ و بێنیشان و بابەتی بێت کە پاسکیلەکەی.

ئەم چەشنە ئەکتەرییە بە هەمان ئەندازە «هونەری»یە کە هەموو جۆرەکانی تری. ڕۆڵبینینی ئەم کرێکارە بە هەمان ئەندازە پێویستی بە بەهرەیە، کە ڕۆڵبینینی هەموو ئەکتەرێکی بەناوبانگ. تا ئێستە ئەو فیلمانەی بە گشتی یان تا ڕادەیەک بەبێ ئەکتەری ناپیشەیی دروست کراون، وەکوو **تەبوو، تریشقە لەسەر مەکزیکۆ**(٧٤١) و **دایک**(٧٤٢) ئەو سەرکەوتنانەن کە یان نائاساییین یان تەنها لە یەک ژانری تایبەتدا قەتیس ئەبن. لە لایەکی ترەوە، هیچ شتێک جگە لە پارێزێکی بەجێ ڕێگری دی سیکا نییە تا پەنجا فیلمی تری وەکوو **دزانی پاسکیل** دروست بکات. لەمە بەدوا ئەزانین نەبوونی ئەکتەری پیشەیی بە هیچ شێوە، لایەنی هەڵبژاردنی بابەت سنووردار ناکات. ئەم فیلمە بەبێ ناوی ناودار، سەرەنجام، هەبوونی جوانناسانەی خۆی دامەزراندووە. ئەم گوتەیە بە هیچ شێوەیەک بەو واتایە نییە کە سینەمای داهاتوو بەبێ ئەکتەری پیشەیی ئەبێ: خودی **دی سیکا** کە یەکێک لە باشترین ئەکتەرانی جیهانە، یەکەم کەسە کە نکۆڵی لەم گوتەیە ئەکات. مەبەست ئەوەیە هەندێ لەو بابەتانەی بە شێوازێکی تایبەت پەرداخت کراون، ئیتر ناتوانن بە ئەکتەری

---

٧٤١ـ تریشقە لەسەر مەکزیکۆ: Thunder over Mexico فیلمی ئاڤانگاردی سۆڤێتی **١٩٣٣**، دەرهێنانی سێرگەی ئایزنشتەین.

٧٤٢ـ دایک: Mother درامای سۆڤێتی **١٩٢٦**، دەرهێنانی پۆدۆڤکین.




پیشەیی دروست بکرێن. سینەمای ئیتالیا بە مسۆگەری ئەم هەلومەرجەی کارکردنی ئەوەندە سروشتی بەدی هێناوە، کە دیمەن و شوێنی ڕاستەقینە و بەڵگەیی. هەر ئەم پەڕینەوە لە بلیمەتی پەسنئامێز بۆ تەکنیکی ورد و بێخەوش، هەرچەند ڕەنگە مەترسیدار بووبێت، بەڵام قۆناغێکی مسۆگەرە لە گەشەی نیۆڕیالیزمی ئیتالیایی.

بە پێواربوونی چەمکی ئەکتەر لە ڕوونییەکدا کە بە ڕاستی، بە ئەندازەی خودی ژیان سروشتی خۆیای ئەکرد، ئینجا نۆرەی ونبوونی دێکۆری هاتووەتە ئاراوە. ئێستە دێنیە سەر ئەم بابەتە. قۆناغی ئامادەکاری فیلمی **دێ سیکا** زۆری پێچوو. هەموو شت بە هەمان وردبینی و وردەکاری داڕێژراو بۆ فیلمی گرانبایی ستۆدیۆیی ئەکرێ. لە ڕاستیدا، ئەگەری ڕێوڕای دیمەنەکانی کۆتاییشی هێشتەوە. بەڵام تەنانەت یەک دیمەنیشم نایەتەوە بیر کە کارێگەری دراماتیک لە دێکۆپاژەوە سەرچاوەی گرتبێ، ئەو دێکۆپاژەی بە هەمان ئەندازەی فیلمەکانی چاپلین بێ باندۆرن. هەر چۆنێک بێ، ژمارە و ئەندازەی دیمەنەکانی **دزانی پاسکیل** لەگەڵ فیلمی ئاسایی جیاوازییان نییە. بەڵام هەڵبژاردنی دیمەنەکان لەو ڕوانگەیەوە کراوە کە **زەلاڵی**[٧٤٣]

---

**٧٤٣ـ** زەلاڵی: limpidity هەم تایبەتمەندی شمەکە (بۆ وێنە ئاو) و هەم لە ڕێگەی بەراوردەوە، تایبەتمەندی شێوازە. مەبەستی بازن ئەوەیە، ئەوەی ئەبێ لە شێوازەوە سەرچاوە بگرێ، لێرەدا لە خودی شتەکەوە، یان لەم




ڕووداوەکان بگاتە زیاترین ئەندازە و لە هەمان کاتدا پێوەری لادان لە شێواز لە کەمترین ئاستدا بوەستێ.

ئەم بابەتگەراییە لەگەڵ بابەتگەرایی ڕۆسیلینی لە فیلمی **پایزا** جیاوازە، بەڵام هەردووکیان هینی یەک فێرگەی جوانناسین.


ئەم بابەتگەراییە ئەتوانین بە هەمان بیانوو بدەینە بەر ڕەخنە کە **ئاندرە ژید** و **مارتین دو گار**[٧٤٤] ڕەخنەیان لە پەخشانی ڕۆمانتیک ئەگرت ــ کە ئەبێ ئاراستەی بۆ لای شێوەی بێلایەن و ڕوون بێ. بە هەمان شێوە کە دەستنەکەوتنی ئەکتەر نیشانەی گەشەی شێوازی ئەکتەرییە، دیارنەبوونی میزانسنیش بەرەنجامی پێشکەوتنی دیالکتیکی لە شێوازی گێڕانەوەیە. ئەگەر ڕووداو سەر بە خۆیەتی و پێویستی بەو تیشکە نییە کە دەرهێنەر بە هۆی گۆشەکانی کامێرا و شوێنی وشیارانە هەڵبژێردراوی کامێرا تێی ئەگری، لەبەر ئەوەیە گەیشتووەتە پلەیەکی وەها لە درەوشانەوە، کە ڕێگە بە هونەر ئەدات سروشتی ڕاستەقینەی ئاشکرا بکات. بەم سۆنگەیە، کاریگەری **دزانی پاسکیل** لەسەر ئێمە، کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیە.

ئەگەر ئەم سروشتیبوونە سەرسامهێنەرە و ئەم هەستە کە ڕووداوەکان بە هەمان ئەندازە ڕێکەوتن کە تێپەڕینی کاتژمێری

---

نموونەدا لە خودی ڕووداوەکەوە سەرچاوە ئەگرێ. تێبینی: هیو گرەی

**٧٤٤ـ** مارتین دو گار: Roger Martin du Gard (**١٨٨١ـ١٩٥٨**) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی، براوەی خەڵاتی نۆبێلی ویژەی **١٩٣٧**، خاوەنی یانەسای تیبۆ لە هەشت بەرگدا، سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.




شەووڕۆژ، ئەبێ بە بەرەنجامی چەشنێک سیستەمی جوانناسی هەمیشە ئامادە و لە هەمان کاتدا پێواری بزانین. ئەوەی ئەم کارەی لواندووە بەوردی چەمکی سەرەتایی خودی فیلمنامەیە. ئایە دیارنەبوونی ئەکتەر، دیارنەبوونی میزانسنە؟ مسۆگەر، بەڵام بەم هۆیەوە کە بنەمای بناغەیی **دزانی پاسکیل** دیارنەبوونی چیرۆک و نەزانراوی سەربردەیە.

ئەم دەستەواژە دوولایەنەیە. هەڵبەت ئەزانم فیلمەکە چیرۆکی هەیە. بەڵام نە لەو جۆرە چیرۆکەی کە بە زۆری لەسەر پەردەی سینەما ئەیبینین. بۆیەشە **دێ سیکا** نەیتوانی بۆ ئەم فیلمە بەرهەمهێنەر بدۆزێتەوە. **ڕۆژە لینار** چەند ساڵ بەر لەمە ڕستەیەکی ڕەخنەگرانە و پێشگۆیانەی پرسی: «ئایە سینەما جۆرێک نمایشە؟» بەڵام ئەو بەم گوتەی خۆی، سینەمای دراماتیکی لە بەرامبەر پێکهاتەی ڕۆمانی وەکوو گێڕانەوەی سینەمایی دانا. یەکەمیان، سەرچاوەکانی کۆتایی لە شانۆ وەرئەگرێ و گەلاڵەکەی، هەرچەند تایبەتی پەردەی سینەما بێت، دیسانەوە بیانوویەکە بۆ کاردایەک لە بنەمادا لەگەڵ کاردای شانۆی کلاسیک یەکێکە. لەم ڕوانگەیەوە، فیلمیش نمایشێکە وەکوو شانۆ. بەڵام لە لایەکی ترەوە، سینەما بە هۆی ڕیالیزم و هەڵوێستی یەکسانی بەرامبەر بە مرۆڤ و سروشت، لە ڕوانگەی جوانناسییەوە لەگەڵ ڕۆمان پەیوەندی هەیە.

بەبێ ئەوەی بمانەوێ بچینە ناو وردەکاری بیردۆزی ڕۆمانەوە ـ کە خۆی بابەتێکی ورووژێنەرە ـ ئەڵێین قاڵبی گێڕانەوەیی ڕۆمان

یان ئەو قاڵبەی لێی وەرئەگیرێ، بە گشتی لەگەڵ قاڵبی گێڕانەوەیی جیاوازە؛ چونکە ڕۆمان ڕووداو بەسەر کاردا، بەردەوامی بەسەر بەرهۆ و، بیر بەسەر ویستدا زاڵ ئەکات. ئامرازی پەیوەندی شانۆ «کەواتە»یە و ئامرازی پەیوەندی ڕۆمان «پاشان»ـە. ئەم پێناسەیە کە بە ڕادەیەکی شوورەییئامێز کێماسە، تەنها تا ئەو جێگە دروستە کە دوو جووڵەی ئەندێشەیی جیاواز، واتە جووڵەی ئەندێشەی خوێنەر و بینەر پێناسە ئەکات. **پرووست** ئەتوانێ لە **کەیکی مادلین**دا[٧٤٥] نوقممان بکات، بەڵام شانۆنووس ئەگەر نەتوانێ بە هەر ڕستەیەک سەرنجمان بۆ لای ڕستەی دواتر ڕابکێشێ، شکست ئەخوات. بەم سۆنگەیە. ڕۆمان ئەتوانرێ کاتژمێرێک بخوێنرێتەوە و کاتژمێرێک بخرێتە لاوە، بەڵام بۆ شانۆگەری شتی وا ناکرێ. یەکێتی تۆکمەی نمایش، تایبەتمەندی خودیی نمایشە. سینەما تا ئەو ڕادەی کە ئەتوانێ نیازی فیزیکی نمایش بەدی ئەهێنێ، بەڵام هەموو ئامراز و کەرەستەی ڕۆمانیشی لە بەردەست دایە. بێگومان، هەر بۆیەشە سینەما دووڕەگەیە[٧٤٦]. سینەما ناکۆکییەک ئەشارێتەوە. زێدە لەمەش، ئاشکرایە پێشکەوتنی سینەما بەو ئاراستە دایە کە توانای ڕۆمانئاسای پەرە پێبدات. ئەم گوتەیە بە واتای دژایەتی لەگەڵ شانۆیبەفیلمکراو نییە، بەڵام ئەگەر پەردەی سینەما ئەتوانێ لە هەندێ هەلومەرجدا شانۆ باشتر بکات

---

٧٤٥ـ کەیکی مادلێن: madeleine جۆرێک کەیکی سووکە. گرنگییەکەی لەوە دایە لە ڕۆمانی **گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو**، بیرهێنەرەوەی یادەوەرییە. **نێتی**: هیو گرەی

٧٤٦ـ دووڕەگە: بۆ لێدوان لەم بواردەدا و ڕەتکردنەوەی «سینەمای سۆلان» لە لای بازن، بڕوانە سینەما چییە؟ بەرگی یەکەم، وتاری «**لە داکۆکی سینەمای تێکەڵدا**». **نێتی**: هیو گرەی

و ڕەهەندێکی تازەی لێ زیاد بکات، بە ناچار بە نرخی هەندێ بەهای سەکۆی شانۆ تەواو ئەبێت ـــ کە یەکەمیان بوونی جەستەیی ئەکتەرە. بە پێچەوانە، ڕۆمان لانیکەم، لە ڕوانگەی ئاڕمانجییەوە، هیچ بە سینەما نادات بە وام. ئەتوانین فیلم بە بانڕۆمان supemovel بزانین، کە ڕۆمانی چاپکراو، ڕایشتی کاتی و لاوازیەتی.

چەندەی ئەوەی لە سەرەوە بە کورتی وتمان، ئەتوانین لە دۆخی ئێستەی سینەمادا بدۆزینەوە؟ چاوپۆشی لە پێداویستی نمایشی و شانۆیی کە سینەما بەدوایانەوەیە، لە نەگونجاو ئەچێ. خاڵی گرنگ، چۆنێتی ئاشتدانەوەی ئەم ناکۆکی و دژبەریانەیە.

سینەمای ئەمڕۆی ئیتالیا، یەکەم سینەمایە لە جیهاندا کە وێراویەتی و بە کردەوە پێداویستییەکانی نمایشی خستووەتە لاوە. **زەوی ئەلەرزێ** و **بەهەشتی سەرووی زەلکاو** فیلمی بەبێ «کاردا»ن و لە ڕەوتی پێشکەشکردنی لەسەرخۆی ئەم کاردایە دایە، کە کەموزۆر هەمان شێوازی ڕۆمانی گێڕانەوەیی هەیە، هیچ تازیارێک بە کاردای دراماتیک نەدراوە. لەم فیلمانەدا، ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک لە ساتی دیاریکراودا ڕوو ئەدەن، بەڵام هەموویان گرنگی یەکسانیان هەیە. تەنها ئەگەر ڕووداوەکان پێکەوە بەراورد بکەین هەندێکیان واتادارتر لەوانی تر خۆیا ئەکەن. لێرەشدا ئەتوانین ئامرازی پەیوەندی «کەواتە» بەکار بهێنین و هەم ئامرازی پەیوەندی «پاشان». **زەوی ئەلەزێ** بە تایبەت فیلمێکە شکستی بازرگانی چاوەڕێی ئەکات. قازانج لێ وەرگرتن بەبێ لابردنی هەندێ بەشی نالوێ. بەڵام بەم کارە وەهای ئەگۆڕێ، کە ناتوانین بیناسینەوە هەمان فیلمە.

تازیاری دی سیکا و زاڤاتینی هەر لەمە دایە. **دزانی پاسکیل** لە

قاڵبی تراجیدیا، پێکهاتەیەکی تۆکمەی هەیە. تەنانەت یەک بڕگەیشی نییە وزەی بەهێزی دراماتیکی نەبێ و، هەروەها هیچ بڕگەیرکی نییە، سەرەڕای بەردەوامی دراماتیکی، لامان سەرنجڕاکێش نەبێت.


فیلم لەسەر بنەمای ڕێکەوتی لانەماک پەرە ئەستێنێ و ئەچێتە بەرەوە: باران، خوێندکاران، کوەیکری کاسۆلیک، دیمەنی ڕیستۆرانت. بە ڕواڵەت ئەتوانین جێگەی ئەم دیمەنانە پێکەوە بگۆڕینەوە. ئەڵێی ئەوانەیان لەسەر شەبەنگێکی دراماتیک ڕێک نەخستووە. دیمەنی گەڕەکی دزان دیمەنێکی گرنگە. دڵنیا نیم ئەو کابرای کرێکارەکە ڕەدووی ناوە، هەمان دزی پاسکیلەکە بێت. هەرگیزیش ئەوەم بۆ دەرناکەوێ ئایە فێ لێهاتنەکەی ساختە بوو یان ڕاستەقینە. ئەم بەشەی «ڕووداو»ەکە بێواتا ئەبوو، ئەگەر کێشەرێکی ڕۆمانئاسا و بەهایەکی بەڵگەیی، کە واتایەکی دراماتیکی پێ ئەدات، نەبوایەت.

لە ڕاستیدا، ئەم ڕووداوە لە بەری بەرڕوەژوو و بە یارمەتی لێکسازی فراوان ڕێک خراوە ــ و زیاتر لەسەر بنەمای «کۆبەندی» ڕووداوەکانە تا «کاردا»ی ئەوانە. لەگەڵ ئەوەش، یەک نمایشە. ئەویش چ نمایشێک! بەڵام **دزانی پاسکیل** نەبەستراوە بە توخمی ماتماتیکی دراماوە. ڕووداو لە پێشەوە بوونی نییە، وەک بڵێی «گەوهەر»ـە. بەڵکوو لە بوونی لەپێشەوەی بوویەرەوە سەرچاوە ئەگرێ و بەشی «یەکپارچەی ڕاستەقینە»یە[٧٤٧]. دەسکەوتی ناوازە و سەرسامهێنەری **دێ سیکا** کە ئەوانی تر تا ئێستە تەنها بە پلەی جیاواز

٧٤٧ـ یەکپارچەی ڕاستەقینە: integral of reality لە بەرامبەر ئەو ڕاستەقینەی لە مۆنتاژدا دابەش ئەبێت یان بە تەکنیکی ئێکسپرشنیزم ئەشێوێنرێ.
وەرگێڕ: هیو گرەی

لە سەرکەوتن یان شکست دایان ناوە، سەرکەوتن لە دۆزینەوەی ئەو دیالکتیکە سینەماییە دایە کە ئەتوانێ لە ناکۆکی نێوان کاردای «نمایش» و ڕووداوەکەی تێبپەڕێ. بەم هۆیەوە، **دزانی پاسکیل** لە یەکەمین نموونەکانی سینەمای سۆلانە. ئیتر نە ڕۆڵبینین لە ئارا دایە، نە چیرۆکێک، نە دێکۆرێک؛ بە گوتەیەکی تر، لە وەژارەی دارماڵی جوانناسانەی ڕاستەقینەدا، تەنانەت سینەمایەکیش لە ئارادا نییە♦

*Esprit, November 1949*




## دی ســـیکا: دەرهێـــــنەر

ئەبێ لە لای خوێنەر ددان بەوەدا بنێم کە پێنووسەکەم ترس و دڕدۆنگی گۆجی کردووە، چونکە من بە زۆر هۆکاری دادگاپەسەند، ئەو کەسە نیم **دێ سیکا** بەو بناسێنم. یەکەم، لەوەدا کە فەڕانسەییەک بیەوێ بە ئیتالیاییەکان، سەبارەت بە سینەمای وڵاتەکەیان[٧٤٨] بەگشتی و، لەمەڕ کەسێک کە ڕەنگە مەزنترین دەرهێنەری ئەوانە، بە تایبەتی، شتێکیان فێر بکات، چەشنێک گوستاخی خۆی حەشار داوە. هەروەها، کاتێک بە پارێزەوە ئەم دەرفەتەم هەڵسەنگاند کە لەم دێڕانەی دی سیکا ئەناسێنم، بە باشی ئەمزانی پەسنی فیلمی **دزانی پاسکیل** ئەکەم، بەڵام هێشتا **پەرجوو لە میلانم**[٧٤٩] نەبینیبوو.

---

٧٤٨- ئەم وتارەساڵی **١٩٥٢** نووسراوە. سەرەتا بە زمانی ئیتالیایی و بە هۆی Edizione Guanda (پارما، **١٩٥٣**) بڵاو کرایەوە. ڕایشتی فەڕانسەیی ئەم وتارە کە لە پەرتووکی سینەما چییە؟ چاپ کراوە، لە دەقی ئیتالیاییەوە وەرگێڕدراوە و وەرگێڕانی ئینگلیزییەکەی لەسەر دەقی فەڕانسەییەوە کراوە. تێبینی: هیو گرەی

٧٤٩- پەرجوو لە میلان: Miracolo a Milano فیلمی فانتازیای ١٩٥١ی ئیتالیایی، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.




هەڵبەت لە فەڕانسە فیلمی **دزانی پاسکیل** و **شەمارەنگ** و **مناڵان سەیرمان ئەکەن**مان بینیوە. **شەمارەنگ** هەرچەند جوانە و توانای دی سیکا پیشان ئەدات، لە تەنیشت کۆمەڵێک دەسکەوتی باڵاوە، نیشانەی دەرهێنەرێکی تازەکاریشی پێوە دیارە. فیلمنامەکەی هەندێ جار، تووشی توندڕەوی مێلۆدراماتیک ئەبێ و دەرهێنانەکەی چەشنێک ناسکی هۆنەرانە و جۆرێک دەوڵەمەندی هەیە کە دی سیکای ئەمڕۆ خۆی لێ ئەپارێزێ. کورتییەکەی ئەوەیە لەم فیلمەدا هێشتا شێوازی تایبەتی ئەم دەرهێنەرە نابینین. ئوستادی دارماڵ و ناوازەی دی سیکا لە فیلمی **دزانی پاسکیل** ئەوەندە بەرجەستەیە کە وا دیارە ئەم فیلمە، هەموو ئەو تێکۆشانانەش ئەگرێتەوە کە بۆ دروستکردنی فیلمەکانی پێشووش بەکار هاتووە.

بەڵام ئایە ئەشێ سەبارەت بە دەرهێنەرێک تەنها بە هۆی یەک فیلمەوە داوەری بکرێ؟ ئەم فیلمە بۆ بلیمەتی دی سیکا بەڵگەی پێویست ئەدات بەدەستەوە. بەڵام ئەوە دەرناخات ئەم بلیمەتییە لە ئایندەدا چ تەشکێک بەخۆوە ئەگرن. دی سیکا، وەکوو ئەکتەر، تازەکاری جیهانی سینەما نییە، بەڵام وەکوو دەرهێنەر ئەتوانین پێی بڵێین «جەوان» ــ واتە دەرهێنەری ساڵانی داهاتوو. سەرەڕای لێکچوونی پەرجووئاسای نێوان **پەرجوو لە میلان** و **دزانی پاسکیل**، ئەم دوو فیلمە لە ڕوانگەی بنەما و پێکهاتەوە زۆر جیاوازن. ئێستە ئەتوانین بپرسین ئایە فیلمی دواتری ئەو چۆن ئەبێ؟ ئایە گرەوشتی وەها دەرئەخات کە لە بەرهەمەکانی پێشوویدا زۆر گرنگ نەبوون؟ کورتییەکەی، لێرەدا بڕیار ئەوەیە سەبارەت بە شێوازی دەرهێنەرێکی

پلەی یەکەم بدوێین؛ بەڵام تەنها لەسەر بناغەی دوو فیلم، کە بە ڕواڵەت ئاراستەی یەکیان لەگەڵ ئەوی تر ناکۆکە. هەڵبەت ئەم کارە هیچ قەی ناکات، بەو مەرجەی ڕەخنەگر و ئایندەبینمان لێ تێک نەچێ. بەبێ هیچ کێشەیەک ئەتوانم ئەوە شی بکەمەوە بۆچی پەسنی **دزانی پاسکیل** و **پەرجوو لە میلان** ئەکەم، بەڵام ئەوەی کە بڵێم لە ڕووی ئەم دوو فیلمەوە ئەتوانم تایبەتمەندی هەمیشەیی و بڕیاردەری دەرهێنەر تێبگەم، ئەوە شتێکی ترە.

هەر بەم شێوەیە، لە پاش بینینی دوو فیلمی **ڕۆما، شاری بێ شوورە** و **پایزا**، ئەمتوانی هەر ئەمە لەمەڕ ڕۆسیلینی بڵێم. ئەوەی ئەتوانم بیڵێم (و لە فەڕانسە بە کردەوە گوتم) مەترسی ئەوە هەیە فیلمەکانی دواتری ڕۆسیلینی بە پێچەوانە دەربچن. هەڵبەت پرسگری درۆکردن لە ئارادا نەبوو. شێوازی ڕۆسیلینی هیی بنەماڵەیەکی تری جوانناسی بوو و ڕێسای جوانناسی شێوازەکەی بە تەواوەتی ئاشکرایە. ئەم شێوازە لەگەڵ ڕوانگەیەک هاوئاقارە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ چوارچێوەی میزانسن گونجاوە. ڕەوشی **ڕۆسیلینی** جۆرێک شێوازی بینینە، لە کاتێکدا، کە ڕەوشی **دێ سیکا** لە بنەمادا جۆرێک شێوازی هەستکردنە. میزانسنی ڕۆسیلینی، بابەتەکە لە دەرەوە گەمارۆ ئەدات، هەڵبەت نە بەبێ تێگەیشتن و هەست. مەبەستم ئەوەیە ئەم ڕوانگە دەرەکییە، لایەنێکی پێویست و ڕەوشتی و بانسروشتییە لە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا. بۆ تێگەیشتن لەم دەستەواژەیە ئەوەندە بەسە کەسایەتی مناڵ لە سێ فیلمی **ئاڵمان ساڵی سفر**، **شەمارەنگ** و **دزانی پاسکیل** پێکەوە بەراورد بکەین.

ئەوینی **ڕۆسیلینی** بە پێرسۆناکانی ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان

لە زانینی ڕووخێنەری بیتوانایی مرۆڤ لە بەدیهێنانی پەیوەندیدا، تووش بکات و گۆشەگیریان بکات. بە پێچەوانە، ئەوینی **دێ سیکا** لە خودی کەسەکانەوە هەڵئەقوڵێ. کەسایەتی دی سیکا ئەوانەن کە هەن، بەڵام لە هەناویاندا سۆزێک بڵێسە ئەسێنێ، کە دی سیکا بەوانی هەیە. لەئەنجامدا، دەرهێنانی ڕۆسیلینی لە نێوان ئێمە و کەرەستەی کارەکەی ئەبێ بە دیوار، هەڵبەت نەک وەکوو لەمپەرێکی دەستکرد لە نێوان دوو تەلاردا ساز کرابێ. بەڵکوو وەکوو مەودایەکی هەبووناسانە و پڕەوەنەبوو، کە لە ڕاستیدا، لاوازیی مرۆڤە و لە ڕوانگەی هەبووناسانەوە لە حەوا و کات و لە تەشکی جۆراوجۆر و لە پێکهاتەی میزانسنی ڕۆسیلینیدا بەرجەستە ئەبێتەوە. بەوپێیەی ئەم مەودایە بە چەشنێک نەبوون، جۆرێک پارێز، شێوەیەک هەڵاتن لە شمەک و لە کۆتاییدا بە بیچمێکی ئازار و ژان ئەزانین، بۆمان ئاسانترە لێی بەئاگا بین، ئاسانترە دایبەزێنین بۆ شێوازێکی تەشکی. ڕۆسیلینی ناتوانێ ئەم ڕۆژەڤە بگۆڕێ، مەگەر ئەوەی خۆی شۆڕشێکی ڕەوشتی تێپەڕێنێ.

بە پێچەوانە، دی سیکا لە ڕیزی ئەو دەرهێنەرانە دایە وا دەرئەکەوێ تەنها ئامانجیان ئەوەیە ئەمەگدارانە فیلمنامەکە لێک بدەنەوە، ئەو دەرهێنەرانەی هەموو بەهرەیان لە تێگەیشتنی کۆتایی بابەت و ئەو ئەوینەوە سەرچاوە ئەگرێ بە بابەتەکەیان هەیە. سەرەڕای ئەوەی هەستیاری و گوێدان بە تەشک لە لای **ژاک فەیدری** فەڕانسەیی لەگەڵ ئەوەی وتمان جیاوازە، بەڵام ئەویش هیی ئەم دەستەی دەرهێنەرانە کە لەگەڵ بابەت ڕاستگۆن. ئەم بێلایەن بوونە، وەژارەیەک زیاتر نییە. بەڵام بوونی ڕواڵەتی ئەرکی ڕەخنەگر ئاسانتر ناکات. ئەم بێلایەنییە، کارنامەی فیلمساز بە چەندین بەشی

تایبەت دابەش ئەکات، کە ئەگەر فیلمێک بخرێتە سەری، ڕەنگە هەموو فیلمەکانی پێشوو ببانە بن پرسیارەوە. لەم ڕووەوە، ئەم کەڵکەڵەیە لە ئارا دایە تا ئەو جێگەی بە دوای شێوازدا ئەگەڕێین، تەنها پسپۆڕی و شارەزایی لە تەکنیکدا ببینین و، لەبری باندۆری داهێنەرانەی **نووسەری** ڕاستەقینە تەنها خاکەڕایی بلیمەتانەی تەکنیکاری زیرەک ببینین، کە پێداویستییەکانی بابەت ڕەچاو ئەکات.

میزانسنی فیلمی ڕۆسیلینی بە ئاسانی ئەتوانین لە ڕووی ئەو وێنانەی بەکاریان ئەهێنێ بە پازەی بەراوردی[٧٥٠] تێبگەین. لە کاتێکدا، دی سیکا وامان لێئەکات میزانسن بە پازەی پاڵنەر لە گێڕانەوەی بێنراوەیی وەربگرین، کە پێناچێت شوێنێکی بە کراوەیی بۆ هێشتبێتەوە. سەرەنجام و لە هەموو گرنگتر، تا بە ئەمڕۆ ناتوانین دی سیکا لە هاوکارەکەی زاڤاتینی جیا بکەینەوە. هاوکاری ئەم دوانە تەنانەت لە هاوکاری **مارسێل کارنێ** و **ژاک پریڤەریش** زیاترە. لە مێژووی سینەما، نموونەیەکی دارماڵتر لەمە بۆ هاوژینی فیلمنامەنووس و دەرهێنەر نییە. ئەوەی کە **زاڤاتینی** لەگەڵ


---

٧٥٠ـ پازەی بەراوردی: deductive reasoning ڕەوتی ئەندێشەییە بۆ هەڵهێنجانی دەرەنجامە مسۆگەرەکان. دەرەنجامێک ڕەوایە ئەنجامەکەی بە شێوەیەکی لۆجیکی لە پێشمەرجەکانیەوە سەرچاوەی گرتبێ؛ واتە ئەوە ناگونجێ پێشمەرجەکە ڕاست بێت و دەرەنجامەکە درۆ ع د استدلال قیاسی پازەی پاڵنەر: inductive reasoning پازەی بینراوەیی بۆ هەڵهێنجانی بنەمایەکی گشتی. ئەگەر پێشمەرجەکان دروست بن، ئەنجامی مشتومڕی لێکچوونەکە دڵنیایە؛ بە پێچەوانەوە، بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی کە خراوەتەڕوو، دروستی دەرەنجامی مشتومڕێکی پاڵنەر ئەگەری هەیە بەراورد لە گشتەوە بۆ پاژە و هاندەر لە پاژەوە بە گشت ع د استنتاج استقرایی.




دەرهێنەرانی تریش هاوکاری ئەکات، بەڵام **پریڤەر** جگە لە کارنێ چیرۆک یان فیلمنامەی بۆ کەسی تر نەنووسیوە، پرسگرەکە ناگۆڕێ. بەڵکوو بە پێچەوانە، لەم خاڵەوە بۆمان دەرئەکەوێ دی سیکا دەرهێنەری دڵخوازی زاڤاتینییە. واتە ئەو کەسەیە باشتر و دۆستانەتر لێی تێئەگات. لە زاڤاتینی بەبێ دی سیکا چەند فیلم هەیە، بەڵام دی سیکا بەبێ زاڤاتینی هیچی نییە. کەواتە، خەریکین بە دڵخواز ئەوەی بە ڕاستی هیی دی سیکایە جیا ئەکەینەوە. لەم ڕووەوە کارمان دڵخوازە و، ڕێک چەند سات بەر لە ئێستە بە خاکەڕایی و ملکەچی ئاشکرا ئەومان بە پێداویستی فیلمنامە دانا.

بەم شێوەیە نابێ بە پێچەوانەی سروشت بجووڵێینەوە و ئەوەی بەهرە پێکەوەی پەیوەند داوە، لێک جیا بکەینەوە. بە هیوام دی سیکا و زاڤاتینی لێمان ببوورن ــو هەڵبەت بەر لەوانیش، هیوا وایە خوێنەران لێمان ببوورنــ چونکە ڕەنگە حەزیان لەم کەڵکەڵە و دڕدۆنگیانە نەبێ و، چاوەڕێ بن ئەرکی خۆم ڕاپەڕێنم. پێم خۆشە، بۆ ئاسوودەیی بیری خۆم، خوێنەر بزانێت مەبەستم تەنها گەلاڵەی چەند ڕستەی ڕەخنەگرانەیە، کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ئەوانەش گومانیان لێ ئەکرێ؛ ئەم ڕستانە تەنها بۆچوونی تایبەتی ڕەخنەگرێکی فەڕانسەییە کە ساڵی ١٩٥١ سەبارەت بە بەرهەمێکی تەژی هیوا و بەڵێن نووسیوێتی. بەرهەمێک کە تایبەتمەندییەکانی، بە تایبەت سەبارەت بە لێکدانەوەی جوانناسانەدا، خۆڕاگری ئەکەن. ئەم ڕاگەیاندنی خاکەڕاییە، بە هیچ شێوەیەک تەنها وریایی و پارێزێکی دەمەوەرانە، یان ڕێسایەکی ڕەوانبێژی نییە. تکا لە خوێنەر ئەکەم لێم




وەربگرێ ئەمە ملبەکوێنی و ئەوپەڕی ستایشە.

ڕیالیزمی دی سیکا، لە ڕێگەی هەر ئەم هەستە هۆنەرانەوە واتا پەیدا ئەکات. چونکە لە هونەردا، لە سەرچاوەی هەموو جۆرەکانی ڕیالیزم، ناکۆکنمایی جوانناسانە هەیە، کە ئەبێ شیکار بکرێت. بەدیهێنانەوەی ئەمەگدارانەی سروشت، هونەر نییە.[٧٥١] هەمیشە لێیان پاتە کردووینەتەوە هونەر بریتییە لە هەڵبژاردن و شرۆڤە. هەر بۆیەشە هەتا ئێستا گرەوەشتی ڕیالیستی چ لە سینەما و چ لە هونەرەکانی تردا تەنها بریتی بووە لە پەستاوتنی بڕێکی زیاتر لە ڕۆژەڤ لە بەرهەمەکەدا. بەڵام ئەم بڕە زیادییەی ڕۆژەڤ تا ئێستە ڕێگەیەکی کاریگەر بۆ خزمەت بە هونەرێکی ئەبسترە بووە؛ ئامانجێکی چ دراماتیک، چ ڕەوشتی، چ ئایدیۆلۆژیک. لە فەڕانسە «سروشتگەرایی»[٧٥٢] شانبەشانی پەرەسەندنی ڕۆمان و شانۆی بیردۆز[٧٥٣] ئەچێتە بەرەوە. ڕەسەنی نیۆڕیالیزمی ئیتالیا

---

٧٥١ـ لەم دەستەواژەییەوە ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بەدیهێنانەوەیەکی وەها، سینەماییش نییە. هەرچەند کامێرای فیلمگرتن تایبەتمەندی بەدیهێنانەوەی هەیە. ئەم لایەنەی پرسیارەکە «ئایە فیلم هونەرە؟» پێشتر لە لایەن ئارنهایمەوە پێشکەش کراوە (فیلم وەکوو هونەر، ل١٨) Rudolf Arnheim ـ Film as Art. تێبینی: هـ.گ

٧٥٢ـ سروشتگەرایی: naturalism لە بنەمادا بزووتنەوەیەکی وێژەیی بوو. فلۆبێر بە دامەزرێنەری دائەنێن و گۆنکۆر، دوودە، زۆلا، مۆپاسان و هۆسمان بە پەیڕەوانی، کە ڕۆمان و شانۆنامەی پەیامداریان à thèse ئەنووسی و شێواز و دەسکەوتی زانستییان لەمەڕ هونەر بەکار یەهێنا. تێبینی: هـ.گ

٧٥٣ـ ڕۆمانی بیردۆز: Roman à thès ڕۆمانێکی فێرکارییە، ئایدیۆلۆژی





لە بەراورد لەگەڵ فێرگەی سەرەکی ڕیالیزمی پێش ئەو، هەروەها لە بەراورد لەگەڵ سینەمای سۆڤیەت، لەوە دایە کە هیچ کاتێک ڕاستەقینە ناخاتە خزمەتی ڕوانگەیەکی پێشڕەوەوە. تەنانەت بیردۆزی «سینەما–چاو»ی[٧٥٤] **ژیگا ڤێرتۆڤیش** تەنها ڕۆژەڤی خاوی ڕووداوی ڕۆژانەی بەکار ئەهێنا و لە شەبەنگی دیالکتیکی مۆنتاژدا شوێنێکی تایبەتی بۆ دائەنا. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، شانۆ (تەنانەت شانۆی ڕیالیست)یش ڕۆژەڤ ئەخاتە خزمەتی پێکهاتەی دراماتیک و نمایشیدا. ڕیالیزم چ لە خزمەتی بیردۆزێکی ئایدیۆلۆژکدا بێت و چ لە خزمەتی ئەندێشەیەکی ڕەوشتی یان بوویەرێکی دراماتیک،

---

یان بیردۆزێک شی ئەکاتەوە. ڕۆمانی کاندید ـ ڤۆڵتێر، تاوان و سزا ـ دۆیستۆیڤسکی، لاڕەشە و بێگانە ـ ئالبێر کامۆ لەو ڕیزەن.

٧٥٤ـ سینەما ـ چاو: Kino ـ eye کینۆ ـ چاو تەکنیکێکی فیلمە لە ڕووسیای سۆڤیەت لە لایەن ژیگا ڤێرتۆڤەوە دروست کرا. هەروەها ناوی ئەو بزووتنەوە و گرووپە بوو کە بەم تەکنیکە پێناسە کرا. سینەما ـ چاو ئامرازی ڤێرتۆڤ بوو بۆ گرتنی ئەو شتەی کە پێی وابوو «بە چاوی مرۆڤ دەستنادات»، واتە فیلمەکانی سینەما ـ چاو هەوڵی لاساییکردنەوە چۆنیەتی بینینی شتەکان بە چاوی مرۆڤ نادەن. بەڵکو پارچە فیلمەکان کۆ ئەکەنەوە و مۆنتاژیان ئەکەن. سینەما ـ چاو ویستی جۆرێکی نوێی تێڕوانین چالاک بکات بە دروستکردنی فیلمی نوێ، واتە شێوەی میدیایی، ڕۆژەڤ و پەیامێک یان وەژارەی پەیامێک ـ بوارێکی واتادار، جیاواز لە فۆرمەکانی سینەمای کات بەسەربردنی گێڕانەوە یان فیلمە ئەکتەرییەکانی تر. سینەما ـ چاو هەوڵیدا «ژیانی نائاگا» وێنا بکات و ڕاستەقینەیەکی تازە بەدی بهێنێ. ژیگا ڤێرتۆڤ: Dziga Vertov (١٨٩٥ـ١٩٥٦) لە پێشڕەوانی بەڵگەییسازی سۆڤێتی.




ئەوەی لە ڕۆژەڤی بە وام وەرگرتووە، ئەکات بە ملکەچی پێداویستییە باڵاکانی خۆ. نیۆڕیالیزم تەنها «**خۆتەنی**»[755] ئەناسێ و، تەنها لە نموودەکان، واتە لە ڕواڵەتی سادەی بوونەوەرانی ئەم جیهانەوە، تێیەگات بە چ شێوەیەک ئەو ئەندێشانەی ئاشکرایان ئەکات هەڵهێنجێ. نیۆڕیالیزم چەشنێک دیاردەناسییە.

لە کەوشەنی ئامرازەکانی دەربڕین، نیۆڕیالیزم دژی شەقڵی نەریتی نمایشە ــ لە هەموو گرنگتر، لەمەڕ ڕۆڵبینین. بە گوێرەی تێگەیشتنی کلاسیک لەم کاردایە، کە بۆماوەی شانۆیە، ئەکتەر شتێک دەرئەبڕێ: هەستێک، شۆزێک، وازێک، ئەندێشەیەک. ڕەفتار و دارەتەکانی ڕوخساری ئەکتەر وەک پەرتووکێکی کراوە لە بەردەمی بینەر دایە. لەم دیدەوە، بینەر و ئەکتەر نەگوتراو ڕێ ئەکەون کە هۆکاری دەروونناسانەی یەکسان، کاریگەری جەستەیی یەکسان بەدی ئەهێنێ و بەبێ هیچ ناڕوونییەک ئەتوانین لە یەکیانەوە بەوی تر بگەین. ئەمە، بە واتای وردی وشە، هەمان ئەو شتەیە کە پێی ئەوترێ ئەکتەری.

پێکهاتەکانی میزانسن لە ئەکتەرییەوە سەرچاوە ئەگرێ: دێکۆر، تیشک، گۆشە و چێوەبەندی دیمەنەکان، هەموو لە پەیوەند لەگەڵ ڕەفتاری ئەکتەر کەم تا زۆر دارەتی ئێکسپرشنیستی وەرئەگرێ و هەرکامیان لە پشتڕاستکردنەوەی واتای کاردا ڕۆڵێک وەرئەگرێ. سەرەنجام، دابەشینی ناوگۆرک بە نمای جۆراوجۆر و

---

٧٥٥ـ خۆتەنی: immanence بڕوا بەوەی کە خوا جیهانی ئەستوویی ئەگرێتەوە، جیهانی مینەوی ئەچێتە دەروونی جیهانی ئەستووییەوە. ئازادی

ڕیزکردنی ئەوانە بەرامبەرە بە ئێکسپرشنیزم لە کاتدا. بە گوتەیەکی تر، چەشنێک بەدیهێنانەوەی ڕووداوە بە گوێرەی مەودای کاتی دەستکرد و ئەبسترە، واتە مەودای کاتی دراماتیک. ناتوانین تەنانەت یەک گریمانی باو و وەرگیراوی نمایشی سینەمایی بدۆزینەوە کە نیۆڕیالیزم نەچووبێتە گۆڕەپانی ململانێ لە دژی.

**یەکەم، نواندن:** نیۆڕیالیزم بە پێویستی ئەزانێ ئەکتەر بەر لە دەربڕینی هەستی خۆی ئەبێ هەبێ. هەڵبەت ئەم نیازە ناچار بە واتای خستنەلاوەی ئەکتەری پیشەیی نییە، بەڵام بە زۆری لە ئاقاری بەکارهێنانی مەردمی کۆڵان و بازاڕ دایە. مەردمێک کە تەنها بە هۆی ڕواڵەت و ڕەفتاری گشتی و بە هۆی نەشارەزاییان لە تەکنیکی نمایشی هەڵئەبژێردرێن. ئەم دۆخە، بەر لەوەی مەرجێکی پێویست و ئەرێنی بێ، دەستەبەرێکە لە بەرامبەر ئێکسپرشنیزمی ئەکتەری نەریتی. بۆ دی سیکا، برۆنۆ جگە لە سێبەرێک، جگە لە ڕوخسارێک، جگە لە جۆرێک ڕێ ڕۆیشتن نەبوو.

**دووەم، دێکۆر و فیلمگرتن:** ڕێژەی ناوگۆرکی سروشتی بە ناوگۆرکی دەستکرد، هەمان ڕێژەی ئەکتەری تازەکار بە ئەکتەری پیشەییە. بەڵام دیمەنی سروشتی ئەو کاریگەرییەی هەیە کە لانیکەم، ئەگەری ئەو پێکهاتە وێناییەی لە تیشکی دەستکردی ستۆدیۆییدا هەیە، تا ڕادەیەک بەرتەسک ئەکاتەوە.

بەڵام ڕەنگیشە پێکهاتەی چیرۆکە، کە لە بناغەوە بەراوەژوو ئەبێ. چونکە ئێستە ئەبێ هەمان ماوەی ڕاستەقینەی ڕووداو بپارێزێ. ئەو بڕینانەی بە گوێرەی لۆجیک پێویست خۆیا ئەکەن، ئەوپەڕی ئەتوانن دارەتی وەسپییان هەبێ. ڕیزی نماکانی فیلم هەرگیز نابێ شتێک لە ڕۆژەڤ زیاد بکات. ئەگەر ئەمە خۆی

بەشێک لە واتای فیلمە، وەک لەمەڕ ڕۆسیلینی، لەبەر ئەوەیە کە درزەکان و حەوای بەتاڵی و ئەو بەشانەی ڕووداو کە ناکەونە بەر دیدمان، ئەوانیش ناوەرۆکێکی ڕاستەقینە و بەرهەستیان هەیە: ئەو بەرانەن لە تەلارەکە داکەوتوون. لە ژیانیشدا هەر وەهایە. چونکە لەوەی بەسەر خەڵکیدا دێ نائاگاین. لابردن، لە مۆنتاژی کلاسیک، جۆرێک پزیسکەی سووکە. بەڵام لە فیلمەکانی ڕۆسیلینی خاڵێکی وەژارەیە لە ڕۆژەڤدا، یان تەنانەت حەوایەکی والایە لە ئاگایی ئێمە لێی. ئەو ئاگاییەی کە لە ناوەرۆکدا سنووردارە.

کەواتە، نیۆڕیالیزم زیاتر چەشنێک ڕوانینی هەبووناسانەیە تا ڕوانگەیەکی جوانناسانە.[٧٥٦] بەم هۆیەشە کە بەکارهێنانی ڕایشتئاسا لە توخمی تەکنیکی نیۆڕیالیستی بە ناچار نابێتە مایەی ئافراندنی. هەروەک دارمانی خێرای نیۆڕیالیزمی ئەمریکایی گۆڤانی ئەم خوازەیە.[٧٥٧] لە ئیتالیایش هەموو ئەو فیلمانەی بەبێ ئەکتەر و لەسەر بنەمای نووچەی ڕۆژنامە و لە شوێنانی ڕاستەقینەی دەرەوە

---

٧٥٦ـ چونکە لەگەڵ شمەک بە هەمان شێوە کە هەن و لەگەڵ ڕووداو لە گشتی دیاردەناسانەیاندا سەروکاری هەیە. جوانناسی ئەم فێرگەیە لە وتاری پێشوو لێی کۆڵرایەوە. تێبینی: هـ.گ.

٧٥٧ـ نیۆڕیالیزمی ئەمریکایی: American neorealism هەرچەند ئەم بزووتنەوەیە لە ئەمریکا ناوی نیۆڕیالیزم نییە، بەڵام ڕەنگە ئاماژەی بە ڕیالیزمی بەرهەمی دەبلیۆ. دی. هاوێڵز، درەیزێر، هێمینگوەی، فاکنر، دۆس پاسۆس و ئەوانی تر بێ. ئەم زاراوەیە هەندێ جار، بۆ وەسپی بەرهەمی هەندێ ڕۆماننووسی ئیتالیایی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بە تایبەت پاڤێس و ڤیتۆرینی بەکار ئەبرێ. هاینی Heiney لە پەرتووکی **ئەمریکا لە وێژەی تازەی ئیتالیا** (ل٧٨) ئەڵێ: «ئەم زاراوەیە لە سینەماوە دێت» و، لە دەرەوەی سنووری سینەما واتایەک ناگەیەنێ. تێبینی: هـ.گ.




ساز کراون، لە مێلۆدراما و فیلمی ڕازاوەی ئاسایی باشتر نین. بەڵام بە پێچەوانە، فیلمی وەکوو **چیرۆکی دڵدارییەک**[٧٥٨] دەرهێنانی **مایکڵ ئانجێلۆ ئانتۆنیۆنی**[٧٥٩] سەرەڕای ئەکتەرانی پیشەیی و، لێکچوونی گەڵاڵە لە چیرۆکی کاراگایی، دێکۆری شکۆمەند و گرانبایی و جلوبەرگی بارۆکی پاڵەوانی ژن) ئەتوانین بە نیۆڕیالیزمی ناوببەین. چوکە دەرهێنەر پشتی نەبەستووە بە ئێکسپرشنیزمی دەرەوەی خودی پێرسۆناکان، بەڵکوو هەموو باندۆری لەسەر بنەمای شێوەی ژیان و گریان و ڕێکردن و پێکەنینی ئەوان داناوە. کەسایەتییەکان وەها لە تووناتوونی ڕایەڵەی گەڵاڵەدا گرفتارن، کە مشکی تاقیگە لە ناو دالانە توەندەرتووە ئاڵۆزەکاندا.

بۆ دژایەتی ئەم گوتانە، ئەتوانین جۆراوجۆری شێوازەکانی باشترین دەرهێنەرانی ئیتالیا بهێنینە پێشەوە. من خۆم ئەزانم ئەمانە چەندە ڕقیان لە دەستەواژەی نیۆڕیالیزمە. زاپاتینی تەنها کەسێکە بەبێ ترێقبوونەوە ئەم نازناوە پەسەند ئەکات.[٧٦٠] بەڵام

٧٥٨ـ چیرۆکی دڵدارییەک: Cronaca di un amore فیلمی درامای نیۆڕیالیستی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی مایکڵ ئانجێلۆ ئانتۆنیۆنی.

٧٥٩ـ مایکڵ ئانجێلۆ ئانتۆنیۆنی: Michelangelo Antonioni (١٩١٢ـ٢٠٠٧) فیلمسازی ئیتالیایی، خاوەنی سیانەی مۆدێرنیتی.

٧٦٠ـ لەم بوارەدا (و لە داکۆکی لە پازەی بازن) جوانە سەرنجی گوتەکانی خودی زاپاتینی بدەین. ئەو لە ئامادەکردنی فیلمێک ئەدوێ کە هەرگیز دروست نەکرا. فیلمی **ئیتالیای من**. ئەم فیلمە بڕیار بوو ئەزموونی: «جۆرێک فیلم بێ ئەو هەلومەرجە وێنە بگرێ، تێیدا ئەژین و تەنها بەرهەمی ئەندێشەی نووسەر نەبێت. چونکە ئەم ئەندێشەیە هەمیشە تا

زۆربەی دەرهێنەران لەگەڵ ئەو بۆچوونە ناکۆکن کە فێرگەیەکی تازە لە بواری ڕیالیزمدا هەیە و هەموویان ئەگرێتەوە. بەس ئەم کاردانەوەیە، کاردانەوەی خۆڕسکی ئافرێنەری بەرهەمە لە بەرامبەر ڕەخنەگردا. دەرهێنەر لە پلەی هونەرمەندیدا زیاتر ئاگای لە جیاوازییەکانی هەیە تا لێکچوونەکان. وشەی «نیۆڕیالیزم» وەک تۆڕی ماسیگری هەڵدراوە بۆ سەر سینەمای ئیتالیای پاش جەنگ و هەموو دەرهێنەرێک بە هەموو توانایەوە تێئەکۆشێ تا خۆی لەو تۆڕەی، ئەوتریێ تێیدا گیری کردووە، دەرباز بکات. هەرچەند ئەم کاردانەوە سروشتییە، ئەو تازیارەی هەیە، وامان لێ ئەکات تا چەشنێک ڕەخنەگرانە کە ڕەنگە زۆر سادە خۆیا ئەکات، پێدا بچینەوە. بەڵام سەرەڕای ئەم کاردانەوەیە، بە گومانی من بەڵگەی تۆکمە هەیە بۆ ئەوەی ئەم دەستەبەندییە پەژێرە بکەین. هەرچەند ئەم کارە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی ئەوانەی کە ئەم دەستەبەندییە پەیوەندی بەوانەوە هەیە، یەک نەگرێتەوە.

بێگومان، ئەو پێناسە کورتەی لێرەدا لە نیۆڕیالیزم کردم، بۆی هەیە لەگەڵ کاری **لاتوادا** بەو ڕوانگە هەژماردە و ناسکی نژیارڤانانەی، یان لەگەڵ پەرەپێدانی بارۆکئاسا و ڕاشکاوی ڕۆمانتیکی **دو سانتیس**، یان لەگەڵ ئەستی پالفتەکراوی شانۆیی **ڤیسکۆنتی** کە لە بەرهەستترین ڕاستەقینەکانی ڕۆژانە، پێکهاتەی وەها دەرئەکێشێ وەک بلێی دیمەنی ئۆپێرا یان تراجێدیای کلاسیکن، جیاوازی هەبێ. ئەم زاراوانە نەگەیەنەر و جێگەی مشتومڕن.

---

ڕادەیەک جیا لە ڕۆژەڤە. ئەمویست خودی شتەکان و پەیوەندی نێوانیان ببن بە چیرۆک، چونکە فیلمنامەنووس تەنها لەم ڕێگەیەوە ئەتوانێ گوێی لە هاواری ڕاستەقینە بێت.» تێبینی: هـ.گ.

بەڵام ئەتوانن خزمەت بە گوتەی تر بکەن کە ڕەنگە بوترێن، وەک سەرەنجام، بوونی جیاوازی تەشکی و ناکۆکی لە شێوازدا پشتڕاست ئەکەنەوە. ئەم سێ دەرهێنەرە بە هەمان ئەندازە پێکەوە جیاوازن کە هەرکامیان لەگەڵ دی سیکا. بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە بڕوانینە پرسگرەکە و بە تایبەت ئەوانە پێکەوە بەراورد نەکەین و لە جیاتی بڕوانینە سینەمای ئەمریکا و فەڕانسە و سۆڤیەت، دەرئەکەوێ هەرسێکیان یەک سەرچاوەی هاوبەشیان هەیە.


نیۆڕیالیزم بەناچاری دارەتێکی سۆلان و بێخەوشی نییە و، ئەتوانین پەژێرەی ئەوە بکەین لەگەڵ گرەوشتی جوانناسیدا تێکەڵ بووبێ. زیندەوەرناسان، لە پرسگری ژێنێتیکدا، تایبەتمەندی بەرەنجامی دایک و باوکی جۆراوجۆر بە هۆکاری زاڵ دائەنێن. لەمەڕ نیۆڕیالیزمیش بەم چەشنەیە. دارەتی دژواری شانۆیی فیلمی **عیسای بەرگیراو**[٧٦١]، بەرهەمی **مالاپارتە**[٧٦٢]، ڕەنگە زۆر وامداری نیۆڕیالیزمە و لەگەڵ ئێکسپرشنیزمی ڕیالیستی **فریتس لانگ** جیاوازی بناغەیی هەیە.

بەڵام وا دیارە زۆر لە دی سیکا دوور کەوتمەوە. هەڵبەت مەبەستم تەنها ئەوە بوو پێگەی ئەو لە سینەمای ئەمڕۆی ئیتالیادا پیشان بدەم. ئەوەی کە زۆر دژوارە سەبارەت بە دەرهێنەری **پەرجوو لە میلان** ڕوانگەیەکی دڵخواز وەربگرین، کە بەوردی پیشاندەری

---

٧٦١ـ عیسای بەرگیراو: Il Cristo Proibito فیلمی ئیتالیایی ١٩٥١، دەرهێنانی کورتزیۆ مالاپارتە.

٧٦٢ـ مالاپارتە: Curzio Malaparte (١٨٩٨ـ١٩٥٧) کورتزیۆ، فیلمساز، نووسەر، هەواڵنێر و دیپلۆماتی ئیتالیایی.




ڕاستەقینەی شێوازەکەی ئەو بێت.

ئایە بێتوانایی ئێمە لە شیکردنەوەی تایبەتمەندی تەشکی ئەم فیلمە بە واتای ئەم ڕاستییە نییە کە سۆلانترین تەشکی نیۆڕیالیستی پێشکەش ئەکات؟ یان بەرەنجامی ئەو ڕاستیەیە کە **دزانی پاسکیل** وەک ناوەندێکی ئارمانجییە کە بەرهەمەکانی تری ئەم دەرهێنەرە مەزنە، هەرکام لە تەوەری خۆیدا، گردی ئەو فیلمە ئەگەڕێن؟ ڕەنگە هەر ئەم سۆلانبووەیە ڕێگە نادات پێناسەی بکەین، چونکە ئەم فیلمە مەبەستێکی ناکۆکنمای هەیە. واتە نایەوێ نمایشەکە بە ڕاستەقینە بنوێنێتەوە. بەڵکوو ئەیەوێ ڕۆژەڤ بکات بە نمایش: کابرایەک لە شەقامدا ئەڕوات بە ڕێدا و بینەر هۆگری ئەم ڕێڕۆیشتنەیە!

تا ئەو کاتەی زانیاری زیاترمان پێبگات و، تا ئەو کاتەی هۆرمی زاڤاتینی بەدی دێت، کە بتوانێ هەشتا خولەک لە ژیانی کەسێک لە چوارچێوەی فیلمێکی بەبێ بڕین پێشکەش بکات، بێگومان **دزانی پاسکیل** دەربڕینی کۆتایی نیۆڕیالیزمە.(٧٦٣)

هەرچەند لەم فیلمەدا تێکۆشراوە میزانسن خۆی دەرنەخات و لە بەرامبەردا ڕۆژەڤێک پێشکەش بکات ڕوون بمێنێتەوە، بیرخاوی ئەبێ ئەگەر وای بۆ بچین لە بنەڕەتدا میزانسنێک لە ئارادا نەبووە. کەم فیلم ئەدۆزینەوە پێکهاتەیان وردبینانەتر لەم فیلمە بێت و بە بیر و ئەندێشەی زیاترەوە دروست کرابێ و ناسکی و وردەکاری پتری تێدا بەکار هێنرابێ، بەڵام هەموو تێکۆشانی دی سیکا بۆ ئەوەیە وەژارەی

---

٧٦٣ـ یاداشتێک سەبارەت بە ئۆمبێرتۆد. لە کۆتایی ئەم وتارەدا. تێبینی: هـ.گ.

«ئەگەری گونجاو»[٧٦٤] بەدی بهێنێ. واتە دارەتێکی ئەگەری بدات بە پێداویستی دراماتیک. بە گوتەیەکی باشتر، ئەو توانیوێتی ئەگەری دراماتیک[٧٦٥] بکات بە توخمی سەرەکی دراما. لە **دزانی پاسکیل** هەر شتێک کە ڕوو ئەدات بە هەمان ئەندازە ئەتوانێ ڕوو نەدات. کریکار ئەیتوانی لە ناوڕاستی فیلمەکەدا پاسکیلەکەی بدۆزێتەوە. ئەوسا چراکان هەڵ ئەبوو و دی سیکا داوای لێبوردنی ئەکرد کە کاتی بەفیڕۆ داوین. بەڵام ئێمە لەبەر خودی کرێکارەکە شادمان ئەبووین. ئەم فیلمە ناکۆکنماییەکی جوانناسانەی سەمەرەی هەیە: لە لایەکەوە تایبەتمەندییەکی هەژێنەری تراجیدیایی هەیە و، لە لایەکی ترەوە ڕووداوەکانی هەمووی بە گوێرەی ئەگەرن. بەڵام ڕەسەنی ئەم فیلمە ڕێک بەرەنجامی ئەم سەنتێزە دیالکتیکییەی دوو بایەخی دژبەیەکە. ڕێکی جوانناسانە و نارێکی بێ تەشکی ڕۆژەڤ. هیچ وێنەیەکی ئەم فیلمە نییە واتایەکی تێدا نەبێ و ئامانجی دیاریکراوی ڕاستەقینەیەکی ڕەوشتی لەبیرنەکراو لە ئەندێشەدا نەچێنێ. هیچکام

---

٧٦٤ـ ئەگەری گونجاو: Contingent فەلسەفە بریتییە لە ئەگەرێکی تایبەت لە نێوان گونجاو و نەگونجاو. ئەگەری گونجاو شتێکە ئەتوانین وای دابنێین کە بوونی هەبێت یان نەبێت. ئەڵێین فلان شت ئەگونجێ هەبێت، واتە مەرج نییە نەبێت. ئەگەری گونجاو، زانستی ڕەوانبێژییە و مەبەستی تەنها فێرکردنی گوتەی گەیەنەر نییە، بەڵکو خستنەڕووی بیری ورد و سەلمێنەرە بە شێوەیەکی بۆینبەخش. بە بڕوای ئەرستۆ دوو جۆر بەڵگە هەیە: یەکەم هۆکاری ناتەکنیکی وەک گۆڤانی. دووەم: هۆکاری تەکنیکی وەک بەڵگە و شێوازی ڕازیکردن و وروژێنەری هەستەکان.

٧٦٥ـ ئەگەری دراماتیک: dramatic contingency پێچەوانەی «جەبرگەرایی بێگەڕانەوە»ی تراجیدیای کلاسیک، کە «پێداویستی» ئەو دژایەتی «ئەگەری گونجاو»ە. پێنێ: هـ.گ.

لە وێنەکان لەگەڵ وەژارەی هەبوونناسی ڕاستەقینە ناکۆک نیین. هیچ بزاوتنێک، هیچ بوویەرێک و، هیچ شتێک لەم فیلمەدا نییە کە گرنگی و لەپێشی بە هۆی ئایدیۆلۆژی کرێکارانەوە بێت.

ئەگەر ڕووداوەکانی ئەم فیلمە بە ڕوونییەکی نکۆڵی لێنەکراوەوە لەسەر شەبەنگی کۆمەڵایەتی تەناهی پەیدا کردووە و ڕێک خراوە، بە هەمان شێوەیە کە خاکەبڕبەند لە شەبەنگی مەگناتیسیدا ڕائەکێشرێ و ڕێک ئەخرێ ــ واتە دانە بە دانە و جیا جیا؛ بەڵام ئەم هونەرە، کە تێیدا هیچ شتێک پێداویست نییە و هیچ شتێک لە دارەتی چاوەڕواننەکراوی کاروباری ڕێکەوت بەتاڵ نییە، بە کردەوە بەرەنجامێکی دوو ئەوەندە بۆینکەر و بڕیاردەر بەدی ئەهێنێ. چونکە ئەم پرسگرە کە ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس و فیلمساز ئەتوانن سەرنجی ئێمە بۆ لای ئەم یان ئەو ئەندێشە ڕابکێشن مایەی سەرسووڕمان نییە، چونکە ئەوانە ئەخەنە پێش چاومان و بەرهەمەکەیان لە تۆوی ئەوانەوە مایە وەرئەگرێ. خوێ بکەنە ناو ئاو. پاشان ئاوەکە بە گەرما بهەڵمێنن. دیسانەوە خوێکە لە جێگەی خۆیەتی. بەڵام ئەگەر لە ئاوی کانیدا خوێ ئەدۆزینەوە، لەبەر ئەوەیە کە لە ناخی خۆیدا خوێی هەیە. ئەگەری ئەوە هەبوو کرێکار، بڕۆنۆ، پاسکیلەکەی بدۆزێتەوە. بە هەمان شێوە کە ئەگەری هەبوو لۆتۆ بباتەوە ــ تەنانەت مەردمی هەژاریش لۆتۆیان بۆ دەرئەچێ. بەڵام ئەم ئەگەرە بەهێزە، تەنها بێتوانایی سەرسامهێنەری ئەم بەلەنگازەی بە توندوتیژییەکی زیاتر ئاشکرا ئەکرد. ئەگەر پاسکیکەکەی بدۆزیایەتەوە، ئەم خۆشبەختییە مەزنەی زیاتر ئەبوویە هۆی تاوانباربوونی کۆمەڵگە. چونکە پەرجووی گرانبایی و بەخششێکی بێپایان کە لە دەرەوەی چوارچێوەی تەناهی و تەشکی

مرۆیی بوو، ئەبوو بە بەختەوەرییەکی ئاسایی، واتە دەری ئەخست ئەو خۆشبەختە، چونکە ئیتر هەژار نییە.

ڕوونە ئەم ڕیالیزمە لەگەڵ ئەو بەرداشتە ڕووکەشەی چیرۆکێکی ڕواڵەتی بە پزیسکەی ڕاستەقینە ئەپاڵێویێ، چەندە جیاوازی هەیە. بەڵام سەبارەت بە تەکنیک، بە واتای دروست و وردی؛ **دزانی پاسکیل**یش وەکوو هەندێ لە فیلمەکانی تر لە کۆڵان و شەقام و لەگەڵ ئەکتەری ناپیشەیی دروست کراوە، بەڵام بایەخی ڕاستەقینەی لە شوێنێکی تر دایە. لە دوخمانی نەکردن بە ماهەکی ڕۆژەڤ، لەوەدا دەرفەت ئەدات کاروبار زیاتر لە هەموو خۆبەخۆ و ئازادانە هەبن؛ لەوەدا کە هەموویان بە هەمان تاقانەیی تایبەتیانەوە خۆش ئەوێ.[٧٦٦] دی سیکا، «ڕاستەقینە بە خوشکە بچکۆلەی


٧٦٦- لێرەدا لەگەڵ زایەڵەیەک لە زانستناسی **دۆنس سکاتۆسی** پەیڕەوی پێڕی سەن فرنسیسکەن ڕووبەڕووین. پازەی پێواری ئەم دەستەواژەیە ئەتوانین لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم وتارانەوە هەڵهێنجین. بە تایبەت لە وتارەکانی سەبارەت بە **ڕۆسیلینی** و **سەن فرانسیسی ئاسیسی**، ئەو پیرەی کە ئەوینی ئەو بە شمەک لە هۆنراوەی **تەزبێحی هەموو بوونەوەران** بە باشی دەربڕدراوە. ئەمە تێڕوانینی تایبەتی هۆنەرانەیە و، **ڕابێرت پریجز** لە پێشەکی بۆ چامەی **جێرارد مەنلی هاپکینز** (Penguin Poets, pp. xxiii, xxiv) بە باشی وەسپی کردووە: «**سکاتۆس** بە پێچەوانەی نەریتی **سەنت تۆماس ئەکیناس** بۆ تاک و ناسین، گرنگییەکی تایبەتی ڕەوا ئەبینی. جگە لەوە **ئەکیناس** ئەیوت: پاژ بە ڕاستی، مایەی ناسین نییە (تەنها گشت ناسراوە). بەڵام **سکاتۆس** بڕوای وا بوو بە پێچەوانە، پاژ دەسبەجێ لە ڕێگەی یەکێتی ئەندێشە و هەستەوە ئەناسرێ. ئەندێشە بە یەکەم بزووتنی وشیاری، لە شمەکی ڕاستەقینەی بچووک وەکوو نموونەیەکی زۆر تایبەت، گۆڤانێکی ڕاستەقینە بەڵام گۆنگ پەیدا ئەکات. ئەتوانین وێنای بکەین لە چامەی **هاپکینز**، تا چ ڕادەیەک لەسەر شمەکی ڕاستەقینە واتە

خۆی ئەزانێ» و ئەم خوشکە بچکۆلەیە بە دەوریدا ئەسووڕێتەوە، وەک ئەو باڵندانەی گردی سەن فرانسیس. ئەوانی تر ئەم خوشکە بچکۆلەیە ئەخەنە قەفس یان ئاخاوتنی فێر ئەکەن. بەڵام دی سیکا لەگەڵی ئەدوێ و ئەمە زمانی ڕاستەقینەی ڕۆژەڤە کە ئەی بیستین، گوتەیەکە نکۆڵی لێناکرێ، گوتەیەکە کە تەنها ئەوین ئەتوانێ بیڵێ.

بۆ وەسپی **دیٚ سیکا** ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی هونەرەکەی ئەو، واتە بۆ سۆز و ئەوین. چۆنایەتی هاوبەشی نێوان **پەرجوو لە میلان** و **دزانی پاسکیل**، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی زیاتر ڕواڵەتین تا ڕاستەقینە، سۆزی بێپایانی دی سیکایە بە پێرسۆناکانی. خاڵی گرنگ ئەوەیە لە **پەرجوو لە میلان** هیچکام لە کەسایەتییە نەرێنییەکان، تەنانەت خۆبەزلزان و دوخمانیکارانیش نەفرەتی ئێمە ناورووژێنن. **یەهوودای** کۆخنشین، کە کۆخەکانی دۆستانی بە **مۆبیٚ قەلاش** ئەفرۆشێ، کەمترین ڕقمان هەڵناسێنێ. بەڵکوو بەو جلە دەڵپانەی کەسانی «تاوانکار»ی مێلۆدراماکە کە ناشیانە و نەشیاو ئەیکاتە بەری سەرقاڵمان ئەکات؛ **یەهوودا** دوخمانێکی ساویلکەیە. بەم شێوازە، هەژاری تازەهاتوو کە لە ڕەوتی تیاچوونیشدا هەمان داب و نەریتی لووتبەرزانەی گەڕەکە جوانەکانی پێشوویان پاراستووە، جۆرێکی تری ئەم جەنگەڵە مرۆییەن و، ناتوانین لەو کۆمەڵگە بێ خانومانە جیاتان بکەینەوە ــ تەنانەت لەگەڵ ئەوەی بۆ سەیرکردنی خۆرداچوون لە هەرکەس یەک لیرە باج وەرئەگرن. مرۆڤ ئەبێ لە ناخی دڵەوە شەیدای خۆرداچوون بێ، ئەو بیرە بێت بە مێشکیدا،

---

بابەتی ناسینەوەی هەست، جەخت کراوە. جگە لەوەش، لەم ڕستانەوە تێئەگەین سکاتۆس یەکەم دیاردەناس بووە. تێبینی: هـ.گ.




لە مەردم بۆ سەیرکردن پارە وەربگرێت و، بەم فریودانەی ساویلکەکان ژیانی خۆی ببات بەڕێوە.

هەروەها، هیچ کەسایەتییەکی **دزانی پاسکیل** نییە سۆزی ئێمە نەورووژێنێ. تەنانەت دزەکەش. کاتێک برۆنۆ سەرەنجام، دەستی پێی ئەگات، بینەران بەگوێرەی ڕەوشت ئامادەن بۆ کوشتنی، ئەو چەرمەسەریێ ئەیانویست بەر لەمە بەسەر برۆنۆیدا بهێنن. بەڵام پزیسکەی بلیمەتانەی ئەم فیلمە لەوە دایە ناچارمان ئەکات ئەم نەفرەتە لە هەمان ئەو کاتەی سەرهەڵئەهێنێ، سەکوت بکەین و لە دادوەری خۆ بپارێزین؛ بە هەمان شێوە کە برۆنۆ چاوپۆشی لە تاوانەکەی ئەکات.

تەنها کەسایەتییەکانی فیلمی **پەرجوو لە میلان** کە سۆزی ئێمە نابزوێنن، مۆبی و دارودەستەکەیەتی. ئەمانە تەنها هێمای نەریتین. هەمان سات کە دی سیکا ئەوانی لە گەڕەکەکانی دراوسێ پیشانمان ئەدات، هەست ئەکەین سۆزێکی ناسک لە هەناوماندا ئەجۆشێ و خولیای ئەوە ئەمانگرێ بڵێین: «دارای نەگبەت، تۆ بزانە چۆن فریو ئەخۆن.» بۆ سۆزداری ڕێگەی جیاواز هەیە، وەک ئەو ڕێگەی لێکۆڵەر هەڵی ئەبژێرێ. ڕێسا و بنەمای ئەوین دزێوترین داهێنان هەڕەشەی لێئەکات. لەم ڕوانگەیەوە، نەفرەت بە زۆری ناسکترە، بەڵام سۆزی دی سیکا بە ئافرێنراوەکانی هەڕەشە نییە لێیان، هیچ شتێکی مەترسیدار یان نەشیاو سەبارەت بەوە بوونی نییە. ئەم سۆزە، بەخششێکی هێور و شیانستە، بەخششێکی مەردوڕەندە و لەبری ئەوەش هیچی ناوێ. ئەم سۆزە، تەنانەت ئەو کاتەی بۆ

هەژارترین و ژاکاوترین کەسان ئەبێ بە ئامراز، خەوشی بەزەیی تێدا نییە. چونکە بەزەیی، پلە و پایەی مرۆیی کە بابەتی فیلمەکەیەتی بریندار ئەکات. ئەم سۆزە بارێکە بە کۆڵی ویژدانی دی سیکاوە.

ئەم سۆز و ناسکییەی دی سیکا لە چەشنێکی تایبەتە و هەر بۆیەشە بە ئاسانی خۆی نادات بەدەست گشتگیری ڕەوشتی یان دینی یان ڕامیارییەوە. لە ناڕوونی[٧٦٧] **پەرجوو لە میلان** و **دزانی پاسکیل**یش هەم دێمۆکرات مەسیحییەکان و هەم کۆمۆنیستەکان کەڵکیان وەرگرت. چ باشتر. چونکە چیرۆک ئەگەر ڕاستەقینە بێ بۆ هەرکەسێک گوتەیەکی هەیە. لام وا نییە دی سیکا و زاڤاتینی ویستوویانە هەموو شت لە هەموو کەس درێخ بکەن. هەروەها نایەت بە ئەندێشەمدا بڵێم ئەم مێهرەبانییەی دی سیکا لە سێ کەباری خودایی[٧٦٨]، یان خودئاگایی چینایەتی بالاترە. بەڵام لە هەڵوێستی ناتوندڕەوانەی ئەودا چەشنێک بالادەستی دیاری هونەری ئەبینم. ئەم مێهرەبانییە، ڕاستی ڕوانگەی ئەو دەستەبەر ئەکات و لە هەمان

---

٧٦٧ـ لەم بەندەدا، وشەی «ناڕوونی» جارێکی تریش دەرئەکەوێ. بە هەمان شێوە کە لە پێشەکی پەرتووکەکە ئاماژەم پێدا، بازن و ئامێدە ئایفر گرنگی فراوانیان بۆ ئەم «ناڕوونی ڕاستەقینە» دائەنا. لەم ڕووەوە، بازن خۆی هەم لە ڕوانگەی دێمۆکرات مەسیحی و هەم کۆمۆنیستی دوور ڕائەگرێ و لە نێوان چاکەی مەسیحی و خودئاگایی چینایەتی مارکسیستی هاوتەریبییەکی سەرنجڕاکێش بەدی ئەهێنێ، مرۆڤ لای سەیر ئەبێ کاتێک بازن ئەڵێ: «کام پارتی و دەستە ئەتوانێ بە ڕاستی، ئەوین بدات بە لایەنەکەی تر؟» بازن هەر لەم بەشەدا ئاماژە ئەکات ئەوین شوورەکان ئەبڕێ و دزە ئەکاتە ناو قەڵاکانەوە. ئەمە لە ئەماژە فراوانەکانی ئەوە بە وێژەی سەدە ناونجی فەڕانسە. لێرەدا ئەو مەبەستی **ڕۆمانسی گوڵەباخ** Le Roman de la Rose ـە. تێبینی: هـ.گ

٧٦٨ـ سێ کەباری خودایی بریتین لە: باوەڕ، هیوا، چاکە. تێبینی: هیو گرەی




کاتدا چۆنایەتییەکی گشتی پێ ئەبەخشێ. ئەم تامەزرۆییە فراوانە بە ئەوین، بەر لەوەی پرسگرێکی ڕەوشتی بێت، ئەدگارێکی کەسی و نەژادییە. بەڵام ئایە ئەتوانین دروستییەکەی بە گوێرەی ئاکارێکی شادی خۆرسک ڕوون بکەینەوە، کە لە کەشێکی نیۆپۆلیتەندا[٧٦٩] بەدی هاتووە؟ بەڵام ئەم ڕیشە دەروونناسانە بە توێژی وەها قووڵ ئەگات کە لە خودئاگایی دەمارگرانەی ئایدیۆلۆژییەکان بانگەشەی بۆ ئەکەن، قووڵترە. ئەم ڕیشانە بە شێوەیەکی ناکۆکنما و بە هۆی چۆنایەتی تاقانەیان و کەشی لاسایینەکراوە و، بە گوێرەی ئەوەی لە کاتێگۆری ڕەوشتی یان ڕامیاریدا پۆلێن نەکراون، لە دەمی گوێزانی سانسۆر خۆیان دەرباز ئەکەن و؛ سەرخۆشی نیۆپۆلیتەنی دی سیکا لە سایەی سینەمادا ئەبن بە گشتگیرترین پەیامی خۆشەویستی کە لە سەردەمی چارلی چاپلینەوە بە گوێمان گەیشتووە.

ئەگەر کەسێک گومانی لە گرنگی ئەم خاڵە هەیە، ئەوەندە بەسە سەرنج بداتە ڕەخنەگرانی دەمارگر چەند بەخێرایی خۆیان کرد بە خاوەنی. کام پارتی و لایەن ئەتوانێ بە ڕاستی، ئەوین بدات بە لایەنەکەی تر؟ لە ڕۆژگاری ئێمەدا ئیتر ئەوینی بێخەوش بوونی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر دەستەیەک بە پلەزیقانی فراوان ڕای ئەگەیەنێ شیاوی ئەو ئەوینەیە، بۆمان دەرئەکەوێ ئەوینی ڕاستگۆیانە و بێ درۆ ئەتوانێ دیوارەکان بسمێ و بخزێتە ناو قەڵای ئایدیۆلۆژی و بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

وەرن با سپاسی زاڤاتینی و دی سیکا بکەین بە هۆی ناڕوونی

---

٧٦٩ـ نیۆپۆلیتەن: Neopolitan [It] دانیشتوو و هاوشاری ناپۆلی.




ڕوانگەیان و، وەرن تەنها بە چەشنێک زیرەکی ڕووناکبیرانە لە **جیهانی دۆن کامیلۆی**(٧٧٠) نەزانین. چونکە زۆر ناپەسەندە کەسێک لایەنی هەموو لایەنەکان ڕابگرێ تەنها لەبەر ئەوەی تووشی هیچ چەشنە سانسۆرێک نەبێ. بە پێچەوانە، تێکۆشانی شیانست ئەوەیە ڕوو بکاتە شێوازێکی هۆنەرانە، ڕێبازی مرۆڤێکی شەیدا بگرێتە بەر، واتە هەستی لە قاڵبی کینایەی ڕۆژگاری خۆیدا دەرببڕێ و لە هەمان کاتدا کینایەی وا هەڵبژێرێت، دڵنیا بێت ئەچێتە ناو دڵی هەموانەوە. ئەوەی کە زۆر هەوڵیان داوە لێکدانەوەیەکی ڕامیاری لە **فیلمی پەرجوو لە میلان** بدەن بەدەستەوە، لەبەر ئەوەیە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکانی زاڤاتینی، باڵاترین نموونەی ئەم سەمبۆلیزمە نییە، بەڵکوو ئەم نموودانە خۆیان تەنها نوێنەرەوەی ئەوینن. بە گوتەی دەروونناسان هۆرمەکەی ئێمە پێچەوانەی ڕەوتی ڕەوانی وێنەکانە. کاتێک ئەم وێنانە وازێکی بناغەیی دەرئەبڕن، ناچار ئەیانەوێ لە دەریزانی بان ــ من super ــ ego تێپەڕن و لە پشت چەشنێک سەمبۆلیزمی دوو توێژدا خۆیان حەشار بدەن، یەکیان توێژی گشتی و یەکیش تایبەت. بەڵام ئەم خۆحەشاردانە لایەنی نەرێنی نییە. بەبێ ئەم سانسۆرە و بەبێ توانای ئەو بەرەنگارییەی

٧٧٠ـ جیهانە بچکۆلەکەی دۆن کامیلۆ: Little World of Don Camillo فیلمی سینەمایی ئیتالیایی ـ فەڕانسەیی ١٩٥٢، دەرهێنانی جۆلیەن دۆڤیڤیە. ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی دۆن کامیلۆ نووسینی جیۆڤانینۆ گوارێسکی، وەک زنجیرە هەشت فیلمی دۆن کامیلۆ لە ١٩٥٢ تا ١٩٧٢ ساز کرا. ⇦ دۆن کامیلۆ: Don Camillo زنجیرە ڕۆمانێکە لەسەر ژیانی قەشە دۆن کامیلۆ، پێرسۆنای ئافرێنراوی نووسەری ئیتالیایی جیۆڤانینۆ گوارێسکی.

کە ئەیدا بە هێزی ئەندێشە، خەون و هۆرم ئیتر بوونی نابێ.

تەنها بە یەک شێوە ئەتوانین سەبارەت بە **پەرجوو لە میلان** بیر بکەینەوە: بە تاودانەوەیەک لە ئاستی خەونی سینەمایی بزانین کە لە نێوان سەمبۆلیزمی کۆمەڵایەتی ئیتالیای هاوچەرخ و لە نێوان دڵی پڕهەستی ڤیتۆریۆ دی سیکاوە پشکووتووە. لەم ڕێگەوە ئەتوانین ئەوەی لەم فیلمە سەمەرەدا، نامۆ و نەگرساو خۆیا ئەکات، ڕوون بکەینەوە؛ ئەگینا ئاسان نییە بتوانین لە ڕەخنەی سەبارەت بە بەردەوامی دراماتیک و کەمتەرخەمی ئەو بە لۆجیکی گێڕانەوە تێبگەین.

ئێستە بە ڕاگوزاری ئاماژە ئەکەین کە سینەما چەندە وامداری ئەوین بۆ بوونەوەرانی زیندووە. بۆ تێگەیشتنی دارماڵ لە هونەری فلاهێرتی، ڤیگۆ، ڕێنوار و، بە تایبەت چاپلین چارەمان نییە مەگەر ئەوەی تێبکۆشین لەوە تێبگەین ئەوان چ چەشنە مێهر و سۆزێک، چ جۆرە ئۆگری هەستەکی یان سۆزاویی دەرئەبڕن. بە بۆچوونی من، سینەما بەر لە هەر هونەرێک ئاوێتەی ئەوینە. ڕۆماننووس لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ پێرسۆناکانی زیاتر پێویستی بە هۆش و ئاوەز هەیە تا ئەوین؛ شێوەی دڵداری ئەو پەیبردن و لێکتێگەیشتنە. ئەگەر هونەری چاپلین ببێ بە وێژە، گرەوشتی بۆ لای هەستگەرایی ئەبێ. بۆیە کەسی وەکوو **ئاندرێ سواریێ**[٧٧١]، کەسایەتی ناوازەی

---

٧٧١ـ ئاندرێ سوارێ: André Suarès (**١٨٦٨ـ١٩٤٨**) مرۆڤێکی گۆشەگیر و بەدبین و لووتبەر و دەرەبەگ بوو. خولیای هەندێ تەشکی هونەر و ژیان بوو، کە دەربڕی قارەمانگەری و دەسەڵات بوایەت. لە پەرتووکەکانی ئەتوانین چیرۆکەکانی تۆلستۆی، پاسکاڵ، ئیبسن و دۆستۆیڤسکی ناو ببەین. وتاری «دڵی نارەسەنی چارلی» لە گۆڤاری کۆمێدیا Comædia، پاریس، سێی جوولای **١٩٢٦** چاپ کراوە. جەی. بارۆنچلی لە وەڵامێکدا، کە ڕۆژی دواتر لە هەمان گۆڤاردا چاپ کرا، وتی ئەم پەلامارە ئەوی

وێژە، کە بە ئاشکرا هۆنراوەی سینەما کاری تێناکات، سەبارەت بە «دڵی نارەسەنی» چاپلین بدوێ، لە کاتێکدا، ئەم دڵە ڕەسەنایەتی و ئاداری ئەفسانەی هێناوە بۆ سینەما. هەر هونەرێک و هەر قۆناغێک لە گەشەی هەر هونەرێک، پێوەری بەهایی تایبەتی هەیە. هەستیاری ناسک و سەمەرەی ڕێنوار و مێهرەبانی گیانتەزێنی ڤیگۆ تەنها لەسەر پەردەی سینەما ئەو دەراو و پلە وەرئەگرێ و هیچ مێدیایەکی تر ناتوانێ چۆنایەتییەکی وەهایان پێ ببەخشێ. لە نێوان ئەم هەستانە و سینەما، پەیوەندییەکی سەمەرە هەیە، هەندێ جار، تەنانەت کەسانی مەزنیش تێی ناگەن. هیچکەس ناتوانێ باشتر لە دی سیکا خوازە بکات کە ڕۆڵەی چاپلینە. پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە دی سیکا لە پلەی ئەکتەردا چ بوونێکی درەوشاوەی لەسەر پەردە هەیە. بوونی تیشکێکە کە هەم فیلمنامە و هەم ئەکتەران بە ناسکی وەها ئەگۆڕێ کە کەس ناتوانێ وای دەربخات لە بەرامبەر دی سیکادا ڕۆڵ ئەبینێ، بەڵام خودی ئەو ئەتوانێ لە بەرامبەر ئەکتەرێکی وەهادا ئەو داخوازە بکات. ئێمە لە فەڕانسە تا ئێستە نەمان ئەزانی ئەکتەری ناوازەی فیلمەکانی کامرینی کێیە. ئەو ئەبوایە سەرەتا وەکوو دەرهێنەر ناوبانگێکی بنایەت بەیەکەوە، تا جەماوەر پێی بزانن. لەو کاتەوە، ئەو ئیتر ڕواڵەتی ئەکتەرێکی جەوانی ڕۆڵی یەکەمی نەبووە، بەڵکوو ئەفسوون و کێشەری درێژەی پەیدا کردووە. چەندەش ڕوونکردنەوەی ئەم ئەفسوونە دژوارتر بووە، کێشەریشی پتر بووە. تەنانەت کاتێک دی سیکا لە فیلمەکانی دەرهێنەرانی تر تەنها ئەکتەرێکی سادە بوو، دیسانەوەش دەرهێنەر بوو. چونکە تەنها بوونی ئەو چۆنایەتی فیلمەکەی ئەبردە سەرەوە و کاری

---

«داچڵەکاندووە و پەژارەمەند»ی کردووە. تێبینی: هـ.گ.

ئەکردە سەر شێوازەکەی. چاپلین تیرێژی مێهر و سۆزی لە خۆی و دەروونی خۆی ئەپرژاند و، ئەمە بەو واتایە کە توندوتیژی هەرگیز لە جیهانی ئەو ناچێتە دەرەوە. بەڵکوو بە پێچەوانە، پەیوەندییەکی پێداویست و دیالکتیکی لەگەڵ ئەوین هەیە. وەک لە فیلمی **مۆسیۆ ڤێردۆ** ئەبینین. چارلی خۆی ڕێژەنێکە بە جیهان پێشکەش ئەکرێ. چارلی ئامادەیە هەموو شتێکی خۆش بوێ، بەڵام جیهان هەمیشە وەڵامی ناداتەوە. لە لایەکی ترەوە، دی سیکای دەرهێنەر هەمان وزەی ئەوین ئەدەمێنێ کە خۆی لە پلەی ئەکتەردا خاوەنیەتی. چاپلینیش ئەکتەرەکانی وردبینانە هەڵئەبژێرێ، بەڵام هەمیشە سیلەی چاوێکیشی لە خۆیەتی و ئەیەوێ کەسایەتی خۆی لە بەر پەرتەوێکی ڕووناکتردا دابنێ. لە دی سیکادا هەمان مرۆڤدۆستی چاپلین ئەبینم، بەڵام دابەشکراو بەسەر هەموو جیهاندا. دی سیکا ئەو توانایە هەیە بوونی مرۆڤ بە هەموو بوونییەوە پێشکەش بکات، چەشنێک سۆز و مێهرەبانی لە گوتە و جووڵەیدا کە بە شێوەیەکی تاقانە سەلمێنەری پاکی مرۆڤە. ڕیچی (**دزانی پاسکیل**) و تۆتۆ (**پەرجوو لە میلان**) و ئۆمبێرتۆ د. هەرچەند بە ڕواڵەت لەگەڵ چاپلین و دی سیکا جیاوازن، بەڵام ئەوانمان ئەهێننەوە بیر.

هەڵەیە ئەگەر لامان وابێ ئەو ئەوینەی دی سیکا بە مرۆڤ هەیەتی و ئێمە وەک گۆڤان بانگ ئەکات، جۆرێک خۆشبینییە. ئەگەر هیچکەس بە ڕاستی، خراپ نییە، ئەگەر ڕووبەڕووی هەر مرۆڤێک ئەبینەوە، ناچار ئەبین تێڵای تاوانکردن فڕێ بدەین، هەمان کار کە **ڕیچی** کاتی گرتنی دزەکە ئەیکات، ناچار ئەبێ بڵێین ئەو خراپەیەی کە بوونی لە جیهاندا نکۆڵی لێناکرێ، لە شوێنێکە جگە لە دڵی

مرۆڤ دایە، واتە لە شوێنێک لە سیستەمی دەسەڵاتدار بەسەر کار و دیاردەکان دایە. ئەتوانرێ بوترێ ئەم شەڕە لە خودی کۆمەڵگە دایە و؛ ئەم گوتەیە تا ڕادەیەک دروستە. فیلمی **دزانی پاسکیل** و **پەرجوو لە میلان** و **ئۆمبێرتۆ د.**، بە یەک واتا ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕانەن. ئەگەر بێکاری نەبێ، لەدەستچوونی پاسکیلێک تراجێدیا نابێت. بەڵام ئەم ڕوونکردنەوە ڕامیارییە هەموو دراماکە ناگرێتەوە. **دی سیکا** دژ بەو بەراوردە بووتەوە لە نێوان **دزانی پاسکیل** و بەرهەمەکانی کافکادا کردوویانە و، وتوویەتی لەخۆ بێگانەبوونی پاڵەوانەکەی ئەو کۆمەڵایەتییە نەک بانسروشتی. ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئەفسانەکانی کافکایش بە نوێنەرەوەی لەخودبێگانەبوونی کۆمەڵایەتی بزانین، ئەوانیش بەهای خۆیان لەدەست ئەدەن و، بە مسۆگەری نابێ بڕوامان بە خوایەکی بێبەزەیی هەبێت تا لە هەڵە و تاوانی **جۆزێف ک.** تێبگەین. بە پێچەوانە، ئەم درامایە لەم ڕستەیەدا شاراوەتەوە: **خوایەک بوونی نییە.** دوا ژووری کۆشک چۆڵە. ڕەنگە لێرەدا ڕووبەڕووی تراجێدیایەکی تایبەت بە جیهانی ئەمڕۆین. ڕەنگە خەریکین ڕۆژەڤێکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای خود-خودایی self-deifying بۆ دارەتێکی باڵاتر بەرز ئەکەینەوە.

کێشەکانی برۆنۆ و ئۆمبێرتۆ د. هۆکاری دیار و کتوپڕیان هەیە، بەڵام لەگەڵ چەشنێک خڵتەی نامێتە[۷۷۲] و تێکەڵنەبووش ڕووبەڕووین. خلتەیەک کە لە ئاڵۆزیی دەروونناسانە و ئەستوویی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئێمەوە سەری هەڵداوە، بۆیە نە پێگەی باڵای دامەزراوێک ئەتوانێ لای ببات و نە چاکەخوازانی هاوچەشن.

---

۷۷۲ـ نامێتە: insoluble [نا+ ئامێتە] شلەیەک لە لەگەڵ شلەی تر تێکەڵ نابێ
ن: ئامێتە و نامێتە ن: ئامۆ و نامۆ ع د نامحلول. ☜ شیلاوە

ئەم هۆکارەی دوایی ناوەرۆکێکی ئەرێنی و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام کاردای هەمیشە لە پێداویستییەکەوە سەرچاوە ئەگرێ کە هەم بێهوودەیە و هەم فەرماندەرانە. بە بۆچوونی من، هەر ئەم لایەنەیە ئەم فیلمەی ئاوەها گەورە و دەوڵەمەند کردووە. ئەم فیلمە دادوەرییەکی دوولایەنە بەدی ئەهێنێ: یەکیان بە وەسپی نکۆڵی لێنەکراوی باری نەشیاوی ئەم کرێکارە و؛ ئەوی تر ئاماژەی لەلاوە و هەمیشەیی بە نیازێکی مرۆیی کە هەر کۆمەڵگەیەک ئەبێ بەدی بهێنێ. فیلم ئەو جیهانە مەحکووم ئەکات کە هەژاران ناچارن بۆ مانەوەی خۆیان لەیەک بدزن (پۆلیس تەنها داراکان بە باشی ئەپارێزێ)، بەڵام ئەم مەحکوومکردنە سەپێنراوە بەس نییە، چونکە ئەوەی مایەی پرسیارە تەنها دامەزراوێکی مێژوویی گریمانەیی یان پێکهاتەی ئابووری تایبەت نییە، بەڵکوو گوێنەدانی خودی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمە سەبارەت بە ڕێکەوتبوونی بەختەوەری تاکە. ئەگەر وا نەبوایەت سوید بەهەشتی سەر ڕووی زەمین ئەبوو. چونکە پاسکیلەکان بە شەو و ڕۆژ لە قەراخ ڕێگاکاندا بەجێ ئەهێڵن. دی سیکا، مرۆڤی خۆش ئەوێ، براکانی. تا ئەو ڕادەیەی کە نایەوێ هۆکارە زانراوەکانی بەدبەختییان بشارێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا بیرمان ئەخاتەوە کە بەختەوەری هەر تاکێک، چ لە میلانۆ و چ لە هەر شوێنێکی تر تەنها پەرجووی ئەوینە. ئەو کۆمەڵگەی هەر دەرفەتێک بۆ تیابردنی بەختەوەری بە هەل نازانێ، باشتر لەو کۆمەڵگەیە کە تۆوی نەفرەت ئەچێنێ. بەڵام دارماڵترین شتەکانیش ناتوانن ئەوین بەدی بهێنن، چونکە ئەوین پرسگرێکی تایبەتی نێوان دوو مرۆڤە. لە کام وڵاتی جیهان ئەگەر لە شوێنێکدا پەترۆڵ دۆزرایەوە، هێلانەی کەروێشکەکان پارێزراو ئەبێ؟ لە کامە وڵات لەدەستدانی بەڵگەیەکی

کارگێڕی بە هەمان ئەندازە تەزێنەر نییە کە دزینی پاسکیلێک؟ ئەوە ئەرکی ڕامیارییە هەلومەرجی بابەتی پێویست بۆ بەختەوەری مرۆڤ دابین بکات، بەڵام ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ئەندێشەیی ئەو لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی نییە. لە جیهانی دی سیکا چەشنێک گەشبینی شاراوە هەیە، چەشنێک گەشبینی ناچاری کە هەرگیز ناتوانین بە ئەندازەی پێویست سپاسی بکەین، چونکە تێیدا پەنابردن بۆ توانای مرۆڤ شاراوەتەوە و، ئەمە بەڵگەیەکە بۆ مرۆڤدۆستی کۆتایی و نکۆڵیلێکراوی ئەو.

لێرەدا لە وشەی ئەوین کەڵکم وەرگرت. ڕەنگە باشتر بوو بموتایەت هۆنراوە. ئەم دوو وشەیە هەمواتا یان لانیکەم تەواوکەرن. هۆنراوە جگە لە تەشکی کرکاشگەر و داهێنەری ئەوین نییە، پێشکەشکەری ئەوین بە جیهانە. هەرچەند گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، منداڵێتی ئەم منداڵە شەمارەنگەی فەوتاندووە، بەڵام ئەو ئەتوانێ لە هۆرمدا لەم نەگبەتییە ڕزگار ببێ. لە فێرگەی سەرەتایی فەڕانسە فێری منداڵان ئەکەن «هێلکەدز ئەبێ بە گامێشدز.» بەڵام بۆچوونی دی سیکا ئەمەیە: «هێڵکەدز، خەون بە ئەسپەوە ئەبینێ.» بەهرەی پەرجووئاسای **تۆتۆ** کە لە لایەن دایەگەورەی مناڵپارێزیەوە[۷۷۳] پێیگەیشتووە و لە مناڵییەوە لای ماوەتەوە، ئەوەیە کە لە ڕێگەی هۆنراوەوە توانایەکی ناوازەی بۆ داکۆکی هەیە. بە بڕوای من لە فیلمی **پەرجوو لە میلان**، ئەگەر **ئێما گراماتیکا** بەپەلە ئەچێت بۆ لای شیرە ڕژاوەکە، ئەوە زۆر گرنگە. گرنگ نییە کێ جگە لە ئەو سەرکۆنەی

۷۷۳ـ دایەگەورەی مناڵپارێز: adopted grandmother [ع] جدة بالتبني [د] مادربزرگ خوانده.

تۆتۆ ئەکات بە هۆی بیرپەرتییەوە[٧٧٤] و شیرەکە بە پەرۆیەک ئەسڕێتەوە. ئەوەی گرنگە جووڵەی بەگوڕی پیرێژنە کە ئەیەوێ ئەم نەهاتە بچکۆلەیە بکات بە گەمەیەکی شکۆمەند، بە ڕووبارێک لە نێوان بەرجەوەنێک بە هەمان بەرەگە و ڕەهەند. لەمەڕ خشتەی لێکدانیش هەر وەهایە. خشتەی لێکدان[٧٧٥] یەکێکە لە هەراسەکانی سەردەمی منالی، کە لێرەدا لە سایەی ئەم پیرێژنە کورتەبالا ئەبێ بە هۆرم. تۆتۆی دانیشتووی شار، شەقام و چەرخەڕێکانی بە «چوارچوار شانزە» یان «نۆنۆ هەشتاویەک» ناو ناوە. چونکە لە لای ئەو هێمای وشەکە بیرکارییەکان لە ناوی کەسایەتییە ئەفسانەییەکان جوانترە. دیسان ئەکەومەوە یادی چارلی. توانای سەرنجڕاکێشی ئەویش بۆ ئەوەی جیهان بکات بە ژینگەیەکی باشتر لە دارەتی سەردەمی منالییەوە سەرچاوە ئەگرێ. کاتێک ڕۆژەڤ ئالنگاری لەگەڵ ئەکات و ئەو ناتوانێ لە ڕوانگەی ئەستووییەوە بیگۆڕێ، واتاکەی ئەگۆڕێ. بۆ نموونە، سەمای نان یان پۆستاڵەکانی ناو قاپی سووپ لە فیلمی **هەڵپەی زێڕ** لە بەرچاو بگرن. بە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنەی کە ئەم کارەی چارلی هەمیشە دارەتی داکۆکی هەیە و ئەم توانای شێواندنەی شتەکان تەنها لەبەر خۆیەتی یان ئەوپەڕی بە قازانجی ئەو ژنەیە کە خۆشی ئەوێ. بە پێچەوانە، تۆتۆ هەمیشە لە بیری ئەوانی تر دایە. تەنانەت ساتێکیش بیر لەوە ناکاتەوە کە کۆترەکە ڕەنگە قازنجی بۆی هەبێت. خۆشی ئەوەیە خۆشی بلاو بکاتەوە. کاتێک ئیتر ناتوانێ هیچ بۆ دراوسێکەی بکات، خۆی بە

٧٧٤ـ بیرپەرتی: distraction گێژی، ئاگالێنەبوون [ع] الهاء [د] حواس پرتی.
٧٧٥ـ خشتەی لێکدان: Multiplication Chart یان خشتەی پیتاگۆرس، بەرەنجامی لێکدانی دوو ژمارە پیشان ئەدات [ع] جدول الضرب [د] جدول ضرب.



بەرپرس ئەزانێ تەشکی جۆراوجۆر بدات بە خۆی. بۆ کابرای شەل ئەشەلێ. خۆی ئەکات بە کوڵەبنە. بۆ کابرای یەکچاو خۆی نابینا پیشان ئەدات. کۆتر تەنها ئەگەرێکی خۆبەخۆی هەڵبژاردەی هەیە، بۆ ئەوەیە کە بەرگی ئەستوویی بکات بە بەر هۆنراوەدا. چونکە زۆر لە مەردم پێویستیان بە شتێک هەیە ئەندێشەیان ببزوێنێ. بەڵام تۆتۆ نازانێ چی بکات، مەگەر ئەوەی پای کەسێک لە ئارادا بێت.

زاڤاتینی سەردەمێک پێی وتم: «من وەک شێوەکارێکم کە لەبەردەم کێڵگەیەکدا ڕاوەستاوە و لە خۆی ئەپرسێ لە کام زاغەوە[٧٧٦] دەست پێ بکات؟» بۆ دەربڕینی بڕوایەکی وەها، دی سیکا دەرهێنەرێکی ئارمانجییە. زێدە لەمە، هونەری فیلمنامەنووسیش لە ئارا دایە کە لە لای ڕێژەی ساتەکان بە ژیان، هەمان ڕێژەی تەڵی گیایە بە کێڵگە. بۆ وێنەکێشانی هەموو لاسکەکان ئەبێ **دوانیە ڕۆسۆ**[٧٧٧] بیت تا بتوانی ئەو کارە بکەیت. لە جیهانی سینەمادا، مرۆڤ ئەبێ وەک دی سیکا تەنها خولیای ئافراندنی لەسەردا بێت.

## یاداشتێک لەسەر ئۆمبێرتۆ د.

بەر لەوەی ئۆمبێرتۆ د. ببینم، وام ئەزانی **دزانی پاسکیل**، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە چەمکی گێڕانەوەوە هەیە، گەیشتووەتە دوا ڕادەی نیۆڕیالیزم. بەڵام ئەمڕۆ لام وایە **دزانی پاسکیل** لەو بابەتە

٧٧٦ـ زاغ: گۆڕەپانی دروێنە، بەشێک لە کێڵگە.

٧٧٧ـ دوانیە ڕۆسۆ: Douanier Rousseau (١٨٤٤ـ١٩١٠) شێوەکاری پۆست ئێکسپرشنیستی فەڕانسەیی. تابلۆکانی سادە و وردەکارانە کێشراون.

ئارمانجییەی زاڤاتینی زۆر دوورە. مەبەستم باڵادەستی ئۆمبێرتۆ د. نییە. باڵادەستی بێوێنەی **دزانی پاسکیل** لەم ناکۆکنماوە سەرچاوە ئەگرێ، کە توانیوێتی دوو بایەخی بە تەواوەتی دژبەر پێکەوە ئاشت بکاتەوە: ئازادی بابەتیبوون و تەناهی و ڕێکی گێڕانەوەیی. بەڵام فیلمنامەنووسانی ئەم فیلمە ئەم دەسکەوتەیان تەنها بە سەرگەردکردنی بەردەوامی ڕۆژەڤ بەدەست هێناوە. لە **ئۆمبێرتۆ د.** لە هەندێ دۆخدا، بە کورتە، بۆمان دەرئەکەوێ سینەمای بە ڕاستی ڕیالیستی، واتە سینەمای «بەردەوامی کاتی»، ئەبێت چۆن بێت.(٧٧٨)

هەڵبەت ئەم جۆرە ئەزموونە لەگەڵ کاتی بەردەوام لە سینەما شتێکی تازە نییە. بۆ نموونە، فیلمی **تەنافی هیچکاک** هەشتا خولەک کاتی نەپساوەیە. بەڵام لەم فیلمەدا چەشنێک پرسگری کاردا لە ئارا دایە، بەو شێوەی لە شانۆدا ئەیبینین. ئاریشەی سەرەکی، بەردەوامی فیلمی شۆڕاوە exposed نییە، بەڵکوو پێکهاتەی کاتی ڕووداوەکەیە.


---

٧٧٨ـ بەردەوامی: duration وا دیارە بازن لێرەدا واتای بەرگسۆنی وشەی «بەردەوامی» مەبەست بووە. فەلسەفەی بەرگسۆن لە بنەمادا سەبارەت بە «کات» بوو. ئەمە تەنها نموونە نییە بازن زاراوە و چەمکی بەرگسۆنی بەکار هێناوە (☜ وتاری دەربارەی کابیریا). بەرگسۆن دوو کات لە بەرامبەر یەکدا دائەنێ. یەکیان کاتی بابەتی «کە چوارچێوەیەکە بۆ ڕۆژەڤی بەرهەست و؛ ئەوی تر کاتی ئەندێشەیی، کاتێک کە تێیدا ئەژین، واتە بەردەوامی.» بەرگسۆن ژیانی مرۆڤ لە «ڕۆژەڤی بەرهەست و چالاکی زانستی» جیا ئەکاتەوە و ئەیگۆڕێ بە «ئەزموونی بەردەوامی، بە ڕەوتی بەردەوامی دارەتەکانی هەناوی ناخودئاگا». ئەم خاڵە بەکارهێنانی بازن لە وشەی «دەروونناسیگەری» لە وتاری «کابیریا»دا ڕوون ئەکاتەوە. تێبینی: هـ.گ.

فیلمی تەناف ئەکرا بەبێ گۆڕانکاری لە ڕووناکی کامێرا و بەبێ هیچ چەشنە پچڕان لە بەردەوامی دیمەنەکان، دروست بکرێ و، لە هەمان کاتدا نمایشێکی دراماتیکیش بێت. چونکە لە نمایشنامەی سەرەکیدا ڕووداوەکان لە ڕوانگەی دراماتیکەوە لەسەر بناغەی کاتی دەستکرد ــ کاتی شانۆیی ــ دانرابوو (بە هەمان شێوە کە کاتی موزیکی و کاتی سەمامان هەیە، کاتی شانۆییشمان هەیە).


لانیکەم، لە دوو دیمەنی ئۆمبێرتۆ د. پرسگری بابەت و فیلمنامە شێوەیەکی تر بە خۆوە ئەگرن. لەم دوو بوارەدا، پرسگر ئەوەیە کە «کاتی ڕۆژانە» ــ بەردەوامی خۆبەخۆی وێنەی کەسێک کە هیچ شتێک بۆی ڕوو نادات ــ چۆنایەتی نمایش و دراما پەیدا بکات. بە تایبەت دوو دیمەنم مەبەستە: یەکیان ئەو دیمەنەی ئۆمبێرتۆ د. ئەچێتە ناو ژوورەکەی لەبەر ئەوەی لای وایە یاوی هەیە لە ناو جێگە ڕائەکشێ؛ ئەوی تریش دیمەنێکە کە خزمەتکاری کەم تەمەن بەیانی زوو لە خەو ڕائەبێ. ئەم دوو بڕگەیە بێگومان ڕادەی ئەوپەڕی «ئەکتەری»یە لەم چەشنە تایبەتەی سینەمادا. ئەویش لە ئاستێکدا کە ئەتوانین ناوی بنێین «بابەتی پێوار». مەبەستم لەم زاراوەیە، بابەتێکە لەو ڕۆژەڤەدا تواوەتەوە کە پیشانی ئەدات. لە کاتێکدا، وەختێک لەسەر بناغەی چیرۆک فیلم دروست ئەکەین، چیرۆک لە خودی خۆیدا وەکوو ئێسکەپەیکەرێکی بەبێ گۆشت ئەمێنێتەوە و، هەمیشە ئەتوانین چیرۆکی فیلمەکە «بگێڕینەوە».

لێرەدا کاردای بابەت بە هەمان ئەندازە بنەڕەتییە کە لە چیرۆکدا. بەڵام لێرەدا گەوهەرەکەی لە فیلمنامەکەدا دزەی کردووە. بە گوتەیەکی تر، بابەت بەر لە نووسینی فیلمنامە هەبووە، بەڵام لە پاش ئەوە ئیتر نییە. تەنها «ڕۆژەڤێک» ئەمێنێتەوە کە خودی بابەت




لە پێشەوە دیاری کردووە. ئەگەر بمانەوێ فیلمەکە بۆ کەسێک کە نەی بینیوە، بگێڕینەوە ــ بۆ وێنە ئەوەی ئۆمبێرتۆ د. لە ژوورەکەی یان ماریای خزمەتکاری کیژۆڵە لە ئاشپەزخانە ئەنجامی ئەدات ــ چی ئەتوانین بگێڕینەوە؟ نمایشێکی بێواتا لە هەڵسوکەوتی بێواتا، کە بەردەنگەکەی من ناتوانێ لەسەر بناغەی ئەوانە، لەو هەستەی بینەری فیلم لە خۆیدا نوقم ئەکات، بچووکترین وێنایەک وەربگرێ. لێرەدا بابەت بەفیڕۆ دراوە، وەک مۆمێک کە بۆ پەرداختکردنی بڕۆنز بەکار ئەهێنرێت.

بەڵام لە ئاستی فیلمنامە، ئەم چەشنە بابەتە بە شێوەیەکی بەرامبەر پەیوەندی بە فیلمنامەوە هەیە کە دارماڵ لەسەر ڕەفتاری ئەکتەر دانراوە. بەو پێیەی کە کاتی ڕاستەقینەی گێڕانەوە هەمان کاتی دراما نییە، بەڵکوو بەردەوامی کاتی بەرهەستی کەسایەتییە، ئەم بابەتیبوونە تەنها بە گوێرەی شتێکی تەواو ئەندێشەیی بە شێوەی میزانسن (فیلمنامە و کاردا) دەربهێنرێت. مەبەستم ئەوەیە لەم نموونەدا، فیلم تەنها و تەنها لەگەڵ ئەوەی ئەکتەر ئەنجامی ئەدات یەکە. جیهانی دەرەوە وەکوو یەکێک لە پێداویستەکانی ئەم کاردا سۆڵانەی لێدێت. کاردایەک کە سەر بەخۆیەتی، بە هەمان شێوە کە **کەزیکانی** بێبەش لە هەوا، خۆیان ئۆکسیژنی خۆیان بەدی ئەهێنن. ئەکتەرێک کە ڕۆڵێکی تایبەت ئەبینێ، کەسێکە «ڕۆڵێک وەرئەگێڕێ»، هەمیشە تا ڕادەیەک دەرهێنەری خۆیەتی، چونکە کەم تا زۆر هەمان ڕێسای پەژێرەکراوی باو بەکار ئەهێنێ کە لە فێرگەی ئەکتەری فێری بووە. بەڵام لێرەدا تەنانەت ئەم چەشنە





ڕێسایانەش ناتوانن یارمەتیدەر بن. لەم ڕایشتەی دارماڵی ژیاندا، ئەکتەر وەک مۆم لە دەستی دەرهێنەر دایە.

ڕاستە ئۆمبێرتۆ د. فیلمێکی ئەوەندە تۆکمەی وەکوو **دزانی پاسکیل** نییە، بەڵام ئەتوانین لەم کێماسییە تێبگەین. لەبەر ئەوەی بەرزەفڕیشی زیاتر بوو. **ئۆمبێرتۆ د.** ئەگەر وەک گشتێک سەیری بکەین، بێخەوش نییە. بەڵام لە هەندێ بەشەکاندا دارماڵتر و سۆلانترە ـــ لەو بەشانەی دی سیکا و زاڤاتینی بە تەواوی بە نیۆڕیالیزم ئەمەگدارن. بۆیە نابێ ئۆمبێرتۆ د. بە هەستگەرایی ڕووکەش و هەندێ گرەوشتی مامناونجی بە بەزەیی کۆمەڵایەتی تاوانبار بکەین. تایبەتمەندی بەسوود و تەنانەت کێماسییەکانی ئەم فیلمە سەرتر لە پێژەی ڕەوشت یان ڕامیارییە. لێرەدا ڕووبەڕووی چەشنێک «گوزارشتی» سینەمایی و بینینی سەرسامهێنەر و نکۆڵی لێنەکراوی ژیانی مرۆڤین. ڕەنگە بەر دڵمان بکەوێ یان پێمان خۆش نەبێ، چونکە گوزارشتی ژیانی فەرمانبەرێکی پلە نزمە کە لە پانسیۆنێک ئەژی، یان سەبارەت بە خزمەتکارێکی کەم تەمەنە کە دووگیانە، بەڵام بە مسۆگەری ئەوەی سەبارەت بەم پیرەمێردە و ئەم کچە لە ڕێگەی نەگبەتییە ڕێکەوتەکانەوە بەسەریان دێت، بۆمان دەرکەوتووە، لە هەموو شت زیاتر پەیوەندی بە دۆخی ژیانی مرۆڤەوە هەیە. بێگومان ئەتوانین ڕای بگەیەنین کە سینەما بەدەگمەن ڕێبازێکی ئاوەها درێژخایەنی لەم ئاقارەدا پێشکەش کردووە کە پیشانمان بدات مرۆڤبوون چۆنە (و هەروەها، سەگبوون بە چ شێوەیە). تا ئێستە وێژەی دراماتیک زانستێکی وردی

لەمەڕ دەروونی مرۆڤ خستووەتە بەردەستمان، بەڵام ڕێژەی ئەم زانستە بە خودی مرۆڤ هەمان ڕێژەی فیزیکی کلاسیکە بە ئەستوو ــ ئەوەی زانایان ماکرۆفیزیکی پێ ئەڵێن، تەنها لەمەڕ ئەو دیاردانە سوودمەندە کە گەورەییەکی بەرچاویان هەیە. هەڵبەت ڕۆمان لە بواری پۆلێنی ئەم زانستە، زۆر پێشکەوتووە. فیزیکی هەستی کەسێکی وەک **پرووست**، میکرۆسکۆپییە. بەڵام بابەتێک کە ئەم میکرۆفیزیکە لێی ئەدوێ لە هەناوی مرۆڤ دایە و ئەویش **یادەوەرییە.** سینەما لەم گەڕانەی بەدوای مرۆڤدا، مەرج نییە جێگرەوەی ڕۆمان بێ، بەڵام تازیارێکی بەسەریدا هەیە و ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لە کاتی ئێستادا پیشان ئەدات ــ «کاتی دۆزراوەی» زاڤاتینی تا ڕادەیەک جووتە لەگەڵ «گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو و دۆزراوەی» پرووست؛ ئەم پرسگرە لە سینەمای سەردەم، شتێکە وەکوو **پرووست** لە کاتی ئێستەی نووچەییدا♦

*This text was originally published in Italian language in **1951** by **Edizione Guanda**, Parma.*

*The English version is based on the French translation.*




# ئۆمبێرتۆ د.: شاکار

**پەرجوو لە میلان** تەنها ناکۆکی بەدی هێنا. لە نەبوونی ئەو پەسن و گوڕوتینەی پێشکەش بە **دزانی پاسکیل** کرا، ڕەسەنی ئەم فیلمنامە کە تێکەڵەیەکی کاروباری سەمەرە و ئاسایی بوو و، وازی سەردەمی ئێمە بە هێماسازی ڕامیاری، فەراگەردی ئەم فیلمە، چەشنێک «**ناوبانگی دزێوی**»ی[٧٧٩] بەدی هێنا. (میشلەن ڤیان لە وتارێکی بەهێزدا، کە لە *Les Temps modernes* بڵاوکراوەتەوە، بە تەوسێکی بێبەزەییانە پەلاماری داوە).[٧٨٠]

---

**٧٧٩ـ** ناوبانگی دزێو: succes de scandale

**٧٨٠ـ** Micheline Vian، گۆڤاری Les Temps modernes، جانیوەری **١٩٥٢**.

ئەم ژمارە دوو وتاری تێدایە، لە ژێر ناونیشانی گشتی «هەندێ ڕوانگە لەمەڕ پەرجوو لە میلان». یەکەمیان «پەمەیی و ڕەش» نووسینی ڕێنێ گۆیۆن و دووەمی «تۆتۆ یان نەگبەتی شمەک بوون». بازن یان پیتچن ناوی نووسەری وتاری دووەمی بە هەڵە تۆمار کردووە. ناوی دروست L'Eglise Vian ـ Michelleیە .ئەم وتارە بەهێزە لێکدانەوەیەکی تەوساوییە لە ڕوانگەکانی ڕەخنەگران و گاڵتە بە زۆر لەو بۆچوونە دووواتاکەی ئەوان ئەکات. دیارە هەندێ لەم ئاماژانەش بە خودی بازنە. ڤیان بە ئاماژە بەم گوتەی بازن لە L'Observateur کە دی سیکا بۆ دڵکاوی خۆی ناکۆکی





چەشنێک پیلانی بێدەنگی، جۆرێک خۆگێلکردنی ڤیرسیچمانە و مۆنانە لە دژی ئۆمبێرتۆ د. بەدی دێت و لە ئەنجامدا وا دەرئەکەوێ تەنانەت ئەوەی سەبارەت بە چاکەکانیشی نووسراوە، بە پەسنێکی لاواز مەحکوومی ئەکات. هەرچەند ئەزانین ئەوەی دوژمنایەتی هەندێ لە ڕەخنەگران لەبنەوە ئەورووژێنێ، چەشنێک تەوسی نەخۆشانەی بێدەنگی یان تەنانەت سووکایەتییە (سووکایەتییەک کە هیچکات ئامادەی پەژێرەکردنی نین. چونکە ئاگامان لە پێشینەی گەشی جنێوفرۆشەکان هەیە). بەدڵنیایی لەم نموونەدا «**سواژێ ئۆمبێرتۆ د.**»[٧٨١] لە ئارادا نابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەم فیلمە یەکێک لە شۆڕشگێڕانەترین و بوێرانەترین فیلمەکانی دوو ساڵی دواییە. نە تەنها لە سینەمای ئیتالیا، بەڵکوو لە هەموو سینەمای ئوروپادا، شاکارێکە بێگومان مێژووی سینەما جێگەیەکەی پڕشانازی بۆ دیاری ئەکات. هەرچەند

---

نێوان پەیامی کۆمەڵایەتی و هونەری لابردووە، بەبێ ئەوەی دوخمانی لە هونەر بکات، ئەڵێ وا دیارە خودی بازنیش بۆ دڵکاوی خۆی کێشەی «لەگەڵ مشک و هاوڕێی پشیلە»ی بۆ خۆی چارەسەر کردووە، بەبێ ئەوەی دوخمانی لە بەرژەوەندی هیچیان بکات. تێبینی: هـ.گ.

٧٨١ ـ لێرەدا ئاماژەی بازن بە ڕووداوی بەناوبانگی «سواژی هەرنانی» ڤیکتۆر هۆگۆیە. ئەم شانۆیە لە ٢٥ی فیبرایری ١٨٣٠ لە شانۆی «کۆمێدی فەڕانسە» پیشان درا. چەند کەسایەتی ناسراوی وێژەیی و کۆمەڵێک جەماوەر دژی ئەم شانۆیە، کە گرەوشتێکی ڕۆمانتیکی تازەی ئەهێنا بۆ شانۆ، بە توندی خۆپیشاندانیان کرد. لەگەڵ ئەوەش، ئەم شانۆیە لەسەر سەکۆ مایەوە و سەرکەوت. تێبینی: هـ.گ.




لەم کاتەی ئێستادا گوێنەدان یان کەمتەرخەمی تایبەتی لایەنگرانی سینەما بەرامبەر بەم فیلمە، بووەتە هۆی ئەوەی ئەم فیلمە ڕەسیدێکی کەم و نابەدڵ پەیدا بکات.

ئەگەر ڕیزی دوورودرێژ لە بەردەم ئەو سینەمانەی فیلمی **بوونەوەرانی دڵڕفێن**[٧٨٢] یان **میوەی بەرگیراو**[٧٨٣]، پیشان ئەدەن، پێک هاتووە، ڕەنگە تا ڕادەیەک لەبەر ئەوەیە کە قاحبەخانەکانیان داخستووە. لەگەڵ ئەوەش، لە هەر هەزار فەڕانسەیی دانیشتووی پاریس تەنها دە کەسیان چاوەڕێی چێژی جی لە فیلمن.

دانیشتوانی پاریس ئەبێ تریق ببنەوە. ئایە ئۆمبێرتۆ د. ئەبێ بەر لەو ماوەی کە بە ڕاستی شیاویەتی لەسەر پەردەی سینەما هەڵبگیرێت؟

هۆکاری سەرەکی خراپ تێگەیشتن لە ئۆمبێرتۆ د. بەراوردی ئەم فیلمەیە لەگەڵ **دزانی پاسکیل**. هەندێک گوایە پازە ئەهێننەوە کە دی سیکا پاش میانپەردەی هۆنەرانە–ڕیالیستی **پەرجوو لە میلان** دیسانەوە «گەڕاوەتەوە بۆ نیۆڕیالیزم». ئەمە ڕاستە، بە مەرجێک گورج ئەوەی لێ زیاد بکەین کە لوتکەی **دزانی پاسکیل** تەنها سەرەتا بوو. هەرچەند سەرەتا ئەویان بە ترۆپک دانا. بە سەرنجدانە ئۆمبێرتۆ د. زانیمان ڕیالیزمی **دزانی پاسکیل** لایەنێکی تێدا بوو کە چەشنێک

---

٧٨٢ـ بوونەوەرانی دڵڕفێن: Adorables creatures فیلمی فەڕانسە ـ ئیتالیایی ١٩٢٥، دەرهێنانی کریستیان ـ ژاک.

٧٨٣ـ میوەی بەرگیراو: Le Fruit dejéndu فیلمی فەڕانسەیی ١٩٥٢، دەرهێنانی هانری ڤێرنۆی.

خۆبەدەستەوەدان بوو بە شێوەسازی کلاسیک. لەئەنجامدا، ئەوەی لەمەڕ فیلمی ئۆمبێرتۆ د. پەشۆکێنەرە، بە زۆری ئەو شێوازەیە کە نکۆڵی لە هەرچەشنە پەیوەندی لەگەڵ نمایشی سینەمایی ئەکات.

هەڵبەت ئەگەر تەنها ناوەرۆکی ئەم فیلمە لە بەرچاو بگرین، ئەتوانین دایبەزێنین بۆ مێلۆدرامایەکی «جەماوەری» بە داخوازی کۆمەڵایەتی و سکاڵایەکی داکۆکی لە چینی مامناونجی: فەرمانبەرێکی سادەی خانەنشین کە تووشی هەژاری و دەسکورتی بووە، چاوپۆشی لە خۆکوشتن ئەکات، چونکە نە ئەتوانێ کەس بدۆزێتەوە سەگەکەی ڕابگرێ و نە ئەوەندە جەربەزەی هەیە بەر لە خۆکوشتن، سەگەکەی بکوژێ. بەشی کۆتایی ئەم فیلمە، کۆبەندی هەژێنەری کۆمەڵێک ڕووداوی دراماتیک نییە. ئەگەر چەمکی کلاسیکی «پێکهاتە» لێرەدا هێشتا تۆزێ واتای هەبێ، زنجیرەی ئەو ڕووداوانەی دی سیکا گوزارشتی ئەکات، ملکەچی پێداویستییەکە کە هیچ پەیوەندی بە پێکهاتەی دراماتیکەوە نییە. ئایە ئەتوانین لە نێوان ملەخڕەیەکی بێ مەترسی کە ئۆمبێرتۆ د. بە هۆیە لە نەخۆشخانە ئەکەوێ و، دەرکرانی لە لایەن خاوەنماڵ و کەوتنە بیری خۆکوشتن سۆنگەیەکی هۆیەتی بدۆزینەوە؟ ئاگادارکردنەوەی بۆ چۆڵکردنی سیسەمی نەخۆشخانە پەیوەندی بە ملەخڕەوە نییە. «نووسەری دراماتیک» ئەبوا نەخۆشییەکەی توندوتیژ بکردایەت تا پەیوەندییەکی لۆجیکی و هاندەر لە نێوان ئەو دوانەدا بەدی بهێنێ. بە پێچەوانە، لێرەدا خولی مانەوەی ئۆمبێرتۆ د. لە نەخۆشخانە لەگەڵ باری تەندروستی گونجاو نییە؛ ئەم بەشە لەبری ئەوەی بەزەییمان بورووژێنێ، لە ڕاستیدا، شادترین بەشی فیلمەکەیە. لەگەڵ ئەوەش، پرسگری سەرەکی ئەمە نییە، هەرچەند لە ڕوویەکەوە بە ڕاستی، لەم کارەدا

بەشدارە. بەڵام تەنها تا ئەو جێگەیەی پیشانی بدات کە چەندە تەنهایە. هەمان چەند نموونەی ئەوانی تر بۆ ئۆمبێرتۆ د. ئەنجامی ئەدەن، هەموو ئەو شتەیە کە فیلمەک بۆ پیشاندانی دابڕانی پەیوەندی بەرتەسکی مرۆیی ئەو هەڵی ئەبژێ. تا ئەو ڕادەیەی بە ڕاستی، پەیوەندی بە توێژی مامناووەندییەوە هەیە، ئەم فیلمە هەژاری پەنام و خودپەرەستی و نەبوونی هەستی مرۆڤدۆستی کە تایبەتمەندی ئەم توێژەیە گوزارشت ئەکات. پالەوانی ئەم فیلمە هەنگاو بە هەنگاو ئەچێتە قۆزاخەی تەنهایی خۆیەوە. تەنها یاری نزیکی، تەنها کەس کە سۆزێکی بۆی هەیە، خزمەتکارە کەم تەمەنەکەیەتی. بەڵام ئەم چاکە و مێهرەبانییەی کچە ناتوانێ بەسەر دڵەڕاوکەی ئەوەدا زاڵ ببێ، کە شووی نەکردووە ئەبێ بە دایک. بەمجۆرە، ئەم تەنها دۆستییەی ئۆمبێرتۆ د. ئاوێتەی نائومێدییە.

وا پێئەچێ خەریکم ئەکەومە داوی چەمکی نەریتی ڕەخنەی فیلمەوە. هەرچەند لە سەرەتاوە مەبەستم ئەوە بوو ڕەسەنی ئەم فیلمە بسەلمێنم.

تەنانەت ئەگەر ئەو کاتەی لە چیرۆک دوور ئەکەوینەوە، تەنها پاش ڕوودانی ڕووداوەکەیە کە جۆرێک مەلەزەی دراماتیک، چەشنێک پەرداختی گشتی کەسایەتی و هێڵی گشتی لە ڕووداوەکانی پێکهێنەریدا ئەدۆزینەوە. لێرەدا یەکە، گێڕانەوەیە نە دیمەن، نە ڕووداو، نە سووڕانی کتوپڕی بوویەر و نە کەسایەتی پاڵەوان، بەڵکوو بەردەوامی ساتە بەرهەستەکانی ژیانە. ئەو ساتانەی کە ناتوانین بڵێین یەکیان گرنگتر لەوی تریانە. ئەمەش بەرامبەری هەبوونناسییە کە دراما لە بناغەوە دائەڕمێنێ. یەکێک لە بەشە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم فیلمە ــ کە لە خاڵەکانی لووتکەی فیلمەکەیشە ــ وێنەیەکی

دارماڵ لەم ڕوانینەیە بۆ گێڕانەوە و لەئەنجامدا بۆ دەرهێنان: دیمەنێکە خزمەتکار لە خەو هەڵئەسێ. کامێرا ئادارە و وای داناوە لە ڕەوتی ئەنجامدانی کارەکانی ناوماڵدا سەیری بکات: کچە هێشتا خەواڵووە، لە ئاشپەزانە ئەڕوا بەڕێدا، ئاو بەر ئەداتەوە تا ئەو مێروانەی ناو کاسەشۆرەکە لەگەڵ خۆی ببات. قاوە ئەهاڕێ. لێرەدا سینەما ڕێک وەکوو خاڵی بەرامبەر بە «هونەری کورتبڕین» کار ئەکات. ئەو هونەرەی زۆرمان پێخۆشە بڕوا بکەین سینەما شەیدایەتی. لابردنی چەشنێک ڕەوتی گێڕانەوەییە. لە خۆیدا کارێکی لۆجیکییە و بەم پێیە ئەبسترەشە. لەسەر توێکاری و لێکدانەوە و هەڵبژاردن وەستاوە. ڕووداوەکان بە گوێرەی خۆبەدەستەدان ئەدا بە ئەو. بە پێچەوانە، دی سیکا و زاڤاتینی تێئەکۆشن هەر بوویەرێک بکەن بە چەند ڕووداوی لاوەکی و هەرکام لەوانەش دابەش بکەن بە ڕووداوی لاوەکیتر. ئەم ڕەوتە تا دوا ڕادەی کە ئەتوانین لە کات تێبگەین، درێژە پەیدا ئەکات. لەم ڕووەوە، لە سینەمای کلاسیک، ڕووداوی پێوەر ئەوە بوو: «خزمەتکار لە خەو هەڵئەسێ»؛ واتە دوو سێ نمای بچووک بۆ پیشاندانی بەس بوو. دی سیکا چەند ڕووداوی «بچووکتر» لە جێگەی یەکەی گێڕانەوە دائەنێ: خزمەتکار لە خەو هەڵئەسێ. لە هۆڵەکە تێئەپەڕێ. مێرووەکان ئەخنکێنێ و تا دوایی. ئێستە یەکێک لە ڕووداوە لاوەکییەکان تاوتوێ ئەکەین. ئەبینین هاڕینی قاوە، کراوە بە چەند قۆناغی جیاواز. بۆ نموونە، ساتێک کە خزمەتکار دەرگاکە بە پەنجەی پای دائەخات. کاتێک قاچی ڕائەکێشی بۆ داخستنی دەرگاکە. کامێرا بە دوای جووڵەی قاچیدا ئەڕوات، بە شێوەیەک کە وێنە تەنها پەنجە گەورەی لە قاپەکەدا پیشان ئەدات کە ئەدرێ لە سووچی دەرگاکە. نەموت

هۆرمی زاڤاتینی ئەوەیە فیلمێکی دارماڵی نەوەد خولەکی دەربارەی کەسێک دروست بکات کە هیچ شتێک لە ژیانیدا ڕوو نادات؟ بۆ ئەو «نیۆڕیالیزم» ڕێک بە واتای ئەمەیە. لە دوو بەشی ئۆمبێرتۆ د. تێئەگەین فیلمێکی وەها چۆن ئەبێت. ئەم بەشانە هەندێ دیمەنی ئەو فیلمە بەڵێن دراوەیە، کە لە پێشەوە فیلمی گیراوە. بەڵام نابێ لەمەڕ واتا و بەهای ڕیالیزم لەم فیلمەدا هەڵە بکەین. کەڵکەڵەی **دێ سیکا** و **زاڤاتینی** ئەوەیە سینەما بکەن بە هێڵی نزیکی ڕاستەقینە. بەڵام بەو مەبەستەی لە کۆتاییدا خودی ژیان ببێ بە نمایش، بەو مەبەستەی ژیان لەم ئاوێنە باڵانوێنەدا ببێ بە شمەکی خۆیا، ببێ بە هەناسەیەک کە سینەما سەرەنجام بچێتە قاڵبیەوە.(٧٨٤)

From *France-Observateur, October, 1952*

٧٨٤ـبازن لێرەدا سەرەتای چامەی بەناوبانگی مالارمە، بە ناوی گڵکۆی ئێدگار پۆی نووسیوەتەوە: وەک لە خۆیدا. لە کۆتاییدا. ناکۆتایی ئەو ئەگۆڕێت.

Telle qu'en elle_même. enfin, Le *cinéma* la change.

Tel qu'en luimeme. entin. l'eternite Ie change.

As in himself. finally. eternity changes him.

تێبینی: هیو گرەی




## کابیریا: گەشتێک بۆ کۆتایی نیۆڕیالیزم

ئێستە کە دانیشتووم ئەم وتارە بنووسم، هیچ نازانم دوا فیلمی فێللینی چ پێشوازییەکی لێ ئەکرێ؟ هیودارم ئەم پێشوازییە بە هەمان گەرموگوڕی بێت کە شیاویەتی. بەڵام لایشم شاراوە نییە دوو دەستە لە بینەران ڕەنگە سەبارەت بە فیلمە بێدەنگی بکەن. دەستەی یەکەم بەشێک لە جەماوەرن ڕەنگە لایان وایە چیرۆک تێکەڵەیەکە لە ڕووداوی سەمەرە و لەوەی کە چەشنێک سادەیی مێلۆدراماتیکە، نائومێد ئەبن. ئەم دەستەیە ئەتوانن ناوەرۆکی لەشفرۆشی دڵپاک پەژێرە بکەن، بەو مەرجەی تاوانێکیش لە ئارادا بێت. دەستەی دووەم، هەرچەند بێوازانە، سەر بە پۆلی «بەهوردەکانن» کە سەرەڕای ویستی دەروونیان فێللینی ستایش ئەکەن. ئەم دەستە کە وەک کەوتنەناو ڕوودەربایسی پەسنی **جادە**یان کرد و **تەڕدەستیان**[٧٨٥] تەنانەت بە پارێزی زیاترەوە، لەبەر سادەیی لە ڕادە بەدەری پەسن کرد، ئێستە وای بۆ ئەچم ڕەخنە لەوە بگرن کە **شەوانی کابیریا**[٧٨٦]

---

٧٨٥ـ تەڕدەست: Il Bidone فیلمی سینەمایی ١٩٥٥، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی.

٧٨٦ـ وتاری **کابیریا** دەربارەی فیلمی **شەوانی کابیریا** Le Notti di Cabiria یە.






فیلمێکی «بنەماتۆکمە»یە ــ فیلمێک کە بەکردەوە هیچ ڕووداوێکی بە ڕێکەوت نییە، فیلمێکە زیرەکانەــ و تەنانەت هونەرمەندانە. ڕەخنەی دەستەی یەکەم فەرامۆش ئەکەین، چونکە گرنگییەکەی تەنها لایەنی فرۆش و لەبەر کارکردنە سەر وەنەدی بلیتە، بەڵام دووەمیان ئەهێنێ بەرپەرچی بدەینەوە و ڕەتی بکەینەوە.

کەمترین لایەنی سەمەرەی **شەوانی کابیریا** ئەوە نییە کە فێللینی بۆ یەکەمجار توانیوێتی فیلمنامەیەکی شیانست بە کاردای بێخەوش و کەموکووڕی، کە کلیشە یان ئاڵقەی پێوار زیانی پێ نەگەیاندبێ، ئاوێتە بکات و فیلمێک ساز بکات کە بڕینی نەخوازراو و یان زەبری قۆناغی ئێدیت، کە فیلمی **جادە** و **تەردەست** تووشی ببوون، تێیدا بوونیان نەبێت.[٧٨٧] هەڵبەت شپرزەیی **شێخی سپی** [٧٨٨] و

---

٧٨٧ـ بە داخەوە ڕاستەقینە دەری ئەخات گوتەم نادروست دەرچووە: لە ڕایشتێک کە بە زمانی یەکەم لە پاریس پیشان درا و هەروها لە ڕایشتی فێستیڤاڵی کان، دیمەنێکی درێژ هەبوو کە لەم ڕایشتەی ئێستادا نییە. مەبەستم دیمەنی «ڤیزیتۆری ئەندامی ئەنجومەنی سەن ڤەنسان دوپل»ـە، کە لە دێڕەکانی داهاتوودا ئاماژەیان پێ ئەکەم. بە بینینی ئەم ڕایشتە بۆم دەرکەوت، لە ڕابوردوودا چەندە ئاسان ئەکرا فێللینی بۆین بکرێ ئەو وەرزە سەرنجڕاکێش لە بنەتدا زیادییە ـهەڵبەت ئەگەر خۆی ئەم بەشەی لە فیلمەکە دەرهاویشتبێ.
**تێبینی:** بازن ⟸ [visitor بە ئەندامی ئەنجومەنی سەن ڤەنسان دوپل ئەوترێ. ئەم ئەنجومەنە ساڵی **١٨٣٣** لە فەڕانسە دامەزرا و ئامانجی پارێزگاری لە نەخۆش و پیران و بەناو «ژنانی تێکەوتوو» بوو.] **تێبینی:** هیو گرەی

٧٨٨ـ شێخی سپی: Lo Sceicco bianco یان The White Sheik فیلمی کۆمێدی ئیتالیایی ١٩٥٢، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی.






تەنانەت **بەرەڵڵاکان**(٧٨٩) بە هۆی پێکهاتەیانەوە نەبوو، بەڵکوو بە زۆری بە هۆی ئەوە بوو، کە هەرچەند ناوەرۆکی فێللینیئاسایان هەبوو، بەڵام لە چوارچێوەی فیلمنامەی تا ڕادەیەک نەریتیدا دارێژرابوون. فێللینی سەرەنجام لە فیلمی **جادە** چێوشەقەکانی خستە لاوە: هەنووکە تەنها ناوەرۆک و کەسایەتی بڕیاردەری کۆتایی چیرۆکن و، شتەکانی تر لابراون. چیرۆک ئیتر پەیوەندی بە هیچەوە نییە، جگە لەو شتەی پێی ئەڵێن گەڵاڵە. تەنانەت گومانم هەیە لەوەی بتوانین لەم فیلمەدا لە «کاردا» بدوێین. لەمەڕ فیلمی **تەڕدەستێیش** ئەم خاڵە بە ڕاست ئەگەڕێ.

پرسگر ئەوە نییە فێللینی ئەیەوێ بە هەمان بیانووی دراما لە فیلمەکانی پێشوودا خستوویەتە بەردەستی، بگەڕێتەوە. ڕێک بە پێچەوانە، **شەوانی کابیریا** تەنانەت لە **تەڕدەستێیش** تێئەپەڕێ، بەڵام لێرەدا تاکۆکی لە نێوان ئەوەی من ناوی ئەنێم «شاوڵیواری verticality» ناوەرۆکی نووسەر و هەروەها «ئاسۆواری horizontality» پێداویستییەکانی چیرۆک، گەیشتووەتە سازان. ئێستە فێللینی خەریکە ڕێگەچارەکان لە هەناوی سیستەمی خۆیدا ئەدۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەش، دیسانەوە ئەگەری هەیە بینەر لووتکەی سۆلانی لەگەڵ تەڕدەستی زەق یان تەنانەت دوخمانی لێ تێک بچێ. بەڵام فێللینی لانیکەم، لە ڕوانگەیەکەوە تۆزێ خۆی فریو داوە: ئایە

---

٧٨٩ـ بەرەڵڵاکان: I Vitelloni فیلمی کۆمێدی ئیتالیایی ١٩٥٣، دەرهێنانی فێدێریکۆ فێللینی.

نەیویستووە بەو کەسایەتییەی کە **فڕانسوا پێریە**[٧٩٠] ڕۆڵی ئەبینێ (و بە بڕوای من لەبار نییە) کاریگەرییەکی خافڵگیرکەر بەدی بهێنێ؛ ئەمڕۆ ڕوونە لە سیستەمی فێللینیدا «هەڵپەساردن suspense» یان تەنانەت «دراما» شوێنی نییە. لەم «کات»ـەدا ناتوانین پشتیوانێکی ئەبسترە یان چالاک ــ یان چەشنێک چوارچێوەی پێشئامادە بۆ پێکهاتەی گێڕانەوە ــ بدەین بە دەستەوە. لە **جادە** و هەروەها لە **تەڕدەست**، «کات» شتێک نییە جگە لە چوارچێوەیەکی بێ تەشک کە ڕووداوەکان بە ڕێکەوت تەشکی پێ ئەدەن؛ ئەو ڕووداوانەی کار ئەکەنە سەر چارەنووسی پاڵەوانانی بەرهەمەکە. بەڵام نە لە ئەنجامی پێداویستی دەرەکی. لە جیهانی فێللینی ڕووداو «ڕوو نادەن»، بەڵکوو «بەر ئەبنەوە» بەسەر دانیشتواندا. واتە دەرکەوتنیان بە هۆی هێزی ڕاکێشی «شاوڵی»یە،[٧٩١] نەک لەسەر بنەمای ڕێسای هۆیەتی «ئاسۆیی». بەڵام لەمەڕ خودی کەسایەتییەکان، ئەوان تەنها لە پەیوەند جۆرێک کاتی بەتەواوی دەروونی، بوون پەیدا ئەکەن و گۆڕانیان بەسەردا دێت ــ جۆرێک کات کە ناتوانم تەنانەت ناوی بنێم بەرگسۆنی، چونکە بە بۆچوونی برگسۆن لەمەڕ **تێگەیشتنی ڕاستەوخۆی هەناوی ناخودئاگا**[٧٩٢] تۆخمێکی بەهێزی دەروونناسیگەرایی لە خودی ئێمەدا هەیە. ڕێگەم بدەن لە دەستەواژەی گونگی ناو فەرهەنگ وەکوو «گیانگەرایانە» بگەڕێن و

---

٧٩٠ـ فڕانسوا پێریە: François Perier (١٩١٩ـ٢٠٠٢) ئەکتەری فەڕانسەیی.

٧٩١ـ ☜ پەراوێزی ٦٦٥، وتاری نیۆڕیالیزم: جۆرێک جوانناسی ڕۆژەڤ.

٧٩٢ـ Données immédiates de la conscience ناونیشانی نامەی دکتۆرای بەرگسۆنە، ١٨٨٨، بە ناوی «کات و ویستی ئازاد Time and Free Will» وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئینگلیزی. تێبینی: هیو گرەی

نەڵێین گۆڕانی ئەم کەسایەتییانە لە ئاستی «گیان»دا ڕوو ئەدات. بەڵام لانیکەم ئەبێ لە قووڵایی هەناویاندا دەرکەوێ. قووڵاییەک کە هەناوی خودئاگا تەنها جارجارە دەستی پێی ئەگات. هەڵبەت نە لە ئاستی ناخودئاگا یان نیوە خودئاگا، بەڵکوو لەو ئاستەدا ژان پۆڵ سارتر پێی ئەڵێ «پرۆژەی بنەمایی» تێیدا بەدی بێت؛ واتە ئاستی هەبوونناسی. کەواتە، کەسایەتییەکانی فێللینی گەشە ناکەن، بەڵکوو ئەفرن و ئەگەنە لووتکە، یان ئەوپەڕی گۆڕانیان بەسەردا دێت (خوازەی باڵی فریشتەکان کە لە دێڕەکانی داهاتوودا لێی ئەدوێین، لەم پرسگرەوە سەرچاوەی گرتووە).

## مێلۆدرامای ساختە

بەڵام جارێ مشتوومڕەکەمان سەبارەت بە فیلمنامە درێژە پێ ئەدەین. من ئەو گۆڕانە لەپڕە درەنگوەختە لە **شەوانی کابیریا** بە تەواوەتی ڕەت ئەکەمەوە کە ئۆسکار، کتوپڕ ئەبێ بە کڵاوباز! بە ڕواڵەت **فێللینی** خۆی زانیوێتی چی ئەکات، چونکە وا دیارە وەک تۆڵەی هەڵەکەی، **فرانسوا پێریە** ناچار ئەکات کاتێک بڕیارە ببێ بە «بەدفەڕ»، با چاویلکەی ڕەشیش لەچاو بکات. بەڵام چ سوود؟ ئەمە لە ڕاستیدا تازیاردانە و پێم وایە بە ئاسانی ئەتوانین لێی تێپەڕین، چونکە **فێللینی** لەم فیلمەدا ئاگای لێیە نەکەوێتە ئەو داوە سامناکەی دێکۆپاژی ئاڵۆز و هەروەها ئاساندۆز، کە فیلمی تەڕدەست لەسەر ڕێگەی نابوویەوە.

بە بڕوای من سەرجەم ئەتوانین لەم نموونەیە لا بدەین، چونکە تەنها تازیاردانی ئەم فیلمەیە. لە بەشەکانی تردا فێللینی کاردا و توندوتیژی ئەگوێزێتەوە، بەبێ ئەوەی پەنا بباتە بەر




چارەی بێگانە لەگەڵ جیهانی خۆی. **کابیریا،** لەشفرۆشی کورتەباڵا کە گیانی ساویلکەی ڕیشەی لە هیوا دایە، کەسایەتییەکی دەرەوەی مێلۆدراما نییە، چونکە وازی ئەو بە «ڕزگاری» نە لە ئارمانجی ڕەوشتی بۆرژوازییەوە سەرچاوە ئەگرێ و نە لە کۆمەڵناسی تەواو بۆرژوازییەوە. کابیریا پیشەی خۆی پێ سووک نییە. لە ڕاستیدا، ئەگەر کەسانی بەبەزەیی وەک وەشکەری خۆشەویستی هەبن و بتوانن لە گوتەی تێبگەن. ئەگەر ئەوینی زیندوو نەبێ، لانیکەم، بڕوای بە ژیان هەبێ. کابیریا لە نێوان هیوای شاراوە و کاری شەوانەی هیچ ناسازگارییەک نابینێ. مەگەر ئەوە نییە یەکێک لە شادترین ساتەکانی ـــ شادییەک کە بە دوایدا فریوێکی تاڵ دێت ـــ وامداری دیاری ڕێکەوتی ئەستێرەی بەناوبانگی سینەمایە و لەبەر ئەوەی سەرخۆشە و دڵماندووی ئەوین، ئەیباتەوە بۆ وارخانە شکۆمەندەکەی. ئەم دەرفەتە ئەوەندە دەسکەوتە، کە ژنەکانی تر لە ئێرەییدا خەریکە سوێیان ئەبێتەوە! بەڵام ئەم ڕووداوە کۆتاییەکی پەژاراوی پەیدا ئەکات. چونکە هەرچی بێت، لەشفرۆشی، بە زۆری پەژارە و نائومێدی بە دواوەیە. بۆیەشە ئەو تا ڕادەیەک وشیارانە ئەیەوێ لەو کارە واز بهێنێ. ئەویش لە ڕێگەی ئەوینی نەگونجاوی پیاوێکی بەوەج، کە هیچی لێی نەوێ. بە ڕواڵەت ئێستا ـــ بەڵام هەرچی بێت بە ڕێگەی جیاواز ـــ ئەگەینە ئاکامێک کە تایبەتی مێلۆدرامەکانی بۆرژوازییە.

**شەوانی کابیریا** ـــ وەک جادە و تەڕدەست و لە لێکدانەوەی کۆتاییدا وەک **بەرەڵڵاکان** ـــ سەربردی ئازارکێشانە، چیرۆکی

خۆنەویستنە و (خۆت چۆنت ئەوێ لێکی بدەرەوە) بەسەرهاتی ڕزگاربوونە. ئەمجار، جوانی و تۆکمەیی پێکهاتە بەرەنجامی ئابووری بێکێماسی بەشەکانی پێکهێنەریەتی. وەک پێشتر وتم هەرکام لە بەشەکان سەر بە خۆیەتی و، وەک یەک بوویەر، تاقانە و سەرکەوتووە. لەگەڵ ئەمەش، هەرکام هیی شێوازێکە لە بەرجەوەنی گشتییەوە بە تەواوەتی پێویست خۆیا ئەکەن. کابیریا لە کاتێکدا، لە هیوایەکەوە دڵ ئەدا بە هیوایەکی تر و، قووڵایی دوخمانی و سووکایەتی و هەژاری ئەپێوێ، بە ڕێبازێکدا ڕێ ئەکات هەر وێستگەیەکی، زیاتر ئەو بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە ئەکات. ئەگەر ورد ببینەوە بۆمان دەرئەکەوێ بەر لە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتی لەشفرۆشەکان (لە هاتنەژوورەوەی کتوپڕی لە یەکەم پلەدا شتێک نییە جگە لە زیادکردنی کەشی فێللینیئاسا) هیچ دیمەنێک نییە پاشتر بۆمان دەرنەکەوێ، بوونی پێویست بووە تا کابیریا فریو بدات و زەمینەی خۆشباوەڕییەکی تێدا بەدی بهێنێ. چونکە ئەگەر پیاوی وەها هەن، هەر پەرجوویەک ئەگەری لوانی هەیە و ئێمەش کاتێک سەروسەکوتی **پێریە** پەیدای ئەبێ، دڵمان خایلە[٧٩٣] ناکات.

نامەوێ ئەوە پاتە بکەمەوە، ئەوانی تر سەبارەت بە پەیامی فێللینی نووسیویانە. چونکە ئەم پەیامە لە سەردەمی **بەرەڵڵاکانەوە** تاکوو ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە. هەڵبەت نابێ ئەمە بە چەشنێک نەزۆکی بزانین. بەڵکوو بە پێچەوانە، هەرچەند ڕەنگاوڕەنگی نیشانەی «دەرهێنەر»ـە، بەڵام ئەوەی بۆ «نووسەری» ڕاستەقینە

**٧٩٣ـ** خایلە: بە بیردا هاتن، دڵەڕاوکێ، دڵ داچڵەکان، ڕاشەکانی کتوپڕی، بیری خراپ بە مێشکدا هاتن **ن:** دڵی خایلەی کرد.

مەبەستە، هەمان یەکێتی سرووشە. وەلێم ڕەنگە بتوانم لەبەر ڕووناکی ئەم شاکارە تازەیەدا، ئەوەی لە بنەمادا شێوازی فێللینییە تۆزێ ڕوونتر بکەمەوە.

## ڕیالیزمی نموودەکان

بێهوودە و تەنانەت نابەجێیە ئەگەر نکۆڵی لە جێگەی فێللینی لە ناو نیۆڕیالیستەکاندا بکەین. داوەرییەکی وەها تەنها لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکەوە ئەگەری هەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕیالیزمی فێللینی هەرچەند بنەمای کۆمەڵایەتی هەیە، ئارمانجی کۆمەڵایەتی نییە. ڕیالیزمی ئەو بە هەمان ئەندازە کەسییە کە ڕیالیزمی چێخۆف یان دۆستۆیڤسکی. پاتەی ئەکەمەوە ڕیالیزم نە بە گوێرەی ئارمانج، بەڵکوو بە پێی ئامراز ئەبێ پێناسە بکرێ. نیۆڕیالیزمیش ئەبێ بە پەیوەندی تایبەت لە نێوان ئامراز و ئارمانجدا پێناسە بکەین. ئاشکرایە هاوبەشی دی سیکا و ڕۆسیلینی و فێللینی لە واتای قووڵی فیلمەکانیاندا نییە ــ تەنانەت ئەگەر بەو شێوەی بە زۆری ڕوو ئەدات، ئەم چەمکانە پێکەوە هاوواتا دەربچن ــ بەڵکوو ئەو شوێنە بەرزەیە کە بۆ پیشاندانی ڕاستەقینە تەرخانی ئەکەن، هەرچەند بە بەهای پێکهاتەی دراماتیک تەواو ببێت. بە گوتەیەکی وردتر، سینەمای ئیتالیا، ئەو «ڕیالیزم»ـەی لە ڕوانگەی ناوەرۆکەوە بەرەنجامی سروشتگەرایی ڕۆمانەکانە و لە ڕوانگەی پێکهاتەوە لە شانۆ وەرگیراوە، لە شوێنی شتێک داناوە، وەک کورتکردنەوە ناوی ئەنێین «ڕیالیزمی دیاردەناسی»؛ واتە جۆرێک ڕیالیزم کە هەرگیز ڕۆژەڤ بە پێی پێداویستی سەپێنراو لە لایەن دەروونناسی یان دراماوە «ڕێک» ناخات. لێرەدا پەیوەندی نێوان

واتا و نموود بە واتایەک بەراوەژوو بووە. لەئەنجامدا، نموود هەمیشە بە شێوەی جۆرێک دۆزراوەی تاقانە پێشکەش ئەکرێ. تا ڕادەیەک شێوەیەک پەردەهەڵدانەوەی بەڵگەدارە کە توانای لە بەڵگەی سەلماو و وردبوونەوە لە پرزە و پاژەکانەوە وەرئەگرێت. بەم پێیە، هونەری دەرهێنەر وەستاوەتە سەر ئەو پسپۆڕییەی بە هۆیەوە ڕووداوەکان بە دەربڕینی واتایان ــ یان لانیکەم، واتایەک کە دەرهێنەر پێی داوە بە وام ــ ناچار بکات. بەبێ ئەوەی لەم ڕەوتە شتێک لە ناڕوونییەکەی کەم بکاتەوە.[٧٩٤] بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، نیۆڕیالیزم ڕاوەنی[٧٩٥] ڕەهای هیچ ئایدیۆلۆژی و تەنانەت هیچ ئارمانجێک نییە. بە هەمان شێوە کە هیچ ئارمانجێک دەرناهاوێژێ ــ و بە هەمان شێوە کە ڕۆژەڤیش هیچ شتێک ناسڕێتەوە.

تەنانەت ئەمەوێ بڵێم بە بۆچوونی من فێللینی دەرهێنەرێکە زیاتر لە هەر کەسی تر لە ڕێبازی ئەم جوانناسییە نیۆڕیالیستییەدا ڕێگەی بڕیوە. لەم ڕێگەیەدا وەها چووەتە بەرەوە، کە گەیشتووەتە کۆتایی و لەو سەرییەوە سەری هێناوەتە دەرەوە.

ئەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە دەرهێنانی فێللینی چەندە لە کۆت و لەمپەری کاریگەری پاشەکی دەروونناسانە ئازادە. پێرسۆناکانی ئەو نە بە «کەسایەتیان» بەڵکوو تەنها بە ڕواڵەتیان ئەناسێنرێن. وشەی «ڕەفتار»م بە مەبەست بەکار نەهێنا، چونکە

---

٧٩٤ـ لە بواری بەکارهێنانی بازن لە وشەی «ناڕوون» بڕوانە پێشەکی بەرگی دووەم. تێبینی: هیو گرەی

٧٩٥ـ ڕاوەن: property داژدە، سامان، N eiendom ع ملكية د ملک ن: ڕاوەن و خاوەن: ع د ملک و مالک.

واتایەکی زۆر بەرتەسکی هەیە؛ ڕەفتاری مرۆڤ تەنها یەکێک لە توخمەکانی ناسینی ئێمە لە کەسایەتی ئەوانە. ئێمە مرۆڤ لە ڕووی زۆر نیشانەوە ئەناسینەوە. هەڵبەت نە تەنها لە ڕوخساریانەوە بەڵکوو بە شێوەی جووڵان و، بە هەر شتێک کە جەستە ئەکات بە پێستەی دەرەکی مرۆڤ ــ و ڕەنگە زیاتر بەو شتانەی پتر لەمە دەرەکین. ئەو شتانەی ئەکەونە سنووری نێوان مرۆڤ و جیهانەوە. وەکوو ئاڕایشتی قژ، سمێڵ، جلوبەرگ، چاویلکە (کەرەستەیەک کە فێللینی ئەوەندە بەکاری هێناوە بووە بە تەڕدەستییەکی ئەو). زێدە لەوەش، شوێنی ڕووداویش نەخشێکی هەیە ــ هەڵبەت نە بە لێکدانەوەی ئێکسپرشنیستی، بەڵکوو زیاتر بە واتای سەقامگیری ڕێکی و ناڕێکی نێوان شوێن و کەسایەتی. لەم بوارەدا بە تایبەت پەیوەندی نائاسایی و نەگونجاوی نێوان کابیریا و شوێنی سەمەرە و سۆزرەتم مەبەستە کە **نازاری**[٧٩٦] ئەیبات بۆ ئەو شوێنانە؛ واتە یانەی شەوانە و وارخانی شکۆمەند.

## لەوبەری شتەکانەوە

بەڵام لێرە دایە کە ئەگەین بە دوا سنوورەکانی ڕیالیزم و، فێللینی کە لەم ڕادەیەش تێئەپەڕێ، ئێمەش ئەبات بۆ ئەوبەری ئەوانە. هەندێک لەوە ئەچێ، ئێستە کە گەیشتووینەتە ئەم پلەی تامەزرۆیی نموودەکان، ئیتر کەسایەتییەکان لە نێوان شتەکاندا نابینین. بەڵکوو ئەڵێی شتەکان پەرداخت کراون و **لە نێوان** ئەوانەوە ئەڕوانینە کەسایەتییەکان. مەبەستم ئەوەیە جیهان بەبێ ئەوەی

---

٧٩٦ـ Nazari هونەرپیشەی ڕۆڵی ئەستێرەی سینەما لە فیلمی شەوانی کابیریا.

ئێمە بزانین، لە واتا بۆ چواندن و لە چواندنەوە بە یەکبوون لەگەڵ بانسروشت گەیشتووە. داوای لێبوردن ئەکەم ئەم دەستەواژە ناڕوونە بەکار ئەهێنم. خوێنەر ئەتوانێ لەبری ئەوە هەر وشەیەکی تر دابنێ ــ «هۆنراوە» یان «سۆرڕیالزم» یان «جادوو»ــ هەر زاراوەیەک کە بتوانێ هەماهەنگی دەروونی شتەکان لەگەڵ ئەو هاوتا پێوارەی کە شتەکان تەنها سێبەرێکی ئەون، دەرببڕێ.

لە نێوان ئەو نموونە فراوانەی ئەم ڕەوتە «بانسروشتی سازە یەکیان هەڵئەبژێرین کە لە خوازەدا فریشتەی گۆڤانە. فێللینی لە هەمان یەکەم فیلمەکانییەوە شەیدای بە**فریشتە**کردنی کەسایەتییەکان بووە. وەک بڵێی بە**فریشتە**بوون ویستێکی باڵایە لە جیهانی ئەودا، وەک بڵێی ئاستی کۆتاییە کە بوونی هەیە. شۆپی ئەم وازە بە شێوەی ئاشکرا لانیکەم لە فیلمی **بەرەڵڵاکان** بە دواوە ئەبینرێ: **سوردی** لە کارناڤاڵ خۆی وەک فریشتە ئەڕازێنێتەوە؛ تۆزێ دواتر **فابریزی،** وەک بڵێی بە ڕێکەوت، پەیکەرە دارە کەنداکارییەکەی **فریشتە** ئەدزێ. بەڵام ئەم ئاماژانە بەرهەست و ڕاستەوخۆن. نموونەی ناسکتر و، لەبەر ئەوەی ناخودئاگایە سەرنجڕاکێشتر، ئەو دیمەنەیە **قەشە** لە درەختەکە دێتە خوارەوە. پەلکەکانی پەرتاتووە، ئەیکات بە مەڵۆیەک و ئەیدا بەکۆڵیدا. ئەم مەڵۆیە، بۆ ئێمە و ڕەنگە بۆ خودی فێللینی‌یش، شتێک نییە جگە لە نیشانەیەکی ناسکی «ڕیالیستی». بەڵام لە کۆتایی فیلمی **تەڕدەست،** ئەو کاتەی **ئانتۆنیۆ** لە قەراخ جادەکە گیانی دەرئەچێ، ڕیزێکی مناڵ و ژنان ئەبینێ مەڵۆی ئێزنگ بە کۆڵەوە: وەک **فریشتە!** هەروەها لەم فیلمەدا، پیکاسۆ لە شەقام هەڵدێ و ئاتەکی بارانییەکەی وەک

دوو باڵی بچکۆلانە ڕائەوەشێن. هەر ئەم **ڕیچارد بەیسهارته**[٧٩٧] کە لە بەرامبەر **جلسۆمینادا** بە شێوەیەک دەرئەکەوێ، سووکەڵە وەک بڵێی کێشی نەبێ. دیمەنێکی شەوارەخەر لەسەر تەناف و لە بن تیرێژی تیشکهاوێژەکان.

سەمبۆلیزمی فێللینی کۆتایی نییە. بێگومان ئەتوانین هەموو بەرهەمەکانی لەسەر بنەمای هەر ئەم فریشتەیە تاوتوێ بکەین.[٧٩٨] تەنها ئەبێ لە بواری لۆجیکی نیۆڕیالیزمدا دای بنێین. چونکە ئاشکرایە کارلێکی ئەم شمەک و کەسایەتییانە کە جیهانی فێللینی بەدی ئەهێنن، بایەخ و گرنگیان تەنها لە ڕیالیزم ــ یان بە گوتەیەکی باشتر ــ ڕەنگە لە بەبەتگەراییەک وەرئەگرن کە بە هۆیەوە تۆمار ئەکرێن. قەشە لۆدەی چیلکە بەو مەبەستە نادا بە کۆڵدا کە وەک فریشتە خۆیا بکات. وەلێم ئەوەندە بەسە ئەو چیلکانە وەکوو دوو باڵ ببینین تا قەشەی پیر ببێ بە فریشتە. ئەتوانین بڵێین فێللینی دژی ڕیالیزم نییە. بە هەمان شێوە، کە دژی نیۆڕیالیزمیش نییە. بەڵکوو بە جۆرێکی بێوێنە لەگەڵ ڕێکخستنەوەی دووبارە و هۆنەرانەی جیهان پێی ئەگات.

## شۆڕشێک لە گێڕانەوەدا

فێللینی لە بواری گێڕانەوەشدا شۆڕشێکی هاووێنە بەدی ئەهێنێ. لەم ڕوانگەیەوە، نیۆڕیالیزم بە دڵنیایی شۆڕشێکە لە تەشکیشدا کە کار ئەکاتە سەر ناوەرۆک. بۆ نموونە، ئەگەر دی سیکا و زاڤاتینی

---

٧٩٧ـ Richard Basehart (١٩١٤ ـ ١٩٨٤) هونەرپیشەی ئەمریکایی.

٧٩٨ـ ☜ وتاری «دۆمینیک ئۆبیە» لە کایە دو سینەما، ژمارە ٤٩.

ڕێکەوت لە دارِشتنی گەلاڵە بە باشتر ئەزانن، ئەوانی والێکردووە تا لەبری گەلاڵە چەشنێک وردەکاردا microaction دابنێن کە لەسەر بنەمای ڕادەیەکی زۆر دابەشبوو، بە ئەندازەیەک ئاڵۆزە تەنانەت ڕووداوە زۆر ئاساییەکانیش ئەگرێتەوە. ئەم کاردایە ئەبێتە هۆی ئەوەی لە نێوان ئەو ڕووداوانەی فیلمیان ئەگیرێ هیچ پۆلێنێکی دەروونناسانە یان دراماتیک یان ئایدیۆلۆژیک بوونی نەبێ. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە دەرهێنەر ناچارە لەمەڕ هەموو ئەو شتانەی پیشانمان ئەدات هیچ شتێک هەڵنەبژێرێ. بەڵکوو بەو واتایە ئەم هەڵبژاردنانە ئیتر لەسەر بنەمای تەلارێکی دراماتیکی لە پێشەوە سازکراو نییە. لەم ڕوانگە تازەیەوە، وەرزی گرنگ ئەتوانێ دیمەنێکی درێژ بێت کە لەسەر بنەمای پێوەری نەریتی فیلمنامەنووسی «هیچ سوودێکی نییە».[799]

لەگەڵ ئەوەش، گەشەی فیلم لە زنجیرەیەکی پێوار پەیڕەوی ئەکات ــ ئەم خاڵە تەنانەت لەمەڕ **ئۆمبێرتۆ د.** کە سنوورداری ئەزموون لەگەڵ ئەم شێوەسازییە تازەیە پیشان ئەدات، بە ڕاست ئەگەڕێ. بە گومانی من، فێللینی ئەم شۆڕشە نیۆڕیالیستییە ئەگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی، چونکە جۆرێکی تازەی فیلمنامە پێشکەش ئەکات کە هیچ چەشنە پەیوەندی دراماتیکی نییە. چونکە لەسەر بنەمای لابردنی هەموو لایەنە لاوەکییەکان و لەسەر بنەمای وەسپی دیاردەناسی کەسایەتییەکان دامەزراوە. لە فیلمەکانی فێللینی، ئەو دیمەنانەی پەیوەندی لۆجیکی و سووڕانی گرنگی چارەنووس و خاڵی گرنگی جمگەبەندی دراماتیک پێک ئەهێنن،

**٧٩٩**ـ ئەم خاڵە لەمەڕ ئەو بەشەی لابراوە، دروستە.

تەنها ڕۆڵی ئاڵقەی بەردەوامی ئەبینین. لە کاتێکدا، وەرزی درێژی وەسپی کە بە ڕواڵەت لە پێشخستنی «ڕووداو»دا هیچ کاریگەری نییە، گرنگترین و ئاشکراسازترین دیمەنەکان بەدی ئەهێنن. ئەم دیمەنانە لە **بەرەڵڵاکاندا**، پیاسەی شەوانە و خوولانەوەی بێئەنجامی کەنارە. لە **جادە**، سەردانی دەیرە؛ لە **تەڕدەست**، گوزەرانی سەرەتای شەو لە یانەی شەوانە یان جەژنی سەری ساڵی تازەیە. کەسایەتییەکانی فێللینی نە لە کاتی کردارێکی تایبەت، بەڵکوو لە خولانەوەی بێپایاندا خۆیان بە بینەر ئەناسێنن.

لەگەڵ ئەوەش، ئەگەر لە فیلمەکانی فێللینیدا، کە لە بواری تراجێدیا یان دراما هەموو کارێکی پێویست ئەنجام ئەدات، دیسانەوەش ئاڵنگاری و لوتکە ئەبینین، لەبەر ئەوەیە لە نەبوونی بەرهۆی دراماتیکی نەریتی، ڕووداوەکانی فیلمەکانی ئەو کاریگەری چواندن و پاتەکردنەوە بەدی ئەهێنن. پاڵەوانی فێللینی هەرگیز لە ڕێگەی پەیوەندی بۆپێشەوەی دراماتیک ناگەنە قەیرانی کۆتایی (کە نابووت یان ڕزگاری ئەکات). بەڵکوو بەو پێیەی کە هەلومەرج بە جۆرێک کار ئەکاتە سەری، ئەم قەیرانە لە هەناویدا بەدی دێت. وەک وزەی لەرێنەر لە دەروونی تەنێکی لەرێنراودا. پاڵەوانی فێللینی گەشە ناکات، ئەگۆڕێ و سەرەنجام، وەک کێوێکی سەهۆڵ کە ناوەندی لەنگەری مەلەوانییەکەی لە بن ئاو دایە، هەڵئەگەڕێتەوە.

## چاو لە چاو

بۆ وەرگرتنی بەرەنجام و بۆ ئەوەی لوتکەی هەژێنەری **شەوانی کابیریا** لە ڕستەیەکدا چڕ بکەمەوە، ئەمەێ دوا دیمەنی فیلمەکە تاوتوێ بکەم. بە بۆچوونی من ئەم دیمەنە، کاتێک هەموو

نموونەکان لە بەرچاو بگرین، بوێرانەترین و بەهێزترین دیمەنە لە هەموو بەرهەمەکانی فێللینیدا. **کابیریا** کە هەموو شتێکی ــ پارەی، ئەوینی، باوەڕی ــ لەدەست داوە، ئێستەکانێ بۆش و نائومێد لە قەراخی جادەکە ڕاوەستاوە. دەستەیەک کچ و کوڕ بە دەم گۆرانی خوێندن و سەماوە دێنە ناو دیمەنەکە و تێئەپەڕن و، کابیریا لە قوولایی بۆشاییەوە ئارام ئارام ئەگەڕێتەوە بۆ تین و جۆشی ژیان. دیسانەوە بزەیەک ئەهێنێتە سەر لێوی و ئەوەندەی پێناچێ ئەویش ئەکەوێتە سەما. وێناکردنی ئاسانە ئەم کۆتاییە، کە هەموو ڕەخنەکانی ڕاستبێژی پشتگوێ ئەخات، چەندە دەستکرد و ڕواڵەتی ئەبوو، ئەگەر فێللینی نەیتوانیبا بە سوودوەرگرتن لە تەڕدەستییەکی دەرهێنەرانە، لەپڕ وامان لێبکات پاڵەوانەکەی بناسینەوە. زۆر جار ناوی چاپلین لە پەیوەند لەگەڵ **جادەدا** ئەهێنن، بەڵام هەرگیز بیرم لە بەراوردی **جلسۆمینا** و **چارلی** (کە لە خۆیدا کارێکی دژوارە) بە شێوەیەکی هەتەر نەکردبوویەوە. یەکەم دیمەنی کە نەک هەر هاوئاستی چارلییە، بەڵکوو هاوتای ڕاستەقینەی باشترین داهێنانەکانی ئەویشە، هەر ئەم دیمەنەی کۆتایی **شەوانی کابیریایە** کە **جۆلیتا مەسینا** ئاوڕ لە کامێرا ئەداتەوە و نیگای لە نیگای ئێمە ئەگیرێت. ئەوەندەی من ئەزانم، چاپلین تەنها کەسێکە لە مێژووی سینەما، کە لەم جوولەیە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک و سەرکەوتوو سوود وەرئەگرێت. جوولەیەک کە هەموو پەرتووکەکانی فیلمسازی بە یەک دەنگ مەحکوومی ئەکەن. هەڵبەت ئەگەر ئەو کاتەی کابیریا خێسەی ئەبڕێتە چاوەکانی ئێمە، وا دەربکەوتایەت بە ڕاستەقینەی کۆتایی گەیشتووە، بەکارهێنانەکەی نابەجێ ئەبوو. بەڵام ناسکی ئەم پزیسکەی بلیمەتییەی دەرهێنان لەوە دایە کە

نیگای کابیریا چەند جار کامێرا ئەبینێ، بەڵام بە تەواوی لەسەری ناوەستێ. بۆ سپاسی ئەم شکۆمەندییەی هەڵۆسە، چراکانی هۆڵ هەڵ ئەبن. بێگومان، کابیریا هێشتاش پاڵەوانی ئەو ڕووداوانەیە لە شوێنێک لەوپەڕی پەردەدا ئەژین. وەلێم دیسان بانگمان ئەکات، بە نیگای بانگهێشتنمان ئەکات لەو جادەدا ئەیەوێ پێی تێ بخات، بە دوایدا بڕۆین. ئەم بانگهێشتنە ئەوەندە پاکیزانە و ئادارانە و ناڕاستەوخۆیە[٨٠٠] ئەتوانین وای دەربخەین ڕووی نیگای لە کەسێکی تر بووە. لە هەمان کاتدا، ئەم بانگهێشتنە ئەوەندە ڕاشکاو و ڕاستەوخۆیە کە لە ڕۆڵی بینەر ئەمانباتە دەرەوە◆

*Cahiers du Cinéma, November 1957*

---

٨٠٠ـ ناڕاستەوخۆ: indefinite ئاوەڵناو ناڕوون، هێمایی، بێسنوور، نامسۆگەر ع غامض، غیر واضح N ubestemt د تلویحی، معلق، بی حد.




## له داكۆكی ڕۆسیلینیدا

### نامەیەک بۆ گویدۆ ئەریستارکۆ سەرنووسەری سینەما نۆڤۆ

ئەریستارکۆی بەڕێز،[801]

ماوەیەکە ئەمەوێ دابنیشم و ئەم دێڕانە بنووسم. بەڵام ئەم کارەم چەند مانگ خستوەتە دواوە. چۆنکە گرنگی بابەت و لق و پۆپی فراوانی بووەتە هۆی ئەم دواخستنە. ئەشزانم زانیاری تیۆری پێویستم نییە. ئەمە لە بەراورد لەگەڵ ئەو هەتەری و تێکۆشانەدا ئەڵێم کە ڕەخنەگرانی چەپی ئیتالیایی بۆ لێکۆڵینەوەی قووڵایی نیۆڕیالیزم بەکاری ئەهێنن. هەرچەند من لە هەمان سەرەتای هاتنی نیۆڕیالیزمەوە ڕێزم بۆ داناوە و لەو کاتەوە تاکوو ئێستا باشترین بۆچوونە ڕەخنەییەکانی خۆمم بە بێوچان پێشکەشی کردووە. نە ئەتوانم خۆم بە خاوەنی بۆچوونێکی تۆکمە دابنێم کە بتوانێ لەگەڵ بیردۆزی تۆ بەرامبەری بکات و نە ئەتوانم پێگەی ئەم دیاردەی نیۆڕیالیزمە بە باشی و دڵنیایی تۆ لە مێژوو و کولتووری ئیتالیادا دیاری بکەم. جگە لەوەش، بە بڕوای من، ئەوە بێهوودەیە من

801- گویدۆ ئەریستارکۆ: Guido Aristarco (١٩١٨-١٩٩٦) ڕەخنەگری ئیتالیایی، سەرنووسەری گۆڤاری چەپی سینەما نۆڤۆ.




بمەوێ ڕێنموونی ئیتالیاییەکان بکەم لەمەڕ سینەمای خۆیان. چونکە ئەگەر سەیری ئەو خاڵە بکەیت بۆت دەرئەکەوێ بۆچی هەتا ئێستا نەمتوانیوە وەڵامی بانگێشتنەکەتان بدەمەوە کە ویستبووتان لە گۆڤاری **سینەما نۆڤۆ**[٨٠٢] لە بواری ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی تۆ و هاوکارانت سەبارەت بە هەندێ فیلمی ئەم دواییە مشتوومڕ بکەم.

پێم خۆشە بەر لە چوونە ناو لێدوانەکە ئەوە بڵێم جیاوازی ڕوانگە بەپێی جیاوازی نەتەوەکان، تەنانەت لە نێوان ڕەخنەگرانی تۆرەمەیەکیشدا، کە هەموو شتێکیان لە یەک ڕیزدایە، دیاردەییەکی ئاساییە. بۆ نموونە، ئێمە لە گۆڤاری **کایە دو سینەما** ئەم پرسگرەمان لەگەڵ نووسەرانی **سایت ئەند ساوند**[٨٠٣] تاقی کردەوە. بەبێ شەرمەزاری ئەڵێم کاتێک بینیم **لیندزی ئەندرسۆن**[٨٠٤] فیلمی **خودەی زێڕینی**[٨٠٥] دەرهێنانی **ژاک بێکەر**[٨٠٦]، کە لە فەڕانسە شکستی خوارد، بە ڕادەیەکی زۆر پەسن کردووە، بە ڕوانگەی خۆمدا چوومەوە و لە فیلمەکەدا هەندێ شتی باشم بینی کە پێشتر بەرچاوم

---


٨٠٢ـ سینەما نۆڤۆ: Cinema Nuovo گۆڤاری چەپی فیلمی ئیتالیا لە **١٩٥٢** تا **١٩٥٦**، لە لایەن گویدۆ ئەریستارکۆ لە میلان دامەزرا.

٨٠٣ـ سایت ئەند ساوند: Sight and Sound بە واتای **دەنگ** و ڕەنگ، گۆڤاری فیلمی بریتانیایی لە **١٩٥٢**ـەوە.

٨٠٤ـ لیندزی ئەندرسۆن: Lindsay Anderson (**١٩٢٣ـ١٩٩٤**) دەرهێنەری بریتانیایی فیلم و شانۆ و بەڵگەیی.

٨٠٥ـ خوودەی زێڕین: Casque d'or فیلمی مێژوویی **١٩٥٢**ی فەڕانسەیی، دەرهێنانی ژاک بێکەر. تراجێدیای بێلە ئێپۆک Belle Époque.

٨٠٦ـ ژاک بێکەر: Jacques Becker (**١٩٠٦ـ١٩٦٠**) دەرهێنەری فەڕانسەیی.




نەكەوتبوون. ڕاستی ئەوەیە ڕەنگە داوەری بێگانەیەک هەڵە بێت، چونكە لەگەڵ زەمینەی بەدیهاتنی فیلمەكە ئاشنا نییە. بۆ نموونە، سەركەوتنی فیلمی **دوڤیه** یان **مارسێل پانیۆل** لە دەرەوەی فەڕانسە بە ئاشكرا نیشانەی پێچەوانە تێگەیشتنە. ڕەخنەگری بیانی لەم فیلمانەدا وێنەیەكی فەڕانسە ئەبینن و پەسن ئەكەن كە لایان وایە «دارماڵ نوێنەرەوەی» ئەم وڵاتەیە و، ئەم «تامەزرۆیی بە بەرجەوەنی بێگانە»یان لەگەڵ بایەخی ئەو فیلمانە وەكوو **فیلم** لێ تێک ئەچێ. ئەزانم دەرەنجامی ئەم ناكۆكیانە كەمبایەخە و لام وایە سەركەوتنی هەندێ فیلمی ئیتالیایی لە دەرەوەی وڵات، كە بە بۆچوونی من هەڵوێستی ئێوە زۆر ئاساییە بەرامبەریان، هەر لەم هەڵە تێگەیشتنەوە سەرچاوە ئەگرێ. لەگەڵ ئەوەش، پێم وا نییە ئەم گوتەیە لەمەڕ ئەو فیلمانەی دژایەتی ئێمەیان، تەنانەت لە پەیوەند لەگەڵ نیۆڕیالیزم بە گشتی، وروژاندووە، بەڕاست بگەڕێ.

سەرەتا ئەوە بڵێم تۆش پێت وا بێت ڕەخنەگرانی فەڕانسەیی كە سەرەتا بە گەرموگوڕی فراوان كەوتنە پەسنی فیلمە ئیتالیاییەكان، هەڵەیان نەئەكرد، چونكە ئەمڕۆ ئەم فیلمانە لە هەردوو بەری ئاڵپ، بە شانازییەک بۆ سینەمای ئیتالیا ئەژمێردرێن. ئینجا من دڵخۆشی خۆم ئەدەمەوە، چونكە لە ڕیزی ئەو چەند كەسەدا بووم لەدایكبوونەوەی دووبارەی سینەمای ئیتالیایان بە وامداری «نیۆڕیالیزم» ئەزانی. ئەویش لەو ڕۆژانەدا كە باو بوو بڵێن ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا بێواتایە. ئەمڕۆش لام وایە ئەمە باشترین وشەیە بۆ تازیاردان بە بەرهەمی باش و داهێنەرانەی سینەمای






ئیتالیا.

وەلێم ڕێک لەبەر ئەو شێوەی بۆ داکۆکی لێی هەڵم بژاردبوو، دڵپەشێوم. ئەریستارکۆی هێژا، ئایە ئەتوانم بڵێم شێوەی توندوتیژی ئێوە لە سینەما نۆڤۆ دژی هەندێ گرەوشتی نیۆڕیالیستی کە بە کۆنەپەرستیان دائەنێن، من هەراسناک ئەکات؟ چونکە لام وایە ناخواستە دەمی تیژی چەقۆکەتان خستووەتە شوێنێک کە زیندووترین و دەوڵەمەنترین ڕەگی سینەمای ئێوەیە. من ئەو فیلمە ئیتالیاییانەی پەسنیان ئەکەم گوڵچنم کردوون، بەڵام ئێوە داوەری توندتان کردووە کە هەرچی بێت بۆ منیش پەژێرە ئەکرێ، چونکە ئێوە خۆتان ئیتالیایین. تێئەگەم بۆچی سەرکەوتنی فیلمی **نان، ئەوین، هۆرم**[٨٠٧] لە فەڕانسە، ئازاری ئێوە ئەدات. کاردانەوەی ئێوە وەکوو کاردانەوەی منە بەرامبەر بە فیلمەکانی **دوڤیڤیە** لەمەڕ پاریس. بەڵام لە لایەکی ترەوە، کاتێک ئەبینم لە ناو قژی ئاڵسکاوی جلسۆمینا بە دوای سپێدا ئەگەڕێن، یان دوا فیلمی ڕۆسیلینی بە هیچ دائەنێن، ناچار ئەگەمە ئەو ئەنجامە کە خەریکن لە بن پۆششی ڕاستگۆیی تیۆریدا، زیندووترین و هیوابەخشترین چرۆی شتێک لە خونچەدا ئەپڕووکێنن کە بە جەختەوە پێی ئەڵێم نیۆڕیالیزم.

ئێوە ئەڵێن لە سەرکەوتنی فیلمی **گەشت لە ئیتالیا**[٨٠٨] لە پاریس و، تایبەت لەوەش زیاتر لە گوڕ و تینی سەمەرەی ڕەخنەگرانی

---

٨٠٧ـ نان، ئەوین، هۆرم: Pane, Amore e Fantasie فیلمی کۆمێدی ئیتالیایی ١٩٥٣، دەرهێنانی لویجی کامێنجینی Luigi Comencini.

٨٠٨ـ گەشت لە ئیتالیا: Viaggio in Italia فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٣ی ڕۆسیلینی.






فەڕانسەیی بەرامبەر بەو فیلمە تێناگەن! خۆت ئەزانی فیلمی **جادە**یش لێرە چ سەرکەوتنێکی بەدەست هێنا. ئەم دوو فیلمە ڕێک لە کاتی خۆیدا فریای سینەمای ئیتالیا کەوتن و ئەویشیان هەم لە چاوی جەماوەردا خۆشەویست کرد و هەم لە لای ڕووناکبیران ــ چونکە لە یەک دوو ساڵی ڕابوردوودا وازی بینینی فیلمی ئیتالیایی دابەزیبوو. بەڵام هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم دوو فیلمە لە زۆر ڕوانگەوە پێکەوە جیاوازن. لەگەڵ ئەوەش، ئەم فیلمانە بەهیچ شێوەیەک بە دابڕان لە نیۆڕیالیزم یان تەنانەت چەشنێک بۆدواوەچوون نەژمێردران، بەڵکوو هەستێکی داهێنانی بلیمەتانەیان بەدی هێنا کە ڕاستەوخۆ بەرەنجامی کەشی بەناوبانگ بە فێرگەی ئیتالیایە. لە خوارە تێئەکۆشم هۆکارەکەی ڕوون بکەمەوە.

بەڵام سەرەتا ئەبێ ددان بەوەدا بنێم من ڕقم لە نیۆڕیالیزمەیە چونکە هەموو لایەنەکانی نییە و تەنها پشت بە لایەنێک ئەبەستێ، کە یەکێکە لە لایەنەکانی ئەمڕۆیە. چونکە ئەمە واتە ڕادەستکردنی توانای داهاتووە بە سنووورداری پێشووەختە. ڕەنگە هۆی ئەم بێزارییە، نەبوونی توانای تیۆریک بێت. بەڵام بە بۆچوونی خۆم سۆنگەی ئەوەیە کە هونەر بە شیاوی ئازادی سروشتی ئەزانم. لە خولەکانی بێبەرهەمی کشتوکاڵی، بیردۆز سەرچاوەیەکی باشە بۆ لێکدانەوەی وشکەساڵی و ئەتوانێ یارمەتی بەدیهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ ژیانەوەی دووبارە بدات. بەڵام ئێستە کە بەخت یار بووە و شکۆفایی سینەمای ئیتالیا لەم دو ساڵەی کۆتاییدا




ئەبینین، لام وا نییە ئەگەر بمانەوێ ڕێسایەک دابمەرزێنین بە گوێرەی ئەو بیردۆزە بێت، مەترسی کەمتر لە قازانجی ئەبێ؛ مەبەستم ئەوە نییە نابێ وردبین و سەختگیر بین. بە پێچەوانە، وا ئەزانم ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێک پێویستمان بە ڕەخنەی ورد و تۆکمە هەیە. بەڵام ئامانجی ئەم ڕەخنەیە ئەبێ ئەوە بێت، کە سازانی بازرگانی و فریودەرانە و دابەزاندنی ئاستی ویستی هونەری بینەر مەحکووم بکات، نەک پێوەرە جوانناسییەکانی پێشوەخت بەسەر هونەرمەندا بسەپێنێ. بە بڕوای من، دەرهێنەرێک کە ئارمانجی جوانناسانەی بە ئێمە نزیکە، بەڵام بەو گریمانەوە دەست بەکار ئەکات تەنها دە بیست لەسەد لەو ئارمانجانە لە هەر فیلمنامەیەکی بازرگانی، کە بەرپلی بکەوێ، جێ بکاتەوە، کەمبایەختر لە دەرهێنەرێکە بە گوێرەی ئارمانجی کار ئەکات، تەنانەت ئەگەر تێگەیشتنی ئەو لە نیۆڕیالیزم لەگەڵ بەرداشتی ئێمە یەکێک نەبێت. ئێستە، ئێوە لە فیلمی یەکەم بە شێوەیەکی بابەتی دڵکاو بوون و تا ڕادەیەک بە دوور لە سازشتان زانیوە و دوو ئەستێرەتان پێ داوە. بەڵام فیلمی دووەمتان بەبێ مافی بەرپێکی هانا[٨٠٩]، ناردووە بۆ دۆزەخی جوانناسی خۆتان.

لە ڕوانگەی ئێوەوە ڕۆسیلینی لەبری **ژاندارک لە ئاگردا**[٨١٠]

---

٨٠٩ـ بەرپێکی هانا: appeal سکاڵا یان داخوازی بۆ دادگای باڵا بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگای سەرەتایی ع استئناف N anke د استیناف، تجدید نظر.

٨١٠ـ ژاندارک لە ئاگردا: Giovanna d'Arco al rogo فیلمی سینەمایی ١٩٥٤ی






یان **ترس**[٨١١] ئەبوایە فیلمی وەکوو **وێستگەی دوا ترەن**[٨١٢] یان **ئۆمبێرتۆ د.ی** دروست بکردایەت، بێگومان کەمتر جێگەی سەرکۆنە ئەبوو. مەبەستم ئەوەی نییە کە بە بەهای ئابڕووی لاتوادا یان دی سیکا داکۆکی لە نووسەری ڕۆمانی **ئورووپا ٥١**[٨١٣] ئەکەم. ڕامیاری ئەم سازشە جێگەی داکۆکییە. بەڵام پێم وایە سەربەخۆیی ڕۆسیلینی تۆکمەیی شێواز و یەکێتییەکی ڕەوشتی وەها بە بەرهەمەکەی ئەدات، کە لە سینەمادا زۆر دەگمەنە و، وامان لێئەکات تا بەر لە ستایشکردنی ئەم بەرهەمە، ڕێزی لێ بگرین.


بەڵام هیوام بەوە نییە لەسەر بنەمای ئەم چەشنە مێتۆدۆلۆژیانە پێناسەی بکەم. لەبری، گوتەم بەو بیردۆزانە دائەمەزرێنم ئەو لایەنداری لێ ئەکات و ئەم مشتومڕە لەسەری سەقامگیر بووە. ئایە ڕۆسیلینی نیۆڕیالیست بوو و ئایە هێشتاش نیۆڕیالیستە؟ وا بزانم پەژێرەی بکەن کە بووە. بەمجۆرە، ئایە ڕۆڵی فیلمی **ڕۆما**، **شاری بێ شوورە** و **پایزا** لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی نیۆڕیالیزمدا جێگەی نکۆڵییە؟ بەڵام ئێوە ئەڵێن **لە ئاڵمان، ساڵی سفر** چەشنێک «بۆ دواوە گەڕانەوە» ئەبینرێ، کە سەرەتای

ئیتالیایی، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.

٨١١- ترس: La Paura فیلمی سینەمایی ئاڵمانی ئیتالیایی ١٩٥٤ی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.

٨١٢- وێستگەی دوا ترەن: Stazione Termini فیلمی ١٩٥٣ی ئیتالیایی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.

٨١٣- ئۆرووپا ٥١: Europa 51 فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٢، دەرهێنانی ڕۆسیلینی.





مسۆگەری بە **سترۆمبۆلی**[٨١٤] و **گوڵەکانی سەن فرانچێسکۆ**[٨١٥] (فرانچێسکۆ بەردەستی خوا) دەستی پێکردووە و لە **ئورووپا ٥١** و **گەشت لە ئیتالیا** گەیشتووەتە ڕادەی کارەسات.

بەڵام لە بنەڕەتدا چ شتێکی ئەم ڕەوتە جێگەی ڕەخنە و سەرزەنشتە؟ لەم ڕەوتەدا، گرنگیدان بە ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی زیاتر لە پێشوو دائەبەزێ و کەمتر لە پێشوو ڕووداوی ڕۆژانەی ژیان، بە شێوەیەکی نکۆڵی لێنەکراو، ئەکەوێتە خزمەتی پێشکەشکردنی پەیامێکی ڕەوشتی ئاشکراوە ـــ پەیامێکی ڕەوشتی کە بە گوێرەی ڕادەی بەدفەڕی کەس، ئەیکات بە هاوسانسازی لەگەڵ یەکێک لە دوو گرەوەشتی مەزنی ڕامیاری ئیتالیا. نامەوێ مشتوومڕ بکەوێتە ئەم دارەتە دڕدۆنگەوە. تەنانەت ئەگەر ڕۆسیلینی بە ڕاستی گرەوشتی دێمۆکرات مەسیحی هەبێ (و تا ئەو جێگەی من ئەزانم لەم لایەنەوە هیچ بەڵگەیەکی گشتی یان تاک بەدەستەوە نییە) ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوەی لە پێشەوە لە هونەرمەندی نیۆڕیالیست بوون بێبەشی بکەین.

بەڵام لە ڕاستیدا، مافی ئەوەمان هەیە تا بۆچوونی ڕەوشتی یان مینەوی کە زیاتر لە پێشوو لە بەرهەمەکانیدا ئەبینرێ، ڕەت بکەینەوە. وەلێم تەنانەت ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونانەش بە واتای چوارچێوەی جوانناسانە نییە کە لەم فیلمانەدا پێشکەش ئەکرێ.

٨١٤ـ سترۆمبۆلی: Stromboli فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی ڕۆسیلینی.

٨١٥ـ گوڵەکانی سەن فرانچێسکۆ: I Fioretti di San Francisco فیلمی ئیتالیایی ١٩٥٠، دەرهێنانی ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی.




مەگەر ئەوەی فیلمەکانی بە پەیامدار[٨١٦] بزانین، واتە ئەوانە تەنها بە نمایشی کردنی ئارمانجی پێشوەخت دابنێین. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ دەرهێنەرێکی ئیتالیایی تر نادۆزینەوە لە بەرهەمەکانیدا، ئارمانج و تەشک شێوەیەکی ئەوەندە نزیکیان پێکەوە هەبێ و، من ڕێک بەم سۆنگەیە نیۆڕیالیزمی ڕۆسیلینی پێناسە ئەکەم.

ئەگەر زاراوەی نیۆڕیالیزم واتای هەبێ ــ جیا لەو جیاوازییانەی لە ڕابوردوودا لەسەر ڕێکەوتنی سەرەتایی پێناسەکەی هەبوو ــ لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ سیستەمی دراماتیکی نەریتی و هەروەها لەگەڵ جۆرەکانی تری ڕیالیزم لە وێژە و فیلمدا، کە لەگەڵیان ئاشناین دژ بە یەکن، چونکە لای وایە ڕۆژەڤ «گشت»ی مسۆگەرە. من ئەم پێناسەیە، کە هەم بە دروستی ئەزانم و هەم بە گونجاو، لە **ئامێدە ئایفرم** (کایە دو سینەما، ژمارە ١٧) بە وام وەرگرتووە. نیۆڕیالیزمی وەسپی ڕاستەقینەیە لە پلەی گشتێکدا و، لە ڕێگەی خودئاگاییەوە کە ئەتوانێ شتەکان بە شێوەی یەک گشت ببینێ. نیۆڕیالیزم لەگەڵ جوانناسی ڕیالیستی بەر لە ئەو و بە تایبەت لەگەڵ سروشتگەرایی و ڕاستیگەرایی ناکۆکە، چونکە

---

٨١٦ـ فیلمی پەیامدار: film à thèse بەرهەمی سینەمایی گێڕانەوەیی بە ئامانجی گواستنەوەی پەیامێک یان هاندانی بیرکردنەوە لە پرسێکی ڕامیاری، فەلسەفی، ئایینی یان کۆمەڵایەتی. فیلمێکی گێڕانەوەییە لە شوێنە ناوخۆیی یان دامەزراوەییەکان کێشە یان ململانێیەکی کۆمەڵایەتی گەورەتر لە ململانێی تاکەکەسی لە نێوان کارەکتەرەکانیدا تێکەڵ ئەکات.
ع فیلم أطروحة د فیلم قضیەمند E Social problem film.




ڕیالیزمەکەی زیاتر پەیوەندە بە چەشنێک ڕەوشی تایبەت بۆ بینینی شتەکان، تا بە هەڵبژاردنی بابەت. ئەگەر ڕێگەم بدەن ئەڵێم ئەوەی لە پایزادا ڕیالیستییە هەمان بزووتنەوەی بەرگری ئیتالیایە، بەڵام ئەوەی نیۆڕیالیستییە دەرهێنانی ڕۆسیلینییە ــ واتە شێوەی نمایشی ڕووداوەکان، نمایشێک کە لە هەمان کاتدا هەم فیلمی کورتبڕە و هەم فیلمی دەستکردە[٨١٧].

بە گوتەیەکی تر، *نیۆڕیالیزم بە گوێرەی پێناسە لە لێکدانەوەی ڕامیاری، ڕەوشتی، دەروونناسی، لۆجیکی یان کۆمەڵایەتی کەسایەتییەکان و ڕەفتاریان خۆی ئەپارێزێ.* ئەم فێرگەیە، ڕۆژەڤ وەک گشتێک سەیر ئەکات کە بە مسۆگەری مایەی تێنەگەیشتن نییە، بەڵام دابەش ناکرێ. بۆیەشە نیۆڕیالیزم، ئەگەرچی دژی نمایشی ڕازاوە نییە (کەچی نمایشی ڕازاوە لە هەر ڕوانگەیەکەوە لەگەڵی بێگانەیە)، لانیکەم، لە بنەمادا دژی شانۆییە. بەڵام تا ئەو ڕادەیەی ئەکتەری لە شانۆ لەسەر ئەو بنەما دامەزراوە، ئەکتەر ئەو هەستیارییەی کاراکتەر ئەبێ بینوێنێتەوە و هەروەها کۆمەڵێک لە نیشانەی دەربڕینی جەستەیی کە شەبەنگێکی گشتگری کاتێگۆری ڕەوشتی ئەکەن بە وێنایی، ئەخاتە بەر لێکۆڵینەوەی دەروونناسانە.

بەڵام ئەمە بەو واتا نییە نیۆڕیالیزم بەرتەسک ئەبێتەوە بە چەشنێک «بەڵگەگەرایی»[٨١٨] لەناسین نەهاتوو. ڕۆسیلینی

---

٨١٧ـ فیلمی دەستکرد: Synthetic movies وێنەی لەدوای یەکی بزۆزن کە لە کاتی بینیندا دروست ئەکرێن ☜ کورتبڕ.

٨١٨ـ بەڵگەگەرایی: Documentarism بە گوتەی ئامێدە واتە «ڕزگارییەکی




ئەو گوڕەی تێدایە بلێ نە تەنها ئەوین بە کەسایەتییەکان، بەڵکوو بە جیهانی ڕاستەقینە بە هەمان شێوە کە هەن، چەقی ناوەندی بەرداشتی ئەوە لە شێوەی دەرهێنانداا. ڕێک ئەم ئەوینەشە ڕێگە نادات ئەوەی ڕۆژەڤ لێکی موتوربە کردوون، واتە کەسایەتی وشوێن، لەیەک جیا بکاتەوە. کەواتە، تایبەتمەندی نیۆڕیالیزم خۆپاراستن لە وەرگرتنی پێگەیەک لە بەرامبەر جیهاندا نییە. تەنانەت پارێز لە داوەری دەربارەی ئەویش نییە، بەڵکوو یەک تێڕوانینی ئەندێشەیی تایبەت لە پێشەوە گریمان ئەکات؛ نیۆڕیالیزم هەمیشە ئەڕوانێتە ڕۆژەڤ، بەڵام ڕۆژەڤ بەو شێوەی لە چاوی هونەرمەندەوە ئەبینرێ، بەو شێوەی لە ڕێگەی خودئاگای هونەرمەندەوە تاو ئەدرێتەوە ـــ وەلێم لە ڕێگەی هێزی خودئاگایی وەکوو یەک گشت و، نە تەنها لە ڕێگەی وزەی پازەی ئەو یان هەستەوەری یان بڕواکانی ـــ و، لە توخمە جیانەبووەکانییەوە دووبارە بەدی دێتەوە. بهێڵن بەمجۆرە بیڵێم: هونەرمەندی ڕیالیستی نەریتی ـــ بۆ نموونە زۆلا ـــ ڕاستەقینە دابەش ئەکات و دووبارە پێکهاتەیەکی تازەی لێ دروست ئەکات. پێکهاتەیەک کە بڕیاردەری کۆتایی بەرداشتی ڕەوشتی ئەو لە جیهانە. لە کاتێکدا، کە خودئاگای دەرهێنەری نیۆڕیالیست، ڕۆژەڤ ئەپاڵێوێ. بێگومان، خودئاگایی ئەو، وەک خودئاگایی هەرکەسێکی تر، ڕۆژەڤ وەکوو گشتێک وەرناگرێت، بەڵام ئەو هەڵبژاردنەی کە ئەکرێ، نە لۆجیکییە نە دەروونناسانە؛ بەڵکوو هەبوونناسانەیە، بەو

---

ناچالاک کە ئەڵێ خاوەنی بابەتییەتی ناکەسێتییە. تێبینی: هـ.گ.

واتایەی ئەو وێنەی لە ڕۆژەڤ ئەیدات بەدەستەوە، دیسان یەک گشتە ــ ڕێک بە هەمان شێوەی وێنەیەکی ڕەش و سپی وێنەیەکی ڕۆژەڤ نییە کە سەرەتا پارچەپارچە کرابێ و پاشان «بەبێ ڕەنگ» لکێنرابێتەوە. بەڵکوو بەرهەمێکی ڕاستەقینەی ڕۆژەڤە، چەشنێک قاڵبی تیشکدارە کە ڕەنگ تێیدا تەشک وەرناگرێ. واتە لە نێوان شت و وێنە فۆتۆگرافییەکەی، هاوشوناسی[٨١٩] هەبووناسی هەیە.

ڕەنگە بە نموونەیەک لە فیلمی **گەشت لە ئیتالیا** گوتەم ڕوونتر بکەمەوە. هەڵبەت ئەوە ڕاستە کە بینەر زوو لەم فیلمە ماندوو ئەبێ، چونکە بەشی ناپۆلی بە کێماسی پیشان ئەدات. ئەم ڕۆژەڤە تەنها بەشێکی بچووکە لەو ڕۆژەڤەی ئەکرا بکرێ بە وێنە، وەلێم هەر ئەم ئەندازە کەمەی بینەر ئەیبینێ ــ پەیکەرەکانی ناو مۆزەخانە، ژنانی دووگیان، هەڵکەنراوەکانی پۆمپەی، مشتومڕی کۆتایی ئاهەنگی **سەنت ژاناریۆس**[٨٢٠]ــ هەمان چۆنایەتی گشتیان هەیە و بە بۆچوونی من پێویستن. ئەوە ناپۆلی‌یە بە «پاڵوێنەی» خودئاگای پاڵەوانی ژن پاڵێوراوە. ڕووتی و بەرتەسکی بەرجەوەنی فیلم لەبەر ئەوەیە خودئاگا یەک بۆرژوای ئاساییش

---

٨١٩ـ هاوشوناسی: Identity فەلسەفە خودخۆیەتی یان بنەمای شوناس، ئەو پەیوەندییەی هەر شتێک لەگەڵ خۆیدا هەیەتی؛ واتە هەر خودێک، خۆیەتی ع الهویە د این همانی.

٨٢٠ـ سەنت ژاناریۆس: Saint J anuariu یەکێک لە شەهیدانی سەرەتای فەلەگەری. لاشەکەی هێنرایەوە بۆ ناپۆلی، لە کاتێکدا، خوێنەکەی لە شووشەیەکی بچووکدا ڕائەگیرێ. ئەڵێن هەندێ ڕۆژانی دیاریکراو ئەم خوێنە تراو ئەبێتەوە. ئەم ڕۆژانە لە خولی ئاهەنگی ساڵانەی نیۆپۆلیتەن یان ناپۆلیدا ڕوو ئەدات. تێبینی: هـ.گ.

تووشی هەژاری مینەوییە. لەگەڵ ئەوەش، ناپۆلی ئەم فیلمە ساختە نییە (بەڵام ئەو ناپۆلییەی لە فیلمێکی بەڵگەیی سێ کاتژمێرە دایە ڕەنگە ساختە بێت). بەڵکوو بەرجەوەنێکی ئەندێشەییە لە یەک کاتدا هەم بابەتیبوونی وێنەیەکی بە ڕوونی هەیە و، هەم ئەندێشەی خودئاگای دەگمەنی تاکەکەسی تێ دایە. ئێستە بۆمان دەرئەکەوێ ئەو ڕوانینەی ڕۆسیلینی بە کەسایەتییەکان و ژینگەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی ئەواندا هەیەتی، بە یەک شێوە، تێڕوانینی ژنەی پاڵەوانە بە ناپۆلی ــ بەو جیاوازییەوە کە ئاگایی ڕۆسیلینی هیی هونەرمەندێکی فرۆزەمەندە. ئینجا بە بڕوای من، هیی هونەرمەندێکە بەگوڕ و تینێکی مینەوی کەموێنەوە.

داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر بە خوازەکاری چوومە بەرەوە، چونکە فەیلەسووف نیم و ناتوانم مەبەستەکەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر بگەیەنم. بەم هۆیەوە پەنا ئەبەمە بەر بەراوردێکی تر. ئەمەوێ بڵێم تەشکە کلاسیکەکانی هونەر و ڕیالیزمی نەریتی بە هەمان شێوە دائەڕێژرێن کە تەلار و خانووەکان بە ئاجوور و بەرد. لەم نموونەیەدا مشتوومڕ لەسەر کاردای ئەم تەلارانە یان جوانی ڕواڵەتییان یان هاوڕێکی دارماڵی ئاجوورەکان لەگەڵ بنڕێژی تەلارەکان نییە. ڕۆژەڤی ئاجوور زیاتر لە تەشک و تۆکمەییدا شاراوەتەوە تا لە پێکهاتەیدا. تەنانەت بە بیریشماندا نایەت ئاجوور بە تۆپەڵێک قووڕەسوورە بزانین، چونکە پێکهاتەی تایبەتی ئەستووەکانی پێکهێنەری گرنگییەکی وەهای نییە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ڕەهەندەکانی لەبار و گونجاوە. ئاجووری یەکەم کە ڕەهەندەکانی لەبارە، ئاجووری تاقانەی بناغەیی تەلارەکەیە. هۆکەیشی ڕواڵەتەکەیەتی. هەر ئەم پازەیە لەمەڕ بەردەکانی




پێکهێنەری پاکڵەی پردیش ڕاستە. ئەم بەردانە وەها لە تەنیشت یەکەوە دائەنرێن کە کەوانێک پێک ئەهێنن. بەڵام ئەو بەردانەی لە بەستەری چەمەکەدا پەڕاگەندەن، هەمیشە، چ ئێستە و چ لە داهاتوودا تەنها بەردن و، کاتێک وەک پردەباز لەمیانەوە باز ئەدەین بۆ ئەوی تر تا بچینە ئەوبەر چەمەکە، ڕۆژەڤیان وەکوو بەرد ناگۆڕێ. ئەگەر ئەوانە لەم بوارەدا هەمان کار ئەکەن کە پرد ئەیکات، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە هۆشمەندی خۆمان بەکار هێناوە و کەڵکمان لە شێوەی وەستانی بەڕێکەوتی ئەوان وەرگرتووە؛ واتە توخمی جووڵانمان لێ زیاد کردوون، کە نە ناوەڕۆکیان ئەگۆڕێ و نە تەشکیان، بەڵام واتایەکی کاردایی کاتییان پێ ئەبەخشێ. بەم شێوەیە، فیلمی نیۆڕیالیستیش واتایەکی هەیە. بەڵام ئەم واتایە سەربەکۆتاییە[٨٢١]، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگە ئەدات ئاگاییمان لە ڕۆژەڤێک بۆ ڕۆژەڤێکی تر و لە بەشێکی ڕۆژەڤەوە بۆ بەشێکی تری بچێت، لە کاتێکدا کە پێکهاتەی هونەری کلاسیک، واتالەپێشە: واتە تەلارەکە لە پێشەوە لە پێکهاتەی ئاجووردا مایەی وێناکردنە.

ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە دروست بێت، دەرئەنجام ئەوە ئەبێ کە زاراوەی نیۆڕیالیزم نابێ بە واتای ناو بەکار بهێنین، مەگەر

---

٨٢١ـ سەربەکۆتایی: posteriori ڕێگەمان ئەدات ئاگاییمان لە ڕۆژەڤێک بۆ ڕۆژەڤێکی تر و لە بەشێکی ڕۆژەڤەوە بۆ بەشێکی تری بچێت
واتالەپێش: a priori لە پێکهاتەی هونەری کلاسیکدا، تەلاری بە ئاجوور سازکراو لە بەرچاوماندا وێنا کراوە.

بۆ دیاریکردنی دەرهێنەرانی نیۆڕیالیست وەکوو دەستەیەک. نیۆڕیالیزم بە خودی خۆی بوونی نییە. بەڵکوو تەنها دەرهێنەرانی نیۆڕیالیست هەن ــ جا ئەستووگەرا بن، جا مەسیحی بن، جا کۆمۆنیست بن یان هەر شتێکی تر. ڤیسکۆنتی لە **زەوی ئەلەزێ** کە بانگهێشتنێکە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، نیۆڕیالیستە؛ ڕۆسیلینی‌یش لە گوڵەکانی **سەن فرانچێسکۆ** کە ڕۆژەڤێکی تەواو مینەوەی وێنا ئەکات، نیۆڕیالیستە. نازناوی نیۆڕیالیزم تەنها لە دەرهێنان درێغ ناکەم، کە بۆ هەژاندنی منی بینەر، ئەوەی ڕۆژەڤ موتوربەی کردوون، لێک جیا ئەکاتەوە.

کەواتە، بە بۆچوونی من فیلمی **سەفەر لە ئیتالیا** نیۆڕیالیستە ــ تەنانەت زیاتر لە فیلمی وەکوو **زێڕی ناپۆلی**[٨٢٢] کە زۆر پەسنی ئەکەم، بەڵام نیۆڕیالیزمەکەی، سەرەڕای پزیسکەی نیۆڕیالیستی کە ئەیانەوێ بمانگرنە خۆ، جوان دیارە دەروونناسانە و تا ڕادەیەک شانۆییە.

تەنانەت لەمەش ئەچمە پێشترەوە و ئەڵێم **ڕۆسیلینی** زیاتر لە هەموو دەرهێنەرانی ئیتالیایی لە بواری پەرەپێدانی سنوورەکانی جوانناسی نیۆڕیالیستیدا تێکۆشاوە. پێشتر وتم شتێک بە ناوی نیۆڕیالیزمی سۆلان بوونی نییە. ڕوانگەی نیۆڕیالیزم، ئارمانجێکە هەرکەس ئەتوانێ کەموزۆر لێی نزیک ببێتەوە. لە هەموو ئەو فیلمانەدا بە نیۆڕیالیست ناو ئەبرێن دیسانەوە شوێن پێی ڕیالیزمی نەریتی ــ نمایشی یان دراماتیک یان دەروونناسانە ــ ئەبینرێ. هەموو ئەم فیلمانە ئەتوانین بەم بەشی

٨٢٢ـ زێڕی ناپۆلی: L'Oro di Napoli کۆمەڵەفیلمی ئیتالیایی ١٩٥٤، درهێنانی ڤیتۆریۆ دی سیکا.

بچووکتر دابەش بکەین: ڕۆژەڤی بەڵگەیی لەگەڵ شتێکی تر. ئەم شتەی تر، جوانی وێنایی وێنە، چەمکی کۆمەڵایەتی، هۆنراوە، کۆمێدی و وەکوو ئەوانەن. بێهوودەیە ئەگەر لە بەرهەمەکانی ڕۆسیلینی بە دوای جیاوازییەکی ئاوەها لە ڕووداو و کاریگەری ئارمانجدار بگەڕێین. لە فیلمەکانی ئەودا شتێک بە ناوی وێژە یان هەڵبەست یان تەنانەت نیشانەیەکی «شتی جوان» بە واتای دڵگەشێن بوونی نییە. ڕۆسیلینی، ڕۆژەڤەکان دەرئەهێنێ و ئاراستە ئەکات. ئەڵێی ئەهریمەنی جووڵە چوونەتە ناو هەناوی کەسایەتییەکانیەوە. لە فیلمەکانی ئەودا، برایانی بچکۆلەی سەن فرانسیس بە ڕواڵەت بۆ ستایشی پەروەردگار ڕێگەیەکی جگە لە پێشبڕکێیان نەدۆزیوەتەوە. سەبارەت بە جووڵەی جنۆکەلێدراوی کوڕەی فیلمی **ئاڵمان، ساڵی سفر** بەرەو مەرگ، ئەتوانین چی بڵێین؟ بۆ ڕۆسیلینی گەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤ بریتییە لە هێما و ئاماژە و گۆڕان و جووڵەی جەستەیی. واتە کەسایەتییەکانی ئەو لەو شوێنەی تێیدا ئەڕۆن زیاتر کاریگەری وەرئەگرن تا کار بکەنە سەری.

جیهانی ڕۆسیلینی جیهانی کردەوەی سۆلانە، ئەو کردەوەی لە خۆیدا گرنگی نییە، بەڵام ڕێگایەک (وەک بڵێی بۆ پەروەردگاریش نەناسراوە) بۆ ئاشکراکردنی کتوپڕی واتایان خۆش ئەکەن. ئەم خاڵە سەبارەت بە پەرجووی فیلمی **گەشت لە ئیتالیا** دروستە: پەرجوویەک کە دوو کەسایەتی سەرەکی نایبینن و تەنانەت لە چاوی کامێراش شاراوەیە و، بە هەر شێوە پێوارە (چونکە ڕۆسیلینی ناڵێ کە ئەمە مسۆگەر یەک پەرجووە، بەڵکوو تەنها دەنگەدەنگ و جووڵانی وەهایە کە خەڵکی کاتی پەرجوو پیشانی





ئەدەن)، بەڵام باندۆری لەسەر خودئاگای کەسایەتییەکان ئەوەندەیە وەک بڵێی ئەیەوێ هەڵقولانی چاوەڕواننەکراوی ئەوینیان بە یەکدی بەهێز بکەن.

بە بۆچوونی من، هیچکەس بە ئەندازەی نووسەری ڕۆمانی **ئوروپا ٥١** لە ئافراندنی پێکهاتەی جوانناسانەی بەرەنجامی تۆکمەیی، یەکگرتوویی و ڕوونبوونی، کە بە ئاراستەی گونجاوی بەستەری ڕووداوەکاندا بێت، سەرکەوتوو نەبووە. ئەو پێکهاتەی ڕۆسیلینی بەدی ئەهێنێ جگە لە خودی ئەو ڕووداوە نییە ئەیخاتە بەردەستی بینەرانەوە. ئەم پێکهاتەیە، ئەو شتانە ئەخەنەوە بیر کە هەم بە شێوەی پێوار هەن و هەم وەک کریستاڵی ڕوون. هونەری ڕۆسیلینی لەوە دایە ئەزانێ ئەبێ چی بکات تا ئەوەی کە پێویستترین و ناسکترین تەشکی ڕۆژەڤەکان بەوانە ببەخشێت ــ نەک ناسکترین، بەڵکوو ڕوونترین و ڕاستەوخۆترین و ڕاشکاوترین تەشک. نیۆڕیالیزم لە لای ڕۆسیلینی شێواز و سەرچاوەی ئەبستره ئەدۆزێتەوە. سەرنجدانی ڕۆژەڤ بەو واتا نییە نموودەکان لەسەر یەک کەڵەکە بکەین. بەڵکوو بە پێچەوانە، بەو واتایە کە نموودەکان لەوەی ناپێویستە بپاڵێوین تا لەم سادەییەدا بگەین بە دارماڵبوون. هونەری ڕۆسیلینی هێڵی و ملۆدیکە. لە ڕاستیدا، هەندێ لە فیلمەکانی لە هێڵکاری ئەچن: لە هێڵدا، زیاتر لەوەی بە ڕاستی ئەکێشرێ شاراوەتەوە. بەڵام ئەم ڕاشکاوییە و ڕوونی هێڵ ئەبێ تەنها بە نەبوونی بەهرەی داهێنانەوە پەیوەند بدەین یان


بە تەمەڵییەوە؟ لەمەڕ **ماتیس**یش[٨٢٣] ئەتوانین هەر ئەمە بڵێین. ڕەنگە ڕۆسیلینی زیاتر ئوستادی کێشانی هێڵە تا شێوەکاری. زیاتر کورتەچیرۆکنووسە تا ڕۆمانووس. بەڵام لەم هونەردا نە پۆلێنی خواروژووری ژانرەکان بەڵکوو پۆلێنی خوارووژووری هونەرمەندان لە ئارا دایە.

ئەریستارکۆی هێژا، چاوەڕێ نیم بۆین و دڵتێر بووبێتی. هەر چۆنێک بێ، هەرگیز تەنها بە پازە ناتوانین بەسەر یەکدیدا زاڵ ببین. زۆر جار ئەو باوەڕەی لە سەلماندندا شاراوەتەوە، گرنگترە. ئەگەر تەنها باوەڕی من (کە تاودانەوەیەکی ستایشی هاوکارانی ڕەخنەگرم بە ڕۆسیلینی پەیدا ئەکات) لانیکەم، بتوانێ باوەڕی تۆ هان بدات، من دڵکاوم◆

*Cinema Nuovo, August 1955*

---

٨٢٣ـ هانری ماتیس: Henri Matisse شێوەکار (١٨٦٩ـ١٩٥٤) شێوەکاری وێناگەری فەڕانسەیی.





## ئەفسانەی مۆسیۆ ڤێردۆ [٨٢٤]

تەنها پڕنۆی تۆمەتبارکردن و سزادانی **لاندرۆ**[٨٢٥] (کە ئەفسانەناسی دوولایەنە و بێبەزەیی جەماوەری نازناوی **خودانی دو گامبیای**[٨٢٦] پێدابوو) و تەنها بەڵگە کە تاوانەکەی سەلماند، پەڕاوێکی بچووک بوو کە هەژمارەکانی تێدا یاداشت کردبوو. ئەو لەم پەڕاوەدا، هەموو دەرچووەکانی بە وردبینی و خولیایەکی بەرپرسانەوە نووسیبوو. لەم پەڕاوەدا، لە کۆتایی مەزاخی هەر گەشتێکی دوو کەسی بۆ شارێکی بچووک لە نۆرماندی کە لەوێ خانوویەکی گوندی بێدەنگ و ئارامی هەبوو، تێچووی دوو بلیتی ترەن نووسرابوو ــ بلیتێکی دووسەرە و بلیتێکی یەکسەرە. دیارە ئەتوانرا لەم خاڵەوە بگەنە

٨٢٤ـ مۆسیۆ ڤێردۆ: Monsieur Verdoux کە لژیۆنی ئەمریکایی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرگیراوی کردبوو، بۆ ماوەیەکی کورت نمایش درا و گورج لەسەر پەردە لابرا. ئەم فیلمە لە ئورووپا شکستی خوارد. تێبینی: هـ.گ.

٨٢٥ـ لاندرۆ: Landru

٨٢٦ـ Sire de Gambais یان Lord of Gambais دو گامبیا، کە ئەکەوێتە ناوچەی سەن ئێواز Seine-et-Oise قەڵایەکی جوانی سەدەی هەڤدەیە. ئەم قەڵایە کەمتر بەم هۆیەوە و زیاتر لەبەر ئەو مرۆڤکوژییانەی لاندرۆی سمێڵ شین لەوێ کردوویەتی بەناوبانگە. تێبینی: هـ. گ.




ئەوەی کە لە پێشەوە نەخشەیەک لە کاردا بووە. ئەم ناپارێزییەی لاندرۆ، سەری دا بەبادا. بۆیە ئەبینین ئەگەر تەناهی و ڕێکوپێکی لە ئاستێکی دیاریکراو تێپەڕێ ئەتوانێ ئەو کەسە بخاتە مەترسییەوە. مایەی شکستی لاندرۆ، خەمساردی لەڕادە بەدەری بوو. ئەگەر ئەو زیاتر لە پسوولەی جلشۆر یان سەوزەفرۆش گرنگی بە تاوان نەدایەت، ئەیتوانی دەرچووی مامناونجی تاوانەکانی لە پەڕاوێکی گشتیدا بنووسیایەت. ئەوەی کە ئەیویست هەموو شتێک بە وردی و دارماڵ تۆمار بکات بووە هۆی ئەوەی تا کێماسییەکی بچووک لە کارەکەیدا پەیدا ببێت، کە ئەگەر کەموکووڕییەک لە کاردا نەبوایەت تاوانەکە بێخەوش ئەبوو. زێدە لەوەش، ڕاستی ئەوەیە لاندرۆ هیچ بەهرەیەکی لە وەژارە نەبوو تا بتوانێت کار و پیشەیەکی ئابڕوومەندانە و هێور بگرێتەبەر.

بەڵام ئەگەر تەنها ئەم یەک نموونەیە لە بەرچاو بگرین، ناتوانین لاندرۆ و ڤێردۆ پێکەوە بەراورد بکەین. کەڵکەڵەی تۆمارکردنی وردبینانەی مەزاخ و دەرچوو، نیشانەیەکی نزمییە. بەڵام ئەندێشەی **مۆسیۆ ڤێردۆ** فراوانتر و ئازادترە. وردبینی فراوانی لە تاوانەکانیدا، تووشکردنی کردبوو بە کارێکی نەلواو. بەڵام ئەو وردبینییە بە واتای ڕەتکردنەوەی بوونی پزیسکەیەکی فانتازیا و گیانی سەرکەشی نییە.

جگە لەوە، ڤێردۆ لە کاری کڕین و فرۆشی پاژدا بوو و تۆماری کەمتەرخەمانەی یەک بابەت لە پەڕاوەکەیدا بە نرخی لەدەستدانی گیانی تەواو نەئەبوو. مەگەر ئەوەی کە دۆزێکی دارایی بە گرنگی جیهانییەوە لە ئارادا بوایەت. ڤێردۆ کە بە هۆی دابەزینی کتوپڕی

پاژ لە واڵ ستریت کەم تا زۆر مایەپووچ ببوو و دابەزیبوو بۆ ڕیزی پاژدارانی بچووک و بێ بەخت، هێشتاش ئەیتوانی داهات و دەرچووی هاوئاست بکات، هەڵبەت بە تۆزێک دەستپێوەگرتنەوە. بەڵام شەوێک بڕیار ئەدات کۆتایی بە کێشەکە بهێنێ. ئاسایش نایگرێ، بەڵکوو ئەو خۆی ڕادەست ئەکات و تۆزێکی تر بۆمان دەرئەکەوێ بۆچی و چۆن.

بە ئەسانی ئەتوانین بۆ ئەوە بچین زۆربە جەماوەر ڕەخنە لە کامە لایەنی **مۆسیۆ ڤێردۆ** ئەگرن. گۆڤاری **سەردەمی نوێ**[٨٢٧] پێڕستێکی دارماڵی ئەم نموونانەی لە وتارێکدا بڵاو کردووەتەوە و، ئەم خراپ تێگەیشتنانە ڕەنگە هەموو شت ئەگرێتەوە. خاتوونی نووسەری ئەم وتارە ڕەخنەگرانەیە ڕای ئەگەیەنێ ئەم بەرهەمەی چاپلین سەرەتا نائومێدی کردووە، چونکە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیک و دەروونناسی و جوانناسییەوە تۆکمە نییە و چڕ نەتەنراوە. «تاوانەکانی **مۆسیۆ ڤێردۆ** نە لە پێناوی داکۆکی لە خۆیەتی و نە بۆ قەرەبووی نادادگەری، نە هەڵقوڵاوی ئارەزوویەکی قووڵە و، نە بۆ کەڵکەڵەی پاککردنی جیهانی فەراگەردە. مایەی پەژارەیە وزەیەکی ئاوەها مەزن بەکار هێنراوە، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بسەلمێنێ، یان فیلمێکی کۆمێدی بە زەمینەی کۆمەڵایەتییەوە بەدی هێنابێت، بەڵام گرنگترین دۆزەکانی شاردووەتەوە.»

ئەم خراپ تێگەیشتنە سەرنجڕاکێشە ئەبێتە هۆی ئەوەی **مۆسیۆ ڤێردۆ** بۆ سێ لەسەر چواری بینەران وەک پەرتووکێکی سەربەمۆر بمێنێتەوە. چونکە نازانن لەگەڵ چ چەشنە فیلمێک

٨٢٧ـ گۆڤاری سەردەمی نوێ: La Revue des Temps Modernes گۆڤاری فەڕانسەیی، ١٩٤٥ لە لایەن سیمۆن دو بۆڤارەوە دامەزرا.

ڕووبەڕوون؛ کۆمێدی یان فیلمی پەیامدار؟ ئایە مەبەستی ئەم فیلمە سەلماندن یان تەنانەت شرۆڤەی هیچ شتێکە؟ مارکسیستەکان چاپلین مەحکووم ئەکەن کە بەدبینە و، ئەو پەیامەی لایان وایە لە کاتی فیلمی **چاخی نوێوە** بەوان وامدارە بە ڕوونی نەی گەیاندووە. بەم شێوەیە، شێواندنی وێژەیی و ڕامیاری دەست ئەدەن بە دەستی یەکەوە. لایەنگرانی هونەری کلاسیک بە بنەمای دەروونناسانەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە تێڕوانینی ڕامیارییان هەیە، ڕێ ئەکەون. لە کاتێکدا، کە هەردوو دەستە لە تێگەیشتنی پێداویستی سەمەرەی **مۆسیۆ ڤێردۆ** ــ واتە پێداویستی ئەفسانەــ بێتوانان.

ئەوەندەی **مۆسیۆ ڤێردۆ** بە ئەفسانەی چاپلین پەیوەند بدەین، هەموو شت ڕوون و تەناهی و کریستاڵیزە ئەبێت. بەر لە هەر «کەسایەتی» و بەر لە چیرۆکی تۆکمە و دیاریکراوی ژیان کە ڕۆماننووسان و شانۆنامەنووسان پێی ئەڵێن چارەنووس، کەسێک هەیە بە ناوی «چارلی». ئەو تەشکی ڕەش و سپی چاپکراوە لەسەر نیتراتی زیوی فیلم. ئەم تەشکە ئەوەندە مرۆییە کە بتوانێ سەرنج و هاودڵی ئێمە بورووژێنێ. بەردەوامی ڕەفتاری ئەو بە شێوەیەک واتا بە هەبوونی ئەبەخشێ و بە بوونی سەربەخۆی شتێک ئەگات کە، نە بەبێ ناڕوونی، پێی ئەڵێن «کەسایەتی». ئەڵێم ناڕوونی، چونکە وشەی «کەسایەتی» بە کەسانی ناو ڕۆمانیش ئەوترێ. بەڵام چارلی، **شازادە کلیڤ**[٨٢٨] نییە. هەر چۆنێک بێ، ئەبێ بڕیارێکی لێبڕاو بدەین و چارلی و قۆناغەکانی گەشەی لەو بەراوردە سەمەرانەی لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی

٨٢٨ـ شازادە کلیڤ: Princesse de Clèves ڕۆمانی مەدام دو لا فایت (١٦٣٤ـ ١٦٩٣) بە پێشەنگی ڕۆمانی دەروونناسانەی ئەزانن ؟؟؟: هـ. گ.







مۆلییێر ئەیکەن، ڕزگار بکەین. زۆر کەس لایان وایە بەم بەراوردە شانازی بە چارلی ئەبەخشن. کەسایەتی ڕۆمان یان شانۆنامە، چارەنووسی لە چوارچێوەی هەمان یەک بەرهەمدا بەدی دێت. هەڵبەت نابێت ڕۆمانی درێژەدار بە هەڵەماندا ببات. چونکە لەم چەشنە ڕۆمانە، سەرەڕای هەموو شتێک، تەنها دۆزی مەودای کات لە ئارا دایە. لە لایەکی ترەوە، چارلی لە هەر فیلمێکدا دەربکەوێ، پلەی ئەباتە سەرەوە.

**ئاندرێ مالرۆ** ئەگێڕێتەوە شەوێک لە شەوانی هەزارویەک شەو لە شوێنێکدا بینیوێتی کە باشترین فیلمی چاپلینیان لەسەر دیوارێک کە چەند پشیلە لە بنیدا نووستبوون، نمایش ئەدا و مارێکی سەیر کە لە ئاڵقەی کۆنەی فیلم دروست کرابوو، لێرە و لەوێ قونەیان ئەکرد. ئەم ئەفسانەیە لەوێ بە سۆلانترین شێوەی خەملێیبوو.

فێلیکسی پشیلە یان میکی ماوس زیاتر ئەتوانن تیشک بهاوێژنە سەر هەبوونی چارلی، تا شانۆنامەی **گەلبێزار** یان **کلاوبازی**(٨٢٩) مۆلییێر. لە ڕاستیدا، سینەمایش وەکوو کۆمێدی وێنەدار، شانۆی بەزمگە، سیرک یان کۆمێدی گاڵتەئامێزیش پاڵەوانیان هەیە بە ڕواڵەت و تایبەتمەندی دیارەوە و، جەماوەر پێیان خۆشە حەفتە بە حەفتە پاڵەوانەکەیان لە بوویەرێکدا تماشا بکەن، کە بە گوێرەی هەمەچەشن بوونیان، هەمیشە بۆ یەک کەس ڕوو ئەدات. سەرەڕای ئەوەش، لام وایە باشترە لە بەراوردی بەپەلە و ڕووکەش خۆمان

---

**٨٢٩ـ** کلاوباز: Tartuffe یان بە ئینگلیزی Impostor، شانۆنامەی کۆمێدی **١٦٦٤**ی نووسینی مۆلییێرە.




بپارێزین. سەرەتا ئەبێ بۆ پلە و تەشکی هەبوونی کەسایەتییەکان پێگەیەک دیاری بکەین و بەبێ تێگەیشتن لە شێوەی گەشەی کەسایەتییەکان ناتوانین لە ئەفسانە بدوێین. چارلی، بەرهەمی کۆمێدییەکانی مەک سێنێت بوو و لەم فیلمانەدا ڕۆڵی کەمتر گرنگی لە **فەتی ئارباکڵی**(٨٣٠) هەبوو. بەڵام کارەکانی قووڵاییەکی ناوێزە، کێشەرێکی کاریگەر و تایبەت و، ڕەفتاری سەقامگیری هیچ شتێک وامداری دەروونناسی یان ناهەماهەنگی جەستەیی نەبوو. جادوویەک لە نیگایدا شارابوویەوە ئەوی لە وەویلەی بووکەشانۆی فەراگەردی جیا ئەکردەوە ــ و هەموو ئەمانە زەمینەی داهاتوویەکی تایبەتی بۆ دابین ئەکرد. لە ماوەی کەمتر لە ١٥ ساڵدا، ئەم پیاوە کورتەباڵایە بە جاکەتی گاڵتەئامێز و سمێڵە بچکۆلانە قالۆنچوییەکەی و گۆچان و کڵاوە گەرگەرییەکەی بوو بە بەشێک لە خودئاگای مرۆڤایەتی. لە سەرەتای پەیدابوونی جیهانەوە، هیچ ئەفسانەیەک تا ئەم ڕادە لە ئاستی جیهانیدا پەژێرە نەکراوە.

نامەوێ لێرەدا ئەم ئەفسانەیە تاوتوێ بکەم، چونکە پێویستی بە سەرچاوەی فراوان و جۆراوجۆر هەیە: هەر لە دەروونناسی جەنابی «**چارلز سپێنسەر چاپلین**»ـەوە بگرە تا سەمبۆلیزمی جیهانی، لە میسۆلۆجی یەهوودە بگرە تا بیردۆزی هەمەچەشن لەمەڕ ژیاری هاوچەرخ. چونکە لە سەرهەڵدانی ئەم ئەفسانەیە ئەوەندە تێناپەڕێ، نازانم ئایە ئەگەری هەیە ڕوانگەیەکی تۆکمە و گشتی

٨٣٠ـ فەتی ئارباکڵ: Roscoe Arbuckle (١٨٨٧ـ١٩٣٣) ناسراو بە ئارباکلی قەڵەو Fatty Arbuckle هونەرپیشە و دەرهێنەری کۆمێدی ئەمریکایی.

سەبارەت بە چارلی بدرێ بەدەستەوە یان نا؟ وەک دەروونناسان ئەڵێن، لە کەسایەتی ئەودا هەستیاری فراوان حەشار دراوە؛ لە هەناویدا ناخودئاگای گشتی زۆروزەبەند پاشەکەوت کراوە کە دەرفەتی هاوسانسازی کۆتایی و بەهێز بۆ گۆڕانگاری کۆنینەهێما archetypal و بۆ بازدانی واتایی، کە هێشتاش لە تێگەیشتنی ئێمە بەدووە، بەدی ئەهێنێ. بەڵام بۆ مەبەستەکەی من ئەوەندە بەسە تەنها ئاماژە بە چەند هۆکاری نەگۆڕ و هەروەها چەند هۆکاری بگۆڕ لە هەناوی چارلیدا بکەم و، بە هەمان ڕێگەدا بڕۆم کە ئەو ڕۆیشتووە. لە نەبوونی شاکلیلیشدا، سێ چوار نیشانە بدەم بەدەستەوە کە لای هەموان شیاو بێت. گرنگتر لە هەموو، تێئەکۆشم ئەو ڕاستەقینە پشتگوێ نەخەم کە لێرەدا لەگەڵ ڕەوتێکی ئەفسانەناسی ڕووبەڕووین و منیش ئەبێ نووسراوەکەم لەسەر ئەو بنەمایە ڕێک بخەم.

ئەگەر **ڤێردۆ** «واتایەکی» هەیە و بەسادەیی ئەتوانین ئەو لە چارلیدا ببینین، بۆچی ئەبێ بە گوێرەی ئایدیۆلۆژی ڕەوشتی یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بە دوایدا بگەڕێین؟ یان تەنانەت بە پەنابردنە بەر پێژەی دەروونناسانە کە بە پێی ڕاهاتن لامان وایە لە کەسایەتییە شانۆیی یان ڕۆمانییەکاندا ئاشکرایە؟

ڕەخنەگرێک کە لە سەرەوە ناوی هات، ڕەخنە لە شێوەی ئەکتەری چاپلین ئەگرێ و تاوانباری ئەکات نەیتوانیوە لە چوارچێوەی کۆمێدی پێرسۆنای پێشووی بە تەواوەتی بچێتە دەرەوە و لە نێوان لێکدانەوەی ڕیالیستی ڕۆڵی **ڤێردۆ** و ڕێسای کەسایەتی «چارلی»دا سەرگەردانە و نازانێ کامیان هەڵبژێرێ؟ ڕاستی ئەوەیە لەم نموونەیەدا، ڕیالیزم لە وەژارە زیاد ئەکرێ. لێرەدا چارلی بەردەوام

هەیە. وەک بڵێی لەگەڵ **ڤێردۆ** هاوجفت superimpose[٨٣١] کراون، چونکە **ڤێردۆ** هەمان **چارلی**یە. گرنگ ئەوەیە بینەران لە ساتی لەباردا بەبێ هیچ دوودڵییەک، دیسانەوە چارلی هەر ئەناسنەوە. ئەم ساتە شکۆمەندەش لە کۆتایی فیلمەکە دایە. ئەو شوێنەی کە **ڤێردۆ**، یان چارلی، بە جلی زیندانەوە لە نێوان وەردیان و جەللاد و پاسەوانانی زینداندا وەستاوە. **ڤێردۆ** یان **چارلی** لە تەشکی پێچەوانەی خۆیدا دەرکەوتووە! هیچ تایبەتمەندییەک لە کەسایەتی پێشوو نییە کە لێرەدا هەڵنەگەڕابێتەوە؛ وەک دەستەوانەیەک کە بە پێچەوانە، لەدەست کرابێ. لەبری جاکەتی دەڵپ و کڵاوی گەڕگەڕی و پۆستاڵی گێپەڕە داشۆڕاو و گۆچانی خەیزەران، جاکەت و پانتۆڵی شیانست و کەراواتی ئاورێشمینی پان و خۆڵەمێشی و کڵاوی دەق و شاکۆنی دەسک زێڕینی[٨٣٢] بەدەستەوە گرتووە. سمێڵە بچووکە قالۆنچەییەکەی، واتە دیارترین هێمای بەرچاوی، لێرەدا نییە. پێگەی کۆمەڵایەتی **چارلی** و **ڤێردۆ** لە بنەمادا جیاوازە. چارلی تەنانەت ئەو کاتەش کە ملیۆنێرە، هێشتا هەمان ڕەبەنە وەرجاوەندەکەی لەمەڕ خۆمانە؛ وەلێم **ڤێردۆ** دارایە. چارلی هەرکات ئەیەوێ هاوسەرگیری بکات، دەرئەکەوێ دەنکەکەی سۆزانییەکی سامناکە، کە ئەم لێی ئەترسێ و تا دوا دراو لە گیرفانی دەرئەهێنێ. بەڵام **ڤێردۆ**ی



٨٣١ ـ هاوجفت: superimpose دانانی دوو شت لەسەریەک بە جۆرێک کە هەردووکیان هێشتا دیار بن. لە سینەما جووتبوونی دوو کەسایەتی لە ئەکتەرێکدا کە هەست بە هەردووکیان ئەکرێ.

٨٣٢ ـ شاکۆن: scepter, sceptre داری زێڕینی دەستی پادشا و مەزنانی ئایینی ع صَولَجان N septer د صولجان ⇐ مەنتەشا: stick متەشا، داردەستی لار و لوێر و گرێداری دەستی دەروێشان.

فرەژن هەرگیز بەرامبەر بە هاوسەرانی ئەمەگدار نییە. سەریان پێ دائەنەوێنێ، ئەیانکوژێ و دەست بە سەر پارە و دارایییاندا ئەگرێ (جگە لە ژنەی گەنجی نەخۆش و ئەو ژنەی لە ژەهرخواردکردنی ژێوان ئەبێتەوە ــ پاشتر لەم دوو نموونە ئەدوێین).

جگە لەوە، ئاشکرایە چارلی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕەگەزی ژن هەست بە خۆبەکەمزانی ئەکات؛ بەڵام ڤێردۆ، دۆن ژوانێکی سەرکەوتووە. چارلی فیلمی **هەڵپەی زێڕ**، دڵناسک و ساویلکەیە، کەچی **ڤێردۆ** بەدبین و بەدگومانە. چارلی بکەین بە هەرچەند کوتەوە، خاڵی بەرامبەری هەرکامیان لە کەسایەتی ڤێردۆدا ئەدۆزینەوە.

ئەمەوێ هەموو ئەم تایبەتمەندیانە لە یەک ڕستەدا بگونجێنم. چارلی لە بنەمادا مرۆڤێکە نەگونجاو لەگەڵ کۆمەڵگە؛ **ڤێردۆ** کەسێکە زیاد لە پێویست گونجاو و جێکەوتووە. بە بەراوەژووکردنی کەسایەتی، هەموو جیهانی چاپلین بە یەک زەبر هەڵئەگەڕێتەوە. پەیوەندی چارلی لەگەڵ کۆمەڵگە (و هەروەها لەگەڵ ژنان کە ناوەڕۆکی بناغەیی و هەمیشەیی بەرهەمەکانیەتی) بەهایەکی تری پەیدا کردووە. بۆ نموونە، ئەو پۆلیسانەی مایەی ترسی چارلین، **ڤێردۆ** بە سادەیی هەڵیان ئەخڵەتێنێ. **ڤێردۆ** نە تەنها لەدەستی پۆلیس هەڵنایەت، بەڵکوو بەبێ ئەوەی ناچار بێت خۆی لە چاویان بشارێتەوە، مەترسییان لەسەر خۆی ناهێڵێ. کاتێکیش گەمە کۆتایی پێ دێت و ئەو ئەیەوێ خۆی بدات بە دەستی پۆلیسەوە، پۆلیسەکان لەو ئەترسن! بەڵام ئەم دیمەنە ئەهێنێ پێیدا بچینەوە: شەوێک **ڤێردۆی** بەساڵاچوو و بێپارە، ژنێکی جەوان کە نەیکوشتووە و تەنانەت لە دۆخێکی نالەبار دەربازی کردووە، دیسانەوە ئەبینێتەوە. ژنە وەک سپاس و بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی

چاکەی **ڤێردۆ**، میوانی ئەکات بۆ کابارەیەک. ئێستە ژنە دارایە و لەگەڵ کارگەدارێکی چەک هاوسەرگیری کردووە ــ پیاوێک کە بە گوتەی ژنە سەرەڕای پیشەی مرۆڤێکی دڵپەسەندە. ئایە ئەوە نائومێدی کۆتایی یان وەڕەزی و ماندووبوونە چارلی وا لێئەکات کۆتایی بەو هەموو ڕووداوانە بهێنێ؟ **ڤێردۆ** وای دەرئەخات بەسۆز و ڕاستگۆییەوە پێشنیازی ژنەی بۆ یارمەتیدانی پەژێرە کردووە. بەڵام پاش هاتنە دەرەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کابارە. چونکە لەوێ، لە یەک ساتدا، خزمانی یەکێک لە قوربانییەکانی بینیوە و ئەوانیش ئەویان ناسیوەتەوە. ئەزانێ ئەوان تەلەفۆنیان بۆ ئاسایش کردووە و چەند خولەکی تر ئەگەن. **ڤێردۆ** ئەتوانێ تاکسی بگرێ و لەو ناوە هەڵێ. بەڵام لەبری زۆر خەمسارد ئەگەڕێتەوە و لەگەڵ دوژمن، پیرێژن و نەوەکەی، ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. چارلی زوو فێڵێک ئەکات و ئەو دوانە لە ژووری نزیک جلکەن زیندان ئەکات. پۆلیس ئەگەن. وردە وردە لەبەر دەرگای ژوورەکە، کە لە ناوەوە دەنگ و غەڵبەغەڵب دێت، کۆ ئەبنەوە. پۆلیسەکان سەرسامانە لەوێ وەستاون و **ڤێردۆ** لە لایانەوەیە و ئەتوانێ بە ئاسانی بۆی دەربچێ. بەڵام نا. ئەو بەمەراق و خەمسارد لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە. بەزۆر دەرگاکە ئەکەنەوە، بەڵام دیارە کوشتن لە ئارادا نەبووە. پیرێژنی هاراسان کە لەسەرخۆ چووبوو، دێتەوە سەرخۆ. کە چاوی بە **ڤێردۆ** ئەکەوێتەوە دیسانەوە ئەبوورێتەوە و ئەمجار بەر ئەبێتەوە باوەشی **ڤێردۆ**. **ڤێردۆ**، شڵەژاو ئەیدات بە پۆلیس. ئەم دیمەنە چەند جار پاتە ئەبێتەوە تا سەرەنجام، پیرێژن بەسەر ترسەکەیدا زاڵ ئەبێت و، ئەتوانێ بە پەنجە ئاماژە بە **ڤێردۆ** بکات و بە پۆلیسی

پیشان بدات. پۆلیس بە سەرسووڕمانەوە و لە کاتێکدا خەریکە شاخ دەرئەهێنێ لێی ئەپرسێ: «تۆ جەنابی ڤێردۆیت؟» **ڤێردۆش** کرنۆشێکی بەئەسپایی ئەکات و ئەڵێ: «لە خزمەت دام.» نوێنەری ڕێسا و ئاسایش، بەر لەوەی لە کەلەپچەکردنی ئەودا پەلە بکات، دڕدۆنگ ئەبێت و خەریکە ئەبووڕێتەوە.

باشە ئەگەر خوێنەر بۆ ساتێک خۆی بخاتە جێگەی پۆلیس. کۆمەڵگە لەو ساتەوە چارلی لەدایک بووە (بەڵام چۆن ئەتوانین ژیانی ئەو بە کات ئەندازە بگرین)[٨٣٣] هێزی پۆلیسی وا لێکردووە تا لە ئامێزی خۆیان تووڕی دەن. کۆمەڵگە پۆلیسەکانی بەکار هێناوە تا لە سووچ و کەناری شەقامەکان، لە بارئەندازە چۆڵەکان و، لە چەرخەڕێگاکان لە پاش دەست لەکار هەڵگرتن، بکەونە دوای. هەڵاتنی ناشیانە و بەلەزی هەمیشە چەمکێکی گۆنگی دادننان بە هەڵەی تێدایە. هەڵەیەک کە شیاوی زەبری باتۆمە. لە ڕاستیدا، ئەم پیاوە کورتەباڵایە بە ڕێکردنی سۆنەئاسای خۆی، ژانەسەرێکی ئەوتۆ بۆ پۆلیسەکان بەدی ناهێنێ. ملۆزمی و زیرەکی ئەو جگە بە تۆڵەی بێزیان و بچووک یان دزینی کەمبایی کە بۆ درێژەی ژیان ئەنجامی ئەدات، کارێکی تر نییە. ئەو، سەرگەردێکی ملبەکوێن بووە کە هەمیشە لە دوا ساتدا فریویانی ئەدا، بەڵام بە هەڵەی

٨٣٣- جوانە ئەگەر ئەم بەرداشتە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو ڕستەی جی کەی چێستێرتۆن G. K. Chesterton سەبارەت بە دیکێنز وتوویەتی. بە گوتەی ئەو دیکێنز زیاتر لە وێژە، میسۆلۆژی بەدی هێنا. دیکێنز تێناکۆشێ کەسایەتییەکانی مرۆڤ بن، بەڵکوو هەمیشە ئەیانکات بە خوا. «پێرسۆنای وەکو پانچ و سانتا کلۆز، کە هەمیشە لە هاوینی وەرجاوەند و بێگۆڕاندا ئەژین.» تێبینی: هـ. گ.




خۆیشی ئەزانی. ئینجا لەپڕ چارلی ون ئەبێ! ئیتر نیشانەی پەیبردن بە هەڵە لە ئارادا نییە. ئێستە، کۆمەڵگە خۆی بە تاوانبار نازانێ یان لانیکەم پەژێرە ناکات کە تاوانبارە (ئێمەش شتی وامان پێ شک نایەت، چونکە کۆمەڵگە تەنها ئەتوانی ئەوانی تر تاوانبار بکات). بەڵام سەرەنجام، شتێکی نائاسایی لە ئامێزی کۆمەڵگەدا ڕوو ئەدات. ئەم دۆزە تەنانەت زیاتر لەو بشێویەی کۆمەڵگە ڕێگەی پێئەدات، تووشی هەژانی ئەکات. ئەو ژنانەی کە ون ئەبن و ئەم کەسایەتییە فێڵبازە ڕەمۆکە، ئەویش ئەگەر هەبێت، ئەم تاوانە سامناک و ناڕوونانەی ئەدەنە پاڵ، خودئاگای کۆمەڵگە شپرزە ئەکەن ــ نەک لەبەر ئەوەی ناتوانێ بەریان پێ بگرێت و تەمێیان بکات، بەڵکوو بەزۆری لەبەر ئەوەی ئەمانە لە چەشنێکن کە کۆمەڵگە تا ڕادەیەک لە ناڕوونییان تێئەگات. کۆمەڵگە لەبری، بە ڕقێکی پیرۆزەوە هەستی خۆی دەرئەبڕێ و، ئەمە بریتییە لە نیوەـخودئاگای هەژاو. کۆمەڵگە ئەزانێ خۆی تاوانبارە، بەڵام ناتوانێ ئەو ڕاستییە ڕابگەیەنێ. کاتێک **مۆسیۆ ڤێردۆ** بۆ دەستەی دادوەرانی ڕوون ئەکاتەوە، ئەوەی کردوویەتی کاردای دارماڵی ڕێسای بناغەیی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، واتە هەمان پێشنیازی ژیانی ئەمڕۆ کە ئەڵێ «بازرگانی بازرگانییە، خزم خزمێنە نییە»، کۆمەڵگە ڕوخساری دائەپۆشێ و هاوار ئەکات «ئەمە مایەی شەرمەزارییە»، بۆ ئەم هاوارەش چەندە بۆی بکرێ دەنگ بەرز ئەکاتەوە؛ چونکە **ڤێردۆ** ڕێک داویە لە نیشان. هێرشی کۆمەڵگە بۆ سەر **مۆسیۆ ڤێردۆ** هەر

چۆنێک بێ، دڕندانە و بێبەزەییانەیە، چونکە نایەوێ لەودا تانووتی خۆی ببینێتەوە. کاردای دژی ڕێساکانی گەمەی خۆی ببینێتەوە. بە پێچەوانەوە، **ک.** لە فیلمی **دادگایی**[٨٣٤] (کە چارلی زۆر لەگەڵی نامۆ نییە)، بە بوونی خۆی کۆمەڵگە تاوانبار ئەکات. کۆمەڵگە باش نازانێ هۆکاری زویری و دڵەڕاوکەی لە چییەوەیە، بەڵام هەتا ئەم مایەی ڕیسواییە لە باوەشیدا بێت نیگەران و پەشۆکاو ئەبێت. ئەوەی بۆ کۆمەڵگە مایەی تاسوخە، ئەوەیە کە **ڤێردۆ** گەمەی خۆی باش ئەزانێ و بە کەڵکوەرگرتن لەم زانیارییە بەرپل ناکەوێ. **ڤێردۆ** گوستاخی ئەگەیەنێتە ڕادەیەک کە لە سەروو شانی ئەو پۆلیسەوە بە دوایدا ئەگەڕێ، لێی مۆرەوە ئەبێتەوە. ئەتوانین لە ترسی پۆلیسی نەگبەت بگەین کاتێک ئاوڕ ئەداتەوە.

ئاساییە کۆمەڵگە سزای مەرگ بۆ **ڤێردۆ** ئەبڕێتەوە تا بەگشتی ئەم کێشەیە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و ئەم پەڵەی شوورەییە لە داوێنی خۆی بسڕێتەوە. بەڵام کۆمەڵگە ناتوانێ لەوە تێبگات ئەگەر **ڤێردۆ** ئامادە بووە خۆی بدات بە دەست دادگاوە، لەبەر ئەوەیە کە ڕێسا ئیتر دەستی پێی ناگات و، دامودەزگای داد بە گرتنی ئەو ئەتوانێ بە قازانجی خۆی بانگەشە بکات و قرموقاڵێک ساز بکات. **ڤێردۆ** لە هەمان ساتی گیرانییەوە بەرامبەر بە چارەنووسی خۆی کەمتەرخەمە. کاتێک ڕۆژنامەوان و قەشە لە زیندان ئەچن بۆ لای و قەشە لێی ئەپرسێ ئایە ئەیەوێ کارێکی بۆ بکات یان نا، ئیتر سنووری حەنەک و خۆگێلکردن لائەبرێ. هەموو ئەم دیمەنانەی

**٨٣٤**ـ دادگایی: Der Proze یان The Trial فیلمی ئوتریشی ١٩٤٨، درهێنانی جی دەبلیۆ پابست G. W. Pabst.

کۆتایی بە ڕاستی، جوانن. نە تەنها لەبەر لووتکەی تەشکی دراماتیک، بەڵکوو بە هۆی هێزی دارەت و خودی کەسایەتی. **ڤێردۆ**، سوکراتئاسا، زاڵە بەسەر دوا کاتژمێرەکانی ژیانیدا، بەڵام کەمدووتر لە سوکراتە و تەنها بە بوونی خۆی کۆمەڵگە جاڕس ئەکات. بەڵام **ڤێردۆ** نە جگەرە ئەکێشێ و نە شەراب ئەخواتەوە و ئەم پێشکەشییە کتوپڕە بە کاردانەوەیەکی وشک ڕەت ئەکاتەوە. پاشان یەکێک لە درەوشاوەترین شیرینکارییەکانی چاپلین ئەبینین کە تەژی بلیمەتییە. ئەو ڕای ئەگۆڕێ و بە خۆی ئەڵێ: «تا ئێستە ڕامم نەچەشتووە!»[٨٣٥] پاشان بە مەراقەوە ئەیچێژێ و هەڵیئەدات. ساتێک دواتر لە نیگای دروشاوە و لەرزۆکی **ڤێردۆ**دا، هەست بە مردن ئەبینرێ. نە ترس، نە بوێری، نە ڕادەستی ــ هەڵبەت ئەم دەروونناسییە سەرەتاییە بە ناچار دێتە ناو گەمەکەوەــ بەڵکوو چەشنێک سستی و بێئەڤانی کە هەموو قورسایی ئەم ساتە لەگەڵ شتێک تێکەڵ ئەکات، کە لە گوێنەدان و سووکایەتی و تەنانەت مسۆگەری تۆڵە تێئەپەڕێ. بەڵام ئەو زۆر دەمێکەیە ئەزانێ داهاتووی کۆمەڵگە چۆن ئەبێت و خۆی تێکەڵی ناکات. هەنووکە هەموو شت کۆتایی هاتووە.

لە دیمەنی دواتردا **ڤێردۆ** ئەبینین لە نێوان دوو وەردیان بە حەوشەی زینداندا تێئەپەڕێ. ئەم پیاوە کورتەباڵایە لە جلی درێژی زینداندا، لە کاتێکدا، دەستەکانی لە پشتەوە بەستراوە، بە هەڵخە و قونەقون بەرەو قەنارە ئەچێت. پاشان جوانترین شیرینکاری،


---

**٨٣٥ـ** ڕام: rum جۆرێ عارەقی دڵۆپێنراوە لە شیلەی قامیشی شەکر یان ڕاستەوخۆ لە خودی قامیشەکە ئەیگرن.

بەبێ گوتە بەڵام مسۆگەری فیلمەکە ڕوو ئەدات: ڤێردۆ، هەمان چارلی بووە! ئەیانەوێ سەری چارلی بە گیۆتین بپەڕێنن! گەوجانە نەیان ناسیوەتەوە. چارلی بۆ ئەوەی کۆمەڵگە وا لێبکات ئەم هەڵە ئاستەمەی خۆی مەحکووم بکات، لە ڕواڵەتی گریمانەکراوی کەسایەتی ناکۆکی خۆیدا دەرکەوتووە. **ڤێردۆ**، بە واتای ورد و ئەفسانەناسانەی وشە، «وێنای» چارلی‌یە ـــ و ئەتوانین بڵێین گرنگترین و سۆلانترین وێنای ئەوە. لەئەنجامدا، **مۆسیۆ ڤێردۆ** بێگومان بەرهەمی چاپلینە. کاتی تەماشای ئەم فیلمە، گەشەی یەکەم قۆناغێک ئەبینین کە ئەتوانێ دوا قۆناغ بێت. **مۆسیۆ ڤێردۆ** تیشکێکی تازە ئەهاوێتە جیهانی چاپلینەوە و، تەناهی و گرنگییەکی تازەی پێ ئەبەخشێ. ئەو جادە بێ سەرەنجامەی کە ئەم پیاوە وردیلە گۆچان بەدەستە لە فیلمێکەوە بۆ فیلمێکی تر ئەی پێوێ و، هەندێ بە جادەی جوولەکەی سەرگەردان و بڕێک پێیان خۆشە بە **جادەی ئومێدی**[٨٣٦] بزانن ـــ ئێستە دەرئەکەوێ کۆتاییەکەی بە کوێ ئەگات. بە حەوشەی زیندان، کە لە مژی سەرلەبەیاندا ڕوخساری قەشمەری گیۆتینی تێدا ئەناسینەوە.

لێمان تێک نەچێت، ئەو فەرتەنەی ئەم فیلمە لە ئەمریکا نایەوە، گەندەڵی ئاشکرای ئەم کەسایەتییەی کرد بە بیانوو. بەڵام ڕاستەقینە ئەوەیە کە کۆمەڵگە کاردانەوەی پیشان دا، چونکە لە هێوری و ئارامشی مەرگی **ڤێردۆ**دا هەڕەشەیەکی بەهێزی ئەبینی. بە گومانی

**٨٣٦ـ** جادەی ئومید: the road of hope دەستەواژەیەکە لە فیلمێک بەم ناوە وەرگیراوە کە بازن لە کایە دو سینەما (فێبرواری **١٩٢٥**) ڕەخنەی لەسەر نووسیوە. ئەم فیلمە دەربارەی هیوای دەستەیەک کرێکاری کانگەی سێسیلیاییە کە بە هیوای کار و بەڵێنی درۆ ئەچن بۆ فەڕانسە. تێبینی: هـ.گ




من، بۆ ئەوەی هەموو دۆژەکەم وتبێ، چارلی بە یەکجار بەسەر ئەم پرسگرەدا زاڵ بوو و لە دەستی دەرچوو و توانی کۆمەڵگە بۆ هەمیشە بەهەڵەدا ببات؛ چونکە ئەوە بەس نییە بڵێین ئەم ڕێبازە بە پەتی سێدارە کۆتایی دێت. چاپلین لە یەکێک لە جوانترین کورتبڕییەکانیدا، کۆتایی بوویەرەکە پیشان نادات. گوێزانی گیۆتین تەنها سەری تارماییەک لێ ئەکاتەوە. وا دیارە لە وێنەی دوانەی چارلی سەربڕدراو کە جلێکی سپی لەبەر دایە و دوو باڵی کاغەزی بە پشتییەوە ـــ هەمان باڵە کاغەزییەکانی دیمەنی هۆرم لە فیلمی **کوڕیژگە**(٨٣٧) ـــ وای بۆ ئەچین کە چارلی بەو هاوجفتییە هەڵدێت، بەبێ ئەوەی پاسەوانەکان پێی بزانن. تەنانەت بەر لەوەی کردەوەی گاڵتەئامێزی سەربڕین ئەنجام بدرێت، چارلی وا لە ئاسمان.

پێم خۆشە دوا دارەتی چارلی، واتە دوا ڕووداوەکەی لە ئەندێشەدا وێنا بکەم: ئەو خەریکە لەگەڵ سەنت پیتەر ڕێ ئەکەوێت ـــ تەنانەت ئەگەر خوایش بوایەتم، نەمئەتوانی بە دڵخۆشی **مۆسیۆ ڤێردۆ** پەژێرە بکەم. **مۆسیۆ ڤێردۆ**، **چاخی نوێی** چارلییە. سەردەمی دێرسی بە هەڵپەی زێڕ و سیرک کۆتایی هات. لە میانەی ئەم دوو خوڵەدا، ئەفسانەی چاپلین بە ڕواڵەت ئاڵۆسکاو و شپرزە و نادڵنیایە. واتە هێشتاش ئەیەوێ پشت بە برگەی پێکەنیناوی و شیرینکاری، کە ژمارەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر ئەبێتەوە، ببەستێ. **دیکتاتۆری**

---

٨٣٧ـ کوڕیژگە: The Kid دراما کۆمێدی بێدەنگی ئەمریکایی ١٩٢١، دەرهێنان و هونەرمەندی چارلی چاپلین و جەکی کووگەن.




**مەزن**[(٨٣٨)] لەم ڕوانگەیەوە گرنگە. هەرچەند پێکهاتەی ئەم فیلمە خراپ و خۆیشی شپرزە و ناهەماهەنگە، بەڵام سەرنجێکی درەوشاوە و پیرۆزی هەیە: باش کۆڵەی هیتلەر ئەکوتێ ــ هەڵبەت مافی خۆیشیەتی ــ چونکە *هەم سمێڵی چارلی دزیوە و، هەم خۆیشی بە خوا داناوە*. چاپلین بە هەڵبژاردنی سمێڵی هیتلەر وەکوو بەشێک لە ئەفسانەی چارلی؛ ئەفسانەی دیکتاتۆری ون کردووە. ئەم فیلمە، هەرچەند تەنها بۆ ڕەزامەندی ئێمە یان بە گوێرەی ڕەوتی باوی کاروبار، ئەبوایە دروست بکرایەت. بەڵام لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەم پاڵەوانە، هەڵبژاردەیەکی بەڕێکەوت بوو. جگە لەوەش، لە دیکتاتۆری مەزن پێشبینی داڕووخانی ئەم کەسایەتییە ئەبینین. بە تایبەت لە دیمەنێکدا کە لە ڕوانگەی دراماتیکەوە زۆر لاوازە، بەڵام لە ڕووی گونجانی دیاردەناسی ئەم ئەفسانەیە، زۆر جوانە؛ مەبەستم دیمەنی وتاری کۆتاییە. لەم گرتە درێژە بەڵام (لە ڕوانگەی منەوە) زۆر کورتە، تەنها دەراوی ئەفسوونگەری دەنگێک و دعەجانینێکی زۆر ناسازم لەبیر ماوە. دەمامکی ڕووناکی ڕوخساری چارلی وردە وردە کاڵ ئەبوویەوە. پلەکانی فیلمی پانکرۆماتیک تواندبوویەوە و نزیکی کامێرا شێواندبووی، چونکە درەوشانەوەی تێلسکۆپی پەردەی پان پتر ئەکات. لەم ڕووەوە وێنە، وەک بڵێی هاوجفتی لە ئارادا بێت، ڕوخساری **چارلز سپێنسر چاپلین**، لە ڕواڵەتی پیاوێکی بەساڵاچوو، بە دارەتێکی پەژارەمەند و قژی سپییەوە دەرئەکەوێ.

٨٣٨ـ دیکتاتۆری مەزن: The Great Dictator فیلمی حەنەکی ئەمریکایی ١٩٤٠، لە نووسین و دەرهێنان و هونەرمەندی چارلی چاپلین.






ئەم دەروونناسییە وێنەییەی چارلی، بێگومان یەکێک لە مەزنترین ساتەکانی جیهانی سینەمایە.

هەر چۆنێک بێ، ئەم دیمەنە سەرەڕای هەموو جوانی، باری نەشیاوی ئەفسانەکە پیشان ئەدات. نەخۆشییەکی کوشندە کە ئەگەر درێژەی پەیدا کردبا، ئەیتوانێ دارماڵ ئەم کەسایەتییە لەناو ببات. لە ڕاستیدا، بینەر چاوەڕێیە **مۆسیۆ ڤێردۆ** جگە لەگەڵ چارلز سپێنسر چاپلین (ئەکتەرێکی سەرسامهێنەر، بەڵام هەرچی بێت ئەکتەر) ڕووبەڕوو نەبێتەوە. بەڵام وا نییە، بەڵکوو تەنها ڕووبەڕووی دۆخێکی نەخۆشانە ئەبێتەوە کە سەرەنجام ئەنجامەکەی تەڕەبیرۆ و هەڵوەرینی پێستە. چارلی ئامادەی کراژخستن ئەبێت، وەک ژۆپیتر کە یەکێک لە سەرکەشییە چەتوونەکانی لە سەر زەوی ئەنجام ئەدات، ئەویش ئەیەوێ بە ڕواڵەتی نامۆوە بگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە و لە کۆمەڵگەدا یەکێک لەو منداڵانەی بەرهەم بهێنێ کە بۆ کۆمەڵگە مایەی ناسینەوە بێت.

لایەنی پەسنئامێزی **مۆسیۆ ڤێردۆ** ئەوەیە کارەکانی لە ڕەفتاری چارلی لە **هەڵپەی زێڕدا**، گرنگی و واتایەکی قووڵتری هەیە، هەرچەند ئەم دوانە دارماڵ لێک جیاوازن. لە ڕاستیدا، لە یەکەمین فیلمە کورتەکانی **کیستۆنەوە**[٨٣٩] تا **هەڵپەی زێڕ** و **کورێژگە**، کەسایەتی چارلی گۆڕانکاری ڕەوشتی و دەروونناسانەی بەسەردا دێت. چارلی سەرەتا، چەتوونتر و سلسارترە و ئەوەندەی ئەبینێ خەنیمەکانی دەرەقەتی نایەن، بەر ئەبێتە سەروبەچکیان.

---

٨٣٩ـ ستۆدیۆکانی کیستۆن: Keystone Studios لە ستۆدیۆ سەرەتاییەکان ساڵی ١٩١٢ لە ئەدەندیلی کالیفۆڕنیا دامەزرا.

له فیلمی **کوڕیژگه له پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبیلی ڤێنیزیا**[٨٤٠] ئەبینین بەبێ هیچ ئاگادار کردنەوەیەک، قەپ ئەکات بە لووتی بینەرێکی قیرسیچمە و فرەوێژدا. ئەم کەسایەتییە وردە وردە چاک ئەبێتەوە، بەڵام بە هێوری و لە مەودایەکی درێژخایەندا. چارلی تا ئەو کاتەی ڕێژارەیەکی دایکانە بەرامبەر بە منداڵەکەی فیلمی کوڕیژگە پیشانی ئەدات (لە دوای ئەوەش هەمیشە تێکۆشاوە خۆی لە منداڵ بدزێتەوە، بڕیار ئەدات جەکی کووگەنی بچکۆلانە بکات بە منداڵی خۆی) تامەزرۆییەکی ئەوتۆی بەرامبەر بە منداڵ نەبووە. لە فیلمی **چێژی ڕۆژێک** کاتێک ئەبینێ کەس ئاگای لە کارەکانی نییە، هەلەکە ئەقۆزێتەوە و بە لەقەیەکی بۆ دواوە کە تایبەتی خۆیەتی، حەبی نەعنا و دڵۆپی ئەسید کە مەلەوانی کەشتی بۆی ڕاگرتووە، هەڵئەدا بە حەوادا. هەروەها یەکێک لە ڕەفتارە هەمیشەییەکانی ئەمەیە، کاتێک ئەبینێ کەس ئاگای لە کارەکانی نییە، لە ئەنجامی هەندێ کردەوەی نزمدا یەک و دووی لێ ناکات. زۆر بە ئاسانی ڕواڵەتسازی ئەکات و بەدوور لە هەر چەشنە چاکەخوازی تەڵەکەبازی ئەکات. هەڵەیە ئەگەر لامان وابێ چارلی لە بنەمادا دەروونپاکە. تەنها ئەوینە وای لێئەکات و لەم دارەتەشدا ئیتر بەخشندەیی و ئازایەتی هەموو سنوورێک ئەبەزێنێ. لە **ئیزی ستریت** و تەنانەت لە **دیدەنیار** نموونەی فراوان لە چەتوونییەکانی ئەو ئەبینین. بەڵام ئەم هەڵەکارییانە لە خۆشەویستی ئەم کەسایەتییە، یان لە هاودڵیمان لەگەڵی کەم ناکاتەوە. لە ڕاستیدا، بە پێچەوانە، ئەم وشانە ئەبێ لە هەرچەشنە داوەری ڕەوشتی پێوار و ناڕوون جیابکەینەوە. خۆشبەختانە،

٨٤٠ـ کوڕیژگە لە پێشبڕکێی ئۆتۆمۆبیلی ڤێنیزیا: Kid Auto Races at Venice فیلمی ئەمریکایی ١٩١٤ لە دەرهێنانی هێنری لێرمەن و هونەرمەندی چارلی.

ئالیگری لەم ئەفسانەیە و ئەوەی هەم لە تەنیشتی ئەوەوەین و هەم ئالیگری ئەو، مسۆگەر پەیوەندی بەو کاتێگۆریانەوە نابێ، کە چارلی هێما و وێنای ئەوانەیە. بەڵام لەمەڕ گەشە، هەموو ئەو کەسایەتیانەی لە بەر ڕووناکی دوو لایەنە لەگەڵ جەماوەردا ئەژین، ڕێسایەکی هاوبەش هەیە: هەموویان بە سەقامگیری دەروونناسانەی زیاتر و ترۆپکی ڕەوشتی پتر، تێئەکۆشن هاودڵیمان بورووژێنن و پاساوی بۆ بهێننەوە. کەسایەتی **پیەڕۆیش**[٨٤١] بە هەمان کەوانی نمانادا ئەڕوات. بۆیەشە چارلی لە فیلمی **هەڵپەی زێڕ** بە تەواوەتی بووە بە پاکڕەوشت و ئاکارچاک. ئەو هەرگیز بە هۆی بێبەختییەکانییەوە لە ڕوانگەی ڕەوشتییەوە تەمێ ناکرێ. بەڵکوو بە پێچەوانە، ئەم بێبەختییانە چارلی وەکوو سەرگەرد پیشان ئەدەن و تەنانەت هەندێ جار، شتێکی زیاتر لە هاودڵی لە ئێمەدا ئەبزوێنن: بەزەیی. لێرەدا چارلی لە کۆتایی ڕەوتێکی گەشەکردن دایە کە ئەو بەرەنجامە بە ڕەوا ئەزانێ کە ئەم ڕەوتە، کارەکانی ئەو بە باشترین شێوە پیشان نادات. من بۆ خۆم ناڕوونی بەهێزی فیلمی **دیدەنیارم** زاتر بەدڵە. چونکە لەم فیلمەدا، هونەرەکەی تووشی کێشەی بەهای دەروونناسانە و ڕەوشتی نەبووە و بە هۆیەوە زیانی نەبینیوە. هەر چۆنێک بێ، **هەڵپەی زێڕ** بەهێزترین داوای لێبوردنە بۆ ئەو کەسایەتییە و بە شکرا هانمان ئەدات بۆ شۆڕش لە دژی چارەنووسی چارلی.

سەن ڤێردۆی ئەمرۆ، وەڵامێکی دیالکتیکییە بە سەن چارلی و کوڕێژگە و سیرک و هەڵپەی زێڕ. بەڵام بە بۆچوونی من، تۆمەتی

٨٤١- پیەڕۆ: Pierrot کاراکتەری لێبووکئاسای پانتۆمیمی ئیتالیا و فەڕانسە، لە سەدەی حەڤدەوە، بە ڕوخساری پەژارەمەند و ڕەنگنامە، جلوبەرگی دەڵپ و کڵاوی ماستەرگی نووکدارەوە.





دوژمنانی چارلی و ئەو پاساوەی خودی کەسایەتی ئەو بەدی ئەهێنێ، هەردووکیان مایەی بۆینن، چونکە لەسەر بنەمای هیچ سۆنگەیەکی دەروونناسیانە نەوەستاون. ئێمە لە تەنیشت **ڤێردۆ** و لە بەرەی ئەو داین. بەڵام هاودڵیمان چۆن ئەتوانێ لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ڕەوشتی ئەو بێت؟ لەم ئاستەدا، بینەریش ئەتوانێ بەدبینی **ڤێردۆ** بە هەڵە بزانێ. بەڵام ئێمە بە هەمان شێوە کە هەیە، پەژێرەی ئەکەین. چونکە خودی ئەم کەسایەتییەمان خۆش ئەوێ، نە تایبەتمەندی یان کێماسییەکانی. هاودڵی بینەر لەگەڵ **ڤێردۆ**، لەسەر ئەفسانەی ئەو چەقی بەستووە نەک لەسەر پێگەی ڕەوشتی ئەو. کەواتە، ئەوسا کە بینەری لە بەرەی خۆیدا هەیە و لە لایەن کۆمەڵگەوە سزا ئەدرێ، لە سەرکەوتنی خۆی دوو جار ئەرخایەن ئەبێت. چونکە بینەر سزادانی کەسێکە «تەنها» لە لایەن کۆمەڵگەوە سزا دراوە بە سزادراو دائەنێ. کۆمەڵگە هیچ داخوازێکی هەستەوەری لەمەڕ ویژدانی گشتی نییە.

**مۆسیۆ ڤێردۆ** هاوکات هەم ناکۆکنمایە و هەم شاکار. **هەڵپەی زیڕ** ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئارمانج بوو. **ڤێردۆ** وەک بوومەڕەنگ[٨٤٢] لە پشتەوە پەلاماری کۆمەڵگە ئەدات. سەرکەوتنی **ڤێردۆ** بە هیچ شێوەیەک نەبەستراوە بە باری دەسبەجێ و گوماناوی بنەمای ڕەوشتییەوە. ئەم ئەفسانەیە سەربەخۆیە و پاساویشی هەمان لۆجیکی

---



٨٤٢ـ بوومەڕەنگ: boomerang پارچە دارێکی چەماوەیە، کاتێک فڕێ ئەدرێ، ئەگەڕێتەوە بۆ لای فڕێدەر. لە لایەن دانیشتوانی ڕەسەنی ئوستڕالیاوە وەکوو چەکی ڕاو بەکار ئەهێنرێ.

دەروونییەتی. لە زانستی ئەندازەدا هەندێ دۆز هەیە[٨٤٣] ئەو کاتە ڕاستبوونی ئەوان ئەسەلمێ، کە ناڕاستی پرسگری پێچەوانەیان بسەلمێ. **مۆسیۆ ڤێردۆ** بۆ کۆبەندی بەرهەمەکانی چاپلین پێویستە. لە ئەویندار‌ی شەرمن و بێبەختی **هەڵپەی زێڕ** تا ئەم دۆن ژوانەی بەهاری جەوانی تێپەڕاندووە، کۆمەڵگە لە دیالکتیکی ئەم ئەفسانەدا تێگیراوە. کاردانەوەیەک کۆمەڵگە بە پارێزەوە ئەنجامی دا تا ئەم ئەفسانەیە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، دوا فەنەری تەڵەکەی تەقاند. کۆمەڵگە پێشتر بە زیندانی کردنی **شاگرد میکانیکی** فیلمی **چاخی نوێ** بۆین ببوو، هەنووکە کوشتنی **سمێڵ شین** لە ڕوانگەی ڕەوشتی و ڕێساییەوە بۆینی ئەکات. جا وەرە و بنوارە کۆمەڵگە چارلی کوشتووە.

ئێستە ئەبێ بە وردی ڕوونی بکەمەوە بۆچی چاپلین لەم کردەوە بوێرانەی لە دژی کۆمەڵگە، پەلاماری ژنانی هەڵبژاردووە؟ تا ئێستە لەمەڕ ئەم لایەنەی ئەفسانەکە هیچم نەوتووە، چونکە زیاتر بە دۆزێکی کەسی و تایبەتی ئەزانم.

سەرەتا ئەبێ بڵێم، ئەم پشکبازە[٨٤٤] فرەژنە، ڕازێکی سەرسامهێنەری هەیە: ژنێکی هەیە و منالێک، دڵێکی هەیە و دالْدەیەک. ئەو زیاتر لەبەر بەدیهێنانی نیاز و دابینکردنی ئاسایشی ئەوان ئاوا بێوچان لە گێژەنی ژەهرخواردکردنی کەساندا گرفتار بووە. هاوسەری، یەکەمین و تەنها هاوسەری، پەککەوتە و کەمئەندامە. ژنێکی شکێن و شیانستە. لە کۆتایی فیلمەکە، ڕێک بەر

٨٤٣ـ سەلماندنی ناڕاستەوخۆ. فەرهەنگۆک

٨٤٤ـ پشکباز: speculator کەسێک کە کڕین و فرۆشی پشک و زەوی ئەکات.

لەوەی **ڤێردۆ** خۆی بدات بەدەستەوە، لە زمانییەوە ئەبیستین ژن و مناڵەکەی مردووە. جا ئەگەری ئەوەش هەیە خۆی دەرمانخواردی کردبێتن. لە دەراوی وتنی ڕستەی دواتر کە ئەڵێ: «ئێستە لەو سەرە بەختەوەرترن.» تەنانەت دێ بە مێشکماندا کاری خۆی بێت. ئایە ئەیتوانی لەگەڵ هاوسەرەکەی بە جۆرێکی تر ڕەفتار بکات؟ ئەوی خۆش ویستووە و بۆ ئەوین ئەیکوژێ و ئەوانی تریش بۆ پارە. **ڤێردۆ** هیچ پێشداوەرییەکی سەبارەت بە مەرگ نییە. لایەنە باشەکانی ئەزانێ و ئەوسا کە بە کارێکی ژیرانەی ئەزانێ، لێی ناوەستێ. ڕەنگە ڤێردۆی مایەپووچ و ماندووی ململانێ کە لەوە زیاتر نەیتوانیوە ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆشەویستەکەی دابین بکات، یان زانیوێتی دەردی ئەو بێ دەرمانە، پاک و خاوێن ئەوی لە بوون لەو جیهانەی لەوە زیاتر نەیتوانیوە لە بەرامبەریدا داکۆکی لێبکات، ڕزگار کردووە.

ناوێزەی دووەم، ئەو ژنە جەوانەیە لە شەقام بینیوێتی و شەوێک هێناویەتەوە بۆ ماڵەوە تا ژەهرە تازەسازەکەی پێ تاقی بکاتەوە. ژنەی جەوان کە بە پیاوێکی دڵپاکی ئەزانێ، نەهاتییەکانی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوە و لەم پیاوەی کە خۆشی لێی هاتووە داوا ئەکات یارمەتی بدات. ژنە بڕوای بە ژیانی هەیە، چونکە بڕوای بە ئەوینی ئەم کابرا کردووە. بە هەموو توانایەوە تێئەکۆشێ دڵساردی و نائومێدی لێ دوور بکاتەوە و ڕزگاری بکات. **ڤێردۆ** ئەکەوێتە بن کاریگەری و ژەهرەکە لەگەڵ پێکێک بۆرگۆندی ئەگۆڕێتەوە و دوو ئەسکەناسی هەزار فرانکی ئەخاتە قولی دەستی کچەی ڕۆژەڕەشەوە. لە کۆتایی فیلمەکە **ڤێردۆ** دیسانەوە ئەم ژنە ئەبینێ، ژنە یارمەتی زۆری لەدەست دێت. بەڵام نیازی **ڤێردۆ**، پێداویستی پارە نییە ــ تەنانەت




ئەوینیش نییە. سۆز و سەرنجی پێویستە. ئەبوا بتوانێ بڕوا بە بەختەوەری ئەم ژنە بهێنێ. بەڵام بۆی دەرئەکەوێ شووی ئەم ژنە، مایەی بەختەوەری ئەو، کارگەدارێکی چەکسازییە وەک چەکسازانی تر. ئەگەر ئەو شەوە تەنها ئەم یەک کەسە، ئەم ژنەی ببینیایەت کە شیاوی بەختەوەرییە، ڕەنگە یارمەتی کۆمەڵگەی ئەدا و خۆی نەئەدا بەدەست دادگەرییەوە.

چارلی تەنانەت لە ڕوخساری ڤێردۆ-سمێڵ شیندا هەمان ئەفسانەی خۆی لە ژنە ــ کە ئەتوانین (بە یادی یەکەمین ژن لەسەر پەردەی سینەما) ناوی بنێین گرێی **ئێدنا پۆرڤیانس**[٨٤٥]ــ لە سەر دایە و ئەیگەیەنێتە لوتکەی خۆی. لێرەدا ئەمەوێ بیردۆزێک بهێنمە ئاراوە کە نالێم دارماڵە. بەڵام وا دیارە هەندێ لایەنی کەسایەتی **ڤێردۆ** هەم لە پەیوەند لەگەڵ چارلی و هەم چاپلیندا ڕوون ئەکاتەوە. پێویست ناکات پەنا ببەینە بەر دوا ناسککاری دەروونناسی تا بۆمان دەرکەوێ چاپلین، لە ڕێگەی چارلییەوە، بە شێوەیەکی نموودی تەنها یەک ئەفسانەی مێیینەی لە بەرچاوە. لە نێوان ئێدنا پۆرڤیانسی ناسک و ئادار و، کچە کوێرەکەی فیلمی **چراکانی شار**[٨٤٦] و بێتوانایی تەرچکی **ڤێردۆ** هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، جگە لەوەی کە **ڤێردۆ** لەگەڵ پۆرڤیانس هاوسەرگیری کردووە. ژنانی فیلمەکانی چارلیش وەکوو ئەو، کەسانی بێبەخت و نەگونجاو لەگەڵ کۆمەڵگەن


---

**٨٤٥ـ** ئێدنا پۆرڤیانس: Edna Purviance (**١٨٩٤ـ١٩٥٨**) هونەرپیشەی ئەمریکایی، ئەکتەری یەکەمی زۆربەی فیلمە سەرەتاییەکانی چاپلین.

**٨٤٦ـ** چراکانی شار: City Lights فیلمی ئەمریکایی **١٩٣١**ی چارلی چاپلین.




و بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی کێماسی جەستەیی یان ڕەوشتییان هەیە. هەر ئەم ژنبوونە لە ڕادە بەدەرەیە چارلی فریو ئەدات. برووسکەی ئەوین پێودان و پێڕەوی کۆمەڵ و ڕەوشت بە شێوەیەکی وێرانکەر بەراوەژوو ئەکەن. لە سەرەتای فیلمی **ئیزی ستریت،** ئەوەی ئەم کەسایەتییە گەوەند و چەتوونە ئەکات بە کەرەستەی کەبار، نە ئامۆژگاری قەشە، بەڵکوو بزەی کچەیە. ئەم بنەمایە ناوێزەیەکی هەیە: فیلمی **کوڕیژگە** کە تێیدا ئەوینی شێوەباوکانە جێگەی ئەوین بە کچەی پاکیزە ئەگرێتەوە. ئەگەر سەمبۆلیزمی ئەم کەسایەتییە مێیینانە لێک بدەینەوە، ئەوسا بۆمان دەرئەکەوێ لە هەموو بەرهەمەکاندا چارلی بە دوای ژنێکەوەیە بتوانێ بە شێوەی خودی چارلی لەگەڵ کۆمەڵگە ئاشت بکاتەوە. کۆمەڵگە کە تەنها چاکی و مێهرەبانی چارلی لەبیرە، تەنها چارلی ئەویندار دێتەوە یادی. بەڵام جەماوەر لە بیریان ئەچێت ئەو پارەی چارلی ئەیدات بە کچەی جەوانی گەڕیدە، هەمان پارەیە بە فێڵ لە گەمەی پەڕەدا بردوویەتەوە. لە **چاخی نوێ،** چارلی ئارەزووی ژیانێکی ئابڕوومەندانە و پڕ لە تێکۆشانی هەیە. بە شەو ئەگەڕێتەوە بۆ خانووە وردەبۆرژواکەی خۆی و، شادمانە لەوەی ڕۆژێکی خۆشی تێپەڕاندووە. ئەبینێ هاوسەرە خۆشەویست و وردیلەکەی خەریکە شێو ئامادە ئەکات. تەنها ئەوین ئەتوانێ وازی ئەو بورووژێنێ، بۆ ئەوەی نە تەنها خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە بگونجێنێ، بەڵکوو تەنانەت جۆرێک ژیانی ڕەوشتی و تاکەکەسی دەروونناسانە بگرێتە بەر. وازێک کە جگە لە پێناوی ئەیندا، بۆ هەر شتێکی تر مایەی پێکەنینە. چارلی هەست ئەکات لە پێناوی ئێدنا پۆرڤیانس‌دا ئەتوانێ کەسایەتی





و چارەنووسێکی تر هەڵبژێرێ: ئەفسانە ئەبێ بە مرۆڤ.

لە پەیوەند لەگەڵ ئەم زنجیرەی ڕووداوانە، کە کەموزۆر لە هەموو فیلمێکی چارلیدا ئەبینرێ، ڤێردۆش نوێنەرەوەی گۆڕانێکی گرنگە. بە گوێرەی بابەت، فیلمەکە یان بە داڕووخانی سەربردەکە کۆتایی دێت وەکوو **دیدەنیار**، یان بە هاوسەرگیری وەکوو فیلمی **هەڵپەی زێڕ** یان **پەنابەر**(٨٤٧). بەڵام ڕاستی ئەوەیە نابێ کۆتایی خۆش بە گرنگ دابنێین. چونکە بە کاردانەوەیەکی دراماتیک ڕوو ئەدات کە لەگەڵ ئەفسانە بێگانەیە ــ و لێرەدا ئەتوانین لەگەڵ مۆلییێر بەراوردی بکەین. کۆتایی ڕاستەقینە، کە بینەران بە شێوەی ناخودئاگا لە ئەندێشەیاندا پێشبینی ئەکەن، کۆتایی کەناری خۆرەتاو یان **چاخی نوێیە**. هەرچەند دیسانەوەش ئەتوانین ئەم نەبوونی کۆتاییە بە گۆڕانی گەشبینانەی هەڵەی نکۆڵی لێنەکراوی ئەوین لە **دیدەنیار** یان لە سیرکدا بزانین.

یەکەمجارە چارلی لە پێرسۆنای **مۆسیۆ ڤێردۆ**، لە پاش هاوسەرگیری لەگەڵ ئێدنا پۆرڤیانس ئەبینین. ڕەنگە لەبەر ئەوەی چارلی کەپکەی ئەوینی دەور داوەتەوە، لانیکەم، بە گوێرەی بیرسای ئەم ئەفسانەیە ئەتوانێ خۆی بکات بە **ڤێردۆ**. یان باشترە بڵێم **ڤێردۆ** ناچار بووە لەگەڵ ئێدنا پۆرڤیانس هاوسەرگیری بکات. هەر چۆنێک بێ، هەرچەند چارلی لەگەڵ کۆمەڵگە نەگونجاوە، بەڵام لانیکەم، ئەزانێ چۆنی بەکار بهێنێ. ئێمەش ئەزانین و، ئەم خاڵە گرنگە کە ئەو دیسانەوەش ئەفسانەی هاوسەرـمنداڵی

---

٨٤٧ـ پەنابەر: The Immigrant فیلمی ئەمریکایی ١٩١٧ی چارلی چاپلین.






لا ئازیز ئەبێ. بەڵام ئیتر هیوای بەوە نییە ئەو ئەفسانەیە ڕزگاری بکات. ڕەنگە بەو گریمانەی ئێمە پەژێرەی کوشتن ئەکەین، تەنانەت تا ئەو ڕادەیە ڕێز لەم ئەفسانەیە ئەگرێ، کە ئێدنا پۆرڤیانس ژەهرخوارد ئەکات تا نەهێڵێ ئەو بە بەرپرسی ژیان و کۆمەڵگە بناسرێ.

دووەم ژنی جەوان کە لە مردن ڕزگاری ئەبێت، چ جایە ئەم ژنە بتوانێت بە شێوەیەکی جێ بڕواتر نوێنەری ئێدنا پۆرڤیانسی شادمان و بەگوڕتر بێت. ئەم ژنە خۆی لە مەرگ ئەدزێتەوە و بەبێ ئەوەی خۆیشی بزانێت ئەچێت بۆ بەرەی ئەوبەر.

ئەمێنێتەوە ژنەکانی تر، ئەوانەی ژەهرخوارد ئەکرێن و ئەوانەی بەرەنگاری ئەکەن ـــ چونکە گرنگترین ژنی فیلمەکە هەمان ژنە کە **ڤێردۆ** ناتوانێ بیکوژێ. ئەتوانین ڕەخنە لە چاپلین بگرین کە لە فیلمەکانی دوواییدا زۆر لە ئەکتەرانی بەهرەمەند ترساوە، بەڵام لێرەدا **مارتا ڕای**[٨٤٨]، شەرەنگێزی دەمهەراشی فیلمە کۆمێدییەکان و ژنی سەرەکی زۆر لە فیلمە کۆمێدییەکانی ئەمریکایی باش هەڵبژاردووە. چارلی داوای لەم ئەکتەرە ناسراوەی، هەمیشە ڕۆڵێکی تایبەتی لە فیلمە کۆمێدییەکاندا بینیبوو، کردووە تا ڕۆڵی بەرامبەر بە ئەو وازی بکات و بەمجۆرە، زانستە و نەزانستە، **ڤێردۆ** بەرامبەر بە کەسایەتییەک دابنێ، نەک ئەکتەرێک. یەکەم سپڵی لاورگی هالیوود، مارتا ڕای دەمدرێژ، کە ئەتوانێ بەرخی ئارام بکات بە گیانەوری دڕندە و دەرەقەتی دوو دەرزن سمێڵ

---

**٨٤٨ـ** مارتا ڕای: Martha Raye (١٩١٦ـ١٩٩٤) ناسراو بە دەمزل، ئەکتەری کۆمێدی ئەمریکایی.

شین دێت، هەمان ژن کە **ڤێردۆ** ناتوانێ دەرمانخواردی بکات. بۆ من سەرنجڕاکێشە چاپلین بەبێ هیچ دڕدۆنگییەک ئەفسانەناسییەکی بەکار هێناوە، لەگەڵ ئەفسانەی خۆی بێگانەیە و کەسایەتییەکی بەکار هێناوە، کە تا ئەو کاتە هیچ شتێک بەو وامدار نییە، بەڵام لەوە بەدوا هەموو شتێکی بەو وامدارە.

ئەوە **مارتا ڕایە** لە ئەندێشەی بینەردا داکۆکی لە **ڤێردۆ** ئەکات. ئەو کوشتنەی چاپلین (زیرەکانە) کاتی زۆری بۆ تەرخان ئەکات، کوشتنی پیرێژنە ــ و گرنگ ئەوەیە خراپی ئەکات. هەموو بەشی ناوەڕاستی فیلمەکە هیی ئەو شیرینکاریانەیە کە زۆر درێژتر لە ڕادەی ئاسایی و لە کەوشەنی وشە تێئەپەڕن: **ئەو ژەهرەی کە کار ناکات.** کوشتنەکانی تر زۆر پسپۆڕانە و بە گوێرەی شێوەی **چاپلین** ڕوو ئەدەن، کە بە هۆی ئەو چالاکیانەوە زۆر ڕقمان لە **ڤێردۆ** نابێتەوە. لەبری، دڵمان بۆ سمێڵ شین ئەسووتێ. بەم شێوەیە، **چاپلین** هەم تۆڵە لە ژنان ئەکاتەوە و هەم ڕۆڵی شکۆمەندی سەرگەردیش بۆ خۆی ئەپارێزێ.

چونکە لێرەدا بێگومان دۆزی تۆڵەسەندنەوە لە ئارا دایە. لە کاتێکدا، **مۆسیۆ ڤێردۆ** لە ئەفسانەی هەرچەند ناتەواوی ئەوینی ئێدنا پۆرڤیانس تێئەپەڕێ، چاپلین، ڤێردۆ بەرپرس ئەکات تا تۆڵەی ئەو لە ژنێکی تر بسێنێتەوە. تەنانەت ئەتوانین بە دروستی بڵێین ئارمانجی ژنانەی چارلی بە شێوەیەکی کەم تا زۆر خودئاگا، هەمان ژنەی ئارمانجی خودی چاپلینە. هۆکاری ئاشکرای ئەم کارە ئەتوانین بە ئاسانی لە بەکارهێنانی چارلی بۆ ئەوینە تازەکانی چاپلیندا ببینین، کە ئەتوانێ ئێدنا پۆرڤیانس بکات بە وێنای ئەم ئەفسانەیە. بەڵام بە زۆری لە ژیانی تایبەتی، ڕاستەقینە، ئارمانجخوازی میسۆلۆژیک

پووچەڵ ئەکاتەوە. بە گوتەی بابەتی، لێرەدا هەڵەکانی ژن یان خودی چاپلین گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. کارێکی لۆجیکییە ئەگەر وای دابنێین ئەم هەڵانە، خودئاگا تەنها پاساون بۆ پێکادان، کە ناخودئاگا لە هەمان سەرەتاوە مسۆگەر و ناچاری بووە. ئەگەر چاپلین بە دوای ئەفسانەی مێیینەوە بێت، نەک بە دوای ژنەوە، کەواتە هیچ ژنێک ناتوانێ بۆینی بکات و، دڵساردی و نائومێدی دژوارترە. چونکە «ڕوخسان»ی[٨٤٩] هەستی سەرەتایی ئەوی وا لێکردووە تا بە شێوەی ئەندێشەیی ئەم ئەوینە تازەیە لەگەڵ ئەو ئارمانجە بە یەک بزانێ. «سیانزەمین ژن وەکوو ژنی یەکەم وایە.»[٨٥٠]

ژنی جیاوەبوو، ئیتر تەنها ئەو ژنە نییە کە خۆشیان ناوێ ـــ بەڵکوو لەم ئەفسانەیە ئەچێتە دەرەوە. بە بۆچوونی چاپلین ـــ چارلی (لێرەدا چارلی کەسایەتی ناخودئاگای چاپلینە) ئەم ژنە دوخمانی لەو ئێدنا پۆرڤیانسە کردووە کە چاپلین لەودا ئەی بینی.

---

٨٤٩ـ ڕوخسان: crystallization ئەم وشەیە کە لە نامیلکەی De l'amour ستاندالەوە چووە ناو زمانی فەڕانسە، هەم ئاماژەیە بە هەستەوەری و هەم بە ئەندێشە. ئەویندار دڵخۆشانە پەسنەکانی دڵبەر قەبە ئەکاتەوە و گەشبیرانە بیر لە بەختەوەری ئەکاتەوە. ئەگەر لقێک لە یەکێک لە کانە چۆڵەکانی سالزبۆرگدا دابنێن، پاش ماوەیەک ئەڕوخسێ. واتە بە توێژی کریستالی درەوشاوە دائەپۆشرێ، بە شێوەیەک کە لقی سەرەتایی ناناسرێتەوە. ستانداڵ وشەی ڕوخسانی بۆ وەسپی ئەو کردەوانەی گیان بەکار هێناوە لە ڕێگەی ئاگایی بە کاروباری ڕابوردوو لە گەشەکردنی تازە تێئەگات. تێبینی: هـ.گ.

٨٥٠ـ ئەم دەستەواژەیە هەمان ڕستەی سێزار پاڤێس دەربارەی ئەوینە: «هەرگیز جاری یەکەم نییە، جاری یەکەم هەمیشە جاری دووەمە.» تێبینی: بازن


کەواتە، هەموو ژنەکان تاونبارن جگە لە یەک کەس ــ ئەویش دواتر ئەچێتە ڕیزی ئەوانی ترەوە. ئەفسانەی دۆن ژوان لەگەڵ ئەفسانەی سمێڵ شین لێک ئاڵێنراوە. ئەتوانین سەرگەردانی ڤێردۆ بە نموونەی هاوسەرانی پێشووی چارلی بزانین، کە لەسەر پەردەی سینەما هاوسەری ئەو بوون. پێویست ناکات ئەوە بڵێم چاپلین خەریکە بە شێوەیەکی سەمبۆلیک، لە ڕێگەی **مۆسیۆ ڤێردۆوە**، تۆڵەی ئەوە ئەسێنێتەوە کە ئێدنا پۆرڤیانسیان بە هاودەستی کۆمەڵگەی ئەمریکا و دادگا و لە ڕێگەی «ئێدنا پۆرڤیانس»ـەکانی تروە، کە ببوون بە «مارتا ڕای» بە کەڵەگایی لێ سەندەوە.

چونکە یەکەمین جار، ئەوە بیروڕای گشتی بوو بڕیاری دا چاپلین بکات بە سمێڵ شین، تەنانەت بەر لەوەی **مۆسیۆ ڤێردۆ** دروست بکات. نووسەری فیلمی **ژنێکی پاریسی**[٨٥١] (کە لە فەڕانسە بە ناوی بیروڕای گشتی L'Opinion publique ناسراوە) بەوە بۆین بوو ڕووبەڕووی ئەو ئەفسانەیە ببێتەوە زیندانی کردبوو و، بە نمایش و پاساوی سەمبۆلیک خۆی دەرباز بکات. ژنبێزاری چاپلین لە ڤێردۆدا دەرئەکەوێ. چونکە ئەو هەم خۆی دادوەری دادگاییکردنی ژنانە و هەم بەرپرسی ڕاپەڕاندنی سزای کوشتن. بەڵام ئەم ژنانە سزاواری مردنن، چونکە هەرکامیان تا ڕادەیەک دوخمانیان لەو هیوایە کردبوو لە ئێدنا پۆرڤیانسدا بەرجەستە ببوو.

ئەگەر، وەک تێکۆشاوم پیشانی بدەم، ڕاستەقینەی ئەم بەرهەمە لە سەمبۆلیزمی دۆخ و کەسایەتییەکان سەرچاوە بگرێ، ئەی پرسگرەکانی ڕواڵەتی جوانناسی گێڕانەوە و دەرهێنان چ واتایەکی

---

٨٥١ـ ژنێکی پاریسی: A Woman of Paris یان بە فەڕانسە L'Opinion publique فیلمی سینەمایی ئەمریکایی **١٩٢٣**ی چارلی چاپلین.






ئەبێ؟ ئەوە دیارە لێرەدا ناتوانین هەمان پێوەری باوی شێوەسازی سینەمایی بەکار بهێنین. دیارە چاپلین گەوهەری گێڕانەوەکەی لەسەر بنەمای فیلمنامەیەکی جەستەیی، لەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی دراماتیک ئەبستره و، تەنانەت لەسەر بنەمای تەلاری بنەڕەتی تراجێدیا دانامەرزێنێ. ئەم دۆزە ئەتوانێ بمانبات بە ئاقاری نەشیاودا یان لە لێکدانەوەی فیلمەکانیدا بەهەڵەدا بچین. فیلمەکانی تەنها زنجیرەیەک بڕگەی شێوە سەربەخۆیە کە هەرکامیان لە هەر هەلومەرجێک زۆرترین سوود وەرئەگرێ. ئەگەر بمانەوێ بزانین چ دیمەنێکی چارلیمان لە بیرە، دەسبەجێ دەیان دیمەن دێتە بەرچاومان، بە هەمان ئەندازە ڕوون کە خودی ئەم کەسایەتییە؛ بەڵام ئەم بڕگانە هەرچی بن، چرای گاز لە **ئیزی ستریت**، لەمەڕ داوود و گۆلیات، درەختی کاغەزی فیلمی چەکبەشان، سەمای نانی باگێت، قونە قونی چارلی کاتی لێدان خواردن لەسەر شۆستە لە فیلمی دیکتاتۆری مەزن، هۆرمی فیلمی کوڕێژگە یان دەیان دیمەنی تر، هەر هەموویان سەربەخۆن. وەک هێلکەیەکی سەر بە خۆ دارماڵن، بە شێوەیەک کە ئەتوانی لە ڕووی هاولێکییەوە ئەوانە لە فیلمی جۆراوجۆردا پێشبینی بکەی. مسۆگەر ئەوە هەڵەیە ئەگەر هەموو بەرهەمەکانی چارلی لە یەک ئاستدا دابنێین. بۆ نموونە، فراوانبوونی دراماتیکی فیلمی **دیدەنیار** مایەی پەسنە، ڕوونی ئەم پەرەسەندنە لە **ئیزی ستریت** مایەی سەرسووڕمانە؛ بەڵام **چەکبەشان** ئەبێ بە سێ بەشی جیاوازەوە و، هەر بەشێکی لە ڕوانگەی دراماتیکەوە فیلمێکی سەربەخۆیە. تەنانەت

لە فیلمی پێکهاتەبەرزی[٨٥٢] چاپلین، ئەوانەی بەناو تایبەتمەندی پێکهاتەیی بەشی بناغەییانە، ئەو تایبەتمەندییانە دوا پێوەرن کە بە هۆیانەوە جوانی و تۆکمەیی فیلمەکان هەڵئەسەنگێنن. هەڵبەت باشتر ئەبوو ئەگەر چاپلین بیزانیبا بە چ شێوەیەک پەرداختی دراماتیکی چیرۆک لەگەڵ پەرداختی ئەو دۆخانەی چیرۆکەکە پێک ئەهێنن، پەیوەند بدات. تەنانەت باشتر ئەبوو ئەگەر ئەم سیستەمە سوودمەندەی بەردەوامی و پەیوەندی، سیستەمێکی شاراوەتری بۆ پاساو و پەرداختی یەک شیرینکاری پیشان بدایەت و، لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئابوورییەکی ڕازاوی پێشکەش بکردایەت کە بە دیمەنی چەندەش کورت، چڕی و تۆکمەییەکی مینەوی و وزەیەکی ڕاکێشەری وەهای پێ بدایەتن، وەکوو بەشێک لە تایبەتمەندی ئەفسانە و کۆمێدی. تەنها ڕەخنەی فەرمی هەتەر لە فیلمەکانی چارلی، لە بواری یەکێتی شێواز و ئاڵوگۆڕی دڵنەخوازی دەراو و ململانێ لە سەمبۆلیزمی شاراوەی دۆخەکان دایە. لەم ڕوانگەیەوە، چۆنایەتی فیلمەکانی چاپلین لە **هەڵپەی زێڕ** بەملاوە دابەزیوە. تەنانەت لە **چاخی نوێ**، سەرەڕای هەندێ دیمەنی پلە یەک، یەکگرتوویی لە نێوان دیمەنەکانی شیرینکاریدا نییە.[٨٥٣]

٨٥٢ ـ پێکهاتەبەرز: structural quality ئەو فیلمانەی تایبەتمەندی پێکهاتەیی بەشی بناغەییانە ع الجودة الهیکلیة د خوش ساخت.

٨٥٣ـ بڵاوکردنەوەی دووبارەی بازرگانی چاخی نوێ دەرفەتی بۆ ڕەخساندم تا ئەم بۆچوونەی خۆم، کە پشتئەستوور بە یادەوەرییە، ڕەت بکەمەوە. لە ڕاستیدا، ئێستە ئەتوانم بڵێم چاخی نوێ یەکێک لە باشترین فیلمە درێژەکانی چارلییە و شانبەشانی فیلمی چراکانی شار ڕەنگە باشترین فیلمی ئەو بێ.

چاخی نوێ نە تەنها بێ شیرازە و یەکنەگرتوو نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە، فیلمێکە شێوازی ڕۆڵبینین بە باشی پارێزراوە و لەئەنجامدا، شێوازی

فیلمی **دیکتاتۆری مەزن**یش کۆمەڵێک دیمەنی نالێکە. هەندێ لەوانە، بۆ نموونە، دیمەنی گوللە تۆپ. ڕەنگە ئەتوانین بە پاشماوەیەکی مامناونجی خولی کیستۆنی بزانین. گاڵتەی نارنجەک، دارماڵ شیاوی **چەکبەشانە**. من زۆر بیر لە دیداری دوو دیکتاتۆر ناکەمەوە، چونکە دیمەنێکی ئاسایی و چارەسی فرێدانی کەیک ئەباتە ناو بەرهەمێکەوە شیاوی دیمەنێکە بە کاردای دراماتیکەوەیە. وەکوو ئەو دیمەنەی چارلی دائەنیشێ و سەیری سووتان و کاولبوونی ماڵەکەی ئەکات. لەم دیمەنەدا، وەک **ژان لویی بارۆ** وتوویەتی، نمایشی نائومێدی و کاریۆگرافی ئازار(٨٥٤)، دارماڵترین تەشکی دەربڕینی خۆی لە بێدەنگیدا ئەدۆزێتەوە.

بە زۆری ئەم دابەزینی ئاستی چۆنایەتی فیلمەکانی پێش کۆتایی چاپلین پەیوەند ئەدەن بە ئایدیۆلۆژی مشەخۆرەوە. وەک ئەزانین، چاپلین پێی خۆشە فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی بێت و، نادادگەری نییە ئەگەر ئەم هونەرمەندە ببینێ ئەندێشەکانی لەگەڵ ئەوەی کێشەریان هەیە، ژانەسەریش بەدی ئەهێنن. ئاشکرایە **ئیزی ستریت** یان تەنانەت **هەڵپەی زێڕ** نایانەوێ هیچ بسەلمێنێنن، لە کاتێکدا، **چاخی نوێ**، **دیکتاتۆری مەزن** و **مۆسیۆ ڤێردۆ** بێگومان ئارمانج یان ئەندێشەی تایبەتیان لە بەرچاوە. هەڵبەت ئەکرا بە دڵخواز چاوپۆشی لەمانە

---

شیرینکارییەکان و تەنانەت فیلمنامەی لە بن دەسەڵات دایە. واتای ئایدیۆلۆژیک هەمیشە لە ئەنجامی شیرینکارییەکانەوە دەرئەکەون و، بیرسای تۆکمەی ئەوانەن کە بێهوودەییەکانی کۆمەڵگە بە باشترین شێوە دەرئەخەن.
تێبینی: بازن

٨٥٤ـ کاریۆگرافی: choreography هونەری دزاینکردنی جوڵانی فیزیکی جەستە و هەنگاوەکانی سەما [ع] الکوریغرافیا [N] koreografi [د] رقص آرایی.

بکەین. بەڵام ئەبوایە دەربکەوێ ئەم ئارمانجانە بەو ئەندازەی کە ئەڵێن گرنگ هەن یان نا؟ هەر «پەیام»ێک بە هەمان ئەندازە کە گیان ئەکات بەبەر کەسایەتیدا، بە هەمان ئەندازە ئەفسانەش پاڵ پێوە ئەنێت. بەڵام سپاس بۆ پەروەردگار ئەم دارمانە بەو ڕادەیە ناچاری نییە کە لامان وایە. ئەم ئەفسانەیە بەرەنگاری ئەکات و؛ لەبەر ئەوەی لە ئەندێشەکانی چاپلین وەزاڵە هاتووە، لە بلیمەتی خودی چاپلیندا ڕێگەیەک ئەدۆزێتەوە تا لێیان هەڵبێ و، ڕەنگە بەبێ ئەوەی خودی چاپلین بزانێ، لە شوێنێکی تر دەربکەێ. بەڵام سەمبۆلیزمی ئەم کەسایەتییە ئاڵۆزتر لەمانەیە؛ ئەبێ لە پەیوەندی نێوان کەسایەتی و ڕۆژەڤ و هەروەها لە پەیوەندی نێوان کەسایەتی و پەیام جیا بکرێتەوە. بە زۆری لە هەر جووڵەیەکەوە کە بە شێوەیەک نیشانەیەکی چاوەڕواننەکراوە، بۆمان دەرئەکەوێ چارلی سەرەنجام ئامادە بوو تا خودی ئەندێشە وەک ئامێرێک بزانێت، وەکوو شتێک کە بێتە ناو نمایشەکەوە. گۆی زەوی لە دیکتاتۆری مەزن نموونەیەکی زۆر لەبارە؛ نموودێکە لە ئەندێشەیەکی زۆر گشتی و، لە پەرداختی ئەو دیمەنەدا کە بە بۆچوونی ١٩١٦ی چارلی لە ڕووداوی کۆمێدی ئەگەڕێینەوە، ئەبێت بە کەرەستەیەکی جگرافیایی. ئەمە شێوەیەکە کە ئەو لەگەڵ ئەندێشەکان ئەکەوێتە تەڕدەستی، تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەندێشەکانی چاپلینی هاوشاری بن.

بەڵام **مۆسیۆ ڤێردۆ** تەنانەت پێویستی بەو بەڵگانەش نییە بۆ داکۆکی لەو «تاوانبارە» پێشکەشم کردوون. ئاسان نییە بزانین کام مەبەستی ئایدیۆلۆژیکی چاپلین لەم فیلمەدا ڕۆڵی هەبووە، بەڵام ئەم مەبەستانە بە هیچ شێوەیەک تێکەڵ بە کەسایەتی نییە، چونکە ڕەفتاری ئەو لەم دۆخانەدا دارماڵ سەربەخۆ و گردوکۆ و واتادارە.

کەواتە، دروستتر ئەوەیە دابەزینی چۆنایەتی بەرهەمەکانی **چارلز سپێنسر چاپلین** بخەینە ئەستۆی لاوازی ئەم ئەفسانەیە لە سەردەمی **هەڵپەی زێڕەوە** تا پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژی مشوخۆر لە فیلمنامەکانی ئەودا. بێواتایە ئەگەر بە ڕوانین بۆ دواوە وا بزانین یان هیوامان وا بێ کەسایەتی چارلی درێژە پەیدا ئەکات، بەو گومانەوە کە ئەم کەسایەتییە گەیشتووەتە قۆناغێکی سەقامگیری کە بە ڕاستی، لامان وایە قۆناغێکی دڵخوازە لە ڕەوتی گەشەکردنی. کەسایەتی ئافرێنراوی چاپلین لەسەر هۆکاری زۆر وەستاوە. ئەو هۆکارانە بە هەمان ئەندازە کە بڕیاردەر بوون، جۆراوجۆریش بوون. پەڕینەوە لە فیلمی **دوورەنگ** بۆ فیلمی **هەمەڕەنگ**[٨٥٥] ناتەناهی ڕاستەقینەی مۆرفۆلۆژیکی لەگەڵ خۆی هێناوە، کە ڕەنگە لە هاتنی دەنگ بۆ سینەما هەتەرتر و گرنگتر بووە. چاپلین کە تێگەیشتووە ئەکتەر خەریکە پیر ئەبێ، ئەوی لە کەسایەتییەکەدا تواندوەتەوە. تێبکۆشن چارلی بە شێوەی هەمەڕەنگ وێنا بکەن! بەڵام نموونەی تریش ئەبێ لە بەرچاو بگرین: مێژووی گشتی سینەما، گەشەی تێکنیکی، هەستیاری پەرەئەستێنی جەماوەری بینەران و، لە هەموو گرنگتر، چیرۆکی ژیانی خودی چاپلین، کە بە بۆچوونی ئێمە لەگەڵ ئەفسانەناسی کەسایەتییەکەی بێ پەیوەند نییە. بە پێچەوانە، ئەبێ لە چوونی کەسایەتی چارلی بۆ ڤێردۆ شادمان بین. چونکە دووەمی شیاوی لەدایکبوونی دووبارەی ئەفسانەیەکە کە ئەتوانێ ژاربەرە[٨٥٦] ئایدیۆلۆژیکەکانی جارێکی تر بدەڵێنێ.

---

٨٥٥ـ دوورەنگ و هەمەڕەنگ: orthochromatic and panchromatic تێکنیکالر: technicolor.

٨٥٦ـ ژاربەر: antidote دژە ژەهر ع مضاد سمي د پادزهر.




**مۆسیۆ ڤێردۆ**، نە تەنها فیلمێکی بەدپێکهاتە نییە، بەڵکوو بە بڕوای من لە سایەی وزەی تازە هەڵقوڵاوی ئەم کەسایەتییە و یەکدەستی ئەم ئەفسانەیە، یەکێک لە پێکهاتەبەرزترین فیلمەکانی چاپلینە. **ژان ڕێنوار** لەم لایەنەدا هەڵەی نەکردووە. بێگومان ئەو تەنها کەس لە هالیوود بوو، کە ئەیتوانی پێکهاتەی ئەم فیلمە پەسن بکات. پێکهاتەیەک دارماڵ لە دەروونەوە پێک هاتووە و بەرهەمێکە سەرتاپا پسپۆڕانە. ڕێنوار خۆی هەرگیز نەیتوانی فیلمنامەیەک بکات بە «پێکهاتە»، ئەویش لە بنەمادا هەر بەم هۆکارانە. ڕێنوار زیاتر خولیای ئافراندنی کەسایەتی و دۆخەکانی بووە تا ئەو کەسایەتیانەی بتوانن خۆیان تێیدا بنوێنن و، کەمتر دڵەڕاوکەی چیرۆک بوو. ڕێنواریش ئەفسانەناسی تایبەت بە خۆی هەیە ــ کە بە ئاشکرا ناڕوونترە و لە نێوان کەسایەتییەکاندا دابەش بووەــ و لە فیلمی ڕێسای گەمە بە ئاشکرا ئەبینرێ: تەنها هۆکاری بەکارهێنانی پێستی ورچ ئەوە بوو کە دەرفەتێک بۆ نووسەرــئەکتەر بەدی بهێنێ تا بەو دۆنادۆنە بگات کە هۆرمەکەی لە سەریدا پەروەردە کردبوو. بلا خودی فیلمنامە لەگەڵ پێستی ورچ ڕێ بکەوێت! نامەوێ ئەم بەراوردە لەوە زیاتر درێژە پێ بدەم، چونکە ئەتوانێ واتای بەرهەمەکەی ڕێنوار بشێوێنێ. بەرهەمێک کە ناکۆکنمای جوانناسانەی زۆر جیاوازی تێدایە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە دەرهێنەری **گەڕان لە هەواریش**[٨٥٧] هەمیشە تێکۆشاوە فیلمێک دەربهێنێ ڕووداوەکە لە کەسایەتی ناو هەلومەرجی

---

٨٥٧ـ گەڕان لە هەوار: Partie de campagne یان A Day in the Country فیلمی سینەمایی **١٩٤٦** دەرهێنانی ژان ڕێنوار، چیرۆکی گی دو مۆپاسان.






تایبەتەوە سەرچاوە بگرێ. هەر دیمەنێکی ڕێسای گەمە لەسەر بنەمای خۆی چارەسەر ئەکرێ، وەک هەست پێ ئەکەین خۆی وەکوو نموونەیەکی تایبەت بە دەرهێنەر پیشان داوە. ڕێنوار هەر دیمەنێک بە جەستەیەکی سەربەخۆ ئەزانێ، بە هەمان شێوە کە باخەوان لەگەڵ هەر بنچێکێکی گوڵ ئەجووڵێتەوە. مایەی شادمانییە لە هەردوو **مۆسیۆ ڤێردۆ** و **یاداشتنامەی کارەکەرێک**[٨٥٨]، باخێک هەیە و گوڵەباخێک. بوونی ئەم وێنانە بە ڕێکەوت نییە، چونکە ژان **ڕێنواریش** بە هەمان دڵڕەقی سەرخۆشانە فیلمەکەی کۆتایی پێ ئەهێنێ.

کەواتە، نابێ بگەینە ئەو ئەنجامەی فیلمی چاپلین هیچ پێکهاتەی تەشکی و مێهرازی گێڕانەوەیی نییە و دەرهێنانەکەی تەنها بریتییە لە بەدیهێنانی دۆخەکان. لە ڕاستیدا، دۆزەکە ڕێک بە پێچەوانەیە. ئەگەر بهێنینەوە بیر کە دەرهێنانی ئەم فیلمە نە تەنها پەیوەندی بە ژنێکی پاریسی، بەڵکوو بە هەموو بەرهەمەکانیەوە هەیە، ڕاستییەکانمان پاتە کردوەتەوە. ڕەسەنایەتی **مۆسیۆ ڤێردۆ** لەوە دایە توانیوێتی لە نێوان فیلمێکی دەروونناسانەی شکۆمەند لە دەرهێنانی چاپلین و ئەو فیلمانەی چارلی لەوانەدا دەرکەوتووە، لێکدراوێکی تایبەت بەدی بهێنێ. بەم فیلمە، بە ئاشکرا ئەبینین تەکنیکی **کورتبڕین** و **ئاماژە**، کە بناغەی جوانناسی فیلمی ژنێکی پاریسی بوو، چەندە سروشتی لەگەڵ ئەم کەسایەتییە گونجاوە. دەرهێنانی چاپلین، ڕۆڵبینینی چارلی ئەگوێزێتەوە بۆ کاری کامێرا

---

٨٥٨ـ یاداشتنامەی کارەکەرێک: Diary of a Chambermaid فیلمی سینەمایی ١٩٤٦، دەرهێنانی ژان ڕێنوار.

و دێکۆپاژ و ئێدیت. بەڵام شێوەی لابردنی چاپلین، چ لە مەڕ شوێن بەکار بهێنرێ یان کات، لەگەڵ ئەوەی پێی ئەڵێین فیلمنامە، هیچ پەیوەندییەکی نییە، بەڵکوو تەنها کار ئەکاتە سەر گێڕانەوە. ئەویش تەنها لە یەک دیمەندا و لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەکتەر لە پێکهاتەی ڕۆژەڤدا. ناتوانین وێنای بکەین تەشک و ناوەرۆک لەمە زیاتر تێچڕژاو بن. یان بە گوتەی باشتر، دارماڵتر لەمە لێک بئاڵێن. کورتبڕین، ڕوخسانی جوانناسی بەرهەمی چاپلین مسۆگەر ئەکات. بەڵام لەم بوارەدا، **مۆسیۆ ڤێردۆ** بێگومان کریستالیزەترین فیلمی چاپلینە. هەرچەند ئەتوانین بڵێین زۆربەی فیلمەکانی چارلی زنجیرەیەک دیمەنی دارماڵن و لە هەمان کاتدا بێ تەناهین، بەڵام «بەستەرەکانی تەقین»ی[٨٥٩] ناو **مۆسیۆ ڤێردۆ** لە هەندێ ڕوانگەوە بەرهەڤ[٨٦٠] و وەکوو یەکەی بچووکتری کورتبڕاوە. پشت بەیەک بەستنیان زیاتر ڕواڵەتییە تا ڕاستەقینە. ئەم بلوورە دراماتیکانە کاتێک لەتەنیشت یەکەوە ئەوەستن، بە تەواوی پێکەوە موتوربە ئەبن. وەک ئەزانین **مۆسیۆ ڤێردۆ** یەکێک لە دارماڵترین کورتبڕاوەکانی چاپلینە. پێشتر ئاماژەم بەو گیوتینە دا کە نایبینین. لەگەڵ دوو کورتبڕی تریش ئاشناین. یەکیان مەنجەڵی ژەهر و دووکەڵە ڕەشەکەی لە باخچە. ئیتر کوشتنی ژنانە، کە تەنها بە چوونە ژوورەوەی **ڤێردۆ** بۆ ژووری خەو و هاتنەدەرەوەی پیشان ئەدرێ. ئەم کورتبڕانە کە

٨٥٩ـ cleavage planes مەبەستی بازن تایبەتمەندی هەندێ ڕەوەز و تاشەبەردە کە لە هەندێ ڕووبەردا باشتر ئەتەقێن و ئەشکێن و لە هەندی ڕووبەردا کەمتر. تێبینی: هـ.گ.

٨٦٠ـ بەرهەڤ: homothetic وەک یەک، هەم لە ڕوانگەی ڕواڵەت و هەم، لە ڕووی شوێنەوە، وەکوو هەرکام لە ڕووبەرەکانی قۆچەکێک. تێبینی: هـ.گ.

لەمەڕ ئەکتەر و دیمەن بەکار ئەهێنرێ، هاوتای تریشی هەیە کە لە مەودای نێوان بەشەکاندا ڕوو ئەدات: بە ژێرنووسێک کە کات و شوێنی ڕووداوی دوایی ئەناسێنێ، لە بەشێکەوە ئەچین بۆ بەشێکی تر. ئەمکارە تا ڕادەیەک ناشیانەیە، لە گەلاڵەییەکی لەم ئاستەدا، بە هەمان ئەندازە ئاساییە کە پلاکاردی ناساندنی دیمەن لە شانۆی سەردەمی شکسپیردا. کورتبڕی تر لە دیمەنی ترەندا ئەبینین کە چەندین بڕگە ئەگرێتەوە و چەشنێک ئاوازی دەروونی بە فیلمەکە ئەدات، کە وەکوو بیری سەرەکی[٨٦١] وایە. ئەم دیمەنە تا ڕادەیەک دارەتی ئەبسترە پەیدا ئەکات، چونکە کاتی ڕووداوەکان لە یەک دیمەندا، زۆر چڕ ئەکاتەوە.

ئەوە ئەتوانێ ئێمە لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی **مۆسیۆ ڤێردۆ** بە هەڵەدا ببات و ببێتە هۆی ئەوەی لە ڕوانگەی پێکهاتەوە، بۆ نموونە لە **هەڵپەی زێڕ** (کە هەرچی بێت پێکهاتەبەرزترە لەوەی یەکەم) بە نزمتر بزانین. ئەوەی کە بینەر بە شێوەی سروشتی چڕی کۆمێدی فیلم و ئەفسانەی لێ تێک ئەچێ. هەر کات بیر لە چارلی بکەینەوە، ناتوانین لەو ڕواڵەتە کۆمێدییەی لای جەماوەر هەیەتی جیای بکەینەوە. لە فیلمی **هەڵپەی زێڕ** بەملاوە، تەندروستی ئەندێشەی کۆمێدی چاپلین بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزیوە. داهێنان و شیرینکارییەکانی هەنووکە لە ماوەی سێسەد مەتر لە فیلمی **دیدەنیار**، لە هەر چوار فیلمەکەی کۆتایی ئەو زیاترە. هەڵبەت ئەم دابەزینە جێگەی سپاس نییە. لە لایەکی ترەوە، نابێ لە چاپلین زیز ببین یان لێی بێزار ببین یان ئەمە بە بێتوانایی جوانناسانەی ئەو

---

٨٦١- بیری سەرەکی: leitmotif بیری سەرەکی لە چیرۆک هۆنراوە یان شانۆ و ئێستەش لە فیلمنامەی سینەمادا ع الفکرة المهیمنة د نقش مایە.

دابنێین. بەڵکوو ئەوەی لەمەڕ **مۆسیۆ ڤێردۆ** ڕوو ئەدات، وەک ئەم وشکبوونەی سەرچاوەی بلیمەتی کۆمێدی ئەو، دانی بەهایەکە، یان ڕەنگە خۆی هۆکارێکە بۆ پاڵاوتنی پەرەئەستێنی ئەم ئەفسانەیە. بەشی ناوەڕاستی **مۆسیۆ ڤێردۆ** یەک پارچە شیرینکاری سووکی کردووە. بڕگەیەک کە درێژبوونی لە ڕادە بەدەری ئەیسەلمێنێ هیی هەمان توێژە جوگرافیاییەکانی فیلمە باشەکانی چارلییە؛ بەڵام دیمەنی پێکی شەراب و بە تایبەت دوا وێنەی فیلم چۆنایەتی و ناسکی و ڕەسەنی وەهای هەیە، کە تەنها سێ چوار نموونەی وەکوو ئەوە لە هەموو بەرهەمەکانی چاپلیندا ئەبینین. لام وا نییە ناچار بین لە خۆمان بپرسین ئایە ڕووخان یان دابەزینی بەهرەی کۆمێدی چاپلین بە دەوڵەمەندبوونی ئەفسانەکەی قەرەبوو ئەبێتەوە یان نا؟ چونکە لێرەدا ڕووبەڕووی دوو بەهای جوانناسانە ئەبینەوە، کە لە ڕوانگەی دەوڵەمەندییەوە مایەی بەراورد نین. لام وایە باشترە وای دابنێین لێرەدا جۆرێک پێداویستی ڕازاوی جوانناسانە لە ئارا دایە و (لەبەر ئەوەی ئاماژەم بە زاراوەی جوگرافیایی کرد) ئەبێ **مۆسیۆ ڤێردۆ** بە بەرهەمێک بزانین لە دارەتی هاوسەنگی زۆر نزیکە. دارەتێک کە ئەفسانە، وەک ڕووبارێک کە ئارام و بەبێ لەمپەر بەرەو زەریا ڕەوانە، جگە لە توێژێکی تەنکی لم و گەردیلەی زێڕ جێ ناهێڵێ◆

*Revue de Cinema, January 1948*



## چراوگ یان مەرگی مۆلییێر

نووسین سەبارەت بە **چراوگ** ئەرکێکە هیچ لە کاری یەکباوی ڕۆژ بە ڕۆژ و حەفتە بە حەفتەی ڕەخنەنووسی پیشەیی ناچێت. کەواتە، ئەوەی لە خوارەوە دێت ئەندێشەیەکە سەبارەت بە ڕووداوێک بە ناوی **چراوگ.**

ئەم نووسینەم بەر لەوە نووسیوە، کە بۆ جاری دووەم فیلمەکە لە نمایشی گشتیدا ببینم. ئەم نووسینە هیی کۆبوونەوەیەکی شکۆمەندە لە **بیاریتز**(٨٦٢) کە لەوێ هەموو سینەمای فەڕانسە، بۆ نمایشی مەرگی مۆلییێر واتە بۆ مەرگی کالڤێرۆ، ناوی خوازراوی چاپلین، فرمێسکیان داباراند. کاتێک ئەڵێم «فرمێسکیان داباراند» زیادیم نەوتووە. کاتێک چراکان هەڵ بوون، چوارسەد دەرهێنەر و فیلمنامەنووس و ڕەخنەگرم بینی هەر هەموویان هەژابوون، بە چاوانی سووری وەک تەماتەوە. تەنها یەک وشە ئەیتوانی باندۆری ئەم فیلمە وەسپ بکات و، یەکەم ئەبێ بیگێڕینەوە بۆ واتای کلاسیکی و ئەویش وشەی ــ «**مەزن**»ـە.

٨٦٢ـ بیاریتز: Biarritz شاری داگیرکراوی باسک، لە باشووری فەڕانسە و لە سنووری ئیسپانیا و کەناری ئەتلانتیک.

گومانم نییە ئەو ئاهەنگە تەنها پێش نمایشی فیلمی **چراوگ** بوو. بەڵام شێوەی هەڵبژاردنی ئامادەبوان و بە تایبەت بوونی خودی چاپلین ئەم ئاهەنگەی کردبوو بە ڕەوتێکی ئاڵۆز کە فیلمی **چراوگ** تەنها بەشێکی بوو. ئەو کۆمەڵەیە، وشیارترین و لە هەمان کاتدا ڕێزدارترین کەسان بوون تا ئەو کاتە لە یەک شوێن بینیبوومن. گەشی و لەباری ئەم کۆمەڵەیە تێکەڵ بە گەشبینی و هۆشمەندی ببوو. بەڵام لە هەمان کاتدا بینەران وا دیار بوو هەمان ئەندازە بۆ سەیری فیلمەکە هاتبوون کە بۆ سەیرکردنی خودی چاپلین. نیوەی ئەو ئاهەنگەی بە هۆیەوە کۆببووینەوە لە ناو هۆڵەکە بوو.

ئاشکرایە لە دۆخی وەهادا شتێکی دەستی یەکەم و تازەی ئەوتۆ لە ئارادا نییە. بەڵام ئەوەی لەوێ ڕووی دا، دەری خست هەندێ جار، ئەم چەشنە بۆنانە گرنگی تایبەت پەیدا ئەکەن. ئاساییە دۆزی سەرەکی ڕێزلێنانی شیانست لە چاپلین بوو و، ئەتوانین سەبارەت بەو گوڕ و خرۆشەی دیداری ئەو بەرپای کرد و هەروەها لەمەڕ خۆشەویستی بێکۆتایی ئەو زۆر بدوێین. بەڵام ئەمانە ناتوانن ڕادە و چۆنایەتی کاردانەوەی بەهەستی ئێمە سەبارەت بە فیلمەکە بە باشی پیشان بدەن. تێئەکۆشم بە گریمانێکی پێکەنیناوی مەبەستم باشتر ڕوون بکەمەوە: فیلمی **چراوگ** لە چاوی بینەرێکی گریمانەیی کە هەرگیز ناوی چاپلین یان چارلی نەبیستووە، چۆن ئەبێ؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە بێواتایە. چونکە بابەت و هەڵگری ئەم پرسگرە پێکەوە ناکۆکن. خودی ئەم ناکۆکییەش دەسبەجێ سنوور و ئەندازەی ئەم فیلمەمان بۆ دەرئەخات. بێگومان، زۆر کەس لەم سەر زەوییە هەن کە هەرگیز ناوی ناپۆلیۆن، هیتلەر، چرچیل یان ستالینیان نەبیستووە، بەڵام


کەم کەس هەیە لەگەڵ ناوی چارلی نامۆ بێت. فیلمی دیکتاتۆری مەزن نەگونجاو و لە ڕاستیدا بێواتا ئەبوو، ئەگەر چارلی نەیزانیبا ئەفسانەی چارلی لە ئەفسانەی هیتلەر مەزنتر و ڕاستەقینەترە. شێوەی جەستەییان بە قازانجی چارلییە و ئەگەر خوێنی لە لەشی ئەم ڕایشتە دەربکێشن، تەنها پێست و پێشەکەی ئەمێنێتەوە. چونکە ئەوە گرنگە بزانین ئەم فیلمە نە بە هۆی شێوەی چارلی لەگەڵ کابرایەکی ئاڵمانی بەدی هاتووە. چاپلین بۆ ڕیسواکردنی دیکتاتۆر ئەوەندە بەس بوو بە جیهان ڕابگەیەنێ مافی بەکارهێنانی ئەو سمێڵە هینی ئەوە. ئەمە خاڵێکە ئەبێ بەر لە چوونە سەر **چراوگ** بە باشی بزانرێ. چونکە ئەگەری جیاکردنەوەی چیرۆکی **کاڤێرۆ** لە ئەفسانەی **چاپلین** کارێکی نەلواوە. ئەوەی ئەڵێم لەم چیرۆکەدا هەندێ توخمی ژیاننامەی خودی چاپلین ــ یان بە گوتەی ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی «وێنەیەکی هونەرمەند بەدەستی خۆی»ــ ئەبینین، بە واتای سەرەتایی و ڕووکەشی وشە نییە. بەڵکوو واتایەکی بناغەترم لە بەرچاوە و، ئەویش هەڵسەنگاندنی ئەفسانە بە دەستی خودی دانەرەکەیەتی. بەر لەمە **ڤێردۆش** هەمان مەبەستی هەبوو: بکوژی بێوەژنان، چارلی بوو کە خۆی وەکوو هاوشارییەک لێکردووە بە کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی پێچەوانەوە. لە **چراوگ** ئامرازەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن، تا ئەو ڕادەیەی کە نە چارلی ئەبینین و نە چاپلین. ڤێردۆ، بە لێکدانەوەیەک، سەرکەوتنی دیالکتیکی کەسایەتی چارلییە و سەرەنجام، ئەو پیشان ئەدات. **چراوگ** بە شێوەیەکی پەنامەکی ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ئەکتەر و پێرسۆناکەی ئەکات. **کاڤێرۆ**، سەردەمایەک بەناوبانگ بوو، بەڵام بە پیری و، زیاتر




لەوەش تووشبوون بە ئەلکول، ناوبانگەکەی زڕاندبوو. چەند ساڵێک کە تێپەڕی جەماوەر نەک هەر ناوی کالڤێرۆیان لەبیر بردەوە، بەڵکوو تەنانەت ڕواڵەتیشی کاڵ بوویەوە. کەواتە، کاتێک پاشتر دەرفەتێکی لەباری دەست کەوت بگەڕێتەوە بۆ سەر شانۆ، وای بە باش زانی ناوێکی خواستەمەنی بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئەمەش هەڵە بوو. چونکە جەماوەر لایەکیان لە کالڤێرۆ ئەکردەوە، بەڵام لێبووکێکی پیر و بێناو، هیچ کێشەرێکی نەبوو.

ئایە ناتوانین ئەم بەشە و هەروەها کالڤێرۆ لەسەر بنەمای دەرچوون لە هۆڵی موزیک و دەرکەوتن وەکوو گۆرانیبێژێکی بێناو لە شەقامەکاندا، بە چەشنێک پرسیاری چاپلین لە خۆی دابنێین؟ ئەو بەبێ شانازی چارلی بوون، چی ئەبێ؟ ئیتر چی لێ ئەمێنێتەوە، ئەگەر لە ئەفسانەکەی بێوەری ببێ و تەنها کەرەستەی پیشەکەی بۆ بمێنێتەوە، ئەویش ئەو کەرەستانەی هیی گوڕ و تینی پیرییە؟

کەواتە، بێگومان **چراوگ** ژیاننامەی چارلییە بە گێڕانەوەی خۆی، کە گرنگترین تایبەتمەندییەکەی ئاراستەی پێچەوانەیەتی. ڕووخانی کالڤێرۆ، گوێنەدان و دڵڕەقی جەماوەر و چاوپۆشی لێبووکی پیر لە ئەوین، ئەو سێبەرانەن کەوتوونەتە پشت سەری چارلییەوە. ئەویش بە هۆی ڕووناکی شکۆ و شانازی و ئەو سەرکەوتنەی لە پیشەیدا بە دەستی هێناوە. ڕەنگە دەروونناسان لەوەش تێپەڕن و بڵێن نمایشی ئەم شکستە گریمانەییە، لەگەڵ




شکستی باوکی چاپلین بێ پەیوەند نییە. باوکێکی گۆرانیبێژ کە دەنگی لەدەست دا و بە بێهوودە ویستی بە مەی خواردنەوە دڵی خۆی بداتەوە. لەندەنی ئەم فیلمە، لەندەنی سەردەمی منالّی و پەرێشانی چاپلینە، بەڵام منالانی سەرگەردانی شەقامەکان منالانی خودی ئەون و، لە ژیانی ڕاستەقینەدا خەنیمی ئەوینی کالڤێرۆ و سیدنی چاپلینن.

ئیتر بەسە! دەروونناسی **چراوگ** هیچ لە بەهای زیاد ناکات. ئەوەی گرنگە پیشاندانی ئەم خاڵەیە ئەم بەرهەمە چ پەیوەندییەکی بە دانەرەکەیەوە هەیە؟ جگە لەوەش، ئەم پابەندییە زیاتر هەبووناسانەیە تا دەروونناسانە. هەرچەند **چراوگ** ڕاستەوخۆ لە منالّی چارلییەوە سەرچاوە ئەگرێ، بەڵام ئەم خاڵە کەوتووەتە بن ڕووناکی ناوەرۆکی پەیوەندی ئەکتەر و ڕۆڵەکەیەوە. کەواتە، بابەتی سەرەکی فیلمەکە ئەمەیە: *ئایە چارلی ئەمرێ؟* پیر و *پەککەوتە ئەبێ؟* چاپلین لەبری ئەوەی ئەم دوو پرسیارە دڵتەزێنە وەڵام بداتەوە، بە نمایشی چیرۆکی ناوبانگی لەدەستچوو و پیربوونی پیاوێک کە وەک برایەتی، خۆی لێ ئەدزێتەوە.[٨٦٣]

ئەو شەوە لە بیاریتز پێکهاتەیەکی زۆر کاریگەر لە هەلومەرجی جۆراوجۆر ئابلۆقەی دابووین. ئامادەبوان، چوارسەد

---

**٨٦٣-** بۆ وردبوونەوەی زیاتر لەم ڕستەیە بڕواننە وتاری «ئایە چاپلین برای چارلییە؟» نووسینی بارتلۆمە ئەمێنژوال Barthelemy Amengual لە گۆڤاری Travail et Culture لە ئەلجەزیرە، ١٩٢٥. ئەم ڕستەیە هەروەها بیرهێنەرەوەی سەرداوکەی هۆنراوەی شەوی ئۆکتۆبر بەرهەمی دو مووسەیە. هـ.گ. سەرداوکە: refrain ع ترجیع د ترجیع بند.

کەس لە سەرانسەری فەڕانسە بوون کە ئەفسانەی **چاپلین** بۆیان زۆرترین واتای هەبوو و، خودی **چاپلین**یش لەوێ بوو! کەواتە، درامایەکی نائاسایی بە سێ کەسایەتی سەرەکییەوە بەرجەستە ببوو: ئامادەبوان، فیلم و چاپلین. ئەوەی لە سەرەتادا ئاماژەم بە مەرگی مۆلییێر کرد بە هیچ شێوەیەک قەبەکردنەوە نەبوو. مۆلییێریش وەکوو کالڤێرۆ لەسەر شانۆ گیانی دەرچوو. ئەویش کاتی ڕۆڵبینین لە نمایشێکی کۆمێدی گیانی دەرچوو کە ئەیویست بە گاڵتەکردن بە پزیشکان، گیانی دشتی نەخۆشێک لە جەستەی مرۆیی ئەو بهێنێتە دەرەوە.

ئەو شەوە خەریکی تماشای مەرگی چاپلین، لە بەرچاوی خودی ئەودا بووین. لەو ڕووەوە بە هەموو هەستمەوە دام لە پرمەی گریان، چونکە ئەمانزانی ئەو زیندو و ئامادەیە. کاتێک چراکان هەڵ بوون و دیسانەوە قژی زیوین و بزەی پڕ لە هەست و چاوانی شینیمان بینی. هەستی پێزانین دڵی گووشاین و فرمێسکمانی پتر کرد. بە ڕاستی، چاپلین لەوێ بوو! فیلم تەنها هۆرمێکی باڵا، بەڵام ناپیرۆز بوو. زیندەخەوێک بە هەمان ڕاستەقینەبوونی ژیانی ڕاستەقینە. هۆرمێک بە هۆیە توانیمان ڕادەی خۆشەویستمان بە ئەو لە جوانترین ڕۆڵیدا هەڵسەنگێنین: *مەرگی لێبووکێک بە ناوی چارلی*. لە سەردەمی سەرهەڵدانی شانۆ تا ئێستە کام شانۆنووس یان ئەکتەر بەو پلە بەرز و ناکۆکنما گەیشتووە، کە خۆی بابەتی تراجێدیای خۆی بێ؟ گومانی تێدا نییە زۆر لە نووسەران خۆیان کەم تا زۆر لە بەرهەمەکانیاندا جێ ئەکەنەوە، بەڵام جەماوەر بەوە نازانن و لەئەنجامدا بەرهەمی لەو بابەتە توخمی دراماتیکیان تێدا نییە. **چراوگ** نمایشێکی گەلبێزار نییە، یان نمایشێکی ڕازاوی

و، چاپلینیش جگە لە **ساشا گیتری**یە[٨٦٤]. ئێمە بە شتێکی جگە لە ناوبانگی سەروکارمان هەیە، کە ئەویش هەمان ئەفسانەی ئەوە. بێگومان تەنها سەردەمی سینەما ئەتوانێ لێکئالآنی ئەکتەر و کەسایەتییەکەی تا ئەم ڕادەیە بلوێنێ: تا ئاستی سۆفۆکۆل و ئۆدیپ؛ گۆتە و فاوست؛ سێرڤانتس و دۆن کیخۆتە.

مۆلییێر ئارام و بێدەنگ مرد، لە کاتێکدا، تەنها چەند دۆستێکی بە گردییەوە بوون و لە بن ڕووناکی چراوگدا ناشتیان.[٨٦٥] سپاس بۆ سینەما کە مۆلییێرەکەمانی ڕزگار کرد. چونکە لە سینەما بە مسۆگەری پێویست ناکا کە ئەو بمرێ، تاکوو مەرگی بکات بە باشترین فیلمەکانی◆

*L'Observateur, November 1952*

---

٨٦٤ـ ساشا گیتری: Sacha Guitry (١٨٨٥ـ١٩٥٧) شانۆنووس و دەرهێنەر و ئەکتەری بە بنەچە ڕووس.

٨٦٥ـ مۆلییێر (١٦٢٢ـ١٦٧٣) لەسەر سەکۆی شانۆی «پالە ڕۆیاڵ» بووڕایەوە. بردیان بۆ ماڵی دۆستێکی و لەوێ گیان دەرچوو. لەو سەردەمە، ناشتنی ئەکتەران لە گۆڕستانی پیرۆزی کلیساکان بەرگیراو بوو. بەڵام لەمەڕ مۆلییێر باندۆڕی خودی لویی چواردە نەیاری کلیسای شکاند. ئەو، بەشەو لە گۆڕستانێک لە شەقامی مۆنتمارتر بەخاک سپێردرا، بەبێ ئەوەی کێل و نیشانەیەک لەسەر گۆڕەکەی دابنرێ. تێبینی: هـ.گ.




## شـــــکۆی چراوگ

ڕەنگە هەندێک بە هۆی ئەو ترۆریزمە ڕەخنەگرانەوە تۆقابێتن کە نمایشی یەکەمی ئەم فیلمەی لە پاریس گرتەوە. بەڵام سەبارەت بە **مۆسیۆ ڤێردۆ** ئەو ئامادەییە پێویستە لە ئارادا نەبوو و کەس لە دەستەبەندی ڕۆژنامەکان سەرسام نەبوو. هەڵبەت دەستەبەندی جەماوەر لە کاردا نەبوو، چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک ڕیزبەندییان نەکردبوو. لەو کاتەدا چاپلین نەهاتبوو بۆ پاریس تا ببێ بە وردەواڵەفرۆشی **مۆسیۆ ڤێردۆ**. بەڵام ئەمجار بوونی، هەلومەرجێکی سەمەرە و ناڕوونی بەدی هێنا. شەپۆلی هاودەنگی و مەراقی بەرەنجامی بەشداری خودی دانەر، فیلمەکەی لە ئامێز گرتبوو. هەرچەشنە دڕدۆنگی لەم بوارەدا بەرتەسککردنەوەی ستایشی بەرهەمهێنەری فیلمەکە بوو. ئەم پشێویە لەو نمایشە مێژووییەی کە چاپلین **چراوگی** بۆ چاپەمەنی و فیلمسازانی فەڕانسەیی نمایش دا، گەیشتە لوتکەی خۆی. چەشنێک خوداسانی ناکۆکنما کە تێیدا دانەر، دیمەنی دراماتیکی داڕمان و مەرگی خۆی بە بینەران پیشان ئەدات. لە پەرتەوی وزەی سینەمادا، مەرگی مۆلیێر بوو بە پەردەی چوارەمی نمایشی **نەخۆشی گریمانەیی**. کاتێک چراکان هەڵبوون،

هەموو بینەران بە چاوی فرمێسکاوییەوە ئاوڕیان لە ڕوخسارێک دایەوە کە تازە لەسەر پەردە کاڵ ببوویەوە و ئەوەندە سەرسام دانیشتبوو، وەک بڵێی لە کۆتایی هۆرمێکی شکۆمەند و سامناکدا لەوەی ئەیبینی هێشتاش زیندووە، شایگەشکە بووە. ئیتر نەمئەتوانی لە ناو ئەو پێشوازییە گەرمەی لە چاپلینمان ئەکرد و ئەو هەستی ئاسوودەیی ڕزگاربوونەی لە ترسێکی چێژبەخشی ئاسوودەیی بەرەنجامی بوونی ئەو لە نێوانماندا، جیاوازی دابنێم.

لە ڕاستیدا، یەکەم وا دیار بوو ئەمانە هەستی لاوەکین نەک ڕاستەوخۆ هیی بەرهەمەکە. ڕەنگە زۆر لەو کەسانەی هەستی لەڕادە بەدەریان بەرامبەر بە **چراوگ** پیشان دا، ئەگەر لایەنی بیروڕای گشتی لە ئارادا نەبوایەت، ڕەنگە بە وەڕەزکەریان دابنایەت. هەندێ لە ڕەخنەگران و هەروەها زۆر لە بینەران، کە وزەیان لە ڕادەی ئاسایی تۆزێ زیاتر بوو، هەستی ئاڵۆسکاویان لەمەڕ فیلمەکە هەبوو. یەک دوو لایەنی فیلمەکایان بەدڵ ببوو، بەڵام نە هەمووی. لە گوشاری ڕەوشتی، لە داخوازی نابەجێی ستایشی دارماڵی بەرهەمەکە، کە پێئەچوو بەسەریاندا سەپا بێ، دڵیان گەردی گرتبوو. لە ڕاستیدا، هەق بەوان بوو. بەڵام من ئەمەوێ لەو کەشە ناوێزە سنابییە کە یەکەم نمایشی چراوگی گەمارۆ دابوو، داکۆکی بکەم.

بێگومان، چاپلین بۆ ئەوە هاتبوو بۆ ئورووپا لە پێشکەشکردنی ڕێکوپێکی فیلمەکەی دڵنیا ببێ. **مۆسیۆ ڤێردۆ** کە لە ئەمریکا بایکۆت کرا و لە ئورووپاش بە ساردی پێشوازی لێکرا، شکستەکەی بازرگانی بوو. بەو پێیەی کە **چراوگ** لە ماوەیەکی زۆر کورتتر ــ لە ڕاستیدا چەند حەفتەــ دروست کرابوو، ئاساییە وا بیر

بکەینەوە سەرکەوتنی بۆ دانەر/دەرهێنەرەکەی زۆر گرنگ بوو. چاپلین باش بیری کردبوویەوە کە باشترین بانگەشەی گونجاو بۆ فیلمەکە، بوونی خۆیەتی. ئەوەی ڕووی دا، بە ڕواڵەت بۆچوونەکەی ئەو بە ڕاست ئەگێڕێ. **چراوگ** نمایشێکی ناوێزەی هەبوو، بەڵام سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەست نەهێنا. بڵاوکەرەوە نەیتوانی ئەو نیو ملیۆنەی لە بەڵێننامەدا نووسرابوو، ڕابکێشێ بۆ سینەماکان ــ ئەمە ژمارەیەکی مەزن بوو، بەڵام ئەوانەی بڵاوکردنەوەی ئەم فیلمەیان لە ئەستۆ گرتبوو، لایان وابوو بە ئاسانی بەو پلەیە ئەگەن. ئەگەر بانگەشەیەکی بەربڵاو کە چاپەمەنییەکان بۆ دیداری چاپلین بەرپایان کرد و ئەو بۆچوونە لەبارەی ئەم بانگەشەیە بۆ فیلمەکە ڕای کێشا، لە ئارادا نەبوایەت، ئەگەری بەهێزی هەبوو فیلمەکە شکستێکی خراپی تووش ببێ و تەنانەت لە گرنگیشی کەم ببێتەوە.

ئینجا ئەمەش مایەی سەرسووڕمان نەئەبوو. چونکە لە هەمان سەرەتاوە ئەکرا ئەوە ببینین، کە **چراوگ** تا چ ڕادەیەک ئەو کەسانە ئەغەزرێنێ کە بە گریمانی سەیرکردنی «فیلمی چارلی چاپلین» ئەچن بۆ سینەما، هەرچەند توخمی کۆمێدی ئەم فیلمە لە **مۆسیۆ ڤێردۆ** زیاتر بوو. بەڵام تەنانەت لایەنی مێلۆدرامای چیرۆکەکەش بۆ دڵخۆشی جەماوەر لە بەرچاو نەگیرابوو، چونکە لەسەر بنەمای هەڵۆسە دامەزرابوو. **چراوگ**، شێوە مێلۆدرامایە. *مێلۆدراما لە بنەڕەتدا بە نەبوون ناڕوونی لە کەسایەتییەکاندا پێناسە ئەکرێ.* بەڵام لێرەدا کالڤێرۆ خۆی وێنای ناڕوونییە؛ جگە لەوەش، لە ڕوانگەی دراماتیکەوە، مێلۆدراما ئەبێ بەو شێوەیە بێت کە بینەر بتوانێ بەرەنجامی گەڵاڵەکە پێشبینی بکات. بەڵام **چراوگ** ڕێک ئەو فیلمەیە ئەوەی ڕوو ئەدات، ئەوە نییە کە بینەر چاوەڕوانێتی ــ فیلمنامەی




ئەم فیلمە تەژی داهێنانی بێوێنەیە.

بەڵام جەماوەر هیچ شتێکی زیاتر لە بڕوا بە مێلۆدرامایەک کە بە ئاشکرا یەک بێت، خۆش ناوێ ــ تانووتەکان ئەم خاڵە ئەسەلمێنن. تەنها تۆزێک داپۆشان پێویستە تا کارەکەری کەم تەمەنی دانیشتوو لە باڵکۆنی سینەما، کاتێک ئەیدا لە پرمەی گریان، بە ژیری و ئاوەزی خۆی دابنێ. جەماوەری بینەر بە زۆری فیلمی ڕۆشنبیرانەیان زۆر پێخۆش نییە، کە خۆیان بە مێلۆدرامای دائەنێن. وەک فیلمی **ئاسمان هیی ئێوەیە**[٨٦٦] بەرهەمی **ژان گرەمیلۆن**[٨٦٧]. هیچ فیلمێک نەی ئەتوانی بە ئەندازەی **چراوگ** بینەرانی خۆی ناشاد بکات، چونکە هەموو دیاردە ڕواڵەتییەکانی مێلۆدرامای فرمێسکهێنەری هەیە، بەڵام بەردەوام پەلاماری هەستی بینەران ئەدات. بچووکترین نیشانەی تانووت یان ساتیر لە ئارادا نییە، کە بتوانێ هێمای ژیری یان شێوەیەکی مایەی ناسینەوە بێت. **چاپلین** نایەوێ لە ڕێسای مێلۆدراما خۆی لابدات، بەو شێوەی کە کۆکتۆ لە **دایک و باوکی سامناکدا** کردوویەتی. بەڵکوو بە پێچەوانە، هیچکەس تا ئەم ڕادەیە خۆی بە هەتەر نەگرتووە. ئاشکرایە ئەو دۆخانەی سەرەتا وەک ڕێککەوتنە، بە ئازادی دارماڵ و بەبێ هیچ کەڵکەڵەیەک لەمەڕ واتای نەریتییان بەکار هێنراون. کورتییەکەی، هیچ نموونەیەک لە **چراوگدا** نییە بتوانێ پەژێرەی بەرفراوانی بینەر دابین بکات،

**٨٦٦ـ** ئاسمان هینی ئێوەیە: Le Ciel est à vous فیلمی درامای سینەمایی فەڕانسەیی **١٩٤٤**، دەرهێنانی ژان گرێمیلۆن.

**٨٦٧ـ** ژان گرێمیلۆن: Jean Grémillon (**١٩٠١ـ١٩٥٩**) دەرهێنەری فەڕانسەیی.

مەگەر ئەوەی خراپ تێگەیشتن لە ئارادا بووبێت. لە هەلومەرجێکی وەهادا، ناتوانین ڕەخنە لە کەڵکەڵەی دانەر بگرین کە بۆچی زەمینەی دەروونناسانەی نمایشەکەی بەدی هێناوە؛ هەروەها یەکەم جارە ڕۆژنامەگەران ئاوەها بە جوانی ئەجووڵێنەوە، وەک بڵێی لەگەڵ دەرهێنەر هاودەست بووبێتن.

تەنانەت ئەتوانین لەوەش زیاتر بچینە بەرەوە. بە بۆچوونی من، ئەتوانین پازەیەکی ڕەخنەگرانەی گرنگتر لەم ڕەوابوونە دەرەکییە زیاد بکەین. پازەیەک کە زیاتر ڕەوشتییە تا جوانناسانە. بێگومان هەرکەس بۆی هەیە لەمەڕ شاکاری هونەری دوودڵ بێت و لە **ڕاسین** بە هۆی وتاری درێژی **ترامێن**، لە **مۆلییێر** بە هۆی کۆتایی شانۆنامەکانییەوە و لە **کۆرنی** بە هۆی بەکارهێنانی ناشیانەی ڕێساکانەوە ڕخنە بگرێ.(٨٦٨) نامەوێ بڵێم ئەم ڕەخنەیە، هەڵە یان بێهوودەیە، بەڵام بە گریمانەی هەبوونی ئاستێک لە داهێنانی هونەری و، مسۆگەر کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوڕی بیلمەتی، ڕەفتارێکی پێچەوانەی ئەم چەشنە ڕەخنەیە شیاوترە. لەبری بیرکردنەوە لەوەی ئەم بەناو خەوشانە بهێنینە دەرەوە، ژیرانەترین ڕێگە ئەوەیە ڕەفتارێکی خۆش بەرامبەریان پیشان بدەین کە تا ئێستە نەماتوانیوە بینوێنین و، ئەوانە بە پەسنی وا بزانین کە تا ئێستە نەماتوانیوە پەی بە قووڵایی ڕازیان ببەین. بە بۆچوونی من، ئەمە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بێهوودەیە کە مرۆڤ لەمەڕ بابەتی ڕەخنەی خۆی دڕدۆنگ بێت. ئەم کارە پێویستی بە مەترسییە. ئەبێ

٨٦٨ـ ئاماژەی بازن بە گوتاری زۆر درێژی دایەنی هیپۆلیتۆسە لە پەردەی پێنجەمی شانۆی فێدردا. تێبینی: هـ.گ. ڕاسین و مۆلییێر و کۆرنی بە سێچوکڵەی درامانووسانی سەدەی حەڤدەی فەڕانسە دائەنرێن.


«بڕوامان» بە **چراوگ** هەبێت تا بتوانین بەم شێوەیە داکۆکی لێ بکەین ــ بەڵام باوەڕبوون بە دوور لە بەڵگە نییە. وەلێم ئەم بەڵگەیە بۆ هەموان بە یەک ئەندازە ڕوون نییە، ئەیسەلمێنێ کە، بە گوتەی **نیکۆل ڤۆدرێ**[٨٦٩] لە کایە دو سینەما، ئەگەر هەموو ئەم فیلمەیان بەدڵ بوایەت، زۆر لە سەردەمی خۆی لە دواوە ئەبوو.

بەڵام ڕەنگە خەریکم قەبەی ئەکەمەوە. بێگومان ئەم جۆرە ڕەخنەی داکۆکییە لەمەڕ هەرچەشنە شاکارێک شیاو نییە، تەنانەت ئەگەر بلیمەتی دانەرەکەی بە شتێکی مسۆگەر بزانین. بەڵام بەدڵنیایی سەبارەت بەو بەرهەمانەی **چراوگ** یەکێک لەوانەیە، ئەوە ڕاستە. بەرهەمێک بە ناوەندگیرییەوە تا دروستکراو یان بیرلێکراوە؛ مەبەستم ئەو بەرهەمانەیە کە خۆیان سەلمێنەری خۆیانن و بتوانرێ پێکهاتەی دەروونیان بە توێژی کرسیتاڵەکان لە دەوری ناوەندێک بەراورد بکرێ. پێکهاتەی ئەم بەرهەمانە جگە لە پەیوەند لەگەڵ ئەم خاڵە ناوەندییە ناتوانین تێبگەین. ئەگەر بتوانین ئەوانە لە ناوەوە ببینین، ئەبینین ناتەناهی و ناڕێکییان جگە لە تەناهی و ڕێکییەکی دارماڵ و پێداویست نییە. لە شوێنێک کە دۆزی ئەم چەشنە ئافراندنە هونەرییە لە ئارا دایە، هونەرمەند هەرگیز هەڵە ناکات، بەڵکوو ئەو ڕەخنەگرە هەڵەیە کە ناتوانێ تیژبینانە پێداویستی «کێماسی» ببینێ.

ڕێک ئەو شەوە ڕاستی ئەم بۆچوونەم لە لا سەلما کە

---

**٨٦٩ـ** نیکۆل ڤۆدرێ: Nicole Vedrès ئەم وتارە لە کایە دو سینەما، دێسامبری **١٩٥٢** چاپ کراوە. ئەم ژمارە چەند وتاری تریشی تێدایە، وەک وتارێک بە پێنووسی لۆکادۆ کە بازن پاشتر هەر لەم وتارەدا کاتی ستایشی چراوگ ئاماژەی پێئەکات. تێبینی: هـ.گ.






خواكان لە كۆمێدی فەڕانسە، دۆن ژوان[٨٧٠] و چاپلینیان لە تەنیشت یەكەوە دانا. چەندین جار بیستوومانە یان خوێندوومانەتەوە **تراجیكۆمێدی** مۆلیێر بێگومان دەوڵەمەنترن و لە هەمان كاتدا خراپترین «پێكهاتەبەرزی» ئەوانەیە؟ مۆلیێر ئەم بەرهەمەی بەخێرایی نووسی و نارێكی ڕواڵەتی ــ دارەتی پارچە پارچە و وەستانی بەردەوام لە دەراوەكەیداــ بەرەنجامی سروشتی پەلەكردنە. بە دڵنیاییەوە هەمیشە ئەتوانین لەم كێماسییانەدا، ئەفسوون و كێشەر ببینین و تەنانەت بە چاوی بەخشینەوە لێیان بڕوانین، بەڵام هەرگیز ئەوەش لەبیر ناكەین ئەوانە كێماسین. لەگەڵ ئەوەش، زۆر بە قازانجی بەرهەمەكەی **ژان مەیر**[٨٧١] تەواو بوو، كە بە خێرایی و بەبێ وەستان چووە سەر شانۆ، بە شێوەیەک كە بۆ یەكەمجار لوتكەی پێكهاتەی دراماتیكیمان بینی، وەک هەندێ جووڵان لە سروشتدا، كە چاو ناتوانێ پەیوەندیان بدات بە یەكەوە، بەڵام كامێرای بە خێرایی زۆرەوە ئەتوانێ هەماهەنگی سەرسامهێنەریان پیشان بدات. **تەڕدەستییەكانی سكاپن**[٨٧٢]، لە بەراورد لەگەڵ دۆن ژوان هێواش و

---

٨٧٠ـ ژان ڕێنوار لە كایە كایە دو سینەما، دێسامبری **١٩٥٢**، سەرخۆشی چاپلین لە كۆمێدی فەڕانسە لە كاتی سەیركردنی دۆن ژوان ڕاڤە ئەكات: «ئەم شادمانییە درۆ و دەستكرد نەبوو. ئاسوودە و دڵئارام بوو، چونكە هەمیشە لەگەڵ یەكێكی وەک خۆ هاودەم بوون چێژبەخشە. تێبینی: هـ.گ.

٨٧١ـ ژان مەیر: Jean Meyer (**١٩١٤ـ٢٠٠٣**) كۆمێدیەنی فەڕانسەیی.

٨٧٢ـ تەڕدەستییەكانی سكاپن: Les Fourberies de Scapin شانۆگەری **١٦٧١**ی سێ پەردەیی مۆلیێر.

ڕێکنەخراو دەرئەکەوێ.

ئەگەر بوێرین **چراوگ** و شاکاری مۆلیێر پێکەوە بەراورد بکەین، بۆمان دەرئەکەوێ لێکچوونیان زۆر قووڵە. **چراوگ**یش بە بیری قووڵ و زۆر خێرا نووسراوە و بێگومان کۆتاییترین ڕازی چاپلین ئاشکرا ئەکات. ڕازێک کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە هەناویدا بڵێسەی کێشاوە، ڕەنگە تەنانەت لە ناخودئاگایدا، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا خۆی نواند و، پێویستی تەنها بە هەندێ دەستکاری هەبوو ــ هەرچەند چاپلین بە زۆری چەند مانگ و تەنانت ساڵی بۆ هەر فیلمێکی تەرخان ئەکرد. ئەم بەرهەمە بە خێراییەکی وەها دروست کرا و ئەم قۆناغی کۆتاییە وەها بەلەز پێشکەوت، بە مسۆگەری ئەبوا کێماسی تێ بکەوتایەت، بەڵام لەبری هەماهەنگییەکی وەها بێخەوشی پێ بەخشیوە وەک بڵێی ئەم بەرهەمە ڕاستەوخۆ لە ناخودئاگای هونەرمەندەوە هەڵقوڵاوە. لێرەدا مەبەستم داکۆکی لە سرووش وەرگرتنی ڕۆمانتیک نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە، مەبەستم دەروونناسی ئەو داهێنانەیە کە لە هەمان کاتدا پێویستی بە بلیمەتی و بیرکردنەوە و ڕاپەڕاندنی خۆبەخۆی خێرا هەیە. ئەم لایەنانە بە مسۆگەری لە **چراوگ**دا هاتوونەتە دی.

بەم سۆنگەیە، ئامادەیی ستایشی ئەم بەرهەمە بە خۆپارێزترین ڕوانگەی ڕەخنەگرانە ئەزانم. ڕوانگەیەک کە شیانستتر و دڵنیاتر لە هێنانە ئارای بەڵام و ئەگەرە. کەم تا زۆر هەموان، پەسنی نیوەی دووەمی فیلمەکە ئەکەن، بەڵام زۆریان لە فرەوێژی و زۆربڵێیی بەشی یەکەم گلەمەندن. بەڵام ئەگەر ٢٤ خولەکی کۆتایی ئەم فیلمە بە شیاو بزانین، لە ڕوانگەی گشتیدا ناتوانین دەسپێکێکی تری جگە لەوەی بۆ ڕەچاو بکەین. لەم دارەتەدا بۆمان دەرئەکەوێ، ئەو

جاڕزییەی ڕەنگە هەستی پێ ئەکەین، بە شێوەیەکی ڕازاوی ئەبێ بە بەشێک لە تێکڕای بەرهەمەکە. ئینجا، مەبەستمان لە وشەی جاڕزی لێرەدا چییە؟ من خۆم سێ جار **چراوگم** بینی و ددان بەوەدا ئەنێم هەر سێ جارەکە هەستم بە جاڕزی کرد، بەڵام هەر جارە و لە شوێنێکی جیاوازی فیلمەکە، نەک لە یەک شوێنی دیاریکراودا. جگە لەوە، هەرگیزیش هەستم بەوە نەکرد ماوەی ئەم جاڕزییە کورت ببێتەوە. چونکە سەرنجم ئازاد ئەبوو و ئەندێشەم نیوەئازاد ئەیتوانی کار بکات و بکەوێتە بیرکردنەوە سەبارەت بە وێنەکان. جاریش هەبوو ئەم هەستی درێژبوونی دیمەنەکان بەری ئەدام. ئەم فیلمە کە بەکردەوە دریژ (دوو کاتژمێر و بیست خولەک) و خاوە، بووە بە هۆی ئەوەی زۆر لە بینەران و هەروەها خودی من، کاتمان لەدەست دەربچێ. وا بزانم ئەم دیاردەیە و سروشتی تایبەتی ئەو جاڕزییەی لە شوێنی جیاوازی فیلمەکە لای من دروست بوو، هۆکارێکی هاوبەشیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە **چراوگ** لە ڕاستیدا زیاتر موزیکاڵە تا دراماتیک. ئەوەی لە نامیلکەی ئینگلیزی ئەم فیلمەدا هاتبوو، بۆچوونەکەم پشتڕاست ئەکاتەوە. چونکە سێ لەسەر چواری تەرخان کرابوو بە موزیکی **چراوگ**، بەو گرنگییەی چاپلین بۆ دانابوو و، بۆ وردەکاری سەمەرەوە. بۆ نموونە چاپلین بەر لە هەر ڕاهێنانێک وتوویەتی موزیک بڵاو بکەنەوە تا خۆی لە ناوەڕۆکی موزیکەکەدا نوقم ببێ. لەم لایەنەدا، کات لە **چراوگ** لە بنەمادا کاتی دراما نییە، بەڵکوو کاتی ئەندێشەیی موزیکە. کاتێک کە زیاتر پەیوەندی بە ئەندێشەوە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە وێنە ئازادی ئەکات، ئەو کاتەیە کە ئەتوانین بیرازێنینەوە و پەرەی پێ بدەین.

بە دڵنیایی ڕێگری مەزنی هەڵسەنگاندنی دڵپەسەند هەمان ناڕوونییە بناغەییەکەیەتی. بێگومان لە فیلمنامەی ئەم مێلۆدرامە دڕدۆنگە، تەنانەت یەک بەشی بنەماییش نادۆزینەوە کە لە پاش لێکدانەوە دەرنەکەوێ لە بناغەوە ناڕوونە. بۆ نموونە سەیری کەسایەتی کالڤێرۆ بکەین. لەبەر ئەوەی پێمان خۆشە ئەو وەکوو چارلی بزانین، دوودڵ نین لەوەی ئەو لێبووکێکی بەرجەستەیە کە لە ڕۆژانی ترۆپکی کارەکەیدا، ناوبانگی زۆر بە هەتەر وەرنەگیرا. بەڵام ئەم دۆزە زۆریش مسۆگەر نییە. چونکە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی چاپلین، دابەزینی پلەی لێبووکێک بە هۆی پیری و ڕاڕایی جەماوەر نییە، *بەڵکوو شتێکی ناسکترە و، ئەویش بایەخی هونەرمەند و هەڵسەنگاندنی بینەری بەردەنگە*. لەم فیلمەدا نموونەیەک نییە ڕێگەمان پێ بدات کالڤێرۆ بە کەسێکی بەهرەمەند بۆ پیشەیەکی دێرس بزانین. هیچکام لە شیرینکارییەکانی ئەو دەستی یەکەم نین ــ تەنانەت دیمەنی کورتبوونەوەی قاچەکانی: **گرۆک**[٨٧٣] و بێگومان زۆری تریش ئەو کارەیان ئەکرد. جگە لەوەش، ئەو ئەمکارە دوو جار ئەنجام ئەدات و بۆمان دەرئەکەوێ گەنجینەی شیرینکارییەکانی زۆر تەژی نییە. بەڵام ئایە کارەکانی هیچ گاڵتەئامێزن؟ لە فیلمەکەدا، ئەوترێ ئەم کارانە پێشتر پێکەنیناوی بوون، بەڵام ناڵێ ئەمڕۆ و جیا لە پەسەندی بینەران دیسان وایە. خاڵی سەرەکی هەر ئەمەیە. بایەخی کالڤێرۆ و بلیمەتییەکەی، ڕۆژەڤێکی بابەتی نییە لە بن کاریگەری چەرخی گەردووندا بێ، بەڵکوو ڕۆژەڤێکە خۆی بەستراوە بە سەرکەوتنەوە. چونکە کالڤێرۆی لێبووک تەنها

٨٧٣ـ گرۆک: Grock (١٨٨٠ـ١٩٥٩) لێبووک و مایسترۆی سویسی، ناسراو بە پادشای لێبووکان.

«بۆ ئەوانی تر» هەیە. ئەو خۆی تەنها بەو شێوەی لە ئاوێنەی جەماوەری بینەراندا بینیوە، ئەناسێ. بە پێچەوانە، چاپلین نایەوێ بڵێ هونەرمەندانی گەورە هەندێ جار خراپ لێیان تێنەگەیشتوون، یان سەرکەوتن و شکستیان تەنها ڕاستەقینەی شانۆیە، بەڵکوو ئەیەوێ بڵێ هونەرمەند بەبێ بینەر کێماسە و، پەسەندی جەماوەری بینەران پەڵەیەک نییە بلکێ بە شتێکەوە یان لێی جیا ببێتەوە؛ بەڵکوو ئەم پەسەندە کەسایەتی شانۆیی بەدی ئەهێنێ. هەرگیز پەی بەوە نابەین ئایە کالڤێرۆ بەهرەیەکی هەبووە یان نا و، لەوە ناچێ خۆیشی لە ئێمە زیاتری لێ بزانێ. ئەوەی کە دۆستانی ئەویان دێتەوە بیر و ڕێز بۆ کارەکەی دائەنێن، چی ئەسەلمێنێ؟ ئایە لێرەدا هەستێکی جەماوەری نایەتە ناو دۆزەکەوە ــ وەک ئەو هەستەی بینەر بە هۆی بوونی چاپلین لە ئاهەنگی کردنەوەی **چراوگ** لە خۆی پیشانی دا؟ ئەم چەشنە پێشداوەرییە لایەنگرانەیە چ بایەخێکی هەیە؟ ئەگەر بینەران لەگەڵ فیلمەکە هاودڵییان کرد، ئایە لەبەر ئەو خواردنەوانەیە کە پێیان داون؟ کالڤێرۆ ئەم «پرسیار لە خۆکردنە» کە لە قووڵایی هەناوی ئەم لێبووکەدا وەکوو ئەکتەر ڕیشەی هەیە، هەم ڕەت ئەکاتەوە و هەم بانگهێشتن ئەکات. بە گوتەی ئەو، مرۆڤ کە پیر ئەبێت، پێی خۆشە جەماوەر ڕێزی لێبگرن. ئەکتەر کەمتر لە مرۆڤە، چونکە بۆ سەلماندنی خۆی پێویستی بە جەماوەر هەیە. چونکە لە هەر نواندن و نمایشێک پەنا بۆ سۆز و سەرنجی جەماوەر ئەبات. ئاوەزمەندی کالڤێرۆی پیر لەوە دایە بە ئاشتی و ئاسایشی ئەوپەڕی سەرکەوتن یان شکست بگات، بەبێ ئەوەی نکۆڵی لە هونەرەکەی بکات. ئەو ئەزانێ و پەسەندی ئەکات ژیان و، تەنها خودی ژیان، باڵاترین چەکە. بەڵام ئەو کە ناوی هونەرمەندی



لە خۆی ناوە، هەرگیز دەست لە پیشەی خۆی هەڵناگرێ. کالڤێرۆ ئەڵێ: «نە حەزم لە شانۆیە و نە ئەتوانم ئەو خوێنە ببینم لە دەمارەکانمدا ئەگەڕێن.»

ناوەرۆکی شانۆ و ناوەرۆکی ژیان، بەو شێوەی هەموو ناڕوونییەکانی تێبگەین، لەگەڵ ناوەرۆکی فاوستی پیری تێکەڵ کراوە. مەیخۆری، کالڤێرۆی تیابردووە. بەڵام ئەوەی ڕێگەی لێئەگرێ، تەنانەت بۆ تاقیکردنەوە، دووبارە بچێتە سەر سەکۆ هەمان بەسالاّ چوونیەتی. ڕێک بە هەمان شێوە کە **چراوگ** بە تەواوەتی چیرۆکی داچوونی یەک لێبووک نییە. پەیوەندی نێوان کالڤێرۆ و ترێزاش ناتوانین بۆ ئاستی ئەم ناوەرۆکە دابەزێنین کە پیری، گەنجی پاڵ پێوە ئەنێ. سەرەتا ئەبێ بڵێم دڵنیا نیم کە ترێزا بە ڕاستی کالڤێرۆی خۆش ناوێ. ئەوە زیاتر کالڤێرۆیە تێئەکۆشێ لە ترێزا بگەیەنێت هەستی سەبارەت بەو نەگونجاو و دوورە. لەم ڕووەوە، ئەوە کالڤێرۆیە کە دڵێکی ئازادتری هەیە و لە جیابوونەوە کەمتر ئازار ئەبینێ؛ پیری بە هیچ شێوەیەک لایەنی لاوازی نییە، بەڵکوو لە بەراورد لەگەڵ گەنجێتی ترێزا، وێنای هێزی زیاتر و بڕوای زۆرترە بە ژیان. کالڤێرۆ دژی فاوستە، پیاوێکە ئەزانێ بە چ شێوەیەک پیر ئەبێ و لەبەر چی ئەبێ چاوپۆشی لە مارگریت بکات کە شەیدای پیری ئەو بووە. لەگەڵ ئەوەش، **چراوگ** بە بێگومان یەکێک لە کاریگەرترین تراجێدییەکانی پیرییە. ئەوەندە بەسە ئەو وێنە سەرسامهێنەرانە بهێنینە بەرچاومان کە هەموو پەژارەی جیهان لە ڕوخساری ماندووی کالڤێرۆدا دەرئەکەوێ. مەبەستم دیمەنی ژووری جلکەنە کە ئارایشتی ڕوخساری پاک

ئەکاتەوە، یان دیمەنی لێبووکی پیر لە کاتی نواندنی بالێتی ترێزا، شڵەژاو و نائارام لە ڕاڕەوی پشت شانۆدا دێت و ئەچێ.

ئەگەر، بەو شێوەی کە فیلم ناچارمان ئەکات، کالڤێرۆ لەگەڵ چارلی بەراورد بکەین، ناڕوونییەکان زیاتر ئەبن. چونکە، گرنگتر لە هەموو، کالڤێرۆ هاوکات هەم چاپلینە و هەم دژی ئەو. لە لایەک ئەو خودی چاپلینە چونکە ڕوخساریان بە شێوەیەکی نکۆڵی لێنەکراو وەکوو یەکە. ئەوە بە ڕێکەوت نییە چاپلین بۆ یەکەمجار ڕیشی جوان تاشیوە و چیرۆکی پیاوێکی بەتەمەن ئەگێڕێتەوە. بەڵام لە لایەکی تریشەوە، سەرکەوتنی چاپلین ڕاستیەکە لەگەڵ شکستی کالڤێرۆ ناکۆکە و یەک ناگرێتەوە: چاپلین لە هونەریش و لە ژیانیشدا، کالڤێرۆیەکە ناوبانگی ئەفسانەیی خۆرێکە هەرگیز بەری نەگیراوە. لە شەست ساڵی کچێکی ١٨ ساڵانی هاوتەمەن و هاوڕوخساری ترێزای هێناوە و پێنج منداڵی جوانکیلەی لێی هەیە. لەگەڵ ئەوەش، فەرزانەیی سوکراتئاسای کالڤێرۆی تووشی گێژەنی گرفتاری، لەگەڵ ئاوەزمەندی جەنابی چاپلینی نوقمی سەرکەوتن و ئەوین جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. بە دژواری بتوانین کالڤێرۆ لە سێبەری چاپلیندا هەژمار نەکەین. ئەو وێنەیەکە لەم دانەرە زۆر خاوەن ڕەسیدەی هەموو خولەکان. ئەگەر سەرکەوتن جێی بهێشتایەت (بە هەمان شێوە کە کیتۆنی واز لێهێنا) و ئەگەر **ئوونا**ش[٨٧٤]، نادڵنیا لە خۆی، وەک ترێزا، وای بزانیبا ئەوینی جگە لە بەزەییەکی قووڵ نییە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ئەبێ پەژێرەی بکەین چاپلین لە لوتکەی بەختەوەریدا ئەزانێ چ چەشنە ئاوەزێک

**٨٧٤ـ ئوونا:** Oona O'Neill (**١٩٢٥ـ١٩٩١**) ئەکتەری ئایریش ئەمریکایی، دوا هاوسەری چاپلین.

نمایش بکات تا بتوانێ بەرگەی چارەنووسی کالڤێرۆ بگرێ ــ ئەگینا، کالڤێرۆ ئەم ئاوەزمەندییەی لە کوێ هێناوە؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەش، ئەتوانین بۆی بچین ئەگەری شکست، چاپلین ئەترسێنێ و مێردەزمەی شەوانیەتی ــ ئەگەر وا نییە، ئەی بۆ چراوگی دروست کردووە؟

**چراوگ** ئەتوانین بە چەشنێک دەرچوونی گیانی دزێو لە جەستەی دانەرەکەی بزانین. کالڤێرۆ هەم ترسی چاپلینە و هەم سەرکەوتنیەتی بەسەر ئەم ترسەدا، سەرکەوتنی دوو لایەنە. سەرەتا، بەو هۆیەوە کە تارمایی شکست لەودا بووە بە بابەتی، واتە شکست لە کەسێکدا کە توانیوێتی بکەوێتە بن دەسەڵاتی بەرجەستە بووە. دووەم بۆ ئەوەی هونەرمەندی دابەزیوی فیلم شتێکی زیاتر لە بەکارهێنانی دەسەڵات بەدەستەوەیە تا بتوانێ ئاشتی و ئارامی دووبارە بەدەست بهێنێتەوە؛ ئەتوانێ خۆی لە سەرکەوتنی کیژێکی جەواندا هەست پێ بکات کە کارەکەی ئەو درێژە ئەدات. کاتێک کامێرا لە کالڤێرۆی مردوو لە ڕاڕەوی لاوەکی ناوگۆرک دوور ئەکەوێتەوە، بالێریەنێک سەرەڕای پەژارەی فراوانی خەریکی سەمایە، وا پێئەچێ گەڕانی کامێرا خولی دۆنادۆن ئەگەیەنێ: شانۆ و ژیان درێژەی هەیە.

لێرەدا بە ڕەسەنایەتی **چراوگ** ئەگەین: بە لایەنی «ددانپێدانان»، یان «ڕوخساری خودی دانەر» کە هەندێ بینەر تووشی هێدمە ئەکات. لەگەڵ هەموو ئەمانەش، نموونەی وەها لە کۆنەوە لە وێژەدا پەژێرە کراوە. مەبەستم تەنها «ژیاننامەی» وێژەیی نییە کە ئامانجی ئاشکرایان هەر ئەمەیە، بەڵکوو مەبەست ئەو ڕۆمانانەیە کەم تا زۆر لە چیرۆکی ژیانی نووسەر وەرگیراوە.

جگە لەوەش، ناکەسێتیترین بەرهەم هەمیشە کەمترین لایەنی بوێرانەی نییە. لۆدۆکا LaDuca لە **کایە دو سینەما** دەستەواژەیەکی هەیە زۆر شیاوی **چراوگە** و، **ڤیتۆرینی**[٨٧٥] لە پێشەکی **گفتوگۆ لە سێسیلیا**[٨٧٦] بە وام وەریگرتووە: «هەر بەرهەمێک جۆرێک ژیاننامەی نووسەرە، تەنانەت ئەگەر بابەتەکەی چەنگیز خان یان گۆڕستانی نیۆئۆرلیان بێت.» **فلۆبێر** ئەڵێ: «مادام بۆڤاری خودی منە.» ئەم گوتەیە کاتێک سەمەرە خۆیا ئەکات کە بابەتی سینەما لە ئارادا بێت و، ئەمەش بە دوو شێوە شرۆڤە ئەکرێ:

یەکەم، تازەیی ڕێژەیی ئەم چەشنە بەرهەمانەیە، هەرچەند وەکوو بەرهەمەکانی **ڤۆن شترۆهەیم** یان لە فەڕانسە بەرهەمەکانی **ژان ڤیگۆیش** ددانپێدانانێکی ڕەوشتی بێکۆتاییە. ڕاستە ئەم پەیوەندییە ئەوەندە خۆیا نییە، بەڵام سروشتی کەسیتری ڕازەکانی چاپلین، سەلمێنەری پێشکەوتنی بۆسەرەوە و پوختبوونی هونەرەکەیەتی. چارلی نیوڕوخی ڕەوشتی و کۆی شکۆمەندی نموودی جۆراوجۆر بوو: هەبوونی ئەو بە تەواوەتی مێتافیزیکی و لە جۆری هەبوونی ئەفسانەیی بوو. **مۆسیۆ ڤێردۆ** لە نێوان ئەم ئەفسانە و ئافرێنەرەکەی پەیوەندییەکی دیالکتیکی بەدی ئەهێنێ ــ جۆرێک ئاگایی بە چارلی لە دەرەوەی ئەم کەسایەتییە. لەودیو ئەوە، چارلی تەنها ئەتوانێ دەمامک لە ڕوخسار بکاتەوە و بە ڕوومەتی ئاشکرا و ڕووبەڕوو

---

٨٧٥ـ ڤیتۆرینی: Elio Vittorini (١٩٠٨ـ١٩٦٦) لەدایکبووی سێسیلیا، ڕۆماننووس، لە پاش سێزار پاڤێس، گرنگترین ئەمریکاگەرای دەهەی ١٩٣٠ـە. ئەویش وەک پاڤێس چەندین ڕۆمانی ئەمریکایی و لەوانە نانساجی پانی Tortilla Flat وەرگێڕاوە بۆ ئیتالیایی. تێبینی: هـ. گ.

٨٧٦ـ گفتوگۆ لە سێسیلیا: Conversazione in Sicilia

لەگەڵمان بدوێ. هەموو پەژێرەی ئەوە ئەکەن کاتێک **چراوگ** ئەبینین ناتوانین لە نێوان ئەوەی لە «چارلی» ئەزانین و ئەوەی لە چاپلین ئەزانین جیاوازی دابنێین. بەڵام ئەم زانیارییە، لە بنەمادا لەگەڵ هەموو ڕەخنەکانی هاوچەرخ لەمەڕ بەرهەمی مەزن جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، چونکە ئەم چەشنە ڕەخنەیە بە پێشکەشکردنی زانیاری قووڵ لە ژیانی دانەرانی ئەو بەرهەمانە، کارێک ئەکەن تا ستایشی ئێمە بورووژێنن. هەڵبەت ئەم زانیارییە لە ژیانی دانەر، لە خودی خۆیدا ئارمانج نییە، بەڵکوو دەرفەتمان بۆ ئەڕەخسێنێ پەیوەندی تازە بدۆزینەوە کە تێگەیشتنمان لەو بەرهەمانە ڕوونتر و دەوڵەمەندتر ئەکات. لە مەڕ چاپلین، ئەم ڕەوتە پێچەوانەیە. ناوبانگی سەرسامهێنەری دانەری ئەم فیلمە و بەرهەمەکانی پێشووی، بینەری ئەمڕۆ لە دۆخێکی وەها باڵادا دائەنێ، کە بەرەی داهاتوو لێی بەشدار نابێ. تەنانەت زۆر لە جەوانانی پانزە تا بیست ساڵە، پێوەرەکانی مەبەستی ئێمەیان لا نییە و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ دواوە و کالڤێرۆ لە بەر تیشکی ئەفسانەی چاپلیندا ببینن. ئایە ئەمە بەو واتایە **چراوگ** جگە لە پەیوەند لەگەڵ چارلی و چاپلین هیچ بایەخێکی نییە؟ مسۆگەر نا ـــ هەروەک بەرهەمی کەسایەتییەکی خود ژیاننامەنووس، پێویستی بە ناسینی قووڵایی مێژووی وێژە نییە. بۆ خوێندنەوەی چامەی **لەقەنارەدراوان**[٨٧٧] بەرهەمی ڤیۆن یان **ددانپێدانانی**[٨٧٨] ژان ژاک ڕۆسۆ پێویستمان بە نامیلکەی ڕابەر نییە. زۆر لە ڕۆمان و شانۆنامەی ڕازاوی لەبیر چوونەتەوە، چونکە تەنها تێکۆشاون لە ڕێگەی دەرچوون لە سنوور یان ورووژاندنی زانخوازی،

٨٧٧ـ لەقەنارەدراوان: Ballade des Pendus چامەی ڤیۆن.

٨٧٨ـ ددانپێدانان: Confessions بەرهەمی ژان ژاک ڕۆسۆ.

سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن. هەر ئەمە لایەنی جیاوازی ئەوانە لەگەڵ بەرهەمی بە ڕاستی گرنگ کە نووسەر ئازارەکانی خۆی لە بوارێکی بەرفراوانی دۆخی مرۆییدا پێشکەش کردووە. ئەگەر سەد ساڵی تر دیسانەوە **چراوگ** ببینین و هیچ نیشانەیەکی چاپلین و بەرهەمەکانی نەمابێ، خودی ڕوخسار و ئەو پەژارە قووڵەی لە چاوەکانیدا شەپۆل ئەدات، بەس ئەبێت بۆ ئەوەی بڵێ پیاوێک لەوبەری گۆڕەوە لەگەڵمان ئەدوێ و، بانگهێشتنمان ئەکات بۆ ڕوانینی ژیانی. چونکە خودی ژیانە، ژیانی خودی ئێمەیە. سینەما، بەر لەمە، هەرگیز نموونەیەکی ئاوەها ئاشکرای خودژیاننامەی پێشکەش نەکردووە. بە زۆری لەبەر ئەوەیە کە دانەرانی هەڵکەوتوو لە سینەمادا کەمن؛ زۆرترین دەرهێنەران، تەنانەت باشترینیان، لەو ئازادییە داهێنەرانەی نووسەران هەیانە، زۆر بەدوورن. تەنانەت کاتێک فیلمساز خۆی فیلمنامەکەی ئەنووسێ، دیسانەوە تەنها دەرهێنەر ئەمێنێتەوە، واتە پیشەگەرێکی شارەزا کە توخمە بابەتییەکان ڕێک ئەخات. ئەم هەلومەرجەی کارکردن بۆ دەستەبەری داهێنانی هونەری و گەشەپێدانی شێواز بەسە، بەڵام ئەویش گەوهەری گشتی، ئەو تۆکمەییە زیندوەرناسانەی هونەرەکانی تری نییە ـــ بۆ وێنە لە نێوان ڤەن گۆک و تابلۆکانی، کافکا و ڕۆمانەکانیدا. **کلۆد مۆریاک**(٨٧٩) بە دروستی ئاماژەی پێداوە کە چاپلین سینەما ئەخاتە خزمەتی خۆیەوە، لە کاتێکدا، ئەوانی تر خۆیان ئەخەنە خزمەتی سینەماوە. ئەو هونەرمەندی بە فراوانی واتای وشەیە، کەسێک کە بە سەقامگیرییەوە پەژێرەی هونەر ئەکات. ئەگەر ئەو خۆی

٨٧٩ـ کلۆد مۆریاک: Claude Mauriac (١٩١٤ـ١٩٩٦) نووسەر و ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگری سینەمای فەڕانسەیی.





لە ڕێگەی سینەماوە دەرئەبڕێ، زۆر لەبەر ئەوە نییە کە بەهرە و تواناکانی زیاتر لەگەڵ ئەو گونجاوە تا لەگەڵ بۆ وێنە وێژە. بەڵکوو بەو سۆنگەیە کە سینەما ئەتوانێ ئەوەی ئەو ئەیەوێ بیڵێ، بە شێوەیەکی کاریگەرتر پیشان بدات. گەورەترین هونەرمەندانی کۆتایی سەدەی شانزە، بە زۆری شێوەکاران و مێهرازان بوو، چونکە شێوەکاری و نژیارڤانی تەنها هونەرەکانی ئەو سەردەمە بوون. بەڵام ئەمە باشترین ڕێگەی هونەرمەندبوون بوو، نەک لە خزمەتی هونەرێکی تایبەتدا بوون. ئینجا لە ڕێگەی ئەم خاکەڕاییەوە ــ نەک لە بەرامبەر هونەردا، بەڵکوو لە بەرامبەر قاڵبی تایبەتدا کە ئەمڕۆ تێیدا پۆلێن کراوە ــ باڵاترین هونەری سەردەمی ڕێنسانس، واتە شێوەکاری، بەو پێشکەوتنە گەیشت. لیۆناردۆ هەمان ئەندازە شێوەکار بوو کە مایکڵ ئانجێللۆی پەیکەرتاش، بەڵام هەردووکیان هونەرمەند بوون. ئەوەی چاپلین ئاواز دائەنێ، هەندێ جار، سەر لە فەلسەفە ئەدات، تۆزێ هێڵکاری ئەکات، بەڵام دیسانەوە ئاوازدانەرێکی مامناونجی، فەیلەسووفێکی پلە دوو و، هێڵکارێکی بۆ خۆخافلاندنە، زۆر گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە ئازادی بابەتی چاپلین بۆ هەڵبژاردنی سینەما نییە، بەڵکوو ئازادی ئەندێشەیی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ باڵاترین هونەری سەدەی بیستەم، واتە فیلمە. ڕەنگە تا بە ئەمڕۆ چاپلین تەنها کەسێکی داهێنەر بووە کە سینەمای بە تەواوەتی وەکوو ئەوە دروست کردووە کە ئەیەوێ بیڵێ، بەبێ ئەوەی سەبارەت بە جووتبوون لەگەڵ هونەرەکانی تر خۆی نیگەران بکات.

ئەمەش هەمان ئەو شتەیە، هەندێک بە هۆیەوە سەرزەنشتی ئەکەن. مەبەستم ئەوانەی بڕوایان بە وێژە هەیە، چونکە لە ژوورۆچکەی ددانپێدانانی زمانەوە تێئەپەڕێ، بەڵام ددانپێدانانی ئاشکرا بە بێپەردە ئەزانێ. سینەما وەک هونەرێکی نمایشییە و قەبەکردنەوەیە لە وێناکردندا. چونکە وێنە لە سینەما بوونێکی جەستەیی بەرفراوانی هەیە و؛ لە ڕاستیدا گوستاخترینی هونەرەکانە. کەواتە، پێویستی بە زۆرترین پەردە هەیە: پەردە لە دەمامک و لە جەستەدا، لە شێوازدا، لە بابەتدا، لە ئاڕایشتی ڕوخساردا. چاپلین لە **چراوگ** تا ڕادەیەک دوانەکەی یەکەم لائەبات و لە سێیەمی بە تەواوەتی چاوپۆشی ئەکات. **ئێستە مرۆڤ.**(٨٨٠)

بێگومان، هیچ شتێک جگە لە بلیمەتی نەی ئەتوانی کارێکی وەها بوێرانە ئەنجام بدات. کارێک کە واتای لە خودی ناوبانگی ئەفسانەی چاپلین وەرئەگرێ و لەئەنجامدا، دۆزەکانی لە بەردەم زۆرترین مەترسی سەرەڕۆیی و گوستاخی دائەنێ. لە فەڕانسە کاریکاتۆرێکی ئەم نموونە لە ساشا گیتریدا ئەبینین: وا دیارە لە خۆشەویستی جەماوەر بەرامبەر بە خۆی، جەماوەرێکی دە ملیۆنی، دڵنیا بووە، ئەویش بە مسۆگەری و بڕوای فراوانەوە؛ ئەوەندە لە خۆی دڵنیا بوو ئەو دەمامکەی ئەوی ئاوەها خۆشەویست کردبوو لە ڕوخساری هەڵگرت. بەڵام لایەنی پەسنئامێزی دۆزەکە ئەمە نییە، بەڵکوو ئەوەیە کە **چراوگ** بە هۆی لایەنی کەسێتییەوە ئەوەندە خرۆشاو و ئەوەندە سۆلانە؟ باڵادەستی پەیامەکەی نە تەنها بە هۆی وێناندنەوە

---

٨٨٠ـ ئێستە مرۆڤ: Ecce homo گوتەی پیلاتۆسی فەرمانڕەوای جروزالم پاش لە خاچدانی عیسا، کە تەرمەکەی پیشانی جەماوەری تووڕە دا وتی: ئێستە مرۆڤ. کاریگەری فراوانی لە هونەری فەلەگەریدا هەبوو.




دانەبزیوە، بەڵکوو بە پێچەوانە،، هەر لەم هێزە زۆر مینەوییەوە سەرچاوەی گرتووە. مەزنی **چراوگ** هەمان مەزنی سینەمایە. سەمەرەترین نمایشی گەوهەرەکەیەتی، ئەبسترە لە ڕێگەی وێناندنەوە. بێگومان تەنها پێگەی تاقانەی چاپلین و جیهانیبوون و ڕەسیدی ئەفسانەکەی (نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو هێشتاش هەم لە وڵاتانی کۆمۆنیست خۆشەویستە، هەم لە جیهانی ڕۆژاوا) ڕێگەمان پێ ئەدات کەوشەن و ئەندازەی دیالکتیکی سینەما هەڵسەنگێنین. چاپلین–کالڤێرۆ، سوکراتی سەدەی بیستەم، لە بەرچاوی هەموان سۆکەران[٨٨١] ئەخواتەوە، بەڵام ئەم مەرگەی کە ئاوەزمەندانە هەڵبژێردراوە ناتوانین بە وشە شرۆڤە بکەین، بەڵکوو لە هەموو زیاتر لە نمایشێکی گشتی دایە کە ئەو واتای پێ ئەبەخشێ. نمایشێک کە بوێرانە لەسەر نارِوونی خودی وێنەی سینەمایی دامەزراوە: ببینە و تێبگە!

لێرەدا دوان لە گوستاخی گاڵتەئامێزە، بە پێچەوانە، ئەبێ لامان سەیر بێت لە سایەی سینەما و هەروەها بلیمەتی چاپلینەوە، قووڵترین و سۆڵانترین ڕاستەقینە ڕوخساری خۆی پیشان ئەدات ــ بەڵام ئەم ڕوخسارە ئیتر ڕوخساری ئەکتەر نییە (و ئەویش چ ئەکتەرێک!) بەڵکوو سیمای پیاوێکە کە هەمیشە ناسیومانە و زۆشمان ویستووە، ڕوخسارێک کە تاک بە تاکمان، ڕووبەڕوو، لە کەلێنە شاراوەکانی ناو دڵماندا، لە تاریکی، لەگەڵیدا وتووێژ ئەکەین.

چاپلین تاقە دەرهێنەرێکە بەرهەمەکانی زیاتر لە چل ساڵی

---

٨٨١ـ سۆکەران: hemlock زرگێژنۆک، دووڕەست، مارەکوژە، مارەکوشە، هەلاهەل ع الشوکران د شوکران.





مێژووی سینەما ئەگرێتەوە. ئەو ژانرەی کە ئەو یەکەمجار تێیدا دەرکەوت و ناوی دەرکرد، واتە کۆمێدی بێدەنگ، تەنانەت بەر لە هاتنی دەنگ تووشی کزی ببوو. دەنگ، **هەری لێنگدۆن**[٨٨٢] و **باستر کیتۆنی** لە گۆڕەپان کردە دەرەوە. چونکە ئیتر نەیان ئەتوانی لەو ژانرەدا کە بەهرەی خۆیان پیشان دابوو، خۆیان ڕابگرن. خولی دەرهێنانی **ڤۆن شترۆهەیم** لە پێنج ساڵ تێ نەپەڕی. مامناونجی بەردەوامی بلیمەتی سینەمایی ڕادەیەکی نێوان پێنج تا پانزە ساڵە. ئەوانەی لەوە زیاتر بڕ ئەکەن، زیاتر بە هۆی هۆشمەندی و بەهرەیە تا بلیمەتی. تەنها چاپلین توانیویەتی هێشتاش بە سینەمابوونی خۆی درێژە بدات. هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری سینەما گونجاندبێت. لە فیلمی **چاخی نوێ** بەدواوە، کە دوا فیلم بوو ڕاستەوخۆ ڕیشەی لە ژانری کۆمێدی مەک سێنێتدا بوو، ئەو بە بێوچان بەرەو داهاتوویەکی نەناسراو ڕۆیشتووە و سینەمای لە پەیوەند لەگەڵ خۆیدا سەرلەنوێ دۆزیوەتەوە. لە بەراورد لەگەڵ **چراوگ**، فیلمەکانی تری ئەو، تەنانەت ئەوانەش کە زۆر پەسنیان ئەکەین، نەریتی و هەڕەمەکی خۆیا ئەکەن. ئەم فیلمانە هەرچەند ڕەنگە ڕوانگەی دانەرەکەیان پیشان ئەدەن و شێوازێکی کەسییان هەیە، بەڵام ڕەسەنایەتییان بەرگیراو و ڕێزاڵەیە؛ لەگەڵ تێچووی سینەمایی گونجاون و بە گوێرەی ڕێسای ئەمڕۆ پێناسە ئەکرێن، تەنانەت ئەوسا کە ئەوانەش ڕەت ئەکەنەوە. **چراوگ** لە هیچ فیلمێک

٨٨٢ـ هەری لێنگدۆن: Harry Langdon (١٨٨٤ ـ ١٩٤٤) کۆمیدیەنی ئەمریکایی سینەمای بێدەنگ.

ناچێ و، لە هەموو گرنگتر لە هیچ فیلمێکی چاپلین ناچێ.

بەکەمگرتنە ئەگەر بڵێم ئەم پیاوە شەستوچوار ساڵەیە لە بەرەی پێشەوەی سینەما دایە. ئەو بە یەک قەڵەمباز کەوتووەتە پێش هەموویانەوە و ئێستە زیاتر لە هەموو کاتێکی تر، نموونە و هێمای ئازادی داهێنەرانە لە کەم ئازادترین هونەرەکان دایە♦

*Esprit, April 1953*




## وێستێرن یان باڵاترین نموونەی فیلمی ئەمریکایی

وێستێرن تەنها ژانرێکە پێگەی لەگەڵ پێگەی سینەما تا ڕادەیەک یەکە و، لە پاش نزیکەی پەنجاساڵ سەرکەوتنی بەردەوام هێشتاش زیندووە. تەنانەت ئەگەر چۆنایەتی سەرچاوەی سرووش و شێوازی ئەم چەشنە لە دەهەی سی تاکوو ئێستە ببەینە بن پرسیارەوە، دیسانەوەش برەوی بەردەوامی بازرگانی، کە نیشانەی تەندروستییەتی، سەرسامهێنەرە. گومانی تێدا نییە وێستێرن لە گەشەی سەررێژنەی سینەمایی ــ یان لە ڕاستیدا سەررێژنەی هەر خول و چاخێک ــ بەتەواوەتی پارێزراو نەبووە. ئەم ژانرە سینەماییە لە بن کاریگەری هۆکاری دەرەکی ــ وەک ڕۆمانی تاوانکاری، چیرۆکی کاراگایی، یان پرسگری کۆمەڵایەتی ڕۆژانەدا ــ بووە و هەڵبەت ئەم هۆکارانە زیانیان بە سادەیی و تەشکی گێڕانەوەیی هێڵی ئەو گەیاندووە. ئەمانە ڕەنگە مایەی داخ بن، بەڵام سۆنگەی تیاچوونی وێستێرن نین. ئەم باندۆڕانە تەنها ئەتوانن لە فیلمی تا ڕادەیەک ئاستی باڵادا ببینرن و کاریگەریان لەسەر فیلمی کەم مەزاخ، کە بە زۆری هیی بازاڕی ناوخۆن، بێ باندۆرە. هەروەها، گرنگە بە هەمان ئەندازە تاسوخ بۆ ئەم پەتا تێپەڕانەی وێستێرن

ئەخۆین، خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەم هۆکارانەدا پەسن بکەین. هەر هۆکارێکی دەرەکی وەکوو ڤەکسینێک بۆ ئەم فیلمانەیە. واتە میکرۆب لەگەڵ پەلاماردان، باندۆری کوشندەی لەدەست ئەدات. توانایی و ناوەرۆکی کۆمێدی ئەمریکایی لە ماوەی پانزە ساڵدا گەیشتە بنکڕ و ئەگەر هێشتا جارجارە هەناسیەک ئەدات، تەنها لەبەر ئەوەیە لە ڕێسای بەر لە جەنگ کە بۆ کۆمێدییەکان دانرابوو، تا ڕادەیەک خۆی لا ئەدات. فیلمی گانگستری لە **جیهانی تاوانکارانەوە**[883] (١٩٢٧) تا **گووپکەت** (١٩٣٢) خولی گەشەی ئەپێوێ. فیلمنامەی فیلمی گاراگایی بە خێرایی گەشەیان کرد و هەرچەند هێشتاش ئەتوانین چەشنێک جوانناسی توندوتیژییان تێدا ببینین کە هەمان چوارچێوەی ڕووداوەکانی فیلمی **گووپکەت**یان هەیە، وەلێم لە ڕوخساری ئەم کاراگا، ڕۆژنامەوان یان هەواڵنێرانە، پاڵەوانی یەکەم کەمتر بەرچاو ئەکەوێ. هەروەها، هەرچەند ژانرێکی فیلم بە ناوی کاراگایی ئەمریکایی هەیە، بەڵام ناتوانی هەمان شوناسی سەربەخۆی وێستێرنی پێ بدەین؛ چونکە وێژەی بەر لەم ژانرە هێشتاش کاریگەری خۆی لەسەری پاراستووە و دوا نموونەکانی بە پێچەوانە، فیلمی تلەڤێزیۆنی بە شێواز و تەشکی فیلمە کۆنەکانی **هاپالانگ کاسیدی**[884] سەرکەوتنێکی سەرسامهێنەریان بەدەست هێناوە و پیشانیان داوە پاڵەوانان و گەلاڵەکانی فیلمی وێستێرن سەقامگیرن و کۆنە نابن.

---

٨٨٣ـ جیهانی تاوانکاران: Underworld فیلمی سینەمایی ئەمریکایی **١٩٢٧**، دەرهێنانی جۆزێف ڤۆن شتەرنبەرگ.

٨٨٤ـ هاپالانگ کاسیدی: Hopalong Cassidy پێرسۆنایەکی کاوبۆی فیلمی وێستێرنە لە **١٩٠٤**ـەوە، ئافرێنراوی کلارنس ئی ماڵفۆرد.


کێشەری جیهانی ئەم ژانرە سینەماییە، تەنانەت لە درێژخایەنی مێژوویيشی سەرنجڕاکێشترە. ئەتوانین بپرسین لەم فیلمانەدا چ ڕازێک هەیە کە عەرەب، هێندوو، لاتینۆ، ئاڵمانی یان ئەنگلۆساکسۆن کە ژانری وێستێرن لە ناویاندا سەرکەوتنی بێپسانی هەبووە، کردووە بە خولیا و تامەزرۆی لەدایکبوونی ئەمریکا، خەباتی بۆفالۆ بێڵ یان سوورپێستەکان، کردنەوەی هێڵی ئاسن یان جەنگی ناوخۆیە؟

کەواتە، ڕازی وێستێرن ئەبێ مەزنتر لە تەنها گەنجبوونی بێت. ئەبێ ڕازێک بێت کە وێستێرن لەگەڵ گەوهەری سینەما ئەکات بە یەک.

بە ئاسانی ئەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی سینەما واتە جووڵان، کەواتە وێستێرن باڵاترین نموونەی سینەمایە. ڕاستە غارە ئەسپ و تەق و ڕەو لە دیمەنە باوەکانی فیلمی وێستێرنە، بەڵام ئەگەر وێستێرن تەنها ئەمە بوایەت، شتێکی زیاتر لە چەشنێک چیرۆکی سەرکەشی نەئەبوو. هەروەها، هاتوچۆی بەردەوام و بێپسانەوەی کەسایەتییەکان، کە ئیتر ئەگاتە ڕادەی کەللەیی بوون، ناتوانین لە شوێنی جوگرافیاییەکەی جیا بکەینەوە و لەم ڕووەوە ئەتوانین وێستێرن بە گوێرەی شوێن ــ واتە شارێکی سنووری و بەرجەوەنەکەی ــ پێناسە بکەین. بەڵام ژانر و فێرگەکانی تری فیلمسازی، بۆ وێنەی فیلمە بێدەنگە سویدییەکان، هەروەها لە هۆنراوەی دراماتیکی بەرجەوەنەکان سوودیان وەرگرتووە، کەچی ئەم بەرجەوەنانە، هەرچەند یارمەتی دەوڵەمەندی و شکۆمەندی ئەوانەیان داوە، بەڵام دەستەبەری مانەوەیان نەبوون. تەنانەت هەندێ جار، بۆ وێنە لە فیلمی **کۆچبەران**[٨٨٥]، لە یەک ناوەرۆکی

---

٨٨٥ـ کۆچبەران: The Overlanders فیلمی سینەمایی بریتانیایی ١٩٤٦، دەرهێنانی هەری وات.




وێستێرن ــ لەم فیلمەدا گواستنەوەی نەریتی ڕان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ــ سوود وەرئەگیرێ و لە شوێنێک ڕوو ئەدات (لەم نموونەدا ئوسترالیای ناوەندی) لە ڕۆژئاوای ئەمریکا ئەچێت. وەک ئەزانین بەرەنجامی ئەم کارە مەزن بوو. بەڵام خۆشبەختانە ئەم دەستکەوتە ناکۆکنما کە سەرکەوتنەکەی بە هۆی لێکدانی نائاسایی هەلومەرج بوو، درێژەی پەیدا نەکرد. بەڵام ئەگەر وێستێرنی فەڕانسەیی لە بەرجەوەنی **کامارگ** فیلم ئەگرن، تەنها هۆکەی دڵگوشایی و کەشی گەشی ئەم ژانرەیە؛ ژانرێک کە لە بەرامبەر ساختەگەری یان لاسایی و تەنانەت لاتاودا بەرەنگاری ئەکات.

لە ڕاستیدا، بێسوودە ئەگەر بمەوێ گەوهەری وێستێرن بە یەک دوو نموونە لە توخمە پێکهێنەرەکانی بەرتەسک بکەمەوە. ئەم توخمانە لە ژانری تریشدا ئەبینرێن، بەبێ ئەوەی هەمان سوودیان هەبێ. کەواتە، وێستێرن ئەبێ شتێک جگە لە تەشکەکەی بێت. تاودانی ئەسپ و تەق و ڕەو و پیاوانی جەربەزە و بێباک لە بەرجەوەنێکی وشک و قاقڕ، دەستمایەیەک بۆ پێناسەی ئەم ژانرە یان وێناگەری هەموو کێشەرەکانی نییە.

ئەم تایبەتمەندییە تەشکییە کە مایەی شوناسی وێستێرنە. شتێک جگە لە نیشانە و هێمای ڕاستەقینەی قووڵی، واتە ئەفسانە نییە. وێستێرن لە یەکگرتنی چەشنێک ئەفسانەناسی و ئامرازی دەربڕین لەدایک بوو: ئەفسانەی ڕۆژاوا بەر لە داهێنانی سینەما لە چوارچێوەی وێژە و فۆلکلۆردا هەبوو و فراوانی فیلمی وێستێرن نە تەنها وێژەی ڕۆژاوای نەزۆک نەکرد، بەڵکوو ئەو وێژەیە






هێشتاش خوێنەر و بەردەنگی خۆی هەیە و بابەت و دەستمایەی دەوڵەمەند ئەدات بە فیلمنامەنووسان. بەڵام لە نێوان بەردەنگانی بەرتەسک و بوومی چیرۆکەکانی ڕۆژاوا و، بینەرانی جیهانی ئەو فیلمانەی لەسەر بناغەی ئەوانە دروست ئەکرێن، لایەنی هاوبەش نییە.

بە هەمان شێوە کە وێنەی مینیاتۆری **«کاتنامەی نزا»**[٨٨٦] بوون بە هێمای پەیکەرتاشی و شێوەکاری سەر شووشەکانی کلیسا، ئەم وێژە ڕۆژئاواییەش لەسەر پەردەی سینەما لە کۆتی زمان ئازاد بوو و، بە شێوەیەکی شیانست بڵاو بوویەوە، وەک بڵێی ڕەهەندەکانی وێنا و ڕەهەندەکانی ئەندێشە ببوون بە یەک.

ئەم پەرتووکە [مەبەست پەرتووکی **سەربردەی مەزنی وێستێرن لە ١٨٩٤ تا ١٩٤٦** نووسینی **ژان لویی ڕیۆپیەرۆیە**[٨٨٧] کە ئەم وتارە پێشەکیەکەیەتی][٨٨٨] جەختی لەسەر لایەنێکی کەمتر ناسراو لە فیلمی وێستێرن هەیە، کە ئەمەگداری ئەوە بە مێژوو. ئەم لایەنە، بەگشتی بە نامۆیی ماوەتەوە ــ یەکەم بە هۆی نەزانی ئێمەوە. بەڵام لەوە زیاتر بە هۆی دەمارگیری قووڵمان کە وێستێرن جگە لە چیرۆکی منداڵان و بەرەنجامی ئەندێشەی ساویلکانە نازانین و،

---

٨٨٦ـ کاتنامەی نزا: Book of hours جۆرێک پەرتووکی نزا بوو کە دێرسییەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ناونجی و تێیدا بۆ هەموو کاتژمێرێکی ڕۆژ، سروود و نزا و گازەی تایبەت دیاری کرابوو. هەندێ لەو ڕابەرانە کە بۆ ساماندااران دروست ئەکرا، وێنەی جوانی تێدا بوو. تێبینی: هـ.گ.

٨٨٧ـ ژان لویی ڕیۆپیەرۆ: Jean-Louis Rieupeyrout (١٩٢٣ـ١٩٩٢) نووسەری فەڕانسەیی.

٨٨٨ـ J. L. Rieupeyrout's La Grande adventure du western 1894-1964




لە ڕاستیگەری دەروونناسانە یان مێژوویی یان تەنانەت ئەستوویی بە دووری ئەزانین. هەڵبەت ئەوە ڕاستە کە ژمارەی ئەو وێسترنانەی ڕاستەوخۆ دەربایسی بەڵگەی مێژوویی بن کەمە و وێسترنی بەهاداریش لەم ژمارە پتر نین. بێهوودەیە ئەگەر کەسایەتی تام میکس ــ و بەر لەوەش ئەسپە سپییە جادووییەکەی ــ یان تەنانەت **ویلیەم هارت**(٨٨٩) یان **داگلاس فێربنکس**(٨٩٠) کە هەموویان لە خولی یەکەمی وێسترن فیلمی جوانیان ئافراند، بە پێوەری کۆنینەناسی هەڵسەنگێنین.

لەگەڵ ئەوەش، زۆر لە فیلمە شیانستەکانی ئێستا ــ وەکوو **لەوبەری دووڕێیانی گەورە**(٨٩١)، **ئاسمانی زەرد**(٨٩٢) یان **قرچەی نیوەڕۆ**(٨٩٣) ــ پەیوەندییەکی زۆر کەمیان لەگەڵ ڕۆژەڤی مێژوویی هەیە و لە پلەی یەکەمدا، بەرەنجامی وەژارەن. بەڵام لە بەرچاونەگرتنی ڕاستی و ئاماژەی فیلمی وێسترن بە هەمان ئەندازە هەڵەیە کە نکۆڵی لە ئازادی گوستاخانەی فیلمنامەکانی. ژان لویی ڕیۆپیەرۆ بە دوورودرێژی پیشانی ئەدات بە چ شێوەیەک ئەم بە ئارمانجکردنە داستانییە لەسەر

---


٨٨٩ـ ویلیەم هارت: William Hart (**١٨٦٤ـ١٩٤٦**) ئەکتەری ئەمریکایی.

٨٩٠ـ داگلاس فێربنکس: Douglas Fairbanks (**١٨٨٣ـ١٩٣٩**) دەرهێنەر و ئەکتەری ئەمریکایی.

٨٩١ـ لەوبەری دووڕێیانی گەورە: Beyond the Great Divide فیلمی وێسترنی **١٩٥١**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕاوول والْش.

٨٩٢ـ ئاسمانی زەرد: Yellow Sky فیلمی وێسترنی **١٩٤٨**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم ئەی ویلمەن.

٨٩٣ـ قرچەی نیوەڕۆ: High Noon فیلمی وێسترنی **١٩٥٢**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ستەنلی کرەیمر.




بنەمای مێژووی شێوەهاوچەرخ دانراوە. هەڵبەت ڕەنگە ئەو ئەیەوێ لایەنی فەرامۆشکراو یان تەنانەت نەناسراومان بهێنێتەوە بیر. ئەو خۆی بەو فیلمانەوە بەستووەتەوە کە ئەم بیردۆزە بسەلمێنن و، لە پاڵەوە ڕووەکەی تری ئەم ڕاستەقینە جوانناسانەیان پشتگوێ خستبێ. بەڵام ئەم خاڵە ڕەواییەکی دوولایەنەی پێ ئەدات، چونکە پەیوەندی نێوان ڕاستەقینەی مێژوو و فیلمی وێسترن، پەیوەندییەکی دەسبەجێ و ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی دیاکتیکییە. **تام میکس** خاڵی بەرامبەر بە **ئابراهام لینکۆڵنە**. بەڵام بە شێوەی خۆی یاد و ئایینی ئەو وەرجاوەند ئەکات. وێسترن، تەنانەت لە ڕۆمانتیکترین و سادەترین تەشکیدا، خاڵی بەرامبەر بە نۆژەنڤانی مێژووییە. لە نێوان **هاپالاگ کاسیدێ** و **تارزاندا** هیچ جیاوازییەک نییە، مەگەر لە جلەکانیاندا و لە جۆری ئەو شوێنەی ئازایەتی خۆیانی تێدا ئەنوێنن. هەر چۆنێک بێ، ئەگەر یەکێک بیەوی ئەم چیرۆکە شادیهێن و نالێکانە بەراورد بکات و وەک لە ڕواڵەتناسی تازەدا باوە، چەندین فیلمی نێگاتیڤی ڕوخساری جۆراوجۆر لەسەر ئەوانە دابنێ، بۆی دەرئەکەوێ یەک وێسترنی ئارمانجی بەدی دێت کە توخمەکانی لە نێوان هەموو ئەم فیلمانەدا هاوبەشن: وێسترنێک کە تەنها لە ئەفسانەی سۆلانی و بێخەوشی پێک هاتووە. لێرەدا بۆ نموونە، لە ئەفسانەی ژن ئەکۆڵینەوە.

لە یەک لەسەر سێی سەرەتای فیلمی وێسترن، کاوبۆی باش لەگەڵ کچێکی دەژ[٨٩٤] ـ کە باشترە بە دەژی دڵپاک و بەهێزی بزانین ـ دیدار ئەکات و شەیدای ئەبێت. سەرەڕای ئەو پاکیزەییە


٨٩٤ـ دەژ: maiden کچ، کێژێک کە پیاوی نەبینیوە ع عذراء د باکرە.




کە فیلمەکە پیشانی ئەدات، ئەتوانین بڵێین ئەو خۆشەویستییە دوولایەنەیە، بەڵام لەمپەری لەچارە نەهاتوو لەسەر ڕێگەی دایە‌ــ یەکێک لە باوترین و گرنگترین لەمپەرەکان لە لایەن بنەماڵەی کچەوە بەدی ئەهێنرێ. بۆ نموونە، برای کچە کەسێکی نزم و چەکووسە و، کاوبۆی باش ئەبێ لە سواژێکی تەن بە تەندا لە کۆڵ کۆمەڵگەی بکاتەوە. ئەم پاڵەوانە ژنە، واتە **شیمەنی نوێ**[٨٩٥]، ناتوانێ بکوژی براکەی بە ئامێزی ئاواڵەوە پەژێرە بکات. لەئەنجامدا، جەنگاوەری ئێمە بۆ ئەوەی دووبارە دڵبەرەکەی ڕاکێشێتەوە، ئەبێ لە تاقیکردنەوەی سامناک سەربەرزانە بێتە دەرەوە. ئەو سەرەنجام بووکەکەی لە مەترسی دەرباز ئەکات، کە ئەتوانێ گیانی یان ئابڕووی، یانیش بەختەوەری یان هەرسێکیان بدات بە بادا. پاشان کە فیلم خەریکە ئەگاتە کۆتایی، ئەگەر کیژی ئێمە هەست نەکات پاڵەوان وامێکی لە ئەستۆی هەبووە و، ئەم وامەکەی داوەتەوە خۆی بە ناسپاس دائەنێ، لەئەنجامدا کارێک ئەکات کابرا هۆرمی ئەوە لە ئەندێشەیدا بنەخشێنێ، لە داهاتوودا ببێ بە خاوەنی مناڵی زۆر.

تا ئێرە، گەڵاڵەی گشتی کە ئەتوانین سەدان سەربردەی جۆراوجۆری لێ هەڵهێنجین ــ بۆ نموونە، لەبری جەنگی ناوخۆ لە

٨٩٥ـ شیمەن: Chimene پاڵەوانی شانۆی لو **سید** Le Cid نووسینی کۆرنی. شیمەن شەیدای سەربازێکی جەوان ئەبێ کە باوکی ئەوی کوشتووە. هەرچەند ئەوینی کچە بە سەرباز ڕاست بوو، سەرەڕای ئەوەش داوای سزادانی سەربازەکە ئەکات. تێبینی: هـ.گ.




دژی سوورپێستەکان یان ڕفاندنی ڕانەمەڕ ئەتوانین لێرەواری توەندەرتوو دابنێین‌ــ زۆر لە چیرۆکە ئەویندارییەکانی سەدی ناونجی ئەچێت. چونکە لەوانەشدا ژنە ئەو باڵادەستییەی هەیە کە بەهوردەترین قارەمانان بنێرێ بۆ تاقیکردنەوەی دژوار تا ببێ بە شیاوی ئەوینی ئەو.

بەڵام ئەم چیرۆکە بە زۆری پێرسۆنایەکی دژبەری تریشی هەیە ــ سەماکار و سۆزانی مەیخانە کە بە زۆری ئەویش شەیدای کاوبۆکەی ئێمەیە. کەواتە، ئەگەر خودانی فیلمنامە ئاگای لێ نەبێ، ژنی زیادی لە فیلمەکەدا بوونیان ئەبێ. لەم ڕووەوە، چەند خولەکێک لە پێش کۆتایی فیلمەکە، ئەم سۆزانییە دڵپاکە پیاوی ئارەزووەکانی لە مەترسی ڕزگار ئەکات و، خۆی و ئەوینی بێفەرجامی ئەکات بە گۆری[٨٩٦] بەختەوەری کاوبۆکەمان و، بەم کارە بینەرانیش ئەو ئەبەخشن و بە ڕێزەوە لێی ئەڕوانن.

لێرەدا ئەبێ تۆزێ بیر بکەینەوە. سەرەتا ئەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە جیاوازی نێوان باش و بەد تەنها لەمەڕ پیاوانە. ژنان، لە هەر پلەیەکی کۆمەڵایەتیدا بن، لە هەموو نموونەکاندا شیاوی خۆشویستنن یان لانیکەم، جێگەی ڕێز یان بەزەیین. بێبایەخترین لەشفرۆش بە ئەوین و مەرگ ئەبەخشرێ ــ هەرچەند لە فیلمی گالیسکەی مەرگ کە لە چیرۆکی **نەرمونۆڵی**[٨٩٧] مۆپاسان ئەچێت، لە

---

**٨٩٦** ـ گۆری: victim کەسێک کە لە ئەنجامی تاوان، ڕووداو، یان هەڵکەوتێک زیانی پێگەیشتووە، بریندار بووە، یان کوژراوە. سەرگەرد، قوربانی، بەڵاگەردان ع الضحیة د قربانی.


**٨٩٧**ـ نەرمونۆڵ: Boule de Suif فیلمی درامای مێژوویی فەڕانسەیی **١٦٤٥**، دەرهێنانی کریستیان ـ ژاک، ژێوەرگیراو لە چیرۆکی مۆپاسان.




مردن ئەپەڕێتەوە. لە ڕاستیدا، چونکە خودی کاوبۆش کەم تا زۆر تاوانکارێکی گەڕاوەیە، هاوسەرگیری ئەو لەگەڵ پاڵەوانی ژن دارەتێکی زۆر ڕەوشتی و بەڕێزانە پەیدا ئەکات.

هەروەها، لە جیهانی وێستێرن ژن هەمیشە باشە و پیاو بەد. ئەوەندە بەد و بەدفەڕ کە باشترینی ئەوان ئەبێ تاقیکردنەوەی سەخت تێپەڕێنن تا بتوانن گوناهی سەرەتایی ڕەگەزی خۆیان بشۆنەوە! لە باخی بەهەشت، حەوا هەوەسی خستە دڵی ئادەمەوە. بەڵام پاکدینی ئەنگلۆساکسۆن، لە بن گوشاری مێژوودا، ئەم دۆخە ئەنجیلییەی بەراوەژوو کردوەتەوە: ڕووخانی ژن تەنها بەرەنجامی هەوەسبازی پیاوە.

ئاشکرایە ئەم بیردۆزە لە دۆخی کۆمەڵناسی ڕاستەقینەی کۆمەڵی سەرەتایی ڕۆژاواوە سەرچاوە ئەگرێ. چونکە بە هۆی کەمی ژن و مەترسی ژیانی دژوار لەم جیهانە تازە پشکووتوودا، پارێزگاری لە ژن و ئەسپ پێداویستی بوو ــ سزای دزینی ئەسپ لانیکەم قەنارە بوو. زیاتر پێویست بوو ئەنگیزەی ڕێزگرتن لە ژنان بەدی بێت، نەک ترساندن بە مردن و، ئەما هەمان وزەی ئەرێنی ئەفسانەیە. ئەفسانەی ڕۆژاوا، ژن لە پلەی هێمای پاکی و کەباری کۆمەڵایەتیدا هەم دیاری ئەکات و هەم پەسەند ئەکات، چونکە کەبارە کۆمەڵایەتییەکان شتێکن کە ئەم جیهانە شپرزەیە لە هەموو شت زیاتر پێویستی پێیان هەیە. ژن نە تەنها داهاتووی جەستەیی ئەم جیهانە، بەڵکوو بناغەی ڕەوشتی ئەویشی لە هەناویدا هەیە. چونکە تامەزرۆیی ژن بە پێکهێنانی خێزان وەک تامەزرۆیی ڕیشەیە لە ناو خاکدا.




بێگومان ئەتوانین ئەم دێڕانە، کە لە گرنگترینی ئەوانەمان کۆڵییەوە (و دوا نموونەی ئەفسانەی ئەسپ بوو)، بۆ یەک بنەمای سەرەکی دابەزێنین. هەرکام لە ئەفسانەکان لە ڕێگەی گەلاڵەیەکی دراماتیک و تایبەتەوە جەخت لەسەر ئەم مانیگەرییە داستانییە ئەکات کە هێزەکانی خراپە لە بەرامبەر شاسوارەکانی هۆی سەرەکیدا دائەنێ. لەم بەرجەوەنە بەربەرینەی مێرگوزار و بیابان و شاخ و ڕەوەز، کە شارۆچکەی تەختە و داری مشەخۆر (وەک تاک خانەی سەرەتایی شارستانییەتێک) پێیدا هەڵواسراوە، هەر شتێک ئەتوانێ ڕوو بدات. سوورپێستێک کە لەم جیهانەدا ئەژیا نەیتوانی تەناهی مرۆیی خۆی بە سەریدا بسپێنێ و تەنها بە یەککردنی خۆی لەگەڵ دڕندەیی بێخوا توانی بەسەریدا زاڵ ببێ. بەڵام لەبری، سپیپێستی فەلە، بەکردەوە سەرکەوتووی ئەم جیهانە نوێیە. گیا لە شوێنێک چرۆ ئەکات کە ئەسپەکەی ئەو پێیدا تێپەڕێ. ئەو تەناهی ڕەوشتی و تەناهی تەکنیکی خۆی، کە لێک ئاڵۆسکاون و یەکەمی دەستەبەری دووەمییە، هاوکات بەسەر ئەم جیهانەدا ئەسەپێنێ. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئاسوودەیی هاتوچۆی فایتوون و گالیسکەکان و ئەو ئاسایشەی هێزەکانی فێدراڵ دابینی ئەکەن و دروستکردنی هێڵی بەرفراوانی ڕێگەی ئاسن لە سەقامگیرکردنی ڕێزدانان بۆ دادپەروەری و ڕێز بۆ ڕێسا گرنگییەکی کەمتری هەیە. پەیوەندی نێوان ڕەوشت و ڕێسا کە لە شارستانییەتی کەونارای ئێمەدا جگە لە بابەتێک بۆ پایاننامەی خوێندن نییە، نیو سەدە پێش ئێستە گرنگترین دۆزێک بوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ڕووبەڕووی ببوویەوە. تەنها پیاوانی بەهێز و ڕووش و بێباک توانیان ئەم سەرزەمینە دەستلێنەدراوانە ڕام بکەن. هەموو ئەزانن ئەوانە هاودەمی مەرگ بوون، کەڵکەڵە و دڵەڕاوکەی ڕەوشتی و ترس لە دۆزەخ لەبیر ئەباتەوە. پۆلیس و دادوەران باشترین یاری هەژارانن. مایەی لاوازی ئەم مرۆڤە سەرکەوتووە، هەمان هێزی ئەو بوو. لە شوێنێک کە ڕەوشتی کەسی وندا ئەبێت، تەنها ڕێسا ئەتوانێ تەناهی لەبار و لەباری تەناهی سەقامگیر بکات.

بەڵام ڕێسا لەم نموونەدا نادادگەرە، کە وای دەرئەخات بوونی کۆمەڵگەیەکی ڕەوشتی دەستەبەر ئەکات. بەڵام توانای تاکەکاسی ئەندامانی کۆمەڵگە پشتگوێ ئەخات. ئەم دادگەرییە ئەگەر بڕیار بێ کارا بێت، ئەبێ بە دەستی کەسانێک بەڕێوە بچێ کە هەمان بوێری و بێباکی تاوانکارانیان هەبێ. بەڵام ئەم کەبار و تازیارانە، وەکوو وتمان، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کەبار بە واتای ڕەها ناگونجێ. **شێریف**، هەمیشە لەو هەڵەکارەی لە قەنارەی ئەدات، باشتر نییە. بە ناچار ناکۆکییەکی ناچاری بەدی دێت. بە زۆری لە نێوان ڕێساگەر و ڕێساشکێندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە. لەگەڵ ئەوەش، ئەستێرەی یەخەی شێریف ئەبێ بە نیشانەی پیرۆزی داد بزانین. بەڵام بایەخەکەی پەیوەندی بە بایەخی ئەو کەسەوە نییە داویە لە یەخەی. ئەبێ ناکۆکییەکی تریش بەم نموونەیە زیاد بکەین. ڕاپەڕاندنی داد ئەگەر بڕیار بێ کاریگەر بێت، ئەبێ توندوتیژ و خێرا ڕابپەڕێنرێ ــ هەڵبەت نە بە ڕادەی بنبڕکردنی بێدادگایی ــ و کە وابوو ئەبێ هەلومەرجی کەمکردنەوەی سزا، وەک ئەوەی کە سەلماندنیان ڕەنگە درێژە بکێشێ، لەبەر چاو نەگرێ. ئەم چەشنە دادگەرییە، لە ڕەوتی پاراستنی کۆمەڵگە ڕەنگە بەرامبەر

بە سەرکەشترین و، نەوەک بە ناچاری بێسوودترین یان تەنانەت نەشیاوترین ڕۆڵەکانی نامێهرەبانی ڕەوا ببینێ.


هەرچەند پێداویستی ڕێسا هەرگیز تا ئەم ڕادەیە نەبەستراوە بە پێداویستی ڕەوشتەوە، لە هەمان کاتدا دژایەتی ئەوانەش تا ئەم ڕادەیە بەرهەست و ئاشکرا نەبووە. هەر ئەم خاڵە کە لە چوارچێوەی کۆمێدی بەزموکوت، بنەمای فیلمی **دیدەنیاری** چاپلین بەدی ئەهێنێ. لە کۆتایی ئەم فیلمەدا ئەبینین چارلی لە سەر سنووری نێوان چاکە و خراپە، کە بە ڕێکەوت سنووری مێکزیکیشە، بۆ خۆی ئەڕوات.

گالیسکەی جان فۆرد وێنەیەکی دراماتیکی سەرنجڕاکێشە لە سەربردەی سووخۆر و فێڵباز و، دەری ئەخات لەشفرۆشێک لەو دەمڕاستە دەمارگرانەی ئەویان شاربەدەر کرد، بەڕێزتر بێت و ببێ بە خاوەنی ئەو ڕێزەی کە هاوسەری ئەفسرێکی سپا، قوماربازێکی خۆشگوزەران بە شیانستی پلەی خانەدانێک گیانی دەربچێت؛ یان پزیشکێکی ئەلکولی ئەتوانێ کارەکەی بە لێوەشاوەیی و خۆبەختکردنەوە ئەنجام بدات؛ یان یاخییەک کە بە هۆی کارەکانی ڕابوردوویەوە و ڕەنگە داهاتوویەوە بە دوایدا ئەگەڕێن، ئەتوانێ ئەمەگ و بەخشندەیی و جەربەزە و ناسکی پیشان بدات و؛ لە هەمان کاتدا، بانکدارێکی بەناوبانگ و بەڕەسید بە گەنجینەی پارەوە هەڵێ و بڕوات.

بەمجۆرە، لە سەرچاوەی وێستێرن بنەمای ڕەوشتی داستان و تەنانەت تراجێدیا ئەبینین. وێستێرن لەو ڕووەوە ئەچێتە پێژەی داستانەوە کە پاڵەوانەکانی لە ئاستێکی بان مرۆیی دان و دلاوەرییەکانیان شکۆی ئەفسانەی هەیە. **بیلی دێ کید**[٨٩٨] وەک

---

**٨٩٨**ـ بیلی دێ کید: Billy the Kid (١٨٥٨ـ١٨٨١) یاخی و جەنگاوەری




اخیلۆس لەشکست نەهاتووە و چەکەکەی هەڵە ناکات. کاوبۆی، شاسواری دەمانچە بەدەست. شێوازی میزانسن بەگوێرەی کەسایەتی پاڵەوانە. شوێنی وێناکراو لە دیمەنەکاندا، بە جۆرێک گواستنەوە بۆ کەوشەنی داستان پیشان ئەدات. چونکە ئەم نموودانە وازیان بەرەو ئاسۆی فراوانە، نموودی زۆر بەرفراوان و زۆر دوور کە هەمیشە ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت ئەخەنەوە یاد. وێستێرن بە کردەوە نمای درشت و تەنانەت نمای مامناونجی بەکار ناهێنێ و لەبری ئەوە، نمای گەڕۆک و سووڕانی ئاسۆیی کامێرای لا باشترە، کە ئەویش خۆی لە سنووری قاپی وێنە دەرباز ئەکات و گشتێتی و یەکپارچەیی شوێن ئەپارێزێ.

ئەمە دروست. بەڵام ئەم شێوازە داستانییە واتای ڕاستەقینەی خۆی تەنها لەو ڕەوشتە وەرئەگرێ کە بنەماکەیەتی و ئەبێ بە پاساوی. مەبەست لە ڕەوشت، ئەو جیهانەیە کە چاکە و خراپەی کۆمەڵایەتی، لە دارەتی سادەیی و پێویستیاندا، دوو توخمی بناغەیین. بەڵام چاکە لە دارەتی کۆرپەییدا ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕێسا بە توندوتیژی سەرەتایی پێ بگرێ و، ئەوسا کە یەکەم ململانێ لە نێوان پێشکەوتنی دادگەری کۆمەڵایەتی و تاکگەرایی دادگەری ڕەوشتی، لە نێوان زاڵبوونی مسۆگەری ڕێسا کە تەناهی و ئاسوودەیی شارستانی داهاتووە و تەناهی خۆڕاگری خودئاگا و تاک خۆی دەر ئەخات، داستان ئەبێ بە تراجێدیا.

سادەیی کۆرنیاسای فیلمنامەکانی وێستێرن بە زۆری مایەی

---

دەمانچە لە وێستێڕنی کۆنی ئەمریکادا. لە ٢١ساڵی کوژرا.


تیتاڵی بوون. شێوەی نێوان ئەوانە و دەقی **لو سید** ئاشکرایە: هەمان ململانێی نێوان ئەوین و ڕاسپاردە، هەمان ئەزموونی شاسوارشکێن کە سەرکەوتن لەوانەدا ئەبێتە هۆی بەخشینی ئەو سووکایەتییە کە پیاوەکە بەرامبەر بە بنەماڵەی کیژی بەئاوەز ڕەوای بینیوە؛ هەمان فەهیت و ڕوومەتی سۆزداری کە لەسەر ئەوینی ڕێزگر لە ڕێسای کۆمەڵگە و ڕەوشت دامەزراوە. بەڵام ئەم بەراوردە، گوێزانی دوو دەمە: گاڵتەکردن بە وێسترن لە ڕێگەی بەراوردکردنی لەگەڵ بەرهەمەکانی کۆرنی، پیشاندانی مەزنی وێسترنیش ئەگەیەنێ، مەزنییەک ڕەنگە لە ڕەفتاری منالان ئەچێت، بە هەمان شێوە کە سەردەمی منالی لە هۆنراوە نزیکە.

لەم لایەنەدا گومانمان نییە کە مرۆڤی دڵپاکی هەمو مەڵبەندەکان ــ و هەروەها منالان ــ سەرەڕای جیاوازی زمان و شوێن و جلوبەرگ و داب و نەریت، ئەم مەزنییە بێفیزە لە وێسترندا ئەبینن. چونکە پاڵەوانی داستانی و تراجیک کەسایەتییەکی جیهانییە. جەنگی ناوخۆ بەشێک لە مێژووی سەدەی نۆزدەیە کە وێسترن کردوویەتی بە جەنگی ترۆی نوێترین داستانەکان. کۆچکردن بۆ ڕۆژاوا، ئۆدیسەی ئەمرۆی ئێمەیە.

کەواتە، لایەنی مێژوویی وێسترن نەتەنها بە گرەوشتی ئاشکرای ئەم ژانرە بە دۆخی توندرەوانە، قەبەکردنەوەی ڕاستییەکان و کەڵکوەرگرتن لە فریشتەی ڕزگاری ☞ (و بە کورتی، لەگەڵ هەموو ئەوەی ئەیکات بە نەلواو) لە دژایەتیدا نییە؛ بەڵکوو بە پێچەوانە، جوانناسی و دەروونناسییەکەی دائەڕێژێ. لە مێژووی سینەما تەنها یەک سینەمای داستانی تر ئەناسین کە ئەویش سینەمای مێژووییە. لێرەدا نامانەوێ تەشکی داستانی لە فیلمی ڕووسی و لە فیلمی

ئەمریکاییدا پێکەوە بەراورد بکەین، بەڵام لێکدانەوەی شێوازی ئەوان ئەتوانێ تیشکێکی تازە و چاوەڕواننەکراو بخاتە سەر واتای مێژووی ئەو ڕووداوانەی لە هەر دوو جۆر فیلمدا نۆژەن ئەکرێتەوە. مەبەستی ئێمە تەنها ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین، ئەوەی شێوازی ئەم فیلمانە دیاری ئەکات، لێکچوونیان لە ڕۆژەڤە مێژووییەکان نییە. ئەفسانە هەیە لە چرکەساتێکدا بەدی دێت، بەڵام بۆ ئەوەی ببێ بە داستان نیو سەدە کاتی پێویستە. شۆڕشی سۆڤیەتیش وەکوو سەرکەوتنی ڕۆژاوا، زنجیرەیەک ڕووداوی مێژوویییە کە لەدایکبوونێکی سەربازی تازە و ژیارێکی نوێ پیشان ئەدات. هەردووکیان پێویستە بۆ پەسەندی مێژوو ئەفسانە بەدی بهێنن، هەردووکیان ناچار بوون ڕەوشت سەرلەنوێ دارێژنەوە تا بتوانن لە سەرەتای ژیانیاندا و بەر لە تێکەڵی و ئاڵوودەبوون، بناغەی ڕێسایەک بدۆزنەوە کە شپرزەییەکەی بکات بە تەناهی و ئاسمان لە زەوی جیا بکاتەوە. بەڵام ڕەنگە سینەما تەنها زمانێک بوو کە هەم ئەم خاڵەی ڕاگەیاند و هەم لەویش گرنگتر، ڕەهەندی ڕاستەقینەی جوانناسی پێ بەخشی. ئەگەر سینەما نەبوایەت، لە سەرکەوتنی ڕۆژاوا، لە قاڵبی چیرۆکی وێستێرن شتێک جگە لە وێژەیەکی پلە دوو نەئەمایەوە. هونەری سۆڤیەتیش نەیتوانی تەنها بە شێوەکاری یان ڕۆمان مەزنایەتی خۆی پێشکەش بە جیهان بکات. ڕاستی ئەوەیە لەمە بەدوا، سینەما هونەرێکی بە تایبەت داستانییە◆

From *La Grande aventure du western 1894-1964*




## گەشـــەی وێســـتێرن

تا دەسپێکی جەنگی جیهانی دووەم، وێستێرن گەیشتبووییە قۆناغێکی گەشەکردن. ساڵی ١٩٤٠ خاڵێکە لە پاش ئەوە گۆڕانێکی تازە ناچاری بوو، گۆڕانێک کە جەنگی چوار ساڵە خستییە دواوە و پاشان گۆڕای، بەبێ ئەوەی بتوانێ باشاری بکات. گالیسکە (١٩٣٩) نموونەیەکی بەرزی پێگەیشتن و خەملآنی شێوازێکە بە لوتکەی گەشەی کلاسیک گەیشتووە. **جان فۆرد** لە نێوان ئەفسانەی کۆمەڵایەتی، ئاواکردنەوەی مێژوویی، ڕاستەقینەی دەروونناسانە و ناوەرۆکی نەریتی مێزانسنی وێستێرندا هاوسەنگی و هەماهەنگی ئارمانجی بەدی هێنا، بە شێوەیەک کە هیچکام لەم توخمانە بەسەر یەکەدا زاڵ نەبوون. **گالیسکە** وەک چەرخێکە، ئەوەندە زیرەکانە سازکراوە کە لە هەر هەلومەرجێکدا لە سەر تەوەری خۆی، لە دارەتی لەنگەرگرتوودا ئەوەستێ. لە خوارە ناوی هەندێ دەرهێنەر و فیلمی ١٩٣٩ و ١٩٤٠ ئەهێنین:

- کینگ ڤیدۆر: گوزەرگەی باشوور (١٩٤٠)
- مایکڵ کۆرتێز: گوزەرگەی سانتا فێ (١٩٤٠)، ڤیرجینیا (١٩٤٠)
- فریتز لانگ: گەڕانەوەی فرانک جەیمز و، وێستێرن یونیۆن (١٩٤٠)
- جان فۆرد: دەهۆڵی مۆهاوک (١٩٣٩)










• ویلیەم وایلەر: وێسترنێر (١٩٤٠)

• جۆرج مارشاڵ: دیستری غار ئەداتەوە، لەگەڵ مارلێن دیتریش (١٩٣٩)[٨٩٩]

ئەم پێڕستە گرنگە. چونکە پیشانی ئەدات دەرهێنەرانی ناسراو کە ڕەنگە بیست ساڵ بێناو بوون، کاریان بە وێستێڕنی لەدوای یەک دەست پێکردبوو، لەوپەڕی ناوداری گەڕابوونەوە بۆ کەوشەنی وێستێرن. تەنانەت وایلەر کە بە ڕاستی، لە هەر بوارێک جگە لەم ژانرە بەهرەی هەبوو. ئەم دیاردەیە ئەتوانین بە برەوی بەربڵاوی وێستێرن لە ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٠ بزانین. ڕەنگە ئەو زانیارییە نەتەوەییەی بەر لە سەردەمی زۆژڤێڵت هەبوو، کاریگەری لەم بوارەدا هەبووبێ. هەر چۆنێک بێ، ناتوانین لەم بیرە دەرباز ببین. چونکە وێستێرن ڕەگی لە مێژووی نەتەوەی ئەمریکا دایە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەسنی ئەم مێژووە ئەکات.


هەرچۆن بێ ئەم خولە پەسەندی ژان لویی ڕیۆپیەرۆیە کە وێستێرن بە خاوەنی ڕیالیزمی مێژوویی ئەزانێ.[٩٠٠]

بەڵام ناکۆکی ڕواڵەتی، ئەوەیە کە جەنگ، بە واتای ڕاستەقینەی وشە، فیلمی وێستێڕنی لە پێڕستی بەرهەمی هالیوود لابرد. ئەگەر تۆزێک بیری لێبکەینەوە ئەبینین جێگەی سەرسووڕمان نییە. بە

---


**٨٩٩**ـ جۆرج مارشاڵ ساڵی **١٩٥٥** نۆژەنێکی سەرنەکەوتووی ئەم فیلمەی بە بەشداری ئێدی مۆرفی هێنایە سەر پەردە.

**٩٠٠**ـ وێستێرن یان باڵاترین نموونەی فیلمی ئەمریکایی Le Western ou le cinéma américain par excellence، کۆمەڵەی «هونەری حەوتەم» وەشانی Cerf پاریس، **١٩٥٣**.










هەمان سۆنگەی فیلمی وێستێرن زۆر بوو و بە بەهای لەناوبردنی فیلمی پڕ ڕووداوی تر، برەوی پەیدا کرا، فیلمی جەنگیش، هەرچەند بۆ ماوەیەکی کاتی، ئەوانەی لە گۆڕەپان کردە دەرەوە.


ئەوەندەی سەرکەوتن لە جەنگدا مسۆگەر بوو و تەنانەت بەر لە جێگیر بوونی کۆتایی ئاشتی، وێستێرن دیسانەوە برەوی پەیدا کرد و بە ژمارەیەکی زۆر دروست کرا. بەڵام ئەم قۆناغە تازەیە لە مێژووی وێستێرن شیاوی لێکۆڵینەوەیەکی وردترە.

ئەو لوتکە یان گەشەی کلاسیکە کە فیلمی وێستێرن پێی گەیشتبوو، پێویستی بەوە هەبوو بۆ مانەوەی خۆی توخمی تازە بهێنێتە ئاراوە. نامەوێ هەموو شتێک بە گوێرەی پەیڕەوی بەناوبانگی خولە لەدوای یەکەکانی جوانناسی شی بکەمەوە، بەڵام هیچ ڕێسایەک نییە لێرەدا بەر بە بەکارهێنانی بگرێ. **کلەمەنتاینی خۆشەویستم**[٩٠١] (١٩٦٤) و **قەڵای ئاپاچی**[٩٠٢] ئەتوانین بە ڕازاندنەوەی بارۆک بەسەر کلاسیککەرایی **گالیسکە** بزانین. هەر چۆنێک بێ، ڕەنگە ئەم چەمکەی بارۆک ئەتوانین بە چەشنێک تەشکی تەکنیکی بەنرخی ڕێژەیی ئەم یان ئەو فیلمنامە بزانین، بەڵام لام وانییە بتوانێ پاساوی هیچ گەشەیەکی ئاڵۆزی تر بداتەوە. ئەم گەشەیە ئەبێ بە گوێرەی ئاستی گەشەی وێستێرن لە ١٩٤٠ و هەروەها

---

**٩٠١ـ** کلەمەنتاینی خۆشەویستم: My Darling Clementine فیلمی وێستێڕنی **١٩٤٦**، دەرهێنانی جان فۆرد.

**٩٠٢ـ** قەڵای ئاپاچی: Fort Apache وێستێڕنی **١٩٤٨**، دەرهێنانی جان فۆرد.




لەسەر بناغەی ڕووداوەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ شرۆڤە بکەین.

لێرەدا کۆمەڵەی ئەو شێوازانەی وێستێرن لە پاش جەنگ بە خۆیەوە گرت، ناو ئەنێین سووپەر وێستێرن. ئەم زاراوەیە، بۆ مەبەستی ئەم نووسراوە، ئەو دیاردانە ئەخاتە تەک یەک کە هەمیشە مایەی بەراورد نین. هەڵبەت ئەتوانین بە لایەنی نەرێنی دابنێین و لەگەڵ کلاسیکگەرایی دەهەی چل و نەریتی بەرەنجامی دای بنێین. سووپەر وێستێرن وێستێرنێکە کە ترێق ئەبێتەوە تەنها بە خۆیەوە سنووردار بکرێ. بە دوای کێشەری تردا ئەگەڕێ تا ببێ بە پاساوی بوونی ـ کێشەری جوانناسی، کۆمەڵناسی، ڕەوشتی، دەروونناسی، ڕامیاری یان ئێرۆتیک ـ بە کورتە، ئەو چۆنایەتییانەن کە هیی خودی ئەم ژانرە نین و وا پێئەچێ بیخەملێنن و دەوڵەمەندی بکەن. پاشتر دێینەوە سەر لەم لایەنانە. بەڵام سەرەتا ئەبێ کاریگەری جەنگ بەسەر گەشەی وێستێرن لە پاش ١٩٤٤ـەوە پیشان بدەین. ڕەنگە دیاردەی سووپەر وێستێرن بە هەر شێوە ڕووی ئەدا، بەڵام ناوەرۆکەکەی جیاواز ئەبوو. کاریگەری ڕاستەقینەی جەنگ کاتێک بە قووڵی هەست پێکرا کە جەنگ کۆتایی هاتبوو. دیارە ئەو فیلمە گرنگانەی سرووشیان لە جەنگ وەرگرتبوو پاش ساڵی ١٩٤٥ دروست کران. جەنگی جیهانی نە تەنها دیمەنی شکۆمەندی خستە بەردەستی هالیوود، بەڵکوو بابەتیشی پێدا و، لە ڕاستیدا، بەسەریدا سەپاند، کە لانیکەم چەند ساڵێک بیریان لێ بکاتەوە. مێژوو کە تا ئەو کاتە تەنها کەرستەی خاو بوو بۆ وێستێرن، بوو بە بابەتی: ئەم خاڵە بە تایبەت لەمەڕ قەڵای ئاپاچی ڕاستە، کە نیشتەجێکردنەوەی






سوورپێستەکان بە گوێرەی ڕامیاری دەوڵەتی ئەمریکا ئەبینین. پاش ئەم فیلمە، وێستێڕنی زۆر ساز کرا تا نۆرەی فیلمی **بڕانکۆ ئاپاچی**[٩٠٣] گەیشت. نمونەی دیاری ئەم فیلمانە **تیری شکاو**[٩٠٤] دەرهێنانی **دیلمەر دەیڤزە**[٩٠٥]. بەڵام کاریگەری قوڵتری جەنگ، بێگومان ناڕاستەوخۆترە و لە شوێنێک ئەتوانین بیبینین کە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی یان ڕەوشتی جێگەی ناوەرۆکێکی نەریتی ئەگرێتەوە. سەرچاوەی ئەم کاریگەرییە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٤ و فیلمی **ڕووداوی ئاکسبۆ**[٩٠٦] بەرهەمی **ویلیەم ویڵمەن**[٩٠٧]، کە فیلمی **قرچەی نیوەڕۆ** خزمی دووریەتی (بەڵام فیلمی **فرێد زینەمانیش**[٩٠٨] چەشنێک مەککارتیسمی توندڕەوانەیە کە جێگەی پێداچوونەوەیە).

ئیرۆتیسیزمیش ئەتوانین لانیکەم، بە بەرەنجامی ناڕاستەوخۆی جەنگ بزانین. چونکە سەرچاوەکەی لە برەوی پۆستەری کچانی

---

**٩٠٣ـ** بڕانکۆ ئاپاچی: Bronco Apache یان ئاپاچی، فیلمی وێستێڕنی **١٩٥٤**، دەرهێنانی ڕابێرت ئاڵدریچ.


**٩٠٤ـ** تیری شکاو: Broken Arrow فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٠**، دەرهێنانی دیلمەر دەیڤز.

**٩٠٥ـ** دیلمەر دەیڤز: Delmer Daves (**١٩٠٤ـ١٩٧٧**) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**٩٠٦ـ** ڕووداوی ئاکسبۆ: Oxbow Incident فیلمی وێستێڕنی **١٩٤٣**، دەرهێنانی ویلیەم ویڵمەن.

**٩٠٧ـ** ویلیەم ویڵمەن: William Wellman (**١٨٩٦ـ١٩٧٥**) دەرهێنەری ئەمریکایی سینەما.

**٩٠٨ـ** فرێد زینەمان: Fred Zinnemann (**١٩٠٧ـ١٩٩٧**) دەرهێنەری ئۆتریشی ئەمریکایی سینەما. براوەی چوار خەڵاتی ئۆسکار.




نیوەڕووت دایە. ئەم خاڵە بە ڕاستی، سەبارەت بە فیلمی **نافەرمان**(٩٠٩) بەرهەمی **هاوارد هیووز**(٩١٠) بەڕاست ئەگەڕێ. ئەوین بە گشتی لەگەڵ فیلمی وێستێرن بێگانەیە (فیلمی **شەین**(٩١١) بەجێ سوودی لەم ناکۆکییە وەرگرتووە) و، لەگەڵ دیمەنی جنسیش تا ڕادەیەک بە هەمان شێوە. دەرکەوتنی ئەم دیمەنانە وەک چەشنێک سەکۆی هەڵدانی دراماتیک، پیشانی ئەدات لەمە بەدوا ئەم ژانرە وەک لایەنێکی بەرامبەرکێ بەکار ئەهێنرێ، تا کێشەری جنسی پاڵەوانی ژن بەهێزتر و ڕەنگدارتر پیشان بدات. لەمەڕ مەبەستی فیلمی **دوێل لەبەر تاو**(٩١٢) هیچ گومانم نییە، گرشە و وریشەی سەرنجڕاکێشی ئەم فیلمە هۆکارێکی تر بەدی ئەهێنێ تا، هەرچەند لەسەر بنەمایەکی تەشکی، بە فیلمی سووپەروێستێرنی بزانین.

هێشتاش، **قرچەی خۆرەتاو** و **شەین** دوو فیلمن کە هەڵبەز(٩١٣) لەم ژانرەدا بە باشی پیشان ئەدەن. هەڵبەزێک کە بەرەنجامی ئاگایی ئەم ژانرەیە لە خۆی و لە سنووردارییەکەی. لە یەکەمیاندا، فرێد زینەمان کاریگەری درامای ڕەوشتی لەگەڵ جوانپەرستی شێوازەکەی موتوربە ئەکات. من لە ڕیزی ئەو کەسانەدا نیم بە

---


**٩٠٩** ـ نافەرمان: The Outlaw فیلمی وێستێڕنی **١٩٤٣** دەرهێنانی هاوارد هیووز.

**٩١٠** ـ هاوارد هیووز: Howard Hughes (**١٩٠٥ـ١٩٧٦**) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**٩١١** ـ شەین: Shane وێستێڕنی ڕەنگی ئەمریکایی، دەرهێنانی جۆرج ستیوارت.

**٩١٢** ـ دوێل لەبەر تاو: Duel in the Sun فیلمی وێستێڕنی دەروونناسی **١٩٤٦**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی کینگ ڤیدۆر.

**٩١٣** ـ هەڵبەز: mutation بازدان، تەکانی بە تەوژم [ع] تحول [د] جهش.




مۆنی ڕوو لە فیلمی قرچەی خۆرەتا وەرئەگێڕن. بەڵکوو بە فیلمێکی جوانی ئەزانم و لە فیلمی **ستیڤەنس** بە باشتری دائەنێم. بەڵام پسپۆڕییەکی مەزن کە لە ژێوەرگرتنی **فۆرمەن**دا هەیە، بەهرەی ئەوە کە توانیوێتی چیرۆکێ کە ئەکرا لە ژانرێکی تردا پەرداخت بکرێ، لەگەڵ ناوەرۆکی نەریتی وێستێرن موتوربە بکات. بە گوتەیەکی تر، ئەو وێستێڕنی بە تەشکێک زانیوە بە دوای ناوەرۆکدا ئەگەڕێ. لەمەڕ فیلمی شەین ئەبێ بڵێم ئەم بەرهەمە ئەوپەڕی سووپەروێستێرنسازییە. لە ڕاستیدا، **جۆڕج ستیڤەنس**(٩١٤) بەم کارەی، وێستێڕنی بە وێستێرن پاساو داوەتەوە. ئەوانی تر ئەوپەڕی بلیمەتییان بەکار ئەهێنن تا لە ئەفسانەی پەنام، ناوەرۆکی ڕاشکاو دەربکێشن. بەڵام ناواخنی شەین خۆی ئەفسانەیە. لەم فیلمەدا، ستیڤەنس دوو سێ ناوەرۆکی سەرەکی وێستێرن تێکەڵ ئەکات؛ لە کاتێکدا، کە ناوەرۆکی سەرەکی سوارچاکێکە بە دوای ئارمانجی کۆتایی خۆیدا سەرگەردانە. بۆ ئەوەی کەسێک لەم بوارەدا هەڵە نەکات، ستیڤەنس جلی سپی لەبەر کردووە. لە جیهانی مانەوی وێستێرندا، جلی سپی و ئەسپی سپی لە هێما دیارەکانە و، جلوبەرگی **ئالان لەد**(٩١٥) هەموو گرنگی هێمایەکی لەگەڵ خۆی هەیە. لە کاتێکدا، جلوبەرگی **تام میکس** تەنها یوونیفۆرمی چاکە و بوێری بوو. کەواتە، سووڕێکی تەواوەتیمان داوەتەوە. چونکە زەوی گۆیە. سووپەروێستێرن ئەوەندە پێشکەوتووە کە دووبارە خۆی لە


٩١٤ـ جۆڕج ستیڤەنس: George Stevens (١٩٠٤ـ١٩٧٥) دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری سینەمای ئەمریکا، براوەی ئۆسکاری ١٩٥٣.

٩١٥ـ ئالان لەد: Alan Ladd (١٩١٣ـ١٩٦٤) هونەرپیشەی ئەمریکایی.




کوێستانی ڕاکیدا دۆزیوەتەوە. ئەگەر وێستێرن لە دارەتی توانەوەدا بوایەت سووپەروێستێرن بە واتای تیاچوون و هەڵتەکانی کۆتایی ئەبوو. بەڵام مسۆگەر ئەستووی پێکهێنەری وێستێرن، جگە لە کۆمێدی ئەمریکایی یان فیلمی تاوانە. هەڵچوون و داچوونی زۆر کار ناکاتە سەر بوونی. وێستێرن ڕەگی لە بن خاکی هالیوودەوە بە هەموو لایەکدا بڵاو ئەکاتەوە و بە سەرسووڕمانەوە ئەبینین مژێنەری سەوز و چوارهەنگڵ لە نێوان پەیوەندی بە ڕواڵەت گەش بەڵام نەزۆکەوە سەر هەئەلێنن و جێگەی ئەوانە ئەگرنەوە.

لە سەرەتادا ئەبێ بڵێین سەرهەڵدانی سووپەروێستێرن تەنها کاری کردووەتە سەر بەرهەمی نائاسایی: واتە فیلمی پلە ئاَ و فیلمی بە بووجەی مەزنەوە. ئەم لەرزە ڕووکەشانە، ناوکی بازرگانی نەشێواندووە، واتە جەماوەری وێستێرنی بانبازرگانی فیلمی سواری و موزیکاڵ، کە ڕەنگە لە تلەڤیزیۆندا ژیانێکی نوێیان پەیدا کردووە (سەرکەوتنی هاپالانگ کاسیدیش گۆڤانێکی ئەم داخوازەیە و هەم وزەی ژیانی ئەم ئەفسانەیە، تەنانەت لە سەرەتاییترین تەشکیدا ئەسەلمێنێ). ئەوەی کە بەرەی نوێ ئەم فیلمانە پەژێرە ئەکات، سەرکەوتنیان بۆ چەندین خولی تر دابین ئەکات بەڵام وێستێرنی کەم تێچوو، هەرگیز لە فەڕانسە پیشان نەدران و ناچارین گوتەی ئەندامانی کۆمپانیا ئەمریکاییەکان پاتە بکەینەوە، کە ئەڵێن لە ڕووی بازرگانییەوە سەرکەوتوو بوون. ئەگەر کێشەری جوانناسانەی هەرکام لەوانە سنووردارە، لە لایەکی







ترەوە خودی بوونیان هۆکارێکە بۆ بێوەیبوونی ئەم ژانرە. وێستێڕنی نەریتی، لەم توێژە «نزمتر»انە کە برەوی ئابوورییان دانەبەزیوە، ڕەگئاژۆیی کردووە. چونکە سووپەروێستێرن لە ئارادا بێت یان نا، وێستێرن هەمیشە پلەی لە **ب-فیلم**دا ئەبێ. وێستێرنێک کە نایەوێ لە پشت بڕوبیانووی ڕووناکبیرانە یان جواننناسانە خۆی حەشار بدات. لە ڕاستیدا، چەمکی فیلمی پلە **ب** جێگەی مشتومڕە. چونکە ئەوەستێتە سەر ئەوەی پلەی ئا بە چ ڕادەیەک دابنێین. ئەو فیلمانەی لێرەدا مەبەستی گفتوگۆن، فیلمی بە تەواوەتی بازرگانی و تا ڕادەیەک پڕتێچوون و پەژێرەی ئەوانە وەستاوەتە سەر ناوبانگی ئەکتەری یەکەم و چیرۆکی تۆکمە، کە لە هەر بەرزەفڕی ڕووناکبیرانە بەدوورە. **دەستڕاست**[٩١٦] دەرهێنانی **هێنری کینگ** و بەشداری **گریگۆری پێک**، نموونەیەکی ناوازە لەم چەشنە فیلمە ڕاکێشەرەیە کە تێیدا ناوەرۆکی کلاسیکی بکوژێک کە ئیتر نایەوێ درێژە بە کاری خۆی بدات، بەڵام ناچار بە کوشتن ئەبێ، لە چوارچێوەیەکی دراماتیک و بەپارێزی زۆرەوە داڕێژراوە. لێرەدا ئەبێ لە **سەرانسەری میسۆری بەرین**[٩١٧] دەرهێنانی **ویلیەم ویلمەن** و بەشداری **کلارک گەیبڵ** و بە تایبەت فیلمی **ژنانی بەرەو ڕۆژئاوا**[٩١٨]

---

**٩١٦-** دەستڕاست: The Gun fighter فیلمی وێستێڕنی **١٩٥٠**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی هێنری کینگ.

**٩١٧-** سەرانسەری میسۆری بەرین: Across the Wide Missouri فیلمی وێستێڕنی **١٩٥١** ئەمریکایی، دەرهێنانی ویلیەم ویلمەن.

**٩١٨-** ژنانی بەرەو ڕۆژئاوا: Westward the women فیلمی وێستێڕنی **١٩٥١**ی






دیسان بەرهەمی هەر ئەم دەرهێنەرە ناو ببەین.

**جان فۆردیش** لە **ڕیۆ گراندەدا**[٩١٩] بە ئاشکرا بۆ شێوازی شێوەزنجیرەی بازرگانی نەریتی ــ چیرۆکی ئەوینداری و وەکوو ئەوانە ــ گەڕاوەتەوە. کە وابوو سەیر نییە لەم پێڕستەدا، پاشماوەیەکی ڕۆژانی کۆنی سەرەتا ببینین: **ئالان دوان**[٩٢٠]. ئەو کەسێکە بە نۆرەی خۆی هەرگیز شێوازی دێرسی «**ترای ئەنگل**»[٩٢١]ی واز لێنەهێناوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە پاکتاوکردنی سەردەمی مەککارتی ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندبوو، تا کەوشەنی چەمکی کەون پەرە پێ بدات (**ڕەگەی زیو**، ١٩٥٤)[٩٢٢].

هێشتاش چەند خاڵی تر ماوە. ئەو دابەشینەی تا ئێرە پەیگیریم کردووە کێماسە و، ئیتر نابێ گەشەی ژانری وێستێرن بە خودی وێستێرن شرۆڤە بکەم. بەڵکوو ئەبێ دانەرانی ئەم بەرهەمانەش لە پلەی باڵای بڕیاردەردا ناو ببەم. بێگومان دەرئەکەوێ کە پێڕستی ئەم فیلمە تا ڕادەیەک نەریتییانەی کەمتر کەوتوونەتە بن کاریگەری سووپەروێستێرنەوە، تەنها ناوی ئەو دەرهێنەرە

---


ئەمریکایی، دەرهێنانی دەرهێنانی ویلیەم ویلْمەن.

**٩١٩ـ** ڕیۆ گراندە: Rio Grande فیلمی وێستێڕنی **١٩٥١**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی جان فۆرد.

**٩٢٠ـ** ئالان دوان: Allan Dwan (**١٨٨٥ـ ١٩٨١**) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**٩٢١ـ** ترای ئەنگڵ: Triangle یەکێتی سێ کۆمپانیای ئەمریکایی بەرهەمهێنانی فیلم: کیستۆن، کەی بی، فاین ئاڕتز.

**٩٢٢ـ** ڕەگەی زیو: Silver Lode






بەناوبانگانە ئەگرێتەوە بەر لە جەنگ، لە بواری فیلمی بزۆزی پڕڕووداودا شارەزاییان پەیدا کردبوو. سەیر نییە بەرهەمەکانی ئەوانە بەردەوامی وێسترن و ڕێساکانی پشتڕاست ئەکەنەوە. لە ڕاستیدا، **هاوارد هاوکس** لە لوتکەی برەوی سووپەروێسترن پیشانی دا کە هەمیشە ئەتوانرێ یەک وێستێرنی بلیمەتانە لەسەر بناغەی چەمکی دراماتیک و نمایشی کۆن بەدی بهێنرێ، بەبێ ئەوەی سەرنجمان بە بیردۆزی کۆمەڵایەتی یان بە هەمان ئەندازە بە تەشکی بەرهەمەوە بە لاڕێدا بچێت. **چەمی سوور**[٩٢٣] (١٩٤٨) و **ئاسمانی هەراو**[٩٢٤] (١٩٥٢) هەردووکیان لە ڕیزی شاکارەکانی وێستێرن دان، بەڵام لایەنی بارۆک یان بۆدواوە و دەستکردیشیان تێدا نییە. لێرەدا ناسینی ئامراز و شارەزایی لێیان هاوجووتە لەگەڵ ڕاستگۆیی و سۆلانی چیرۆک.

ئەم خاڵە لەمەڕ ڕاوول واڵش ڕاستە کە فیلمی **ساسکەچوان**[٩٢٥] (١٩٥٤)ی ئەو، سەرەڕای هەموو تایبەتمەندییە بێوێنەکانی، نموونەیەکی کلاسیکە لە وام وەرگرتن لە مێژووی ئەمریکا. بەڵام فیلمەکانی تری ئەو هەمان قۆناغی گواستنەوە ئەخاتە بەردەستم

---


**٩٢٣ـ** چەمی سوور: Red River فیلمی وێستێڕنی **١٩٤٨** ئەمریکایی، دەرهێنانی هاوارد هاوکس.

**٩٢٤ـ** ئاسمانی هەراو: The Big Sky فیلمی وێستێڕنی **١٩٥٢**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی هاوارد هاوکس.

**٩٢٥ـ** ساسکەچوان: Saskatchewan فیلمی وێستێڕنی **١٩٥٤**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕاوول واڵش.










کە بە دوایەوەم ــ و بە داخەوەم کە ئەمکارە بە تۆزێ نەخشەی لەپێشەوە ئەنجام ئەدرێ. فیلمەکانی **کۆلۆرادۆ**[٩٢٦] و **ڕاوەدوونراو**[٩٢٧] و **لەسەر دووڕێیانی مەزن**[٩٢٨]، بە لێکدانەوەیەک نموونەی دارماڵ لەو وێستێرنانەن تۆزێ لە پلەی ب بەرزترن و، بە ڕەگەیەکی دراماتیکی نەریتی دڵگەشێنەوە دروست کراون. مسۆگەر لەوانەدا شوێن پێی هیچ بیردۆزێکی کۆمەڵایەتی نابینرێ. وازی ئێمە بە کەسایەتییەکان لەبەر ئەو ڕووداوانەیە دێتە ڕێگەیان و ئەوەی ڕوو ئەدات هەماهەنگی تەواوی هەیە لەگەڵ ناوەرۆکی وێستێرن. بەڵام شتێک لەوانەدا هەیە، کە ئەگەر ڕێکەوتی بەرهەمهێنانیانمان نەزانیبا، ڕەنگە ئەوانەمان ئەخستە ڕیزی فیلمەکانی ئەم دواییە. جا لێرەدا ئەمەوێ ئەم «شتە» پێناسە بکەم.

زۆر بە خۆمدا هەڵشاخاومەتەوە ئایە وێستێرنەکانی دەهەی پەنجا بە چ وشەیەک وەسپ بکەم. سەرەتا لام وابوو وشەی وەکوو «هەستیار» و «بەرهەست» و « هۆنەرانە» بەکار بهێنم. هەر چۆنێک بێ، وا ئەزانم ئەم وشانە نابێ بخەمە لاوە، چونکە تایبەتمەندی وێستێرنی نوێ لە بەراورد لەگەڵ سووپەروێستێرن

---

٩٢٦ـ کۆلۆرادۆ: Colorado Territory فیلمی وێستێرنی ١٩٤٩ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕاووڵ واڵش.

٩٢٧ـ ڕاوەدوونراو: Pursued فیلمی وێستێرنی ١٩٤٧ی ڕاووڵ واڵش.


٩٢٨ـ لەسەر دووڕێیانی مەزن: Along the Great Divide فیلمی وێستێرنی ١٩٥١ی ئەمریکایی، دەرهێنانی ڕاووڵ واڵش تێبینی: ئەم فیلمە بە دوو جۆر ناوی هاتووە: **لەوبەری دووڕێیانی گەورە** هەر ئەم فیلمەیە.










بە باشی وەسپ ئەکات. سووپەروێستێرن کەم تا زۆر هەمیشە دارەتی ئاوەزمەند و ئەندێشەیی هەیە، تا ئەو ڕادەی کە بینەر ئەبێ بەر لە پەسن کردن بیری لێ بکاتەوە. هەموو ئەو فیلمانەی ئەمەوێ لێیان بدوێم، لە ڕیزی ئەوانەدان ئەگەر لە **قرچەی خۆرەتاو** کەمتر ئاوەزمەند نین، لانیکەم، پاڵنەری نهێنییان[٩٢٩] نییە و، لەو فیلمانەدا بەهرە هەمیشە لە خزمەتی مێژوو دایە، نەک لە خزمەتی واتای شاراوە لە مێژوودا. وشەیەکی تر کە ڕەنگە لە وشە پێشنیازکراوەکانی من لەبارتر و تەواوکەرێکی بەسوودە بۆ ئەوانە، وشەی «ڕاستگۆیی»یە. مەبەستم ئەوەیە دەرهێنەران تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەزانن خەریکن «وێستێرن درووست ئەکەن» لەگەڵ ئەم ژانرە بە فرسەندەوە ئەجووڵێنەوە. لەم قۆناغەدا کە ئێمە چووینەتە ناو مێژووەوە؛ ساویلکەیی بە توندی هەست پێئەکرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەی سووپەروێستێرن بەدبینی یان دەستکردی ئەخاتە جێگەی ساویلکەیی، دیسان هۆکاری وا هەیە کە هێشتاش ئەتوانن ڕاستگۆ بن. **نیکۆڵاس ڕەی**[٩٣٠] کە فیلمی **جانی گیتاری**[٩٣١] لە بنەمای ناوبانگی وەرجاوەندی **جان کرافۆرد**[٩٣٢] دروست کردووە، بە ڕوونی ئەزانێ ئەیەوێ چی بکات.

---

**٩٢٩ـ** پاڵنەری نهێنی: arrière pensée یان ulterior motive

**٩٣٠ـ** نیکۆڵاس ڕەی: Nicholas Ray (**١٩١١ـ١٩٧٩**) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**٩٣١ـ** جانی گیتار: Johnny Guitar فیلمی وێستێرنی **١٩٤٩**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی نیکۆڵاس ڕەی.

**٩٣٢ـ** جۆن کرافۆرد: Joan Crawford (**١٩٠٥ـ١٩٧٧**) هونەرپیشەی ئەمریکایی.










ئەو بە هەمان ئەندازە لەگەڵ واتای دەربڕینی ئەم ژانرە ئاشنایە کە جۆرج ستیڤەنس لەگەڵ فیلمی شین. جگە لەوەش، فیلمنامە و دەرهێنەر هەرکامیان ئەدگار و سەرڕێژنەی خۆیان هەیە. بەڵام ڕەی هەرگیز ڕەفتاری نەوازشگەر یان باوکانە بەرامبەر بە فیلمەکەی بەکار ناهێنێ. ڕەنگە چێژی لێوەرگرێ، بەڵام تیتاڵی پێناکات. ڕەی ئەوەی بیەوێ بیڵێ، بە قەتیسکراوی کەوشەنی وێستێڕنی نازانێ، تەنانەت ئەگەر ئەو گوتەی ئەیەوێ بیڵێ کەسییتر و ناسکتر لە میسۆلۆژی لەگۆڕانەهاتووی وێستێرن بێت.

لە کۆتاییدا، بۆ هەڵبژاردنی وەسپێکی لەبار کە ببێ بە پێناسەی وێستێرن، زیاتر لایەنی گێڕانەوەیم لە بەرچاوە تا ڕوانینی ئەندێشەیی دەرهێنەرانی ئەم ژانرە. ئازادانە ئەڵێم بە بڕوای من باشترین وەسپ بۆ فیلمی وێستێرن ئەوەیە ئەوانە ناو بنێین «ڕۆمانئاسا novelistic». مەبەستم ئەوەیە ئەم فیلمانە بەبێ ئەوەی لە ناوەرۆکی نەریتی جیا ببنەوە، ئەوانە لە هەناوی خۆیاندا زیاتر ئەخەملێنن. ئەویش بە ڕەسەنایەتی و تازەیی کەسایەتییەکانیان و دارەت و کەشی دەروونناسانە و بە هەمان تاکگەرایی خاوەنکێشەر کە لە پاڵەوانی ڕۆمانەکە چاوەڕوانین. ئاشکرایە کاتێک دەربارەی دەوڵەمەندی دەروونناسانەی **گالیسکە** ئەدوێین، مەبەستمان ئەو شێوەیە بەکار هێنراوە، نەک سەبارەت بە یەک کەسایەتی تایبەت. سەبارەت بە کەسایەتی، بە گوێرەی هەمان کاتێگۆرییە ناسراوەکانی ئەکتەری ژانری وێستێرن ئەدوێین:










بانکدار، ژنەی بەرچاوتەنگ، لەشفرۆشی دڵپاک، قومارباز، ئاوارە و، وەکوو ئەمانە. لەم فیلمی **هەڵاتن بۆ شوێنەگومکێ**[٩٣٣] بابەت شتێکی ترە. دۆخ و کەسایەتییەکانی ئەم فیلمە جۆرەکانی هەمان نموونەی نەریتین، بەڵام ئەوەی سەرنجمان ڕائەکێشێ، زیاتر بێوێنەبوونی کەسایەتییەکانە تا جوامێری ئەوان. هەروەها ئەزانین **نیکۆلاس ڕەی** هەمیشە لەسەر بابەتە دڵخوازەکەی کار ئەکات، واتە توندوتیژی و ڕازی پێگەیشتن. باشترین نموونەی ئەم «ڕۆمانئاسا»کردنەی وێستێرن، لە دەروونەوە، **سەرەنێزەی شکاو**[٩٣٤]، بەرهەمی **ئێدوارد دمیتریک**[٩٣٥]، کە ئەزانین وێستێرنێکی نۆژەنکراوە لە ڕووی **خانەی بیانییەکان**[٩٣٦] بەرهەمی **جۆزێف مەنکەویچ**[٩٣٧]. بۆ ئەوانەی ئەم خاڵە نازانن، **سەرەنێزەی شکاو**، تەنها وێستێرنێکە ناسکتر لە وێستێرنەکانی تر و بە کەسایەتی

---

**٩٣٣ـ** هەڵاتن بۆ شوێنەگومکێ: Run for Cover فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی ١٩٥٥، دەرهێنانی نیکۆلاس ڕەی.

**٩٣٤ـ** سەرەنێزەی شکاو: Broken Lance فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی ١٩٥٤، دەرهێنانی ئێدوارد دمێتریک.

**٩٣٥ـ** ئێدوارد دمێتریک: Edward Dmytryk (**١٩٠٨ـ١٩٩٩**) دەرهێنەری ئەمریکایی سینەما.

**٩٣٦ـ** خانەی بیانییەکان: House of Strangers فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی ١٩٤٩، دەرهێنانی جۆزێف مەنکیەویچ.

**٩٣٧ـ** جۆزێف مەنکیەویچ: Joseph Mankiewicz (**١٩٠٩ـ١٩٩٣**) دەرهێنەری ئەمریکایی سینەما.




بەدفەڕتر و پەیوەندییەکی ئاڵۆزترەوە، بەڵام هێشتاش لە کەوشەنی دوو سێ بابەتی کلاسیکی وێستێڕن ناچێتە دەرەوە. لە ڕاستیدا **ئێلیا کازان**، بابەتێکی دەروونناسانە و تا ڕادەیەک هاوشێوەی **زەریای سەوزەڵانی**[٩٣٨]، ئەویش بە بەشداری **سپێنسر ترەیسی**[٩٣٩] پێشکەش ئەکات، کە بە سادەییەکی زۆر فیلمی گرتووە. ئەتوانین لە نێوان ئاساییترین وێستێرنی پلە دوو و وێستێڕنی ڕۆمانئاسا پلەی جۆراوجۆر دابنێین. دیارە پۆلێنەکەی من دڵخوازە.

لەگەڵ ئەوەش، من بۆچوونی خوارە پێشنیاز ئەکەم. هەروەک **واڵش** لە گەورەترین وێستێرنسازانی کۆنەکاری نەریتییە، ئەتوانین **ئانتۆنی مان**[٩٤٠] بە یەکێک لە کلاسیکترین دەرهێنەرانی ڕۆمانگەرای نوێ دابنێین کە جوانترین و بابەتیترین وێستێڕنی ساڵانی ئەم دواییە ئەو دروستی کردوون. لە ڕاستیدا، دانەری **مامزەی ڕووت**[٩٤١] ڕەنگە تەنها دەرهێنەری ئەمریکایی پاش جەنگە کە وا دیارە لە کەوشەنێکدا بووە بە پسپۆڕ، کە ئەوانی تر تەنها جارجارە دەستێکی بۆ ڕائەکێشن. هەر چۆنێک بێ، تاک بە تاکی فیلمەکانی ئانتۆنی مان ڕوانگەیەکی زۆر ڕاشکاو بەرامبەر بە وێستێرن


---

**٩٣٨** ـ زەریای سەوزەڵانی: Sea of Grass فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٤٧**، دەرهێنانی ئێلیا کازان.

**٩٣٩** ـ سپێنسر ترەیسی: Spencer Tracy (**١٩٠٠ ـ ١٩٦٧**) ئەکتەری ئەمریکایی.

**٩٤٠** ـ ئانتۆنی مان: Anthony Mann (**١٩٠٨ ـ ١٩٩٩**) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**٩٤١** ـ مامزەی ڕووت: The Naked Spur فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٣**، دەرهێنانی ئانتۆنی مان.






پیشان ئەدەن. ڕاستگۆییەکی سروشتی کە ئەچێتە هەناوی چەمکی وێسترنەوە و کەسایەتی بەکێشەر دافرێنێ و دۆخی ناوازەی سەرنجڕاکێش بەدی ئەهێنێ. هەرکەس بیەوێ بزانێ وێسترنی ڕاستەقینە چییە و تایبەتمەندی پێویست بۆ دەرهێنەرەکانی کامەیە، ئەبێ فیلمی **دەرووی ئەهریمەن**[٩٤٢] (١٩٥٠) بە بەشداری ڕابێرت تەیلۆر، **پێچی ڕووبار**[٩٤٣] (١٩٥٤) و **هەرێمی چەپەک**[٩٤٤] (١٩٥٤) بە بەشداری جەیمز ستیوارت ببینێ. تەنانەت ئەگەر لەم سێ فیلمەش بێئاگا بێت، مسۆگەر ئەبێ باشترینی هەموو فیلمە وێسترنەکان واتە **مامزەی ڕووت** سەیر بکات. هیوادارم سینەماسکۆپ بەهرەی سروشتی ئانتۆنی مان بۆ دەرهێنان و بەکارهێنانی ئاوەزمەند لە لایەنی هونەرانە و لە هەموو گرنگتر، متمانەی بێهەڵە لە هاودەمکردنی مرۆڤ و سروشتدا لەناو نەبات، واتە هەمان هەستکردن بە کەشی کراوە، کە وا دیارە لە فیلمەکانی ئەودا گیان و گەوهەری وێسترنە و لە ئەنجامدا توانیوێتی ڕازی مەزنی ونبووی سەردەمی «ترای ئەنگڵ» دووبارە بەدەست بهێنێتەوە ـ بەڵام لە ئاستی پاڵەوانی ڕۆماندا نەک پاڵەوانی ئەفسانە.

---

**٩٤٢ـ** دەرووی ئەهریمەن: Devil's Doorway فیلمی وێسترنی ئەمریکایی ١٩٥٠، دەرهێنانی ئانتۆنی مان.

**٩٤٣ـ** پێچی ڕووبار: Bend of the River فیلمی وێسترنی ئەمریکایی ١٩٥٢، دەرهێنانی ئانتۆنی مان.

**٩٤٤ـ** هەرێمی چەپەک: The Far Country فیلمی وێسترنی ئەمریکایی ١٩٥٤، دەرهێنانی ئانتۆنی مان.




نموونەکانی سەرەوە دەری ئەخەن شێوازێکی نوێ و بەرەیەکی نوێ هاوکات سەریان هەڵداوە. ساویلکانەیە ئەگەر وای دابنێین وێستێڕنی ڕۆمانئاسا تەنها ئەو گەنجانە دایانهێناوە، کە لە پاش جەنگ دەستیان کردووە بە فیلمسازی. ئەم گوتەیە بە ئاسانی بەرپەرچ ئەدرێتەوە. چونکە ئەم تایبەتمەندییە، بۆ نموونە، لە فیلمی **وێستێرنێردا**[٩٤٥] ئاشکرایە و، ئەتوانین پزیسکەیەکی لە **چەمی سوور و ئاسمانی هەراودا** ببینین. ئەڵێن، هەرچەند بۆ خۆم ئەم بابەتە نازانم، بەڵام ئەڵێن بەشێکی گرنگی ئەم تایبەتمەندییە لە **کێڵگەی بەدناو**[٩٤٦] (١٩٥٢) بەرهەمی فریتس لانگدا هەیە. هەر چۆنێک بێ، بە مسۆگەری ئەتوانین بڵێین شاکارەکەی **کینگ ڤیدۆر**، **پیاوێکی بێ ئەستێرە**[٩٤٧] (١٩٥٤)، لەم شەبەنگەدا، لە شوێنێکی نێوان **نیکۆلاس ڕەی** و **ئانتۆنی ماندا** دابنێین. بەڵام بە دڵنیایی سێ چوار فیلمی بەرهەمی کۆنەکاران هەیە ئەتوانین لە تەنیشت بەرهەمی گەنجەکانەوە دایان بنێین. سەرەڕای هەموو نموونەکان، بە زۆری تازەهاتوان وێستێرنێکیان ئەوێ

---

**٩٤٥**ـ وێستێرنێر: The Westerner فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٤٠**، دەرهێنانی ویلیەم وایلەر.

**٩٤٦**ـ کێڵگەی بەدناو: Rancho Notorious فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٢**، دەرهێنانی فرتیز لانگ.

**٩٤٧**ـ پیاوێکی بێ ئەستێرە: Man Without a Star فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٥**، دەرهێنانی کینگ ڤیدۆر.




هەم کلاسیک بێت و هەم ڕۆمانئاسا: **ڕابێرت ئاڵدریچ** بە فیلمی **ئاپاچی** (١٩٥٤) و بە تایبەت فیلمی **ڤێرا کرووز**[٩٤٨] (١٩٥٤) دواترین و باشترین نموونەی ئەو دەرهێنەرانەیە.

ئێستە تەنها ماوە دۆزی سینەماسکۆپ. ئەم شێوەیە لەم فیلمانەی خوارەوە بەکار هێنراوە: **سەرەنێزەی شکاو** و **باخی ئەهریمەن**[٩٤٩] (١٩٥٤) بەرهەمی **هێنری هەسەوەی**[٩٥٠] (بە فیلمنامەیەک کە هەم کلاسیک بوو و هەم ڕۆمانئاسا، بەڵام دەرهێنانەکەی داهێنانێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو)، فیلمی **خەڵکی کنتاکی**[٩٥١] (١٩٥٥) بە بەشداری **بێرت لەنکەستەر**[٩٥٢] کە بینەرانی فێستیڤاڵی ڤێنیزیای لە ماندوێتیدا خستە گریان. من خۆم تەنها یەک سینەماسکۆپم پێ شک دێت کە شتێکی گرنگی خستووەتە سەر میزانسن. ئەویش **ڕووباری بێگەڕانەوە**[٩٥٣] (١٩٥٤) بەرهەمی ئۆتۆ پرەمینگر و فیلمگرتنی جۆزێف لاشێلە. زۆر جار نوسیومانە یان خوێندوومانەتەوە کە هیچ چەشنە سینەمایەک

---

**٩٤٨ـ** ڤێرا کرووز: Vera Cruz فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٤**، دەرهێنانی ڕابێرت ئاڵدریچ.


**٩٤٩ـ** باخی ئەهریمەن: Garden of Evil فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٤**، دەرهێنانی هێنری هەسەوەی.

**٩٥٠ـ** هێنری هەسەوەی: Henry Hathaway (**١٨٩٨ـ١٩٨٥**) دەرهێنەری ئەمریکایی.

**٩٥١ـ**خەڵکی کنتاکی: The Kentuckian فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٥**، دەرهێنانی بێرت لەنکەستەر.

**٩٥٢ـ** بێرت لەنکەستەر: Burt Lancaster (**١٩١٣ـ١٩٩٤**) ئەکتەری ئەمریکایی.

**٩٥٣ـ** ڕووباری بێگەڕانەوە: River of No Return فیلمی وێستێڕنی ئەمریکایی **١٩٥٤**، دەرهێنانی ئۆتۆ پرێمینگر.





پێوستی بە پانکردنەوەی ئەم پەردەیە نییە. بەڵام ئەم چوارچێوە نوێیە، وێستێرن زیندوو ئەکاتەوە. چونکە کەشی بەرفرەوان و غارەئەسپی بەهێز پێویستی بە بەرجەوەنی کراوە هەیە. ئەم هەڵهێنجانە زۆر لەبارە و ڕەنگە بە ڕاستەقینە نزیکە. بەڵام لەبارترین نموونەی بەکارهێنانی سینەماسکۆپ لە فیلمی دەروونناسانەی وەکوو **ڕۆژهەڵاتی بەهەشتدا**[٩٥٤] (١٩٥٤) بووە. لێرەدا ئەوەندە توند نارۆم کە بڵێم پەردەی بەرین بۆ وێستێرن نەگونجاوە یان هیچی لێ زیاد ناکات، بەڵام ئەوە بە لەبارتر ئەزانم کە بڵێم سینەماسکۆپ شتێکی بڕیاردەر بەم کەوشەنە زیاد ناکات.[٩٥٥]

وێستێرن، چ لە ئەندازەی ئاسایی، یان بە ڤیستاڤیژن[٩٥٦]، چ بە پەردەی زۆر بەرین، دیسانەوە وەک وێستێرن ئەمێنێتەوە و هیوادارم نەوەکانی داهاتوومان بتوانن بە باشی بیناسن◆

---

**٩٥٤-** ڕۆژهەڵاتی بەهەشت: East of Eden فیلمی وێستێرنی ئەمریکایی ١٩٥٥، دەرهێنانی ئێلیا کازان، ژێوەرگرتن لە ڕۆمانی براوەی خەڵاتی نۆبێل جان ستەینبەک بە هەمان ناو.

**٩٥٥-** گۆڤانی ئەم گوتەیە فیلمی **پیاوێک لە لارامسی** (١٩٥٥)ە، کە ئانتۆنی مان، سینەماسکۆپ نەک وەکوو قاپێکی تازە، بەڵکوو بۆ کەشی فەراگەردی مرۆڤ بەکار هێناوە.




**٩٥٦-** ڤیستاڤیژن: Vistavision جۆرێک فیلمی زۆر ڕوونی ٣٥ میلیمەترییە، کۆمپانیای پارامۆنت ١٩١٤ دروستی کرد.




## دەعباناسی کچی پۆستەر

یەکەم: با کچی پۆستەر یان پین-ئاپ گێرڵمان لەگەڵ ئەو وێنە پۆرنۆگرافی یان ئیرۆتیکانەی مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی تاریکی کۆن و دواکەوتوو، لێ تێک نەچێ. کچی پۆستەر دیاردەیەکی ئیرۆتیکی تایبەتە، چ لە ڕووی تەشک و چ لە ڕووی کردارەوە.

### پێناسە و مۆرفۆلۆژی

بەرهەمێکی سەردەمی جەنگ و بۆ سوودی ئەو سەربازە ئەمریکاییانەی بە چوارگۆشەی جیهاندا بڵاو ببوونەوە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تەرە ببوون، درووستکرابوو و، ئەوەندەی نەخایاند، بوو بە بەرهەمێکی پیشەسازی، کە بوو بە پەیڕەوی ڕێسای سەقامگیر، وەک کەرەی بادەمی بنعەرز[957] یان بنێشت، وەک ئۆتۆمۆبیلی جیپ، وەکوو ئەو شتانەی بە تایبەتی بۆ کۆمەڵناسی سەربازی مۆدێرنی

**٩٥٧ـ** کەرەی بادەمی بنعەرز: peanut butter کەرەی بادەم زەمینی.






ئەمریکا نەخشەیان بۆ کێشرابوو. کچی پۆستەر بەرهەمێکی هەماهەنگ لە کاریگەری جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بوو.

لە ڕووی جەستەییەوە، ئەم ڤینۆسە ئەمریکاییە کچێکی باڵابەرز و چەتوون و چالاکە کە بەژنی کشاو و ڕێکوپێکی بە شێوەیەکی ناوازە نوێنەرایەتی ڕەگەزێکی باڵابەرز ئەکات. جیاوازە لە ئایدیاڵی یۆنانی، بە قاچ و جەستەی کورتترەوە. بەم شێوەیە جیاوازییەکی دیاری لەگەڵ هەموو ڤینۆسەکانی ئەوروپا هەیە. کچی پۆستەر بە سمتە تەسکەکەیەوە، دایکایەتی وەبیر ناهێنێتەوە، بەڵکو بە تایبەتی سەرنجمان بۆ لای سینگ و مەمکی خڕ و تۆکمەی ڕائەکێشێت. پێدەچێت ئیرۆتیزمی[٩٥٨] ئەمریکایی ـــ و لێرەوە ئیرۆتیزمی سینەمایی ـــ لەم ساڵانەی دواییدا لە قاچەوە بۆ مەمک ڕۆیشتبێت. دەرکەوتنی مارلین

---

**٩٥٨ـ** ئیرۆتیزم: Eroticism هەوەسی، دارەت و دۆخێکە ئەبێتە هۆی وروژاندنی هەوەسی جنسی. هەروەها ئەندێشەیەکی فەلسەفییە لە جوانناسی واز و تامەزرۆیی جنسی، هەوەس و هەستی ئەوین ئەدوێ. ئەم دارەتە لە زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکان وەکوو شێوەکاری، پەیکەرتاشی، وێنەگەری، دراما، سینەما، موزیک و وێژە و تەنانەت بانگەشەدا ئەبینرێ. ئەم وشەیە هەروەها ڕەنگە بە دارەتی وروژانی جنسی یان لەو بابەتە ئاماژە بدات، وەک: هاندەرێکی جنسی، واز یان هێمای ئەندێشەی سەقامگیر. بالزاک وتوویەتی: ئیرۆتیزم نەک هەر پەیوەندی بە ڕەوشتی کەسەوە هەیە، پەیوەندی بە کولتور و کاتی ژیانیشیەوە هەیە. ئەم وشەیە هەم بە ئیرۆتیزم و هەم ئیرۆتیسیزم ئەنووسرێ.




**دیتریش**[٩٥٩] و قاچەکانی، بە هێڵی ڕێکی بیرکارییەوە، سەرکەوتنی **ڕیتا هەیۆرس**[٩٦٠]، سەرکەوتنی (هەرچەند ڕیسواییئامێزی) **جەین ڕاسێڵ** لە فیلمی **نافەرمانی هاوارد هیووز**، بە دوو مەمکە خڕە فووتێکراوەکانییەوە؛ هەڵمەتی بانگەشەکردن بە قەبارەی هەورەکان، نیشانەی ئەم جێگۆڕکێ بەرفراوانەیە لە جوگرافیای کێشەری جنسیدا ــ یان باشترە بڵێم، لەبەر ئەوەی ئەو زاراوەیە پێشتر هەڵوەشابووییەوە، لە «کێشەری پیاو» دایە. هێمای کێشەری ژنانەی ئەمڕۆ لە ئاستی دڵیدا وەستاوە. من ئەو گوزارشتانەتان پێشکەش ئەکەم لە هالیوودەوە ئەگاتە دەستمان و ئەو سکاڵایەی کە **پاولێت گۆدارد**[٩٦١] دژی ڕۆژنامەنووسێک بەرزی کردوەتەوە، کە وێرابووی بڵێ جلی ساختەی لەبەردا بووە.

---

**٩٥٩ـ** مارلێن دیتریش: Marlene Dietrich (١٩٠١ـ١٩٩٢) هونەرپیشە و گۆرانیبێژی ئاڵمانی ئەمریکایی، بە نۆیەمین ئەستێرەی هالیوود دائەنرێ.

**٩٦٠ـ** ڕیتا هەیۆرس: Rita Hayworth (١٩١٨ـ١٩٨٧) هونەرمەندێکی ئەمریکی بوو، لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەرکەوت، ژیانی هونەری سەرەتا وەکو سەماکارێک لە یانەی شەوانە دەستی پێکرد. دواتر لە سینەما دەرکەوت و بوو بە یەکێک لە ئەستێرەکانی هالیوود، نەک بەتەنها لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی توانا بوو، بەڵکوو مێینەیەکی سەرنجڕاکێش بوو و نازناوی شاژنی یەکەمی وروژێنەری لێنرا. ڕیتا هەیۆرس زیاتر لە ٣٧ ساڵ خزمەتی هونەری کرد و نزیکەی ١٦ فیلمی دەرکرد. ☜ فەرهەنگۆک

**٩٦١ـ** پاولێت گۆدارد: Paulette Goddard (١٩١٠ـ١٩٩٠) هونەرپیشەی ئەمریکایی. هاسەری چارلی چاپلین بوو.






جەستەیەکی گونجاو، بەژنێکی گەنج و چالاک، مەمکێکی پتەوی وروژێنەر، هێشتاش کچی پۆستەرمان بۆ پێناسە ناکات. کچی پۆستەر ئەبێت ئەو سنگە بشارێتەوە، کە بڕیار نییە ئێمە ببینین. ئەو جۆرە سانسۆرە زیرەکە کە جلوبەرگ ئەتوانێ ئەنجامی بدات، ڕەنگە پێویستتر لە بێهەڵەترین دووپاتکردنەوەی ئەناتۆمی بێت.

جلوبەرگی تایبەتی کچی پۆستەر بریتییە لە جلی مەلەی دووپارچەی مۆدە کە لە ئاستی ڕێگەپێدراوی کۆمەڵایەتی تێناپەڕێ. لەم ساڵانەی دواییدا، سەرەڕای شێوەی هەمەجۆری گوایە خۆڕووتکردنەوە بۆ سەرنج ڕاکێشانی زیاتر، هەرگیز لە سنووری دیاریکراو تێنەپەڕیوە ــچاوشارکێی خۆدەرخستن لە کاتێکدا وای دەرئەخەن ئەیانەوێ بیشارنەوە. لە ئاستی خۆمەوە ئەمەوێ ئەم جوانیانە تا ڕادەیەک بە لادەرانە بزانم: چەپەڵکردنی کچی پۆستەر بە وێنەی هەوەسبازانەی نەریتی. هەر چۆنێک بێت، ئەو جلە تەسکەی کراوەتە بەر کچی پۆستەر مەبەستێکی دوولایەنە ئەپێکی: ئەم کارەیان لەگەڵ ڕێسای سانسۆری ولاتێکی پرۆتستان ئەگونجێ، ئەگینا ڕێگەی بە کچی پۆستەر نەئەدا، لە ئاستی پیشەسازی و نێوەفەرمیدا بخەملێ و گەشە بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگە بە ئەگەری تاقیکردنەوەی خودسانسۆری و بەکارهێنانی وەک شێوازێکی زیادەی هاندەری سێکسی ئەدات. **هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان پێداویستییەکانی سانسۆر و زۆرترینی ئەو سوودانەی مرۆڤ ئەتوانێت لێیان وەری بگرێت، بەبێ ئەوەی**






**بێ بە کردەوەی قێزەون و زۆر وروژێنەر لە لای بیروڕای گشتی، بوونی کچی پۆستەر پێناسە ئەکات و، بە ڕوونی جیاوازی ئەکات لە پۆستەری ئیرۆتیک یان پۆرنۆگرافی.**

زانستی ئەم ڕووتکردنەوە و ئەم جۆرە جلوبەرگە وروژێنەرە بە باشی گەشەی کردووە: ئەمڕۆکە ئەوەندە بەسە ڕیتا هەیۆرس تەنها دەستەوانەکانی دابکەنێ، بۆ ئەوەی هۆڵێکی پڕ لە ئەمریکایی فیکەی سەرسامبوونی بۆ بکێشن.

## دەعەجانینی کچی پۆستەر

فراوانبوون و بێواتایی دیکۆرە پشتگیرییەکانی ئەمڕۆ لە بەرامبەر کچەپۆستەری ساکار و نائاڵۆزی سەرەتایی، پێداویستی هەستی هونەرمەند و وێنەگر پیشان ئەدات. چەند هەزار ڕێگە بۆ نواندنی کچێکی شەنگ لە جلی مەلەدا هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سەدان هەزارمان نییە. بەس وەک ئەبینن ئەم گەشەکردنە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی ئایدیاڵی کچی پۆستەر.

بەرهەمێکی کاتی جەنگ، چەکێکی سەردەمی جەنگ. بە هاتنی ئاشتی، کچی پۆستەر **هۆکاری سەرەکی** بوونی خۆی لەدەست داوە. لە ڕەوتی زیندووکردنەوەی ئەم ئەفسانەی کاتی جەنگدا ڕووبەڕووی دوو لایەن ئەبینەوە، ئیرۆتیزم و ڕەوشت. لە لایەکی ترەوە، کچی پۆستەر ئەیەوێ بە هەموو وێنە سێکسی و ئاڵۆزییەکانییەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو هاوکێشەکە و لە دوای




تێپەڕبوونی ئامادەباشی جەنگی خۆیشی پاکیزە و بەڕەوشت دەربخات. جگە لەمانەش لە ئەمریکا تەنانەت پێشبڕکێ بۆ «دایکی پۆستەر» و «کۆرپەی پۆستەر» بەرپا ئەکرێ و، لە کۆتاییدا بانگەشەکەرانی **ئاوی پیرۆز** و **بنێشت** و **سیگار** تێئەکۆشن، چەندە بۆیان بکرێ زێدەبەرهەمی فرەچەشنی کاتی جەنگ کە ئەگەری ڕزگارکردنیان هەیە، لە سەردەمی ئاشتیدا بفرۆشن.

## فەلسەفەی کچی پۆستەر

لە مێژوویەکی گشتی ئیرۆتیزمدا و، بە تایبەتیتر لە مێژوویەکی ئیرۆتیزم بە هەمان شێوەی کە پەیوەندی بە سینەماوە هەیە، کچی پۆستەر وێنایەکی سێکسی، ئایدیاڵی داهاتووە. ئەلدۆس هاکسلی، لە پەرتووکی **جیهانی نوێی ئازاددا** پێمان ئەڵێت: ئەوسا کە مناڵ لە بۆری تاقیگەدا لەدایک ئەبێ و، پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، کە لەمەبەدوا نەزۆکە، جگە لە چێژی بێ سنووری جنسی هیچ ئامانجێکی دیکەی نابێت. هاکسلی بە ڕێکوپێکی ئایدیالی جوانی و سەرنجڕاکێشی سێکسی مێینە کورت ئەکاتەوە لە نازناوێکدا کە لە یەک کاتدا هەم هیی دەست لێدانە و هەم ماسولکەییە و هەم بینراوە: نازناوی «نیۆماتیک» یان تۆکمەی قووتێکراو.[٩٦٢]

---

**٩٦٢ـ** نیۆماتیکس: pneumatics زانستی بەکارهێنانی گاز و هەوا. دیارە مەمکی فووتێکراو ئەمازەیەکی هێمایییە بۆ نەشتەرگەری جوانکاری لەشولار و گەورەکردنی مەمک.






ئایا کچە نیۆماتیکییەکەی هاکسلی هێمای کچی ڤارگا[٩٦٣] نییە، کە داڕێژراوە بۆ داهاتوو؟ لە جەنگێکی درێژخایەن و داگیرکارانەدا، ئایدیاڵی ژنانە بەناچار ئەبێ نوێنەرایەتی خەیاڵ، نەزۆکی و، گەمە بکات. کچی پۆستەر دەربڕینی ئەم ئایدیاڵەیە، درێژکراوەتەوە بۆ پلەی پاکیزە و پانتایی ئەفسانە، لە کۆمەڵگایەکدا کە هێشتاش پرۆتستانتیزم تێیدا پارێزگاری لە سانسۆری هوشیار ئەکات.

## کچی پۆستەر و سینەما

ئەگەر تا ئەم خاڵە کەمترین قسەم لەسەر سینەما نەبووە، لەبەر ئەوەیە کە کچی پۆستەر لە بنەڕەتدا بەشێک نییە لە سینەما. کچی پۆستەر لەسەر پەردە لەدایک نەبوو، بەڵکوو لەسەر بەرگی گۆڤارەکان، لەسەر **پەڕەی نووشتاوەی**[٩٦٤] **ئێسکوایر**[٩٦٥]، لەسەر **لاپەڕە بڕاوەکانی**[٩٦٦] **یانک**[٩٦٧] پێی نایە ئەم جیهانەوە. بەڵام سینەما

**٩٦٣ـ** ڤارگا: Alberto Vargas (**١٨٩٦ـ١٩٨٢**) شێوەکاری دیاری پێڕوویی پین ئاپ گێڕڵ یان کچی پۆستەر. هەندێ لە تابلۆکانی ڤارگا بە سەدان هەزار دۆلار فرۆشراوە و ئەفرۆشرێ.

**٩٦٤ـ** پەڕەی نووشتاوە: fold_outs مەبەست ئەو لاپەڕانەیە لە گۆڤارێکدا بە ئەندازەی دوو یان سێ بەرامبەری لاپەڕەری ئاساییە و نووشتاوەتەوە.

**٩٦٥ ـ** ئێسکوایر: Esquire گۆڤارێکی پیاوانی ئەمریکاییە، **١٩٣٣** دامەزرا و، لە سەرانسەری جیهاندا بە بیست وەشان بڵاو ئەبێتەوە.

**٩٦٦ـ** پەڕەی بڕاو: cut_out pages ئەو لاپەڕانەی بۆ وێنە لە گۆڤارێکدا کە کەنارەکانیان بڕاوە یان دیاریکراوە و ئەتوانین وەکوو پۆستەر دەریان بهێنین.

**٩٦٧ـ** یانک: Yank گۆڤارێکی سەربازی حەفتانەی ئەمریکایی بوو لە ماوەی




دەسبەجێ ئەم ئەفسانە ئیرۆتیکەی قواستەوە و زۆری نەخایاند ئەستێرە ئەمریکاییەکان وەک وێنەکێشراوەکانی ڤارگایان لێهات.

پەردەی سینەما پێشتر نەریتێکی تۆکمەی لەم بوارەدا هەبوو. ئەو ژنانەی لە جلوبەرگی تەسکی لکاوی مەلە و، ئاسمانی هەوەساوی جۆرج مێلیس پیشان ئەدەن، کە شکۆمەندییەکەی لە وێنە ئیرۆتیکە سادەکانی شازادە **کارمەن شیمەی**[٩٦٨] لە وەرچەرخانی سەدەدا ڕەنگی داوەتەوە. کەمێک دواتر لە ئەمریکا، ماک سێنێت، ئەو پێشڕەوە زیرەکە لە بوارەکەدا، بە ڕوونی ویست و وازی

---

جەنگی جیهانی دووەمدا بڵاو ئەکرایەوە.

**٩٦٨ـ** کارمەن شیمەی: Clara Ward (**١٨٧٣ـ١٩١٦**) کلارا وارد ناسراو بە شازادە کارمەن شیمەی Princesse de Caraman_Chimay لە بنەماڵەیەکی ملیۆنێری ئەمریکایی لە دیترۆیتی میشیگان لەدایک بوو. شووی کرد بە شازادە جۆزێف کارمن شیمەی و، بوو بە دووەم شازادەی فەرمی ئەمریکایی، وامەکانی مێردەکەی دایەوە و کۆشکەکەی بۆ نۆژەن کردەوە.







جەماوەری بۆ جلی مەلە پێشبینی کرد، بەڵام نمایشە جوانەکانی مەلە بە شێوەی دەستەی سەماکار بوو، نە وەکوو هۆڵی موزیک، هێشتا هیچ ئاماژەیەکیان بەم بابەتە، بە بابەتی داهاتووی تاکەکەسی دژواری کچی پۆستەر و ئەستێرە نەئەدا. بەم شێوەیە سینەما لە سەرەتاوە وازی بەکارهێنانی کیژی پۆستەری هەبوو و ئەیویست ئەو ئارمانجە ژنانەش بەهێز بکات لە ئەندێشە و سەررێژنەی جەماوەردا هەبوو.

من بەهایەکی ئەوتۆ بۆ ئەم جۆرە ئیرۆتیزمە سینەماییە دانانێم. چونکە بە هۆی بارودۆخی مێژوویی تایبەتەوە بەرهەم هێنراوە، لەگەڵ ئەوەی ئایدیاڵی ژنانە لە کچی پۆستەردا ڕەنگ ئەداتەوە، بەڵام لە دوا شیکاریدا (سەرەڕای هێزی ئەناتۆمی ڕواڵەتی خۆی) لە ڕادەبەدەر دەستکرد و ناڕوون و بێهەناوە. دیاردەیەکە بە ڕێکەوت و لە دۆخی کۆمەڵگەی جەنگەوە سەری هەڵداوە و جگە لە شتێکی وەک بنێشت جاوین بۆ ئەندێشە نییە. کچی پۆستەر لەسەر هێڵی مۆنتاژ بەرهەم هێنراوە، لە لایەن ڤارگاوە ستاندارد کراوە، بە هۆی سانسۆرەوە نەزۆک کراوە؛ کچی پۆستەر بە دڵنیاییەوە نوێنەرایەتی پاشەکشەیەکی چۆنییە لە ئیرۆتیزمی سینەماییدا. **لیلیان گیش**[٩٦٩] لە **شکۆفەی ژاکاو**، **دیتریش** لە فیلمی **فریشتەی شین**[٩٧٠]

---

**٩٦٩ـ** لیلیان گیش: Lillian Gish (**١٨٩٣ـ١٩٩٣**) هونەرپیشەی ئەمریکایی، براوەی ئۆسکار، بە یەکەم خاتوونی سینەمای ئەمریکای ناو ئەبرا.

**٩٧٠ـ** فریشتەی شین: The Blue Angel فیلمی سینەمایی موزیکاڵ کۆمێدی **١٩٣٠**ی ئەمریکایی، دەرهێنانی جۆزێف ڤۆن شتەرنبەرگ.




و، ئێستەش **گاربۆ** و **ئینگرید بەرگمەن** نموونەکانین ــ بەڵام بە تەواوەتی جیاواز لە **ڕیتا هەیۆرس!**


لە ساڵی ١٩٣١ ئەستێرەکان لەسەر **لیمۆی بەهەشت**(٩٧١) ئەژیان و مەمکیان ئەشاردەوە. لە هەمان کاتدا شەپۆلی زەریای سانسۆری فەرمانگەی **هەیز** لە هالیوود خەریک بوو ئەشکا. مەترسییەکە، هەرچەندە وا دیار بوو لە ئاراستەی پێچەوانەوە هاتبێت، بەڵام لە بنەڕەتدا هەمان شت بوو: ساختەکاری. ئیرۆتیزمی سینەمایی لە فێڵ و درۆدا بەفیڕۆ چوو. پاشان **مای وێست**(٩٧٢) هات. بێگومان بەژنی مای وێست لە داهاتوودا بەخشندەیی کەوانی چاڵ و بەرزی لەشی فیفی شێڵانەی نابێت؛ بەڵام ناچاریش نابێت لە دژی هەمان دەهۆ و ساختەکاریانە کاردانەوە پیشان بدات؛ سەرسامهێنەر یان پاکیزە، شەرمن یان وروژێنەر، تەنها شتێک کە سینەمای ئەمریکایی پێویستی پێیەتی ڕەسەنایەتی زیاترە♦

From *Ecran Français, December, 1946*

---

٩٧١ـ لیمۆی بەهەشت: grapefruit گرەیپ فرووت، میوەیەکی مزرەمەنی گەورەی وەک پرتەقاڵی ناوسوورە، چێژێکی ئاوداری ترش و خۆشی هەیە.

٩٧٢ـ مای وێست: Mae West (١٨٩٣ـ١٩٨٠) ئەکتەر و گۆرانیبێژ و فیلمنامەنووسی ئەمریکایی، ناسراو بە ئەفسانەی هەوەساوی.




## نافەرمان

**«باشترین ژن ئەسپێکی باش ناهێنێ!»**

فیلمی **نافەرمان** تەنانەت بەر لەوەی لە فەڕانسە پیشان بدرێت، ناوبانگێکی خراپی دەرکردبوو و، لەئەنجامدا، بەدبینی بەدی هێنابوو و کەوتە بەر ڕەخنەی توندوتیژەوە. بە کردەوەش ماوەیەکی کورت لەسەر پەردە بوو. هەمان ئەوانەی کە بە ماندووبوونی زۆر لە ڕۆژانی یەکەمی نمایشدا خۆیان گەیاند، هوویان لەو بەشانە کێشا کە پێیان وابوو بەکێشەرترین دیمەنەکانیان لابردووە. وایان ئەزانی کڵاویان سەرچووە. ڕەخنەی زۆربەی ڕۆژنامەکان دەراوێکی توندوتیژ و شادیئامێزی هەبوو. وەک بڵێی پیشاندانی نائومێدی، لە سەنگینی بەدوور بوو. یەکێک لە ڕەخنەگران جگە لە لابردنی مەمکی **جەین ڕاسێل**(٩٧٣) خاڵی تریشی لەم فیلمەدا بینیبوو. ئەو، پێئەچوو لە پێشەوە ئەیزانی لەگەڵ چی سەروکاری هەیە: ساویلکانە بوو ئەگەر چاوەڕوانی لەوە زیاتر لە ئەمریکاییەکان بوایەتین. بەڵام تەنانەت ڕەخنەگرانی بوێرتریش نموونەیەکی بۆیەنکەریان نەدا بەدەستەوە

**٩٧٣**ـ جەین ڕاسیڵ: Jane Russell (**١٩٢١**ـ**٢٠١١**) ئەکتەری ئەمریکایی.




تا بزانین لەم فیلمەدا نموونەی تر لە دابەزین و هاوسانسازی هالیوودی ئەبینین. لێدوان لە دژی فێڵبازی ئەمریکاییەکان لە گرنگیدان بە ڕەوشت، زۆر ئاسان بوو. جگە لەوەش، ڕیزی ڕاهیبە فەڕانسەییەکانی بەرهەمی **ڕابێلە**(٩٧٤) یان کچانی خزمەتکاری مۆلییێر، یان تەنانەت چیرۆکی ئەویندارى سەدەی هەژدەیییش زۆر سادە بوون، ئەویش لە ململانێ دژی خۆشەویستی کۆنسێرڤکراو، کە بە هەمان ئەندازەی میوەکانی کالیفۆرنیا درۆ و بێچێژە، تەنانەت بۆ کرمەکانیش. لە ڕاستیدا، هیچکەس بەوەی نەزانی دەستی نەگریسی **مارشاڵ پلان**(٩٧٥) لە ئارا دایە، تا مەمکی فووتێکراوی هەڵخڕێنەری **جەین ڕاسڵ** لە جێگەی **ژاکلین پیەرۆ**(٩٧٦) یان **دەنی ڕووبن**(٩٧٧) دابنێن. ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە فیلمی **نافەرمان** لە زەریای گوێنەدانی گشتیدا نوقم بوو.

من لەم کەم بایەخدانە بە فیلمی هاوارد هیووز دوو شت ئەبینم: یەکیان نادادگەری و ئەوی تر بێدەنگی پیلانگێڕانە و تاکتیکی. ئەوەی کە ئەم فیلمەیان بە شێوەیەکی هەڵنەسەنگێنراو و تەنها بە


---

**٩٧٤ـ** ڕابێلە: Francis Rabelais (**١٤٨٣ـ١٥٥٣**) فڕانسیس، نووسەری فەڕانسەیی مرۆڤگەرای ڕێنسانس.

**٩٧٥ـ** مارشاڵ پلان: Marshall Plan یان بەرنامەی چاکبوونەوەی ئورووپایی، دەستپێشخەرییەکی ئەمریکا بوو لە ساڵی **١٩٤٨** بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی دەرەکی بە ئورووپای ڕۆژئاوا. لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکا زیاتر لە **١٣** ملیار دۆلاری بۆ بووژانەوەی ئابووری ئورووپا تەرخان کرد.

**٩٧٦ـ** ژاکلین پیەرۆ: Jacqueline Pierreux (**١٩٢٣ـ٢٠٠٥**) ئەکتەری فەڕانسەیی.

**٩٧٧ـ** دەنی ڕووبن: Dany Robin (**١٩٢٧ـ١٩٩٥**) ئەکتەری فەڕانسەیی.




یەک دوو ڕستە خستە لاوە و نەبوونی ڕەهای هەرچەشنە گوڕ و تین، بە بڕوای من زیاتر ڕووکەش بوو تا ڕاستەقینە. بەداخەوەم کە لەگەڵ دارایی جەین ڕاسێل، وەکوو ترێی ترشی ناو چیرۆکی ڕەوشتی جووڵانەوە. ئەگەر وا نەبوایەت، چ ڕوونکردنەوەیەک هەیە بۆ ئەوەی هەوەسیترین[٩٧٨] فیلمێک کە تا ئێستە دروست کراوە و، یەکێک لە هەستبزوێنترین فیلمنامەکانی هالیوود، بەم شێوەیە پشتگوێ خرا؟


**نافەرمان** وێستێرنە و هەمان چوارچێوە و ناوەرۆکی نەریتی وێستێرن و هێما دیارەکانی ئەم ژانرەی هەیە ــ بە تایبەت شێریفە قۆز و گومڕاکەی کە لە بینینی لە فیلمی وێستێرنێری ویلیەم وایلەر شایگەشکە ببووین. لە فیلمێکی وەهادا کە هەمان بێخەوشی تەشکی وێستێڕنی پاراستووە، بناغەی هەڵسەنگاندنی هەر ڕەسەنایەتییەک هەمانا گۆڕانێکی کەمە کە تێیدا وردەکاری نەریتی ئەنجام دراوە و، هەروەها پسپۆڕییەک کە فیلمنامەنووس و دەرهێنەر بەکاریان هێناوە تا هەم بە بنەما سەرەکییەکانی ئەم ژانرە ئەمەگدار بمێنن و هەم شادی و دڵگەشی بەدی بهێنن. **جۆڵز فۆرتمەن**[٩٧٩] و **هاوارد هیووز** و **گرێگ تۆلەند**[٩٨٠] تێکۆشانیان لەسەر شێواز و گۆڕانی چاوەڕواننەکراوی توخمی مێیینە داناوە، توخمێک کە لە ڕۆژئاوای

---

**٩٧٨ ـ** هەوەسی: erotic ئێرۆتیک، ورووژێنەری واز و هەژانی جنسی، وەک فیلمی هەوەسی ⇐ فیلمی ڕووت: porno, pornographic ☜ ئێرۆتیزم

**٩٧٩ ـ** جۆڵز فۆرتمەن: Jules Furthman (١٨٨٨ ـ ١٩٦٦) نووسەری ئەمریکایی فیلمنامەی نافەرمان.

**٩٨٠ ـ** گرێگ تۆلەند: Gregg Toland (١٩٠٤ ـ ١٩٤٨) فیلمگری ئەمریکایی.




دوور بە زۆری لەگەڵ دوو جۆر پاڵەوانی ژن، کە دوو لایەنی تەواوکەری یەک ئەفسانەیان هەیە، نمایش دراوە. لەشفرۆشە دڵپاکەکەی گالیسکە، لە لای بینەر لە ئاستی پاکیزەی جەربەزە دایە، کە کاوبۆی باش لە مەترسی سامناک ڕزگاری کرد و ئەوەندەی دڵپاکی سەلما و بەسەر خراپەدا زاڵ بوو، لەگەڵی هاوسەرگیری کرد. بە زۆری کاوبۆی لە ژیانی کچەدا جێگەی باوک یان برا ئەگرێتەوە کە لە سواژدا کوژراوە. کەواتە، بە ئاشکرا ئەبینی لە وێستێرندا نە تەنها گەڕان بۆ **زەرکی پیرۆز**[٩٨١] ئاشکرایە[٩٨٢]، بەڵکوو بە لێکدانەوەی وردتری کۆمەڵناسانە و جوانناسانە، چەشنێک ئەفسانەناسی جەنگاوەرانە ئەبینین کە لەسەر بنەمای دڵپاکی ژنان، تەنانەت ژنانی هەڵەکار، دامەزراوە. پیاو خراپە. ئایە پیاو هۆکاری سەرەکی ڕووخانی ژن نییە. ژنێک کە سەرەڕای ڕووخانی دیسانەوەش شتێک لەو پاکییە خۆڕسکە سەرەتاییەی پاراستووە؟ ڕۆڵی پاڵەوان ئەوەیە بە بەرگەگرتن لە بەرامبەر تاقیکردنەوەی دژواردا، نزمی و خراپە لە ڕەگەزی پیاو دابماڵێ و بتوانێ ئەو ڕێز و ئاسایشەی ژن چاوەڕوانیەتی دابین بکات.



٩٨١ـ زەرکی پیرۆز: Holy Grail پێکێکە بە گوێرەی ئەفسانەی سەدە ناونجی، لە کاتی دواین شێو، مەسیح شەرابی تێدا خواردوەتەوە و، پاشان زۆر کەسان بە دوایدا گەڕاون.

٩٨٢ـ هەندێک لە نێوان وێستێرن و تراجێدیای یۆنان لێکچوونیان بینیوە. ئەمە یەکێک لە نموونە دەگمەنەکانە کە بازن، وێستێرن لەگەڵ چیرۆکی ئەویندارى دەربارى بەراورد ئەکات. تێبینی: ه.گ.






هاوارد هیووز هێرش ئەکاتە سەر ئەم ئەفسانەناسییە، ئەویش بە ڕق و ڕەقیەک کە من لە سینەمای ئەمریکادا شک نابەم، مەگەر لە **مۆسیۆ ڤێردۆ**.

بنەمای **نافەرمان** لەسەر سووکایەتی بە ژن دامەزراوە. پیاوانی پاڵەوانی ئەم فیلمە، پێچەوانەی هاوتاکانیان لە فیلمەکانی تردا، تێئەکۆشن تا چاودێرییان لە پاڵەوانی ژن درێخ بکەن. بەردەوام گاڵتەی پێئەکەن، بەجێی ئەهێڵن و ناچنە بن باری هیچ چەشنە تاقیکردنەوەیەک. لەم کارە بێباوەڕانە کە دژی گەڕان بۆ زەرکی پیرۆزە، ژن پێویستی بە پیاوە و ئەوە کە دژوارترین تاقیکردنەوە، بە گیان ئەکڕێ تا ئەربابەکەی لە ڕووی سۆزەوە سیلەی چاوێکی تێبگرێ. لە سەرەتا تا کۆتایی فیلمەکە، **جەک بۆیتڵ** و **واڵتەر هیۆستۆن** پێکەوە لەگەڵ **جەین ڕاسێل** ڕائەبوێرن. ئەم دوو پیاوە هەستیار و بێباکە، کە ڕەنگە لەبەر ئەسپێک یەکدی بکوژن، هەرگیز لەسەر ئەو ژنە نایکەن بە شەڕ.

ئاشکرایە هاوارد هیوز ئاگاهانە گرنگییەکی گشتی بۆ پاڵەوانی ژن داناوە. جەین ڕاسێڵ ژنێک نییە بە تایبەت سزاواری ئەو ڕەفتارە بێت. خاڵێکی گرنگی تر، نەبوونی کەسایەتییەکی ژنی ترە تا بتوانێ ناوی چاکەی هاوڕەگەزانی بپارێزێ و لە ڕڕێگەی بەراوردێکەوە کە بۆ پاڵەوانی ژن ناخۆشە، بیخاتەوە بیرمان کە «هەموو ژنەکان وەها نین». جگە لەمانەش، جەین ڕاسێڵ لە خۆیدا کەسایەتییەک نییە، هاودڵی نەورووژێنێ. ژنێکی بێباکە و سوێندی خواردووە تۆڵەی براکەی بسێنێتەوە و، ئاگاهانە تێئەکۆشێ خۆشەویستەکەی

بکوژێ. سەرەتا بە دەمانچە و پاشانیش بە چنگ. هەر چۆنێک بێ، **شەمین**یش لەوە باشتر نەجوولاّیەوە. ناتوانین سەرکۆنەی بکەین بۆچی پاش شەیدابوون چاوپۆشی لە تۆڵەسەندنەوە ئەکات. چونکە ئەو بە هەمان گوڕ و ئەمەگەوە ئەویندارى ئەکات، کە بەر لەوە بە دواى تۆڵەوە بوو. کابرا تەنانەت ژیانى بەو وامدارە. چونکە ئەو شەوەى کە نەخۆش بوو و لە سەرمان ئەلەرزا و خەریکبوو بە هۆى لەرزوتاوە گیانى لەدەست بدات، جەین ڕاسێڵ لەشی ڕووتی پێوە ئەلکێنێ و ڕزگارى ئەکات.[٩٨٣]

بە ڕێکەوت نییە فیلمنامەى سەرەکی، چیرۆکی سێ پیاوى چاونەزیرە. دوانیان، واتە بیلی دێ کید (**جەک بۆیتڵ**) و داک هاڵیدەى (**واڵتەر هیۆستۆن**)[٩٨٤] یەک ئەسپیان خۆش ئەوێ. چەند جار ڕێ ئەکەوێ لەسەر ئەو ئەسپە یەکدى بکوژن، بەڵام لە کۆتاییدا دۆستایەتیان ئەپارێزن. ئەمەش، ئێرەیی تۆماس میچێڵ ئەورووژێنێ کە لاى وایە خۆى تەنها دۆستی هیۆستۆنە. واتە ئەم سێ پیاوە ئێرەییان تەنها بە ئەسپ یان بە یەکترە. ئەم سێ کەسە دەستەیەکی **سپارتایی**[٩٨٥] پێک ئەهێنن کە ژن تێیدا هیچ نەخشێکی هەستیارى نییە: ژن تەنها بۆ مناڵ هێنان و ئاشپەزییە.

٩٨٣ـ بیرخەرەوەى فیلمی ڕووبار، بەرهەمی فرانک بۆرزیجە. لێرەدا لەبرى قالاّو، کەڵەشێرێکی برسی دانراوە کە چەکووسانە چاوەکان قووت ئەدات.

٩٨٤ـ واڵتەر هیۆستۆن: (١٨٤٨ـ ١٩٥٠) ئەکتەرى بەڕەگەز کانادایی.

٩٨٥ـ دەستەى سپارتی: Spartan group بە دەستەى ڕێکخراوى تۆکمە و خاوەن بڕوا ئەوترێ. زۆر کۆمپانیا و خزمەتگوزارى بانک و ئینتەرنێت کە کاریان پاراستنی ئابوورى و سەربازییە، ئاماژە بە هێزى سەربازى سپارتاى دێرسی ٤٠٠ پ.ز ناوى خۆیان ناوە گرووپی سپارتی.

لە دۆخێکی وەهادا، ئەوتوانین لەوە بگەین سانسۆرچییەکانی ئەمریکا بۆچی چوار ساڵ دەستیان بەسەر فیلمەکەدا گرت. دژایەتی فەرمی ئەوان بێپەروایی هەندێ لە دیمەنەکان بوو، بەڵام دژایەتی فەرمی، کە تا ڕادەیەک پەژێرە کرا، سەبارەت بە ئەندێشەی سەرەکی فیلمنامە بوو: سووکایەتی بە ژنان ڕێگەی پێنادرێ. تەنانەت بێزاری لە ژن کە لە فیلمی تاوانی ئەمریکایی ئەم چەند ساڵەدا ئەبینرێ، لە بەدبینی **نافەرمان** زۆر دوورە. بکوژی قژزەردی ئەم فیلمانە وەک چەشنێک تاوانکار پیشان ئەدرێ؛ تەنانەت پیاوەکانیش خراپن. لە **نافەرمان** هیچکەس نییە مایەی دڵ بۆ سووتان نەبێ. ئەمە تەناهی جیهانە کە پیاو ئەکات بە باڵادەست و ژن ئەکات بە ئاژەڵێکی ڕام و دەستەمۆ ــ بوونەوەرێک کە چێژبەخشە، بەڵام وەڕەزکەرە.

لەگەڵ ئەوەش، **نافەرمان** بینەری تێگەیشتوو نائومێد ناکات، تەنانەت لە ئاستێکدا کە سانسۆرچیان تێکۆشان لەگەڵی ڕەفتار بکەن. پێشتر وتم ئەوانەی لەم فیلمە نائومێد بوون یان ڕاستگۆییان نەبوو یان توانای تێگەیشتنی فیلمەکەیان نەبوو. هەڵبەت بینەر شتێکی زۆر «نابینێ». بەکردەوە، ئەگەر تەنها ئەوەی بە بینەر پیشان ئەدرێ لە بەرچاو بگرین، **نافەرمان** لە پاکیزەترین فیلمە ئەمریکاییەکانە. بەڵام ورووژێنەربوونی ئەم فیلمە ڕێک لەسەر بنەمای ئەم بێبەشکردنەی بینەر وەستاوە. ساتێک بیر بکەنەوە لەوەی کە ئەم فیلمە لە وڵاتێکی ئوروپایی دروست بکرایەت. دەرهێنەرانی سویدی و دانمارکی

دیمەنی ڕووتی ژنانیان پێشکەش ئەکرد؛ فەڕانسەییەکان کراسی ژنەیان دائەدڕاند و نمای سۆزاویان پیشان ئەدا؛ ئاڵمانییەکانیش ژنەکانیان بە ڕووتی پیشان ئەدا، بەڵام هەردووکیان بە شێوەی دارماڵ؛ ئیتالیاییەکان جلێکی کورتی خەویان ئەکردە بەری جەین ڕاسێڵ و دیمەنی دڵدارییان بەدی ئەهێنا. بەسەر یەکەوە، تەنها هالیوود ئەتوانێ فیلمێکی وەها دروست بکات، بەبێ ئەوەی هیچمان پیشان بدات. لەگەڵ ئەوەش، ڕایشتی گریمانەیی سویدی یان فەڕانسەیی یا ئیتالیایی **نافەرمان** کاریگەرییەکی کەمتری لەسەر ئەندێشەمان دائەنا. ئەگەر فیلمێکی هەوەسی ئەو فیلمەیە کە بینەر بۆ ئارەزووی جنسی بورووژێنێ و ئەو وازە بە زیندوویی بپارێزێ، تەکنیکی وروژاندن لێرەدا گەیشتووەتە لوتکەی دارماڵی، تا ئەو ڕادەیەی کە ئێمە شتێک نابینین جگە لە سێبەری مەمکێکی قوت.

بە گومانێکی بەهێز، هاوارد هیوز و گرێگ تۆلەند، زۆر بەباشی بەرپرسانی سانسۆری ئەمریکایان هەڵخڕاندووە. بە مسۆگەری ئەوە بە ڕێکەوت نییە کە دەرهێنەری **نافەرمان** هاوکاری دەرهێنەری **گەشتەکانی سۆلیڤان**[٩٨٦] بووە. **پرێستۆن ستەرجێس**[٩٨٧] و **هاوارد هیووز** ناچار بوون پێکەوە بگونجێن. ئەم دوانە زانیویانە بە چ شێوەیەک فیلمەکەیان لەسەر بناغەی شتێک دروست بکەن کە بۆ ئەوانی تر بە سنوورداری دائەنرێ. **پرێستۆن ستەرجێس** ئەیزانی

---

٩٨٦ـ گەشتەکانی سۆلیڤان: Sullivan's Travels فیلمی کۆمێدی ئەمریکایی ١٩٤١، نووسین و دەرهێنانی پرێستۆن ستەرجێس.

٩٨٧ـ پرێستۆن ستەرجێس: Preston Sturges (١٨٩٨ـ١٩٥٩) دەرهێنەر و فیلمنامەنووسی ئەمریکایی.

ئەفسانەسازی کۆمێدی ئەمریکایی هاوکات هەم گەیشتووەتە ڕادەی تێربوون و هەم پلەی داهێزان. هیچ ڕێگەیەک بۆ بەکارهێنانی نەبوو، مەگەر ئەوەی دوو ڕادەی سەرەتا و کۆتاییەکەی بکەن بە بابەتی یەک فیلمنامە. لێرەدا **فۆرتمەن** و **هیووز** لەوەی سانسۆرچییەکانیان بە بەشی پۆرنۆگرافییەوە خەریک کردووە، چێژی دارماڵیان وەرگرتووە. ئەگەر بیری لێ بکەینەوە بۆمان دەرئەکەوێ دەرهێنەری ڕاستەقینەی **ناڤەرمان، هاوارد هیووز** نەبووە، بەڵکوو جەنابی **هەیز** (٩٨٨) بووە. ئەگەر دەرهێنەر هەمان ئازادی ڕۆماننووسی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانیدا هەبوایەت، ناچار نەبوو بە هێما و ئاماژە بچێتە بەرەوە. لەم دۆخەدا، فیلم بە دڵنیایی لە ڕوانگەی جوانناسییەوە باشتر ئەبوو. بەڵام لە سەرخۆشی تیتاڵی سانسۆر بێبەش ئەبووین.


بەمجۆرەیە کە جەنابی هەیز هۆرمی ملیۆنان هاووڵاتی ـــ هەموو باوکانی باش و شووی باش و دەزگیرانی باشی ـــ بەدی ئەهێنێ. ئەوەی من ئەگەیەنێتە ئەو باوەڕە کە بەدیهێنەرانی ئەم فیلمە بە وردی زانیویانە چی ئەکەن، پسپۆڕییەکی سەرسەمهێنەرە لە خۆیان پیشانیان داوە تا لەسەر لێواری باریکی سەرسنووردا هەنگاو هەڵگرن و لە سنووری ئازاد، تەنانەت یەک هەنگاویش زیاتر نەڕۆن، لە هەمان کاتدا بەردەوام سەرنجمان بۆ لای بەرگیراوی ڕەوشتی، کە سێبەری هاویشتبوویە سەر کارەکەیان، ڕابکێشن. وا نەبوایەت،

---

**٩٨٨ـ هەیز:** Will H. Hays (**١٨٧٩ـ١٩٥٤**) وەک سەرۆکی کۆمپانیای بەرهەمهێنەران و دابەشکەرانی فیلمی ئەمریکا MPPDA، لە ڕاستیدا، لە **١٩٢٢** تا **١٩٤٥** سەرۆکی فەرمانگەی سانسۆری ئەمریکا بوو. کۆمەڵێکی زۆر فەرمانی خودسانسۆری لە سینەمای ئەمریکادا چەسپاند.


**نافەرمان** تەنها فیلمێکی گوستاخ و درژ و ڕیالیستی ئەبوو. تەنها سێبەری سانسۆرە کە کردوویەتی بە فیلمێکی ورووژێنەر. ڕەنگە بشێ هەق بە ڕەخنەگران بدەین بۆچی لە **نافەرمان** تێنەگەیشتوون**!** چونکە هەموو ئەو شتانەی لە فیلمەکەدا بینیویانە، ڕێک ئەوەیە کە نەیان بینیوە

From *Revue de Cinema, August 1948*





# تێبینی پەراوێزی
# لەسەر ئیرۆتیسیزم لە سینەمادا

کەس خەون بەوەوە نابینێ پەرتووکێک لەسەر ئیرۆتیزم لە شانۆدا بنووسێ. نەخێر، زۆریش بەڕاستمە، نە لەبەر ئەوەی بابەتەکە دەست نادات بۆ ڕەنگدانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ئەم ڕەنگدانەوانە هەموویان نەرێنی ئەبن. بە دڵنیاییەوە ئەمە سەبارەت بە ڕۆمان ڕاست نییە، چونکە بەشێکی دارماڵ لە وێژە، کەم تا زۆر بە ڕوونی، لەسەر ئیرۆتیسیزم دامەزراون. بەڵام هێشتاش تەنها کەرتێکە لێی و، بوونی بەشێک بە ناوی «دۆزەخ» لە پەرتووکخانەی نیشتمانی ئاماژە بەو ڕاستییە ئەکات. ئەوە ڕاستییە کە ئێرۆتیزم ئێستاکە ئەیەوێ ڕۆڵێکی گرنگتری پەرەئەستێن لە وێژەی مۆدێرندا وازی بکات و، ڕۆمانەکان پڕن لەو ئێرۆتیزمە، تەنانەت لە وێژەی دڵخوازی جەماوەریشدا. بەڵام سەرەڕای ڕۆژەڤی بەرچاو، بێگومان ئەبێ ئەم بڵاوبوونەوەی ئیرۆتیزم تا ڕادەیەکی زۆر بگەڕێنینەوە بۆ سینەما. ئیرۆتیزم ملکەچی چەمکە ڕەوشتییەکانی سروشتێکی گشتی ترە کە ناچارمان ئەکات ڕێگە لە




بڵاوبوونەوەی وەک کێشەیەک بگرین. **مالرۆ**، کە لە ناو ڕۆماننووسانی هاوچەرخدا بە دڵنیاییەوە لە هەموان ڕوونتر ڕەوشتی خۆشەویستی ڕوون کردوەتەوە، کە لەسەر بنەمای ئیرۆتیزم دامەزراوە، بە هەمان ئەندازەش ناوەرۆکی مۆدێرن و مێژوویی و هەروەها پەیوەندیداری ئەو هەڵبژاردنە ڕوون ئەکاتەوە. بە کورتی، «ئیرۆتیسیزم» تێئەکۆشێ لە وێژەی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی هاوشێوەی وەکوو ئەوەی هەبێت، کە «خۆشەویستی دەرباری» لە وێژەی سەدەی ناوەڕاستدا هەیبوو. بەڵام گرنگ نییە ئەفسانەکەی چەندە بەهێز بێت و، گرنگ نییە چ داهاتوویەکی بۆ پێشبینی ئەکەین، ئیرۆتیزم بە ئاشکرا پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو وێژە ڕۆمانییە هەیە کە تێیدا دەرئەکەوێ. تەنانەت لە شێوەکاریدا ئەگەر جەستەی مرۆڤ ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبێت، ڕەنگە تەنیا بە ڕێکەوت یان لاوەکییە. وێنەی لەمەڕ ئەوینی هەوەسی، نیگارەکان، چاپ، کەنداکاری، یان تابلۆی ڕووت تەنها ژانرێکە کە ئەچێتە خانەی نووسراوی ناپەسندەوە. مرۆڤ ئەتوانێ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕووتی لە هونەرە قاڵبییەکاندا بکات، بەڵام، هەرچەندە بێگومان ناتوانین چاوپۆشی لە کاریگەری و گواستنەوەی هەستە ئیرۆتیکەکان بکەین، ئەمانە هێشتاش وەک دیاردەی دووەمی و لاوەکی ئەمێننەوە.

تەنها لە سینەما دایە کە ئەتوانین بڵێین ئیرۆتیزم وەک مەبەست و پێکهاتەیەکی بنەڕەتی ئەبێ بوونی هەبێ، نەک تەنها وەکوو توخمێکی ئاسایی. هەرچەند بێگومان، بۆ زۆر فیلم و فیلمی




باشیش وا نییە و هیچ وامداری ئیرۆتیزم نین؛ بەڵام بۆ کۆمەڵێک لەوانە، بۆ فیلمێکی تایبەت و، ڕەنگە بۆ فیلمێکی زۆر بەناوەرۆک ئەو شتە وایە.

کەواتە **لۆ دۆکا**[٩٨٩] ڕاست ئەکات ئەگەر لەم دیاردەیەدا یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی سینەما ببینێت: «بۆ ماوەی نیو سەدە ئەو پەردەی فیلمەکانی وەک هێمایەکی نیشانەکراو دیاری کردووە، یەک دروشمی بنەڕەتی هەڵگرتووە: ئیرۆتیزم.»[٩٩٠] بەڵام گرنگە ئەوە بزانین ئایا بوونی ئیرۆتیزم لە هەموو شوێنێکدا، هەرچەندە گشتی، تەنها ئەنجامێکی بەڕێکەوتی گەمەی سەرمایەداری و ئازادی کاڵا و داخوازە؟[٩٩١] سروشتیترین ڕێکار و کاریگەرترین هاندەر، وەکوو پێداویستی بۆ ڕاکێشانی کڕیاران: سێکس. ئەوە ڕاستییە کە سینەمای سۆڤیەت کەمترین ئیرۆتیکی هەیە لە جیهاندا و، ڕەنگە هەندێ پشتگیری لەم ئارگیومێنتە بکەن. ئەم نموونەیە شایەنی بیرکردنەوەیە، بەڵام پێناچێت یەکلاکەرەوە بێت. چونکە سەرەتا ئەبێت بەدواداچوون

---

**٩٨٩**ـ لۆ دۆکا: Joseph-Marie Lo Duca (١٩٠٥-٢٠٠٤) ڕۆژنامەوانی ئیتالیایی فەڕانسەیی، لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری فەڕانسەیی کایە دو سینەما Cahiers du Cinéma.

**٩٩٠** ـ La Duca, Erotisme au cinema, Jean-Jacques Pauvert, 1956.

**٩٩١** ـ کاڵا و داخواز: supply and demand کاڵای هەبوو لە بازاڕدا و داخوازی کڕیار بۆ ئەو کاڵایە، شێوازێکی ئابوورییە کە بەهای کاڵا لەسەر بناغەی پێدا لە بازاڕی کێبەرکێدا هەڵئەسەنگێنن. زۆری داخواز نرخی پێدا بەرز ئەکاتەوە و بە پێچەوانە [ع] عرض و طلب [د] عرضە و تقاضا.




بۆ جۆراوجۆری کولتووری، نەتەوەیی، هۆکارە ئایینی و کۆمەڵناسیەکان بکەین کە ڕەنگە لەم بوارەدا ڕۆڵیان هەبووبێ ـ ئینجا لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئەبێ بپرسێن ئایا پیوریتەنیزم لە فیلمەکانی سۆڤیەتدا، دیاردەیەکی زۆر دەستکرد و کاتیتر نییە لە کێبڕکێی ئیرۆتیزم لە نێوان سەرمایەدارەکاندا؟ لەم ڕوانگەیەوە فیلمی «چل و یەکەم»[٩٩٢]، زۆر ئاسۆی نوێ ئەکاتەوە.

پێئەچێت **لۆ دۆکا** سەرچاوەی ئیرۆتیزمی سینەمایی لەم پەیوەندییەا ئەبینێت: لە نێوان بینینی فیلم و خەون بینیندا. «سینەما وەکوو خەون، بە وێنەی بێڕەنگی وەکوو وێنەی فیلمێک و، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر کەمتر کاریگەربوونی فیلمە ئیرۆتیکە ڕەنگییەکان ڕوون ئەکاتەوە، کە بە جۆرێک خۆی لە ڕێساکانی وشەی خەون ئەدزێتەوە.»

مەگەر لەسەر وردەکارییەکان ئەگینا لەگەڵ هاوڕێکەمدا مشتومڕ ناکەم. بەڵام لە کوێ بەو بڕوا ڕیشەدارە گەیشتووین کە کەس خەوی ڕەنگی نابینێت؟ ناکرێ بڵێین من تاکە کەسم کە لەم تازیارە بەهرەمەندم. جگە لەوەش، لە دەوروبەرم پرسیارم کردووە، لە هاوڕێیانم پرسیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە خەون هەیە ڕەش و سپییە و، خەون هەیە ڕەنگییە، بەتەواوی وەک لە سینەمادا بەپێی ئەوەی سەیری کامیان ئەکەین. من زۆرتر لەوەدا هەق بە

٩٩٢ـ چل و یەکەم: The Forty_First فیلمی سینەمایی ١٩٥٦ی سۆڤیەتی، دەرهێنانی بۆریس لاڤرێنیۆڤ.






لۆ دۆکا ئەدەم کە بەرهەمی فیلمە ڕەنگییەکانی خەونبینین بە تێکنیکالڕە. بەڵام لەوەدا لەگەڵی نیم کە بەهای ئاڵۆسکاوی ئیرۆتیزم بە ڕەنگی ئەهێنێتە خوارەوە. باشە ڕێگە بدەن ئەم جیاوازییانە پەیوەند بدەین بە هەندێ لادانی کەسییەوە و کاتێکی زۆرتر بۆ شرۆڤەی ئەوانە بەفیرۆ نەدەین. ئەم هەستە بنچینەییانە بۆ سینەما هێشتاش شێوەی خەونئاسای فیلمی بەجووڵەیان هەیە.

ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێت، دەروونناسی بینەر وازی بۆ ئەوە ئەچێت هەستی لەگەڵ خەوبینینی خەوتوو هاوشێوە بێت. ئینجا ئەوەش ئەزانین لە دوا شیکاریدا هەموو خەونەکان ئیرۆتیکن.

بەڵام ئێمە ئەوەش ئەزانین ئەو سانسۆرەی سەرۆکایەتی خەونەکان ئەکات، لە ڕادە بەدەر لە هەموو «خاتوو گراندی»یەکانی[٩٩٣] جیهان سەختگیرترە. منی باڵا[٩٩٤] یان سۆپەرئیگۆ، لە هەرکامماندا، بەبێ ئەوەی خۆمان بزانین، جەنابی «هایز»

---


**٩٩٣ـ** خاتوو گراندی: Mrs. Grundy خاتوو گراندی ناوێکی هێمایییە بۆ کەسێکی زۆر دەمارگرژ کە وێنای ستەمکارییە. هەمیشە ئاگای لە خۆیەتی و لەوە ئەترسێ خەڵکی چۆن بیری لەسەر ئەکەنەوە و ئەم ناسازییە بە گراندیزمیش ناوبراوە. کەسایەتی خاتوو گراندی لە فیلمی کۆمیدیای پێنج پەردەیی تۆماس مۆرتۆن لە ساڵی **١٧٩٨** بەناوی Speed the Plough سەریهەڵداوە و لە هەموو وێژەی ئینگلیزی زماندا بەدی ئەکرێ.

**٩٩٤ـ** منی باڵا: Super_ego سۆپەرئیگۆ، ئەو بەشەی مێشکی مرۆڤە کە وەک ویژدانێکی خۆڕەخنەگر کارئەکات، ڕەنگدانەوەی ئەو ستانداردە کۆمەڵایەتیانەیە لە دایک و باوک و مامۆستا فێری ئەبین.



ێکە بۆ خۆی. لێرەوەیە کە گوزارشتێکی نائاسایی دروست ئەبێت لە هێماکان، گشتی و تایبەت، کە کاری ئەوان شاردنەوەی دیمەنە نەلواوەکانی فیلمنامەی خەونەکانمان، لە ئەندێشەی وشیاری ئێمەیە.

لە ئەنجامدا پێویستە بەراوەردی لێکچوونی نێوان خەون و سینەما لەوەش زیاتر درێژ بکرێتەوە. ئەمە کەمتر لەو شتە نییە کە بە قووڵی لەسەر پەردە ئارەزووی بینینیمان هەیە، بەڵام لەوێ ئەگەری پیشاندانی نییە. ئەوەی ئێمە بە قووڵی لەسەر پەردە ئارەزووی بینینی ئەکەین، کەمتر لەوە نییە کە هەرگیز نەئەکرا لە سینەما پیشان بدرێت. هەڵەیە ئەگەر وشەی «خەون» لەگەڵ هەندێک ئازادی ئەنارکی خەیاڵدا بە یەکسان بگرین. لە راستیدا هیچ شتێک بە ئەندازەی خەونەکان لە پێشەوە دیاریکراو و سانسۆرکراو نین. ئەمە ڕاستە و سووررِیالیستەکان باشترە بیرمان بخەنەوە، کە ئەم دیاردەیە بە هۆی ئاوەزی ئێمەوە نییە. ئەوەش هەروەها ڕاستە کە سانسۆر بە واتای نەرێنی خەونێک دیاری ئەکات و، لە ڕۆژەڤی ئەرێنیدا، بە پێچەوانە لە بەرەنگارنەبوونەوەی بەرگیراو و تابۆکانی سوپەرئیگۆ دایە. منیش ئاگادارم لە جیاوازی نێوان سانسۆری خەونەکان و سانسۆری سینەما، کە کۆمەڵایەتی و ڕێساییە؛ من تەنها ئەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەرکی سانسۆرکردن بۆ سینەما و خەونەکان بە هەمان شێوە زۆر پێویستە. ئەمە بەشێکی بنەڕەتی دیالێکتیکیە لەوان.






ئەمە ئەو شتەیە بەلای منەوە لە پێشەکی سەرەتایی لێکدانەوەی **لۆ دۆکادا** کەمە و نەوتراوە، تەنانەت لە کۆمەڵەی مەزنی وێنەکانیدا، کە بۆ خۆی بەڵگەیەکە، دوو هێندە کەم کراوەتەوە. نووسەر بەڕاستی **ئەزانێت،** ئەگەر هەندێ وێنە زۆر ورووژێنەر بن، سانسۆر بە فەرمی بەریان پێ ئەگرێ، بەڵام ئەوانە بە تەنها چارەسەر ئەزانێ؛ لە سەرووی هەمووشیانەوە ئاراستەکردنی زیرەکی هەڵبژاردنی وێناکردنەکانی نموونەی تێزی پێچەوانەیە. باشتر بوو پیشانمان بدات کە سانسۆر بە زۆری چی لە فیلمەکان ئەبڕێت، بەڵکو لەو بەشانە تێپەڕێت کە ڕێگەیان پێ ئەدات. من ناڵێم تامەزۆ نیم و، بە تایبەت تامەزرۆیی ئەفسوونی ئەوەی لە سانسۆر ئەمێنێتەوە. بەس من پێموایە، لە نموونەی **مێرلین مۆنرۆ**[٩٩٥]، ئەمە ئەو وێنە ڕووتەی سەر ڕۆژژمێرەکە نییە (بە تایبەت کە ئەو بەڵگە ناسینەماییە هیی بەر لە سەرکەوتنی مێرلین وەکوو ئەستێرەک بوو و، بەو پێیە ناتوانین بایەخی هاوتای کەسایەتی مێرلین وەکو ئەستێرەی بەکێشەری سەر پەردەی سینەمای بۆ دابنێین) بەڵکوو زیاتر دیمەنە بەناوبانگەکەی

---

**٩٩٥ـ** مێرلین مۆنرۆ: Marilyn Monroe **(١٩٢٦ـ١٩٦٢)** هونەرپیشەی کۆمێدی و گۆرانیبێژ و مۆدێلی ئەمریکایی، بوو بە سەمبۆلی سێکسی و بوو بە هێمای شۆڕشی سێکسی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، فیلمەکانی، پێش ئەوەی لە **٣٧** ساڵیدا خۆی بکوژێ، بە پارەی ئەمڕۆ، تا **٢** ملیارد دۆلاری لێ فرۆشرا.

**ئاڵۆشی ساڵی حەوتەمە**[٩٩٦] کە تێیدا هەوا لە هەواکێشی کونکونی میترۆ دێتە دەرەوە و تەنوورەکەی بەرز ئەکاتەوە. ئەم بیرۆکە سەرووبەخشە تەنیا لە جیهانی سینەمادا ئەیتوانی بەدی بێت، سەرەڕای هەبوونی نەریتێکی درێژخایەن و دەوڵەمەند و بیزەنتین لە سانسۆرکردن. داهێنانی وەک ئەمە پێویستی بە پێشگریمانەی داهێنەرانەی نائاسایی ئەندێشە هەیە، لە خەبات دژی گەمژەیی توندی نەریتێکی ڕەسەنخواز بەدەست هاتووە. هالیوود سەرەڕای ئەو تابۆیانەی کە زاڵن بەسەریدا، وەک پایتەختی جیهانی ئیرۆتیزمی سینەمایی ئەمێنێتەوە.

من ناڵێم هەموو ئیرۆتیزمی ڕاستەقینە، بەر لەوەی سانسۆری بیپاڵێوێ، ئەبێ ڕێگە بدرێت لەسەر پەردە بدرەوشێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەوەی بەم جۆرە دەستدرێژییە نهێنییە بەدەست دێت، ئەتوانێ بە هۆی ئەو شتانەی لەدەست چووە قەرەبوو ببێتەوە. بەرگیراوە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکانی سانسۆر زۆر سەرەڕۆیانەن و، گەمژەییە پێمان وابێت ئەتوانێ بە شێوەیەکی لەبار خەیاڵ ڕابەری بکات. ڕەنگە بۆ نموونە، لە کۆمێدی و یان فیلم–بالێتدا سوودمەند بن، بەڵام لە بواری فیلمە ڕیالیستییەکاندا ڕێگرن و بێتوانا و سەرنەکەوتوون.

---

٩٩٦ـ ئاڵۆشی ساڵی حەوتەم: The Seven_Year Itch فیلمی سینەمایی ١٩٥٥ی ئەمریکایی، دەرهێنانی بیلی وایڵدەر و بەشداری مێرلین مۆنرۆ. لە ناو جەماوەردا بڕوایەک هەیە کە ژیانی ژن و مێردی لە ساڵی حەوتەمدا تووشی نسکۆ ئەبێت و ساردی و دوخمانی و جیابوونەوە لە نێوان هاوسەراندا ڕوو ئەدات. بە واتایەک کێچ ئەکەوێتە کەوڵی هاوسەران.

بەم شێوەیە تەنها یەک سانسۆر هەیە کە سینەما ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ و ئەویش ئەو خودسانسۆرییەیە لە لایەن خودی وێنەوە ئەسەپێندرێت و لە داو لێکدانەوەدا، لە پەیوەند لەگەڵ خودی وێنە دایە کە ئەبێ تێبکۆشین دەروونناسی و جوانناسی سانسۆری ئیرۆتیک پێناسە بکەین. بە دڵنیاییەوە بە نیاز نیم لێرەدا تەنانەت بە شاشترین زاراوەش ئاماژەیان پێ بکەم، بەڵکوو زنجیرەیەک لەوانە پێشنیاز بکەم کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و ڕەنگە ئاراستەیەک پیشان بدەن تا بتوانین تێیدا کرکاش بکەین.

جگە لەوەش، بەر لە هەر شتێک، من ئەبێ بۆ ئەوەی شیاوی دەربڕینە گرنگی بۆ دابنێم؛ جا بۆی هەیە بگاتەوە بە **ژان دۆمارچی**(٩٩٧)، چونکە ئەوانە لە بۆچوونی ئەوەوە سەرچاوە ئەگرن، کە لە لای من ناسراون و بە شێوەیەکی سەمەرە لەبار و بەسوود خۆیا ئەکەن.

کەواتە، دۆمارچی، کە مرۆڤێکی لەخۆبایی نییە، پێی وتم هەمیشە لە دیمەنەکانی ڕابواردن لەسەر پەردە، یان تەنانەت گشتیتر، یان بە گشتی لەو زاراوانەی بەهۆی هەر دیمەنی هەوەساوی نەگونجاو لەگەڵ ئەکتەرانی بێهەست و ساردوسڕ، تووڕە بووە. بە گوتەیەکی تر، لای وابوو کە دیمەنە ئیرۆتیکەکان ئەبێ بتوانن وەک دیمەنی ئاسایی پیشان بدرێن و، لەم دارەتەشدا ئەو هەستە جنسییە ڕاستەقینەی لە لایەن ئەکتەرانەوە لە بەردەم کامێرادا

٩٩٧ـ ژان دۆمارچی: Jean Domarchi (١٩١٦ـ١٩٨١) ڕەخنەگری فەڕانسەیی سینەما.

پیشان ئەدرا لەگەڵ ڕێسا و پێداویستی هونەری ناکۆک بوون. ئەم ڕوانگە سەختگیرانەیە لە سەرەتادا سەرسووڕهێنەر خۆیا ئەکات، بەڵام لەسەر ئارگیومێنتێکی نکۆڵی لێنەکراو و لەسەر بنەمایەک وەستاوە کە ڕەوشتی نییە. ئەگەر بڕیار وابێ چاوەڕێ بین ئەو ژن و پیاوەی لەسەر پەردەن بە ڕاستی جنس بکەن، ئەوا منی بینەر بۆم هەیە داوا بکەم لە فیلمێکی تاوانکاریشدا گۆری یان قوربانییەکە بە ڕاستی بکوژرێ ـــ یان لانیکەم بە سەختی بریندار بکرێت. ئایە ئەم گریمانەیە گاڵتەجاری نییە؟ چونکە ئەوەندە نییە کە کوشتن وەستاوە. کوشتنەکانی **مەیدانی دو گرێڤ**[٩٩٨] هەر ئەمە بوو و، بۆ ڕۆمییەکان جەنگی کوشندە لە سیرکدا بریتی بوو لە ڕابواردن. جارێک نووسیم بە هۆی نمایشی دیمەنێکی هەواڵی بەدناو کە ئەفسەرانی سپای چیانگ کای شێک[٩٩٩] «سیخوڕە کۆمۆنیستەکان» لە شەقامەکانی شانگهای لە سێدارە ئەدەن، ئەم دیمەنە وەک فیلمێکی پۆرنۆگرافی قێزەون سەیری کرا. پۆرنۆگرافییەکی ئۆنتۆلۆژیک. لێرەدا مردن هاوتای نەرێنی چێژی سێکسییە، کە هەندێک جار ـــ ئەویش نەک

---

**٩٩٨ـ** مەیدانی دو گرێڤ: Place de Grève گۆڕەپانی گشتی لە ناوچەی چوارەمی پاریس، ئێستا گۆڕەپانی هۆتێل دی ڤیلە City Hall Plaza، پێش ساڵی **١٨٠٢** ناوی گۆڕەپانی گرێڤ بووە.

**٩٩٩ـ** چیانگ کای شێک: Chiang Kai-shek (**١٨٨٧ـ١٩٧٥**) ڕابەری ڕامیاری و سپایی چینی بوو لە دوای مردنی سۆن یات سێن لە **١٩٢٥** خۆی بە فەرماندەی کۆمینتانگ ناساند و پارتی خستە بن دەسەڵاتی خۆیەوە. لە **١٩٢٦** تا **١٩٤٩** تێکۆشا پارتی کۆمۆنیستی چین شکست بدات، بەڵام نەیتوانی و ساڵی **١٩٤٩** کۆماری گەلی چین بە سەرۆکایەتی پارتی کۆمۆنیست و ماوتسی تۆنگ دامەزرا.

بەبێ هۆـ پێی ئەوترێت «مردنی بچووک».

شانۆ هەرگیز بەرگەی شتێکی لەم شێوەیە ناگرێ. لەسەر سەکۆی شانۆ هەموو شتێک کە پەیوەندی بە لایەنی فیزیکی خۆشەویستییەوە هەیە لە پارادۆکسی ئەکتەرەوە سەرچاوە ئەگرێ. هیچکەس هەرگیز، لە ڕووی سێکسییەوە، نە لە **ڕۆیاڵ پالاس**(١٠٠٠) ـنە لەسەر سەکۆی شانۆ و لەبەرچاوی بینەر نەورووژێنراوە.

ئەوە ڕاستە ستریپ تیز، پرسیارێکی تر ئەخاتە ڕوو، بەڵام ئەتوانین لەسەر ئەوە کۆک بین کە ستریپ تیز و خۆڕووتکردنەوە هیچ پەیوەندییەکی بە شانۆوە نییە، تەنانەت ئەگەر چاویلکەیەکی تایبەتیش هەبێت و بینەر بتوانێ زیاتر چاودێری بکات و، ئەوە زۆر گرنگە ژنە خۆی جلەکانی دابکەنێ و خۆی ڕووت بکاتەوە. ئەگەری ئەوە نییە کە هاوبەشێک جلەکانی دابکەنێ بەبێ ئەوەی سەرتاپای جەماوەری بینەرانی نێرینە بورووژێنێ. لە ڕاستیدا ستریپ تیز لەسەر بنەمای دوولایەنەبوون و وروژاندنی وازی جنسی لە بینەراندا دامەزراوە. هەرکەسە خۆبەخۆ ژنێکی لە بەردەست دایە کە گوایە خۆی پێشکەش ئەکات؛ بەڵام ئەگەر یەکێک بچێتە سەر سەکۆی شانۆ، بەبێ دادگاییکردن کەوڵی ئەکەن، چونکە لەم دارەتەدا ئەبێ بە دژی ئەوانی تر و لەگەڵیان ئەکەوێتە ململانێ (مەگەر ئەوەی ببێ بە کەسێکی خۆشگوزەران یان چاوباز voyeurist، کە ئەویش مێکانیزمێکی ئەندێشەیی تر ئەگرێتەوە).


١٠٠٠ـ ڕۆیاڵ پالاس: Palais-Royal یان پالێ ڕوایال یان کۆشکی کاردیناڵ ڕیشیلیۆ، کۆشکێکی مێژوویی خاوەن باخ و ئاوە لە گەڕەکی یەکی پاریس لە ١٦٢٢ـەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لە سینەمادا تەنانەت هاوبەشێک ئەتوانێ لە ژنێکی ڕووت نزیک ببێتەوە و بە ئاشکرا بچێتە لایەوە و نازی بکات. چونکە بە پێچەوانەوە شانۆ، کە کەشی نواندنی ڕاستەقینەیە لەسەر بنەمای وشیاری و ناکۆکی دامەزراوە، سینەما لە کەشێکی خەیاڵی دایە کە ڕێگە بە بەشداری هاوبەش و ناسینەوە ئەدات. ئەو ئەکتەرەی ژنەکە ئەباتەوە، تەنانەت ئەبێتە مایەی شادمانی من. قۆزی و بەوەجی و جەربەزەی کابرا نەک هەر دژایەتی ئارەزووەکانی من ناکەن، بەڵکوو بەدییان ئەهێنن.

بەڵام ئەگەر سینەما بە تەنیا سەرنجی ئەم دەروونناسییە بدات، فیلمی پۆرنۆگرافی ئەکات بە ئایدیاڵ. بە پێچەوانە ئەگەر بمانەوێ لە ئاستی هونەر نەچینە دەرەوە، ئەبێ لە بازنەی خەیاڵدا بمێنینەوە. ئەبێ بتوانم ئەوەی لەسەر پەردە ڕوو ئەدات وەک چیرۆکێکی سادە ببینم، هەستبزوێنێک کە هەرگیز ناگاتە ئاستی ڕاستەقینە، لانیکەم مەگەر دوای کردەوە یان لانیکەم هەستێک کە بمکات بە هاوبەشی تاوان و وام لێبکات بیشارمەوە.

ئەمەش واتای ئەوەیە کە *سینەما ئەتوانێ هەموو شت بڵێ، بەبێ ئەوەی هەموو شت پیشان بدات*. هیچ دۆخێکی سێکسی نییە ــڕەوشتی یان بێڕەوشتی، ڕاشەکێنەر یان زۆر بێبەها، ئاسایی یان پاتۆلوژیکــ پێشبینی ئەوە بکرێ لەسەر پەردە بەرگیراو و قەدەغەیە، بەڵام تەنها بەو مەرجەی کە بینەر پەنا بۆ توانای ئەبستراکت ببات بە زمانی سینەما، کە واتە وێنە، هەرگیز چۆنایەتی و پلەی فیلمێکی بەلگەیی وەرناگرێت.

هەر بەم هۆیەشە خوا ژنی دروست کردووە، سەرەڕای



ناسینەوەی هەندێ ئەدگاری زۆر جوان لە فیلمی نەشیاودا.


من ئارگومێنتەکەم خستووەتە ڕوو و، پەرەم بەو تێبینییە لۆژیکیە داوە لەلایەن دۆمارچییەوە ئاماژەی پێدرابوو. ئێستا ناچارم دان بە شەرمەزاری خۆمدا بنێم لە بەرامبەر ئەو ناڕەزایەتیانەی کە سەرهەڵدەدەن و، زۆریشن. وەک دەسپێک، ناتوانم ئەو ڕاستییە لە خۆم بشارمەوە کە بەشێکی گەورەی سینەمای هاوچەرخی سویدیم خستبوویە لاوە. سەرەڕای ئەمەش، بەوەم زانی بەشێک لە شاکارە ئیرۆتیکەکان ملکەچی ئەم ڕەخنەیە ئەبن. **شترۆهەیم**یش وا پێئەچێ خۆی لێ بواردووە، شترەنبەرگیش هەروەها.

بەڵام ئەوەی زۆرتر جاڕزم ئەکات بەرتەسکبوونەوەی بەشی گرنگی مشتومڕی سەلماندنەکەمە. بۆچی لەگەڵ ئەکتەرەکان ئەوەستین و ئەوان ناهێنینە ناو ئارگومێنتەکە؟ ئەگەر دەعەجانینی جوانناسی بێخەوش بێت، ئەوا ئەوان نابێت لە ئەکتەرەکان کەمتر چالاک و بزۆز بن. «**ماچ**»ەکەی **ڕۆدین**(١٠٠١) سەرەڕای ماچبوون ڕیالیزمە و، وروژێنەری هەستی هەوەسبازانە نییە.

لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئایا جیاوازی نێوان وێنەی وێژەیی و وێنەی سینەمایی هەڵە نییە؟ ئەبێ ئەمەی دووەمیان لە ڕووی ناوەرۆکەوە بە جیا بزانین، چونکە لە ڕوانگەی فۆتۆگرافییەوە

١٠٠١ـ ڕۆدین: Auguste Rodin (١٨٤٠ـ١٩١٨) پەیکەرتاشی فەڕانسەیی، خاوەنی پەیکەری بە ناوبانگی وەکوو «بیرمەند» و «ماچ».

بەدەست دێت و، بەرەنجامی جواننناسانەی زۆری لەگەڵ دایە کە من باسیان ناکەم. ئەگەر گریمانەی دۆمارچی ڕاست بێت، ئەوا لەگەڵ ڕۆماندا ئەگونجێ. دۆمارچی بۆ ئەبێ زیز ببێ لەوەی هەر کات ڕۆماننووسێک ئەو ڕووداوانە ئەنووسێ، کە ئەو ناتوانێ بە جوانی لەگەڵ ئەندێشەی شیانستدا بیانگونجێنێ؟ ئایا دۆخی نووسەر ئەوەندە لە دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی جیاوازە؟ ئەگەر بە دەمدرێژی نەبێ، تەنها، لە بواری جیاکردنەوەی وێناندن و نواندندا بە ڕەوایی جێگەی گومانە. بۆ ئەوەی تازیاری ورووژێنەری هەموو شتێک بە ڕۆمان بدەین و، نکۆڵی لە سینەمایش بکەین، کە ئەوەندە لەیەک ئەچن، مافی پیشاندانی هەموو شت، ڕەخنەیەکی ناکۆکە کە من بەبێ چارەسەرەکەی ئاماژەی پێ ئەدەم◆




## چارەنووسی ژان گابۆن

ئەستێرەی فیلم، تەنها هونەرپیشە نییە، تەنانەت تەنها ئەکتەری خۆشەویستی جەماوەریش نییە، بەڵکوو پاڵەوانی ئەفسانە یان تراجێدیایەکە و، چارەنووسێک وێنا ئەکات کە فیلمنامەنووس و دەرهێنەر ئەبێ ــ هەرچەند نائاگاهانە ــ لەگەڵی بگونجێن. ئەگەر جگە لەمە بێ، باربەژەنی نێوان ئەکتەر و بینەران ئەشکێ. هەرچەند جۆراوجۆری و تازەیی ئەو فیلمانەی ئەکتەر تێیاندا دەرئەکەوێ، لە لامان سەمەرە ئەنوێنێ، نابێ ببێتە هۆی سەرلێشێوانمان. ئەوەی ناخودئاگا لە ڕۆڵە بەردەوامە تازەکانی ئەکتەردا بۆی ئەگەڕێین، پەسەندی چارەنووسێکی قووڵ و بناغەییە. ئەم خاڵە، بۆ نموونە، لەمەڕ چاپلین ڕاستە و سەیر ئەوەیە سەبارەت بە ئەستێرەیەکی وەکوو ژان گابۆنیش ڕاستە، بەڵام بە دارەتێکی پەنامتر و ناسکتر.

کەم تا زۆر لە هەموو فیلمەکانی گابۆندا، ئەو تووشی سەرەنجامێکی پڕ لە توندوتیژی ئەبێت کە کەموزۆر دارەتی خودکوژی هەیە ــ لانیکەم لە **ئاژەڵی مرۆڤنما تا ئەوبەری دەرگا ئاسنەکان**[١٠٠٢].

١٠٠٢ـ ئەوبەری دەرگا ئاسنەکان: Au-delà des grille فیلمی سینەمایی




ئایە ئەوە سەیر نییە ڕێسای **کۆتاییخۆش** کە زۆر لە بەرهەمهێنەران ناچار ئەکات پەنا بۆ کۆتایی ساختەی وەکوو کۆمێدییەکانی مۆلییێر ببەن، سەبارەت بە یەکێک لە بەناوبانگترین و سۆزبزوێنترین ئەکتەرەکان ــ کە هەموو ئارەزووییانە بە خاوەنی ژیانێکی بەختەوەر و بە خاوەنی منالّی زۆری ببینن ــ بەڕاست نەگەڕێ؟

ئایە ئەتوانین گابۆن لە ڕواڵەتی پیاوی خێزاندا وێنا بکەین؟ ئایە ئەتوانین وێنای بکەین لە کۆتایی فیلمی **بەندەری مژاوی** سەربکەوێ، **میشێل مۆرگانی**(١٠٠٣) لانەواز لە چنگی **میشێل سیمۆن**(١٠٠٤) و **پیەر براسۆر**(١٠٠٥) ڕزگار بکات و لەگەڵی بەرەو ئەو ڕووداوانەی لە ئەمریکا چاوەڕوانییەتی بڕوات؟ یان کاتێک لە فیلمی **ڕۆژ هەڵدێ** هاتەوە هۆش تا خۆی بدا بەدەستەوە و هیوا بە بێتاوان درچوون ببەستێ؟

نا، نەگونجاوە. ئەگەر فیلمنامەنووسان کۆتاییەکی خۆش بۆ ژان گابۆن پێشبینی بکەن، جەماوەری بینەران کە بە ئاسانی هەر سووکایەتییەک پەژێرە ئەکەن، بێگومان هەست ئەکەن کڵاویان سەرچووە.

هۆکارەکەی بە سەلماندنی ناڕاستەوخۆ ئەمەیە: ئایە کەس ئەتوانێ **لویی ماریانۆ**(١٠٠٦) یان **تینۆ ڕووسی**(١٠٠٧) لە کۆتایی

فەڕانسەیی **١٩٤٩**، دەرهێنانی ڕێنێ کلیمەنت و بەشداری ژان گابۆن.

**١٠٠٣ـ** میشێل مۆرگان: Michele Morgan (**١٩٢٠ـ٢٠١٦**) ئەکتەری فەڕانسەیی.

**١٠٠٤ ـ** میشێل سیمۆن: Michel Simon (**١٨٩٥ ـ ١٩٧٥**) ئەکتەری فەڕانسەیی.

**١٠٠٥ ـ** پیەر براسۆر: Pierre Brasseur (**١٩٠٥ ـ ١٩٧٢**) ئەکتەری فەڕانسەیی.

**١٠٠٦ ـ** لویی ماریانۆ: Luis Mariano (**١٩١٤ ـ ١٩٧٠**) ئەکتەری فەڕانسەیی.

**١٠٠٧ ـ** تینۆ ڕووسی: Tino Rossi (**١٩٠٧ـ١٩٨٣**) ئەستێرەی بەناوبانگی




فیلمدا بە کوشتن بدات؟

چۆن ئەتوانین ئەم ناکۆکنما شرۆڤە بکەین؟ ناکۆکنمایەک کە بە ڕێکەوت لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕێسای پیرۆزی سینەما دژایەتی هەیە، زیاتر دەرئەکەوێ؟ ئەم خاڵە ئەتوانین بەم شێوەیە شرۆڤە بکەین کە گابۆن، لەو فیلمانەی ئاماژەیان پێکرا، تەنها چیرۆکێک لە نێوان چیرۆکەکانی تردا ڕوون ناکاتەوە، بەڵکوو هەمیشە یەک چیرۆک لە ئارا دایە ــ چیرۆکەکە خۆی چیرۆکێکە ناچار ئەبێ پایانێکی پەژاراوی هەبێ، وەک چیرۆکی ئۆدیپ یان فێدر. کابۆن پاڵەوانی تراجێدیای سینەمای هاوچەرخە. سینەما بە هەر فیلمێکی تازەی گابۆن دەزگای دۆزەخی چارەنووس دیسانەوە کۆک ئەکات ــ ڕێک وەک خۆی کە لە فیلمی **ڕۆژ هەڵدێ**، کاتی شەو، وەک شەوانی تر، کاتژمێرەکەی کۆک ئەکات، ئەو کاتژمێرەی لە کازیوەی سپێدپەهنا بە زەنگێکی بێبەزەییانە ساتی مەرگی ڕائەگەیەنێ.


بە ئاسانی ئەتوانین پیشانی بدەین کە ڕەوتانەی بنەڕەتی ئەم چارەنووسە، هەرچەند لە ناو توێژی جۆراوجۆری داهێنەرانەدا

---

ئۆپێرا و ئەکتەری فیلمی فەڕانسەیی. ئەو شێوازێکی تازەی لە گۆرانیبێژی جەماوەریدا داهێنا، کە پێچەوانەی شێوازی ڕووناکبیرانەی زۆربەی گۆرانیبێژانی فەڕانسەیی بوو. تینۆ ڕووسی زۆر بەناوبانگ و لە سەرانسەری فەڕانسە یانەی سەرگەرمی هەبوو. «لویی ماریانۆ»ش هەم لە ڕووی کەرەستەی کار و هەم لە ڕووی شێوازەوە پەیڕەوی ڕووسی بوو.
تێبینی: هـ.گ.




پێچراونەتەوە، بەڵام هەمیشە یەکسانن. نموونەیەک ئەهێنینەوە. ئەڵێن لە سەردەمی بەر لە جەنگ هەرکات گابۆن بیویستایەت گرێبەستی وازی لە فیلمێکدا واژۆ بکات، جەختی لەسەر ئەوە ئەکرد دیمەنێکی تووڕەیی و هەڵچوون، کە ئەو تێیدا پسپۆڕە، لە ناو چیرۆکەکەدا هەبێ. ئایە ئەمە لە وازوازیبوونی ئەم ئەستێرەیەوە بوو، یان بیانووی ئەکتەرێکی مامناونجی بوو کە ئەیویست بە نواندنی دیمەنێک کە تێیدا شارەزایە، کێماسییەکانی داپۆشێ؟ نازانین. بەڵام ڕەنگە گابۆن بە هۆی دفرەی ئەکتەرییەوە، ڕەنگە لای وابوو ئەگەر خۆی لە دیمەنێکی وەها بێبەش بکات، دوخمانی لە کەسایەتی خۆی کردووە. لە ڕاستیدا، هەمیشە لە یەکێک لە ساتەکانی هەڵچوون دایە کە گابۆن بەدفەرجامی خۆی ئەنووسێ و، ئەکەوێتە داوی چارەنووسێکەوە کە مەرگی بە دواوەیە. جگە لەوەش، لە تراجێدیا و داستانە کۆنەکاندا، غەزران تەنها دارەتێکی دەروونناسانە نەبوو کە بە دووشی ئاوی سارد یان دەرمانی ئارامگر کوڵی دامرکێتەوە، بەڵکوو دارەتێکی تایبەت، بەخششێکی خوداوەندی و، ڕۆچنێک بوو بۆ هاتنی خودایان بۆ جیهانی ئادەمیزاد. دەرووبەک بوو کە چارەنووس ڕێگەی خۆی تێدا ئەدۆزییەوە. بەمجۆرە، **ئۆدیپ**یش لە سەر ڕێگەی بۆ شاری **سێب** Thebes تووڕە بوو و ئەڕابەسوارێکی کوشت (کە باوکی بوو)، بەڵام ئەو نەیناسیبوویەوە. واتە ئەم ساتی هەڵچوونە ناراوی بەسەردا باراند. خودایانی ئەمرۆش کە کێوی ئۆلیمپیان





کارگەی مەزن و دووکەڵکێشی زەبەلاحیانە و، لە فەراگەردی شاری **سێب** فەرمانڕەوایی ئەکەن، لە چوارڕێیانی چارەنووس چاوەڕێی گابۆن ئەکەن.

ئەوەی تا ئێستە وتمان زیاتر لەمەڕ گابۆنی بەر لە جەنگ، واتە گابۆنی فیلمەکانی **ئاژەڵی مرۆڤنما** و **ڕۆژ هەڵدێ** بەڕاست دەرئەچێ. گابۆن لەو کاتەوە تا ئێستە زۆر گۆڕاوە. پیرتر بووە! قژی زەردی بەرەو خۆڵەمێشی ڕەنگی گۆڕیوە و ڕوخساری قەڵەوتر بوو. پێشتر ئەمانوت لە سینەما چارەنووس، ڕوخساری مرۆڤ ناگرێتە خۆی، بەڵکوو سیمای مرۆڤە کە چارەنووسی ئاشکرا ئەکات. گابۆن نەی ئەتوانی هەمیشە لە یەک دارەتدا بمێنێتەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا نەی ئەتوانی لە ئەفسانەناسییەکی ئاوەها تۆکمەش ڕابکات.

ئینجا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە **ئۆرەنش** و **بۆس** لە فیلمی **لەوبەری دەرگا ئاسنەکان** لەو شوێنەوە دەستیان پێکرد کە فیلمی **ژانسۆن**[١٠٠٨] و **پرێڤەر** کۆتایی هاتبوو. هەموومان دوا دیمەنی **پەپە لۆمۆکۆ**مان لەبیرە: گابۆن لە کاتی گیانکەنشتدا لاجامە ئاسنەکانی کەنار بەندەری ئەلجەزیرەی گرتووە و چاوی بڕیوەتە کەشتییەکە کە هەموو ئومێد و ئارەزووەکانی ئەوی لەگەڵ خۆی ئەبرد. فیلمی ڕێنێ کلێمەنت لە شوێنێکەوە دەست پێئەکات کە

---

١٠٠٨- ژانسۆن: Henri Jeanson (١٩٠٠-١٩٧) فیلمساز و نووسەری فەڕانسەیی.




کاروباری فیلمی **دوڤیڤیە** کۆتایی هاتووە. ئەگرا لە ناونیشانی ئەم فیلمەدا بنووسرێ: «وای دابنێن گابۆن دەرفەتێکی دووبارەی دەست بکەوتایەت و بیتوانیایەت بگات بە کەشتییەکە. ئێستە ئەومان لە پشت نەردەی ئاسنی بارئەندازدا ئەبینی.» فیلمی **کلێمەنت** بە ئاشکرا گەڕانەوەی دووبارەی گابۆنە بەرەو چارەنووس. لادانی ڕواڵەتی دڵخواز لە ئەوین و لە بەختەوەری. پەژێرەکردنی ئەو خاڵەیە کە لە ژیاندا دوو وزەی لە هەموو بەهێزترن: یەکیان خواکان و ئەوی تر دانئێشەی دژوار.

ددان بەوەدا ئەنێین لە فیلمی **ماری کیژی بەندەر**[١٠٠٩] هێزی چارەنووس ئارامتر بووە. لێرەدا دیسان گابۆن، ئەکتەرە. یەکەمجارە هاوسەرگیری ئەکات. بەڵام ئایە بەختەوەرتر ئەبێت؟ **مارسێل کارنێ** نەیتوانیوە لە دانەوەی وامەکەی بەم ئەفسانە کەونارایە خۆی لابدات. گابۆن ساماندار و «سەرکەوتوو»ـە، لەگەڵ ئەوەش لە سەرانسەری فیلمەکەدا دەربارەی کەشتییەک ئەدوێن لە کەناری وشک لەنگەری گرتووە. یان گەمییەک کە هەرگیز ناچێ بۆ ماسیگرتن و ئەڵێی گۆڤانی هۆرمی بەدی نەهاتووی گابۆنە (هۆرمی ئەو هەڵاتنەی هەرگیز نەیتوانی بە ئەنجامی بگەیەنێ و ڕۆیشتنێک کە ئازادی پێ ببەخشێ). کەواتە، بەختەوەری لەرزۆکی هەنووکە و سەرکەوتنی دارایی و نە

**١٠٠٩ـ** ماری کیژی بەندەر: La Marie du Port فیلمی فەڕانسەیی ١٩٥٠، دەرهێنانی مارسێل کارنێ، بە بەشداری ژان گابۆن.






مینەوی ئەو جگە لە ددانان بە شکست و جگە لە پاداشتێکی بچووک بۆ چاوپۆشی لە ئارەزووەکانی نییە. خواکان دڵ بۆ ئەوانە ئەسووتێنن کە ئیتر نایانەوێ پاڵەوان بن.

لەوە زیاتر، لە ئەستۆی کۆمەڵناسان و ڕەوشتگەرایانە (بە تایبەت ڕەوشتگەرایانی فەلە ــ و بۆچی نەڵێین ئایینناسانی عیسایی) دەربارەی واتای قووڵی ئەم ئەفسانەناسییە بیر بکەنەوە.

ئەفسانەیەک کە تێیدا، لە ڕێگەی خۆشەویستی ئەکتەرێکی وەکوو ژان گابۆن، ملیۆنان کەس لە مرۆڤی هاوچەرخ خۆیان ئەدۆزنەوە. ڕەنگە جیهانی بێ خوا، ئەبێ بە جیهانی خودایان و ئەو چارەنووسانەی کە ئەینووسن◆

*Radio, Cinema, TV, October 1950*

# فەرهەنگۆک

**ئاجوور:** brick ناو کەرپووچ، خشتی سوور ع قرمید N murstein د آجر
➪ **باکەف:** ناو خشتی نیوە سوورەوەکراو ➪ **لگبن:** ناو خشتی کاڵ.

ریشەناسی [ئاگوور= ئاگر، ئاگرخواردوو، بە ئاگر سوورەوەکراو]. لە عەرەبی کراوە بە (آجر). ئاجوور لە زمانی دەریش هەیە. لە عەرەبی نووسیوێتی: (آجُرَة: الجمع الآجُرّ: خشت پخته (آجر) که در زبان متداول به آن (القَرمید) گویند.) واتە وشەکە بە عەرەبی نازانێ و بەکاریش ناهێنرێ. بەڵام لە کوردستان بە دەرەوە تا باکووری ئەفریقا ئیتر نییە. کە ئەگەیتە لای ئەمازیغییەکان هەیە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ئەبێ لە لایەن کوردەکانی ئەیوبییەوە برابێ بۆ ئەوێ و لەو ناوە بڵاو بووبێتەوە. واتە وشەکە کوردییە تا دەری کە هەرگیز لە باکووری ئەفریقا نەبوون.


**ئادار:** constant نەگۆڕ، بێجمین، بێجووڵە ع ساکن د ثابت.

**ئایینی ئینویت:** Inuit religion ئەفسانەی ئینویت سەرچاوەی نەریتی دانیشتوانی ئالاسکا و کانادا و گریلەندە، ئەگوازرێتەوە لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی تر. ئەم ئەفسانانە بوونە هۆی نزیکی لە نێوان دانیشتوانی باکووردا و زۆر کەس تا ئێستەش بڕوای پێیان هەیە. ئینویتەکان گەورەترین هۆزی باکوورن. قاڵاو گرینگترین بوونەوەرە لەم ئەفسانانەدا، چونکە سەرەتا تەنها تاریکی هەبووە، تا ئەو کاتەی قاڵاوی فێڵەباز هات و لە شەوی بێسەرەتادا جیهانی ئافراند.






**ئۆرفیۆس:** Orpheus ئەفسانە مۆزیک لە ئەفسانە و ئایینی کۆنی یۆنانیدا موزیکزان و پەیامبەر بووە.




**ئەسپادەم:** میسۆلۆجی یان سێنتۆر Centaur گیانەوەرێکی ئەفسانەیی نیوە مرۆڤ نیوە ئەسپە.

**ئەڤان:** volition, will ویست، بریار، لێبڕان ⇐ ئێتیمۆلۆژی: [ئە+ ڤان] (ئە) بە واتای من و (ڤان) بە واتای ویست و نیازکردن، واتە ویست و خواستی مرۆڤ، ئەڤان ویستە و ئەڤین کەڵکەڵەی ویستن و گەرەکبوونە، خۆش+ویستنە ع ارادة N vilje د ارادە ⇐ **بە بێئەڤان:** ناخودئاگا ⇐ **بێئەڤان:** بێئیرادە.


**ئەندێشەی مرۆیی:** La Voix humaine ئۆپێرای فەرەنسەیی بۆ سۆپرانۆ، نووسینی فرانسیس پوولەنک، ١٩٥٨.

**ئێدگار ئالان پۆ:** Edgar Allan Poe (١٨٠٩ - ١٨٤٩) یەکێکە لە گەورەترین نووسەران و هۆنەرانی سەردەمی خۆی، زۆربەی کارەکانی ئەم هونەرمەندە بریتییە لە کورتە چیرۆک و زۆربەی ئەم چیرۆکانەش ترسناکن و هەر بە هۆی ئەم دانستەوە بەناوبانگن. ☜ دەمامکی مەرگی سوور ☜ ئاڵباتراس




**ئێکسپرشنیزم:** Expressionism بزووتنەوەیەکی وێژەیی و هونەری بوو سەرەتای سەدەی بیستەم لە دژایەتی سەمبۆلیزم و ئیمپرشنیزم بەدی

هات. مەبەستی سەرەکی ئەم شێوازە پیشاندانی دەروونی مرۆڤ بە تایبەتی هەستی وەکوو ترس و کینە و ئەوین و دڵەڕوکێ بوو، کە هونەرمەند بۆ دەربڕینی هەژانی خۆی لە ڕەنگی توند و بیچمی لارولەوێر سوودی وەرئەگرێ ⇦ تابلۆی لای ڕاست قیژە skrik بەناوبانگترین و گرانترین تابلۆی نەرویجی، بەرهەمی ئێدوارد مۆنک شێوەکاری ئێکسپرشنیستی نەروێجی، **١٩٨٣**، بە گەنجی نەتەوەیی نەرویج دائەنرێ. ☜ ئیمپرێشنیزم.




**ئیمپرێشنیزم:** Impressionnism بزووتنەوەی هونەری کۆمەڵێک شێوەکاری نوێخواز و داهێنەر بوو، لە ساڵی ١٨٧٤ـەوە لە فەرانسە سەری هەڵدا و زۆر زوو لە هەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە. شێوازێکە بە زەبری بەردەوام و شکاوی فرشە و تۆپەڵە ڕەنگی بڵاوەبوو و ورشەدار کە شەبەنگی خۆر ئەخاتەوە بیر، شێوەکار تێگەیشتن و بەرداشتی ڕاستەوخۆی خۆی لە بینراوی تێپەڕ بە شێوەیەکی وەژارەیی ئەکێشێت. لەم شێوەی وەرگرتنەدا، بنەماکای شێوازی نیگارکێشانی وردەکارانە، سێبەر و قووڵایی تەکنیکی و پێکهاتەی هاوسەنگ و نژیارقانی بەکار نایەت. ئیمپرێشنیزم هەروەها ناوی بزووتنەوەیەکە لە موزیکدا. ☜ ئێکسپرشنیزم




**بارستە:** mass فیزیک ناو ئاوەڵناو قەبارە، چەمکێکی بنەڕەتییە لە فیزیکدا بە شێوەیەکی دیار بەرەنگاری تەن لە بەرامبەر ئەشتاودا کاتی وزەپێدان

یان ڕاکێشانی تەنێک لە ڕاکێشانی تەنەکانی تردا پیشان ئەدات. بارستە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فیزیک وەکوو مێکانیکی کلاسیک، ڕێژەی تایبەت و ڕێژەی گشتی پێناسەی جیاوازی بۆ ئەکرێ. یەکەی بارستە SI و بەرامبەر بە یەک کیلۆگرەمە ع کتلة N masse د تودە.







**بارگەگر:** capacitor, condenser ناو ئامێرێکە بۆ هەڵگرتنی بارگەی کارەبایی، پێکهاتووە لە یەک یان چەند جووت ڕێبەر کە بە نەگەیەنەر جیا دەکرێنەوە ع مکثف N Kondensator د خازن.






**بازاڕی کاوڵان:** fairground flavor بازاڕێکی هەمەڕەنگی هەمەچەشنە لە کاوڵانی چەقی بازنەی مەهاباد و بۆکان و سەقز و بانە و سەردەشت و پیرانشار و پەسوێ، لەسەر ڕێگەی مەهاباد ـ سەردەشت، بە تایبەت لە پاش ڕووخانی حەمەڕەزاشا و نەمانی دەسەڵاتی پێشمەرگە لە شارەکان، هەموو شتێکی تێدا ئەکڕا و ئەفرۆشرا، هەر لە بزنەقنییەوە تا بارەتا و ئووزی. هەروەها کاوڵان لە باشووریش هەیە کە ئەکەوێتە لای چۆمانەوە، لە سلێمانیش کۆمپانیای کاوڵان بۆ کڕین و فرۆشی دۆلار هەیە ریشەناسی وەرزەبازاڕ: fairground flavor ئەنگلۆ ـ فرێنچە و ڕێک بە واتای وەرزەبازاڕ و هەمان پیشانگە و بازاڕی هەمەڕەنگی بازرگانی و سەرگەرمی وەک بازاڕی کاوڵانە ع السوق الموسمي N sesong tivoli د بازاڕ مکارە.








**بستوو:** pole جوگرافیا ناو هێتم، جەمسەر، کۆرەک ع قطب N stang د قطب.

**بوودلێر:** Charles Baudelaire هۆنەر نووسەر (١٨٢١ـ١٨٦٧) شارڵ بودلێر، هۆنەر و ڕەخنەگری فەڕانسەیی. هەموو خاوەنڕایان، بێ هیچ گومان و دوودڵییەک، بوودلێر بە سەردەقشکێنی هۆنراوەی مودێرن دائەنێن. ئارتۆر ڕەمبۆ (١٨٥٤ـ١٨٩١)، هۆنەری پێشەنگ، ئەڵێ: «بوودلێر شالیاری هۆنەرانە». ئەو سەرقافڵەی هۆنەران و تەنانەت زۆربەی هونەرمەندانی مودێرنیشە، کە هاوکات دارشتە و واتای پێکەوە ئەنگاوتووە. ئیڤ بۆنفوا Yves Bonnefoy، هۆنەری ناوداری فەڕانسەیی ئەڵێ: سەدەی نۆزدەهەم نابێ تەنها بە سەدەی مارکس و نیچە و کەمێک دواتر فرۆید ناودێر بکرێ، بەڵکوو سەدەی نۆزدەهەم هەروەها سەدەی بوودلێریشە. جیهانی مودێرن لە سەرپاکی بەرهەمەکانیدا شەپۆل ئەدا. لە ڕاستیدا ئەوە بوودلێر بوو کە نرخ و واتای بە مودێرنیتە بەخشی. زۆر بەرهەمی بوودلێر کراوە بە کوردی و شێواز و ڕوانگەی لە بواری ڕۆشنبیری کوردیدا ناسراوە.









**بەرپێکی هانا:** appeal داد مافناسی بەڵگە سکاڵا یان داخوازی بۆ دادگای باڵا بۆ هەڵوەشانەوەی بڕیاری دادگای سەرەتایی ع استئناف N anke د استیناف، تجدید نظر تێبینی: وشەی appeal هەڵبەت واتای تریشی هەیە، وەکوو داخوازی و داواکارییەکی تایبەت، بە تایبەت ئەوەی کە ڕووی لە جەماوەر بێ، واتە ڕاگەیاندن و شەونامە و نامەی سەرئاوەڵە.

**بەرگەهەوا:** atmosphere ئاتمۆسفێر، ئەو گازەی وەکوو بەرگێک زەوی و هەسارەکانی گەمارۆ داوە [ع] اجواء [N] atmosfære [د] اتمسفر.






**بەرەگەی ڕوانین:** purview ئاراستەی ڕوانین، ئەو ڕووگە و ڕووبەرەی لە کەوشەنی توانای بینین دایە، کەوشەنی باندۆر و گرنگی پێدانی ڕێسایەک [ع] مجال رؤية [N] formål [د] میدان دید ن. بەرەگەی توانا، بەرەگەی ڕێسا، بەرەگەی بیر.

**بەنگین:** newbie [تاو] تازە هاتوو، تازە گەیشتوو، تازەلاو، خورت، مێرمندالْ [ع] مبتدئ، بدیع [N] nybegynner [د] نوخیز، نوپا.

**بێپێز:** exhausted لاواز و بێهێز [ع] ارهق [N] utslitt [د] بی رمق ⇦ **بەپێز:** vivacious بەبار، بەکاکڵ، بەکێش [ع] نشیط [N] livlig [د] بانشاط.


**بێلە ئێپۆک:** Belle Époque بە واتای **چاخی زێڕین** خولێکی مێژووییە لە دیرۆکی ڕۆژئاوادا، لە کۆتایی جەنگی فەڕانسە و پرووسیا لە ١٨٧١ـەوە دەست پێ ئەکات، تا سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٤دا. سەردەمی کۆماری سێهەمی فەرەنسا (سەرەتای ساڵی ١٨٧٠) قۆناغی گەشبینی فەلسەفی، ئاشتی ناوچەیی، خۆشگوزەرانی ئابووری، داگیرکردنی لوتکەی کۆچەری و داهێنانی تەکنەلۆژی و زانستی و کولتووری بوو. لە کەشوهەوای دراماتیکیی ئەم قۆناغەدا، بە تایبەت لە پاریس، هونەر گەشەی کرد. زۆرێک لە شاکارەکانی وێژە و موزیک و شانۆ و هونەرە دیتبارەکان ناسێنران. ئەو سەردەمە جوانە کە پێشتر بە سەردەمی زێڕین ناسرابوو، بە پێچەوانەی کەشی سامناکی جەنگی جیهانی یەکەم بوو.









**پازەی بەراوردی:** deductive reasoning ڕەوتی ئەندێشەییە بۆ هەڵهێنجانی دەرەنجامە مسۆگەرەکان. دەرەنجامێک ڕەوایە ئەنجامەکەی بە شێوەیەکی لۆجیکی لە پێشمەرجەکانیەوە سەرچاوەی گرتبێ؛ واتە ناگونجێ پێشمەرجەکە ڕاست بێت و دەرەنجامەکە ناڕاست ع د استدلال قیاسی. ⇦ **پازەی پاڵنەر:** inductive reasoning پازەی بینراوەیی بۆ هەڵهێنجانی بنەمایەکی گشتی. ئەگەر پێشمەرجەکان دروست بن، ئەنجامی مشتومڕی لێکچوونەکە دڵنیایە؛ بە پێچەوانەوە، بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی کە خراوەتەڕوو، دروستی دەرەنجامی مشتومڕێکی پاڵنەر ئەگەری هەیە ⇦ بەراورد لە گشتەوە بۆ پاژە و هاندەر لە پاژەوە بە گشت ع د استنتاج استقرایی.




**پاسفەندە:** exhaustion ئاوەڵناو پەرتووکاو، پۆسیاگ، پەرپووت، دارزاو، پواو، پەڵەوون، بێ نەشە و گەشەبوون بە هۆی گوشاری جەستەیی یان دەروونی بەردەوامەوە ع انهاک N utmattelse د فرسودە، پوسیدە.

**پانتینگ:** Herbert Ponting وێنەگر (١٨٧٠ـ١٩٣٥) وێنەگر و فیلمگری پیشەیی بە تایبەت لە بستووی باشوور لەگەڵ ڕابێرت سکات و تێرا نۆڤا. ١٩١٠ تا ١٩١٣ فیلمی بستووی باشووری گرتووە.










**پرووست:** Marcel Proust نووسەر (١٨٧١ـ١٩٢٢) مارسێل پرووست،


نووسەر و ڕەخنەگر و شرۆڤەکاری بەناوبانگی فەڕانسەیی، ئافرێنەری ڕۆمانی ناوازەی حەوت بەرگی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو، سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بۆ کوردی و لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە لە ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠١٧ چاپ و بڵاو کراوەیەوە. **تێبینی:** بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆمانی گەڕان بروانە وتاری سیامەند شاسواری لە کۆتایی بەرگی حەوتەمی ڕۆمانی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو.



**پشکباز:** speculator **ناوی فەرمان** پاڕباز، سووخۆر، کەسێک کە کاری کڕین و فرۆشی پشک و ڕاوەن و خانوو و زەوییە و مضارب ع بالأسعار N spekulant د سفتە باز، زمین خوار.

**پۆلیتزێر:** Pulitzer خەڵاتێکی ساڵانەیە لە ١٩١٧ـەوە ئەدرێ بە ڕۆژنامەوانی، ڕۆمان، هۆنراوە، و دراما و موزیک و هەروەها وێنەی گرنگی بوێرانە و ڕیسواگەر کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا لە ئەمریکا چاپ یان پێشکەش کرابێتن ⇦ وێنەی تیرەبارانی ٩ پێشمەرگەی کورد لە ١٩٧٩ لە شاری سنە براوەی خەڵاتی پۆلیتزێرە.






**سەکۆ:** scene **ناو** سەکۆ، تەختەی شانۆ، گۆرک، ناوگۆرگ، پانایی، تەختایی چکۆلە ع صحنة، صحن N Scene د صحنه ف: سەکۆی شانۆ: صحنه تئاتر ←ن. گۆرکی دادگا: صحن دادگاه. G هەنبانە بۆرینە G کاوە G شێخانی

**پێپرژە:** بڵاوکردنەوەی خۆڵ و خەوش و بۆ دانگەڕانی مریشک؛ قاچ لێکئاڵان.

**پێکهاتە:** structure لێکئاڵان و پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکان یان

توخمەکانی شتێکی ئاڵۆز ع بنية N struktur د ساختار.

**پیارە:** Alternative خرش، متە، زرِ، نەبەرِاستی، بەدەڵ، ئاڵترناتیف، مت، نارِەسەن، ناسۆلان N alternativ ع البديل د بدل.

**پیەر ئاگۆست رێنوار:** Pierre_Auguste Renoir (١٨٤١_١٩١٩) شێوەکاری فەرِانسەیی، لە پێشرِەوانی ئیمپرِشنیزم.








**تۆلۆز_لۆترێک:** Henri de Toulouse_Lautrec شێوەکار (١٨٦٤_١٩٠١) شێوەکار، کاریکاتۆریست و نیگارکێشی فەرِانسەیی.









**تەشک و ناوەرِۆک:** form and content لە هونەر و رِەخنەی هونەریدا تەشک و ناوەرِۆک بە لایەنی جیاوازی بەرهەمێکی هونەری دائەنرێت. زاراوەی تەشک ئاماژەیە بۆ پێکهاتەی کارەکە، تەکنیک و میدیای بەکارهێنراو و، چۆنیەتی جێبەجێکردنی توخمەکانی دیزاین. بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج ئەخاتە سەر لایەنە فیزیکییەکانی کارە هونەرییەکە، وەک میدیا، رِەنگ، بەها، کەش و هتد، نەک لەسەر ئەوەی کە چی ئەگەیەنێت. لە بەرامبەردا ناوەرِۆک ئاماژەیە بۆ بابەت و هەناوی بەرهەمێک، واتە واتاکەی. بەڵام ئەتوانرێت زاراوەی تەشک و ناوەرِۆک جگە لە هونەریش بەکاربهێنرێت: هەموو دەقێکی واتادار تەشکی سروشتی خۆی هەیە، لێرەوە تەشک و ناوەرِۆک لە بەکارهێنانی زۆر بیری جۆراوجۆری مرۆڤدا دەرئەکەون: لە هونەرە جوانەکانەوە تا تەنانەت بیرکاری و زانستە سروشتییەکان. لەوەش زیاتر، جیاوازی نێوان واتاکانی ئەم زاراوانە لە کەوشەنە جیاوازەکانی بەکارهێناندا

تا ڕادەیەک ناسروشتی دەرئەکەوێت، بەو پێیەی بیرۆکەی لە پشت «تەشک و ناوەڕۆک لە هونەردا» و «تەشک و ناوەڕۆک لە زانستدا» زۆر بە باشی وەک یەکن.











**تێز و ئانتی تێز و سەنتێز:** Thesis and antithesis and synthesis پێناسە و پەیوەندی نێوان ئەم سێ وشەیە واتە شێوازی دیالکتیکی، بەو شێوەیە کە:

- تێز ڕۆژەڤی هەبووە و،
- ئەم ڕۆژەڤە لە دەروونی خۆیدا ئانتی تێزێک لە دژی خۆی بەدی ئەهێنێ و،
- لە ئەنجامی ململانێی تێز و ئانتی تێز، ڕۆژەڤی هەبوو لە ناو ئەچێ و سەنتێزێک دێتە ئاراوە کە ڕۆژەڤی سەلماو واتە ڕاستەقینەیە.
- ئەم دارەتە تازەیە نە تێزە و نە ئانتی تێز، بەڵکوو سەنتێز و دۆخێکی گەشەکردووترە لە قۆناغی پێش خۆی.

**تیمانج:** پێستی ئاژەڵی خۆشەکراوی دەباغ دراو.

**جوانپەرستی:** aestheticism ناو بزووتنەوەیەکی ئەندێشەیی و هونەرییە، بڕوایەی وایە بەهای جوانیناسیی هونەر و وێژە و موزیک و هونەرەکانی دیکە تاکە بەهای ڕاستەقینەیە و زیاترە لە بناغە کۆمەڵایەتی-ڕامیارییەکانی و؛ ئەمەش بەو واتەیە کە هونەر زیاتر سەرنجی لەسەر جوان بوون ئەبێت پێویست ناکات واتای قووڵەکانی؛ لە ڕاستیدا دروشمی بەناوبانگی هونەر لە پێناو هونەردا. ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەتی لە ئەورووپای سەدەی نۆزدەهەمدا دیار بوو و پشتیوانی کەسایەتییە ڕۆشنبیرە بەناوبانگەکانی وەک واڵتەر پۆتەر و ئۆسکار وایڵدی لەگەڵ بوو. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵانی ١٨٦٠ لە ستۆدیۆی ڕیفۆرمخوازی وەک ویلیام مۆریسەوە دەستی پێکرد، کە لەو خولەدا بەدوای شێوازێکی نوێدا ئەگەڕان بۆ ژیان و کارکردن وەک هونەرمەندێک. ئامانجی سەرەکییان دژایەتی ئەو ستانداردانە بوو لە پێشانگای گەورەی

هونەری ساڵی ١٨٥١ لە هاید پارک لە لەندەن پێشکەش کران.

پێویستە ئەوان وەک نەیارانی کولتوری ڤیکتۆریا سەیر بکرێن، کە پێیان وابوو هونەر و ویژە پڕن لە ڕۆڵی ڕەوشتی گرنگ. یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی هاوچەرخ کە بیرکردنەوەکانی لەم بزووتنەوەیە نزیکە، هارۆڵد بلۆمە کە نەیارێکی سەرسەختی ناساندنی ڕامیاری و ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە بۆ بەرهەمە ویژەییەکان.

**جێرارد مەنلی هاپکینز:** Gerard Manly Hopkins (١٨٩٩ـ١٨٤٤) هۆنەری ئینگلیزی و قەشەی ژۆزویت.

**جیۆڤانی ڤێرگا:** Giovanni Verga (١٩٢٢ـ١٨٤٠) نووسەری ڤێریستا یان ڕیالیستی ئیتالیایی، دامەزرێنەری فێرگەی ویژەیی ڤێریسمۆ Verismo یان ڕیالیزمی ڕاستەقینە، لاسایی و تێکەڵکردنی ڕیالیزم و ناتۆرالیزمی فەڕانسە، دەراوی توند و بێپەردەی نووسەرانی کۆنی ئیتالیا لەگەڵ فەلسەفەی ڕەوشتی تۆماس هاردی ئینگلیزی.




**جیۆڤانینۆ گوارێسکی:** Giovannino Guareschi (١٩٦٨ـ١٩٠٨) ڕۆژنامەنووس، کارتۆنیست و حەنەکنووسی ئیتالیایی، نووسەری زنجیرە ڕۆمان و ئافرێنەری کەسایەتی قەشە دۆن کامیلۆ.






**چارلی چاپلین:** Charlie Chaplin (١٩٧٧ـ١٨٨٩) ئەکتەر و دەرهێنەر و ئاوازدانەری ناوازە و هەڵکەوتەی ئینگلیزی، بە هۆی فیلمە بێدەنگەکانییەوە

ناوبانگی دەرکرد و پێش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بەناوبانگترین ئەستێرەی جیهانی بوو.












**چاوباز:** voyeurist چاوچەرێن، کەسێک کە بۆ خۆشی و هەوەسی خۆی و بەبێ ئەوەی لە دیمەنێکی ئێرۆتیکدا ببینرێ، بەشداری لە بینیندا ئەکات ع مختلس النظر N titter د نظرباز.







**چراوگ:❶** limelight ناو مەشخەڵ، چۆڵەچرا، چراوڵە، ئەختەرمە، مێڵەدە چراخان هێمابر ناوەندی سەرنج، شوێنی دڵگر ع الأضواء N limelight د روشنایی، مشعل ریشەناسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدە سەکۆی شانۆ بە گەرمکردنی لوڵەکێکی کانزا کە پێی ئەوترێت لیمۆ یان ئۆکسیدی کالسیۆم، ڕووناک ئەکرانەوە؛ ئەنجامەکەی ڕووناکییەکی سپی زۆر درەوشاوە بوو. هێمابر وشەی لایملایت لە ساڵی ١٨٧٧دا واتای هێمایی «لە ناوەندی سەرنجدا» بوونی پەیدا کرد.








**چراوگ:❷** limelight فیلم درامای سینەمایی ١٩٥٢، دەرهێنان و بەشداری هونەرمەندانەی چارلی چاپلین.

**چواندن:** analogy چاوگی نێبەر بەرامبەر یەک دانانی دوو شت بە تایبەت بە

مەبەستی ڕوونکردنەوە و پیشاندن [N] analogi [ع] تشبیە [د] مقایسە.






جۆزێف ڤۆن شتەرنبەرگ: Josef von Sternberg (١٨٩٤ـ١٩٦٩) دەرهێنەری ئوتریشی ئەمریکایی.

**چەکبەشان:❶** Shoulder Arms, slope arms دارەت ناوی لێکدراو شانەچەک، دارەتی ئامادەباشی سەرباز لە بەردەم ئەفسەری گەورەتر [ع] تحیة السلاح [د] پیش فنگ ⇦ وریایی: attention.

**چەکبەشان:❷** Shoulder Arms فیلمێکی بێدەنگی چارلی چاپلینە، هی ١٩١٨ـەیە و ٣٦ خولەکە. ئەم فیلمە کورتترین فیلمی درێژی چاپلینە.







**جی کەی چێستێرتۆن:** G. K. Chesterton (١٨٧٤ـ١٩٣٦) نووسەر و فەیلەسووف و ڕەخنەگری هونەری ئینگلیزی.

**حەوت هونەر:❶** Seven Arts ئەگەر وەزارە و وێناکردن هۆکاری بەدیهێنانی هونەری بن، چەندە وەزارەی هونەرمەند بەهێزتر بێ، ئەوا داهێنەرترە. هەڵبەت وا نییە کە هونەرمەند بیر و ئاوەز و تێگەیشتنی خۆی بەکار نەهێنێ، بەڵام هەستی ئەو لە بواری هونەریدا چالاکترە. هونەر تا ئەم دواییانە کرابوو بە حەوت بەشەوە، بەڵام ئێستە بووە بە هەشت هونەر:

- مووزیک وەکوو ژەندن و چرین و ئۆپێرا و سەمفۆنی و...
- هونەری جووڵانی نمایشی وەکوو سەما و سیرک و...
- شێوەکاری وەکوو، وێنەگەری و وێنەگری و خۆشنووسی و...
- قاڵبکاری وەکوو نژیارڤانی و ڕازاندنەوە، پەیکەرتاشی و مۆدە و...


- وێژە وکوو دەق و هۆنراوە و شانۆنامە و فیلمنامە و...
- هونەری نواندن وەکوو شانۆ و دەکلەمە و...
- سینەما وەکوو ئەکتەری و دەرهێنان و...
- هونەری هەشتەمیش داڕێژان و دروستکردنی گەمەی ڤیدیۆیی و کەمپیۆتەری و...




**حەوت هونەر:**❷ Seven Arts ناوی گۆڤارێکی مانگانە بوو لە ١٩١٦ تا ١٩١٧ لە ئەمریکا بڵاو کرایەوە ☜هونەری حەوتەم.





**خاچەپرس:** puzzles گەمە وێنـەمەتەڵ، بۆڕێن، پەردەک، فیشاردە، هەڵهێن ع لغز N puslespill (پوشلەسپیل) د معما.



**خاکەبڕبەند:** iron filings ناو وردەی اسنەواڵە کە لە دەمی مشار و بڕبەند و دڕێل دائەکەوێ ع برادة الحديد N jernfiling د براه آهن.

**خاڵگەی هاوئاست:** profile ـ equilibrium هاوسەنگ، هاوشان، شانبەشان، هاوتەخت **خاڵگەی هاوئاستی ڕووبار:** equilibrium profile of river دارەت و هەلومەرجێکە کە ڕەوتی ڕۆیشتنی ئاوی بەستێنی ڕووبار زۆر خاوە و لە ئاستێکی یەکباودا پلەبەندی کراوە.



River systems strive toward a state of equilibrium, in which a smooth curve flattens from mountain peaks to the sea shore.



**خولیا:** preoccupation تامەزرۆیی، کەڵکەڵە، گینگڵ، هەوەس و ئارەزووی فراوان، گیرۆدەیی ع انهماک N opptatthet د وسوسە E Obsession.

**داڤینچی:** Leonardo da Vinci (١٤٥٢ـ١٥١٩) پسپۆڕی تویکاری، زانای جەنگ و ستراتژی، وێنەکێش، پەیکەرتاش، بیناساز، گیاناس، مۆزیکزان و نووسەری بەناوبانگی ئیتالیایی. لیوناردۆ زیاتر وەک نموونەی سەرەتایی ڕێنیسانس ئەناسن، کەسێک وا هەستی سەرنجوردی ڕاگیرنەکراوی تەنها بە هێزی ئافرێنەری دائەمرکایەوە. بە یەکێک لە گەورەترین شێوەکاران ئەناسرێت، بەڵام بە دڵنیایەوە تاکە مرۆڤێکە تا ئێستا، کە ئەو هەموو بەهرەی جۆربەجۆرەی هەبووە.









**دراماتیست:** dramatist یان شانۆنامەنووس کەسێکە کە شانۆ ئەنووسێ.


**درەیزێر:** Theodore Dreiser (١٩٤٥ـ١٨٧١) ڕۆماننووس و ڕۆژنامەگەری ئەمریگایی فێرگەی ناتۆرالیزم.


**دەبلیۆ. دی. هاوێلز:** William Dean Hawells (١٩٢٠ـ١٨٣٧) ڕۆماننووسی ڕیالیست و ڕەخنەگری ئەمریکایی.

**دڵنەخواز:** undesired, unwanted [ئاوەڵناو] کارێک کە ئەنجامی ئەدەین بەبێ ئەوەی حەزمان لێی بێ، جا لە ڕووی نەزانی یان ناچاری [ع] غیر سار [N] uønsket [د] ناخواستە.

**دۆستایڤێسکی:** Fyodor Dostoevsky [نووسەر] (١٨٨١ـ١٨٢١) ڕۆمان و کورتەچیرۆکنووس و ڕۆژنامەڤانی ڕووسی، هەناوبینی و کۆڵینەوەی کەلێنەکانی پێرسۆناکانی شێوازی تایبەتی نووسەرە. سووررِیالیستەکان مانیڤێستی خۆیان لەسەر بناغەی نووسینەکانی ئەو دارِشتووە.





**دۆنس سکاتۆس:** Duns Scatus (١٣٠٣ـ١٢٦٥) قەشەی کاسۆلیکی سکاتلەندی و ڕاهیبی فرانسیسکەن.

**دۆنادۆن:** reincarnation گیان گۆڕینەوە، بڕوا بە ڕابوونەوە و ئاڵوگۆڕی گیان لەبەرگێکی تردا [ع] التناسخ [N] reinkarnasjon [د] تناسخ ⇦

**سەمسارا:** Samsara سووڕی مەرگ و ژیانەوەی دووبارە کە ژیان لە جیهانی هێسندا بەوەوە بەستراوە؛ سەمسارا زاراوەیەکی سانسکریتە بە واتای «جووڵەی بەردەوام» یان «سووڕی بەردەوام»، لە بوودایزمدا بە واتای سووڕی لەدایکبوون و نەمان و مەرگ دێت، بەو واتایەی کە هەموو مرۆڤ لە جیهاندا بەشدارن و تەنها لە ڕێگەی ڕەوشەنگەرییەوە ئەتوانن لێی ڕزگار ببن. سەمسارا ئاوێتەی ڕەنج و ئازارە و وەکوو خاڵی بەرامبەر بە نیروانا دائەنرێ.







**دێرسناسی:** Paleontology کۆنینە ناسی، لقێکی زانستە پەیوەندی بە ئاژەڵ و ڕووەکی بەردبووەوە هەیە.

**دێکۆپاژ:** Découpage بە واتای بڕین یان ئێدیت نییە، ئەگەر ئەم قۆناغەش بگرێتەوە؛ بە زۆری مەبەست لەم وشەیە تەشک یان پێکهاتەی کۆتایی فیلمە لەسەر کاغەز. تەشکێکە کە فیلم پاشان لەسەر پەردەی ئەبیێت؛ بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی بە زۆری **«فیلمنامەی تایبەت بۆ فیلمگرتن»**ـە. ☜ میزانسن ☜ مۆنتاژ

**دێگا:** Edgar Degas (١٨٣٤-١٩١٧) شێوەکاری ئیمپرێشنیستی فەڕانسەیی.






**دێیانیرا:** Deinira میسۆلۆجی لە میسۆلۆجی یۆنانیدا ژنی دووەمی هێرکولێس بووە. نێسۆسی ئەسپادەم پێش مردنی چەند دلۆپێک خوێنی بە دێیانیرا دا و وتی هەر کاتێک بیەوێ ئەتوانێت بەو دلۆپانە خۆشەویستی هێراکلیس یان هێرکوول زیندوو بکاتەوە. کاتێک هێراکلیس گیرۆدەی ئیۆلا بوو، دێیانیرا بە خوێنەکە تەرگەکانی هێراکلیس پەڵە ئەکات. بەڵام خوێنەکە ژەهراوی بوو و بووە هۆی مردنی هێراکلیس. دێیانیرا لە تاسوخ و پەژارەی هێراکلس خۆی کوشت.








**دیاردەناسی:** phenomenology ناوی لێکدراو زانستی دیاردە، وەکوو شتێکی دوور لە سروشتی هەستی، وەک ئێدمۆند هوسێرلی فەیلەسووف ئەڵێ: دیاردەناسی پێزانینە بە بینراوەیی ئەو دیاردانەی کە دەسبەجێ تێیانئەگەین، بەبێ پەنابردنە بەر تیۆری زانستی یان فێرکاری لە

پێشەوە.

**دیکێنز:** Charles Dickens (١٨١٢ـ١٨٧٠). مەزنترین ڕۆماننووسی ئینگلیزی چاخی ڤیکتۆریا. لە شێکسپیر بەملاوە، کاریگەرترین نووسەر بووە لە زمانی ئینگلیزیدا.













**دیۆنیسۆس:** Dionysus میسۆلۆجی یان Bacchus لە میسۆلۆجی یۆنانیدا سەرەتا خوای ئافرێنەری مرۆڤ و پاشان خوای شەرابە. لە یۆنان باکۆسیان ئەپەرست، بەڵام ئەفسانەی هێرشی باکۆس یان دیۆنیزۆس بۆ هیند و وڵاتانی تری ئاسیا، پاش ئەوە هۆنرایەوە، کە ئەسکەندەر هێرشی کرد بۆ سەر ئاسیا، لە ئەفسانەی ڕۆمیدا کوڕی ژووپیترە.






**دیۆنیسۆسی تیرانۆس:** Dionysius I of Syracuse (٤٣٢ـ٣٦٧ پ.ز) فەرمانڕەوای سەرەڕۆی سیراکۆس لە سێسیلیای ئیتالیای ئەمڕۆ. ماوەی سی ساڵ دەسەڵاتدار بوو و دژی کارتاژەکان جەنگا.







**ڕابێرت پریجز:** Robert Bridges (١٨٤٤ ـ ١٩٣٠) هۆنەری ئینگلیزی.

**ڕابێرت وین:** Robert Wiene (١٨٧٣ـ١٩٣٨) دەرهێنەری ئاڵمانی.

**ڕافایل:** Raphael Santi (Raffaello Sanzio da Urbino) ڕافایل سانتی (١٤٨٣ـ ١٥٢٠) شێوەکاری ئیتالیایی، میهرازی ڕێنسانس. بەرهەمەکانی بە هۆی ڕوونی و سانایی پێکهاتە و دەسکەوتی وێنایی نیۆپلۆتۆنیزم، نوێنەرەوەی مەزنایەتی مرۆڤە. ڕافایل، لەگەڵ مایکڵ ئانجێللۆ و لیۆناردۆ داڤینچی بە سێچوکڵەی ئوستادانی مەزنی ئەو خولە دائەنرێن. فریێسکۆی بەناوبانگی فێرگەی ئاسینا The School of Athens لە ڤاتیکان کە ٧X٥ مەترە و سێ ساڵ کاری لەسەر کراوە، لە بەرهەمە ناوازەکانی ڕافایلە.



ڕاوەدوو: Chase ناوی چاوگ شوێننان ع المطاردة د تعقیب It Caccia ن: فیلمی ئیتالیایی ڕاوەدووی ناسۆر: Caccia tragica.

**ڕۆکۆکۆ:** Rococo شێوازێکی هونەری ڕازاندنەوەی سەدەی هەژدەیە، لەگەڵ پەرەسەندنی بورژوازی لە فەڕانسە سەری هەڵدا، هونەرێکی گەش و پڕ لە ژیان و خۆزگەیە.



**ڕۆمانسی گوڵەباخ:** هۆنراوەیەکی سەدەی ناونجییە وەک دیدێکی خەونی

شانۆیی بە فەڕانسەیی کۆن پێشکەش کراوە، وەک ئاوێنەی خۆشەویستی هونەری ئەویندارى ئاشکرا ئەکات. چامەی دوو هۆنەر گیوم دو لۆری Guillaume de Lorris و ژان دو میۆن Jean de Meun.

**ڕەفتارگەرایی:** behaviorism **دەروونناسی** ڕەفتارگەرایی فێرگەیەکی دەروونناسییە پێی وایە بۆ ئەوەی بوونەوەرێکی زیندوو بناسین، پێویست ناکات بەدواداچوون بۆ دارەتە ناوەکییەکانی بکرێت (وەک بیرکردنەوە) و، تەنیا پشکنینی هاندەری دەرەکی و ڕەفتارە دەرەکییەکانی ئەو بوونەوەرە (وەک گریان) بەسە. ئەم فێرگەیە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، یەکێک بوو لە جەمسەرە هەرە کاریگەرەکانی دەروونناسی لە جیهاندا، جگە لەوەش کاریگەرییەکی زۆر قووڵی لەسەر فەلسەفەی ژیری و زمانەوانی و فەلسەفەی زانستی ئەو سەردەمە هەبوو.

ڕەفتارگەرایی ڕەوتێکە لە فەلسەفەدا وازی ئەوەی هەیە هەمیشە لەبری پشکنینی بیرکردنەوە و باری دەروونیمان، بەدواداچوون بۆ ئەو ڕەفتارانە بکەین کە بەدوای بیرکردنەوەکانماندا دێن. لە ڕوانگەی ئەم وازەوە ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان دوو بیری جیاوازدا بکرێت، مەگەر جیاوازی هەبێت لەو ڕەفتارەی کە بەدوای ئەو بیرکردنەوانەدا دێت.




**ڕەمبۆ:** Arthur Rimbaud (١٨٥٤ ـ ١٨٩١) ئارسر ڕەمبۆ هۆنەری فەڕانسەیی، زۆرترین کاریگەری لەسەر وێژە و هونەری مۆدێرن هەبوو.







**ڕەنگکوێر:** color blind **ئاو** کەسێکە ڕەنگەکان لێک ناداتەوە **ع** عمی الالوان **N** fargeblind **د** کورڕنگ.


**ڕەوار:** result ناو بەرووبوو، بەروبووم، بەرهەم، داهات ع حصيلة N resultat د ثمره ← **ڕەوانبێژی:** Rhetoric زمانەوانی یان زانستی ڕەوانبێژی، لەو هونەر و دەستوور و بنەمایە ئەکۆڵێتەوە ئەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەری گوتە و پاراستینی لە لێڵی و شل و شێواوی. لای ئەرەستوو هونەری بۆینکردنە بۆ ئەوەی کەسێک وا لێبکەی شتەکان وا ببینێ کە تۆ ئەیبینی ع بلاغة N Retorikk د بلاغت. ن: توانای، لە هەر دارەتێکی تایبەتدا، بۆ بینینی ئامرازە بەردەستەکانی بۆینیکردن. ئەرەستوو









**ڕێنێ دێکارت:** René Descartes (١٥٩٦-١٦٥٠) فەیلەسووف، بیرکار و شارەزای فیزیک و نووسەری فەڕانسەیی بوو، نازناوی «باوکی فەلسەفەی نوێ» پێدراوە.








**ڕیتا هەیوۆرس:** Rita Hayworth هونەرپیشە سەماکار (١٩١٨-١٩٨٧) هونەرمەندێکی ئەمریکی بوو، لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا وەکو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەرکەوت، سەرەتا ژیانی هونەری وەکو سەماکەرێک لە یانەی شەوانە دەستی پێکرد. دواتر لە سینەما دەرکەوت و بوو بە یەکێک لە ئەستێرەکانی هالیوود، نەک بەتەنها لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی توانا بوو، بەڵکوو مێینەیەکی سەرنجڕاکێش بوو و نازناوی شاژنی یەکەمی وروژێنەری لێنرا. ڕیتا هەیوۆرس زیاتر لە ٣٧ ساڵ خزمەتی هونەری کرد و نزیکەی ١٦ فیلمی دەرکرد، پێنج جار هاوسەرگیری کرد، یەکەمیان لەگەڵ ئیدوارد جۆدسۆن بوو و ماوەی پێنج ساڵی خایاند، دووەمیان لەگەڵ

ئۆرسۆن وێلز بوو و بە هەمان شێوە پێنچ ساڵی خایاند؛ سێیەم هاوسەرگیری لەگەڵ کەسایەتی هیندی علی ئاغا خان ئەمیر بوو و منداڵێکی لێی بوو و ناویان نا یاسمین؛ دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ دیک هیمس کرد، کە دوو ساڵ بەردەوام بوو. دوا هاوسەرگیریشی لەگەڵ جیمیس هیڵ بوو و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو. ڕیتا هەیوۆرس ساڵی **١٩٤٨** کە تازە هاوسەرگیری لەگەڵ علی خان کردبوو، سەردانی میسری کرد و کامیلیای هونەرمەندی شەیدای شا فاروق زۆر ئێرەیی پێبردووە و لە ڕۆژنامەکاندا ڕایگەیاندووە کە بە دوای علی خاندا دەگەڕێت و هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات. خەونەکەی کامیلیا هاتە دی و چاوی کەوت بە علی خان و ڕێککەوتن گەشتێک بە نێو جیهاندا پێکەوە بکەن، یەکەم گەشتیان بە فڕۆکەی میرلاند بوو بۆ ئەمریکا، بەڵام دوای هەڵفرینی فڕۆکەکە بە **١٠** خولەک لەسەر شاری بلبیس فڕۆکەکە تەقیوە و کامیلیا و علی خان مردن و خەونی هاوسەرگیریەکەشیان کۆتایی پێهات. ڕیتا هەیوۆرس لە وڵاتی میسر مایەوە وەکوو میوان، تاکو لە ساڵی **١٩٨٧** لە تەمەنی **٦٨** ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.





**زانستناسی:** epistemology شێوازێکی لێکۆڵینەوەیە بیروباوڕی ڕەوا لە بیروباوەڕی ئاسایی جیا ئەکاتەوە.

**زووترۆپ:** zootrope لە ساڵانی **١٨٣٤** و **١٨٥٠** و **١٨٦٠** دروست کرا. ئامێرێک بوو بە پشتئەستووری بەدەوامی بینین، بە هۆی لێزگەیەک وێنە لەسەر پتلماسکێک بە دەوری لۆلەکێکەوە وەژارەی جووڵانی بەدی ئەهێنا. بینەر لە کونەکانی لۆلەکەکەوە سەیری وێنەکانی ئەکرد.



**زەردەقۆرە:** chameleon گیاندار ڕۆژپەرست، خۆرپەرست، قمقمۆک، کەرپەسە ٤ حرباء N kameleon د آفتاب پرست.

**زیگمۆند فرۆید:** Sigmund Freud (١٨٥٦ ـ ١٩٣٩) نۆرۆلۆجیستی ناوداری ئوسترِیایی و دامەزرێنەری زانستی دەروونشیکاری وەکوو شێوازێکی دەرمانی لە دەروونناسیدا.





**ژان برۆلەر:** Jean Bruller (١٩٠٢ ـ ١٩٩١) ڕۆماننووسی فەرِانسەیی بە نازناوی ڤێرکۆرس Vercors ئەینووسی.

**ژان پۆڵ سارتر:** Jean ـ Paul Sartre (١٩٠٥ ـ ١٩٨٠) لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی بوونگەرایی. شانۆنامەنووس، ڕۆماننووس، چالاکوانی ڕامیاری، ژیاننامەنووس و ڕەخنەگری وێژەیی فەرِانسەیی. یەکێک بوو لە کەسایەتییە گەورەکانی فەلسەفەی فەرەنسی سەدەی بیستەم، بە تایبەتی مارکسیزم. کارەکانی چەند بواری گرتەوە وەک فەلسەفەی مارکسی، کۆمەڵناسی، تیۆری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەی وێژەیی. سارتەر بە پەیوەندییە دوور و درێژەکەی لەگەڵ نووسەری فێمینیست سیمۆن دێ بۆڤوار ناسرا بوو.

- ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبڵی لە بواری وێژەدا پێبەخشرا، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک خەڵاتەکەی ڕەتکردەوە.
- سارتر، سەبارەت بە هۆکاری وەرنەگرتنی خەڵاتەکە ئەڵێ: دوو فەرهەنگی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناکۆکن، من هیوادارم ئەم دوو فەرهەنگە یەکدی لە

ئامێز بگرن، ئەگەر نەکرا، هیوادارم فەرهەنگی بالاتر واتە سۆسیالیزم سەرکەوێ، لە کاتێکدا خەلاتی نۆبلیان وەکوو بالادەستی نووسەرانی ڕۆژئاوا یان یاخییەکانی ڕۆژهەلاتی لێکردوە؛ خەلاتی نۆبێل نەدرا بە من کاتێک بانگەوازی ١٢١ کەسم واژۆ کرد، چونکە ئەوسا خەلاتەکە هیی ئازادی ئەبوو و بە سپاسەوە وەرم ئەگرت. خەلاتی نۆبێل نەدرا بە پابلۆ نێرۆدا کە لە مەزنترین هۆنەرانی جیهانە، نەدرا بە شۆلۆخۆف، کەچی درا بە بۆریس پاسترناک! کۆڕی زانیاری سوید وتوویەتی: «ڕابوردووی سارتر لێڵ و شێواوە، بەلام ئەوان سەختگیری ناکەن!» منیش ئەلێم: من ئێستەش وەک ڕابوردوو، شانازای بەو ڕابوردووە لێڵەی خۆمەوە ئەکەم! من ئەگەر نەتوانم ئەو پارە بۆ مەبەستی خۆم بەکار بهێنم، هەرگیز چاوپۆشی لە بنەمای بیروباوەڕی خۆم ناکەم لەبەر بڕێک پارەی سویدی! بۆیە ناچارم ئەو خەلاتە ڕەت بکەمەوە.










**ژان تۆران:** Jean Tourane (١٩١٩ـ١٩٨٦) فیلمسازی فەڕانسەیی فیلمی منالان، بە هۆی بڕگەی ڤیدیۆیی ئازەلی بچووکەوە ناسراوە ⇦ ژان تۆران لە فیلمەکانیدا ڕۆلی مرۆیی ئەدا بە ئاژەل و ئەوانی ئەکرد بە ئەکتەر. ئەو دوو فیلمی کورتی هەیە بە ناوی ساتۆرننی هۆنەر، پالەوانەکەی قازێکە. هەروەها زرێواری پەریان کە ئەکتەرەکانی کەروێشک و ڕێوی و بزن و ئەوانەن. پاشتر فیلمێکی سینەماییشی بەم شێوازە دروست کرد بە ناوی ئەو پەریەی وەکوو ئەوانی تر نییە.










**ژان ڕێنوار:** Jean Renoir (١٨٩٤ـ١٩٧٩) دەرهێنەری ناوداری براوەی ئۆسکاری فەڕانسەیی لە ئورووپاوە تا هالیوود و تاکو هێند.

**ژانسۆن:** Henri Jeanson (١٩٠٠ـ١٩٧) نووسەری فەڕانسەیی.

**ژرار فیلیپ:** Gérard Philipe (١٩٢٢ـ١٩٥٩) هونەرپیشەی فەڕانسەیی.

**ژۆرژ ڕۆکییە:** Georges Rouquier (١٩٩٠ـ١٩٨٩) ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەری فەڕانسەیی.

**ژۆزویت:** jesuit بە ئەندامی Society of Jesus یان کۆمەڵەی یارانی عیسا یان ئەندامانی ئاینزای ئەنجومەنی یەسوعی ئەوترێ کە سکتێکی ئاینی سەر بە کلیسای کاسۆلیکە و خۆیان بە سەربازی عیسا ئەزانن. دامەزرێنەرەکەی ئیگناتیۆس لۆیۆلا Ignatius of Loyola پێش ئەوەی ببێ بە قەشە شاسوار بووە، بۆیە بە یەسووعی و سەربازی عیسا بانگ ئەکرێن. سەدەی ١٦ دامەزرا و ساڵی ٣٧٧١ هەڵوەشایەوە، چونکە کەوتنە کلاوبازی و پارەدزین و ئێستە تەنها هەندێ کەس و ناوێکیان لێ ماوەتەوە. یەسووعیەکان بۆ ماوەی دووسەد ساڵ مامۆستای فەرهەنگی ئورووپای کاسۆلێک بوون. بە سەدان فێرگەیان هەبوو و هەوڵیان ئەدا خۆیان بخزێننە ناوچە پڕۆتستانەکانەوە.










**ژول ڤێرن:** Jules Verne ڕۆماننوس، هۆنەر و شانۆنووسی فەڕانسەیی بوو. نووسەری پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانە، کاریگەری لەسەر وێژەی نوێگەرا و سوریالیزم وێناگەر هەبوو.















**ژەنگین:** ڕەنگی وەکوو ژەنگ، قاوەیی سوورباوی ئاجووری.

**ژێوەرگرتنی ئازاد:** loosely based ژێوەرگرتن بە شێوەیەکی کراوە و دڵخواز، بۆ نموونە لە ڕۆمانێک بۆ فیلم.

**سادیسم:** sadism بڕوا بە پەیوەندیی ئازادی جنسی هەیە و حەزی لە ئەشکەنجە و ئازار و سووکایەتیکردن کردن بە بەرامبەرەکەیەتی. سادیسم لە ناوی Marquis de Sadeـەوە هاتووە کە زیاتر لە ٣٠ساڵی ژیانی لە بەندیخانەدا بوو و چەندین پەرتووکی لەم بارەیەوە نووسیوە، ژوستین Justine لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی «مارکی دو ساد»ە و، دەربارەی هەوەس و دڕیی جنسی و دەستدرێژییە.








**سارا بێرنارد:** Sarah Bernhardt هونەرپیشە هونەرپیشە و یەکەمین ئەستێرەی زۆر ناسراوی فەڕانسەیی و جیهانی، پاش گەڕان بە هەموو جیهاندا، ساڵی ١٨٨١ لە نیۆیۆرک دەرکەوت و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ناسراوەکان، تەنانەت زانایانی وەکوو تێسلا و ئێدیسۆندا هەبوو.






**ساڤینیەن دو سیرانۆ دو بێرژراک:** Savinien de Cyrano de Bergerac ساتیرنووس و دراماتیستی فەڕانسەیی، کە بەرهەمەکانی بە تێکەڵەی کەترەی ڕامیاری و زانستی ـ فانتازی دائەنرێ و سرووشبەخشی کۆمەڵێک لە نووسەرانی دوای خۆی بوو. ئەو وەگێڕی زۆر ئەفسانەی

دڵداری نامێژووییە، کە بەناوبانگترینیان شانۆیی ئێدمۆند ڕۆستاندە بە ناوی **سیرانۆید دو بێرژراک** کە ئەویندارێکی لێزان و هەژەندە و دزێوە (وەک لە ڕاستیدا وابوو) بە لووتێکی درێژەوە.












**ستاندالْ:** Beyle Marie–Henri نووسەر (١٧٨٣–١٨٤٢) ڕۆماننووسی فەڕانسەیی کە بە نازناوی ئەینووسی و، لە ڕیالیستە سەرەتاییەکان بوو. سوور و ڕەش ☜ یەکێک لە ڕۆمانە گرنگەکانی ستاندالْە کە سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی.










**سلسار:** pixilated ئاوەڵناو بێشەرم، گەوەند، ڕێلاس، بێشەرمانە سەربەردای، پرتۆک، سەرسەری، پنتی، زۆر چەتوون د وقح N skamløs د عجول، بی بندوبار.

**سلینگ:** crane ئامێر ناو گرانکێش، ئامێرێکی مەزن و بەرزەباڵایە بۆ جێگۆڕکێی شمەکی قورس لە ڕێگەی قولاپکردن و بەرزکردنەوە لە سەرەوە ع ڕافعة N kran د جرثقیل.









**سوودگەرایی:** Utilitarianism بڕوایە بەوەی ئەگەر کارێک سوودمەند یان بە قازانجی گشت بێ، ئەو کارە باشە ع نفعیة N Utilitarisme د فائدەگرایی.

**سەربەکۆتایی:** a posteriori ڕێگەمان ئەدات ئاگاییمان لە ڕۆژەڤێک بۆ ڕۆژەڤێکی تر و لە بەشێکی ڕۆژەڤەوە بۆ بەشێکی تری بچێت ⇦ **واتالەپێش:** a priori لە پێکهاتەی هونەری کلاسیکدا، تەلاری بە ئاجوور سازکراو لە بەرچاوماندا وێنا کراوە.

**سەرداوکە:** refrain ویژە لە غەزەلی چەند دێڕ پێکهاتووە، بە هۆی دێرێکی پاتە پێکەوە ئەلکێنرێن ع ترجیع د ترجیع بند.

**سەررێژنە:** سەررێژانە، زەوق، شێواز، چێژ ع د سلیقە، ذوق، اسلوب E style, manner, taste.


**سەرکەش:** adventurer سەرەڕۆ، گورخ، کەسێک کە بە دوای ڕەهات و چەرمەسەری و هەلاتهەلاتدا ئەگەڕێ ع مغامر N eventyrer د ماجراجو.

**سەرکەشی:** adventure, escapade هەلاتهەلات، کار و کردەوەیەک کە سەرەڕۆیی و هەژان و جەربەزەی تێدا بێ ع مغامرة N eventyr د ماجراجوویی.

**سەرۆ:** inspiration سرووش، گۆوار، بەدڵداهاتن، دەم ع د الهام.

**سەرە:** numerator بیرکاری ڤاو ژمارەدەر، ژمارەی سەرەوەی هێڵەکە لە برکەرەوەدا، کە نیشانی ئەدات چەند لەو بەشانەی کە بە برکەرەکە ئاماژەی پێکراوە وەرگیراون نم: ٣ قاش لە (٣/٤)ی برکەرەوەی پیتزایەک ماوە ع البسط N teller د صورت کسر ⇦ **سەرە و ژێرە:** numerator and denominator ژمارەدەر و بڕ، سەرەدەر و ژێرەدەر ع البسط والمقام N teller og nevner د صورت و مخرج ⇦ ژێرەدەری هاوبەش: common denominator.



**سەلماندنی ناڕاستەوخۆ:** Proof by contradiction بە لاتین ئەکاتە reductio ad absurdum لەم شێوازەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین دۆزێک ڕاستە، ئەیسەلمێنین کە پێچەوانەی ئەو دۆزە، واتە دژەکەی ناڕاستە و گریمانێکی وەها ئەبێتە هۆی ناکۆکی. لە لۆجیکدا تێکۆشانێکە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەگەر گوزارەیەک لە کۆتایی خۆیدا بەرەنجامی ناکردە و بێواتای ئەبێ، کەواتە ناتوانێ ڕاستەقینە بێ. ئینگلیزییەکەی واتە «سەلماندن بە گەیشتن بە ناکۆکی» بە شێوەیەک پێناسەشە بۆ دۆزەکە.

سەلماندنی ناڕاستەوخۆ، بە زۆری لە سەلماندنی پێچەوانەی دۆزێکدا بەکار ئەهێنرێ و لە دۆزی دوو مەرجیدا بەکاردێت.

لە ژیانی ڕۆژانەشدا، پازەی ناڕاستەوخۆ زۆر بەکار دێ، هەم بۆ تەوزە، هەم بۆ پەرپەرچدانەوەی گوتەی خەنیم و هەمیش لە ڕامیداریدا.

**سەنت تۆماس ئەکیناس:** St. Thomas Aquinas (١٢٢٥ـ١٢٧٤) فەیلەسووفی ئیتالیایی ئەیویست فەلسەفەی ئەرەستوو و مەسیحی تێکەڵ بکات، یان تێکەڵەی دینو زانست بەدی بهێنێ.

**سێرمین:** Theremin ئامێرێکی موزیک کە کە دوو ئانتێنای هەبوو و بە جووڵانی دەست لە نزیک ئانتێنەکانەوە دەنگ دروست ئەبوو. بە شانازی لیۆ سێرمین ئەندازیار و داهێنەری ڕووسی ناو نرابوو.

**سێزار پاڤێس:** Cesare (١٩٠٨ـ١٩٥٠) یان چێزارە، ڕۆماننووس و هۆنەر و وەرگێڕی ئیتالیایی. باندۆری ویژەیی زۆری هەبوو.

**سیمۆن دو بۆڤار:** Simone de Beauvoir فەیلەسووفی ئێگزیستیانسیالیستی فەڕانسەیی، نووسەر و تیۆریستی کۆمەڵایەتی و فێمێنیست. هەروەها بەناوبانگە بە هاوڕێ و هاوژینی درێژخایەنی کراوەی ژان پۆڵ سارتر.

**سینەفیل:** Cinephilia هەروەها سینەمافیلیا یان فیلمۆفیلیا، حەز و کەڵکەڵەی پڕ لە سۆز بۆ فیلم و تیۆری فیلم و ڕەخنەی فیلم. ئەم زاراوەیە پۆرتمانتۆی وشەی سینەما و فیلیا و، یەکێکە لە چوار وشەی یۆنانی کۆن بۆ ئەوین. ئەو کەسەی کە تامەزرۆییەکی زۆری بۆ سینەما هەیە پێی ئەوترێت سینەفیل، سینەمافیل، فیلمۆفیل، یان بە شێوەیەکی نافەرمی، فیلمدۆست. بۆ کەسێکی سینەماخواز، فیلم تەهی ـ نها جۆرێک نییە لە کات بەسەربردن چۆنکە سینەفیلەکان فیلمەکان لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەترەوە ئەبینن.

**شانۆی ئێلیزابێتی:** Elizabethan theatre کە بە شانۆی شانۆی ڕێنێسانسی ئینگلیزی و شانۆی ڕێنێسانس ناسراوە، ئاماژە بە شانۆی ئینگلتەرا ئەکات لە نێوان ساڵانی ١٥٥٨ بۆ ١٦٤٢. ئەمە شێوازی شانۆگەرییەکانی ویلیەم شکسپیر و کریستۆفر مارلۆ و بێن جانسۆنە.

**شانۆیبەفیلمکراو:** filmed theater ئەو شانۆنامەی بە ژێوەرگرتن فیلمنامەی لەسەر نووسراوە و کراوە بە فیلم.

**شۆراو:❶** ئاوی خوێدار و سوێر.

**شۆراو:❷** گوندێکە کەوتووەتە شارۆچکەی نەوجول، شارستانی کفری، بەڕێوەبەرێتی گەرمیان، پارێزگای سلێمانی، باشووری کوردستان.

**شەبەنگ:** spectrum ناو شێوازی وەستانی خاکەبڕبەند لە بازنەی مەگناتیسیدا ع طیف N spektrum د طیف.

**شەڵخە:** مێشداری ناو پۆلی زەرگەتە، پوورەی مێش هەنگوین، پۆلی مێش هەنگوینان د نسل نوین زنبور عسل.



**شێوازناسی:** Stylistics بریتییە لە شرۆڤەی دەق لەسەر بناغەی شێوازی زمانناسی و ناسانەی دەق ⇦ ناسانە: Tone ئاواز، ئاوازی دەنگ، سەدا، ئاوا د لحن صدا، نواخت ع نبرة الصوت.

**فاربیک:** Farrebique فیلمی سینەمایی فەڕانسەیی ١٩٤٧ نووسین و دەرهێنانی ژۆرژ ڕۆکییە.

**فرانسیسکەن:** Franciscans یان Friars Minor یان پیڕی سەن فڕانسیس ئایینزایەکە سەر بە فڕانسوا داسیز Francis of Assisi ئایینزانی بەناوبانگی فەلە لە سەدەی سیانزەدا، کە بڕوای بە ژیانی هەژارانە و خۆتەمێکردن هەبوو.

**فرێسکۆ:** لە وشەی ئیتالیایی Fresco کۆمەڵە شێوازێکی وێنەی لە سەر گەچ و دیوار و بنمیچ، فرێسکۆ بە واتای تەر و تازە، سەردەمی ڕێنێسانس و

پێشتر بە کار هێنراوە.



**فریشتەی ڕزگاری:** Deus ex machina لە تەکنیکەکانی گەلاڵەی چیرۆکە و لە گەلاڵە زیاد ئەکرێ تا لەنکاو دەرکەوێ و بەرەنجامی ململانێ یان جەنگێک بگۆڕن، سەرچاوەی ئێزەدییان هەیە و بە قازانجی چاکەن.

**فێدر:** Phèdre یان Phaedrus تراژدیای پێنج پەردەیی لەسەر کێشی ئەلکساندری alexandrine دوانزە بڕگەیی **١٦٧٧** نووسینی ژان ڕاسین ڕیشەناسی لە یۆنانی بە واتای درەوشاوە، لە میسۆلۆژی یۆنانیدا، فێدر، کچی مینۆس و پاسیفای و هاوسەری سیسۆس، خوشکی ئاریادن و دایکی دێمۆفۆن و ئاکاماسە.






**فێناکیستۆسکۆپ:** phenakistoscope دوو پەڕەی خڕ بوو، دەسکێکی ڕاگر ڕێگەی بە سووڕانی دوو پەڕەکە ئەدا و وێنەکان پاش تاودانەوە لە ئاوێنەیەکدا ئەبینرا. فێناکیستۆسکۆپ ساڵی **١٨٣٣** لە لایەن ژۆزێف پلاتۆوە درووست کرا و بە واتای فریوبینە، فانتاسکۆپ و کینەتۆسکۆپیشی پێ وتراوە.

**ڤارگا:** Alberto Vargas (**١٨٩٦-١٩٨٢**) شێوەکاری دیاری پێرووی **پین ئاپ گێڕڵ**. زۆر جار بە ناودارترین هونەرمەندی پین ئاپ گێڕڵ

دانراوە. هەندێ لە تابلۆکانی ڤارگا بە سەدان هەزار دۆلار فرۆشراوە و ئەفرۆشرێ ☜ پین ئاپ گێرڵ ☜ کچی پۆستەر.










**ڤۆڵتێر:** Voltaire فەیلەسووف (١٦٩٤ـ١٧٧٨) ناوی خۆی فرانسوا ـ ماریی ئەرۆیت François-Marie Arouet بوو. ڕووناکبیر، نووسەر، مێژوونووس و فەیلەسووفی فەڕانسەیی بوو. ڤۆڵتێر بە ڕەخنەکانی لە مەسیحییەت بەتایبەت کاتۆلیک ناوبانگی دەرکردبوو، هەروەها بە داکۆکی لە مافەکانی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ئایین و جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەسەڵات.

یەکێک بووە لەو فەیلەسووفانەی پێداگری لە مافی تاک کردووە و دژایەتی تەواوی مەسیح و بڕوای مەسیحییەتی کردووە. دەسەڵاتی ئەوان و پاشاکانی چەرخی ناوەڕاستی بە پەرداخێک بیرە چواندووە.














**ڤەرمیێر دو دێلفت:** Johannes Vermeer یان Vermeer de Delft شێوەکاری بەناوبانگی هولەندی، کە پرووست زۆر حەزی لە کارەکانی بوو و لە چەند شوێنی ڕۆمانی «گەڕان»دا ئەماژەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێئەکا (١٦٣٢ـ١٦٧٥).













**ڤێسڤۆلۆد پودۆڤکین:** Vsevolod Pudovkin (١٨٩٣-١٩٥٣) دەرهێنەر و نووسەر و هونەرپیشەی سۆڤیێتی، ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی مۆنتاژدا هەبوو.












**قووڵایی ڕووناک:** deep focus قووڵایی چەقبەستوو، تەکنیکێکی فیلمگرتنە کە سوود لە قووڵایی بەرینی گۆڕەپان وەرئەگرێ. قووڵایی گۆڕەپان بریتییە لە کەوشنی چەق لە پێشەوە بۆ دواوە لە یەک دیمەندا، یان ئەوەی کە تا چەند زەق و ڕوون خۆیا ئەکات. لە قووڵایی ڕووناک، پێش زەمینە، ناوەند و پاش زەمینە هەموویان لە چەقی کامێراداین ⇦ لە قووڵایی.










**قەراردریاگ:** conventional ئاوەڵناو ئاسایی، ڕێککەوتە، بڕیاردراو، نەریتی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەری ڕێککەوتبێتن و وەکوو نەریتی لێهاتێ. ع مألوف د قراردادی. G هەنبانە بۆرینە G وشەنامە

**کاتارسیس:** catharsis دەروونناسی ناو بەتاڵبوونی دەروون لە هەژان، پرۆسەی ڕزگاربوون و لە ئەنجامدا دەربازبوون لە هەستێکی بەهێز یان سەرکوتکراو. ن. موزیک بۆ ئەو ئامرازێکە بۆ کاتارسیس.







**کادانە:** original, noble ئاوەڵناو نەژادە، ئادەر، خانەدان، هیلاو، ڕەسەن و خاوەن کۆلکە ع اصیل، نجیب N original, edel د اصیل، نجیب. G هەنبانە بۆرینە G کاوە

**کارووس:** sermon, elevation, homily ئایینناسی وتاری دینی و ئامۆژگاری ئایینی N preken ع خطبة د موعظە.

**کاکنی:** Cockney ڕۆژهەڵاتی لەندن یان کەوشەنی کلیاسی سەنت ماری لەبۆ، کە زاراوە و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە.







**کایە دو سینەما:** Cahiers du Cinéma گۆڤار گۆڤارێکی سینەمایی کاریگەری فەڕانسەییە، ساڵی ١٩٥١ واتە ٧٠ ساڵ بەر لەمە، لە لایەن ئاندرێ بازن و کۆمەڵێکی ترەوە دامەزرا.





**کرچوکاڵی:** crudity (سینەما چییە؟) ناشیانە، دڕندانە، بێبەزەییانە ع القسوة N grusomhet د ناپختگی ⇐ لە واتای technical crudity نەزانی و نەشارەزایی و کاڵوکرچی تەکنیکی ئەگرێتەوە.

**کفنی تۆرین:** Shroud of Turin کووتاڵێکی کەتانە وێنەی پیاوێکی خوێناوی لە خاچدراوی لەسەر، لە کلیسای سەنت جان بابتیست ڕائەگیرێ. فەلەکان لایان وایە کفنی عیسا مەسیحە.

**کۆنتی مۆنت کریستۆ:** The Count of Monte Cristo ڕۆمان فیلم زنجیرە ڕۆمانێکی ناوازەی ١٨٤٤ـە، نووسینی ئەلەکساندر دۆمای باوک، دەیان فیلم و شانۆ و زنجیرەی لەسەر ساز کراوە.










**کۆنینەهێما:** archetypal ئاوەڵناو نموونەی سەرەتایی شت یان کەسێکی دیاریکراو ع نموذج أصلي N arketypisk د نمونه اولیه.

**کورتبر:** ellipsis ئامێر ئامرازێکە بۆ برین و کورتکردنەوەی فیلم لە کاتی مۆنتاژ، یان پێشنیازی ئەوەی پێش و دوای ئەوەی بینراوە چی ڕوو ئەدات.




**کورتبێژی:** compression کردەوەی چڕکردنەوە و کورتکردنەوەی وشەی زیادە بە ئاراستەی جوانبێژیدا ع تلخیص N oppsummering د موجز گویی.

**کورکاندن:** clucking جقەجق و گارەگار و شاقەشاق و قووقەقووقی پەلەوەر؛ هێمایر پرتەوبۆڵە ع القرق N clucking د قدقد کردن.

**کەبار:** virtue ناو ئەدگاری چاکە، ڕەوشتی باڵای کۆمەڵایەتی، نیازپاکی؛ لە ڕوانگەی ئایینییەوە: ڕازونیاز، نوێژ و نزا ع فضیلة د فضیلت، فضائل ← **چاکەکار:** virtuous.

**کەوشەنی تایبەتی:** privacy ناو دۆخ یان دارەتی دووڕکەوتنەوە لە چاودێریکران و ئاسوودەیی لە لایەن کەسانی دیکەوە ع خصوصیة N personvern د حریم خصوصی.

**کەوێڵ:** کوول، زاخۆن، زاخە، ئەشکەوتی قووڵ.

**کیژی پۆستەر:** Pin-up girl کیژی دڵدز، کیژ یان ژنی شەنگ و زۆر ڕازاوەی سەرنجڕاکێش، ئەبێتە بابەتێکی گونجاو بۆ هەڵواسین. کچی پین ئاپ یان کچی پۆستەر کەسێکە ڕووخسارێکی جوانی یان سۆزێکی تایبەتی هەیە کە بۆ پۆستەری دیوار هەڵئەبژێردرێت. هەندێک جار جەستە جوانەکەی و سۆز و، هەندێک جار ناوبانگەکەی وا ئەکات کچێک بێت بۆ پۆستەری دیوار. کچی پۆستەر (کچی پین ئاپ) کچێکە کە لە سەرەتایساڵی ١٩٤٤دا جلی ئامادەکراوی لەبەردا بوو و بۆ وێنەکانی ریکلام بەکارئەهێنرا. ئەم کچانە لە ئەکتەر و مۆدێلی جلوبەرگ و کچە شاجوان و سەرنجڕاکێشەکان هەڵبژێردران و ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی لە نێوان ریکلام و ئەم کچانەدا دروست کرد. سەردەمی پین ئاپ ئاماژەیە بۆ وێنە


و تابلۆ کە هەروەها لە وێنەی کچە جوانەکانەوە وەرگیراون.









**کیەرکەگۆر:** Søren Aabye Kierkegaard فەیلەسووف (١٨١٣ـ١٨٥٥) یان سۆرێن شیرکەگۆر، فەیلەسۆفی مەسیحی دانیمارکی‌یە کە بە باوکی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزم دائەنرێ. کیەرکەگۆر لە کۆپنهاگن لە دایک بووە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. تێکڕای فەلسەفەی ئەو باس لەم بابەتانە ئەکات: گوناه، ئازادی، خۆشەویستی، هاوسەرگیری، پەشیمانی، بیرکردنەوە، کۆیلەتی و چارەنووس. بەشێکی ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە خۆی لە ڕێی ئەو کیشانەوە دووچاری چەندین چەرمەسەری و ئەزموونی توند بووە. لەبەر سەختی ناوەکەی جۆرەها خوێندنەوەی هەیە، وشەکە لێکدراوە و لە [Kierke+ gaard] (شیرکە+ گۆرد) [کلیسا+ حەوشە] یان حەوشەی کلیسا پێکهاتووە، بە بنەماڵەی خزمەتکاری کلیسا و حەوشەی کلیسا، کە هەمان گۆڕستانە، وتراوە: گەورەترین مەترسی ئەوەیە کە، لەدەستدانی خود، ئەتوانێت زۆر بە هێمنی لە جیهاندا ڕووبدات، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت.




**گراند گینۆل:** Grand Guignol یان Great Puppet بە واتای بووکەڵەی مەزن، شانۆیەکە لە پاریس، لە ساڵی کردنەوەی لە ١٨٩٧ تا داختنی لە ساڵی ١٩٦٢ پسپۆڕ بوو لە نواندنی شانۆی سامناکی ناتۆرالیستی. ناوەکەی واک زاراوە بۆ سەرگەرمی ترسناکی گرافیکی، نائاسایی، ژانری

ئێلیزابیێتی و ژاکۆبێنی بەکار ئەهێنرێ.














**گنخان:** inveigle گنخاندن، خافڵاندن، بەهەڵەبردن، سەرقاڵکردن، سەر لێ تێکدان [ع] اغوا [N] inveigle [د] سرگرم کردن ⟸ گنخێنەر: خافڵێنەر.

**گۆستاڤ فلۆبێر:** Gustave Flaubert [نووسەر] (١٨٢١ـ١٨٨٠) نووسەری خاوەن باندۆری فەڕانسەیی، ئافرێنەری ڕۆمانی مێژووی مادام بۆڤاری.












**گۆڵ:** Gauls [جوگرافیا] لە Gallia و Gallus و Gallicusی لاتینی، فەڕانسەی کەونارا، لە ڕۆژئاوای ئەورووپا (ئێستا فەرەنسا، بەلجیکا، ڕۆژئاوای سویسرا، بەشێک لە هۆڵەندا و کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ڕاین لە ئەڵمانیا) ئەژیان. گۆڵەکان بە تیرەیەک لە ڕەگەزی سێلتیک دائەنران کە لە سەرەتاوە لەو خاکەدا ئەژیان کە باسکرا، بەڵام لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمەکاندا، لە هەموو ئەورووپادا پەرش و بڵاو بوون. گۆلییەکان بە زمانی گەیلیکی واتە زمانی هۆزەکانی سێلتیک قسەیان ئەکرد. ناوەندی گردبوونەوەیان لە فەرەنسا و پاشان لە بەشێک لە باکووری ئیتالیا و دواتر لە باکووری بەرزاییەکانی ئەلپ بوو.



**گۆلگەتا:** Golgotha ئاییناسر ناوی جێگا بە عەرەبی جەلجەتا، ناوی ئەو گردەیە ڕۆژی هەینیی پیرۆز عیسا لەوێ لە خاچ درا. واتای وشەکە بە عیبری «گردی کەللەسەر»ـە و بە لاتین Calvus Monsـە و لە فەڕانسەییدا بووە بە Chaumont.





**گۆیا:** Francisco Goya (١٧٤٦ـ١٨٢٨) شێوەکار گرنگترین شێوەکار و چاپگەری ڕۆمانتیکی ئیسپانیایی کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩. تابلۆ و نیگارەکانی نوێنەرەوەی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بوو و بە دوا ئوستادی کۆن و لە یەکەم ئوستادانی مۆدێرن ناسراوە. بەناوبانگترین تابلۆی سێی مەی١٨٠٨ـە. هەرچەند پلەی شێوەکاری کۆشکی پاشایەتی هەبوو، بەڵام کلیسا زۆر دژی وێنە ڕووت و ڕەخنارییەکانی بوو ← **تارماییەکانی گۆیا:** Goya's Ghosts فیلم فیلمی (٢٠٠٦) بە هونەرمەندی ستێلان سکارشگۆرد و خاڤییر بۆردم فیلمێکی ناوازەیە لە ژیانی گۆیا و باری نالەباری ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و ڕەنگدانەوەی سەمەرەی لە تارماییە سامناکەکانی گۆیادا.











**گوناهی مەزن:** Original Sin وەک دینەکان ئەڵێن، گرەوشت بەرەو گوناهـ لە ئادەمەوە بە مرۆڤ گەیشتووە. چەمکی گوناهی یەکەم لە نووسینەکانی سەنت ئاگۆستیندا پەرەی سەندووە.

**گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو:** In Search of Lost Time ڕۆمانی ناوازە و بەناوبانگی حەوت بەرگی مارسێل پرووست، نووسەر و ڕەخنەگری توانای فەڕانسەیی، کە بە درێژترین ڕۆمانی مێژوو دائەنرێ و ڕێکۆردی

گینسی هەیە. لە ماوەی **١٩١٣** تا **١٩٢٧** بڵاو کرایەوە. گەڕان نە ڕۆمانێکی ئاسایی بەڵکوو شیکردنەوەیەکی وێژەیی، هونەری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی فەڕانسەی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمە و زیاتر قووڵایی دەروون شێ ئەکاتەوە تا دارەتی دەرەکی و، تروپکی ناسکی و هەستیاری و ئەندێشەی بەربەرینی نووسەرە. سیامەند شاسواری لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بۆ کوردی و لە لایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە ساڵی **٢٠١٥** تا **٢٠١٧** چاپ و بڵاو کراوەیەوە. تێبینی: بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕۆمانی گەڕان بڕوانە وتاری سیامەند شاسواری لە کۆتایی بەرگی حەوتەمی ڕۆمانی گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو.











**گەڵایاس:** Goliath ئابیناسر یان گۆلیات پاڵەوانی لۆزەندەری فەلەستینی، لە کەسایەتییەکانی تەوڕات لە قورئاندا بە جالووت ناوی هاتووە، بە پێی دەقی تەورات، فەلەستینی و جوولەکە لە بەرامبەر یەکدا ڕاوەستان و گەڵایاسی فەلەستینی، چووە پێشەوە و کەوتە هاشوهووش و لە دوای چل ڕۆژ کە کەس نەبوو بەرەنگاری ببێتەوە، داوود لێی چووە پێشەوە و بە قەڵماسک بەردێکی دا لە ناوچاوی و کوشتی (پەرتووکی پیرۆز، چاخی کۆن، سامۆیل، پەرتووکی یەکەم، بەشی ١٧).



**گەمژە:** The Idiot **ڕۆمان** فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، ساڵی ١٨٦٨ بڵاو کرایەوە. هەندێک بە گرنگترین بەرهەمی دۆستۆیڤسکی ئەزانن بە گوتەی نووسەر، مەبەستی پیشاندانی مرۆڤی جوانە. وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.




**گیان:** soul **شێوەزانست** **ئایینناسی** بەشی ناهێسنی یان هۆکاری زیندەبوون بە واتای «روح» لە عەرەبی و دەریدا، وەک **ن**: گیانەوەر: بوونەوەرێک کە گیانی هەیە؛ **ن**: گیانی شانۆ: (ڕۆح) یان هۆی ژیانی شانۆ؛ **ن**: گیانی دەرچوو: لە ڕوانگەی ئایینییەوە (ڕۆح) لە لەشی دەرچوو، لە ڕوانگەی زانستییەوە هۆکاری ژیانی نەما ⇦ لە ڕووی زانستییەوە گیان یان ئەندێشە یان (روح و ذهن) بەرەنجامی کارکردنی مێشکە و ئەوەندەی مێشک لەکار ئەکەوێ گیان یان ئەندێشە بوونی نامێنێ، چونکە بەرهەمهێنەرەکەی نەماوە؛ وەک ئەگەر مەکینەی کارەبا بکوژێتەوە ئیتر کارەبامان نییە و، ئەوەش بەو واتا نییە کارەبا لە لەشی مەکینەکە دەرچووە و چووە بۆ شوێنێکی تر، مێشکیش کە کار نەکات، واتای ئەوەیە لەش گیانی تیدا نەماوە، مێشک یان ئەو مەکینەی فەرمانی ئەدا، ئیتر فەرمان نادات، گیانی دەرچووە.

**لافۆنتن:** Jean de La Fontaine (١٦٢١ـ١٦٩٥) بەناوبانگترین چیرۆکنووسی فەڕانسەیە بە هۆی کۆمەڵە چیرۆکەکانییەوە، لەگەڵ ئەوەی کە هۆنراوەشی زۆرە.














**لاقرتێ:** cynicism فەلسەفەی بەدبینی و گاڵتەکردن بە ئاسوودەیی و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنگری ژیانی ئاسایی و سەگئاسان ع كلبية N Kynisme د مكتب كلبيون.

**لاوەبێژی:** aside ئاوەڵکار کەرەستەیەکی شانۆیە و، ئەو گوتانەیە لە لایەن پێرسۆنایەکی شانۆ بە بینەران ئەوترێ و بە گوێرەی ڕێسای شانۆ، گوایە ئەکتەرەکانی تر نایبستن ع حوار حوار شخصية الجانبيين مع الجمهور الجانبيين مع الجمهور N til side د کنارگویی.






**لویی ژۆڤێ:** Louis Jouvet (١٨٨٧ـ١٩٥١) ئەکتەر و دەرهێنەری فەڕانسەیی شانۆ و سینەما.

**لە قووڵایی:** In Depth بەرەگەی ڕوانینی فۆکۆسی کامێرایە بە هەموو لایەکدا، ئەم کەوشەنە لە پێش و پشتەوەی خاڵی فۆکۆس، چەقبەستنێکی لەباری ئەبێ ☜ قووڵایی ڕووناک

**لەمەڕ ئەوین:** De l'amour نامیلکەیەکی ستاندالە ١٨٢٢ بڵاوکراوەتەوە، شیکارییەکی دەروونی و کۆمەڵناسییە بۆ خۆشەویستی، ئەو خولیای پەژاراوی خۆی بۆ ماتیلد ڤیسکۆنتینی دێمبۆڤسکی دەرئەبڕێت. هەر لەم بەرهەمەدا دیاردەی بەناوبانگی ڕوخسان یان کریستاڵیزەکردن crystallization دائەهێنێت و پێناسەی ئەکات.



**مارلێن دیتریش:** Marlene Dietrich (١٩٠١ـ١٩٩٢) هونەرپیشە و گۆرانیبێژ و شۆمەنی ئاڵمانی ئەمریکایی، بە نۆیەمین ئەستێرەی هالیوود دائەنرێ.













**ماری کیژی بەندەر:** La Marie du Port فیلمی فەڕانسەیی ١٩٥٠، دەرهێنانی مارسێل کارنێ، بە بەشداری ژان گابۆن.


**مازۆکیزم:** Masochism خۆشی و چێژوەرگرتنی جنسی لە ڕێگەی ژان و ئازار و سووکایەتییەوە. مازۆکیست ئەیەوێ ئازاری بدەن و سادیست ئەیەوێ ئازار بدات.














**ماشینی دۆزەخی:** The Infernal Machine شانۆی فەڕانسەیی ١٩٣٤، دراماتیست ژان کۆکتۆ.

**مالارمە:** Stéphane Mallarmé (١٨٤٢ـ١٨٩٨). هۆنەر و مامۆستا و وەرگێڕی فەڕانسەیی، لایەنگری هونەر بۆ هونەر و لەگەڵ پارناسییەکان ئەینووسێ.







**مالتۆس:** Thomas Robert Malthus ئابووریزان (١٧٦٦ـ١٨٣٤) قەشەی ئابووریزانی ئینگلیزی، کاریگەریی زۆری لەسەر ئاپۆرەناسی demography و ئابووری ڕامیاری هەبوو. خاوەنی پەرتووکی ماکی ئاپۆرە Principle of Populationیە، بۆ یەکەمجار ئاماژە بەوە ئەدات زیادبوونی دانیشتوان هۆکاری پێشکەوتن نییە. چونکە پەرەسەندنی دانیشتوانی زەوی بە شێوەی گەشەی ئەندازەییە، لە کاتێکدا زیادبوونی خۆراک و ئازووقە بە شێوەی گەشەی ژمارەییە و ئەگەر ڕێگە لە پەرەسەندنی پەرەئەستێنی دانیشتوان نەگیرێت، جیهان تووشی هەژاری و کێشە ئەبێت.

**مایکڵ ئانجێللۆ:** Michelangelo di Lodovico Buonarroti Simoni (١٤٧٥ـ١٥٦٤) وێنەکێش، پەیکەرساز، نژیارڤان و تەلارساز، هۆنەر و ئەندازیاری

ئیتالیایی سەردەمی ڕێنێسانس بوو. هاوچەرخی لیۆناردۆ داڤینچی بوو و لەگەڵ ئەو کەسایەتییە ناوداره کێشەیان هەبوو پێکەوە. دانەبەدانەی بەرهەمەکانی لە سەردەمی ژیانیدا بێوێنە بوون؛ دوو دانە لە بەناوبانگترین کارەکانی پێتا (Pietà) و داوید (David) پێش تەمەنی سیساڵی بەرهەم هێنا. دوو دانە لە کاریگەرترین وێنەکانی لەسەر هونەری ڕۆژاوایی کێشاوە: بنمیچ و دواین بڕیار The Last Judgment لەسەر دیواری نوێژگەی کلیسای سیستین لە ڕۆما. مایکڵ ئانجێللۆ نازناوی Il Divino یا یەزدانی لێ نرابوو.




**مخابن:** deplorable **ئاوەڵناو** پەژارەهێن، جێگەی داخ، کەسەردەر، ناخۆش [ع] مؤسف [N] beklagelig [د] اسفناک.

**مرۆڤپەروەری:** Altruism ناخۆپەرەستی، پساتپەرەستی، مرۆڤدۆستی، کۆمەڵخوازی [ع] ایثار [N] Altruisme [د] نوع دوستی.

**مرۆڤگەرایی:** Anthropocentrism لە بەرچاوگرتنی ڕەگەزی مرۆڤ وەکوو سەرەکیترین یان گرنگترین توخمی بوون، بە تایبەت لە بەرامبەر خوا یان زیندەوەرانی تر [ع] مركزية الانسان [N] Antroposentrisme [د] انسان‌محوری.


**مۆنەوار و مۆنەبێز:** Centripetal and Centrifugal [ع] قوة جاذبیە و الطرد المرکزي [N] sentripetal og sentrifugal [د] مرکزگرا و مرکزگریز.





**مەنێ:** Édouard Manet (١٨٣٢-١٨٨٣) شێوەکاری ئیمپرشنیستی فەرانسەیی. لە یەکەمین هونەرمەندانی سەدەی نۆزدە کە دەستی کرد بە کێشانی ژیانی مودێرن و یەکێکە لە کەسایەتییە تەوەرەییەکانی


گواستنەوەی ڕیالیزم بۆ ئیمپرشنیزم. شاکارەکانی تابلۆی وەکوو ژەمی سەر چیمەن The Luncheon on the Grass و ئۆلیمپیان Olympia.





**مێریمی:** Prosper Mérimée (١٨٠٣ـ١٨٧٠) نووسەر و مێژوونووسی فەڕانسی.










**مشکان و مرۆڤ:** Of Mice and Men ڕۆمان نۆڤێلای **١٩٣٧** نووسینی جان ستەینبەک، براوەی خەڵاتی نۆبێل. چەندین جار کراوە بە فیلم و شانۆ.













**مۆپاسان:** Guy de Maupassant (١٨٥٠ـ١٨٩٣) گی دو مۆپاسان، نووسەری فەڕانسەیی کە کەم ژیا و زۆری نووسی؛ خاوەنی **٣٠٠** چیرۆکی کورت و درێژ و **٦** ڕۆمان و **٣** گەشتنامەیە. هەروەها کۆمەڵە هۆنراوە و شانۆنامەیشی هەیە.











**مۆنتاژ:** Montage بەناچار بە هەمان واتای باو و بە واتای مۆنتاژی ڕووسی یان «کلاسیک» بەکار نایەت. لە زمانی فەڕانسە ئەم وشەیە بە زۆری بە واتای «سوارکردن» یان ڕێزکردنی نموودەکانە ـئەوەی بە شێوەی ئاسایی پێی ئەڵێین ئێدیت یان برین. ☜ میزانسن ☜ دێکۆپاژ

**مۆنمارتر:** Montmartre گردێکی مەزنە لە گەڕەکی ١٨ی پاریس، ١٣٠مەتر بەرزە و ناوەکەی دراوە بە هەموو گەڕەکەکە. کڵێسەی کاسۆلیکی ساکرکۆر Sacré ـ Cæur لەسەر گردەکە ساز کراوە. کابارە و سینەما و کافەی زۆری لێیە و شوێنی هاتوچۆی هۆنەرمەندانی فەڕانسەیی و هەندەرانییە.





**مۆنە سۆلی:** Mounet ـ Sully هونەرپیشە (١٨٤١ ـ ١٩١٦) هونەرپیشەی بەناوبانگی شانۆی فەڕانسە.







**مەزاخ:** Cost تێچوو، خەرج، پارەیەک بۆ کارێک خەرج ئەکرێ ⟵ مەزاخی مانگانە: بوودجە و خەرجی یەک مانگ [د] هزینە [ع] کلفة.

**مەکبەس:** Macbeth درامای مێژوویی ئەمریکایی ١٩٤٨ لەسەر کورتترین تراجێدی ویلیەم شکسپیر هیی ١٥٩٩ و مێژووی سکاتلەند.












**مێدیۆکراتی:** mediocrity ناونجخوازی، بۆینبوون بە ژیانێکی ماماناوەنجی مەمرەمەژی.

**میزانسن:❶** Mise en scène وشەیەکی شانۆییە و بە واتای بەدیهێنان یان ئافراندنی فیلمە بە دەستی دەرهێنەر. میزانسن ئەتوانرێ یان ئەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەکار ببرێ؛ بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا (کاتی نووسینی وتارەکە) واتایەکی فراوانتری وەرگرتووە و ئاماژەی بە زۆر توخمی شێوازی دەرهێنەر هەیە.

**میزانسن:❷** mise en scène دەستەواژەیەکی شانۆییە، چووەتە سینەما و زمانەکانی تریشەوە، بە واتای شانۆڕازاندنەوە و ئامادەکاری.

☜ مۆنتاژ ☜ دیکۆپاژ

**ناباوەڕی هەڵپەسێردراو:** suspension of disbelief بینەری شانۆ، ئاگاهانە ناباوەڕییەکەی ئەخاتە لاوە و تا کۆتایی شانۆکە هەڵی ئەپەسێرێ. ئەم دارەتە پێی ئەوترێ هەڵپەساردنی ناباوەڕی.

**ناسانە:** Tone ئاواز، ئاوازی دەنگ، سەدا، ئاوا [د] لحن صدا [ع] نبرة الصوت.

**نسار و بەرۆژ:** shady and sunny [ناوی‌لێکدراو] بەر سێبەر و بەری خۆرەتاو [ع] ضليلة و مشمس [N] skyggefullt og solrikt [د] سایە و آفتابی.

**نڤیسیار:** editor [ناوبکەر] [نڤیس+ یار= یارمەتیدەری نووسین و نووسەر] ئێدیتۆر، هەڵەچن، ئەو کەسەی دواین پێداچوونە لەسەر دەقێک ئەکا و، سەبارەت بە گۆڤار و ڕۆژنامە بڕیاری لەسەر ئەدا [ع] محرر [N] redaktør [د] ویراستار ⇐ **هەڵەچنی:** edit [ناوبکەر] ئێدیت، پێداچوونەوە و چاککردن ⇐ **نڤیسەڤان:** نووسەر ⇐ **نڤیسکار:** نووسەر.

**نووازە:❶** Miracle پەرجوو، دەراسا، مووزات [ع] [د] معجزە.

**نووازە:❷** fakir work لۆتەری و کەرامات و کاری سەمەری مورتاز و خەڵوەکێش [ع] [د] کرامات.


**نووازەگەر:** magition, Juggler تەردەست، شێوەباز، دەسرەنگین، لۆتەر [N] tryllekunstner [ع] مشعوذ [د] شعبده باز.

**نوێل کۆوارد:** Noel Coward (١٨٩٩-١٩٧٣) نووسەر و دەرهێنەری ئینگلیزی.

**نێسۆس:** Nessus لە میسۆلۆجی هێلاسدا هاتوو، نێسۆسی ئەسپادەم،


تەرگەیەکی ژەهراوی ئەدا بە دێیانیرا هاوسەری هێراکلس و ئەو دڵنەخواز ئەبێتە هۆی مەرگی هاوسەرەکەی. هێراکلسیش لە تۆڵەی ئەم مەرگە، بە دەستی خۆی نێسۆس ئەکوژێ.

**نیکۆل ڤۆدرێ:** Nicole Vedrès (١٩١١ـ١٩٦٥) نووسەر، ڕۆژنامەوان، فیلمنامەنووسی و دەرهێنەری فەڕانسەیی.










**نیۆپۆلیتەن:** Neopolitan ‌[It] دانیشتوو و هاوشاری ناپۆلی.






**نیۆڕیالیزمی ئیتالیا:** Italian neorealism یان خولی زێڕین Golden Age بزووتنەوەی سینەمایی بوو لە پاش جەنگی جیهانی دووەم سەری هەڵدا و تا میانەی پەنجاکان درێژەی کێشا. فیلمسازانی پێشڕەوی ئیتالیا، تێکۆشان چەندە زیاتر هەم لە ڕووی چیرۆک و هەرم لە ڕووی بیچمەوە، لە ڕۆژەڤ نزیک ببنەوە. ڕەوشتی باڵای ئەم فیلمسازانە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵانی پاش جەنگ فیلمی ناوازە لەمەڕ کرێکار و جووتیار و هەروەها پارتیزانەکانی دژی فاشیزم دروست بکرێ. بەرجەستەترینی ئەم فیلمسازانە ڕۆبێرتۆ ڕۆسیلینی، ڤیۆریۆ دی سیکا و لۆکینۆ ڤیسکۆنتی بوون و نموونەی فیلمەکانیش ئەتوانی فیلمی وەکوو **ڕۆما، شاری بێ شووره، ئاڵمان ساڵی سفر، زەوی ئەلەرزێ و دزانی پاسکیل** ناو ببەین. ئەم بزووتنەوەیە هەرچەن لەناو چوو، بەڵام کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەبوو.
















**وەشکەر:** matchmaker ناوی بکەر ماسکەش، وەشکەر، قەلتە، دەویت، دەلاڵ، کەسێک کە کاری خۆشکردنی نێوانی کەسانە لە بواری خۆشەویستی و هاوسەرگیری، لە هەندێ کۆمەڵگەدا بە شێوەی نافەرمی، کە تەنانەت وەکوو پیشەیەکی سووک سەیری ئەکرێ و، لە هەندێ کۆمەڵگەدا وەکوو پیشەیەکی فەرمییە؛ هەروەها بە هەندێ کۆمپانیا ئەوترێ کە کاروباری زەماوەند و هاوسەرگیری بەڕێوە ئەبەن N Matchmaker ع وسیط زواج د پانداز.




**وەنەدی بلیت:** ticket window گیشە، ئەو شوێنەی بلیتی سینەما و پاس و ترەنی لێ ئەفرۆشن ع شباک التذاکر N billettvindu د گیشە بلیط.




**هات و نەهات:** دارەتی دوو بەختی کە ئاکامەکەی دیار نەبێ، دارەتی مەترسیدار، خۆوبەخت.

**هاوارد هاوکس:** Howard Hawks (١٨٩٦-١٩٧٧) فیلمنامەنووس و دەرهێنەری ئەمریکایی. brawey uoskary ١٩٦٧.

**هاوهۆنی:** Pun زمانەوانی ڕێسای هۆنین ڕەگەزدۆزی، هێنانی دوو یان چەند وشەی یەکسان لە دێڕێکدا، هەرچەند واتای جیاوازیان هەبێ. هەندێ جار دوو وشە تەنها واتاکەیان جیاوازە و هەندێ جار جگە لە واتا، لە بزوێن یان پیتێکی بێدەنگیش جیاوازن. بایەخی هاوهۆنی بەو موزیک و ئاوازەیە لە گوتەدا بەدی ئەهێنن و لەو پەیوەندییەدا کە لەگەڵ واتای گوتەدا هەیانە. هاوهۆنی هەم لە هۆنراوە و هەم لە دەقدا بەکار

ئەهێنرێ. هاوهۆنی دارماڵ یەکسانی دوو وشەیە لە ژمارە و هاتنی بڕگەکاندا کە ئاوازی دەروونی بڕگەکە پتر ئەکات [ع] جناس [N] Ordspill [د] جناس ☜ **دژهۆنی:** oxymoron کۆکردنەوەی دوو پێچەوانەیە لە هەڵبەستێکدا **ن:**

لە ئاسـانەتا سـەریشـم بڕوا
مەحـاڵە بەردەم دامێنی بڕوا


**پیرەمێرد**

بە تیـلەی چاوێک دەردمـان دەرمـان کە
هیچـی ترمان ویسـت، ئەوا دەرمان کە

وەڵامی **حەسەن شافیعی** بەم **هاوهۆنە**یە

**هۆکارگەری:** law of causality قانوونی هۆیەتی، قانوونی پەیوەندیی نێوان هۆ و بەرهۆ [د] قانون السببیة [د] قانون علیت.

**هەڤبەرنان:** superimpositions دانانی فیلم لە سەر فیلم، بە شێوەیەک هەردوو وێنەکە هێشتا دیار بێ.



**هەڵکشان و داکشان:** پێلگرت و پێلکەت [ع] [د] مد و جزر [E] Tide.

**هەڵەکاری:** fallacy ناوی چاوگ هەڵەوەڕی، دەمەدەم [ع] مغالطة، سفسطة [N] feilslutning [د] مغالطە، استدلال غلط. **تێبینی:** دەمەوەر دارەتی ئەرێنی و هەڵەوەر دارەتی نەرێنییە.


**هەیتە:** پاپی، سیخوڕ لە بەرگی دگەردا [د] عامل نفوذی، جاسوس [ع] خط مائل، المتسلل [F] Infiltrator, mole.

**هێدمە:** surprise سەرسامیی، سەرمەندیی، سورپرایز [ع] مفاجئة [N] overraskelse [د] سورپرایز.

**هێدمەگرتن:** ناوی فەرمان سەرسووڕمان، داچڵەکان، سەرسامبوون، هێدمان،


حەپەسان ٤ یفاجأ د غافڵگیر شدن E To be surprised, surprised.

**هێراکلس:** Heracles یان بە ڕۆمی هێرکۆلێس Hercules، لە میسۆلۆجی یۆنانیدا گەورەترین پاڵەوانی یۆنان و ڕۆما، کوڕی خوای خوایان زیۆس و ئاڵکێمنە بوو.










**هێمای پەنام:** watermark نیشانە یان بەرژەنگێکی کاڵ و ناخۆیا لە هەندێک کاغەزێ فەرمی وەکوو لاپەڕەی کۆمپانیا یان پارەی ئەسکەناسدا دروست ئەکرێ، ئەگەر بیدەنە بەر ڕووناکی دەر ئەکەوێ، بە مەبەستی ناسینەوەی ڕەسەنایەتی خاوەنی بەرژەنگەکە ⇐ **ماژیکی زەرد:** highlighter pen هێمابیر کارگێڕی پێنووسی نیشانەی ڕووکەش بۆ دیاریکردنی دەقێکی گرنگ لە نووسراوەیەکدا، نیگار یان هڵێکێشراوێکی کاڵ ⇐ **نووسینی پەنام:** invisible text نووسین بە هەندێ جەوهەر یان دەرمانی کیمیایی کە لەبەر تیشکی بەنەوش، یان بە گەرما یان شۆردنەوە بە هەندێ دەرمانی کیمیایی تر خۆیا ئەکات.











**هیچکاک:** Alfred Hitchcock (١٨٩٩-١٩٨٠) دەرهێنەری بریتانیایی ئەمریکایی، لە بواری فیلمی ڕازاوی و هەژێنەردا کاری ئەکرد و بە ماماۆستای ورووژاندن ناوی دەرکردبوو. لە ماوەی ٦٠ ساڵدا، ٥٠ فیلمی دروست کرد. گۆڤاری فیلمساز MovieMaker بە گرنگترین هونەرمەندی مێژووی سینەمای دائەنێ. شێوازی هیچکاک چەندین ئەدگاری تیادا بەدی ئەکرێت وەک بوونی جوڵەی کامێرا و، دانانی چوارچێوە بۆ

دیمەنەکانی بە مەبەستی زیادکردنی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دیمەنەکە. ڕەخنەگری فیلمسازی ڕۆبن وود دەربارەی هیچکاک ئەڵێ «دیمەنی فیلمەکانی هیچکاک وەک ئەندامی لەش وان، هەریەکەیان بە یارمەتی ئەندامەکانی تر، بە ڕوونی واتای مەبەستەکە ئەگەیەنن».












**هیو گرەی:** Hugh Gray نووسەر سینەما (١٩٠٠ـ١٩٨١) نووسەر و وەرگێڕی ئینگلیزی.



